**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١١

### ١٩٩٤ ـ بەرگی یانزدەیەم

چاپی یەکەم ١٩٩٨

لە بڵاوکراوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ناوی کتێب: ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
پرۆتۆکۆڵەکان ١٩٩٤- بەرگی پانزدەیەم

چاپی یەکەم: ١٩٩٨

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان: ٢٠٧

# پێرست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێک خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٤چواشەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢ ـــــــ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) پێنج شەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٣/٣ ـــــــ ل١٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) یەک شەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢٠ ـــــــ ل٢٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) سێ شەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢٢ ـــــــ ل٥٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) چوارشەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢٣ ـــــــ ل٩٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) یەک شەمە رێکەوتی ٩٩٤/٣/٢٧ ـــــــ ل٩٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) دووشەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢٨ ـــــــ ل١٢٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) یەک شەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٤/٣ ـــــــ ل١٤٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) دووشەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٤/٤ ـــــــ ل١٥٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) یەک شەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٤/١٠ ـــــــ ل٢١١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠) سێ شەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٥/٣ ـــــــ ل٢٢٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١) پێنج شەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٦/٣٠ ـــــــ ل٢٥٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢) شەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٧/٢ ـــــــ ل٢٨١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) سێ شەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٧/١٩ ـــــــ ل٢٩٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤) چوارشەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٧/٢٠ ـــــــ ل٣٢٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥) پێنج شەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٧/٢١ ـــــــ ل٣٧٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦) شەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٧/٢٣ ـــــــ ل٣٩٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧) دووشەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٧/٢٥ ـــــــ ل٤٣٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨) چوارشەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٧/٢٧ ـــــــ ل٤٦١


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩) شەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٧/٣٠ ـــــــ ل٤٩٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی دووشەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٨/١٥ ـــــــ ل٥٤٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)ی نائاسایی سێ شەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٨/١٦ ـــــــ ل٥٧٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)ی نائاسایی پێنج شەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٨/٢٥ ـــــــ ل٦٠٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)ی نائاسایی شەمە رێکەوتی ١٩٩٤/٨/٢٧ ـــــــ ل٦٣٥



# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێک

خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٤ چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێک

## خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٤/ چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢

***کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی دەستپێکی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

ئەم بەڕێزانە لەدانیشتنی دەستپێکی خولی یەکەمی ئاسایی ساڵی ١٩٩٤ ئامادە نەبوون:

أ‌- فراکسیۆنی - سەوز
١ـ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد(م)
٢ـ بەکر حاجی سەفەر غولام
٣ـ شەوکەت حاجی موشیر
٤ـ عومەر عەبدوڵلا محەمەد
٥ـ عومەر سەید عەلی
٦ـ د. فوئاد مەعسووم خضر
٧ـ ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن
٨ـ جەلال شەفیق عەلی(م)تعزیە
٩ـ کەمال جەلال غەریب
١٠ـ نەوشیروان فوئاد مەعرووف
١١ـ نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل

ب ـ فراکسیۆنی ـ پارتی
١ـ ئازاد قەرەداغی
٢ـ ئەکبەر حەیدەر موسا
٣ـ ئەحمەد سالار عەبدولواحید
٤ـ عەدنان محەمەد نەقشبەندیی
٥ـ خەیری سەعید عەلی بەگ
٦ـ شێخ موحسن خالید مستەفا
٧ـ مەلا محەمەد شەریف تاهیر مستەفا
٨ـ مەلا هادی خضر(ن)

**بەرنامەی کار:**

١ـ وتەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەبۆنەی کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٤ـەوە.
٢ـ بەرچاوخستنی بوودجەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٩٤.
٣ـ تازە بابەت.

# وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان
# لە کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٤

**«بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان »**

بەناوی دەستەی سەرۆکایەتییەوە، بەبۆنەی دەست پێکردنەوەی ئیش وکاری پەرلەمان، خولی یەکەم، ساڵی ١٩٩٤، بەخێرهاتنتان دەکەین، بەئومێدی ئەوەی پاش ئەو پشوودانە بەگوڕێکی بەهێزو لە بارتر هەوڵ دەن بۆ دۆزینەوەی چارەیەک بۆ ئێش و ئازاری خەڵکی خۆڕاگری کوردستان، کە وەکو نوێنەرێکی ڕاستەقینەی ئەوان لەسەرتانە داکۆکی لە داخوازیەکانیان بکەن و هەوڵ و تەقەلای بۆ بدەن بەگوێرەی توانا لە چوارچێوەی ئەم هەلومەرجەی ئەمڕۆی کوردستان، لەسەرووی هەموویانەوە باری ناهەمواری ئابووری ڕزگاری بکەن، هەروەها کۆشش بکەن بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئەزموونەو ڕزگارکردنی لەکۆسپ وتەنگو چەڵەمەکانی ، پێش هەموویان ئیفلیج بوونی ئیدارات. هەستی حزبایەتی تەسک و نەخۆشی پەنجا پەنجا.

**خوشک و برایان**: بارودۆخی دەرەکی کوردستان هێشتا لەبارەو بەقەناعەتی ئێمە پاشا گەردانی و پێشێل کردنی یاساو لادان لەنیزام و لادان لەبنەماکانی حوکمڕانی بۆ کەس ناچێتە سەر. مێژووی خەڵکی تر بە گشتی و مێژووی کورد بەتایبەتی پڕ لە عیبرەتە و ئەم ئەزموونە و پاراستنیشی گیانی هاوکاری و خەباتی بێ وچان و هاوبەشی دەوێت. پیادەکردنی نیزام و یاساو ڕێز گرتنی دەوێ، پێش هەمووشیان دام و دەزگا ڕەسمییەکانی ئیداراتی کوردستان و هێزە سیاسییەکان کە تەنها ڕێگایە بۆ مانەوەو چەسپاندنی ئەم ئەزموونە، مەترسییەکانی ئەم قۆناغە زۆرن و گەورەیشن، ئەم هەلە مێژووییەش ئەگەر بە باشی مامەڵەو ڕەفتاری گونجاوی لەگەڵدا نەکەین، بەرچاومان ڕوون نەبێت، هەتا هەتایە بۆ مان ناچێتە سەر بەم شێوەیە. وەکو پێشتریش تەئکیدمان کردووە عیبرەت لە بڕیارو یاسادانان نییە، بەڵکو عیبرەت زیاتر لە جێبەجێ کردنی یاسایە. ڕەفتارکردن و ڕێزگرتنی یاسایە، ئەمەیش خۆی لەخۆی دا پلەو پایەی هۆشیاری و هەست کردن بە مەسئوولیەتی دەوێ، چ وەکو کار بە دەست و چ وەکو دام و دەزگا، پاشانیش لەناو خەڵکی دا.

لە کۆبوونەوەی دوایی دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ سەرۆکایەتی هەردوو فراکسیۆن دا بڕیار درا لەم خولەدا جگە لەکارە سەرەکییەکانی پەرلەمان زیاتر بایەخ بە ئێش و ئازارو ڕەخنەو گلەیی هاووڵاتییان بدات. ڕۆژانی پرسیارو پرسینەوە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕۆژێکەوە بکرێت بە دوو یان «٣» ڕۆژ لە هەفتەیەک دا، بەمەرجێک کار نەکاتە سەر کاری ڕۆژانەیان، ئەمەیش بەتەنسیق لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دا بەرنامەی بۆ ڕێک دەخرێت. بەهیوای ئەوەی هەموو لایەکمان بەگیانێکی دیموکراسییانەو برایانە تێکۆشین و لەئاستی باوەڕی میللەتەکەمان دا بین. هەرچۆن بە هەمان ڕووحیەت خولەکانی ترمان ئەنجام دا ئەم خولە باشتریش ئەنجام بدەین. خوا هاوکارو پشتیوانی هەموومان بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو ئاگاداریشن لە بەرنامەی ئەمڕۆماندا خاڵێکی تریشمان هەیە، ئەویش میزانیەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانە، کە ئەبوایە پێش ئێستاکە باس بکرایە، بەڵام بەپێی ئەوەی میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دواکەوت و ئەم پشوودانەی هاتە سەری وامان بە باش زانی بەڵکو بتوانین لەم کۆبوونەوەیەدا تەماشایەکی بکەین، لەدوای جەژن (انشاءالله) دەست بکەین بەموناقەشەکردنی میزانیەی ساڵی ١٩٩٤، جا ئەگەر تێبینی تر هەیە فەرموون.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بەڕاستی دەڵێم ئەوەی کاک جەوهەر باسی کرد، من لەگەڵ ئەو دەستەی سەرۆکایەتی بووم، ئەوەی پێویستە بەڕاستی تەئکیدی لەسەری بکرێ لەم خولەو لەخولەکانی ئایندەدا پتەوکردنی گیانی تەباییە لەناو هەموو ئەندامان دا، بەتایبەتی لەناو هەردوو فراکسیۆن داو، ببێت بەنموونە بۆ هەموو جێگاکانی تریش، چونکی ئەو شتەی کە کاک جەوهەر باسی کرد ئەو مەترسیانەی کەهەنە بەڕاستی ناتواندرێ لەناو ببرێن تەنها بەتەبایی نەبێ و ئەویش پێویستی بەتەنازولاتی هاوبەش هەیە کە پێویستی بە لەخۆبوردن هەیە، واز لەحزبایەتی تەسک بێنین وەکو ئەڵێن بیخەینە لایەکی تر، ئەوە شتەکی زۆر گرنگەو بەردی بناغەی سەرکەوتنی ئەم تەجروبەیەیە، ئینجا تەباییە لەنێوان فراکسیۆنەکان، لەناو ئەندامەکان دا ئەبێ ببێ بەڕاستی و، بەنموونەیەک بۆ هەموو ئیداراتی کوردستان بۆ جیهاتێکی تر، ئینجا وابزانم لەگەڵ کاک جەوهەر رێک کەوتین کە ئەگەر برادەران لەفراکسیۆن هیچ شتێکیان هەیە لەسەر ئەوەی کەوا باس کرا. پێشکەشی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی بەناوی خۆم و بەناوی ئەندامانی فراکسیۆنی سەوزەوە، بەخێرهاتنی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەکەم، پیرۆزبایی یان لێ دەکەم بەبۆنەی دەست پێ کردنی ئیش وکاری خولی دووەمی ساڵی دووەمی پەرلەمانەوە. دیارە گیرو گرفتەکانی کە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئیشارەتی پێ کردن، و هەموومان هەستیان پێ دەکەین و ئەمڕۆ مەترسییەکی زۆر لەسەر ئەم تەجروبەو ئەم ئازادی و دیموکراتیەتە لەکوردستاندا هەیەو، دووشت هەنە دەبنە جێگای مەترسی، دیارە عاملی زاتی ، عاملی مەوزووعی لێرە دەوری خۆیان دەبینن. ئەوەی کەعاملی مەوزووعی واتە کاریگەریی دەولیەو سیاسەتی دەولیە، دیارە ئێمە هیچ توانامان نییە کە بیگۆڕین یان کاری تێ بکەین بەو رادەی کە بتوانین بیگۆڕین بەباشتر، بەڵکو عاملی زاتیەکە بەدەستی خۆمانە، کەخۆمان بەڕێوەی ببەین و تەئسیری زۆرە، ئێمە ئەتوانین بەگیانێکی تەبایی و برایەتی و بەتواناو لەخۆ بوردوویی و بەزیاتر ئیش کردن ئەتوانین ئەو عاملە زاتیە والێ بکەین کە لەخزمەتی خۆماندابێ و

ئێمە لەکوردستان دا لەجەوێکی دیموکراتی دا دەژین ئەوە بۆتە مایەی سەرنجی هەمووان کە بەراستی ئەمڕۆ لەکوردستان دا هەر گیروگرفتێک ، هەرشتێک هەر هەستێک دیارو ئاشکرایە لەبەر دەمی میللەتەکەمان و بەئازادی قسەی لێ دەکات، لەبەر ئەوە ئێمە هەموو گیرو گرفتەکان ئاشکرانە لەبەردەممان دا و پێش هەموو شتێک ئەو مەسەلەیە، ئەو گیرو گرفتەیە ئەو کێشەیەی خۆمان ئەگەر بمانەوێ ئەو تاقیکردنەوە بەرێوە ببەین و هەتا سەر تووشی هیچ کارەساتی تر نەبین و لەپێش هەموو شتێکدا ئەو تەبایی و برایەتییە لەهەموو خەڵکی کوردستان بەتایبەتی لەنێوان هەردوو حزبە سەرەکییەدا کە ئەمڕۆ حوکمرانی لەکوردستاندا دەکەن، ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستانن.

مەسەلەی دووەم: ئەوەیە بەراستی ئەوە دووساڵ پترە بەسەر ئەو تاقیکردنەوەیەی پەرلەمان و بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان داتێ دەپەڕێ و هەندێک کێشەی ئەمن و پێشێل کردنی یاسامان هەیە، بەراستی ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین لەم خولەدا ئەندامانی پەرلەمان بە تەنیسیق لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بتوانین زیاتر رێز لە یاسا بگرین بتوانین ئەم تاقیکردنەوە بپارێزین.

سێیەم: مەسەلەی ئابووری کە بەراستی مەترسییەکی زۆری هەیە کە برسیەتییە، خەڵکی کوردستان ئەمڕۆ برسییە، باهەموومان پێکەوە دەست لەناو دەست بنێین هەم پەرلەمان، هەم حکومەت هەم حزبەکان، هەم سەرکردەکان ، چارەسەرێک بۆ ئەم خەڵکە بدۆزینەوە، وابکەین چی تر خەڵکمان برسی نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنـــــــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**
**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــومــــــەن.**

منیش بەناوی فراکسیۆنی پارتییەوە بەخێرهاتنی بەڕێزان دەکەم و، خۆم بە بەختیار دەزانم کە لەیەکەم دانیشتنی خولی دووەمی ساڵی دووەمی پەرلەماندا پڕ بەدڵ بەخێر هاتنی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەکەم. بەدەرفەتی دەزانم کە لەم دانیشتنەدا بەڵێن و بڕیار بدەین کە سەنگەری خۆمان، سەنگەری پەرلەمان قایم بکەین، برایەتی و تەبایی لەناو سەنگەری خۆمان دا بەهێزتر بکەین، بە چاوی دڵمان چاودێری ئیش وکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین نەک بۆ ئەوەی کۆسپ و لەمپەریان لەبەر دابنێین، بەڵکو هەوڵ بدەین زەمینەیان بۆ خۆش بکەین، تاکو لەکارەکانی خۆیان دا سەر بکەون، پاشان ئەگەر رەخنەیەکی لەجێی و پێویستمان پێ بوو بانگیان بکەین رێیان لێ بگرین، نەک بۆ ئەوەی دیسان سەر نەکەون لەکاروباری خۆیاندا، بەڵکو بۆ ئەوەی باشتر بتوانن کارەکەی خۆیان ئەنجام بدەن، ئەبێ لەم دانیشتنەدا بەڵێنی ئەوە بدەین، کە حکومەت و پەرلەمان لەیەک سەنگەردابن، ئەبێ برایەتی و تەبایی لەنێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دا بەهێز تر

بکەین. ئەبێ واز لەحزبایەتی تەسک بێنین، ئەگەر حزبایەتیش بکەین ئەبێ لاسایی کاک مەسعود ومام جەلال بکەینەوە، حەق نییە کوچک لە ئاگر گەرمتر بێ، لەکۆتایی داوای سەرکەوتننتان بۆ دەکەم بۆ هەموو لایەک و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، بەناوی دەستەی سەرۆکایەتییەوە بەخێرهاتنی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین و، ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران وتەیەکیان هەیە بەم بۆنەیەوە بابفەرموون، پاشانیش دا کەمێک دەحەسێینەوە و دێینەوە سەرخاڵەکانی بەرنامەی خۆمان.

**بەڕێز عەبدوڵلارەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و برا وەزیرە بەڕێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، گەرمترین پیرۆزبایی لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین بەبۆنەی کۆبوونەوەی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٤، دیارە لە دووساڵی رابردوودا پەرلەمانی کوردستان دەوری کاریگەری هەبووە لەداڕشتنی یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهەموو بوارەکان دا، هەروەها ئەو پەرلەمانە رۆژ بە رۆژ بەرەوپێش دەچێ و بڕیارو یاسای پێویست بۆ هەرێمی کوردستان دادەنێ و ئێستاش ئەمڕۆ ئاسۆی دنیا رووناکە بەرامبەر بە کێشەی گەلەکەمان پێویستە لەسەر شانی هەموو لایەکمان بەتایبەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان تەواوکەری یەکتری بن، پەرلەمان پشتیوانی حکومەت بێ بۆ سەرکەوتنی لەئیش و کارەکانی دا، لێرەش دیارە بەڕێزتان، هەموو لایەکتان ئاگادارن لەماوەی دامەزراندنی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر ئیش وکار کراون و وەزارەتەکان ئیش وکارەکانی خۆیانیان بەرێک و پێکی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەو ماوەیەدا چەندین کێشە هاتوونەتە بەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەرلە ئیلغا کردنی(٢٥)دیناری لەسەرەتای دامەزراندنی ئەم کابینەیەدا، دوای ئەوەش چەندین کێشەی ناخۆشی هاتنە پێش لە خواست و ئارەزووی گەلەکەمان و حکومەت و پەرلەمان دا نەبوون، بەلام خۆش بەختانە بە هاوکاری پەرلەمان و حکومەت ئومێدی زۆرمان هەیە شتی باش بۆ میللەتەکەمان دابین بکەین، بەتایبەتی پاراستنی سەرو سامانیان و چارەسەرکردنی گوزەرانی خەڵکی کوردستان، ئەمەش نەک حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیکات، بەڵکو دەبێ پەرلەمان پشتیوانی تەواوی لێ بکات، هەروەها هەموو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان پشتیوانی لە حکومەت بکەن بەوەی کە یاسای حزبەکان و یاسای چەک هەڵگرتن جێبەجێ بکەین لەسەرانسەری کوردستان دا، ئەوەش ئەرکێکی زۆر قورسە ئەگەر پەرلەمان و کۆمەلانی خەڵکی کوردستان پشتیوانیمان لێ نەکەن ناتوانین سەد لە سەد ئەوە جێبەجێ بکەین. بەلام پێمان وایە بە هاوکاری هەر دوولامان، بە هاوکاری کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لەو ئەزموونە دیموکراتییە کە

ئاواتی هەمـوو لایەکـمـان بـوو، دەتوانین شـتـی زۆر باش بکەین، ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو پێـشی ببـەین و چارەسەری باری گوزەرانی خەڵکی کوردستان بکەین و پرۆژەی ستراتیژیان لەبەر دەستدایە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر پشتـوانیمـان لێ بکرێ، ئەو پرۆژانە لەخزمەتی کـومەڵانی خەڵکی کوردسـتاندا بەکار بێنین وچارەسەری زۆربەی کێشـەکانی خـەڵکی کـوردسـتـان بکەین، لەکۆتایی دا جارێکی تر پیرۆزباییتان لێ دەکەین و ئومێدەوارین هەمیشە سەرکەوتووبین. بژی پەرلەمانی کوردستان، بژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

زۆر سوپاسی کاک عەبدوڵڵا دەکەین بەمەش دێینە کۆتایی دانیشتنی دەستپێکی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٤ ولە دانیـشـتـنی داهاتوویشـدا دەست بە بەرنامـەی کـاری خـۆمـان دەکـەینەوە، هەر سەرکەوتوو بن، سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)

پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٣/٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١)

## پێنج شەممە رێکەوتی ١٩٩٤/٣/٣

***کاتژمێر (٩) ی سەرلەبەیانی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ١٩٩٤/٣/٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەرێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەرێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژماره (١ )ی خولی ئاسایی یەکەمی، سالی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***ئەم بەرێزانەی خوارەوەش لەدانیشتنی ژماره (١ )ی رێکەوتی رۆژی ١٩٩٤/٣/٣ ئامادە نەبوون***

أ-فراکسیۆنی سەوز
١-هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد(م)
٢-بەکرحاجی سەفەر غولام
٣-عومەرعەبدوڵلامحەمەد
٤-عومەرسەیدعەلی حسێن
٥-د.فوئاد مەعسوم خضر
٦-ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن
٧- د.جەلال شەفیق عەلی(ن)
٨-شالاوعەلی عەبدوڵلا(م)
٩-سیروان محەمەد نەورۆلی
١٠-سلاحەدین عەبدولحەمید عەبدوڵلا
١١-قادرعەزیزمحەمەدئەمین
١٢-کەمال جەلال غەریب(م)تەعزیە
١٣-محەمەدئەمین عەبدولحەکیم محەمەد
١٤-مستەفا قادر مستەفا
١٥-نەوشیروان فوئاد مەعرووف
١٦-نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل

ب-فراکسیۆنی پارتی
١-ئەکبەرحەیدەر موسا
٢-ئەحمەدسالارعەبدولواحید
٣.فەوزیە عیزەدین رەشید(م) سەفەر بۆ ئەڵمانیا
٤-خەیری سەعید عەلی بەگ
٥-مەلاهادی خضر(ن)

بەرنامەی کار:

١- بە پێی نووسراوی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە(١٢٦٩) لە ١٩٩٣/١٢/٢٥دا بەڕێز یوسف جەمیل خورشید جێگەی ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەڕێز د.حەمەنەجم جاف دەگرێتەوە.

٢- بە پێی نووسراوی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، بێ ژمارە لە ١٩٩٣/١٢/٢٢دا بەڕێز شێرکۆ فایەق بێکەس جێگەی ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەڕێز فازڵ قەفتان دەگرێتەوە.

٣- بەر چاو خستنی دەست لەکارهەڵگرتنی ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەڕێز عەبدولکەریم حاجی کاکە حەمە بەپێی برگە (٢)ی ماددە (٣٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن.

٤- بەر چاو خستنی بودجەی پەرلەمانی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٩٤.

٥- تازە بابەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان

دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کورستان دەست پێ دەکەین، بەرنامەی ئەمرۆمان چوار خاڵە، ئەگەر چ تازە بابەت هەیە با بیچەسپێنین بۆ ئەوەی خاڵ بەخاڵ ئەنجامی بدەین، دیارە تازە بابەت نییە. خاڵی یەکەم ودووەممان لەبارەی ئەو ئاڵوگۆڕەوەیە کە هەردوو فراکسیۆن ناردوویانە لەلایەن هەردوو حزبەوە.

بەپێی خاڵی یەکەم - بەنووسراوی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارە(١٢٦٩) لە ١٩٩٣/١٢/٢٥دا بەڕێز یوسف جەمیل خورشید جێگەی ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان د.حەمە نجم جاف دەگرێتەوە، کاک یوسف لێرەیە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە، بەڕێز د. حەمە نەجمیش. پێویستە ئیستیقالە بدات، ئەمەش مەسەلەیەکی یاساییە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وابزانم بەپێی پێڕەوی ناوخۆ ئەگەر ئەندام ئیستیقالەی کرد خاوەنی لیستەکە حەقی هەیە یەکێک بخاتە جێگای ئەوانەوە کە ڕۆیشتن لەبەر ئەوە بەراستی، مەسەلەی گۆڕین لە پەیرەوی ناوخۆدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئیستیقالەکە بدات، کەی دەنگی لەسەر دەدرێ؟ ئیستیقالەکە قەبووڵ بکرێ، لەپاشان دەنگ لەسەر قەبووڵ کردنەکەی دەدرێت و بزانین برادەران رایان چییە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە چیمان کردووە تا ئێستا وا لەسەری ئەڕۆین، شتەکە بۆتە تەقلیدێک لەناو پەرلەماندا، هەردوو فراکسیۆنی ناو پەرلەمانیش پێشتر کاری وایان کردووە پێڕەوی ناوخۆیش روونە.

**بەڕێز فـــــرەنســـــوتۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

سەبارەت بە بەڕێز د.حەمە نەجم کارێکی یاسای جێبەجێ کردووە، کە ئەندامی پەرلەمان دەبێت متفرغ بێت، ونابێ ئیشەکی تر بکات. ئەوە ماددەکەی لەسەر خۆی جێبەجێ کرد، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

بەڕێزان د.فازڵ، د.حەمەنەجم هەر دووکیان ئێستا فەرمانبەرن و، بەمەش مەرجێک لەمەرجەکانی ئەندامێتی ناو پەرلەمانیان نامێنێ بۆیە من وا دەبینم کە شتەکە زۆر ئاساییە وخاوەن لیستەکە ئەیان گـۆڕێ بە یەکـێکی تر، لەبەر ئەوەی فـەرمـانبـەرێتی و ئەندامـێـتی پەرلەمـان پێکەوە کۆناکرێنەوە، بۆیە دەبێ بریارێک بدەین بۆ د.فازڵ قەفتان وبۆ کاکە شێخ عەبدولکەریم ئەویش هەمان بەند ئەیگرێتەوە، یەکەم: کاک د.حەمەنەجم لەبەر ئەوەی دامەزراوە ئێستاکە وەکو راگر لەزانکۆی سەلاحەدین، مەرجی ئەندامیەتی پەرلەمانی تێدا نەماوە. لەجیاتی ئەوکاک یوسف جەمیل خورشید دادەنرێ.

دوو: بەڕێزان د. فازڵ قەفتان، د.حەمە نەحم وکاک شێخ عەبدولکەریم حاجی. ئەم سێیانە وەکو وتمان دامەزراون بەفەرمانبەر، مەرجی ئەندامێتیان تێدا نەماوە لەناو پەرلەمان نامێننەوە کێ لەگـەڵ ئەوەیە؟.. کێ لەگـەڵ نیـیـە؟.. بەزۆربەی دەنگ ئەوە پەسەندکرا کە لەجیـاتی کـاک د.حەمەنەجم، کاک یوسف جەمیل خورشید پاڵێوراوە بۆ ئەم جێگایە کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ پەسەندکرا. لەجیاتی کاک د.فازڵ قەفتان، کاک شێرکۆ فایەق بێکەس پاڵێوراوە کێ لەگـەڵە؟.. کێ لەگـەڵ نیـیـە؟.. بەتێکرای دەنگ ئەویش پەسـەندکـرا. سوپاستان دەکەین... ئەگەر هەردوو بەڕێزان لێرەن بابفەرموون.. با بەسوێند خواردنی کاک یوسف جەمیل دەست پێبکەین. تکایە ئەگەر زەحمەت نەبێ کاک یوسف فەرموو.

**بەڕێز یوسف جـــــەمـــــیل خـــــورشـــــید:**

بەناوی خـوای گەورەو میـهرەبان، سـوێند بەخوای مـەزن دەخۆم بەدڵسـۆزیەوە پارێزگـاری یەکـێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لەیاسا رەچاو کراوەکان بگرم وبەرژەوەندی یەکانی گەل بپارێزم.

**بەڕێز شـــێـــرکـــۆ فـــایەق عـــەبدوڵلا بێکەس:**

بەناوی خوای گەورە میهرەبان، سوێند بەخوای مەزن دەخۆم بەدڵسۆزی یەوە پارێزگاری یەکێتی گەل و خـاکی کوردسـتـانی عـێراق بکەم، ڕێز لەیاسـا رەچاو کراوەکـان بگرم وبەرژەوەندی یەکانی گـەل بپارێزم.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی بەخێر هاتنی کاک یوسف جەمیل دەکەین هیواداراین دەوری خۆی لەڕیزی برایانی ئەندامانی پەرلەمان دا ببینێت. هەروەها بەخێر هاتنی کاک شێرکۆ بێکەس دەکەین بۆ ناو پەرلەمانی کوردستان بە ئومێدی سەرکەوتنین.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــوومـــــەن.**

تێبینی یەکەم هەیە بۆ سەرۆکایەتی، کاک شێرکۆ بێکەس بەدەستی چەپ سوێندی خوارد عادەتەن سوێند خواردن بەدەستی ڕاست دەبێ هەر لەبەر ئەوەش ناوی لێ نراوە «یمین»، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــوومـــــەن.**

ئەمە جاری دووەمە سوێند ئەخوا جاری یەکەم بەدەستی ڕاست، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـمـەد ڕەشـیـد زەنگـەنە:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــوومـــــەن.**

من ناڵێم ئەمە بدعەیە وەکو کاک نەژاد گوتی بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەم ئەندامی پەرلەمان حەقی هەیەو ئەبێ بەدەستی خۆی بنووسێ بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کەمن ئیشەکەم هەڵدەبژێرم چونکە ئەندامی پەرلەمان گەورەترین صفەتەو ئەو حەقە بدرێ بە ئەندامانی پەرلەمان، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــوومـــــەن:**

لەڕاستی دا ئەوەی جەنابت فەرمووت وامان کردووە ئەو برادەرانە، ئەو ئەندامانەی پەرلەمان کە لەسەر هەر لیستەیەک بن کەجیهەتی خۆی بە پێویستی دەزانێت بۆ جێگایەکی دیکەی دابمەزرێنێ، پێشەکی ئەوشتە بەنووسراوێکی ڕەسمی ئەدات بەدەستەی سەرۆکایەتی ئێمەش باسی دەکەین.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــوومـــــەن.**

بەڵام خاڵێک هەیە مەسەلەی بدعە کە کاک عەبدولخالقیش ئاماژەی بۆ کرد، من مەبەستم لەوە بوو لەپەیڕەوی ناوخۆ شتێکی وەها نییە، کە ئەندامێک وازی هێنا لەپاشان هەمان ئەندام ئەهێنرێتەوە و خاوەن لیست ئەڵێ گۆڕییم، ئەمە نییە جا ئەمە کردوومانە بەتەقلید هەر وەکو کاک جوهر وتی کردمان بەتەقلید بەسەریا ئەڕۆین، بەڵام ئەمە لەپەیڕەوی ناوخۆ شتی وا نییە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــوومـــــەن:**

ئەو مەوزوعە، دەنگمان لەسەری دا ئەگەر شتێک هەبێ دوایی حەز دەکەن لەسەر یەک باسی دەکەین با بمێنێتەوە، ئەوجا با بچینە سەربابەتی ترو تازە بابەتمان نییە ئێستاش دەچینە سەر خاڵی چوارەم، کە بەرچاوخستنی بودجەی ساڵی ١٩٩٤ی پەرلەمانە، ئێمەش عادەتەن بودجەکانمان بەو شێوەیەیە، ئینجا لەبەر ئەوەی بودجە وئەم بابەتانە لە دانیشتنێکی داخراو دەبێ بۆیە داوا دەکەم ئەم دانیشتنەش وەکو دانیشتنەکانی تر داخراوبێت. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم دانیشتنە داخراوبێت؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا. ئەگەر ڕاگەیاندن ئیجازەمان بدەن،.. ئەگەر لیژنەی ئابووری ئامادەن باکەرەم بکەن..

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پێم وایە شتێک بەناوی جەژنانە بۆ هەموو فەرمانبەر و کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیاردرا کە بدرێ، نازانم جەژنانە بۆ ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر، بودجەش موساعیدە ئێوەش، موساعەدە دەکەن شتێکمان بۆ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

هەر چەندە من زانیاریم نییە نازانم شتەکە تەواو بووە یان نا؟ منیش پشتگیری بەڕێز کاک فرەنسۆ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

دێینە سەر بەرنامەی خۆمان، هەر چەندە بۆ چوونی ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی وابوو کەبیخەینە دوای جەژن، بەڵام یەک کێشەمان لەپێش بوو، ئەویش ئەم ئاڵوگۆڕە بوو. دوو لەوە ش گرنگتر ئەوەیە کە ئەبێ ئێمە دوای جەژن هاتینەوە موناقەشەی بودجەی حکومەت بکەین، ئەبێ ئەم ژمارەی ئێرەش بدەین بەوەزیری دارایی بۆ ئەوەی لە راپۆرتەکەیدا ژمارە تەواوەکە بنووسێ، دوای جەژن بەرنامەی ئاسایی خۆمان دەست پێ دەکات. پێش هەموو شتێک بەرنامەی بودجەی حکومەت، یەکەم خاڵ دەبێ (انشاءالله) ئەگەر شتێکی گرنگ روو نەدات ونەیەتەپێش، وابزانم لیژنەی ئابووری پەرلەمان شتێکی ئامادە کردووە، بابفەرموون.

**بەڕێـز جـــــــەمـــــــیل عـــــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

موازەنەی ئەمساڵی پەرلەمان ساڵی ١٩٩٤، ئامادە بووە بۆ بڕیار لەسەردان. فەسڵی یەکەم «نفقات الموظفین» ماددەی«٤» (مخصصات الزوجیة والاطفال). (مخصصات زوجیة) هاتبوو(٣٠٠)دینار ومخصصات الاولاد(٦٣٧٠٠)دینار بوو مخصصات زوجیە (٣٠٠) دینار مەعقول نییە لەبەر هەندێ لیژنەی ئابووری کردی بە (٣) هەزار دەرماڵەی منداڵان لەجیاتی(٦٣٧٠٠)ببێت بە «٦١» هەزار لەبەر ئەوە سەرجەمی مادەی چوار (مخصصات الزوجیة والاولاد) هەر وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، بەڵام وەکو موناقەلە مادە «٩»،«١٥» دەرماڵەی عدوی ئاسان کاری دەکرێ لەهەموو دوائری حکومەت ئەوانەی بەپاک کردنەوە هەڵدەستن لەبەر نەخۆشی دەرماڵەی عدویان هەیە لەموازنەی پەرلەمان هیچیان بۆ دانەنابوو ئەوەش حەقی خۆیانە، دەبێ دەرماڵەی (بدل عدوی) هەبێت لەبەر ئەوە پێشنیاری(٣٨٠٠)دینار بۆ دەرماڵەی عدوی لەمادە «٩» بڕگە «١٥».

مادە «٢٤» دەرماڵەی دابەشکردن هەمیشە موزعی برید ئەوە بەئیشی دابەش کردن هەڵدەستێ بەرید دێنێ ودەبا، دەرماڵەی دابەش کردن هەیە لەم موازەنەیەدا، هیچیان بۆ دانەنا بوو بۆیە

لیژنەی ئابووری پێشنیار ئەکات (١٤٠٠)دینار هەبێ بۆ دەرماڵەی دابەش کردن بۆ ساڵێک، دەرماڵی فەرمانبەران دەبێتە (٤١٥٠٠٠)،

حاڵەتێکی تر هەیە ماوە«المعالجة الطبية داخل وخارج الاقليم» بەپێی یاساو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەر ئەندامێکی پەزلەمان نەخۆش بێت چارەسەر بکرێ چ لەناوەوەی هەرێم بێ چ لەدەرەوە، دەبێ پەرلەمان تحمل بکات. ئەوەی هەبوو ملیۆنێک بوو کە ئێستاش نرخی هیچ نییە لەبەر ئەوە لیژنە پێشنیار دەکات برێک هەبێ بەدۆلار، حسابێکی تایبەتی هەبێ بەدۆلار و زۆر ئەندامانی پەرلەمان نەخۆش بوون ئەمەش جێگای داخە، داوای سەرفرازی، تەندروستی باشیان بۆ دەکەین لەبەر ئەوە پێشنیازمان ئەوەیە:

«١٠٠» هەزار دۆلار بۆ حسابێکی تایبەتی لەو مادەیە بۆ بابەتی چارەسەرکردن لەپەرلەمان پێویستە هەبێ ئەوە فەسڵی یەکەم تەواوبوو، فەسڵی یەکەم «١٠٠» هەزار دۆلار لازمە حسابێکی تایبەتی هەبێ ئەگەر تەقدیری بکەین بە دینار مجموعی فەسڵی یەکەم دەگۆڕێ.

فەسڵی دووەم: پێداویستەکانی خزمەتگوزاری«مخصصات ونفقات الایفاد» هێژا سەرۆکی پەرلەمان، کاک حازم پەلە نەکات ئێمە بەس باسی گۆڕان دەکەین بەس ئەو بڕگەی لیژنەی ئابووری تێبینی لەسەر هەیە پێویستی بەگۆڕانە، ئەوانەی تر باس ناکەین چونکە ئەوە لەدەست بەڕێزانە، ئەگەر تێبینییەکیان هەبێ، ئەوەی من تەنیا تێبینییەکانی لیژنەی ئابووری یە، فەسڵی دووەم پێداویستەکانی خزمەتگوزاری (مخصصات نفقات الایفاد) سێ ملیۆن دۆلار هەبوو، ئەویش بەراستی هیچ نییە بەرای ئێمە بۆ ئیفاد کە پێویستە پەرلەمانی کوردستان بە ئیفاد هەڵسن بۆ ئەوروپا و ئەمریکا و ئێمە چوار ملیۆنمان دانا لەجیاتی سێ ملیۆن. فەسڵی یەکەم تەواو بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر فەسڵی یەکەم ئەگەر تێبینی هەیە با ناوەکان بنووسین...

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەتێبینی یەکانی لیژنەی ئابووری دا هاتووە ئەڵێ مەبلەغی داناوە دەرماڵەی (عدوی) کەسێک نییە لەناو پەرلەمان کە ئەو دەرماڵەیە وەربگرێ کە ئێستا ئەو مەبلەغەی بۆ تەرخان بکەین. پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا هەیە کە ئەم دەرماڵە وەربگرێ؟.. سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من لەسەر بابەتی ئیفادە چوار ملیۆن دینار کەم ئەبینم. ببورە ئەمە فەسڵی دووەمە، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەدگولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکم هەیە لەسەر دەرمالّەی (عدوی)، ئەندامانی پەرلەمان تووشی چی دەبن لەکاتی ئیش کردن دا؟ یانی زۆر (مخصصات عدوی) یا (بدل عدوی) سلکی تەندروستی ئەگرێتەوە، پزیشکێک، برین پێچێک، کارمەندێک یان ئەو شوێنە خەدەمیانەی وەکو مامۆستای هەندێ شوێن کە لەوانەیە لە ژوورێکی گەورە دا، شوێنێکی گەورە، کۆمەڵێ خەڵک نەخۆش بن ئەوەی کە ئیدارەیان دەکات تووشی بێت.

سەبارەت بە فەرمانبەرەکانەوە کارێکی وانییە کە زۆر خەڵک تووش بن. (بدل عدوی) تۆزێ بەهەڵەی دەزانم، بۆ نەخۆشەکانی ئەندامانی پەرلەمان من تێبینییەکم هەیە پێشنیارێک ئەکەم، ئێمە خۆمان پەرلەمانین، یاسا دادەنێین دەبێ پێش هەموو کەسێ پەیڕەوی یاسا بکەین، ئەو نەخۆشانە کە ئەندامی پەرلەمانن یا هەر کەسێکی ترین پێش ئەوەی بچنە دەرەوە بۆ چارەسەری نەخۆشیان، پێشنیارێکم هەیە کەوا لیژنەی پزیشکی بیان بینی، کە عیلاجیان نەبوو ئینجا بیان نێرنە دەرەوە، تێبینی سێیەم بەنسبەت ئیفاد ئێمە فیکرەیەکمان نیبە لەبودجەی ساڵی پێشوو، تاچ رادەیەک فریای پێویستیەکانمان کەوتووە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزم دا بۆ بەڕێز حازم یوسفی (مخصصات عدوی) هەیەو لە پەرلەمان ئەگەر بستێنێ، ئەگەر نەستێنێ، لیژنەی ئابووری پێشنیاری کردووە، (مخصصات عدوی) یاساییە، بەپێی یاسا ئەوەی هەڵدەستێ بە پاک کردنەوە وەری دەگرێ، هەروەهاش دەرماڵەی دابەش کردنیش ئەوەی هەڵدەستێ بە ئیشی موزع یان بردن وبرید قانونا وەریدەگرێ، ئەگەر وەریان نەگرتبێ حەقی ئەوەیان بەتەواوی نەداوە دەبێ ئەو حەقە بدەین، ئەوە لەهەر دائرەیەک پاک کار هەیە و لێم ببوورن، ئەوەی مرافق پاک دەکاتەوە وەری دەگرێ هەر لەچی دائرەیەک بێت ئەوەی بەعنوانی موزع بێ ئیشی بەرید دەکات وەری دەگرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها تێبینیەک، بودجەکە بەگشتی فەرمانبەران وهەموو کارمەندێکی تر دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە راستە ئەندامانی پەرلەمان ئیشێکی وا ناکەن کە (بدل عدوی) وەربگرن دیارە شتێکی وا هەیە لەیاسا بۆیە وەریدەگرن هەندێ برادەر با وای لێک نەدەنەوە کە بۆ ئەندامانە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزدا بۆ د.فایەق وەکو فەرمووی، ئەندامی پەرلەمان هیچ شتی وا ناکات وەکو (مخصصات

بدل عدوى) وەربگرێ، (بدل عدوى ) بۆ ئەندامانی پەرلەمان نییە وەکو لەسەرەتادا گوتم بۆ پاک کەرەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیزئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێک بۆ لیژنەی ئابووری لەسەر چ ئەساسێک(٣)ملیۆن دیناریان کردووە بە(٤)ملیۆن؟ پێوەرەکە چییە؟بۆ پێنج نەبێ؟ بۆ شەش نەبێ؟ بۆ چوار بێ، چییە، چ پێوەرێکی هەیە؟.. سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم دا بۆ مامۆستا نەژاد جێگری سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر مەجال بێ ئەوە فەسڵی دووەمە و لە دووەم دا موناقەشەی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەراستیدا پێویست ناکات بەو شێوە وەلام بدرێتەوە ئەتوانی بەمن بڵێیت. قاعدەکە بەو شێوەیە، هەر شتی بێ دەبێ ئاراستەی سەرۆکایەتی بکرێ و ئێستا لەبەر ئەوەی من لێرەم ومن سەرپەرشتی دانیشتنەکان ئەکەم، ئەگەر منیش لێرە نەبووم ئەوا کاک نەژاد سەرپەرشتی دانیشتنەکان دەکات بۆ ئەوەی ئیشەکە نەبێتە ئەو حەساسیەتە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە تێبینی کاک جەمیل ئەڵێ دەرماڵەی (عدوى) هەیە بۆ ئەوە پەیوەندی بەئیش وکاری پاک کردنەوەوە هەیە، واتا ئەوەی ئیش وکاری پاک کردنەوە دەکات ئەو وەری دەگرێ ئێستا ئەو دەرماڵە فەرمانبەران لێرە وەری دەگرن یا وەری ناگرن؟ کەوەری ناگرن بۆ موناقەشەی بکەین ودەنگی لەسەر بدەین؟ خۆشی نییە ئەوە شتێکی ترە کە مەبلەغ دادەنێ لێرە تەنیا ئەوە وەری دەگرێ یا وەرناگرێ بۆ مەبلەغ دابنێ؟.. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر شتێکی یاساییە ئێمە یەکەم کەسێن کە بیکەین کاک حازم ئەگەر نەمان کردووە ئەوە شتێکی باشمان نەکردووە، لەراستیشدا ئەوە ئیشی لیژنەی ئابووری یە، بەلام ئەگەر نەکراوە ئەوە کارێکی باش نییە، مادام نەمان کردووە حەقمان هەیە لێی بپرسینەوە، ئەوە دادەندرێ بۆ ئاینده بۆ ڕابوردووشدا نییە، ئەگەر لەڕابوردوو شتێکمان نەکردووە ئەوە خەلەلێک هەیە کەلێی بەرپرسیارن، فەرموو کاک جەمیل..

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان فەرمووی دەرماڵەی (بدل عدوى) حەقی فەرمانبەرێکە حەقی

عـاملێکه ئەو حـەقـەی وەرنەگـرتبێ ئەوە مـەغـدوور بووە، لەهەمـوو فـەرمـانگەی حکومـەت وەری دەگـرن، ئەگـەر وەریان نەگـرتبی پێـویسـتـە وەربگرن، ئەوە خـاڵێـک، خـاڵـی دووەم رای هەر رای ئەندامـانی پەرلەمـانە، ئەگەر ئەو حەقە هەشبێ بەپاک کـەرەوەیەک فەرمـانبەرانی پەرلەمـان نەیدەن ئەوە شتێکی ترە، ئەوە رای ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەگەر وابێ (٣٦٠٠) دینار بەشی کێ دەکات لەسەر چ بنەمایەک ئەوە حساب کراوە؟.. سوپاس.

**بەڕێـز جـــــەمـــــیـل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

(٣٦٠٠)دینار ئەگەر حسـاب بکات دابەشی(١٢) ئەکـات (٣٠٠) دینار مـانگانە بەپێی یاسا هەنە، تا ئێـسـتـا نزیکەی (١٤) دینارە دەرمـاڵەی هەر یەکـێک ئەگـەر حسـابی زیادەش بکەن حسابمان کرد نزیکی هەر یەکی(٢٥) دیناری بدرێتی (٢٥)بۆ (١٢)پاک کەرەوە دەکاتە (٣٠٠) دینار مانگانە، هەمووی دەکاتە(٣٦٠٠) دینار دەرماڵە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سـوپاس، دیارە جـیـاوازیەک هەیە، برادەران بەرهەڵـسـتی لەسـەر ئەو(٣٠٠)دینـارە دەکـەن وەکـو دەرمـاڵە، ئێـسـتـا کێ لەگەڵە؟... ئەو(٣٦٠٠) وەکو دەرمـاڵەی (عدوی) جـێگیـر بکرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ جێگیر کرا. فـەسڵی یەکەم کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو باسکرا وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی یەکەم پەسەندکرا.

**بەڕێـز جـــــەمـــــیـل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

فـەسڵی دووەم «المستلزمات الخدمية»، (مخصصات ونفقات الايفاد» لەبـودجـەدا هـاتووە «٣» ملیـۆن دینـار لیـــژنەی دارایی وئـابووری مـــوناقـــەشـــەی کـــرد کـــە(٤)ملیـــۆن دینـار بێت لەجێگای(٣)ملیۆن، لەبەر ئەوە دەڵێم سەرجەمی فەسڵی دووەم بەم ژمارەیە لەبەر پرسیـاری بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمـان بۆ چی(٣) ملیۆن بۆتە(٤)ملیۆن؟ سوودی ئەوە چ بێ؟ لیژنەی ئێمە حسـابی کـرد بۆ هەر سـاڵێـک دوو خولی پەرلەمـان تەواو بێت، هەر خولێکی ئێـمە حسـابمان کرد پێویستە وەفدی پەرلەمان بەئیفاد بچن بۆ ئەوروپا بۆ ئەمریکا، تاکو لەوێ لەخەڵک بگەیەنن کە وەفد لەپەرلەمانی کوردستان هاتووە لەبەر ئەوە ئێمە حسابمان کرد هەر خولێکی دوو وەفد بچێ بۆ ئیـفـاد هەر وەفـدێک «٢٠»هەزار دۆلار تەرخـان دەکـات بۆ پێنج ئەندامی(٤)هەزار دۆلارو بۆ هەر خـولێـک دوو وەفـد(٤٠)هەزار ئەوە (٨٠)هەزار ئەو وەختی دۆلار«٥٠» دینار بوو(٥٠×٨٠)= بووە «٤»ملیـۆن لـەبەر هەندێ لەگـەڵ ڕێزم دا بۆی و لەگـەڵ ئەوەشـدا رای هەر رای پەرلەمـانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵام كێشەكە ئەوەیە مادام ئەوەی كرا بە«٥٠»كە چی ئێستا بوو بە«٧٠» ئەگەر لەسەر ئەوە بڕۆین ئەوە جێگایەكی تری هەیە و، ئێمە لەگەڵ هەردوو فراكسیۆن قسەمان كرد. هەردوو فراكسیۆن وسەرۆكایەتی گەیشتن بەبڕیارێك كە جێگایەكی تر هەیە ئەم مەسەلانە لەوێ چارەسەری ئەو بەرزو نزمی نرخی دۆلارە دەكات..

**بەڕێز نەژاد ئەحمد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆك:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەلایەنی مەبدەئەوە ئەگەر باری ئابووری ولاتێك خراپ بێ، ئەبێ هەوڵ بدرێ لەهەموو شتێك كەم بكرێتەوە، كەم ئەكرێتەوە لەوەفدی(٥)كەس لەجیاتی ئەوەی(٥)كەس بڕوا ئەگەر ئەو وەفدە دەعوەت نەكرا بێ ئەو لایەنە تەحەمولی بودجەیان نەكات، دوو كەس ئەڕوا لەجیاتی(٥)كەس ئەگەر كێشەكەی برۆكسل ئەكرێ بەپێوانە ئەوە هەڵەیە، چونكە كێشەی برۆكسل بزانرایە زۆری تێ دەچێ بە قەد ئەوەی تێی چوو زۆر زۆر كافی بوو بێگومان تووشی ئەوە نەدەبووین دوو كەس بڕۆیشتبا، یەكێ لەسەوز یەكێ لەزەرد، بیرەكە هەر لەبنەڕەتەوە كە گوتم زەرد وسەوز بیرم لەوە كردەوە وئێمە دەستەی سەرۆكایەتی باسی ئەوەمان كرد گەیشتینە ڕێككەوتنێك لەسەر ئەوە(٣)ملیۆن ئینجا هەمان كات پێشنیارمان پێشكەش كرد لیژنەی ئابووری كردی بە(٤)ملیۆن پرسیارەكەم ئەوەیە بۆ كرا بە(٤)ملیۆن وپێشنیاری ئێمە(٣)ملیۆن بوو؟.. ئەوەیە مەسەلەكە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەروەكی ئێستا گوتم دەربارەی میللەتی كوردو پەرلەمانی كوردستان، كاتی موازنە یا پرۆژەیەك بۆ ئێمە دێت لەگەڵ ڕێزم بۆ دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان، بەڵام لیژنە تایبەت دەبێ بەبۆچوونی خۆی و رای خۆی بەهەموو حسابەكان بدات و بەرای ئێمە زۆر پێویستە پەرلەمانی كوردستان ئیفاد بنێرێت ودوو خول هەر خولێكی ئێمە حسابمان كرد دوو وەفد بچێ، هەر وەفدەی چوار كەس بێت یان پێنج كەس بێت (٢٠) هەزار دۆلار ئەو وەختە(٤٩) دینار، بوو یا(٥ر٤٩)بوو ئێمە وای بۆناچین كە دینار ئەوەندە دابەزێ دۆلار هەڵسێ ببی بە(٧٠) لەبەر ئەوە ئێمە حسابمان كرد(٤×٢٠)وەفدی پەرلەمان(٨٠) هەزار دۆلار (٨٠×٥٠) ئەو كاتە بوو بە(٤)ملیۆن دینار، ئەمڕۆ ڕاستە ئەگەر حساب بكەین(٤)ملیۆن زۆر زۆر كەمە. بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان فەرمووی كۆنگرەی برۆكسل وەكو پێوەر وەرمەگرن، كۆنگرەی برۆكسل، بەزۆری حزب دەعمی ئەوەی كرد، پێویستە ئەو وەختەی وەفدی پەرلەمان كەدەچێت بۆ ئیفاد هەموو خەرجییەكی لەسەر پەرلەمان بێت نەك لەسەر حزبەكان بێت، لەبەر ئەوە دەڵێم پەرلەمان بەرزترین جێگایە و ئەندامی پەرلەمان جێگای ڕێزەو، پێویستە هەمووشت ئامادەبێ بۆ ئەندامی پەرلەمان نەك هەڵستن بەئیفادیش لەجێگایەكی تر پارە وەرگرن، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەمـەش فـەسلّی دووەم بوو تـەواو ؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە فـەسلّی دووەم وەکو خـۆی بمێنێـتـەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟..بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیادحـــاجی نامق مـــــەجــــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

داوای لێبوردن دەکەم نازانم وەکو خۆی وەکو ئەوەی کە لیژنەی دارایی پێشنیارەکەی کردووە یاوەکو ئەوەی لەیاسـایەکـەدا هاتووە؟.. پێم وایە تێـهـەڵچـوونێک دروست بووە، نازانم ئەوەی لیـژنەی دارایی پێشنیاری کردووە دەبێ زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

وەکو گوتم لەجێگایەکی تر ئێمە ئاماژەیەکمان کردووە کە بتوانین هەندێ کەم وکووڕی ئەم بابەتە پڕ بکەینەوە نەک بەس ئەوە یەکی تر ئەگەر بێـتـو ئەم بابەتانە ئەم تەزەخومـاتە وەکـو ئاگـر ئەڕواتە پێشەوە، لەبەر ئەوە لەراسـیتدا ئەوەی کە دانراوە بە بۆچوونی ئێمە چارەسەری دەردی ئێمە ناکات، چونکە رۆژ بەرۆژ مـانـگ بەمانگ ئەو پارەیەی کەلێرە دانراوە چ نرخێکی وای نامێنێ. لەبەر ئەوە لەجێگایەکی ترەوە مەجالێکی ترمان داوە لەگەڵ هەردوو فراکسیۆن دا رێککەوتین کە بتوانین ئێمە چارەسـەری حالـەتێکی وابکەین ئەگەر هاتە پێشەوە، ئەگـەر ئەوەش هاتە پێشـەوە نەمـان توانی ونەمـان بوو ئەوکاتیش دادەنیشینەوە ناوی خوای لێ دێنین شتێکی تری بۆ دابین دەکەین، ئێستا کێ لەگـەڵ ئەو سێـیـە بکرێ بە چوار؟ کێ لەگـەڵ نیـیـە؟.. بەزۆربەی دەنگ ئەوە هەمـوار کـرا و بخرێتە سەری، سوپاس.

**بەڕێـز جـــــــەمـــــــیل عــــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

فەسلّی/سێیەم (٣)تێبینیمـان لەسەر نییە هەروەها فەسلّی(٤،٥)یش هیچ تێبینیمـان نییە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

تێـبینی لیژنەی ئابووری لەسەر ئەم بودجە دەتوانم بڵێم تەواو بوو، تەنیا برادەران ئەگەر تێـبینیـان هەیە لەفـەسلّی سێیەمەوە دەست پێ دەکەین. جا چ تێبینییەکـتـان هەیە بۆ ئەوەی باسی بکرێت بخرێتـە روو. دیارە فەسلّی سێیەم چ تێبینییەکی لەسەر نییە؟..کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

فەسلّی چوارەم، چ تێبینییەک هەیە لەسەر فەسلّی چوارەم؟ نییـە. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکـو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا.

فەسلّی پێنجەم چ تێبینییـەک نییە لەسەری؟.. نییـە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

فەسڵی شەشەم، چ تێبینی هەیە لەسەر فەسڵی شەشەم؟.. نییە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

فەسڵی حەوتەم چ تێبینی هەیە؟.. نییە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا.

وەکو بودجە بەگشتی، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ بودجەی پەرلەمان پەسەند کرا. زۆر سوپاستان دەکەین، یەک تێبینی هەیە ببورن زنجیرەی فەسڵەکان وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، چونکە ئەوە مەسەلەی داڕشتنە وەکو لەسەرەتایشدا وتمان ئەو ئەزیەتەمان دایە بەر ئێوە لەراستیدا بۆ ئەوە بوو، بودجەکە لە کاتی خۆیدا بگەێنینەوە وەزیری دارایی وانشاءالله پاش جەژن ئەوانیش دەیخەینە حیساباتی بودجەی گشتیی حکومەتەوە. لێرەدا دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواو، بەڵام پێش ئەوەی بڕۆن سەرێک بدەن لەدیوان بۆ ئەوەی هەندێ شت هەیە تصفیەی بکەن لەگەڵماندا..

رەمەزان پیرۆز بێت لەهەموو لایەک، جەژنێکی پیرۆزیش بۆ هەموو لایەک دەخوازین، داوای سەرکەوتنیش ئەکەین بۆ هەموو لایەک. پاش جەژن ئاگادارتان ئەکەینەوە کەی دانیشتن دەست پێ دەکات، بەم شێوەش کۆتا بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین. سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢٠

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢٠

***کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٢)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

**بەرنامەی کار:**

١ـ بەرچاو خستنی بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی ١٩٩٤ بە پێی برگەی(٥)لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢.

٢ـ بەرچاو خستنی یاسای هەموار کردنی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٩٢، یاسای گەڕاندنەوەی ماڵە دەست بەسەرداگیراوەکان بە هۆی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بۆ خاوەنە شەرعیەکانیان.

٣ـ بەرچاو خستنی پرۆژەی بریاری (دانانی)ی (٢٥٠) پلە لە سەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە بە ناونیشانی(مامۆستا)کە تەرخان دەکرێت بۆ قوتابخانە سەرەکییەکان و گوندەکانی قەزای ئاکرێ.

٤ـ بەرچاو خستنی پرۆژەی بریاری کار پێ نەکردنی بریاری ئەنجومەنی سەرکرادیەتیی شۆڕشی عێراقی ژمارە (٧٢٠) لە ١٩٨١/١١/٩.

٥ـ تازە بابەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە بەرنامەی ئەمڕۆیە بۆ ئەم دانیشتنەمان. جا ئەگەر هەردوو فراکسیۆن تازە بابەتیان هەیە با بفەرموون، یا با ناوی خوای لێ بێنین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەیانی جەژنی نەورۆزە، بەناوی فراکسیۆنی زەردەوە پیرۆزباییەکی گەرم لە میللەتی کوردستان

دەکەم بەم بۆنەیەوە، داواش دەکەین بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بتوانن ئاهەنگ بگێرن پشووی جەژنی نەورۆز بکرێتە سێ رۆژ. لەگەڵ سوپاسم دا.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوسـفی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پێشـەکی پیـرۆزبایی خۆمـان، لەدەسـتـەی سـەرۆکـایەتی و لە هەمـوو ئەندامـانی بەڕێز و خـەڵکی کوردستان دەکەین، هیـواداریـن ساڵی داهاتوومان و هەمـوو ساڵێک جەژن و هەمـوو رۆژێ جەژن بێ بۆ مـیللەتی کـورد، ئەوەی کـاک فـرەنسـۆ گـوتی، ئەگـەر پێشـنیـاز بێ، من بە ناوی فـراکسیـۆنی سەوزەوە پشتگیری دەکەم، چونکە ئێمەی میللەتی کورد هەمـوو ساڵ و رۆژەکانمان هەر ناخۆشی بوون و لە ئازاردا بووین. ئێستا بەراستی ئەوکاتە هاتووە کە جەژنی نیشتمانیی میللەتی کورد بە خۆشی بکرێ و رێگا بە خـەڵکی بدەین بە رێک وپێکی ئاهەنگ بگێـرن، تـازە بابەتی تر ئەگـەر بەڕێز سـەرۆکی پەرلەمـان مـاوەمـان بدات دیارە و ئاشکرایە لەو رۆژانەی دوایی دا لە تورکیـا (٦) ئەندامی پەرلەمان حەصانەی پەرلەمـانیان لەسەر هەڵگیراوە و بەند کراون و ئێستا لە بەندیخانەن و لە هەمـوو و لاتانی دنیا دا هەڵوێسـتـیـان هەبوو بەرامبەر بە ئەم مەسـەلەیە، ئێـمەش وەکو تازە بابەت پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی دەکەین و تکا دەکەین دوایی ماوە بە کـاک عـەبدولخالق زەنگەنە بدەن تا باسی ئەو مەسـەلەیە بکات. من ئەگـەر بـوارم بدەنێ تێـبـینیـیـەکی ترم هەیە کـە بیلێم، بەراستی لە بەرنامەی کاردا چوار برگە هاتووە، ئەوەی تێبینی دەکەم برگەی یەکەم بەرچاو خستنی بودجەی هەرێمی کوردسـتـانە بۆ سـاڵی ١٩٩٤، من بە باش دەزانم و هەر پێـویـسـتـیـشـە وەزیری دارایی ئامادەی ئەم دانیشتنە بێ، سوپاس

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس بۆ پێشنیـازەکەت، ئێـمەش تێبینییـەکـمان لەسەر پێشنیـازی سێـیەم هەیە، پێش ئەوەی مەسـەلەی دواخسـتنی خـاڵی یەکەم بێـتـەگۆڕێ، تێـبینیـیـەکم هەیە حـەز دەکەم کـە پێشـەکی ئەو پێشنیـازە دوا بخـەین. با بێـینەوە سـەر پێشنیـازی یەکـەم کـە هەردوو فـراکسیـۆن رێککەوتوون لەسـەری کـە ئەویش بابەتی جـەژنی نەورۆزە، کـە دەڵێ پشـوودان بکرێ بە سێ رۆژ. با ئەوە جارێ جێگیر بکەین تاکو بزانین ئەو پێشنیـازە پەسەند دەکرێ یا ناکرێ، کە جەژنی نەوروز بکرێ بە سێ رۆژ، بۆ ئەوەی جـێگیـری بکـەین لەبەرنامـەی ئەمـرۆمـانـدا. کێ لـەگـەڵ ئەوەیە؟..کێ لـەگـەڵ نییـە؟..بەزۆربەی دەنگ پەسـەندکرا کە لە بەرنامە دانرێ، تەنیا پرۆژەکەمـان خستـە بەرنامەکەوە پێشنیـازێکی تر هەیە بۆ ئەو شـەش ئەندامـەی کـە کـاک حـازم باسی کـردن و کـاک عـەبدولخـالق دەیەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسـە بکات. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم برگـەیە جێگیـر بکـەین؟..کێ لەگەڵ نییـە؟.. بەزۆربەی دەنگ ئەم خاڵەش جێگیر بوو لەبەرنامـەدا. بۆ خاڵی سێیەم پێشنیاز کراوە کە خـاڵی مـوناقـەشـەی بودجـەی ١٩٩٤ لە بەرنامـەی ئەمـرۆمـان دا دوا بخرێ ئەویش لەبەر نەهاتنی وەزیری دارایی. من پێش ئەوەی بیـخـەمە دەنگدانەوە، تێـبینیـیـەکم هەیە، ئێمە لەمێژە ئاگاداری

حکومەتمان کردۆتەوە لەسەر پێویستی پێشکەش کردنی بودجە، لەمێژەوە و پێش ئەوەی خولی یەکەم تەواو بێت لەگەڵ وەزیری دارایی بەتەلەفۆن قسەمان کردووە کە ئەبێ بودجەکە ئەبێ پێش کۆتایی ساڵی ۱۹۹۳ بگاتە پەرلەمان و بڕیاری لەسەر بدرێ. بەڵام وەکو هەمووتان ئاگادارن داوا خستنەکە گەیشتە ئەو رادەیەی کە لە کۆتایی مانگی یەکدا بودجەکە بگاتە پەرلەمان. ئێستاکەش نزیکەی کۆتایی مانگی سێیە، پێش جەژنیش بە نووسراوێکی رەسمی ئێمە ئاگاداری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانمان کردۆتەوە، هەروەها لە دەستەی سەرۆکایەتیەوە بە ئاگاداریی هەر دووفراکسیۆن گفتوگۆی ئەوەمان کردووە کەی گفتوگۆ کە بودجەکە بکرێ، بڕیاریش درا کە دوا بخرێتە تا دوای سەعات سێ بۆ ئەوەی برا وەزیرەکانیشمان بواری ئەوەیان هەبێ بەشداربن و کارنەکاتە سەر ئیش و کارەکانیانەوە، بەداخەوە دوێنێ بیستمان کە سەرۆک وەزیران و وەزیری دارایی رویشتوون بۆ سلێمانی بۆ بەشدرای کردن لە ڤیستیڤاڵی دانیشگای سلێمانی، نازانم وەزیری دارایی بۆ چووە؟! ئایا گفتوگۆی بودجەکە گرنگە یا ئامادەبوون لە ڤیستیڤاڵی دانیشگای سلێمانی؟ کە پەیوەندیی راستەوخۆی بەوەوە نییە، لەکاتێکدا ئاگادارن کە ئەمڕۆ سەعات سێ گفتوگۆی ئەم بودجەیە دەکرێ.

خاڵی دووەم: ئایا ئێمە مولزەم بین بێین بۆ ئێرە یا وەزیر مولزەمە بێت بۆ ئێرە؟!، ئێمە کە بێین بابەتێک گفتوگۆ بکەین، وەزیرەکانیش دەبێ مولزەم بن بێن بۆ ئیرە تا بەرگری لە پرۆژەی خۆیان بکەن، وئەگەر تێبینی وپۆچوونیان هەیە بەرامبەر ئەو بابەتە دەبێ لێرە دەریببڕن. جا دێمەوە سەر پێشنیازەکەی کاک حازم یوسفی، کەداوا دەکات خاڵی یەکەم دوابخرێ، مەبەستی ئەوەیە کە گفتوگۆی بودجەی ساڵی ١٩٩٤ی هەرێمی کوردستان دوا بخرێ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وەکو ئەندامانی پەلەمان رەخنەمان لەوە هەیە کە بودجە دوا کەوتووە و، بڕیاری لەسەر بدرێ، ئەوە مانگی سێش تەواو دەبێ، پێویست بوو پێش کۆتایی مانگی یەک بودجە تەواو بوایە، من دەڵێم ئێستا سێ رۆژو چوار رۆژی تر هیچ جیاوازی ناکا، دوا کەوتنەکە چ تەئسیری پێ ناگەیەنێ، لەبەر ئەوە پێشنیاز دەکەین دوا بخرێ بۆ دانیشتنی داهاتوو، وەزیر ئامادە بێ ئامادە نەبێ ئەو کاتە دەست بە گفتوگۆ دەکەین، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەگەڵ رێزم دا بۆ قسەکانی جەنابتان، ئەوە وەکو لەسەرەتاوە گوتم: **ئەوە دەبێت ئەنجوومەنی** وەزیران، وەزیرەکان ئەو تەقدیرە بکەن نەک ئێمە، **ئێمە بودجەکەمان بۆ هاتووە، پرۆژەکەمان بۆ** هاتووە، لیژنەی ئابووری گفتوگۆی کردووە، **راپۆرتی خۆی ئامادە کردووە، پەرلەمان گفتوگۆی** لەسەر ئەکات، چۆن دەبێ وەزیر ئامادە **نەبێ؟! دەبێ ئامادە بێ و بەرگریش** لە **پرۆژەی**

پێشکەشکراوی خۆی بکات، ئەوەی کە پەسەند دەکرێ ئەوەیە کە زۆربە لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر دەدەن بۆیە لەراستیدا ئەو بۆچوونە وای دەبینم راست نییە، ئەگەر ئێمە تەنها تەرەف بین، ئەگەر تەرەفی تر نەبێت گفتوگۆیش وەکو پێویست ناکرێ، وەزیری دارایی دەیتوانی سەفەرەکەی بۆ سلێمانی دوابخات، بەتایبەتی ئەو ئەیزانی بودجەکە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ، بۆ ئەندامانی پەرلەمان ناچار دەکا گفتوگۆ لەسەر کردنی دوا بخەن؟!.

ئەوە هەڵوێستێکی راست نییە وا بیر ئەکەنەوە، رێزم بۆ برایان هەیە هەرچی بێ عوزریان، بەڵام وای دەبینم جارێ لە چ حکومەتێک، دام ودەزگایەک هەتا لە شەریکە ئەهلییەکاندا بۆ ماوەی سێ مانگ چوار مانگ بەبێ بودجە ئیش بکات؟! ئایا ئەوە ئوصولە حکومەتێک چوار مانگە لە مانگی یەکەوە تاکو ئێستا ٣/٢٠ یانی چەند رۆژێکی تر مانگی سێش تەواو دەبێ، حکومەت بێ پەسەند کردنی بودجە ئیش بکات هەتا ئەگەر مەسەلەکەش شکلی بێت؟ بە بۆچوونی من ئەمە خۆی بابەتێکە کە دەبێ بە جیددی بیری لێ بکەینەوە و، دەبێ بەرامبەر ئەم مەسەلەیە هەڵوێستمان هەبێ، ئەمە ئەرکی راستەقینەی ئێمەیە لەم پەرلەمانە، ئەم خاڵە دەبێ جێگیر بکەین جا عوزرەکە هەر چیەک بێ!.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە شتەکە دەنگی لەسەر دراوە تەواو بووە. من دوو قسەم هەیە حەز دەکەم بیڵێم. بەراستی ئێمە رەخنە لەو کەسە دەگرین، لەو لایەنە دەگرین کە بۆتە هۆی دوا کەوتنی ئەم بودجەیە، جا ئەنجومەنی وەزیران بێ یا وەزارەتی دارایی یا ئێمە بین وەکو ئەندامانی یا دەستەی سەرۆکایەتی، بەڵام لە راستیدا مەسەلە ئەوە نییە بڵێین راستە وەزیر ناچارە دەبێ ئامادە بێت، لە راستیدا ئێمە ئەڵێین وەزیر ناچارە ئامادە بێ، بەڵام بەراستی وەکو کاک فرەنسۆ وتی تاکو بتوانین لە یەکتر بگەین، شتەکە باشتر بڕوا، دەمانەوێ وەزیری دارایی ئامادە بێ، لەبەر ئەوەبوو، دووەم بەراستی ئەگەر سێ مانگ دوا کەوتووە، ئەم بودجە ئێوارەی نەورۆز وابزانم ئەوەندە تەئسیرناکات بێین دانیشین باسی بودجە بکەین، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رێکەوت وایە ئەمڕۆ دانیشتنمان دەست پێ کردووە کە بەیانی نەورۆزە، دوو بەیانی دانیشتنی ترمان هەیە، زۆر ئاساییە ئەم شتانە، وای بۆ دەچم شتێکی گرنگیشە کە ئێمە ئێوارەی نەورۆز باسی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین. ئێستاش دێینەوە سەر خاڵی دووەم، ئەگەر لیژنەی یاسا کەرەم بکەن بۆ ئەوەی خاڵی دووەمان پێش چاو بخەن. یاسایەکی تریشمان هەیە کە ئەگەر کات هەبوو ئەویش باس دەکەین.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

قرار

استنادا الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢وبناءاً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس، قرر المجلس الوطني إصدار القانون الاتي:

القانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٤، قانون التعديل الاول للقانون رقم (١٦) لسنة ١٩٩٢. المادة الأولى: تضاف الفقرة التالية الى المادة الثانية من القانون ر(١٦)لسنة ١٩٩٢وتكون الفقرة الثامنة لها. ثانياً:اذا كان المال المصادر عرصة خالية تم مصادرتها بسبب عدم تسييجها وكان مالكها ملتحقاً بالحركة التحررية الكردية أو معتقلا بسببها خلال فترة نفاذ قرار مجلس قيادة الثورة المرقم ( ) الصادر في / / فتتم معالجة الاثار الناجمة من تنيفيذ القرار اعلاه كمايلي:

أ- اذا كانت العرصة لازالت خالية لحين صدور هذا القانون، فتعاد الي مالكها الاصلي وتسجل بأسمه ولكل مشترٍ حق الرجوع على سلفة بمبالغ مدفوعة له عن قيمتها.

ب - اذا كان المشتري الاول للعقار المصادر قد أقام منشآت عليها ومحتفظاً بملكيتها بموجب سجيلات التسجيل العقاري، فيخير المالك الاصلي للعرصة بين تملك المنشآت بقيمتها، أو تمليك الارض الى صاحب المنشآت بقيمتها وقت صدور هذا القرار في هذا القانون.

ج - اذا كانت العرصة قد اقيمت عليها منشآت وانتقلت ملكيتها من المشتري الاول بموجب سجلات التسجيل العقاري فيلزم المشتري الاخير بدفع قيمة العرصة وقت صدور هذا القانون الى مالكها الاصلي و لكل مشتري الرجوع على سلفة بما دفعه من فرق البدل.

د - تسري أحكام هذا القانون على جميع القضايا الخاصة بمصادرة العرصات بسبب عدم تسييجها والتي سبق وأن صدرت فيها قرارات من قبل اللجان المشكة وفق المادة التاسعة من القانون رقم (١٦) لسنة ١٩٩٢سواء اكتسبت الدرجة القطعية أو لم تكتسب.

المادة الثانية: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تأريخ نشرة في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر مادده یەک هەیە؟

ئەوەی تێبینی لەسەر مادەی (١) هەیە با بفەرمووێت؟ کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە لیژنەی یاساییش دا هەندێ تێبینیم هەبوو لەسەر بڕگە دووی ئەم ماددەیە. یاسایەکە بەشکلێک تەعامول لەگەڵ ئەو پێشمەرگەیە دەکات کە مالی موصادەرە کراوە، کەچی هەموارکردنەکە بە شێوەیەکی تر تعاملی لەگەڵ دا دەکات. لێرە دەڵێ (اذا كان المشتري الاول قد أنشأ المنشآت)، ئێمە لە یاسای پێشتردا دەڵێین (تملك المنشآت وقت التشييد)، بينما لێرەدا هاتووە ودەڵێ بە قیمەتی ئێستا، ئەو جیاوازی یەکەم سەبارەت بە عەردیش تەبیعی بە هەمان مەبەست هاتووە، چونکە لێرەدا تناقض هەیە لەنێوان یاسای ئەسلی و بەینی ئەو هەموار کردنە.

من لە لیژنەی یاسایی دا رام ئەوە بوو کە هەموارکردنەکەش بەگوێرەی یاسا ئەسلییەکە بێت ئەگەر هاتو بابەتی(تشييد) لە ئارادابوو، لەگەڵ رێزم دا.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە یاساکە لای من نییە، نابینم، بەڵام ئەو تێبینییەی کاک شێروان وتی هەر هەمان تێبینی بوو (وقت صدور هذا القانون) من لە جێی خۆیدا نابینم و هەموار بکرێ (وقت التشييد) بێت. چونکە ئەوەی هاتووە مخالفی قانوونی شۆڕشە، دووجار هاتینە نەشر کردن لە(٨٤) و لە(٨٧) هەمی حزبەکانی بەرەی کوردستانی نەشر کردیە، گوتی ئەگەر بێتو ممتلکاتی تێکۆشەرێک بکرێت موعەڕەزە بۆ سزا، دوو جۆرە مخالەفەی قانونا شۆڕشی کری: یەک مخالەفەی قانوونی وەکو دووجار اعلان کری یا خالی دووی تەئیيدا بەعسا کری، ئەزڤێ قانونا باش نابینم، هەرچەندە مەفرووزە دابەش کرابا، چونکە یاسای پێشمەرگە گەلی گۆڕانکاری تێدا هەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم دیسان لەسەر بڕگەی دووەمە. من پشتگیری ئەوە دەکەم، چونکە بە پێی ئەو بڕیارە ئێستا بەو صیغەی کە ئێستا هاتووە، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی کە وەختی خۆی ئەو ئەرزانەیان کڕیوە، لەبەر ئەوە نەیانکڕیوە، زانیارییان نەبووە کە ئەو کەسانە پەیوەندیان بە شۆڕش بۆیە هەڵسابن ئەوەیان کڕی بێ، زانیارییان نەبووە، لەسەر ئەو بنەمایە کڕیوبانە کە ئەرزەکە مصادەرە کراوە، چونکە دیواری نەبووە، ئێمە ئاگامان لە بڕیارەکە هەیە، بڕیاریان دەرهێنا، وگوتیان ئەو ئەرزانەی دیواریان نییە لەماوەی ئەو فەترەیە دیواریان بۆ نەکرێ، (ماوەی ساڵێک، ساڵ و نیوێک بوو) مصادەرە دەکرێن و فعلا مصادرە کران و بەو جۆرە فرۆشران. زۆر کەس هەنە لەوانەیە کڕی بێتیان، لەسەر ئەو بنەمایەی دیوار نەکراوە. نەک بەو ناوەی کە پەیوەندی کردووە. لێرە دا کابرا حەقیقەتی کە قەرەبووی بدرێتێ، ئەوەی بە جۆرێک بۆ بگێڕێتەوە، یا بە شێوەیەکی دی، چونکە ئەو ملتحق بووە، بۆیە نەیتوانیوە دیوارەکەی بکات، دوو وەزعی جودایە، وەزعێک هی کڕینی ئەو

کابرایەی کە کرێوبەتی نیەتی پاک، وەزعی دووەم ئەوەیە ئەو عەردەی خاوەنەکەی کە پەیوەندی بە شۆڕش کردووە فعلا حەقی خۆیەتی ئەمڕۆ بۆی ئیعادە بکرێتەوە، بەڵام بەو شێوەیە کە لەو بڕیارە دا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تـۆمـــــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

ئەم خاڵە تەنیا شموولی پێشمەرگە دەکات، ئەوانی لەدەرەوە بوون، ئەوانەی لەگەڵ لایەنەکانی ناو بەرەی کوردستانی یاخود ئۆپۆزسیۆنی عێراق بوون، تەنیا ئەوان دەگرێتەوە ئەو خەڵکەی کە کرێوبەتی، نەک ئەوەی کە کاک بەختیار گوتی کە زۆر چاک دەزانی هێ کێ یە کرێوبەتی، زۆر چاک دەیزانی هی پێشمەرگەیە، چونکە لێرە نەبووە، بۆیە نەیتوانیوە دیوارێک لە دەوروبەری خانووی خۆی یا عەرەصەکەی خۆی دا بکات و زۆر ئاشکرایە. من لەگەڵ شێروان حەیدەریم، من پێم وایە غەدر لە پێشمەرگە دەکرێ، غەدر لە کەس و کاری پێشمەرگە دەکرێ، غەدر لەخاوەنەکانی ئەو موڵکانە دەکرێ. بۆچی بانێک و دوو هەوا بێت؟ بۆ پێشتر بڕیارێک دراوە بدرێت بە نرخی ئەو وەختەی کە دروستی کردووە، ئێستا کە بۆ پێشمەرگەیە، بۆ ئەو کەسانەی کە قوربانییان داوە مراعاتی خەڵکەکەی تر بکا؟ ئەوەی کرێوبەتی قازانجی کردووە، ئەوە« ١٠ »ساڵە وزیاتریشە لەناو خانوەکە دابووە، یان لەناو دوکانەدا بووە، یان لەناو بینایەکەدا بووە، زۆر سوودی وەرگرتووە، لەبەر ئەوە من زۆر پشتگیریی کاک شێروان حەیدەری دەکەم ئەگەر دەنگیش درا من لەگەڵیان دەنگ ئەدەم، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن:**

بۆ کاک د.قاسم، ئەوە جاری یەکەم نییە ئەندامانی پەلەمان باسی بابەتێک ئەکەن کە ئاگای تەواویان لەسەر نیەو گلەیی لە دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکەن. ئەوە لە (١/١٩) بڵاوکراوەتەوە، لە (١/١٩) دراوە بە فراکسیۆنەکان و بڵاو کراوەتەوە کە ڕەچاو نەکرێ، خەتای دەستەی سەرۆکایەتی چییە؟ یاخود خەتای کاروباری ئەنجوومەن دەگرن کە ئەوە لە (١/١٩)ە وە چاپ کراوە تەواو بوو لە لیژنەی یاسایی و دراوە بە هەردوو فراکسیۆن. برادەرانی ئاشووریش وەریان گرتووە، لەمەودوا بۆ ئەم بابەتانە حەقە بپرسن و بزانن یاساکە گەیشتووە یا نە گەیشتووە؟ ئەوجا ڕەخنە بگرن.

**بەڕێز شـــــــالاو عـــــــەلی عـــــــەبدوڵـلا:**

**بەڕێز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

بەراستی قسەکانی من، کاک فرەنسۆ هەمووی کردن، تەنیا خستنە سەرێکم هەیە بۆ ڕایەکەی ئەو. ئەو خەڵکانە بە چ پارەیەک ئەو موڵکانەیان کرێوەتەوە، تەنیا لەخاوەنە کۆنەکانی ئەوەبێ ئەو پارەیان بدەنەوە بۆ ئەوەی بڕۆنە دەرێ، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانەش بەو شێوەیە مەغدوور نەبن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو قسانەی کاک فرەنسۆ دام، بەڵام یەک شت هەیە ئەگەر ئەو کابرایە بۆ نموونە ماڵی لێرە بێت و چ لە کەرکوک یا لە سلێمانی عەردی کڕی بێ و ئاگای لێ نەبێ. بێ ئەوە رەنگە گرفتی تێدابێت. بەڵام زۆربەی خەڵک لە«٢٠٠٪» زانیویان ئەوە هی پێشمەرگەیەو، لە دەرەوەن بۆیە چووە کرێیەتی، ئەمە هەرزانتریش بووە. ئێستا خانوو هەیە لەولای ماڵی ئێمە چوار پێنج دەستی کردووە، ئەوەی کابرای دەرکردو خاوەنە کەی چووەتە ناوی ئێستا وا مشت و مڕی ئەوەیانە کە چۆن صیغەیەک بدۆزنەوە پارەکەی بەدەست کەوێتەوە؟ ئەو کابرایە رای کردووە بۆ بەغدا، یەکیان رای کردووە نازانم بۆ موسڵ، یانی ئەوە کێشەیەکی گەورەیە. حەقە ئەوکەسەی کە کرێیەتی ئەگەر هی شارەکەیە لە«١٠٠٪» حەقی وایە کە چۆن کرێیەتی ئاوا مصادەرە بکرێتەوە و بدرێتەوە بە خاوەنە ئەسلییەکەی کە پێشمەرگەکەیە، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستی دا من لایەنی یاسایی ئەم بابەتە بەجێ دێڵم بۆ برادەرانی لیژنەی یاسا کە لەوێ دانیشتوون. ئەو اشکالەی کە دروست بووە، ئەوەی کە کاک د.رزگار گوتی لەبارەی ئەو بابەتەوە، وابزانم ئەو موشکیلە لەوەیە، چونکە بەرنامەی کار پەخش نەکراوە بەسەر برادەران دا، بەڵام لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆرە پشووی پەرلەمان بووە، بەرنامەی کار دابەش نەکراوە، لەبەر ئەوە ئەو برادەرە نەی زانیوە ئەمڕۆ چ بابەت هەیە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە یاساییەکە لەگەڵ خۆیدا بێنێ، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستیدا خاڵێک هەیە، دەمەوێ روونی بکەمەوە بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و برا یاساییەکان بە شێوەیەکی تایبەتی. ئێمە لە یاسادا دوو مەبدەئمان هەیە (مبدأ حسن النية) و (مبدأ سوء النية) واتە: نیاز پاکی و نیاز پیسی. نیاز پیسی سەبارەت بە یاساکە وەک مەبدەئێکی گشتی وەرمان گرتووە، ئێمە بەگوێرەی هەموار بەنیاز پاکیمان وەرگرتووە، واتە بە مەبدەئی حوسن نیەمان وەرگرتووە. باشە بۆ لە یاساکەدا لەکرێاری یەکەمەوە تاکو کرێاری دوایی حسابمان کردووە بە نیاز پیس، بۆ لە هەموارکە حیسابی بکەین بەنیاز پاک؟ لێرەدا تناقضی یاسایی پەیدا دەبێ و برا یاساییەکان لەوانەیە هەموو ئەوەی بزانن، ئەوەش هەموارکە لەگەڵ یاسا ئەسلییەکەدا ناگونجێ، بۆیە لەگەڵ ئەو رایە دام کاتی دروست کردنەکە بە نەزەری ئیعتبار وەربگیرێ زۆر سەرکەوتووترە، لەگەڵ رێزم دا.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان ئێمە وەکو ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان کە یاسا دا دەنێین، عاتیفە و سۆز رەچاو

ناکەین، بەڵکو بەدوای واقع و یاسادا دەگەڕێین. ئێمە کە یاسا دادەنێین بۆ هەموو ئەو کەسانەیە کە هی میللەتەکەمانن، چ پێشمەرگەبن لەدەرێ، چ پێشمەرگە بن لەژوورێ، چ پێشمەرگەبن بەوەی کە خۆیان راگرتووە یان بەهەر جۆرێک بن، هەموو خەڵکی ئێمەن ئەو میللەتە، مانای نییە ئێمە یاسایەک دانێین وەڵڵا پێشمەرگە خاوەن هەقە یا فلان خاوەن هەق نییە، پێشمەرگە سەر سەرمان خاوەن هەقە، بەڵام یاسا هەموو کەسێک بەرامبەری یەکسانە. لێرە نیاز پاک و نیاز پیس هاتۆتە گۆڕێ، حەز دەکەم ئەوە تۆزێ روون کەینەوە لەپێش ئەوەی کە یاساکە دانراوە فعلا هەر کەسێکی خانوویەکی دەست بەسەر داگیراوی پێشمەرگە بکرێتەوە، نیازی پیسە، هەر چۆنی بێ، بە«١٠»پشتان بیگرێتەوە هەر نیازی پیسە. ئەو خانووە لە ئەسل دا کە فرۆشراوە گوتیان مصادەرە کراوەوماڵی پێشمەرگەیە، بەڵام ئەوە خانووی پێشمەرگە نییە کە ئیعلان کراوە، ئەوە عەردەکەیە کە کە دیوار نەکراوە وحکومەتی عێراق دەڵێ هەر عەردێک دیوار نەکرا مصادەرە دەکرێ و دەبێتە ماڵی حکومەت و دەفرۆشرێ، لەوەوە نیاز پیسەکە لادەکەوێ. بۆیە ئێمە جیاوازی ئەو خەڵکانەمان کردووە. چاکترین ئیحتیمال، پێشمەرگەیەک دێتەوە ئێرە چی هەیە؟ عەردەکەی هەیە. ئێمەش عەردەکەی دەدەینەوە، غەدرمان لێ نەکردووە، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم دا.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینییەکەم ئەوەیە، کە لێرەدا نووسراوە ئەگەر عەردەکە بەتاڵ بێت تا ئێستا هەر خاڵی بێت ئەوە هەر کەسە پارەی خۆی وەردەگرێتەوە، مشتەری بە مشتەری، بەڵام دوایین کەسیان پارە لەکوێ وەرگرێتەوە؟ ئەوەی لە حکومەتی کڕیوە بڵێ عەرەصەکە بە تاڵ بووە، ئەمە حکومەت لەکارێ کردووە، کابرایەک کڕیویەتی ئەو کابرایە پارەکەی دەسووتێ یا لە حکومەتی وەردەگرێتەوە، حکومەتی خۆمان؟ یانی روون کردنەوەیەک لەم بارەیەوە بدرێ، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم دا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی دەمەوێ بۆ برادەرانی روون بکەمەوە، ئەو بابەتەی مصادەرەی ئەرز بە هۆی هیچ بریارێک، واتە بریارێکی سیاسی نییە. یانی ئەو بریارە لەلایەنی شارەوانییەوە دەرچووە، پەیوەندارە بە پاک کردنەوەی شار، ئەو ئەرزە بەتاڵانە هەموویان دەبوونە جێگای پیسایی و ئەو جۆرە شتانە، لەبەر ئەوە، ئەو بریارە لەشارەوانی دەرچوو کە هەر عەردێک بەتاڵ بێ ئەگەر دیوار نەکرێ مصادەرەی بکات، بۆ ئەوەی نەبێتە جێگای پیسی و پۆخڵی.

دووەم: تەنیا بەناوی پێشمەرگە ئەوە مصادەرە نەکراوە، ئەو عەردانە مصادەرە کراون جا هی هەر کەسێک بووبن، بۆ نموونە من یەکێک بووم لەو کەسانەی ئاگام لێ نەبووە عەردێکم دیوار نەکرابوو منیش عەردەکەم رۆیشت، تەبیعی لەدەرەوەش نەبووم و لێرەش بووم، عەردەکە رۆیشت. دووەم: لەبنچینەوە لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بریارێکی دەرکرد، بریارەکەش هەڵوەشاوە. لە

شارەوانی بڕیارێکی ی لایەق دەرچوو و گوتی: ئەو بڕیارەی لامان بوو، هەڵوەشاوە، ئەوکەسانەی کە عەردەکانیان فرۆشرابوو چوون پارەکانیان وەرگرتەوە، ئەو کەسانەی کە عەردەکانیان تا ئێستا نەفرۆشرابوو، بەئاسایی گەڕانەوە سەر عەردەکانی خۆیان وعەردەکانی خۆیان وەکو خۆیان مانەوە. دووەم ئەو عەردانە بەناو ئیعلان نەکراون، برادەران بۆچوونیان وایە کە کابرایەک پێشمەرگەیە گوتبێتیان عەردی فلانی کوڕی فلانی مصادەرە کراوە، دەمانەوی بفرۆشین. دەڵێ قطعەی مرقمەی ئەوەندە لەبەر ئەوەی دیوار نەکراوە و نەزانراوە خاوەنەکەی کێیە، لەبنچینەوە بەناوی نەکراوە لەلایەنی شارەوانییەوە ئیعلان کراوە، جیاواز بووە لە لایەنی ئیداری، لە ئەنجومەنی ئیداری لواء. گەر بزانرێ عەردی پێشمەرگەیە لەوانەیە خەڵک نزیکی نەبێت. لەسەر ئەو ئەساسە بڕیاردرا ئەوەی خانووەکان بکرێ ئیعتبار دەکرێ بە (سيء النية)، ئەوجا ئەوەی عەرصەی کڕیوە لەسەر ئەساسی ژمارە مەرج نییە کابرا پێشمەرگەبێ، لەوانەی ئەهالی بێ. خەڵکێکی ناو شارە، ئاگادار نەبووە عەردەکەی دیوار نەکراوە لەوانەیە هەر ئاگاشی لێ نەبووە کە ئێستا بۆیان گەڕاوەتەوە، لەبەر ئەوەی توانا نییە ئێمە وای بۆچین هەموو کەسێک (سيء النيـة)یە. دووەم: ئەوەی کاک شێروان فەرمووی کە (على أساس تناقض) لە یاسادا هەیە، هەرگیز، یاسا تناقضی تێدا نییە. چونکە تۆ دوو حاڵەتت لە پێشە، یەک ئیعتبارت کردووە کابرایەک (سيء النية) یەو معامەلەیەکی تایبەتیت لەگەڵ دا کردووە و سزات داوە. بۆچوونی نێوان ئیحتیمالاتە، ئیحتیماله (سيءالنية) بێت و لەوانەشە (سيءالنية) نەبێ کە ئەو خانووانەی کڕیوە. زۆر کەس خەڵکی ئێرە، ناو شاری ئێرە عەردەکانیان فرۆشراوە، خەڵک لێی کڕیبون و گەڕاونەتەوە ئێستا پارەکانیان دەوێتەوە و ئێمەش پارەکانی خۆمان لە شاوەوانی وەرگرتەوە، لەگەڵ ڕێزم دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوا هەردوولا تێبینییان لەسەر ئەم بابەتە دەربڕی، ماوەتەوە بیخەینە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی بڕیارێکی لەسەر بدەین. پێشنیارێک هەیە لەسەر بڕگە(ب) کە هەموار بکرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بڕگە (ب) هەموار بکرێ وەکو باس کرا؟..کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی ئەمێنێتەوە. ئینجا ماددەی (١)، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ ماددەی(١) وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە شتێکی ئاساییە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟..

بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە. ئێستاش ئەم بڕیارە کێ لەگەڵ ئەوەیە بەگشتی وەکو خۆی بمێنێتەوە، کێ لەگەڵ نییە؟.. کەواتە بەزۆربەی دەنگ ئەم بڕیارە لەلایەن ئەنجومەنی

نیشتمانییەوە بڕیاری لەسەردرا.
ئێستاش دێینە سەر بڕگەی سێ، کە دەڵێ«٢٥٠»پلە لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە لەنوێ دابنرێ بە ناونیشانی مامۆستا لە قوتابخانەکانی سەرەتایی گوندەکانی قەزای ئاکرێ، ئەگەر لیژنەی یاسا کەرەم کەن، ئەو پرۆژەیەشمان بۆ بخوێننەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

بسم الله الرحمن الرحيم
باسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق.

قرار

استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢وبناءاً على ما اقترحه العدد القانوني من أعضاء المجلس، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / /١٩٩٤اصدار القرار الاتي:
اولاً: تستحدث مائتان وخمسون درجة على ملاك (وزارة التربية/التعليم الابتدائي) بعنوان (معلم ) تخصص للمدارس الابتدائية في قضاء عقرة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە (١) کێ تێبینی لەسەر هەیە؟ دیارە کاک حازم. کاک جەمیل تێبینییان هەیە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم بڕیارە گفتوگۆی لەسەر کراوە لە لیژنەی یاسایی و هەموومان پشتگیریمان کردووە لەسەر ئەو ئەساسەی بە بەرژەوەندمان زانیوە، بەڵام بەپێی زانیاری من دوای ئەوەی کە ئێمە گفتوگۆمان کرد لە لیژنەی یاسایی هۆیەکانمان زانی کە دەگوترا میلاک نییە و کەسیش دانەمەزرێ بۆ ئاکرێ، بۆ چارەی مەسەلەکە برادەرانی لیژنەی پەروەردە پشتگیریان کرد کە ئەم بڕیارە عەرز بکرێ بۆ پەرلەمان و بەپێی زانیاری من لە دوای ئەوە و لەکاتی پشووی پەرلەمان دا، لەوەزارەتی پەروەردە وابزانم میلاکیان هەبووە و«١٣٥» کەسیان دامەزراندووە و ئەو دەرەجاتەی تریشیان ئیعلان کردووەو هەتا ئێستاکەش کەس نییە کە بچی دابمەزرێ، کەواتە پێویستە تا ئەم بڕیارە دەرکەین. بەڵام لەسەر ئەوەش من پرسیارەکەم ئەوەیە، برادەرانی لیژنەی پەروەردە بزانم راتان چییە؟ ئەو زانیارییان تەواون؟ چونکە من لە پەروەردەی دهۆکەوە ئەم هەواڵەم بیستووە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر مەبەستی مشرع لەم بڕیارە دامەزراوان «٢٥٠ »مامۆستابێت، ئەوە زۆر چاکە «٢٥٠» دادەمەزرێن، بەڵام گەر مەبەستی ئەوەبێ وەکو قوتابخانەکانی دێهاتەکانی ئاکرێ مامۆستای لێ

بێ و وانە بڵێینەوە، نەبۆ ئەم شەشە مانگە، بۆ ساڵانی داهاتووش، پێویستە جێگیر ببێ،وشەی ریفی دابنرێ و بگوترێ(تعیین ٢٥٠ معلم ریفي) نەک معلم بە تەنیا. چونکە مامۆستا بۆ ساڵی داهاتوو بە واسیتە نەقل دەبن و دێیەکانی ئاکرێ وەکو خۆی بەبێ مامۆستا دەمێننەوە. ئەو وەختە کەسیش پرسیاری لێ ناکات، چونکە ئەوانەی نیازی دامەزراندنیان هەیە دەبێ بەوە زاری بن کە لە قوتابخانەی دێیەکان بمێننەوە بۆیە پێشنیاز دەکەم وشەی (ریفی) لەگەڵ وشەی مامۆستا بێت، سوپاس.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کێشەی خوێندن لە ئاکرێ هی ئەمڕۆ نییە، لەپارەوە ئێمە خەریکین کە کێشەی خوێندن لە ئاکرێ چارەسەر بکرێ. پاش ئەوەی ئاکرێ سەر بە موسڵ بوو، مامۆستایانی خەڵکی ئەولا بوون کشانەوە، مامۆستایانی لە ئاکرێ کەم بوونەوە، بەتایبەتی لە گوندەکان. داوامان کرد کە ئەو«٥٢» مەکتەبەی داخراون لە ئاکرێ چارەیەکی بۆ بکرێ، مامۆستای بۆ دابین بکرێ. بەراستی وەزارەتی پەروەردە هەوڵی دا مامۆستایانی دهۆک یا هەولێر یا سلێمانی بچن وانە بڵێنەوە، بەڵام کەس ئەو ئامادەییەی خۆی پیشان نەدا لەبەر کەمی مووچەو قاتوقڕی. پێشنیارمان کرد کە خەڵکی ئەوێ دەرچووی ئامادەیی بن، دەرچووی پەیمانگای هونەریی بن، دەرچووی پەیمانگای ئیسلامی بن دەورەیەکیان بۆ بکرێتەوە. بە (معلم ریفی) یا تەنها بە (مرشد) دابمەزرێن لەوێ، ئەوە کێشەمان بوو لەگەڵ وەزیری پەروەردەدا کە رازی نەبوو بەناونیشانی مامۆستا دابمەزرێن. کەسیش بەوە رازی نەبوو کە بێ ناونیشانی مامۆستا بچێ لەوێ وانە بڵێتەوە و حەقی خۆشیان بوو، چونکە پاش ئەوەی دەرچووی ئامادەیی یا دەرچووی پەیمانگای هونەری دوو ساڵیان دەوام کردووە، حەقی ئەوەیان هەیە بە دەورەیەکی چوار مانگی پێنج مانگی لە پەروەردە و بنچینەکانی وانەگوتنەوە و تەتبیق شارەزابن و ببن بە مامۆستا، ئەوە کێشەکەیەو ئەو«٢٥٠» پلەیەمان داواکردووە بۆ خەڵکی ئەوێ یە، سوپاس.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیریی قسەکەی کاک عوسمان دەکەم، حەز دەکەم بۆ برادەران روون بکەمەوە کە«٢٥٠» پلەمان هی پارەکە هەیە، کە کابینەی یەکەمی ئەنجوومەنی وەزیران لەنوێ دایان ناوە هەتا ئێستا(٥٠) پلەیان ئیشغال کردووە و(٢٠٠) پلەی ماوە و ئەم مامۆستایانە هەر لە ئاکرێ دەمێنن، چونکە برگەی (٦) ئەگەر مامۆستا جەمیل ببینێ، لە گوندەکانی ئاکرێ دەمێنێ ماوەی «٣»ساڵ ئینجا لەبەر ئەوە خەڵکەکە لە سلێمانی یا هەولێر یا دهۆک نایەتە ئاکرێ، بەراستی بە پێویستمان زانی کە ئەو پرۆژەیە پێشکەش بکەین کە پیشەسازی و بازرگانی و شەشی ئیسلامی و شەشی ئامادەیی زانستی و ئەدەبی بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵڵا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قسانەی کە مامۆستا عوسمان و کاک ڕەجەب کردیان، منیش هەر ئەوەم هەبوو بۆ هەمان مەبەست بوو، تەنها بەدەورە ئەوان دەبن بە مامۆستا بۆ ئەو دێهاتانەی ئاکرێ کە ئێستا خوێندنیان تێدا وەستاوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموون ئەگەر شتێکتان هەیە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئامانج لە تەحدید کردنی ئەو «٢٥٠» پلەیە، ئەوە نییە کە پێویست بێ بە بڕیارێکی پەرلەمان پلە لەنوێ دادەنرێ، بەڵکو لەتوانادا هەبوو لەنێوان وەزارەتی دارایی وەزارەتی پەروەدەوە، پلەکان دابنرێن، بەس پلەکان هەنە. کە بە بڕیار دەرچوو گوتمان بۆ گوندو دێهاتی ئاکرێ تەرخان بکرێن مەبەستمان ئەوەبوو کە وەزارەتی پەروەردە نەتوانێ یاری بەو پلەنەوە بکات، بۆ ئەم لاو ئەولا بچێ، چونکە ئەگەر لەسەر میزاجی وەزارەتی پەروەردە بوایە لەوانەیە بوو بۆ لایەکی تر دەڕۆیشت، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ بڕگە (١) کە باس کرا، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرزکرایەوە، بە تێکڕای دەنگ پەسەندکرا. هەندێ ئیمتیازاتیش داوا کراوە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە کە تەرخان بکرێت بۆ ئەوانەی کە دەچنە ناوچەی ئاکرێ، ئەوەش وەکو گوتم، جگە لە«١٠» ئەندامی پەرلەمان، وەزارەتی پەروەردەش وەختی خۆی ئەم پرۆژەیەی ناردووە، بۆیە ئەگەر لەنوێ دایان ناوە ئەوە زۆر باشەو، ئەگەر نەش کراوە ئەوە (٢٥٠) پلەیان بۆ تەرخان کراوە و، ئەوان خۆیان ئازادن پاشان بەپێی ئەم بڕیارە چۆن تەسەرف دەکەن.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆ ئەمن لەگەڵ بڕیارەکەدا بووم، برادەران دەزانن کە لە لیژنەی یاسایی دا باسمان کردووە، هەموومان لەگەڵ ئەو بووین بۆ ئەو مەسەلەیەی کە کاکەڕەش ئاماژەی بۆ کرد هەتا وەزارەتی پەروەردە یاری بەم پلانە نەکات، چونکە بەراستی مەسەلەی گوندەکانی ئاکرێ کێشە بوو، کەس نەدەچووە ئەوێ و کەس ئامادەش نەبوو، بەڵام ئەوەی کە من پرسیارەکەم لەبارەیەوە کرد، دیارە ئەو کێشەیە بەرەو چارەسەرکردن دەچێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەکەسمان نەگوتووە تەعیین بکەن، ئەگەر وەزارەتی پەروەردەو، حکومەتیش شتێکی وایان کردووە، ئەبوایە پێشتر داوایان بکردایە ورەزامەندییان لەسەر وەربگرتایە. پرۆژەیەک لە لایەن

حکومەتەوە هاتووە (١٠) ئەندامی پەرلەمان کاتی خۆی پشتگیریان کردووە، ئەگەر شتێکی وایان کردووە، ئەبوایە چاوەڕێی گفتوگۆ کردن وبریار لەسەردانی بکەن.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

یعیين لاشغال الدرجات المستحدثة الوارد ذكرها في الفقرة(١) اعلاه خريجو المعاهد الفنية والاعداديات الأكاديمية بفرعيها العلمي والادبي واعداديات التجارة والصناعة والزراعة وثانويات الدراسات الاسلامية من سكنة قضاء عقرة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە یەکێکە لەو ئیمتیازاتانەی کە دراون، چ تێبینی یەک لەسەر بڕگە(٢) هەیە؟ نییە؟..کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە، کێ لەگەڵ نییە؟ دەست بەرزکرایەوە بە زۆربەی دەنگ بڕگە (٢) جێگیر کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

ثالثا: يتم تأهيل الخريجين المعينين للتعليم الابتدائي بفتح دورة تربوية خاصة تحدد مدتها وتأريخها ومناهجها بتعليمات تصدرها وزارة التربية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگە (٣)، چ تێبینییەکی لەسەرە؟ نییە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە، کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەندکرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

رابعاً: يتقاضى المشمولون بهذا القرار الراتب المقرر للخريج حسب موءهلاتهم العلمية أي (التحصيل العلمي).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبنییەک لەسەر بڕگەی (٤) هەیە؟ نییە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرزکرایەوە. بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

خامساً: يمنح المشمولون بهذا القرار المخصصات المستحقة للمعلمين العاملين في المناطق النائية إضافة الى اية مخصصات أخرى، مستحقة للمعلمين العاملين خارج مراكز المحافظات والاقضية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبنی لەسەر بڕگە (٥) هەیە؟

**بەڕێز شالاو عەلی عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە، ئایا ئەم بڕگەیەی دوایی شوێنەکانی تریش دەگرێتەوە، مامۆستا کە لە لادێکان دا وانە دەڵێنەوە. هەمان موئەهەلاتیان هەیە، ئەگەر نیانە بەرای من زیادیش کرێ،

چونكه له باری ئاوەدان كردنەوەی ئێستای كوردستان دا دەیان و هەزاران دێمان هەیە كه مەكتەبی لێ كراوەتەوە و هەموو ئێستاش دەچنه ئەوێ، بەس بەتايبەتی ئەم مەسەلەیه بۆ دێیەكانی ئاكرێ بێت. من نامەوێ له حەق و سەنگی ناوچەی ئاكرێ كەم كەمەوە، لەوانەیە خەڵكێكی زۆر هەنە دەڵێ ناوچەی گەرمیان هەر بە تەواوەتی كاول بووە، كەچی ئاكرێ دێیەكانی وەكو خۆیان ماونەتەوە. بەرای من حسابێك بكرێت، ئەگەر كرا بۆ مامۆستاكانی ئەوێش بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو خاڵەی كه كاك شالاو پێشنیازی كرد و ئاماژەی بۆ كرد، ئەوە هی ئەمڕۆ نییەو، دەرماڵەی (نائیة و قریبة) و ئەوانە هەنە. ئەوانە كاتی خۆیان ئیدارەی مەحەلی ئەو وەزعەی دەست نیشان كردووە، چەند كیلۆمەتر دوورە و چەن نزیكە له پارێزگاوە؟ ئەو ئیشە دەكرا، كە ئەوەمان دووبارە كردەوە لەبەر ئەوەی دوورە ناتوانێ بچێ و بێتەوە و مەسرەفەكەی له بۆ دەر ناهێنێ بۆ هەموو مامۆستایانی كوردستان هەیە نەك هەر بۆ مامۆستایانی ئاكرێ. دوورمان هەیە له« ٦٠ ٪ » ی مووچەی دەدرێتێ و دووری واشمان هەیە له« ٤٠ ٪ »ی مووچەی و نزیكیش له« ٢٠ ٪ »ی مووچەی زیادە وەردەگرێ، سوپاس

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك عوسمان گوتی كه شمولی هەموو كەسان بكات ئەو دەرمالانە (مخصصات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دێینەوە سەر ئەسڵی بابەتی برگە (٥)، كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرزكرایەوە. كێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرزكرایەوە.. بەتێكڕای دەنگ پەسەندكرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٦ـ لایجوز نقل المشمولین بهذا القرار الی خارج مدارس ریف قضاء عقرة إلا بعد مرور مدة ثلاث سنوات علی تأریخ تعیینهم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر تێبینی لەسەر خاڵی (٦) هەیە؟.. كاك جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو برگەیەی دبێژت (٣) ساڵ (علی تأریخ تعیینهم). ئەگەر ئەمری دامەزراندنی دەربكرێت و بچێ یان نەچێت یان دوای(٣)ساڵ هەر ئیجازە وەربگرێت؟ خزمەتی ئەوان سێ ساڵە لەگوند، پاش ئەوە حەقی هەیە بگوێزیتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی کاک جەمیل لەلایەن لیژنەی یاساوە پەسەندکرا، پاشان و شەیەکی بخرێتە سەر و بنووسرێ (من تأريخ خدمته الفعلية)واتا دای بڕێژنەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەو شێوەیەی لێ دێت (لايجوز نقل المشمولين بهذا القرار الى خارج مدارس ريف قضاء عقرة الا بعد مرور ثلاث سنوات على خدمتهم الفعلية فيها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبێ سێ ساڵ خزمەتی فیعلی هەبێت پاشان لە داڕشتنەوەدا ئەو هەموارەمان بۆ بخەنە سەری. گرنگ ئەوەیە بگوترێ کە پاش (٣)ساڵ لە خزمەتی فیعلی. کێ لەگەڵ ئەوەیە مادده (٦) بەو هەموار کردنەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە، کێ لەگەڵ نییە؟..دەست بەرزکرایەوە. واتە مادده (٦) پاش ئەو هەموار کردنە وەکو خۆی ئەمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

سابعاً: على الوزراء المختصين تنفيذ هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادده(٧)وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە،کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

ثامناً: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٨) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە، کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرزکرایەوە، بە تێکڕای دەنگ پەسەندکرا. ئەم بڕیارە پاش ئەوەی کە گفتوگۆی لەسەر کراو پەسەند کرا بە هەموار کردنەوە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بەگشتی بەم شێوەیە پەسەند بکرێت؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ ئەم بڕیارە پەسەندکرا.

ئێستاش برووسکەیەکی پیرۆز باییمان بۆ هات لەلایەن بەڕێز کاک مەسعود بارزانییەوە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**سڵاوێکی گەرم، بە بۆنەی داهاتنەوەی جەژنی نەورۆزی پیرۆزەوە جەژنی نەتەوایەتی و لە مێژینەمان، بەگەرمی پیرۆزبایی خۆم بە بەڕێزتان و تەواوی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و سەقامگیر بوونی یاساو سەرکەوتنی ئەزمونی دیموکراسیمان بێت، لەگەڵ ڕێزمان دا.**

**براتان مەسعود بارزانی**

**١٩٩٤/٣/٢٠**

ئێمەش بەناوی خۆمان و ئێوەی بەڕێزەوە زۆر سوپاسی هەڤاڵی هێژا، سەرۆک مەسعود بارزانی دەکەین بۆ ئەم پیرۆزباییە گەرمەی.
برگە(٤)ی بەرنامەی کاریشیان لایە کە ئێستا دەچینە سەری، کە ئەویش بەرچاو خستنی پرۆژەی بریاری کار پێ نەکردنی بریاری (مایسمی) ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی عێراقی ژمارە (٧٢٠) لە ١٩٨٩/١١/٩دا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بە باشی دەزانم کە روون کردنەوەیەک لەسەر ئەو بریارە پێشکەش بکەم و، کاتی خۆی مەدلوولی ئەو بریارە چ بووە و هۆکانی چ بووە کە دایتیان؟ خۆی بریاری (٧٢٠) ناوەرۆکەکەی ئەوەیە قەرزی زەریبەی لە (٧٥٪) لەسەر عەرەسات ئیضافە بکرێت لەسەر ئەو عەرەسانەی کە پاش دەرچوونی ئەو بریارە دەبێ خاوەنی عەرەسەکە بیدات. حەز دەکەم ئەم روون کردنەوەیە. پێش ئەوەی کە بریاری (٧٢٠) بدرێ، بریاری (٥٢٩) لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقی دەرچووە، ئەو بریارەش ئەوە بوو کە رێگەی دا دانیشتووی دەرەوەی هەرێمی کوردستان عەردیان پێ بدرێت و هەروەها دانیشتوانی کوردستان کە ناویان لێ نابوو حوکمی زاتی، لەبەغدا ولە شارەکانی باشوور حەقی ئەوەیان هەبێ کە عەرد وەربگرن. تەبیعی ئەو بریارەش مەدلولێکی سیاسی خۆی هەبوو، ئەوانەی کە چوون بەرەو بەغدا و بەرەو باشووریش وەکو دەرفەتێکیان دانێ. بەراستی تۆزێ عەردیشیان بەبەر نەکەوت لەو ناوچانە، بەڵکو عەرد لەشارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک هەتا عاردی چاک چاک و عاردی بازرگانی و لە شوێنی باش باش و عاردی ممتاز دابەش کرا بەسەر دام و دەزگاکانی رژێم لە جیهازی (مخابرات واستخبارات) و ئەمن ودەزگای سەرکوتکەری دیکەی رژێم. ئەوەبوو پاش بریاری (٥٢٩) راستەوخۆ بە ماوەیەکی کەم ئەو بریارە دەرچوو، ئەوەبوو کە ئەوانەی خەڵکی دەرەوەی کوردستانن نەک هەر بتوانن بەڵکو فەرزی بکەن لەسەریان کە ناچار بن ئەو عاردانە بهێڵنەوە و نەی فرۆشن، بۆ ئەوەی بینای بکەن.
قرار
(استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما اقترحه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / / ١٩٩٣ إصدار القرار الاتي:
١- إيقاف العمل بقرار (مجلس قيادة الثورة) المرقم (٧٢٠) والمؤرخ في ١٩٨٩/١١/٩في إقليم كوردستان العراق.
٢- على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار.
٣- ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم بڕیارە؟

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا دەمەوێ رستەی (مایسمی مجلس قیادة الثورة) بنووسرێت، سوپاس

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو بڕیارە دەبوایە زۆر زووتر پەسەند بکرابایە، چونکە خەڵکێکی زۆر مەغدور بوون بەو بڕیارەی کە لەکاتی خۆیدا دەرچووە. من پێشنیازێکم هەیە، هەر چەندە لەوانەیە نەختەک کێشەی داراییمان بۆ دروست بکات، بەڵام ئەگەر بێتو بتوانین سەرەیانێکی کۆنیش بدەینە ئەو بڕیارە لەو ڕۆژەوە کە سەحبی ئیدارات کراوە لە کوردستان، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا ئەگەر شتێکتان هەیە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک بەختیار فەرمووی بەراستی جێبەجێ کردنی بەکردار زۆر زۆر زەحمەتەو لەتوانادا نییە، چونکە ئەو خەڵکە باج و پارەی لێ وەرگیراوە و خەڵکی دیش بێن داوای ئەو پارەیەی بکەن. ئەوە، یەکەم خەزینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو تەحەمولەی نییەو، دووەم: ئیر باکێکی دارایی زۆر پەیدا دەکات و بەکردەنی دروست نییە، دەمەوێ یەک خاڵ هەیە برادەران سەرنجی بدەنێ ئەو بڕیارە لەو ڕۆژەی ئەوەی هەموو عەرەسەیەک دگرێتەوە حەتا ئەو خەڵکانەی تریش هەر زەوییەک تۆمار بکرابایە پاشی ئەو (٢٩/١١)یەی دەبوایە لە (٧٠٪) ی نرخی ئەو زەوییە بۆ باج بچێ، زۆر کەس هەنە مەماڵەیان ڕاگرتووە. هەر بەتەمای ئەوە بوون چارەی بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عیزەدین تێبینییەکی هەبوو، لەسەر (مایسمی) هیچ تێبینییەکتان هەیە؟ ئەو ئەڵێ ئەبێ بنووسین (مایسمی)، ئایا بینوسین یان نەینووسین؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە بەراستی لەگەڵ ئەوەینە کە شتی وا بنووسرێ. بەس خۆی لە ئیسلوبی یاسایی دا ناگوترێ (مایسمی) چونکە سەرجەمی یاساکانی عێراقی ئێستا کاریان پێ دەکرێت، باشە هەموو هەر (مایسمی)؟ چونکە یاساکانی وا بەکار دێنین ئێستا، دەنا لەراستیدا لەگەڵ (مایسمی) نییە وخۆشی (مایسمی)یە، ئەمە لە زمانی یاسایی بەکار هێنانی تۆزێک نەگونجاوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم بڕیارە بەو شێوەیە بێ؟.. دەست بەرزکرایەوە،کێ لەگەڵ نییە؟ دەست بەرزکرایەوە، بەزۆربەی دەنگ ئەم بڕیارە پەسەندکرا.

ئێستا با بێینەوە سەر خاڵەکانی ترمان. ئێمە یەک دوو پێشنیارمان هەیە، ئەوەی یەکەم بۆ مەسەلەی پشوودانی جەژنی نەورۆزە کە بکرێ بە (٣) ڕۆژ، جا جێگیر بوو لە بەرنامەمان دا، کێ حەز دەکات لەسەر ئەم بابەتەی کاک فرەنسۆ ختیە ڕوو بدوێت؟ چونکە پێویستی بە پرۆژەیەکە کە بۆی دابنرێت و، پێش ئەوەی کە گفتوگۆی لەسەر بکرێت بۆی ئامادە بکرێت.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە پێویستی بە پرۆژەیەک هەیە، بەڵام پێم وایە بۆ ئەمساڵ دەستەی سەرۆکایەتی بۆی هەیە، بۆ نموونە سبەی نەورۆزە بڵێ کۆبوونەوەی داهاتوومان ڕۆژی چوار شەممەیە، بۆ خۆمان دەبێتە پشوو و پاشی پرۆژەیەک پێشکەش دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا ئەگەر ئێمە دەستکاریی یاسا بکەین، واتا ئەگەر یاری بە یاسا بکەین، ئەوا خوا یارمەتی خەڵکی تر بدات کاک فرەنسۆ، نەخێر ئەم بابەتە، چونکە هەتا ئێستا پرۆژەکەی ئامادە نەبووە، ئێمە چۆن بیکەین بە پشوو؟ بەرای ئێمە بەپێی ئەو پەیڕەوی کە هەمانە ئەوا دەبێ (١٠) ئەندام، یان لەڕێگای حکومەتەوە پرۆژەیەکی وا ئامادە بکرێت بۆ نزیکترین دانیشتن، ئێستاکە وابزانم هەموو لایەک وەکو دەر ئەکەوێت حەز دەکەن کە بکرێت بە(٣) ڕۆژ پشوو، مادەم وایە ئەبێ پرۆژەیەکی بۆ ئامادە بکرێت جا ئەوە با هەر خاوەن پێشنیاز (١٠) ئەندامی پەرلەمان پرۆژەیەک ئامادە بکەن، ئێمە سەرۆکایەتی بە زووترین کات ئەیخەینە بەردەمی پەرلەمان، بۆ ئەوەی بڕیارێکی لەسەر بدەن، بەو شێوە یەش وابزانم ئەو بابەتە کۆتایی پێ دێنین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاش دەچینە سەر خاڵی لابردنی حەسانەی پەرلەمانی لەسەر ئەندامە کوردەکانی پەرلەمانی تورکیا، تکایە بەشێوەیەکی مەوزوعیانە باس لەمەسەلەکە بکەن و، ئەوەی دەیەوێ قسە بکات، با پێشوەختە ناوی خۆی بنووسێت، فەرموو..

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی لەم بابەتە من لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دا قسەم کرد، هەروەها لەگەڵ برادەرانی هەردوو فراکسیۆنەکەش دا، لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە پەیوەندیی زیاتر بە مەسەلەی دیموکراتییەوە هەیە و پەیوەندیدارە بە مافی مرۆڤەوە، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی کە«٦، ٧» ئەندامی پەرلەمانی کوردن، ئینجا لایەنی نەتەوەییەکەش، پاڵمان پێوە دەنێ کە ئەو اجرائە تە... ...ڕاوە

بەرامبەر بەو پەرلەمانیانە کە توهمەتێکی ناهەقیان بۆ دروست کردوون، ئەویش ئەوەیە کە ئەوان داوای جیابوونەوەیان کردووە یان پشتگیری (p.k.k) دەکەن، لەوەختێکا ئەوان ئەندامانی حزبێکی دیموکراتین لە تورکیا کە بەپێی یاسا مۆڵەتدراون و هەڵبژاردەی گەلیشن، لەبەر ئەوە سەدای ئەم لابردنەی حصانەیەو گرتنیان و هەروەها دانیان بە دادگا، بە گەورەترین تاوان دراون بە دادگا، واتا حەتتا حوکمی لەسێدارە و هەتا هەتا دەگرێتەوە بە یاسای تورکی. لەبەر ئەوە رای گشتی عالەمی و حەتتا لە ناوچەکە گشتی لایان زۆر غەریب بوو، لەدژی وەستان و، وابزانم زۆربەی پەرلەمانەکان وتەنانەت سەرۆکی حکومەتەکانیش وەک بەڕێز میتران و کلینتۆن و، پەرلەمانی ئەوروپی و ئەڵمانیاو سویسرا و حەتتا (٣٥،٢٥) پەرلەمانتارانی سوریاش شەجب وئیستنکاری ئەوەیان کردووە.

من وا دەزانم ئەم بابەتە، کە من لەگەڵ زۆر برادەریش لە پەرلەمان قسەم کردووە، بە هیچ جۆرێک دژایەتی حکومەتی تورکیا نییە، چونکە تورکیا دراوسێمانن هەروەها ئێران و سوریاش و ئێمە پێمان خۆشە باشترین پەیوەندیمان لەگەڵیاندا هەبێت، حەز ناکەین دەست لەکاروباریان وەربدەین، بەس ئەمە شتێکە پەیوەندیی بەهەڵوێستی نەتەوەیی خۆمانەوە هەیە، کە بەراستی ئەمە دەبێ بۆ پەرلەمانی کوردستان تۆمار بکرێ کە ئێمە دژی ئەو بڕیارەین و، داواش بکەین بە سەراحەت ئەو برادەرانە بەربدەن و بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمان و، هەروەها داواش بکەین لە حکومەتی تورکیای دۆست کە ئەو مەسەلەیەی کورد چارەسەر بکات بەرێگایەکی ئاشتییانە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە لابردنی حصانەی پەرلەمانی لەسەر ئەو (٦) کەسەی ئەندامی پەرلەمانی تورکی بڕیارێکی پەرلەمانییە، تەنیا بە بۆچوونی من کارێکی زیاتر تۆقێنەرەیە کە وڵاتی تورکیا جیرانی مەیە، واتا هاندان بێت و تێکەڵ بوونی میللەتی کورد لەگەڵ میللەتی وڵاتی تورکیا تێکەڵی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و ئابوورییە، ژبەر هەندێ وەکو مە دڤێتن پەیوەندیی ئێمە پەیوەندییەکی باش بێت، تێکەڵی زیاتر بێت مانێوان ئێمەو ئەوان، بەتایبەتی ئەو قۆناغە مێژووییەی ئێستاکە ئێمە تێی داین، لەبەر ئەوە و، ئێمە دەمانەوێت پەیوەندیان باش بێت. ئێمە حەز دەکەین تۆقاندن و ئیجرائاتی شۆڤینی دژی کەس نەبێت و تەناهی بێت وەکو وڵاتی ئێمە، ژبەر هەندێ پێشنیاز دەکەین و پشتگیری کاک عەبدولخالق دەکەین کە وەکو یادداشتنامەیەک بەناوی پەرلەمانی ئێمەوە بنووسرێ بۆ ئەوان (٦) کەسانە، جارێکی دی مافی وان بدرێت و مافی پەرلەمانی و وەکو منافەسەی پەرلەمانی و منافەسەی دیموکراتی بێتە کرن لەو وڵاتەدا، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتەکە دیارە، ئێمە رێککەوتووین و لەگەڵ قسەکانی کاک د.رزگار و کاک عەبدولخالق داین،

ئەمن تەنیا هەر ئەوە دەڵێم یادداشتەک پێشکەش دەکەین بە ناوی پەرلەمان و، ئێمە لە پێگەی دۆستایەتی لەگەڵ حکومەتی تورکیاو لەگەڵ تورکیا وەکو دەوڵەتێکی دراوسێ و لە روانگەی دیموکراسی ومافی مرۆڤەوە ئەو یادداشتەیە پێشکەش دەکەین و دووەم جەخت لەسەر ئەوە دەکەین، سوپاسیان دەکەین بۆ ئەوەی کە نەورۆز بووەتە جەژنی نیشتمانیی لە تورکیا، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم ئەگەر ئەو یادداشتەیە هاتە نووسین بەدوو شێوە تەرکیز لەسەر دوو خاڵی گەورە بکات ئەویش یەکەم ئەمانە حصانەیان لەسەر لابراوە، لەبەر بیرو باوەڕ دەربڕینیان واتا ئەم (٦) ئەندامانەی پەرلەمانی تورکیا هیچ وەختێک کارێکی دژی یاسایان نەکردووە، تەنها رای خۆیان دەربڕیوە سەبارەت بە چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی و بەو شێوەیە چۆن ئەو مەسەلەیە چارە ببێت. واتا ئەم بڕیارە لەسەرەتا دژی مافی مرۆڤە کە یەکێک لەبەندە سەرەکییەکانی ئەوەیە کە تۆ ئازادبی بۆ ئەو شتەی کە حەز دەکەی بیڵێت. من لەوێ بووم ئەو کاتەی گرتیانن و لەئەنقەرە بووم، تاوانەکەیان ئەوە بوو، کە چۆن لەگەڵ کوردەکانی ئەمەریکا دانیشتوون و باسی مەسەلەی کوردیان کردووە، ئێ باشە چۆن ئەوە دەگونجێ لەگەڵ ولاتێک کە بڵێ من دیموکراتیم و مافی مرۆڤ پێشێل ناکەم؟ دووەم شتێکی دیکە هەیە کە زۆر گرنگە، ئەو شێوەیە گرتنیانیش دژی دەستوورو یاسایی تورکیا خۆیەتی، ئەگەر هاتوو لە یاسا و لە دەستووری تورکیادا وا هاتووە کە ئەگەر حصانە لەسەر ئەندامەک هەڵگیرا ئەو ئەندامە حەقی هەیە لە ماوەی (١٥) رۆژ داوا بکات لە مەحکەمەی ئیستیئناف و، مەحکەمەش پێویستە لە ماوەی (١٥) رۆژ دا وەڵامی بداتەوە. بەڵام لەماوەی ئەو ماوەیە، ئەو ئەندامە هەموو مافێکی ئەندامەتی پەرلەمانی هەیەو هیچ کەسی حەقی فەترەیە، ئەو ئەندامە هەموو مافێکی ئەندامەتی پەرلەمانی هەیەو هیچ کەسی حەقی نییە بیگرێت، بەڵام ئەمانە نەک هەر ئەو لەحزەیە کە دەرچوو بوون، خۆتان هەمووتان بینیتان کە چۆنیان گرتن و، ئەمەش ناگونجێ حەتتا لەگەڵ نیزامێکی عالەمی سێیەمیش کە کۆنە پەرست بێت. ئینجا ئەم مەسەلەیە بۆ ئێمە لە دوو شێوە دا گرنگە:

یەکەمین: ئەوە راستە مەسەلەی دیموکراتییەتە، بەڵام ئەوانەش برای ئێمەن، براو خۆشکی ئێمەن، زۆربەیان هاتوونەتە ئێرە و ئێمە چەندەها جار لەگەڵیان دا دانیشتووین بۆ کۆنگرەی پارتی کۆمەڵێکیان هاتبوون بۆ سەردانیان هاتبوون و بەشداریان لە چاودێری هەڵبژاردنەکانمادا کردووە، بۆیە داوا بکەین بەرەڵڵا بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من نامەوێ بچمە ناو درێژەی بابەتەکەوە، چونکە کاک عەبدولخالق باسی کرد ئێمە پێش ئەوەی بێینە ناو هۆڵی پەرلەمان بەیەک دوو رۆژ ئەم بابەتەمان باس کرد وەکو فراکسیۆنی

زەرد، وەکو کوردێک، وەکو مرۆڤێک، مرۆڤێکی نیشتمان پەروەر کە هەست بە ئازادی هەموو کەسێک دەکەین لەژیان دا. بەتایبەتی کە کورد بێت، وەکو لە ئەدەبیاتی سیاسی کۆن دا دەیان گوت (تكوين نفسي مشترك) بەتەئکید کوردێک لەوپەڕی دنیادا ئازار بخوات و ئەزیەت ببینێ، یەکەم: وەکو مرۆڤێک، دووەمین وەکو کوردێک ئێمە جێی ئەوەین پشتی بگرین، من هەندێ تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە: یەکەم جەخت لەسەر ئەوە دەکەم کە کاک عەبدولخالق گوتی بە دارشتنێکی هێمن ودیپلوماسیانە بنووسرێت، چونکە ئێمە خۆمان دەزگایەکی یاسایی و دەزگایەکی یاسادانانین و جەخت لەسەر ئەوە دەکەم ئێمە بە شێوەیەک نیشانی بدەین کە ئەو دان پێدانانەی بە جەژنی نەورۆز کرا جا بەهەر شێوەیەک بێ جێی رەزامەندیی هەموو کوردێک بوو، بەتایبەتی ئێمە کە نوێنەری خەڵکی کوردستانین، لەکوردستانی عێراق دا، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەو پێشنیارەی بەڕێز جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کەسک و لایەنگیرکردنی لەلایەن هەردوو فراکسیۆنەوە شتێکی چاکەو بەلای منەوە هەندە بۆ کوردەکان سوودی نییە ئەوەندەی بۆ تورکیا بە میللەت و بە حکومەتەوە سوودی هەیە، چونکە ئێمە داوای شتێک دەکەین کە ئاشتی و هێمنی تێدا بێت، رێککەوتن و برایەتی تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موشکیلەکە ئەوەیە ئەوان بە رەسمیش شت لە ئێمە وەرناگرن، پاشان هەتاکو ئێستاکە نەورۆز لەلایەن پەرلەمانی تورکییەوە پەسەند نەکراوەو، نەچووتە بەردەم پەرلەمان. تەنیا پێشنیارێکی حکومەت بووە، ئەوە بەڵێ پرۆژەیەکە بۆ زانیاری ئێوەی بەڕێز، ئەوانیش شت لە ئێمە وەرناگرن بە رەسمی، کێشەکەمان ئەوەیە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حصانەی دیپلۆماسی شتێکی زۆر پیرۆزە، بەڵام دەبێت لە پێشتر ئێمە توانست وتاقەتی خۆمان و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بزانین و، خۆمان نەخەینە هیچ موشکیلەیەکەوە لەگەڵ دراوسێکەمان دا وەکو کۆمەڵی تورکیا باش بزانن هەموو داهاتی هەرێمی کوردستانێ لە رێگای کۆماری تورکیاوە دێت، تێکەڵیا کۆماری تورکیا لەگەڵ مە زۆر زۆر جیاوازە، لەچاو هاریکاری سوریا لەگەڵ ئێمە یان تعاملی ئێران لەگەڵ مەو، ئەگەر ئەم بێژین هەندەک پەرلەمانی یا سوریا مذکرە توقیع کردن، ئەوە شتێکی زۆر زۆر ئاساییە ئەوە حالەتەکە، حالەتی دووەم ساڵی رابوردوو بۆ نوێ کردنەوەی مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئاخی کۆماری تورکیا، ئەم برادەرانەی کورد وەکو ئەندامی پەرلەمانی تورکیا بوون، هەڵستان لەقاعە دەرچوون دژی بڕیارەکە راوەستان، کۆمەڵێک دژی ئەوە بوون ئەو هێزەی هاوپەیمانان لە تورکیا بمێنێ بۆ پاراستنی ئێمەی خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراق، با خۆمان تووشی کێشە نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو یادداشتە ئەگەر پێشکەش بکرێت شتێکی زۆر باش دەبێت، هەروەها لەو یادداشتنامەیەدا چەند خاڵێک هەیە ئەگەر باس بکرێت بەرای من زۆر باشە، ئەویش ئەوەیە دوو، مەسەلە هەیە روون بکرێتەوە بۆ پەرلەمانی تورکیا لەو یادداشتەیەی لە پەرلەمانی کوردستانەوە ئاراستەی دەکرێ. یەکەمیان: ئەوەیە مەسەلەی کورد لە تورکیا نەکرێتە قاڵبی دوژمنایەتی دوو میللەت کە چەند رەوابتێکی هاوبەش لەنێوانیان دا هەیە، مەسەلەی دووەمیشیان: مەسەلەی کورد لە تورکیادا نەبەسرێتەوە بە لایەنێک. ئەو پرسیارە لە تورکیا بکرێت، ئایا ئەو لایەنەی کە ئەو هەڤاڵانەی ئێمە، ئەو برادەرانەی ئێمە کە پەرلەمانتاری تورکیان و تاوانبارکراون بەوەی پەیوەندییان لەگەڵ ئەو لا یەنەدا هەیە ئایا ئەگەر ئەو لایەنە نەمێنێ مەسەلەی کورد چارەسەر دەکرێت؟ یان بەبێ ئەو لایەنە مەسەلەی کورد چارەسەر کراوە؟ مەسەلەیەکی دیکەش هەیە من لە ناو قسەکانی برای بەڕێزم کاک جەمیل باسی داهاتی کرد، هەروەها باسی ئەو ئەندامانەی کرد کە دەنگیان نەداوە بۆ مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئەنجەرلیکدا، بەڵام من دەمەوێ تەئکید بکەم کە ئەم ساڵ دەنگیان لەگەڵ مانەوەی هێزەکان دا لە پەرلەمانی تورکیادا. بۆیە پێشنیاز دەکەم کە ئەگەر یاداشتنامەکە نووسرا بە زمانی کوردی و هەروەها بەزمانی ئینگلیزیش بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە تەواو بوو، ماوەتەوە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لەلایەن پەرلەمانەوە ئێمە یادداشتەکە بدەین بە تورکیا؟

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئێمە پەرلەمانی کوردستان نە ئەمریکایین، نە پەرلەمانی ئەوروپایین و، نە ئەو توانایەمان هەیە کە کاریگەریی خۆمان پێ دەر بکەین. من حەزم کرد ئەم گفتوگۆیە بکرێت، پێم خۆش بوو گفتوگۆی لەسەر بکرێ بۆ ئەوەی بزانن ئێمەش لێرە موهتەمین بە کێشەی هەر کوردێک لە هەر جێگایەک بێت. پێم وایە ماوەیەک لەپێش ئێستا کۆمەڵێک برادەر یادداشتێکیان نووسی و پێشکەشیان کرد، ئەندامانی پەرلەمانی فراکسیۆنی خۆمان هاتنە لای من و پرسیاریان کردو وتم ئیمزای بکەن، سوریا وەکو برادەران باسیان کرد ئەو هەموو کێشەیەیان لەگەڵ تورکیادا هەیە، وەکو پەرلەمان تەدەخولیان نەکردووە، رێگەیان داوە چەند ئەندامێکی پەرلەمان شتێ بکەن. من لەگەڵ یادداشتەکەم، بەڵام ئەو یاداشتە بەناوی پەرلەمانی کوردستان نەبێ، چونکە تورکیا هەتا ئێستا دان پێدانی بە پەرلەمانی کوردستان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لەراستیدا مەسەلەی ئەوان دان بە پەرلەمانی ئێمە دانانێن. تعاملیشمان لەگەڵدا ناکەن و،

یاداشتەکەشمان لێ وەرناگرن. حەز دەکەم ئەوە پێشەکی روون بێت بۆ هەموو برادەران، من ماوەی دوو ساڵ تاقیکردنەوەم هەیە لەگەڵیان دا، جا ئێمە پێویستە ئەوە بکەین کە مومکن بێت واتا با جارێ شتی بنووسین، کە بەناوی پەرلەمانەوە بێت یاخود بەناوی ئەندامانەوە بێت، خۆی وەکو هەردوو فراکسیۆن و کاک فرەنسۆش باسی کرد، بەرای من خراپ نییە، هەردوو فراکسیۆن بۆ دانیشتنی داهاتو شتێک ئامادەکەن بۆ ئەوەی بتوانین فاکسێکیان بۆ بکەن ئەو خاڵانەی کە کاک فرەنسۆ باسی کردو، بە دوورودرێژی کاک عەبدولخالق لێی کۆڵییەوە، ئەوانە بکەینە ناوەڕۆکی هەر یادداشتێک ئەوە زۆر شتێکی زۆر رێک و پیکە، جا بەرای من هەردوو فراکسیۆن بەینی خۆیان ئەم شەو یاخود سبەی بزانن چۆن حەز دەکەن ئەو بابەتەمان بۆ گەڵاڵە بکەن بزانن یادداشتەکە بەناوی ئەندامانی پەرلەمانەوە بێت یان بەناوی پەرلەمانەوە بێت؟ ئەوە بەرای من بابەتێکە. بۆ دانیشتنی ئاینده ئەگەر کاک عەبدولخالقیش خاوەن پێشنیازەکەیە، فەرموو ئەگەر روون کردنەوەیەکی تری هەیە؟

**بەرێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من داوام کردبوو ئەو یادداشتە بەناوی پەرلەمانەوە بێت، لەبەر ئەوەی کە یادداشتی فەردی زۆر رۆیشتووە و پێم خۆشە بەو دارشتنە بێ کە کاک فرەنسۆ وتی و ئەوەی کە منیش وتم، واتا یادداشتەکە دەبێت بەحرسەوە بێت و حەریس بێت لەسەر ئەو واقیعە لەگەڵ رێزو سوپاسم دا.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێمە مادەم بووە یادداشتنامە بەناوی پەرلەمانەوە یان بەناوی ئەندامانی پەرلەمانەوە بێت، ئەو دەبێ هەردوو فراکسیۆن لە نێوان خۆیان دا گفتوگۆیەکی لەسەر بکەن و بۆ دانیشتنی ئاینده شتێکمان بۆ ئامادە بکەن، حەز دەکەین ئەو خاڵانەش روون بن، بۆ ئەوەی بریارێکی لەسەر بدەین کە چۆن بێت، دانیشتنی داهاتوو بریاری لەسەر ئەدەین. با ئەو بابەتە روون بێتەوە و ئەم خاڵەش دوا خاڵە لە بەرنامەی ئەمرۆمان دا، دانیشتنی داهاتوو خاڵی سەرەکیمان بودجەی حکومەتی هەرێمە. وابزانم ئەوەش چەن دانیشتنێک زیاتر ناخایەنێ، بە تەئکید دانیشتنی داهاتووشمان(٣) شەممە سەعات (١٠) ی بەیانی دەبێ. سوپاس و داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٣)

سێ شەممە رێکەوتی ٢٢/٣/١٩٩٤

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢٢

***کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٣)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

ئەو بەڕێزانە لە کۆبوونەوەی ژمارە (٤)ی ڕێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢٢ئامادە نەبوون:

فراکسیۆنی سەوز

١ـ ئەبو بەکر حاجی سەفەر غلام
٢ـ سەلام کەریم خان مەحموود
٣ـ شاڵاو عەلی عەبدوڵلا
٤ـ شێرکۆ فایەق عەبدوڵلا بێکەس
٥ـ سەلاحەدین عەبدولحەمید عەبدوڵلا
٦ـ عەلی عەبدوڵلا ئەحمەد
٧ـ عومەر سەید عەلی حسێن
٨ـ عومەر عەبدوڵلا محەمەد
٩ـ د. محەمەد فوئاد مەعسوم
١٠ـ قادر عەزیز محەمەد ئەمین
١١ـ کەمال ئیبراهیم فەرەج

فراکسیۆنی پارتی

١ـ ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی
٢ـ ئەکبەر حەیدەر موسا
٣ـ جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز
٤ـ خەیری سەعید عەلی بەگ
٥ـ فازڵ ڕەئوف سالح
٦ـ فەوزیە عیزەدین ڕەشید (م) سەفەر بۆئەڵمانیا
٧ـ موحسین خالد مستەفا
٨ـ مەلا محەمەد شەریف تاهیر
٩ـ مەلا هادی خضر کوێخا
١٠ـ وریا ئەحمەد محەمەد ئەمین دزەیی

**بەرنامەی کار:**

١ـ بەرچاوخستنی بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی ١٩٩٤ و بەپێی برگەی (٥) لە ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢دا.
٢ـ تازە بابەت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەوە بوو ئێمە رۆژی یەک شەممە گفتوگۆكردنی بودجەی ساڵی (١٩٩٤)مان دوا خست بۆ ئەمرۆ سێ شەممە سەعات ١٠بۆ ئاگاداریی بەڕێزیشتان بەڕێز ئەیاد نووسراوێكی بۆ بەسكرتێری ئەنجوومەن هێناوە، تێیدا نووسرابوو سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران داوا دەكات ئەڵێ:

**(كتابكم المرقم (٩٠) في ١٩٩٤/٣/١٢ نظراً لإنشغالي ببعض القضايا في اليوم المذكور نرجو تأجيل المناقشة الى موعد آخر، أي في يوم ١٩٩٤/٣/٢٠)** ئەوە بوو ئێمەش لەدانیشتنی یەک شەممەی رابردوودا بڕیارمان دا كە ئەمرۆ گفتوگۆی بودجە دەست پێ بكات، ئەگەر تازە بابەتیش هەیە فەرموون نییە؟ باشە با دەست پێبكەین.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەراستی بەناوی فراكسیۆنی سەوزەوە داوای لێ بووردن لە سەرۆكایەتی ئەنجوومەن دەكەم كە ئێمە هەر لەناو هۆڵ بووین گوێمان لە بانگەوازەكە نەبوو، هەندێ دواكەوتین. دووەم ئەو نووسراوەی كە هات بە هەڵە بۆ منیان نارد بوو، وایان زانی بۆخۆمە، دووەم مەسەلەی گفتوگۆی بودجە زۆر پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران و بەتایبەتی بە وەزارەتی داراییەوە، ئەوە دیارە نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران هاتووە داوای دواخستن دەكەن بە هۆی سەرقاڵییان لە ناوچەی گەرمیان یان لەسلێمانی لەبەر ئەوە ئێمە دیسان پێشنیاری خۆمان دووبارە دەكەینەوە كە وتووێژی بودجە دوا بخرێ هەتا وەزیری دارایی ئامادە بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەو رۆژەش باسمان كرد ئەو بابەتە خرایە دەنگدانەوەو ئەبوایە ئەمرۆ بودجەی ساڵی ١٩٩٤ گفتوگۆ بكرایە، چونكە رای زۆربە لەگەڵ ئەوە بوو، كە ئەمرۆ ئامادە بن، ئەم نووسراوەش ناڵێ ئەمرۆ دوای بخەین (في اليوم المذكور)، واتە داوای ٣/٢٠دەكات. وا جارێكی تریش بۆتان ئەیخوێنمەوە ئێمە لە (٣/١٢) نووسراوێكمان نووسی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، واتە پێش جەژن بە چەند رۆژێک دیاریمان كرد كە رۆژی ٣/٢٠ سەعات (٣) دوای دەوامی رەسمی حكومەت وتووێژ لەسەر بودجە دەست پێ دەكات، ئاگادارمان كردنەوە، جا كە دێن، نایەن ئەوە مەسەلەیەكە ئەوان لێی بەرپرسیارن، ئێمە وەكو پەرلەمان لێی بەرپرسیار نین، لەگەڵ ئەوەشدا لە رۆژی دیاری كراودا ئامادە نەبوون.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من پێشتر داوام كرد تازە بابەتم هەبوو، ئەگەر بكرێ، هەموومان دەزانین كە باری ژیانی فەرمانبەرەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان زۆر خراپە، مووچەكانیان هەروەكو مووچەكانی دوو سێ ساڵ پێش ئێستایە، نرخی كەل وپەلی خواردن و خواردەمەنی و ئەوانە چەن جار زیاد بووە،

پێم وایە لە حکومەتی یەکەمی هەرێمی کوردستانیش هەر ئەو داوایە کرابوو، ئێستاش داواکە دووبارە دەکەینەوە کە ئەمە بکرێتە خاڵێک بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان قسەی لەسەر بکەن تاکو باری ژیانی فەرمانبەرەکان باشتر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی من تەفسیری نووسراوەکە نازانم، بەڵام ئەوەی من تێبینی دەکەم کە ئەڵێ (في اليوم المذكور) وەکو مەبەستی ئەوەیە خۆیان سەرقاڵن و گفتوگۆکە دوا بخرێت، واتە مەسەلە ئەوە نییە دیاری کرابێ یەک رۆژە، چونکە ئەمان ئەزانن بە دڵنیاییەوە گفتوگۆکردن لەسەر بودجە بەیەک رۆژ تەواو نابێت، ئێمە تەنیا مەبەستمان ئەوەیە وەزارەتی دارایی، ئەنجوومەنی وەزیران ئامادە بن هەتا بزانین ئێمە گفتوگۆی چی دەکەین، بودجەکە هی حکومەتە، هی ئێمە نییە، ئێمە پێش ماوەیەک گفتوگۆی پەرلەمانمان کرد پێویستیمان بە حکومەت نەبوو کەلێرە بن وەزیری دارایی لێرەبێ خۆمان بودجەی خۆمان بوو، گفتوگۆمان لەسەر کرد و ئێمە تەنیا ئەوەمان دەوێ کە شتەکە روون بێت لەبەرئەوە لەبەردەمی هەموو ئەندامانی پەرلەمان بتوانین زیاتر گفتوگۆی بابەتەکە بکەین و بتوانین بە ئەنجامی باشتر دەربچێت لەو گفتوگۆیەدا، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبوایە بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری لێرە بوایە، و راپۆرتێکی خۆی پێشکەش بکردایە پێش گفتوگۆ بۆ ئەوەی بمان زانیبایە لەبودجەی (١٩٩٣) چۆن رەفتار کرا، چ عجزیان هەبوو تائێستا چ عجزیان هەیە؟ ئینجا دەستمان بە گفتوگۆ و باسی بودجەی ساڵی ١٩٩٤ بکردبایە، ئێستا پەرلەمان بەسەرۆکایەتیەوە پێم وایە چ زانیارییە وایان نییە کە بودجەی ساڵی رابردوو چۆن بوو، عجزیان هەبوو زیادیان هەبوو، وەزارەتەکان، کێ بەباشی پارەی خۆی خەرج کردووە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئێستا دوو پێشنیازمان هەیە: پێشنیازی یەکەم داوا ئەکەن ئەم جارەش وتووێژەکە لەسەر بوودجەی ١٩٩٤ دوابخرێ، بۆیە ناچارین بیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە گفتوگۆی بودجەی ١٩٩٤ ئەم جارەش دوابخرێ؟ دەست بەرز کرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟ (٢٨) بە (٣٨) واتە گفتوگۆکە ئەکرێت بە زۆربەی دەنگ، کە لە پرۆگرامی ئەمڕۆدایە، بۆ پێشنیاری دووەم دانیشتنێک دیاری بکرێ بۆ وتووێژ کردن لەسەر ژیانی کارمەندانی کوردستان و چاک کردنی باری گوزەرانیان، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا ئەویش رۆژێکی بۆ دیاری دەکەین، بۆ ئەوەی پێش ئاگاداری برادەران بکەینەوە لیژنەی ئابووری ئەگەر کەرەم بکات.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لیـژنەی مە لە مـانگی شـەش سـالّی ١٩٩٣ کـۆبوونەوەی کـرد دەربارەی بودجـەی سـالّی ١٩٩٤ هەندەک پێشنیاری نووسی و پێشکەش سەرۆکایەتیا پەرلەمانی کرد.

**بەڕێز عــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـشــبــەندیی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لە بەر بەرژەوەندی گشتی داوا دەکەم ئەم دانیشتنە بەنهێنی بێت واتە: دانیشتنێکی داخراو بێت.
سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

لەمـەودوا ئەبێت پێش دانیشتنەکە داوا بکرێت، کە دانیشتنەکە نهێنی بێت یان نهێنی نەبێ، کەس پێشنیار نەکات ئێمە لە هەندێ مەسەلە لەوانەیە خۆمان لە دەستەی سەرۆکایەتی داوا بکەین لە ئێوە، بەلاّم ئەگەر کەس داوا لە ئێمە نەکات ئێمەش ناتوانین هەموو جارێ داوا لە ئێوە بکەین بلێین بیکەن بەنهێنی، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەلّ ئەوەیە کە ئەم دانیشتنە نهێنی بێت؟ کێ لەگەلّ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ داوا دەکەن نهێنی بێت...
لەمەودوا داوا ئەکەم لە فراکسیۆنەکان ئیشی خۆیان رێک بخەن، ماقوول نییە دانیشتن ئیعلان بکرێت، ئینجا داوا بکەن بە نهێنی بێ یان نە؟ هەرچی هەیە پێش وەخت ئاگاداری سەرۆکایەتی بکەنەوە.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ڕاسپاردەی لیـژنەی ئابووری و دارایی لە مـانگی شـەش سالّی ١٩٩٣ بۆ مـوازنە ١٩٩٤ کـو بە (١٥) نسـخـە لە ١/ ١٠/١٩٩٣ بگاتە پەرلەمـان. ئەڤ راپۆرتە بەری کـرد بۆ سـەرۆکـایەتیـا ئەنجـوومـەنی وەزیران بەنووسـینا ژمـارە (٣٢٥) لە ١٢/٧/١٩٩٣ و ئەو داخـوازیە سـەرۆکـاتیـا جـڤـاتێ وەزیران داخـازا وەزارەتا دارایی و ئابووری کـرد بە نـووسـینی ژمـارە (٥٣٣٧) لە ٢٨/٧/١٩٩٣ و، بودجیە ١٩٩٤ بەرهەڤ بێت و لە ١/ ١٠/١٩٩٣ بگاتە پەرلەمانێ، لەگەلّ هەندێژی مـوازەنە پاشکەوت و وەزارەتا دارایی و ئابووری سـۆزدان لەتشـرینی سـالّی ١٩٩٣ ئامادەبێت لە پەرلەمانێ بەلێ سالّی ١٩٩٣ کۆتایی هات موازەنە نەگەیشتە پەرلەمانێ موازنە بۆ ئەوەیە کـەبەرەسمی ژ جڤاتە وەزیرا هاتە بەری کـردن بۆ پەرلەمـانی بەنووسینی ژمـارە (٣٢) لە ١٦/١/١٩٩٤ و گۆڕینی وی سەرۆکایەتیە جیڤاتا وەزیری بەرێ کردن بۆ پەرلەمانێ بەنڤیسینا ژمارە (٥٧) لە ٢٥/١/١٩٩٤ ئەڤ راستیە، بۆ ئەندامی بەڕێز ئاشکرا کرد تاکو بزانن وەزارەتی دارایی و ئابووری دێگڤتە بەر باری گوناه و خەمساریە نەبەر هەڤکردن و پاشکەوتە هەم موازنە هەرێمی دەباڤێ سالّی ١٩٩٤ هێڤی و ئومێدە مە ژ یەزدانی و وەزارەتە دارایی و ئابووری کار و

بزاڤت خۆ زیاده بکەت سەرف بکات خەم خۆربێت و پر بەژەم بت تاکو کاروباری خۆیێن دارایی و ئابووری سەرف بکات و بشێت ئیلتیزام و سۆزی خۆ بەرامبەر پەرلەمانێ ئەنجوومەنی وەزیران بەجێ بهێنێ لدەمی سپێده هەنووکەش لەناوەڕۆکا راپۆرتا لیژنەیەن مه سەر موازنه سالێ ١٩٩٤ پێشکەش کەن لەگەڵ، سوپاس.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**السيد رئيس المجلس المحترم.**

الموازنة تشريع مالي لسنة كاملة، والغرض منه وضع خطة مالية سنوية للوزارات والهيئات الحكومية والعمل في إطار تلك الخطة والمصدقة وهي بمثابة رقابة مسبقة على أبواب الصرف، وهذا يعني تحديد المسؤولية المالية التنفيذية لتلك الوزارات والهيئات، وهذه الموازنة التقديرية قد تتأثر بالتقديرات الشخصية ومن المحتمل حدوث زيادة أو نقصان في حجم التقديرات وخاصة في حالة عدم وجود الرؤية الواضحة لدى الوحدات الحسابية في الوزارات من إمكانية حكومة الأقليم من الناحية المالية، ومعروف أيضاً أن قسماً من المحاسبين تعودوا تضخيم الأرقام المقدرة تحسباً من تخفيفها لدى الجهات المختصة العليا. وأن تضخيم الأرقام من بعض الابواب يدل على عدم وجود توضيحات علمية في إعداد الموازنة فيما يتعلق ببيان إمكانية حكومة الأقليم المالية وأهداف الموزانة لأن مقدار العجز في الموزانة كبير وجدنا ضمن تشكيلات وزارة المالية والاقتصاد رئاسة المحكمة الكمركمية للإقليم تستغرب كيفية تشكيلها علماً لم يصدر أي قرار من البرلمان بذلك. ز- أن تكون لكل وزارة تخصيصات للمادة (١٠٢) مخصصات ونفقات الإيفاد في الفصل الثاني وحسب حاجة الوزارة وأن يتم أمر الإيفاد من رئاسة مجلس الوزراء، هذه أهم ملاحظات و توصيات لجنتنا آملين أن تؤخذ بنظر الإعتبار مع التقدير والاحترام. شكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو هەموو جارێ تەنیا لیژنەی دارایی تێبینی خۆی نووسیوە بەرامبەر ئەو بابەتانە باقی تری بودجەکە وەکوخۆی ماوە، ئەوە پێشنیاری لیژنەی داراییە، کەچی بودجەکە وەکو خۆی هاتووە، ئەوە پێشنیاری ئەوانە لەسەر خشتەی (تغييرات في الموزانة الجارية)یە.

**بەڕێز شێخ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(جدول التغييرات على الموزارنة الجارية الإعتيادية). سوپاس.

**بەڕێز د.فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم راپۆرتەی لیژنەی ئابووری خوێندیانەوە هیچ نوسخەیەک لای ئێمە نییە، دووەم ئایا هیچ گفتوگۆی لەسەر ناکرێ دەربارەی بودجە؟ دەبوایە وەزیری دارایی ئامادە بوایە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەگوێرەی نووسراوەکەیان دیارە وەزیری دارایی نایەت، ئەوە دووجارە لەماوەی چوار مانگدا هەر دوای دەخەن جا لەبەر ئەوە دیسان وەکو ئەو رۆژە گوتمان ئێوە خۆتان فەرموون گفتوگۆی لەسەر بکەن ئەوە پێوەندیی بە ئێوەیە.

**بەڕێز د.فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوا دەکەم کە ئەو برگەیەی کە پەیوەندی بە وەزارەتی تەندروستیەوە هەیە، ئەگەر لیژنەی ئابووری کەمێک گفتوگۆی لەسەر بکەن بۆ ئەوەی باش تێی بگەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابگەینە ئەوخاڵە لەکاتی خۆیدا باس دەکرێت راپۆرتەکە ئەخوێنینەوە پاشان کێ تێبینی هەیە با تێبینی خۆی بنووسێ، با بریاری خۆی و، هەڵوێستی خۆی دیاری بکات. ئێمە بریارمان دا ئەمرۆکە گفتوگۆی بودجەی هەرێمی کوردستانەو دەنگتان لەسەری دابو، کە برگە ئەخوێندرێتەوە دەنگی لەسەر دەدرێ یان رەت دەکرێتەوە، یا پەسەند دەکرێت یان، هەموار دەکرێت ئێمە دەنگمان لەسەری داوە، بۆیە ناگەرێینەوە جارێکی کە بزانین ئەوە دوا بخەین، یا ئەوە باس بکەین یاخود نا؟

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای منەوە زۆر گرنگە گفتوگۆی بودجە، بودجە بەرنامەی حکومەتە، پێویستە حکومەت خۆی لێرە بێ نە تەنیا وەزیری دارایی، بەڵکو پێویستە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەزیرەکانی تریش ئامادە بن لێرە بۆ ئەوەی هەندێ ژمارە هەیە ئێمە وەکو ئەندامی پەرلەمان هیچ ئاگامان لێی نییە، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆمەڵێک ڕاسپاردەی لیژنەی دارایی هاتووە رەنگە سوودێکی زۆریان هەبێ لەبەر ئەوە من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئێمە پێش ئەوەی بچینە ژمارەکانەوە ئەو خشتەی گۆڕانە لە موازەنە گفتوگۆی بکەین هی ئەو تێبینییانەی کە هاتوون هەتا ئێستا خوێندراونەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو ژمارانەی برادەرانی لیژنەی ئابووری خوێندیانەوە، وادەردەکەوێ عجزێکی یەکجار زۆر هەیە نازانم بودجەیەک ئەگەر لە بنچینەی تەخمینەکانیشی هەموو لەسەر بنچینەی عجزی

ملیارەک و (٢٥٠) ملیۆن دینار دامەزرابێت بەو ناوە کەتەخمینییە بودجەک دادەنێ بە ملیۆنەک و بە (٤٠٠) ملیۆن جیاوازی نازانم ئەو بودجەیە چۆن دەبێ؟ سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

عادەتەن لە پەرلەمانەکانی دنیادا هەموو وەزیرەکان یەک بەیەک خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەم پرۆژەیە لەراستیدا نەک هەر وەزیری دارایی یان بەپێچەوانەوە سەرۆک وەزیران دێت راپۆرتەکەیان دەخوێننەوە، چونکە راپۆرتەکە راپۆرتی هەموو حکومەتە و هەموو حکومەتەکان و هەموو وەزارەتەکان بەشدارن جا من نەزانم راستە ئەوانە پێویست بوو هاتبان و، یا تێبینی خۆیان پێشکەش بکردبایە و پێش چەند رۆژێک داوایان کردبا بەرەسمی کە بڵێ ئێمە لەبەر هۆیەکانی دیکە ناتوانین بێینە ئێرە، بەڵام نازانم چۆن ئێمە گفتوگۆی ئەکەین؟ سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێ تێبینیم هەیە یەکەمیان: ئەوەیە ئەو بودجەیەی ئێستا برادەران باسیان کرد لە هەندێ شوێندا چەند جیاوازیەکی گەورەی تێدایە، لە هەندێ شوێندا جیاوازی بە ملیۆن لە هەندێ شوێندا بە سەد هەزاری تێدایە، بەراستی ئیشی ئێمە وا ناڕوات لەوانە کێشەیەک بۆ ئێمە دروست بێت سبەینێ دیسان واجب بێت لەسەرمان پەرلەمان دانیشێتەوە و گفتوگۆی لەسەر بکاتەوە دووبارەی چاوی پێدا بخشێنێتەوە، یان پرۆژەیەکی تر پێشکەش بکات جا باشە ئێمە بۆ ئەوانە بکەین لەبەرئەوەی تەنیا حکومەت و وەزارەت ئامادە نییە، من بەلامەوە چاکە، واتە ئەگەر هەر حکومەت ئامادە نەبێ جاری دووەمیش سێ شەمیش ئامادە ئەبێ ئەوکاتە روونکردنەوەیەکیش بدرێ باشە بۆ حکومەت ئامادە نییە؟ چونکە بەراستی وەکو برادەران باسیان کرد پێویستە هەر وەزیرێ لەگەڵ وەزیری دارایی بە بەردەوامی لێرە بێ تا ئەم وتووێژە تەواو ئەبێت و وەزیرەکانیش یەک بەیەک لێرە بن بزانن چیان پێویستە، پرۆژەی چیان لەبەردەستدایە، چی تریان ئەوێت بۆیان بکرێت و، ئایا بودجەی ساڵیان چەندە و؟ چەندیان بەرهەم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیاری دیاری کراو بکە مامۆستا.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیاری من ئەوەیە، کە پێشنیارەکانی برادەرانی لیژنەی ئابووری با گفتوگۆیان لەسەر بکەین، بەڵام وەکو بڕیار دەنگی لەسەر نەدەین بۆ ئەوەی دوایی بەهەڵەدا نەچین، دووەم ئەو راپۆرتە، پێویستە بەراستی بگات بە ئەندامانی پەرلەمان ئێستا من هەروا ژمارەکان ئەخوێنرێنەوە هیچی لێ نازانم ئەگەر پێش دوو هەفتە، یان سێ هەفتە بدرابایە بە ئێمە گفتوگۆمان بکردایە سەردانی

خەڵکی پسپۆرمان بکردایە، بەراستی هەق نییە وا بێینە ناو هۆڵی پەرلەمان و یەکسەر گفتوگۆ لەسەر شتێ بکەین نەی زانین، سێیەمیان ئەوە ماوەی دوو ساڵە ئێمە لەم پەرلەمانەدا ئەڵێین تکامان وایە با هیچ نەبێ راپۆرتەکان بکرێت بە کوردی باشە بۆ هەمووی بە عەرەبی بێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێش ئەوەی برادەران تەواوی بکەن، تەنیا دوو تێبینیم هەیە بۆ ئەوەی نەک دووبارە بێتەوە، کاتی خۆی هەر فراکسیۆنێک (١٠) نسخەیان لە ٣/١ پێ دراوە توانای ئێمەش ئەوەندەیە چونکە یەک فۆتۆکۆپیمان هەیە، دووەم: ئوسول وایە هەر وەزارەتێک پرۆژەیەکی هەیە ئەبێ بە قەدەر ئەندامانی پەرلەمان نوسخەمان بۆ بنێرن، هەروەها تێبینیەکی ترم هەیە من پێم خۆش نییە ئەو بابەتە گفتوگۆ بکەین، چونکە دەنگمان لەسەرداوە، بەڵام ئایا ئێمە بڕیارمان دا کە گفتوگۆی ئەمە بکەین یان نە؟. ئەگەر زۆربە رازی بن کە گفتوگۆی بودجە بکەین، گفتوگۆی ئەکەین، دیسان من دووبارەی دەکەمەوە ئێمە پابەند نین بەوەی کە وەزیری ئابووری بێت، یان نەیەت. ئێمە ئاگادارمان کردۆتەوە ئیتر بێت، یان نەیەت ئەمە لەسەر ئەوە،

لیژنەی ئابووری و لیژنەی یاسایی پەرلەمان هەریەک لە بواری خۆیدا شتێکیان ئامادەکردووە و ئێمە گفتوگۆی خۆمان دەکەین، تکایە ئەم بابەتانە با دیسان نەیان خەینەوە ناو گفتوگۆوە. منیش ئەو پرسیارە دەکەم بۆ نایەن؟ لە مانگی (١٠)وە ئاگادار کراوونەتەوە کە بودجەکەیان بنێرن بۆ پەرلەمان بەڵام ئەوە خەریکە ببێ بەچوار مانگ، ئەی بۆ نایەن؟.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە سێ چوار مانگە ئێمە ئەمانەوێت ئەو بودجەیە بەڕێوەببەین، هەر بەڕێوە ناچێ، وەزیر نەهات چی بکەین؟ وەزیر نەهات، بۆ نایەت، چ ئەرکێکی تری هەیە دەبێ کاری وەزیر لەمە گرنگتربێت کەنەیەت و ئامادە نەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە ئابووری کۆڵەگەی هەموو وڵاتێکە، ئەبێ ئەم بەرنامەیە لە هەمویی گرنگتر بێ، بەڵام ئەوەش راستە لە هەموو شوێنێک زۆربە کەمینە دەخوات ئەوە مافێکی سروشتی خۆیانە کە هەر کەسە زۆربەی دەنگی هێنا ئەتوانێ گفتوگۆ بکات، بەڵام هەندێ جاریش مەرج نییە زۆربە کە لە (١٠٠٪) راست بێ و، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستەکە حکومەت نەهاتووە و ئاگادار کراوەتەوە شتێکی خراپە، با ئێمە وەکو پەرلەمان لێیان

بکۆڵینەوە بۆ نەهاتوون؟ بۆ نایەن؟ بەڵام ئێمە گفتوگۆی شتێ بکەین لەبەرخاتری ئەوان نایکەین، بەڵکو ئێمە داوا دەکەین کە موحاسبەیان بکەین، ئەو راپۆرتەی بەڕێزان لیژنەی ئابووری کە هاتووە هەمووی لێپرسینەوەیە بۆ ئەوان، دەبێ دانیشن بۆ ئەوە بزانین ئەو لێپرسینەوە، چ وەڵامان دەداتەوە؟ ئاخر گوێمان لێی بێ هەر بۆ خۆمان، کە دەنگمان لەسەری دا و وتوویژ کە کرا راپۆرتەکەش خوێندرایەوە ئێستا لەبەرئەوە ئەنجامەکەی ناگاتە ئەو رادەیەی کە ئێمە دەمانەوێ، وەزارەت بێت و رایگرین، ئەوجا بەهەموو لایەنێک دەبێ ئێمە چاوەڕوان کەین ئەو خەڵکە بێ وەڵامان بداتەوە، ئەو لیژنەی دارایمان کۆمەڵێ پرسیاری هەیە، بزانە ئەو بودجەی پار چی کردووە، چی خەرج کردووە، چۆنی خەرج کردووە بۆ زیادی کردووە، بۆ کێی کردووە لە هەندێ شوێن؟ کۆمەڵێ هۆیە کە دەبێ ئەوانە ئامادەبن و ئێمەش لەگەڵ ڕێزماندا بۆ دەنگدان ئەوە گفتوگۆی خۆمان کرد مەرج نییە گفتوگۆ هەتا هەتایی بێ، نەمان گوتووە هەر دەبێ هەمووی تەواو کەین گوتمان گفتوگۆ، دەست بە گفتوگۆ کرا، راپۆرتی خۆیان خوێندەوە، لێی گەڕێن هەتا ئەوان دێن وەڵامی ئەو پرسیارانەمان دەدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی عەبدوللا دێرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەبێژم دەبوایە ئەڤ موناقەشە هاتبایە کردن ژ بەر بریارو ژبەر دەنگدان و ئەگەر هاتوو دەنگدان هاتە کردن پێویستە وەکو پەرلەمان قیمەتی بداتە بریاری خۆ نەلە هەر بریارێک بدات و لەهەمان سەعات جارێکی تر بریارێکی تر بدات، ئایا ئەڤ بریار هەنە لەدەرەوە ی پەرلەمان؟.

جا ئێمە جارێکی تر دیسان رێزی بریاری پەرلەمان دەگرین کە دەنگدان کرا، یان دەنگدان نەکرابایە، مادام دەنگدان کرا دەبێ بریاری لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە یەکەمیان: ئەوەیە کە راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی برگە برگە گفتوگۆ بکرێت، چونکە تێبینی زۆری لەسەر هەیە، دووەمیش ئەگەر بەڕێزتان ئیجازەم بدەنێ، بەڕێز ئەندامی پەرلەمان کاک ئیبراهیم سەعید دەبوایە سەرۆکی بەڕێزتان ئیجازەی ئەوەتان نەدابایە لە جیاتی بەڕێزتان رای خۆی دەربڕێ. ئەوە ئێستا دەسەڵاتی جەنابتانە کە موحاسەبەی ئەوە بکەن، ئایا وەزیر ئامادە دەبێ یا نابێ. بەراستی من زۆرم پێ سەیرە کە شتەکان ئەخرێنە قاڵبێکی ناراستەوە، وەزیرە بەڕێزەکان هەموو برای ئێمەنە، ئێمە کە لە پێشەوە دامانناون بۆ ئەوە دامان ناون دەست بەپشتیانەوە بگرین، بەراستی دوایی ئێمە ئەگەر مەسەلەکەش بخەینە قاڵبی حزبیشەوە ئەنجوومەنی وەزیران هەموومان ئامادە نەبوون لە هەردوو لایەنەوە بەهەردوو حزبی سەرەکیەوە ئامادە نەبوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە مەیخەنە قاڵبی حزبایەتی تەسکەوە، ئەڵێن حکومەتی هەرێمی فیفتی، فیفتی یە یانی هەردوولا ئەمڕۆ حەز ناکەین گفتوگۆ لەسەر ئەو دواخستنە بکرێت لە دژی ئەنجومەنی وەزیران، ئەوان ئاگادار کراونەتەوە بەپێی یاساو، ئەوە یاسای پەرلەمانە روونە چ دەڵێ، ئەوەی ئوصولیە کردوومانە، بودجە زۆر دواکەتووە بە بەپێی ئوصول ئێمە ئاگادارمان کردوونەتەوە پاشان بەرای زۆربە گفتوگۆمان دواخست بۆ ئەمڕۆ ئەمڕۆش دیسان زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان بڕیارماندا کە بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆی بەرنامەکەمان ئەویش بودجەی ساڵی ١٩٩٤ی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، وەزیر دێت یان نایەت ئەو پرسیارە دەبێ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، ئەبێ گازندە لە وەزیر تایبەتمەند بکەین، گلەیی لە ئەنجومەنی وەزیران بکەن لە کاتی گفتوگۆدا، هەق نییە ئەندامی پەرلەمان بگەڕێ لەوەی کە بۆ وەزیرێک نەهاتووە رێزم هەیە بۆ قسەی هەندێ لە برادەران کە ئەڵێن ئێمە چۆن گفتوگۆی شتێک بکەین و بڕیاری لەسەر بدەین؟ بەڵێ ئێوە بڕیاری لەسەردەدەن، پێشنیارێکیان داوە بە ئێوە، بڕیاری کۆتایش بۆ پەرلەمانە کە چۆن پەسەندی ئەکات و ئێوە ئەتوانن دەنگی لەسەر بدەن، یان کەمی ئەکەنەوە، زیادی ئەکەن، منیش لەگەڵ ئێوەم کە ئەبوایە ئەنجومەنی وەزیران لێرە بوونایە بەرگرییان لە پرۆژەی خۆیان بکردایە، ئاگادار کراون و ئەزانن کە ئەمڕۆ رۆژی گفتوگۆیە، ئێمە ئەوەی لەبەر دەمانە گفتوگۆی ئەکەین، هەر کاتێک هەر وەزیرێک هاتە ئێرە بابێت بەرگری لە پرۆژەی خۆی بکات، ئەگەر باسی تەبایی و برایەتی ئەکەن ئەوا چوار مانگە ئێمە لەسەر ئەو بابەتە رۆیشتووینەو ئەوە چوار مانگە ئێمە لەم پەرلەمانە لە دەستەی سەرۆکایەتی بەرگەی ئەوەمان گرتووە، من دیسان پرسیار لەو برادەرانە ئەکەم کە ئەڵێن لە کوێ ئەبێ وەزیر ئامادە نەبێ و گفتوگۆی بودجە بکەین؟ ئەی لە کوێ بووە چوار مانگ حکومەتێک پارە خەرج بکات بەبێ بودجە، بەبێ پەسەند کردنی پەرلەمان، ئایا ئەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان جوانە؟! ئەم پاشکویە باشە؟ دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکانی ئێمەش بزانن کە ئێمە لێرە وەکو پەرلەمانی کوردستان ئەتوانین گفتوگۆی بودجەی حکومەت بکەین، ئەتوانین گفتوگۆی ئەو ژمارانە بکەین و ئەگەر کەموکورییەکیش هەبێ ئەوان مافیان نابێ گلەیی بکەن، ئێمە مێژوو و ویژدانی خۆمان رازی دەکەین، ئێمە سوێندمان خواردووە کە دڵسۆز بین بۆ ئیشوکاری خۆمان، ئێمە نوێنەری ئەو خەڵکەین هەق نییە شت بخەینە قاڵبی تەسکەوە، من تکا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم گفتوگۆ بکەن، بەڵام مەیخەنە دۆخی حزبایەتیەوە، ئەڵێین ئەنجومەنی وەزیران بەگشتی ئێوە دەزانن ئەنجومەنی وەزیران کێن و ئیتر پێویست ناکات دەسنیشانی کەس بکەین، هەروەکو وتمان ئێمە بەندێکمان نییە لە پێڕەوی ناوخۆ پابەندمان بکات، بە نووسراوی ٣/١٢ کە داوامان کردووە، جارێکیش دانیشتنەکەمان دواخستوە، ئێستا دەنگمان لەسەرداوە، ئەگەر دەتانەوێ ئەو دەنگدانە پوچەڵ بکەنەوە من وای بۆ دەچم ئەوە کارێکی باش نییە، ئێمە بەردەوام بین لە موناقەشەکردنی راپۆرتی خۆمان وەکو دەنگمان لەسەر داوە،

رۆژی دووەمیش بەردەوام دەبین لە گفتوگۆکردن ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئەگەر هاتن بەخێر بێن، پەرلەمان پەرلەمانی خۆیانە.

**بەڕێز شـــــمـــــائيـل نـەنـو بنيـــــامين:**

**الســـــــــيـــــــــد رئيـس المجلـس.**

على ضوء كلامكم الآن بقناعتي الجميع متفقون، انه مسألة مناقشة الميزانية بدون وجود الوزراء مسألة خاطئة، ونحن أقسمنا بأن نحافظ على مصالح شعب كوردستان، سبب الخلل هو إن الوزراء الآن ليسوا موجودين يجب علينا أن نصحح الأخطاء ونناقش ميزانية، المفروض نعرف سبب عدم مجيئهم نحن كالهيئة التشريعية ممكن أن نتخذ إجراءات نناقش مجلس الوزراء نحن أيضاً نقدم على خطوة اخرى وهي خطوة أعتقد خاطئة والجميع متفقون انه مسألة أكاديمية بحته ليس المفروض أن نتخذ قراراً عن طريق الخطاء لايتفق مع المصلحة العامة. وشكراً.

**بەڕێز ئەحـمـەد سـالار عـەبدلواحـيـد ئەحـمـەد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

نەهاتنی حکومەت خۆی لە خۆیدا کەمتەرخەمییە، دووهەمیان دەبوو لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ تا چ ڕادەیەک حکومەت پێویستی بە بودجەی ساڵی ڕابردوو بووە، چونکە لەسەر ئەوە ئەتوانین نەخشەی ئەمساڵیش دەسنیشان بکەین، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

لەسەر قسەکانی بەڕێز کاک شمائیل کە ئاراستەی منت کرد: أنا اسألك أين الخطاء؟ عندما نناقش مشروع بأي مادة في القانون رقم (١) أو في قانون مجلس الوزراء أو في النظام الداخلي يفرض علينا أنه عند مناقشة الميزانية يجب أن يحضر الوزير الفلاني أو الوزير الفلاني، أسمح لي لايوجد أي خطأ وعندما تقرر الاكثرية، فقرار الاكثرية هو نافذ المفعول وفي هذا البرلمان وفي أي برلمان آخر في الدنيا لا أرى أي خطأ في مناقشة الميزانية سواء بوجود الوزراء أو بدون وجود الوزراء فهذا شأن من شؤون مجلس الوزراء لو كان لمجلس الوزراء ملاحظة وعنده موقف معين حول ميزانية يفترض عليه أن يحضر إننا لسنا محامين على للحكومة نحن محاميين ندافع عن حقوق الشعب، ولهذا أرجو أن يكون واضحاً نحن لا نقدم على خطوة خاطئة عندما نناقش مشروع مقدم من قبل حكومة إقليم كوردستان الى البرلمان، والبرلمان بدوره أرسله الى اللجنة القانونية واللجنة الاقتصادية وبعد مناقشات طويلة على التقرير وسبق وأن أجل أكثر من مرة والحكومة مبلغة منذ فترة طويلة ورغم تأخير أكثر من ثلاثة أشهر هل نعتبر نحن مخطئون؟!. فأنا آأسف عندما يكون هناك عضو في البرلمان يخطأ.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی نیسبەتا مداخلاتی برادەر دەکەین وەکو فعلا جێی حرصا وانە لەسەر میزانیە، بەڵام بە قەناعەتی من ئەو کاتە هەمی بڕیار داین و لەدەست بدەین بڕۆین یانی هەتا نیوە شەویش لێرە هەر موناقەشە بکەین بڕیار بدەین، کاتی خەرج کردن لە بەرژەوەندی مەدا نییە و دەڵێم بڕیاری خۆ جێبەجێ بکەین تەواو، سوپاس.

**بەڕێز شمائیل نەنو بنیامین:**

**السید رئیس المجلس.**

أنا أطلب أن تكون الاجابة دائماً بالكوردي أنا أتكلم بالعربي فليكن الأجابة بالكردي. أنا اوضح واقول و أأكد مسألة المناقشة مع الوزراء والوزارة مسألة نحن نبدأ من رقم معين بدون وجود ممثلي الوزارة هذه مسألة خاطئة، أعتقد ان المصلحة العامة تقتضي أن يكونون الوزراء موجودين حتى نحن نناقش هذه المسألة والنتيجة تكون نتيجة صائبة وفي صالح شعبنا، شكراً.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمە پێشنیارەکەمان خستە دەنگدانەوە، ئێمە بەراستی بەهیچ شێوەیەک نابێ تەجاوزی بڕیارەکەی خۆمان بکەین و دەبێ رێز لە بڕیاری خۆمان بگرین، من پێشنیارێکی دیاری کراوم کرد لەو راپۆرتەی لیژنەی ئابووری کە خوێندرایەوە ئێمە گفتوگۆی ئەو راسپاردە ئەو پێشنیارانە بکەین و، نەچینە ناو درێژەی ژمارەوە، من کە پێشنیاری ئەوەم کرد نەم گوتووە دوای بخەین، تازە لەسەرەتای دانیشتنەکە داوامان کرد دەنگدانی لەسەر کرا و بڕیاردرا وتووێژ بکرێ من دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکەم کە گفتوگۆ بکرێ، بەڵام وتم ئێمە گفتوگۆی ئەو تێبینی و پێشنیارانە بکەین کە لەلیژنەی ئابووریەوە هاتووە، سبەی بەردەوام دەبین ناڵێین با دوا بخرێ، لەوانەیە وەزیرەکان بێن و ئامادە بن، بەڵام لێرە دوو سێ تێبینی هەیە، ئێمە ئەگەر بڵێین فلان کەس هەڵەیە یانی ئەوە تاوانبارە، دەبێ پاکانە لە خۆی بکا من هەر بڵێم هەڵەیەو تەواو پاکانە لە خۆی نەکا، واتا من حوکمەکە بە هەڵە دەدەم.

تێبینی دووەم نازانم وەزیری دارایی لێرە نییەو وەزیرەکان لێرە نینە هەقە هەندێ محق بین، دیارە دواکەوتنەکەی ئەو سێ مانگە بەتەنیا. تاوانی ئەوان نەبووە، رەنگە تاوانی ئێمەش بێ، چونکە دوو مانگ پشومان بوو، دوایی مانگی سێ داوامان نەکردووە، من نازانم ئەوەی کە ئێستا هۆی دواکەوتنی بودجەیە لە حکومەتەوە لە (٢٠)ی مانگەوەیە (٢٠)ی مانگێ، ئێمە دوامان خست بۆ

ئەمڕۆ دەبێ ئێمە بەراستی لەو لایەنە منصف بین، راستە ئێستا هەقە هەر ئیشەکیان هەبا، هەر شتێکیان هەبا هەر ئەرکێک هەبا لە هەر قوژبنێکی کوردستان دەبوایە ئەمڕۆ وەزیری دارایی هاتبا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ من هەموو شتێک بخەمە سەر ئەستۆی وەزیری دارایی بڵێم ئەوە هۆی دواکەوتنەکەیە، من دەڵێم دەبوایە وەزیری دارایی لە مانگی (١٢)راپۆرتی دارایی پێشکەش بکردبایە، ئێمە نازانین هۆی دواکەوتنەکە چی بووە؟ لەبەرئەوە دەبێ ئێمە هەندێ چاودێری ئەو مەسەلەی بکەین، من دیسان تاکیدی ئەوە دەکەم کە بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆکردنی و لەسەر ئەو راپۆرتەی لیژنەی ئابووری کۆمەڵێک پێشنیار و راسپاردەی تێدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رێزم هەیە بۆ ئەو برادەرانەی کە قسەیان کرد، بە تەئکید هەموویان لە دافیعی حرصەوە بووە کە گفتوگۆمان کردووە، بەڵام ئەوەی کە باوە لە دنیادا وەزیرەکان لە لێپرسینەوەی پەرلەمان دەترسن من لام زۆر سەیرە شتەکە پێچەوانە بێ، یانی ئێمە ئاگاداریت بکەین، وەزیری دارایی رێزم بۆی هەیە، بەس لەراستیدا رێکخستنی مەوعد ئیشی سەرۆکایەتیە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام هەرکەسێک ئەگەر ئاگادار کرایەوەو پێی گوترا ئەگەر بەهانەیەکی هەبوو یان بارێکی تایبەتی هەبوو یا لە هەرێم بارودۆخێکی نا ئاسایی هەبێ ئەنجوومەنی وەزیران سەرقاڵ بێ ئەمە بووراون، پەرلەمان دەبێ لە جێگای لێپرسینەوە بێت نەک لەسەر گۆشەی حزبایەتی فلان حزب فلان لایەن هەر کەسێ بێ ئێمە لە جێگای لێپرسینەوە، لێی دەپرسینەوە نەک لەرووحی دژایەتیەوە تەبایی تێک بدەین ئێمە لە بنەڕەتەوە ئیقرارمان کردووە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردنمان لێک جودا کردۆتەوە، ئێمە نوێنەری ئەم میللەتەین و سوێندمان خواردووە و بڕیارمان داوە ئەگەر ئەو لایەنەی جێبەجێ کردن هەڵەیەکی هەبێ هەر کەسێک بێت ئێمە موحاسەبەی دەکەین، لەراستیدا ئامادە نەبوون شتێکی باش نییە و دەست پێشخەرییەکی پەسەند نییە، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە مەسەلەی بودجەی ساڵانە بەراستی ئەبوو پێشتر ئێمە گفتوگۆمان بکردایە ئەمە لەجێگەی خۆیەتی و هاتنی وەزیرەکانیش هەروەکو ئاگادار کراونەتەوە و ئەوانیش ئەبوایە بهاتبانایە لەراستیدا من پشتیگیری کاک شمائیل دەکەم لەوەی کە ئێمە بانگیان بکەین پرسیاریان لێ بکەین کە بۆ نەهاتوون، چونکە کۆمەڵێ ژمارەی تێدایە من هەرچی بێ تێ ناگەم، چونکە ئەو ژمارانە من لێی بەرپرسیارنیم وەزیرەکە خۆی لێی بەرپرسیارە، خۆی بێت ئەو ژمارانە چۆن هاتووە چۆن چارەسەر دەکرێت؟ راستە ئەوان نەهاتوون کارێکی خراپیان کردووە، بەڵام من پشتگیری ئەو

رایەم دەکەم، بەراستی ئێمەش لەپاش ئەوەی کە کارێکی خراپیان کردووە، ئێمەش بێین گفتوگۆی ئەو بابەتە بکەین بەشتێکی باشی نازانم، لە بەرژەوەندیی ئێمەدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل ئەگەر ئێمە دەست بکەین بە گفتوگۆکردنی بەشێکی راپۆرتەکە پاشان بێینە سەر بەشی دووەمی راپۆرتەکە، ئێستا بەشی یەکەمی خوێندرایەوە و با گفتوگۆی بەشی یەکەم تەواو بکەین پاشان دێینە سەر بەشی دووەم، با دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە، چونکە کاکەرەش گفتوگۆی هەبوو، بەشی یەکەم دەنگی لەسەر بدەین پاشان بەشی دووەمیش ئەخوێندرێتەوە دوایی گفتوگۆی لەسەردەکەین، بەشی یەکەم دووبەشەو بەشێکی هەندێ تێبینی لیژنەکەیە لەسەر بودجە کە، مەسەلەیەکی حیسابی تەواوە لە نێوان هەڵەو راستیدا و لە مەیانی ئەوە، وابزانم چەند تێبینییەکی تر هەنە لەسەر مەسەلەی گشتی و ژمارەیەکی گشتی، ئێمە پێشەکی دێینەوە سەر بەشی یەکەم، واتە ئەو تێبینیانە، ئەو راسپاردانە کێ تێبینی هەیە لەسەری پاشان دەیخەینە دەنگدانەوە، دوای ئەوە دێینە سەر بەشی دووەم ئەویش مەسەلەی موازنە خۆیەتی بەشی یەکەم با تێبینیەکان بنووسین.

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو ئەندامێک لە لیژنەی دارایی کۆمەڵێک خاڵی گرنگی خۆم هەبوو کە روونی بکەمەوە لەسەر بودجەی ١٩٩٤. خۆی بودجەی حکومەتی هەرێم جگە لە کارە گرنگەکانی ناو پەرلەمان کە گفتوگۆی لەسەر بکات لە لیژنەی دارایی بە وردی هەم لێی بکۆڵێتەوە هەم بدرێ بە پسپۆڕان و بەم شێوەیە بەراستی کارەکە ئەنجام دراوە، ژمارەیەکی زۆر گەورە هەیە بۆ بودجەی ٩٤ ئەمساڵ بەدووجۆر هاتووە، بە بودجەی موازنەی ئاسایی هاتووە و بە موازنەی پلانیش هاتووە، بەڵام ئێمە دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین کەئەمە چەمکێکی سیاسی خۆی هەیە بۆ ئەوەی کەوا هەر حکومەتێکی عێراقی بێتە سەر حوکم پابەند بێ بەرامبەر بەم بودجەیەوە. گفتوگۆکان بەردەوام بوون تا هەفتەی دوایی من ئامادە نەبووم ئەویش تایبەت بەوە بوو کەئێمە وەزارەتەکان بە فەسڵ بگرین، دوو وەزارەتمان کرد بە نموونە، بڵێین مەسەلەی ئێمە تەرشیدی لەکارکردن لەچ فەسڵێکدا ئەکەین و، لە چ فەسڵێکدا ئێمە تەقەشوف بکەین، لەچ فەسڵێک چۆن بین؟ من زۆر شت هەیە لەراستیدا لەگەڵی دا نەبووم هەموو شتێک ئەخرێتە دەنگەوە لە لیژنەکەی ئێمەداو هەموو دەنگەکە تەبیعی من دەدۆڕێنم بەهەر حاڵ من لەگەڵ کۆمەڵە راسپاردەکانی لیژنەکەدام، راسپاردەی چاک کراوە لەگەڵیان، بەڵام گۆڕینی ژمارەکان بەم شێوەیە لەگەڵیا نیم، دەستکاری هەموو ژمارەیەک بکرێ بەراستی شتی باش نییە، دوایی وەزارەتی پێشمەرگایەتی من رای تایبەتی خۆم هەیە بەرامبەر

بەو ژمارانەی کە دانراوە، وەزارەتی پێشمەرگە لە هەموو دنیا زۆر جار لە زۆر دەوڵەت هەر گفتوگۆ ناکرێ لەناو پەرلەماندا. لە ئەنجوومەنی ئێمەدا گفتوگۆ دەکرێ و باری تایبەتی ئێمە پێویستی تایبەتی خۆی هەیە، من کۆمەڵێ خاڵی گرنگ هەیە کەوا تەحەفوزم هەیە لەسەری و راسپاردەکان زۆری بەباش دادەنێم، بەڵام گۆڕینی ژمارەکان بەو شێوەیە من لەگەڵ نیم، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئێستا کە سەیری ژمارەی بودجە ئەکەین نزیکەی ملیارێک و شەش سەد ملیۆنە، ئینجا دێین بۆ گۆشەی تەخمینات، تەخمیناتیش دانراوە میلۆن و چارەکێک ئەوتەخمیناتەش هیچی بەرای من وەزارەتی دارایی ناتوانێ لەسەدا سەد ئەو داهاتانە بخەمڵێنێ، راستە هەموو پەیوندیدارە بەچەند کێشەیەک و بۆنموونە ئەگەر کارگەکان ئیش بکەن لەوانەیە ئەوەندە داهاتمان بێ ئەگەر رێگا کراوە بوو، ئەگەر ئیبراهیم خەلیل نەگیرا هەتا دوایی، ئەو جۆرە قەزییانە لەبەرئەوە هیچی ئیعتبار ناکرێ لە لایەنی ئابوورییەوە داهاتمان بەرچاوە لەبەر ئەوەی کە داهات بەرچاوە، بەرچاو نییە بەرای من نابێ لە بودجەدا عجز وابە ئاشکرا رابگەیەندرێ، لەسەرئەو بنچینەیە کە (٤٠٠) ملیۆن دینار عجزمان هەیە، پێویستە بەلای کەمی داهاتەکان مادام تخمینە مادام مسۆگەر نییە، با بودجەکەمان با شێوەیەکی وەها مونەسجیم بێ لەگەڵ ئەو ژمارە تەخمینەیەی، لەبەرئەوە داوا دەکەم لە لیژنەی دارایی رێژەی هەموو وەزارەتەکان بێنێتە خوارێ تاکو دەگاتە رادەی ملیارێک و (٢٥٠) ملیۆن، بەڵام ئەوەی بەڕێز پەریخان فەرمووی کە بابەت شتێکی سیاسییە حکومەتی تر دێ ئیلتزامی پێ دەکات، بە بۆ چوونی من ئەگەر دوو جۆرە بودجەمان هەبێ بودجەی راستەقینە کە خۆمان بەتەواوی لەسەری ئیش دەکەین شتێکی ئاشکرای راگەیاندنیش ئەگەر بەکاری بهێنین بەس، نەک ماوە بدەینە وەزارات بەئارەزوی خۆیان خەرج بکەن و لەسەر ئەو بنەمایەی کە بابەتەکە سیاسییە، چونکە پەسەند کرد ئەو داوای دەکا دەبێ خەرج بکرێ بۆی، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نازانم هەموو راپۆرتەکە گفتوگۆی لەسەر دەکەین یان بڕگە بە بڕگە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر بەشی یەکەمی، وتمان لەسەر هەمووی یەک تێبینی هەیە ئەوەی کە لیژنەی ئابووری نووسیوەتی و ئامادەی کردووە بە ملیۆن زیادە، هەندێکی تریش بە ملیۆن کەم کراوەتەوە، پۆلێنیان کردووە، ئێستاکە ئەوە شایستەی گفتوگۆ لەسەر کردن نییە، بەراستی لێرە هەڵەیە، راستە ئەوان راستیان کردووە بەو شێوەیەی کە ئێوە جارێکی تر هەمواری بودجەکە

ئەکەنەوە ئەوە بچەسپێنێ کە ئەوان کۆیان کردووە، لە ژمارەی ئەوان دا هاتووە، ئەوە مەسەلەی هەڵەو راست نییە پاشان تێبینییەکیان لەسەر دوو جۆری بودجەی تەخمینی با بڵێین جاریە و بودجەی وەبەرهێنان کە ناویان ناوە، تێبینی خۆیان بۆ ئێوە نووسیوە ئەم بودجەیە بەو شێوەیە ئەوەندە تەخمین کراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەندەی هەیە تەخمین بۆ ساڵێک ئەویشی خستۆتە پێش چاوی ئێوە لەناو ئەو تەخمینە هەم جاریە تەخمینە هەم ئیستثماری تەخمینە، هەم موازنات تەخمینە، کەچی ئەگەر هەتاکو بەم شێوەیەش بێت ئەوەندە عجز هەیە لە بودجەکە، پاشان ئەو بودجەیەی بۆ ئێوە کردووە بە رێژەی سەدی، هەر وەزارەتێک چەند بەشی هەیە یا ئەو گۆرانکاریە، دوا گۆرانکارییە کە کرا لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ هەندێ وەزارەت ئەویشی بۆ ئێوە دیاری کردووە، پاشان هەندێ راسپاردە هەنە عەرزی ئێوەی بەرێزی دەکات، چی دەکرێ بە راسپاردە با بکرێ، بەڵام بە بریار بکرێ، شایستەی گفتوگۆ لەسەرکردن نییە.

**بەرێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەوەی هاتووە یەکەم ئەوە کۆمەڵێ ژمارەن کە کۆی کردۆتەوە هەڵە بووە ئایا ناتوانین گفتوگۆی ئەوە بکەین؟ لێرەدا بەس یەک تێبینیم هەیە لەسەر برگە (٦) باسی ئەوە دەکەن کە ئەڵێ (الموازنة ميزان و مقياس بين الواردات والنفقات ومن الناحية الثانية موازنة من أبواب الصرف والنفقات ملاحظة النسبة الكبيرة التي أخذتها بعض الوزارات ومنها وزارة البيشمەرگە تعادل «٢٦٪ » من مجموع الموازنة الجارية بما يعادل مجموع نسب (٩) وزارات مع رئاسة مجلس الوزراء) بەراستی بەرای من ، ئەوە هەڵەیە ئەنجوومەنی وەزیران خەرجی چییە؟

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو ئەڵێ (٩) وەزارەت لەگەڵ سەرۆکایەتی وەزارەت.

**بەرێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ (٩) وەزارەت هەر (٩) وەزارەت یا بەراوردی وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ رۆشنبیری و مرۆڤایەتی و داد بکەن، ئەوە ناکرێ، ئەگەر سەیری وەزارەتی پێشمەرگە بکەین بەراستی ئێمە دەبێ لەو بارودۆخە ئیستثنائیە هەموو بودجەکەمان بدەینە وەزارەتی پێشمەرگە، ئەو بودجەیەش کە تەرخان کراوە هەتا ئێستا نازانم چۆن خەرج کراوە! ئەوە ئێستا وەزیری پێشمەرگە لێرەیە پێی بڵێین ئەو بودجەیە پار چۆنی خەرج کردووە؟ بەراستی نابێ ئێمە وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ هەموو وەزارەتەکانی تر بەراورد بکەین، تەنیا وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ بەراستی دەبێ بودجەیەکی باشی بۆ دابندرێ، هەروەها وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی پێشمەرگەیە، بەڵام بە بۆچوونی من هەڵەیە کە لیژنەی ئابووری ئەڵێ زۆرە، بەراوردی دەکات لەگەڵ هەموو وەزارەتەکانی تر لەگەڵ

سەرۆكايەتی وەزیران، لەبەر ئەوە من دیسان تەئكید دەكەم ئێستا وەزیری پێشمەرگە لێرەیە با پرسیاری لێ بكەین بڵێین بە وەزیری پێشمەرگە تۆپار چۆن ئەو پارەت خەرج كرد؟ بۆ چیتە؟ و حسابێكی لەگەڵ بكەن ئایا بەشی دەكات یان بەشی ناكات؟ سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوو تێبینیم هەیە یەكەم سەبارەت بە هەندێ لە ماددەكان و دابەش كردنی لەسەر هەندێ لە وەزارەتەكان، دیارە دابەشیان نەكردۆتە سەریان، خۆی پێویستە دابەش بكرێ، دیارە ئەوە كەموكوورییەی كە لە بودجەكەدا هاتووە لە سەرەتادا لە برگە (١) تێبینییەك هاتووە دەڵێ: (تبين أن بعض المواد لم توزع الى أنواعها تباعاً الى الوزارات وعلى سبيل المثال تم تقسيم مادة مخصصات الموظفين الى أنواعها الكثيرة في كافة الوزارات باستثناء المديرية العامة للزراعة والري في السليمانية) لەكاتی خۆیدا كە بودجەی پارمان پەسەند كرد زۆر تەئكیدمان كرد لەسەر ئەوەی كە پێویستە ئەو مەوادانە دابەش بكرێنە سەر جۆرەكان نەك لەسەر فەسڵەكان، و لەسەر ئەو بنچینەیە من پرسیارم لە لیژنەی ئابووری ئەوەیە، ئایا داوایان كرد لەوان كە تەعدیلی ئەو بارە بكەن یان نا؟ پرسیاری دووەم سەبارەت بە برگە (ب) لە هەمان ماددەدا دەڵێ (تمت أضافة مبالغ ضرورية تزيد على مئتين وعشرة ملايين دينار من قبل مجلس الوزراء الموقر ولكن لم يتم إستبعاد أو تخفيض أي مبلغ غير ضروري أو مبالغ فيه من التقديرات) ئەوەیە بەراستی لێی تێ نەگەیشتوومە ئەگەر روون كردنەوەیەكی لەسەر هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر برگەكەمان بۆ دووبارە بكەیتەوە و پێمان بڵێی كە لە چ لاپەڕەیەكە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبرگە (١-٢) لاپەڕە (٥) ئەوەی یەكەم لەلاپەڕە (٢) ئەوەی تر لاپەڕە (٥) (ثانياً تم إضافة مبالغ ضرورية تزيد على مئتين وعشرة ملايين دينار... الخ) ئەو دوو تێبینییە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دێمە سەر ئەو تێبینیانەی كەلەسەر بەشی یەكەمی راپۆرتەكە هەیە، تێبینی یەكەم ئەوەیە كە بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی دارایی ئەو تێبینیەیان دیاری كردووە كە دەڵێ (وجدنا ضمن تشكيلات وزارة المالية والاقتصاد، ورئاسة المحكمة ومدير الاقليم نستغرب) منیش سەرم سوڕماوە بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی دارایی تا ئێستاكە ئەو دادگایە هەیە دەیان بڕیاری

مـوسـادەرە و بڕیاری دووبارەو ئەو بڕیارانەی داوە، تا ئێـسـتـاکـە بۆچی ئاگـاداری پەرلەمـانیـان نەکـردووە، یاخـود وەکـو پرسـیـارێک لە ئەنجـوومـەنی وەزیرانیـان نەکـردووە، ئەو دادگـایە لەسـەر چ بنەمایەک دروست کراوە؟ بە چ دەسەڵاتێک؟ دووەم تێبینیم ئەوەیە کە باسی وەزارەتی تەندروستی دەکـرێ ( ٥٠ ) ملیـۆن تەرخـان کـراوە، بەڵام ئەوەی خـەرج کـراوە سێ ملیـۆن، سێ ملیـۆن وقـسـور پرسیارێک دێنێتە کایەوە، ئایا وەزارەتی دەسنیشان کراو تمویل نەکراوە بەو مەبلغەی کە پەسەند کراوە؟ من دەڵێم لەوانەیە مەوجود نەبووە یاخود وەزارەت بەخۆی کـارەکانی نەکردووە، بەراستی ئێمە، ئێستا تەماشا دەکەین (شحە)یەکی زۆر لەدەرمان هەیە لە کوردستان، بۆ ئێمە وەکو لیژنەی دارایی یاخـود وەکو لیژنەی تەندروستی لەناو پەرلەمـان نایەین پرسـیـارێـک ئاراسـتـەی وەزارەتی تەندروسـتی بکەین ئەوەندە پارەی بۆ تەرخـان کـراوە بۆ دەرمـان و تەجـهـیـزاتی پزیشـکی تەوفـیـر نەکـراوە؟ لەبڕگە (٣) پاش هەڵەکان هاتووە ئەڵێ (ظهر أن واردات وزارة البلديات والسـيـاحة والأوقـاف والشـؤون الاسـلامـيـة) من وەزارەتی پیـشـەسازیشی دەخـەمـە سەر، چونکە وەزارەتی پیشـەسازیش ئەوەی تا ئێـستـا ئاشکرایە لە کابینەی یەکەمی، لە پەسـەند کردنی بودجەی پارەکە بەڵێنی ئەوەیان دا لە سنووری ئەوەی لەبیـرم بێ (١٤٨) ملیـۆن دیناری عـێـراقی بۆ بودجـەی هەرێمی کوردسـتان دابین بکات، بەڵام لە پارەی بەشداری کردنی کارەبا. تێبینییەکی تریش هەیە، خالی پێنجەم کە دەڵێ (المأمول به في الموازنة التخطيطية) دیارە ئەو مەسەلەیە دەگەڕێتەوە سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەکێشان لە ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام ئایا ئەوە ئیشی ئێمەیە وەکو لیژنەی دارایی یاخود وەکو پەرلەمـان پێشنیـار بدرێتە ئەنجوومـەنی وەزیران، کە ئایا بۆ رای فلان لایەن وەرنەگیـراوە، یان وەرگیراوە، ئێمە لایەنی پەیوەندیدار نین لەو مەسەلەیە ئەوە پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە کـە ئەو شـتـە بکەن یانەیکەن، تێبـینیـەکی تریشم هەیە تەرکـیـز لەسەر لایەنی لە کـارکـردن و چاک کـردنەوە کـراوە، ئێـمـە وەکـو وڵاتێکی وێران کـراو بەبێ داهات بەبێ ئەوەی هەناردراومـان هەبێ، هەیە، نیە، ئەوە ئاشکرایە لای هەمـووان زیاتر لایەنی إسـتـهلاکی خۆ ئەگەر لایەنی تەصلیـحـیـشـمـان پێ بکرێ ئەوە شـتـێکی زۆر چاکە زۆر پیـرۆزە کـە بـتـوانین ئێـمـە هەتا دۆستەکانمان پێمان ئەگەن بتوانن تا چەند ڕۆژێک، بەرگری لە خۆمان بکەین ئەگەر لە حاڵەتێک دا هەر مەترسێک پەیدا بوو لەسەر کوردستان ئەوە سەبارەت بە بەشی یەکەم، نازانم ئەگەر بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ڕێگەم بداتێ چەند ڕاسپاردە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد ڕەشـیـد زەنگـەنە:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

سەبارەت بە منەوە بەراستی دوو سێ تێبینیم هەیە کـە بە پێویـستی دەزانم لە گـفـتـوگـۆی ئەو بودجەیە ئەویش ئەبێ ئێمە هەوڵ بدەین چەندتوانا هەبێ عجز لە بودجەکەماندا نەبێ، یانی ئەبێ موازنە لەگەڵ تەخمین دابێ، ئنیـجا ئەنجامی دەردەچێ، عجز هەیە یا نییـە، بەرای من ئێمە وەک

پەرلەمان دەبێ هەمیشە بودجەی تەخمینات نزیک بێ لە واقع. مەسەلەی عجز ئێمە سەرچاوەمان نییە، حکومەتی مەرکەزی دەڵێین عجزی ملیارێکمان هەیە ئەوان ئەتوانن لەمەسەلەی نەوت زیادی بکەن، کەمی بکەن ئەتوانن چارەسەری بکەن، ئینجا لەبەرئەوە من زۆر پشتیگیریی پێشنیارەکەی بەڕێز کاکەڕەش دەکەم، بۆ برادەرانی لیژنەی ئابووری یان، هەروەها بۆ وەزیری دارایی و ئابووریش، بەراستی مەسەلەی ژمارە تەقدیری ئەبێ بەلێکۆڵینەوەیەکی قووڵ بکرێ یانی ئەو لایەنە لایەنێکی دیاری کراو داوا دەکا (١٠٠) هەزار، تۆ ئەڵێی هەشتا هەزار ئەبێ موبەریراتی خۆتی بۆ بهێنیەوە من دێم لەو تێبینیانەی کە دراون لە هەندێ بڕیاری هەموارکراو زۆر بەشتێکی عەنتیکە هاتووە، لەکاتێکدا بەکەمی دەزانم ئەگەر عجزیش هەبێ و ئەگەر هەموارکردنیش هەبێ ئەکرێت لەو شوێنانەی کە پێویستە کەم بکرێتەوە، بەرای من لەگشت بودجەیەک ئەوەلەویات دەدرێ بە چەند وەزارەتێک سەبارەت بە کوردستانەوە بێگومان دەبێ گرنگی بدرێ بە پەروەردە، بە تەندروستی، بەکشتوکاڵ بەباری لەشکرە تازەکەمان، لەشکری پێشمەرگەو وەزارەتی ناوخۆ، وەزاراتی تر چەند تەقەشوفی تێدا بکرێ گرفت نییە، بەڵام ئەو وەزارەتانە وەزاراتی گرنگن لەبەرئەوەی ئابووریمان زیاتر پشتی بەگومرگەوە بەستووە و، ئێمە ئێستا کارگەمان هەیە و ئیش ناکات، ئەتوانین بە بودجەیەکی دیاری کراو چارەسەری بکەین. یەکێک لەو شتانەی کەلەلای من گرنگ بوو لە گشت بودجەکە. بەندێکی تایبەت هەبێ بۆ ئەو دەرکراوانەی لە کەرکوک و مووسڵ و خانەقین و ناوچەی گەرمیان دەرئەکرێن ئەبێ ئێمە پێشتر بزانین حکومەتی عێراق ئەو شتانە دەکات دەبێ بەندێک و بودجەیەکی تایبەتیمان هەبێ بۆ ئەوانە بۆ ئەوەی کە کارنەکاتە سەر کۆی بودجەی گشتی، مەسەلەی یارمەتیدانی ئەو خەڵکە عەرەبەی کە ناچار ئەبن، را ئەکەن لە ڕژێمی عێراقی دێنە کوردستانەوە زۆر بە پێویستی ئەزانم کە ئەبێ بەندێکی تایبەتیمان هەبێ بودجەیەکمان هەبێ بۆ ئەوەی برایەتی کوردو عەرەب بەواقع جێبەجێ بکەین و ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش هەست بکا کە خۆشەویستیەکی تایبەت هەیە لەنێوان کورد و عەرەب، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێ تێبینیم هەیە، لەلاپەڕە یەکدا ئەو عیبارەتە هاتووە (عدم وجود توجیهات علمیة) بە رای من ئەوەندە زیادە، موەفەق نییە، چونکە تەوجیهاتی علمی لەجێی خۆیدا نییە، دووەم هەر لە لاپەرەی دوو ڕێزی دوو دەڵێ (فأنها لا تمثل الحاجة الماسة والحقیقیة للإقلیم) ئەوەش موەفەق نییە، تێبینیی تر لەلاپەڕە (٣٠) دەڵێ (تضمنت الموازنة على مجامیع من الأرقام الخاطئة مما اضطرنا الى إعادة جمیع الأرقام الواردة في الموازنة) بە باوەڕی من نەکو ناچاربن، بەڵکو وەکو ئەرکی وانە دەبێ ورد بن لەلاپەرە (٦) خالی (٥) دەڵێ (المعمول بە في الموازنة التخطیطیة یتم

به التنيسق بين وزارة المالية والإقتصاد ووزارة التخطيط والهيئة التخطيطية في مجلس الوزراء) بە قەناعەتی من ئەو خاڵە زیادە، چونکە ئەوە ئیشی ئەنجوومەنی وەزیرانە، إستشارەی کرد، نەکرد، کێشەی ئەوانە، ئەوە کێشەی پەرلەمان نییە، لاپەڕە (١٠) خاڵی (٦) دەڵێ (إعادة النظر في نسبة الضريبة والرسوم وإعادة تخمين الأرقام) وەکو تێدەگەم زیادە رسومی باج بە قەناعەتی من لەگەڵدا نیم ئەو زیادە رەسمی باجە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بودجەی ١٩٩٤ دوو جۆرە بودجەیە، یەکێکیان بودجەی جاری، بودجەی ئاساییە کەوا پەیوەندی هەیە بە خەرجیەکانەوە یانی هیچ وەزارەتێک. دامودەزگاکانی ناتوانن هیچ کارێک بەڕێوەببەن ئەگەر ئەو خەرجیانەی بۆ دانەندرێ، بودجەیەکی تر هەیە کە پێی دەڵێن بودجەی وەبەرهێنان، واتا دروست کردنی پرۆژەی ئابووری . بەداخەوە ئەبوایە ئەم جۆرە بودجەیە وەک من لێرە دا پار باسم کرد گوتم پێویست دەکات دەزگایەک یا ئەنجوومەنێکی نەخشەکێشان و ئاوەدانکردنەوە دابنێن و بودجەشی بۆ دابنێن یانی بودجەی وەبەرهێنان کە پێی دەوترێ بودجەی پرۆژە (پلان) ئەبوایە داندرابا، ئێستا وەزارەتی دارایی چی کردووە؟ هاتووە ئەو پرۆژانەی کە پێی دەڵێن پرۆژە، جیای کردۆتەوە لەهی هەر وەزارەتێک هێناویەتی بەناوی بودجەی پلان دای ناوە تەنیا ئەوەندەیە عەمەلیەتەکە. بێگومان گفتوگۆی بودجە ئەکرێ، هەر وەزارەتێک لیژنەی تایبەتی خۆی ئەچێتە وەزارەتی دارایی لەو لیژنەیە، هەمیشە بریکاری وەزیر دەچێ، هی داد، هی ناوخۆ لەگەڵ کۆمەڵی پسپۆڕ لەوەزارەتی ناوخۆ ئەچنە وەزارەتی دارایی و لەوێ دائەنیشن هەر بە ئارەزووی خۆی نییە وەزارەتی ناوخۆ بڵێ ژمارەیەکی بۆ دانێ، تەبیعی وەزارەتی دارایی پسپۆڕمان هەیە ئەم ژمارەیەی کەدایدەنێن کەمی دەکەن، زیادی دەکەن بەجۆرێکی وا کە قەناعەت دروست دەکات؛ کە قەناعەت دروست بوو، ئەو ژمارە دادەنێین، لە خۆیەوە لە هەوا ئەو ژمارانە دانانرێن، ئینجا جارێکی تر ئەچێتە ئەنجوومەنی وەزیران، لە ئەنجوومەنی وەزیران بەڕێزان وەزیرەکان هەموویان ئامادەن، لەوێشدا جارێکی تر وتووێژ ئەکرێ، وەزیری بۆی هەیە زیادی بکات یان کەمی بکات، لەپاش ئەمانە هەمووی گەڵاڵە ئەکرێت دێتە بەردەمی پەرلەمانی بەڕێز، پەرلەمانیش تەبیعی لێی دەکۆڵێتەوە کە وەزیرەکان هەموو ئامادە دەبن بۆ ئەوەی بەرگری لەڕاو بۆچوونی خۆیان بکەن لەو ژمارانەی کەدایان ناوە بۆ دایان ناوە بەوشێوەیە باسی عیجز کرا، عیجز زۆر شێتکی ئاساییە لەپاش شەڕی دووەمی جیهانیدا لە زۆربەی بودجەی دنیادا هەیە، هەتا جۆرە عیجزێک هەیە پێی دەڵێن (العجز المقصود)، واتا هەر بەدەستی ئەنقەست عیجزێ پەیدا دەکەی، بەتایبەتی لەو کاتەی کە کزبوونی ئابووری هەبێ، کە حاڵاتی دەسبەتاڵی هەبێ، تۆ ئەبێ زیاتر خەرج بکەی بۆ ئەوەی ئەو بارە نالەبارەی ئابووریە وەربگری، ئەگەر ئێمە سەرنج بدەینە ئابووری کوردستان دەبینین لە(٥ ٪) دانیشتوانی کوردستان پشتیان بەستووە بەو کەم وکوورییەی کە حکومەت خەرجی

دەکات، مووچەی خەرجیاتی تر کە حکومەت دەیکات لەبەرئەوە بەلای منەوە عیجزەکە زۆر شتی ئاساییە کە هەبێ، بەلاّم چارەسەری عیجزەکە ئێمە لێرە چۆن دەکەین؟ ئەمە خالێکی ترە دێمەوە سەری پاش ئەوەی کەباسی خالّی داهاتەکان دەکەم، هەمیشە ڕێژەکان کەدانراون تۆ ئەڵێی ڕێژە لە بودجەی (ئاسایی) مەرج نییە ڕێژەکان لەیەکەوە نزیک بن، چونکە تەبیعەتی وەزارەت خۆی وا ئەگەیەنێ. بۆ نموونە وەزارەتی پێشمەرگە بریاری هەیە، بریارەکە ئێمە ناتوانین بیگۆڕین، بریاری ئەوەیە کە ژمارەی پێشمەرگە (٣٥) هەزار پێشمەرگە بێ ئەمە دانراوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە هەموو پێشمەرگەیەک ئەگەر (٣٦٠) دیناری هەبێ لە مانگێکدا ئەکات (١٢) ملیۆن و (٦٠٠) هەزارو لە ساڵێکدا ئەکاتە (١٥١) ملیۆن و (٢٠٠) هەزار دینار ئەمە تەنیا مووچەکەیەتی، کە بریارە سیاسیەکەیە، ئێمە ئایا ئەتوانین بیکەین بە (١٠) هەزار؟، دووەمین پێشمەرگە، هەموو پێشمەرگەیەک (١٠) دیناری بۆ دانراوە بۆ خواردەمەنی، واتە خەرجیاتی خواردەمەنی دەکاتە (٣٥٠) هەزار دینار لە مانگیکدا ئینجا بێجگە لەوەی خەرجیاتی گەرمکەرەوەی هەیە، خەرجیاتی تری هەیە، خالّی تر لێرە هەیە سەبارەت بە هەموو وەزارەتەکان ئایا چاودێری دارایی و خەرج چووە بزانێ ئێمە (٣٥) هەزار پێشمەرگەمان هەیە؟ ئەگەر هەمانە با بفەرمووێ، ئەگەر نەبێ چارەسەری ئەو خالّە بکەین، نەک ژمارەکە بگۆڕین، ئەو خالّەی چاودێری داراییە سەبارەت بە وەزارەتی ناوخۆ، سەبارەت بە وەزارەتی شارەوانی ئەو مەسەلەی خەرجە بەداخەوە لەبەردەممان نییە، ئەبوایە ئێمە ئەو خەرجەمان گفتوگۆ بکردایە پێش ئەوەی بچینە بودجە، ئەو موجودی خەرجی ١٩٩٣ بەچ شێوەیەک خەرج کراوە؟ لەبەرئەوە شتێکی زۆر ئاساییە وەزارەتی پێشمەرگە ژمارەکەی زیاترە لەوەزارەتێکی تر، نموونەیەکی تر (١٥١) ملیۆن دانراوە بۆ وەزارەتی پەروەردە بۆ لەچاپ دانی کتێبەکان، شتێکی ئاساییە ئەوە (١٥١) ملیۆنە بۆ وەزارەتی داد شتی وانییە، لەوەزارەتی ڕۆشنبیری لەوانە نییە ئەوە هەبێ جا لەیەک نزیک بوونەوەی ڕێژەکان سەبارەت بە بودجەی ئاسایی شتێکی زۆر ئاساییە کە نزیک نەبی لەڕێژەکان، بەلاّم لە بودجەی وەبەر هێناندا دەڵێی من گرنگی دەدەم بە دروست کردنەوە پرۆژەی کردنەوەی خەستەخانەکانی، قوتابخانەکان، بابەتەکان کردنەوەی پرۆژەی ئابووری، بەلاّم کەمتر ئەدەم بۆکردنەوەی قەلاّ و شتی تر، بۆ پێشمەرگە، بۆ نموونە ئەوەش شتێکی ئاساییە لە بودجەیەکی تر باسی ئەو ڕێژەیە بکەین، باسی ئەوتەناسوبە بکەین کەپێی دەڵێین بودجەی بەرهەم هێنان، دێنەوە سەر عیجزەکە، عیجزەکە چۆن چارەسەر بکرێت؟ بەداخەوە ئەیڵێم من پار لێرە جارێکی تر وتم لەوانە نییە بودجەی دەوڵەتێک تەنیا پشت بەیەک داهات ببەستێ کە ئەویش داهاتی گومرگە، داهاتی گومرگ بێ، دەبێ ئێمە بۆ چارەسەرکردنی بەدائیل بدۆزینەوە، بەدائیل ڕاستە ئەنجوومەنی وەزیران و حکومەتی هەرێم بدۆزینەوە، بەلاّم ئەبێ ئێمەش پرۆژەمان هەبێ، وەکو لیژنەی ئابووری پەرلەمان، ئەبوایە پێش ساڵێک پرۆژەیەکمان هەبوایە، بڵێین ئەنجوومەنی وەزیران وەرە ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکە، ئەوە پیادە بکە، من هەندێ خالّم هەیە جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە لەسەر چۆنیەتی عیجز، جارێکی تر ئەیڵێمەوە کارگەکانی کە

هەمانن هی وەزارەتی پیشەسازی، ئەمە پار لیرە لەبەردەمی بەڕێزتان (٣٥٠) میلۆن دینار بڕیاردرا کە بیدا بۆ بودجە ٩٣ کە وەزارەتی پیشەسازی (٣٥٠) ملیۆن دینار بدات ئایا ئیستا لە بودجەی ٩٣ چەندی داوە سەبارەت بە ئەوەی بتوانێ؟ ئەگەر نازانم من ژمارەیەکم لە خەیاڵە نازانم لەوانەیە دەوری (٣٠) ملیۆنێکی داوە لەنێوان (٣٥٠) و (٣٠) جیاوازی زۆرەو هۆی چییە؟ ئەمە هۆیەکەی هەر ئەوە نییە کارگەکانمان کە مەوادی خام و یەدەگی نییە، بە رای تایبەتی خۆم لەم کارگانەدا بەڕێوەبەرایەتیەکی دیموکراتی سەرنەکەوتووی هەیە بۆ ئەوەی ئەم ئیدارە دیموکراتیە لاببەین من ناڵیم کارگەکان بفرۆشین، کارگەکان با بمێنێتەوە با ئیدارەکەی ببێت بە کەرتی تایبەت بیدەین بە کەرتی تایبەت، کەرتی تایبەت بانگ بکەین خۆمان بەشداری لەگەڵدا بکەین ئەو کاتە سەیر ئەکەین لە بازاڕی ڕەشدا هەموو مەوادی خامی بۆدێنێ و ئەتوانێ دابینی بکات، هەروەها سەبارەت بە وەزارەتی شارەوانیەوە کۆمەڵێ زەوی و زار هەیە، گەڕەکی پیشەسازیی هەیە لە هەموو شارەکاندا هەمووی داوە بە کرێیەکی کۆنی کەم، بابینێ ئەمانە بفرۆشین پارەکە زۆرە، پارەکە نەخۆین وەبەری بهێنین بۆ کۆمپانیای (استیراد وتەصدیر)، کۆمپانیای خزمەتگوزاری ئێمە چارەسەری ئەوە بەم شێوەیە بکەین، ئەمە هەمووی پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە، پێویستی بە لیژنە هەیە، بزانن ئەو قسەیەی من کردوومە تا چ ڕادەیەک توانامان هەیە؟ بەداخەوە ساڵێک لەوەو پێش من کردوومە تا ئێستا هیچ نەکراوە، نەحکومەت کردوویەتی، نەپەرلەمان دەست پێشخەری نەکردووە بۆ ئەم شتانە، هەروەها لایەنێکی تر ئێمە ئەڵێین بە (إحصاوە)، نیو ملیۆن کورد هەیە لەدەرەوە، ساڵێکە چیمان کرد لەگەڵ ئەو نیو ملیۆن کوردە؟ ئەو کۆمەڵەیە لەبەر ئەوەی ئێمە ئەتوانین بەدەست خۆمانە عیجزەکەی کەم بکەینەوە، عیجزەکە زۆر وەسائیلی هەیە، بۆچوونی زۆر هەیە بۆ ئەوەی بتوانین کەمی بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە وەزارەتی تەندروستیەوە، ئەوەی کە ئاشکرایە لای هەموومان ئەوەیە کەبچینە هەر خەستەخانەیەک رووی تێ بکەین گازندەیان هەیە لەدەست بێ دەرمانی و بێ مەوادی، هەتا ماوەیەکی دیاری کراو بەشی عەمەلیات ئیشێکی وای نەدەکرد لەبەرئەوەی کە ئەڵێ عەمەلیات نییە و هەندێ دەرمانی سڕکردن نییە، ناچاربووین ئێمە کە زانیمان کەوتینە گەڕان لەناو چەند ڕێکخراوێکی خێرخوازدا تاکو بتوانین شت بۆ خەستەخانەکان پەیدا بکەین. وەزارەتێک ئەوەندە ناتەواوی هەبێ، داوا لەوەزارەتی دارایی ناکات کە تەخصیصاتی بداتێ. ئەوەی کە بۆی تەرخان کراوە نەختێک پارەی بۆ دانێ بچن دەرمان بکڕن، لەگەڵ ئەوە ئێمە گەڕاین دکتۆرمان بردووە لە ڕێکخراوەکان ئەو دەرمانەی کە پێویستە کە ئەوان ئەتوانن بۆمان پەیدا بکەن حەز دەکەن بە تەئکید من ناوی ڕێکخراوەکەشتان بۆ بێنم هەتا توانیمان نەختێک دەرمان بۆ وەزارەتی

تەندروستی پەیدا بکەین و بیگەیەنینە وەزارەتی تەندروستی، کاربەدەستانی ئەویٚ بیکرێ لەگەڵ ڕێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەندامان هەموویان خاڵی زۆریان باس کرد، من یەک خاڵی تەکنیکی هەیە، حەزدەکەم بپرسم لەلیژنەی ئابووری ئەویش ئەوەیە: ئەوهەڵانەی لە کۆکردنەوەدا روویان داوە ئایا لەوەزارەتەکانەوە یا لەوەزارەتی دارایی هاتوون یا لە هەردووکیانەوە هاتوون؟ ئیتر من پێم سەیرە کە ئێمە لە سەردەمی کۆمپیوتەرین، ئەگەر تەماشای بکەین زیاتر لە (١٠) ملیۆن هەڵە هاتووە، لەپەرلەمانەکانی دنیادا تا ڕادەی فلس مەزبووت دەردەچێ ئیتر نەک هەزارو دوو هەزار بە ملیۆن و (١٠) ملیۆن، ئەزانی بۆ کوردستان ئەمڕۆ چەندە؟ جا یەکێک لەو شتانە بەرای من ئەو خاڵانە کەدێن وەزارەت بەوەزارەت دەڵێین کاکە ئێوە موحاسیبتان نییە، ئەگەر هەبێ چۆن دەبێ (١٠) ملیۆن هەڵە هەبێت؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم تێبینیەی کاک ئەحمەد، ڕێزم هەیە بۆ لیژنە لەراستیدا وەزارەت لەو پرۆژەیە بەرپرسیار نییە هەمیشە وەزارەتی دارایی کە پرۆژەیەک پێشکەش دەکات دەیدا بە ئەنجوومەنی وەزیران، مەبەستم ئەمەیە ناتوانین بەوەزیر بڵێین بۆ هەڵەت کردووە؟ بەڵام بە خاوەن پرۆژەکە ئەڵێین بۆ هەڵەت کردووە؟!. پرۆژەکەش بە تەئکید هی ئەنجوومەنی وەزیرانە، بە تەئکید وەزیری تایبەتیش، وەزیری داراییە، ئەڵێم گفتوگۆکە روون بێ.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو وەزیری دارایی ئیشوکاری حیساباتەو تەدقیقی هەیە بەو شێوەیە ئیش ناکات، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینیەکەم سەبارەت بە بەشی چوارەمە. لەبەشی چوارەم دا دەڵێ عیجز هەیە لە موازەنەی جاری و لە موازەنەی نەخشەدانان سەبارەت بە لە (٤٤٪) پرسیارەکەم ئەوەیە لە لیژنەی دارایی، هەر لە ئێستاوە بڕیاری داوە عیجز هەیە ئەمە هەڵوێستێکی لیژنەی داراییە باشە لە هەڵوێستی حکومەت هەندێ پارە خەرج دەکرێن مانگی (٤) خەرج کراوە، بۆنموونە لە ناو بودجەی (٩٤)دا مووچەی فەرمانبەران لەمانگێک دووجار دراوە من لەگەڵ ئەوەم نەک فەرمانبەر دەبڵ مووچەی بدرێتێ هەموو مانگ دەبڵ مووچەی بدرێتێ، بەس دوو مووچەکە لە مانگی (٢) دراوە ئەگەر عیجز هەبێت چۆن دەبڵ مووچە دەدرێ؟

حەز دەکەم لیژنەی دارایی ئەو تەبریرەم بۆ بکات، ئەو دوو هەڵوێستە، واتە عیجز هەیەو بۆنموونە هەندێ دەرماڵە قەدەغە دەکرێ هەر ئەوە بوو پرسیارەکەم، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی برادەران هیچیان بۆ نەهێشتمەوە هەموویان باس کرد، دووبارە کردنەوەیشی هەر جوان نییە، بەڵام بە کورتی دەیڵێم، عیجز لە بودجە شتێکی ئاساییە ئەگەر بمانەوێ ئێمە بودجە بەبێ عیجز دابنێین دەبێ هەر بودجە لە بنەڕەتدا دانەنێین، چونکە هەر هەمووی نا جێگیرە، لەپاشان ئەو لە (٢٦٪)ی بودجەی (پ.م) بۆ ژمارە تەماشا کەین گەورەیە و هەندی (١٠) وەزارەتانە ئەگەر بەوەش حیساب بێت ئەندامی پەرلەمان (٤١٠٠) دینار وەردەگرێت (١٠) هەندی فەرمانبەرێک وەردەگرێ ئاخر ئەو ژمارەیە حیساب بکەی، واتە وا دەگرێتەوە، ئەوجا هەندێ ژمارە هەیە پێویست ناکات لە دەرەوە بەراوردی بۆ بکرێت لەوانەیە هی ئەو پێویستی بێت هی یەکێکی کە پێویست نەبێت و سوپاسی لیژنەی دارایی دەکەم بەراستی خۆیان ماندوو کردووە، بەڵام شتەکان حەزم دەکرد بۆ نموونە بەهەڵە (١٥) خاڵی هێناوەتە خوارێ، هەڵە، هەڵە، هەڵە پێویست ناکات، هەڵە لە هەموویدا هەیە، وەزارەتی دارایی ئاگادارکەنەوە ئەو هەڵانەی بۆکردووە، واتە ئەوەندە خۆی ماندوو نەکردبایە بەو هەڵانە، چونکە ئەو حیسابە خۆکۆتایی نییە، دووبارە دەکرێتەوە ئێمە دەیکەین و لیژنەکە دەیکات و هەموو دەیکەن ولەبارەی داهاتی وەزارەتی ئەوقاف و شارەوانییەوە دەڵێ کەمە نازانم، چۆن دەزانی کەمە؟ پێوەرێکی کەممان هەیە، پێوەر چییە هی ئەوان کەمە؟ ئایا هەر ئەو دوو وەزارەتە داهاتیان کەمە یان وەزارەتی تر هەیە؟ لەپاشان کە وەزارەتی تەندروستی (٥٠) ملیۆنە (٣) ملیۆنی خەرج کردووە نازانم ئەمە رەخنە لەویش بگرین کە کەمی خەرج کردووە؟ رەخنە لەیەکێکی تریش بگرین کە زۆری خەرج کردووە؟ باشە بۆ ئێمە هەر چاومان لەرەخنە بێ؟ بەڵکو ئەمە هەموو رێکخراوی مرۆڤایەتی یارمەتی وەزارەتی تەندروستی داوە، دەرمانی هێناوەو پارەکەی خەرج نەکراوە ئەگەر وابێت، دەبێ سوپاسیان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە خۆی گفتوگۆی راپۆرتە وابزانم هەر کاک ئەحمەد باسی بابەتێکی کرد لەوێ زۆر بەسەریدا چوون لەناو راپۆرتەکەدا هەیە ئەویش هەڵەیە لە کۆکردنەوە، خۆزگە وەزارەتی دارایی هی پارتی با تاکو بم توانیبا باشتر رەخنەی لێ بگرم ئەوساکە نەدەوترا نەیخەنە قاڵبی حزبایەتی گەرخوا حەز بکات لێم ناگرن و لێم ببورن، وەزارەتی دارایی وەزارەتی فلس فلسە، دەبێ دیقەت لە حیسابدا هەبێ، دەبێ بزانن هەر فلسەک چۆن خەرج دەکرێ، بەڵام ئەگەر لە کۆکردنەوەدا ملیۆنەک و دوو ملیۆن و سەد هەزار و دەهەزار دینار لێرە دا هەڵە بوو لەوێ هەڵە بوو ئێمەش هەر بیکەینە

راپۆرتەک و هەروەها بیخوێنینەوە و بەسەریدا نەچینەوە وابزانم ئەوە شتێکی سەیرە جا ئەمە بەڵگەی کەمتەرخەمییە، واتە ئەو ژمارانە کەسەک لەسەری تەئکیدی نەکردووە، من ناڵێم وەزیرە، نەخێر ئیشی وەزیر نییە، ئیشی فەرمانبەرە، بۆ ساڵی داهاتوو بیێتە پاڵدەرێک کە ژمارە دێت ژمارەیەکی دروست بێت بە ملیۆنەها هەڵە هەیە، کاک جەمیل هەر بخوێنێتەوە بروات وابزانم ئەوە وا نابێ ئەمە یەک. ئەوی تر بابەتی هەرچەندە جەماعەتی لیژنەش زۆر خۆیان ماندوو کردووە جێگای سوپاس و رێزلێنانن، بەس تەماشام کرد پێشەکیەکەی ئەمساڵ ئینشائی وەکو هی پارە. واتە ئەگەر ساڵەک ئینشایەکی تر هەبێ وابزانم باشتر دەبێ، (تغطیە)ی ئەو هەموو ماندوو بوونەی خۆیان کرد، ئەمە دوو سێ مانگە خەریکن. پرسیارەک ئاراستەی سەرۆکایەتی دەکەم، دەستەی چاودێری دارایی ئەوە چەند جارە دەڵێین با دروست بێت چ هۆیەک هەیە کەوا دانەمەزراوە؟ لەبەرچی هەتا ئێستا دانەمەزراوە؟ ئەمە نزیکی ساڵ ونیوێکە ئێمە باسی دەستەی چاودێری دارایی دەکەین، ئەو پرسیارەم لە دەستەی سەرۆکایەتی بەڕێزە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو برادەرانەی کە ویستیان لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن هەموو قسەی خۆیان کردو تەواو، ئێستا لیژنەی ئابووری با تێبینی خۆی بڵێ، بەڵام ئەگەر لیژنەی ئابووری ماوە بدات دەستەی سەرۆکایەتی یەک پرسیاری هەیە، ئەو پرۆژەیەمان بەپێی پێڕەوی ناوخۆ بەلیژنەی یاسا، لەلیژنەی یاساش باس دەکرێت دیارە دەستەش هەیە: دەستەی رەقابەی دارایی و دەستەی نەخشەکێشانی ناوەندیی، کە هەردوو پێویستن دروست بکرێن، ئێمە هیواداریـن هەر دوو فراکسیۆن زوو ئەم بابەتە باس بکەن و بگەن بە ئەنجامێک و بڕیارێکی لەسەر بدەن هەر کاتێکیش هاتە دەستەی سەرۆکایەتیەوە دەینێرین بۆتان.

تەئکید دەکەین لە برادەرانی هەردوو فراکسیۆن کە لیستەی ناوەکانمان بە پێی ژمارەی کورسییەکان بدەنێ چونکە کێشەمان لەسەر ئەوەیە کە هەریەک لەسەر کورسی خۆی دابنیشێ بۆ ئەوەی لە کۆنترۆڵدا ناوەکان بنووسرێن بەرامبەر هەر دوگمەیەک هەریەک دەستی پێدا دەگرێ وەختێک کە قسە دەکات، چونکە دوایی ئەوە کێشەیەکی گەورەمان بۆ دروست دەکات، تکایە هەر فراکسیۆنێک ناوو ژمارەی کورسی ئەو برادەرە بەرامبەری بنووسێ، رێک بکەون و با ئەوە بیێتە شتێکی کۆتایی چیتر لەمەودوا ئەگەر دەست نرا بەدوگمەدا و قسە نەکرا ئەوە ئەو کاتە گلەییمان لێ نەکەن، هەریەک لە جێگاو لەسەر کورسی خۆی دابنیشێ بەڵکو لە کۆتایی ئەم هەفتەیەدا بەتەواوی ناوی لیستەکانمان لەلایەن فراکسیۆنەکانەوە پێ دەگات.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برای بەڕێزم حازم یوسفی فەرمووی لیژنەی دارایی و ئابووری بەهەڵە چوونە، چۆن وا بەراوردی

وەزارەتی پێشمەرگە دەکەین لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، وەزارەتی پێشمەرگە لەکوێ و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لەکوێ؟ بەڕێز حازم یوسفی ئەگەر بەتەواوی خوێندبایەوە ڕێژەی وەزارەتی پێشمەرگەی وەرگرتووە هی (٩) وەزارەتە لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ وەزارەتەکان (وەزارەتی پەروەردە، ئەشغال ونیشتەجێ کردن، کشتوکاڵ، گواستنەوەو گەیاندن، ڕۆشتنبیری، ئاوەدان کردن ، یارمەتی مرۆڤایەتی ، ئەوقاف، داد) بزانە وەزارەتی پەروەدە چەند مامۆستاو قوتابی هەیە! بزانە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران چی تابعە؟ هەر چەندە زانکۆکان زانکۆی سەلاحەدین، زانکۆی سلێمانی، زانکۆی دهۆک پەیمانگەی هەولێر، سلێمانی، دهۆک ئەوانە هەموویان لەگەڵ فەرمانگەکانی ئامار سەربە ئەنجوومەنی وەزیرانن، دەربارەی بەڕێز ئیبراهیم سەعید فەرمووی ئەم هەڵانە زۆرن، لەڕاستیدا هەڵە زۆرن، زۆر زۆر سەیریشن فەرمووی وەزیر بەرپرس نییە، فەرمانبەر بەرپرسە، نەخێر بەرامبەر پەرلەمان، بەرامبەر لیژنەی پەرلەمانی هەر وەزیرە بەرپرسە وەزیری دارایی، لەوەزارەتی خۆی ئەنجوومەنی وەزیرانیش هەردیسان بەرپرس دەبێ، چونکە پاش گفتوگۆی وەزیری دارایی فەرمانبەرەکانی خۆی پێویستە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وزیران دا بەوردی سەیر بکەن بزانن هیچ هەڵە نیەو؟ دەربارەی ئینشاش فەرمووی هەروەکو ئینشای پارە وگۆڕانکاری تێدانیە. بەڵام هەردیسان باسی موازەنەیە، تەعبیری موازنە هەر تەعبیری موازنەیە پار بێت و ئەمساڵ بێت چۆن شەرحی موازەنە بکەم، موازەنە چییە چ نییە؟ هەر موزانەیە نەک بابەتێکی ترەو، زۆر گۆڕانکاری تێدایە، زۆر پێشکەوتوو ترە لەهی پار و، بەڕێز بەختیار فەرمووی، لەبارەی دابەش کردنی بەپێی جۆرەکان کە دەبوایە بەپێی مادده دابەش نەبووبایە، بەڵکو بەپێی جۆر بوایە، فەرمووی ئایا ئاگاداری وەزارەت بووە یا نەبووە؟ پێشی هەر لە ڕاسپاردەی لیژنەکە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕۆیشتووە دەبێ هەموو بە جۆر بێ لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی بە جۆر نەکردووە، دیسان دەسنیشانمان کردووە ئەو کێشەیە کێشەی وەزارەتە کە چەند حاڵەتە لازمە بیکات، چونکە ئەوە بەخۆی بەپێی یاسا لە بەرژەوەندی وەزارەتە، دەتوانێت ئەو جۆرە چۆن دابەش دەکرێ، فەرمووی لە خاڵی دووەم دا نووسراوە (تم إضافة المبالغ الضرورية لوزارتي الآعمار والداخلية ولم يتم إستبعاد أيه مادة أخرى) فەرمووی کەوا تێی ناگەم.. لام وایە بەڕێز بەختیار دەرچووی حقوقە بەخۆی باش دەزانێ دوو وەزارەت لە بودجەی نەخشەکێشان بۆ وەزارەتی (٤٥) ملیۆن بۆ وەزارەتی (إعمار والتنمية) (١٦٥) ملیۆن و، هیچ بۆی دانەندرا بوو پێش ئەوە بۆیان دانابوو بۆ ئاوەدانکردنەوەی حەوت هەزار وپێنج سەد گوندی کوردستان ئەوە هی تخصیصی، بەس زۆر مەبالغی زیاد هەیە لەو هەردوو بودجە نەیان خواردووە، نەیان گواستووەتەوە، نەیان گەڕاندۆتەوە ڕاستە دەڵێی ئەوە زۆر پێویستە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئەم حەوت هەزارو پێنج سەد گوندە ئاوەدان بکەینەوە، بەس هەندە شتی تر هەنە زیادن، پێویستە هی زیادیش لای ببەن یان کەمی بکەنەوە ئەوەیە مەبەستی ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خانووە گوند نییە، وا نییە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خانووەکانی گوندن بەڵێ، هی گوندەکانی کوردستانن ببورن، بەڕێز ئەیاد فەرمووی لە خاڵەکانی راپۆرتی ئێمە، چۆن سەریان سوڕماوە سەرۆکایەتی دادگای بازگەی دانا نازانن؟ ئەمە لە بودجەی ساڵی رابردوو هیچ نەبوو لەپەرلەمانیش هیچ بڕیارێک دەرنەچووە، راستە ئێمە بەدواداچوونی کێشەی دارایی دەکەین و بەس ئەرکی ئێمە بەفیرۆ چووە، سەرۆکایەتی (دادگای بازگەیی) دروست بووە؟ بێتن ئەو پرسیارە لەوەزیر بکرێ زیاتر ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەر شانی بەڕێز ئەیاد خۆی، چونکە بەخۆی ئەندامی لیژنەی داراییە، ئەو بەخۆی پێویستە زیاتر خەلەلی یاسایی ببینێ زیاتر لە ئێمە تەماشای بکات و ئیستفسار بکات، من ئەوکاتە پرسیار ئاراستە دەکەم کەمتەرخەمیش ناکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئیستفسارەمان نووسیوە زۆرمان پێ سەیرە، چونکە مەفروزە لە پەرلەمانی بەڕێز ئەو بڕیارە دەرچووە پرۆژەکە هاتبا بۆ ئێرە، پرسیاری دووەمی بەڕێز کاک ئەیاد باسی وەزارەتی تەندروستی کرد کە (٥٠) ملیۆن بوو، بۆچی تەنیا سێ ملیۆنی خەرج بووە؟ ئەوە لەوانەیە داوای نەکردبێ، بەخۆشی فەرمووی کە بەخۆی چووە بۆ کویسنجەق خوێن لەوێ نەبووە بزانە واتای چەندە زۆرە و چەند ناتەواوی لەمەوادی پزیشکی لەوەزارەتی تەندروستیدا هەیە، واتا زۆر پێویست بوو ئەو (٥٠) ملیۆنە بۆ ئەو وەزارەتە تەرخان بکرێ، چونکە هەندەک وەزاراتی تر بەشی خۆی تەواو وەرگرتووە ئێمە باش دەزانین چەند نەبوونییە لەبازاڕا باری ژیانی خەڵک چۆنە بۆ دەرمان و بۆ بازاڕی رەش. دەربارەی وەزارەتی پیشەسازی و وزە فەرمووی ئەو یاسای تایبەتی هەیە ڕێژەی قازانج(٤٠٪) لەکاتی مەلەکیەوە هەبووە، بەعسی فاشیست کردوویەتی بە (٨٥٪) ئەوە یاسای تایبەتی ڕێژەی قازانج هەیە چۆن ڕێژەی قازانج دابەش دەکرێ، فەرمووی بەڕێوەبەری گشتی نەخشەکێشان کە وەزارەتی دارایی پرسیاری لێ کردبێ یان پرسیاری لێ نەکردبێ ئەوە ئیشی لیژنەی دارایی نییە، بەڵێ هەرچی خەلەلێک یان هەرچی ناتەواوییەک هەبێت، ئێمە موکەلەفین ئەو شتە بزانین ناتەواوی لە کوێ یە یان خەلەلی لەکوێ یە؟ یان ڕێگای راستیان نیشان دەین تاکو بودجەی کوردستان هی نەخشەکێشان بەشێوەیەکی زۆر ڕێکوپێک دروست ببێ و لەراستیدا لە جێگای ڕەزامەندی کوردستان بێت، هەروەها هەمان پرسیار د.رزگار (د.قاسم) فەرمووی ئەڵێم ئەوە ئەرکی ئێمە نییە، بەڵێ هەموو پێداچوونەوەیەک ئەرکی ئێمەیە، ئێمە پێویستە چاودێریی بکەین و لەوانەیە وەزیرێک شتەک نەزانێ یان خۆی لێ لابدات لە هەندێ ڕێگای راست، لازمە ئێمە ئەو ڕێگایە راستە بزانین، ئەمە و ناتەواوی چیبیە هەر ناتەواوییەک بێت لازمە بڵێین بۆ ئەم ناتەواوییە بووە؟ پرسیاریشمان کردووە لە بەڕێوەبەری گشتی نەخشەکێشانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کەهیچ پرسیاریان لەوان نەکردووە بەڵام بۆ پارەی

خەرج کردن کە پرۆژەیەک پێویستیەتی پرسیار دەکەن ئایا سەرف بێت یا نەبێت؟ پێویستە بۆ نەخشەکێشان کاتی بودجە دادەنێت لە هەموو دەولەتەکاندا چ ئەنجوومەنی نەخشەکێشان بێ یان وەزارەتی نەخشەکێشان بێت هەردووکیانمان نییە، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەکێشانمان هەیە، پێویست بوو پرسیار لەوان کرابایە، بەڕێزعەبدولخالق زەنگەنە فەرمووی کەمکردنەوەی عیجز ئەمە مەفروزە کەم ببێ و هێڵی بۆ دابنرێ، لە راستیدا ئێمە زۆر هەوڵمان داوە زۆر پارەمان کەم کردۆتەوە تاوەکو ئەو عیجزە کەم ببێ، یاسای سەندووقی دووەلی جیهانی عیجزی ئەو وڵاتە زۆر زۆر بێت هەر سولفەی پێ نادەن، دەبێ جارێکی تر دووبارە سەیری بودجەی خۆی بکات ئەو بودجەیە ئایا بودجەیەکی ئیستهلاکی و تصلیحە یان بودجەیەکی ئاوەدان کردنەوە و بودجەیەکی رۆشنبیری و پەروەردەییە؟ هەندێک تەناقض لە قسەی بەڕێز عەبدولخالق زەنگەنەدا هەبوو، فەرمووی پێویستە پەروەردە، کشتوکاڵ، تەندروستی گرنگییان پێ بدرێ، ئێمەش هەروامان دەوێ، دەبێ پەروەردە، کشتوکاڵ، تەندروستی گرنگییان پێ بدرێ ئەگەر سەیری خشتە بکرێ و بکاتِ دەزانیت بۆ پەروەردە زیاد بووە یان کەم بووە، بەڵام باسی ئەشغال و نیشتەجێ کردنی نەکرد باسی ئاوەدان کردنەوەی نەکرد کە خۆی فەرمووی کوردستان کاول بووە ئایا کاول بووە بەچی ئاوەدان دەکاتەوە و بەچی ئاوەدانی دەکەینەوە؟ جگە لەوەش بەخۆی فەرمووی عیجز زۆر لازمە ئەو عیجزە نەمێنێ فەرمووی من زۆر سەرسوڕماوم هیچ مەبلەغێک دانەندراوە بۆ کوردەکانی کە دەربەدەر دەبن و هیچ پارەیەکیش بۆ برادەرانی عەرەب ئەوانەی دەربەدەر بوونە تەرخان نەکراوە، ئەو پرسیارەش ئەگەر هەبێ ئەو پرسیارە لە ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی دەکەین، هەروەها ئایا وە فرمان هەیە؟ ئەگەر وەفرمان هەیە نەک بەس برادەرانی ئێمە کاتێ ئاوارە دەبن یان برادەرانی عەرەب کاتێ رادەکەن لە رژێم لەوانەیە ئەگەر وەفر هەبێ یارمەتی سۆماڵیش دەدەین، بەڵام ئایا وەفرمان هەیە؟ دەربارەی وەزارەتی تەندروستیەوە فەرمووی زۆر یارمەتی وەرگرتووە کە بەڕێزی یەکێکە لەم کۆمەڵەو کە سەیر بکات وەزارەتی تەندروستی هیچ پێویستی یەکانی خۆی وەرنەگرتووە بزانین چەند فەترە وەری دەگرێ تا منداڵێک سرەی بێت بۆ عەمەلیات ساڵێک، ساڵ و نیوێک چەند ئەکات بزانین لە بازاڕی رەش دەرمان چی لێ هاتووە لە کوردستاندا، لەبەرئەوە کاتێ من گوتم (٥٠) ملیۆن تەرخان بوو بۆ ئەوە، بەڵام(٣) ملیۆنی بەتەنیا بۆی خەرج بووە مەستمان ئەوەیە، کاتێ ئێمە مەبلەغێک تەرخان دەکەن کە لە تواناداا بێت و لەراستیدا وەزارە دارایی موکەلەفە بە دانی ئەو پارەیە نەک بەس موجەرەد دانانی ژمارەو لێرەش پەسەندی ئەکەین، بەڵام پاش ئەوە ئەیداتێ. بەڕێز شێروان حەیدەری فەرمووی کە خۆی عیجزی هەیە و چۆن ئەمە دوو سێ مانگە چۆن خەرجیان کردووە و ئەم عیجزە چۆن دەبێت؟ ئەم پرسیارە ئاراستەی لیژنەی دارایی بێتئەوەی خەرج بوو. دەربارەی مووچە فەرمووی مووچەی موقەنە نە عیجزیش هەبێت دەوڵەت قەرزیش بکاتن هەر ئەیداتن لەبەرئەوە لەبارەی مووچە چ گرفت نییە، ئەوە یاسای دی هەیە، بەڕێز د.سەلاحەدین حەفید فەرمووی هەروەکی فکرەی ئێمە پەیوەندی هەبێت لەنێوان وەزارەتی دارایی و

دەستەکانی نەخشەکێشان بۆ دانانی بودجەی پلان، راستە ئەگەر وەزارەتی نەخشەکێشان و دەستەکانی نەخشەکێشانمان نییە، بەلام بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەکێشان لە ئەنجوومەنی وەزیراندا هەیە پێویستە ئەم گفتوگۆیە ئەوان دانیشتنبان و یەک بەیەک هەر وەزارەتە چەند بەشی ئەکات بۆی تەرخان بکات و، پێویستی بەنەخشەکێشانیش هەیە بۆ ساڵێک (٥) ساڵ وەلەو بودجەیەدا ئەوە ساڵێکە مەفروزە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەکیشان لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دانیشتبان و ئەم بودجەیەی نەخشەیان دانابایە، فەرمووی لە هەموو بودجەیەک عیجز شتێکی زۆر ئاساییە عیجز پێویستە رادەی ماقوولیەتی تێدا بێت عیجز نابێ برێکی زۆر زۆر خەیالی بێت، هەروەها فەرمووی سەیری رێژە بکەین و بەراوردی رێژە بکەین فەرمووی ماقوول نییە. بەڕێز بۆ خۆشی مامۆستای زانکۆیە، کاتی تەحلیلی شتێ بکەی هەر موئەشراتی ئاماری دەری ئەکەی، بەموئەشراتی زانستی دەری ئەکەی بۆچی هەر لەسەر رێژە دەری ئەکەی؟ کەواتە رێژە شتێکی زۆر زۆر پێویستە بۆ هەر بەشێک بۆ هەر راپۆرتێک و هەمیشە یەکێک ناتوانێت هەر (١٠٠) لاپەڕە بخوێنێتەوە لاپەڕەی دوایی کورتەکەی دەبێت، هەر رێژەیەک چەندی وەرگرتووە ئایا ئەو رێژەیە ماقولە یان ماقول نییە؟ رێژە شتێکی زۆر زۆر ماقولە. باسی وەزارەتی (پ.م)ی کرد وتی ئەمە بریارێکی سیاسییەو هەرچی بریارێکی هەبێت هەر خاضعە لێرە بۆ فەرمانەکانی پەرلەمان بەخۆشی هەر پرسیاری کرد ئایا چاودێری دارایی سەیری ئەوانیان کردووە؟ سەیری مووچەیان کردووە؟ یان خشتەی مووچە؟ لێرە بێگومان دەڵێین نەرەقابەی دارایی و نە وەزارەتی داریی و چاودێری دارایی لەوەزارەتی دارایی تەواو نین، چۆن سەیری خشتەکانی مووچە بکات و زۆربەی وەحەداتیش هەر خشتەکانی مووچەی تێدا نییە، کاتێ ئێمە سەیری وەزارەتی پێشمەرگە دەکەین سەردانمان هەیە بۆ چەند وەحداتی (پ.م) ئەزانین مەوجودی فیعلی چەند لەوێ دەبینێت؟ هەر فەوجە (٧)کەس دەبینی (١٠) دەبینی مەقەری لیوا پانزە بیست کەسی لێ دەبینی، ئێمە دەزانین راستیەکەی چەندە، بەڕێزی فەرمووی ئەم راسپاردانەی لیژنەی دارایی ماقولن یان ماقول نین؟ بەڕێز دکتۆر سەلاحەدین حەفید هەر پاریش جەنابت وەزیری دارایی بووی زۆربەی زۆری ئەو راسپاردانەت پێشکەش بەوەزارەتی دارایی کردبوو لەگەڵ موازنەی ساڵی ١٩٩٣، بەلام ئەگەر وەزارەت سەرکەوتوو نەبوو بۆ جێبەجێ کردنی ئەو راسپاردانە، هەر بۆ خزمەتی هەرێمی کوردستانە هیوامان ئەوەیە ئەمساڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری بتوانێت و سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی هەرێمی کوردستان و ئەو عیجزە کەم بێت و زیاتر کۆنترۆڵ ببی لەسەر کاروباری دارایی و پێویستیەکانی وەزارەتەکان زیاتر جێبەجێ بێن. بەڕێز ئەحمەد بامەرنی فەرمووی ئەم هەلانە لەوەزارەتی دارایی یان هەموو وەزارەتەکانە؟ هەڵە لەوەزارەتی دارایی بۆ خۆشی هاتووە و لە هەموو وەزارەتەکانی تریش هاتووە. لەراستیدا ئەمە زۆر شتێکی سەیرە پێویستە وەزارەتی دارایی بە وردی سەیری کردبا کە بودجەی عالەم هەمووی رادەی سەنت نابێت، یەک سەنت، چۆن بۆ خۆی موازنەیە، موازنە نابێ بودجەی ملیمێک، فلسێک یان سەنتێک لە

جێگایەک هەڵەی هەبێت. هەروەها پێویستە ئەنجوومەنی وەزیرانیش بەتەواوی گفتوگۆی بکردبایە و هەرچی خەلەلێک هەبا چاکمان کردبا و بەوردی پاشان بۆ ئێمەیان ناردبا. بەڕێز سەید حەسەن فـەرمـووی نابێ بەراوردی وەزارەتی (پ.م) بکەی لەگـەڵ وەزاراتی تر! بۆ نابێت؟ فـەرمـووی مووچەی پەرلەمان چەندەو مووچەی یەکێکی تر چییە؟ خۆ ئێمە ئەیزانین مووچەی (پ.م) چەندەو مـووچەی پۆلیس چەندە و ئێـمـەش نەهاتووینە ئێـرە بۆ گـفـتـوگـۆی مـووچە؟ ئەگـەریش جەنابی قەناعەتی نایە بە مـووچەی پەرلەمان ئەتوانێت وەری نەگرێت یان پرۆژە پێشکەش بکات. بۆ ئەم بڕگەیە دەبێ ئێمە سەیری ڕێژەکانیش بکەین نابێ وەزارەتێ هەمووی وەربگرێت. کوردستان چەند پێویستی بە کشتوکاڵە، کوردستان چەند پێویستی بە ئاوەدانکردنەوەو ئەشغال و نیشتەجێکردن و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانە. کوردستان چەند پێویستی بە ساغلەمیە؟ وەکو هەندێ نەخۆشی بڵاو بوونەوەتەوە چەند ساڵە هیچ قوتابخانە لەگوندێکی کوردستان نەماوە. باری گران بووە، پەروەدە زۆر زۆر دواکەتووە. ڕۆشنبیری کەمە، پێویستە چەند قوتابخانەیەک لە گوندەکانی کوردستان بکرێنەوە. پرۆگرامی خوێندن ئێستا هی پەروەردەیە چەند پێویستی بە گۆڕین و شۆڕشێکی تەواوە، واتە پێش هەمو شتێک کە زۆر جار ڕەخنە ئاراستەی ئێمە دەکرێت ئەڵێت ئێوە نەتان توانیوە خوێندنی پۆلی یەکەم یان پۆلی دووەم بگۆڕن، یان ئێستا چەند ئەو بیروباوەڕی حزبی بەعس لەهەندێ کتێب دا ماون پێویستە ئەوە هەمووی بێتە گۆڕین، کە شۆڕشێکی زۆر زۆر دەبێتن کە ئەوەش پێویستی بە پارەیە، هەروەها باسی وەزارەتی تەندروستی کرد وتی (٥٠) ملیۆنی بۆ تەرخان بووە، بەڵام سێ ملیۆن و کسور خەرج کراوە پێویستە کاتێ پارە تەرخان بیێتن لەوەزارەتی دارایی بۆ خۆی هاتبوو وەزارەتی دارایی موکەلەفە بە تەمویلی ئەو پارەیە و هیچ ڕێکخراوێکیش نەیتوانیوە پێویستیەکانی وەزارەتی تەندروستی جێبەجێ بکات بەتەواوی ئێوەش هەمووتان ئەزانن چەند ناتەواوی زۆرە دەربارەی واریدات.هەروەها بەڕێز سەید حەسەن فەرمووی ئێوە چۆن دەڵێن ئەو وەزارەتە واریداتی کەمە، خشتەی واریداتی تێدایە، سەیری خشتەی واریدات کەی دەزانی کەمە یان نا؟ و دوا ڕاش هی ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاستان دەکەین بۆ ئەو روون کردنەوانە، ماوەتەوە ئەم ڕاپۆرتە پەسەند بکرێت. داواشمان وایە لە لیژنەی یاسایی کە روونکردنەوەیەکمان لەبارەی سەرۆکایەتیەی دادگای گومرگەوە پێشکەش بکەن، فەرموون.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی من دوو خاڵم هەیە پەیوەندی بە لیژنەی یاساوە هەیە، ئەگەر برادەرانی لیژنەی یاسا روخسەتم بدەن یەک سەبارەت بە ئەو دادگایەی گومرکیبیەوە. دادگای گومرگی لەراستیدا ئێمە لە

یاسای وەزارەتی دارایی دامان نەناوە، بەس ئێمە یاسای عێراقیمان هەڵوەشاندوەتەوە لە یاسای عێراقیدا عادەتەن بەڕێوەبەری گشتیی گومرگی، یان بەڕێوەبەرەکانی ناوچەکان دانراوە، ئەوەی من بیزانم تەخویلی هەندێ دەسەڵاتی جەزائی دەکەن بۆ موکافحەی گومرگی، بۆ ئەوەی کە قەچاخچییەتی دەکات و تەهریب دەکات سزای بدەن. ئنجا تەبیعی لێرە ئەوان ناویان ناوە، دادگای گومرگی، ئەمە لەیاساکەدا نییە بەس لە یاسای عێراقیدا بە تەئکید هەیە، و یاسای عێراقیش هەڵنەوەشێنراوەتەوە لەوانەیە مەبەست ئەوە بێ. لەبەر ئەوە پار نەیان بووە، ئێستا تەبیعی ئەوە ئەبێ ئەو پرسیارە لە وەزیری دارایی بکات ئەوە خاڵی یەکەم، دووەم هەمان پرسیاری کاک ئیبراهیم سەعید ئەویش هەر پەیوەندی بەلیژنەی یاساوە هەیە لەبارەی پرۆژەی دیوانی چاودێری گشتی دارایی ئێمە هەروەکو لیژنەی یاسا ماوەیەک پێش ئێستا پرۆژەی چاودێری دارایی گشتیمان بۆ هات و ئاسایی برادەرانیش بەروحێکی فراوانەوە وەریان گرت، بەڵام داوایان لێ کردین کەوا پرس بە مەکتەبی سیاسی ئەو لایەنە بکەن لیستەی سەوز رای چۆنە؟ دیارە تا ئێستا وەڵامیان وەرنەگرتووە من خۆم دووجار پەیوەندیم بە بەڕێز کاک د.کەمالەوە کرد لەبارەی ئەم بابەتەوە کە تا ئێستا ماوە لە لیژنەی یاسای، تەنیا بۆ زانیاری برادەران دیارم خست. خاڵێکی ترم هەیە ئەگەر لێم ببورن ئەو پرسیارەی کە کاک شێروان کردی لە کاک جەمیل هی بابەتی مووچە دان لەکاتێکدا کە عەجز هەیە بە بڕوای من ئەبێ وەڵامەکەی وەزیری دارایی بیداتەوە ئەوە چۆن خەرجی کردووە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ بابەتی دادگای باڵای گومرگیی خراپ نەبوو ئەگەر لیژنەی یاسا تەماشایەکمان بۆ بکات، بۆ دانیشتنی ئایندە رایەکمان بۆ بێنن کە بزانن لە دەسەڵاتی وەزارەتی داراییە، یا لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری گشتیی گومرگە، فەرموو کاک حازم.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر هەندەک تێبینی لیژنەی دارایی بۆچوونی هەیە، دیسان ئەوە دووبارە دەکەمەوەو دەڵێم بە شێوەی بەراورد کردن، ئێمە راستە دەکرێت بەراورد لەنێوان وەزارەتێک و وەزارەتێکی کە بکەین وەزارەتی (پ.م) لەگەڵ هەر وەزارەتێکی کەدا، بەڵام کە ئێمە ئەڵێین نابێ بەراوردی بکەین مەبەستمان ئەوەیە کە هەندەک وەزارەت جیاوازی لەگەڵ هەندێ وەزارەتی ترهەیە، ئێمە نابێ بە ژمارە سەیری وەزارەتی (پ.م )و وەزارەتی داد وەکو یەک بکەین، بە ژمارەیش سەیری وەزارەتی ناوخۆ و، وەزارەتی رۆشنبیری بکەین. بەژمارە سەیری وەزارەتی یارمەتی بکەین. ئیشێکی زۆر ئاساییە کە وەزارەتی (پ.م )چەند جار لە وەزارەتی یارمەتیدان پێویستی بەپارەو بە بودجە هەیە، مەبەستمان ئەوەیە و ئەگەر سەیریش بکەین سەبارەت بە حکومەتی ئێمە دوو سێ وەزارەتی

سەرەکیمان هەیە کەبەراستی دەبێ ئێمە نەک هەر بڵێین دەبێت پارەکە هەر بۆ ئەوان بێت. وەزارەتی (پ.م)، ناوخۆ، پەروەردە، بنچینە دەبێ ئێمە زیاتر جەخت لەسەر ئەوە بکەین و ئەو ژمارانەی کە حیساب کراون، بەبۆچوونی من وەکو د.سەلاح ئاماژەی پێ کرد هەموو بە دوور و درێژی حیساب کراوە (پ.م) مووچەی چەندە، مانگانە و ساڵانەیان چەندن؟ وەکو یەکە، چەند دەکات؟ دوای ئەوە بەڕێز کاک جەمیل دەڵێ من سەیری بارەگاکانم کردووە هیچی تێدا نەبوو لە وەڵامدا ئەڵێم، ئەوە چارە نییە تۆ بودجەکە کەم کەی وەڵلا ئەوەی چوارکەسی تێدا بوو ئەو کاتە ئەویش ناچێ ئەویش دەچێ لە ماڵی خۆی دادەنیشێ ئەوە کردەوەی تر هەیە. دەبێ من وەکو پەرلەمان چاودێری وەزارەتی (پ.م) بکەم چۆن جێبەجێی دەکات؟ لەسەرەتاشدا باسم کرد وگوتم دەبێ پرسمان پێ کردبا چۆن خەرجت کردووە ساڵی پێشوو. بۆ هەتا ئێستا جلی رەسمیمان نییە؟ ئەوە چارەسەری ئەوە نییە من بودجە کەم بکەنەوە. چونکە کەس لە بارەگاکان دەوام ناکات لە سەنگەر و لە شوێنەکانیاندا نین چارەسەر ئەوەیە من بێم لەگەڵ وەزارەتی (پ.م) ئەوە بکەم دوایی مەسەلەی عجزیش، عجزی کە وتیان شتێکی ئاساییە، کردەوەی تر هەیە کە بتوانین چارەسەری عجزی پێ بکەین و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم ئەم بابەتانە روون بوونەوە، هەردوولا بۆچوونی خۆیان دەربڕی دەربارەی ئەو تێبینییانەی کەوا هەیان بوو و ئەوەندەش پێویست ناکات گفتوگۆی لەسەر ریزە بکەن، بەراوردی بکەن یان نەکەن ئەمە کێشە نییە، لە هەموو دونیادا هەروایە، من ئەو رۆژە شتێکم خوێندەوە ئەڵێ وەزارەتی بەرگری بودجەکەی لە (٧٪)ی وزارەتی پەروەردەیە ئەوە لە یابان و ئەڵێ هەر دکتۆرێک بەرامبەر یەک سەربازە واتە خەڵک بەراورد ئەکات، گرنگ ئەوە نییە ئێمە گرنگی بدەین بەم وەزارەتە یان بەو وەزارەتە یان بارودۆخ وادەخوازێ ئەوە شتێکی ئاساییە، وای بۆ دەچم ئێمە لەسەر ئەو رێژەیە راناوەستین، ئەوە تەنیا وەکو لەسەرەتا وتم رێژە دانراوە بۆ سەرنج راکێشان و هەقە ئەندامانی پەرلەمان بزانن کە وەزارەتی (پ.م) یا چ وەزارەتێک پشکی شێری (حصـة الأسـد)ی هەیە لەبودجەکەدا، گرنگە یان گرنگ نییە ئەوە بابەتێکی ترە، پشکی شێریش کەدانراوە بێگومان لەوێدا گفتوگۆی لەسەر کراوە واتا لە ئەنجوومەنی وەزیران، لێرەشدا گفتوگۆ ئەکرێتەوە، کەم ئەکرێ یان زۆر ئەکرێ، ئەمە شتێکی ترە، بەڵام نیشاندانی ئەمانە زۆر زۆر پێویستە و دەبێ پلەی گرنگی وەزارەت و بودجەکەشی لەسەر ئەو بنەڕەتە دیاری بکرێ، گرنگ ئەوەیە وەکو وتم ئەوەندە نابێ بە کێشە لەسەر (٢٥) یان (٢٦) یان (٢٧) هەمیشە هەر وایە لە هەموو دنیادا وەزارەتی بەرگری یان وەزارەتێکی کە پەیوەندی بەو شتەوە هەبێت یەکەم شت دێت، وەزارەتێکی نا بەرهەمییە، عادەتەن وادێت لە یاسا ئابووریەکان دا ئەڵێن دەبابەیەک گوللەی لێدە دەتەقێ، بەڵام کە کارگەیەک دائەنرێ، کەس حیسابی ئەوە ناکات کە دەبابەیەک بەرگری لێ دەکات یا کە ئەگەر

تووشی کێشەیەک بین دوایی کارگەکەش ئەسووتێ، تکایە تەرکیز لەسەر ئەو بابەتانە بکەن تەنیا لەو حاڵەتەی کە هاتووە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئیزافاتم هەیە بۆ راسپاردەکان من باسی کارگەکانم کرد، وتم بۆ ئیدارەی کارگەکان، هاوبەشی و کەرتی تایبەتی هەبێت. نەک کارگەکان بفرۆشرێن بۆ ئەو لایەنە پێشنیارێکی ترم هەیە لەبارەی گەرەکی پیشەسازی و عەردەکانی وەزارەتی شارەوانیەکان، پێشنیارەکەم ئەوەیە کە بفرۆشرێن بکرێن بەپارە، پارەکە ئیستثمار بکرێت گەلێ قازانجی ولاتەکەمانی تێدایە وەکو لەوەی وا بمێنێتەوە. پێشنیازێکی ترم هەیە لەراستیدا خۆشیان باسیان کردووە کە چاو بە باجەکان و رسووم بخشێنرێتەوەو برێک باج زیاد بکرێت ئەوە خۆشیان باسیان کردووە، دوای ئەوە پێشنیازێک سەبارەت بە هەڵمەتی کۆمەک لە دەرەوە کەباسم کرد ئەوەش هەر پێشنیازە کە ئێمە نیو میلۆن کەسمان هەیە بتوانێ هەریەکی (١٠) دۆلار بدات کە رادەی کەمی ژەمێک خواردنە، بزانین بڕەپارەکە چەندە، بەداخەوە ساڵێکە هیچ نەکراوە بۆ ئەوە. پێشنیارێکی ترم هەیە کە ئەمەش چەند جارێ باس کراوە. ئەویش ئەوەیە یاسایەک دابنێین یاسای (من این لك هذا؟)، چونکە هەموومان ئەزانین پێش راپەرین زۆر کەس سواڵکەر بووە هیچی نەبووە ئێستا بۆتە مافیایەکی کە هەرنەک خۆی دەوڵەمەند بووە، بەڵام بۆتە کۆسپ لەبەردەم پێشکەوتنی کوردستان و هەمووما ئەیان ناسین و ئەمەش پێشنیارەکەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم جۆرە پێشنیارانە هەمووی بەراستی پێشنیاری بەنرخن، من وای بۆ دەچم لە گفتوگۆکردنی یاسای بودجەدا ئەوپێشنیارانە هەقە کە بەجیا بیانکەین بابرادەران پرۆژەی پێویست پێشکەش بکەن، لەراستیدا هەمووی بەنرخن، ببەسترێنەوە بەگفتوگۆی بودجەوە لەوەیە تۆزێ جێگای خۆی نەبێت، پێشنیارەکانمان لەسەر ئەو راسپاردانە وئەو پێشنیارانەی لیژنەکەیەو ئەگەر شتێ هەبێ پەیوەندی بەبودجەکەوە هەبێت من وای بۆ دەچم ئەگەر کاک د. سەلاحەدین کە لەگەڵ برادەرانی تر هەمان رایان هەیە با ئەو پێشنیارانە دیراسەت بکەن و وەکو پرۆژەیەک بیدەن بە پەرلەمان، پاشانیش ئێمە چۆن پێشنیازی تر تەبەنی ئەکەین ئەمانەش ئاوا تەبەنی دەکەین.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەسەر راسپاردە و پێشنیارەکانتان چەندان تێبینیم هەیە، یەکەمیان دامەزراندنی دیوان یان دەستەی چاودێری دارایی، ئەو برگەیەو ئەو راسپاردەیە ناگونجێت لەگەڵ برگەی(٣)دا، چونکە خۆی ئەرکی ئەو دیوانە یان ئەو دەستەیە کەم کردنەوەی خەرج و تەقەشوفە، یان چاودێری خەرج

کردن دەکات، واتە کە چاودێری خەرجی کرد ئەو کاتی خەرجەکە دیاریکراو دەبێت و سەبارەت بە ئەوەش بەڕێز کاک عەدنان باسی کرد خۆی ڕێککەوتنەکەوا بوو کە هەردوو فراکسیۆنی سەرەکی لەپەرلەمان لەسەر شێوەی دەستەکە ڕێک بکەون، چونکە (٣) بۆچوون هەنە، بۆچوونێک هەیە دەبەستریتەوە بەپەرلەمان یان دەستەی یاسادانانەوە، بۆچوونێکی دیکە کە بیەستریتەوە بە بالاترین دەستەی جێبەجێکردنەوە، یەکێکی تر هەیە ڕاستەوخۆ دەبەستریتەوە بە دەستەی جێبەجێکردنەوە. بۆیە ئەو مەسەلەیە جارێ تا ئێستا حەسم نەکراوە، دووەم تێبینی لەسەر برگەی (٢) کە باسی ئەوە دەکرێ دابینی پەیوەندییەکان پێویستە بکرێت ئێستا ئەوەی تەمویلی وەزارات بەمەسەلەی دیکە بکرێت ئایا ئەو مەسەلەیە تائێستا ڕوویداوە؟ واتە مووچە کە ئیعتبار دەکرێت موقەنەنە نابێ موناقەلەی لێ بکرێت. ئایا ئەو شتە ڕوویداوە تائێستا ؟ وەکو لیژنەی دارایی ئەوپرسیارە دەکەم و پێویست بوو. سەبارەت بە برگەی (٣)یەم کە ڕێنمایی موشەددەدە سەبارەت بە تەقییدی خەرج کردن و ئەوانە هەر وەزارەتێک پابەندە بە بودجەیەکی ڕاست و پەسەندکراو کە لەپەرلەمانەوە دەرچووبێ ئەوانیش هەڵدەستن بە جێبەجێکردنی ئەو بودجەیە لە تەوەفری سیولە من زۆرم پێ باش بوو کە لیژنەی دارایی داوای جیهازی جێبەجێکردنی بکردبا بە مصروفاتی پارەکەیان و ئەو شتانەی کە زیادات هەیەو تەقەشوفی تێدا نەکراوە، یاخود تەجاوزی هەندێ ڕادەی ماقول کراوە ئەوانەیان دیاری بکردبایە، ولێرە شایستەی ئەوەبوو کە گفتوگۆی لەسەر بکرابایە. لە برگەی (٤) کەباسی (سيارات فخمة) دەکات من نازانم پێم وایە زاراوەکە هێندە ورد نییە ئەگەر بکرێت بە ئۆتۆمبیلی (صالون فخمة) و لیژنەی دەتوانێ ئەوەی تەرخان کراوە بۆ ئۆتۆمبیلی صالون بیخاتە سەر تخصیصات وئامێر و مەکینە و موعەددات هەر لە هەمان بودجەدا بۆ ئەوەی لەوێ دەستیان ببەستریتەوە لەو مەسەلەیە (پێنجەم) کەباسی تەخمینی ئیدارە دەکرێت من بەڕاستی پێم سەیرە، واتە هەتا ئێستا لیژنەی دارایی بەڕاسپاردەکانی خۆی نە داوای لە ئەنجوومەنی وەزیران و، نە لە وەزارەتی دارایی کردووە بۆ چەسپاندنی میلاکات لەگەڵ دیاری کردنی پلە تایبەتیەکان هەروەها لەگەڵ دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی کارگوزاریی بۆ ئەوەی چاو بە میلاکاتی هەرێمی کوردستاندا بخشێنێتەوە و فائض و موناقەلەی زیادەکان بکرێنە سەر وەزارەتی نوێ یاخود بڕیارێک بدرێت بە دیاری کردنی دامەزراندن (تەعینات) کە پێویست ناکات، پێم وایە لە سنووری (٢٠) تا (٢٢) هەزار کارمەند (زیادمان) هەیە ئێمە لە کوردستان لە فەرمانبەران و هەتا پێویست بوو پێشنیاریان بکردبایە کە تەشریعێک لەپەرلەمان دەربچێ سەبارەت بە نیوە مووچە زۆر وڵات هەیە لە کاتی قەیرانی داراییدا زۆر لە فەرمانبەرەکانی تەسریح دەکات و، نیو مووچەیان دەداتێ، هەرچەندە لەوڵاتانی کە هەیە ئەگەر ضمان نەبێت هەر تەسریح دەکرێت بەیەکجاری، بەڵام ئەو شتە من سەبارەت بە خۆم بەجائیزی نازانم، چونکە هەندێ کێشە دروست دەکات. (٦) کەباسی ئەوە دەکرێ (العمل على زيادة إيرادات الميزانية) من پێم وایە مەسەلەی لە عیبارەتەکەدا هاتووە (من خلال إعادة النظر) چاوپێدا خشاندنەوەکە دەبوایە هەندێک ورد تر

بوايه، (وذلك بسن قوانين جديدة بذلك)، چونكه مەسەلەی باج و رسوم پێویستە بە یاسایەكی تایبەتی بكرێت، جا ئەوەش باشە ئەگەر لیژنەی دارایی هەندێ دەوری خۆی ببینێ لەو لایەنەدا كە پاڵەپەستۆیەك بخاتە سەر وەزارەتی دارایی بۆ ئەوەی چاو بە مەسەلەی باج و رسوومدا بخشێنێتەوە كە لە كۆماری عێراق دانراوە لەسەر بنەڕەتی ئەوە بوو كەدەوڵەتێكی بەرهەم هێنەرە دەوڵەتێكی نەوتییە و ئەو مەسەلانە زۆر رەمزی بوون و یەكێك بووە لەو دەوڵەتانەی كە پشتیان بە باج و رسوم نەبەستووە، ئێمە ئیستاكە ئەگەر تێبینی باری خۆمان بكەین زۆربەی ئیعتمادمان و زۆبەی داهاتمان هەمووی لە باج و رسوومە. (٩) كە هاتووە دەڵێ (طلب مساعدات والقروض من منظمات عالمية و بدون فوائد) بەراستی ئەوەشم لا سەیرە ئێمە یاخوا مساعەداتمان بدەنێ جا فەوائیدەكانیش یا فائیدەیەكی ئاسایی كە ناسراو بێت لەسەر ئاستی جیهانی هەر باشە، واتە ئێمە مەرجەكان دیاری ناكەین ئەوان مەرجەكانی خۆیان دیاری دەكەن، چونكە ئێمە داواكارین ئەوان دەمان دەنێ. لەبڕگە (١٠) لە (٢)دا هاتووە كەباسی ئەوە دەكات، (وكذلك مساهمة الحكومة في المواد الغذائية و منافسة المستغلين في السوق) من هەر هێندە دەڵێم ( فاقد الشيئ لا يعطيه) لەبڕگە (ب) (تشجيع الهجرة المعاكسة وتأمين مستلزمات...الخ) كە هاتووە ئەو مەسەلەیە بەراستی رەكیكە و ناكرێت، واتە خۆ راستە ئەوە پێشنیارێكی زۆر باشە، بەلام ئەوە بە توانای حكومەتێكی گەورە دەكرێ كە توانای ماددی هەبێت بتوانێت دەستی یارمەتی درێژ بكات بۆ خەڵكی دێهاتەكان و خەڵكی گوندەكان تاكو بگەرێنەوە سەر گوندەكانی خۆیان، خەڵك هەیە توانای ماددی ئەوەلی نییە پیكەبێك بۆ كەل وپەلی ناو ماڵەكەی بكرێ پێی بگەرێتەوە گوندەكەی خۆی، بێ لەوەی كە توانای ئەوەی نییە دوو كارێتەی بنمیچی خانووەكەی خۆی بكرێ (ج) (التوجه الى مجتمع يتحلى) بەراستی ئەوە چارەسەركردنی و نەكردنی بەندە بە باری ئابووری نەک بەئارەزووەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

تكایە پێشنیارەكان بخەنە دەروازەی بودجەوە واتە پەیوەندی بە بودجەوە هەبێت.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەوەش هەر بۆ راسپاردەیە ئەگەر ئیجازە بدەن بۆ بڕگە (٢) روونی دەكەمەوە هۆی چییە؟.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەزانم، بەلام ئەو پێشنیارانەی پارچە زەویەكان پەیوەندیی بە بودجەی ئێمەوە هەیە؟ حەزدەكەم ئەو پێشنیارانە وەكو وتمان كاك سەلاحیش هەندێ پێشنیاری هەبوو وتمان ئەوانە بەجیا پێشكەش بكەن، ئەگەر هەیە نەک لێرە چونكە جێگەی لە بودجەدا نابێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

ئەوانەی کە هاتوون بۆ تەوفیری سیولەی نەقدییە ئەو پێشنیارانەی لیژنەی دارایی. واتە ئەوەش بۆ ئەوەیە. بۆ نموونە کـەمن دەڵـێم (لقاء مبلغ رمزي) پارەیەکی رەمزی ئەو عـەرەساتانەی کە دابەش دەکرێـن لێرە برگەیەک چارەی دەکات لەگەڵ ئەوەی کە واردێک دێنێ بۆ خەزینەی کوردستان لـەگەڵ ئەوەشدا کە خێزانی شەهیدەکان و ئەوانە بەراورد دەکرێ لەگەڵ خێزانی فەرمانبەران یەک کۆمـەڵە کێشە چارەسەر دەکات، یەکەم سیولەیەکی نەقدی چاک دەخاتە ناو بودجەی هەرێمی کوردستان کە زەویەکی زۆر و زەوەندمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد ئەبو بەکـر حـــســـەن بامـــرنی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

بەراستی ئەو راسپـاردە و پێشنیـارانە زۆر چاکن، بەڵام هەرگـیـز ناگـونجێن لەگەڵ بـاری ئابووری ئێـمـەی ئێستـادا یەکـەمین ئەم داواکـردنە پێـویسـتـە لە دەوڵـەتێک بێت وەک کـوێت یان عـەرەبی سعودیە.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**

فەرموو خاڵەکان باس بکە، کاک ئەحمەد.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد ئەبو بەکـر حـــســـەن بامـــەڕنی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

یەکەم خاڵ (تشكيل الديوان والهيئة) من نازانم ئەگەر ئەنجوومەن و دەستەمان دروست کرد دەوری لیژنەی ئابووری چ دەبێت؟ ئەوە لیژنەی ئابووری بەخۆی دەتوانێ ئەم کارە بکات، دەتوانێ هەمیشە چاودێری وەزارەتەکان بـکات و بانگیـان بـکات، دووەم/ ژمـارە (٥) کێ دەڵێ (بالنظر لوجـود تضخم إداري مالي ملحوظ) ئێمە دەزانین ئەمڕۆ باری دارایی کوردستان چۆنە دوێنێ لێرە باسمان کـرد کـە بۆ ئاکـرێ داوامـان کـرد(٢٥٠) فـەرمـانبـەری تازە دامەزرێن نەک هەر ئەوەیە زیادە لە وەزارەتێکەوە بۆ وەزارەتێک دەچێ، بەڵام لەهەمـان وەزارەتدا بۆ نموونە مـامـۆسـتـا لە هەولێـر، لە سولەیمانی ئامادە نییە بچێتە ئاکرێ، هی دهۆکیـش ئامادە نییە بچێتە ئاکرێ، من مەبەستم ئەوەیە کە ئێمە شـتـەک دەکەین شتەکە واقـیعی بێت حکومەتی ئێـمە، وەزارەتی ئێمە بتـوانێ ئاسایی بکاتەوە، ئەوەی شەشەم دەڵێ (العمل على زيادة إيرادات ميزانية التعليم من خلال إعادة النظر بنسبـة الضريبـة والرسوم) من لەبیرمە ساڵی رابردوو لێرە داوامان کرد لە جیاتی (٢٥٠) فلس بکرێتـە (٥) دینار هەندێ لە ئەندامـانی پەرلەمـان هەرایان کـرد دەنگیـاندا دژی ئەو بڕیارە، ئەندامانی لیژنەی ئابووری خۆیان بوون، چونکە ناکرێ لەباری ئابووری ئەوها ئەمڕۆ بۆچوونەکان زۆر باشن، بەڵام ناگـونجـێن لەگـەڵ ئەم واقـیـعـەدا ئێـمـە ئامـادە نەبووین سـاڵی پار ئاوەکـە لە

(٢٥٠)فلس بكەینە پێنج دینار کە ئەمڕۆ (٥) دینار هیچ نییە بڕیارماندا بیکەینە دینارێک کە ئەمڕۆ ئەسڵەن دینارێک هەر لەبازاڕیش نەماوە ئەوی تر (طلب المساعدات والقروض من المنظمات العالمية) باوەڕتان بێت هەرچی ڕێکخراوێک بێت، هەر وەفدێک بێت، ئێمە چووبینە دەرەوە هیچ شێوەیەکمان نەهێشتووە کە داوای نەکەین، واتە حکومەت یاخود ئەندامانی پەرلەمان و حزبەکان هیچیان نەهێشتووە نەیان کردبێ. ئەوی تر (الحد من التضخم قدرالامكان من خلال وضع اليد على المصروفات والنفقات وذلك لمساهمة الحكومة في المواد الغذائية ومنافسة المستغلين في السوق) ئەوە بەرای من دەکرێ لە کاتێکدا هەمو حکومەتەک دەتوانێ رادە بۆ پاڵەپەستۆی پارەکەی خۆی دابنێ ئەگەر هاتوو کۆنترۆڵی لەسەر پارەکەی خۆی هەبێ، ئەو کاتە دەتوانێ تەزەخومی ببێ یان نەبێ، کەمی بکاتەوە یان کەمی نەکاتەوە، ئێمە چونکە کۆنترۆڵمان نییە لەسەر دیناری و پێنجی و حکومەتی ئێمە لەوانە نییە بتوانێ ئەمە بکات. ئەوەی برگە (٢١)، واتە کەس ناتوانێ بڵێ من دژی ئەو پێشنیارەم، بەڵام باوەزیری دارایی لێرەبایە وەزیری پیشەسازی لێرەبایە، چەند هەوڵیان داوە؟ هەندەک شت بەدەستی تۆ نییە، باشە ئێستا هیچ وەزیرێک نییە حەز ناکەت هەموو کارگەکانی خۆی کە پەکی کەتووە لەسەریەک پارچە یەدەگێک و بۆی نەیەت، بەڵام بارودۆخی ئێمە و ئابڵوقە لەسەر عێراقە، هەرگیز ئەوە ناکات من جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە کە ئەم پێشنیارانە پێشنیاری باشن، بەڵام هیچیان واقعی و عەمەلی نین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ڕێزم هەیە بۆ ئەو جۆرە پێشنیارو خستنە روانە، بەڵام ئەگەر وابێ ئەوا نابێ ئەندامی پەرلەمان پێشنیارێک بکەن، چونکە ئەمە نابێ ئەمە راسپاردەیە، داوا کردنە، ئەڵێ وابکرێ باشترە (وذكرّه أن نفعت الذكرى) مادام وایە با ئێمە لەماڵی خۆمان دابنیشین، واتا ماقوول نییە راسپێردرێ کە هەوڵ بدرێ باج زیاد بکرێت. ئەگەر وابێت هەق نییە بەراستی دەروازەی گفتوگۆکردن بەو شێوەیە بکرێتەوە، (تضحم) ناتوانین کۆنترۆڵ بکەین با حکومەت ئەگەر ئەتوانێ بیر لە هەندێ مەسەلە بکاتەوە ئێمەش بڕیاریان لەسەر دەدەین ئەگەر شیاو بوون ئەو راسپاردانە وەکو گوتم هەندێکی پێشنیار کراون ئەبێ ببن بە بڕیار، هەندێک کاک سەلاح پێشنیاری کرد، هەندێک کاک ئەیاد پێشنیاری کرد، هەندێ شت پێویستی بەبڕیارە هەندێ شت پێویستە وەکو راسپاردە پێشکەش بکرێت جا با وانەکەین مرداری بکەینەوە، گوایا حکومەتی هەرێم هیچیان پێ ناکرێ، وەڵلا ئەگەر حکومەت هیچی پێ ناکرێت با واز بێنێت.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وادیارە برادەران زۆر قسەیان لەسەر ئەو راسپاردانەکرد، من حەز ناکەم لەسەری بڕۆم مەسەلەی یەکەم کە دەستەی چاودێری داراییە کە بەڕێز شێخ عەدنان و کاک ئەیاد باسیان کرد بابەتەکە بەو

شێوەیە و بەراستی پێویستە ئێمە پەلەی لێ بکەین ئەو شتە جێبەجێ ببێت. بەلام برگەی (٣) نازانم ئەڵێ (تشكيل لجنة عليا لمراقبة تنفيذ ذلك) من ئەوەی تێ ناگەم لیژنەیەکی بالا بۆ چاودێری و جێبەجێ کردنی دابنرێ، ئەوە بابەتەکە لای من روون نییە، لەبرگە (٧)دا دەڵێ (أن تقوم الوزارات كافة بالسيطرة على أملاكها ومواردها وأن تكون طريقة المزايدة العلنية هي المتبعة في بيع المنتوجات» من دەڵێم بەراستی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی (أموال الدولة) هەیە دەبێ پەیرەو بکرێ، پێویست بەمە ناکات و بەراستی ئێستا لەسەری دەڕۆن و زۆر ئاساییە. شتەکان هەتا برگە (٩) زۆر زۆر باشن و لەڕاستیدا ئێمە وەکو بەڕێزتان گووتتان دەبێ هەموو جار هەر بیلێین دەبێ قسە بکەین، هەر ئەوەمان بەدەست ماوە هەر قسە بکەین و قسەبکەین، لەبرگە (١٠) کۆمەڵێک مەسەلە خراونەتە روو لەکاتی خۆیدا ئەگەر هەڵە نەبم لەهەمان بەرنامەی وەزارەتدا هەیە بەتایبەتی ئەوەی لەبرگە (١٠) لە (ئەلف تا زای) لەبەرنامەی وەزاری دا هەیە شتەکی زۆر باشیشە ئەگەر لەتوانادا بێ بتوانین و هەوڵ بدەین جێبەجێی بکەین. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە کۆمەڵێک ڕاسپاردەیە بڕیارێکی پێ دەدرێ کە لەگەڵ بودجە بنێردرێت بۆ وەزارەتی دارایی، ئەوەی کاک حازم وتی خراپ نییە خۆی عادەتەن دارشتنەوەی بودجە ئەکرێتەوە پاش ئەو تێبینیانەی کە وەرئەگیرێن ئسوڵ وایە دوای خستنەسەری ئەو تێبینیانە دادەڕێژرێتەوە، جا بۆیە ئێمە دێینەوە سەر ئەم کۆمەڵە شتانەی کەباس کران و، وەکو راسپاردە تۆمار دەکرێن و لەگەڵ بودجەکە دەنێردرێن بۆ وەزارەت.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی گفتوگۆی بەڕێز حازم یوسفی کو خالێ (السيطرة على املاكها والمزايدة العلنية) کو فەرمووی دێنە کردن تەئکید بێژم برای بەڕێز کو گەلەک وەزارەتێ نە مسیطرن لەسەر أموالی خۆو خێراتی وی بۆ خەلکی دەچن، بۆ نموونە شارەوانی چەند گەراج لەسەر ئاخاوێ هاتیە چاکردن هەتا ئەمرۆش بە مەلایینا بۆ ئەشخاصا ئەچن چەند دوکان هاتە سەرچاکردن و بەملیۆن بۆ ئەشخصا دەچیتن لەبەر هەندێ ئێمە دڤێتن وەزارەتا مە سەیطرە لەسەر ئەملاکی خۆبکات، ئەو خێراتە بۆ خەزینە هەرێمی ببێت نەکو بۆ ئەشخاصا بچیتن، بەڕێز ئەیاد فەرمووی لەبارەی دروست کردنی دەستەی چاودێری دارایی فەرمووی تەناقوز هەیە بەینا یەکی و خالێ (٣) هیچ تەناقوز نینە وەزارەتا دارایی بۆ خۆی هەر رەقابەیکی خۆی دەبێت ئەویش بۆ خۆی هەبێت رێنمایی دەر دەکات هەر وەزارەتەکە چاودێری لەسەریا خۆ هەبی،ی پاریش ئەڤ راسپاردانەمان بە نووسراوێکی رەسمی لەگەڵ راپۆرتێکی لیژنەی دارایی و ئابووری دەربارەی ئەم شتە پێشکەش کردووە . بەڕێزان د.فازیل قەفتان و شێخ کەریم کاکە حەمە، مەهەمی ئەندامێ مە ئیمزا کردی وئەو سالەش باس بۆمە هاتیە پێشکەش کردن دەربارەی ئەمەش بەڕێزان مامۆستا ئەحمەد چاوشین و د.فازیل

پێشنیاریان پێشکەش کرد. بەڕێز ئەیاد فەرمووی لەبارەی مووچەی ماددە (٣) وەکو دەڵێ (ألاولویة للرواتب) حاڵەتێ بۆ وانە، بەڵێ ماوەی پێشوو حاڵەتی وابووە هەندێ جار مووچەی هەندێ فەرمانگە دووایان خستووە هەندێ فەرمانگە خەرج بووە لەبەر ئەوە کە هەر بەپێی یاسای عێراقیش مووچە موقەنەنە و نابێ مووچە دوا بکەوێ، ئەوەی ئێمە، بەس راسپاردەو جەخت کردنە دەربارەی استیرادی ئۆتۆمبێلی گەورەو بە فەخ فەخە، فەرمووی با دیاری کەین بەعەمەلی ئەوەمان نووسیوە تاکو سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بکاتە شتێکی مەرکەزی بکرێ، ئینجا نەک هەر وەزارەتێک بە کەیفی خۆی سەیاراتی فەخم بکرێت، پاریش ئەو تێبینیانە هەبوون بەکردار ئەنجوومەنی وەزیران کردیە شتێکی مەرکەزی، لیژنەکەیان دانا لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران نەهەر وەزارەتێ بەکەیفی خۆی بکڕی فەرمووی میلاکاتی هەرێم ئایا لیژنەی دارایی داوای میلاکاتی کردووە یان نەکردووە؟ هەر لەیاسای موازنەی (٩٣)ی برگەی تێدایە وەزارەتی دارایی هەماهەنگی لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان دەکات و میلاکات دادەنێت. بەس من دەتوانم ئەو پرسیارە لەبەڕێز ئەیاد بکەم ئایا خۆبەستنەوە هاتۆتە کردن بەو میلاکاتە یان نا؟ لەوانەیە ئەویش باش بزانێ منیش باشی ئەزانم خۆبەستنەوەی تەواو نەهاتووتە کردن لەهەندێ تەعیینات، واتە لە میلاکاتدا اصلا نەبووە، بەڕێزی فەرمووی دەربارەی (قروض بدون فائدة) ئەوە چۆن یەکی قەرز ئەدا بەبێ فائیدە؟ حاڵەتی وابوو، تورکیا زۆر جار قەرز وەرئەگرێ بەبێ قازانج عێراق قەرزی وەرگرت لەکوێت و سعودیە بێ قازانج، چونکە دوەلی نامیەنە، ئەگەر قازانجیش بدات هیچ جارێک ناتوانێت لەو قەرزە رزگار بێت، ئێمەش باش دەزانین چەن باری ئابووریمان خراپە. قەرزیش وەربگرین بە قازانج چەند ساڵێکی تر ئێمە ناتوانین قازانجی قەرز بدەینەوە نەکو قەرزەکە بدەینەوە لەبەرئەوە وەکو لیژنەیەکی تایبەت داوای قەرز دەکەم بێ قازانج، ئەگەر فائیدە بێت ئێمە بێگومان باری کوردستان گران دەکەین ئەجیالی دوارۆژ گلەییمان لێ دەکەن، مەسەلە ئەوەیە و ئەو قەرزەی پێنادرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک جەمیل رێزم هەیە بۆ ئەو پێشنیارەتان، بەڵام کەس قەرزمان پێ نادات، کێشەکە ئەمەیە ئیتر بۆچی خۆمان ماندوو بکەین؟ یارمەتی باشە ئەگەر پێمان بدەن چاکیشە هەوڵی بۆ بدەین. بەس باوەڕت هەبێ کەس قەرزمان پێ نادات. رێزم هەیە بۆ لیژنەی ئابووری. شتێکی باشتان خستۆتە روو ئەگەر ببێ، بەڵام هیچ لایەک دانمان پێدا ناهێنێ لەبەرئەوە قەرزیشمان نادەنێ، بۆچی خۆمان لەسەر ئەم بابەتە ماندوو بکەن؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی خاڵی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و (بناء مجتمع بالعلم). وەکو کاک ئەیاد خستیە روو (وضع برنامج توزیع مواد غذائیة)، ئەوە بۆ بەرمانەی ساڵی ١٩٩٥مان داناوە لەراستیدا ئەگەر

ناتوانرێ هەموو دێیەکان ئاوەدان بکەنەوە لە ١٪ ، ٢٪ش بێت ئەوە لە بودجەدا شتێکی زۆر زۆر چاکە هەروەها (مجتمع يتحلى بالعلم و بناء المدارس) گۆڕینی پرۆگرامەکان شتێکی پێویستە و رێژەیەکی زۆر بۆ وەزارەتی پەروەردە هەبێت و دابەش کردنی ئازووقە چۆن بەرنامەی بەڕیوەبەرایەتی گشتی بازرگانی هەیە ئەرکی ئەوەیە، ئەگەر تا ئێستا نەتوانێت هیچ بەرنامەیەک دابنێین بۆ دابەش کردنی ئازووقە، پێویستە بۆ ساڵی داهاتوو هەر ئەو بەرنامەیە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینیانە، وبۆ هەموو لایەک، جا ئەم راسپاردانە پاش ئەوەی کە دەستێکی پێدا بێنینەوەو لە داڕشتنەوەدا رێکیان بخەینەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەوەی کە باس کرا لەگەڵ بودجەکەدا بینێرین؟ دەست بەرز کرایەوە، کێ لەگەڵ نییە؟... بە تێکڕای دەنگ ئەو راسپاردانە ئەنێردرێن و. لێرەدا دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواو بوو، سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)

چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٣/٣/١٩٩٤

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٤)

## چوارشەممە رێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢٣

ئەم دانیشتنە بریار بوو کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢٣ ببەسترێت، بەڵام لەبەر پڕ نەبوونەوەی رادەی یاسایی، بەپێی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دانیشتنەکە نەبەسترا.

فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا
سکرتێری ئەنجوومەن

نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا
جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن

جوهر نامق سالم
سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢٧

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢٧

***کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢٧ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٥)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- تەواو کردنی گفتوگۆی بودجەی ساڵی / ١٩٩٤ هەرێمی کوردستانی عێراق بەپێی برگە (٥) لەمادەد(٥٦) یاسایی ژمارە(١) ساڵی /١٩٩٢.***

***٢- بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی / ١٩٩٢ی یاسای دەسەڵاتی دادوەری.***

***٣- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی ئەمڕۆمان ئەمەیە، ئەگەر تازە بابەت نیە بادەست بکەین بەئیش و کارمان.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمودیوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تازە بابەتێکمان هەیە، هەرچەندە ڕەنگە کۆنەبابەت بێت لەمێژە باس کراوە، لەکاتی خۆیدا پرۆژەیەکمان پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کردبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خانەنشینەکان، ئەوە باس کرا لێرە لەناو هۆڵی پەرلەمان، دوایی ئەو پرۆژەیە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا، بەڕاستی دەمانەوێ دیسان باسی ئەو مەسەلەیە بکەین و چارەسەری ئەوکێشەیە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاتی خۆی ئێمە ئەو پێشنیارەمان نارد بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی رای خۆیان دەربرن سەبارەت بەو پێشنیارە و پاشان ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیارێکیان ناردەوە، کە مووچەیەک بدرێ

بەخانەنشینان، ئەویش لەلیژنەی یاسایە، وابزانم هێشتا تەواو نەکراوە، واتا دراوە بەلیژنەی یاسا بۆ ئەوەی لێی بکۆڵێتەوە، پاشان بەتەئکید دەخرێتە بەرنامەوە. تازە بابەت تەواو بوو، دێینەوە سەر بابەتی سەرەکیمان. لیژنەی ئابووری با بفەرموون، بێنە سەر سەکۆ. دانیشتنەکە نهێنییە. با برادەرانی راگەیاندن هۆڵەکە بەجێ بهێڵن.

**بەڕێز دارۆ شـــــێخ نـوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

پێش چەند رۆژێک ئێمە بۆ کاروباری حکومەتی هەرێمی کوردستان جەولەیەکمان کرد لەگەڵ بەڕێزان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگرەکەی دا، بەشێوەیەکی کوت و پڕ، لەخەڵکی یەوە بیستم کەپەرلەمان کۆبوونەوەی تایبەتی خۆی کردووە بۆ مەسەلەی بودجەی هەرێم و لەباس کردن دا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی ئەوە کراوە کە وەزیری ئابووری و دارایی ئاگادار کراوە کە ئامادەی کۆبوونەوە بێ، بەڵام ڤیستڤاڵێکی زانکۆی سلێمانی هەبووە، ئەوەی بەگرنگتر زانیوە، چووە بۆ ئەوێ و ئەم ئەرکە گەورەیەی بەجێ هێشتووە. حەز دەکەم ئەوەتان بۆ روون بکەمەوە کەباسی ئەم مەوعیدە کرا، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وتی : ئێمە داوامان کردووە کەئەو مەسەلەیە دوا بخرێ و خۆشتان ئەزانن هەر وەزیرێک لەوەزیرەکان کەداوا ئەکرێ بۆ پەرلەمان بۆ قسەکردن، یابۆ مەسەلەیەکی تایبەتی لەرێگەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێی رادەگەیەنرێ، ئێمەش ئەو راگەیاندنەمان بەدەست نەگەیشتبوو، پاشان دانانی کاتەکەش کەبەبرووسکە و برووسکەکاری پێمان راگەیەنرا کەوتبووە رۆژی پێش نەورۆز، پاشان دواخرا بۆ رۆژی دوای نەورۆز، ئەوەش خۆی لەخۆیدا دوو مەوعید بوون، خۆتان ئەزانن گەورەترین جەژنی نەتەوایەتی کورد نەورۆزە، هەرچەند ئەو وەفدەی حکومەتی هەرێم کەرۆیشتبوو بۆ جەولەکە، ئەو جەژنە و ئەوانەی خستبووە لاوە، تەنیا مەبەستی ئەوە بوو کەکاتەکە استغلال بکات بۆ ئەوەی بتوانێ هەندێ لەئەرکەکانی سەرشانی حکومەت جێبەجێ بکات لەپارێزگای سلێمانی و کەرکووک .

جابۆیە من حەز دەکەم ئەوەتان بۆ روون بکەمەوە کەمەسەلەی بودجەی هەرێم و دواکەوتنی بۆ ئەم کاتە پاش ئەوەی کەلەمانگی یەک دا بودجە گەیشتۆتە لای بەڕێزتان، پێشوو تریش وەکو هەمووتان ئاگادارن لەمانگی (١٢)دا پرۆژەکەو ژمارەکان لەبەردەم ئەنجوومەنی وەزیران دا بوون تا گفتوگۆی لەسەر کرا وەبڕیاری لەسەر دراوە، ئەوە نامە رەسمیەکان ئێستا لای من هەن کەچ رۆژێک گەیشتووەتە لای ئەوان و چ رۆژێک گەیشتووتە لای پەرلەمان پێش ئەوەش بەشێوەیەکی ناڕاستەو خۆ یەکێ لەنسخەکانی ئامادەکراوی بودجە پێش ئەوەی بەمانگێک زیاتر، یانی لەمانگی (١٢)دا گەیشتووەتە بەردەم لیژنەی ئابووری پەرلەمان، بەڵام کەئەو پرۆژەیە گەیشتە بەردەم ئێوەی بەڕێز لەسەرەتای دەست پێ کردنی پشووی پەرلەماندا بوون، خۆتان دواتان خست بۆ مانگی سێ و لەکاتی دەست پێ کردنەوەش دا ئێوە جارێکی تر دواتان خستەوە بۆ پێشی نەورۆز. جابۆیە ئێمە ئەمانەوێ ئەوە روون بکەینەوە کەدواکەوتنی پرۆژەکەو گفتوگۆکردنەکەی لەئەستۆی

ئێمەدا نیە. بەپلەی یەکەم دواکەوتنی بۆ نزیکی سێ مانگ ئەگەڕێتەوە بۆ پشووی پەرلەمان، ئەوەخۆتان بڕیارتان لەسەرداوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵارەسوڵ عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی ئێمە لەسەرەتای دەست پێ کردنەوەی دەورەی دووەمی پەرلەماندا، قسەمان کرد کەپەرلەمان و حکومەت دەبێ تەواوکەری یەکتری بن و بارودۆخی ئێستای میللەتەکەی ئێمە تایبەتمەندە و حکومەتەکەشمان تایبەتمەندە و پەرلەمانەکەشمان تایبەتمەندە ئەو ڕۆژ زۆر بەداخەوە لەتەلەفزیۆنەکانەوە بیستمان باسی ئەوە کراوە وەکو بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری باسی کرد کەحکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا بۆ فیستڤاڵێکی زانکۆی سلێمانی، ئامادە نەبووە لەگفتوگۆی بودجەی ساڵی ١٩٩٤، ئێمە لێرەدا لە ١/١٦ بەنووسراوی ڕەسمی ئەم پرۆژەیەمان ناردوە بۆ پەرلەمان، خۆتان لە (١/١) پشووتان دەستی پێ کردووە، لەجیاتی ئەوەی خەڵکی کوردستان و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئێمە گلەیی بکەین، کە ئایا نەدەبوو پەرلەمان پشووی خۆی (١٥) ڕۆژ دوابخات و گفتوگۆی ئەو پرۆژەیە بکات، ئینجا پشوو دەست پێ بکات؟ نەک پەرلەمان خۆیان گلەیی بکەن و بڵێن حکومەتی هەرێم لەبەر فیستڤاڵێک ڕۆیشتووە، ئەوە حەز ناکەین، بەڕاستی پەیوەندی حکومەت و پەرلەمان بگاتە ئەو ئاستەو لەبەردەمی ڕاگەیاندن و تەلەفزیۆن ئەو قسانە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێش ئەوەی لیژنەی ئابووری وەڵامی خۆی بداتەوە، برادەرانی تریش مافیان هەیە وەڵام بدەنەوە، دانیشتنەکە کراوەیە، تاکو ئەو ماوەیەی دێینە سەر ژمارە و، من حەز دەکەم، بەش بەحاڵی خۆم چەند خاڵێک روون بکەمەوە .

یەکەم: ئەبوایە بەپێی ئەوەی کە وەزارەتی دارایی و وەزیری دارایی ئاگادارە چەند جار دووپاتمان کردووە و پێش تەواو بوونی خولی پار ئێمە باسمان کردووە کە پەلە بکەن و بودجەی ساڵی ١٩٩٤ی حکومەتمان بۆ بنێرن، ئەوانیش ئەزانن لەکۆتایی مانگی (١٢)ی ساڵی ١٩٩٣دا خولی پەرلەمانی تەواو دەبێ. ئەو میزانیە نەگەیشتووە، گەیشتۆتە ئەنجوومەنی وەزیران. سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆی کردووە، ئەوەی لای ئێمە گرنگە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەوەیە کەبەڕەسمی میزانیەی حکومەت بگات بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بۆ ئەوەی لەسەر ئەو سیستەمەی کەهەمانە بۆ هەڵسەنگاندن بنێردرێت بۆ لیژنە تایبەتمەندەکان ، بەڵێ ئەو نووسراوە ئەگەر ١/١٦ نووسراوە لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، واتا مادەی(١٦)ڕۆژ بووە کە پشووی ڕەسمیی

پەرلەمان دەستی پێکردووە.ئێمە بەئومێدی ئەوە بووین کە زوو پێمان بگات، بەڵام نەگەیشت، ئەوە بوو لەکۆتایی مانگی یەک بەرەسمی گەیشتە دەستمان و ناردمان بۆ لیژنە تایبەتمەندەکان، معقول نیە لەماوەی هەفتەیەک دا کۆمیتەی دارایی گفتوگۆی بکات و تەواوی بکات و بریاری لەسەر بدات. مانگی (٢) لیژنەی ئابووری هەمووی سەرقاڵ بوون تاتەواویان کرد، ئەمە خاڵێکە پەرلەمان لێی بەرپرس نییە بەپێی یاسا، بەڵکو حکومەت بەرپرسە، چونکە پێش کۆتایی ساڵ ئەبێ میزانیەی ساڵ گەیشتبێتە پەرلەمان، عادەتێکی پەیرەوکراوە لەهەمووپەرلەمانانەکاندا، بەتایبەتی کە کاک عەبدوڵڵارەسول باسی پەرلەمانی کرد، ئەوانەی کەزەرەیەک ئیمانییان بەدیموکراتیەت نییە، ئەوانیش لەکاتی پێویست دا بوودجە دەخەنە بەردەستی پەرلەمانیەکانیان بائیمانیشیان پێ نەبێ. بەڵام بودجەی حکومەتی ئێمە نەگەیشت. دووەم پەرلەمان کە پشووی خۆی دەبێ مافێکی سروشتی خۆیەتی، کەس داوای لێ ناکات لەپەرلەمان کەدانیشتنی نائاسای بکات، ئەوە مەنتیق نییە بودجە لەماوەی هەفتەیەکدا لیژنەی ئابووری بچێ دانیشێ لەماوەی سێ رۆژدا ئەو هەموو بەش بژماراتی بودجە بە پەلەپەل تاوتوێ بکات.

خاڵی سێیەم: ئەنجوومەنی وەزیران لەپێش جەژن ئاگادار کراوەتەوە، بەنووسراوی رەسمی، کە هەمان رۆژ گەیشتۆتە دەستی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و دیاری کراوە کە بە رێکەوتنی هەموو لایەک لە دەستەی سەرۆکایەتی سەعات سێی پاش نیوەڕۆ گفتوگۆی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. هەتا وەکو کاتەکەمان بۆ ئەوە دیاری کرد کە دوای دەوام بێ بۆئەوەی برا وەزیرەکانمان ماوەی تەواویان هەبێ تاکو گفتوگۆ لەسەر بودجەکە بکەن. هیچ وەڵامێکی رەسمیشمان بۆ نەهات کە داوای دواخستن بکرێ، تا ٣/٢٢ داوای دواخستنی دانیشتنەکە دەکەن، چونکە پێش وەخت ئەنجوومەنی وەزیران، سەرۆک و جێگری سەرۆک و وەزیری دارایی و وەزیری ناوخۆ سەفەریان کرد بۆ سلێمانی، وەزیری دارایی ئەفەرمووێت کە ئەو ئاگادار نەکراوە، بە راستی ئێمە لەسەرمان نیە ئاگاداری ئەو بکەین، ئێمە ئاگاداری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکەین، ئەوان وەزیری داراییان ئاگادار نەکردووە، دیسان ئەمە مەسئولیەتی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، یا پەرلەمان نیە، ئەبوایە ئەوان ئاگاداری وەزیری دارایی بکردایە کە ٣/٢٠ گفتوگۆی میزانیەیە، دیسان من بەش بەحاڵی خۆم هەمان پرسیار ئەکەمەوە، ئایا نەئەکرا وەزیری دارایی لە ٣/٢٠لێرە ئامادە بێت ونەچێت بۆ کارێک کە پەیوەندیی راستەوخۆی بە ئەوەوە نییە، لە کاتێکدا لە پەرلەماندا موناقەشەی بودجەی ساڵێکی حکومەت دەکرێ؟!.ئەوەش با لەوێ بوەستێت، ئەی رۆژی٣/٢٢بە چ هۆیەکەوە ئامادە نەبووە ؟!.

ئێـمـه تەنهـا ئەوپرسـیـارەمـان کـرد لێـرەدا وتمان ئایا سـەفـەرێک بۆ سلیـمـانی گـرنگە، یا مناقـەشەی مـیـزانیـەی هەرێمی کوردسـتـان؟! کـەئەوە نزیکەی(٤) مـانگ ئەبێ دواخـراوە؟ لەکـام حکومـەتدا، لەکـام شریکەیەکـدا، نالێم حکومـەت، بەڵکو دەڵێم تەنانەت لە کـام شریکەیەکی ئەهلیشـدا بووە کە سێ مانگ بێ میزانیە، بێ پەسەند کردنی میزانیە ئیش و کـاری خـۆی بەرێوە ببـات؟ کـەی شـتی وا بووە؟ بەڵێ پەرلەمـانەکـەمـان تایبـەتمەندە بەڵێ حکومـەتەکەمـان تایبـەتمەندە و، ئەو پەیوندییەی کـەلەنێوانمانە، پەیوندییەکی تەواوکەری یەکـتـرییـە. بەڵام سێ مـانگ گـفـتـوگـۆی مـیـزانیـەیەک نەکـرێ، حکومـەتێک بێ ئەوەی پەرلەمانی خۆی میزانیەکەی پەسەند بکات بێت تەسرف بە میزانیەی حکومەتی هەرێمی کـودرسـتـانەوە بکات، ئایا ئەوە رەوایە ئەوە راسـتـە؟ ئەوەش پەرلەمـان لەسـەر ئەوە لۆمـە بکرێت کە لە خولەکەی خۆی ئیجازەی وەرگرتووە، بەراستی دەبوایە ئەوە بەو شێوەیە باس نەکرابایە وەک سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران باسی کرد.، بەڵکو ئەوەی پەرلەمان کردۆیەتی نەفەسـێکی دوورو درێژە، دوو جار ئێمـە گفتوگۆی بودجەمان دوا خسـتـووە، هەرچەندە بە دەنگدانی زۆربەی ئەندامان بریار درا کەگفتوگۆ لەسەر بودجە بکرێت.

جاری یەکەم زۆربە پەسەندی کرد کە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەڵام ئێمە دەنگمان نەدا بۆ ئەوەی وەزیری دارایی بەلایەنی کـەمەوە بتـوانێ ئامادە بێت و بەرگـری لەمـیـزانیـەی خـۆی بکات. جاری دووەمیش زۆربەی تەواو لەم پەرلەمانە ئەوەی پەسەند کرد کەگفتوگۆ بەردەوام بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە وامان بە باش زانی کە گفتوکۆکردن لەسەر بەشی یەکەم بکرێ و ژمـارەمـان دواخـسـت بۆ دوای نەورۆز، لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئەو رۆژەی کـە بریار بوو گـفـتـوگـۆ بکەین کاک د.فوئاد بەناوی مەکتەبی سیاسی برایانی یەکێتییەوە لەگەڵ برایانی مەکتەبی سیاسی پارتی قسـەیان کردووەو ئاگاداریان کردینەوە و هەردوو فراکسـیـۆنەکەش گەیشـتنە ئەوەی کەئەو رۆژەش دوابخرێ بۆ رۆژی یەک شەممە. ئەوە هەڵوێستی ئێمە بووە بەرامبەر بەم وەزعـە کە بە بۆچوونی ئێمە یەکێکە لەهەرە هەرە ئەرکە بنەرەتیەکانی پەرلەمانی کوردسـتـان وخالێکە لەخالە گرنگەکانی ئیشـەکـانی حکومەتی هەرێمی کوردستـان، ئەو پارەیەی کە هەیە و، ئەو توانا مـتـوازعـەی کـە هەیە، دەبێ نوێنـەرانی خـەڵـک بزانن و دەبێ رەزامـەندی ئوان و بۆ بەرژەوەندیی مـیللەت خەرج بکرێ، ئەویش بە پێی بودجەیەکی مووسەدەق، ئینجا ئەو بودجەیە خەرج بکرێ. بەداخەوە وەکو وتمان ئەوە بۆ سێ مانگ دەچێ حکومەتی ئێمە بێ پەسەند کردنی بودجەکەی ئیش و کـاری ئەکـات ، وابزانم هەر لەو جەولەیەشدا کە ئەم جارە بۆ سلێمـانی کردتان بریارتان داوە کە (١١) ملێـون دینار خەرج بکرێ. پرسـیـار لەوەزارەتی دارایی دەکەم ئەو بریارەی کەداتان لەچ بابێک، لەچ جێگایەک جێی دەبێتەوە؟!.، کەبودجە

پەسەند نەکرابێ هەقتان نییە ئێوە بڕیارێکی وابدەن و تەسرف بەو شتانەوە بکەن کە بڕیاری لەسەر نەدراوە. بەڵام لانی کەمەوە دەبوایە بودجەکە پەسەند بکرایە ئینجا تەسەڕەفوتان بە پارەوە بکردایە. هەر لە بەر شتێکی پرۆتۆکۆلی ئوسوولی، لەبەر خەڵک، لەبەر ئەو خەڵکەی کەباوەڕی بەو پەرلەمان و حکومەتە هەیە ودەنگیان پێیان داوە، کەچی سەرەڕای ئەمانە، هەموو هێشتاکە ئێوە گلەیی دەکەن کە گوایە پەرلەمان رەچاوی وەزعەکەی نەکردووە، باقی تر من ئەیهێڵمەوە بۆلیژنەی ئابووری وبرادەرانی تر.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تەعلیقم لەسەر ئەم بابەتە هەیە و، ناچمە سەر قەزیەی دواخستنی بودجە، چ دواکەوتوە چ دوانەکەوتوە و لەراستیدا پەرلەمان حەقی پشووی خۆی هەیە. بەڵام وابزانم لە مەسەلەی بودجە ئەگەر باش لەخەیاڵم بێ شتێک هەیە، هەتا بودجە پەسەند دەبێ، بەبێ ئەوەی دیاریش کرابێ ، مووچە خەرج ئەکرێ، وابزانم لە (٣٪)ی (سلفة مستديمة) ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، لەوە ئەویش ئەڕوا بەڕێوە، لەوە حکومەت ڕۆیشتووە بەڕێوە، هەروەها خەرجی پەرلەمانیش ڕۆیشتووە بەڕێوە، ئەوە ئەگەر اعتبارێک بۆ ئەوە نەکرا کە ئیحتمالی تأثیری بودجە هەیە، عادەتەن ئەو شتە نە ئەخرایە یاسای بودجەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دواخستنەکەی شتێکی ڕەوانیە، نەئەبوو بودجە دوابخرێ، ئەمە بەشێکی بەشی دووەمە ئەوەی کەمن لەگەڵ کاک جەوهەردا ڕێک دەکەوم، ئەویش ئەوەیە مەسەلەی دیاری کردنی دانیشتن باس کردنی بودجەیە بەئامادەنەبوونی ئەنجوومەنی وەزیران، من پێموایە هیچ جۆرە مبررێک نیە بۆ باس کردنی بودجە و دانیشتنی بۆ باس کردنی بودجە، ڕاستە ڕۆژی سێ شەممە، لەوە ئەتوانم بڵێم کەهەڵەی منیش بوو ، یەک شەممە سەعات سێ ، بەبێ ئەوەی نەورۆز ڕەچاو بکرێ، پێشنیارەکە وابوو کەکۆبوونەوەی پەرلەمان بکرێ و سەعات سێ بێ ، بۆ ئەوەی برا وەزیرەکان بتوانن ئامادەبن، بەڵام لەڕۆژی چوارشەممەدا برام کاک عەبدوڵلارەسول لەسەلاحەدین پێی وتم: ئێمە جەولەیەکمان هەیە، ڕۆژی شەممە بۆ هەندێ کێشەی گرنگ لەگەڵ کاک یونس و کاک دارۆ و، کاک د.ڕۆژ، ئەو کاتە لەسلێمانی بوو، لەبەرئەوە بەڕاستی ناتوانین بۆ ئەو دانیشتنە ئامادە بین ئەگەر بتوانن دوابخرێ، ڕۆژی پێنج شەممە من ئەمەم گەیاند بەسەرۆکی پەرلەمان و بەسکرتێری پەرلەمان ویستم زۆر دووپاتی بکەمەوە لەمەوعیدی سەفەرەکە، تەلەفۆنم بۆ وەزیری دارایی کرد لەێ نەبوو، تەلەفۆنم بۆ وەزیری ناوخۆ کرد، دووپاتی کردەوە، ئینجا لەگەڵ کاک عەبدوڵلارەسول باسمان کردو ڕێککەوتن لەسەر بنەمای ئەوەی نووسراوێک بنێرێ کە وەزارەت ناتوانێ، بەتایبەتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری دارایی و وەزیری ناوخۆ ئامادەبن، من لەو ڕایە دابووم کە ئەم کۆبوونەوەیە دوابخرێ، برووسکە لێ نەدرێ بۆ ئەندامان کەکۆبوونەوەی ڕۆژی یەک شەممە بکرێ و ئەو ڕایە من

گەیاندم لەژوورەکەی خۆم لەگەڵ سکرتێری ئەنجوومەن باسم کرد، لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەن دا باسم کرد، بەڕاستی رۆژی شەممە کەهاتم، بۆ من شتێکی کتوپڕی بوو کەوتیان لەرۆژنامە نووسراوە ئەڵێن دانیشتنی پەرلەمان هەیە؟ سەرلەنوێ باسم کردەوە لەگەڵ کاک فەرسەت کەئێمە رێک نەکەوتبووین کەئەوە نابێ باس بکرێ؟ بۆی نیە هەرچی بێ هۆی ئامادە نەبوونی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەویش تەنیا بەوەزیری دارایی نابڕێتەوە، چونکە دەروازەی وزەرای جیاوازی تێدایە و هەر وەزیرەی مافی ئەوەی هەیە بەرگری بکا، ئەگەر گۆڕانکاری بکرێ لەبودجەی وەزارەتەکەی خۆی، ئنجا بەداخەوە ئەوەش ئەڵێم ئەمە شتێکی زۆر ناخۆشە، برووسکەکە کراو بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، من ئەندامێکی سەرۆکایەتیم نوێنەرایەتی فراکسیۆنی سەوز دەکەم لەسەرۆکایەتیدا و زانراوە رایم چییە و لەگەڵ ئەوەش دا سوور بوونە لەسەر ئەوەی کە ئەم کۆبوونەوەیە دەبێ ببێ و ئەو برووسکەیە لێ بدرێ، ئەوەی دووەمیش کەکاک جوهر باسی کرد حەز ناکەم بەڕاستی نەک لەبەر ئەوەی هەندێ جار کاک عەبدوڵلارەسول دەڵێ تۆ بێ لایەنی، بەڵام لەباسی پەرلەمان دا ئێمە باسی فراکسیۆن دەکەین، باسی مەکتەبی سیاسی ناکەین، راستە کەلەپاش ئەوەی هەموو وەسیلەیەک بەکار هێنرا بۆ ئەوەی ئەو کۆبوونەوەیە نەبێ، رەنگە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان وەکو ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی د.فوئاد پەیوەندی کردبێ، بەڵام بۆ چی ئەبێ بگاتە ئەوەی مەکتەبی سیاسی بەئەندامێکی سەرۆکایەتی بڵێ با ئەم کۆبوونەوە نەبێ، بۆ چی گوێ نەگیرێ لەئەندامێکی سەرۆکایەتی کە نوێنەرایەتی فراکسیۆنێکی تر ئەکات؟ بۆ چی گوێ نەگرین لەسەرۆکی فراکسیۆنەکان کاک فرەنسۆ لێرە دانیشتووە، وابزانم بەدرۆم ناخاتەوە کە ئێمە باسمان کرد و پێش ئەوە وتمان، بەڕاستی نابێ کۆبوونەوەی بودجە بکرێ، بەبێ ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەبێ، تەنها رەخنەکەی من لەوەدایە یەکەم رایەکەی من بەنەزەری ئیعتبار وەرنەگیراوە، دووەم کۆبوونەوەش کراوە باسی راپۆرتی لیژنەی داراییش کراوە، بەبێ ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەبێ، ئەمە لەهیچ وڵاتێکی جیهاندا نابێ و من لەبیرم دێت لەرۆژی پێنج شەممە لەماڵی کاک عەبدوڵلا، سکرتێری سەفارەتی تورکی لەوێ بوو، لەمنی پرسی کەی کۆبوونەوەتان هەیە، منیش بەپێکەنینەوە وتم: پێویست بوو رۆژی یەک شەممە بێ، بەڵام ئەنجوومەنی وەزیران وا خەریکە لێمان تێک دەدەن، چونکە ئەچن بۆ سەفەر و ناتوانن ئامادەبن و نابێ باسی بکەین. وتی: تەبیعی باس ناکرێت، چون ئەبێ بودجە باس بکرێ ئەگەر وەزیری دارایی و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لێرە نەبن؟ بۆیە ویستم ئەو دووخاڵە روون بکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاسی کاک نەژاد دەکەم بۆ ئەو روون کردنەوەیەی، ئەگەر مۆڵەت هەبێت، یەکەم جەنابت داوای ئیجازەت کرد رۆژی نەورۆز و رۆژی دوای نەورۆزیش نایێتەوە. حەز دەکەم ئەوەش ئاگاداربن کە رۆژی یەک شەممە دائەنیشین، دوو من هەمان پرسیار دەکەم هەردوو فراکسیۆن

لـێرەن، من بەش بەحاڵی خۆم دژی ئەوە بووم کەکۆبوونەوەکە دوابخرێ و ئێستاش دەیلێمەوە، بۆیە خستمانە دەنگدانەوە، چونکە ئەندامانی پەرلەمان بڕیاریان دابوو کۆبوونەوەکە بکرێت، هەر ئەوانیش حەقیان هەیە ئەو کۆبوونەوەیە دوابخەن لەسەرداوای فراکسیۆنەکان، خاڵی سێیەم دیسانەوە من ئەوپرسیارە لەکاک نەژادو لەو برادەرانە ئەکەم، لەکام حکومەت، لەکام وڵاتی دنیا بووە کە سێ مانگ گفتوگۆ لەسەر بودجە نەکرێ؟!، ئایا ئێمە بەرپرسین کە لە دوای وەزیرەکان بگەڕێین و، بلە کاتێکدا بودجە، بودجەی ئەوانە، ئەوان پڕۆژەیان ناردووە و، ئێمە ئەو مەرجەمان داناوە کە بودجە گفتوگۆ نەکرێ بەبێ ئەوەی سەرۆک وەزیران و، وەزیری دارایی لێرە بن، ئەوە بودجەی خۆیانە، وەکو پڕۆژەیەک ئەینێرن، لێرە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، بۆیە دەبێ لێرە ئامادە بن، بەرگری لەبۆچوونی خۆیان بکەن، ئەگەر ئەوانیش نەیکەن ئەوا زۆربەی پەرلەمان بڕیاری لەسەردەدات، لەبەر ئەوە لەراستیدا مەسەلەکە ئەبێ بخرێتە ئەو قاڵبەوە و نابێ بگوترێ لەکام حکومەت لەکام دنیا گفتوگۆی بودجە ئەکرێ، ئەگەر حکومەت ئامادە نەبێ؟ من ئەو پرسیارە دەکەم لەکام حکومەت لەکام دنیادا بوو سێ مانگ بودجە گفتوگۆ نەکرێ؟!.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لەراستیدا دەمەوێ دووشت بڵێم، یەکەمیان: ئەو ڕۆژەی کەڤیستڤاڵی زانکۆی سلێمانی بوو، نوێنەری باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهەڵەبجە بوو ، دووەم: حەق نەبوو ئەم قسانە هیچی لێرە بکرێ، ئەمە نەلەبەرژەوەندی فراکسیۆنی زەردە، نەلەبەرژەوەندی فراکسیۆنی سەوزە و، نەلەبەرژەوەندی پەرلەمانە و نەلەبەرژەوەندی حکومەتە ئەم گرفتانەی کە هەنە ئەبوایە لەژووری سەرۆک پەرلەمان، یا جێگری سەرۆکی پەرلەمان یالە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بکرابان، هەردوو سەرۆکایەتی دانیشتنیان لە گەڵ سەرۆکی هەردوو فراکسیۆن و بەبێ کێشە هاتبانە ئەم هۆڵە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەوە کەدەڵێی (٣ )مانگ بودجە دواکەوتووە. لەو (٣)مانگەدا دوومانگ پشووی پەرلەمان بووە، ئایا ئەگەر سێ مانگ دواکەوتووە، ئەگەر هەر هەفتەیەک دواکەوتبایە، چی لەمەسەلەکە دەگۆڕێ؟ دووەمین حەز دەکەم بەڕوونی لێرە قسە بکەم، ئەگەر هەرکەسێک و هەر لایەنێکیش بڵێ کەهەموو شتەکان خۆم چۆنم بوێ وادەکەم لەو پەرلەمانە و حکومەتە، لەگەڵ ڕێزم بۆی، پێم وایە سەری لێ تێک چووە، دەنا خۆی وانیە، چونکە حکومەتەکە هاوبەشەو پەرلەمانەکەش هاوبەشە، ناکرێ لەسەرۆکایەتی پەرلەمان جێگری سەرۆکی پەرلەمان لەوێ نەبێ، سەرۆکی پەرلەمان بڵێ فلان ڕۆژ دەبێ هەر کۆبوونەوە بکەین، لەکاتێکدا ئێمە قسەمان لەگەڵ بەڕێز کاک نەژاد جێگری سەرۆک کردبوو، ئەو ڕۆژە کاک جوهر ئامادە نەبوو لێرە پێمان وت ئێمە داوا دەکەین هەفتەیەک دوابخرێ

لەبەر ئەوەی جەولەمان هەیە لەسلێمانی و کاک د.ڕۆژ لەسلێمانییەو هەتا نەگەڕاوەتەوە، ئێمە ئەو جەولەیە دەکەین و پێموایە کێ قبوڵی دەکرد و ئێوە نوێنەری میللەتێکن و ئەو میللەتەش خۆتان دەزانن وەزعی چۆنە، چۆن ئێوە وەکو پەرلەمانێک هەڵسوکەوت دەکەن، کەسەدان ساڵە هەبێ، ئەگەر مانگێک پشووی پەرلەمان دواکەوتایە چی دەبوو ؟ لەکاتێکدا کەئێمە لە ١/١٦ ناردبوومان بالە ١/٢٥ گەیشتبێتە دەستتان خۆ لە ١/١ پشووتان بوو کەدەستی پێ کرد هەفتەیەک دیاریتان بکردایەوە بۆ لیژنەی ئابووری تا گفتوگۆی لەسەر بکردایە و لە پاشان پشوەکەتان دیاری بکردایەوە، بەڵام بەداخەوە ئێمە کەباسمان کرد وەکو ئەوشتانە بەو شێوەیە چارەسەر ناکرێت و بەو ڕێگەیە ناگەبینە ئەنجام، ئێمە لەحکومەت دا کە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و ئیشی سەرەک وەزیران زۆر ڕوونە، یانی وەکو دەستەڵاتی یاسادانان نیە ئەگەر کۆبوونەوەیەک لایەنەکەی تر، یان شەریکەکەی ترمان نەهێڵێ، یانی فراکسیۆنی سەوز نەهێڵێ کۆبوونەوە ببێ ، کۆبوونەوە نابێ، ئەگەر بڵێن دەبێ، ئەوە برادەران هەموویان لێرەن، بزانن دەبێ یان نابێ، ئەگەر لێرەش کاک نەژاد ئامادە نەبێ، وەزیری دارایی ئامادە نەبێ، حکومەت ئامادە نەبێ چۆن گفتوگۆی لەسەر بودجە ئەکرێ. ئەگەر خۆتان گفتوگۆی بودجە دەکەن، کەمی دەکەنەوە، زیادی دەکەن و چۆنی دەکەن، حکومەت دەڵێ بەو بودجە ئیش دەکەم، ئەوە بەئامادەبوونی حکومەت نەبێ چۆن لێکی دەدەنەوە، یان بەخۆتان بودجەی پەرلەمانتان نارد کێ وتی کەمی بکەنەوە، زیادی بکەن لەبودجەکەتان چەندە؟ چۆن لەئامادەنەبوونی ئێمە دەتوانن گفتوگۆ لەسەر بودجە بکەن کەحکومەتی لێ نیە؟ دووەمین: ئێمە پێمان ناخۆش نییە ئەو شتانە کراون، بەڵام ئەوەمان پێ ناخۆشە بەڕاستی لێرە باس بکرێ کە ئێمە بۆ ئەرکێک چووین کەکێشەکانی کەرکووک و سلێمانی چارەسەر بکەین، خۆپیشاندانی مامۆستایان بووە، مان گرتن بووە، کەپێشتر دەمانەویست سەردانی ئەو دوو پارێزگایە بکەین، پاش ئەوەی کەسەردانی دهۆکمان کرد، بەڵام ماوەمان نەبوو، هەم لەمەسەلەی ئەو وەزعەی کەخۆمان تێد ا دەژین و، لەکاری ڕۆژانەمان، لەو ڕووداوانەی کەهاتنە پێشەوە کەهەر ڕووداوێک مانگێک کێشەی حکومەتی زیاد دەکردو دەیخستە شلەژانەوە بەتەواوی بکۆڵینەوە ئەوانە وایان لێ کردین کەبەمولائمی بزانین و پرسمان کردو پێمان وابوو دەستەی سەرۆکایەتی ئەو جەولەیە بکات و سەردانی ئەو دوو پارێزگایە بکات، نەک بۆ ڤیستڤاڵ، ئەگەر چی دەعوەتیشیان کردبووین. ئێمە چووینە هەڵەبجە نەچووینە ئەو حەفلەیە، حەقە ئەو شتانەمان بەلەیەک گەیشتن و برایانە بێ، نەک بەشێوەی دەمارگیری بێ، ئەگەر بەدەمارگیری بێ خۆهەمووومان ئەو ڕێگایە دەزانین، بەڵام ئەو ڕێگایە ڕێگایەک نییە لەبەرژەوەندمان دابێ و، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەرەتاوە لەگەڵ دواخستنی گفتوگۆ و لێ کۆڵینەوەی بودجەکە بووم، بەڵام ئێستا ڕایەکی ترم

هەیە، جارێ ئێمە لەپەرلەمان بریارمان دابوو، ئەم دانیشتنە داخراو بێت حەق نەبوو کراوەبێ، ئەبوایە رای پەرلەمان وەرگیرێ بۆ ئەوەی بەئاشکرا قسە لەم رووەوە بکرێ، ئێمە بریارمان دابوو، ئەبوایە ئەو دانیشتنەش داخراو بێت، ئێستاش کەکراوەیە، من پێشنیار دەکەم تا بودجە تەواو دەبێ ، دەبێ بەکراوەیی بێ و هەموو دەزگا راگەیاندنەکان ئامادە بن، من بەقەناعەتی خۆم برای خۆشەویستم کاکە شێخ دارۆ ئەگەر حەزی بکردایە ئێستا نەدەگەیشتە ئەم وەزعەی کەئێمە تێیدابین، کاک دارۆ رۆژی (٢٠)ی مانگ لەسلێمانی هاتەوە، (٢١)ی مانگ لەهەولێربوو، دەیتوانی (٢٢)ی مانگ تەشریف بێنێ بۆ ئێرە (٢٢)ی مانگ جارێکی تر گەرایەوە بۆ سلێمانی، رۆژی پێنج شەممە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران داوای دواخستنی لێکۆڵینەوەی نەکردووە، بەڵکو حاجی یوسف تەلەفۆنی کردووە و بەتەلەفۆن پێی راگەیاندووین. حاجی یوسف نەوەزیرەو نەسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانە، نەبۆی هەیە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە داوا بکات لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە دوا بخرێ، ئەبوایە بەنووسین پێش ئەوەی بچن سەفەر بکەن داوایان بکردایە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە رۆژی (٢٠)ی مانگ ئەو پەری هەوڵی خۆمان داوە کە قسەی لەسەر نەکرێ و دوا بخرێت بۆ دانیشتنی دوایی و من پێشنیارم کرد دوابخرێ، من وام تەوقع دەکرد ئەو دوو سێ رۆژانە کە دوادەخرێ رۆژی پێش نەورۆزو رۆژی نەورۆز و رۆژی پاشتریش بەلای کەمەوە برای بەرێز کاک دارۆ لێرە حازر دەبوو و میزانیەکە مناقەشە ئەکرا. کەچی جارێکی تریش دوامان خست و ئامادە نەبوو. بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەمانگی دە بەنووسراو داوای لەوەزارەتی ئابووری کردووە کەبودجە حازر بکەن و بدرێتە پەرلەمان بۆ دواکەوتوە، بۆ هەتا ئێستا نەهاتووە؟ لێرەدا بەڵگە هەیە کەکاک عەبدوڵڵا رەسول لەمانگی (١٠) بەنووسین داوای ئامادە کردنی بودجەی کردووە، حەزدەکەم خۆی باسی بکات، بەنووسین داوای لەوەزارەتی دارایی و ئابووری کردووە بودجە ئامادە بکەن، بۆ یە دەڵێم جەنابی وەزیر بەفراکسیۆنی زەردیشەوە بەرپرسن لەو دواکەوتنە. حەز دەکەم نەختێک ئەو نووسراوانەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن کەبۆ وەزارەتی دارایی و بۆ وەزارەتەکان چوون تاکو بودجە ئامادە بکەن، سەیربکەین و خاڵی دواییم پێموایە حەق نەبوو ئەو گفتوگۆیە بەم شێوەیە بکرێ، حەق وابوو لەژووری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دانیشتباین و بەرۆحێکی وەرزشیەوە شتەکەمان چارەسەر بکردایە. پێم وایە ئێستاش هیچ نەچووە بچێ با کەمێک پشوو بدرێ و پێکەوە دانیشین و گیروگرفتەکەمان باشتر چارەسەر بکەین، سوپاس.

**بەرێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**
**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە گفتوگۆی بودجە لەشتە هەرەگرنگەکانی پەرلەمانە و مەسەلەیەکی گرنگە سەبارەت بە حکومەت وەکو هەموو حکومەتێکی جیهان و ئێمە دەتوانین کە خشتەی کار دروست دەکەین ئەوەش ئیشی خۆمانەو، کەدێتە بەردەمی پەرلەمان و پەرلەمانیش بریاری لەسەر دەدات کە

گفتوگۆی لەسەر بکرێت، یا نەکرێت، بەڵام بەڕاستی هەندێ شت هەنە دەبێ تێبینی بکرێن، ئەمن ئەوە سێ چوار رۆژە دەبینم باسی ئەو مەسەلەیە دەکرێت و سەرۆکایەتی پەرلەمان دەڵێ ئێمە ئەتوانین گفتوگۆ لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەین، بەبێ حکومەت و، ئەمە ڕاستە من لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمانم، ئێمە ئەتوانین گفتوگۆی هەرشتێ بکەین بەبێ حکومەت، بەڵام ئەمە ئایا باشە بۆ بەرژەوەندی ئێمە وەکو پەرلەمان و وەکو حکومەت کە شتێک دەرچێ باشتر بێ ، ئەوە باشترە ، یان ئەگەر حکومەت لێرە بێ باشترە. ئێمە گفتوگۆ لەسەر بودجە دەکەین، کە بودجەی ئەساسی حکومەتە، کە حکومەت ساڵێکی تەواو لەسەر ئەو بودجە ئەڕوات، رەچاوی هەموو مەسەلەکانی خۆی کردووەو دەزانێ چەند بەشی دەکات، چەند بەشی ناکات و، داهاتی ئێمە چییە و خەرجییەکان چین؟ بێین لێرە هەتا بمانەوێ گفتوگۆی لەسەر بکەین، نەمان توانی چۆن گفتوگۆی لەسەر بکەین، ئێمە هەر لەسەرەتاوە لە (٢٠)ی مانگدا داوامان کرد کە ئەم دانیشتنە دوابخرێ. ئێمە وەک ئەندامانی پەرلەمان، بەهەردوو فراکسیۆنەوە، ئاگامان لەوشتە نییە، نێوان حکومەت و پەرلەمان داوامان کردووە دوابخرێ، ئێستا سەرۆکایەتی پەرلەمان سووربێ و بڵێ من هەر دەبێ ئەم هەفتەیە بودجە تەواو بکەم، راستە ئەوە دواکەوتووە و دەبێ هەموو ساڵێ بودجەی حکومەت، سەری ساڵ پەسەند بکرێ، ئێمە رەخنە لەوکەسە دەگرین کەدوای خستووە، بەڵام ئەگەر بێین سەیری بکەین هەمووومان بەرپرسیارین لەو دواکەوتنە، هەم حکومەت و هەم پەرلەمان، حەق نییە لایەنێک بکەینە بەرپرس لەو دواکەوتنەو لایەنەکەی تر خۆی لێ دوور بخاتەوە، بەڵام لەمانگی یەک ئێمە دەستمان بەپشوو کرد. ئەمانتوانی لە مانگی یەک، یا لەمانگی دوو دانیشتنی نائاسایی بکەین، گفتوگۆی بودجە بەبێ ئامادەبوونی حکومەت ناکرێ، ئێمە ناڵێین ناتوانین، بەڵکو دەتوانین بەبێ حکومەت گفتوگۆی لەسەر بکەین، بەڵام ئەگەر حکومەت لێرەبێ زیاتر دەتوانین بگەینە ئەنجامێک کە ئەو بودجەیە لەراستیدا خزمەتی ئەو میللەتە بکات و خزمەتی بەرنامەی وەزارەت بکات، بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان باسی کرد، هەموو حکومەتێک بۆی هەیە هەتا رادەیەک تەسرف بکات، مووچە بدات پێش پەسەندکردنی بودجە، ئێمە بەڕاستی نابێ وابین، ئەمن لێرەدا بەرگری لەحکومەت ناکەم، ئەمن وەکو ئەندامێکی پەرلەمان وەکو سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز، بەقەناعەتەوە لەڕۆژی (٢٠)ی مانگ وتم: ئەو هەفتە گفتوگۆی بودجە دوابخرێ کە ئەگەر حکومەت لێرە نەبێ بودجەکی باش و ڕێکو پێک دەرناچێ، بۆ مەسەلەکەی کەکاک فرەنسۆ باسی کرد، مەسەلەی دانیشتن کە کراوە بێت، ئێمە لەگەڵ ئەو ڕایەداین و هەمیشە داوامان کردووە کە دانیشتنەکانی پەرلەمان هەموویان کراوە بن و لەپەیڕەوی ناوخۆش دا هاتووە و لە یاسای پەرلەمانیشدا هاتووە هەمیشە هەموو دانیشتنەکانی پەرلەمان کراوە بێت و ئامادە بوونی هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئازاد بێ و هەموویان لێر ئامادەبن، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

کـاک حـازم بەڕاسـتی هەرچی بێ هۆی دواکـەوتنی بودجـە کـەبرادەرانی لیـژنەی ئابووری دواکـەوتنەکـەیان لەلایە و ئێـمـەش بەدواداچوونمان کـردبوو بۆ هاتنی ، بەڵام بودجـەکـە درەنگ گەیشت، مەسەلەی پشووی پەرلەمانی، لەراستیدا ئێمە وتمان دانیشتنی نائاسایی ئەکەین هەتا دیاریمان کردبوو کەدووشت هەبوون کە جگە لە پەرلەمان ناتوانێ راستاندنی بکات، یەکەم بودجە بوو، دوو بڕیاری پێکەوەنانی سەرۆکایەتی هەرێم بوو، ئێمە بڕیارێکمان دەرکرد، بەڵام ناوەکانمان دەرنەکرد، ئەو دوو شتە دامان نا بۆ دانیشتنێکی نائاسایی، دانیشتنە نائاساییەکە زۆری خایاند، لیژنەی ئابووری لەراستیدا شەو و ڕۆژ ئیشیان تێدا کرد، بەڵام وەکو پێیان وتین یانی رەنگ بوو ۲/۱۵ یان ۲/۲۰ تەواوی بکەن، ئینجا بەڕاستی من لەگەڵ کاک جوهر قسـەم کرد، وتم کاک جوهر ئەم ئەندامانەمان داناوە لەئینزاری جیم دا مادام ۲/۲۰ ئەبێ بەیەکجاری بیکەن بە ۳/۱ بڵێین تاوەکو ۳/۱ گفتوکۆ لەسەر ناکرێ، ئەوە دەربارەی ئەو لایەنەو، لایەنی تر کاک فرەنسۆ زانیاری لەبارەی حاجی یوسف و نازانم ئەوانەی لەکوێ هێناوە، لە بنەڕەتدا کاک عەبدوڵڵا بەمنی وت: بە بۆچوونی من ئەگەر بەکاک جوهریشی وتبایە جیاوازی نەبوو لەوەی کەبەمن بڵێ، چونکی بێ بەمن بڵێ، من بەئەو ئەڵێم هیچ جیاوازیەکی نەبوو، ئەمە ئەوە، ڕۆژی پێنج شەممە کە حاجی یوسف تەلەفۆنی کـرد، ئینجـا ئەو ڕۆژە ڕاسـتـە کـاک فـەرسـەت لەوێ نەبووی ، دیارە زانیـاری فراکسیۆنی زەرد یەک بەیەک دەگات و حاجی یوسف تەلەفۆنی کرد من پێم وت: رەنگە لە گەڵ کاک عەبدوڵڵا دا قسەبکەم و سکرتێرەکەی کاک عەبدوڵڵا تەلەفۆنی بۆ کردم، لەبەردەمی کاک فەرسەت دا، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە تاسەعات (۱/۳۰) یەک و نیو لێرە ڕاوەستاین، بۆ ئەوەی نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران بێت هەرچەندە ڕۆژی پێنج شەممان دەوام سەعات (۱) تەواو دەبێ، کەچی تا یەک و نیویش چاوەڕێمان کرد، کەچی نەهات ئێنجا (۲۲)ی مانگ نووسراوەکە هات، لەبارەی ئەو بابەتەوە بالیژنەی ئابووریش هەندێ تێبینی خۆیان دەربڕن، بۆ ئەوەی بێینە سەر ئیشوکاری خۆمان، ئەو بابەتە بالێرە ڕاگرین.

**بەڕێز جـەمـیل عـەبدی سندی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

هیوام ئەوەیە ئەو کۆبوونەوە و کۆبونەوەی داهاتوو، هەموو کراوە بێت، تاکو هاوولاتیانی دڵسۆز هەموو بۆیان روون و ئاشکرا بێ و ئێستاکە دێمە سەر دواکەوتنی بودجەکە، بەڕێز وەزیری دارایی

دەیەوێ دواکەوتنەکە بخاتە سەرشانی لیژنەی دارایی، یان پەرلەمان. هەروەکو بەڕێز حازم یوسفی دەیەوێ شەریکێک بۆ لیژنەی ئابووری و دارایی دابنێت. بەڕێز سەرۆکی وەزیران گوتی: ئەگەر پشووی پەرلەمان (١٥) رۆژ دواکەوتبایە، ئایا چی لێدەهات، ئێستا بۆ جەنابتان ئاشکرا دەکەم کە مەسەلەی دواکەوتنەکەی لەسەر چییە؟ مەسەلەکە بە (١٥) رۆژ ئەبوو، یان نەدەبوو، بەڕێزان ژبەر بەهاگرانیا بودجەی هەرێمی و موازەنەی هەرێمی ساڵی ١٩٩٤ لەمانگی شەشی ساڵی ١٩٩٣دا لیژنەی ئێمە هەمووی تەواوکرد، دەربارەی بودجەی ساڵی ١٩٩٤ هەندەک پێشنیار و راسپاردە و نووسین پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمان کران بەنووسراوی ژمارە (٣٢)مان لە ١٩٩٣/٦/٣دا و ئەو خاڵە ئامادە بکرێ و موازەنەی ساڵا ١٩٩٤ی و (١٥) نسخە لە١/١٠/١٩٩٣دا بگاتە پەرلەمان، هێژا سەرۆکی پەرلەمانێ ئەو راپۆرتە بەرێ کرد بۆ سەرۆکایەتی جیڤاتی وەزیران بەنووسراوی ژمارە (٣٢٥) لە ١٢/٧/١٩٩٣دا و لەوێ بۆ سەرۆکایەتی جیڤاتی وەزیران. وەزارەتی دارایی و ئابووری بەنووسراوی ژمارە(٥٣٣٧) ی لەرۆژی ٢٨/٧/١٩٩٣ ئاگادار کردەوە کەبودجەی ساڵی ١٩٩٤ ئامادە بکەن و لە ١/١٠/١٩٩٣ بگاتە پەرلەمان بە ئیمزای بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی سەرۆکی وەزیران، ئێستاش دەقی ئەوە دەخوێنمەوە...بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری ـ نووسینگەی وەزیر (ب/ موازنة عام ١٩٩٤«بناءً على ماجاء بكتاب المجلس الوطني لكوردستان العراق ـ المكتب الخاص المرقم (٣٢٥) في ١٢/٧/١٩٩٣ لاتخاذ مايلزم لاعداد موازنة الاقليم لعام ٩٤ على أن تصل الى المجلس الوطني في ١/١٠/١٩٩٣ بـ(١٥)نسخة» على أن تكون الموازنة حسب الفصول والمواد والأنواع مع تبليغ كافة الوزارات للعمل بموجبه واعلامنا مع التقدير. التوقيع عبدالله رسول علي رئيس الوزراء) لەگەڵ وی چەند جار موازنە پاش کەوت و دواکەوت، وەزارەتی دارایی و ئابووری زۆر هەوڵی دا لەتشرینی دووەم ١٩٩٣ لەجیاتی تشرینی یەکەم موازەنەکە ئامادە بکات بۆ پەرلەمان، بەڵام ساڵی ١٩٩٣دا کۆتایی هات و موازنە نەگەیشتە پەرلەمان. موازنە بەرەسمی ژجڤاتا وەزیران بەئیمزای بەڕێز عەبدوڵلا رەسول بەرێ کرن بۆ پەرلەمانێ بەنووسراوی ژمارە (٣٢) لە ١٦/١/١٩٩٤ ئەمەش هەموارکردنی دەویست، سەرۆکایەتی وەزیران کە بەنووسراوی ژمارە (٥٧)لە ٢٥/١/١٩٩٤. بەڵام لەسەر داخوازیی سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەموو زانیاری دارایی و ئابووری رای خۆی دا، لەهەموو خاڵ و مادەیەکی، لەهەیڤا یەکی هەمووی و لە هەیڤا دووی نیوەی لیژنا ئێمە، بەردەوام بوو لەکۆبوونەوە و هیچ پشووی وەرنەگرتووەو راپۆرتی لیژنەی پەرلەمانیش ئامادە بوو، پێشکەش کرن بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان لەناوەڕاستی هەیڤا شوباتی و بۆیە لەکۆتایی شوباتی ١٩٩٤دا گفتوگۆی لەسەر نەکرا هەر ئەو بەڕێزانە و، هەر ئەوان بوون داوای دواخستنیان کرد، گوتیان بالە کۆتایی مانگی شوبات نەکرێت، بالەسەرەتای ئادار بێت و دواکەوتنی ئەم رۆژانەش هەر ئەو بەڕێزانە بوون، ئەم راستیەم بۆ ئەندامانی بەڕێزئاشکرا کرد تاکو بزانن وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکەوتە بەرباری خەم ساردی لەبەر دواکەوتنی موازەنەی ساڵی

١٩٩٤ و هیواو ئومێدی ئێمە لەیەزدان ئەوەیە کەوەزارەتی دارایی و ئابووری کارو بزاڤی خۆ زیدە بکات و خەم خۆر بێت تاکو کاروباری خۆ لەدارایی و ئابوری سەر بکەوێ و التزام و سۆزی خۆی بەرامبەر بەپەرلەمان و جڤاتا وەزیران بەجێ بهێنێت، و ئێمەش هەنووکە ئامادەینە راپۆرتا لیژنەی دارایی و ئابووری بەئاشکرا پێشکەش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.:**

زۆرسوپاس، هێشتادەرگای گفتوگۆمان نەکردۆتەوە، تەنها ئەمە تێبینی لیژنەی ئابووری و ئەنجوومەنی وەزیرانە، بەڕێز کاک دارۆ زۆر ناوی هاتووە ئەگەر قسەی هەیە فەرمو کاک دارۆ.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی لەو روون کردنەوەیەی کاک نەژادەوە دەست پێ دەکەم کە تەنیا حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە و تەنیا پەرلەمان نییە بودجەو گفتوگۆی بودجە داوا دەکا، هەربۆیەشە یاسای عێراقی کەرێگا ئەدات حکومەت لەو کاتانەدا کەبودجە بڕیاری لەسەر نەدراوە و نەبووەتە یاسا چۆن هەڵسوکەوت بکات و بۆ بیر خستنەوە پێیان ئەڵێن کەکاتی خۆی پرۆژەکە گەیشتە پەرلەمان، چونکە پشوو نزیک ببۆوە کاک نەژاد پەیوەندیی بەئێمەوە کرد وتی: ئەگەر ئێمە کۆبوونەوەکانمان دواخست، باری خەرجی بودجە چۆن ئەبێ، منیش باسی ئەو یاسایەم بۆکرد کە ئەڵێ مووچە وەکو خۆی ئەڕوات، یەک لەسەردوانزدەی باقی بودجە وەزارەتی دارایی بۆی هەیە تەسرفی پێ بکات وەک چۆن بودجەکە دابەشی دوانزدە مانگی بکەین، ئێمە چونکە لەحاڵەتێکی تایبەتی دا ئەژین تەقشف ئەکەین، ئێمە بڕیارمان دا یەک لەسەر سێی ئەو بودجە لەژێر تەسرفی وەزارەتی دارایی و وەزارەتەکانی دیکە دابنێین، بۆ ئەوەی هەموو پارەکان خەرج نەکەین پێش بڕیار لەسەردانی، چەند جارێک ئەمە دوو بارە کرایەوە کەچ حکومەتێک هەیە سێ مانگ بودجەکەی دواکەوتبێ، حکومەت هەیە هەشت مانگیش دواکەوتووە، زۆر حکومەت هەیە تاساڵیش تێپەری کردووە بودجەکەی گفتوگۆ لەسەر نەکراوە، هەرچەندە دوا کەوتنەکەی خەتای وەزارەتی دارایی نەبووە، ئەوە ناوە رەسمییەکانمان پێیە، ئێمە لەدەوروبەری ١٢/١ هەموو کاروبارەکانی بودجەمان جێبەجێ کردووە حەزدەکەم بۆ ئاگاداری بەڕێزتان بۆ یەکەم جار بودجەی واگەورە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەبکرێ کە ئەمە جگە لەوەی کەبەپێی نووسراوەکەی خۆتان داواتان کردووە کەساڵی پێشوو بەپێی فەسڵ و مادە بوو، ئەمساڵ ببێ بەفەسڵ و مادە و جۆر یانی ئەوە درێژکردنەوەی ئیشەکانەو زیاتر ورد کردنەوەیەتی، لەهەر فەسڵێک دا دەبێ حسابی ئەوە بکەین چەند مادەیە؟ لەمادەکانیش دەبێ جۆرەکانی دیاری بکرێن، بەچەند و چۆن خەرج بکرێ؟ هەریەکە بایی چەندە؟ ئەمانە هەمووی، بەڵام بەپێی ئەو قسانەی کەبەڕێز سەرۆکی لیژنەی ئابووری خوێندیەوە کەلە ١/٢٥ بەرسمی گەیشتۆتە پەرلەمان، جارێکی تر دوو بارەی ئەکەمەوە لە ڕۆژی

١/١٦ نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران هاتووە و لە ١/٢٥ پرۆژەی یاساکە نێردراوە نەک بودجەکە، بۆ چییش وایێش خراوە، لەبەر ئەوە ئەبوو ژمارەکانی وردکاری بکرێ و یاساکەش ئەچووە بەردەمی لیژنەی یاسا کە بەماوەیەکی کورتتر دەتوانن چاوی پێدا بخشێنن و رای خۆیانی لەسەر دەربڕن، جگە لەوە ئێمە لەمانگی (١٢) مسوەدەی ئەو پرۆژەیەمان ناردووە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و پێشتریش بۆ هەموو وەزارەتەکان ناردراوە و ئاگادارکراون بۆ ئەوەی تاکو رای خۆیان لەسەر دەربڕن، ئەوانە هەموو زۆر بەتانووتەوە باس دەکرێن ئێمە دووامان خستووە، دوومانگی هی پشوو بووە کەئەتوانرا بەیەک هەفتە چارەسەر بکرێت ، من بۆ ئەوەش کە باسی ئەوە کرا لیژنەی ئابووری پەرلەمان، کاک جوهرخۆی فەرمووی کە پێویست بەوە دەکات کەزیاتر وەختی بدرێتێ، چونکە هەموو ژمارەکانیشی خۆتان دەزانن کاتی زۆریان پێ دەوێ، بەڵام ئامادەکردنی ئەوە نابێ ئەوەندە وەختی هەبێ تاکو ئەم وەزارەتە بتوانێ بودجەیەکی واقیعی تر لەساڵی پێشوو پێشکەش بکات؟ جگە لەوەش بەپێی ئەوەی کەمن ئاگادارم لیژنەی ئابووری لەرۆژی ٢/١٠ راپۆرتی خۆی بەرزکردۆتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و لەگفتوگۆی خۆی بۆتەوە، ئەتوانرا لە ٢/١٢ داوا بکرابایە کۆبوونەوە بکرێ، ئەمە ئەو روون کردنەوە بوو کەبەپێویستم زانی پێشکەشتان بکەم و سوپاسێکی کاک فرەنسۆش بکەم و، دیارە برایەتیمان ئەوەندە بەتینە بۆیە بەباشی بەدواداچوونی کردووین، بەڵام ئێمە لەکاتی چوونمان بۆ سلێمانی و کەرکووک نەپچڕابوو تاکو من هاتمەوە بۆ ئەوەی بێم، بەڵام من جارێکی تر وتم: سەرۆکایەتی بەمنیان راگەیاندووە کەداوای دواخستنیان کردووە، کەسێکی تر هیچ شتێکی جیاوازی بەمن نەوتوە، تاکو بەپێچەوانەی ئەوە بجووڵێمەوە، ئینجا ئەگەر بەمن بوترابایە (٢٠)ی ئەوەندە هەر دەچوومەوە بۆ لای سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و ئەم وت دەعوەت کراوم بۆ ئەوەی بچم بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان، ئایا ئێوە رایتان چییە؟ بۆ مەسەلەی ئاشکراکردن و ئاشکرانەکردنی کۆبوونەوەکان، پێموایە ئەوە مەسەلەیەک نییە هیچ لایەنێک مزایەدەی لەسەر لایەنێکی تر بکات، مەسەلەی ئاشکراکردن کەلە سەرەتادا ئەم دانیشتنە من داوام کرد، چونکە باس کردنی نەهاتنی حکومەت و بەتایبەتی وەزیری دارایی لە تەلەفزیۆن بلاوکراوبووسەوە، وەک مافێکی دیموکراتی و شەرعی خۆم، منیش داوام کرد ئەو پێشەکییە بە ئاشکرا لەتەلەفزیۆن بلاوبکرێتەوە پاشان مەسەلەی بودجەو ئەو ژمارانەی کەلەبەر دەستی ئێوەدایە، داوای ئەوەم کرد کەپێشەکییەکە بیێتە عەلەنی و لە تەلەفزیۆنیش بلاو بێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵکیش بزانن کەئێمە و بەرێزان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لەسلێمانی بووین، بەڵام پارێزگاری سلێمانییان تەکلیف کرد بەنوێنەرایەتی بچێ بۆ کردنەوەی ڤیستڤاڵی زانکۆی سلێمانی. لەگەڵ رێزو سوپاسم بۆتان.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆرسوپاس، وابزانم ئەم بابەتە کۆتایی پێ بێنین، راوەستین و بێینەوە سەر بەرنامەی خۆمان،

خالّی یەکەم ئەویش بەشی دووەمی بودجەکەمانە باباسی بکەین و لیژنەی ئابووری وابزانم ئامادەیە بۆ ئەم بابەتە.

**بەڕێز جـــەمـــیل عـــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

لەبەر دەستمانە هەندێ گۆڕین لەهەندێ مادە و جۆری موازەنەی ١٩٩٤ دا بکەین و ئێمە دەمانەوێ بڵێین وەکو هەمی ئەندامانی لیژنەو لەپەرلەمان لەگەڵ د.فازڵ قەفتان ئامادەبووین بۆ هەندێ بۆ چوون و گۆڕین و نووسراوی تەقدیری لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەرکەوت بۆ ئێمە هەمی ئەندامانی لیژنە: یەحیا بەرزنجی، پەریخان مەحمود، بطرس سەخەریا، شێخ عەبدولکەریم کاکەحەمە، شەفیقە خان، هەروەها بەڕێز د.قەفتان وەکو پسپۆڕ پشکدار بوون و گفتوگۆ لەسەر میزانیەی ١٩٩٤کرا، چەند دکتۆری پسپۆڕی دیکەش لەزانکۆی سەلاحەدین و ئامۆژگایا بەشداری دەکەن لەگەڵ لیژنەی ئێمە، گەلەک مادە من، یا ئەندامێکی دی بەپێویستی دەزانین بێنە گۆڕین، بەڵێ نەهاتن و دەنگی ئەمانە لەگەڵ نەبوو، چونکە دیتمان لەگەڵ یاسای پەرلەمان دا جێبەجێ نەدەبوو، ئەو راپۆرتە هاتە خوێندن لەوێ رۆژێ و ئەم نسبەتێک گۆڕین و دەنگیان لەسەردرا و هەندێ خاڵ بەزۆربەی دەنگ بوو، بۆیە ئەمەش دەڵێم، چونکە ویستم روناکییەک لەلای جەنابتان دروست بێ و هەمی بەڕێزان ئاگادارییان هەبێت لەسەر ئەو راپۆرتەی کەخوێندمانەوە دیارە رای کۆتایش هەر هی پەرلەمانە و مەسەلەش هەر خزمەت کردنی خەڵکی هەرێمی کوردستانە، لەگەڵ سوپاس و رێزم دا.

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح عـــەبدوڵلا حـــەیدەری:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

من وەکو کاک فرەنسۆ لەدانیشتنی پێشوو داوای کرد، دووپاتی ئەوە دەکەم لە بەڕێز وەزیری دارایی کەراپۆرتەکەمان بداتێ و تەقیمی وەزعی داراییمان بۆ بکات، ئایا عەجز هەیە؟ ئایا وەفر هەیە؟ ئایا تدویر هەیە ئایا تجاوز هەیە ؟ لەلایەن وەزارەتەکانەوە، بەنسبەت تخصیصاتی خۆیان؟ وابزانم ئەوەش ئوسوولێکی پەیڕەوکراوە و عورفێکی پەیڕەوکراوە، پێش ئەوەی ئێمە گفتوگۆی بودجەی (٩٤) بکەین تەقیمی باری داراییمان بکرێ، ئینجا دەست دەکەین بەگفتوگۆکردن لەبارەی ژمارەکانەوە. لەگەڵ رێزو سوپاسمان دا.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

باسی چۆنیەتی گفتوگۆکرا و باسی هاتنی پسپۆڕان کرا. من پرسیارێک لەسەرۆکی لیژنەی دارایی دەکەم، من وەکو مامۆستایەکی زانکۆ، وەکو ئەندامێکی پەرلەمان لێرەم، سەبارەت بە منەوە

کەپسپۆڕی دەرەوەی پەرلەمان بانگ دەکرێ، هات بە من بڵێ ئەمەیان یەکەم، دووەم: هەر پسپۆڕێک کەهاتبێ بەرای من ئەگەر عەمەلیەتی تیابێ هەندێ تێبینی گشتی ئەدات، نایەت گفتوگۆ لەسەر ژمارەیەک بکات لەئەنجوومەنی وەزیران، یاخود وەزارەتی پێشمەرگە، ئەم ژمارەی دانراوە زیادە یاکەمە، چونکە ئەو ژمارە ئەنجامی چی هاتووە؟ دەبێ لێرەدا هەندێ هێڵی گشتی باس بکرێ، مەسەلە فەسڵێک بگرین، مووچە زۆرە لەم فەسڵە پێداویستییەکانی خزمەتگوزاری بێنین لەسەر بنەمایی دەروازە و. وتوویژ بکەین نەک ژمارە ژمارە بێنین لێرە شی بکەینەوە بەبێ ئەوەی کە ئاگاداری وەزعەکەبین، ئەو ژمارەیە چۆن دانراوە و چۆن وتوویژی لەسەر کراوە؟ خاڵێکی تربشم هەیە، ئێمە تەبیعی پێش دوو سێ ڕۆژ باسی بودجەمان کرد. لەلایەنی یەکەمی هەندێ تێبینی گشتی هات، لەبارەی چۆنیەتی چارەسەر کردنی عەجز، لەبارەی ئەوە هەندێ راسپاردە دەست نیشان کرا، کەبیدەین. پێویستە ئەمڕۆ ئەوانەش باس بکرێنەوە کە کاتی خۆی حکومەت لێرەبوو، ئایا ئەوشتانەی پێ ئەکرێ؟ پێ ناکرێ؟ بۆ ئەوەی حکومەت خۆیشی رای هەبێ، وەزارەتی دارایی خۆیشی رای هەبێ لەو بارەیەوە، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم دا.

**بەڕێز شالاو علی عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێش ئەوەی قسەکانم دەست پێ بکەم بەراستی من زۆرم پێ سەیرە کەهەندێ لێرەدا ئەنیشین و دەموچاوێکتان بەدڵ بێ، ڕێگە دەدەن قسەبکات، دەموچاوێکتان بەدڵ نەبێ ڕێگا نادەن قسەبکات، من پێم سەیرە چ حکومەت چ ئەندامانی پەرلەمان بۆ بەرژەوەندی میللەتەکەمان هاتووین هەر بابەتێک پێویست بکات ١٠ رۆژ، مانگێک، دووساڵ، بەرای من هیچ یەک ودووی لێ نەکرێ، بیری لێ بکرێتەوە، گفتوگۆی لەسەر بکرێت. بگەیەنرێتە چاکترین ئەنجام بۆ چارەسەر کردنی ، نەک ئەندامێک ئەوها سەیری برادەرەکەی خۆی بکات و سەیری دەمی بکات و بزانێ رای چییە؟ ئەو لەم لاوە قسەکەی بکات یاخود تەئیدی بکات، لێرەدا ئێمە بۆ بەرژەوەندی میللەتەکەمان هاتووین، بودجە باس دەکرێ لێرە ژمارەیەک گۆڕدراوە (٢٥٠) بووەتە (٥٠) بۆ نموونە ئێمە دانیشتووین وەک دەڵێن: ( أطرش بالزفة!)! من نازانم ئەو ژمارە چییە؟ راستە لەتەنیشتی نووسراوە( أجور مطبوعات). من نازانم بەراشکاوییەکەی چییە؟ پاشان داوای دەنگدان دەکەی لەمن ، من دەنگ بۆ چی بدەم؟ دوای ئەوە من زۆرم پێ سەیرە، خوشکە پەریخان لەوێ فەرمووی ئێمە سێ ئەندام ئیمزامان نەکردووە، ئەو برادەرەی تەنیشتی لەوێ وتی: ئێمە سێ کەس ئامادە بووین. هەندێ شت هەیە من حەز دەکەم واقیعی بڕوات، راستە من سەد جار ئەڵێم نەفرەت لە پەنجا بەپەنجا، بەڵام هەندێ شت هەیە بەمنطق ئێمە لیژنەی دارایی بۆ خۆی ڕێک نەکەوتووە لەسەر ئەو ژمارانە، دوایی بێن کۆمەڵێک ژمارە بدەن بەئێمە کەکەسمان نەزانین چییە، وەکو کاک عەبدوڵلا فەرمووی ، بەراستی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران وتوویژ لەسەر چی بکات؟ کاک د.ڕۆژ وتوویژی چی بکات کەنەزانن ژمارەکان چۆن گۆڕاوە؟ نابێ ئەوانیش ئاگایان

لێ بێ لەسەرۆکایەتی وەزیران باسی ئەوە بکەین؟ بائێمەی ئەندامانی پەرلەمان پشووی پەرلەمانیمان نەبێ، بەڵام دانیشین دوومانگ بەبەردەوامی کۆبوونەوەی بەردەوامی خۆمان بکەین بۆ ئەوەی بگەین بەئەنجامێکی باش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ شێوازی گفتوگۆکردن، ئێمە دەستوورێکمان هەیە، جەنابت کاک شالاو لەو دەستووره نەگەیشتووی، ئەویش ئەوەیە بەو شێوەیە کە دانیشتنێ ئەکرێتەوەو بەرنامە دەخوێندرێتەوە، ئەگەر تازە بابەت هەبێ تازەبابەت تەنیا سەرۆکی هەردوو فراکسیۆن هەقیان هەیە ئەو بابەتە پێشنیار بکەن بەپێی ئەو دەستوورەی کە هەمانە، پاشان دەست دەکرێ بەبەرنامە. گەرکێشەیەک نەبێ دەرگای گفتوگۆ دەکرێتەوە، ئەوکات ناو دەنووسرێ ئەو برادەرانەی کەقسە دەکەن. ئەوەی ئەمرۆ کرا تێبینییەکە، تەنها وەزیری دارایی تێبینی هەبوو، ناچار بووین بچینە ناو گفتوگۆیەکی دوور و درێژ کەپەیوەندی بەئەندامی پەرلەمانەوە نەبوو، کەدەرگای گفتوگۆ بکەینەوە، ئێمە گوتمان دەرگای گفتوگۆکردن دەکەینەوە ئەو کاتەی کەبابەتەکە تجاوزی ئەوە بکات کەباسی لێ کرا. هەر کە دەرگای گفتوگۆکردن کرایەوە ئەو کاتە ئەندامانی پەرلەمان ناونووس دەکرێن، ئەو برادەرەی کەحەقی قسەکردنی هەیە، بیروڕای خۆی پێشکەش دەکات.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بخەنە دەنگەوە، کە وتم: ئێمە دانیشین یەک و نسخەمان لەلابێ، ئینجا وتوویژ بکەن، ناوی برادەران بنووسن، چونکە ئەگەر ناوی برادەرانیش بنووسن کەنەیەنە سەر مەسەلە بنەڕەتیەکە ئەوە بخەنە دەنگەوە، بزانن چۆنەو دوایی قسەی لێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جابرادەران دەیانەوێ قسەبکەن، چونکە لەوانەیە کۆمەڵێ تێبینی تر هەبێ. باتەواوی بکەین، پاشان کورتەی ئەم بابەتە ئێستا دوو پێشنیارمان لەپێشە، ناوەکانمان نووسیون.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سێ تێبینیم هەیە، حەز دەکەم دیارییان بکەم ، یەکەم کاک شێروان باسی کرد، زۆر مەمنوونین وەکو بەڕێز وەزیری دارایی زەحمەت بکێشێ، ئەو ڕاپۆرتە ئامادە بکات، لەراسیتدا ئەو هاریکارە بۆ گفتوگۆ بودجەی ٩٤، دووەم، وەکو ئەندامێکی پەرلەمان هەردەم ئامادەین لەکاتی دەورەی پەرلەمان و لەپشووش دا بێین گفتوگۆ بکەین و ئەمە دەورەی دووەمە لەساڵی دووەم دا ، یەکەم ئیجازەیە وەربگرین. ئەو پێشنیارەی بەڕێز کاک عەبدوڵڵا و کاک د.ڕۆژ، زۆر لەجێی خۆی دا

دەبینم، چونکە زۆر لەبەرژەوەند دایە، لەراستیش دا ناکۆکیەکانی لیژنەی دارایی دیارە و لێرەدا ئەوە گفتوگۆی لەسەر بکەین ناکۆکی کەمتر دەبێتەوەو، کەمتر کاتی دەوێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی لەیەک شەممەی رابوردوودا باسکرا، بەرای من ئەگەر مرۆڤ بتوانی باسی هەموو شت بکات لەنێوان پەرلەمان و حکومەتدا، لەنێو هەردووفراکسیۆن، لەنێوان فراکسیۆن و سەرۆکایەتی پەرلەمان، توانی باسی هەموو شتێ بکات، بەس باسی تەبایی نەکات. ئێمە هەموو هەولێکمان دا رۆژی یەک شەممە و سێ شەممە کەگفتوگۆکە دوابخرێ، ئەولەیەک نەگەیشتنەی کەئێستا هەبووە ئەمرۆ گفتوگۆ کراوە نەدەبوو. بەلام بەداخەوە وەکو کاک عەبدوللا باسی کرد نازانم، بەلام من هەست دەکەم، ئێمە کەمێن بۆ یەکتر دادەنێینەوە، حکومەت و پەرلەمان و ئەندامەکانی پەرلەمان، لیژنەی ئابووری بۆ وەزارەتی ئابووری و دارایی، وەزارەتی ئابووری بۆ لیژنەکەی، من نازانم بەو شێوەیە ئەتوانین ئێمە گفتوگۆ لەسەر ئەو بودجەیە بکەین، یان نا؟ قسەکەم ئەوەیە، پێویستە حوسنی نیەتمان هەبێت بۆ گفتوگۆکردنی تاکو بگەینە ئەنجام. ئینجا من پێشنیارەکەی د.فوئادم پێ باشە، پێشنیارەکەی کاک د.رۆژم زۆر پێ باشە کەئەم دانیشتنە دوابخرێ بۆ ئەوەی ئەو شتە بدۆزینەوە. دووەم ئەوەیە کەلیژنەی ئابووری و وەزارەتی دارایی و ئابووری پێکەوە دابنیشن و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی پەرلەمان پێکەوە دانیشن، بەرنامەیەک دابنێن، لەوانەیە ئێمە بتوانین یەک رۆژ دوو رۆژ دوای بخەین، ئەو لەیەک گەیشتنە دروست بێتەوە، داوام ئەوەیە جارێکی تر ئەو دوو پێشنیارە بخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێزعەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی گفتوگۆی مەسەلەی بودجە بەمەسەلەیەکی گرنگی دادەنێم، سەبارەت بە پەرلەمان و حکومەتیشەوە، لەبەر ئەوە پێویستە ئەم بابەتە بەهێمنی و بەکردار گفتوگۆی لەسەر بکرێ و ئەوەش تەنها لەخشتەیەکی ئاسایی نەبێ ناکرێ. دەبێ بەهەماهەنگی بێ لەنێوان حکومەت و پەرلەمان بەتایبەتی نێوان لیژنەی پسپۆرمان، لەلیژنەی ئابووری لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری دا گفتوگۆی بودجە زۆر گرنگە، چونکە زۆرشتی لەسەر وەستاوە، هەتا ئەگەر بریاری لەسەر نەدرێ پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران دەست لەکار بکێشێتەوە. لەبەرئەوە ئەم بابەتە زۆر بەوردی و بەزانستی دەبێ گفتوگۆی لەسەر بکرێ، بەنسبەت منەوە پێویست بوو راپۆرتێکی تەواوی پێشکەش بکرابایە لەبارەی بودجەوە بۆ ئەوەی لەبەردەممان دا بوایە. تاکو بزانین شێوەی خەرج چۆن بووە؟ بۆ ئەوەی بتوانین ژمارەی هاتوو دابنێن بەنەزەری ئیعتبار. هەروەها پێویست بوو ئەندامانی پەرلەمان تەواوی بودجەکەیان لەبەر دەم بووایە، ئەگەر لەتواناد نەدەبوو چاپی گشتی بکرێ بەلای

کەمی ، بنچینەیەک دابنرایە ئەوەی ئارەزوی هەیە بڕوانەماشای بکاو گفتوگۆی لەسەربکات، لەبەر ئەوەی ئێمە نازانین ئەو ژمارەیە چۆن دانراوە و چۆن دائەنراوە، لەبەر ئەوە داوا دەکەم ئەو بابەتە هەر دواکەوتووە، بابێتە دەستووڕێکی دیموکراتی عەمەلی سەبارەت بە ئێمەوە، مەسەلەی بودجە، بابوارێک بدەین بەلیژنەی تایبەت، ئێمە لەپەرلەمان لەگەڵ وەزارەتی دارای دا ئەو بابەتانە بەقوولی باس بکات، ئەو پێشنیارانەی هەیە لەلایەن لیژنەی تایبەتی ، پەرلەمان لەگەڵ وەزارەتی دارایی بەقوولی باس بکات، بارای بدات، زیادبێ، کەم بێ و بۆ ! لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەو پێشنیارەم کە بوارێک بدەین، ئێمە دەست بکەینە گفتوگۆکردن، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دووسێ تێبینم هەیە. یەکەم خاڵێکی یاساییە دەربارەی ئیش و کاری پەرلەمان شتێکی ئاساییە کەپەرلەمان بڕیاری کۆتایی هەیە لەهەر پرۆژەیەک، یان لەهەر خاڵێک. ئەو قسەیەم پێ سەیرە کە لەتواناادا نییە پەرلەمان دەسکاریی ژمارە بکات. پەرلەمان حەقی دەسکاری ژمارەی هەیە، بەو قەناعەتەی کەدەیگاتێ، بەڵام لێرەدا ئەوبرادەرانەی کەئەندامی پەرلەمانن دەڵێن ئاگاداری ئەو وەزعە نین، ئەوە بەقەناعەتی من کەم تەرخەمی خۆیانە، پێویستە دەیان توانی لیژنەی ئابووری دانیشن ودانیشتنی بەردەوام بێ، دەیان توانی بچن لەگەڵ لیژنەی ئابووری دابنیشن وئاگاداری مناقەشەکان بن کەچۆن گەیشتۆتە ئەو ڕادەیە لەدەستکاری کردن، چونکە هەر ئەندامێکی پەرلەمان هەقی هەیە بچێت لەو گفتوگۆیانە ئامادە بێ، بەڵام حەقی دەنگدانی نییە لەو لیژنەیەدا. ئەوە مانای وایە ئەندامی پەرلەمان ئیتیلاعێکی پەیدا کرد. لیژنەو لیژان دەوریان هەیەو ئەو دەورەشیان ئەوەیە، دەتوانم بڵێم واجیبەی پەرلەمانە، خۆ هەموو ئەندامی پەرلەمان (١٠٥) کەسن لەتواناادا نییە بچن سەیری هەموو شتێک بکەن، ئەوەی پسپۆڕە ئەو تاوتووی وەزعەکە دەکات، ئەو ڕای خۆی دێنێ وەکو ڕاپۆرتێک پێشکەشی پەرلەمانی دەکات، پەرلەمانیش ئەوشتە ڕەچاو دەکات، بۆیە بەبۆچوونی من ڕاست بوو، دەبوایە هەماهەنگی هەبێ لەنێوان وەزارەتی دارایی و لیژنەی دارایی دا، بەڵام ئەو هەماهەنگییە بابڵێین گەر نەبووبێ، لەلیژنەی دارایی بووە، پێویستە وەزارەتی دارایی خۆی کەمتەرخەم نەبا، خۆی دەبوایە دەوری ئیجابی هەبوایەو بەدواداچوونی ئیشەکانی بکردایە. سەبارەت بە بابەتی بودجەی کۆن چ خەرج کراوە؟ چ خەرج نەکراوە؟ عەجزەکەمان تا چ ڕادەیەکە؟ کاتی خۆی لێرە بووین کە پەسەندی بودجەمان کرد، دەمان زانی عەجزەکەی دەنگدەداتەوە، هەمووی تەخمینە، هەمووی عەجزە، بەڵام هەتا چ ڕادەیەک ئەو عەجزە توانرا چارەسەر بکرێ؟ پێویستە ئێمە ئاگاداری ئەوە بین، ئەوجا ئێمە بێین گفتوگۆی لەسەر بودجەی تازە بکەین بۆ ساڵی ١٩٩٤، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە، داوا ئەکرێ کەئەم گفتوگۆیە ڕابگرین، بۆ ئەوە ئەو پێشنیارە بخەینە دەنگدانەوە

و بۆ ئەوەی ئەم بابەتە حەسم بێ دوای بخەین ئەم دانیشتنە تاکو وەزیری ئابووری لەنوسخەکە بکۆڵێنەوە، ئەگەر ئەوان کۆبوونەوەیان لەگەڵ دا بکات باشترە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی کە د.فوئاد کردی لەپاش دا هەندێ برادەر تەئیدیان کرد، ئەوەبوو کە دوابخرێ و وەزارەتەکان کەڵکی لێ وەربگرن، وەزارەتی دارایی لەگەڵ لیژنەی ئابووری دا کۆببنەوە پاش ئەوەی مناقەشەی ئەو ژمارانە دەکەن، ئینجا کاک جوهر رای وایە تاکو چوار شەممە، وکاک عەبدوڵڵا دەڵێ یەک شەممە، چ کاتێک دادەنێن، بەڵام دارشتنەکە ئەوەیە کە ئەبێ هەموو وەزارەت دانەیەکی بدرێتێ و لەپاش دا لیژنەی ئابووری لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری دا دابنیشن، ئەو ژمارانە کە ناکۆکییان لەسەرە گفتوگۆی لەسەر بکەن، مەرج نییە بگەنە ئەنجام، بەڵام پێشنیارەکەی د.فوئاد واتێگەیشتبین وابوو، لەبەر ئەوە دەبێ ئەو پێشنیارە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاکە بووە دووخاڵ، خاڵی یەکەم ئەوەیە کەوەزارەتی دارایی راپۆرتێک ئامادە بکات لەسەر خەرجی ساڵی رابردوو. پێشنیاری دووەمیش ئەوەیە، ئەم دانیشتنە دوابخرێ بۆ چوارشەممە یان بۆ یەک شەممە، ئەمە کێشەی لەسەر نییە بۆیەک شەم. دیارە زۆربەی ئەندامان لەگەڵ ئەوەدان کەیەک شەم بێت، بۆیە بۆ یەک شەم ئەمێنێتەوە، وەزارەتی دارایی و لیژنەی ئابووری لەنێوان خۆیان دا دانیشن و رێک بکەون و بەراورد بکەن، ئەوانیش تارۆژی یەک شەممە ئەو وەزعەمان بۆ چارەسەر بکەن، بۆ ئەوەی رۆژی یەک شەم چیتر دوای نەخەین، دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە مەرج نیە لیژنەی ئابووری مل کەچ بێ بۆ رای وەزارەتی دارایی، ئەو مناقەشەی خۆی کردووە، تێبینی خۆی جێگیر کردووە، با گوێ لەتێبینیەکانی نوێنەری وەزارەتی دارایی بگرێ، ئەو ئەگەر گەیشت بەقەناعەت ئەوە زۆرباشە، ئەگەر نەگەیشت بەقەناعەت ئەوا ئەتوانێ لەسەر راپۆرتی خۆی سوور بێت. ئەوە رای ئەوە بۆیە ئەمە ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە،

یەکەم: وەزارەتی ئابووری راپۆرتێک ئامادە بکات لەسەر داهات و چۆنیەتی خەرج کردنی بودجەی ساڵی رابردوو.

دووەم: دواخستنی ئەم دانیشتنە بۆ رۆژی یەک شەممە.

سێیەم: وەزارەتی دارایی لەگەڵ لیژنەی ئابووری لەنێوان خۆیاندا ئەو ژمارانە ئاڵوگۆڕ بکەن و ، گفتوگۆی لەسەر بکەن و بەتەئکید لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بدرێ بەوەزیرەکان.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دانیشتنەکە دوائەخرێ، یامناقشەی میزانیە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخێر مناقەشەی میزانیە دوادەخرێ.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوای ئەمە تێبینییەکی ترمان هەیە، تیمەی فراکسیۆنی سەوز داوامان کردووە دوو ئەندام بخرێتە سەر لیژنەی دارایی، حەز دەکەم ئەوشتە جێبەجێ بێت، تاکو بەشداربن لە ئەم مەسەلەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەسبەی دەیخەینە بەرنامەی کارەوە، کێ لەگەڵ ئەوپێشنیارەیە؟ دەست بەرزکرایەوە...کێ لەگەڵ نییە؟... دەست بەرزکرایەوە، بەزۆربەی دەنگ ئەو پێشنیارە جێگیر بوو، ڕۆژی یەک شەممە سەعات (١٠)ی پێش نیوەڕۆ، لەسەر دانیشتنی ئاسایی خۆمان بەردەوام دەبین. سوپاستان دەکەین، دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی هات.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)

**دووشەممە رێكەوتی ٢٨/٣/١٩٩٤**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٦)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢٨

***کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٣/٢٨ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٦)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ــ بەڕێز سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید پاڵێوراوی فراکسیۆنی سەوز بۆ ئەندامێتی لیژنەی دارایی و ئابووری.***

***٢ــ بەڕێز شالاو عەلی عەبدوڵلا پاڵێوراوی فراکسیۆنی سەوز بۆ ئەندامێتی لیژنەی دارایی و ئابووری.***

***٣ــ بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسای هەمواركردنی یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٢ (یاسای دەسەڵاتی دادوەری).***

***٤ــ تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی ئەمرۆمان«٣»خاڵە..

خاڵی یەکەم د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید پاڵێوراوی لیستی سەوزە بۆ ئەندامێتی لیژنەی دارایی وئابووری.

خاڵی دووەم: بەڕێز شالاو عەلی عەبدوڵلا پاڵێوراوی فراکسیۆنی سەوزە بۆ ئەندامێتی لیژنەی دارایی وئابووری.

خاڵی سێیەم: بەرچاوخبستنی یاسای هەموار کردنی یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٢ یاسای دەسەڵاتی دادوەری.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆماهەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیار دەکەین کۆبوونەوە ڕۆژی یەک شەممەی داهاتوو بێت پاش نیوەڕۆکە بێت بۆ ئەوەی وەزیرە بەڕێزەکانیش پێش نیوەڕۆ ئیشو کارەکانی خۆیان بکەن ودوای نیوەڕۆش بێن بۆ کۆبوونەوە، ئەوە یەک، دووەم وەکو تازە بابەت لەکنم وایە هەردوو فراکسیۆن لەسەری ڕێک کەوتین کەباسی کێشەی پەیمانگاکان بکەین، جا ئەگەر بکرێ لەهەردوو فراکسیۆن هەڤالآن هەن باسی کێشەی پەیمانگاکان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری هەر دوو پێشنیاری کاک فرەنسۆ دەکەم بۆ ئەوە دانیشتنەکە ڕۆژی یەک شەممە ببێتە پاش نیوەڕۆ، دووەم بۆ ئەوەی باسی پەیمانگاکان بکەن لە کوردستان دا وپێشنیاری تریشمان هەیە کە بابەتەکە لەتازە بابەتەکان لەسلێمانی ڕووی داوە، لەمروری سلێمانی ڕوو دەدات بەبەردەوامی کۆمەڵێک ئۆتۆمبیل هەیە کە ئەوڕۆکە لەکوردستان جارێ فایلیان نییە وەکو ئێمە لامان زانراوە کە پێیان دەڵێن بێ دایک وباوک. ئەوە دیارە شتێک ڕوو دەدات لەمروری سلێمانی ئەو ئۆتۆمبیلانە تۆماری دەکەن بەناوی خەڵکەکە، ئینجا بە چ شێوەیەک تۆماری دەکەن، چۆن تۆماری دەکەن بەناوی خەڵک ئەوە دیارە پاشان برادەرانی سلێمانی کاک شەوکەت حاجی مشیر بۆتان باس دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ خاڵی یەکەم دوێنێ گوتمان با ڕۆژی یەک شەممە بێت و وەختەکەی سەعات(١٠)ی بەیانی دیارە و برادەرانی دەستەی سەرۆکایەتی پێش وەخت گفتوگۆیەکی گچکەمان لەسەر کرد.

دەمێنێتەوە یەک خاڵ کە ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی چەند جار باسمان کردووە، بەڵام مەجال نەبووە و هەڵمان گرتووە بۆ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ فراکسیۆنەکان کە تۆزێک بەدرێژی باسی بکەین، ئەویش مەسەلەی تازە بابەت وخستنە ڕووی ئەو بابەتانەیە کە دەبێت باس بکرێت و بخرێتە بەرنامەوە خۆی کە ئەم بابەتەمان چەسپاند وەک نەریتێکی پەرلەمانی کە خۆی لەقانووندا نییە، بەڵام کە شتێکی زۆر گرنگ چ لە حکومەتەوە بۆ نموونە لە سەرەک وەزیران دێت، یا ڕووداوێکی زۆر گرنگ دەبێت، یا وەزیرێک ڕوون کردنەوەیەکی دەبێت و دەیەوێ بیخاتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، یان لە بەردەمی خەڵکی ڕای بگەیەنێ، لێرە ئەم دەرگایەمان کردەوە جاری واش هەیە ئەندامانی پەرلەمان بابەتێکی زۆر بەپەلە وگرنگیان هەیە و حەز دەکەن باسی لێوە بکرێ ودەرگای گفتوگۆ لەسەر کردنی لێ بکرێتەوە. هەندێ بابەتی تریش هەنە کە لەڕاستیدا وەکو شتێکی گتوپڕن بۆ ئێمەش مایەی سغڵەت بوونە، ئەگەر قسەیان لەسەر نەکەین وەک بۆ نموونە: ئێستا نازانین

بابەتی پەیمانگا چییە وچ نییە، دەبێت وەزیری پەروەردە لێرە ئامادە بێت، بۆ ئەوەی بزانین لەوێ چی روویداوە.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــــــۆتۆمـــــــــاهـەریری:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجــــــــومــــــــەن.**

پێموایە کێشەی پەیمانگاکان کە ئێستا برادەران قسەی لێ دەکەن لەدەرەوەی دەسەلاتی جەنابی وەزیرە وئەبێ پەیوەندیی بە وەزیر بێت بۆ ئەوە پرسیاری ئاراستە بکرێت بۆ وانە کراوە ئێستا دەستیان بە مان گرتن کردووە برادەران لە ئەندامانی لیژنەی بالا لەوانەیە پرۆژە یەکێشیان ئامادە کردبێ بۆ ئەم کێشەیە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجــــــــومــــــــەن:**

وەک گوتم باوەڕکەن ئێمە ئاگادار نین، بەلام وەک پرۆژەیەک ئەگەر بوایە(١٠)ئەندام، یان چەند ئەندامێک بیان ناردبایە بۆ لیژنەی تایبەت، یا بۆ حکومەت بۆ ئەوەی ئاگادار بن و ڕێبازی ئوسوولی خۆی وەربگرێ، یا ئەگەر ئیستاش باس بکرێت من لەگەل رای ئێوەدام، بەلام باس لەچی بکەین هۆیەکەی چییە وچ نییە؟!، هەرچەندە ئێستا پرۆژەیەک هەیە با پرۆژەکە بە شێوەیەکی ئوسوولی بێت بۆ ئێرە، پاشان ئێمە ئەیدەین بە لیژنەی تایبەتی وبە حکومەت تاکو وەلامیان دێتەوە، ئەو کاتە گفتوگۆی لەسەر ئەکرێ و حەزیش دەکەین کە پەلەی لێ بکەین و ئەفزەلیەتی پێ بدرێ و زوو بدوایدابچین زوو بخرێتە بەرنامەوە.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــــــۆتۆمـــــــــاهـەریری:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجــــــــومــــــــەن.**

من پێم وایە لەسەر هەر دوو خالەکانی تازە بابەت لەهەر فراکسیۆنێک دوو کەس قسەی لەسەر بکات واز بێنێت وکۆتایی بێت بۆ ئەوەی ئێوەش بیرێکی لێ وەرگرن بزانن چییە؟.. سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجــــــــومــــــــەن.**

ئەوەی دەستەی سەرۆکایەتی ئەلێ زۆر راستە، دەبێت تازە بابەت بەشێوەیەک بێت بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین چارەسەرێک بۆ مەسەلەکە بدۆزینەوە نەوەک هەر لەناو پەرلەمان باسی بکەین پێم وایە ئەو جارەش ئەوها رۆیشتووە برادەرانی سلێمانی بەهەردوو فراکسیۆنەوە زۆر بەپەرۆشەوە حەز دەکەن باسی بکەین، چونکە لە سلێمانی هەمان شت رووی داوە لەبەر ئەوە پشتگیری ئەوە دەکەین کە هەردوو شتەکان باس بکرێن و من شتێکی تریشم هەیە عەرزی جەنابتانی دەکەم. دیارە پێش چەند رۆژەک لە«ئەنقەرە»شتێکی گرنگ رووی دابوو ئەویش ئەوە بوو کە نوێنەری هەر چوار دەولەت ئەمریکا و، فرەنسا و، بەریتانیا و، تورکیا دانیشتبوون وبەلاغی خیتامی یان دەرکردبوو ودەقی بەلاغەکە ئەوە بوو، بلاو بووە لەناو رۆژنامەکانی ئێمەداو بەرای من ئێمە ئەگەر ئەو بەلاغە

تاوتوو بکەین وسەیری بکەین هەندێک شتی گرنگی تێدایە تایبەتە بە مەسەلەی ئێمەو وەک کوردستانی عێراق ئیتر پێمان باشە ئەگەر ئەو مەسەلەیەش باس بکرێت و، وەکو تازە بابەت تاکو بزانین ئێمە رایمان چییە وهەڵوێستمان چییە بزانین چی بکەین دەربارەی ئەم مەسەلەیە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزم بۆ هەردوو فراکسیۆن ئێمە لە پرۆگرامی ئەمرۆمان دا تازە بابەتمان دانەناوە، لەراستیدا جاران ئەمان نووسی بە تازە بابەت، ئەوجا ئەهاتینە سەر تازە بابەت پێشنیار دەکراو لەپاشان دا دەنگی لەسەر دەدرا. ئێستا پێشنیاری تازە بابەت ئەوشتەی کە بەبیری هەردوو فراکسیۆن دا دێت یان بەبیری یەکیان دا دێت تا لێرە بخرێتە روو شێوەیەکی زۆر سەرپێی تێدایە ئەگەر ئەو کەسانەی دەیانەوێ باسی بکەن زۆر بەوردی شتێک بنووسن لەسەری، ئەو وەختە ئێمە ئەیخەینە بەرنامەکە وەک مادەیەک ئەیخەینە پرۆگرامی کارەوە، تا ئێستاکە باس بکرێ و ئەو داوایەی کە کاک حازم کردی لە بارەی ئەو بەیاننامەیە وابزانم لیژنەی پەیوەندی دەبێ بەدوایدا بچن ولێی بکۆڵنەوە ئەوە وشتێکیش ئامادە بکەن و، بیخەنەروو شتێکی باش دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تازە بابەت خاڵێکی پەیڕەویەو هەیە دەڵێ هەردوو سەرۆکی فراکسیۆن بۆیان هەیە پێشنیارێک بکەن پێش ئەوەی دانیشتن دەست پێ بکات، بەڵام برای بەڕێزم کاک نەژاد هەندێک ئیشی هەیە دەیەوێ نەختێک زوو کۆتایی بە دانیشتنەکە بێنین وبرۆین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ وایە لەراستیدا تازە بابەت شتێکی باشە، بەڵام ئێمە دیسان دووپاتی دەکەینەوە کە ئەم دانیشتنە وەکو خۆی ئەڕوا، بەڵام وەکو لەسەرەتاوە گوتم دەبێ ئێمە لەگەڵ هەردوو برادەرانی فراکسیۆن هەماهەنگی بکەین لەسەری، چونکە زۆر جار تازە بابەت باس دەکەین، بەڵام ناگەین بەهیچ ئەنجامێک و تەنیا بۆ باس کردنە، بۆیە گوتمان دەبێ هەماهەنگی بکەین لەجۆری تازە بابەت وخراپیش نییە، ئەگەر پێش وەخت ئاگادارمان بکەنەوە بۆ ئەوەی بەلانی کەمەوە ئەگەر زانیمان شتێکی پێویستە باسی لێ دەکەین، بەڵام بۆ ئەوا ئەمرۆ پێشتر چۆن کردوومانە هەر وای لێ دەکەین.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو کاک فرەنسۆ گوتی ئەمە شتێکی پەیڕەوییە، لەپیرەوی ناوخۆدا هەیە وسەبارەت بە ئێمەش وەک سەرۆکی پەرلەمان کەگوتی تازە بابەت هەیە. و بەراستی ئەگەر شتەکە خراوەتەروو من حەز

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک سەیدحەسەن ئەمە دوێنیش لەبەرنامەدا بوو، بەڵام کە گفتوگۆمان لەسەر نەکرد و دواخرا، ئەوە کێشەیەکی گەورە نییە قەیدی ناکا ئەگەر گفتوگۆمان لەسەر نەکرد پێش وەخت وەکو قسوریەک لەلایەنی ئێمەوە دوو هۆی هەیە: یەکێیان لایەنی (هونەریی)، دووەم جۆری دانیشتنەکانی ناو پەرلەمان.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بۆچوونێکم هەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە بەراستی جارێکی ترم لەگەڵ کاک شێروان باس کردووە، ئێستا پێشنیارێکی تر هاتووە بۆ مەسەلەی هەموارکردنی یاسای دەسەڵاتی دادوەریی دیسان لەسەر ئەوەیە ئەنجوومەنی دادوەری سەیری ئیش و کاری «الادعاءالعام» بکات بەپێی یاسای دەسەڵاتی ئەنجوومەنی دادی بەغدا ئەوە بوو من لەگەڵ کاک شێروان باسی ئەوەمان کرد ئەگەر هەردوو پێشنیارەکە بێن بەیەک و چارەیەکیان بۆ بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

- ئەو قسەی کاک حازم کردی راستە، چونکە دەسەڵاتی دادوەری حاڵی حازر تەماشای کاری دادگاکان دەکات بەشێوەیەکی رێکوپێک جەماعەتی داواکاری گشتی مانەوە بەبێ ئەوەی کەس سەرپەرشتیان بکات لەبەر ئەوەی وەختی خۆی سەر بە مەرکەز بوون لێرە بەرای من یاسای هەموارکردنی دەستەلاتی دادوەری چارەسەری باری ئەوان ناکات، ئێمە ئەگەر بمانەوێ چارەسەری باری ئەوان بکەین پێویستە بریارێک دەربێنین دەسەڵاتی ئەنجوومەنی دادی بدەین بەئەنجوومەنی دادوەری بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری داواکاری گشتی بەشێوەیەکی گشتی، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەبیعی بۆ چوونەکەی کاک شێروان سەد لەسەد راستە، چونکە پەیوەندی بەداواکارە گشتییەکانەوە نییە، چونکە یاسای تایبەتی خۆیان هەیە، هەروەها پێکەوە نابەسترێنەوە ئێستا ئەو پرۆژەیەی لەبەر دەستە تەنیا چارەسەرکردنی بابەتی ئەنجوومەنی دادوەری دەکات، پێکەوەنانی ئەنجوومەنی دادوەری وەک برادەرانی دادگای تەمییز نووسیویانە چ پەیوەندیی بە بابەتی ئەوان نییە، لەبەر ئەوەی، ئەو تەشکیلە پەیوەندیەکی بەوان نییە دوایی بە بریارێک پرۆژە پێشکەش کراوە ئەوە دەورە ئەنجوومەنی داد دەی دیت دەتوانین بیدەین بەئەنجوومەنی دادوەری بەشێوەیەکی کاتی ئیش وکارەکانیان بڕوێنین تاکو قانونیەکان تەرشیح دەکات، سوپاس.

دەکەم بڕیاری لەسەر بدرێ و باس دەکرێ یان باس ناکرێ وئەوەی بەڕێز سەرۆکیش گوتی کە ئەبێ لیژنەی پەیوەندییەکان لێی بکۆڵنەوە خۆ ئەگەر لێی نەکۆڵنەوە ئەوە مانای ئەوە نییە لیرەدا هەر باسیش نەکرێ ئەگەر باس بکرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆ ئێمە نالێین باس نەکرێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە بابەتی وا گرنگ هەقە ئامادەییەک هەبێ بۆی، یان ئەندامان خۆیان ئامادە بکەن بۆی، زۆر لە ئەندامان لەوانەیە خۆی ئامادە نەکردبێ، هەندێک شت پێویستە دوا بخرێت هەندێک هەیە کە پێویستە دوا نەخرێت، مەبەستمان ئەوەیە. تازە بابەتیش وەک گوتمان بابەتێکی تایبەتمەندە ودەبێ بە گوێرەی خۆی بایەخی پێ بدەین. ئێستاش دەچینە سەر کێشەی پەیمانگاکان، کێ لەگەڵ ئەوەیە داخلی بەرنامەکەمانی بکەین؟.. سوپاستان دەکەین..کێ لەگەڵ ئەوە نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەندکرا.

ئەو پێشنیارەی کاک حازم پەیوەندی بە بەلاغی کۆتایی کۆبوونەوەی ئەنقەرەوە هەیە، ئەوە تازە بابەت نەبوو، بەڵکو پێشنیارێک بوو جا ئەگەر حەز دەکەن ئەویش باس بکرێ، بەڵام ئایا پێ رادەگەین، وای بۆ دەچم ئەوە بابەتێک بێت بۆ دانیشتنی داهاتوو، دیارە کاک حازم خۆیشی پێشنیارەکەی کێشیاوە سوپاسی دەکەین لەبەر ئەوە ئەم بابەتە ناخوێندرێتەوە.

دێینەوە سەر بەرنامەکەمان و، خاڵی(١) د.سەلاحەدین محەمەدحەسەن حەفید پاڵێوراوی فراکسیۆنی سەوزە بۆ ئەندامیەتی لیژنەی دارایی وئابووری دابندرێت،کێ لەگەڵ ئەو پاڵاوتنەیە؟..سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەندکرا، سوپاستان دەکەین.

خاڵی(٢): بەڕێز شالاو عەلی عەبدوڵلا پاڵێوراوی فراکسیۆنی سەوز بۆ ئەندامیەتی لیژنەی دارایی وئابووری، کێ لەگەڵ ئەو پاڵاوتنەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەندکرا.

خاڵی(٣): بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای ژمارە(١٤)ی ساڵی ١٩٩٢ی یاسای دەسەڵاتی دادوەریە، جا ئەگەر لیژنەی یاسا تەشریف بێنن بۆ ئێرە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرنامەی کار بەلای کەمییەوە رۆژێک پێشتر بگاتە دەستمان ئەوە قەیدی ناکات، بەڵام پێشتر با باشتربوو بەرە بەرە ئینشا ءالله باشتر دەبێ وبەتایبەتی لیژنەی یاسایی هەردەم لێرەینە ئەمن ئێستا هەموار کردنی یاسایی ژمارە(١٤)م لەبیرنەماوە، دەبوایە بەلانی کەمەوە فایلەکەمان هێنابا وابزانم لەگەڵ هەردوو بەڕێزان قسەم کردووە وئەمرۆش قسەم کردووە ئەگەر پێشتر پێمان بگات وەکو لیژنەی یاسا ئامادە دەبین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئێمە گفتوگۆمان لەگەڵ یەکتری کردووە هەمووی تەواوە وپێویستە بۆیان جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەو پرۆژەیەی ئێستا جیاوازە لەگەڵ ئەوەی پێشکەش کراوە مەبدەئێک هەیە حەز دەکەم پێشکەشی پەرلەمانی بکەن(الادعاء العام) ئێستا مەشموولە ئیدرایەکەیان کەس ناتوانی بیگرێ تاکو ئێستا ئەنجوومەنی دادی عێراق دەی کرد، ئەوەی ئێمە ئەنجوومەنی دادەوەرییە لەیاسایی ئەنجوومەنی دادوەری نەهاتووە جا بۆیە ئەگەر وەک پێشنیارێک پەرلەمان پەسەندی کرد دارشتنەوەکەی بۆ ئێمە بهێڵنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە لەناو ئەو بەرنامەیەدا نییە کاک سەید، ئەگەر شتێکتان زانی ئەوە( ١٠ ) ئەندامی پەرلەمان بەپێی دابونەریت پێشنیارەکەمان بۆ بکەن، ئنجا لەپرۆژەکان دەکۆڵینەوە با بەرنامەی خۆمان تەواو بکەین، ئێستا ئەو پێشنیارەی کە لەبەر دەستتانە با کاک فەرسەت بیخوێنیتەوە پاشان گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«بسم الله الرحمن الرحيم» : باسم الشعب المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم القرار/ تأريخ القرار.

قرار

استناداً الى أحكام الفقرة(١) من المادة(٥٦) من القانون رقم (١)لسنة ١٩٩٢وبناءاً على ماعرضه وزير العدل ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ كذا اصدار القانون الاتي: قانون رقم (     ) لسنة١٩٩٤للتعديل الاول لقانون السلطة القضائية رقم(١٤) لسنة١٩٩٢.

المادة الاولى: تلغى الفقرة اولا/٢ من المادة(٣١) او يحل محلهامايلي:

«يؤلف مجلس القضاء برئاسة رئيس محكمة تمييز اقليم كوردستان العراق وعضوية اقدم نائبين من نواب الرئيس، عند عدم وجودهما اقدم حاكمين من محكمة تمييز ورئيس هيئة الاشراف العدلي ومدير العدل العام او من يقوم مقامهما.

المادة الثانية: على الوزراء المختصين تنفيذ هذا القانون.

المادة الثالثة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە/ ٣١، ئەگەر لاتان نییە بابیخوێنینەوە و بزانین چییە؟ ئەوەی بریار دراوە ئیلغا بکرێتەوە، یان جارێ با بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سكرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

المادة: (٣١) اولا: (٢) يؤلف مجلس القضاء برئاسة رئيس محكمة تمييز كوردستان العراق وعضوية اقدم نائبين من نواب الرئيس وعند عدم وجودهما اقدم حاكمين من محكمة التمييز ورئيس هيئة التفتيش العدلي ومدير العدل العام وأحد حكام محكمة التمييز أو رئيس ديوان التدوين القانوني ورئيس الادعاء العام ومدير التسجيل العقاري العام.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەوە دەبینین لەو دەستەیە بەڕێوەبەری تۆماركردنی خانووبەرە هەڵگیراوە، هەروەها سەرۆكی تۆماركردنی یاسایی وسەرۆكی داواكاری گشتی. ئێستاش ناوی ئەو ئەندامان دەنووسین كە دەیانەوێ قسە بكەن. ئەوانەی كە قسە دەكەن كاك جەمیل عەبدی و، د.قاسم محەمەد و، بورهان جاف و، بەختیار حەیدەر و، محەمەد سەعید ئەحمەد و، ئەیادحاجی نامق. بەزنجیرەش لەسەر ناوەكان دەڕۆین، بەو شێوەیە دێینە خوارەوە با ئەو تاقیكردنەویەش بكەین و، بزانین برادەران رایان چییە؟ كاك جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بێگومان داواكاری گشتی هەر ئەوە بابەتی یاسایی وهەر ئەوە دەبێتە كاژیری دادوەر ئەگەر پیچەك لەیاسا لابدات یان نا داواكاری گشتی هەر كێشەیەكی ناوخۆ هەبێت بەرگری لەیاساو لەمافی گشتی دەكات. لێرە دەبینین زۆر زۆر پێویستە سەرۆكی داواكاری گشتی بمێنێت وەك ئەندام لەئەنجوومەنی دادوەری بۆ پاراستنی مافی گشتی، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

هەر هەمان قسەی كاك جەمیل بێ من زۆر پشتگیری دەكەم كە داواكاری گشتی بمێنێت زۆر سوپاسی دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

هەندێك لەقسەكانی من، كاك جەمیل كردی، منیش پێشنیار دەكەم كەوا سەرۆكی داواكاری گشتی بخرێتە سەر لەئەنجوومەنی دادوەریی، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

برادەران بەراستی ئاماژەیان بۆ ئەوخاڵە كرد سەبارەت بە داواكاری گشتی، بەڵام من شتێكی مێژوویی و وتەفسیلیم هەیە لەسەر ئەم بابەتە تەبیعی داواكاری گشتی لەزەمانی حكومەتی

عێراقییەوە لەزەمانی رژێمەوە مەغدور بووینە هەمیشە دادوەرەکان زۆربەیان زاڵ بوون لەسەر ئەنجوومەنی داد هەردەم دووریان خستۆتەوە ئێستا داواکاری گشتی بەشێکە لەدادوەریی بمانەوێ نەمانەوێ خێزانێکی تەواوی لە خێزانی دادوەری لەهەردوور خستنەوەیەک، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەبیعی من ئێستا بەراییەکانی ئەو هەمووارکردنەم لاهەیە کە لەئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە بەراستی لە هۆیەکانی هەمووارکردنەکە باسی ئەوە دەکات دەڵێ ئەو سێ لایەنە بابڵێین بەڕێوەبەری تۆماری خانووبەرەی گشتی لەگەڵ سەرۆکی داواکاری گشتی لەگەڵ سەرۆکی تۆمارکردنی یاسایی ئەوان پایەی شارستانی نین، بەڵکو پایەی یاسایین، ئەوە یەک، دووەم شت من دێمە سەر چەند بابەتێک چەند خاڵێک تەرکیز دەکەم. یەکەمیان ئەوەیە ئێمە وەک تاقیکردنەوەیەکی نوێ لەبەشێک لەمەرکەزەکان تاکو ئێستا کە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی تێدا نییە، من جەخت لەسەر ئەوە دەکەم وهەوڵی ئەوە دەدەم کە حەقە دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیی تەواوی خۆی هەبێ، چونکە تاکو ئێستا کە دادگای تەمییز وجیهازی دادوەری هەمووومان ئەو سەربەخۆییەی نییە لە رووی ئیدارییەوە دەتوانم بڵێم ئێستاش لەژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی جیهازی ڕاپەڕاندنەیە کە وەزارەتی دادە ئەوەیەک، دووەمیان کە لە هۆیەکانی ئەوەی کە ئەو هەمووارە بکرێ وئەو سێ پایەیە لا بچن، من دێم دەپرسمەوە باشە (مدير العدل العام) پایەیەکی دادوەرییە، یاخود لەهەمان وەخت تدخل دەکات بەئیشی جێبەجێ کردن وبە کاروباری جێبەجێ کردنی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتە بیکەین بە بەپشکنینی دادوەری..؟.

**بەڕێز ئەیادحاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر لە بنەڕەتدا ئەگەر کاک فەرسەت ئەسڵەکەی لاهەبێ لەیاساکە هەمان جیهاز لەناو دەسەڵاتی دادوەری ناوی هاتووە نەوەک کێشە دروست بکات بەس ئەوە تێبینی بکرێت، چونکە هەردوو ناو بەهەمان ئەرک هەڵدەستن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک ئەیاد لە ئەسڵەکەش هاتووە دەڵێت :«هيئة الاشراف العدل ام كفاءة الحاكم واهميته» لێرەش نووسراوە«التفتيش العدلي» ئەوجادەبێ ئەمە ساغ بکەینەوە.

**بەڕێز ئەیادحاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوجا تەفتیشی عەدلی دابنرێتەوە هەروەک خۆی کێشە دروست ناکات هەمان جیهازە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە هەمان یاساش دا دەستەی (اشراف) هاتووە، لێرە لەمادە «٣»دا هاتووە بە (هیئة التفتیش) ئەگەر تەماشای یاساکە بکەی لە فەسڵی یەکەم لەمادە «٣١»دا نووسراوە (هیئە التفتیش العدلی) لە«٣٣»شدا نووسراوە(هیئة الاشراف العدلیة).

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوجا تێبینی ئەوشتە بکرێ، چونکە هەمان سیستەمە دەور دەبینێ ئەوە هەموارکردنێکی تری بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێمە پابەندی کامیان بکەین؟ مەبەستم ئەوەیە ئایا بە پێشنیاری حکومەت بکەین یان بە پێشنیاری خۆمان؟..

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جا من داوای لێبووردن دەکەم خاڵێکی زۆر گرنگم لەبیرچووە ئەگەر ماوەم بدەن. مەسەلەی(الادعاءالعام) بەراستی سیستەمی داواکاری گشتی سیستەمێکی کارکەوتووە لەعێراق کە ئێمە تاکو ئێستا پابەندیمان بەهەندێ یاساوە کە هەڵوشاونەتەوە کاری پێ دەکرێ وەک ئەندامێکی پەرلەمان وەک ئەندامێکی لیژنەی یاسایی وەک حقوقییەکەم ئەو سیستەمە گیانی بەبەردا بکەینەوە، داواکاری گشتی پێموایە هەر لەعێراق وئەردەن بەو ناوە ماوەتەوە ئەو دەسەڵاتە لە زۆربەی زۆری وڵاتە پێشکەوتووەکان دا من پێم وایە داواکاری گشتی وەکو خۆی بمێنێتەوە ،چونکە سیستەمێکی سەرەکییە لە دەسەڵاتی دادوەری دا، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سیستەمی داواکاری گشتی سیستەمێکی زۆر زۆر باشە وپێویستە بۆ سەلماندنی دادوەریی لەهەموو جیهاندا لە میسر وەک بۆ نموونە بێنین داواکاری گشتی لەجێگای (حاکم تەحقیق)ـە ئەو سیستەمە چەند گیانی بدەینێ چەند هانی بدەین لەبۆ چەسپاندنی دادپەروەری سوودی پتر دەبێ هەر لەبەر ئەوەش لە داواکەی وەزارەتی داددا هاتووە ئەو(٣)کەسە لابچن لەئەنجوومەنی دادوەری لەوانە کە سەرۆکی داواکاری گشتییە دەڵێ: (لاعلاقة له في تعيين وترفيع ومكافأة)، واتە داواکاری گشتی سەر بەکەس نییە حاڵی حازر گوتمان لەو کۆمەڵەی کەتازە هاتوون سەر بە ئەنجوومەنی دادوەری دەبن دەش بێ لە ئەنجوومەنی دادوەری بن، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەم زیادەم هەیە کە بخرێتە سەرمادە(١)یان بخرێتە مادەیەکی تایبەتی زیادە کە بگوترێ«اذا غاب الرئيس يقوم مقامه اقدم النائبين وعند غيابه يترأس المجلس احد الاعضاء أو حكام محكمة تمييز»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە پێشنیار بوو، جا ئەوانەی کە قسەیان کرد لەم بابەتە چ تێبینییەکیان هەیە با بەکورت کراوەیی بیڵێن.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەرەتا داوای ئەوەم کردو گوتم ئەوە دوابخرێ بۆ دانیشتنی داهاتوو بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر باسی لێوە بکەین گوتم قسەم کردووە لەگەڵ کاک شێروان بەراستیش لەسەر ئەوەم ئەم پرۆژەیە لە لیژنەی یاسایی دا هاتووە ئێمە هەمووومان وەک لیژنەی یاسایی ئەم پرۆژەیەمان هێناوە ئەوە بەبۆچوونی من مانگێک زیاترە دوو مانگە لە لیژنەی یاسایی دەرچووە بۆ نموونە ئەگەر «رئيس الادعاء العام» تێدا نەبێ، بۆ چوونێکی تر هەیە «رئيس الادعاءالعام» ی تێدا بێ، من خۆم نازانم دەنگ بۆ چ بدەم بە قەناعەتی یاسایی خۆم دەنگ دەدەم «رئيس الادعاء العام»ی تێدا هەبێ یان تێدا نەبێ ناتوانم ئەم بڕیارە بدەم لەبەر ئەوە گوتمان دەبێ وەزارەتی داد بیبینێ یان چەند حاکمێک بیبینن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەق نەبوو پێش وەخت بینێرن بۆ ئێمە، بەڵکو دەبوایە ئەوەتان حەسم کردبایە، برادەرانتان بدیتبایە و ئنجا حەسمتان کردبایە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستیەکەی وایە بەراستی دیارە لە بەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونە ئێستا ڕێک کەوتین، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری کاک حازم دەکەم بەرێگایەکی یەکگرتوو دەرچووین لە لیژنەی یاسایی، هەمووومان لەگەڵ ئەوەینە کە ئەم پرۆژەیە لەوەزارەتەوە هاتووە، پەسندمان کردووەو پێشکەشمان کردووە ئێستا دەبینم لەغافلەتی ئەو رایە گۆڕا، هەموو تەئیدی ئەوە دەکەن سەرۆکی داواکاری گشتی لەگەڵدابێ جگە لە لیژنەی یاسایی خۆشمان، من رایم ئەوەیە ئەگەر، سەرۆکی داواکاری گشتی بیخەینە ناو ئەو ئەنجوومەنە باشە ئەو هەموارکردنە بۆ چیبە؟.. سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە: یەکەم ئەو قسەی کە کاک سەعید کردی ئەو بابەتە چارە کراوە، بابەتی سەرۆکایەتی دادگای تەمییز لەیاسای دەسەڵاتی دادوەری مەوجوودە. تێبینی دووەم ئەوەیە سەبارەت بە پێشنیاری کاک حازم، تەبیعی پێشنیارێکی وەها لەگەڵ کاک فەرسەت باسمان کرد پێشتر نەختێک کێشەمان هەبوو لەگەڵ دادگای تەمییز کێشەی یاسایی هەندێک بڕیارمان لێرە دەرهێناوە کە زۆر روونە بەشێوەیەکی تر لەقەڵەمیان داوە، چونکە لەوانەیە هەندێ خەڵک زەرەری کردبێ لەم کێشانە وامان کرد کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بکرێ لەنێوان یاساییەکانی ئێمە و دادگای تەمییز ئەگەر هەر کەسێکی یاسای تر لە وەزارەتی داد کە بەباشی بزانی بۆ ئەوەی ئەوکێشانەچارەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبۆچوونی من ئەو بۆچوونەی کە برادەران بۆی چوون هیچیان سەرکەوتوو نین لە بۆچوونیەکانیان واتە: ئێستا داوا دەکرێ سەرۆکی داواکاری گشتی بێت لەئەنجومەنی دادوەری نازانم ئەگەر ئەندام بێت لەئەنجومەنی دادوەری چ دەکات؟ کە هەرگیز ناوی لە ئەنجوومەنی دادوەری دا نەهاتووە بەتاقی تەنیا بچێ لەوێ چی دەکات قەت چی بۆ ناکرێ وبەپێچەوانەوە ئەگەر بچێ دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەنجومەنی دادوەریی ئێمە ئێستاکە دەڵێین پرۆژەکەمان لەدەستە داوا دەکەین ئەنجوومەنی دادوەری وکاری ئەنجوومەنی داد ببینێ، مەبەستمان بۆ جێگری بەڕێوەبەرە گشتییەکان رێژەیەکی کاتییە، چونکە دەمانەوێ یاساکەی تایبەتی سەبارەت بە جێگرەکانی داواکاری گشتی دابنێین وخۆیان کە یاساکەیان دابنێین لە کاتی یاسا کۆنەکەیان دەستەیەکیان هەیە لەویان دەستەیەک سەرپەرشتی لە سەر ئەوانە دەکەن نەوەک ئەنجوومەنی دادوەری، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رای خۆم پێشتردا بێگوومان هەمان رام هەیە کە کاک سەعید بیخوێنێتەوە نووسراوە (عند عدم وجود) (غیاب) نەنووسراوە هەر هەمان شت دەکات مەبەستم ئەو خاڵە روون کردنەوەیە بوو. دیسان دووبارەی دەکەمەوە دەستەی داواکاری گشتی ئەگەر نوێنەرێکیان لە ئەنجوومەنی دادوەری دا هەبێ ئەوە غەدر لەئەنجوومەنی دادوەری ولە حاکمەکان ناکرێت بەپێچەوانەوە گرنگییەکە بەو جیهازە دەدرێ، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە دەبێ پرۆژەی حکومەت رەچاو بکەین لەم مەسەلەیەدا، چونکە قەزاکان لە رێگەی ئەوانەوە قەزاکان ناردویانە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من حەز دەکەم ئەو کێشانە لەنێوان داواکاری گشتی و ئەنجومەنی دادوەریی کە لە کوردستان دا ئێستاکە، بەراستی ئەوان بابەتی (علاوە وتعیین وترقیە)یان زۆر بە هەڵواسراوی ماوەتەوە هەروەک من زۆرم بە بیر دێتەوە وەک (جیهاز التقییس والسیطرة النوعیة) کاتی خۆی وەک جیهازێکی هەڵواسراو مابووە هیچ پەیوەندییەکی نەبوو ئێمە ئێستاکەش دەستەی داواکاری گشتی وای لێ هاتووە، پێیان وتراوە لەزمنی تەفسیرات گوایە ئێوە لەکاتی خۆی لەئەنجومەنی داد دەورتان هەبووە، بەڵام ئێستا ئەو دەورەو ئەو دەسەڵاتەیان بەئەنجومەنی دادوەریی نەدراوە کە (علاوە وترفیع وترقیە)تان بکات، ئایا ئەو جیهازە هەروا دەمێنێتەوە بە هەڵواسراوی؟.. دووەم مەسەلەی (الادعاء العام) بەشێکی جهازی دادوەرییەو دەورێکی باڵای هەیە ئەگەر هەتا ئێستا جیهازێکی لە کارکەوتوو بووە ئەوە شتێکی دیکەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
وابزانم ئەم بابەتە بەتێروتەسەلی باس کرا تاکو ئێستا یەک خاڵی سەرەکییە کە ئایا (الادعاء العام) لەم ئەنجومەنەدا هەبێ یان نەبێ؟.. خۆی ئەو پرۆژەیەی هاتووە بەوشێوەیەیە کە لیژنەی یاسا پەسەندی کردووە، یا راستتر بڵێین پێشنیاری کردووە، ئێستا راتان وایە کە هەیە تێدابێ، یا نە؟..

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەمە شتێکی یاسایی پەتیە، یاساییەکان نەک سەریان لە ئێمە شێواندووە، بەڵکو دەستیان شێواندووین نازانین دەست بۆ کام لابەرز بکەینەوە، با یاساییەکان لەناوخۆیان رێک کەون کام شت چاکە وباشە لەنێوان خۆیاندا رێک بکەون، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
دەبوایە وەزیری داد لێرە بوایە تاکو بەلای کەمی بەرگری لە بۆچوونی خۆی بکردایە وئەسبابی موجبە وچی تر هەیە بۆمانی روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من رێزم هەیە بۆ کاک ئەیاد و، کاک شێروان و ئەوانی تر، مادام خۆتان داتان رشتووە، باشە

لەکوێ بوون، بنێرن بەدوای وەزیری داد، ئێوە بەراستی ئێمەتان خستۆتە ژێر تەهلوکەوە ئەوە دەڵێ ببێ، ئەوەش دەڵێ نەبێ ئەوە دەڵێ داواکاری گشتی بەشێکە لە دادوەری، ئەوەی تر دەڵێ نییە هەمووشتان لیژنەی یاسایین، واتە ئێرەتان خستۆتە ژێر تەهلوکەیەک بەو پێشنیارەی کاک جوهر کە پێشکەشی بکات چارەسەرکردنەکەی هەر ئەوە دەبێ وهەر ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەبۆچوونی من ئێمەی یاساناسەکان سەرمان لەکەس نەشێواندووە، چونکە پرۆژەکە بەو شێوەیە هاتووە لەوێ ئەمە ئەو قیرە قیرەمان نەبوو بەزەرووری بزانین چارەی بکەین کە پرۆژەمان ناردووە بەو شێوەیەی لەبەر دەستانە بەو شکلەمان ناردووە ئەو برادەرانەی ناو پەرلەمان حەتمەن هەقی قسە کردنیان هەیە هەتاکو رایشیان بگۆڕن لەوێ ئەو ناکۆکییەمان نەبووە پێویستمان بەوە هەبێ موراجەعەی دادگای تەمییز یان وەزیری داد بکەین، چونکە لە تواناادا نەبوو بەو شێوەیە بێینە ژووری چ جیاوازیمان نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم پرۆژەیە هاتبوو لەلیژنەی یاسایی ماوەیەکی زۆرە وەک خۆی هێنامانە ناو ئەنجوومەن کەناردمان بۆ دەستەی سەرۆکایەتی، بەڵام زۆر تەبیعی یە مرۆڤ رای بگۆڕێ ئەوەش مەسەلەی چاوپێدا خشاندنەوەی تێدا بووە، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەک برادەران گوتیان ئێمە رەخنەمان لەسەر قسەی کاک نەژاد هەبوو وەک کاکەڕەش رای دا، ئێمە وەک لیژنەی یاسایی بەیەک را دەرچوو بووین وبەیەک را هاتینە ناو پەرلەمان، بەڵام من وەک شەخس شتەک بووە سەری لە ئێمە شێواندووە کە پەیوەندی لەگەڵ دادگای تەمییز بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم پێشنیارەی جەنابت وپێشنیاری کاک شێروان لەڕاستی دا تۆزێک گفتوگۆمان لەسەر کردن، وامان بە پەسند زانی دەنگ دان لەسەر ئەو بڕگەیە دوابخەین بۆ ئەوەی لیژنەی یاسا دووشت لێکبدنەوە و، ئەگەر بە بەژەوەندی زانرا بیکەن، یەکەمیان ئەوەیە کە پەیوەندی بە یەکەوە بکەن بە دەستەی ئەنجوومەنی دادوەران وگفتوگۆیەکی گچکە بکەن لەگەڵیاندا وابزانم دەستەی«داواکاری گشتی»یان ناوێ لەگەڵیاندا بن، چونکە ئەوە تەنها بۆ گفتوگۆ کردنە وئێمەش ئاگاداری وەزیری

داد دەکەین کە بێت بۆ دانیشتنی داهاتوو، با وئەویش بێت بەرگری لە بۆچوونی خۆی بکات، ئەگەر بڕیاریش دەدەن ئەوا ئێمە ئەم بابەتە دوا دەخەین بۆ دانیشتنی داهاتوو، ئینجا کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. زۆر سوپاس واتە بەزۆربەی دەنگ ئەم بابەتە دوابخرێ بۆ دانیشتنی ئاینده، ئەوە لیژنەی یاسا بۆ خۆیان ئەم بابەتە باس بکەن و، وەزیری دادیش بانگ بکەن.

ئەوجا دێینەوە سەرخاڵی تری بەرنامەکەمان، با لەهەر لایەک یەک یان دوو کەس لەسەر ئەم بابەتە بدوێن کە مەسەلەی پەیمانگاکانە، سەرەتا باشێخ عەفان کەرەم بکات باسی بکات بۆمان، فەرمووکاک بەختیار، دیارە شێخ عەفان ئامادە نییە.

**بەڕێز بەختیارحەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی کێشەی پەیمانگاکان کێشەی ئەو کەسانەیە کە بڕوانامەی بەکا لۆریۆسیان هەیە هەڵدەستن بەکاری دەرس گوتنەوە لە پەیمانگا تەکنیکییەکان، کە«٣»پەیمانگامان لەهەولێر وسلێمانی ودهۆک هەیە ئەوە دەمێکە ئەو کێشەیان هەیە لەبەر ئەوەی لەکاتی خۆی لەوەزارەتی خوێندنی باڵادا باسی ئەوە دەکرا کەپلەی «مودەرس موساعیدیان» پێ بدەن، ئەو پلەیان پێ دەدرا ئیمتیازەکەشیان لەگەڵ دابوو ئەو شتەش هەڵوەشێنرایەوە لەساڵی ١٩٩٢دیسان گەڕانرایەوە هەمان نازناو دەدرێتە ئەو کەسانەی کە(٥)ساڵ شارەزایی عەمەلییان هەیە ئەو برادەرانەی ئێرە بەشتێکی ئاسایی خۆیان زانی داوای ئەم مافە بکەن زۆر موراجەعەتیان کرد یەک لەوانە موراجەعەتی پەرلەمان وئەنجوومەنی وەزیرانیان کرد لە پارێزگاکان داوای ئەم مافەی خۆیان کرد ئەوە بوو بە دوو شێوە بەراستی لە ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا ولە ئەنجوومەنی وەزیران ئەو بابەتە باس کرا دیار بوو گەیشتبوونە قەناعەتێکی تەواو موراجەعەتی ئێرەیان لەپەرلەمان کرد ئێمە وەک لیژنەی خوێندنی باڵا لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی چەند کۆبوونەوەیەکمان لەسەر ئەم بابەتە کرد گەیشتینە ئەو قەناعەتە کەلەڕاستی دا ئەوانە لەخوێندن مەغدوورن پێویست بەوە دەکات کە ئەو مافەیان بدرێتێ بەڵام کە دراسەتی بارەکەمان کرد وەک لیژنەی یاسایی مداولەی بابەتەکەمان کرد تەسەور دەکرا ئەگەر بێتو نازناوەکەیان بدەینێ دەبێ یاسای خوێندنی باڵای خۆمان بگۆڕین، لەبەر ئەوەی یاسای خوێندنی باڵا رەنگە هەر ئەو گۆڕینەی نەوێ لەوانەیە گۆڕینی تریشی بوێ، گۆڕینەکەشمان بە پەسند نەزانی، بەڵکو گۆڕینمان کردە پڕۆژەیەک وپڕۆژەیەکی ترمان پێشکەش کرد ئەوان زیاتر مەبەستیان ئیمتیازە داراییەکەیە، زیاتر حەق وحقوقی داراییان دەوێ لەبەر بارودۆخی ئێستای کوردستان ئەوە بوو پڕۆژەیەک پێشکەش کرا(١٠-١٢)کەس ئیمزای کرد ئەویش لەبەر دەم سەرۆکایەتی، تەبیعی سەرۆکایەتیش ناردی بۆ لیژنەی باڵا من خۆم(٣)رۆژ پێش ئێستا وەڵامم دایەوە و گوتم ئێمە وەک لیژنە پەسندی ئەو پێشنیارە دەکەین لیژنەی یاسایش پێشەکی من لەگەڵ

کاکەڕەش وئەوانە قسەمان لەسەر کرد و وابزانم لەوانەیە لەم یەک دوو ڕۆژە پەسندی بکەن، چونکە مافێکی سروشتی ئەوانە وداوامان کردووە کە ئیمتیازاتی ئەو نازناوەیان بدرێتێ واتە مافی دارایی، مانای وایە کێشەکەیان لەچارەسەرکردن دایە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە کاک بەختیار باسی کرد بەراستی بنەڕەتی کێشەکەیە، بەڵام ئەوەندەی کە پەیوەندی بەسلێمانیەوە هەبێت شتەکە لەوە تێپەڕیوە، لەوە تەنیا لەوێ وەستا بێ بریتی بێت لە نازناوی مامۆستای یاریدەدەر، لەبارەی جەماعەتی بەکالۆریۆس لەسلێمانی ئەوە بۆ ماوەی(٤.٣)مانگ دەچێ گرفتەکە زیاتر ئالۆزاوە لەوێ هەردوو فراکسیۆن وەختێکی زۆر چووین بەدوای کێشەکەیانەوە چووین لەگەڵیان دانیشتین کە لەوێ هەتاکو ئێستا تازە سەرەتای ئەو کێشەیە بوو کە لەوێ ئێستا ئاڵۆز بوو لەوێ ئەوان مامۆستاکان لەوەیان تێپەڕاندووە کەمەسەلەکە بریتی بێ لە بەکالۆریۆس ومامۆستای یاریدەدەر، لەوێ شتەکەیان فراوان کردووە بۆ جەماعەتی دبلۆم وپەیمانگاکانیش جگە لەوەی داخوازی تریشیان تێکەڵ کردووە واتە: بەتایبەتی داخوازی مەسەلەی ناحیەی مووچەی دەکەن، ئێمە لەکاتی خۆی کارێکمان کرد کە قایلیان بکەین بەوەی هەندێ لەداخوازییەکانیان لەجێگای خۆیەتی بەتایبەتی لایەنی مووچە، هێمنمان کردنەوە، بەڵام وا دیارە لەگەڵ بەڕێوەبردنی پەیمانگا بارەکە لەو ئاستەدا نەوەستاوە بەرەو ئەوە چووە ئەوان بەرەو مان گرتن چوون ودوای ئەوە قوتابییەکانیش تێکەڵی ئەم مەسەلەیە بوون ئێستا بارێکی ئاڵۆز لەپەیمانگای هونەری سلێمانی دا هەیە لەبەر ئەوە، ئەوەی کاک بەختیار فەرمووی ئەوە ئەسڵی مەسەلەکەیە بەم پرۆژەیە ڕەنگە چارەسەر بکرێ ولەبەر ئەوەی کاتی خۆی لەپەرلەمان ئەو پێشنیارە کرا ئەو داخوازی یە سەری نەگرت کە ئەو نازناوەیان بدرێتێ ئەو پرۆژەیە دابنرێ ڕەنگە ئەسڵی مەسەلەکە چارەسەر بکات، بەڵام ئێستا پێویست بەوە دەکات ڕەنگە ئەسڵی ئەو مەسەلەیەی کە لەسلێمانیەوە هەیە بەپێی ئەو بارە چارەسەر بکرێ پێش ئەوەی بێینە کۆبوونەوە کۆمەڵێک لەمامۆستایانی پەیمانگا هاتبوون سەر لەنوێ هەر دوو فراکسیۆن و ئەندامانی سلێمانی دانیشتن لەگەڵیان ئێستا هەندێک ئیجرائاتی تریش کراوە بۆیان لەوانە لادانی هەندێک لەمامۆستایانی نزیکەی(١٦)مامۆستان وەک سزایەک لەوانە وتنەوە لاچوون خستراونەتە شوێنی خزمەتگوزاری وئیداری لەسلێمانی، ئێمە کارێکی وامان کرد هەردوو فراکسیۆن لە ئەندامانی سلێمانی و، نامەیەکمان نووسی بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی خوێندنی باڵاداوامان کرد ئەگەر هیچ نەبێت با ئەو ئیجرائە بوەستێنن ئەو مامۆستایانەش بگەڕێنەوە سەر دەرس وتنەوە، چونکە ئەو مامۆستایانە پەیوەندییان بەقوتابییانەوە هەیە یان بە خوێندکارانەوە هەیە تاوەکو ئەسڵی کێشەکە چارەسەر دەکرێت. ئێستا من بەکارێکی باشی دەزانم ئەگەر ڕاسپێردرێ بۆ ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا بەپیر کێشەکەوە بچن وکەزیاتر تەشەنەی سەندوە، سوپاس.

**بەڕێز د.عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا ڕەســـول:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەوەی کاک بەختیار ڕوونی کردووە دیارە ئێمە لە(١٠٠٪)ڕامان وەکو یەکە، چونکە ئێمە وەک لیژنەی خوێندنی باڵا چەند جارێک ئەوەمان نووسیوە وپێشکەشمان کردووە کاک بەختیار بەدەست هێناویەتی بۆ سەرۆکایەتی، لیژنەی خوێندنی باڵاش هەموومان لەسەر ئەو ڕایە بووین.

دووەمین من وەک(١٠)کەسیش ئیمزامان کردووە مەسەلەی بەکالۆریۆسیش ئەمانە هەموو تاقمێکن بەکالۆریۆسیان هەیە لەم پەیمانگایانە دەرس دەڵێنەوە ئەوەی کەلەوێ دەرس دەڵێتەوە خۆی ئەبێ ماجستێری هەبێ بەپێی بڕیاری ئێستا، بەڵام ناچار بوون هەندێک جار لەبەر پێویستی، هەندێ جار لەزەمانی ڕژێم خەڵک بەواسیتە دامەزراوە نەمافی ماجستێریان هەیە لەڕووی مادددییەوە ئەوانەی ماجستێریان هەیە مافیان هەیە دەرماڵەی خزمەتگوزاری جامیعیان هەیە نە مافیان هەیە بەقەد مدرس بن لەناوەندی بە بەکالۆریۆس لەناوەندی دادەمەزرێت ژمارەی حصەی دەرسیان(٢٠-٢٤)دەرس دەبێت، کەچی ئەمان (٣٠-٣٢) وانە دەڵێنەوە زیاتریش ئەڵێنەوە وئەمێننەوە تا ئێوارەش، واتە نەمافی مامۆستای ناوەندییان هەیە نەمافی ئەوێ یان هەیە تەبعەن ئەمانە داوایان دەکرد پلەی مدرس یاریدەدەریان بدەینێ جارێک لە بەغدا کردوویانە بۆ چەند ساڵێک ئەمە چەند کەسێکی خۆیان هەبووە بڕیاریان داوە پلەیان کردنە مدرس مساعید ودوایی یاساکەیان هەڵوەشاندەوە ئێمە لەگەڵ ئەو کەسانە نەبووین ولەگەڵ پلەکان نەبووین ،چونکە مدرس مساعید پێویستە لە ماجستێر کەمتری نەبێ ئەوەش لەهەموو دنیادا واباوە ئەگەر بەوانمان نەدا ئەڕوا لەمدرس مساعید زیاتر مامۆستا «استاذ»، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو بڕیارەمان هەبێ کە هەقە ماددەکەیان بدرێتێ لەبەر ئەوەی هەمان ئیش دەکەن ولەپەیمانگادان، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

بۆ ئەوەی ئەم بابەتە کۆتایی پێ بێنین وابزانم لیژنەی پەیمانگاکان پەیوەندی بە پەروەردەو بەخوێندنی باڵاوە هەیە، لیژنەی خوێندنی باڵا ئەگەر ڕاسپاردەیەکمان بۆ ئامادە بکەن بۆ ئەوەی بینێرین بۆ حکومەت بۆ ئەوەی چارەیەک لەم کێشەیە بکات، هەروەها ئەو پرۆژەیەی کە پێشکەش کراوە پەلەی لێ بکرێ بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەم پەرلەمان پێش ئەوەش ئێمە ئاگاداری ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین بۆ ئەوەی ڕۆژی گفتوگۆ کردن ئامادەبن لەسەر ئەو بناغەیە ئەم بابەتە کۆتایی پێ دێنین بەو شێوەیە ڕاسپاردەکەمان بۆ لیژنەی خوێندنی باڵا بخرێتە ڕوو ئەو پرۆژەیەی کە لەپێشە ئامادە بکرێ.

دێینە سەر خاڵێکی تر: کە مەسەلەی مرورە با کاک شەوکەت بفەرمووێ..

**بەڕێز شـــەوکـــەت حـــاجی مـــوشـــیـــر ئەحـــمـــەد:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

کێشەی مرور لەراستی دا کاک حازم خستیە ڕوو بەداخەوە وانەبوو، چونکە شتەکە تۆزێکی تر

وەک حاڵی کرابوو کێشەی مروری سلێمانی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆدا هەیە، کێشەکەیان کێشەیەکی یاسای یە ئێمە دەربارەی ئەو ئۆتۆمبیلانەی ژمارەیان بەرەی کوردستانی یە و لەکوردستان بڵاوەیان پێ کراوە وبەشێکی زۆریشیان خۆمان لەم ئۆتۆمبیلانەمان هەیە کێشەکە ئەوەیە کە خۆیان بڕیاریان بۆ هاتووە لەوەزارەتی ناوخۆوە ئەم ئۆتۆمبیلانە ژمارە بکەن بۆ هەموو مروری پارێزگاکان دیارە لە پارێزگای دهۆک وهەولێردا کراوە، بەڵام لە پارێزگای سلێمانی ئەوان تەحەفوزێکیان هەیە ژمارەی ئەم ئۆتۆمبیلانە ناکەن لەبەر هەندێ هۆی یاسایی شارەزایی خۆیان ئێمە وەک هەر دوو فراکسیۆنی سلێمانی سەردانمان کردن بەر پرسیارانی مرور لەوێ ئامادە بوون ئەو زانیاریانەیان بۆ ئێمە روون کردۆتەوە ئۆتۆمبیلی فەرمانگەکانی حکومەت کاتی خۆی کە دزراون ئێستا لەبەر دەستی خەڵک دان هەندێکیان ئۆتۆمبیلی فەرمانگەی شارەوانی لەپارێزگای سلێمانی ئێستا زۆربەی لەبەر دەستی خەڵکەو لای حزبەکانن بەکتابی (١٩٥٦)لە ١٩٩٣/٢/١٩ئاگاداری وەزارەتی ناوخۆ کراوە بۆ وەرگرتنەوەیان (٣٥٤)ئۆتۆمبیلی ئاو ئاوەڕۆکان دزراون لەکاتی ڕاپەڕین ئێستاش لای خەڵکن حزبەکانە ئەویش بەهەمان کتابە، هەروەها ئۆتۆمبیلی سەربازی وئۆتۆمبیلی تر وئەیان ناسنەوە، فەرمانگەکان ئۆتۆمبیلی خۆیان کە لەلای خەڵکە، ئۆتۆمبیلەکانی کە لە اوروپا دێن ئەوانە بەپێی یاسای ژمارە (٥٦)ی ساڵی١٩٣١ پێویستە ئەو ئۆتۆمبیلانە حکومەت رەسمی گومرکی، یان یاسایی لەسەر دابنێ، بەڵام تا ئێستا خەڵک بەئارەزوی خۆی ئەدزێ وئەیهێنێ ومەبلەغە پارەیەکی کەم دەدات وزۆری ئەم ئۆتۆمبیلانە دزراون کە ئەیان هێنن ئۆتۆمبیل لەخواروی عێراقەوە دێ هەیانە لە ناوەڕاست دێ هەیانە گوللەیان لێ دراوە وخوێنی پێوەیە خەڵک دەیان هێنێ لێرە ژمارەی پێوە ئەنێن ودەدرێن، پێیان ئۆتۆمبیلی پارێزگای خۆمان ئەهێنرێ لێرە ولەسەنەوی خۆمان دەبردرێ لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە ئەمانیش بەهەمان حیساب سەرجەمی ئەمانە بەپێی ئەو کتابەی گومرگی سلێمانی کردوویانە بۆ وەزارەتی ناوخۆ هەموو بەرپرسەکان ئیمزایان کردووە پێویستە دەقێکی یاسایی هەبێت بۆ ئەوەی بەدیلی یاسای عێراقی کەبە یاساو بڕیارێکی ئەنجوومەنی یاسادانان تعامل بەو ئۆتۆمبیلانە بکرێ بە بڕیارێکی حکومەت کە ئەم کتابەیان بۆ چووە بەنووسراوی(١٧٥٥)لە ١٩٩٣/١٢/١٤ دەرچووە کە ئەم ئۆتۆمبیلانە تاپۆ بکەن بەناوی خەڵکەوە کە هەر کەسێک داوای کرد تاپۆ بکرێ وژمارەی بدرێتێ وبیخەنە سەر خۆی ئەمە شەرعیەت پێدانە بە(دز)، واتە بەبڕیارێکی حکومەت شەرعیەت دەدەینە دز بۆ ئەوەی ئۆتۆمبیلی هاوولاتی وئۆتۆمبیلی حکومەت وئۆتۆمبیلی دەرەوە بێنن بۆ کوردستان وەک هەر دوو فراکسیۆن داوا دەکەین لەشاری سلێمانی پشتگیری لە بەڕێوەبەرایەتی مروری سلێمانی بکرێ وداوا دەکەین دەقێکی یاسایی بۆ دابنرێ نەک بڕیارێکی سەرپێی بدرێ بۆ ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە لەکوردستان بڵاوە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــازڵ ڕەئــووف ســــــــــاڵــح:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئــەنجـــــــــومـــــــەن.**

برای بەڕێزم كاک شەوكەت روون كردنەوەی پێشكەش كرد لەسەر ئەو سەردانەی هەردوو فراكسیۆن بۆ شاری سلێمانی بەراستی كێشە كە زیاتر كێشەی لای ئەوانە وئەوان ئامادەنین هیچ ئەم بڕیارە جێبەجێ بكەن وهەقیشیانە و ئێستاش ئەو ئۆتۆمبیلانەی كە بەخوێنەوە دێنە بەردەمیان كە ژمارەی بۆ دابنێن ئەمە كارێكی وای كردووە، كێشەیەكی گەورەی خوڵقاندووە لەسەر سنوورەكان كە ئۆتۆمبیل ئێستاش بەردەوام ئۆتۆمبیلی خەڵكانی پیاوانی ڕژێم بهێنن ژمارەی بۆ دەكەن ودەیهێنن لەلایەكی تریشەوە حەقیان نییە، چونكە لەسەرەتای ڕاپەڕین كۆمەڵێک ئۆتۆمبیلی پیاوانی ڕژێم فەرمانگەكانی تر لەلای لایەنەكانەو ئەمە لەسەرەوە حەقیانە، كە ئێستاش ئۆتۆمبیل و ئامێر بە بەردەوام دێن وئەدزرێن ئێمە زۆر قسەمان لەم بارەیەوە كردووە بائەوان ڕاپۆرتێک بەرز بكەنەوە وپشتگیری ئەو ڕاپۆرتەی بكەین ولەگەڵ ڕێزو سوپاسدا.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئــەنجـــــــــومـــــــەن:**

بۆ ئەم بابەتە وا بەبەرژەوەند دەزانرێ ئەم كێشەیە لەلایەن لیژنەی ناوخۆ ولیژنەی یاسا شتێكی دیاریكراومان سەر روون كردنەوەكەی كاكە شەوكەت وكاک فازڵ و لەسەر ئەو روون كردنەوەیە بۆ بنووسن مروری سلێمانیش شتێكی تایبەتی هەیە وەكو یادداشتنامەیەک با شتێكی دیاری كراومان بۆ ئامادە بكەن بۆ ئەوەی بە نزیكترین كات بیخەینە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، وەزیری ناوخۆیش ئاگادار بكەینەوە بۆ ئەم بابەت، جا بۆ ئەم دوو پێشنیارەی كە كردمان سەبارەت بە مەسەلەی پەیمانگاكان ومەسەلەی مروری سلێمانی دەبێ ئەم دوو ڕاسپاردەیە جێبەجێ بكرێن، چونكە دەبێ پەسەندكردنی بەدەنگدان بێت ئەو پێشنیارەی كە كردمان بۆ خوێندنی باڵا با ئەو بابەتەمان بۆ ئامادە بكات وشتێكمان بۆگەڵاڵە بكات هەروەها وەک ڕاسپاردەیەک بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ، پەلەش بكرێ بۆ ئەو پرۆژەیەی كە پێشكەش كراوە، كێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟.. سوپستان دەكەم. كێ لەگەڵ نییە؟...بەزۆربەی دەنگ ئەم پێشنیارە پەسەندكرا. هەروەها بۆ هێمنی هاتوچۆ و كێشەی ئۆتۆمبیلەكان بەگشتی لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسا شتێكی دەسنیشان كراومان بۆ ئامادە بكەن بۆ ئەوەی بیخەینە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان ، هەروەها دەبێ ئەنجوومەنی وەزیرانیشی لێ ئاگادار بكرێتەوە. كێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟...سوپاستان دەكەم، كێ لەگەڵ نییە؟... بەتێكڕای دەنگ هەردوو پێشنیار پەسەند كران و سوپاستان دەكەین. بەرنامەی ئەمڕۆمان تەواو بوو، بۆ ئەوەی ئەم شتانە گەڵاڵە بكرێت، هەروەها وەک ئاگادارن

و وەک بیستتان هەردوو فراکسیۆن ودەستەی سەرۆکایەتیش لەگەڵ ئەم رایەدان کە بۆ یەک شەم سەعات(٣)ی پاش نیوەڕۆ دەست بە گفتوگۆ کردنی بوودجەی ساڵی ١٩٩٤ دەکەین، سوپاسی هەموو لایەک دەکەین دانیشتنی داهاتوویشمان بوو بەرۆژی یەک شەممە سەعات(٣)ی دوای نیوەڕۆ.

بەم شێوەش کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین، زۆر سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ٣/٤/١٩٩٤

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٧)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٤/٣

***کاتژمێر (٣) ی سەرلەئێوارە ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٤/٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە ( ٧ )ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ تەواو کردنی گفتوگۆ کردن لەسەر بودجەی ساڵی (١٩٩٤)ی هەرێمی کوردستانی عێراق بەپێی حوکمی بڕگە (٥) لە مادە (٥٦) ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢.***

***٢ـ تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی ئەمڕۆمان بەردەوام بوونە لەسەر گفتوگۆکردنی بودجەی ساڵی (١٩٩٤)ی حکومەتی هەرێم، بەڕێز وەزیری دارایی یاداشتێکی ڕوونکرنەوەی هەبوو داوای کرد کە ئەو یاداشتە پێشەکی بخوێندرێتەوە، بۆیە لە سەرەتای ئەم دانیشتنە پێشەکی یاداشتەکە بە مورەکەزی و بە کورتی باس دەکەین بۆ ئەوەی پاشان بگەڕێینەوە سەر بەرنامەکەمان کە ئەویش خاڵی بودجەی ساڵی (١٩٩٤)ە.

دەربارەی شێوازی قسەکردن لەمەوپاش هەر ئەندامێک دەبێت لە شوێنی خۆی دابنیشێ لەبەر ئەوەی بەپێی ئامێر قسەکەی تۆمار دەکرێت، ئینجا ئەگەر هەر ئەندامێک لە شوێنی خۆیدا نەبوو ئەوە ناوەکەی بە هەڵە لە پرۆتۆکۆلدا تۆمار دەکرێت. ئێستاش دانیشتنی ئەمڕۆمان بە نهێنی دەبێت لەبەر ئەوەی لە دانیشتنی ڕابردوودا داوا کرا کۆبوونەوەی بودجە بە نهێنی بێت، ئەگەر ئەندامانی بەڕێز داوا ناکەن دانیشتنەکە بکرێتە ئاشکرا، ئێستاش داوا لە برادەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەین بفەرموون هۆڵەکەمان بۆ بەجێ بێڵن بۆ ئەوەی دەست بکەین بە دانیشتنی ئەمڕۆ. بەڕێز وەزیری دارایی فەرموو بۆ خوێندنەوەی یاداشتەکە کە بە زمانی عەرەبییە، ڕەنگە ئەندامانیش هەندێ تێبینییان هەبێت لەسەر ئەم یاداشتە.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە یاداشتێکە بۆ روون کردنەوەی هەندێ لایەنی پێویست وگرنگ لە بودجەی ساڵی ١٩٩٤ داوای لێبوردنیش دەکەین کە بەزمانی عەرەبی نووسراوە لە بەر ئەوەی هەندێک زاراوە و وشەی تایبەتی هەبووە کە لە مەسەلەی بودجە بەکار دێت بۆ ئەوەی باشتر روون بێت بۆیە بە زمانی عەرەبی ئەیخوێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەوەزارەتی تەندروستی دیسان ئیشتباهێک لە چاپ کردنەکەدا هەیە، چونکە دەبێ(١٦١) بێ. وەزارەتی تەندروستی پار بودجەکەیان چەند بوو؟ کاک کەمال «١٦١» بوو وابزانم سفرێک لێرە لەچاپ دەرنەچووە.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ سفرێکی کەمە (١٩١٠٠٠ ١٦١) ئەمساڵ داوای(١٧٧٥٥٥٠٠٠)ی کردووە رێکەوتوون لەسەر (١٧٧٠٤٧٠٠٠). ئەوەش بودجەی نەفەقات بوو بودجەی پلانەکەی لای هەموو بەڕێزان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یادداشتەکە ئەوە بوو لەسەر موازنەی هەرێم بۆ ساڵی ١٩٩٤. جا هەر کەسێک تێبینیەکی هەیە لەسەر یادداشتەکەی بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری با ناوی بنووسین..(٦) کەس قسەیان هەیە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکو لای هەموو لایەکمان ئاشکرایە ئێمە لەو رۆژەوە کە پەرلەمان دامەزراوە تاکو ئێستا باسی چارەسەرکردنی گوزەرانی جەماوەری خۆراگری خەڵکی کوردستان دەکەین. بەڵام ئەوەی کە سەرنج رادەکێشی چ لە یادداشتی روونکەرەوەکە وچ لە بودجەکەدا هیچ خاڵێکیان، هیچ ئاماژەیەکیان هیچ پلانێک نییە بۆ چارەسەرکردنی باری گوزەرانی خەڵک، هەتا ئەگەر بەشێوەیەکی کەمیش بێت. ئەمە تێبینی یەکەم. دووەم سەبارەت بە پێشەکی یادداشتە روونکەرەوەکە بەشێوەیەکی دوورودرێژ نەهاتووە کە (وجه الصرف) لە ساڵی (٩٣) چۆن بووە وعجز چۆن بووە؟ تەنها یەک دەستەواژە هاتوە دەڵێ (ان وزارة المالیة والاقتصاد تمکنت من الایفاء بالتزاماتها تجاه الوزارات). دەبوایە بڵێ فلان وەزارەت تەرخان کراوی ئەوەندە بوو خەرجییەکانی لە (١٠٪) بوو لە (١٥) بوو یان لە (٢٠٪) بوو وئەگەر مەدەوەریش هەیە، مەدەوەر هەبوو دوو تێبینیم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم داوامان کرد کە وەزیری دارایی لەسەر بابەتی نەفەقات شتێکمان بۆ باس بکات. ئەوە تەنیا یادداشتێکی روون کەرەوە بوو، کاتی خۆی لەگەڵ بودجەکە هاتبوو و، لەوانەیە دواتر شتێکمان بۆ روون بکاتەوە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەمنەوە دوو سێ تێبینیم هەیە لەسەر ئەو راپۆرتەی کە پێشکەش کراوە لەسەر بودجەی سالّی ١٩٩٣، هەروەها ئەو پێشنیارانەی کە لەسەر بودجەی ١٩٩٤ لە بەشی مووچە کە تەرخان کراوە (٧٠٣) ملیۆن و(١٣١٨٠٠) دینار ئەی بە زیادەی (٣٢) لە موازەنەی سالّی رابردوو، ئەو زیادیەش کە ئاماژەی بۆکراوە زیاتر بۆ ئەو فەسلّ کراوانەیە کە گەڕاونەتەوە بۆ ئیش وکاریان. بەرای من ئەبێ بۆ مووچە پارەیەکی دووجا(مضاعف) بێت. زۆر پێویست ترە، وهیچ ناگونجێ لەگەڵ ئاستی ژیان وئەو گرانیەی لە بازاڕ دا هەیە و هەروەهاش کە دیناری عێراقی رۆژ بە رۆژ کەم دەبێتەوە بەرامبەر بە دۆلار لە بەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەم بابەتە زۆر بە بایەخەوە تەماشا بکرێت و، پێویستە لە سالّی ١٩٩٤ مووچەی مووچەخۆران زیاد بکرێت، هەندێ پێشنیاری ترم هەیە سەبارەت بەو تەرخان کراوانەی کە بۆ خانەنشین کراوە دانراوە، بەرای من بایەخێکی تەواو بدەین بە مووچەی ئەو خانەنشینانە کە دەچن لە حکومەتی بەغدا مووچەکەیان وەردەگرن بێ ئەوەی کە هیچ سوودێکیان پێ بگەیەنێت. هەروەها پێشنیارێکی ترم هەیە سەبارەت بە بودجەی سالّی ١٩٩٤ لەهەندێ وەزارەت یەکێک لەو وەزارەتانە وەزارەتی کشتوکالّیە، بەرای من ئەو پارەیەی کە دیار کراوە بۆیان کە سالّی رابوردو(٧٠) بووە پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران (٥٩)ی بۆ داناوە، من لەگەڵ ئەوەم ئەو(٧٠) ملیۆنەیان بۆ تەرخان بکرێت، چونکە کشتوکالّ بەنیسبەت ئێمە مەجالێکی زۆر گرنگەو حالمان باشیش نییە، بەرەئی من ئەو پارەیەی کە بۆ وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی تەرخان کراوە زۆرە لە (١٢) ملیۆنەوە پێشنیار کراوە کە بکرێتە (١٧) ملیۆن من بە زۆری دەزانم وهیچ پێویست نییە ئەو پارەیە لەگەڵ ڕێزمدا لەبەر ئەوەی ئەو مەجالە مەجالێکی بەرهەمی نییە و وزیادەکەشی زۆرە و(١٢)کەش ئەگەر بکرێتە (١٤) ملیۆن مەعقولە بەس ببێتە (١٧) ملیۆن وەک ئەوان پێشنیاریان کردووە بە زۆری دەزانم، هەروەها سەبارەت بە وەزارەتی داراییەوە من نازانم ئەو مەبلەغەیان کە خەرج کراوە لە سالّی رابوردوو (١٧٣) ملیۆنیان خەرج کردووە، ئەمسالّ پێشنیاری (٣٤٠) کراوە وئێستا لەسەر رازی بوون (٣٢١) ملیۆن بێت، من ئەو مەبلەغەش بە زۆر دەزانم، چونکە ئەوەیش زیاتر ئیستهلاکییە، وەزارەتی پیشەسازی و وزە کە سالّی رابردوو (١٢) ملیۆنیان خەرج کردووە پێشنیاری تازەی وەزارەت (٢٥٦٤) (٧٢٧)؟ بەرای من وەزارەتی پیشەسازی یەکێکە لەو وەزارەتە گرنگانە بە پێویستی دەزانم رەزامەندیی لەسەر دەربڕن، بەرای من گرنگی بدرێت بە دوو مەجال کە زۆر گرنگن لە

کوردستان ئەویش پیشەسازی و کشتوکاڵە، داوا دەکەم لای کەمی ئەوی وەزارەت داوای کردووە ئەبێ جێبەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز کاک ڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

چەند تێبینییەکم هەیە لە بابەت بودجەوە بەگشتیی یەکیان ئەوەی کە کاک شێروان باسی کرد پێویست بوو بەڕێز وەزیری دارایی ئەو ژمارەیەمان بەشێوەیەکی ساکار بداتێ هەر وەزارەتێک چەندی خەرج کردووە، چونکە شتێکی زەحمەت نییە مەبلەغێکی ئامادە بکات، لە بودجەی هەر وەزارەتێک دیارە کە هاتیە بۆ ئامادەکردنی بودجە دەتوانی بڵێ چەندم خەرج کردووە بۆ ئەوەی لامان دیار بێ، کە ئێمە ژمارەی ئایندەی بۆ پێشنیار دەکەین بزانین ئەوە لە ساڵی پاردا چەندی خەرج کردووە. دووەم ئەوەی لام زۆر گرنگە بەراستی لە بودجەی ئاساییدا سەبارەت بە ئێمە نزیکەی لە سنووری ملیارێک و(٦٠٠) وکەسر ملیۆن دیاری کراوە، ئێستا خەرجییەکانی بودجەی ئاسایی لەوانە تەخمیناتی وەزارەتی دارایی کە لە ناو ئیراداتە تا ئێستا بە تەقدیراتی خۆیان لە سنووری ملیارەک وروبعە- ملیارێک و(٢٥٠) هەزار دینارە، واتە تەخمینات سەددی موازنەی ئاسایی ناکات ئەدی ئەمە ئەو ملیار و(٣٧٠) هەزار دینارە چییە؟ لایەنی دووەم پێویست بوو بەڕێز وەزیری دارایی تەخمیناتی لە ناو بودجەی ئاسایی چەندی هات فعلا راست بوو تێکەڵی ئیرادەکەی ئەکەی، تەخميناتەکەيان بۆ ئەوەیە ئەو ساڵیش ئێمە وێنەیەکی روونمان هەبێ لەسەر ئەو تەخمنیانەی ئەوان تەقدیریان کردووە، چونکە ئێمە لەراستیدا نە ئیستثمارااتمان هەیە، نەمیزانیەی بازرگانی کردنمان هەیە، نە ئیستیرادو تەصدیرمان هەیە نەوەکو پێویست معاملمان بە شکلێکی ئەوتۆ ئیش ئەکات. ئەوەی کە بۆمان دێت بزانە چەندمان دەگاتە دەستی، پێویستە بەرای من موازنەکەمان زۆر ورد بێت و لە نێو سەرفیاتی زیادەیی شتی زیاد زۆر کەم کەینەوە، پێویستە وەزارەتی دارایی بەرنامەیەکی خواردەمەنی هەبێت وئەو بەرنامە خواردەمەنیش توانا هەیە لە زۆر شت کەم بکرێتەوە بۆ ئەولای بچێ، بۆ ئەوەی بتوانین برێک گوزەرانی ئەو خەڵکە چاک بکەین و بتوانین وەک حکومەت بەشداریی بکەین، تا ئێستا حکومەت وەکو پێویستە خۆی بە خەڵکەکە پیشان نەداوە کە شتێکی بداتێ ئەوەی هەیە رێکخراوەکان وفلانە و هەرپێمان دەکرێ بەرگری بکەین کەرێکخراوەکان تەعامول لەگەڵ حکومەت ناکەن، شت نادەتە حکومەت با جارێکیش حکومەت خۆی شتێک بدات لە بەر ئەوەی داوا ئەکەم لەوەزارەتی دارایی کە بودجەی ئاسایی وابکات بگونجێ لەگەڵ تەخميناتی خۆی، ئەو برگانەی کە پێویست نییە لە بودجەی هەموو وەزارات بێنینە دەرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید زادە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە لیژنەکەشا من باسم کرد جاری پێشووش من جەختم لەسەر کردەوە شێوەو بۆ چوونی گفتوگۆکردن

لەسەر بودجە، ئێمە پێویستە بزانین پێداویستییەکانمان چنەو، ئەوەش لە بەرنامەی حکومەتا هاتووە ئەمە ئەولەوییەتی دراوەتێ کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پەرلەمان موصادەقەی لەسەر ئەو بەرنامەیە کردووە و، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکات، جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەیەش بەچی ئەبێت؟ بە بودجە ئەبێت لێرەدایە ئێمە هاتین لە یادداشتە روون کەرەوەکەن تەنها لایەنی نەفەقات دەرخستووە، ئەوەی کە خەرجی ئەکەین لێرەیا ئەبینیت ژمارەکان زیادی کردووە بەرای من ئەم زیادەیە دوو هۆی هەیە، یەکێکیان «تضخم»ـەکەیە کە پار دۆلار بە (٣٠، ٣٥) دینار بوو ئێستا دۆلارێک بە (٧٥و ٨٠ )دینارە ئەوە ئەو ژمارەیە کە زیادی کردووە لەئەنجامی ئەوە هاتووە نەک ئەنجامی زیاد کردنی فیعلی ئەو خەدەماتە کە ئەدرێت بە هاوولاتییان جا بەرای من ئەولەویات دابنێین بۆ ئەو پێویستییانە کە هەمانە ئێمە هەمانە ونیمانە تەنها یەک ئیرادمان هەیە ئەویش گومرگە بەداخەوە ئێمە لێرەدا ئەبوایە لایەنی عجزەکە ولایەنی ئیرادەکەش. هەم دیسان بێینەوە بەتەفاسیل لێی باس بکرێت، بزانین ئێمە ئیرادەکەمان لەکوێ دایە کوانێ ئیراد لە بەردەممان نییە، بزانین ئیرادەکە چییە؟ ئەولەوییەتیش بڕیارێکی سیاسی ئەوێت بڕیاری سیاسی حکومەت ئەیدات و پەرلەمان پەسەندی دەکات. ئەم بڕیارە سیاسییە ئێمە تەسبیتی بکەین کە هاتین چەسپاندمان کرد ئەو کاتە ئەو پارەی کە هەمانە لە بودجەکەیدا دێنین تەرخانی دەکەین بۆ دابین کردنی ئەوانە، چونکە بەردەوام بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان وپەرلەمان بڕیارێکی سیاسییە ئێمە ئەوەی هەمانە ئەبێت لە خزمەتی بەردەوام بوونی حکومەت وپەرلەمانی هەرێمی کوردستان دابێت، کەخۆی بڕیارێکی سیاسییە وئەبێتە هۆی سەرکەوتنی ئەو تاقیکردنەوەیەی کەهەیە. سەبارەت بە درێژەی ژمارەکانەوە بەرای من ئێمە نەچینە درێژە پێدانی ژمارەکانەوە، درێژە پێدانی ژمارە لە نێوان وەزارەتی تایبەتمەند ولە نێوان وەزارەتی داراییە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موزەکەرەی ایصاحی لەوەزارەتا دارایی وئابووری بەسێ مەبلەغێ ئەووەل چونکە وەزارەتێ دارایی وئابووری بۆ هەمی وەزارەتاو دەوائری غیر مرتبط بەوەزارە کردبا وصەرفیاتێ سالّی ١٩٩٣ وموزانەی سالێ ١٩٩٣چۆن جێبەجێ بوو چەن عجزی تیا ما، هەر وەزارتێک لە میزانیەکەی چەن جێبەجێ بوو چەندیش ما؟ دووەم باسی موازنەی خطەی هاتە کرن وبەڕێز وەزیری دارایی فەرمووی تەنسیق هاتە کرن مابەینی وەزارەتا دارایی وهەمی وەزارەتا تشتێکی زۆر چاکە. بەلّام موزانەی خطە وەختی دێنی یە دبیتن رایا وەزارەتا تەخطیش هاتبایە وەرگرتن، رایا وەزارەتا تخطیط مە نییە، هەئیاتی تخطیطیش مە نییە، هەیەئتە مدیریە تخطیط لە ئەنجوومەنی وەزیران پێدەڤێت (المديرية العامة للتخطيط في مجلس الوزراء) مشارکەکە فعلی کردبا، وەختێ موناقەشە هاتە کرن گەل هەمی وەزارەتە هەرجاوە وەکی مەبلەغێک بۆ پرۆژەی تخطیطێ دینە خەرج کرن رایا

مديريه عامه تخطيطێ دێته وەرگرتن. شتەكەدی كو مەجموعی عام یەک خطێ وەختێ بەرێز وەزیرێ خوێندی، ملیارێک و(١٨٣) ملیۆن و(١٩٠) هەزاردینار، بەڵێ مەجموعی حەقیقی ئەگەر ئێمە جمع كەین بینن ملیارێک و(١٧٣)ملیۆن (١٩٠) دینار هەزار بەفەرقی ده ملیۆن دینار بەری كو تەغیراتی ئەنجوومەنی وەزیران وهەندێ وەزارەتی مەبلەغی دی هاتنە ایضافە كردن لێرە ١٠ ملێون، لێرە وەزارەتێ خەلەت كردیە یان «٣» نەفقاتی تەحویلی مەجموعی مقداری (٢٩٣) ملیۆن وچوار صەدو هەشت هەزار وصەد دینار. لێرە موزەكەرەک هەیە كەمی حەد (سد عجز او تعویض خسائر) ولەگەڵ هەمی شت (رسم مبلغ عام تحت عنوان احتیاط عام) دایمە دێتە دانان بۆ وان موازەنێ كو وەفر هەبیتن نە ئەوی عجز هەبیتن یاخود كە عجز هەبت ئەڤە نوختەک وتێدا بونەش توقعاتی (حالة طارئة مستجدة خلال عام ١٩٩٤) ئەڤ قانون دەبۆ حالەتێ ناكاو (لوزارة المالیة والاقتصاد الحق في ایضافة مبالغ ١٪ من المجموع العام للموزانة). لێرە حالەتی هەمی كو لە ١٪، نوقتە كە دی رواتب، و مكافئاتی تەقاعودی تناڤ داهات ورسم مبلغ (٩٠) ملیۆن دینار لە(رواتب تقاعدیة لشهداء الحركة التحرریة الكوردیة للموازنة) وارادە وەزارەتی «پ.م» ئەڤێدرێ راستی سەرنج رادەكیشی زۆر زۆر غەریبە وزارەتا دارایی وئابووری بۆ خۆ دەزانیتن دائیرە (تقاعد عامە) لەناو تەشكیلاتی وەزارەتێ دارایی وئابوورییە چ تەشكیلاتێ وەزارەتێ (پ.م) دائیرە تەقاعدێ تێدا نینە، ئەڤە لەوێندەرێ ئەودڤێت ضمنی تەقاعدی عامە بێت، چونكە تقاعدی عەسكەریمان هەیە، تەقاعدی مەدەنیمان هەیە، لوێرێ تەقاعدی شهدائیش هەیە. نوقتەی دی دەما(١) (جدول خاصة علی مستوی الوزارات عام ١٩٩٤) هاتە خوێندن ومرفقەی ئەو موزەكەرە بوو هەندەک ژوان مبالغا ئەوێت مدرج بەراستی نە مبالغی حەقیقینە چ غەڵەت مطبعی بیتن یان ژی مەبلەغی مقترحێ حەقیقی ژلایێ وەزارەتێ ناهاتە چاپ كرن بۆ نموونە وەزارتێ پەروەردە پێشنیارەكەی لە وەزارەت پترە واتە نزیكەی بەس بۆ چاپ كردنی كتێب نزیكەی ئەو مەبەلەغەیە كەچی جدول داهاتیە (٢٣) ملیۆن و(٥٠٠) هەزار (٥٠٠) دینار، ئەڤ مەبلەغە نەمەبلەغیت حەقیقینە كو وەزارەتا پەروەردە طلب كرن گەلێ مەبلەغی پترەو چاكتربوو ئەویش لەگەڵ ئەڤی موزكەرێ جەدول خلاصە بۆ مستوی وەزیران هەتا اثباتن المیزانیە جاریە بۆ میزانیەی خطەش جدوەلەک تێدا با چاكتر بوو، سوپاس.

**بەرێز پەریخـان مـەحـمـود عـەبدولقـادر:**

**بەرێز سـەرۆكی ئەنجـوومـەن.**

من چەن خاڵێكم هەیە ئەیخەمە روو، ئەگەر بەراوردییەک بكەین لەنێوان بودجەی ساڵی ١٩٩٣ بودجەی ئەمساڵمان، ساڵی١٩٩٤ ئامانجی تۆزێ دوورتری هەیە، بەوەی كەوا هەم بودجەی ئاسایی تێدایەو هەم موازەنەی پلانی تێدایە، هیوای ئاوەدان كردنەوە بیت بێكاری نەمێنێ ئەو خەڵكە برسیەتی نەمێنێ نیاز زۆرە، بەڵام ئایا بۆ حكومەتێكی وەكو ئێمە كە تاكە دەستكەوتێكی گومرگ بێت چی ئەتوانێت بكات وڵاتان بودجەكەیان بەچی تێدا ئەبێت بۆ ئەوەی كەوا صادراتی

تەوازنی هەبێت لەگەڵ ئیستیرادی؟ بەلاّم حکومەتی ئێمە بەراستی ئابوورییەکەی وەستاوە بەتەنها لەسەرلەکارکردنی خۆمان من وای بۆناچم لە ١٪ ئێمە بتوانین شت بنێرینە دەرەوە هەناردەیەکمان هەبێت، ئێمە بەرهەمهێنانمان نییە نەبوونی بەرهەم بەو شێوەیە، بەلاّم لێرەدا بەراستی تەقدیری ئەرکەکانی وەزارەتی دارایی ئەکەم کە ساڵی پار ژمارەکانیان، دیارەکە تەقشفێکی تەواوی کردووە لە زۆر شتا بەس ئەوەی کە زۆر گرنگە لای من داهاتی ئێمە چۆن بێت؟ من لێرە دا تکام وایە کە ئێمە تەرکیز بکەین لە سەر داهاتەکانی خۆمان بۆ تەوفیق کردنی هەم بودجەکەمان وهەم حکومەتەکەمان دوای ئەوە بەکارییە دەماماک دراوە وەکو داوایەک بیری لێ بکەینەوە حەل چییە بۆی؟ ئەوە کارێکی زۆر گرنگە بۆ ئیستقرار بوونی هەموو شتێک، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شـــــێخ نـوری/ وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

پێشەکی پێم بلشە کە روون کردنەوەیەکی خۆمان لە سەر مەسەلەی بودجەکە پێشکەش بکەم. بودجەی هەرێمی کوردستان ئەو حکومەتەی کە تائێستا ئیعترافی پێ نەکراوە، سنوورەکانی دیاری نەکراون دوو سێ جۆر ئابلۆوقەی لە سەرە، ناتوانێ پێی بلێی بودجەی ئیعتمادو ئاوەدانکردنەوە وچارەسەرکردنی کێشەی هاوولاتییان وچاک کردنی باری ئابووری، دابنێین ئەوەی ئێمە ئەتوانین ناوی لێ بنێین ولە تەعریفەکەی خۆی لانەدانە پێی بلێین ئەم بودجە، بودجەی خەرجییەکانی بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆ ئەوەی ئەم حکومەتەی هەرێمی کوردستان کە پیرۆزترین دەستکەوتی گەلەکەمانە چۆن وابکەین بەردەوام بێت تا گۆڕانکارییە سیاسییەکان وا ئەکات جێگیرتر بێت وباوەڕی پێ بکرێ، ولە کەمترین دەست درێژی وبچوکترین هێرش چۆک دانەدەین ومەرجەکانی دوژمن ودەوروپشت جێبەجێ ببێت.

یەکەم خاڵ کەبەرپاکرا ئەوەیە کە ئەڵێ هیچ خاڵێک نییە، هیچی تێدا تێبینی ناکرێ لەو میزانییەیە بۆ چارەسەکردنی گوزەرانی خەڵک، چاککردنی گوزەرانی خەڵک بە دوو شێوە ئێمە ئەتوانین بیکەین، یەکێکیان زیاد کردنی مووچەی فەرمانبەران ومووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان بە خانەنیشینەکانەوە کە بتوانین ئاستی ژیانیان بەرز کەینەوە بگاتە ئاستی نرخ لە بازارا کە ئەوە ئێستا لە توانای ئێمە دا نییە، ئەوەیە بۆچی ئێمە دەعمی خواردەمەنی ناکەین وخواردن بە هەرزان یاخود بەخۆرایی ناێنین بۆ هاوولاتییان؟ ئەمە وەزعی ئێمەیە، یانی مەسەلەکە لەوەیە توانای ئێمە لە ئاستی پێویستییەکانی خەڵکدا نییە، بۆیە جارێکی کەش ئەیلێمەوە ئەم بودجە، بودجەی بەڕێوەبردنی ئیدارەیە لە کوردستان دا نەک چارەسەر کردنی کێشەی ئابووری یە، بەڕێز کاک عەبدولخالق فەرمووی (٧٠٣) ملیۆن دینار تەرخان کراوە بۆ مووچەکان با ئەوە ببێتە دووجا ئێمە ئەوەمان پێ باشە بۆ ئەوەی مووچەی پێ زیاد کەین بەرای ئێمە، ئێمە کە ئەو بودجەمان پێشکەش کردووە لەسەر بگچینەی چەندمان پێویستە بۆ ساڵی ١٩٩٤ لە ئاستێکدا کەمووچە ودەرماڵە وەکو ئێستا مابێتەوە وهەر کاتێک کەویستمان مووچەی فەرمانبەران زیاد بکرێت حەتمەن ئەبێ ئەو کاتە

دەستکاری بودجە بکرێت. هەروەها مەسەلەی خانەنشینەکان هەروەکو فەرمانبەران وایە، راستە ئێمە دوو جۆر خانەنیشیمان هەنە، خانەنیشینێک کە لە دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە خانەنشین ئەکرێت ئەوە ئەگەر بچن بۆ بەغداش کەبیانەوێ خانەنشین بکرێن قبوولیان ناکەن ورەوانەی کوردستانیان ئەکەنەوە، کەواتە لەبەر ئەوە ناچارین ئەبێ خۆمان مووچەیان بدەینێ بەشەکەی کە ژمارەیان (٩٩) هەزار خانەنشینە ئەوە ئێستا بە ناو لەرژێم مووچە وەرئەگرن کە مووچەیەکی زۆر کەمە، ئەڵێ وەزارەتی کشتوکاڵ بڕەپارەیەکی کەمی بۆ دانراوە ئەبێ وای لێ بکەین کە هیچ نەبێت وەکو خۆیان داوایان کردووە وای لێ بێت. ئەوە دیسانەوە ئەیڵێمەوە ئەوە بودجەی خەرجییەکان بۆ بەڕێوەبردنی ئیدارییە وکەمترین بڕی تێدایە، لە بەر ئەوە ئێمە هەوڵمان داوە لەگەڵ وەزارەتە تایبەتمەندەکان ژمارەکانیان پێ بێنینە خوارەوە، چونکە ئەوە ژمارەی خەرجییەکانی بەڕێوەبردنە، لەبەر ئەوەیە هەتاکو ئێمە بتوانین وەکو وەزارەتی دارایی پێیان کەم کەینەوە ئەوە وەک سەرکەوتنێکە بۆ وەزارەتی دارایی. سەبارەت بە وەزارەتی ئەوقافەوە، وەک ناو کە ناوی هێنرا من ئەوە بەراستی لەگەڵ ئەو مەسەلەیە نیم وداوای لێبوردن دەکەم، چونکە وەزارەتی ئەوقاف زیادەکەی کە بۆی دانراوە لەسەر بنچینەی ئەوەیە کە لەلای ئەوانیشەوە خەڵکێکی زۆر دووبارە تەعیین بوونەتەوە، هەندێک خەڵک هەبووە کەگوندی وێران بووە راگوێزراون مزگەوتیان هەبووە، ئێستا گەڕانەتەوە شوێنی خۆیان، ئەوانە هەر یەکە کەرەستەی کاری خۆی پێویستە، هەروەها قوتابخانە دینییەکان لەبەر دەوام بوونوگەشەکردن دان لە بەر ئەوە ئەو پارانەی کە ئێمە رێککەوتنمان لەگەڵ کردوون بۆ رادەی نزمترینی پێویستییەکانی ئەو وەزارەتەیە، چونکە باسی ئەوە دەکەن وەزارەتی دارایی بۆچی ژمارەکانی وا زیادی کردووە ئەوە ئێوە خۆتان ئاگادارن کە وەزارەتی دارایی بەهۆی ئەو بارە نائاساییەی کە ئێستا ئێمەی پێدا تێپەڕ ئەبین زۆر شت هەیە، یان لەدەرەوەی بودجە، یا بەشێوەیەکی کتوپڕ دێتە پێشەوە کە ئێمە ناچار ئەکات پارەیەکی زۆر خەرج کەین وئەوانە هیچی بە بڕیاری وەزارەتی دارایی خۆی نییە، یاخود ئەبێ پرس بە سەرۆکایەتی وەزیران بکات ئەوە ئەو پارانەیە کە بەفەرمانی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی وەزیران خەرج ئەکەین وبەپێی تاقیکردنەوەی ساڵی پێشوو ئەوەندە بووە وزیاد کردنەکەشی لەسەر ئەو بنەڕەتە بووە. باسی وەزارەتی پیشەسازی کرا، ئەو ژمارەیە بودجەی وەزارەتی پیشەسازی نییە، وەزارەتی پیشەسازی بودجەکی ضمنی هەیە، بەڵام ئەمە بودجەی دیوانی وەزارەتی پیشەسازییە کە ئەوە بریتییە لە یارمەتی ومووچەی فەرمانبەران ئەو دەرماڵە ومەسەلەی قرتاسیەو کرێی هاتوو چوو وبەنزین وئەو شتانەیە، واتە ئەوە ژمارەیەک نییە سەرنجتان رابکێشی، چونکە وەزارەتی پیشەسازی یەکێکە لەو وەزارەتانەی حسابێکی تایبەتی خۆی هەیە، کە خۆی خۆی ئەبا بەڕێوە، پرسیارێک کرا ئەڵێ بودجەی پلان تەصفیت کراوە واتە ژمارە بەدوای ژمارە رێز کراوە هیچ مانایەک ناگەیەنێ، چونکە ئێمە تەقدیری خۆمان ئەوەیە ملیارێک و(٢٥٠) هەزار دینارە، ئەی چۆن ئەتوانین باقیەکەی جێبەجێ بکەین؟ ئەوە پێشەکی لەگەڵ دەسکەوتمان ئەبێت باشە بودجەی

خەرجییەکانمان ملیارێک و(٦٠٠) هەزار دینارە هەموو برایانی وەزیرو ئەنجوومەنی وەزیران وسەرۆکایەتی وەزیران قسە لە بودجەی پلان دەکەن لەسەر چ بنچینەیەک.«٢» بنچینە هەیە بۆ ئەوەی بودجەی پلان جیا بێ، یەکەم ئێستا ڕێکخراوە بیانییەکان بەرەبەرە کەوتوونەتە هاوکاری کردن لەگەڵ وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستاندا ئەو هاریکارییە دەسکەوتێک ئەهێنێ بۆ وەزارەتەکان جا وەزارەتەکانی ئەم حکومەتە شتێکی جیاوازنین لە بودجەکەی وناتوانن سەربەخۆییان هەبێت لە خەرج کردنیدا بۆیە گەر نەخشەکانی ئەو پرۆژانەیان پێ جێبەجێ نەکەن ئەچێتەوە ناو بودجەی نەخشە، لایەنی دووەمی بۆ ئەوەیە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی لە مانگێکدا لە (٣)مانگدا، هەندێ پارە، خەرجییەکان بدرێتەوە بۆ ئەوەی بیخاتە کاروباری ئاوەدان کردنەوە وجێبەجێ کردنی پلانەوە، بودجەک هەبێت شتی پێ بکەین. خاڵی سێیەمیش خاڵێکی گرنگە لێی بدزینیەوە، نازانم بەراستی خاڵی سێیەمیش ئەوەیە ئێمە لە بارێکی سیاسیدانین کە چاوە ڕوانی گۆڕانکاری ئەکەین. ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێمەو، نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێمەو حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا، ئێمە ولاتێکن کە ئێمەو بانقی دووەلی کەوتینە موفاوەزاتەوە خاتەوە بۆ ئەوەی ئێمە هەندێ تەعویز وەربگرین بۆ ئەوەی ئەو پارانەی کەلێمان فەوتێنراوە هەندێکی وەرگرینەوە ئەوەیە ئێمە ئەبێ بودجەیەکمان هەبێ. بڵێین ئێمە ئائەوەمان پێویستە بەزووترین کات بۆمان جێبەجێ بکرێ، لەگەڵ ئەوانە هی ماوەی(٣)مانگ و(٦) مانگ بێت لەبەر ئەوەی پێویستە بودجەکی پلانمان هەبێت بۆ ئەو ڕۆژە مناسبە. برای بەڕێز کاک جەمیل چەند خاڵێکی بەرپاکرد کرد هەندێکیمان وەڵام داوەتەوە، بەڵام خاڵێک هەیە زۆر گرنگە بەهۆشی وتووە، لە کۆبوونەوەی لیژنەی ئابووری هاوبەشدا باسمان کردووە ئەویش ئەوەیە کە ئێمە پرسمان بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەکێشان نەکردووە لەئەنجوومەنی وەزیراندا من حەز دەکەم ئەوە بزانن لە هەموو وەزارەتێکی ئێمە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی نەخشەکێشانمان هەبێت، بەڕێوەبرایەتی گشتی پلان لەئەنجوومەنی وەزیران لەسەر ئاستی ئیدارەکردنی وەزارەتی نییە، واتە تا ئێستا ئەگەر وای لێ بێت ئەبێ ببێ بە وەزارەت، وەزارەتی نەخشەکێشان هۆی هەیە لەگەڵ ئێمە دابنیشی موحاسەبەمان بکات بڵێ نەخشەکانتان کران؟ چۆن ئەڕوا بەڕێوە؟ بەڵام تا ئەو ئاستە لەئاستی بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتیا بمێنێتەوە ناکرێ وەزیرێک بچێ بۆلای بەڕێوەبەری گشتیی بڵێ من نەخشەکەم ئەمەیە تۆ رات چییە؟ خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە مەسەلەی خانەنشینی (پ،م) شەهید باس کرا با بڵێین ئەو پارەیەی کە پەرلەمان کاتی خۆی لەسەر داواکاری حکومەتی هەرێم تەرخانی کرد کە هەر ماڵە شەهیدێک (٢٥٠) دیناری پێ بدرێت. بەڕێزان ئەو هەنگاوە پیرۆزەی کە ئێوە پەسەندتان کردوە ئەوە کارێک نییە بە بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی ئەنجام بدرێت چونکە بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی هەندێ فەرمانبەری تیایە ئاگایان لەمەسەلەی (پ،م) نیەو ئەو خەڵکانە ناناسن کە شەهیدن وچۆنیەتی جیا کردنەوە لەیەک، ئەوەیان تەنیا لایەنێک یان بڵێین تەنیا دوو لایەن کە ئێستا لە کوردستانا ئەو کارەیان پێ

ئەكرێت، یەكێكیان حزبەكانە ئەوی تریان وەزارەتی (پ.م)ە، وەڵامی دواین پرسیار ئەوەیە، ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری داوە، بیری لەوە كردۆتەوە كە ئەنجوومەنییەكی نەخشەكێشان دابمەزرێنێ لەوەزیر تایبەتەكان كە ئیش وكاریان پەیوەندی هەیە بەمەسەلەی نەخشەكێشانەوە لەگەڵ چەن پسپۆرێكی خۆمان پێكەوە، ئەو ئەنجوومەنی نەخشەكێشانە دروست بكەن، ئەوە ئیتر ئەبێ لەو رۆژانە بكەوێتە ئیشوكاری خۆیان.

ئێستا دێمە سەر مەسەلەی ئەو داواكارییەی كە لەلایەنێكی حەقەو لایەنێكیش یاساییە كە نا هەقە، ئەویش ئەوەیە نیزامی موراجەعە كە پەیوەندی هەیە بە داهاتەكان وخەرجییەكانی بودجەی گشتی ساڵی پار بەپێی ئەو یاسایانەی كە ئێمە تا ئێستا لەسەری ئەڕۆین بەڕێوە لە ٣/٣٠ بودجەی موراجەعە قەپات ئەكرێ، واتە هەموو یەكێ لەو وەزارتانەی كە ئێستا لە كاران بۆیان هەیە تا ٣/٣١ خەریكی دارشتنی میزانی موراجەعەی ساڵی پار بن لە ٣/٣١ ئەینێیرن بۆ وەزارەتی دارایی. وەزارەتی دارایی جارێكی تر ئیعادەی نەزەری تێدا ئەكاتەوە و وردكاری ئەكات، دیكاتەوە یەك، كە تەواو بوو ئەی هێنێتەوە بەردەمی ئێوەی بەڕێز بە هەموو تەفصیلاتەكانیەوە، داهات چەند بووە، خەرجییەكان چەند بوون هی ئەم وەزارەتە چەند بووە؟ بەوشێوەیە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو پرسیاركردنە لەمێشكی هەموو بەڕێزانا هەیە ئەو پرسیاركردنە وەڵام بدەینەوە، ئەوا هەندێ ژمارەتان بۆ ئەخوێنمەوە، بەڵام ئەوە بزانن ئەوانە ژمارەی كۆتایی نیین، چونكە هێشتا هەندێ وەزارەت بودجەی موراجەعەكەی تەواو نەكردووە بینێری بۆ ئێمە، لە بەر ئەوە ژمارەكان بەراییین ئەوانە ساڵی پار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

جا ئەگەر حەز دەكەن بیخەینە سەر كاغەزێك وپاشان بۆ دانیشتنی ئاینده ئامادەی بكەن، چونكە ئێمە پێش ئێستا لە دانیشتنی رابردوودا دەنگمان لەسەرداوە، بەڵام بڕیارە وەزارەت راپۆرتێك ئامادە بكا بۆ بابەتی داهات و خەرجی پار ساڵی ١٩٩٣، كە چەند داهاتمان بووە، خەرجیمان چەند بووە؟ جا پێویست ناكات ئێستا كاكە دارۆ خۆی ماندوو بكات بۆ ئەوەی دانیشتنی ئاینده حازری كات ودابەشی بكات بەسەر ئەندامان دا. كاك دارۆ هیچ تێبینیت نەما؟

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

تەواو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس كاك دارۆ.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە لەلای هەمووتان شاراوەنییە کە ئیراداتی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەسپاو نییە، کاک دارۆ دەبوایە باسی ئەوەی بکردایە ئێستا ماوەی «٣» مانگ دەبێ هەموو گومرکەکانمان بە ئیبراهیم خەلیلەوە لەکزی دایە و لەوانەیە کە ئەگەر ئەو تەوفیرو پاشەکەوتەی کە پێشتر نەکرابان بۆ ئەو ڕۆژانە نەمان دەتوانی مووچە بدەین، وەکو پێویست یان لەو حاڵەتانەی کە دێنە پێشەوە حاڵەتی کتوپڕی، خاڵی دووەمیش قووەی شیرائی دیناری خۆتان ئەزانن ڕۆژ بە ڕۆژ لە دابەزیندایە، ئەوە سیاسەتێکی جیهانییە، مەسەلەکە مەسەلەی عێراق و ئەوە نییە کە دەیانەوێ دیناری عێراقی بشکێنن.

مەسەلەی سێیەم، منیش تەئیدی دوو پێشنیارەکەی کاکەڕەش دەکەم، ئەگەر پێمان بکرێ شتەک تەوفیر بکەین بۆ ئەوەی کە کەلوپەلی خواردەمەنی بۆ خەڵکی بکڕین یان هەندێک مەوادی ئەساسی. بەڵام ئێمە دەتوانین مووچەی لێ دەربچێ باقیەکەی هەموو بکوژێتەوە ئەگەر هات ولێرە مانگەک کەلوپەلی خواردەمەنی بدەیتە خەڵک ودوای نەیدەینێ هەرایەکی زۆر گەورەمان بۆ دروست دەکات، ئەوە شتێکی زۆر پیرۆزە خۆشمان بیرمان لێ کردیتەوە وقسەشمان لێ کردووە و لە بەرنامەی کابینەی دووەمی حکومەتی کوردستانیشدا هاتووە کە بایەخ بدەین بە چاکردنی گوزەرانی خەڵک. بەڵام لەو ماوەیەی ڕابوردوودا بیرمان کردەوە کەپرۆژەیەک ئامادە بکەین، لەئەنجوومەنی وەزیران قسەشمان لێ کردووە کەکەمیەکی زۆر ئارد بکڕین داوا بکەین لە پەرلەمان کە پەسەندی بکات، بڕەپارەیەک بێ. بەڵام کە ئەو گومرگانە هاتنە کزی ئێمە نەمان توانی ئەو هەنگاوە پیرۆزە بهاوێین ونەمان توانی پرۆژەکەش بدەین بە پەرلەمان تا پەسەندی بکات. مەسەلەی تری کە کاک جەمیل باسی کرد ئەنجوومەنی نەخشەکێشان، ئێمە زۆر شتمان هەیە کە باسی لێ کراوە ولە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیرانیش بوو کە لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیران دابێ، کە ئەنجوومەنی نەخشەکێشان دابمەزرێنن. نواتی ئەنجوومەنی نەخشەکێشان لەوەیە کە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، وەزیری پیشەسازی، وەزیری کشتوکاڵ وەزیری ئاوەدان کردنەوە، وەزیری دارایی، وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری ئەگەر لە بەر یارمەتیەکان زیاد بکرێت لەگەڵ چەند پسپۆرێک. ئێستا ئێمە ئەو بودجەی پلان کە دانراوە لە ئەنجوومەنی وەزیران ئەو بەڕێزانەی هەموو تێدا بووە وقسەشی لە سەر کراوە، هەروەها ئێمە چەند پسپۆرێکیشمان هەیە لە ئەنجوومەنی وەزیران شارەزانە لە هەموو بوارەکان دا و، ئێمە دەبێ تەقەشوف بکەین نەک بمانەوێ ژیان وگوزەرانی خۆمان لە میللەتەکەی خۆمان جیا بکەینەوە هەندەک حاڵاتیش هەیە کە زۆر پێویستە، پێشتر ئەگەر پێشمەرگەک بە (١٠٠) دینار (٢٥٠) دینار کەلوپەلی خۆراکت بۆ دەکڕی و لە سەنگەری پێشەوەت دادەنا ئێستاکە هیچ پێشمەرگەیەک نییە مانگانە بەبێ (٦٠٠) دینار بتوانێ بژی وهەندێ زیادەتیش بووە لەکاتی خۆیدا ولە شوێنی خۆیدا باسی دەکەین لەبابەتی وەزارەتەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیواداربن ئەنجوومەنی وەزیران بتوانن بەلانی کەمەوە ئەو وەزارەتەی کە پەیوەندیدارە، لەو بابانەدا کە پەیوەندی بەوانەوە هەیە لێرە ئامادە بن، چونکە لەوانەیە پێویست نەبێ کە لەهەموو دانیشتنەکاندا هەموو وەزیرەکان ئامادە بن، بۆ ئەوەی کار یش لەدەوام نەکات چۆن حەز دەکەن ئێمە ئاوا دادەنیشین بۆ گفتوگۆکردنی و تەواوکردنی گفتوگۆی بودجەکە. بەڵام تەنها بۆ جەنابی وەزیری دارایی وئابووری یەک دوو تێبینی هەبوو کە دووپاتی دەکەمەوە بۆ ئەوەی سبەی ئەگەر بۆمان تەواو کات شتێکی خراپ نییە، یەک لەوانە ئەو پێشنیارەی کرا وەکو وتم وخەرجییەکانی هەر وەزارەتێک بۆساڵی ١٩٩٣کە دەبێ بزانرێ هەروەها پێشنیارێکی تریش کراو برادەران ویستیان بزانن ئیراداتی ساڵی ١٩٩٤، مەبەستمان لە تەخمینەکەیە لە کوێوە پڕ ئەکرێتەوە؟ جا ئەگەر ئەمانە وەکو راپۆرتێک ئامادە بکرێن و بیدەن بە ئەندامانی پەرلەمان. ئەگەر تێبینیەک بوو بۆ قۆناغەکانی دوایی موناقەشە بکرێت خراپ نییە، لێرەدا ئەگەر رازین با رابوەستین و، سوپاستان دەکەین بۆ ئەمڕۆ، ئەگەر بتوانین بەشەو دانیشین ئەتوانین لەدانیشتنەکە بەردەوام بین، بەڵام با جارێ دانیشین ئەگەر زانیمان پێویست بوو ئەوجا قسەی لەسەر دەکەین.

بەم شێوەیەش دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ هات، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا | نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا | جوهر نامق سالم |
| سکرتێری ئەنجوومەن | جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن | سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)

## دووشەمە ڕێکەوتی ٤/٤/١٩٩٤

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٨)

## دووشەممە ڕێکەوتی ٤/٤/١٩٩٤

*کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٤/٤/١٩٩٤ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژماره (٨)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.*
*سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

*بەرنامەی کار:*

*١ــ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردنی بودجەی ساڵی (١٩٩٤)ی هەرمی کوردستانی عێراق، بەپێی حوکمی برگە (٥) لە مادە (٥٦)ی یاسای ژماره (١)ی ساڵی ١٩٩٢.*
*٢ــ تازە بابەت.*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات. هەمان بەرنامەی دانیشتنی پێشوومان هەیە، کە بودجەی ساڵی ١٩٩٤ـە. ئەگەر لیژنەی ئابووری کەرەم بکەنە ئێرەو وەزیری داراییش خۆی ئامادە بکات. دوێنێ یەک دوو پێشنیار کرا کە ئەمڕۆ وەزارەتی ئابووری چەند ژمارەیەکمان بۆ ئامادە بکات لە بارەی واردات وتەخمیناتی١٩٩٣وصەرفیاتی وەزارەتەکانەوە، دیارە تۆزێ وەختیش دەکێشێ. لەلایەن وەزارەتەوە هەتاکو ئێستاکە بەشێوەیەکی کۆتایی شتێکی وامان بۆ نەهاتووە هیوادارین لە دانیشتنی گفتوگۆ لەسەرکردنی دا بتوانن شتێکی کۆتاییمان بۆ ئامادە بکەن.
وەکو دابونەریتێک بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بودجە فەسڵ فەسڵ دەیخوێنینەوە ودەنگیان لەسەر دەدەین لەدوای تەواو بوونی هەر فەسڵێک، ئەگەر لیژنەی ئابووریش چ تێبینییەکی هەبێ لەسەر هەر فەسڵە ئەیخوێنێتەوە. واتا فەسڵ فەسڵ دەنگی لەسەر دەدرێ. تەنها ئەو فەسڵانەی کە تێبینییان لەسەر هەیە ئەخوێنرێنەوە وئەوەی کە تێبینی لەسەر نەبێ ئەوا دەنگی لەسەر دەدرێ ودەڕۆین. فەسڵی یەکەم تێبینی لەسەر نییە، ئەگەر وابێ ئەوە ئەیخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێ، چونکە هیچ تێبینی لەسەر نییە لەلایەن لیژنەی ئابوورییەوە ئەگەر برادەران تێبینییەکیان هەیە با دەری بڕن. وا دیارە کەس تێبینی لەسەر فەسڵی یەکەم نییە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەدرەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم ئەگەر مەبەست لەفەسڵ لەسەر یەک ئەمە فەسڵی دووەمەو، من تێبینیم لەسەر فەسڵی دووەم هەیە، سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بچینە ناو ژمارەکانەوە، ئێمە پرسیارێکمان هەیە ولە لیژنەی دارایی وئابووری دەکەین. ئێمە کۆمەڵێک پێشنیارمان پێشکەش کردووە، ئەو ژمارانەی کە دەستی لێ دەین نزیکەی«٣٠٠» ژمارە دەبن و، بێگومان بە هەزاران ژمارەش هەنە دەستیان لێ نادرێ. من داوام لە برادەران ئەوە بوو، کە باش لە ئەنجامی لێکدان و دابەش کردنی ژمارەکان وردبنەوە. لە پاشان ئەگەر گۆڕانکارییەکیان کرد هۆیەکەی دەربڕن، سوپاس.

**بەڕێز نەوزاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە پرسیارەکەی کە هاتووە باسی گۆڕانکارییەکان دەکات یان باسی ئەو خاڵانە دەکات کە پێویستە بگۆڕین، ئەو وەختە دەتوانین بیکەین. لیژنەی ئابووری کە تاوتووی ئەوانەی کردووە، ئەو ژمارانەی کە باسی نەکردووە جیاوازی لەسەر نییە و، بەپەسەندی زانیوە. پرسیارەکەی کاک جەوهەر ئەوەبوو، ئایا لەسەر فەسڵی یەکەم کە ئەوان بەپەسەندیان زانیوە هیچ تێبینییەک هەیە؟ کە هاتینە سەر فەسڵی دووەمیش ئەگەر هیچ گۆڕانکاریەک هەبوو، ئەو وەختە ئەو تێبینییانەی کاک سەید حەسەن وتی باس دەکرێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەید حەسەن جەنابت لە لیژنەیەکی زۆر جار پرۆژەی یاساکان دەدەین بە لیژنەی یاسا، لیژنەی یاساش بەپێی بۆچوونی خۆی وبەپێی ئەو زانیارانەی خۆی، تێبینییەکانی دەنووسێ ودەسکاری بڕگەیەکی تر دەکات یا بڕگەیەکی دەخاتە سەر وەکو پێشنیار، و بڕگەکانی تریش وەکو خۆیان دەمێننەوە، هەموو لیژنەیەک کە پرۆژەیەکی بۆ دەڕوات، تاوتووی دەکات، بەشێک تێبینی نییە، بەشێک تێبینی هەیە، وەکو لیژنەی تایبەت کە ئەم پەرلەمانە دەست نیشانی کردووە ودەنگی پێ داوە وبە دەنگدان لیژنەکە دروست بووە، بەپێی پێڕەو ئەو مافەی هەیە کە تێبینییەکانی خۆی بخاتە پێش ئەندامانی پەرلەمان، هەر ژمارەیەک کە ئەوان تێبینییان لەسەر هەیە ئەیخەینە پێش چاوتان و گفتوگۆی لەسەر بکەن، دیارە بەزۆربەی دەنگیش بڕیاری لەسەر دەدرێ.

**بەڕێز یەحـیـا مـحـەمـەد عـەبدولکەریم:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

لەسەر دەنگدانەکە من ویستم ئەوە بخەمە پێش چاوی بەڕێزتان، دەروازە وبەش وا هەنە، وەزارەتی وا هەیە ئێمە هیچ رەخنەو شتێکی وامان لەسەر نییە لەراستیدا وەک تێبینی بەشێوەیەکی گشتی نووسیومانە وەزارەتی فلان ئێمە تێبینیمان نییە، ئەگەر دەنگی لەسەر بدرێ فەسڵ بە فەسڵ مانای ئەوەیە ئێمە بچین بودجەکە بێنین ویەکە یەکە فەسڵەکانی بخوێنینەوە. لەراستیدا ئەگەر دەنگی لەسەر بدرێ فەسڵ فەسڵ ئەبێ بیخوێنینەوە، راتان هەیە یان نییە؟ ئنجا دەنگی لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بابزانین فەسڵی یەکەم چییە کە تێبینییان نییە لەسەری ئەوەمان پێ بڵێین، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

کاک جەمیل فەسڵ فەسڵ دەستی پێ بکە. فەسڵی یەکەم: فلان بابەتە، ئێمە چ تێبینییەکمان نییە، ئەگەر ئەندامان تێبینییەکیان هەیە با کەرەم کەن یا ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران، یا ئەگەر وەزیرێک تێبینی هەیە با کەرەم بکات، بڵێت و دەیخەینە دەنگدانەوە، تەنیا گفتوگۆی ئەو خاڵە دەکەین کە تێبینیتان لەسەر نووسیوە، ناوەکە وفەسڵەکەی چییە بیڵێین؟

**بەڕێز جـەمـیـل عـەبدی سندی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

فەسڵی یەکێ{نفقات الموظفین} مووچەی فەرمانبەران ودەرماڵەی فەرمانبەران وجۆرەکانی دەرماڵە کە حەزیش دەکەین جۆرەکانی هەمووی دەخوێنینەوە، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

ئینجا لیژنەی ئابووری تێبینی نییە وبرادەرانیش هیچیان نییە لەسەر فەسڵی یەکەم. کێ لەگەڵ ئەوەیە کە فەسڵی یەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز جـەمـیـل عـەبدی سندی:**

**هێـژا سـەرۆکی پـەرلـەمـان.**

(دیوان المجلس، الفصل الثاني ـ البرق والهاتف) برق وهاتف دوو بڕگەمان هەیە تغییر کرن {الاجور المقطوعة والنداءات} ئەنجوومەنی وەزیران داوای( ٢٠٠ ) هەزار دیناری کرد بوو، وەزارەتی دارایی کردبووی بە( ٢٢٠ ) هەزار ولیژنەی دارایی کردبووی بە( ٣٠ ) هەزار، کەوابوو، پار تاکو ٦/٣٠ تەنیا( ١٤ ) هەزار دینار خەرج بوو، زەربمان کرد بە دوو کردی (٢٨ ) هەزارو ئێمە کردمان

به (٣٠) هەزار دینار، چونکە ئەنجوومەنی وەزیران گوتبووی ئەو برە پارەیە وەکو چوار ملیۆن و(٦٨٦) دۆلار لە پرۆژەی ساڵانەی داهاتی بەددالەکانی مەرکەزی وئامێری گەیاندنە کە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن داوای کرد بوو، داوای لێبوردنی کردبوو، وت بووی ئێمە ناتوانین دابینی بکەین، بەتایبەتی چونکە ئەو پارەیە گەلەک زۆرە. بەڵام لە ٢/١٩ دا نووسراوێکی دیکەی بەدوا داهاتووە وتێیدا دەڵێ ئەو راپۆرتە تەواو کراوە وپێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی کراوە، هەروەها لە ١٩٩٤/٢/١٩ دا دەڵێ: (١٠٠ )ملیۆن دینار لە بودجەی پرۆژەی ساڵانە بۆ وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن تەرخان کراوە بۆ کرین ودانانی بەددالەی ئامێرەکانی گەیاندنی مەرکەزی وئەوانەی تر، لە بەر ئەوە لەگەڵ دانیشتنی ئێمەش لەگەڵ بەرێز وەزیری دارایی وئابووری دا پێشنیار کرا(١٠٠) هەزار دیناریش بۆ گەیاندنی دەرەوە دادەنرێ لەبەر ئەوە لە جێگای(٣٠ )هەزار دەکاتن (١٣٠) هەزار بۆ ئەم برگەیە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ برگەی یەکەم، ئەوە لیژنەی ئابووری رای خۆی دا. بابێینە سەر تێبینییەکان.

**بەرێز جەمیل عەبدی سندی:**

**هێژا سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەنجوومەنی وەزیران داوای(٢٠٠) هەزاری کردبوو لە وەزارەتی دارایی، بووە(٢٢٠) هەزار دینار لە لیژنەی دارایی(٣٠) هەزارمان دانابوو لەسەر ئەو بنچینە کە تاکو ٦/٣٠ (١٤) هەزار دینار خەرج ببوو، چونکە لە نووسراوی رەسمیش کە لە ئەنجوومەنی وەزیران هاتبوو کە مەبلەغەکەی وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن کە(٤ )ملیۆن و(٦٧٦) هەزار دۆلار وداوای کردووە بۆ ئیستیرادی بەدالاتی مەرکەزی وئامێری گەیاندن دایان نەنابوو، چونکە پارەیان نەبوو، لەبەر ئەوە، ئەو مەبلەغەیان دانا پاش ئەو راپۆرتە لە ٢/١٩ ئیلحاقی هاتووە ودەفەرموێ سەد ملیۆن دینار لە بودجەی پلانی ساڵانەی وەزارەتی گواستنە وگەیاندن دانراوە، لەبەر ئەوە لەگەڵ دانیشتنی ئێمە لەگەڵ وەزیری دارایی وئابووری دا پێشنیار کرا(١٠٠) هەزاریش دابنرێ بۆ گەیاندنی دەرەوە بۆ کرێی براوە(اجور مقطوعة) لە جێگای ئەو(٣٠ )هەزارە دەبێتە(١٣٠)هەزار بۆ کرێی دانان وگواستنەوەی تەلەفۆنەکان (١٥) هەزار، (١٥) هەزار دینار لە لیژنەی دارایی، بووە(٥) هەزار، چونکە پاریش (٥) هەزار دینار بووە بۆ (٥) تەلەفۆنی نوێ ودانانیان، لەبەر ئەوە لیژنەی دارایی پێنج هەزاری داناوە، بەڵام کرێی بەددالەکانی دەستی لێ نەداوە کە(١٠) هەزار دینار کرێی برووسکە کە دەستی لێ نەدراوە و(٥٠) هەزارە یانی ئەوەش دەستی لێ نەدراوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئینجا ئەگەر مۆڵەت بدەن ئەم برگانەی کە خوێندرانەوە، پرگەی (اجور مقطوعة ونداءات)

ژمارەیەکی بۆ دانراوە، ئەگەر چ پێشنیار هەیە لەسەر ئەم ژمارەیە، ئەگەر نیشە ئەوە هیچ. بەلام ژمارە بە ژمارە دێینە خوارەوە بۆ ئەوەی تەواوی بکەین.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا لە فەسڵی دووەم باسی ئەوە دەکات برووسکە وتەلەفۆن لە دیوانی سەرۆکایەتی وەزیران( ۲۵۰ ) هەزار پێشنیار کراوە، لەگەڵ وەزارەتی دارایی هەر( ۲۵۰ ) هەزارە، لێرەدا کراوە بە( ۵۰ ) هەزار دینار، یانی ئەوە بازدرا بەسەری، نازانم کاک جەمیل ئەوەی بۆ باس نەکردو، دەمەوێ لێرەدا روونی بکەمەوە، راستە ئەگەر تەلەفۆناتی خۆمان تەلەفۆناتی ناوەوە بێت لەوانەیە باش بزانین پار چەند خەرج کراوە، ئەم ساڵ شتێکی کەمی دەخەینە سەری، بەلام ئێستاکە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران تەلەفۆن وفاکسی دەرەوەی بۆ هاتووە، ئەو تەلەفۆن وفاکسە خۆتان دەزانن ئێستاش ئێوە بۆتان هاتووە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان، هەر دەقەکی( ۱۵ ) دۆلارە حەز دەکەم ئەوە بە رەچاوی وەربگرن لەدانای ئەو پارەیەی کە بۆ کرێی برووسکە و تەلەفۆن هاتووە، ئەوە تێبینییەک بوو، باسی ئەوەش نەکرا کە ئەو( ۲۵۰ ) هەزارەی لەسەری رێک کەوتوون هاتۆتە سەر برگەیەکی تر یا خاڵێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ زانیاری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەوە فاکسە، ئەوە تەلەفۆن نییە، فاکسەکەش، ئیش ناکات، ئێستا ژمارەشیان نییە و لە بودجەشدا هیچمان بۆ دیاری نەکردووە، چونکە ئەو فاکسەی هاتووە ژمارەکەی دەرەوەی تا ئێستاکە نیمانە، ئەو رێکخراوەی ناردوویەتی بۆمان تا ئێستاکە ئەو حجزەی بۆ نەناردووین، نامەمان بۆ نادرون تا بزانین تحمل دەکەن، یارمەتیمان دەدەن لە ضمنی ئەو فاکسانەی کە دەنێردرێنە دەرەوە، وابزانم ( ۱۵ ) دۆلاریش نیە وبەئێمەیان وت: لە سنووری (۳-۷) دۆلارە، لەگەڵ ئەوەش دا بەجەخت ئەگەر ئامێری تازە بێت دەبێ حیسابێکی بۆ بکرێ.

**بەڕێزعەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وا دیارە ئێمە ناتوانین جارێ بیخەینە ئیش.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من روون کردنەوەیەکم هەیە لەسەر مەسەلەی تەلەفۆن، ئەم مەبلەغەی کە لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دانراوە ولە هەندێ وەزارەتی تریش مەبلەغی گەورەیان بۆ داناوە، لەوەوە هاتووە کە ئێمە پرۆژەیەکمان هەیە بۆ بەستنەوەی هێڵی تەلەفۆنەکانی کوردستان لە رێگەی مانگی دەسکردەوە بە دنیای دەرەوە ولەو بوارەدا ئێمە بەشێکی ئیلتزاماتی خۆمانمان جێبەجێ کردووە، بەشێکی پارەکەمان داوە، هیوامان وایە لە مانگی داهاتوودا یا لە کۆتایی مانگی پێنج دا ئەو

کاره ئەنجام بدرێ، کاتێک کە ئەو کارە ئەنجام درا نەک تەنیا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەڵکو هەموو وەزارەتەکان و، پەرلەمانی بەڕێزیش پێویستی بەوە هەیە بودجەیەکی هەبێ بۆ ئەوەی کە تەلەفۆنی لێرە بکرێ پارەکە بدرێت، ئەگەر جەنابی وەزیری گواستنەوە وگەیاندن رازی ئەبێت بەخۆڕایی بۆ حکومەت وبۆ پەرلەمانی بکات، ئەو وەختە بودجە پێویستی بەوە نییە هیچ ژمارەیەکی تێدا بنووسرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/ وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە کرێی گواستنەوەی تەلەفۆن تێبینییەکم هەیە بۆ هەموو وەزارەتەکان، لەوانەیە پەرلەمانیش بگرێتەوە ئەگەر چاوی پێدا بخشێنرێتەوە ئێستا ئێمە هێڵی هەولێرو سلێمانی فراوان دەکەین، هەموو وەزارەتێک داوای کردووە، قەناتێکی بۆ تەرخان بکرێت سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دوو قەناتمان بۆ تەرخان کردووە، بۆ پەرلەمانیش تەرخان دەکرێ، بۆ وەزارەتی پێشمەرگەو ناوخۆ کە ئەوانە زەروورین بەپێی ئەو تەعریفەی کە ئێمە دامانناوە هەر کیلۆ مەترێک( ٤٠٠ ) دینارە کە قەنات تەرخان دەکرێ ئێرە وسلێمانی کە( ٢٠٠ )کیلۆ مەتر دوورە یانی هەر قەناتی( ٨٠ )هەزار دەکات، تەبیعی ئەوە ئێمە ناتوانین بەلاش بیان دەینێ، دەبێ ئەوە تەرخان بکرێ لە ناو بودجەکە دابنرێ، نوسخەیەکی لەو تەعریفەی کرێی قەناتانە ناردوومانە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، هەروەها نوسخەیەکیشمان ناردووە بۆ پەرلەمانی بەڕێز لەوانەیە تا ئێستا بەدەست جەماعەت نەگەیشت بێ یاخودتێبینییان نەکردبێ، دوا بەدوای ئەوەش نێوان هەولێرو دهۆکیش لە هەمان شت، ئێمە ئێستا خەریکین بەیەک گەیاندنەکە دروست دەکەینەوە، قەنات تەرخان دەکرێ چونکە پێداویستی حکومەت ئەوەیە دەبێ ئەو قەناتە هەبێ، ئەگەر دوو قەنات بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران تەرخان بکرێ هەر لێرە لە کرێی دانانەکە دەبێ( ١٦٠ ) هەزار دینار دابنرێ، بێجگە لە وەزارەتەکانی تر دەبێ چاوی پێدا بخشێنرێتەوە، ئەوسەبارەت بە تەلەفۆناتی ناوەوە. بۆ تەلەفۆنی دەرەوەش بەڕێز وەزیری دارایی فەرمووی کە ئەو پرۆژەیەمان بەدەستەوەیە، بەڵام ئەوەی ئێمە بەراستی( ١٥ ) دۆلار تەکلیف ناکات، راستی دەقیقەی( ٢ )دۆلار تەکلیف دەکات و، دەتوانین لەسەر ئەو نرخاندنەیان بۆ دابنێین، چونکە ئەوە پرۆژەیەکی حکومیە وتایبەتی نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی بۆ برووسکە وتەلەفۆن وئەوانە دانراوە، حسابی ئەوە کراوە تەلەفۆناتی ناو ئێرە چەندی تێ بچێ هەروەها ئەگەر هێڵمان زیاد کرد بۆ سلێمانی ودهۆک هی ناوەوە، ئەوە ئەم تەکالیفە پڕ دەکاتەوە، لێرەدا ئەو پێشنیارەی کە کردوویانە وەکو سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، باسی هی دەرەوەی تێدا نەکراوە، ئێستا تازە هاتووە ئەمە شتێکی زیادەیە، ئێمە بیکەین لەسەر پارە

ئەساسییەکە، ئەبێ پارەیەکی زێدە دابنێین، حەزم ئەکرد روونی بکەمەوە ئەوەی کە کاک د. ئیدریس باسی کرد ئەوەی پەیوەندی بە قەناتەکانی تازەوە هەیە کە لە ناوەوە ئەکرێتەوە، ئەوە راستە ئەو پارەیەی کە تەرخان کراوە بۆی ئەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی دەرەوەش دوو پرۆژەمان بەدەستەوە بوو، یەکیان هی وەزارەتی گەیاندن خۆیەتی کە ئەوە ئەگەر بێتو سەرکەوتوو بێت ئەو پرۆژەیە نرخەکەشی کەمترە و دوو دۆلار تا سێ دۆلار دەکات لە دەقەیەک دا بۆ پارەی یەک جار قسە کردن. ئەو ئامێرەی کە بۆ ئێمە هاتووە هی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، ئامێرێکە کە(١٥) دۆلارە لە دەقەیەک دا، ئێستا ئێمە کە بەشێوەیەکی کاتی ئەگەر ئیش بکەین، وبەو ئامێرە ئیش دەکەین. لەبەر ئەوەی تەکالیفی ئەوەمان نەیەتە سەر، هەر قسەکردنێک لەسنووری هەزار دیناری تێ دەچێ، کورتترین قسەکردن ئەگەر بکرێ(١٠٠٠) دیناری تێ دەچێ، لەبەر ئەوە بەرای من ئەو ژمارانەی لێرە دانراون ئەمە شتێکە داخلیە بمێنێتەوە پێویستە و هەر دەبێ خەرجی بکەین وئەوە راگەیەنی ئەگەر ئێمە ئەوەندەمان خەرج نەکردبێ پار، ئەم ساڵ دەبێ لێمان کەم بکەنەوە، ئەمە ئەوە راناگەیەنێ، ئەوە دیاری کراوە، باش حساب کراوە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پارەیە بابەتی بەدالەی ئۆتۆماتیکی دهۆک کە دوو سێ جارە لێرەدا باس کراوە، تا ئێستا هەر لەکارکەوتووە ونزیکەی(١٠) هەزار هێڵە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکایە با گفتوگۆکە لە سنووری خۆی دەرنەچێ، لێرەدا تەنیا باسی ئەنجوومەنی وەزیرانە لە کرێی تەلەفۆنیان وگفتوگۆکردن با لە دەرەوەی ئەوە نەبێت. تەنها لەو برگەیە کە لە پێش چاوتانە، هەر ئەو(٥٠) هەزارەیە، پاشان کرێی براوە هی داهات هەیە کە(٣٠) هەزارە، ئەوەیە گفتوگۆکردن بۆ ئەم بابەتە ئەگەر چی تێبینی هەیە با ناوەکان بنووسین. تکایە با تەرکیز لەسەر ئەو بابەتە بکرێ کە لە بەر دەستە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە منەوە دوو تێبینیم هەیە لەسەر فەسڵی دووەم یەکێکیان ئەو ژمارەیەی کە ئەنجوومەنی وەزیران پێشکەشی کردووە(٢٥٠)هەزارە، هی دارایی پێشنیاری کردووە(٢٥٠) هەزار، بەرای من بمێنێتەوە، چونکە کرێی تەلەفۆن لە گشت شوێنێک دا گران بووە، ئەگەر هاتو اتصالاتی دەرەوەش بێ مەبلەغەکەش زۆر نییە. بەنسبەت من تێبینی دووەمم لەسەر(١٧)مەسەلەی پاداشتی (لغیر منتسبي الدائرة). بەڵام ئەمە برگەیە ببوورن، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەگر حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر حەزم کرد ئەم روون کردنەوەیە بە لیژنەی ئابووری بدەم ئەگەر ئەوانە(٥٠) هەزارەکە بۆ هێڵەکانی دەرەوە دانرابن، ئەو(٥٠) هەزار دینارەمان بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەدات کە هەموو مانگێ سێ دەقیقە قسە بکەن یا سێ دەقیقە ونیو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نووسراوە(البرق والهاتف) بۆ دەرەوە نییە، ئەنجوومەنی وەزیران هی دەرەوەیان روون کردەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی من هەر لە ئەسڵی برگەکە تێ ناگەم، چونکە(البرق والهاتف) چارەکە ملیۆنێک، دوای چارەکە ملیۆنێک پەسەند کراوە، دوایی کراوە بە(الاجور المقطوعة والنداءات)یانی خۆی(البرق والهاتف) هەموو شتێ دەگرێتەوە، نداءات وشتی زۆر گشتییە ئەگەر خورد کرا بێتەوە، مانای وایە ئەو(٢٥٠) هەزارە پێویست نییە باس بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**هێژا سەرۆکی پەرلەمان.**

برووسکە وتەلەفۆن (٢٥٠) هەزار بووە،(٥٠) هەزار بۆ برووسکە وتەلەفۆن، لێرە مادەیە لەبەر ئەوە ئەم خوێندەوە، چونکە ئەو سەرجەمە لامان چی گۆڕاوە(الاجور المقطوعة)، (نداءات، اجور نصب ونقل الهاتف) ئەوانەی تریش کە ماون دەستمان لێ نەداون، کرێی بەددالەکانە، کرێی برووسکەکانە، کرێی تلکسە، من گوتم لە جێگای(٣٠) هەزار دەبێتە(١٣٠) هەزار دینار، مانای ئەوەیە ئەو(٥٠ )هەزارە دەبێتە(١٥٠) هەزار، ئەوە سەرجەمی پارەی مادەکەیە هەر وەکو بەڕێز سەرۆکی وەزیران ئەو پرسیارەی کرد: بۆ کاک جەمیل نەیخوێندەوە، من نەم خوێندەوە، چونکە ئەوە سەرجەمەکەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەس بۆ تێبینیەکەی کاکەڕەش ئەوەی کە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، ئێستاکە یەک و دووە، واتە ئەو دوو برگەیە تێبینییان لەسەری هەیە،(اجور مقطوعة ونداءات واجور نصب ونقل الهواتف).

**بەڕێز شالاو عەلی عەبدوللا**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم سەد هەزار دینار دانراوە بۆ ندائاتی دەرەوە، بۆ ئاگاداریتان خراوەتە سەر ئەو ژمارەیە، لێرە دوای ئەوە من حەز دەکەم یەک شت روون بکەمەوە، بەڕاستی لەم دانیشتنەمان دا بڕیار وابوو بڕۆین دابنیشین و، گەیشتینە ئەنجامێک لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی و، من حەز دەکەم ئەوە باش بزانن هەندێ لەو ژمارانە و هەندێکی زۆریش رای لیژنەی دارایی نییە بۆ ئاگاداریتان، چونکە

لیـژنەی دارایی رای خـۆی هەیە، لە کـاتێـکدا کـە کـۆبوونەوەکـان کـران هیـچ گـۆڕانکـارییـەک لەو بابەتانەدا نەکرا، تەنیـا لە ئیـنکـاری زیاتر، بۆ ئاگـاداریتـان ئەوەی کە دەڵێـن رای لیـژنەی داراییـە، رای لیژنەی دارایی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەرج نییـە هیـچ لیـژنەیەک لەسەدا سەد رێککەوتبێ کـاک شـالاو، ئەوانیش تێبـینی خـۆیان هەیە، گـرنگ ئەوەیە ئەوەی دەخـرێتـە بەر گـفـتـوگـۆ، جـا ئەوە لیـژنەی دارایی ئەیخـوێنێـتـەوە، لیـژنەکـە دانیشتوون ئەگەر ئەندامانی لیژنەی دارایی رێک بن دەتوانن تێبینی خۆیان دەربڕن.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر وەکو لەسەرەتادا من روونم کـردەوە کە ئەو پارەیەی کـە دامانناوە، تەنیـا بۆ گەیاندنی ناوەوە بوو، چونکە نووسراوی وەزارەتی دارایی وئەنجوومەنی وەزیران لەخاڵی یەکەم دا فەرمووی (وزارة النـقل والمواصـلات اقـتـرح رصـد مـبلغ (٤) مـلايين و (٦٧٦) الف دينـار في الخطة السـنوية لأستـيراد بدالات مركـزية واجهـزة أتصالات، الا اننا لم نرصد المبلغ المذكـور لعدم امكانيـة تأمين المبلغ بالدولار ولا سـيـما انه مـبلغ كـبـير) لە بەر ئەوە بەس بۆ گـەیاندنی ناوەوەیان دانابوو، بەڵام پاش ئەوەی کـە لیـژنەکـە ئیـشی خـۆیان تەواو کـردووە وپێـشکـەشی دەسـتـەی سـەرۆکـایـەتی بەڕێزی کـردووە لە رۆژی ١٩٩٤/٢/١٩ پاشکـۆی هـاتووە، ئەفـەرمـوون یەکـەم(١٢)ملیـۆن دینار (فـي مـيـزانيـة الخطة السنوية لوزارة النقل والمواصـلات تحت عـنوان شـراء ونصب بدالات واجـهـزة اتصـالات مركـزية وغيـرها) لە بەر ئەوە لەگەڵ وەزارەتی دارایی وئابووری لە جـێگای( ٣٠ )هەزار دەبێتە ( ١٣٠ ) هەزار یانی( ١٠٠ ) هەزار دیناری تر تەرخان کرا بۆ گەیاندنی دەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک جەمیل ببوورە ئەوە پێشنیارە لەم فەسڵە دەچەسپێندرێ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ کرێی براوە ونداءات( ١٣٠ )هەزار دینارە و سەرجەمی برووسکە و تەلەفۆن لە جێگای( ٥٠ ) هەزار دەبێتە( ١٥٠ ) هەزار، چونکە ئەوە کۆکراوەیە هەر لەسەر ئەو حیسابەش وەکو بەڕێز د. رۆژ فەرمووی( ١٠٠ ) مکالەمە ئەوەشمان حیساب کرد کە نزیکەی سەد، سەدو چوار مکالەمە دەبێ لە ساڵێکدا هەر مکالەمەیەک سنووری(٦) دەقیقە دەبێ، ئەوە حیسـابەمان کرد بە دۆلاریش لەسەر ئەو بنەرەتەی کـە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن پێشنیـارەکەی دوو دۆلارە بۆ هەر دەقیـقەیەک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئنجا ئێستا با بێینەوە سەر خاڵی سەرەکی، ئەوە پێشنیاری لیژنەی ئابوورییە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە بۆیە ئەڵێین ئەوە پێشینارە.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرۆکی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەر ئەوە ناکۆکی هەیە، لەسەر ئەوە بەڕێز وەزیری گواستنەوە گەیاندن باسی کرد کە بە دوو دۆلارە، هێشتا ئەو پرۆژەیە لەدایک نەبووە، وجوودیشی نییە، وەکو فکرەیەکەو قسەش کراوە لەگەڵ شەریکە کە بەدوو دۆلاربێ، بەلاّم ئێستاکە لەراستیدا ئێمە تەلەفۆنمان هەیە، فاکسمان هەیە بە (١٥)دۆلارە، حەقە لەسەر ئەو بنەڕەتە شتەکە حیساب بکرێ نەک لەسەر بنەڕەتی دوو دۆلارەکە. بۆیە داوا دەکەین ئەو(٢٥٠) هەزار دینارەش زیاد بکرێ، چونکە کاتی خۆی ئەو(٢٥٠) هەزارە تەنیا بۆ تەلەفۆنی ناوەوە بووە، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو(٢٥٠) هەزار دینارەی کە دانراوە بە حیسابی دانانی تەلەفۆن وکرێی ئێستای ناو هەرێمە، دوو کەناڵمان بۆ ئەکەنەوە، ئەو کەناڵە هەر وەزارەتی گەیاندن خۆی(١٦٠)هەزارمان لێ دەسێنی وەکو کاک د. ئیدریس روونی کرد ئەوە(١٦٠) هەزار ئەچێ بۆ وەزارەتی گەیاندن کە بۆمان دائەنێن، بێجگە لە کرێی ناو خۆمان کە زیاد ئەکرێ وەکو پار نامێنێ ئەوە لایەنێک یانی(٢٥٠) هەزارەکە هەمووی حیساب کراوە، هەمووی پێویستە. ئەمێنێتەوە سەر مکالەمەی دەرەوە من روونم کرد راستە پرۆژەیەک بەدەست وەزارەتی گەیاندنەوە هەیە کە دەقیقەی دوو دۆلاری تێ دەچێ، ئەگەر پرۆژەکە سەرکەوت بوو گەیشتە ئێرە، بەس ئەو پرۆژەیە جارێ لە ئەمەریکایە، هێشتا نەهاتووە لەوانەیە ساڵێکی دیکە بگات، لەوانەیە (٦) مانگی تر بکات، ئەوەی ئێستا هەمانە جیهازێکە پەیوەندیی پێوە ئەکەین ئەوئامێرە کرێی دەقیقەیەکی پازدە دۆلارە، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر ئەم(٢٥٠ )هەزارە حیسابێکی مکالەماتی دەرەوەمان بۆ بکەن، مکالەماتی دەرەوە بڵێین(١٠٠) مکالەمە یەکی سێ دەقیقەی بوێ، حیسابی سێ دەقیقەی بۆ بکەین ئەنجامەکەی دەردەچێ چەندە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە دوو پێشنیارە ئێستا پێشنیاری یەکەم ئەوەی کە لیژنەی ئابووری پێشنیاری کردووەو لەسەر بنەڕەتی ئەو نووسراوەیە کە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە، بۆیە یەکێک لەو برگانە وابزانم برگەی نیدائاتە کە خۆی(٣٠) هەزارەوە دەڵێین(١٠٠) هەزاری تری بخرێتە سەر، پێشنیارێکی تر لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، بۆ ئەم بابەتە هاتووەو دەڵێ، بابەتی نیدائاتی دەرەوە کە لێرەدا

نەهاتووە، لێرە هیچ نە نووسراوە ودیارییان کردووە هی ناوەوەیە، داوا دەکەن ئەویش زیاد بکرێ ئنجا ئەوە با لیژنەی ئابووری راییەکی لەسەر بدات.

**بەڕێز یەحیا محەمەدعەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە راستیدا بابەتی سەد هەزارەکە وەکو نیدای دەرەوە هات، ئەو پێشنیارەی سەد هەزارەش ئێمە لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی وەکو لیژنەی ئابووری گەیشتینە رێککەوتنێک لەسەر ئەو حیسابەش لەراستیدا دەقیقەی بە دوو دۆلارە یانی ئەو راییەی بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری و وەزیری گەیاندنە، ئێمە پێشنیاری سەد هەزارەکەمان کردووە لە جێی نیدائاتی دەرەوە بخرێتە سەر ئەو پەنجا هەزارە کە دەبێتە(١٥٠) هەزار دینار، ببوورن ناوەوە سەد هەزار لەسەر حیسابی شەش دەقیقە با بڵێین دوو دۆلارە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەدا دوو مەسەلە هەیە بە پێویستی دەزانم روونیان بکەمەوە، یەکەم: ئێمە کە لە دانیشتنی خۆماندا لەگەڵ لیژنەی ئابووری یەکەم برگەمان کە باس کرد، لە مەسەلەی بودجەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران راستە باسی ئەوەمان کرد نیدای دەرەوە، بە چەندە؟ بەڵام دوایی من خۆم داوای لێبوردنم کرد کە ئەم مەسەلە بهێڵرێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ گفتوگۆ لەسەرکردنی، بەڕێزان سەرۆک وجێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، چونکە خۆیان دەزانن ئایا ئەو ئیشانە چۆن بۆ ئەوان ئەڕوا بەڕێوە، یانی نەک تەنها مەسەلەی تەلەفۆن، بەڵکو زۆر شتی کەیشی تێدایە کە دەسکاری تێدا کراوە پەیوەندی بە خۆدی ئیش وکاری سەرۆکایەتییەوە هەیە، بەتایبەتی لەدیوان دا، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەز ئەکەم جارێکی تر دوو بارەی بکەمەوە، چونکە وا ی بۆدەچم برادەرانی لیژنە لە قسەکانی ئێمە تێ ناگەن، وابزانم بەروونی راڤەی دەکەم وئەو(٢٥٠) هەزارەی کە نووسراوە مەسروفاتی بەراستی پێویستمان پێیەتی، ئێمە حیسابمان کردووە وئەمانەوێ هێڵ دابنێین، پەیوەستیمان هەبێ لە نێوان ئێرە وسلێمانی ولە نێوان ئێرە ودهۆک بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران خۆی بۆ دیوان خۆی تەکالیفی ئەو هێڵە بەتەنیا(١٦٠) هەزار دینارە، ئەوە شتێکی براوەیە وبەس بۆ سلێمانی، وبراوەتەوە هی ناوەوەش براوەتەوە کە ئێمە (٢٥٠) هەزارمان بۆساڵی داهاتوو پێویستە لەبەر ئەوە دەستکاری ئەو(٢٥٠) هەزار دینارە بەڕای من لە شوێنی خۆی دا نییە، چونکە ئەوە ئەگەر دەستکاری بکرێ ئێمە ئەو ئیشەی کە لە بەردەمماندایە بیکەین پێمان ناکرێ، ئەمە یەک ئەمە بابەتێکە ئەیخەینە ئەم لاوە، بابەتی تر مکالەماتی دەرەوە، مکالەماتی دەرەوە کاتێک کە

بودجەمـان داناوە لە ئارادا نەبووە، بەس بودجەکە تەواو بووە گـفـتـوگـۆکـردن هاتۆتە پێـشی، کـە ئامێرێکمان بۆ هاتووە تەکالیفی ئەو ئامێرە هەر دەقیـقەی (١٥) دۆلارە، ئێستا هەیە ئەگەر ئێستا (١٥) دۆلارمان دەدەنێ بۆ هەر دەقـەیەک تەلەفۆنی پێ بکەن ئەمـەیەکەمیـان و بابەتی تر برادەرانی لیـژنەی ئابووری گفـتـوگـۆیان لەسـەر کـردووە، ئەو بابەتە پرۆژەیەکـە هێشـتـا جێـبـەجێ نەکـراوە، پرۆژەیەکە وەزارەتی گـەیاندن بەدەسـتـیـەوەیەتی کە لە داهاتودا بەددالەمـان بۆ دێت، بەددالە لەگـەڵ مـانگی دەسکرد پەیوەندیی دەکـات ئەمـە بە نرخێکی کـەم کراوەیە ئەوە پێـویستی بە رەزامـەندیی لیـژنەی سزاکانەوە هەیە، پێویستی بە رەزامەندیی نەتەوە یەکگرتووەکانە، پێویستی بەوە هەیە لە ئەمەریکاوە بێتە ئێرە دابمەزرێ کاتێکی زۆری دەوێ، لەبەر ئەوە حساباتمان ئێسـتا لەسەر حیسابی ئەم دوو دۆلارە ناتوانین بکەین شتێکە لە ئارادا هەیە، لەخەیاڵـماندا هەیە، راسـتـە بەس لەوانەیە شەش مـانگی تر وابێ یا ساڵێکی تر وابێ، لەبەر ئەوە پێشنیـارەکەی ئێمە بەو شێوەیە، ئێمە ئەو پرۆژەیەی بەدەستمانەوەیە لێرە بیکەیـن بەو(٢٥٠) هەزار دینارە پرۆژەی ئێرەمان، ئەو ئیشـەی بە دەستمانەوەیە لێرە بیکەین تغطیەی ئەبێ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـوومـەن:**

لەڕاسـتـیدا لیـژنەی ئابووری بەرپرس نییـە، ئێـسـتـاکـە لەوێ دانیـشێ کـۆی بکاتەوە تاکـو بزانێ نیدائاتی ئێوە چەندە؟ چەند نییە؟ چونکە ئامێرێکی تازەمـان بۆ هاتووە هەقە ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیـازی بکردایە لە پەرلەمـان پێش گـفـتـوگـۆکـردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوەی چۆن بـۆ سـەدەکـەی وەزارەتی گەیاندن پێشنیاریان کردووە لە ٢/١٩ بوو، دیارە دیسان رەچاویان کردووە وتێبینییـان کـردووە، ئەبوایە ئێـوەش پێشنیارێکتـان هەبوایە، با ئێـمـە تەنیـا گفـتـوگـۆی ئەو شتـانە بـکەین کە ئێـسـتـا لە کـایەدایە، ئەویش ئەوەیە کـە دوو پێـشنیـارمـان هەیە ئەوەی کە ئەنجـوومـەنی وەزیران کردوویەتی، وەزارەتی دارایی پێشنیاری کردووە ودەڵێ لیژنەی ئابووری هەمان پێشنیـاری کردووە لەگـەڵ ئەو سـەدەی کە وەزارەتی گـەیاندن نـاردوویەتی و، ئەنجـوومـەنی وەزیران ناردوویەتی، ئەوە وابزانم لیژنەی ئابووری خستوویانەتە سەری، واتا هیچ گرفت لەسەر ئەوە نییە.

**بەڕێز نەژاد ئـەحمـەد عـەزیـز ئاغـا/ جـێگری سـەرۆک:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـوومـەن.**

ئێـمـە ئێسـتـا نزیکەی سـەعـاتێکە لەسـەر یەک ژمـارە گـفـتـوگۆ دەکـەین، ئەویش کـرێی تەلەفـۆنی ئەنجـوومەنی وەزیرانە کە وتووێژی لەسـەر دەکـەین، جا من پێم وایە ژمارەکـان نازانم رەنگە(٣٠٠) ژمـارە بێت (٢٠٠) بێت ئەبێ(٢٠٠) سـەعـات تەرخان بکـەین بەم شێوەیە، جا پێشنیـارێک هەیە لە هەردوو فـراکسیـۆنەکەوە بۆ رێگـەی باس کـردن من لەگـەڵ برام کـاک جوهر قسـەم کرد کـەوای بە باش زانـی ئەم کـۆبوونەوەیە جـارێ پێـشنیــار وایە دوای بخـەین، کـۆبوونەوەیەک بکرێ لەگـەڵ سەرۆکی هەردوو فراکسیۆن وسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران وسەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆ ئەوەی رێک بکەوین لەسەر ئەمەی ئەو شتە چۆن باس بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس، لەراستی دا رای هەر دوو فراکسیۆن هاتووە، دەڵێن گفتوگۆ نەکرێ، بودجەی حکومەت بەیەک جار دەنگی لەسەر بدرێ، ئەویش من بەش بە حاڵی خۆم رای خۆم دەربڕیوەو ئەوە ناکرێ، چونکە ئێمە پێڕەوێکمان هەیە، دەڵێ دەبێ یاسا برگە بەبرگە گفتوگۆ بکرێ ودەنگی لەسەر بدرێ، بودجەش فەسڵ بە فەسڵ گفتوگۆ دەکرێ ودەنگی لەسەر دەدرێ ئینجا دوا دەکەوین ئەوە عایدی ئەندامانی پەرلەمانە، ئەوانەی دەڵێن با گفتوگۆ نەکەین ئەوانە دەیانەوێ شت دەرباز بێت، بەڵام لەراستی دا پێویست ناکات ئێمە پێڕەوێکمان هەیە بێین خۆمانی لێی لادەین، لەبەر ئەوەی گفتوگۆی دوور ودرێژە ئەوە سێ مانگە ئێمە گفتوگۆمان دواخستووە، ئێستاش با چەند رۆژێکی تر دوای بخەین، بۆ ئەوەی برگە بە برگە یان فەسڵ بە فەسڵ موناقەشەی بکەین و بڕیاریان لەسەر بدەین. پێڕەوی ئێمە بەو شێوەیەیەو دەبێ کاری پێ بکەین.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئێنجوومەن.**

ببورە کاک جوهر ئێمە ئێستا لەراستی دا ئەگەر بڵێین بەپێی پێڕەو دەڕۆین، بەپێی یاسا دەڕۆین ئێمە خۆمان لایەنێکمان کردووە لە پێڕەو ولە یاسا، چونکی پێشنیاری بودجە کە لە وەزارەتی دارایی وئابووری ولە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە بۆ ئێمە، ئێمە پێویستە هەموو بودجەکە ئەگەر بەوەبێ فەسڵ بە فەسڵ بیکەین نەک ئەو فەسلانەی کە خیلافی لەسەر هەیە لەگەڵ لیژنەی دارایی، هاتین لەوەی لامان دا لەبەر کات وتمان ئەوە ناکرێ ئێمە ئێستا بێین هەموو ئەو کتێبە زلە بخوێنینەوە، ئینجا فەسڵ بە فەسڵ، چونکە ئەبێ پێش ئەوە وەکو وەزیری دارایی وتی دەبێ پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیران کە بودجەکەیە، ئەوە پێشنیاری یەکەمە، بخرێتە دەنگدانەوە، ئینجا ئەوە دەبێ فەسڵ بە فەسڵ بێ ئەگەر لە ئەوە بڕۆین ئەو ئیستثنایەی کە کردوومان تەنها ئەو خاڵی خیلافی لیژنەی دارایی یا وەزارەتی دارایی یا ئەنجوومەنی وەزیرانە، ئەوە خۆی لە بنچینەدا دا لایەنێکە جا من ناڵێم لابدەین، ناڵێم لەسەر پێڕەوی ناوخۆ نەڕۆین، ئەڵێم باشترین شت ئەوەیە مادام ئەو رایە لە هەردوو فراکسیۆن دا بۆ ئێمە هاتووە کۆبوونەوەکە بۆ ماوەی سەعاتێک دوا بخەین، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستیدا پێشنیارەکەی من بەو شێوەیە بوو، من ناڵێم گفتوگۆی لەسەر نەکرێ، دەڵێم گفتوگۆ بکرێ برگە برگە، بەس بابەتی دەنگدان بەیەکەوە بخرێتە بودجە بەو شێوەیە بۆ پێشنیارەکەی من، ئەوە یەکەم تێبینی بوو، تێبینی دووەم ئەبوایە ماوە بدرێت کە هەر ژمارەیەک دێتە خوارێ یان بەرز دەبێتەوە هەمیشە دەبێ ئەو لایەنەی کە بەرزی دەکاتەوە یان ئەیهێنێتە خوارەوە سویەریی خۆی هەبێت، تەبیعی سەبارەت بە ئەوەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران باسی کرد وەزیری دارایی

لەگەڵ وەزیری گەیاندن کە نرخی دوو دۆلارە یان (١٥) دۆلارە، بەڕای من ئەبوایە برای بەڕێزمان شێخ دارۆ وەکو وەزیری دارایی (خازن بیت المال) ئەو لەگەڵ لیژنەی ئابووری ئەو هەماهەنگەی بکردبایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕێزم هەیە بۆ ڕاتان، هیچ لادانێک نییە لە پێڕەوی ئێمەدا، چونکە وەک وتمان فەسڵ فەسڵ ئەخوێنرێتەوەو کە لیژنەی ئابووری تێبینی نەبوو ئەندامان تێبینییان نەبوو، ئەوسا دەیخەینە دەنگدانەوەو بڕیاری لەسەر دەدەین. ئێمە چ یاسایەک بەیەک جار دەنگمان لەسەر داوە؟!. هەموو بڕگە بڕگە لەسەری ڕۆیشتووین، لە جیاتی بڕگە بڕگە ئێمە لێرەدا فەسڵ بە فەسڵ لەسەری دەڕۆین، ئەوە دابو دەستوورێکە لەسەری ڕۆیشتووین، بۆیە نازانم بۆ چ بۆ بودجە لەو پێڕەوە دەربچین؟!.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لایەنگیری ئەو پێشنیارە دەکەم وبەڕای من کە بۆ جاری سێ یەمە جەختی لەسەر دەکەم ئەم گفتوگۆیە بەم وردەکارییە جێگەی ئێمە نییە، بەڕاستی نە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران نە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاگاداری ئەو تەفەسیلە نین، پێویستە بەڕێوەبەری گشتی لە ئەنجوومەنی وەزیران باسی کردبێ، چوو بێتە ئەو تەفاسیلەوە لەگەڵ وەزارتی دارایی، ئەمانە هەمووی گفتوگۆیان لەسەر کراون، جاری دووەم هاتۆتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆ کراوە، بەڕای من کاتەکەمان بە فیڕۆ دەچێ لە نێوان ئەم تەفاسیلەوە بێین لەسەر بنەڕەتی دەروازەو فەسڵ دەنگی لەسەر بدەین ودوای ئەوە بزانین دەسنیشانی ئامانجەکانی حکومەت وئەو لەویەتەکانی بکەین وەکو دوێنێ باسم کرد، مووچە وئەمن وئاسایش ومەسەلەی ئابووری ومەسەلەی پەروەردەو فێرکردن ئەمانە ببن بە ئەولەوییات، لەسەر بنەڕەتی دەروازەو فەسڵ بێین دەنگی لەسەر بدەین وهەروەها بێینە سەر گفتوگۆی لایەکی داهاتەکە کە ئێمە ماڵ ویرانیمان لەوەدایەو، لەو دانیە کە چەند خەرج دەکەین وبەڵکو لەوەدایە وچۆن داهاتەکانمان دەست دەکەوێ، بزانین ئەو سەرچاوەی داهاتە چۆنە وچییە؟ با لە وێوە بە درێژی باسی بکەین وپێشنیارو بۆ چوون و پێشنیارمان هەبێ. لەگەڵ ڕێزو سوپاسم دا.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە بۆ ئەوەی ڕاست کردنەوەیەک دروست ببێ، بەڕێزتان چەند جارێکتان دووبارە کردۆتەوە کە ئێمە لەسەر ئەساسی فەسڵ فەسڵ بودجەکە ئەخەینە دەنگدانەوە ئایا من بە هەڵەدا چووم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ وا ڕێککەوتووین، فەسڵ بە فەسڵ بەسەری دا ئەچین ولە دوایی دا دەنگی لەسەر ئەدرێ.

**بەڕێز دارۆ شـــــــێخ نـووری/ وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئینجا پرسیارەکە ئەوەیە فەسڵ فەسڵ لەسەر ئاستی حکومەتە بودجەکەیان لەسەر ئاستی وەزارەت وەزارەت وفەرمانگە فەرمانگەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەوەی هاتووە بۆ ئێمە لەسەر ئەو بنچینەیەیەکە هەر وەزارەتێک فەسڵێکی تایبەتی خۆی هەیەو، لەسەر ئەو بنچینەیەش لیژنەی ئابووری تێبنینییەکانی خۆی نووسیوە، هەر ئاواش گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز دارۆ شـــــــێخ نـووری/ وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئینجا من بۆیە گوتم روونکردنەوە وراست کردنەوەم هەیە سەبارەت بە بودجە گشتی یەکەوە، هەشت فەسڵمان هەیە هەر فەسڵەی پارەی خۆی بۆ تەرخان کراوە هی ساڵی پێشوو چەند بووە، چەندە داوا کراوە، چەند بڕیاری لەسەر دراوە؟ بۆ نموونە: فەسڵی یەکەم کە ئێوە دەنگتان لەسەر دا من وام زانی فەسڵی مووچەکانە هی بودجەی هەرێم، کە ئەوە وا بکا زۆربەی کێشەکانی بودجە چارەسەر دەبێ، چونکە بەڕێزان پێویستە لەسەر ئەو ژمارەی کۆتاییەکە ئێمە بۆ مووچەکانمان تەرخان کردووە، گفتوگۆمان لەگەڵ بکەن وبزانن بۆ لەگەڵ پار زیادی کردووە یا بۆ کەمی کردووە، بەڵام بێینە سەر ناوەڕۆکی ئەوەوە فەرمانگە بە فەرمانگە بۆ مووچەی ئەوان کە ملیۆن ونیوەکە بۆچی ئێوە داوای دوو ملیۆنتان کردووە، ئێوە ملیۆنێک ونیوتان داناوە دەبێ(٩٠٠) هەزار دینار بێ، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر وردەکارییە کە پەیوەندیی بە خودی وەزارەتەکانەوە هەیە کە چەند فەرمانبەری هەیە چۆن لێکدان و دابەش کردنی کردووە لەگەڵ ئەوەی بۆ فەسڵەکانی تر بەپێی سیاسەتێکی گشتی دانراوە. مەسەلە دێتە سەر دەرماڵەکان ببوورن ئەگەر بێیتە سەر، بۆ نموونە: باسی ئەوە دەکەین (المستلزمات الخدمية) پارەیەکی دانراوە (٨٢) ملیۆن ئەوەندەیە ئەگەر ئەوە پەرلەمانی بەڕێز بە زۆری دەزانێت سەبارەت بە سەرجەمی گشتی ئەو نیسبەتەوە لە(٥٪) کەمی بکەنەوە(١٠٪) کەمی بکەنەوە، ئێمەش بەو پێیە هەر وەزارەتێک سەدی پێنجی وسەدی چواری وسەدی حەوت بەپێی بڕیاری ئێوە لێی کەم دەکەینەوە، بودجە بەو شێوەیەیە، ئەگینا مەسەلە لە هەندێ فەرمانگە دانراوە ئەڵێ بۆ ئاهەنگ گێران (١٠) هەزار دینار دانراوە، بڕیاری برایانی لیژنەی ئابووری کردوبوویانە بە(٥)هەزار ئەم جۆرە وردەکارییە لەناو فەرمانگە و وەزارەتی ئێمەدا من پێم وایە ئەوە بە لیژنەیەکی چاودێری زۆر گەورە دەکرێ وساڵێکی دەوێ، بزانی ئاهەنگ چەندی تێ دەچێ چەندی زیاترە، چەندی کەمترە یان بۆ نموونە: لە بابی کرینی ئەساس دا، بۆچی(٣٠) هەزار دینارە بۆ (١٥) هەزار نییە، بەڵام کە وتت من لە (نەفەقاتی تحويل )دا ئەوەندە ملیۆنەم بۆ دانراوە، بپرسێ وبڵێ: بۆچی ئەوەندە ملیۆنە دانراوە؟ بۆ ئەوەی بەپێی ئەوە کەم

دەكرێ یان زیاد دەكرێ، ئەو پێشنیاری منە كە فەسڵ فەسڵ لە ئاستەی بودجەكە بفەرموون بیخەنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــــمـــــیل عـــــبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی پەرلەمــــــان.**

بەڕاستی پێشنیاری بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری هەرگیز لە جێی خۆدا نینە، چونكە پێشنیاری فەسڵەكی گشتی مانا لە سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دا، مە ئەو فەسڵە گوڕین، بەلێ وەزارەتا دارایی گوڕینی نەخستبێتە یان هەر ئەم ساڵ من دبێژم سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وزیران بەخۆ فەسڵەكی دەگوڕی لە سەرۆكایەتی زانكۆی سەلاحەین هاتبینە گۆڕین ولەو فەسڵی هاتەكرن ژ بەر هەندێ بەشێوەیەكی گشتی بودجە هەمی پێكەوە هەمی یەك فەسڵ وهەشت بەش دەنگی لە سەر دەن، ئەم لە چ پەیڕەودا نینە ئەم گەلەك خراپە، چونكە هەرگیز فەسڵێك هەبیتن بێ گۆڕین، هەكە بە شێوەیەكی گشتی وەری بگرین ئەو بودجە ئەكەر هەشت بەش هەرگیز فەسڵێك جەنابی وەزیری ببینی وەكو گۆڕانكاریمان تێدا نەكرابێ، گەروا بە بۆچوونی جەنابی وەزیر بیت، بەلام بودجە دابەش دەبێت لەســـەر دەروازە، (١٥-١٦) دەروازەیە بۆ وەزارەت و ئەو فـــەرمـــانگانەی نەبەستراونەتەوە بە وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز د. عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا رەســـول:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئەنجـــــوومـــــەن.**

لەراستــیــدا من رایەكم هەیە، رەنگە جیـاواز بێت لەگەڵ ڕای برایانی تردا، من لام وایە هەر لە بنەڕەت دا پەرلەمان دەبێ گفتوگۆ لەسەر سیاسەتی دارایی حكومەت بكات پێش فەسڵ فەسڵ وژمارە بە ژمارە، سیاسەتی دارایی حكومەت لە بەرنامەی وەزارەت دا هەیە و ئێمە دەنگمان بۆ داوە و، دەنگمان بە وەزارەتەكە داوە، بە سیاسەتی داراییەكەی. رەنگە سیاسەتی دارایی ساڵ بە ساڵ بگۆڕێ، رەنگە لای من بەهێز كردنی پێشمەرگە وبەرگری كردن لە كوردستان لە زۆر شتی تر هەتا لە قوتابخانەو زانستگاش لە پێشتر بێ، ساڵێكی كە شتێكی كە لە پێشترە وگفتوگۆ كە من وابزانم یەكەم سیاسەتە داراییەكەی حكومەت ئەگەر بودجەكە لەگەڵ سیاسەتی داراییەكەی حكومەت رێك نەكەوت، گفتوگۆی لەسەر بكەین وباوەڕ بە وەزارەتەكە ئەدەی یا نادەی لەسەر سیاسەتە داراییەكەیەتی. دووەم: لە چوار چێوەی ئەوسیاسەتە داراییەی كە دانراوە ئێمە دەنگمان داوە، لە بەرنامەی وەزارەت دا تەماشا ئەكەین وەزارەتێ بەتایبەتی فلان وەزارەت چی بۆ خۆی داناوە لەو جێگەی كە بەلای منەوە جا نازانم چەندی تێ بگەم یا نا ئەو جێیەی كە گفتوگۆ لەسەر دەكات لە سەرەتاوە وەزارەتی دارایی لە چوارچێوەی بەرنامەی وەزارەتەكان كە بۆی دانراوە، ئەتوانرێ بلێ زیاد رۆیشتووی یا كەم رۆیشتووی، لەگەڵ وەزارەتەكەدا هەندێكیش دوای ژمارەكان دێنە دینە پێشەوە كە سەیر ئەكەم برایانی لیژنەی دارایی ئەگەر هەموویان بوویـن یان نیوەیان یان

یەکیان بوویێ، هەندێ ژمارە من وا ئەزانم لە خۆیەوە(٢٥٠) هەزار لە پڕ ئەبێ بە(٥٠) هەزار، ئەبێ بنەڕەتیان هەبێ بۆ ئەم زیادی وکەمییەیان، سوپاس.

**بەڕێز شالاو عەلی عەبدوللا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەراستی ئەم پرسیارەم رووی لە ئەندامانی پەرلەمانە، تەبیعی د. عیزەدین هەندێک لەو مەسەلەیەی دەرخست، من میسالێک دەهێنمەوە، برادەران هیچیان ئەو قامووسەی کە لە پێش کاک دارۆیە بە تەفصیل نەیخوێندۆتەوە لە لیژنەی دارایی زیاتر، ئەویش بەراستی هەر چەندە من تازەشم لە لیژنەی دارایی، بەڵام بەو درێژی کەسیان ئاگادار نین، ئێستا ئێمە دێین فەسڵێک بۆ نموونە هەر یەکەم جار دەنگدان کرابوو وتیان بەزۆریەی دەنگ فەسڵێک خرایە دەنگدانەوە، من پرسیاریان لێ دەکەم هەر چەندە پێشییان گرت فەسڵەکە باسی چ دەکات، باسی مووچە وئەوانە دەکات، بەڵام چ لە ئەندامان دەزانن کە ئەو فەسڵە باسی ئەوە دەکات، دەستیشی بۆ هەڵبڕیوە من پرسیارێکی کەیان لێ دەکەم، فەسڵی چوار لەوەزارەتی ئاوەدان کردنەوە چییە؟ بەڵام بخرێتە دەنگدانەوە هەمووی یان دەستی بۆ بەرز دەکاتەوە یان دەستی بۆ نزم دەکاتەوە بەبێ ئەوەی بزانێ چییە، ئینجا لەبەر ئەوە داوا لە برادەران ئەکەم ئێمە شتێک بکەین مەنتیقی بێ، بەراستی ئەوە بەدەردی کاک نەژاد باسی کرد سەعات وچارەگێکە ئێمە لە هەمان حەڵقەدا دەسووڕێینەوە، بەبێ ئەوەی خۆشمان بزانین بابەتەکان چین دەستی بۆ بەرز دەکەینەوە. بەڕای من ئەوە ناکرێ بەهێن ئەگەر مەسەلەکە دەنگدان بێ و هەر کات بەسەر بردنەکە بێت بەراستی لەوانەیە مجامەلەو قسەی خۆشتر هەبێ کە بەبێ ئەوەی تشنجات وشتی وا هەبێ، جا لەبەر ئەوە من پێشنیارەکەی کاک شێخ عەدنان وکاک نەژاد دووبارە دەکەمەوە وهیواداریشم سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوە قبووڵ بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە با بارەکە حەسم بکەین، حەق نییە ئێمە دەست بکەینەوە بە گفتوگۆیەک کە کراوە وتەواو بووە، ئەندامی پەرلەمان ئاگادارە و، ئاگادار نییە دیسان لەو رۆژە دا وتمان: ئەوە ئەندامانی پەرلەمان خۆیان بەرپرسن ئامادەبن تالە لیژنەکاندا گفتوگۆ بکەن، گوێ لە لیژنەی ئابووری رابگرن ئەوانە کێشەی خۆیانە، لەراستیدا ئەوە بودجەکە لە پێش چاویانە ئەگەر رەخنەیان نەبوو، ئێمە ناتوانین بڵێین بۆ رەخنەتان نییە، ئەوە کەیفی خۆتانە کە خۆتان نەچن گوێ بگرن وگفتوگۆ نەکەن وئەوشتە نەکەن ئیتر خەڵکی تر چ گوناهی هەیە؟

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەکەی خۆم دەکێشمەوە، وابزانم حەقی خۆمە بیکێشمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ئەو دوو خاڵە هەر پەیوەندی بە وەزارەتی ئێمەوە هەیە، ئەو شتەش مستجداتە کە ئامێرێکی تازە هاتووە پێویستیان پێی هەیە، جا من پێشنیارێکم هەیە ئەگەر سەد مکالەمە بۆ ساڵێک بێ دەکات (٤٥٠٠) دۆلار ودەکاتە (٣٤٠) هەزار دینار ئەگەر ئەو پێشنیارە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بابەتی باس نییە کاکە دوکتۆر، چونکە نەهاتووە شتێک تا نەچەسپێت باسیش ناکرێ، ئەوە نە لە راپۆرتی لیژنەی دارایی هاتووە، نەئێوەش شتێکیان بەدەست گەیشتووە، ئێستا ئێوە دێن پێشنیارێکی وا دەکەن؟ کەی ئەوە مەعقوولە، نابێ لیژنەی دارایی تاوتووی بکات، ئەو بابەتەی ئێستا ناتوانین لێرە گفتوگۆی بابەتێک بکەین کە نەهاتووە، ئەبوایە ئێوە پێشنیارێکتان بکردایە وپێش وەخت بەرەسمی بدرایە بە لیژنەی تایبەت و، ئەویش لێی بکۆڵیبایەوە تاکو بزانێ ئەیکا یان نایکا؟

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا ئەگەر بڕگەیەک هەبێ روونی بکەمەوە بۆ ئەوەی برادەران ئاگاداری ئەو مەسەلە بن کە کەناڵی تەلەفۆنی ئەوەندە دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بەسەرچاو ئەگەر پێشنیاری رەسمی بنێرن.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە ئەو زانیاریانە لای ئەوان نەبووە پێشتر ئەوە شتێکی تازەیە، لەبەر ئەوە ئێستا ئەندامانی پەرلەمان لێرەن دەتوانن دەنگی لەسەر بدەن، لەگەڵ رێزم دا.

**بەڕێزعەبدوڵلارەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا پێشنیارەکە لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا بودجەکە پەسەند نەکراوە، پرۆژەکە لەسەرەتاوە گفتوگۆ لەسەر دەکرێ، بۆیە باسمان کرد کە تەلەفۆنی راستەوخۆ هەیە لە بۆ دەرەوە، ئینجا ئەگەر لێرە دەیخەنە سەر زۆر باشە، نایخەینە سەر ئێمە نووسراوێکتان بۆ دەنووسین دەڵێین تەکالیفەکەی ئەوەندەیە، چونکە لەسەرەتاوە لەبەر ئەوەی تەواو نەبووە، بۆیە مەسەلەکەم باس کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشترە پێشنیارێک بکرێ بە تەواوی دوای ئەوە دەخرێتە سەر بودجە، بڕیارێکی پێ وەر دەگرین، هیچ کێشەیەک لەوە دا نییە، ئەوە شتێکی تازەنیە.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بابەتە پێشنیار کراوە، وەزیری دارایی لەگەڵ لیژنەی دارایی گفتوگۆیان لەسەر مکالەماتی دەرەوەیان کردووە، سەد هەزار دیناریان جێگیر کردووە، ئێمە ئەڵێین ئەو سەد هەزارە بەس نییە یان گفتوگۆی لە نێوان لیژنەی دارایی و وەزیری دارایی کراوە، بابەتەکە تازە نییە وا ئەو درێژەدانە بۆ ئەوەیە تاکو زیاتر ڕوونی بکەینەوە بۆ لیژنەی دارایی کە ئەو مکالەماتی دەرەوە بەو حسابە نییە کە لەسەر بنچینەی ژمارەی دەرەوە د. ئیدریس بکرێ، بەڵکو لەسەر بنچینەی ئەو ژمارە تازەیە کە ئێستا من بۆم شەرح کردن، لەگەڵ ڕێزم دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یانی سەد هەزارەکە خۆتان بە نووسراوی ڕەسمی ناردووتانە بۆ ئێمە، ئەوە لە ٢/١٩ ناردراوە لە دانیشتنی سێیەمی گفتوگۆی بودجە گەیشتۆتە ئێرە، ئەوە لێرەیە، بەڵام دەبوایە ئەو وەختە ڕەخنەیان بگرتایە، ئەو وەختەش ئەو نووسراوەتان کرد بوو دانیشتنی سێیەمی گفتوگۆکردن بوو لەسەر بودجەو جیهازەکەتان گەیشتبوو، نازانم ئەوە نووسراوەکەتان هاتووە لە ٢/١٩ وا نییە؟

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

گفتوگۆی هەر بابەتێک، دەوڵەمەند کردنی هەر بابەتێک زەرەری تێدا نییە، بە پێچەوانەوە ڕووناکی زیاتر دەخاتە سەر، بۆ ئەوەی ژمارەیەک دەرچێت زەرەری تێدا نەکەین وئیشەکەمان بە ڕێک وپێکی بڕوات بەڕێوە، ئەوە مەرجە، بەڵام مەرج ئەوە نییە کراوە یا نەکراوە، بە بۆچوونی من کراوە،چونکە گفتوگۆ کردنی ئەو بابەتە لە نێوان لیژنەی دارایی ووەزیری دارایی کراوە، لەگەڵ ڕێزم دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ کراوەو نووسراویش نووسراوە.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارێک دەکەم، ئەم بارە پێم وایە زۆر دەخایەنێ وئێمە دوێنێ هەرچی وەزیرەکان هەنە هاتوون بۆ ئێرە بە سەرۆکایەتی وەزیرانەوە، ئەمڕۆش بەشێکی زۆریان هاتوون، وەکو پێشنیارێک ئەگەر لاتان پەسەند بێ یا وەزارەت بە وەزارەت گفتوگۆی ئەو بودجەیە بکرێ یان بەڕاستی ئێستا

ئیشی هەموو فەرمانگەکان دەوەستێ ئا بەم شێوەیە، خەڵکێکی زۆریش ئیشی بە وەزارەتەکان هەیە بخرێتە دانیشتنەکانی گفتوگۆکردنی لەسەر بودجە ئەگەر هەموو بەشداربن بخرێتە دوای دەوام یان بەشەو، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رام ئەوەیە کە هەر لە سەرەتاوە گفتوگۆکەمان بەشێوەیەکی نادروست هاتە پێشەوە، یەکەم ئەوەیە من ئەوەی دەزانم لە پەرلەمانی دنیادا، سەرۆک وەزیران دێت وبە کورتی نەخشەی بودجەی پێشکەش دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە بابەت ئەوە نییە، بابەت ئەوەیە ئێمە بەرنامەیەکی گفتوگۆمان هەیە، ئەویش ئەوەیە، ئەوە راپۆرتێکی دارایی فەسڵ بە فەسڵ گفتوگۆی لەسەر دەکەین، گەر تێبینییەکتان هەیە پێویست ناکات بگەڕێینەوە جارێکی تر، وبزانین لە پەرلەمانەکانی دنیا چ بووە، ئێمە بۆ خۆمان دابودەستوورێکمان هەیە، بودجەی پار لەسەری رۆیشتووین ئێستاش رێک کەوتین لەسەر ئەو بەرنامەیەو هیچ گۆڕینێک نەبووە، ئێستاکە ئێوە دێن لە پەرلەمانی فلان جێ وا دەکەن، داوای نەخشەی دارایی دەکەن یان دەنگ بدەن لەسەر بەرنامەی حکومەت. کاکە ئەوە وا نابێ ئێمە بەرنامەیەکمان هەیەکە فەسڵ فەسڵ گفتوگۆی لەسەر دەکەین، ئێمە رێککەوتووین لەسەر ئەوەی فەسڵ بە فەسڵ گفتوگۆی لەسەر بکرێ.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم هەموو ئەندامێک حەقی خۆی هەیە رای خۆی دەربڕێ وپێشنیارێکیش بکات، دوو وشە قسەمان نەکرد، وابوو بەوشێوەیە ئەگەر بڕۆین دووپاتی قسەکەی کاک نەژاد دەکەم، سێ سەد سەعاتمان دەوێ، کێشەکە نەک ژمارەکەیە، کێشەکە ئەوەیە ئەگەر بێین( ٥ ) هەزار دینار ئێستا لەسەر بودجەیەکی ملیاری دوو سەعات، سێ سەعات دەخایەنی، بنەڕەتی گفتوگۆکە هەڵەیە وگفتوگۆ بەگشتی وەزیر دێت ئەوە بودجەی خۆی پێشکەش دەکات ودەڵێ: من داوای زیادم کردووە، چونکە ئەولەویاتم بۆ ئەم مەسەلەیە رەچاو کردووە، بۆ نموونە بۆ وەزارەتی پەروەردە ئەم ساڵ زۆر پارە داوا کراوە، چونکە کتێب چاپ دەکەن بۆ بودجەی هەر وەزارەتێکیش ئەگەر ئێمە بچینە ناو درێژە بابەتەکە بەڵێنتان پێ دەدەم بۆ دوو مانگی تر تەواو نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ناچینە ناو دەرێژەی باسەکەوە، بەڵکو تەنها دەچینە ناو ئەو بابەتانەوە کە لیژنەی ئابووری لەگەڵ وەزارەتی دارایی گفتوگۆیان لەسەر کردووە وبابەتەکە تەواو بووە، لێرە تەنها گفتوگۆی

هەندێ شت ئەکرێ، بەڵکو گفتوگۆی هەندێ فەسڵ دەکرێ، کە خیلافی لەسەرە، ئەبێ ئەم خاڵانە ببڕێنرێنەوەولێرەش ببڕێنرێنەوە ئەبێ گفتوگۆی لەسەر بکەین، ئیتر درێژ ئەبێت کورت ئەبێتەوە ئەوە گرفت نییە، ئیشی ئێمە ئەوەیە، ئەگەر حەز دەکەن، ئەگەر زۆربە ئیتفاق دەکات ئەوا هەموو بودجەی حکومەت بەبێ گفتوگۆ ئەخەینە دەنگدانەوە و دەنگی لە سەر دەدەین بەڵام ئایا ئەکرێ بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکەین؟! ئێمە نیزامێکمان هەیە لەسەری ئەڕۆین و وەک وتمان فەسڵ بە فەسڵ گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من زۆر دەمێکە دەستم هەڵبڕیوە، مەسەلەکەش ئەوە نییە من لە ژمارە وشتەکان بدوێم، بەس یەک تێبینیم هەیە، بەراستی ئێمە ئەو برادەرانەی لیژنەکە کە تێبینییان هەیە موبەڕیراتی خۆیان وتوە، سەرۆکایەتی وەزیران تێبینی خۆی وتوە، کاک د. ڕۆژ زۆر بە چاکی روونی کردۆتەوە کە ئێمە ئەو شتانەمان ئەوێ بۆ فلان شت موبەڕیرات هەیە، کەواتە ئیتر چی پێویست دەکات ئەوگفتوگۆ دوور ودرێژە، کاکە ئەوانەی ئەو ژمارەیە کە، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەیانەوێ بیخەنە دەنگدانەوە فەرموو دەنگی لە سەر بدەن یان بە ئا یان بە نا، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وا هەست دەکەم وردە وردە دەتانەوێ دەنگمان نەمێنێ، لێ نەگەڕێن قسە بکەم، یەک بڵێ هەموو بودجەکە پێکەوە دەنگی لەسەر بدرێ، یەک دەڵێ وەزارەتەکان پێکەوە بدەنە دەنگدان وئەی باشە ئێمە لە پەرلەمان دانیشتووین لەوانەیە شتێکمان خوێند بێتەوە رامان لەسەر بابەتێکی دیاری کراو هەبێ، دوایی رام دا من موعاریزم لەگەڵ ئەو برادەرانەی دەیانەوێ تاقیمان بکەن ودەڵێن لە فلان فەسڵ چ نووسراوە لەوانەیە پیاو هەیە هەمووی تێبینی کردووە، حەقیشی هەیە دەستەی سەرۆکایەتی ئێستا دوو پێشنیاری دەکەوێتە بەرچاو پێشنیارێکی ئەوەیە کە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە، پێشنیاری دووەمیش ئەوەی لە لیژنەی داراییەوە پێشکەش کراوە، کاتێک کە گفتوگۆ دەکرێ ودەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەگاتە قەناعەت کە پێویست نییە کە ئیتر گفتوگۆ لەسەر بابەتەکە بکرێ و بەسە، بڵێ ئەم بابەتە دەخەیتە دەنگدانەوە وزۆربە چی بڕیار دا ئەوە سەر دەگرێ ورای، رای پەرلەمانە نەک رای لیژنەی دارایی، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی لەوە ئەچێ لیژنەی ئابووریان حەز دەکەن حکومەتەکەمان نینۆکی نەبێ سەری خۆی پێ بخورێنێ یانی ئەم بودجە ئەهێنن وئەبەن، چەند ڕۆژە، خۆ بۆ ئێمە نییە بۆ پارتی ویەکێتی نییە، ئەگەر دەتانەوێ بۆ حکومەت بێ، حکومەتەکەش خۆیان مەوجوودن هەر ڕۆژێ وەزارەتێک، ڕۆژی

وەزارەتی تەندروستی و، رۆژی وەزارەتی ناوخۆ و، رۆژی وەزارەتی شارەوانییەکان، بێن لێرە دانیشن لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان ئەوان ئەزانن، گەر حکومەتەکە سەرکەوتوو بێ بۆ خۆیانە، بۆ هەموو کوردە خۆ بۆ پارتی ویەکێتی نییە ئەگەر بۆ ئەوانە کەیفی خۆیانە. ئێمە چەند رۆژ گفتوگۆ لەسەر دەکەین هیچمان نەکردووە لە گفتوگۆی لاوەکی بەولاوە، گەر واش بڕوا هیچ ناکەین، ئەگەر نەگەینە بەشێوەیەکی رێک و پێک وبمانەوێ بەدڵێکی ساف وبرایانەی دوور لەبیری تەسکی حزبایەتی ئەوانە بتوانن حکومەتەکەمان بەگەڕ بخەین و، بودجەیەکی ماقووڵیان بۆ دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە منەوە داوا دەکەم، ئێمە بنچینەیەکمان هەبێ لە پەرلەمان هەتا لە مەسەلەی گومرگیش کە گفتوگۆمان لەسەر کردووە، بەرای من ئەو شێوەیە بۆتە بنچینە، سەبارەت بە ئێمەوە کە فەسڵ بە فەسڵ گفتوگۆ بکرێ، بەس ئەوەی کە لەلام سەیر بوو، ئێمە لە کۆبوونەوەی رابوردووش دا بڕیارمان وەرگرت کە لیژنەی داراییمان لەگەڵ وەزارەتی دارایی شتەکان ساغ کەنەوە، نەختێک نزیکی کەنەوە بەس دیارە هیچمان نەکردووە، بەرای من ئێستا لەبەر ئەوەی بەراستی ئەو تێبینییانەی دەر دەبڕێن زۆر زۆرە یانی بەس لەسەر فەسڵی دوو نزیکەی ئەوە (١-٢-٣-٤-٥-٦-٩) برگە ئەبێ هەموار بکرێ، بەرای من ئێمە دەمان توانی شتێک بکەین لەسەر فەسڵی دوو، ئێمە تێبینییەکی گشتی بدەین رایەکی گشتی هەبێ، بۆیە من داوا دەکەم ئەو بابەتە لەبەر ئەوەی زۆر لاپەڕە مان هەیە زۆر بابەتی لەسەرە، پێشنیار دەکەم جارێکی تر لیژنەی داراییمان لەگەڵ وەزارەتی دارایی دانیشن وبە هێمنی ودوور لە هیچ توورەیی وسۆز بەزانستی ئەو مەسەلەیە باس بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەکورتی وبە پوختی ئەگەر ئێوەی ئەندامانی پەرلەمان تۆزێک بەوردی سەیری بکەن بارەکە زۆر ئاسانەو وەکو هەموو جار کردوومانە، حکومەت پێشنیارێکی هەیە بۆ لیژنەی ئابووری، ئێمەش پێشنیارێکمان هەیەو، لەو مەسەلانەی کە جیاوازییان هەیە لەگەڵ وەزارەتی دارایی وئابووری چەند دانیشتنێکیان کردووە وتەواو بووە هەندێ ژمارەش دیارە کە ناکۆکیان لەسەر هەیە، فەرموون ئێوە بێ گفتوگۆ گوێ بگرن، بزانن حکومەت چی دەڵێ و وەزیری تایبەت رای چییە؟ گوێ بگرن لیژنەی ئابووری چ دەڵێ، پاشان ئەگەر تێبینییەک نەبوو ئەخرێتە دەنگدانەوە وئەبڕێتەوە.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەندامانی پەرلەمان، بەراستی ئەمن دوێنێش باسم کرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرچاوەیەکی دارایی سابیتمان نییە، بۆیە حکومەتی عێراق حەفتاو قسوور ساڵە دەوڵەتە

بەرەغمی ئەوەی کە ئێستا نەوتیشی ئەڕوات، ئەو سێ ساڵە، چونکە ئابلّووقەیان لەسەرە، خۆیان حکومەتەکە بودجەیان نییە، ئێوە شتێک حەقی خۆتانە گفتوگۆی لەسەر بکەن ولێرە قسەی لەسەر بکەن، بەڵام ئەوەندە بەوردی وزۆر درێژ خـایەن نە لە بەرژەوەندیی پەرلەمـانە ونە لە بەرژەوەندیی حکومـەتە، خۆشـمـان ئەوە دەزانین حکومـەت ووەزیرەکـان خۆیان لەگـەڵ دەسـتـەی وەزارەت لەگـەڵ ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەوە یان کردووە کە بودجەی خۆیان خستۆتە ڕوو لە پاشان جارێکی تر لە وەزارەتی دارایی لە بێژینگ دراوەتەوە، ئەوجا دراوەتە پەرلەمان ولە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، بەڕێوەبەری گشتی وبەڕێوەبەرە گشتییەکانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران وجێگری دارایی لەگەڵ کاک د. ڕۆژ دانیشتوون وگەیشتوونەتە ئەو ڕاستییە، حەقە هەندێک مروونەتیش هەبێ لەو مەسەلانە، ڕاستە حەقی خۆتانە فەسڵ فەسڵ باسی بکەن وبڕگە بڕگە گفتوگۆی لەسەر بکەن، بەڵام دەبێ حیسابی بارودۆخی خۆشمان بکەن، حەز دەکەن ئێستا بڕیار بدەن بڵێین ئەوە دوو سەد ملیۆنە ئەگەر پارەمان نەبوو چۆن جێبەجێی دەکەین؟! پرسیاریش لە ئێوە دەکەم: ئێوە تەقدیری باردۆخی ئێمەش بکەن کە چۆن ئیش دەکەین ئێمەی حکومەت دەتوانین بەو بودجەیە کار بکەین ئەگەر بێتە سەر حاڵەتی دواییشی ئەوە پێتان دەڵێین بەو ڕێگایە نەبێ ناتوانین ئیش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی زۆربەی ئەو گفتوگۆیانەی کە لێرە دەکرێ زۆر زۆر زیادە ولە بنەڕەتی بابەت دوور دەکەوێتەوە لیژنەمان لە پەرلەمان هەیە ولیژنەکانیش چاوی پەرلەمانن، لێکۆڵینەوەی هەر پرۆژەیەک دەکەن کە دێتە پەرلەمان ورای خۆی دەردەبڕێ، جەنابت تەشخیسی وەزعەکەت کرد زۆر بەدیقەت و، دوو پێشنیار هەیە، پێشنیارێکی حکومەت هەیە وپێشنیارێکی لیژنەی ئابووریش هەیە پێویست ناکات هەر یەک لە ئەندامانی پەرلەمان هەستێ بیست سەعات گفتوگۆ لەسەر ئەو ژمارەیە بکەین، ئەوە سێ هەزارە، ئەوە( ١٠ )هەزارە ئەوە بیست هەزارە ئەی لیژنەکان بۆچی دانراون کەواتە لیژنەکان هەڵوەشێننەوە وبڕایەوە، هیچ پێویست بەلێکۆڵینەوە ومـاندوو بوون ناکات، وابزانم دوو مانگە خەریکی ئەو پرۆژەینە، سوپاس.

**بەڕێز شالاو عەلی عەبدوللا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تەنیا روون کردنەوەیەکم هەیە ودەڵێم ئەو سەد هەزارەی کە جەنابت فەرمووت کە مانگی دوو هاتووە لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئەو نووسراوە پەیوەندیی بە سەد هەزارەکەوە نییە کە تەرخان کراوە بۆ تەلەفۆناتی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەوە سەد ملیۆن دینارە کە وەزارەتی گەیاندن پێشکەشی کردووە وسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانیش ناردوویانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ ئەزانم بابەت ئەوەیە، بۆیە ئەڵێم ئەنجوومەنی وەزیران ئێستا ئەو پێشنیارەیان بەشێوەیەکی چەسپاو کرد.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو مەبدەء ئێمە ڕێک کەوتووین هەر ئەندامێک هەقی گفتوگۆ لەسەر ژمارەکە دەکات، گفتوگۆ لەسەر بڕگەیەک دەکات. بەس وەکو تێبینی دێتە کردنی وەخت سەرف کردن لە بابەتێکی لاوەکی زۆر جار دەکرێ، وا دەبێ دوو ژمارەی سەرەکی پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیران، پێشنیاری بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی داراییە هەر یەکێکیشیان موبەڕیری خۆی پێشکەش کردووە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دێینەوە سەر بابەتی ئەسڵی وداوا دەکەم لە برادەران لە مەسەلەی تەفاسیل دا ئەوەندە نەکەونە مناقەشات وئەو برادەرەی تێبینی تایبەتی خۆی هەیە لەسەر ژمارەیەک بیڵێ، وەکی دی لیژنەی ئابووری دەیخوێنیتەوە وئەڵێ ئەوە پێشنیاری حکومەتە ئەمەش پێشنیاری ئێمەیە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(الاجورالمقطوعة والنداءات) (٢٢٠) هەزار دینار پێشنیاری ئێستا (١٣٠) هەزارە(اجور نصب ونقل الهواتف)، (١٥)هەزار ئێستا (٥) هەزارە سەرجەمەکەی لە جێگەی خۆی(٥٠)هەزار دینارە، دەبێتە (١٥٠) هەزار دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیاری ئێوە(١٥٠) هەزارە لەم بڕگە(بین القوسین) ئەوە نداءاتی دەرەوەیە هێناو مانەتەوە ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیارێک بکەن پاشان ئەوە ئیزافە دەکرێ، پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیران لێرە(٢٥٠) هەزار دینارە، وا نییە؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو سەرجەمە(اجور مقطوعة ونداءات) بوو (اجور نصب هواتف) هەموار کرا، سەرجەمەکەی چەند دەرچوو ئەوە دەنووسین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکایە یەک یەک ولەسەر خۆ بیان خە ڕوو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(البرق والهاتف) ئەوە سەرجەمی مادەیە، گۆڕانەکانی بەس دوو بڕگەیە، یەک ودوو، چونکی زۆر

برگەی تر هەنە لە خشتەکان دەستمان لێ نەداوە( الاجور المقطوعة والنداءات)ی وەزارەت، ئەنجوومەنی وەزیران( ٢٠٠ ) هەزاریان داوا کردووە، وەزارەتی دارایی کردووە بە( ٢٢٠ ) هەزار، دوا دانیشتنی مە لەگەڵ وەزارەتی دارایی بووە( ١٣٠ ) هەزار دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هی دەرەوەی لەگەڵ نییە، ئێستا ئەوە رای ئەوانە جا ئێوە روونی بکەنەوە.

**بەڕێز عەبدوللا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرۆکایەتی وەزیران پێشنیاری( ٢٥٠ ) هەزاری کردووە، تۆ ئەو موفرەداتەی بۆ دەخوێنیتەوە سەرجەمی گشتی چەند دەکات یانی برگە برگە نییە، ئەوە فەسڵ فەسڵە(اجور النداءات واجور نصب الهواتف) هەر دووکیان برووسکە و تەلەفۆن ئێمە( ٢٥٠ ) هەزارمان پێشنیار کردووە، وەزیری دارایی پەیوەندیی چییە؟ ئەمە کەم بکاتەوە، خۆی رێککەوتووە لەگەڵ برادەرانی سەرۆکایەتی وەزیران( ٢٥٠ ) هەزارە کەمی نەکردۆتەوە، هەمان شتە ئێوە کردووتانە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**هێژا سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە سەرجەمی برووسکە وتەلەفۆنە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی ئابووری تێبینی تەنیا لە سەر دوو برگە هەیە، برگە یەک وبرگە دوو، لەبەر ئەوە ئەوەی لە پارە ئەسڵییەکەی کەم کردۆتەوە، پێشنیارەکەی ئەبێت بە( ١٥٠ ) هەزار دینار اسلیەکە( ٢٥٠ ) هەزار دینارە وپێشنیاریان روون وئاشکرایە ئەمە هێنی حکومەتە ودەیخەینە دەنگدانەوە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە( ٢٥٠ ) هەزارەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە، وتمان فەسڵ بە فەسڵ ئەیخوێنینەوە، ئێستا بووە برگە برگە، نازانم فەسڵەکە هەموویەتی، ئەڵێ لە برگە حەوت هەتا هەژدە یەک فەسڵە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێویست ناکات، ئێوە لای خۆی لیژنەی یاسایین دەزانن هەر خاڵێک ناکۆکی لەسەر بێ ناچارین گفتوگۆ بکرێ کە گفتوگۆش کرا ئەبێ حەسم بکرێ بە دەنگدان، ئایا ئەگەر لەسەر برگەیەک ناکۆکی هەبێت نایخەینە دەنگدانەوە بۆ حەسم کردنی؟!.

**بەڕێز یەحـیـا مـحـەمـەد عـەبدولکەریم:**

**بـەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

١٣/ (الضیافة والوفود والعلاقات): (٧٥٠) هەزار دینار پێشنیار کراوە بە(٧٥٠) هەزار هاتۆتەوە لە وەزارەتی دارایی، لیژنەی ئابووری(٥٠٠) هەزاری پێشنیار کردووە.

١٤/ (المؤتمرات والندوات): (٥٠) هەزار بووە بە(٥٠) هەزار هاتۆتەوە لیژنەی ئابووری پێشنیاری (١٠) هەزار دینار ئەکات.

**بـەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

ئەگەر ئیجازە بدەی کاک شێخ ئەم برگەیە، برگەی (١٣) وا نییە، ئەگەر(١٣)یە ناکۆکیتان لەسەری هەیە بۆ ئەوەی حەسمی بکەین برگەی(١٣/ الضیافة والوفودوالعلاقات) حکومەت(٧٥٠) هەزار دیناری پێشنیار کردووە، ئابووری ئەڵێ(٥٠٠) هەزار دینار باشە، چ تێبینی هەیە لەسەر ئەم بابەتە، پرسیار لەوەیە بۆ کراوە بە(٥٠٠ )هەزار دینار؟ فەرموو لیژنەی ئابووری روون کردنەوەی خۆتان بدەن.

**بـەڕێز جـەمـیـل عـەبدی سندی:**

**هێـژا سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

من ئەم روون کردنەوەیە پێشکەش دەکەم وتکام ئەوەیە لیژنەی یاسایی کە پێشنیاری دەخرێتە دەنگدان پێویستە رای لیژنەی ئابووری پێشتر بخرێتە دەنگدان، دوایی ئەگەر رای لیژنەی ئابووری سەر نەکەوت، ئینجا پێشنیارەکانی تر دەربارەی ئەم برگەیە باس بکرێ بۆ بووە بە(٥٠٠) هەزار وشتێکی سەرەکی هەیە، ئەمەوێ لێرە ئاشکرای بکەم، پێویستە موازەنەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران وەکو هەر وەزارەتێک، وەزارەتی دارایی وئابووری سەیری کردووە، رای خۆی بەرامبەر دەربڕیووە، لێرەدا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران چی داوا کردووە، هەر هەتا هەڵەیەکی چاپ تێدا بایە، سفرێکی زیاد رۆیشتبێ، وەزارەتی دارایی بەو شێوەیە نەقڵیان کردووە، بێ گفتوگۆکردن ئەوە خاڵێک(٧٥٠) هەزار بۆ لای ئێمە بووە(٥٠٠) هەزار، پار(٢٥٠) هەزار بوو تا ١٩٩٣/٦/٣٠ (١٣٦) هەزار خەرج بووە گەر ئێمە حیسابی بکەین بۆ ماوەی ساڵێک یانی پار چارەگە ملیۆنێک بوو بێ ئێستا نیو ملیۆنە، گەر بەپێی نرخیش بێ نیو ملیۆن بەسە، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدوڵڵا رەسـول عـەلی/ سـەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

یەکەم شت من پشتگیری بەڕێز کاک جەمیل ناکەم، ئەو پێشنیارە ئەسلییەکە دەدەرێتە دەنگدانەوە، دوای ئەوەی کە هەموارکردنەکەی لەسەر بێ، لە هەموو دنیادا شتی وا هەیە، نازانم ئەگەر لە پەرلەمانی ئێمە شتی تازە ی تێدا بێ، دووەم: مەسەلەی ئەوە کە دەڵێ دیناری ئێمە نەگۆڕاوە، نرخ گۆڕاوە، پار ئەتۆ کە دەچووی نان بخۆی لەوانەیە لە رێگەی دهۆک جیاوازیی هەیە

یاخود ئێستاکە خواردنەکە گۆڕاوە ئەتۆ بە دۆلار دەکڕی ئەو مادە سەرەکییانە، لەبەر ئەوە شت گۆڕاوە سێیەمین جاری وا هەیە هەندێ شت هەیە لە موناسەباتان دێتە پێشەوە پەیوەندیی بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە نییە، برادەرێکی سەرۆکایەتی وەزیران دەچێ لە کۆنگرەی برادەرانی پارتی بەشداردەبێ، کۆنگرەی یەکێتی دەبێ، کۆنگرەی حزبێکی تر دەبێ، هەندێ وەفد دەبنە میوانی سەرۆکایەتی پەرلەمان یا سەرۆکایەتی حکومەت لەوە نییە، لەوە یەدەگ دانراوە، ئەوەی کە خەرج کراوە وەکو جەنابت باست کرد پارەکە لە بودجە زیادیش دانراوە، بەڵام وەکو خۆی خەرج نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شـــــێخ نـووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من بەڕاستی هەندێ تێبینی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی ئابووری هەیە، جۆری خستنەرووەکەی بەڕاستی بەلای منەوە زۆر قورسە، چونکە دەڵێ بودجەی سەرۆکایەتی هەر چۆن بووە وەکو خۆی بۆی دانراوەتەوە ودەسکاری هیچ نەکراوە، ئەوە دوو وەڵامی هەیە لەلای من، یەکەمیان: سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران سەرۆکایەتی یەکە خاوەن دەسەڵاتە، کێشەکان زۆربەیان دەگەڕێنەوە بۆ لای ئەوان، لەبەر ئەوە ئەوان تەقدیری باری دارایی خۆیان باشتر دەکەن لە فەرمانبەرێکی لای ئێمە بچێ موناقشەی سەرۆکی وەزیران وجێگرەکەی بکات، بچێ بڵێ نابێ(١٠) هەزار هەبێ، دەبێ(٥) هەزار هەبێ بۆ فلان مادە یان جۆر. دووەم: ئەگەر بەڕێزان چاوێکی پێدا بخشێنن لە دوو سێ بڕگە گۆڕانکاری بووە هەر چەند گۆڕانکاریی بەسیتە، بەڵام بووە، ئەوەش دیسانەوە خاڵێکی ترە، خۆتان ئەزانن بارێکی نائاسایی لە کوردستان دا هەیە، جارێ هێشتا مەرکەزی هێزوشتی وا ساغ نەبۆتەوە، حکومەت دەسەڵاتەکانی چۆنە؟ پەرلەمان دەسەڵاتی چۆنە؟ وەزارەتەکان ووەزیرەکان دەسەڵاتەکانیان چۆنە؟ هەر کەس جارێ بەلای خۆی راکێشاوە، ئەگەر بێینە سەر ئەو وردەکارییە وحیسابانە من وەزیری دارایی ئەم هەرێمی کوردستانەم، تا ئێستا لە ژمارە کۆتاییەکانی بودجەی پەرلەمان بەو لاوە نازانم چەندتان بۆ تەلەفۆن داناوە؟ چەندتان بۆ خەدەماتی تر داناوە؟ بۆ کڕینی کەلوپەل ئەوەندە دانراوە کە پێویستە ئەو لایەنە بزانین، ئێمە بزانین پارەمان هەیە بۆ ئەو شتانە کە داواتان کردووە یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

ئێستاش دوو پێشنیار هەیە وەکو وتمان پێشنیارێک لەلایەن حکومەتەوە کە(٧٥٠) هەزار دینارە، کاک عدنان فەرمووە.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من یەک دوو پێشنیارم هەیە پێشکەشی بکەم، راستە دەنگدان هەموو شتێک حەسم دەکات، بەس حەقی وایە ئێمە کە دوو خستنەرووی جیاواز دەبێ، یا چەند خستنەروویێکی جیاواز هەیە

لەوانەیە ئەو خستنە روویەش کە لیژنەی ئابووریش وبرادەرانیش قەناعەتیان پێ بێت وشتێکی کۆتایی وبن بڕ نییە، ئەوەی لیژنەی ئابووری دەڵێ بەڕاستی حەقە رەچاو بکرێت، ئەوە یەک، دووەمیش ئەوەی شێخ دارۆ گوتی: لەراستیدا راستە، چونکە بەقەناعەتی من مەسئولیەتی ئەنجوومەنی وەزیران مسؤولیەتێکی هاوکارییە و وەزیری دارایی بە دوو بڕگە وەکو وەزیری دارایی بەرپرسیارە لە دارایی حکومەت دەبێ زۆر حەریس بێت و، وەکو ئەندامێکی ئەنجوومەنی وەزیران بەرپرسیارە، هەر وەکو وەزیری پیشەسازی بەرپرسیارە لە وەزارەتەکەی، تەبیعی ئەوەی کاک جەمیل حەزم نەکرد بەوشێوەیە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر داوای قسەم کرد، چونکە حەزم کرد، دوو شت روون بکەمەوە، یەکەمیان، من خۆم ئیشم تێدا کردووە، لەهینی دیوان، دووەم کاک کۆسرەت وتی قسەی تێدا نەکەم حەقە خۆی بیکات، لەوەش هەر شەریکین. من لەگەڵ ئەوەدام کە درێژەکە باس بکرێ، هیچی تێدا نییە کە درێژەی بابەتەکە باس بکرێ، روون بکرێتەوە، حیسابی لەسەر ئەساسی ژمارە بکرێ، بەس ژمارەکان دەبێت تەواوبن. مرۆڤ دەبێ هەموو شتێک حیساب بکات، دەعوەتی وا هەیە لە حەجمێکی وا گەورە کە تۆ( ٥٠٠ ـ ٦٠٠ )کەسی بیبانی دەعوەت ئەکەی، ئەیبەیتە شوێنێکەوە زیافەتێکی تایبەتی بۆ دەکەی( ٥٠ )هەزار دیناری تێدا خەرج دەکەی، باشە تۆ هەموو حیسابەکەت لەسەر ئەساسی(١٣٦) هەزار دینار کردووە، لەبەر ئەوە تۆ بڵێ شتێکی وا ئەشکێنێ کە زەرەرێکی گەورە لێ ئەدەی، سبەینێ ئیشم پێ ناکرێ، سبەینی سەرقاڵی موناقەلە دەبم، لەلایەکی ترەوە پارە پەیدا بکەم، لەلایەکی ترەوە خەرج بکەم، بۆیە تکام وایە ئەم شتانە بەدیقەت حیساب بکرێ، ئەو پارانەی حکومەت خۆی داوای کردووە، دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران داوای کردووە لەسەر ئەساسی ئیمکانیاتە، ئێمە دەمانەوێ ئەم ئیشە بکەین، ئەم ئیشە بەوەندە پارەیە دەکرێ رادەی نزمی حیساب کردووە، واتێ نەگەن وەکو ئێرانییەکانمان کردبێ، ملیۆنێکمان نووسی بۆ ئەمەی موافەقەت نیو ملیۆنمان بۆ بکەن، شتی وا ناکەین ئێمە، ئینجا ئەو کێشەیەکمان ئێستا هاتۆتە سەر دەبێ حیسابێکی جیددی بۆ بکرێ، پارەکەمان قیمەتی شکاوە وبەردەوام لە شکاندایە، ئێستا ئەم بودجەیەی کە دایدەنێین دوو ملیار دینارە، پاش مانگێکی کە هەقە بڵێین ملیارێکە، لەخۆیەوە دەبێ بە ملیارێک نرخ و قووەتی ملیار دێتە خوارەوە، لەبەر ئەوە با تەشەنوجی تیا نەبێ کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ ئاسای گفتوگۆی لەسەر دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمە بەرنامەی وەزاریمان پەسەند کردووە لەناو پەرلەمان دا، ئەمرۆ دەستەی سەرۆکایەتی

وەزیران هاتوون ئەڵێن ئێمە ئەتوانین بەو پارەیە ئەو بەرنامەیە کە ئێوە پەسەندتان کردووە جێبەجێی بکەین، بەراستی دەبێ ئێمە هەندێک لە دەنگدان ولە گفتوگۆکردن دا چاودێری ئەو بابەتە بکەین کە ئەنجوومەنی وەزیران موکەلەفە ئەم بەرنامەیە جێبەجێ بکات وئێستا بەراستی ئەڵێن سەرۆک وەزیران وجێگری سەرۆک وەزیران ئەڵێن ئێمە بەو پارەیە ئەتوانین ئەم بەرنامەیە جێبەجێ بکەین بەراستی ئێمەش وەکو پەرلەمان بمانەوێ حکومەتەکەمان بەرێوە بچێ، دەبێ هەندێ چاودێری ئەم مەسەلەیە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆیە پێشنیارەکەم بەم شێوەیەیەکە دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە لەسەر ئەو ژمارەیە، تکایە بالەسەر ژمارە گفتوگۆ بکرێ، لەسەر قسەی یەکتری گفتوگۆ نەکرێ چی تر. دوو پێشنیار هەنە ئینجا یا لەگەڵن، یا لەگەڵ نین ئەگەر زیادیەکتان هەیە بۆ روون کردنەوە لەسەر ئەم ژمارەیە بەسەر چاو، چونکە لیژنەی ئابووری رای خۆی داوە، موبەریراتی گوتووە حکومەتیش موبەریراتی خۆی گوتووە، ئەگەر شتێکی زێدە هەیە لەسەر ئەوە، ئەوا فەرموون.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من شەخسی خۆم هێشتا تێ نەگەیشتووم حەز دەکەم سەرۆکایەتی بۆم روون کاتەوە(٧٥٠) هەزارەکە بۆچی کەم بۆتەوە، من لە شەرحەکەی برادەران تێ نەگەیشتووم، بەراستی لەوانەیە هەندێ برادەر تێ گەیشتبێ ئێستا شەرحەکەی بەڕێزان کاک کۆسرەت ود. رۆژ روون بوو، بەس هی لیژنەی ئابووری تێ ناگەم و حەز دەکەم ئەگەر سەرۆکایەتی تێ گەیشتوون روونی بکەنەوە زۆر باشە بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک کەمال ببوورە، ئەنجوومەنی وەزیران ئەڵێت لەسەر ئەو ئەساسە حیسابمان کردووە کە هەتاکو مانگی شەش(١٣٦) هەزار دینار خەرج کراوە بۆ ئەم بابەتە کە پار لە بودجە(٢٥٠) هەزار دیناری بۆ دیاری کراوە، جا ئەگەر ئەو شەش مانگەی تریش هەر بەقەدەر شەش مانگەکەی تربێ ئەوا دەکاتە(٢٥٠) هەزارەکە ئەگەر ئاوسانیشی بەرادەی دووجایی حیساب کردبێ ئەوە(٥٠٠) هەزار دینار رادەی بەرزی خەرجی ئەو بابە دەبێت، ئەوە بۆچوونی ئەوانە، لیژنەی داراییش قسەی خۆیان هەیە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبنییەک بۆ برادەرانی پەرلەمان، بە بۆچوونی من بڕیاردان لەسەر ژمارەکان ئەوەندە گرنگ نییە

بەرامبەر ئەوەی برادەرانی پەرلەمان چاودێری ئەوە بکەن چۆن خەرج دەکرێت، بەراستی تا ئێستا لە پەرلەمان ئەو جۆرە تەوەجوهە لای هیچ ئەندامێک نییە وهیچ راپۆرتێک لای هیچ ئەندامێک نییە بلێ مراجعەتی فلان وەزارەتم کرد خەرج کردنەکەی بەو شێوەیە بووە، جیاوازییەکانی بەو شێوەیە بووەو، برادەرانی پەرلەمان دەبێ لەو ئاستەیە بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوو پێشنیارمان هەیە، پێشنیاری یەکەم دیاری کراوە بە(٧٥٠ )هەزار دینار، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟... کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ ئەو پێشنیارەی حکومەت پەسەند کرا.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

١٤/ المؤتمرات والندوات/ ٥٠ هەزارە (متفق علیە) بووە (١٠) هەزار دینار لەسەر پێشنیاری لیژنەی ئابوورییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

برگەی(١٤)تێبینییەکی لەسەر هەیەو، پرسیارەکە دیسان دەکرێتەوە، با من بیکەمەوە باشترە با دووبارە نەکرێتەوە، تەبریری ئێوە چییە بۆ ئەم(١٠) هەزارە؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوونەن.**

پار پەسەند کراو(٥) هەزار بوو یانرخ ژ بیگۆڕین بسێتە دووقات واتە،(١٠) هەزار دینار، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر چەندە وتم کە مناقەشەی نەوێ، بەلاّم بەراستی دەمەوێ پرسیار لە لیژنەی دارایی بکەم ئایا کۆنگرەیەک بە(٥٠ )هەزار دینار دەکرێ ئەگەر یەک کۆنگرە لە ساڵی ١٩٩٤ بکرێ (٥٠ )هەزار پێی دەکرێ، ئەمن ئەو پرسیارە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیاری حکومەت(٥٠) هەزارە، پێشنیاری لیژنەی ئابووری(١٠)هەزار دینارە بۆ دەروازەی کۆنگرە وکۆڕەکان، کێ لەگەڵە؟.. ئەوەیکە حکومەت پێشنیاری کردووە.. کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ(٥٠ )هەزار دینار سەپێنرا.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

١٥/ الاحتفالات(١٠٠) هەزار بووە، بە(١٠٠) هەزار هاتۆتەوە، بەلاّم پێشنیاری لیژنەی ئابووری (١٠) هەزارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئابووری پێشنیاری(١٠) هەزاری کردووە. روون کردنەوەی خۆتان بدەن تکایە.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئاهەنگ گێڕانەوە ئێمە ساڵی پار کاری پەیڕەوکراو وابوو هەموو وەزارەتەکان(١٠) هەزار دینار بێ، بەڵام کە کۆبووینەوە لەگەڵ وەزارەتی دارایی دا گەیشتینە ئەنجامێک کەوا زانکۆکان پێویستیان بە ڤیستڤاڵ هەیە، بە کۆمەڵێک ئاهەنگی یەکترناسین وشتی وا هەیە، پێویستی بە پارە هەیە، لەبەر ئەوە تەنها بۆ زانکۆکان زیادمان کردووە، بۆ وەزارەتەکان بریارمان داوە کە(١٠) هەزار بێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پار بە بۆنەی تێپەڕ بوونی یەک ساڵ بەسەر دامەزراندنی حکومەت، جەنابتانمان دەعوەت کرد(١٠) هەزاری تێ چوو، هەر ئەو پرسیارەتان لێ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو بابەتە روونەو رای حکومەت بەو شێوەیەیە.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاهەنگ گێڕان بەتەنها بۆ ئەو بۆنە نیشتمانییانە ئەم مادەیە دەیگرێتەوە، بەڵام دەعوەت وشتی وا ئەوە لەگەڵ (وفود وعلاقات) ومیوانەکان دایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری حکومەت(١٠٠) هەزارە وەکو وتمان، بەڵام پێشنیاری لیژنەی ئابووری(١٠) هەزارە وگوێتان لە هەردوو لا بوو، پێشنیاری حکومەت کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ(١٠٠) هەزار دینارەکە پەسەند کرا.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێ هەندێ حاڵەتی تێدایە لەوانەیە چارەسەرکردنی ناوەندیی هەبێ یانی مەرج نییە یا ئەو، واتە ئەو حاڵەتەش حەقە رەچاو بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا، دوو پێشنیارمان هەنە. ئەگەر پێشنیارێک بێتە پێشەوە تێبینی دەکەین، بەڵام کە پێشنیار نەبوو، چ دەکەی؟

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراسیتدا ئەو مادانە ڕۆیشتن بەس لە مەسەلەی ئاهەنگەمان بڕیاری لیژنەمان بوو، بەڕێز وەزیری دارایی بەشداری کردبوو. بەراستی پاریش خەرجی ئاهەنگەکان لە(١٠) هەزار تێپەڕیوە، لیژنەی ئابووری ئێمە وا پێشنیار دەکەین هەرچی ئاهەنگ گێرانی تێدا هەبوو ببێتە(١٠) هەزار بۆ وەزارەت وبۆ هەموو فەرمانگەکان، مەبەستم ئەوە نییە بڵێین کێ برکێی ئەنجوومەنی وەزیران بکەین، ئێمە وەختێک کە بڕیارمان دا کە ئاهەنگ گێڕان کەم بێ، یان پێشنیارمان کرد لەسەر ئەو دەرگایە کە ئێمە هیچمان نییە، نانمان نییە بخۆین، بەڵام ئەمانەوێ بایی(١٠٠) هەزار دینار ئەهانگ بگێرین، ئەمەش لەگەڵ میوان وپەیوەندییەکان جیاوازی زۆرە. بەڕێزان ئێمە وەکو لیژنەی ئابووری قەت شتێکمان بە دەمارگیریی لەگەڵ فلان لایەن دا نەکردووە، بەپێچەوانەوە برادەر رای خۆی دەردەبڕێ، عەفوو کە سەرۆکی پەرلەمان، لەراسیتدا بودجەی زانکۆی سەلاحەدین هی مووچەکان هاتۆتەوە بە(٧٥) هەزار دینار هاتۆتەوە بۆ ئێرە هی(٦) مانگ، ئێمە لەسەر ئەو بنچینە(٧٥) هەزارمان داناوە. تصور بکەن ئەگەر زانکۆی سلێمانی لە شەش مانگ دا(٧٥) هەزار دینار بدا من چۆن بتوانم بۆی بکەم بە ملیۆنێک دینار، چۆن بتوانم بۆی بکەم بە ملیۆن ونیوێک، بەڵام وەختێ تەعقیبی دەکەین تەماشای دەکەین لە وەزارەتی ئابووری هەر لە بنچینەوە ژمارەکە بەهەڵە هاتووە مووچەی یەک مانگیان(٩٠)هەزار دینارە، حەز دەکەم بزانن، سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە لە راستیدا بە هیلاک چووین وسوپاستان دەکەین بۆ ئەو تەقدیرانە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وابزانم ئاهەنگ گێڕان ئەگەر ببێ بەراستی هەر کەسێک لە ئێمە ئەزانێ بە (١٠) دینار ئاهەنگ گێڕان ناکرێ ئەگەر دەتانەوی لەغووی بکەین وەکو د. رۆژ فەرمووی لەغووی کەن ئەمە یەک، بەڵام ئەنجامی ئەوەی کە داوا بکرێ بە سەد هەزار هینی سەرۆکایەتی وەزیران بڵێین دەبێ هی هەموو وەزارەتێک هەمان شت بێت یانی ئەمە تەنها لەگەڵ ڕێزمان بۆ شێخ یەحیا، هەر ئەوەیە کە تۆزی ئینفیعالی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکا دەکەم ئەوە دەنگمان لەسەر داوە قابیلی گفتوگۆ نییە وتەواو بووە، هاتینە سەر وەزارەتەکان، ئەو کاتە لەسەر ئەو بابە حەقی خۆتانە گفتوگۆ بکەن. ئێستاش با بێینەوە سەر بابەتەکە.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

١٦/ الدفاع المدنی/ (٢٥) هەزار بوو، بە(٢٥)هەزار دینار لەوەزارەتی دارایی هاتووە وپێشنیاری لیژنەی ئابووری(١٠) هەزارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یەکسەر ڕوون کردنەوەکەشمان پێ بڵێن.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(دفاع مدنی) پار(٥) هەزار بوو، ڕاستە(٥ر٤) هەزار خەرج کرن، بەرگریی شارستانی شتی ئاگر کوژاندنەوە دەکرن ئەو مەوادەی سەرەکی ئەڤ پێویستیانەی بەرگریی شارستانی هەر ئەمێنن بۆ ساڵی داهاتوو لەبەر هەندێ، پار(٥) هەزار بوو، ئەمساڵ گوتمان با(١٠) هەزار بێ. بۆ ئامێر و پێداویستییەکان ماون، چونکە (الحمدلله) هیچ کێشەیەک نەبووە یانی ئاگر کوژێنەوەمان دەوێ ڕای ڕای ئەندامانی پەرلەمانیشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینی هەیە لەسەر ئەم بابەتە؟ پێشنیارەکە (٢٥)هەزار دینارە ئەوەی کە لەلایەن حکومەتەوە پێشنیار کراوە، بەڵام(١٠) هەزار لەلایەن لیژنەی ئابوورییەوە پێشنیار کراوە. تەبریری لیژنەی دارایی ئەوەیە پار(٥) هەزار تەرخان کراوە ئەم ساڵیش پێشنیاری (١٠) هەزار دینار دەکەن، لەبەر ئاوسانی نرخ، کێ لەگەڵە ئەوەی حکومەت پێشنیاری کردووە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.

باشە ئەوە وەزیری دارایی لێرەیە، ئەوە گرنگە برگەی (٢٤)ی لەگەڵدا بوو، ئێستاکە ماوە بڵێین کێ لەگەڵ نییە؟.. بەرگریی شارستانی، پێشنیاری حکومەت(٢٥) هەزارە، پێشنیاری لیژنەی ئابووریش (١٠) هەزارە، خستمانە دەنگدانەوە، پاش ئەوەی کە وتمان کێ لەگەڵ نییە؟ واتە پێشنیاری حکومەتمان خستە دەنگدانەوە وگوتمان کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە(٢٥) هەزارەکە، (٢٤) کەس دەستی بەرز کردەوە کە لەگەڵیەتی وەکو خۆی بمێنێتەوە. ئنجا ئەڵێین کێ لەگەڵ نییە؟.. دەست بەرز کرایەوە، بەزۆربەی دەنگ ئەو(١٠) هەزارە دەمێنێتەوە، دێینەوە سەر برگەی(١٧) جا ئەگەر لیژنەی ئابووری کەرەم کا وبرگەی (١٧)مان بۆ بخوێننەوە.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

١٧/ المكافآت لغير منتسبي الدائرة/ (١٥٠) هەزار پێشنیاری وەزارەتە وپێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیرانە(٢٥٠) هەزار وەزارەتی دارایی وئابووری ڕەزامەندی لەسەر دەربڕیوە، لیژنەی ئابووری پێشنیاری(١٠٠) هەزار دینار دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیاری حکومەت (٢٥٠) هەزارە پێشنیاری لیژنەی ئابووری(١٠٠) هەزارە، ئەگەر لیژنەی ئابووری ڕوون کردنەوەیەکمان پێ بدەن، بۆ ئەوەی برادەران لە سورەتەکە بگەن وحەتمەن پرسیاریش دەکەن کە بۆ ئەم داشکاندنە کراوە؟

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی پـەرلـەمــــــان.**

ئەگەر ئێمە بەری خۆمان بدەینە(٦) هەیڤا(٢٥٣٥٠) دینار خەرج کرنێکی ماقوولە و، پار(٥٠) هەزار هاتبێتە داشکاندن راستاندنی پەرلەمانێ ئەڤ سالە مەگوت بلە دوو جارە ژی هەبێ مەدیت لەگەلّ بارودۆخی نەبونە دراڤێت کوردستانێ مەگوت(١٠٠) هەزار کافییە بۆ ڤێ بابەتێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

ئەوە روون کردنەوەی لیژنەی ئابوورییە (٢٥٠) هەزار داشکاندراوە، بۆ ئەم برگەیە لیژنەی دارایی پێشنیار ئەکەن کە بکرێت بە(١٠٠) هەزار دینار وپێشنیاری حکومەت وەکو وتمان(٢٥٠)هەزارە، جا ئەگەر حکومەت چ ڕوون کردنەوەیەکی هەیە با دەری بڕێ.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

ئەو مەبلەغەی دانراوە(٢٥٠) هەزار کە پاداشتە بۆ ئەوانەی سەر بە فەرمانگەکە نین، بەرای ئێمە لە جێگەی خۆیەتی، چونکە مراجعین و، ئەو خەڵکانەی کە پاداشتیان پێ ئەدرێت لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، تەنیا بەند نییە بە فەرمانبەری فەرمانگەکەی خۆمان کە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنە بینا بچووکێک هەیە لە تەنیشتانەوەیە، بەڵکو بۆ هەموو فەرمانگەی هەرێمی کوردستان وهەموو فەرمانگەکان دادەنرێن، بەشێوەیەکی تر وەکو فەرمانبەری فەرمانگەی ئێمەو ئەوانیش دێن سەر دەکەنە سەرمان وداوای پاداشت دەکەن وزۆر جاریش وا ڕوو ئەدات پاداشتیان دەدەینی بەس لەبابی پاداشت بواری ئەوەمان نەماوەو، نەبووە کە بە ئاشکرا وبەرێکی بیان دەینێ، چونکە مناقەلەمان بۆ کردووە، لە ڕێگایەکی ترەوە داومانە، بۆیە ئەو مەبلەغەمان داناوە کە ڕاستەوخۆ هەر لە بابەکەی خۆیدا ئەو جۆرە پاداشتانە خەرج کەین، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

هەندێ برادەر لەوانەیە تێبنییان لەسەر ئەمە هەبێت، کاک عەبدولخالق تێبنی هەیە هەروەها کاک د. عیزەدین.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

بەراستی سەبارەت بە مەوە روون کردنەوەیەکم گەرەکە، من دەمەوێ بزانم مەبەست لە پاداشت چییە کە دەدرێ بە غەیری کارمەندانی فەرمانگە؟ واتە بەخشیشە دەیدەن؟ واتە یارمەتییە بۆ هەندێ کەس، پاداشت عادەتەن دەدرێ بەو فەرمانبەرانەی ئەرکیان زۆر لەوە زیاترە کە مووچە وەردەگرن، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەنگە ئەو پارەیە هەمووشی خەرج کرێت، ڕەنگە نیوەشی خەرج کرێت بەپێی توانای خۆیان ئێمەش دڵنیاین لە ئەنجومەنی وەزیران کە ڕەنگە زیاد ڕۆیی نەکەن لە هەندێ خەرج کردندا، بەڵام بەڕێز وەزیری دارایی شتێکی گوت، شتێکی ڕوون کردەوە دەربارەی هەموو بودجەکە وئەو جۆرە ژمارانە کە ئێمە دامان ناوە، مەرج نییە ئەو بودجەیەی کە هەشمان بێت هەر هەمووی خەرج کەین ئەمە ڕەنگە لە دەرەوە ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان ویستیان پارەمان بدەنەوە کەمێک یارمەتیمان بدەن، بڵێین ئەمە بودجەکەمانە، وائەزانم بەگشتی هەندێ جار لەو ژمارانە ڕەچاوی ئەو تێبنییە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق وابزانم جەنابی وەزیری دارایی مەبەستی زیاتر لە بودجەی وەبەرهێنان بوو، مەبەستی لە ژمارەکانی ناوخۆ نەبوو، کاک د.عیزەدین مەبەستی زیاتر لە گفتوگۆی وەبەرهێنان بوو، ئێمە گفتوگۆمان لەسەر ژمارەکانی ئێستایە بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم پرسیارە، ئەگەر بەڕێز وەزیری دارایی بفەرمووێ.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەست لە(مكافآت لغير منتسبي الدائرة) مانای ئەوەیە هەموو فەرمانبەرێک کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دا بێت جگە لەوانەی لەئەنجومەنی سەرۆکایەتی وەزیران، جگە لەو ژمارە فەرمانبەرە بە فەرمانبەری دەرەوەی فەرمانگە دادەنرێن، ئینجا ئەوە ئەو کەسانەیە خۆی وەکو بەڕێز کاک عەبدولخالق پرسی وئەڵێ ئایا ئەمە پاداشتە یا بەخشین؟ ئەوەیە کە مەرج نییە(لقاء عمل) بێت یاخود لە بری ئیشێکی زیادە بێت یان لە بری ئیشێکی چاکە بێت بۆ حکومەت کراوە، بەڵام ئەمەیان بۆ ئەو کەسانەیە کە ئیشی گرنگ دەکەن وبۆ هاندانیانە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز د. ڕۆژ فەرمووی کو هەمی فەرمانبەری کوردستانێ حساب کرد فەرمانبەری ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەکو بەس ئەوەندە وێدڤت کاری کەن ئەو ڕاستە، بەڵێ جەنابی وەزیر گوتی ئەڤە ئەڤ پاداشتەیە نەوەکو(لقاء عمل)، بەڵێ(لقاء عمل متميز لتلك الدائرة) نەخێر بەپێچەوانەوە ئەڤە بۆ وانە ئەو کەسانەی کە خزمەتێک بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکەن بەڕاستی ئەوانە ئەو کەسانەی کە خزمەتێک بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکەن ولەم مادەیە پاداشتییێکی بۆ خەرج ئەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وابزانم تەفسیرەکان باش نارۆن، چونکە ئەو پاداشتەیە بۆ هاندانە بۆ غەیری کارمەندی فەرمانگەیە، ئێمە لە پەرلەمان دا کاری پێ ئەکەین، برام کاک جەوهەر پێش ماوەیەک لەگەڵ من دا باسی کرد کە کۆمەڵێکی کەرولاڵ هەن ئەیانەوێت هانیان بدەین بۆ ئەوەی هەندێ مەکینەی دروومان وشتی وا بکڕن، ئێمە ئەو پاداشتە تەشجیعییەمان لەوێ دا نییە، لەسەر ڕێککەوتنی سەرۆکایەتی من چۆوم بۆ زانکۆی سلێمانی، هەندێ موادی خواردەمەنیان داوا کردبوو، نموونەیان نارد بوو بۆ ئێمەو بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ولەسەر ڕێککەوتنی سەرۆکایەتی سەردانی زانکۆی سلێمانیم کرد( ٢٠ ) هەزار دینارمان وەکو دیاری لە پەرلەمانەوە بۆ زانکۆی سلێمانی برد، جا من وابزانم ئەو مەسەلەیە بۆ هاندانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من نموونەیەک دێنمەوە، ئێمە ڕاستە سەفەرێکمان هەبوو چووینە دۆکان، لەوێستگەی کارەبای دۆکان کۆمەڵێک کارمەندی زۆری لێیە، نازانم هەموویان( ٢٠٠ ) کەس یان زیاترن. وەکو هەمووشتان دەزانن ئەو وێستگەیە کارەبای کوردستانی لەسەر شانە، ئەوانە مووچەیەکی زۆر کەم وەر ئەگرن، من ئەگەر بمەوێ پاداشتیان پێ بدەم، سوپاسی هەموو کرێکارەکان بکەم بەگشتی، چونکە ئەمە ئیشەکە ئیشی ئەندازیارێک نییە، یان بەڕێوەبەرێک نییە کە ئەو بارەی بەرێک وپێکی وبەباشی ڕاگرتووە، بەڵکو کاروهونەری هەموویانە ئەوانە کە لەوێ ئیش دەکەن، هەموو کارمەندان، ئەگەر بمەوێ ئەوانە پاداشتیان پێ بدەم چۆنیان بکەم، مووچەیان مووچەیەکی کەمە یەکی( ٢٠٠ ) یا ( ٢٢٠ ) دینار وەردەگرن وئەو ئیشە گەورەیەش دەکەن وکارەبای هەرێمیشیان ڕاگرتووە تا ئێستا باشە، ئەمە پێویست ناکات من تەقدیرێکی تایبەتی بۆ بکەم وەکو سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەو تەقدیرە با لە شوێنی خۆیا بێت وبەشێوەیەکی وا بێت کە دیار بێت تا ڕادەیەک کە بەلانی کەمەوە لە مووچەکەی زیاتر بێت، وسوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من قسەکەم کردووە بەدەنگێکی بەرز، ئەوە بوو هەموو گوێتان لێ بوو، ئەوە (لقاء عمل)ە پاداشتە کە ئەدرێ بەو کەسانەی کە کارمەندی فەرمانگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانن بۆ هاندانیان یا بۆ پاداشت پێ دانیان لە ئەنجامی کارێکی گەورە یا خود کارێکی ڕێک وپێک کە ئەنجام دراوە، ئەو پارەیە دانراوە( ٢٥٠ ) هەزار دینارە ئێمە کەممان کردۆتەوە وکردوومانەتە( ٢٢٠ ) هەزار دینار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیرە(٢٥٠) هەزارە، کاکە دارۆ!

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر (٢٢٠) هەزار دینارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وا دیارە برادەرانی لیژنەی ئابووری نەیان دیوە، بۆیە رەخنەیان هەبووە.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جا بەڕێزان(٢٥٠) هەزار دینار کە ئەوان داوایان کردووە، باسی ژمارەکە ناکەم کە ئێمە گوتوومانە ئەکاتە چەند، ئەگەر لە ساڵێک دا پاداشت بدەنە هەزار فەرمانبەر، یەکی (٢٥٠) دیناریان بدەنێ هەمووی ئەکاتە(٢٥٠) هەزار دینار، واتە مەعقولە وای لێ بێ بڵێ سەرۆکایەتی وەزیران یەکی(٢٥) دینار بدەن بە فەرمانبەر بۆ ئەوەی ژمارەکە باشتر بێت وپاداشتەکە باشتر دابەش بکرێت، لەبەر ئەوە ژمارەکە سەیر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم ئێستاکە ڕوونە، ئەگەر لیژنەی ئابووری روون کردنەوەیەکی هەیە بابیڵێ.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر لیژنەی ئابووری ئەوە ڕوون بکاتەوە، لەگۆڕینی ژمارەکەدا موبەریری چیبیە؟ بۆ ئەوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە مەرجەکەیان بگەن، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پار ئی پەسەند(٥٠) هەزار بوو تا ٦/٣٠ (٢٥٣٥٠) دینار خەرج بووە(٥٠) هەزارەکە×٢ بکەن. ئەڵێن ئەم ساڵە دووجایشی نەکەن، چالاکی زیاتر دەنوێنن یان نرخی دینار دابەزیوە×٢ بکە ئەوە دەبێتە(١٠٠) هەزار دینار، لەبەر ئەوە(١٠٠) هەزار دینارمان داناوە کە دووئەوەندەی ساڵی رابوردووە. سوپاس.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕێزم هەیە بۆ هەموو راو بۆ چوونەکان. بەڕێز کاک نەژاد ئاماژەیەکی کرد بۆ بابەتی ئەو کەڕولاڵانە، لەراستیدا ئەوە بەخشینە نەک پاداشت، بابەتی پەرلەمانیش لەراستیدا پاداشتی بەرابەر بە ئیشە، ئینجا سەبارەت بە ئەوەی کە ئێمە قەناعەتمان پێیە، کە فەرمانبەر بە پاداشت ناژی، بەڕێزان ئەگەر

بمانەوێت فەرمانبەر باری ژیانیان باش بکەین لە ئارەبای دۆکان بێت یان لە دەربەندیخان بێت یان لەهەموو کوردستان بێت بەراستی دەبێ یارمەتی مووچەیەکیان بۆ زیاد بکرێت، بەڕێز جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران یان جێگری سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران کە وەختێک سەردانێک دەکەن، بۆ شوێنێ دەچن، حەقی خۆیانە، بەڵام لە وەختێک دا کە ئێمە هەمان بێت کە ئێمە سیاسەتی تەقەشوف بەکار بێنین «پارەمان بەدەستەوە نەبێت و، وەزارەتی دارایی بە هەموو جۆرێک تکا بکات ونووسراوی رەسمی وبە ئاشکرا داوا بکات دەست بە خەرجییەوە بگرین بۆیە لە راستیدا ئێمە بە قەناعەتەوە کردوومانەتە(١٠٠) هەزار دینار وسووربشین لەسەر پێشنیارەکەی خۆمان کە هەر بە(١٠٠) هەزار بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو نموونەیەی کاک د. رۆژ باسی کرد، ئەو رۆژە ئێمە چووینە کارگەی ئاسلووجە، ئێستا کارگەی سەرچنار ئیش دەکات بە وزەی(٢٥٠) تەن رۆژانە کە لەوێندەرێ ئەو نەوتە رەشەی شل بکاتەوە وبنێردرێ بۆ کارگەکە تاکو ئیشی پێ بکات، لەوێ بەخەلەلی کارەبایی یان بە هەر شتێک لەو بابەتانە سووتا بوو، کۆمەڵێک لە کارمەندی خۆیان ئەوکاتە نزیکەی(٢١) کەس(٢٣) کەس بوون، ئێمە کە داوامان لێ کردن گوتیان خۆمان دەیکەین شەو ورۆژ ئیش دەکەین پاش دەوامان کار دەکەین وهیچ پارەی کاری زیدەش وەرناگرین، بەڵام حەقی ئەوەی هەیە کە ئێمە بەدەستی خۆمان ئەوەی چاک دەکەینەوە، یارمەتیەکمان بدەن و، هاتن لە سەرۆکایەتی وەزیران، ئێمە پاداشتمان پێ دان، هەریەکی(٣) هەزار دینارمان پێ دان، واتە ئەوە لەو بابەتەیە، واتە ئەوە نییە بڵێی فەرمانبەر بە پاداشت دەژی، چونکە لەبەر باری ئابووری هەموو فەرمانبەر دەوام ناکەن وئەو ژمارەیەی ئێمە هەمانە. بەڵکو هەندێکیان یان بڵێین هەموویان دانی ئێواران ئیش دەکەن وخەڵک هەیەمۆڵەت وەردەگرێ تاکو ئیش بکات دەنا کێ بە(٣٠٠) دینار دەژی کێ بە(٤٠٠) دینار دەتوانێ گوزەران بکات وبژی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستاکە بابێینەوە سەر بابەتی خۆمان، ئێستاکە ئێمە ئەوە دەکەینە(٢٢٠) هەزار، ئەوە با بڵێین را وپێشنیاری حکومەتە و کەپێشنیاری لیژنەی ئابووریش(١٠٠) هەزارە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە(٢٢٠) هەزارەکەی کە پێشنیاری حکومەتە؟... کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە(٢٢٠) هەزار.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المتنوعة/ (١٥) هەزارە و، پێشنیاری (متفق علیە) (١٥) هەزار دینارە، پێشنیاری لیژنەی ئابووریی(١٠) هەزار دینارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم بڕگەیە (١٥) هەزار لەسەری کۆکن، چ روون کردنەوەی پێویست نییە؟ رابزانم مەبلەغەکە روونە، فەرمووو کاکە شێخ ئەگەر روون کردنەوەیەکی گچکە هەیە.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(متنوعة) لەو بابەتەیە کە ئەگەر لە شوێنێکی تر شتێک نەبوو لێرەوە بۆی خەرج کرێت، واتە ئەوە جێی هیچ شتێک ناگرێ. پار(٧ )هەزار بووە،(٤) هەزاری خەرج کراوە، بەراستی(١٠) هەزارەکە بە کافیمان زانی و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

موبەریریان ئەوەیە کە پارەکە ئەوەندە بووە چوار هەزاری ماوەتەوە، ئەوە کردوویانە بەدوو قات، کردوویانە بە(١٠) هەزارو پێشنیاری (متفق علیه) لەلایەن حکومەتەوە(١٥) هەزارە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ لەگەڵ(١٠) هەزارەکەنە.. واتە (١.) هەزارەکە پەسەند کرا بە زۆربەی دەنگ و، ئێستاکە دێینە سەر فەسڵی سێیەم.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(قرطاسیە ومطبوعات)(١٥٠) هەزار، پێشنیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانە(١٧٠) هەزار (متفق علیه) لەلایەن وەزارەتی ئابوورییەوە، پێشنیاری لیژنەی ئابووری پەرلەمان (١٥٠) هەزارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا پێشنیاری( متفق علیه) (١٧٠) هەزارە، هەر چەندە پێشنیاری وەزارەتی پەیوەندیدار(١٥٠) هەزارە ولیژنەی ئابووریش هەر(١٥٠) هەزارە، (١٧٠) هەزارەکە ئەگەر چ تێبینییەکی لەسەرە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لێرەدا گازندەم لە بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری هەیە، چونکە وەزیری دارایی لە هەموو جێیان قەت شتێ زیاد ناکەن وهەمیشە خەریکی کەم کردنەوەنە، ئەنجوومەنی وەزیران خۆی(١٥٠) هەزاری، ویستووە، کەچی ئەو کردوویەتی بە(١٧٠) هەزار دینار، دەبوایە هەوڵ بدات تۆزێکیان لێ دابشکێنێ، کە چی لێی زیاد کردووە، حەق نەبوو وەزارەتی دارایی ئەو زیادەیە بخاتە سەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئینجا کێ ئەڵێ وەزیری دارایی رای وایە؟ بابزانین.

**بەڕێز دارۆ شـــــێخ نووری: وەزیری دارایی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ژمارەی کەنووسراوە(١٥٠) هەزارە ئەوە بۆ خۆی(١٧٠) هەزارە ئەسلەکەی کە لەبەردەمەو بەدوو برگە(١ر٢) هاتووە، یەکەم قرتاسیەیەکە داوای(١٥٠) هەزاریانە کردووە و، دووەم چاپەمەنیە کە داوای(٢٠) هەزار کراوە و سەرجەمەکەی دەکاتە(١٧٠) هەزار دینار، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

مانای ئەوەیە چاپەمەنی ڕەزامەندیان لەسەر کردووە، چونکە بەس لەسەر قرتاسیە تێبینییەکیان هەیە وابزانم.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ قرتاسیە وچاپەمەنی داوای(١٥٠) هەزاری کردووە، بۆ قرتاسیە راستە جارێکی تر نووسیویانە (١٥٠) هەزار، پاش چاپ هەموو شتێک دیارە، چونکە یەکێ سەیری لیستە بکات هەروا چاپەمەنیان خستۆتە ناو بە(٢٠) هەزار، واتە لە ئەنجومەنی وەزیران هەردوو برگە بە(١)برگە هاتووە(١٥٠) هەزار دینارە دەڵێن لە وەزارەتی دارایی بە شکڵی (٢٠)هەزاری تر خراوتە ناوی، ئەگەر باش سەیری خشتەکان بکەن. لەبەر ئەوەی چاپەمەنی بەڕای لیژنەی ئابووری(٢٠) هەزارەکە بمێنێ، بەڵام قرتاسیە لە جێگەی(١٥٠) هەزار ببێتە(١٣٠) هەزار و سەرجەمەکەی دەبێتە(١٥٠) هەزار دینار و وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

وەزیری دارایی ئەگەر چ روون کردنەوەو تێبنی نییە، ئەوە با پێشنیارەکەی لیژنەی ئابووری بخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە(١٥٠)هەزارەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز یەحـــیا مـــحـــمـــەد عـــەبدولکەریم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

(الفصل الرابع/ الصیانة/ صیانة الاثاث)(٣٥)هەزار دینار پێشنیار بووە، ئەوەی لەسەری ڕێک کەوتوون(٣٥) هەزارە، لیژنەی ئابووری پێشنیاری(١٥) هەزاری کردووە،(صیانة المباني) بە (١) ملیۆن دینار لیژنەی ئابووری پێشینیاری(٥٠٠) هەزار ئەکات.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

پێش ئەوەی بێینە سەر فەسڵی(٣) بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین. بشمان بورن فەسڵی دووەم پاش ئەو هەموارکردنەی کە کرا بێ دەنگ لەسەر وەرگرتن بەسەریدا ڕۆیشتین بەڵام نەچووە بچێت، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە فەسڵی دووەم پاش ئەو گفتوگۆ و ئەو هەموارکردنە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆبەی دەنگ فەسڵی دووەم پەسەندکرا.

فەسڵی سێیەم تەبیعی گفتوگۆی لەسەر کرا وپێشنیارەکان پەسەند کران. ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە فەسڵی (٣) وەکو مناقەشە کراوە پاش ئەو دەستکاریانە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ فەسڵی سێیەمیش پەسەند کرا.
ئێستاش دێینە سەر فەسڵی چوارەم ـ (صیانة الاثاث)(٣٥) هەزار دینار (متفق علیە)(١٥) هەزارە، بەڵام با لیژنەی دارایی روون کردنەوەیەکیشمان پێ بدەن بۆ ئەو(١٥) هەزار دینارە.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(صیانة الاثاث) پار(٧) هەزاریان بووەو(٤١٧٠) دیناریان خەرج کردووە، کەلوپەلەکانیان هەموویان تازەن وڕێک وپێکن وهیچ عەیبێکیان نییە، (٣٥) هەزاریان پێشنیار کردووە لەراستیدا ئێمە بەقەناعەتەوە پێشنیاری(٥) هەزار دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر چ تێبینییەک هەیە فەرموون.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لەهاتنی بودجەکەدا زوو دووبارە ئەکرێتەوە کە خۆشی لە ئەسڵی پێشکەش کردنی پرۆژەکە ئەوە هاتووە کە لە(٦)مانگی ساڵی پاردا چەند خەرج کراوە، دیارە لەوڵاتی مستەقری خاوەن عوملەی بێ بەرزو نزمی ئەوە دەبێتە پێوەرێکی رێک وپێک کە ساڵی پار لە(٦) مانگی یەکەم دا چەند خەرج کراوە، بۆ ئەوەی ئەم ساڵ بەپێی ئەوە تەقدیراتی بۆ بکەی وپارەی بۆ دابنرێت، بەڵام ئێمە ئەگەر سەیری (٦) مانگی یەکەمی پار بکەین ئەوەمان ئێستا بۆ ناکرێت بە پێوان کە لەسەر ئەوە بەراوردێک یاخود پارەیەک تەرخان بکەین بۆ خەرجی ئەم ساڵمان، چونکە دوو هۆ هەنە، ساڵی پار سەرەتایی ساڵی پار بۆ یەکەم جار بوو بودجە لە هەرێمی کوردستان دا دابنرێت، واتە پێشتر تەقدیرێک نەبووە بۆ دانانی بودجە ئەوە یەکەم جار بووە یا بڵێین بەردی بناغەیەک بووە ودەستی پێ کراوە، مەرج نییە ئەو تەقدیراتانە راست بن. دووەم: جیاوازی پارەی پار لە مانگی(١)(٢) تا مانگی (٦) لەگەڵ ئێستا بەراورد بکرێ(٣) جار جیاوازی کردووە، واتە ئەوکاتەی کە چاکردنەوەی کەلوپەلێک یان کرینی یا هەر خەدەماتێکی تر بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ٣/١ی ئەو نرخەی ئێستایە، بۆیە هەندێ جار برادەران بەتەعلیقەوە باسی ئەوە دەکەن ئەڵێن وەزیری دارایی لە هەموو وڵاتان گیرە ولەسەر پارە ئەیکات بە هەرا، بەڵام ئەو دڵی باشە وئەمە لە تەقدیری ئەوەوە هاتووە جیاوازی پارەکە ئەوەندە زیادی کردووە ئێستا بەم ژمارانە چارەسەر ناکرێت، لەبنچینەدا کێشەکەی ئێمە ئەوەیە لەگەڵ رێژەی هەڵاوسانەکە فریا ناکەوین، ئەم بودجەی کە دانراوە دوا تەقدیراتی مانگی(١١)ی ساڵی ١٩٩٣ بووە، ئەوکاتەی نرخی دۆلار (٥ر٣٧) بووە ئێستا سعری دۆلار (٥ر٧٦)ە ئێ باشە چۆن من دەتوانم بڵێم ئەو مەسرەفە ئەوکاتە

به (٣) هه‌زار كراوه، ئێستاش به‌(٣) هه‌زار ئه‌كرێ. پاشان ئێستا حه‌ق ده‌ست وهه‌موو شتێك زیادی كردووه، به‌ڕێزتان خۆشتان كه‌لوپه‌لتان هه‌یه‌ و، بۆ چاك كردنی ئه‌وه‌ من پێم وایه‌ ناتوانن به‌و نرخ و پاره‌یه‌ی ساڵی پار جێبه‌جێی بكه‌ن، بۆیه‌ حه‌ز ده‌كه‌م ئه‌م راستیه‌ ڕه‌چاو بكه‌ن كه‌ ئه‌و ته‌قدیره‌ له‌ شه‌ش مانگی یه‌كه‌م دا كراوه‌.

خاڵێكی دیكه‌ش هه‌یه‌، حه‌ز ده‌كه‌م بیخه‌مه‌ سه‌ری، ئه‌ویش سه‌ره‌تای ساڵی پار، سه‌ره‌تایه‌ك بووه‌ بۆ حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی داهاتی پێشتری نه‌بووه‌، یا زۆر زۆر كه‌م بووه‌، بۆیه‌ نه‌یتوانیوه‌ هیچ شتێك خه‌رج بكات وهیچ مه‌سره‌فێكی نه‌وێراوه‌ بكات، له‌دوایبیدا ئێمه‌ له‌ دوای مانگی(٥و٦)ی ساڵی پاره‌وه‌، هه‌تا هاتووه‌ وه‌زعی داهاتمان باشتر بووه‌ وكه‌وتووینه‌ خه‌رج كردن له‌سه‌ر بودجه‌ وئه‌وه‌ش خاڵێك بوو حه‌زم كرد روونی بكه‌مه‌وه‌، له‌گه‌ڵ ڕێزم دا.

**به‌ڕێز نه‌ژاد ئه‌حمه‌د عه‌زیز ئاغا/ جێگری سه‌رۆك:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجوومه‌ن.**

شتێك هه‌یه‌ سه‌باره‌ت به‌ پاراستنی كه‌لوپه‌ل و ئۆتۆمبیل وئه‌وانه‌ هه‌تا ته‌مه‌نی زیاتر بێت پاره‌ بۆ پاراستنی زیاتر ده‌بێت، واته‌ پار یا پێرار ئه‌ساست كڕیوه‌ ره‌نگه‌ پاراستنه‌كه‌ی كه‌متر بووبێ له‌م ساڵ، چونكه‌ ته‌مه‌نه‌كه‌ی بووه‌ به‌(٢) ساڵ، ئه‌وه‌ش ده‌بێ ره‌چاو بكرێ له‌ مه‌زه‌نده‌ی پاراستنه‌كه‌، سوپاس.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجوومه‌ن:**

ئه‌وه‌ دوو پێشنیاری روونه‌، ئێستا پێشنیاری یه‌كه‌م ئه‌ڵێین ئه‌وه‌ی له‌سه‌ری رێك كه‌وتوون (٣٥) هه‌زاره‌، ئه‌وه‌ی لیژنه‌ی ئابووری(١٥)هه‌زاره‌، ئێستا كێ له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌یه‌(٣٥) هه‌زاره‌كه‌ وه‌كو خۆی بمێنێته‌وه‌؟.. كێ له‌گه‌ڵ نییه‌؟.. به‌زۆربه‌ی ده‌نگ وه‌كو خۆی مایه‌وه‌.

**به‌ڕێز یه‌حیا محه‌مه‌د عه‌بدولكه‌ریم:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجوومه‌ن.**

(صیانة المباني)(١) ملیۆنیان پێشنیار كردووه‌ وه‌زاره‌تی ئابووری ئیتیفاقی له‌سه‌ر كردووه‌، لیژنه‌ی ئابووری(٥٠٠) هه‌زار دیناری پێشنیار كردووه‌، به‌ڕێزان ساڵی پاریش ملیۆنێكیان بووه‌، له‌ ملیۆنه‌كه‌(٢٣٥)هه‌زار خه‌رج كراوه‌، به‌راستی بینایه‌كه‌ش ره‌نگه‌ پێویست بكات زیاتر مه‌سره‌فی لێ بكرێت له‌ گوێره‌ی ئه‌م نه‌بوونیه‌ی كه‌ هه‌مانه‌ ونووسراوی وه‌زاره‌تی دارایی وئابووریش داوای ته‌قه‌شوفمان لێ ده‌كات، سوپاس.

**به‌ڕێز د.رۆژ نووری شاوه‌یس/جێگری سه‌رۆك وه‌زیران:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجوومه‌ن.**

بۆ ته‌قدیری پاراستنی بینایه‌كان پێویسته‌ به‌ته‌قدیری ئه‌ندازیار بكرێ، هه‌ر ئه‌ندازیارێك بێنێ پاراستنی بینایه‌كی بۆ حیساب بكات، ئێستا له‌ ملیۆنێكی پتر تێ ده‌چی، هه‌ر بینایه‌ك بێجگه‌ له‌ شوقه‌و بێجگه‌ له‌ خانوو، بێجگه‌ له‌وانه‌ی كه‌ مه‌سره‌فیان ده‌وێ هه‌مووی له‌سه‌ر سه‌رۆكایه‌تی

ئەنجـوومـەنی وەزیرانە. بۆ تەقـدیری پاراسـتنی بینایەکـان پێـویسـتی بە چاو پێـداخشـاندنێکی ئەندازیـارێکی بینـاوە هەیە، بە ئاسـانی هەر ئەندازیارێکی بینا بێنێ هەر بینایەکی پێشـان بدەی لەم بینا بچکۆلانە یان گەورانە، پێی بڵێی ئەوە بەچەند دەپارێزرێ وچاکی کەوە وبەشێوەیەک کە ئیشی خۆی بکات لە ملیۆنێکی زیاتر تێ دەچێ، ئەمە(١)،(٢) هەر بنیایەک تۆ بڵێی ئەم شتە بچووکە وپێویست ناکات من چاکی کەمەوە، هەر شتێکی بچووک بەجێی بێڵی و ئیهمالی کەی، دوو ئەوەندە وسێ ئەوەندەی لێ دێت بۆ سـالێکی تر، لەبەر ئەوە دەبێ حـسـابێکی باش بۆ پاراستنیشی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز یەحـیـا مـحـەمـەد عـەبدولکەریم:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئەوەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی بۆ کرد، بەڕاستی هەر چەندە تەکالیف زۆرە، بەڵام کـاتێ کـە بمانەوێ بینایەکـە بگۆڕین یان شـتێکی تری تیـا بکەین، ئەمـە داخـیلی پاراستنی بینایەکە نابێت، پاراستنی بیناکەیە لە هەندێ رووداو کە ببێ ئەگەر بمانەوێت ژوورێکی تازە وشـوێنێکی تازەو، لقێکی تازەی تێـدا دروست بکەینەوە، ئەوە پێـویسـتی بە تەعـمـیـرەو، ئەچێتە بینایەوە لەبەر ئەوە راستە ئێمە هەر بمانەوێت بڵێین وەڵڵا پارەکەی کەمە، بەڵام بەگوێرەی بوجەکەمـان، بەگـوێرەی بودجەکـەمـان لەگـوێرەی ملیـار و(٢٥٠)هەزارەکـە، هەر ئەمـانە بەرای من رەنگە بڵێم زۆر زۆریشە، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدوڵڵا رەسـول عـەلی/سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

وەک کـاک د. رۆژ باسی کرد ئێـسـتـاکـە ئێـمـە کـەشـفێکمـان کـردووە لە بۆ ئەوەی کـە جـێگای موراجیعینی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران یەک ژوورە، لەوێندەرێ کە ئەو ژوورە بکرێت زیاتر لە(١٠٠) هەزار دینـاری تێ دەچێ، جگە لەوەی کـە ئەنـدامـانی پەرلەمـانیش کـە صـیـانەی خانووەکـانیـان دەکەن لەو ماوەیە زۆربەی زۆری لەسەر سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانە، ئێمە موافەقەتمان بۆ کردوون کە هەندێکیان تەعمیر کراوەتەوە، ئێمە صیانە ومەبانیمان پێکەوە داناوە نەک بە تەنیا وفـەسڵی تایبـەتیـان هەبێ یان دەروازەیەکی تایبـەتیـان هەبێ کە لە بۆ دروست کردنی خانوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز جـەمـیـل عـەبدی سندی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بەڕێز سـەرۆک وەزیران فـەرمـووی کـە دەبێ ژوورەکـەی دیش چاکـەین بۆ مـوراجـیـعین وبۆ جـهـێی پرسگە وتەشریفـات، وەکی بەڕێز شـێخ یەحـیـا فـەرمـووی پێش هەنووکـە ئەو ناچێـتـە ناو بـابەتی

صیانەی، ئەو بینایە، مەبانیش بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران(٣٥ )هەزار دیناریان هەیە لەوێ لەو بابە ولە بارەی چاک کردنەوەی خانووەکان نابێن لەسەر سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بێت. ئەوە بڕیارەکە دەرچووە وبووە بە مولکی وەزارەتی دارایی وئابووری ئەبێت هەمووی صیانە بکرێت لەسەر بودجەی وەزارەتی دارایی وئابووری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستاکە با بێینەوە سەر دەنگدان، ئەوەی کە لەلایەن حکومەتەوە لەسەری ڕێک کەوتوون بۆ پاراستن داوای ملیۆنێک دەکەن، بەلام لیژنەی ئابووری نیو ملیۆنی دیاری کردووە وروون کردنەوەکەش بەوشێوەیە بوو، بۆیە ئەلێین ئەو (١) ملیۆنە، کێ لەگەل ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەل نییە؟.. کەواتە زۆربە لەگەل یەک (١) ملیۆنەکەی حکومەتدانین و، بەزۆربەی دەنگ ئەبێ بە نیو ملیۆنەکەی کە لیژنەی ئابووری پێشنیاری کردووە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستیدا من تێبینییەکی بچووکم هەیە لەسەر دەنگدان کە لێرەوە تەماشا دەکەین، هەموو ئەندامانی پەرلەمان مافی ئەوەیان هەیە کە بە ئەو پەڕی سەربەستییەوە دەنگی خۆیان بدەن، بەلام لەو دەنگدانە لێرەدا ئەبینم سەوز لەگەل حکومەت دا، زەرد لەگەل پێشنیاری لیژنەی داراییە، من نازانم وحەز دەکەم ئا ئەمەیان بزانم وشتێکی خۆش نییە ئەوە، چونکە حکومەت حکومەتی هەردوو لایەو، گەر دەنگدان بەم جۆرە بێ جێگای سەر سوڕمانە خۆشیش نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وا نییە، ڕاستە کۆمەلێک بڕیار وەرگیراوە بەپێچەوانەی ڕای لیژنەی ئابووری بوون، ئەگەر ئیجازە بدەن دەنگەکان تێکەلاوە، زۆربەی زۆری بڕیارەکان بەزۆربەی دەنگ وەرگیراون، واتە دەنگی فراکسیۆنی پارتی و، فراکسیۆنی سەوزی لەسەر دراوە. لەبەر ئەوە من ڕێزم هەیە بۆ ئەوەی کاک نەژاد گوتی، حەز دەکەی بە ڤیدیۆش دوایی پیشانی ئەدەین بۆ ئەندامانی پەرلەمان، زۆربەی زۆری دەنگەکان تێکەلە، دوای ئەوە ئەندامانی پەرلەمانیش ئازادن، تکایە بابەتی زەردو سەوز لێرەدا باس مەکەن.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک جەوهەر ئەگەر یارمەتیم بدەی من وتم ئەندامانی پەرلەمان ئازادن، وتم ڕێزم هەیە بۆ بڕیاریان، وتم ئەمە شتێکی ناخۆشەو تۆش ئەبینی ومنیش ئەبینم وئیستثنای کاک شەوکەت تەسبیتی قاعیدەکە دەکات من ئەلێم ئەم پەرلەمان وئەم حکومەتە بەڕاستی هی هەمووانە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تێبینییەی بەڕێز کاک نەژاد، هەر چەندە جەنابت بڕێک روونت کردەوە، شتێکە چەند جار دەنگی لەسەر دراوە، لەوانەیە من دژی رای لیژنەی ئابووری دەنگم دابێ هەندێ شتیش هەیە، پشتگیری دەکەم، واتە بابەتەکە لێرەدا قەناعەتەو بابەت موبەڕیراتە، ئێستا ئەوشتەی لیژنەی ئابووری موبەڕیری هێنایەوە من بەنسبەت خۆم زۆر قەناعەتم پێ هات، بۆیە دەنگم لەسەردا، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆکی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم هەر بینا بێ وپاراستن رەش کەنەوە، چونکە ناتوانین پاراستن بکەین بە( ٥٠٠ ) هەزار دینار، دوای لەسەریشمان ئەوە نەبێ، وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئێمە داوا دەکەین ئەو فەسڵە هەر رەش کرێتەوە با ( ٥٠٠ ) هەزارەکەی تێدا نەبێت، لەگەڵ رێزم دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێمە دەنگمان لەسەرداو بووە بریار تازە ناگۆڕێ.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوا قەیدی ناکا، حەزم کرد برادەران کە باسی ئەوە دەکەن بینایەکان چەن شوقە هەیە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئەو شوقانە برووخێنن، واتە کە چاکی بکەنەوە وەکو کاک د. رۆژ باسی کرد ئەندازیارێک تەقدیری ئەو مەسەلانە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو گوتمان ئەوە دەنگی لەسەر درا و ئەگەر شتێکیشتان هەیە ئەوا دوایی پێشنیار بکەن. شتێک ئەگەر پێشتر دەنگی لە سەر درا دەبێ دواییش بە بریار بخرێتە ناو ئەو بابەتەوە.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە حکومەتێکین لە دوای وێرانی کوردستان دروست بووین، بەراستی من بەش بە حاڵی خۆم لە ساڵی پاریش دا دژی ئەو هەموو مەسرەفەم کە کراوە، لە بیناکان وکەلوپەل کڕین ودروست کردنی ئەو شتە فەخمانە خەرج کراوە لێرەدا ئێمە وەکو حکومەتێکی( ١٠٠ )ساڵ دروست کرابێ وا رەفتار دەکەین هەم پەرلەمانەکەشمان وهەم حکومەتەکەشمان، بۆیە لە راستیدا دەبوایە ئێمە وەکو حکومەتێکی شۆڕشگێڕ ئیشمان بکردایە و وەکو پەرلەمانێکی شۆڕشگێڕ ئیشمان بکردایە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

با كاك سەید حەسەن قسە بكات، جەنابت دوایی.

**بەڕێـز حـەسـەن عـەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

بێگومان ئێستاكە ئێمە دەنگمان دا لەسەر ئەوەی زۆربەی دەڵێ، لەسەر ملیۆنێك دەنگمان داوەو، لە بەیانییەوەش پێشنیارێك هەبوو، مەرج نییە پێشنیاری دووەم( ٥٠٠ ) هەزارەكە سەر بگرێت، لەوانەیە ئەویش سەر نەگرێ واتە ژمارەی ناوەند لە نێوان ئەو دوو ژمارە هەبێت، واتە مەرج نییە كە ئەوە سەری نەگرت دەبێ ببێتە( ٥٠٠ ) هەزارەكە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

باشە سوپاس، بەس كەس پێشنیاری نەكردووە كاكە سەید، ئێمە بەو شێوەیە ڕۆیشتووین، هەر چەندە ئەبوایە ئێوە كاتی خۆی لە لیژنەی یاسایی ئیعترازتان بگرتایە، هەتا ئێستاكە گفتوگۆی پێشنیاری لیژنەكان پێش دەخرێت، بەڵام ئێوە دیسان ئەو دابودەستورەتان لەم دانیشتنە تێكداوە بەداخەوە، لیژنەی یاسای یەكەم لیژنەیەكە دەبێ وریا بێت لەسەر مەسەلەی پروتۆكولات، جا ئێستاكە بارەكە وای لێ هات ئەوە كۆمەڵێك بڕیارمان تا ئێستا وەرگرتووە ودەنگیان لەسەر دراوە، كەس پێشنیارێكی وای نەكرد بۆچی ئەم پێشنیارە بكرێت، بۆیە ئێمە لەسەر شتێك دەڕۆین حەق نییە لە جێگایەك بڵێین باشە ولە جێگایەكی تر بڵێین خراپە ئێستا با بەو شێوەیە بێت تاكو چارەیەكی تری بۆ دەدۆزینەوە.

**بەڕێز كـاكـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

ئەوەی بەڕێزتان فەرمووتان بابەتی لیژنەی یاسایی بابەتەكە بۆ دەستەی سەرۆكایەتی هێشتراوەتەوە، لە نیزامی ناوخۆدا نەنووسراوە، كامە پێشنیار دەكرێت، مەسەلەی دووەمیش مەفرووزە ئەو برادەرەی كە پێشنیاری هەیە ببێتە (٣)پێشنیار ئەوجا دەتوانین پێشنیارێكی تر بهاوێینە ناو ودەنگی لەسەر بدەین، یەكێك تەقدیری كردووە ملیۆنەكە، یەكێكی تریش تەقدیری كردووە نیو ملیۆنە، مەفروزە برادەرێك پێشنیارێكی هەبێت، هەر دووكیانی پێ ڕاست نەبێ، مەفرووزە( ٧٥٠) هەزار بێ یان( ٨٠٠ )هەزار بێت كە پێشنیاری سێیەم پەیدا بوو، دەنگدانەكە ئاسایی دەڕوات، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

ئێمە تازە ڕۆیشتین وهەر بەو شێوەیەش لەسەری ئەڕۆین، تا ئەمە تەواو دەبێت.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

جارێ بەنسبەت فەخفەخە لە بیناكان دا، حكومەتی هەرێمی كوردستان هیچ فەخفەخەیەكی لە

بیناکانی دا نەکردووەو ، ئەگەر سەیری بەرامبەری ئەنجوومەنی وەزیران بکەین واقیعەکە بە چاوی خۆمان دەبینین، سەیر ئەکەین تاکە حزبێک (٣) ئەوەندەی لەم فەترەیەدا، چوار ئەوەندەی ئەنجوومەنی وەزیران بینا کردووە، حزبەکەی تریش خەریکە بەرامبەر بە پەرلەمان دەیکات، بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە بینای حکومەت چاک بکاتەوە ودیمەنی شارەکان جوان بکات، ئەو بینایەی رووخاو بێت چاکی بکاتەوە، ئەو بینایەی پێویستی بە پاراستن هەبێت لە توانایدا بێت، جێبەجێی بکات ئەگەر پارە بۆ ئەوە سەرف نەکات ئەی بۆچی سەرف بکات، لەبەر ئەوە لای من زۆر سەیرە کە پارەیەکی موتەوازیعی وەکو(١) ملیۆن دینار بۆ پاراستنی بیناکان دانراوە، پاراستنی بیناکان هی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو مەبلەغە ئاوا خەتێکی پێ دا بێنن وبڵێین(٥٠٠) هەزار وئەم مەبلەغەش بکەن بە ماڵ بەسەر سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، کە ئەبێ پاراستنی بیناکانی پێ بکات، بۆیە پێشەکی پێیان دەڵێین بەم مەبلەغە ئیشەکە ناکرێت، تەبیعی مانای ئەوەیە ئێمە دان بە دەنگدانەکە دا ناهێنین، دان بە دەنگدانەکە دادەنێین کە لە جێی خۆیایەتی زۆرینە وکەمینە هەیە لە پەرلەمان دا، بەس لە هەمان کاتیش دا حەقی خۆمانە ئێستا نەبێ، سبەینێ کاغەزێکتان بۆ بنووسین وبڵێین ئەو مەبلەغە بەسە، جارێکی کە بیخەنەوە دەنگدانەوەو گفتوگۆی ئەکەینەوە مەبلەغێکی زێدەمان دەوێ، جا ئەوە نەبێ بەڕای من، ئێمە ئەم گفتوگۆیانەی ئێستا، چونکە ممکنە تەدەخل لە هەندێ مەبالغ بکەین کە سبەینێ پێویست بکات هەمووی بەنووسراو ئاگادارتان بکەینەوە. پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەم دانیشتنە دوا بخرێ بۆ ئەوەی دوو سێ قسەی لەسەر بکەین لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز دا، قسەی تیا بکەین لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد، کە بەداخەوە سەرۆکی ئەسڵی لێرە نییە وجێگرەکەی لێرەیە عەینی ئەوە، ئەویش بەیەکەوە دانیشین قسەی تیا بکەین وشتەکە شەرح بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من حەز دەکەم برادەران بە مزایەدە قسە نەکەن، کە قسەش دەکەن وەکو کاک نەژاد فەرمووی حکومەتەکە هی هەمووە، هی هەموو خەڵکە، ئەو ئەندامانەی پەرلەمان کە ئامادەن دەست هەڵ ئەبڕن ودەست دادەنێن و ، خانووەکەی ئەدەنێ وبۆی چاک نەکەنەوە بزانن ئەچێتە ناوی؟ لێرە دائەنیشن کەچی میللەتەکەمان لە برسان مرد میللەت بەفەتار چوو، خەتای ئێمە نییە لە برسان مردووە میللەتەکە، کەرکوکمان لەبەر دەست نیە، گەر کەرکووکمان لەبەر دەست بوایە بزانن لە برسا ئەمرد؟ بەڵام ئەوە نییە وەڵڵا(١٠) دیناریان لە فلان شوێن زیاد سەرف کردووە؟ سەیری پار بکەن دۆلار بە(١٨٠٠) دینار بوو، ئێستا بە (٨٠٠٠) دینارە، ئەو حسابانە بکەن، واتە خەتای ئەوە نییە وەڵڵا فلان بینایان چاک کردۆتەوە، واتە ئەوە ئیتر حەمە دنیای تاڵان کرد، یان فەخفەخە وئەوانەی بۆ کراوە و، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی پاراستنی بیناکانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، وەکو بینایێکە (الحمد لله) بینایێکی زۆر زۆر چاکە وخاوێنە ئەم چ صوبغ نەکەن، ملیۆنێکیان داوا کردووە و وەزارەتی دارایی راست موافقەتی کردووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا بینایەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وزەیران پێویستی بە پاراستنە؟ لەبارەی ئامادەییە پیشەسازییەکانەوە، چەند ئامادەیی پیشەسازی لە کوردستان دا هەیە لەگەڵ چەند ئامادەییەکی کشتوکاڵی وبازرگانی، هەموویان بە پیشەسازییەوە داوای دوو ملیۆنی کرد بوو بۆ پاراستنی بیناکان لە وەزارەتی دارایی و، ئەو پارەیە کرا بە(٢٠٠) هەزار دینار ئایا زەرورەت لە کوێ دیار دەبێت؟ ئایا لە ئەنجوومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەیاندا گوتیان ئەو مەبلەغە کە (٢٠٠) هەزار دینارە بۆ ئەوەندە ئامادەیی کشتوکاڵ و ئەوەندە ئامادەیی پیشەسازی وئەوەندە ئامادەیی بازرگانی بەش ناکات، پێویستی وەزارەتی پەروەردە خۆی زۆر لەو دوو ملیۆنە زیاترە، بەڵام بە تەقەشفەوە، چونکە ئەوە زۆر زۆر پێویست بوو، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەدا باسی هەر بینایەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران نییە، ئەوەی کاک جەمیل باسی کرد ئەگەر هەر بینایەکە بێ هیچ پاراستنی ناوێت، وەکو بینایەی ئێوە، ئێوە جەنابتان پاراستووتانە، لێرە ئەمەش داوای ئەوەندە دەکەین بەس پاراستنی لە بینایەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران نییە، چەن شوققەیەک هەنە عایدی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانە، چەند خانوو هەنە عایدی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانن، هەتا لە بۆ ژووری حەرەسەکانیش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی ئابووری باسی ئەوەی کرد کە برگەیەکی تایبەتی هەیە بۆ چاک کردنەوە وبینا ئەویش مەبلەغەکەی ئەوان چ رەخنەیەکیان لەسەر نەبوو، مانای ئەوەیە قبووڵ کراوە ئەوە رەخنەی لەسەر نییە، تەنها ئەو تێبینییەیان لەسەر پاراستنی بیناکانە، ئەوەی کە بۆ تەعمیر دەروازەیەکتان هەیە لە سنووری زیاتر لە(٣٥٠، ٤٠٠) هەزار دینارە، بەڵام ئەوە لێرە نییە لە بودجە ئەسلیەکەتان دایە.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بابەت لێرەدا بڕیارەکە نییە، بڕیار ناگەڕێتەوە، بڕیار دراوە وسبەینێ ئێمە رەخنە ئەنووسین شتی کەیە، مەسەلەی بیناکانە ئێمە وەکو ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژەمان نییە بینا بکەین، خانوو بۆ خەڵک بکەین یان بینای زێدە بکەین، شتی ئەساسی سەبارەت بە ئێمەوە پاراستنی ئەو بینایانەیە

که هەمانە، ئەمانەمان وتوە، ئێمە بەناوی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئەچین بەشێکی گەورە دروست دەکەین یان ئەچین دوو سێ مەکتەب دروست دەکەین، لەبەر ئەوە مەبلەغێکی موتەوازعمان بۆ بیناکان داناوە، مەبلەغی موتەوازع(٣٥٠) هەزار دینارە،(٣٥٠ )هەزار بینایەکی پێ ئەکرێت ئەو پاری(٣) ژوور لەگەڵ مرافق دا بۆ حەرەسەکانی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەوە بیناکەیە، ئەمی تریان پاراستنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەبا بەردەوام بین ، ئەم دانیشتنەش زۆر نەماوە کۆتایی بێ، با تەواوی کەین،

**بەڕێز عەبدولڵارەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی سەرۆکایەتی وەزیران بخەنە دەنگەوە کە دوای بخەین، ئەگەر ئەوە بوو، دەنا ئەگەر نەبوو ودەنگی لەسەر وەرنەگرت دەڕۆین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جارێ نزیکەی سەعاتێکمان ماوە، تا سەعات (٩)یە گفتوگۆی ئەمڕۆمان، لەبەر ئەوە من ئەڵێم با بەردەوام بین لەسەر ئەوەی ئەم نیو سەعاتەش تەواو کەین، یان ئەگەر دەتانەوێ ئەیخەینە دەنگەوە وپێشنیارەکە کێشە نییە. بەڵام دواخستن لە بەرژەوەندی ئێمە دا نییە وئێستاکەش نیو سەعات، چل دەقیقەمان ماوە بۆ گفتوگۆکردن، بەڵام پێشنیارێکی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە وداوا دەکەن لێرە راوەستین بۆ ئەوەی بواری هەبێت کە قسەیەکی تریش بکەین لەگەڵ فراکسیۆنەکان ولیژنەی ئابووری و وەزارەتی دارایی وئابووری بۆ ئەوەی سبەی سەعات (١٠)بەردەوام بین لەسەر دانیشتنەکەی خۆمان، لاریشمان نییە لە سەعات (٩) بێت ئەگەر ئێوە ئامادە بن ئێمە مەمنون دەبین. وسبەی سەعات(٩)بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان.

**بەڕێز دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز کاک جەمیل چەن جارێک کە لە مەسەلەی دەروازە و فەسڵ باسی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئەکرێت نموونە ئەهێنێتەوە بەشێوەیەک لەسەر ژمارەکان وئەڵێ برایانی ئەندام وخوشکانی ئەندام سەریان لێ ئەشێوێ، وەک ئێمە لەلایەنی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئەو لایەنەمان گرتووە، وئەوی تریشمان هەموو پشت گوێ کردووە، بۆیە لێرەدا بەس یەک لە نموونەکان ئەڵێم، موازەنەی فێرکردنی دواناوەندیی کە هەموو مەکتەبەکانی دواناوەندیی پێوە بەستراوە بۆ پاراستنی بیناکان(٣٫٥) ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە، ئێمە لەسەر ئەساسی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پاراستنی بیناکان وئەوەمان داناوە، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم دا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزی من بۆ بەڕێز وەزیری دارایی، فێرکردنی دواناوەندیی جودایە، دراسەتە ئەکادیمییە لەوانەیە بەلانی کەمەوە (٥) هەزار ئامادەیی و دواناوەندیی و ناوەندیی لە کوردستان دا هەبن، هەتا ئەو ژمارەی بەڕێزی خوێندبەوە، ژمارەیەکی زۆر زۆر کەمە بۆ(التعلیم الثانوي)، واتە ئەکادیمی ژمارەکەی من خوێندمەوە بۆ(فێر کردنی پیشەیی)، واتە ئامادەییەکانی پیشەسازی وکشتوکاڵی وبازرگانی لەگەڵ قوتابخانەی دوا ناوەندی ئیسلامیش، ئەڤە هەمی ئی لیژنەی فێرکردنی پیشەییە وژمارەی مە خوێند هی لیژنەی خۆمان دەخوێنم. حەقە ئەندامانی پەرلەمان بزانن چەوا تعامل لەگەڵ ژمارەکان دەکەن کە خوێندراونەتەوە، تاکو ئەوانیش نەزەرەکی دروست هەبیتن هەر وەکی بەڕێزان خۆیان داوایان کرد کو حەقی ئەندامانی پەرلەمانە بیزانین کە چ لەناو موازەنەی هەرێمی کودرستان دا هەیە. لەگەڵ ڕێزو سوپاسم دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی هات تاکو سبەی سەعات (٩) کۆ دەبینەوە.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەن** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٩)

**یەک شەممە رێکەوتی ١٠/٤/١٩٩٤**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(۹)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ۱۰/٤/۱۹۹٤

کاتژمێر (۱۰) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ۱۰/٤/۱۹۹٤ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (۹)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (۱۹۹٤)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

بەرنامەی کار:

۱ـ بەرچاوخستنی دەست لەکارکێشانەوەی ئەم بەڕێزانەی خوارەوە لە ئەندامێتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی:

أـ عومەر عەبدوڵلا/ بۆ دەست بەکاربوونی بە ئیشوکاری حزبی.

ب ـ عومەر سەید عەلی/ بۆ دەست بەکاربوونی بۆ ئیشوکاری حزبی.

ج ـ نەجمەدین عەزیز لەبەر دامەزراندنی بە پارێزگاری سلێمانی.

د- شێخ عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم بۆ دەست بەکاربوونی بۆ ئیش وکاری حزبی.

۲ـ بەرچاوخستنی گۆڕینی بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەن کە دەستیان لەکارکێشاوەتەوە بەو بەڕێزانەی کە لە خوارەوە ناویان هاتووە و، دەنگدان لەسەر وەرگرتنیان و، سوێند خواردنی یاساییان:

أـ حیکمەت محەمەد کەریم.

ب ـ ئەحمەد عەلی دزەیی.

ج ـ محەمەد حەسەن باڵتە.

د ـ ئەبو بەکر محەمەد حاجی.

۳ـ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردنی موازەنەی ساڵی/ ۱۹۹٤ی هەرێمی کوردستانی عێراق بەپێی حوکمی برگە (٥) لە مادە (٥٦)ی یاسای ژمارە (۱)ی ساڵی ۱۹۹۲.

٤ـ تازە بابەت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

بەرنامەی ئەمڕۆمان سێ خاڵە، خاڵی یەکەم بەرچاو خستنی دەست لەکارکێشانەوەی چەند

ئەندامێکی پەرلەمان کە دەستیان لەکار کێشاوەتەوەو، لەجیاتی ئەوان چوار برادەری تر پێشنیار کراون،جابەپێی نیزام دەبێ دەس لەکارکێشانەوەی هەردوو کاک عومەر بخەینە دەنگدانەوە، چونکە لەئیش وکاری ناو پەرلەمان نامێنن، بۆ کاک نەجمەدین پێویست ناکات، چونکە ئەو وەکو ئاگادارن تەعیین کراوە بە پارێزگاری سلێمانی ودەس لەکار کێشانەوەکەی ئەو شتێکی ئۆتۆماتیکیە، چونکە بەندێکی نیزامیمان هەیە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی وەکو ئەندامی پەرلەمان بە موستەقیل دادەنرێ، بۆیە پێویست ناکات بیخەینە دەنگدانەوە. ئێستا بۆ کاک عومەر عەبدوڵلا کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە کە ئیستیقالەکەی پەسند بکرێ؟ .. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا. بۆ کاک عومەر سەید عەلی کێ لەگەڵ ئەوەیە کەئیستیقالەکەی پەسەند بکرێ؟ ..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسند کرا.. بەپێی ئەو زنجیرەیەی کەبۆمان هاتووە لەفراکسیۆنی سەوزەوە ئێمە بەهەمان زنجیرە ئەو ئەندامانە دەخوێنینەوەو هەر یەک دەچێتە جێگای ئەوەی کە لەزنجیرەکەدا ئیستیقالەکەی پێشنیار کراوە بۆ ئەوەش چوار ئەندامی یەدەک لەفراکسیۆنی کەسکەوە پێشنیار کراوە کە جێی ئەو چوار ئەندامە بگرنەوە کەلەناو پەرلەماندا ئێستاکە نەماوون ئیستیقالەیان داوە یان بەحوکمی وەظیفە موستەقیلن، بۆیە من ناوەکان ئەخوێنمەوە، یەکەم کاک حیکمەت محەمەد کریم لەجێی کاک ملازم عومەر عەبدوڵلا، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە کە کاک حیکمەت محەمەد کەریم پەسند بکرێ؟..کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسند کرا، کاک ئەحمەد عەلی دزەیی لەجێگای عومەر سەید عەلی، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. کاک محەمەد حەسەن باڵتە لەجیاتی کاک نەجمەدین عەزیز کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا ،واتە ئەمێنێتەوە کاک ئەبو بەکر محەمەد حاجی لەجیاتی شێخ عەبدولکەریم، کێ لەگەڵ ئەوە پێشنیارەیە..کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ ئەویش پەسند کرا ئەگەر ئەوسێ بەڕێزە ئامادەن بۆ ئەوەی سوێندی یاسایی بخۆن بابفەرموون ئەگەر ئامادەنین، ئەوا هەڵی دەگرین بۆ دانیشتنی ئایندە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەرچوار ئەندام ئامادەن بۆ سوێند خواردن، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی ئێمە بەخێر هاتنی ئەو برادەرانە ئەکەین، بەڵام حەق وایە هەر ئەندامێکی پەرلەمان کە دەست لەکار دەکێشێتەوە، پەرلەمان بانگی بکاتە ئێرە، هۆی ئیستیقالەی خۆی پێشکەش بکات بۆ ئەوەی جارێکی تر نەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و، نەبێتەوە ئەندامی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا ئەوە مافی فراکسیۆنەکانە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەنگە ئەوە یەکەم جاربێ بە نووسراوێکی ڕەسمی لە سەرۆکایەتی فراکسیۆنەوە ئاراستەی بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، بەنیسبەت هەریەکەیان هۆکەی وتراوە، دوویان کەدانراون بۆ فەرمانێکی گشتی کەکراونەتە پارێزگار ودووشیان لەبەر ئەوەی خۆیان تەرخان کردووە بۆ کاری ڕێکخستنی حزبایەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با برادەران کەرەم بکەن دەست بکەن بە سوێند خواردن.

**بەڕێز حیکمەت محەمەد کەریم:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان سوێند بەخوای مەزن دەخۆم، بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لەیاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم وبەرژەوەندی یەکانی گەل بپارێزم..

**بەڕێز ئەحمەد عەلی دزەیی:**

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان سوێند بەخوای مەزن دەخۆم بەدڵسۆزی یەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لەیاسا ڕەچاوکراوەکانی بگرم و بەرژەوەندیەکانی گەل بپارێزم.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان سوێند بەخوای مەزن دەخۆم بەدڵسۆزی یەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لەیاسا ڕەچاوکراوەکانی بگرم و بەرژەوەندیەکانی گەل بپارێزم.

**بەڕێز ئەبو بەکر ئەحمەدحەسەن بامەڕنی:**

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان سوێند بەخوای مەزن دەخۆم بەدڵسۆزی یەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لەیاسا ڕەچاوکراوەکانی بگرم و بەرژەوەندیەکانی گەل بپارێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی یەوە پیرۆز بایی لەبەڕێزان کاک حیکمەت محەمەد کەریم وکاک ئەحمەد عەلی دزەیی وکاک محەمەد حەسەن باڵتە وکاک ئەبو بەکر محەمەد حاجی ئەکەین هیوادارین بەهاتنیان پەرلەمانی کوردستان زیاتر گەشە بەئیشوکارەکانی بدات. دیسان جارێکی تر پیرۆزباییتان لێ دەکەین، هەروەها سوپاسی ئەو برایانە دەکەین کەهۆڵی پەرلەمان جێدێڵن چ بۆ ئیشوکاری حکوومەت چ بۆ ئیشوکاری حزبی. داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەین. ئەگەر هەردوو فراکسیۆنیش تێبینیان هەیە؟ با بفەرموون.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

پێش ئەوەی ئێمە بچینە ناو گفتوگۆکردن لەسەر بودجە پێشنیارێکی دیاری کراوم هەیەو ئەویش ئەوەیە: بەقەناعەتی ئێمە ئەوە نزیکەی مانگێک دەبێ ئێمە خەریکی بودجەینە ئێستاش دیارە ئێمە یەک هەنگاو نەچوینەتە پێش لەبەر ئەوە بەبۆچوونی ئێمە گفتوگۆ لەسەر بودجە بەو شێوەیە رەنگە چاک نەبێ، دەبێ پەرلەمان وئەندامانی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر سیاسەتی دارایی گشتی بکەن هی هەرێمی کوردستـان، چونکە لای هەمـوومـان ئاشکرایە کـەحکومـەتی هەرێم بەرنامـەی وەزاری خـۆی هەیە وئەو بەرنامـە وەزاری یە لەئەم هۆڵەی پەرلەمـانـدا پەسـەند کـراوە، ئەمـڕۆ سەرۆکایەتی حکوومەتی هەرێم لەگەڵ وەزارەتەکان پێمان ئەڵێن ئێمە ئەتوانین بەو بەرنامە وەزاریە بەپێی ئەو بودجەیە جێبەجێی بکەین لەساڵی١٩٩٤دا لەبەر ئەوە بەبۆچوونی ئێمە دەبێ گفتوگۆ لەسەر بودجە بکرێ لەسەر ئەساسی بنچینەی دارایی گشتی هی هەرێمی کوردستان وئێمە وەکو ئەندامی پەرلەمان نابێ بچینە درێژەو ژمارەکان ئەو شتە ببین ئەوە پێشنیاری دیاری کراوی منە لەدەستەی سەرۆکایەتی دەکەم کە بیخەنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بەڕێـــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من بەناوی فراکسیۆنی زەردەوە جارێکی دیکە بەگەرمی بەخێر هاتنی برایان دەکەم بەگەرمی پشتگیری لەپێشنیارەکەی کاک حازم دەکەم لەگەڵ زیاد کردنی شتێک لەسەری ئەویش ئەوەیە جگە لەمووچەکان کە دیاری کراون ئێمە پێشنیار دەکەین لە ٢٠٪ بودجە تەرخان بکرێت بۆ کڕینی مەوادی خواردەمەنی بۆ ئەوەی یارمەتی بەشێک لەدانیشتوانی کوردستان بدەین، سوپاس.

**بەڕێـــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

لەمێژە ئێمە گفتوگۆی ئەوەمان تەواو کردووە سەیرە هەر دوو فراکسیۆن پێشنیارێکی وائەکەن، چونکە گفتوگۆ لەسەر بەشێک لەبودجەکراوە جارێکی کە ئەبێ ئێمە بەسەریدا بێینەوە باشتر وابوو کە هەر دوو فراکسیۆن پێشنیاریان بکردایە بیان گوتبایە بودجە گفتوگۆ ناکەین، یان میزانیە دوا بخرێ بۆ ئەوەی لیژنەی ئابووری دەقێک وەربگرێ، بتوانێ جارێکی تر داوا بکرێ لە وەزارەتی دارایی بەرنامەو پرۆژەی بودجەکەمان لەسەر ئەو بنچینەیە بۆ بنێرن، لیژنەی ئابووریش لەسەر ئەو بناغـەیە راپۆرتێک بدات بە دەستـەی سـەرۆکـایەتی بۆ ئەوەی ئەندامـان ئاگـادار بن، تاکـو بزانن سیـاسەتی دارایی وئەولەویاتی حکوومـەت چییـە، بەڵام بابزانین لیـژنەی ئابووری ناو پەرلەمـان رایان چییە؟ چونکە لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ رای لیژنەی ئابووری لەو بابەتە وەربگرین.

**بەڕیـز دارۆ شـــــێـخ نـوری/وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێـــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

دیارە ئەو پێشنیارەی کە هەردوو فراکسیۆنی بەڕێز کردوویانە پشتگیری ئێمـەی لەگەڵە، چونکە

بەراستی بەم شێوەیە گفتوگۆکردن مانایەکی تر ئەداتە بودجە، لەسەر ئاستی فەسڵ ولەسەر ئاستی بەشەکان بکرێ بۆ ئەوەی کەبەڕێزتان باستان کرد ئێمە بودجەکەمان لەسەر هەموو ئاستەکان بۆ ئێوە ناردووە، لەیەکەم لاپەڕەوە نێردراوە بۆ بەڕێزتان (موازنە اقلیم کوردستان علی مستوی الفصول لسنە١٩٩٤) ئەوە لەسەر ئاستی فەسڵەکان، دوای ئەوە دێت (موازنە اقلیم کوردستان علی مستوی اقسام) یانی وەزاراتە، ئینجا دوای ئەوە هەر وەزارەتەش ئەبێتە (مواد وفصول وانواع)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو وتمان ئەو بودجەیەی کە ئێوە کەناردوتانە بۆ ئێمە لەسەر بناغەی بەش بەش (فەسڵ) ناردووتانە نەک لەسەر بنەماکانی سیاسەتی دارایی حکومەت و بێن، ئەولەویات باس بکەن، بۆیە هەروەکو پارساڵ ناردووتانەو وەکو پارساڵیش گفتوگۆ کراوە لەلیژنەی ئابووریدا، لیژنەی ئابووریش لەو ماوەیەی کەبۆی تەرخان کراوە، ئیشی تێدا کردووە لەسەر ئەو ئەساسەیش راپۆرتەکەی داوە بەئێمە وئێمەش داومانە بەئەندامانی پەرلەمان، ئێستا ئەگەر دەتانەوێ سەرلەنوێ ئەی گەڕێنینەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ئەوکاتە ئەگەر زۆربە رازی بن بالیژنەی ئابووری دانیشێ، ئنجا مانگێکی تر دوومانگی تری خایاند ئەوە گرفت نییە، بالەسەر ئەو ئەساسە ئەوانیش دابنیشن گفتوگۆی ئەو بودجەیە بکەن و رای خۆیان بدەن بە ئێمە، یا بیدەن بە فراکسیۆنەکان و لەسەر ئەو ئەساسە ئەندامانی پەرلەمان بێن گفتوگۆی ئەو بودجەیە بکەن. تێبینیەکی ترم هەیە، چونکە زۆر دووبارە دەبێتەوە، بۆئەوەی ئەندامان هەموو ئاگاداربن، بەڕێزان لێ پرسراوی هەردوو فراکسیۆن بەداخەوە وەکو حکومەت سەریری بابەتەکەیان کردووە وەکو ئەوەی کە لە ئاستی ئەندامی پەرلەمان نەبێت باسی ژمارە بکات، نازانم بۆئەوە لە ئاستی وەزارەت کەم دەکاتەوە؟ ئەمە یەک، دووەم هەموو تێبینیەکانی لیژنەی ئابووری بریتین لە کۆمەڵە ژمارەیەک کە ئێستاکە پاش ئەو دیدارانەی کەلەگەڵ وەزارەتەکان دا کراون وابزانم لەسنووری (٢٤.٠) ملیۆنەوە بووە بە(١٢٥)ملیۆن، ماوەتەوە لەسەر حدودی (٧٩) ملیۆن کەچی بەپێی ئەو لیستەیەی لای منە هێنان و بردنی لەسەرە یەک ملیارو کسوورە، باشە لیژنەیەکی ئابووری ئەگەر گفتوگۆی بودجە بکات ئەوەندە حەقی نەبێت تێبینی خۆی دەربڕێ لەسەر سنووری (١٠٠-٢٠٠) ملیۆن دینار زیاد یاکەم بەرای من ئەوە ڕەوا نییە، ئایا وەزیر نازانێ ئەنجوومەنی وەزیران تاک و بەکۆمەڵ بەرپرسن بەرامبەر ئەو بودجەیە؟!، وەزیری دارایی کەدێت بودجەکەی لە پێشە مافی هەیە وەڵامی هەر ئەندامێکی پەرلەمان بداتەوە جگە لەوەش لەسەر پێشنیاری حکومەت دیسان بریار درا کە گفتوگۆی بودجە دوا بخرێ بۆ ئەوەی وەزیری ئابووری و وەزیرە بەڕێزەکانی تر لەگەڵ لیژنەی ئابووری دانوستاندنێک بکەن وەک وتم (١٢٥)ملیۆن لەو دوو سەدوکسور ملیۆنە ماوەتەوەو تەنها یەک کێشەی سەرەکیمان ماوە ئەویش ئەوەیە کە وەزارەتی پێشمەرگەش هەتا ئێستا روون نەبووەتەوە لەهەردوولایان، هەردوو مەکتەبی سیاسی حزبەکان کە چۆن ئەو کێشەیە چارەسەر

دەکەن؟ چونکە وەک بنەما بڕیارێک هەیە کە پێشمەرگە کەم بکرێتەوە ولیوای تایبەتی دروست بکرێ، لیژنەی ئابووری هیچ تێبینیەکی نییە، تەنها تێبینی لەسەر ئەوەیە کە ئەگەر بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە کەم دەکرێتەوە ئەوسا ئەبێ میزانیەکەش کەم بکرێتەوە، هەروەها ئەوشتە تازانەش کە دروست دەکرێن میزانیەکەی کێ ئەیدات؟ ئایا دەچێتەوە سەر وەزارەتی پێشمەرگە یا ئەکەوێتە سەر وەزارەتی دارایی؟ باوەڕناکەم وەزارەتی پێشمەرگە کاری وای پێ خۆش بێت، بودجەیەکی زل وزەبەللاحی بۆ دروست بکەی کەخۆی پەیوەندی پێوە نەبێت و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بگوازرێتەوە بۆ ئەو لایەنەی کەپەیوەندی پێوە هەیە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رام وابوو لێرەش باسمان کردەوە جارێکی کەیش ئاستی پەرلەمان وئاستی وەزارەت هی ئەوە نییە بلێی تۆ بۆ فلانەشت بۆ بەرگریی شارستانی، ئەنجوومەنی وەزیران(٢٥)هەزارت داناوە (١٥)هەزارت داناوە، لیژنەی ئابووری پێی بدا بەئەرزا بلێ نەخێر (٥)هەزارە، ئینجا سەرۆکی وەزیران یان جێگرەکەی بێت موناقەشە بکات، لێی بپرسین ئەو بەرگریی شارستانییە بۆ وایە؟ ئینجا بیخەینە دەنگدانەوە پێنج بێت یان دەبێت، کاتی خۆمان بەوە بکوژین من پێم وایە ئەوقسەیە زۆر راستە، چونکە ئاستی پەرلەمان مافێکی رەوای خۆیەتی کە بێت گفتوگۆی بودجەی هەرێم بکات، ئەبێت ئەم بودجەیە لەلای ئەنجوومەنی نیشتمانیەوە پەسند بکرێ و وەزارەت پاش پەسند کردنی ئەبێ مولتەزیم بێ بە سەرفیاتی بەپێی ئەو بودجەیەو هەموو ئەندامێک مافی رەوای هەیە گفتوگۆ لەگەڵ هەرچی وەزیرێک هەیە بیکات، سەرۆکی وەزیران بیکات، بەڵام گفتوگۆکە ئەبێ بەڕاستی لەئاستی وەزیرو لەئاستی وەزارەتیش بکرێ، ئایا ئێوە هەندێ شت هەیە رەچاوتان کردووە؟ تا ئێستا ئەوە دوو ساڵە لەسەدا سەد کولفەی گوزەوان زیاد بووە فکرتان کردۆتەوە کە زیادی بکەن بۆ فەرمانبەران وخانەنشینان؟ جا لەبەر ئەوە ئەو مەوزوعە زۆر باس کرا وەزیری دارایی تەئکیدی کردەوە لەسەر بنچینەی فەسڵەکانیش و وەزارەتیش ناردوویەتی بۆ ئێرە، لەبەر ئەوە وەزارەتی دارایی پێویست ناکات بەوەی کەهیچ بودجەیەکی تر بنێرێ بۆ ئێرە تەنها ئەوەیە لیژنەی ئابووری لەسەر ئەو ئەساسە گفتوگۆ بکات وئێمەش لەسەر بنچینەیەکی سیاسی گفتوگۆی بکەین، موحاسەبەی حکومەت بکەین، رای خۆمان لەسەر تێکڕای سیاسەتی ئابووری و دارایی نیشان بدەین. من لەبەر ئەوە پەسندی دەکەم داواش دەکەم کەبخرێتە دەنگدانەوە، پێشنیارێکی هەردوو فراکسیۆنە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گەر ئێمە بێن بەرێ خۆ بدەینە پرۆگرامی وەزارتێ دەبینین گەلێک خروقاتی تێدا هەنە، ئەڤ موازنە

بۆمان هاتووه نەلە هی پرۆگرامی وەزاری یە، نەلە تەشکیلاتی وەزارەتی دارایی دا هەیە، هەروەها موخالەفەکی دی لەبارەی خانەنشین و مووچەی شەهیدانی بزاڤی کوردی، ئەوەژی مخالفی پرۆگرامی تەشکیلاتی وەزارتیە لە هەرێما کوردستانێ، ئەگەر ئێمە بێین بە شێوەیەکی گشتی رای خۆمان بدەین مخالەفاتی تێدا هەیە ئەگەر ئێمە رای خۆ بدەین بە شێوەیەکی گشتی نەک بەری خۆ بدەینە وەزارەتا یەک بەیەک کە فەسلی ئەم وەزارەتە چۆنە لەگەڵ فەسلی مووچە، بۆ نموونە لەوەزارەتی پەروەردە چۆنە، لەوەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن چۆنە وفەسلی مووچە لەوەزارەتی پێشمەرگە چۆنە؟ غەدرێکی زۆر لەهەندێک وەزارەت دەکرێ وزۆر بەچاکی بۆ هەندەک وەزارەت دەروانن،دوور نییە ئەم بەرژەوەندی یە بەرژەوەندی گشتی هەرێم نەبێ، پێویستە پەرلەمان سەیر بکات بزانێ ئایا بەرژەوەندی هەر وەزارەتێک چەندە، ئایا ئەمە چەندی پێویستە بۆ فەسلی دووەم، فەسلی خدمی بۆ وەزارەتێک بەرژەوەندیی ویە، بەڵام بۆ چوار وەزارەتی تر، دوان وەکو یەک سالێ رابردوو وابێت صفر، صفر گۆڕانی نابێت، دوانی تر هەریەک( ١٠٠ )ملیۆن کەمی کرد ئەڵێ هیچ گۆڕان نیە یانیش گۆڕان بەس ( ٥٠ )ملیۆنە ئەگەر وایە شێوەیەکی گشتی بێت، ئەندامانی پەرلەمانیش ئەڵێن ( ٥٠ )ملیۆنە لەساڵی رابردوو گۆڕاوە هیچ نییە، بەڵام لەڕاستی دا سەیر دەکەی بۆ یەک وەزارەت( ٢٠٠ ) ملیۆن زیادبووەو، بۆ چەند وەزارەتێکی تر هیچ گۆڕانکارییەک نەبووە، هەندێکیان ناتەواوی بووە، هەر وەزارەتێک هەر بابەتێک بریتی یە لە چەند فەسڵ سەرجەمی تەبیعی ئەکاتە ئەو بابەو هەر فەسڵێکیش بریتی یە لەچەند مواد، زۆر پێویستە سەیری ئەم مەوادانە بکەین، لەبەر ئەوە کە ئێمە لیژنەی دارایی سەیری مادده، ماددەمان کردووە شتێکی زۆر رەوایە لەجێگای خۆی دایە، لە خزمەتی میللەتی کورد دایە ئەوە چوار مانگە ئێمە سەیری مادده، مادده ئەکەین بەقەناعەت کە چەند پسپۆڕانی زانکۆ لەگەڵ ئێمە ئامادەن کاتی ژمارەیەک دابەزێن ئێمە دەزانین لەبەرچی دابەزیووە ژمارەیەک زیاد بووە و باش ئێمە دەزانین ئەو ژمارەیە بۆچی زیاد بووە، لەبەر ئەوە هیچ ناتەواوییەکی تێدا نییەو هیچ مستوای ئەندامی پەرلەمانیش نایەتە خوارەوە، سەیرمان کردووە ئەوە ناتەواوییەکە لە بودجە یانیش لەجێگایەکی تر ئەوە زۆر زۆر زیادە هەرلەپێش ئێستاش بووە دەنگدانی لەسەر کراوە، ئایا ئێوە بەردەوام دەبن لەسەر گفتوگۆ یان نا؟ دەنگی لەسەر کراوە، لازم ئێمە ئەندامانی پەرلەمان رێزی رای خۆمان بگرین کە دەنگی لەسەر درا، لەپەرلەمان ، پێویستە زۆر ئیلتیزامی پێوە بکەین. باسی سیاسەتی دارایی ئەکەین بەشکێوەیەکی گشتی ئێمە زۆر تێبینی و پێشنیاریان ناردبوو خۆزگە پێش چاویان خستبا، خۆزگە ئیلتزامیان پێوە کردبا، سیاسەتی دارایی ئەوەیە کوردستان ئاوەدان بێت، ئێستا سیاسەتی دارایی یە ئەوەیە زۆر بایەخ بەپەروەردە وبە ئاسایش و بەو شتانە بدەین، هەر شتێک بەپێی دەنگدان، لەبەر ئەوە، ئەوە چوار مانگە ئێمە ماندوو ئەبین وئێمە ئەزانین ئەو شتەی کە کردوومانە خزمەتی کوردستانی تیایە ئەگەر ناتەواویشی تێدا بێ کەس نییە ناتەواوی لانەبێ، ئەندامانی پەرلەمان ئەو ناتەواویەش چاک دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــــمـەد مــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من پشتگیری ئەوە دەکەم کە پێشنیـارەکەی هەردوو فراکسیۆن و بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام یەک دوو تێبینیم هەیە. ئەوە دیارە لە قسەکانی بەڕێز وەزیری دارایی دا ئاشکرایە و مەسەلەی فەسڵ دەروازە لەبودجەکەدا هاتووە، واتە واتای ئەوە نییە کەبودجەکە بگەڕێتەوە ودیسان دووبارە ڕێک بخرێ دووەم بەراستی واتای ئەوەنییە کەئێمە دەڵێین لەسەر بنچینەی فەسڵ و دەروازە قسە بکرێ مـانای ئەوە نییـە ئێـمە باسی کـتـابی مـدرسی نەکـەین بەپێـچەوانەوە یەکـێک لـەهەرە مـەسـەلە گرنگەکان کە گفتوگۆ دەکرێت لەم حاڵەتە ئەوە ئایا سیاسەتی حکومەتی ئێمە بەرامبەر بە پەروەردە چییـە؟ داوامـان کردووە و ئەڵـێن سیـاسـەتی گشـتی ئەوەیە کـە ئێـمـە ئەڵێین گفـتـوگۆ بـکرێت یا نەکرێت، ئایا حکومەتی هەرێم ئێستا ئامادەیە کتێب چاپ بکات؟ ئێمە ئەو پرسیـارە لەحکومەت ئەکەین ئایا ئێوە چەند پارەتان تەرخان کردووە بۆ چاپ کردنی کـتێب؟ ئێـمە تـەئکیـد لەسەر ئەوە دەکەین وداوای ئەوە لە حکومەت ئەکەین ئەوە یەکێک لە بنەڕەتی سیاسەتی دارایی گشـتی هەر حکومەتێکە، دووەم باسی مەسەلەی مووچە دەکرێ بەراستی ئەڵێ وەزارەتێک غەدری لێ دەکرێ، بەبۆچوونی من ئەوە ئەو وەزارەتی کـە بودجـەی خـۆی پێـشکـەش کـردووە تەقـدیری مـوچەی خـۆی نەکردووە بەباشی کە جیـهـازی حیسـابییـان هەیە کە لە ژێر دەستی وەزیر هاتـووە، بە بۆچوونی من هیچ مەسئوول نییە غدر لەخۆی بکات، تەنها ئەگەر هەڵەیەکی ماددی هەبێ ئەمە بابەتێکی ترە هیچ جێگای موناقەشە نییـە، ئێمە یەک پێشنیـاری دیاری کـراومـان هەیە ئەو پێشنیـارە بخـرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێـز دارۆ شـــــێـخ نـوری/ وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێستا کاک جەمیل برگە بە برگە باسی بکەن یان باسی سیاسەتی دارایی بکەن، کە باسی ئەکات بەرەخنە وە باسی ئەکـات یەکـێک لەتانوتەکـان کـە فـەرمـووی ئەڵێ دادگـای گـومـرگـیـتـان دامەزراندووە، بڕیاری پەرلەمان هەیە دەربارەی گومرگ. ئەڵێ ئەو کەل و پەلانەی کە هەوڵ ئەدرێ ئاودیو بکرێن یان با بڵێین بەقاچاغ ببردرێ ئەبێ بدرێ بە دادگای سزایی تا دامەزراندنی دادگای گومرگی، یانی پەرلەمـان مۆڵەتی داوە بەدامەزراندنی دادگای گومرگی یانی پەرلەمان مۆڵەتی داوە بە دامەزراندنی دادگای گومرگی ومەحکەمەی گومرگی ئێمە بەپێی حوکمەکانی یاساکانی عێراقی کاری پێ دەکرێ کە ئێستا لە ٩٥٪ هەموو یاساکانی کوردستانی عێراق بەرپایە، بەپێی ئەم یاسایە ئێمەش دادگای گومرگیمان داناوە وبەڕێزی ئەتوانێ ڕۆژێ بێتە وەزارەت وئێمە یاساکـانی پێشان بدەین، دووەم ڕەخنەی ئەوەیە ئەڵێ مـووچەی شـەهیـدان کـراوە ئەوەش بەپێی بڕیاری پەرلەمـان خۆیەتی مەبلەغی بۆ دیاری کراوە وهەمـوو ئەوشتانە بەبێ یاسا نەبووە، چەند جارێکە باسی ئەوە دەکـا دەڵێ غـەدر لەفـلانە وەزارەت کـراوە و لەفـلان وەزارەتی کە نەکراوە، خـۆش بەخـتـانە ئەمـڕۆ

زۆربەی ئەو وەزیرانە ئەو برایانە کەئێستا ئامادەن لە لیستی زەردن حەز دەکەم هەر هەموویان هەڵسن باسی ئەوەم بۆ بکەن رۆژێک لەرۆژان جیاوازیەک ئەگەر لەوەزارەتی ئێمەوە، لەشەخصی منەوە بەرامبەر بەیەک وەزارەتی سەر بەم لیست یان بەو لیست بووبێت ئامادەم ئێستا ئیستقالە بکەم، ئێمە ناتوانین جیاوازی لەنێوان وەزارەتێک و وەزارەتێکی تردا بکەین، چونکە ئێمە تەنیا سەرچاوەی دارایی هەموو حکوومەتی هەرێمی کوردستانین، ئەوە پتر لەساڵ ونیوێکە حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە ساڵێکیان ئەم کابینە ئەیبات بەرێوە چ فەرمانبەرێک وتوبەتی من مووچەکەم نەدراوەتێ؟ چ فەرمانبەرێک وتوبەتی کەمترم دراوەتێ؟ چۆن ئەتوانم یان وەزارەتەکەی ئێمە چۆن ئەتوانێ لەدەروازەی مووچە کەم بکاتەوە، لەسەر حیسابی ئەم وەزارەتە بۆ وەزارەتێکی کە؟ ئەوە شتێکە هەر عەقل ومەنتیق قبوڵی ناکات. وەزارەتی پەروەردە لەئەنجامی هەڵە یان وەزارەتی پیشەسازی یا وەزارەتێکی تر، وەزارەتی شارەوانیەکان فەرمانبەرەکانیان کەدێن حیسابی پارەئەکەن، حیسابی وردەکاری ئەوەی نەکردووە، چەند زیاد دەبێت چەند کەم دەبێت، چەند دەبێت؟ ئێمە لەگەڵیان دائەنیشین و وردەکاریان بۆ ئەکەین لەبەر ئەوە ژمارەی زیادی وتوە پێی کەم ئەکەینەوە، ئێمە ژمارەی زیادە بار ناکەین لەبودجەی وبۆیە هەندێ وەزارەت هەیە بۆمان کەم کردۆتەوە، بەڵام لەجێبەجێ کردنی بودجەکەس ئەتوانێ مووچە نەدات، کەس ئەتوانێ بڵێ تۆ لەبەرئەوە بودجە بۆت دانەندراوە، ئەو مانگە مووچەی وەزارەتەکەی خۆی مەدە؟ ئەوە بیانویەکی خراپە، باسی چاپی کتێب دەکات، چاپکردنی کتێب جاری یەکەم بەپێی ئەولەویات کە بەرێزتان خۆتان کاتی خۆی باستان کردووە ئەولەویات یەکەم شت بووە مەعاش، ئینجا بۆ شتەکانی تر بووە، ئێمەش لەو بودجەیەدا ئەوەمان رەچاوە کردووە وپارەیەکی ئێجگار زۆرمان تەرخان کردووە لەبودجەی پلان دا. هەروەها بۆ شتەکانی تر کەباسی کرد، بۆیە پێشتر ئەگەر باسی سیاسەتی دارایی میزانیە بکرایە رەنگ بوو تووشی ئەو گێرە شێوێنییە نەبین، جارێکی کەش دووبارەی دەکەمەوە هەریەکی لەو وەزارەتانەی سەربە لیستێکن لەلیستەکان بابێن بفەرموون بڵێن ئەنجامی بۆ چوونی سیاسی، هەڵوێستی سیاسی میزانیەی ئێمە کەم کراوە یان زیاد کراوە بۆ ئەوەی بەپێی تایبەتمەندی وەڵامیان بدەینەوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەراستی دا ئەم موناقەشەیە وەکو وتمان نەمان کردۆتەوە، تەنیا پێشنیارێک هەیە ئەویش ئەوەیە کە بخرێتە دەنگدانەوە، فەرموو کاک یونس.

**بەرێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە دانیشتنی رابوردوودا بریار وادرا کەهەموو وەزیرەکان لەگەڵ لیژنەی دارایی وئابووری دا دابنیشن بۆ ئەوەی ئەو کێشانەی کە هەبوون لەگەڵ لیژنەی ئابووری بتوانن چارەسەری بکەن وابزانم زۆربەی وەزیران لەگەڵ لیژنەی ئابووری دانیشتن زۆر لەو کێشانەی کە هەبوون لە نێوان

هەردوو لا چارەسەر کران، بەرای من ئەو خاڵانەی ناکۆکییان لەسەر هەیە لە لیژنەی ئابووری بیان خەنە روو، رای کۆتاییش بۆ بەرێزان ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من بەش بەحاڵی خۆم لە دەستەی سەرۆکایەتیدا رازی نیم لەو راپۆرتەی کە لەوەزارەتی داراییەوە بۆمان هاتووە، ئێمە راپۆرتێکی ترمان ئەوێ راپۆرتێکی وردو درێژمان ئەوێ کە سیاسەتی دارایی حکومەتی تێدا دیاری بکرێ، ئەولەویاتی دیاری بکرێ هەروەها وارداتی حکومەت دیاری بکرێ، خەرجیەکانی تێدا دیاری بکرێ لەسەر ئەو ئەساسە تەخمیناتی بودجەی حکومەت دیاری بکرێ، نەفەقاتی حکومەت لەساڵی١٩٩٣ وئەمساڵ دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتەی کەحکومەت داوا دەکا گفتوگۆی بکەین، لێرە بۆ ئەندامانی پەرلەمان ولیژنەکانی ئێمە بەتەواوی روون بێ ولەسەر ئەو ئەساسە ئێمە بریارێک لەسەر ئەو بودجەیە ئەدەین، ئەگەر نا، ئێمە بریارێکمان هەیە لەپەرلەمان کە لە گفتگۆی میزانیە بەردەوام بین، لەسەر ئەو ئەساسەی کەهەمانە، هەروەها لیژنەکان بۆی دانیشتوون، ئەوەی ماوەتەوە شتێکی زۆر کەمە، خاڵی بنەرەتی وەزارەتی پێشمەرگە بوو، وەزارەتی پێشمەرگەش لەم رۆژانەدا ئەبێ هەردوو حزب بزانن ئەو تەمویلە وئەو کەمکردنەوەیە چۆن دەکرێ؟ ئەوەندە بەدەستی لیژنەی ئابووریە، ئەوەندەی بەدەستی وەزارەتی داراییشە لەراستیدا ئەبێ هەردوو لا صیغەیەکی هاوبەشیان لەسەری هەبێ، ماوەتەوە کۆمەڵێک ژمارەی زۆر کەم ئەویش هەر دووفراکسیۆن وئەندامانی پەرلەمان سەیری بکەن، لیژنەی ئابووری رای خۆی داوە، باوەزارتی داراییش رای خۆی بڵێت، ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ئەوە ماوە بریاری لەسەر بدەن یاوەکو خۆی یا ئەو پێشنیازەی کەهەیە تەثبیت دەبێت، ئیتر چی هی حکومەت بێ چی هی لیژنەی ئابووری بێت، ئەم گفتوگۆیە چیتر هەڵناگرێت، ئەم بودجەی ئێمە دوادەخرێ ئەگەر ئەو پێشنیارە بەردەوامە ئەو دەنگدانەی کە کردمان لەسەر ئەساسی چ بوو؟ ئەگەر وایە من وەکو دەستەی سەرۆکایەتی ئەو راپۆرتەی کە وەزارەتی دارایی ناردوویەتی هیچ روونکردنەوەیەکی تیا نابینم نەبۆ ئێمە، نەبۆ خەڵکی تر، کۆمەڵێک ژمارە دانراوە بێ ئەوەی سیاسەتی دارایی روون بێت، دوایی تووشی کۆمەڵێک گیروگرفت ئەبین وگفتوگۆی ئەم بودجەیە زۆرتر دوا ئەکەوێت کێشەکە زۆری حەل بووە وباشتر ئەوەیە ئەوەی لەسەری رێک کەوتووین تەواو بوون و، ماوەتەوە هەندێ ژمارە کە ناکۆکی لەسەرە، لەلیژنەی ئابووری یا لە نێوان لیژنەی ئابووری و وەزیرە بەرێزەکان، با هەردوولا رای خۆیان باس بکەن، بالیژنەی ئابووریش بەهەر دوو کتلەکەیەوە تێبینییەکانی خۆیان بڵێن، چونکە هەر ئەنجامی ناکۆکی یەکە دەکەوێتە سەر ئەو ژمارانەی کەئێستا چەسپێندراون، من بەباشی ئەبینم ئێمە بەردەوام بین لەسەر ئەو خاڵانەی کە تا ئێستا لەسەری رۆیشتووین. ئەوخاڵانەی کە لەسەری رێکەوتووین، ئەگەر تێبینیەکی برایەکی پەرلەمان هەبێ ئەوە شتێکی ترە، بەڵام وەکی دی ئەبێ بچینە سەر ئەو خاڵانەی کە ناکۆکی لەسەر هەیە، لیژنەی ئابووری موبەریراتی خۆی دەڵێ و وەزیری دارایی و وەزیری پەیوەندیدار رای خۆی دەڵێت ئێوەش رای خۆتان دەربرن،

هەموو خیلافەکەش ناگاتە سنووری( ٨٠ )ملیۆن دینار، ( ٨٠ )ملیۆنیش وابزانم ئەوە نایەنێت کە جارێکی تر کارەکە دوا بخەینەوە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بنەڕەتدا ئەوە نییە کە بڕیارێکی پەرلەمان هەیە بۆ گفتوگۆی بودجە، ڕاستە بڕیار هەیە ئەبێ گفتوگۆ بکرێ، ئەبێ پەرلەمان ڕەئی لەسەر بدات تەنها ناکۆکییە کە ئەگەر هەبێ وڕەئی هەردوو سەرۆکی هەردوو فراکسیۆنەکە ئەوەیە ئسلووبەکە بگۆڕێ، چونکە ئەنجامی کۆبوونەوەی ڕابوردووە کەئەمە ئسلوبەکەی و ئاستەکەی نزمە، چونکە سەرۆک وەزیران یا جێگرەکەی مناقەشەی لەگەڵ ئەکەی بۆچی ئەبێ ترمیمات ملیۆن دیناربێ یا ئەبێ ٥٠٠هەزار بێ؟ ئەمە لەشتەکانی تریشدا هەر بەم جۆرە بوو، ئەوانەی کاک جمیل باسی کردن لێرەدا یەک خاڵ هەیە لەگەڵ هەموو برادەراندا باسم کردووە لیژنەی ئابووری ئەو برادەرانەی کە ئیمزای ڕاپۆرتەکەیان کردووە بەتایبەتی کاک جمیل کاتێکی زۆری سەرف کردووە ئەم ژمارانەی هەموو خوێندۆتەوەو تەعلیقی لەسەر داوە توانایەکی باشی صەرف لەسەر ئەوە تەقدیر دەکرێ، بەڵام شتەکە ئەوە نییە لەوەی کاک جەمیل نەیتوانی باسی سیاسەتی ئابووری بکات ئەگەر بەو جۆرە باس بکرێ ڕەنگە ببێ بەاساسێکی باس کردنێکی ئابووری. بۆ نموونە بەرای کاک جمیل ئەولەویاتمان ئاوەدان کردنەوەی کوردستان ڕاستە، بەڵام کێ تەصەوور دەکا لەهەموو ئەندامان لەهەموو سەرکردایەتیی سیاسی کە داهاتی حکوومەتی هەرێم ئەتوانێ ئاوەدان کردنەوەی کوردستانی پێ بکەین؟ هەموو کەسێ دڵی بەوە خۆش بوو کەئەم حکومەتە، زۆر کەس تەوەقعی دەکرد کەپاش ئەوەی پێک دێت، ناتوانێ مووچەی فەرمانبەران بدات، یان ئەگەر کەلیمەیەکی گەورە دانێین«ئاوەدانکردنەوەی کوردستان» وبەملیۆنەها دۆلاری کە بەپارەی گومرگ بێتە دەست، تێ ناگەم چۆن مووچەی ئاسایش کەئێمە دەمانەوێ عەدالەت وئەمن هەبێ لە( ١٢ )ملیۆنەوە ئەبێت دوو ملیۆنی لێ کەم بکرێتەوە، ئایا ئەبێ ئاسایش فەرمانبەران دەربکات یاخود مووچەیان کەم بکاتەوە یاخود موهیمەی طواری وانذار لە( ٢٠ )ملیۆنەوە بکرێ بە( ١٢ )ملیۆن (٨ )ملیۆنی لێ بڕوا؟ جا ئەمە وابزانم ئەم وردەکارییە نیقاشەکە گەرم دەکات نەک لەسەر ئەوەی لیژنەی ئابوری خۆی ماندوو نەکردووە نەکردووە، ئەم ووردەکاریە کەمستوای نییە، مستەوای وزەراش نییە، ئیشی بەڕێوەبەری ژمێریاریەکەیەتی، وەزیر چوزانێ ئەو ژارەیە بۆ چی هاتووە شتێکی گشتی دەزانی سیاسەتێکی گشتی هەیە، موناقەشەی وەزیر بکەن لەسەر سیاسەتی گشتی ئابووری و دارایی، ئێمەش ئەتوانین مافی ئەوەمان هەیە گفتوگۆیان بکەین، ڕەخنەیان لێ بگرین، مافی ئەوەمان هەیە متمانەیان لێ وەرگرینەوە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم ئەو پێشنیارەی کاک حازم کردی بخرێتە دەنگدانەوە چیتر گفتوگۆی لەسەر نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا ئەگەر ڕای هەردوو کتلە بەو شێوەیەیە لەسەر سیاسەتی گشتی دارایی، ئەوکاتە ئێمە

ناتوانین بۆ گفتوگۆی ئەوە دیسان دانیشتنەکە دواخەین، دراسەی ئەو بابەتە ئەکەین و لەگەڵ لیژنەی ئابووری لەگەڵ حکومەتیشدا قسە دەکەین، ئێستاکە لەکوێوە دەست پێ بکەین؟ ئنجا ئەگەر حەز دەکەن ئەم پێشنیارە بخەینە دەنگدانەوە ئەوا ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر حەزیش دەکەن بەردەوام بین ئەوا بەردەوام دەبین.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

من پشتگیری پێشنیارەکەی کاک حازم دەکەم بەڵام زیادەم تیا کردووە، ئەویش ئەوەیە کە لە ٢٠٪ لەمیزانیەکە جگە لە مووچە تەرخان بکرێ بۆ کڕینی ئازووقە وشت بۆ خەڵک، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ئنجا ئێمە با ئەو مەوزوعە حەسم بکەین، کاک حازم فەرموو.

**بەڕێز حـــازم ئەحــمـــەد مـــەحــمــود یوســـفی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

دیسان داوا دەکەم کە پێشنازەکە بخرێتە دەنگدانەوە بڕیار بڕیاری بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانە و منیش پاڵپشتی ئەو ئیزافەیەی کاک فرەنسۆ دەکەم کەئەڵێ نیسبەیەک تەرخان بکرێ بۆ خواردەمەنی بۆ کۆمەڵانی خەڵک، بەڵام ئەمە بابەتێکە چۆن اتفاقی لەسەر دەکرێ ئێمەش پاڵپشتی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.سـەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفـیـد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

منیش هەر ویستم هەندێ روون کردنەوە لەو بارەی ئەو پێشنیارەی کە خرابووە ڕوو لەلایەن برایان فراکسیۆنی سەوزو پشتگیریی کرا لەلایەن فراکسیۆنی زەردەوە، ئێمە لەسەر ئسلوبەکە گفتوگۆکە ئەکەین چۆنیەتی گفتوگۆکردنی بودجە راستە یا راست نییە؟ گەیشتینە ئەو قەناعەتە کە شێوەی گفتوگۆی بودجەمان راست نییە بودجە لەسەر ئەساسی دەروازەو فەسڵ گفتوگۆ ئەکرێ میزانیە بەراووردی ئامانجەکانی حکومەت وسیاسەتەکانی حکومەت دەکرێ بەرامبەر بەئێمە وهەموو شتێ ئێمە هەمانە جارێکی تر ئەڵێم بۆچی ئێمە هەر باسی نەفەقات ئەکەین ئەوەندە سوورین لەسەر نەفەقات، کەنەفەقات لایەنێکە بودجە ئەی باشە خۆ بودجە هەر نەفەقات نییە ئیراداتمان هەیە بۆ چی بەحرصەوە بەو تەشەنوجەوە بەو عەسەبیەتەوە باسی ئیرادەکانیش بکەین سەرچاوەی ئیرادمان چییە کە بێنین ناتەواوییەکانمان لەکوێ دایە چۆن چارەسەری بکەین و، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

بۆ بودجەیەکی ئایندە لیژنەیەکی تایبەت لە ناوەوەی پەرلەمان ودەرەوەی پەرلەمان ولەگەڵ حکومەت پێکدێنین کە پێشنیارێکی دیاریکراومان بۆ ئامادە بکەن بۆ شێوە وگفتوگۆی بودجەی داهاتوومان، جارێکی تریش با حکومەت ڕاپۆرتی پرۆژەی بودجەکەی بنێرێ بۆ ئێمە بەهەموو رووێکەوە، نەفەقاتی ئیراداتی، تەخمیناتی وئەولەویاتی بۆ ئەوەی لەبەر رووناکی ئەوە لیژنەی پەرلەمانی

دانیشن موناقەشەی ئەوە بکەن وشت ئامادە بکەن و بیدەن بە ئەندامانی پەرلەمان ئەویش تەبیعی کاتی دەوێ، بەلام بەم شێوەیەی کەئێستا هاتووە لەڕاستیدا من بەش بەحاڵی خۆم هیچی لێ تێ ناگەم دڵنیام ئەندامانی پەرلەمانیش ئەگەر بابەتیانە تەماشای بکەن، ئەوا مناقەشە لەسەر هیچ ناکرێ کۆمەڵێک ژمارە نەبێ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سیاسەتا دارایی یا هەر ولاتەکی یا هەر حکومەتێکی نەخشەی دارایی دێنێتە بەرچاوی خۆ بەری دەستت دانانە بودجە ئەکاتن یان نەخشەی دارایی دەبێت ئەڤ سیاسەتا لەپێش چاوبێت و ئەولەبەر ڕووناکی سیاسەتی دارایی ژمارەکانی خۆ تەدبیر دەکاتن لەموازنەدا نەکو پشتی میزانیە هاتی و، نەهاتی شکلەکی هەی نوکە لەکاتی موناقەشە بێژن ئەم بەس سەیری فەسڵەکان دەکەی ئەم بەس سەیری سیاسەتا دارایی دەکەن لە بەرئەوە ژمارەکان چۆنن ئەبێ هەوڵ بدرێ هەندێ تەعدیلات بخەنێ تاپتر نزیکی واقعا بێ پترو نزیکی خزمەتا کوردستانا بێت ئەوە موازنەیە دروست کراوە مفرووزە پلانی دارایی پێش هەموو شتێ لەپێش چاوی دانابا کاتی دانانی موازنە ئێستا گەر بۆ پلانی دارایی مەفرووزە بگەڕێینەوە جارێکی تر لە وەزارەتی دارایی، ئەنجوومەنی وەزیران چۆن دائەنێین و جارێکی تر دووبارە نێتەوە بۆ ئێمە ئەمەش کاتێکی زۆری دەوێ، مەفرووزە ئەوە بۆ موازنەی ساڵی داهاتوو بێت هەروەکی ئەورێکەوتنەی لەگەڵ جەنابی سەرۆکی وەزیران وجێگری سەرۆکی وەزیران لەژووری جەنابت وبەئامادە بوونی بەڕێزان وجێگری سەرۆکی پەرلەمان وسکرتێری پەرلەمان هەمووتان ئامادەبن خاڵی گۆڕانکاری ئێمە زۆر زۆر کەمە یەک لەسەد زیاتر ناکرێت یانی لەسەد مادە یەک مادە گۆڕاوە لای ئێمە، ئێمەش هەوڵمان داوە وەکو نزیکن زیاتر لەواقع بێ یان زیاتر بۆ خزمەت بێ وەکو ئەو لایەنەی ئێمە بەبۆچوونی ئێمە زۆر پێویستە ڕەچاو بکرێ وخزمەتی ئەو لایەنە بکرێ لەگەڵ ئەوەشدا ڕای کۆتایی ڕای پەرلەمانە بەدەنگدان نەکو بەڕای لیژنەی دارایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕای من باگفتوگۆی بکەین ودەرناچین لەم بابەتە، پێشنیارەکە دیاریکراوە داوا کراوە کە ئەم بودجەیە بەپێی ئەو پێشنیارەی کە کراوە باسی بکەین.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی ساڵح/ وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینیەکم هەیە ئێمە کە بودجەی خۆمان دارشت کاتی خۆی داوایان لێ کردین دوو بودجە بەرێکی بکەین یەکێکیان بۆ خەرجییەکان ئەوی تریان بۆ پلان، کەچی هەندێ مەواد هاتووە بۆ نموونە بۆ وەزارەتەکەی من پاراستنی بینا خستویانەتە سەر پلان لەسەر وەزارەتێکی تر هاتووەتە سەر نەفەقات ئەگەر تەرکیز لەسەر ئەو شتانە بکەین وابزانم موازنەکە، معادلەکە کەم دەکاتەوە

لەخـەرجـیـەکـان یانی بـابزنین چی بـۆ پلان دادەنرێ وەزارەتەکـان هەمـوو وەکـو یەک بن ئەوەی کـە بەتەعـریف خـەرجی دەگـرێتــەوە دەکـات ئەوەی لە خـەرجی دابنێـن بۆ نموونە ئەو رۆژە کـەباسی پاراسـتنی بیناکان کرا هی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لە ناو خەرجی یەکان بوو بەرای من ئەو گفتوگۆیە بەو جۆرە بکەین کە چ ئەولەوییات چ زەروورەتە کە پارەی بۆ تەرخان بکرێ بخرێتە نەفـەقات ئەوەی کـە بخـرێتـە پلان کـەناتوانێ وەزارەی دارایی پارەکەی دابین بکرێ تکا دەکـەم رەچاوی ئەوشتە بکرێ، بەڵام ئێستا کە سەیر دەکەم پارەکە(٨٠) ملیـۆنمان دانابوو وەزارەتی ئێمە بۆ بودجەکە کەبریتی یە لەنەفـەقات وپلان، ئەمـسـاڵ بۆتە (١١) ملیـۆن بەشێـوەیەکی گشـتی بۆ هەمـوو وەزارەتەکـان ئەوجا داوا لەئەندامـانـی پەرلەمـان و وەزارەتی دارایی دەکەم رەچاوی ئەوشـتە بکەن بۆ ئەوەی بەیانی کەمن داوای پارە بکەم ئەڵێ ئەوە پلانە پارەم نییە کەچی خۆی لەراستیدا نەفەقاتە، سوپاس.

**بەرێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

جـاوابزانم پێـشنیـارەکـە روونە داوا ئەکرێ سـەر لەنوێ گـفـتـوگـۆ لەسـەر بودجە بکرێ بەپێی ئەو بەرنامـەیەی کـەپێـشنیـار کـراوە، بۆیە ناچارین دانیـشـتنە کـە دوا بخـەین لەگـەڵ لیـژنەی ئابووری دائەنیشین وداوا لەحکومەت دەکەین ئەوانیش سەر لەنوێ ئەوەی کە داوای دەکەن بەو شێوەیەی کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ لەسەر ئەو بنچینەیە شتمان بۆ بنێرن بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین گفتوگۆی بکەین و ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆی ئەم شتە دەکات وبریاری لەسەر دەدات و وەزارەت بەتاک و بەکـۆمـەڵ بەرپرسـیـارن لەو پرۆژەیەی کـە دێ بۆ پەرلەمـان. هیـواداریـن رەچاوی ئەوەش بـکرێ لەئایندەدا، نەک هەر وەزیرێـک بودجەکەی خۆی بنێرێتەوە بۆمـان، بۆیە پێشنیـارەکە دیاری کراوەو هەر دوو فراکسیـۆن سوورن لەسەر ئەو پێشنیارە کە بەو شێوەیە گفتوگۆ لەسەر بودجەکە بکرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە گفتوگۆی بودجە بەو شێوەیە لەسەر بنچینەی سیاسەتی دارایی بکرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ بریار درا بەو شێوەیە گفتوگۆ بکرێ. بۆیە دانیشـتنەکە دوا دەخەین بۆ ئەوەی سەر لەنوێ گفتوگۆی لەسەر بکرێ، سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٠)

سێ شەممە ڕێکەوتی ٣/٥/١٩٩٤

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٠)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٥/٣

کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٥/٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە (١٠)ی خولی ئاسایی یەکەمی، سالی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.

سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

بەرنامەی کار:

١- پرۆژەی بڕیاری (شمول) کردنی ئەو پێشمەرگانەی بەشدارییان لەکاروانی بارزانیی نەمردا کردووە لەسالی ١٩٤٥-١٩٥٨ بەیاسای ڕێز لێنانی پێشمەرگە ژمارە(٩) سالی ١٩٩٢.

٢- پرۆژەی هەموارکردنی یاسای دەسەلاتی دادوەری ژمارە(١٤) سالی ١٩٩٣.

٣- پرۆژەی بڕیاری تەخویل کردنی ئەنجوومەنی دادوەری بەدەسەلاتەکانی ئەنجوومەنی دادی عێراق لەوەی کە پەیوەندداره بە ئەندامانی دەستەی ئیدعای گشتی.

٤- پرۆژەی بڕیاری ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قیادة الثورة) ژمارە (٦٠٠) سالی ١٩٨٠.

٥- پرۆژەی بڕیاری لێکێرانەوەی ڕەسم لەو موعامەلانەی تەئیدی مولکایەتی زەویوزار و خانووبەرە (عەقارات) دەکەن کە تۆمارەکانیان بزربوون، یان لەناوچوون.

٦- پرۆژەی یاسای لێبوردنی گشتی.

٧- پرۆژەی یاسای لێبووردنی تایبەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، ببورن دوێنێ برانی کارەبا وای لێ کردین کە دانیشتنی دوێنێمان نەبێ، واتە بەرنامەکەمان هەر ئەوەیە کەدوێنێ بلاومان کردەوە یا پێڕێ، تەنها مێژووەکەی ئەگۆڕێ، چونکە نەدانیشتنمان دەست پێکرد ونەکردمان، وتم بەناوی خواو، کارەباش بەناوی خوا برا.

پرۆژەی شموول کردنی ئەو پێشمەرگانە کەبەشدارییان لەکاروانی بارزانیی نەمردا کردووە لەسالی

١٩٤٥ـ ەوە تاوەکو ساڵی ١٩٥٨ بەیاسای ڕێز لێنانی (پ.م) ژمارە (٩) ساڵی (١٩٩٢).
خاڵی دووەم پرۆژەی مۆرکردنی یاسا دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (١٤) ساڵی ١٩٩٣، (٣) پرۆژەی بڕیاری تەخویل کردنی ئەنجوومەنی دادوەری بەدەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی دادی عێراقی، لەوەی کە پەیوەند دارە بەئەندامانی دەستەی داواکاری گشتی، چوارەم پرۆژەی بڕیاری ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قيادة الثورة) ژمارە (٦٠٠) لەساڵی ١٩٨٠، پێنجەم پرۆژەی بڕیاری لێگێڕانەوەی ڕەسم لەو مامەڵانەی تەئیدی موڵکایەتی زەوی وزارو خانوو بەرەو عەقارات کەتۆمارەکانیان بزر بووە یان لەناوچووە، شەشەم پرۆژەی یاسای لێبوردنی گشتی، حەوتەم پرۆژەی یاسای لێبوردنی تایبەت، ئەگەر تازە بابەت هیچ نییە، بۆ ئەوەی دەستی پێ بکەین .. نییە؟ جا بۆ خاڵی یەکەم ئەگەر لیژنەی یاسا کەرم کەن وەکو جاران با بفەرموون.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ تازە بابەت خاڵێکمان هەبوو، بە ناوی ئەوەی کە ئەو زەوی وزارەی سەکەنی دابەش کراوە وچۆنیەتی دابەش کردنەکەی، تەبیعی دوایی کە بەدرێژیی لێیەوە دەدوێین لەوانەیە برادەرانی فراکسیۆنی خۆمان ئاگادار نەبن، ئەوە ڕای شەخسی خۆمە.
لەراستیدا من تێ ناگەم وەزعێکی وەها بێ لەوڵاتەکەدا وناوچەی قەڵادزێ وپشدەر لەو کێشەیە دابێت، پەرلەمانی کوردستان ئەگەر ئاگادار نەبێ وباسی نەکات ئەدی ئیش و کاری ئێمە چییە لێرە؟ سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەڵڵا دیارە ئەمیش تازەبابەتێکە ئەوە دووسێ ڕۆژە لەخەیاڵمانە بەراستی ئەو شتەی کە تازە ڕووی دا لەبەر ئەوە هەموو تازەبابەتێک وهەموو بەرنامەیەکمان لەبیر چوو، لەبیری ئێمەی بردەوە، بەڵام کەباسی کرا ئێمەش دەمانەوێت بەراستی تازە بابەتێک هەیە هی ئەمڕۆ نییە ڕەنگە ئەوە ساڵێکە بەتایبەتی لەهەموو شارەکانی کوردستان بەتایبەتی لەناو شاری هەولێر کە ئەو بارە ئەمنییە نالەبارە وای لێ کردووە بەراستی خەڵکەکە هەمووشتێک لەبیر بکات ئێستا تەنیا سەلامەتی ڕوح وگیان وماڵ ومنداڵی دەوێ لەبەر ئەوە ئێمە بەراستی دەبێت پێش هەموو شتێک باسی ئەو مەسەلەیە بکەین ومن حەز دەکەم بچینە ناو تازە بابەت ودوایی کاک ئەیاد بە درێژیی باسی ئەو مەسەلەیە بکات.

ئەو مەسەلەیەی تر کە برای بەڕێزم کاک شێخ عەدنان باسی کرد دەڵێ لەقەڵادزێ وپشدەر کە ئەورووداوانە روویان داوە لەراستیدا من لەگەڵ کاک شێخ عەدنانم وئێمە نازانین و حەز ناکەم بەراستی ببێتە جێی گفتوگۆ وباس لەناو هۆڵی پەرلەماندا، بەڵام ئەمن تەنیا کە شێخ عەدنان باسی قەڵادزە وپشدەر دەکات ئەمن حەز دەکەم لە هەمان کات باسی بادینانیش بکات، چونکە

هەمـان شت کـەلەقـەلادزێ وپشـدەر رووی داوە، هەمـان شت لەبادینانیش رووی داوە، لەدهۆک وئامێـدی، لەبەر ئەوە کەباس دەکرێ ئەمن حەز دەکەم مـەسەلەکە هەمـوو بەگشتی باس بکرێت، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

ئەوەی کـاک عـەدنان سـەبارەت بەرووداوەکـنی یـەک، دوو رۆژی رابوردووی قـەلادزێ و پشـدەر وتی زۆر راست و لەجێی خۆیدایە، ئێمەش تا ئێستا هەر ئەوە دەزانین کە مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێـتی دوێنێ لەو بارەیەوە بەلاغـێکی هاوبەشـیـان دەکـردووە.. بۆ باس کـردنی رووداوەکـەش پێویست بوو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری ناوخۆ بێنە پەرلەمان و راستی کێشەکە روون بکەنەوەو پێمان بڵێن کە چییان کردووە بۆ راگرتن وچارەسەر کردنی.. بەڵام نەهاتوون. بەهەر حاڵ ئەمە کـارەسـاتێکی پڕ مـەترسیەو، ئێمە بۆ سبەینێ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و، وەزیری ناوخۆ و، لێرە لەسەر ئەم رووداوانە بەراشکاوی وبەئازادیی پرسیاریان لێ دەکەین.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەوەی مەسەلەی باری ئەمنی ئەوە پەیوەندیی بە یەکتریییەوە نییە، ئەمە جیاوازە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

ئەوەی زەوی وزار کە دابەش کراوە ئەوە خاڵێکە وەکو پێشنیار کراوە لەلایەن فراکسیۆنی پارتیەوە کـە بخـرێتـە بەرنامـەی کـارەوە، ئەیخـەینە دەنگدانـەوە، کێ لەگـەڵ ئەو خـاڵـەیە؟ دەست بەرزکـرایەوە.کێ لەگـەڵ نیـیـە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسـەند کرا. باری ئەمنی نالەباری ناوشـارەکـان لەلایەن فـراکسـیـۆنی سەوزەوە خراوەتەڕوو، کێ لەگـەڵ ئەوەیە کە بخرێتە بەرنامـەوە؟ دەست بەرز کـرایەوە، کێ لەگـەڵ نـیـیـە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسـەند کـرا، تازە بابـەت لێرە لەراسـتـیـدا تەواو، دوو خاڵمان هەیە، دێینەوە سەر پرۆژەی ئیش کردنی خۆمان.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لەبارەی ئەو خـاڵەی کـەبەڕێز شێـخ عـەدنان وتی رای شـەخسی خـۆمە وکـاک حازم نـەی گـوت رای شەخسی خۆمە ئەوکارەساتەی کەئێستا رووی داوە بەراستی دڵتەزێنە، بەراستی خەڵکی خستۆتە نیگەرانییەوە و نیگەرانییەکەش زۆر رەوایە و، لەسەر دوارۆژی ئەم تاقی کردنەوەیەیە و وابزانم هەمـووشی رەنگدانەوەی سـیـاسـەتی حزبایـەتی تەسکە کـەلەهەموو بوارێـکی ژیانی ئەم هەرێـمە دا ڕەنگی داوەتەوە ولـەگـەڵ ڕێزمدا بۆ قسـەکـانی کاک جوهر کـەئەڵێ مـەکتـەبی سیـاسی هەردوو لا بەیانیـان دەرکـردووە بەیانەکـە بەراسـتی دڵنیـاکـەر بوو وبەیانێکی زۆر زۆر باش بوو، بەڵام مـانای ئەوە نییە کەپەرلەمـان بەهەمووی نەتوانێ ئەو بابەتە باس بکات وقسەکەی کاک جوهر راستە کە

لەکاتی باس کردنیا پێویستە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری ناوخۆش لێرە بن و لەبەر ئەوە من وابزانم خراپ نییە کەرای ئەندامان ئەگەر لەسەر ئەوە بێ ئەمە ئەوە ئەهێنێ داوا لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت، وەزیری ناوخۆ ئەگەر بۆ ئەمڕۆش نەبێ بۆ سبەینێ یان دووسبەی روون کردنەوەیەکمان بۆ بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک نەژاد راست دەفەرمووێ رووداوەکانی قەلادزێ و رانیە پڕ مەترسین وهەڕەشە لەسەرجەم ئەم ئەزموونە دەکەن، بەلام دەبێ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وجێگرەکەی و وەزیری ناوخۆ بانگ بکەین ئەوجا قسەی لەسەر بکەین، کە ئەوان هاتن دەتوانین لەهەموو روویەکەوە قسەی لەسەر بکەین. کاک حازم یوسفی رووداوەکانی پشدەرو قەلادزێی بەستەوە بەبادینانەوە، بەلام لەبادینان کوشتار نەبووە، ئەگەر کێشەش هەیە دەبێ لەکاتی خۆیدا و بەتەنها قسەی لەسەر بکرێ، ئەوە راست نییە بلێین مادام لەبادینان سووکە کێشەیەک هەیە، با لەقەلادزێ وپشدەریش کوشتارو تەجاوز بەردەوام بێت، ئەمە راست نییە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم، باسم الشعب، المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرار

استناداً الى احكام الفقرة (أ)من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ماعرضه وزير شؤون الپيشمەرگة ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة ( ) بتاريخ / /١٩٩٤ اصدار القرار الاتي:

١- شمول الـ(پيشمەرگة) الذين اشتركوا في المسيرة البارزانية البطولية للفترة من ١٩٤٥ لغاية ١٩٥٨ باحكام قانون تكريم الـ(پيشمەرگة) رقم (٩) لسنة ١٩٩٢.

٢- على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

٣- ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە پرۆژەی بڕیارەکەیە، چ تێبینییەک لەسەر هەیە؟ تکایە ئەوەی تێبینی هەیە با بفەرمووێت.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە لەو سەردەمەی کە کوردستانی باشوور بەستراوە بەعێراقەوە زنجیرەیەک شۆڕشی یەک لەدوای یەک لەکوردستاندا دژی داگیرکەران سەری هەلداوە. هەر شۆڕشێک لەو شۆڕشانە لەسەردەمی خۆیان گرنگیی خۆی هەبووە ولەمێژووی میللەتەکەماندا جێگای شانازییە هەموو ئەو تێکۆشەرانەش کەلەو سەردەمان دا تێکۆشاون دژی داگیرکەران مایەی سەروەری وشانازی میللەتی کوردن سەبارەت بە هەر یەکێ لەو تێکۆشەرانەوە یان بنەمالەی ئەو تێکۆشەرانەوە

کەماون ئێستا لەژیاندا چاوەڕوانی ئەوەبوون کەرۆژێکی ئازادی وسەرفیرازی ببێ لەکوردستاندا بە بڕیاری خۆمان، بەزمانی خۆمان بەدەستی خۆمان، وەفاوشانازی بەو تێکۆشەرانەوە بکەین، ئێمەش وەکو یەکەم پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی ئەو سەروەرییە مێژووییە بۆ ئەو پەرلەمانە وبۆ ئەو ئەندامانەی کەلەم هۆڵەدا دانیشتووین بهێڵینەوە بۆ ئەوەی کەوا مێژوو سەرزنشتمان نەکات لەپاشەڕۆژدا پێشنیار دەکەین کەزنجیرەی ئەو شۆڕشانە لەیەک دانەپچڕێن چونکی لەهەر کوێ یەکەوە دەستمان پێ کرد مانای ئەوەیە ئەوەی لەپێش ئەوانە، ئەو تێکۆشەرانەی کەلەپێش ئەوانە کە مێژووی کوردستان بۆی نووسیوون ئێمە بەشێوەیەکی یاسایی لەپەرلەمانی کوردستاندا پشتگوێیان دەخەین، دیارە خەڵکانێک هەبوون لەکوردستانی باشووردا روویان لەشوێنەکانی کەش ناوە بۆ خەبات وتێکۆشان وەکو عەرزم کردن لەسەردەمی دەست پێ کردنی شۆڕشی رزگاری خوازی گەلی کوردەوە لەکوردستانی باشووردا دەیان کەس لەوانەیە ئێستا مابن لەژیانا وئەو بڕیارە بیان گرێتەوە، بۆ نموونە یەکێ لەنموونەکانی بچووک خێزانی شەهیدی نەمر (خەیرەڵلا عەبدولکەریم)ە کە ئێستا لەگەڕەکی تەیرەوای هەولێرادا ئەژی لەتاکە ژوورێکا بەکرێی گرتووە، چاوەڕێی ئەوەبوو کە کوردستانی ئازاد پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ وەفای بداتەوە پاداشتی بداتەوە، بۆیە پێویستە زنجیرەی ئەو شۆڕشانە یەکەم دانەبڕین لەیەکتر دووهەمیش ئەو پێشنیارە شامل بێت بۆ هەموو تێکۆشەرانی شۆڕشی رزگاری خوازی میللەتی کورد ومن پێشنیار دەکەم بەو شێوەیە بنووسرێتەوە: (شمول البيشمەرگە الذين اشتركوا في الحركة التحررية الكوردستانية من ثورة شيخ محمود الحفيد والمسيرة البارزانية البطولية للفترة من ١٩١٩ ـ ١٩٥٨)، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر فەخرو شانازیی بۆ پەرلەمان ئەزانم ئەمڕۆکە قەدرو قیمەتێکی بۆ ئەوان تێکۆشەرانە بدات ئەوی ئەوان زەحمەتاو زیادی لەوێ فەترە تەنگاویەدا هەنووکە ئەم خۆ دیندارو بلمیزا وان قارەمانانە دەزانین تەنها من یەک تێبینیم هەیە دەمەوێ بیخەمە سەر ئەمە، وبنووسرێ (شمول الـ(پێشمەرگە) الذين اشتركوا في مسيرة البارزاني الخالد ورفاقه)، ئەو صیغەیە بێتە سەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا ئەگەر تێبینیەکیان هەیە؟ بوورن تەنها یەک تێبینی گچکەم هەیە، لەوانەیە مەجموعەیەکی زۆر کەم لەو کەسانە ماون کە لەوەزارەتی پ.م دەسنیشان کراون.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا دەقەکەمان دارشتوە وئەوپێشنیارانەی کە هەنە تکا دەکەین ئەگەر بەنووسین بۆمانی بنێرن ورای پەرلەمانی لەسەر وەربگیرێت، یاسا چ رێی لەشتەکە ناگرێت، بلێین

ڕێی دەگرێ ئەوەبنووسین یان ئەوە نەنووسین بەشکلی یاسایی، لەپاشان ئەگەر ئیعتیباریش بێ ماددیش نەبێ جائیزە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم برگەیە دیاری کراوە بۆهەندێ کەس کەناویان لەوەزارەتی پ.م وەهاتووە، بەڵام بۆ شەهیدانی ترمان، یان بۆ خەڵکی دیکە، ئەوە ئەگەر پرۆژەیەکی تر هەبێ ئەوە باشترەو بەرای من تێکەڵیان نەکەین باشترە، چونکە ئەمەی ئێستا دیاری کراوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەیاسای ژمارە (٩) ئەوەی لەساڵی ١٩٩٢ دەرچوو بەناوی (قانون تکریم الپیشمەرگە) (پ.م) لەبرگەی (٢)ی مادە (١) بەم جۆرە پێناسە کراوە (الپێشمەرگە کل من التحق بالثورة وناضل سیاسیاً عسکریاً لتحقیق اهدافها ولم ینحرف عن اهداف الثورة ولم یتعاون مع اعداء الحرکة التحرریة الکوردستانیة) واتە ئەوانەی سیاسی وعەسکەریش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەرەش لەوانەیە ڕوون کردنەوەیەکی هەبێ.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرۆژەیە لەوەزارەتی کاروباری پێشمەرگەوە هاتووە یان لەرێگای ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بە دیاری کراوی لەبنچینەوە هاتووە کەئێمە لە لیژنەی یاسا دانیشتووینە تەنیا بابەتەکە بابەتێکی دارشتنەمان کردووە ونییە؟ بابەتەکە چ گۆرینەوەی بیروڕابێت یان فلان مەشموولە یان فلان مەشموول نییە بۆخۆی، چونکە پێشنیارەکە بەدیاری کراوی هاتووە لەسەر ئەو بنچینەیە لەلایەنی یاساشەوە دارشتنەمان کردووە، بەلام ئەگەر پێشنیارێکی تر هەبێ سەبارەت بە پرۆژەیەکی تر چەند برادەرێک بۆیان هەیە یاخود لەرێگەی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە پرۆژەیەک پێشکەش بکرێت ئێمەش لیژنەی یاسای تاوتوو بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو وتمان ئەم پرۆژەیە بەرێگەی ئەسولی خۆی لەوەزارەتی کاروباری (پ،م) هاتووە بۆ بارێکی دیاری کراوە، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان حاڵەتی تر تەصەوور ئەکەن پێویستە، با پرۆژەیەک پێشکەش بکرێت وەکو گوتمان یا بەرێگە ئەسولییەکەی خۆیانەوە یان لەرێگەی (١٠) ئەندامانی پەرلەمانەوە یا لەرێگەی حکومەتەوە پێشکەشی بکەن، ئەو کاتە گفتوگۆی لەسەر بکرێ وبریاری لەسەر بدرێ.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پرۆژەکەوە کەهاتووە لەوەزارەتی «پ.م» وە، بۆ پەرلەمان بۆی هەیە هەموو پێشنیار وهەموارکردنێکی لەسەر بکات وەکو هەموو پرۆژەکانی تر کە لەوەزارەتەکانەوە هاتوون ئەوە لایەنێکی، لایەنێکی تریش شمولیەتی مەسەلەکە، کەهەر هەموو بەنسبەت میللەتی کوردەوە بەنسبەت ئەو پێشمەرگانەی کەخەباتیان کردووە و وەکو وتیان لەسەرەتا یا پێش سەرەتای دروست بوونی حکومەتی عیراقی زانراوە کە لەزەمانی شێخ مەحمودەوە لە ماوەی (١٩١٩)ەوە تاکو ١٩٣١ چەن خەبات کراوە، ئەگەر بێنین هەتا لایەنی زەمەنیش لەنێوان (٣١ تا ٤٥) بێجگە لەوە شۆڕشی بارزانی تریش بووە ئەوانیش دەیانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای من بۆ ئەوەی سوود لەکات وەرگرین وەکو بنەما ناکۆکی لەسەر ئەوە نییە کەخەڵکی تریش هەن بەشداری کردووە لەشۆڕشەکاندا، بەڵام هەر حاڵەتێک نرخ و بایەخی خۆی هەیە ئەمە تاوتوو کراوە ونارداراوە، ئەگەر حاڵەتی تر هەیە وەک شۆڕشەکانی شێخ مەحمود وپێش شێخ مەحمود وبارزان و، دوای ئەوە وئەگەر پێویست بەوە ئەکات وئەگەر قەناعەتێکی وا هەیە، حەقە ئەوانەش تاوتوو بکرێت، چونکی وەکو گوتمان ئێمە ناتوانین لێرە ئێستا بڕیارێکی وا بەشمولیەت وەربگرین کە کێ بگرێتەوە وکێ نەگرێتەوە، باشتر وایە بۆ ئەو جۆرە پرۆژەیە گفتوگۆ بەو شێوەیە بێت.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری قسەکانی جەنابت دەکەم بەراستی رێگای پرۆژە هاتن بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی زۆر زۆر روونە لێرەش وەصفی (پ.م) دەدرێتە ئەو کەسانەی کەبەشداریان کردووە وەصفەکەی یاساییە، شمولێکی یاساییە، واتە لەم بابەتەوە ئەو یاسایەی کەدەرچووە ئەوانیش دەگرێتەوە و، من دەمەوێ پرسیاریش بکەم ئەگەر ئەوانە پێشمەرگە نەبن ئەدی کێ (پێشمەرگەیە)؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناکۆکی لەسەر ئەوە نییە(پ.م)ن یان (پ.م) نینە، نەخێر بەلای ئێمەوە تەنها خاڵی جەوهەری ئەوەیە لەسەر ئەو بنەمایەی کە لەشۆڕشەکانی تریش خەڵکێک بەشداربیان کردووە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمووی مافی خۆیەتی، بەڵێ مافێکی تەبیعی هەمووانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەزانم کەس ناکۆکی لەسەر ئەوە نییە، تەنها ئەوەیە ئەم پرۆژەیە دیاری کراوە، دیراسەت کراوە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، چونکە باسی ئەوە کرا (پ.م) تەنها ئەوەیە کە شمولی عەسکەری و سیاسی دەکات وهەم عەسکەریشە وهەم سیاسیشە، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەدئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموومان بەشانازییەوە ئیشارەت دەکەین بۆ ئەو دەورە موشەریفانەی کەشۆڕشگێڕانی کورد لەمێژووی گەلەکەماندا بینیویانە چ لەشۆڕشەکانی بارزانی یەک بەدوای یەکدا چ لەشۆڕشی شێخ مەحمودی نەمردا، بەڵام ئێمە بەراستی کەشتی وائەنێین لێرە زۆر پێویستە بیری لێ بکەینەوە، مایەی مەغدووریی نەبێ بەحەقی مێژووی میللەتی کوردیش و دوای ئەوە کەم کردنەوەیەک بۆ ئەو زاتانەی کەبەشداری بەرچاویان هەبووە لەشۆڕشەکانی میللەتی کورددا من زۆر بەگەرمییەوە پێشنیار دەکەم کەئەم پرۆژەیە ئێستا دوای بخەین، برادەران پرۆژەیەکی کە دابڕێژن با لەساڵی ١٩١٧ وە دەست پێ بکات وئەوکەسانەی کە لەگەڵ شێخ مەحمودی نەمردا بەشداریان کردووە بەشدار بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دیسان دووپاتی دەکەمەوە ئەوە موتەعلیق نییە بە شۆڕشەوە، موتەعەلیقە بەچەند کەسێکەوە ماون بەشداریان کردووە لەیەک مەسیرەدا، واتە دیاری کراوە، دیاری کراوە بە کۆمەڵێک کەس لەمەسیرەکەدا پێشمەرگە بوون وچوونەتە یەکێتی سۆڤیەت، وابزانم کەس لێرە لەناو پەرلەمانا ،باوەڕ ناکەم نکوڵی لەوە بکات کە ئەوە شتێکی رەوایە، بۆ ئەوانی تر دەبێ پرۆژەیەکی تایبەت پێشکەش بکرێت کەخەڵکێکی زۆرتر بگرێتەوە، لەوەی کە ئێستا کەلەمێشکی ئێمەدا هەیە، چونکە ئەوە دیاری کراوە و بەندە بە حاڵەتێکەوە، نەباسی شۆڕشی بارزان ئەکات و، نەباسی کۆماری مەهاباد دەکات دیاری کراوە بەکۆمەڵێک (پ.م) کەبەشدارییان لەو مەسیرە مەزنەدا کردووە، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەم پرۆژەیە زۆر لەجێگەی خۆیدا هاتووە، چونکە بەدیاری بۆ کۆمەڵە کەس کە(٥١٢) (پ.م)ن، هەستاون بەقارەمانیەتیەک ئەویش بەزاندنی سنووری سێ وڵاتی داگیرکەری کوردستان یەکەم کەرەت بووە لەمێژووی میللەتی کورددا مەسیرەیەکی وا نەمر وگرنگ بکرێت و بچنە وڵاتێکی بێگانەوە کەئەویش یەکێتی سۆڤیەتی ئەو وەختە بوو، ئەم حەرەکەتە، ئەم مەسیرە خۆی لەخۆیدا چەندین چەمکی مێژوویی و چەمکی (پ.م) یەتی هەیە و ژمارەکەشیان دیاری کراوە (٥١٢) کەسە ئەمە تەبیعی لەئەنجوومەنی وەزیران دا گفتوگۆ کراوەو، هەموو حساباتێکی داریی

بێت یان هەر ئیمتیازاتێکی تر بێت بۆیان کراوە و ئەو ژمارەیەش زیاد ناکات ولەوانەیە هەندێ لەو کەسانەش شەهید بووبن، نەمابن یان خێزانەکان شمولی نەکات منیش لەگەڵ ئەوە دام پرۆژەیەکی تر دوایی پێشکەش بکرێت بۆ شۆڕشەکانی یەک لەدوای یەک، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمن پشتگیری ئەو پرۆژەیە دەکەم کە ئەو پێشمەرگانە لایەقی ئەوەنە ئەو تەکریمەیان بدرێتێ، بەڵام بۆ ئەوەی مێژووی کورد بەپچڕ پچڕی نەبێ حەرکاتی کورد پچڕپچڕ نەبێ لە ١٩١٧ وە داخل بکرێت، چونکە ئەو پێشمەرگانەی کەلەزەمانی شێخ مەحموددا شەڕیان کردووە ئێستاش موشیر ئاغای زێوبیە، سوپاس.

**بەڕێز عدنان محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو جێگری سەرۆکی فراکسیۆن دەمەوێ قسە بکەم، برادەرانی لیژنەی یاسایی ئەوانەی لە سەر سەکۆ دانیشتوون وابزانم روونیان کردەوە قسەکانیان زۆر روون بوو، قسەکانی کاکەڕەشیش تەبیعی زۆر روون بوو، بەتەئکید ئەم پرۆژەیەی کەهاتووە لەئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆ کراو تەبیعی گفتوگۆی لیژنەی داراییشی کراوە، وەکو جەنابیشت فەرمووت بۆ حاڵەتێکی تایبەتی دیاری کراو هاتووە، وەکو پرۆژەیەک بۆ حاڵەتێکی دیاری کراو، بۆ مێژوێکی دیاری کراو، جەنابت زۆر تەئکیدت کردەوە، برادەرانیش هەندێکیان ئەوانەی کە لە لیژنەی یاسان کەلەسەر سەکۆ دانیشتوون چ برادەرانی تر دووپاتیان کرد ئەگەر هیچ پرۆژەیەکیان هەبێ هیچ لاری نییە باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانەی برادەران فەرموویان هەمووی ڕاستن، بەڵام هەر لاپەڕەیەک لەمێژووی کورددا جێگەی خۆی هەیە وەک ئەڵێ ڕەنگی خۆی هەیە، ئەوەی دەربارەی ئەو ڕێڕەوە گەورەیە گوترا شتێکی گەورەی ستراتیجییە لەمێژووی کورد دا وجێگەی شانازییەکی گەورەیە و کارەکەشی بردە نێو چەند دەوڵەتەوە، بەڵکو بەسنووری (٣) وڵاتی داگیرکەری کوردستان دا نزیکی (٥٠٠ر ٥١٢ یان ٥١٥) کەچەند کەسێکیشیان بۆ یەکێتی سۆڤیەت کۆچیان کرد و توانیان بگەنە سەر ئەو سنوورە دوورەکارێکی گەورەیە و ڕەنگی داوەتەوە، ئەم گفتوگۆی ئەمڕۆ من لەگەڵ ئەوەدام کەڕێز لەهەموو شۆڕشگێڕێکی کورد بنرێت ڕێز لەوانە بنرێ کەلەشۆڕشی شێخ مەحمودی نەمرەوە ماون تائێستا کەبرای بەڕێز کاک شەوکەت باسی ساڵحە خانی شەهید خەیرەڵلای کرد ئەمەوێ ئەوە بیر خەمەوە کەپاشی شۆڕشی (١٤) تەمووز لەسەر داوایەکی مامۆستا هەمزە عەبدوڵلا کەدای بەمەحکەمە ئەو(٤) ئەفسەرەی عەفوو کرد وبەشەهیدی نیشتمانیی داتان و تەقاعودیشیان بۆ برایەوە، بەڵام ئێمەیش ومنیش شارەزایی خێزانی شەهید خەیرەڵلام کەدیارە ئەو تەقاعدیەی کۆنە بەشی ناکات

ئەبێ ڕێزێکی تری لێ بنرێت، ئەمـــانە ئەوانی تر بکرێت بەپرۆژەی تر بۆ ئەوەی من ڕام وایە کەلەنرخی ئەم لاپەڕە ڕەنگینەش کەم نەکەینەوە و بەو تێکەڵیە نەکەین و لەنرخی شۆڕشی شێخ مەحمودیش کەم نەکەینەوە، وەک پرۆژەی تر ئەوانی تر کەپێشکەشی بکرێت و ڕای من وایە با ئەم پرۆژەیە بەم جۆرە بڕوات بۆ ڕێزنان لەوانەی کەماون لەڕێی ڕەوی، بێگۆمان ئەوانە هەر بارزانیەکان نین، هەر بەتەنیا بەرابەری بارزانی نەمربووە گەلێ خەڵکی تری تیا بووە، واتە خەڵکی سلێمانی تیا بووە خەڵکی لایەنەکانی دەوری بادینان بەرواری وئەوانەی تیا بووە، سلێمان بەگی دەرگەلەی تێدا بووە، کۆمەڵێکی تێدا بووە ئەمە ئەزانین بەرابەری ئەو بووە، من لام وایە بۆ ئەوەی کە ئەو گفتوگۆیە وانەڕوات دەنگ لەسەر ئەم پرۆژەیە بەم جۆرە بدەین وبرادەران ئەگەر بڕیارێکی تایبەتی بۆ شۆڕشی شێخ مەحمود بۆ ئەو کەسانەی تریش دەربکەن کەپێویستە ئێمە ڕێزیان لێ بنێین وابزانم زۆریش نین ئەوانەی کەماوون، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـمـد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەڕاستی ئەو بۆچوونەی کاک د.عیزەدین بۆی چووە زۆر زۆر ڕاستە، دووەم ئەو پرۆژەیەی کەئێستا لەمەودوا دروستی دەکەین ئەبێت بەناو دروست بکەین بەڕاستی، چونکە ئێمە بۆ خۆمان باری میللەتەکەی خۆمان ئەزانین لەمەودوا مەفووزە ئەو ناوانە هەموو کۆکەینەوە ئەوانەی لەناو ئەو شۆڕشانەبوون بەپرۆژەیەکی سەربەخۆنە تەنیا ئەوەها بەشکلێکی کراوە بڵێین ئەوانەی کەلەو شۆڕشە بەشداریان کردووە زۆر چاک ئەزانین ئێمە لەوانەیە زۆر خەڵکی ناموستەحەق بچێ وجێگای ئەو شۆڕشگێرە ڕەسەنانە بگرێتەوە لەبەر ئەوە پێویستە شۆڕشەکان وحەسری ناوەکان بکرێن ولیستەیەک هەروەکو ئێستا لەوەزارەتی کاروباری (پ.م) پێشکەشی ئێمە کراوە بە ژمارەیەک بەو ناوانە لیستەیەک پێشکەش بکرێت و پرۆژەیەکیان بۆ بکرێت وئەوانەش بڕیارێکیان لەپەرلەمان بۆ دەربچێ لەهەمان کات ئەوانیش مەشموول بن بەیاسایی ڕێزلێنانی (پ.م)، سوپاس.

**بەڕێز شـەوکـەت حـاجی مـوشـیـر ئـەحـمـەد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دیارە هیچ لایەکمان نکوولیمان لەوەی نییە ئەو مەسیرەیە بەشێکە لەخەباتی میللەتەکەمان من پێشتر قسەم کردووە وئێستاش دوو تێبینیم هەیە حەز دەکەم یەکەم تێبینیم لەسەر قسەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانە کە (پ.م) کێیە؟

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

من نەم گوت (پ.م) کێیە، گوتم دیاری کراوە بە (پ.م) کەلەو مەسیرەیەدا بەشدار بوون.

**بەڕێز شـەوکـەت حـاجی مـوشـیـر ئـەحـمـەد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئێمە ئەوانەمان بە (پ.م) زانیوە و بە (پ.م) یشیان ئەزانین وهەر کەسێکیش بە (پ.م) یان

نازانێ نكوڵی له مێژوو دەكات، بەڵام ئەی پێشمەرگەكانی (دەربەندی بازیان)ی شەڕی بەردە قارەمان كەخەڵكیان ماوە ئایا (پ.م) نەبوون، ئەی ئەوانیش حیسابی (پ.م) یان بۆ بكەین تێبینییەكی ترم هەیە لەسەر مەسەلەی پێشنیار، ئێمە پێشنیارمان زۆر پێشكەش كردووە یەكێ لەو برایانە نازانم باسی ئەوەی كرد كە (١٠) كەس پێشنیارێك پێشكەش بكات، ئێستا لەخۆتان ئەپرسن دەیان پێشنیار پێشكەش كراوە (١٠) كەس و(١٥)كەس تا (٢٠) كەسیش پێشكەشی كردووە بۆ ئەوانە ئەو پێشنیارانە وەڵامیان نییە، بۆیە ئەم پرۆژەیە كە لەوەزارەتی (پ،م)وە هاتووە قابیلی ئەوەیە كە هەمواركردنی تێدا بكرێت بۆ ئەوەی پچڕپچڕ مێژووی میللەتەكەمان نەنووسینەوە ئەو پێشنیارەی كەئێمە كردمان بەو شێوە بۆئەوەیە شامل بێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ڕێزەوی قارەمانانەی بارزانییەكان داستانێكی دانسقەی هەرە نایاب ودرەوشاوەترین خاڵە لە مێژووی تێكۆشانی نەتەوەكەماندا، ئێمە لەمێژوومان دا سەدان شۆڕشمان هەبوو هەر لەمێژووی نزیكمانەوە نامەوێ بەسەری دا بێمەوە لەمەحمود خدری هەمەوەندەوە كەبەرەنگاری ڕۆم وعەجەم وئینگلیز بووە، مەحبوب خانی دەلۆ، جوامێری زهاوو برایم خانی دەلۆ، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی ودەیان شۆڕشی تر، بەڵام ئەم پرۆژەیە دانسقە وتایبەتمەندەی ئەو لایە من پرسیارێك ئەكەم ئایا كەسێك هەیە لەسەر ئاستی كوردستانی ئازاد نكوڵی لەو ڕێزلێنانە بكات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بابەتەكە ڕوونەو، وابزانم هەموو ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵین و یەك كەس لەئەندامانی پەرلەمان نییە خوانەخواستە نكوڵی لەرەوایی ئەمە بكات، هەروەها باوەڕناكەم یەك ئەندامی پەرلەمانیش هەبێ نكوڵی لەوە بكات كەخەڵكێكی ترمان هەیە بەشداری شۆڕشەكانی دیكەی كوردیان كردووەو پێویستە ڕێزیان لێ بگیرێت، بەڵام ئەمە حاڵەتێكی تایبەتە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی بەڕێز ئەندامی لیژنەی یاسا مامۆستا كاكەڕەش شتێكی بەبیر هێنامەوە كەدیارە ئێمە لە دارشتنەوەی دا لەبیرمان كردووە ئەویش لەبڕگە (١) لەكۆتایی یەكەی دا دەبێ زیاد بكرێت (الواردة اسماؤهم في القوائم المرفقة) كە (٥١٧) ناوە كە ئێستا لكێنراوە بە پرۆژەكەوە بەڕاستی ئێمە لەكاتی صیاغە لەبیرمان كردووە (الواردة اسماؤهم في القوائم المرفقة)، سوپاس.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

لیستەی ناوەكان هاتبوو بەس لە لیژنەی یاسا كەدانیشتین لەسەر ئەو بنچینە بڕیارمان دا كەناوەكانیان نەڵێین، گومان لەوانەیە نەختێ هەڵە لەناوەكاندا هەبێ، با ئەو دەسەڵاتە بدەینە

وەزارەتی کـاروباری پێـشـمـەرگە، کـە کـابرایەک داوا دەکـات دەڵێت من لەو مـەسیـرەیەدا بووم وەزارەتی کاروباری (پ.م) خۆی داوای لێ دەکات کە بەڵگەنامەی پێشکەش بکات، ئەگەر رای لە بەڵگەنامەکانی بۆ وەزارەتی (پ.م) بڕیار دەدات کەمەشموولە بەبڕیارەکە لەسەر ئەو ئەساسە ناوەکانمان نەهێناوە، لەوانەیە کاک ئەیاد ئەوەی لەیاد نەبێ کە لەئەنجامی گفتوگۆکردن گەیشتینە ئەو چارەسەرەی کـە خـاڵی نـاوەکـان مـەوجـووده وهەندەک وتیـان تۆزێک ناو زیادە هەندێکی تر گـوتیـان تۆزێک نـاو کـەمـە گـوتمان بۆ لابردنی بۆ ئەو کـێـشـەیە دەسـەڵاتەکـەی بدەین بە کـاروباری (پ.م) خۆی ئەو بڕیارە دەربچوێنین مەشموولیان بکات یان نەکات، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

ناوەکان پێشتر لەچەندین بلاوکراوەو پەرتووک بلاوبونەتەوە شتێکی نهێنی نییە، ناوەکان ناسروان و لەزۆر کتێب و رۆژنامەدا چەندین جار بلاو کراوەنەتەوە.

**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

تەبیعی هیچ لاری نییە بەشێوەی یاسابیەکە دێتە پێش ئێمە، پرۆژەکە قەتعی نییە تەنیا بەگوێرەی ئەو پرۆژەیە بێت، پرۆژەکە جائیزە هەموار بکرێ وکەم کرێ وزیاد کرێ، واتە دەشێ شموولی بکەی یا شموولی نەکەی ئەوە شتێکی یاساییە، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

هەرگیـز نەم گـوتووە وەزارەتی کـاروباری (پ.م) جێی مـتـمـانە نییە ومەشکوک نەبوێە، بەس ئەو راستییە لەزۆر لەمەکتەبە سیاسییەکان وبرادەران شاراوەنییە وهەموویان شارەزای ئەوەن وزۆر نامەی ئاسایی هاتووە وزۆر تەئیـدی عـەنتیکە عـەنتیکە هاتووە بۆ ئەشخـاص فـعلا نەبووە خۆ مـانای ئەوەش نییە ئەو مەشکوکە ئەگەر نـاوەکان حەصر بکرێن، حەصرکردنەکەش هەر مەکتەب سیاسیەکان دەیکات، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

روونە، ئێستاکە با نەیەینە سەر ناو گۆڕینەوە وئەوشتانە با نەکەوینە ئەو موناقەشەیەوە، چونکە کێشەی ئێمە نییە ئێستا کێشەی ئێمە کۆمەڵێکی دیاریکراو هاتووە بڕیارێکی لەسەربدەین جا یا پەسەندی دەکەین یان پەسەندی ناکەین، جا بەو شێوەیەش گفتوگۆی ئەو بڕیارە کـرا وئێستـاش ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو پرۆژەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ ئەو پرۆژەیە پەسەندکرا، ئەمێنێتەوە گفتوگۆی ئەوەی کەبرادەران باسیان کرد کە کۆمەڵێک خەڵکمان هەنە لەشۆڕشەکـانی تردا، لەبزووتنەوەکانی تردا بەشداربیـان کردووە، کەپێویستە ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەکو پەرلەمانی کوردستان رێزیان لێ بنێین، بۆ ئەوەش دوو رێگا هەیە ئەویش وەکو گوتمان پرۆژەیەکی تایبەتی بۆ پێشکەش بکرێت، یا ئەوەتا

کەپرۆژەیەکی تایبەتی بۆ ڕێز لێنانی ئەوانی تریش پێشکەش بکرێت، جا ئێمە داوا لەئەندامانی پەرلەمان دەکەین کە لەگەڵ حکومەتا دائەنیشین با ئەم بابەتانە لەگەڵیاندا باس بکەین.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

**قرار**

استناداً الى احكام الفقرة الاولى من المادة السادسة والخمسين قانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناء على ماعرضه وزير العدل ووافق عليه مجلس الوزراء . قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق، بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٩٤ اصدار القانون الاتي:

قانون رقم ( ) قانون التعديل الاول لقانون السلطة القضائية رقم ١٤/١٩٩٢:

المادة الاولى: تلغى الفقرة (١) على (أ) من المادة الثالثة ويحل محلها مايلي:

يؤلف مجلس قضاء برئاسة محكمة تمييز اقليم كوردستان العراق وعضوية اقدم نائبين من بين نواب الرئيس وعند عدم وجودهما اقدم حاكمين من محكمة التمييز رئيس هيئة الاشراف العدلي ومدير العدل العام او من يقوم مقامها.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئەسڵی برگەکەش بۆجەنابتان دەخوێنمەوە، ئەصلی برگەکە کە (٣) پایەیی تێدا بووە یەکەمیان بەڕێوەبەری گشتی تۆماری خانووبەرە، دووەمیان سەرۆکی داواکاری گشتی، سێیەم سەرۆکی تۆماری یاسایی کە پێشنیارەکە واهاتووە کەئەو سێ پایەیە لەئەنجومەنی داد لەئەنجومەنی دادوەری لابچێ، واتە هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە بەلاوازی ئەو (٣) پایەیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەیاسای دەسەڵاتی دادوەری ئێمەدا هاتووە کەئەنجومەنی دادوەری ئەو(٣) ناوەی کە بەڕێز ئەیاد وتی بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرە، ئەنجومەنی تۆماری یاسایی، وسەرۆکی داواکاری گشتی لەم دەسەڵاتەدا نییە لەئەنجومەنی دادوەری دا نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی وەزارەتی داد، وەزارەتی دەسەڵاتی دادوەری وادەزانن ئەمانە پەیوەندییان بەدەسەڵاتی راپەڕاندنەوە هەیە زیاتر لەوەی کە بەدەسەڵاتی دادوەری هەبێت، بۆیە ئەو (٣) کەسە تایبەتییەیان کردووە ئەوەی کە ئیش وکاری دادگەرمان دەکات پەیوەندی بەدادگەر و دادوەرەکانەوە هەیە ئەوانیان هێشتەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێک هەیە لە لیژنەی یاسا ئەویش ئەوەیە کاک سەید حەسەن دەڵێ ئەو (٣) کەسە لەبەر

ئەوەی کەوەکو شێوەی فەرمانبەریان هەیە ئەی بەڕێوەبەری دادی گشتی دەسەڵاتی چییە؟ دەوری چییە لەوێ دا؟ سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەرچەندە وەزیری داد لێرەیە حەز دەکەم ئەو پرسیارە ئەو وەڵامی بداتەوە وپڕۆژەکەش هی وانە، سوپاس.

**بەڕێز قادرعەزیزجەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێوەبەری دادی گشتی نوێنەری وەزارەتە لەو ئەنجوومەنە لەلایەکەوە خۆی قازییە لەلایەکی تریشەوە نوێنەری وەزارەتە لەو ئەنجوومەنە تەنها نوێنەرێک هی وەزارەت، هی ئەنجوومەنی دادوەری بەڕێوەبەری گشتی دادە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

واتە نوێنەری دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە، لەدەسەڵاتی دادوەریی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەوە هەموارکردنی برگە یەکە، کێ تێبینی لەسەر ئەم برگەیە هەیە تکایە باناو نووسی بکەین، ئەوەی ناونووسمان کردن (٤) کەسن.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قسەکەی من ڕوون کردنەوەیە، چونکە ئەو دانیشتنە کاتی خۆی دواخرا بوو، پەرلەمانی بەڕێز داوای کرد لە ئێمە کە لە لیژنەی یاسا پەیوەندی بەسەرۆکی دادگای تەمییزەوە بکەن وبرادەرانی بریکاری داواکاریی گشتی لەراستیدا ئەوانە ئامادە بوون لە لیژنەی ئەوەی کە کاک سەید حەسەن فەرمووی کەوا سەرۆکی دادگای تەمییز حەصری ناوەکانی کردووە، کەوتی ئەوانە تەنیا ئەوانەی کە لە دادوەری کاردەکردن وحەقی ئەوەیان هەیە کە بڕیار بدەن، چونکە لایەنی تر خاوەنی بڕیار نین بڕیاریان جێگەی تانەلێدان نییە شتی جێبەجێ کردنی نییە لەسەر ئەو بنچینەیە حەق نییە ئەوانە مەصیری دادوەرەکان وئەو جۆرە شتانە دیار بخەن، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلێڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پڕۆژەیە لە یاسای (٦٣) یان وەرگرتوە یاسای (٣٦)ساڵی (٦٣) بەس دەڵێ (عند عدم وجودهما أو أحدهما) پێویستە ئەوەشی بخرێتە سەر، مەرج نییە هەردووک ئامادە نەبن لەوانەیە جێگرەک هەبێت و، لەساڵی (٧٧) یاسای ژمارە (١٠١) فراوانترە مەفرووزە وەزیری دادی لەناو

بێت سەرۆکی بێت وەزیری داد و دادگای تەمییز وئیستئناف هەردووک ئەوانەش لەناو بن و ئەمە لە پرۆژەی عێراقیشدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک قادر ئەگەر زەحمەت نییە تێبینیەکانیان لای خۆت بنووسە، چونکە لەوانەیە پێویست بێت بەیەکجار وەڵامیان بدەینەوە و لیژنەی یاساییش ئەگەر تێبینیان هەیە با تۆماری بکەن.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەری هەنووکە ئەو پرۆژەیە هاتبوو لەپەرلەمان دا دەتوانم بڵێم بڕیاریش ئەوەبوو کو هاتە رەفز کردن و زۆر زۆر زەرووری یە سەرۆکی داواکاری گشتی بمێنێت لەئەندامیەتی ئەنجوومەنی قەزایی دا و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل، ئێمە رەدمان نەکردووە تەنها دوامان خست بۆ ئەوەی موشاوەراتێک لەگەڵ لایەنی تایبەت بکرێت، لیژنەی قەزایی ناترسێ کاک جەمیل، بەڵام لەوانەیە تەحەفوزیان هەبێ.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرهەمان تێبینیە وەکو سەرۆکی داواکاری گشتی ئەز بەزەرووری دەزانم بمێنێ بەراستی چاودێریی جێبەجێ کردنی یاسا دەکات، وەکو حەقی گشتی بمێنێ ولە بەرژەوەند دایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەناو ئەو گفتوگۆیەی کە لەگەڵ سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریمان کرد ولەگەڵ برادەرانی داواکاریی گشتیمان کرد، تەبیعی دەسەڵاتی دادوەری سەرۆکی ئەوەبوو، ئەوان یاسایەکی تایبەتمەندیان هەیە ئەویش یاسای ژمارە (١٤)یە کە ئیشوکارەکانی ئەوان جێبەجێ دەکات کەچی داواکاری گشتی ئێستاش یاسایەکی مەرکەزی یە یاسای ژمارە (١٥٩)هی ساڵی **١٩٧٩** کەکاری پێ دەکرێ ئەوە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە حەز دەکەم جیاوازییەک بکەین لەنێوان ئەنجومەنی دادوەری لەنێوان ئەنجومەنی داد. ئێمە ئیمانمان بەمەبدەئی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان هەیە نابێ کەس تێکەڵای ئیشوکاری دەسەڵاتی دادوەری بێت، بۆیە تەوجیهی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری ئەوەبوو کە ئەوانە دووربخرێنەوە ئەوە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە لە راپەڕینەوە تا ئێستا کۆمەڵێ داواکاریی گشتی لەبۆشاییەکی ئیداری دا دەژی وەزارەت لەوانەیە ئیش وکاریان بەم جۆرە ناکات، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری خۆیانی تێ ناگەینێ وئەو یاسایە کەلە پەرلەمانەوە دەرچووە کە یاسای ژمارە(١٤)یە هەتا ئێستا بەشداری لەدانیشتنەکانیان دا نەکردووە تەغییری صنفیان راوەستایە تەرقیەیان راوەستایە تەرفیعاتیان راوەستایە جا ئەوە ئێمە لێرە پرۆژەیەکمان ئامادە کردووە ئەم

بابەتەمـان هەمـوو سـەركردووە وئیـداریا بەسـتوومـانەتەوە بە ئەنجوومـەنی داداوەری ومـافـیـشـمـان لەهەمـان كـات دا پاراسـتـووە، بەلاّم كـە بەشـداریمان نەكـردووە لەئەنجـوومـەنی دادوەری یـان جـێی خۆیەتی، چونكە وەزیفەی قضائی جیاوازیی هەیە لەگەلّ ئەوان و وەزیفەی قضائی كەدەلّێت خاوەن بڕیارە رای داواكاری گشتی لەم بابەتە خاوەن بڕیار نیە و بەڕێوەبەری گشتی داد كە داخل كراوە خۆی قاضیە دووەمیش ڕەبط دەكات لەنێوان ئەنجوومەنی قەزا ونێوان وەزارات، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من نەمویست قسە بكەم چونكە بەڕاستی شتەكە ڕوونە ئەوا پرۆژەكە هاتبووە ئێرە وباس كرا بوو لەگەلّ ئەوەشدا دواخرابوو كە ئێمە وەكو لیـژنەی یاسایی لەگـەلّ دادگای تەمـیـیـزو سەرۆكـایەتی داواكـاری گـشـتی دانیـشـین لەگـەلّ وەزارەتی داد لەراسـتـیـدا ئەو دانیـشـتـنە كـەبوو وەكـو برادەران باسیـان كـرد وبەدرێژیش مـەسـەلەكە باس كـرا و ئێـمـە هەتا ئێـسـتـا دیار بوو لەژێر كـاریگـەریی تەشكیلی ئەنجـوومـەنی دادی بەغدا بووین، بەلاّم (الحمدالله) ئێمە وەكـو لیـژنەی یاسـایی لەوە رزگار بووین لە مـەسـەلەی كـاریگـەریی ئەنجـوومـەنی دادی عێراقی رزگـار بووین، بەلاّم دیارە مـاوە ئەم كـاریگـەریی لەناو خـەلّكی ئێـمـە لەناو برادەران كە كـاریگـەریی ئەنجـوومـەنی دادی وەكـو كـاك شێروان باسی كرد ئەنجوومەنی داد زۆر جیاوازە لەگەلّ ئەنجوومـەنی دادوەری ئەنجوومـەنی دادوەری ئێـمـە لەراستیدا بینا كـراوە لەسـەر ئەسـاسی جیـاكـردنەوەی دەسـەلاّتەكـان ئەو مـەسـەلە مـەبدەئێـكی ئەسـاسیـە لەنیـزامی ئێمەدا كە دەمـانەوێ بیچەسپێنین لەسـەر ئەو ئەسـاسـە بینا كـراوە ودەبێ ئێـمـە ئەوە بەراسـتی زۆر لێی وریا بین وئێـسـتـا ئـەنجـوومـەنی دادوەری ئەوەی كـە ئێـسـتـا هـاتووە ولەبەر دەممانە ئەو پرۆژە چەسپاندنی ئەو مبدەئیە، سوپاس.

**بەڕێز حـــســـەن كـــانـەبی خـــضـــر بلبـــاس:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

كـاك شـێـروان فـەرمـووی داواكـاری گـشـتی چاودێری پیـادەكـردنی یاسـا دەكـات، داواكـاری گـشـتی نەلەئەنجـوومـەنی دادوەری چاودێری پیـادەكـردنی یاسـاكـانی دەكـات، داواكـاری گـشـتی لە دادگـاكـان چاودێری پیـادەكـردنی یاسـاكـان دەكـات ئـایا ئەو بڕیارە ڕاسـتە یاخـود مـوخـالەفەی یاسـایە وتانە لە بڕیار دەدات تانەی تەمـیـیـزی لەرێـگەی ئەوەوە دەدات ومن پشـتـگـیـری كـاك شـێـروان دەكـەم كـە ئەنجوومەنی دادوەری بەم شێوەیە پرۆژەیەكی زۆر جوانە و، داواكـاری گشـتی، بەڕێوەبەری تۆمـاری خانووبەرە، سەرۆكی دیوان جێبەجێ كردنی یاسایی ئەوانە دەستەلاّتی جێبەجێ كردنن، سوپاس.

**بەڕێز قـــادر عـــەزیز جـــەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

هەمـوو بەدرێژی باسی مـەسـەلەكـەیان كـرد، تـەنهـا لێـرە ئەوە دووپات دەكـەمـەوە كـەبۆ حكومـەتی هەرێمی كـوردسـتـان بەپەرلەمـانەوە وبەحكومـەتەوە ئەوە یەكـێكە لەشـاكـارە ئیـشـەكـانی

کەدەسەڵاتەکانی جیاکردۆتەوە ئەبێ ئەوە ڕێزی بگیرێ بۆیە بابەتی ئەنجوومەنی دادوەریی خۆی سەربەخۆیە لە بەڕێوەبردنی ئیشوکاری حاکمەکان وئێمە هیچ جۆرە تەدەخولێکمان نەکردووە، تەنها نوێنەرێکمان هەیە لەوێ وەکو باسمان کرد کە بەڕێوەبەری دادی گشتییە هەرچی ئەوان بڕیاری لەسەر بدەن دەچێتەوە وەزارات ئێمەش ئەمری بۆ دەردەکەین وئەم سیاسەتە کەپەرلەمان خۆش بەختانە رەچاویان کردووە بچەسپێ ئێمە بەیەکێ لەشاکارە ئیشەکانی حکومەت وپەرلەمانی ئەزانین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک عەبدولقادر، ئێستاش گفتوگۆ لەسەر ئەم بڕیارە تەواو، دێینەوە سەر هەمواركردنی یاساکە بەڵێ.. لێرە گفتوگۆ تەواو بوو ومەسەلەکە روونە ودەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم پرۆژەیەیەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێش لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا کەوەکو خۆی بمێنێتەوە. سوپاستان دەکەین، ئێستاش دێینە سەر خاڵی سێیەم.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

قرار

استناداً الى احكام الفقرة (أ) من المادة (٥٦) من قانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ماعرضه وزير العدل ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ اصدار القرار الاتي:

١- تخويل مجلس القضاء لاقليم كوردستان كافة الصلاحيات والسلطات المناطة بمجلس العدل والمنصوص عليها في قانون الادعاء العام رقم (١٥٩) لسنة ١٩٧٩ المعدل فيما يتعلق باعضاء الادعاء العام.
٢- يمنح اعضاء الادعاء العام حقوقهم في الترفيع والعلاوة وتغيير الصنف اعتباراً من تاريخ استحقاقهم.
٣- يستثنى اعضاء الادعاء العام عند الترقية من احكام الفقرة (ب) ثانياً من المادة (٤٥) قانون الادعاء العام رقم (١٥٩) لسنة ١٩٧٩ المعدل.
٤- على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.
٥- ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بریکاری داواکاریی گشتی، داواکارە گشتییەکان ئەوانە نەتەرفیع نەعەلاوە نەترقیەی صنفیان نەڕۆیشتووە، چونکە ئەوانە بەستراونەتەوە بە یاسایەکی تایبەتی کەپێی دەڵێین یاسای داواکاریی گشتی ئیشوکارەکانی ئەوان ئەنجوومەنی دادی عێراقی دەیبینێ وئەو ئەنجوومەنی دادی یە تەبیعی لای ئێمە نەماوە، ئەنجوومەنی دادوەریی تشکیل بووە وئینجا بۆ ئەوەی ئیشوکارەکانیان لەهەموو بابەتێکەوە لەتەرفیع لە علاوە لەموستەحەقی تەرقیەی صنف بڕوات بۆیە داواکرا کە ئەوە شەمل بکرێ بە یاسایەک ئێمە کە یاسای ڕێکخستنی دەستەڵاتی دادوەریی ئێمەیە کە بیگرێتەوە پاشان وائەزانم ئەو برگەیە، کە برگە سێ (يستثنى اعضاء الادعاء العام عند الترقية من احكام الفقرة «ب» ثانياً من مادة « ٤٥ » من قانون الادعاء العام رقم « ١٥٩ » لسنة ١٩٧٩) لەوانەیە ئەوە لەلای جەنابتان روون نەبێت تەبیعی ئەو برگەیە، برگەی (ب) دەڵێ (قد اعد بحثا في موضع له علاقة باختصاصات قضائية او عدلية ويعفى من تقديم بحث لترقية واحدة من حصل على شهادة الماجستير كما يعفى من تقديمه لترقيتين متتاليتين من حصل على شهادة الدكتوراه) پێش ئێستا ئێمە لەبارەی دادوەرەکانەوە مەسەلەی تەرقیەمان هەیە، تەرقیە لەگەڵ تەرفیع جیایە تەبیعی صنفیان هەیە (١و٢و٣) هەر یەکە بۆ صنف گواستنەوە پێی دەڵێین تەرقیە معاش بەرزکردنەوە نییە ئەوە ئەو تەرقیەی دادوەرەکان ڕاوەستابوو لەسەر بەحث دەبوایە باس پێشکەش کەن بۆ ئەنجوومەنی دادی عێراقی لەسەر ئەو باسە صنفیان دەگۆڕین و دادوەرەکانیان عەفوو کرد لەو بەحثە، چونکە ئەنجوومەنی دادمان نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ ئەم بڕیارە ئەگەر چ تێبینی هەیە با ناوی ئەندامان بنووسین، تکایە ئەوانەی کە قسەدەکەن لە بیرنەکەن دەست بە دوگمەکەوە بنێن هەتا لای کۆنترۆڵیش تەثبیت بێت.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جگە لەسەر ئەوانەی کە کاک سەید حەسەن فەرمووی مەفرووزە ئێمە وەکو ئەمانەت شت بۆ ئێوە نەقل بکەین، لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەریمان کۆبووینەوە، لیژنەی یاسا ئەو بابەتەشمان لەگەڵ باس کرد کە لەسەر ئەو ئەساسەی بابەتی داواکاری گشتی مەعذورن وەکو برادەران باسیان کرد لەراستیدا تەرفیعیان وەستاوە وصنفیان تەرقیەیان نەگۆڕاوە کەئەوان ببەسترێنەوە بە ئەنجوومەنی دادوەریی بۆ ئەوەی ئیشوکارەکانی بکات و، ئەو و سەرۆکی دادگای تەمییز بەو ناوەی کەسەرۆکی دادوەرییە. تەبیعی دژی ئەو فکرەیە بوو کە داواکاری گشتی ببەسترێتەوە بە ئەنجوومەنی دادوەری تەبیعی وتی ئەوانە پەیوەندییان بە ئێمەوە نییە، پێشنیاری، ئەو دووشکڵ بوو یەکێکیان یان ئەوانەن ڕاستەوخۆ ببەسترێنەوە بەوەزارەتی داد، وەزارەتی داد ئیشوکاری

تەرفیعیان وتەرقیەکانیان بکات لەباتی ئەنجوومەنی داد یان یاخود دەستەیەکیان بۆ دابنرێت بەتایبەتی ئەو ئیشوکارانەیان بۆ بکات تەبیعی لەلایەک کە ئەوانە بەستنەوەیان بە وەزارەت شتەکە تەبیعی داواکاری گشتی بەسترێتەوە بەوەزارەت تا رادەیەک ئیحتمال هەیە تۆزێک مەصیریان نارحەتیەکیان بکەوتە ناوێ لەبابەتی تەرفیعات وشتی ترو لەژێر کۆنترۆلی وەزیر بن، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەمەوێ ئیستفسار بکەم لە لیژنەی یاسایی سەبارەت بە ئەو باسەوە کەبۆ تەرقیە ئەبێ، بەرای من باسەکە زۆر پێویستە بۆ بەرزکردنەوە، ئەساسی باس بێت، چونکە ئەگەر باس و لێکۆڵینەوە نەبێت ئەبێ بە ئینسانێکی مەسلەکی هیچ پەیوەندی بە زانیاریی وزانستی یاساییەوە نامێنێ، لەبەر ئەوە من ئیستیفسارەکەم ئەوەیە ئەگەر لەغویان کردووە ئیشێکی خراپیان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستە دیارە ئەمانە زۆر مەغدورن بەس لەوێندەرێ ژمارە(١) گەلەک بە شمولی هاتووە، یاسای داواکاری گشتی پرۆژەیە بەرێ کەوتووە بۆ پەرلەمانی بەرای من برگەی (١) بگوترێ (لحين اصدار قانون الادعاء العام في الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە پێشکەش کردنی باس ولێکۆڵینەوە منیش رام وایە مادامەکی پەیمانگەی دادوەریی نییە وهیچ مەرکەزێکی تر نییە بۆ لێکۆڵینەوەی پەرپێدانی دادوەریی، حەق وایە بابەتی باسەکە جارێکی چاوی پیادا بخشێندرێتەوە. ئەبوایە کاتی خۆی کە یاسای (١٦٠)ی رێکخستنی دادوەرییان گۆری بەیاسای (١٤)ی لەدەستەلاتی دادوەری کوردستان هی پەرلەمان، لەپەرلەمانەوە بریار درا ئەبوایە یاسای (١٥٩) شیان بگۆری بایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەبەستت هی حکومەتی عێراقە؟

**بەڕێز قادر عەزیز جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر هی خۆمان (١٦٠)هی سالی (١٩٦٠) ئەوە هی رێکخستنی دادوەرییە کە ئێستا بۆتە یاسای ژمارە(٤)ی (١٤)ی دەسەلاتی دادوەریی هی پەرلەمان بریاری لەسەر داوە، یاسای (١٥٩) هی داواکاری گشتییە هی سالی ١٩٧٩ ئەمە دەستکاری نەکراوە کاتی خۆی ئەم

یاسایەیان هەموار کرد و ڕێکخست ئەمی تریان ڕێک نەخست ئەبوایە لەکاتی خۆیدا کە ئەوەیان ڕێکخست هی داواکاریی گشتیشیان ڕێک بخستایە، جا ئێمە بەتەماین کە پرۆژەیەک دابڕێژین دوایی پیشکەشی ئەکەین بەرێگەی ئەصولوی بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی کە بڕیاری لەسەر بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەختێ پرۆژەکە بڕیاری لەسەردا مادەیەک هەیە کەئەڵێ هەر یاسایەک خیلافی ئەمە بێت جێبەجێ ناکرێ، بۆیە کێشەیەک لەوەدا نییە تەنها ئەو خاڵە ئەمێنێتەوە ئەویش بابەتی لێکۆڵینەوە وباسە کە دکتۆر سەلاح باسی کرد و وەزیری دادیش پشتگیری لێ کرد، جا ئەگەر لەسەر ئەمە چ تێبینییەک هەیە بیخەنە پێش چاو بۆ ئەوەی ئەم بابەتەش تەواو کەین، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچ بە پێویستی نابینم داواکاریی گشتی باسێک پێشکەش بکات، چونکەکاری داواکاری گشتی بەتایبەتی یاسایە، یاسای سزادانە و پەسەندی نابینم تەفەروعاتی تری لێ بێتەوە و باسێک پێشکەش بکات بە ممارەسەی شارەزایی پەیدا کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەبارەت بە تۆژینەوە باس دەکەم بەشێوەیەکی گشتی باس خۆی ئیشێکی زۆر گرنگە لە مەسەلەی زانستی دا، واتە ئەگەر بێتو مەسەلەی باس ولێکۆڵینەوە بوەستێ وەکو بەڕێز کاک د.سەلاحەدین باسی کرد شتەکە ئەبێتە شتێکی مەسلەکی لێرە کاک حەسەن ئاماژەی بۆ کرد کە ئەو برگەیە شمولی هەردوو مەسەلەکە ئەکات هەم دەزگا دادوەرییەکە هەم ئەوی تریان هی داواکاریی گشتی لەبەر ئەوە من بەباشی دەزانم، واتە مەسەلەی تۆژینەوە شتێکی ئەساسییە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی جێگای داخ بوو یەکەم پرۆژەی وەزارەتی داد لە کاتی خۆیدا بەرێکەتن بۆ پەرلەمانێ ئەو بوو دادوەرەکان بەدەرکران لە پێشکەش کردنی بەحث و حجەت ئەوەبوو، چونکە ئەنجومەنی دادوەریی دروست نەبووە تەمییز دروست نەبووە ومادەم لەپەرلەمان بڕیار دەرچوو دادوەرەکان عەفووکراون لەبەحث مەفرووزە بەعەدالەت بێ چۆن دادوەرەکان عەفووکراون بەو شکڵە مەفرووزە دەستەی داوکاریی گشتیش مەعفو بن، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا ئەوەی کاک جەمیل دەڵێ راستە ئێمە لەبۆ دادوەرەکان بریارێکی تایبەتیمان دەرهێنا ئیستثنامان کردن لەتۆژینەوە بۆ ئەوەی بتوانین پۆلینی دادوەرەکان بکرێت ئێستا کە لەبۆ داواکاری گشتی دەڵێین، واتە هیچمان بۆ نەکردن بەراستی ئێستا ئەو تۆژینەوە با بەدەربکەین لەتۆژینەوەکە کەنگین یاسای داواکاریی گشتی دەرچووە چارەسەرێکی جەزری لەیاساکەدا بکرێت ئەوە لەلایەکەوە، لەلای دووەمیشەوە ئەمە زۆر جار تۆژینەوە شتێکی تازەیە بەراستی لەهەشتاکان دا تۆژینەوە هاتووە خۆ پێشی هەشتاکان دامەزراندنی دادوەرەکان و گۆرینی صنفیان هیچ تۆژینەوەی تێدا نەبووە دوایی دامو دەزگاکانی ئێمە ئەوە ئێستا بەراستی ئەو کادیرانەی تێدا نییە ئێستا توانی لەو تۆژینەوانە بکۆڵێتەوە وتەقییمی مەسەلەکە بکات یان تەقیمی داواکاری گشتییەکە بکات، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو برادەران باسیان کرد تۆژینەوە زۆر زۆر پێویستە بۆزیادەی زانیاریی وبۆ هیلاک بوونی ئەو شەخسە لەبەر ئەوەی کاتی خۆی بارێکی تایبەتی بوو لەکوردستان دا کەوا ئەوانەی کە صنفیان وەستا بوو دادوەرەکان تۆژینەوەیان نەنووسی بوو صنفەکانیان وەستا بوو ئێستا بارەکە گۆراوە ئەوانە حەقی خۆیان وەرگرت و من داوا دەکەم بەیەک چاو تەماشای هەردوو لا بکرێت هەم با دادوەرەکان تۆژینەوە بنووسن و هەم بریکارەکانی داواکاریی گشتیش ئەوانیش بەحثی خۆیان بنووسن، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەم مەسەلە زۆرباس کراوە لەناو لیژنەی یاسایی ولەگەڵ دادگای تەمییزو لەگەڵ داواکاریی گشتی، نازانم هەموویان (١٥) کەسن (٢٠) کەسن لەهەموو کوردستان دا، رزگار کەین لەو غوبنەی کە تووشیان بووە، واتە بەراستی لە باری ئێستای نالەباری کە لەدوای راپەرین رووی دا سەبارەت بە دادوەرەکان و سەبارەت بە ئەوانیشەوە ئێستا لێرە هیچیان نەکردووە، پرۆژەیەک لەوەزارەتی داد ئامادە بکرێ ئایا مل کەچی ئەوەبن تۆژینەوە پێشکەش بکەن یان مل کەچ نەبن ئێمە ئەوەی بیزانین دادوەری عێراقی تا کۆتایی هەفتاکان بەبێ بەحث بووهەتا یاسای رێکخستنی دادوەریی هات و پەیمانگەی دادوەریی دروست بوو ئەوەش هەموولەسەر دەستی دکتۆر (منذر شاوی) بوو دەنا هەتا ئەوکاتە هیچ تۆژینەوەو ئەو شتە وپەیمانگەی دادوەریی نەبووە (الحمدالله)

دادوەریی عـێـراقی بەخـێـر بوو، واتە زۆر سـەرکـەوتوو بوو زۆرباش بوو زۆر دادپەروەر بوو هیچ کێشەشی نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز قـــادر عـــەزیز جـــەباری/ وەزیری داد:**

**بـەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من رام وایە کەیەکسان بن لەگەڵ دادوەرەکان کە ئەوان عەفو کراون، تەبیعی من ئێستاش لەسەر رای ئەوەم کە ئەبێ بەحث پێشکەش بکرێت، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

کاک د.سەلاح خاوەن پێشنیارەکە بوو فەرموو.

**بەڕێز د.سـەلاحـەدین مـحـەمـەد حـسـەن حـەفـید:**

**بـەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەڵێ من جارێکی تر جەخت لەسەر تۆژینەوەکە ئەکەمەوە، چونکە بەراستی تۆژینەوە کە رێزم بۆ ئەو کەسانەیە کە ئەڵێن ئەمە بیدعەیە تازە دروست بووە قەیناکەلەوانەیە لەسالآنی هەشتاکانەوە لەعێراق بووبێ، بەلآم ئێمە باسەیری گۆڤاری دادوەریی میسری بکەین، غەیری میسری بکەین تەماشا ئەکەین بە بەردەوام دادوەرەکان تۆژینەوە ئەنووسن، تۆژینەوە هەر مەرج نییە لایەنی نەزەری بێ بەپێچەوانەوە زۆر لایەنی وا هەیە زیاتر لایەنی رێکخستنەکەی گرنگە تەنانەت بۆ ئەوەی کە داواکاری گشتی خۆی بەممارەسە فێر ئەبێ داوای لێ ئەکەین لەممارەسەی تۆژینەوەیەک بنوسێ لەلایەنی جێبەجێ کردنە گەلێک گرنگترە لە تیوربیەکە ئەتوانێ بیبەستێتەوە بەلایەنی تیوربیەکە بەوانێ لەبەر ئەوە من جارێکی تر دووپاتی ئەکەمەوە لەسەر تۆژینەوەکە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس کاک دکتۆر وابزانم ئێستا بۆچوونەکە تەنها ئەوەیە کە کاک دکتۆر پێشنیارەکەی کردووە بۆ ئەوەی لایەک بەلایەکی بکەین، پێـشـنیـارەکـەش ئەوەیە (بەدەر) بکرێت یان نەکـرێت، بەلآم ئێستا بێنین لەو بڕیارە داواکاریی گشتی ئیستثناء نەکەین لەوانەیە وەکو ئەڵێن ببێتە بانێک ودووهەوا، ئێمە یاسایەکی ترمان لەپێشە ئەویش یاسای داواکاریی گشتییە و، لەوێندەرێ ئەگەر پرۆژەیەک پێشکەش بکرێ وەکو ئێستاکە ئەوپێشنیارە لەدوارۆژدا دراسە بکرێت لەوانەیە ئەوە باشتر بێ، جا ئەگەر د.سەلاح بەوە قەناعەت بکات با بیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم بڕیارە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، ئەمێنێتەوە ئەو پێشنیارەکەی دیکە کە باس کرا، با ئەوە لەرێگای ئەصوولی خۆیەوە، یا وەزارەتی داد خۆی شتێکمان پێشکەش بکا، یان ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر بەشتێکی باشیان زانی خۆیان پرۆژەیەک ئامادە بکەن لەو بارەیەوە، سوپاستان دەکەین ئەو بابەتەش تەواو.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

قرار

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ماعرضه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / مايلي:

١- ايقاف العمل بقرار مجلس قيادة الثورة المرقم (٦٠٠) المؤرخ في ٢٧/٤/١٩٨٠ على وزراء المختصين تنفيذ هذا القرار، ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، دەقی بڕیارەکەی (٦٠) تان بۆ دەخوێنمەوە:

استناداً الى احكام الفقرة (أ) من المادة (٤٢) من الدستور المؤقت قرر المجلس في ٢٧/٤/١٩٨٠ مايلي:

١- لاتحسب مدة الممارسة المهنية والتي تنجز قوانين نافذة احتصارها لاغراض تحديد راتب أو لاغراض التقاعد عند التعيين بوظيفة في دوائر الدولة والقطاع الاشتراكي.

٢- لايعمل بأى نص يتعارض مع احكام هذا القرار.

٣- ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

روون کردنەوەیەکیش لەئەسبابی موجبەدا خراپ نییە ئەگەر پێشکەش بەئەندامانی پەرلەمان بکرێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو ئەسبابی موجیبەیەی کەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ناردوویەتی ئەوە دەقەکەی دەخوێنمەوە هۆی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری (٦٠٠) بەمەبەستی دەرچووان بەفەرمانبەریەتی ونیازی عێراق بۆ شەڕ لەگەڵ ئێران چەند بڕیارێک درا بۆ هاندانی دەرچووان کەبچنەوە وەزیفەیان، چونکە سەربازیی وشەڕ فەرمانگاکانی چۆڵ دەکرد جا بڕیارەکە ئەوە بوو کارکردن بەپێی پسپۆڕیەتی لەدەرەوەی وەزیفەدا بەهیچ شێوەیەک بۆڕاژەی وەزیفە هەژمار نەدەکرا لەبەر ئەوە ئێمە لەکوردستان پێویستمان بەوە نەماوە بۆ ئەوەی ڕێگا بەهاندانی ئەوانە بۆ کارکردن لەپرۆژەی کاری تایبەت ئەم بڕیارە پێشنیار کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئەیاد.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جا نازانم ئەگەر ئیجازە هەبێت روونی بکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو ئەگەر ڕوون کردنەوەیەکت هەیە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند جۆرە فەرمان هەبوون کاتی خۆی خەڵکانێک حەقی ئەوەیان هەبو یاخود توانیویانە کەمومارەسەی بکەن لەدەرەوە بۆ نموونە لەوانە ئەندازیارانی کشتوکاڵی یان ئەوانەی بروانامەی ئامادەیی بازرگانی و ئامادەیی پیشەییان هەیە کەئەوانە حەقی ئەوەیان هەبووە یاخود نەیان ویستووە دابمەزرێن ماوەیەک ممارەسەی پیشەی خۆیان کرد ولە کەرتی تایبەت یاخود لەشەریکاتی کەرتی تێکەڵاو، بەڵام پاش ئەوە کە کەداوایان کردنەوە تەعین بکرێن کاتی خۆی حەقی ئەوەیان هەبووە ممارەسەی پیشەی خۆیان لەدەرەوەی دەزگاکانی حکومی بکەن و بۆیان زیاد بکرێت کاتی خۆی ئەو بڕیارەی (٦٠٠) کە دراوە ئێستاکە هەروەکو ئەنجوومەنی وەزیرانیش بەیانیان کردووە ئەو مەسەلەیە لەبەرژەوەندی دانیپە لەبەر دوولا، یەک حەقی ئەوکەسانە بدرێتەوە کە ئەگەر هاتوو تەعین بوون بۆ مومارەسەی پیشەییان هەبوو لە دەرەوەی دەزگاکانی حکومەت دووەمیش تەشخیسی خەڵکێک بکەین کەئەوانەی هەڵگری بڕانامەن ئەگەر هاتوو ئێستا داش نەمەزرێن یاخود رابگیرێن تا ماوەیەک یەعنی فکر لەوە نەکاتەوە کە حەقی دەسوتێ لەبەر ئەوەی لەدەزگاکانی حکومی خزمەت ناکات، بەڵکو مەسەلەن بڵێین ئەگەر من ئەندازیارێکی مەدەنی بم گوێ نادەمە ئەوەی کە هەر دەبێ تەعین بم لەبۆ ئەوەی خزمەتی ساڵانم لەبۆ حیساب بکرێ، بەڵکو دەچم لەدەرەوە لەلای قۆنتەراتچییەک یان لەشەریکەیەکی موقاوەلات ئیش دەکەم دوای ئەوە کە دەرگای تەعیین کرایەوە ئەوکاتی تەئیدێک دێنم بۆ ئەو لایەنە بۆئەوەی خدمەم بۆ ئیزافە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە روونکردنەوەی پێویست بۆ ئەسبابی موجبەش خوێنرایەوە دەربارەی ئەم بڕیارە چ تێبینییەک هەیە هەتا ناونووسی برادەران بکەین، کەس تێبینی هەیە؟ حەز دەکەین ئەگەر موداخەلەیەک یا شتێک هەبێ لەسەر ئەم بابەتە.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من دەمـــەوێ ئەوە روون بکەمـــەوە کـە پێش ســالّی (٨٠) وەکـو کـاک ئەیاد باسی کـرد ئەگـەر ئەندازیارێک، یا زراعیبەک، یا ئەگەر پارێزەر یا ئەگەر دکتۆر یا، ئەگەر هەر کەسێک با تەعیین نەبوو با لەدەرەوە وەظیفە ئیش کردبا ئەو وەختە کەدوای (١٠) سالّ (١٥) سالّ دوای (٢٠) سالّ دەرچوو تەعیین دەبوو ئەو خدمە هەمووی بۆ حساب دەکرا، سوپاس.

**بەڕێز مـــحـــەمـــەد ســـەعـــیـــد یەعـــقـــوبی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من خستنەسەرێکم هەیە بۆ ئەوەی کە ئەویش دەبێ خزمەتەکەی لەناوکوردستـان بێ ئەو خزمەتەی لەناوکوردستان کردبێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

تکایە کەقسە ئەکەن دەست بەدوگمەکەی بەردەمتاندا بنێن.

**بەڕێز مـــحـــەمـــەد ســـەعـــیـــد یەعـــقـــوبی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من پێشنیـار دەکەم بۆ ئیزافەکردن لەسەر ئەم برگەیە بەمەرجێک خزمەتەکەی لەناوکوردستـان کردبێ ئەوەش بۆ بخرێتە سەر خزمەتەکەی، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

باشە ئەگەر لەبەغدا، لەبەسرا کردبێتی یاخود لەدەرەوە کردبێتی؟

**بەڕێز مـــحـــەمـــەد ســـەعـــیـــد یەعـــقـــوبی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

لەسنووری عـێـراق کـرابێ پیـاو هەیە ئەو ســالّە دەرچووە چوینە دەرەوە پالّی دایتـەوە (١٠) سـالّ (٢٠و٣٠) سالّی دی بێتەوە بلّێ وەللّا ئەو ماوەیەم بۆ حساب بکرێ بەخزمەت، بەقەناعەتی من بودجەی کـوردستـان تەحەمـولی ئەم جـۆرە شتـانە ناکات وحەق نییـە پاداشت بکرێت. کـابرایەک (٣٠) سالّ لە ولاّتی خۆی بەبێ سەبەب یان بەسەبەبێکی شەخسی دور کەوتبێتەوە ئێستـا بێ ئەرکێکی باوێتە سەر بودجەی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

چەند کـادیریەکـمان هەن کـە بەهۆی هەر سـەبەبێک بێت لەدەرەوە خـۆی پەروەردە کـردووە وسـوودی وەرگـرتووە بەلّکو لەوانە بەلّگەنامـەوە بێنەوە، چی تێـدایە خـەلّکێکی زۆرمـان هەیە لەدەرەوە کادیرن.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا پرسیارێکم هەیە ئەو بڕیارە کەلابرا هەر لەبنەڕەتەوە لائەبرێ مانای وایە خزمەتەکەی هەر کاتی بێ یان لە مێژووی ئێستاوە بەخزمەت حساب دەکرێت لە لایەنی یاساییەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری داد چ تێبینییەکت نییە، ئەگەر چ تێبینییەکی تر نییە ئەمە ئەخەینە دەنگدانەوە وابزانم گفتوگۆکردن تەواو، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم بڕیارە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

لێرەدا رادەوەستین لەبەردوو هۆ یەکەم وەزیری داراییمان پێویستە، چونکە بڕگەکەی تر کەدێت پەیوەندی بەئیشوکاری ئەوەوە هەیە، بۆیە سبەی سەعات (١٠) لێرە دیسان کۆ دەبینەوە وبەردەوام ئەبین لەسەر ئەوەی کە ماوە باسی ئەکەین، ئاگاداری ئەنجومەنی وەزیرانیش دەکەینەوە بۆ ئەوەی ڕۆژێک دیاری بکەین جا سبەی بێت، یان دووسبەی بۆئەو دوو پێشنیارەی کەئێستا کرا بە بەرنامەی ئەمڕۆ، لەگەڵیاندا قسە دەکەین کاک قادریش ئەگەر سبەی تەشریفی بێتەوە جارێکی تر چونکە دووماددە ماون پەیوەندیان بەوەوە هەیە سوپاسی دەکەین.

بەم شێوەیەش کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان هات، سوپاس بۆ هەموولایەک.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١)

## پێنج شەممە رێکەوتی ١٩٩٤/٦/٣٠

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٦/٣٠

***کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٦/٣٠ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە (١١)ی خولی ئاسایی یەکەمی، سالی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ - درێژکردنەوەی خولی ئاسایی یەکەمی سالی ١٩٩٤ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.***

***٢ - گوێ گرتن لەوتاری بەڕێزان کاک مەسعود بارزانی ومام جەلال و بەرپرسانی (I.N.C).***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکات. بەخێر هاتنتان دەکەین لەپەرلەمانی کوردستان جارێکی ترو، بەرنامەی ئەمڕۆمان یەک دوو خالە. لەراستیدا حەزمان کرد پێشەکی ئاگادرتان بکەین ئەمڕۆ دوا رۆژی ئەم خولەیە ئەبێ بریارێک وەرگرین بۆ ئەوەی بیکەین بە پشوودان یا بەردەوام بین لەسەر ئەو کارانەی کە پێش ئێستاکە تەواو نەبوون، بۆیە پێشنیاری هەردوو فراکسیۆن ئەوە بوو کە ئەو خولە درێژ بکرێتەوە بۆ تەحدیدیش وەکو ئێوە ئاگادارن پێویستی بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمانە وخۆشبەختانە ئەمڕۆ دوو لەسەر سێیەکە تەئمینە بۆیە ئەبێ بریارێک لەسەر ئەوە بدەین، خالی تر دوای ئەوە ئەگەر پێمان کرا ئەو خالە ئێستا تەواو بکەین. بەڕێزان کاک مەسعود ومام جەلال لەگەل برادەرانی (INC)تەشریفیان دێن بۆ ئێرە ئەویش لەسەر داخوازی ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی هەردوو بەڕێزان روو بەرووی ئێوە باسی وەزعە بکەن وئێوەش لەوەیە هەندێ شتتان لە دل دابێ، یا ئەندامانی پەرلەمان هەندێ پرسیارتان هەبێ حەز دەکەم روو بەرووی هەر دوو بەڕێزانی بکەنەوە، ئێمە هەندێ گفتوگۆمان کرد لەگەل کاک نەژاد و لە دەستەی سەرۆکایەتی چ موشکیلەمان لەسەر ئەوە نییە، بەلام ئەبێ رای هەر دووکیانیش وەربگرین لەسەر ئەو بابەتە ئنجا ئەوە کە هاتن پاش قسە کردنەکانیان بەتەئکید

ئێمە ئاگادارتان دەکەینەوە، هیواداریـن ئەو ماوەیە هەبێ، بۆ ئەمڕۆ ئەم بەرنامەیەمان هەیە ودوای ئەوە دەچینە سەر شتەکانی تر، چونکە بڕیارە کۆبوونەوەیەکی هەردوو سەرکردایەتی هەردوو حزب بە ئامادەبوونی هەردوو بەڕێزان ئەنجام بدرێت بۆ باس کردن و بڕیاردان لەسەر ئەوشتانەی کە ئەو رۆژە راگەیەندران لەلایەن هەر دووکیـانەوەو لیـژنەیەکی تایبەتی بۆ دروست بووە لەلایەن هەردوو مەکتەبی سیاسییەوە بۆ جێبەجێ کردنی، ئنجا ئەمڕۆ لێرە لەپەرلەمان کۆبوونەوە بە ئامادە بوونی هەر دووکیان دەبێ ئێستا بێینە سەر ساغ کردنەوەی خاڵی یەکەمی بەرنامەکەمان...

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها شتێک دەخەمە سەر قسەکان، وابزانم کاک جەوهەر لەدرێژکردنەوەی خولی ئاسایی یەکەمی ئەمساڵ مەبەستی ئەوەبوو بۆ مانگێک درێژ بکرێتەوە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، چونکە ماوە نییە لەوە زیاتر درێژەی پێ بدرێت بۆ دوو مانگ، دڵنیام کاک جەوهەر مەبەستەکەی ئەوەبوو کە بڕیارەکە بۆ ئەوەیە خولەکە بۆ مانگێک درێژەی پێ بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک نەژاد، ماوەکەش هەریەک مانگ ماوەمان پێ دەدات، جا ئێستا پرسیارەکەم ئەوەیە ئێستا درێژی بکەینەوە یان نەیکەین؟ پێشنیارەکەمان ئەوەیە کە ئەم خولە تا مانگێکی تر بەپێی یاسای پەرلەمان درێژ بکەینەوە یان نا؟ چ تێبینییەک هەیە، چونکە وەختەکەمان تۆزێ کەمە میوانەکان سەعات(١١)دەگەنە ئێرە بەلانی کەمەوە دەبێ(١١)پێشتر ئێمە ئێرە جێ بێڵێن بچینە سەرێ، بۆیە ئێمە ئێستاکە نزیکەی(٢٠)دەقیقەیەکمان بەدەستەوەیە، ئەگەر تێبینییەک هەیە حەز دەکەین بیڵێن، کاک حازم، کاک ئەیاد باشە کاک حازم فەرموو..

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێر هاتنی هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کە ئەمڕۆ بۆتە دەست پێ کردنی ئاشتی لە کوردستان من هەریەک پرسیارم هەیە ئێمە تەبیعی بۆ مانگێک یان کەمتر درێژی بکەینەوە، دەبێ سەبەبمان هەبێ ودەبێ ماوەمان هەبێ کە باسی بکەین ئیتر لێرە تکا دەکەم ئەم مەسەلەیە ڕەچاو بکرێ کە ئێمە تەحدیدی ئەکەین، بۆچی درێژی بکەینەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەمە لەبەر ئەو پێشنیارەی کە کراوە بۆ لیژنەی یاسا، بە تەئکید گرنگ ئەوەیە کە تەمدیدەکە پێشنیاری ئێمەیەو باسی دەکەین کە بۆچی درێژ بکرێتەوە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەفرووز بوو بەراستی دەستەی سەرۆکایەتیشتان کردبایە نیزامی، چونکە سکرتێر غائبە دەبوایە یەک لە ئەندامانی پەرلەمانتان داوا بکردایە بەزۆربەی دەنگی پەرلەمان بهاتبایە سەر دەستەی سەرۆکایەتی و تەواو بوایە، ئینجا ئیشەکەمان بکردایە لەگەڵ ڕێزمدا سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چاوەڕێی دەکەین لەوانەیە بێت، کێشەکە ئەوەیە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نازانم کاکەڕەش وەکو ئەندامی لیژنەی یاسا متلەق ترە لەسەر ئەوە، بەڵام ئەگەر هەر یەکێک لە ئێمەلێرە نەبێ مانای ئەوە یەکێکی تر بێ، زۆر جار هەیە کاک جەوهەر لێرە نییە من لێرە نیم کاک جەوهەر لێرەیە کاک فەرسەت لێرە نییە بەوە حساب ئەبێ سێ جێگاکە پڕ بکرێتەوە، ئینجا بەپێی یاسا بتوانین کۆبوونەوە بکەین نازانم کاکەڕەش دیارە وەکو یاساناس ئەم ناحیەم بۆ ڕوون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سکرتێر ئیجازەی وەرنەگرتووەو لەوانەیە ئێستا، یا تۆزێکی تر بێت.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی سکرتێر دەقێک هاتووە لەپێڕەوی ناوخۆ، ئەوانی تر دەقی لەسەر نەهاتووە دەڵێ« في حالة غياب السكرتير » لەدانیشتنەکان، یەکێک لەئەندامان تەرشیح دەکرێ بەزۆربەی دەنگی پەرلەمان ئەوجا لەجێی دائەنیشێ ئەو بۆ شایبیە پڕ دەکاتەوە وئیشی ئەو دەکات بە بەرەهایی هاتووە ئەوە نییە کە دانیشتنەکەتان کردەوە بێ ئەوەی تەواو بێت، چونکە سکرتێر نەهاتووە لەکاتی دانیشتن کردنەوەکە دەبوایە برێک نیزامی بن وئەندامێکی پەرلەمان لەوێ دانیشێ کێشەکە حەل دەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سکرتێر غائب نییە ئەویش پێی ڕاگەیەنراوە بێ لەوانەیە دوای دوو دەقیقەیەک بێتە ژوورەوە ئەگەر بزانین غائبە یان بزانین شتێکی ترە ئەوکاتە ناچار دەبین ئەویش بیری لێ دەکەینەوە، ئەگەر شتێکی وابوو. کاک ئەیاد ئەگەر تێبینی هەبێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت(درێژ کردنەوە)پێوستە هەر وەکو لەپەیرەوی ناوخۆدا هاتووە دەبێ بۆ ماوەیەکی کراو بێت

ئەگەر بلێین بۆ باس کردنی بارودۆخی کوردستان بێ لەوانەیە مانگێک زیاتر بخایەنێ بۆ ئەوەی بەپێی پێڕەوی ناوخۆ بڕۆین، سوپاس.

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بۆ ئەوەی کە برای بەڕێزم کاک حازم گوتی راستە، تەبیعی ئەوەی ئێمە کە باسی دەکەین لێرە برگەی(٧) لەمادده«٦»ە برگەیەک دەڵێ(لرئيس المجلس او لربع أعضائه دعوة الأعضاء للأنعقاد في جلسة غير إعتيادية ويقتصر الأجتماع على النظر في موضوعات محددة في الدعوة) دەبێ دیاری بکرێ وتخصيص بکرێ لە بۆ ئەو بابەتەی کە مەبەستە باس بکرێ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

لەپێشدا وەکو وتمان بەرنامەکەتان پێ دەڵێین، پاشان پێشنیارەکە دەکەین دوای ئەویش رای لەسەر دەدەن، ئەوەی کە پێویستە دیاری بکرێ، دوو خاڵی سەرەکیە خاڵێکی ئەوەیە کە ئێمە لە رۆژی ٣/٥دا نەمانتوانی ئەو پرۆگرامەی کە لەپێشمان بوو تەواوی بکەین کە بەشی دوو و سێمان تەواوکرد، بەڵام هەندێکی هێشتا ماوە کە کۆمەڵێک یاساو بڕیارە، ئەوە خاڵێکە کە بەراستی دەبێ تەواوی بکەین، چونکە بەشێکی تەواو بووەو بەشێکی تری تەواو نەبووە. دووەم: ئەو بارودۆخەی کە ئێمە لەسەرەتای مانگی سێ وە تووشی بووین و بووەتە هۆی ئیفلیج کردنی ئەم پەرلەمانە، خۆ پەرلەمانی کوردستان پاش ئەو وەزعەی کە دروست بووە ئێستاکە وا لێردن ئەبێ باسێکی لێ بکات رایەکی لەسەر بدات، جا ئەوە بە دانیشتنێکە بەدووە بەسێ دەکرێت دەبێ بکرێت. . من بەراستی ناتوانم ئەوە دیاری بکەم تەوە ئێوە و، بەرنامە دیاری دەکات شان بەشان ئەوەش ئەگەر لەبیرتان نەچووبێ ئێمە میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان گەڕاندەوە دوواوە لەبەر هەندێ کەم وکوڕی بە رێک کەوتنی هەردوولا بابلێین پەرلەمان وئەنجوومەنی وەزیران، وابزانم ئەوان ئەو ئیشانەیان تەواو کردووە و دەبێ بڕیارێکی لەسەر بدەین با ئەوەندەی تریش دوا نەکەوێ، باوەڕ دەکەم زۆریش ناخایەنێ، ولەوانەیە لەم مانگەدا ئەوەی پێمان کرا ئەی کەین، رای ئێوەشە، بەڵام پێشنیارەکەی ئێمە لەو سێ خاڵەیە، وابزانم پێویست بەوە دەکەن کە ئەم مانگەیان بۆ درێژی بکەینەوە، جا ئەوە پێشنیارەکەیە ئەگەر چ تێبینی نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

پرسیارێک هەیە لە لیژنەی یاسا ئەگەر یارمەتی بدەن ئەوە درێژی دەکەینەوە بۆ مانگێک ئایا پشووی پەرلەمان مانگێک کەم دەکات وياخود لەجیاتی ئەوەی مانگی حەوت وهەشت بێ ببێت بە مانگی هەشت ونۆ؟ من خۆم ئەمەوێ بزانم، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر پرسیارەکەی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و وەکو ئەندامێکی لیژنەی یاسا وبرای بەڕێزم شێخ عەدنانیش دانیشتووە ئەوە لە پشووەکە دەخوا وپشوو دەبێتە یەک مانگ ئەویش مانگی هەشت چونکە(٩/١)جارێ تر خولی تر دەست پێ دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەم پێشنیارە ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بەپێی برگە (٧)ی مادەی (٦)ی پێڕەوی ناوخۆ یەک مانگ ئەم خولەی ئێستا درێژ بکەینەوە، کێ لەگەڵ ئەو رایەیە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

پشوویەک ئەدەین ئەگەر هەردوو فراکسیۆن وبرادەران وکاک فوئاد کەرەم بکەنە لای ئێمە، بەڕێزانیش ئەگەر دێنە ئەوێ ئەوە بۆ خۆمان وتووێژێکی گشتی دەکەین پێش ئەوەی میوانە بەڕێزەکان بێن، دوای ئەوە دێینەوە ژوورەوە ودەست پێ دەکەینەوە..

- پشوودان -

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەڕێز کاک مەسعود بارزانی، بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی، بەڕێز لواء روکن حەسەن ئەلنەقیب، بەڕێز د. ئەحمەد چەلەبی، میوانە بەڕێزەکان بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمانەوە بەخێرهاتن لەهەمووتان دەکەین، هیواداریین هاتنتان بۆ پەرلەمان سوودبەخش بێ و لە پێناوی ئەوە بێت کە پەرلەمانی کوردستان جارێکی تر وەکو پێویست لەکارەکانی خۆی بەردەوام بێت.

وەکو ئاشکرایە لەسەرەتای مانگی پێنجەوە، هەرێمی کوردستان تووشی وەزعێکی یەکجار ئاڵۆزبوو، یەکێک لەو کێشانە کە روو بەرووی بووینەوە ئەوە بوو کە پەرلەمانی کوردستان لە٥/٤ ـ ٦/٢٩، لەکار خراو ئیفلیج کرا. وەکو نوێنەری خەڵکی کوردستان لە قۆناغێکی ناسک وخەتەر ناک لەشەڕی خۆ کوژی، پەرلەمان بواری ئەوەی نەبوو وەکو پێویست ئەرکی سەرەکی خۆی ببینێت.

پەرلەمانی کوردستان تەنها دەزگایەکە کە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە، دیموکراتیانە هەڵبژێردراوە.. ونوێنەرایەتی ئەو خەڵکە ئەکات و تەنها دەزگای باڵای یاسادانانە لەم وڵاتەدا، بۆیە پەرلەمان ئەو جێگا موناسەبەیە کە ئەبێت لەهەموو هۆکارەکانی شەڕی خۆ کوژی و ئەنجامەکانی بکۆڵێتەوە وتاووتوی بکات ورێگای چارەسەر کردنی دەست نیشان بکات وبڕیاری گونجاو و لەباری لەسەر بدات ولەرێگای حکومەت ودام ودەزگاکانی هەرێمەوە جێبەجێی بکرێت.

هەر خودی ئەم پەرلەمانە مافی یاسایی خۆیەتی موتابەعەی چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەو جۆرە بڕیارانەش بکات.

بەراستی جێگای داخە بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ پەرلەماندا بکرێت کە کرا، شکاندنی حورمەتی پەرلەمان، گوێ نەدان بە یاساو بڕیارەکانی، پێشێل کردنی پرنیسیپەکانی، ئەم جۆرە هەڵوێستانە بەرامبەر پەرلەمان ودام ودەزگاکانی، کە بەبۆچوونی ئێمە پاش فیداکاری وخۆڕاگری خەڵکی کوردستان تەنها سەرمایەیە بۆ سەرجەم نەتەوەی کورد کە شانازی پێوە بکات ورووی خۆی پێ نیشان بدات بۆ دەرەوە، بەتایبەتی لە رۆژگاری ئەمڕۆی کێشەی کورد، ئەو پلەو پایە بەرزە وئەو هەڵوێستەی کە لەلایەنی جیهانی دەسەڵاتدارەوە بە راشکاوی بەرامبەری نیشاندراوە. دیاریشە کە بەم جۆرە مامەڵە کردنە لەگەڵ خودی خۆمان و دام ودەزگاکانی خۆماندا سووک دەبێت و راستگۆیی نامێنێت.

بۆ ناوەوەی کوردستان ڕێزگرتن لە پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزگرتنە لە فیداکاریی شەهیدە نەمرەکانمان، وڕێزگرتنە لەهەست وخواستی خەڵکی خۆڕاگری کوردستان، هەڵوێست لە پەرلەمان وئەو واقعەی کە هەمانە راستگۆیی هەموو لایەنەکانی جولانەوەی رزگاری خوازی دەردەخات بەتایبەتی هەر دوو لایەنی سەرەکی لەپەرلەمان وحکومەتدا، لەسەرەوەی هەمووشیانەوە بەڕێزان جەنابی مام جەلال وجەنابی کاک مەسعوود بارزانی.

خەڵکی کوردستان بەیەک دەنگ نەفرەت لەشەڕی خۆ کوژی دەکەن وئاشتی ونان وکاریان ئەوێت، ماندوو بوون وبێ تاقەت بوون لە موناوەراتی سیاسی، دیموکراتیەت وەکو دیاردەیەک قبول ناکرێت بەتەنها، بەڵکو پێویستە دام ودەزگاکانی بنیات بنرێت وقایم بکرێت وڕێزی لێ بگیرێت، بەراستی شەر مەزارییە بۆ هەموو لایەک کە پەرلەمانی کوردستان بەو شێوەیە سووکایەتی پێ بکرێ، کە ئەم مانگە پێی کرا، لەکاتێکدا تەئکید دەکەین پەرلەمان وحکومەتی کوردستان مان هەیە، دیموکراتیەت وئازادی وفرە حزبی هەیە.

خەڵکی کوردستان لەسەر بیرو باوەڕو رەنگی سیاسی تیرۆر ئەکرێن، ئەکوژرێن ومالیان تالان ئەکرێت وئەگیرێن وئەشکەنجە ئەدرێن وڕاو ئەنرێن، بەداخەوە ئەمڕۆ لەسایەی ئەم دیموکراتیەی ئێمەدا خەڵکی لەژیان ومال وحالی خۆی ولە چارە نووسی خۆی وکێشەکەی دڵنیا نییە.

بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود: هەردوو حزب، پارتی ویەکێتی زیاتر لە هەموو لیستەکانی نیو پەرلەمان ودەرەوەی پەرلەمانیش لەهەڵبژاردنی ۱۹۹۲دا لەلایەن گەلی کوردستانەوە دەنگتان پێ درابوو وخەڵکی کوردستان باوەڕی بە ئێوە داوەو، پارتی ویەکێتی لە پەرلەمان وحکومەت و لەم ئەزموونەدا شەریکن، سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە سەرکەوتنی هەردوو لایە، شکستی ئەم ئەزموونە سەرنەکەوتنی هەردوو لایە، بۆیە وەکو کوردێک وەکو سەرۆکی پەرلەمان بەناوی ئەوانیشەوە، لێرەدا بەرامبەر ئەندامانی پەرلەمان وخەڵکی کوردستان ومێژوو تەئکید ئەکەم کە ئەگەر بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستاندا ئەکرێت کە کرا، بەتایبەتی لەم دوو مانگەی رابوردوودا ئەوا رەنجی گەلەکەمان بەفیڕۆ دەڕوا. ئەگەر ئەتانەوێت پەرلەمانی کوردستان تەنها رواڵەت بێت وبۆ چاو بەستنەوەی ناوەو دەرەوە بێت ودەزگایەکی بێ گیان وبێ ئیرادە بێت

و، بواری نەدرێت وەکو پێویست رۆڵی خۆی ببینێت، ئەندامانی بێ ڕاو بێ هەڵوێست بن، تەنها بۆ پرتۆکۆلات نەبێت، ئەوە نە ئێمە ونە هەموو ئەم بەڕێزانە ئەندامانی پەرلەمانیش، باوەڕ ناکەم رۆڵی وەها قبول بکەن، ئەم قۆناغەش پێویستی بە دەزگایەکی وەها نییە، ئەتوانین لەڕێگای فراکسیۆنەکانەوە پێشنیاری ئەوەی پێویستە بکرێت ونەکرێت وزۆربەی خواست وئامانجەکان دابین بکرێت، هەر بە یاساش ئەتوانین ئەم پەرلەمانە وئەم حکومەتە یەک بخەین، چونکە خەڵکی کوردستان ودنیای ئەمڕۆ بێزارن لەدام ودەزگای کارتۆنی ی بێ دەسەڵات، ئەزموونی زۆر لە گەلان ولەعێراق بەتایبەتی شاهیدی ئەوەن کە ئەم جۆرە ڕێبازە نەک بێ ئەنجامە، بەڵکو کارەسات لەدوای کارەساتی لەدووە. بۆیە داواتان لێ ئەکەین هەر لێرەدا بۆ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان وبرایانی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستانیش هەڵوێستی خۆتان ڕوون بکەنەوە وتەئکیدی ئەوەمان بۆ بکەن وبەڵێنی جێبەجێ کردنی ئەمانەمان پێ بدەن:

١- بیرای ببڕ جارێکی تر گەلی کوردستان تووشی شەڕێکی خۆکوژی نەبێتەوە وخوێنی کورد لەکورد حەرام بکەن.

٢- یاسا لە وڵات حاکم بێت ومافی مرۆڤ چی تر پێشێل نەکرێت.

٣- بیرای ببڕ جارێکی تر پەرلەمانی کوردستان ودام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبێتە مەیدانی ململانێ ومونافەسەی هێزە چەکدارەکانی لایەنەکان و بەتوندی ئیفلیج کردنی پەرلەمان مەحکوم بکرێت وتاوانباران سزا بدرێن.

٤- حەصانەی پەرلەمانی و قودسیەتی پەرلەمان بپارێزرێت.

٥- دەست نەخرێتە ڕێگای پەرلەمان و وەکو دەسەڵاتی باڵای یاسا دانان دەسەڵاتی لێ پرسین وپرسینەوەی حکومەت و، دام ودەزگاکانی بۆ بپارێزرێت.

جارێکی تریش بەخێرهاتنتان دەکەین و هیوادارین تەشریف هێنانتان بۆ ئێرە، ئەم جارەش ئەم برینانە سارێژ ببن و بڕوایەکی تر بە میللەتی کورد بدەنەوە کە ئەم پەرلەمانەی کە حورمەتی شکا جارێکی تر تووشی ئەو کێشەیە نابێتەوە بۆ ئەوەی پەرلەمان ودام ودەزگاکانی تری ئەم ئەزموونە وەکو پێویست ئەرکی سەرشانی خۆیان ئەنجام بدەن، جارێکی تریش بەخێر هاتن بەسەرچاو.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برایانی خۆشەویست، برایان کاک مەسعوود ومام جەلال، برایانی(INC) برایانی بەڕێز سەرۆک وجێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەخێر هاتنتان دەکەین.

زۆری لەوشتانەی کە برام کاک جەوهەر باسی کرد بەراستی شتی زۆر گرنگن ئەبێ بە وردی تەماشا بکرێ وئەبێ لەسەر ئەو هەڵوێستە برۆین بایەخێکی تەواو بە پەرلەمان بدرێت، چونکە

وەکو کاک جەوهەر وتی تەنها دەزگایەکی هەڵبژێردراوە لەهەرێمی کوردستاندا وهەرچی حزبێک دەیەوێت هەڵوێستێکی هەبێت شتێک پێشکەش بکات بەهۆی فراکسیۆنی خۆیەوە تەعمیمی ئەکات، من تەنها ئەمەوێ شتێک بڵێم بەراستی نابێ ڕۆڵی(٣٥)ئەندامی پەرلەمان کە لەرۆژی ٤/٥/١٩٩٤ تا ٨/٥/١٩٩٤بە ئەو پەڕی حرص بۆ وەستاندنی شەڕی براکوژی نەبێت بۆ لە پەرلەماندا ئامادە بوون، ئامادەی ئەوەش بوون کە مان بگرن لەنان خواردن، ئامادەی ئەوە بوون کە پەناگیری بکەن لەداخلی پەرلەماندا وبەراستی یاداشتەکی پێشکەش بە برایان کاک مەسعوود ومام جەلال و مەکتەبی سیاسی هەردوو هێزەکەی کە حوکمڕانی کوردستان دەکات، کرد وابزانم ئەمە شانازییە بۆ ئەو برایانە کە لەهەموو فراکسیۆنەکان بوون، فراکسیۆنی زەرد بوون وفراکسیۆنی سەوز بوون وبرایانی لیستی مۆر بوون واتە: ئاشووریەکان. تەبعەن ئەوە جێی شانازیی و، سووربوونمانە بۆ ئەوەی پەرلەمان بە دەوری خۆی ببینێ بۆ ئەوەی ئەم کێشەی کوردستانە باس بکرێت هەتا داوای کۆبوونەوەی (فوق العادة)یان کرد بۆ ئەم مەبەستە. من ئەڵێم نابێ ئەو ڕۆڵەی ئەندامانی پەرلەمانمان لە بیر بچێت(٣٥)ئەندام بوون ئەوانەی کە لەشاری هەولێردا بوون، هەولێکی زۆریان دا زۆربەی ئەو مذکراتانەی کە لەپاش ئەوە نووسرا وابزانم ئەو مذکرەی ئەندامانی پەرلەمان سەیر بکەن هیچی لەوە زیاتر نەبوو لەو رۆژە بردیان بۆ سەلاحەدین وپێشکەشی مەکتەبی سیاسی وکاک مەسعوودیان کرد وپێشکەشی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ولەرێی ئەوانیشەوە پێشکەشی مام جەلالیان کرد، تەنها ئەمەوێ بڵێم ئەو(٣٥)ئەندامە نابێ لە بیر بچنەوە و حرص ئەو ئەندامانە نابێت بخرێتە پشت گوێ ودەوری جێگری فراکسیۆنی سەوز کاک حازم لەگەڵ جێگری فراکسیۆنی زەرد کاک عەدنان نەقشبەندیی لەگەڵ عەبدولخالق زەنگەنە ئەوەشمان نابێ لەبیر بچێت لەهەموو تەنگو چەڵەمەیەکدا هەر لەناو پەرلەماندا بوون هەتا رۆژی هەشت بوو رۆژێکیان شەو نخووینیان کرد تا سەعات(١)ی پاش نیوەشەو ولە ناو پەرلەمان دا بوون وئەیان ویست هەڵوێستێ وەرگرن وزۆر سوپاس ئەم ویست ئەوشتە ڕوون بکەمەوە بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئەو برایانەمان لەبیر نەچێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

الان -الكلمة للسيد لواء الركن حسن النقيب فليتفضل..

**السيد حسن النقيب:**

بسم الله الرحمن الرحيم ـ الأخ السيد الكريم السيد رئيس پرلمان كوردستان المحترم. الاخ الكريم المناضل السيد مسعود البارزاني المحترم، الاخ الكريم المناضل الاستاذ جلال الطالباني المحترم، الاخوة الكرام والاخوات الاعزاء أعضاء الپرلمان لكوردستان العراق المحترمين، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته، انها لساعة خير أن يجتمع پرلمانكم الموقر بحضور الاخوين الكريين مسعود البارزاني وجلال الطالباني بعد الاحداث المؤسفة والتي أحزنتنا وأدمت قلوبنا حيث القلوب راجفة في وسط الاحداث التي حلت بين الاخوة والاشقاء شركاء المصير الواحد

المشترك ففي الوقت الذي كان وكنا فيه جميعا عاملين على وقف تلك الاحداث كانت هناك جهات معادية تعمل على تأجيج الفتنة وإشعال أوراقها وتصب الزيت لتحرق كل أمل الخير لهذا الشعب الكريم ولكن إرادة الله العلي القدير شاءت أن تكون يد الله فوق أيديهم وشاءت إرادته عز وجل أن تكون إرادة الخير هي الاعلى وهي السائدة في هذا الجزء العزيز من الوطن العراقي الكبير، وهنا لابد لي من الاشارة بالادوار البناءة للاخوة الكرام قادة الحزبين الاخوين، الاستاذ مسعود البارزاني والاستاذ جلال الطالباني والاخ رئيس الحكومة الاستاذ كوسرت ونائبه الاخ د. رڎژ والاخ فؤاد معصوم والاخوان أعضاء المكتبين السياسيين للحزبين الاخوان سامي عبدالرحمن والاخ محسن دزەیي والاخوة الافاضل الاخ سعدي والاخوان في الجبهة الكوردستانية، وتحكيم العقل والمنطق وتغليب روح الاخوة والمصير المشترك الواحد ولابد لي أن أشيد بدور الجبهة الكوردستانية بكافة أحزابها وشخوصها والمنظمات الشعبية والمستقلين والمنظمات الانسانية التي قامت بأدوارها الفعالة للوصول إلى السلام المنشود، ولابد لي أن أشيد هنا الى الاخوان قادة الحركة الاسلامية المثلة بشخوصها سماحة الشيخ عثمان لما قامه من دوره البناء في إطفاء نار الفتنة وموقفه الايجابي ومواقف إخوانه في الحركة الاسلامية.

أيها الاخوة تعلمون جيداً مايعاني الشعب العراقي بمجموعه من أقصى الشمال الى أقصى الجنوب من مأساة ونظام العمالة والخيانة من قتل وتدمير وتجويع وحرمان حيث أوصل حكم الجريمة شعبنا الى مرحلة من المعاناة مالم يشهده أي شعب من شعوب العالم وما يعانيه شعبنا لم يكن الا بسبب رأس النظام وزبانيته وأذنابه وعملائه. والمنطقة المحررة هنا كوردستان العزيزة، كوردستان العراق والتي يتواجد عليها اخوانكم وأشقائكم من القوى الوطنية العراقية لهي الامل الذي يلتقي عليه كافة أبناء العراق وهو بداية الطريق لتحرير شعبنا من مصير مجهول قاتم فيما اذا بقي حكم الجريمة والطغيان والدكتاتورية لذا فإن الاحداث المؤسفة التي وقعت بين الاشقاء كانت قد لامست ضمائر العراقيين كافة أشقائكم وبكل العنف والقوة وندعو العلي القدير أن يطفئ هذه الفتنة ويعيد الامور الى مجاريها الطبيعية ولنأخذ جميعا زمام المبادرة، مبادرة الخير لانقاذ الشعب والوطن من أسوأ دكتاتورية عرفها تاريخ الشعوب.

أيها الأخوة والأخوات علينا جميعاً أن نتوقف بعدما حدث لتحكم العقل والمنطق منطق الاخوة والمنطق المصير الواحد وندرس بإمعان ورقة أسباب الحوادث ونستخلص منها العبر والدروس لكي لاتتكرر مثل هذه الاحداث لاقدر الله في المستقبل.

اننا نتطلع أيها الأخوة والأخوات الى فجر العراق الجديد ،عراق الشراكة الإختيارية بين الأشقاء والأخوة الحقيقية والمساواة في الحقوق والواجبات لاتسلط فئة على فئة ولا أرهاب، عراق موحد يسوده القانون ومؤسسات ديمقراطية حقيقية ليس هناك مواطنون ورعايا فالجميع مواطنون متساوون تجمعنا غيرة الاخلاص للوطن والشعب وفقكم الله ورعاكم والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شكراً للسيد اللواء. کاک مەسعود ئەگەر جەنابت کەرەم بکەیت.

**بەڕێز کاک مەسعود بارزانی/سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان.

خوشک وبرایانی بەڕێز: سەرۆکی پەرلەمان وجێگری سەرۆک وئەندامانی پەرلەمان زۆر سوپاستان دەکەین کە دەعوەتتان کردین وبێین جارێکی دی لەم شوێنە پیرۆزەدا کۆ ببینەوە، بەراستی ئەو ڕووداوانەی مانگی ڕابردوو تا بڵێی زیانی گەیاند بەکێشەی گەلەکەمان چ لەڕووی بەشەری چ لەڕووی ماددی چ لەڕووی سیاسی، ئێمە زۆر بەوە سەر بەرز بووین لەدەرەوە کە دەمان گوت ئێمە میللەتێکین ساڵەهای ساڵە ژێر دەستین، بەڵام ڕۆژێک کە فەرسەتمان هاتە دەست بەشێوەیەکی دیموکراتیانە ئێمە ئیدارەی دیموکراتی خۆمان دامەزراند، سیستەمی ئیدارەی خۆمان دامەزراند بەشێوەیەکی دیموکراتی، ئێمە وەکو فلان میللەت و فلان میللەت نین کە بگاتە بەرژەوەندی بەرزی میللەتەکەمان ئێمە تووشی مەترسی لەسەر بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی نابین، بەڵام بەداخەوە ئەو ڕووداوانەی کە لە دەرەوەی ئیرادەی هەموومان بوو، ئێمە کە ئارەزوومان نەبوو نە بەقسەی ئێمە بوو، نەحەزمان کردووە، تووشی وەزعێکی کردین کە شەرم لە دۆستەکانمان بکەینەوە، پێش هەموو شتیش شەرم لە میللەتی کورد بکەین. ئەبێ لێرەدا بڵێین سوپاس بۆ خواو، سوپاس بۆ ئەوانەی کە هەموو هەوڵ وتوانایەکیان دا بۆ ئەوەی زەرەر لەهەر کوێ بێ بووەستێ وکەم ببێتەوە.

بەڵێ زیانێکی گەورەمان پێ کەوت بەڵام نەگەیشتە ئەوەی کە کۆتایی بە کێشەکەمان بێ. لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە دەرس لەو ئەزموونە تاڵە وەربگرین وبزانین بۆ ئایندە چ بکەین بۆ ئەوەی شەڕێکی دیکە ڕوونەداتەوە. چونکە نابێ ڕووبداتەوە ئەوەی رووشی دا بەڕاستی شتێک بوو بەنسبەت خۆم، بەش بەحالی خۆم نە بەخەیاڵم دا دەهات نەڕۆژێکیش بیرمان لەوە کردبۆوە کە ئەم ڕووداوە دڵتەزێنانە ڕوو بدەن. لێرەدا ئەبێ سوپاسی دەوری(I.N.C)بکەین، سوپاسی دەوری بەرەی کوردستانی وزانایانی ئایینی و مامۆستایانی زانکۆ وهەموو ڕێکخراوە جەماوەرییەکان وهەموو ئەوانەی کە خۆیان هەستیان بەمەترسی ئەم وەزعەیان کردو هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەن بۆ وەستاندنی ئەم شەڕە. من نامەوێ لێرەدا ناو بێنم ئەگینا زۆرن ئەوانەی کە دەوریان بینی و(الحمدلله) لەئەنجامدا ئیرادەی خێر سەرکەوت بەسەر ئیرادەی شەڕ، نەبووە لە مێژوودا شەڕ کێشەی چارەسەر کرد بێ نە لە بەینی دوو حکومەت، نەلەبەینی دوو حزب نەلەبەینی

حزبێک وحکومەتێک هەتا ئەگەر هیچ تەکافوئیش نەبێ لە میزانی قووەتدا، هیچ وەختێک شەڕ نەیتوانیوە کێشەیەک چارەسەر بکا. ئێمە خۆشمان زۆرمان چێشتووە ساڵەهای ساڵە لە ئەنجامی شەڕی خۆ کوژی وشەڕی برا کوژی ئێمە زیانێکی زۆرمان پێ گەیشت وەکو میللەتێک، وەک ئەحزاب وەکو ئەشخاس وفرسەتی زۆرمان لەدەست چوو. من ئێستاش کە بیر دەکەمەوە بە چ عەقڵێک وچۆن ئەم وەزعە ڕوویداو، بۆ چی ڕوویداو؟.. ئێمە بەخۆشمان ئەو ئەزموونەشمان هەیە کە بەشەڕی خۆ بەخۆیی نەمانتوانیوە هیچ کێشەیەک چارەسەر بکەین، ئەگەر بمانەوێ ئیستیفادە لە ئەزموونی گەلانی تریش بکەین دیسان هەمان شتمان پێ ئەڵێن کە شەڕ، چارەسەری کێشەیەکی نەکردووە، وکاتێکیش کە لە ڕاستی دا نا تەبا بووین کەس مەرحەبای لێ نەدەکردین وکێشەی ئێمە کێشەیەک بوو ئەسڵەن کەس باسی نەدەکرد، بەڵام پاش ئەوەی کە ئاشتبوونەوەی گشتی بوو، ڕاپەڕینەکە ڕوویدا، بەرەی کوردستانی دروست بوو، ئەوە برامان مام جەلالیش شارەزایە جاری وەها بووە کە پێکەوە چووبووین جارێ وەها بەتەنیا چووین جیاوازیەکی ئێجگار زۆر بووە لەبەینی ئەوەی کە پەرلەمان دامەزراوە وحکومەت دامەزرا وهەڵبژاردن بوو وڕوویەکی حەضاری میللەتەکەمان پیشان بدەنەوە وچۆن پێشوازی لە ئێمە کراوە وچۆن ڕێزی ئێمە گیراوە کە پێشووش چۆن پێشوازی ئێمەیان دەکرد، لەراستیدا پێویستە سوپاسی جالیەی کوردیش بکەین لە دەرەوە کە ئەوانیش بەپێی توانای خۆیان چ هەوڵیاندا، دەبێ سوپاسی بێ پایانی دۆستەکانی میللەتەکەمان بکەین کە (الحمدلله) زۆرن، من مەترسی ئەوەم هەبوو کە وازمان لێ بێنن، بەڵام خۆش بەختانە دیارە کە هێشتا میللەت شانسی ماوەو وازیان لێمان نەهێناوە، بەڵکو ئەوان زیاتر بەپەرۆشن وزەحمەتێکی زۆر ئەکەن بۆ ئەوەی هەرچی زووترە چارەسەری ئەم گیروگرفتانە بکرێن وبۆ ئەوەی ئەوان بەردەوام بن لە یارمەتیدانی میللەتەکەمان، هەروەها بەردەوام بوون لە پاراستنی، ئەگەر ئەزموونی کۆنیشمان لەبیرچووبێتەوە، بەڵام ئەبێ ئەزموونی ئەم دوو مانگەی ڕابردوومان لەبیر نەچێ کە شەڕ چارەسەری هیچ ناکات، بەڵکو گیروگرفتەکان وا لێ دەکات لە ئەنجامدا هەمموومان لەناو دەچین بەراستی ئەمە شەڕێک نەبوو کەسی تێدا سەرکەوێت، شەڕێک بوو میللەتی کورد تێدا بفەوتێ وتێدا بچێ لەبەر ئەوە نەمان دەویست ئەم شەڕە ببێ، کەرووشیدا هەوڵمان دا لەگەڵ ئەو برایانە کە دەرکی ئەو مەترسیانەیان ئەکرد بۆ ئەوەی بووەستێ، ئەم ئەزموونە دەبێ لەبەر چاومان بێ کە ڕێگەی ترمان لەپێش نییە غەیری تەبایی وهاوکاری وپێکەوە وژیان، لەگەڵ ئەوەی ئەبێ سوود لەو هەلانە وەربگرین کە پێشتر کراون وبیر لەوە بکەینەوە هەرچی زووتر چارەسەری ئەم وەزعە بکرێت وبیر لەوە نەکەینەوە کە بەشەڕ چارەسەری هیچ موشکیلەیەک بکەین، ئەگەر بمانەوێ خزمەتی میللەتەکەمان بکەین بەراستی ئەبێ تەبا بین، ئەگەر بشمانەوێ میللەتەکەمان

بفرۆشین، کە حەقە میللەت ئەو ڕێگایەمان پێ نەدا، وەهەتا پێشمەرگە وکادیرانی ئەم حزبانەش با چی تر ئەم وەزعە قبوولٚ نەکەن، ئەبێ برینەکانی ئەم ڕووداوانە ساڕێژ بکەینەوە، هەر چەندە ئەوەی کە ڕوویدا زۆر ناخۆش بوو، برینی قوولٚی دروست کرد، بەلاٚم بە پێویستی ئەزانم کە جارێکی تریش داوای لێبوردن لەمیللەتی کورد بکەین، چونکە بەراستی ئەوەی کە ڕوویدا شتێکی کەم نەبوو، وئەگەر بشمان بوورن ئەوە لە گەورەیی خۆیانە وئەگەر نەشمان بوورن حەقی خۆیانە، هاتنی ئێمە بۆ پەرلەمان دووبارە کردنەوەی ئیلتزامی ئێمەیە بەتەبایی وبرایەتی وهاوکاری، دووبارە کردنەوەی ئیلتزامە بە دیموکراتیەت وڕێزگرتنمانە بۆ پەرلەمان و بۆ حکومەتی هەرێم وئەبێ هەنگاوی زوو بەزوو بهاوێین بۆ ئەوەی وەزعەکە لەهەموو شوێنەکان ئاسایی ببێتەوە وپێش هەموو شتێکیش ئەوەیە کە دەبێ پەرلەمان دەست بەکار بێتەوەو حکومەتی هەرێم دەست بەکار بێ. ئەوە دوو هەنگاوی زۆر، زۆر گرنگن بۆ ئاسایی بوونەوەی بارودۆخەکە وئومێدەوارین ئەوە وامان لێ بکات کە تەتبیعەکە بەرەو شوێنەکانی تریش ببەین وجارێکی تر زۆر زۆر سوپاستان دەکەین موفق بن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر زۆر سوپاس کاک مەسعود، بەڕێز مام جەلال ئەگەر فەرمووده‌یەکتان هەیە فەرموو..

**بەڕێز مام جەلال تالەبانی:**
**سکرتێری گشتی ی . ن .ک.**

بسم الله الرحمن الرحیم.

خوشک وبرایانی خۆشەویست، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، لە پێشەوە ئیجازە دەخوازم کە بەگەرمی بەخێر هاتنی میوانەکان بکەم، جەنابی لیوا حەسەن ئەلنەقیب وکاک د. ئەحمەد چەلەبی، سەبارەت بەو هەست و پەرۆشیی ودلٚسۆزیەی نواندییان بۆ گەلەکەمان کە بەراستی(INC) وەکو دەورێکی زۆر گران وزۆر کاریگەرو باش لەم بوارەدا لەم کارەساتەدا خۆی نوواند، بەراستی برایانی خۆشەویست د.نەجمەدین ودکتۆر کەندالٚ ودکتۆر فوئاد حوسێن لەدووره ولاٚتەوە دەستیان لە ئیش وکاری خۆیان هەلٚگرت وئەرکی ئەوەیان خستە ئەستۆی خۆیان بەپیرمانەوە بێن بۆ ئەوەی ئەوان بەدەوری خۆیان لە ساڕێژ کردنی برینەکانماندا بەشداری بکەن، ئەوکارەساتەی کە ڕوویدا خۆ کوژی بوو، شەڕێک بوو کە باوەڕ ناکەم هیچ شەڕێک ئەوەندە زیانی لەمیللەتێک دابێت خۆی بەدەستی خۆی زەرەری لە دەسکەوتەکانی خۆی دابێ من ئەو وەختە لە دەرەوەی ولاٚت بووم لەبەر ئەوەی زۆر باش دەزانم وزۆر چاکم لەبیرە کە چۆن ئەم کارەساتەی ناوەوە خەریک بوو هەموو دەسکەوتەکانمان لەدەست بدا کە بەدەستمان هێنابوو، کە بە دنیامان ڕاگەیاند بوو؛ ئێمە دەزگای دوورگەیەکی دیموکراسین لەناو بەحرێکدا، لەناو دکتاتۆریەکان کە ئێمە دەتوانین بەخۆش وبەتەبایی وبە ئاشتی

بژین وگیروگرفتەکانمان بەزیندەگانی سیاسی، بەبیروڕاو ڕەخنە لەخۆ گرتن ونیشاندانی ڕاستیەکان وبەڵگە هێنانەوە چارەسەر بکەین، نەک بە کوشت وکوشتار، کە چی بەداخەوە وینەیەکی زۆر ناشیرینمان دا بووە دەرەوە، دۆستەکانمان زۆر دڵتەنگ و پەست و مەلول کرد کە دوژمنانمان زۆر پێ خۆشحاڵ بوون، یەکێک لەسەر کردەکانی ڕژێم لەنیویۆرک ڕایگەیاند بوو کە فەرموو بووی ئەوانە ناتوانن ئیدارەی خۆیان بکەن. ئەگەر ئێمە لێی نەبین خۆیان یەکتر دەکوژن. دۆستێکی زۆر دێرینمان زۆر خۆشەویستمان مەدام میتران، لەنامەیەکدا بۆ منی ناردووە بۆ برای بەڕێز کاک مەسعودیشی ناردووە خوێن لەدڵی دێ کە قسەکان دەکات بەراستی وا حەماسەتی خۆی دەردەبڕێ وانیشان دەدا کە یەکێکی زۆر دڵسۆز نەبێ ئەو هەست وئەو بۆچوونانەی نابێ، هەموو جارێ دەمانگوت کە هەتا هەتایی، ببڕای ببڕ شەڕی برا کوژی ڕوونەداتەوە، کە چی بە داخەوە ڕووی دایەوە، ئەوە ناگێڕمەوە بۆ هۆیەکانی، زیاتر من پێم وایە هەموومان دەمان ویست هەموو سەرکردەکان دەمان ویست لەهەر کوێ یەک بێ برایەتی وئاشتی دەوام بکا وئەو شەڕە ڕوونەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەسەرمان سەپا هۆیەکانی بابەتی هۆیەکانی مەوزوعی دەورێکی گرنگیان دیت، بۆیە بۆ بنبڕ کردنی ئەم جۆرە کارەساتە ئەبێ چی پێویستە بیکەین نەیەڵین بەهیچ شێوەیەک وبەهیچ جۆرێک ولە هیچ کات وساتێکدا کارەساتی وا تووشی میللەتەکەمان ببێتەوە ئەوەش هەر بەوە نابێت کەوا هۆیە زاتیەکان بگۆڕین، بەڵکو دەبێ هۆیە بابەتیەکانیشی بگۆڕین عوزر خواستن لەمیللەتەکەمان شتێکی ئەساسی یە، بۆ ئەوەی کە جارێکی کە دڵنیایی کەینەوە کە هەست دەکەین بە هەڵەی گەورە بگرە بەتاوانێکی گەورە کە کراوە لەدژی دەسکەوتنەکانی میللەت، بەڵام دیسان دەبێ بەڵێنی بدەینێ کە هەوڵ دەین ئەم کارەساتە دووپات نەبێتەوە.

خوشک وبرایان ... پیرۆزبایی دەست پێ کردنەوەی پەرلەمانتان لێ دەکەم، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان یەکێکە لەدرەخشاوەترین دەسکەوتەکانی مێژووی گەلی کوردستان ئەو سەرکەوتنەی کە بەدەستمان هێنا لەسەر ئاستی خۆشی وئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە سەرکەوتنێک بوو لاپەڕەیەکی زێرینی لەمێژووی گەلەکەمان تۆمار کردووە، لەدەرەوەش مایەی سەربەرزی وسەروەریەکی زۆر بوو بۆ میللەتەکەمان، بەڵام پێویستە بەراستی بەگیانێکی نوێ وە وبە دەستەڵاتی نوێ وە پەرلەمانەکەمان کار بکاتەوە بەراستی ببێتە پەرلەمانێکی ڕاستەقینە ببێتە پەرلەمانێک کە بەشداری دەکا و، دەوری گرنگ وسەرەکی دەبینێ لە دروست کردنی بڕیار لەدارشتنی بڕیاری سیاسی وکۆمەلایەتی و دەورێکی گرنگ پێ دراوە لە مێژووی وڵاتانی دیموکراسیدا بۆنموونە لە بەریتانیا کتلەی بلێین پارتی کارگێڕ ئەوەندە دەسەڵاتی هەیە کە بەکسەر دەتوانێ سەرۆکی حزبەکەش هەڵبژێری وسەرۆکی حکومەتەکەش هەڵبژێری لەدانانی سەرکردایەتیەکەشدا بەشداری دەکات، با ئێمەش دەسەلات بدەین بە کوردستان بە ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی بێ تەسەلوتی حزبایەتی بتوانن ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن بتوانن بە واجبی خۆیان هەڵسن بتوانن لەهەموو کارەکاندا بەشداربن یا بتوانن خۆیان دەوری خۆیان ببینن

وئەو سەیتەرەی حزبی تەسکیان لەسەر نەبێ بگرە وەکو مرۆڤی هەڵبژاردراو لەو پەرلەمانەدا دەوری خۆیان ببینن لە دانانی نەخشەو پلان بۆ هەموو کارە گرنگەکانی وڵات دەبا هەموو یەکێک لە ئەندامانی خۆی بەنائبی هەموو کوردستان بزانێ، ئەم راستییە قاعیدەیەکی دەستوورییە راستە نائب لەجاران مەسەلەن لە ناوچەیەک لە قەزایەک هەڵدەبژێردرا ئێستا لیستی ئێمە لەسەر ئەساسی عەتفی هەموو کوردستان دامەزراوە، هەڵبژاردنمان لەسەر ئاستی هەموو کوردستان بووە لەبەر ئەوە راستیەکی کەش دەخاتە سەر ئەو قاعیدە دەستوریە کە نائب نائبی هەموو شوێنێکە نەک هی یەک تاقە حزبە وبا ئەم گیانە لەدڵ ودەروونی هەمووشیان دابچەسپێ، ئیجازە بدەن لەوە زۆر جار رەخنە لە ئێمە دەگرن ورەخنەکانتان بەشی زۆری راستە، بامنیش تکایەکتان لێ بکەم کە ئێوە خۆتان ئەو جورئەتە بدەنە خۆتان ببینن وئەگەر لە دەرەوە بەسەرتاندا سەپێندرا قبوولی مەکەن کە دەورەکەی خۆتان پێشێل کەن، بۆ ئەوەی بتوانین ئەم کارانە ئەنجام بدەین وزەمینە خۆش کەین بۆ بەدیهێنانی ئەرکەکانی پەرلەمان کە چەسپاندنی دیموکراسی وحوکمی کۆمەلانی خەڵکە، پێویستە دەسەلاتی حزبی لەحکومەت جیا بکەینەوە ولەهی پەرلەمانیش جیا بکەینەوە یانی (فصل السلطات الحزبية عن الحكومة والپرلمان) با ئەوان هەر یەکە خۆیان دەوری خۆیان هەبێت هەر یەکە لەلایەکەوە لەشوێنی خۆی حزبایەتی خۆی بکات، پەرلەمان دەوری خۆی ببینێت، حکومەت کاری خۆی بکات، دیارە پێویستە هاوکاری هەبێ لەنێوان حکومەت وپەرلەماندا، نەک دوو سەنگەر لێک بگرن، بەڵام دیسان با پەرلەمان چاودێری حکومەت بکات رەخنە بگرێ موحاسەبەی کارەکانی بکا، پرسیار بکاو بتوێژێتەوە و دەوری خۆی ببینێ بۆ ئەوەی ببێتە پەرلەمانێکی راستەقینە لەژیانی میللەتەکەمان و، وتمان نموونەیەک بدەین بە گەلانی دراوسێ کە لەکوردستانەوە تاقیکردنەوەیەکی دیموکراسی چاک بەدیاری بۆ ئەوان دەنێرین لەجیاتی ئەو هەموو زوڵم وزۆرەی کە سەدان ساڵە ئەوان بەسەر میللەتەکەمانی دەسەپێنن. نەمانزانی بەینی حکومەت وپەرلەمان وەکو براو هەڤاڵ وەکو هەردوولا سەرداری خزمەتی گەلەکەیان بکەن وئامانجەکانی وخەڵکی کوردستان بهێننە دی، بەڵام ئەمەش نابێ ببێتە شێوەی جاران بە گاڵتەوە دەمان گوت مەسەلەن «موافگ» یان«موافق».

با ئەوە نەمێنێت با ببێتە هۆی ئەوەی کە پەرلەمانی خۆمان پەرلەمانێکی زیندووە، گیاندارێکی گەشە کردوو بێت و بتوانێ رەخنە بگرێ بتوانێ بڵێ نا، بتوانی بڵێ وانییە، بتوانی بڵێ حەقە وابێت، وانەبێت بتوانێ نوێنەری تەواوی کاروبارەکانی بکات، پێم باشە ئەگەر بیر لەوە بکاتەوە پەرلەمان دەستورێکیش بۆ هەرێمی کوردستان دابنێ ئەم دەستوورە ببێتە سەرچاوەی یاساکان وسەرچاوەی ئەو بریارە وشتە سەرەکیەکان کە دەردەچێت، لەبەر ئەوە دەمەوێ بڵێم ئەوە هیچ لەگەڵ میللەتی عێراق بە پێچەوانە نابێت گەلێک وڵاتانی فیدرال وناسیونالی، دەستووری خۆیانیان هەیە، ئاڵای خۆیانیان هەیە بگرە نوێنەری خۆیان هەیە لە حکومەت لە پایتەخت ئەگەر بچیتە ئەڵمانیا کە یەک میللەتە یەک زمانە وفیدراڵە تەماشا دەکەین هەموو ئەوشتانە هەنە تەنانەت

ویلایەتەکان لە پایتەختیش نماینده‌یان هەیە شتێکیان هەیە وەک سەفارەت لە پایتەختی خۆیاندا، بۆیە ئەو جۆرە شتانە لەگەڵ یەکێتی راستەقینەی عێراق بە پێچەوانەوە نییە، بگرە بە تەواوی دەگونجێت و بەهێزتری دەکات، پێم باشە بیرێک لەوە بکەینەوە کەسەر لەنوێ حکومەتەکەمان بکەوێتە گەرو چۆن دەسەڵات وتواناکانی دیاری هەبێت و دەسەڵاتی بدرێتێ دوور لەسەیتەرەی تەسکی حزبایەتی کە حکومەتێکی ئیسلامی بێت هەموو هێزەکان بگرێتەوە بەتایبەتی هەوڵ دەین نوێنەرانی برا تورکمانەکانمان بخەینە وەزارەتەوە، نوێنەرانی هەموو حزبەکانی بەرەی کوردستانی بخەینە ناو حکومەتەوە، ئەو حکومەتە حکومەتێکی کاریگەر بێ، ئیش بکا کار بکا بتوانێت خۆی بریار بدات هەمیشە نەگەرێتەوە بۆ مەکتەبە سیاسییەکان ومەکتەبە سیاسیەکان نەبن بە ملۆزم بەسەر حکومەتەوە، پێم باشە وەزیر، وەزیر بێت، جێگر جێگر بێت وریگر نەبێت، پێم باشە کارەکان و دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی دیموکراتی لەبەردەمی پەرلەمان دیاری بکرێن حسابات لەپەرلەمان پێشکەش بکرێت، پەرلەمان ئەو هێزە بێت کە لێیان دەتوێژێتەوە لێیان دەکۆڵێتەوە، پێم باشە دابەش کردنی سەر لەنوێی رێکخستنەوەی ئیداراتەکانمان بە جۆرێکی دیموکراتی لەسەر ئەساسی ئەوە بێ کە هی کۆمەڵانی خەڵکە نەک هی دوو حزبەکە بەتەنیا، یان چەند حزبێک بێت یا بەتەنیا، هەموو کۆمەڵانی خەڵک هەقیان هەیە بەشداری بکەن لە ئیدارە، لەوەزیفە ئەوە هەقێکە لە هەقەکانی ئینسانی کە لەولاتی خۆیدا بەپێی کەفائەتی خۆی دەوری خۆی، وەزیفەی خۆی، شوێنی خۆی بگرێ لەکۆمەڵەی خۆیدا، بۆیە بەباشی دەزانم هەر چی زووترە پەرلەمان یاسایی ئەنجوومەنی خدمە دابنێت ئەرکەکانی ئەوشتە بگرێتە ئەستۆی خۆی، خۆی چارە کردنی گیرو گرفتەکان بکا. پێم باشە حکومەت دەسەڵاتی هەبێ، هێزی خۆی هەبێ، پۆلیسی خۆی هەبێ، ئاسایشی خۆی هەبێ، پێشمەرگەی خۆی هەبێ، با پێشمەرگە لەسەر ئەساسی تەجنید بێ وەکو ولاتانی پێشکەوتووی دنیا لەسەر ئەساسی میلیشیات نەبێ، با پۆلیس وئاسایش لەسەر ئەساسی کەفائەت وشروط دابنرێ نەک لەسەر ئەساسی نسبەتی پەنجا بە پەنجاو یان نسبەتی حزبەکان ئەوەکانی تر بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم حکومەتە ببێتە حکومەتێکی راستەقینە ودەسەڵاتی حوکمرانی هەبێت لەوولاتەکەدا لەدوایی دا پێم باشە میثاقێکی شەرەف میثاقێکی وەتەنی کەوا بەراستی لێتان ناشارمەوە پێشنیاری دوو سێ هەرە خۆشەویستی میللەتەکەمان«مەدام میتران»کە ئەو میثاقی وەتەنییە بۆ ئەوە بێت کەوا جارێکی تر ماوەی شەر هەڵگیرسانەوە نەدات هەندێ موقەدەساتیش هەیە تەثبیتی بکات کە من هەندێکی گرنگیان ئێستا دەخەمە بەردەمتان بۆ لێکۆڵینەوە:

یەکەمیان: چەسپاندنی دیموکراتی لەسەرتاسەری کوردستاندا لەهەموو شوێن وناوچەکان دا چەسپاندنی مافی مرۆڤ و، یاسایەک دەرچێت لەپەرلەمانەوە کە پێشێل کردنیان بکاتە تاوان وسزای گەورەی بۆ دابنێ.

دووەمیان: چەسپاندنی گیانی هاوکاری وسیاسی ململانێی سیاسی وململانێی شەریف وقەدەغە

کردنی وتەحریم کردنی وتەغریم کردنی بەتاوانی گەورە دانانی شەڕی براکوژە وشەڕی خۆکوژە لەکوردستاندا و بەجۆرێک کە ببرای ببڕ خەڵکی پێ پەروەردەکەین، وەکو کاک مەسعود گوتی تەنانەت وای لێ بکەین کە کادیرەکان وپێشمەرگەکان وکۆمەڵانی خەڵکیش رێ بگرن لەوە، ئەگەر پێشمان گوترا نەیکەن وەوای لێ بێت کەوا حەرام بێت ئەو شەڕە هەموو کەس نەفرەتی لێ بکات وبنبڕی لێ بکات وبۆی نەچێت دەستی نەداتێ.

سێیەمیان: بەلای منەوە سەلماندنی جێبەجێ کردنی مافی قەومە بچووکەکانی کوردستان برا تورکمانەکان، برا ئاشوریەکان برا عەرەبەکانمان ئەگەر لەو بەشەی کوردستانی رزگار نەکراو کە لەدوایی دا انشاءالله رزگار کراو کەوتە ژێر سێبەری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەوانە هەموو جۆرە مافێکیان هەبێت بێ ئەوەی هیچ جۆرە ئازاردانێک و پاڵ پێوە نانێکیان لەسەر بێت.

چوارەمیان: قەدەغە کردنی هەموو جۆرە هاوکارییەک لەگەڵ داگیر کەرانی کوردستان وئەوانەی کە لەکوردستان دان دەبێ(خاضع)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان بن نابێ کەس لینگێکی لە بەغدا ولینگێکی لە هەولێر لینگێکی لە سلێمانی ولینگێکی لەکەرکووک بێت، بەڵکو دەبێ هەموویان هەردوو قاچیان لەلایەک بێت پێیان خۆشە هەڵبژێرن کەرکووک، بەغدا، موسڵ پێیان خۆشە هەڵبژێرن دهۆک وهەولێر سلێمانی وئەوەی بکرێ بە یاسایەک بەراستی ئەو بەرەڵلایەی نەمێنێ بۆ ئەوەی دەست تێ وەردانی بێگانە وداگیرکاران لە کاروباری کوردستان بەشێوەیەکی تەواو ببڕێتەوە.

من بە باشی دەزانم جارێکی کەش دووبارەی دەکەمەوە کە ئەو ئاوات باشیە ونیەت چاکیەی کەوا برای خۆشەویستمان کاک مەسعوود دەری دەبڕێ یان بەندەی موخلیستان دەری دەبڕی ئەوە بکرێن بە بڕیار لەلایەن پەرلەمانەوە بکرێن بە قانونێک وسزادانی لەسەر بێت بۆ ئەوەی وا بە ئاسانی خەڵک نەتوانێ لێی دەرچێت ئەگەر پێشێلی کردن وبکرێت بە جۆرێک کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەراستی ببێ بە حکومەت وپەرلەمان ببێت بە پەرلەمان ئەوەی کاک جەوهەر وتی پێم وایە تەعبیر نەک هەر لەدڵی ئێوە دەکات، بەڵکو لەدڵی کۆمەڵانی خەڵکیش دەکات، ئەگەر پەرلەمان شتێکی کارتۆنییە خۆ بابچێتەوە ماڵی خۆی، بەڵام پێویستمان بە دیکتاتۆری نییە، دوای ئەوە پێویستە تەجروبە وەرگرین لەو وڵاتە دکتاتۆریانەی کە بۆ رووالەت بۆ گاڵتە پێ کردن نەوعە پەرلەمانێک دادەنێن کەدەبێ هەر بڵێین«موافق» ونەتوانین رەخنە لەوشتە بگرن، ئەوە نەشایستەی ئێمە نە پاداشتی خوێنی شەهیدەکان وماندو بوونی تێکوشەرانی رێگای رزگاری ودیموکراتی خەڵکی کوردستانە، پێویستە هەموومان ئەو راستییە بزانین کە بەبێ دیموکراسی هیچ جۆرە گیروگرفتێکی وڵاتەکەمان وڵاتانی تری دنیای پێ چارەسەر ناکرێ، دیموکراسی دەمێکە ناوی نراوە، دەرمانی هەموو دەردەکان وای پێ وتراوە، دیموکراتی لەکوردستاندا لەهەموو شتێ پێویست ترە بەمافی مرۆڤەوە ئەم شەڕانەی کە بوون لەغەیری زەرەرو زیان هیچی بەکورد نەگەیاندووە هیچ موشکیلەیەکیشی پێ حەل ناکرێ وەکو هەموومان دەزانین هیچ سەرکەوتنێکی تیا نییە، بەڵکو ژێر

کەوتنی هەموومانی تیایە وفەوتانی هەموومانی تیایە تیاچوونی کوردی تیایە، باوەڕ بکەن منیش وەک کاک مەسعود پێم وابوو کە ئەو شەڕەی لە وڵات کرا، وامان لێ دەکا جارێکی دیکە روومان نەبێ، ڕوو بکەینەوە خەڵک، وادەزانم کە کەس نامێنێ پشتیوانیمان لێ بکات، چونکە جارێکیان کاک مەسعوودیش لەبیریەتی یەکێک لەمەسئولە گەورەکان پێی گوتین نەهیچ یەکێک لە دەوڵەتەکانی دەورو بەرتان نەهیچ هێزێک دەتوانێ واتان لێ بکا دەستتان لێ هەڵگرین، بەڵام هەر دووکتان دەتوانن شەڕێک بکەن بەگژ یەکدا بچن وپێتان بڵێین«خوا حافیز»خۆتان وکورد وخوای خۆتان وحکومەتی مەرکەزی عێراق، بەڵام راستییەک دەرکەوت ئەویش ئەوەیە کە دۆستەکانمان کە ئەوەیان بیست کەوتنە هاوارو فیغان وپەنا بردنە بەر ئێمە، هەوڵدان بۆ ئەوەی ئاگری شەڕەکە بکوژێتەوە نەک وێڵمان وئینزارمان کەن وهەرەشە بکەن لێمان بۆ ئەوەی ئێمە عاقڵ بین وئاگری شەڕەکە بکوژێتەوە، نەیەڵێن پەرە بسێنێت وتەواو بێت کە دەریان خست بەراستی دۆستی راستەقینەن دۆستی رۆژانەی سەختن وئێستاش بەڵێنمان پێ دەدەن دەڵێن ئێمە ئامادەین درێژە بدەین بە هاوکاری لەگەڵیان دا بتان پارێزین، پشتیوانتان بین، تەنانەت لەچارەسەر کردنی گیروگرفتەکانداو بە کردەوە کردیان، بۆ نموونە سوسیالست ئینتەر ناسیونال«ئومەمیەی اشتراکی»بەهەڵە داوان نامەیان نارد بۆ کاک مەسعوود بەڵێ نامەیان نارد، بۆ من تەلەفۆنیان کرد لە دوایی وەفدیان نارد، وەفدەکەیان هاتە ئێرە وبەشداری کرد لەو کارانە حکومەتەکان هەموویان، حکومەتی ئەمریکا، حکومەتی ئینگلیز، فەرەنسا، تورکیا هەوڵیان دا کە ئەو کارەساتە زوو تەواو بێت، دۆستانی خۆمان کوردەکانی خۆمان جالیەی کوردی(KNC)کۆنگرەی نیشتمانیی کورد لە وڵاتان، ئیستیتۆی کورد لە پاریس، تێکۆشەرانی کورد لەووڵاتانی هۆڵەندا وئەڵمانیا وخەڵکانی تر بەنامە، بەناردنی نوێنەری، بەهەموو شێوەیەک هەوڵیاندا لەگەڵمان کەوا بەشداری ئەوە بکەن کە ئەوکارەساتەمان لەکۆڵ ببێتەوە وبرینەکانمان سارێژ ببنەوە، ئێستاش بۆ سارێژ کردنی برینەکانمان بەلای منەوە چاوخشاندنەوەیەکی گشتی بەهەل ومەرجی بابەتی پێویستە وهەروەها پێویستە هەوڵ دەین هەل و مەرجی تایبەتی خۆشمان باس بکەین کارێک بکەین کە ئیتر ببڕای ببڕ کارەساتی وا روونەداتەوە وگیرو گرفتەکانمان خۆش بکەینەوە بەگەلانی خۆمان ودەورو پشتمانی رابگەیێنەوە کە ئێمە دەتوانین تەنانەت چارەی کارەساتی نیشتمانیی بکەین وەکو ئەو شەڕی خۆ کوژییە بێگومان دەوری (INC) نابێ لەبیر بکەین من ئەمەوێ بڵێم ئەم دەورە راستیەکی تری بۆ ئێمە دووپات کردەوە ئەویش ئەوەیە کە برایەتی کورد وعەرەب قووڵە ورەگی داکوتاوە لەمێژووی هەردوو گەلماندا ودەسکەوتەکانمان یەکن بە جۆرێک کە بوونی دیکتاتۆری لەبەغدا زۆر کار دەکاتە سەر دوواڕۆژەکەمان هاو خەباتەکەمان هیوادارم پتەوتر بێت جگە لە سوپاسی شەخصی کاک دکتۆر ئەحمەد چەلبی ولیوا حەسەن نەقیب پێویستە ئێمە بەراستی ئەو راستییەش بزانین کە برادەرانی تــــری(INC) لە دەرەوە پەرۆشیەکی زۆریان نیشانداو هەندێکیان هاتن بۆ شام وهەندێکیان ئامادەبوون بێن بۆ ئێرە وئێستاش لەدەرەوە هەوڵی زۆریان داوە پێویستە ئێمە ئەوەمان لەبیر نەچێ

سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەین کە بەشداربیان کردووە لەم کۆبوونەوە من پێم وایە ئەم کۆبوونەوەیەمان، خوشک وبرایانی خۆشەویست دڵی دۆستەکانمان لەدەرەوە زۆر خۆش دەکات وهەموو دۆستەکانمان داوایان لێ دەکردین هەر چی زووتر پەرلەمان بکەوێتەوە گەڕو بکەوێتە خۆی جا هیوادارم کە ئێوەش لە ئاستی ئەو ئەرک وئاستی ئەو فەرمانە و واجیبەبن کە لە ئەستۆتانەوە دلێرانە وژیرانە وئازادانە جێبەجێ بکەن ئێمەش یارمەتیتان بدەین نەبینە ڕێگر بۆ کارەکانتان بەڵکو ببینە هاوکارو بتوانم بەناوی خۆم وکاک مەسعوودەوە ئەو خەبەرەتان بدەمێ کە ئێمە نابینە ڕێگر لە بەدیهێنانی کارەکانتان، خوای گەورە هەموو لایەک مووەفەق کات، هەمیشە هەر شادو سەرکەوتوبن وزۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر زۆر سوپاس بۆ بەڕێز مام جەلال وئەو پێشنیار و تاکیدانە. ئێستاش کاک د.ئەحمەد چەلەبی فەرموو.

**السيد الدكتور احمد الچلبي:**

بسم الله الرحمن الرحيم.

حضرة رئيس پرلمان أقليم كوردستان، السادة والسيدات أعضاء پرلمان كوردستان العراق أتحدث اليكم في هذه الجلسة التأريخية التي جاءت بعد الأحداث الدامية المؤسفة التي آلمتنا جمعياً وأبدأ بتقديم التقدير والأحترام للسادة الأستاذ مام جلال والأستاذ مسعود على الجهود المضنية التي قاما بها لوقف القتال السئ الصيت الذي ألم بكوردستان العراق، وأقدم كذلك الشكر والتقدير للأستاذ عبدالله رسول رئيس الوزراء الذي قام بتضحيات كبيرة جداً في سبيل وقف القتال وكان له دور مشرف في ذلك و أقدم الشكر الى جميع الأخوة والقادة الميدانين الذين قاموا بجهود كبيرة جداً لوقف القتال كل من جهته وأوقفوا تدحرج كرة الثلج التي كادت أن تودي بهذه التجربة وتدمر الخيار الديمقراطي الذي ناضل في سبيله الشعب الكوردي و أنتصر وحقق. لكنني أقول إن الأزمة لم تنته ونحن في بداية الطريق لازالت هناك أمورٌ تستدعي أن توضح ولازالت هناك بعض الازدواجية في القرارات هناك من يصرح ويعلن الشئ ويصدر الاوامر وهو مخالف لما يصرح به، أنا آسف أن أقول هذا لكن يجب أن أوضح ذلك أن الازمة هي في بداية الطريق وتواجه مشاكل جمة لاتزال تؤلف عقبات جديدة ومع ذلك اقول إن ما قمنا به وما قام به الاخوان هو شئ كبير جداً وشئ لايستهان به في تجارب الدمقراطية لدى الشعوب ليست في أنعدام المشاكل، إن المشاكل تقع في كل المجتمعات وخصوصاً في المجتمع وقدرة القوى السياسية فيه على حل المشاكل وتجاوز هذه المشاكل بطريقة توصل المجتمع الى شاطئ السلامة، إن خبرات وتأريخ الشعوب في الديمقراطية حافل بالمشاكل أنا لاأريد أن أخفف مما حدث ولكنني اقول أن هذه ليست المرة الاولى التي تحدث فيها مشاكل من هذا النوع في بداية التجربة الديمقراطية الفتية في كوردستان العراق، إن المسؤولية طبعاً تقع على القوى

السياسية وعلى المجتمع بالدرجة الاولى ولكنني اريد أن اقول إن العالم وحتى الاصدقاء لم يساعدوا على تفادي المشكلة بالقدر الذي كان يجب أن يساعدوا فيه لقد تعاملت جميع القوى مع الاحزاب ولم تتعامل مع الهيئات الشرعية المنتخبة من قبل الشعب في كوردستان وما انبثق عنها من مؤسسات كل الدول والاصدقاء كانوا يفضلون التعامل مع الاحزاب، هذا شئ يجب أن نسجله ويجب أن نعلنه للعالم أن المؤسسات الشرعية في كوردستان العراق لاتستطيع أن تكون قوية اذا لم يتم التعاون معها بشكل واضح وصريح من قبل الدول ومن قبل الاصدقاء. والنقطة الاخرى التي يجب أن ننوه بها أن الوضع الاقتصادي في كوردستان العراق دفع الناس الى حمل السلاح حيث لامجال للحياة في كوردستان بالطريقة الطبيعية عن طريق العمل والكسب المشروع لان الابواب اقفلت بوجه التنمية واقفلت بوجه العمل المنتج الخلاق الذي يمكن أن يكون في كوردستان بسبب الحصار المزدوج المفروض على هذه المنطقة وبسبب اصدار القوى الدولية والمنظمات الدولية وعلى رأسها الامم المتحدة على أن تكون جميع المشاريع التي قامت في كوردستان هي للاغاثة وليست للتنمية هذه مسؤولية كبيرة يشارك فيها المجتمع في سبيل توفير الجو الذي يشجع هذه الافواج الكبيرة من الشبان على حمل السلاح والقيام بهذه الاعمال، إن الحل في كوردستان العراق والتسوية التي إنشاء الله ستكون قريبة بين القوى السياسية هي بطبيعتها تسوية مؤقتة لان هذه الاحداث وتأريخ السنتين الماضيتين منذ الانتخابات اثبت أن كوردستان جزء من العراق وأن اخيتار الشعب الكوردي عن طريق البرلمان والتصويت على البقاء في العراق ضمن الصيغة الفيدرالية اثبت حكمة وصحته وقوة أسسه في الواقع التأريخي لهذه المنطقة إن حق تقرير المصير للشعب الكوردي هو حق وطبيعي لانقاش فيه ولا لاحد أن يمنح الشعب الكوردي هو حق طبيعي للشعب الكوردي، لكن الظروف الان دولياً والظروف الاقليمية المحيطة بالوضع في العراق. تؤكد أن الخيار الحقيقي للشعب الكوردي في العراق هو الفيدرالية ضمن الدولة العراقية الموحدة، إن هذا الخيار اثبته في الواقع طريق مشاركة اخوانه العرب في العمل على وضع حد للقتال الذي جرى في كوردستان، إن الديمقراطية التي ننشدها في كوردستان العراق هي ضرورية للديمقراطية في العراق، أنا اقول لا ديمقراطية في العراق اذا لم تكن هناك ديمقراطية في كوردستان والشعب العراقي بتأمله يتطلع بأمل نحو نجاح التجربة الديمقراطية هنا في كوردستان لقد ذكر مام جلال في كلمته على أن العالم مهتم بنجاح هذه التجربة، نعم إن العالم مهتم وقد بدأ الاهتمام وما كتبه لنا الاصدقاء عن الخارج وماذكروا لنا في اتصالاتهم المستمرة لقد ارسل وكيل الوزارة الخارجية الامريكية رسالة الى المؤتمر ينوه فيها بدور المؤتمر في وضع حد للقتال ويطلب ابلاغ الاطراف السياسية في كوردستان، اهتمام الادارة الامريكية في وضع حد للاقتتال ونجاح التجربة الديمقراطية كذلك ارسل وزير الدولة للشؤون الخارجية في بريطانيا رسالة بنفس المعنى الى المؤتمر إن التسوية السياسية في كوردستان يجب أن تتوفر فيها حق الشمولية يجب أن تشمل جميع القوى

السياسية التي كانت في حلبة الصراع العسكري ويجب أن لايُستبعدَ اي طرق من هذه التسوية لان السلم يقوم باقراره المتحاربون والقوى التي دخلت المعركة هي التي تقرر السلام واعتقد أن القادة السياسيين في كوردستان وعلى رأسهم مام جلال وكاك مسعود يقرون هذه الحقيقة هناك صيغ دستورية يجب أن تكون اساساً للتسوية، التسوية يجب أن تكون ديمقراطية وتبدأ من البرلمان. البرلمان هو الذي يكرس ويقوى ويشير الي الديمقراطية ويعمل على تثبيتها في كوردستان العراق لان البرلمان مصدر التسوية، وهناك اساليب وصيغ دستورية نستطيع أن نستفيد منها من التاريخ لاقرار هذه التسوية ونحن نقول إن التسوية السياسية في كوردستان يجب كذلك أن تقترن بتثبيت حقيقي للسلطة الحكومية، وهذا شئ مهم جداً وخصوصاً تثبيت وتقوية اجهزة الامن والشرطة من حكومة اقليم كوردستان وجعلها اجهزة نزيهة تستطيع أن تتعامل مع الواقع وأن تكون قوية، إن الاحداث التي مرت يجب أن تكون درساً للجميع ومن يخرج عن الشرعية يعرض شعبه ووطنه الى ثمن باهظ اي أرى امامي في هذا البرلمان الكثير من قادة القوات المتحاربة على الجانبين، وارجو منهم أن يفكروا جيداً. أليس أفضل لهم أن يتحاربوا بالكلام في هذه الغرفة من أن يجعلوا ال(پێشمەرگە) والمتقاتلين يطلقون الرصاص على بعضهم البعض في الجبهات، بكل تأكيد الجواب واضح، اني اقول أن الخلاف السياسي بين الحزبين لايتطلب القتال لقد ذكر احد الاجانب أن الحزبين يتشابهان احدهما مع الآخر، واقول إن هذا الكلام صحيح اذا اطلعنا على البرنامج الانتخابي للحزبين لانجد الفرق الكثير بينهما ولذلك لااعتقد إن هناك فرق سياسي يتطلب القتال واحتلال الربايا في اعلى الجبال والبقاء في تلك الربايا والاستمرار في فرض السيطرات على الطرق واعتقال كل طرف للطرف الآخر والاستيلاء على ممتلكاتهم، إن هذه الامور هي مدمرة اجتماعياً وليعلم الجميع أن الذي يخسر هو الذي يقوم بالعمل الخطأ ومن قام بالعمل الصحيح لن يخسر ابداً، ولو اتضح له او قيل له انه يضحي بمصلحته إن كوردستان اهم من اي ربية ومن اي بناية ومن اي شارع، إن مصلحة الشعب الكوردي اهم من كل هذا، اني اتألم كثيراً عندما ارى هذا، إن هذه هي المرة الاولى في تاريخ الحديث منذ الحرب العالمية الاولى حيث يتمتع الشعب الكوردي ببرلمان منتخب، وبحكومة منبثقة عن هذا البرلمان، لهذا تأييد كامل من كل القوى الديمقراطية والمحبة والسلام والتي تحترم حقوق الانسان في العالم، كل هذه القوى تؤيد التجربة الديمقراطية فكيف يضحي أبناء كوردستان بهذه التجربة ويقوموا بهذا العمل الكبير في القتال والاقتتال الداخلي ليضحوا بصداقة العالم وبمصداقيتهم امام العالم، لقد كنا جميعا نفتخر وانشاء الله سنفتخر من جديد بنجاح التجربة الديمقراطية. واننا يجب أن نستخلص العبر والدروس والقوة من هذه التجربة التي مرت، ومن هذا القتال الذي مضى علينا، وانا اعتقد اننا انشاء الله وبمساعدتكم نستطيع الوصول الى شاطئ السلامة، والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شکرا للدکتور احمد، کاک عەبدوڵلا فەرموو ..

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان خوشک وبرایانی خۆشەویست، لێرەدا بە پێویستی ئەزانم پیرۆزبایی لەخەڵکی کوردستان بکەم کە ئەمڕۆ سەرکردەکان لە پیرۆزترین شوێن دا کۆبوونەوە کە پەرلەمانی کوردستانە پاش ئەو رووداوە، پاش ئەو کارەساتە، پاش شەڕی برا کوژی کە لە کوردستان روویدا زەرەرێکی زۆری لە میللەتەکەمان دا بەراستی لەدەرەوە ولەناوەوە دەتوانم بڵێم هەموو لایەکمان، سەرکردەکانی کورد لێرە شەرمەزارین بەرامبەر بە میللەتەکەمان بۆیە داوای لێبووردن لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەین کە دەبوو ئەو کارەساتە روو نەدات وهەموو ئەو ماندوبوون وقوربانی دانەی کە میللەتەکەمان دابووی پاش ئەوەی راپەرینە مەزنەکە هاتە کایەوە، پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا هەروەکو بەڕێزان باسیان کرد لەبەر ئەوە مەسەلەو کێشەی کورد زۆر دەچوو بۆ پێشەوە تەعامولیان لەگەڵ دەکرد لەسەرەتاوە پاش دروست بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو منظماتەکان یان ئەو کەسانەی کە یارمەتی خەڵکی کوردستانیان ئەدا لەکوردستان وتحفظیان هەبوو لەهاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەو دواییە پاش ئەوەی چەندین کۆبوونەوەیان لەگەڵ کرا کونفراس گیرا لەگەڵیان دا هەموویان هاتنە سەر ئەو راستییەی کە دەبێ هاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دا بکەن وئیش و کارەکانیان لەرێگای حکومەتەوە جێبەجێ بکەن حکومەتیش کەوتبووە سەرپێی خۆی لەگەڵ ئەوەی دا کە هەموو لایەنە سیاسییەکان وبەتایبەتی هەردوو حزبەکەش هەموو قورسایی خۆیان نەخستبووە ناو دام ودەزگاکانی حکومەت وەیان بەراستی پشتیوانی تەواویان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەدەکرد بەڵکو هەندێک موظفین وکوادیری حزبەکان کە لەناو حکومەت بوون ئەوامری خۆیان لە مەکتەبی سیاسی حزبەکەی خۆیان وەردەگرت، هیوادارم ئەو رووداوە ببێتە دەرسێک، ئەزموونێک بۆ هەموو لایەکمان کە جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە، وبەرنامەیەکی رێک وپێک دابنێین بۆ حکومەت وئیش کردنەوەی حکومەت ودام ودەزگاکانی حکومەت کە ئیش وکاری خۆیان بکەن وهەردوو لایەنەکە وهەموو لایەنەکانی ناوەوە ودەرەوەی بەرەی کوردستانی پشتیوانی لەو هەڵ ومەرجە سیاسییە و پشتیوانی لە مؤسساتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن وحکومەتیش تەعدیلاتی تێدا بکرێت فراوان بکرێ و گورانکاری تێدا بکرێت لەسەر ئەساسی ئەوەی کە تەجروبە لەو وەزعەی کە روویدا وەربگرین وپێم وایە لێرەشدا دەبێ هەموو لایەکمان ئەوە بپێچینەوە تەنیا بۆ دەرس وتەجروبە ئیستیفادەی لێ بکەین، نەک بۆ کولانەوەی برینەکانمان کە ئەوە بەراستی زۆر زۆر ناخۆش بوو ئەو رووداوەی کە روویدا هیچ کەسێک شانازی پێوە ناکا وکەسیش تێدا سەرکەوتوو نەبووە وکەسیش تێدا سەرکەوتوو نابێ لەشەڕی ناوخۆ تەنها دوژمنەکانمان سوودی لێ وەردەگرن ومیللەتەکەمان

زەرەرمەند دەبێت، هەروەها ئێمە دەبێ زیاتر بایەخ بە چارەسەر کردنی وەزعی گوزەرانی خەڵکی بدەین وەزعی ئابووری وئەمنیان چاک بکەین. من لێرەدا بەڕاستی و بە صەراحەت دەمەوێ بڵێم ئەوەی کە لە لیوا تایبەتی ولەو هێزانەی کە هەردوو لاو هەردوو حزب سەرفی دەکەن با لەخزمەتی خەڵکی کوردستان سەرف بکرێ چارەسەری گوزەرانی خەڵکی پێ بکرێ. نەک لە پرچەک کردن و هەردووک خۆیانی پێ بەهێز بکەن کە بۆ جارێکی تر ئەو مەسەلانە رووبداتەوە وپێم وایە ئەگەر اهتمام بەخەڵکی نامەسؤول وخەڵکی لابەلا کە هەتا دوێنێ لەشوێنێک بوونە کە خەڵک نەفرەتیان لێ دەکا ئەورۆ بێنە ناو ریزی حزبەکانەوە دەوریان پێ بدرێت و ببنە هێزێک کە بیانەوێ ئەو ئەزموونە دیموکراتییە تێک بدەن، چەندی حکومەت وپەرلەمان بەهێز بێ وگرنگی پێ بدرێ بەڕای من هەردوو حزبەکە هەموو تەرەفەکانی بەرەی کوردستانی وبەرەی کوردستانی بەهێز دەبن، بەڵام دەبێ دڵنیابین لەوەی کە حکومەت وپەرلەمان نەما ئەو دوو حزبەش لاواز دەبن وهیچ کەسێک تەعاملمان لەگەڵ ناکا. بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعود ودکتۆر باسیان کرد، ئەو رۆژەی کە شەڕی ناوخۆ بوو یان ئەو دوو تەرەفە شەڕیان بوو بەراستی بەجێمان دێڵن وکاک مەسعوود خۆی ئاگادارە لەجەریانی رۆژانی شەڕەکان چەندین نامە تەلەفۆنات هاتووە کە لێرەدا ئەبێ ئەو شەڕە بووەستێ ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە بەراستی ئەگەر هاتوو یەک حزب یان لایەنێک بیەوێ خۆی فەرز بکات مومکینە هەر تەعامولیشی لەگەڵ نەکرێت لەبەر ئەوە ئێمە هەموومان پێکەوە بژین هەردوولا هەموو لایەکمان تەواوکەری یەکترین وباوەڕمان بە دیموکراتی هەبێت، باوەڕمان بەوە هەبێت کە دەبێ هەموومان خزمەتی میللەتەکەمان بکەین، بەڕاستی دەبێ ئەو قسانەی کە لێرەدا دەکرێن تەرجومەی عەمەلی بکرێت لەناو ریزەکانی هەردوو حزب ولەناو ریزەکانی هەموو حزبەکان ولەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نەک وەکو د.ئەحمەد باسی کرد یان لێرە قسەی باش بکرێت لەدەرەوەی توجیهاتی تر بدرێت، چونکە پێم وایە ئەوە لە ئەنجامی ئەوەیە کە ئیزدواجیەت لەقەرارات و توجیهات هەبووە، بۆیە ئەو رووداوانە روودەدەن دەنا ئەوەی لێرە باس دەکرێت لەناو توجهاتی حزبەکانیش هەر چی پێرەوی نەکرێت لەهەر لایەک بوو اجرائاتی لەگەڵ بکرێت، دەبێ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان وسەرخستنی ئەو ئەزموونە دیموکراتیە لەسەرووی هەموو شتەکانەوە بێ. منیش پێم وایە بەراستی بەشداری کردنی کاک مەسعوود ومام جەلال لە دەستەی سەرۆکایەتی ئەگەر فەعال تریش لەگەڵ حکومەت وپەرلەمانیش بکەن وزیاتر دەوری خۆیان ببینن وزیاتر ئیش وکارەکان لەناو حکومەت وپەرلەمان جێبەجێ بکرێن نەک لەدەرەوەی حکومەت وپەرلەمان، پێم وایە مام جەلال وکاک مەسعوود لەدەرەوە ئەوامر بدەن، ئەو دەورە ناگیرن، حەقە پاش ئەو ئەزموونە پاش ئەو دەرسە لێرەدا پەرلەمانی کوردستان حەقە هەرچی بڕیاری دا ئەوانیش(مام جەلال وکاک مەسعوود) جێبەجێی بکەن وگوزەرانی خەڵکی چاک بکەن. لێرەدا بە پێویستی دەزانم بەراستی سوپاسی دەوری(**INC**)بکەین بەراستی د.ئەحمەد وسیادەتی لیوا کە دەوری کاریگەریان هەبووە و ئەگەر ئەوان نەبوونایە بەراستی نەمان دەتوانی کە ئەو هەموو وەزعە

سیطرەیان لەسەر بکرێ ئەو هەموو خەڵکە کۆ ببوونەوە ئەو هەموو چەکدارە کەوتبووە بەرامبەر یەک وجارێکی تریش سوپاسی هەموو لایەک دەکرێت، سوپاسی ئەو برادەرانەش دەکەین ودکتۆر فوئاد هەموو ئەو وەفدانەی کە سەردانی کوردستانیان کردووە هیوادارم انشاء الله ئەو مەلەفە ببڕێتەوە وەکو دەرس ئیستیفادەی لێ بکەین وجارێکی تر ئەو رووداوانە روو نەدەنەوە وسەرکەوتن بۆ میللەتەکەمان وزۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک عەبدوڵلا، کاک د.رۆژ فەرموو ...

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆکی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی، برای بەڕێز کاک مەسعوود بارزانی، برای بەڕێز جەلال تالەبانی، بەڕێز لوا رکن حەسەن النقیب بەڕێز د.ئەحمەد چەلەبی میوانە بەڕێزەکان ئەندامە بەڕێزەکان بەرەی کوردستانی من چەند قسەیەکی کورتم هەیە نامەوێ باسی بۆچوونی دەرەوە بکەم نامەوێ باسی دەست پێ کردنی ئەو کارەساتە گەورەیە بکەم، چونکە موتەئەکیدم هەمووتان دەزانن ئەم کارەساتە چەند قووڵە چەند جەرگ برە ئەوەی ئەوەی ئەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە ئێمە تێکڕا هەموومانی لەو بارەیەوە گوناح بارین لەسەر کردایەتی حزبەکانەوە لەحکومەت لەپەرلەمانەوە لەکەوادری هەموو حزبەکانەوە هەر کەسە بەپێی مەسئولیەتی خۆی دەوری هەبووە لەو تاوانە گەورەیەی بەرامبەر میللەتەکەمان کراوە. تۆی ئەم تاوانە کە ئەمڕۆ ئاشەوانەی میللەتەکەمان ئەی چێژی وچارەسەری کردنی بەتەئکید ماوەیەکی زۆر دوورو درێژ ئەخایەنێ، تۆی ئەم کارەساتە لەکاروبارو لە بۆچوون ولەهەڵوێستی هەردوو حزمانە لە هەڵوێست وبۆچوونی هەموو لێپرسراومانە هەر وەکو باسم کرد کە هەر یەکە بەپێی مەسئولیەتی ئەرکێکی بەشێکی ئەم تاوانەی لەسەرشانە چ گەورە چ بچووک، ئێمە هەموومان باسی تاوان ئەکەین باسی تاوانێکی زۆر ئەکەین باسی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ دەکەین، باسی گوێ نەدانی خواست و ویستی میللەتەکەمان دەکەین، باسی تەقەکردن لەجەماوەر دەکەین، باسی برا کوژی دەکەین، بەڵام باسی تاوانباران ناکەین، هیوادارم، تاوانبارانمان بۆ مێژوو بەجێ نەهێشتبێ، هیوادارم تاوانباران دەستنیشان بکرێن، چونکە ئەمە خواستی میللەتەکەی ئێمەیە.

لە کۆتاییدا حەز دەکەم بڵێم وهەمووشتان ئەزانن کە میللەتەکەمان وئێمەش لێرە زۆر گوێیان لەقسە بوو زۆر زۆر قسەمان بۆ کراوە، زۆر زۆر وەعدمان پێ دراوە، زۆر ئەم کارەمان دیوە کار بە ئاراستەی چاک کردنەوەی وەزعی خولقاندنەوەی دیموکراتیەت لەکوردستان، خولقاندنی بارودۆخێک کە میللەتەکەمان لەژێر سایەی دا بتوانێ بگات بە مافەکانی خۆی ئەمە حەقی میللەتەکەمانە کە داوای ئەوەتان لێ بکات، داوای ئەوەمان لێ بکات واجبی سەرشانی ئێمەیە

بەو ئاراستەیە ئیش بکەین وحەقی میللەتەکەمان بپارێزین، حەقی خۆیان پێ بدەین، هەر ئەوەندە بوو قسەکانی من ببورن کەتۆزێ رەق بن لە کۆتایی زۆر سوپاسی میوانە بەرێزەکان دەکەم زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لێرەشدا کۆتایی بەم دانیشتنە دێنین و دەچینە ژووری حەسانەوەی ئەندامان و لەوێ دا جێگا چاک کراوە، ئەندامانی پەرلەمان با بفەرموون بۆ ئەوێ کە لەوانەیە هەندێ پرسیاریان هەبێ و ئاراستەی بەرێزان جەنابی کاک مەسعود بارزانی ومام جەلالی بکەن. زۆر سوپاس کۆبوونەوەی ئایندەشمان رۆژی شەممە سەعات(١٠)ی سەر لەبەیانی ئەبێت، سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)

## شەممە ریکەوتی ٢/٧/١٩٩٤

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٢)

## شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٤/٧/٢

*كاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٤/٧/٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژماره (١٢)ی خولی ئاسایی یەكەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.*

*سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.*

***بەرنامەی كار:***

*١- پێك هێنانی لیژنەیەكی پەرلەمانی بۆ لێكۆڵینەوە لە مەسەلەی داگیركردنی پەرلەمان لەشەوی ١٩٩٤/٥/٤/٣دا.*

*٢- پرۆژەی بڕیاری لێ گێڕانەوەی ڕەسم لە موعامەلاتی تەئیدی مولكیەتی زەوی وزارو خانوو بەرە(عقارات) كە تۆمارەكانیان بزربووە یان لەناو چووە.*

*٣- پرۆژەی یاسای لێبووردنی گشتی.*

*٤- پرۆژەی یاسای لێبووردنی تایبەت.*

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان كۆبوونەوەكەمان بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ دەكات، ببوورن تۆزێ دواكەوتین، چونكە دانیشتنێكی تایبەتمان هەبوو لەگەڵ سەرۆكایەتی هەردوو فراكسیۆن بۆ ئەوەی بەرنامەیەك دابنێین بۆ ئەم مانگە كە خستمانە سەر خولی یەكەم، كەچیمان پێ دەكرێ بەئێوەی بەڕێز ڕابگەیەنین، بەرنامەی كاری ئەمڕۆ ئەگەر تەماشا بكەن خاڵی یەكەم بڕیار درا كە لیژنەیەكی لێكۆڵینەوە لەئەندامانی پەرلەمان دەست نیشان بكرێ بۆ ئەو بارەی كە لە (٥/٣) هەتاكو (٦/٣٠) بەبێ هۆ وپاكانە بەسەر پەرلەمانی كوردستاندا هێنرا، ئەو لیژنە پەرلەمانییە، پاشان هەردوو فراكسیۆن، ناوەكانمان پێ بدەن بۆ ئەوەی دەست بەكاربن ولەو بارە بكۆڵنەوە.

خاڵی دووەم بڕیار درا دیسان لیژنەیەك دروست بكرێ لەئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی شتێ ئامادە بكات لەسەر ئەو ڕووداوە دەڵتەزێنانەی كە لەسەرەتای مانگی (٥)ەوە هەتا مانگی (٦) لەكوردستانا ڕوویان دا، لیژنەكە بۆ ئەوەیە كە چوارچێوەیەكمان بۆ دەست نیشان بكەن هەتا

هۆكـارەكـارنى رووداوەكـان بزانين و. بۆ ئەوەى سەرەتايەكـمـان لەپەرلەمـاندا بۆ ليّكۆلّينەوە ببىّ وبيكەين بە وەرەقەيەك وگفتـوگۆى لەسـەر بكرىّ، بەئومـيّدى ئەوەى كـە پەندى لىّ وەربگيـريّت، بابزانين ئەو ليژنەيە چ رادەسپيّرىّ ومناقەشەى ئەندامانى پەرلەمان لەسەر ئەوە دەبيّت، ئەوكاتە بەتەئكيد وەكو پەرلەمان بريارێكى لەسەر ئەدەين، هيواداريـن ئەويش ناوەكانمان زوو بگاتە دەست، بۆ ئەوەى ئەوان بەزووترين كات دەست بەكار بن، بەلّكو شتێكمان بۆ تەرتيب بكەن.
چەند خالّێكى تريش كە ماون، ئەوەى كە لە (٣/٥)دا چەند برياريّك وچەند ياسايەكمان مابوون كە تەواومان نەكردبوون، بەشێكى ئەوە ئێستا لەبەرنامەى ئەمڕۆدايە ئەويش:

١- گێڕانەوەى رەسم لەو معامەلاتانەى كە تەئيدى مولّكيەتى زەوى وزار وخانوو بەرەو عەقاراتە كە تۆمارەكانيان بزربوون يان لەناوچوون كە ئەمرۆ دەستى پێ دەكەين وباسى دەكەين.
٢- پرۆژەيەكمان هەبوو بەناوى پرۆژەى ليّبوردنى گشتى.
٣- هەروەها پرۆژەيەكى ترمـان هەيە بەناوى ياسـاى ليّبـوردنى تايبـەتى، ئەمـانە هەمـوويـان لە بەرنامـەى (٣)ى مـانگى (٥) دا بـوون ونەمـان توانـى تەواويان بكـەين، ئەم سێ چوار خـالّە هيـواداريـن بتوانين لەم خولەدا پێش ئەوەى تەواو بێت ئەنجامى بدەين، ئەگەر تازە بابەت و، شتى ديكە هەيە لە هەردوو فراكسيۆنەوە، با پێشكەشى بكەن.

**بەرێز نەژاد ئەحمەد عەزيزئاغـا/ جێگرى سەرۆك:**

**بـەرێـز سـەرۆكـى ئـەنجـومـەن.**

ئێمە پاش ئەوەى كە بەرنامەمان دانا كە لە خالّى (٤.٣.٢) پێك هاتبوو، لەكۆبوونەوەى دەستەى سەرۆكايەتى ولەگەلّ سەرۆكايەتى هەردوو فراكسيۆن دا رێككەوتين كە كێشەى پەرلەمـان باس بكرێت، رێك نەكەوتين لەسـەر ئەوەى ئەو دەربڕينەى كە هاتووە ودەلّىّ: داگيـر كردنى پەرلـەمـان، ئەو صيغەيە لەسەرى رێك نەكەوتين، بەدەست خەت دانراوە ولەسەر وشەكە ئيعـتيـرازمـان هەيە، چونكى تەوقيعەكەى منى بەسەرەوەيە، جا تكام وايە بۆ تەثبيت كردنى گيانى تەبايى وهاوكارى وشەى داگير كردن پێم وايە هەردوو فراكسيۆن لەسەرى رێك ناكەون، رێككەوتنەكەيان لەسەر ئەوەيە كێشەى پەرلەمان لە (٥.٤.٣) باس بكرێت، سوپاس.

**بـەرێـز سـەرۆكـى ئـەنجـومـەن:**

جا جێگەى باس نييە كاك نەژاد، من خۆم بەسەريدا رۆيشتم وپێويست ناكات دووبارەى كەينەوە.

**بەرێز د.كـەمـال عـەبدولكەريم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بـەرێـز سـەرۆكـى ئـەنجـومـەن.**

وابزانم مەسەلەكە زۆر ئاسانە، چونكە ئێمە لەوىّ باسمان كردووە وبريارمان لەسەر داوە تەنيا ئەوە بگۆڕێت، پێك هێنانى ليژنەيەكى تايبەت بۆ ليّكۆلّينەوە لەكێشەى پەرلەمـان ئەو وشەى داگير كردنى پەرلەمانە بەو شێوەيە بگۆڕێت، ئيتر مەسەلەكە دەبڕێتەوە لەگەلّ سوپاسم دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ، تازە بابەت هەیە؟

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تازە بابەتم نییە، بەڵام هەبوو لەسەر قسەکانی دوێنێ، هی هەردوو بەڕێزان وهی جەنابت وهی کاک نەژاد و کاک کۆسرەت وکاک د.ڕۆژ، بەڵام وەختێ قسەکان دەکەم کە ڕاگەیاندنەکان هەموو لێرەبن، بۆیە ئەمڕۆ قسەکان ناکەم، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەو خاڵەی کە باس کرا، من کە بەرنامەکەم خوێندەوە، بازم دا لەسەر ئەم وشەیە، هەر ئەوە دەچەسپێ کە من لێرە گوتم بۆ کێشەی باری پەرلەمان، واتا ئەوەی کە لێرە تۆمار ئەبێت، ئەو جێگیر دەبێت. لیژنەی لێکۆڵینەوەی پەرلەمان ئەو کاتە خۆی بریار دەدات ناوی ئەنێ چی؟ ئێمە لە مەحزەرەکە ئەوەی کە لێرە دەگوترێ ئەوە تەثبیت دەکەین.

ئەگەر تازە بابەت تەواو بوو، دێینەوە سەر بەرنامەی خۆمان، یەکەم خاڵی بەرنامەش ئەوەیە کە لیژنەیەک دروست بێت بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کێشەیەی پەرلەمان کە لەشەوی (٣/٤)ی مانگی(٥)تاکو (٢٩ و ٣٠)ی مانگی(٦)ڕوویدا، جا هیوادارین ئەوە بریارێکی لەسەر بدرێ و پاشان ناوەکانمان پێ بدرێت. ئەوانەی کە لەسەر ئەو خاڵە دەیانەوێت قسە بکەن، کاک د.کەمال، مەلا بەختیار، کاک جەعفەرو کاک شەوکەت، واتا چوار کەس، ئینجا بادەست پێ بکەین.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بۆیە لە کۆبوونەوەی خۆمان دا هی سەرۆکایەتی پەرلەمان وهەروەها هی سەرۆکایەتی، هەروەها هی هەردوو فراکسیۆنەکان ئەوەمان بەلاوە پەسەند بوو، کە کۆمیتەیەک دروست ببێ بۆ لێکۆڵینەوە لەو مەسەلانە و، پاشان ڕاپۆرتێک پێشکەش بە پەرلەمان بکات، چونکە بە هەردوو فراکسیۆنەکەو بە لیستی مۆرەوە بە پەرۆشن بۆ ئەوەی بە دوور ودرێژی وبەتێروتەسەلی باسی ئەو ڕووداوانە بکەن کەوا لە (٣/٥) تاکو ئەم ڕۆژانەی دوایی بەردەوام بووە، هەروەها ئەو ڕووداوانەی ناو پەرلەمان هەتاکو کەوتنەوە کاری پەرلەمان، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی باش ورێک وپێک لەو مەسەلانە بکۆڵینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر مەسەلەی دروست بوونی لیژنە هەندێ تێبینیم هەیە، **لەگاتی دروست بوونی ئەم** پەرلەمانەوە تاکو ئێستا زۆر لیژنەمان دروست **کردووە، بەڵام بەداخەوە ئەو لیژنانە هەر چەندە** خۆیان هیلاک کردووە، کە چی هیچ ئەنجامێکیان **نەبووە، من قەناعەتم هەیە ئەم جارە**

لیکۆڵینەوەکەیان گەورەترە لەو جارانەی کە بووە و، بەچەند کەسێک چارەسەری ئەم موشکیلەیە ناکرێت و، کاتێکیش بێ کە بەناوی پەرلەمانەوە بێت لەوانەیە زۆر شت داپۆشێ، لەبەر ئەوە ئەگەر بڕیاری دروست بوونی لیژنە درا من پێشنیار دەکەم ئەو کەسانەی کە دادەنرێن، بێن لەبەر دەمی پەرلەمان وبەرامبەر بە میللەتی کورد سوێند بخۆن کە واز لە حزبایەتی تەسک دێنن لەکاتی کارکردنیان لەو لیژنانەدا وراستی وحەقیقەت چۆن دەبینین، وەها باسی بکەن و، وەها بیگێڕنەوە بەبێ هیچ داپۆشین وشاردنەوەیەکی لایەنەکەی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە لەناو ئیشی ئەو لیژنەیە دایە، وەکو وتمان دوو لیژنەیە، لیژنەیەکی بۆ لێکۆڵینەوە، لەسەر ئەو بارەی کە بەسەر پەرلەماندا داهات، دووەم: لیژنەیەکە بۆ دانانی چوارچێوەیەک بۆ چۆنیەتی گفتوگۆ کردنی ڕووداوەکانی پاش(١)ی مانگی(٥)هەتاکو(٦/٣٠) بۆ ئەوەی ئەندامەکانی پەرلەمان بە هەردوو فراکسیۆنەوە و بە لیستی مۆریشەوە، زانیاری تەواویان هەبێت کە کاتێک دێنە ناو پەرلەمان ودانیشتن رادەگەینرێت بۆ وتوویژ کردن لەسەر ئەو بارە.

**بەڕێز حیکمەت محەمەد کەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابتان دەڵێن کە داڕشتنەی پێک هێنانی ئەو لیژنەیە بەجۆرێکی تر بڕیاری لەسەر دراوە کە چی دەبینین بە جۆرێکی تر نووسراوە، پرسیار ئەوەیە کێ بێت ئەو کەسەی خۆی لەئێوە بەدەسەڵاتتر زانیوە تا داڕشتنەکەی بگۆڕێت؟ ئەوە یەک، دووەم: ئەگەر بکرێت من پێشنیار دەکەم ئەو لیژنەیە ئێستا پێک بێ لەخەڵکانی دوور لەفراکسیۆنی زەرد وسەوز، خەڵکی بێ لایەنی تر بن، بۆ ئەوەی کە بابەتی بێ لەکاتی لێکۆڵینەوە لەمەسەلەکە، سێیەم: من نازانم بۆ ئیستثنای کێشەیەکی پەرلەمان کراوە، بابکرێت بەبڕگەیەک لەبەرنامەی ئەمڕۆ، لە کاتێک دا کە لەکوردستان لەکاتی شەڕی ناوخۆ کێشەی زۆر چارە نووسی خەتەر تر هاتۆتە پێشەوە، پەرلەمان پەرلەمانی ئەم بینایەیە؟ یان پەرلەمانی کوردو مەسەلە دیموکراتییەکان ویاسا وچارەنووسی کوردستانە؟! پێم وا بێ هەق وا بوو وەکو حەقە قسە لە کێشەی پەرلەمان بکرێت، حەق وابوو هەر لەم دانیشتنەدا ولەم بەرنامەدا قسە لەسەر سەرجەم کێشەکان بکرێت بەتایبەتی لەسەر کێشەی ئەساسیەکان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە بەختیار ببورە، لەڕاستیدا بەرنامەکە گۆڕاوە، تەنیا ئەو دوو لیژنەیە بڕیارمان لەسەر داوە، منیش لە قسەکردنا گوتم دوو لیژنەیە، کاک د.کەمال تەئکیدی لەسەر کرد کە دوو لیژنە دروست بووە، ئەوی تر نەنووسراوە، دیارە لەبیرچووە، چونکە بەپەلە بوون و ویستیان دابەشی بکەن و، کەسیش لە دەستەی سەرۆکایەتی وپەرلەمان بەدەسەڵاتتر نییە، ئەوە لەوانەیە لەکاتی خۆیدا کاری پێ کرابێ، بەڵام ئێستا بەم شێوەیە (داگیر) کردنە.

**بەڕێز شەوكەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەر لیژنەكە هیچ تێبینیم نییە، چونكە چۆن دروست دەكرێت وكەی دەست بەكار دەبێت ولەكێ پێك دێت؟ بەڵام لەسەر ئەو داڕشتنەی ئەو نووسینە كەكاك بەختیاریش ئاماژەی بۆ كرد، بەراستی حەقە ئەو وەرەقەیە بكێشرێتەوە، چونكە من دڵنیام كە لێرە بەكار دەهێنرێت بۆ دەزگاكانی راگەیاندن وحەقە ئەو وشەیە بە بڕیارێك بكێشرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاكە من دیسان دووپاتی دەكەمەوە ئەوە لەمەحزەر دەچەسپێت كە ئێستا دەیڵێین و دەیكەین بە بڕیار، ئەوە هەڵەی ڕێنووسە، ئەوە نابێت بەبابەتێك وتەواو، ئەوە دەچەسپێ لەمەحزەر دا كە ئێستا لەسەری پێكدێین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەكۆبوونەوەی دەستەی سەرۆكایەتی وسەرۆكایەتی هەردوو فراكسیۆنیش دا لەگەڵ ئەوەدا نەبووم چوارچێوەیەك دابنرێت بۆ گفتوگۆ، من لەگەڵ ئەوەم ئەندامانی پەرلەمان ئازاد بن لە (ئەلفەوە) تا (یاء) لە سنوورەوە تا قووڵایی كوردستان، لەهەمووی زۆر بەدوور ودرێژی و هەرچی هەبێ باسی بكەین، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدا نیم ئەو چوارچێوەیە دابنرێت، لەكۆبوونەوەش دا باسم كرد لەگەڵ چوارچێوە دانان نیم ولەگەڵ ئەوەم هەموو كێشەكان بەراشكاوی بۆ میللەت باس بكرێت و، میللەت حوكمەكە بدات، سوپاس

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر باشە كاك فرەنسۆ، ئێوە نوێنەرایەتی فراكسیۆنێك دەكەن، لەو بابەتەدا، ئەو لیژنەیە كە دروست دەبێت ئەو پێشنیارە بكەن وبڵێن، چوارچێوەكەی بەو شێوەیە بێت كە گفتوگۆی ئەو كێشەیە بكرێت لە ئەلفەوە تاكو (یاء) ئەوە گرفتێك نییە، ئێمە دەمانەوێت تەنها ئەو لیژنەیە دابنیشن ولەنێوان خۆیاندا شتێكمان پێ بدەن، بۆ ئەوەی ئێمەش بە ئەندامانی پەرلەمانی رابگەێنین.

**بەڕێز د.كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بێگومان هیچ یەكێك لەئێمە كە لەوێ دانیشتبووین باسی ئەوەمان نەكردووە كە چوارچێوەیەك دابنرێت بۆ باسەكان، بەس تەنیا وتمان پێویستە وەرەقەیەك لەبەر دەست دا بێت بۆ ئەوەی ببێت بەرابەرمان بۆ باس كردن وبۆ لێكۆڵینەوە، هەر وەختێ ئەو راپۆرتە ئامادە كرا ئەندامانی پەرلەمان هەموو ئازادن لەوەی كەوا چۆن لێی دەكۆڵنەوە وچ باس دەكەن ولەسەر چی بڕیار دەدەن، سوپاس

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن:**

هەموو شتێک، تەنانەت ئەگەر بۆ موحازەرەیەکیش بێت، ئەگەر بۆ کۆکردنەوەیەکی ئاساییش بێت، بەرنامەیەک دادەنرێت، دەبێ ئێمەش لەسەر بەرنامە بڕۆین ئینجا ئەوکاتە بە بۆچوونی من ئەندامی پەرلەمان ئازادە لەکوێوە دەستی پێ دەکات، ولەکوێوە دێتەوە.

**بەڕێـز فـــــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن.**

تائێستا وا باوبووە وبەرنامەی کۆبوونەوە، کاری دەستەی سەرۆکایەتییە، من نازانم ئێستا بۆ فراکسیۆنەکان بەرنامە دابنێین؟ سوپاس

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیزئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن.**

کاک فرەنسۆ، لەبیرت بێت لەکۆبوونەوەکە باسمان کرد ئێمە لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی هەردوو فراکسیۆن دا دانیشتین و وتمان ئەم خاڵانە باس دەکرێن، بەڵام بۆ ئەوەی کە چوارچێوەیەک دابنرێت تەنیا چوارچێوەیەک وبا هەردوو فراکسیۆنەکە دایبنێن، کە بەراستی ئێوە پەرلەمانن لە ناوخۆتان دا لیژنەیەک دائەنێن وخۆتان بریار دەدەن ئەو چوارچێوەیەک بۆ ئەوە دابنێین وئەو وەختە عەرزی ئێمەی کەن تاکو بیخەینە بەرنامەوە، کە ئەوەش ئەرکی ئێمەیە بیخەینە ناو بەرنامەوە، سوپاس

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن:**

من هیچ کێشەیەک لەوەدا نابینم، ئەمە ڕێگە لەئەندامانی پەرلەمان ناگرێ کە قسە نەکەن و، هەموو شت باس نەکەن، واتا دەمەوێ پێشەکی بزانن کە ئێوە ئازادن لە قسە کردنا بەپێی یاسا ئێوە ئازادن هەر بابەتێک بێت ئێوە دەتوانن باسی بکەن، ئێمە دەمانەوێت بەرنامەیەک بۆ ئەو دانیشتنە هەبێت، چۆن حەز دەکەن با ئاوا بکرێت، ئەمە شتێکی ئەوەندە زەحمەت نییە ومن وای دەبینم کە ئەگەر مرۆڤ وابکات، واتا ئەگەر لەسەر بەرنامەیەک قسە بکات ئەوە دەگاتە ئەنجامی باش، ئەمە ناوەڕۆکی مەسەلەی لێدوانە لەڕووداوەکە، کاک حازم فەرموو.

**بەڕێز حـــازم ئـەحــــــەد مــحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن.**

من دەگەڕێمەوە سەر برگەی یەکەم، ئەوەی کە پێک هاتبێ لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەمەسەلەی پەرلەمان، بەرای من ڕاستە جەنابت فەرمووت کە ئەوە لەمەحزەرەکە تەثبیت دەبێت و، ئەوە بەبۆچوونی ئێمە وەکو پەرلەمان، وەکو دەستەی سەرۆکایەتی وەکو ئەندامانی پەرلەمان بەو بەرنامەیەی کار ڕازی نین، لەسەر ئەم شێوەیە بە بۆچوونی من دەبێت ئەو وەرەقەیە بکێشرێتەوە، چونکە ئەو وەرەقەیە بڵاو بووەوە و لەهەموو شوێنێکیش بڵاو دەبێتەوە، رەنگە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنیش ئێستا بخوێنرێتەوە، ئەمڕۆ لەتەلەفزیۆن ولەرۆژنامە سبەی بڵاو دەبێتەوە ودەڵێ بەرنامەی کاری پەرلەمان هی دانیشتنی ئەوەندە ئەمە بوو، بەرای من دەبێ ئێستا ئەو وەرەقەیە

بکێشرێتەوە، وەیا لێرە بڕیار بدرێت بە هەموو نوسخەکان تەئشیر بکرێت وبلێ کێشەی پەرلەمان، یان بزانن چۆن ڕێک دەکەون لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەندێ مەسەلە کە مرۆڤ بەسەری دا ڕەت دەبێ، ناچارە باسی بکات، وەکو سەرۆکایەتی ئێمە بەرنامەمان خوێندەوە، هەڵەی ڕێنووسی هەبوو یان نەبوو، وتمان ئەوە کرا، حەز ئەکەی دەرگا ئەکەینەوە، لەسەر وشەی (داگیر کردن) من ئەڵێم پەرلەمان داگیر کراوە. بۆ ئەوەندە بابەت ئاڵۆز دەکەن؟! ئێمە وەکو پەرلەمان یاسامان هەیە، مەحازر هەیە، لەڕاستیدا پێویست ناکات، ئەوا(٣) جارە ئەو بابەتە ئەخرێتەڕوو و وەڵاممان دانەوە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ببوورە کاک جەوهەر، من وابزانم زیاتر لەخەڵکی تر هەقم هەیە قسە بکەم، چونکە تەوقیعی منی بەسەرەوەیە وتەوقیعەکەی من کراوە لەوەختێک دا کراوە کە ئەو بڕگەیەی تێدا نەبووە، ئەو بڕگەیە بەو چەشنە لە دەستەی سەرۆکایەتی وسەرۆکایەتی هەردوو فراکسیۆنەکاندا باس نەکراوە وئێستا چونکە تەوقیعی منی پێوەیە بەرادەی سەرەکی من داوا دەکەم کە ئەو وشەیە لاببرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەر چۆنێ بێت من وتم: من لەلای خۆمەوە وهەر یەک لەئەندامانیش لەلای خۆیانەوە با بیکوژێننەوە، ولەجێی (داگیر کردن) وئەنووسرێ (کێشەی پەرلەمان)، جا کەیفی خۆتانە، حەز دەکەن با بەو شێوەیە بێت، بەڵام من سوورم لەسەر ئەوەی کە ئەیڵێم، با تەثبیت بێت لەبەڵگەنامەکاندا، ئینجا ئەگەر هەڵەی ڕینووسی بوو یان نەبوو.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەسەلە لێرەدا یەکەم ئەوەیە کە ئەڵێین لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە، مانای ئەوەیە دەبێ ئەو لیژنەیە ئەو وەختە بڕیار بدات یان ڕابسپێرێ وبلێ لەڕاستیدا ئەوە بووە یان نەبووە، ئێمە ئێستاکە مەسەلەکە لەبەر دەممان دایە، کە ئێمە وتمان قەزییە، لیژنەی بۆ دروست دەبێ، چونکە شتێکی چەسپاو نییە، ئێمە کە ئەڵێین مەسەلەن داگیر کردنە، با باس لەداگیر کردن بکەین ئایا چ بڕیارێک لەسەر ئەو مەسەلەیە ئەدەین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک حازم من دیسان تەئکید دەکەمەوە، وەکو دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن، کە بڕگە ئەخوێنینەوە ئەزانین چی ئەڵێین؟ گوایا ئەندامانی پەرلەمان کە گوێیان لێ بوو ئایا ئەوە لەمەحزەر تەثبیت دەبێت؟!. ئەوە وا هاتووە وەکو ئەمن نووسیومە و وتوومانە بیکوژێننەوە، کەچی ئێوە هەر گفتوگۆی دەکەن، منیش بەش بەحاڵی خۆم ئیمزام کردووەو، مادەم وایە وئەگەر حەز دەکەی ئەوە

گفتوگۆی ئەو بابەتە دەکەین، یان ئێستاکە دانیشتنەکە دوا بخەین؟ یان جارێ با مناقەشەی وشەی (داگیر کردن) بکەین، ئەگەر دەتانەوێت ئەوە بچەسپێنین، ئەوە بەجێی دێڵم بۆ ئەندامانی پەرلەمان با رای خۆیان بڵێن.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێ سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوە رابگەیەنێ کە ئێمە لەوێ بریارمان لەسەر دا، ئەوەش مەسەلەکە زۆر ئاسانە، جارێکی تر ئەو خاڵە بەو شێوەیە بخوێنرێتەوە: (پێک هێنانی لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ لێکۆڵینەوە لەکێشەی پەرلەمان لەشەوی ئەوەندە وئەوەش ئەوەبوو کە لەوێ بریارمان لەسەر داوە). ئەگەر ئێوە بەکورتی ئەوە رابگەیەنن کەهەموو کەسێک ئەو وەرەقەی کە لەبەردەمیەتی راستی بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.کەمال من(٣) جارم خوێندەوە، لەراستیدا (٣) جار خوێنرایەوە، ئەڵێم ئەو مادەیە بەو شێوەیەیە وئەوان ئەڵێن نەتۆمار بووە لە مەحزەر ولەڤیدیۆش، تۆمار کراوە، ئەگەر بابەتەکە موناقەشە کردنی ئەو بابەتەیە، فەرموو با قسەی لەسەر بکەین.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئینجا بەو شێوەیە داوا بکەن کەوا هەر کەسە ئەو مەسەلەیە بەو شێوەیە راست بکاتەوە، ئیتر مەسەلەکە کۆتایی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە دکتۆر وامان گوت، واتە: من کەخۆم خوێندمەوە، برگەیەکەم بەو جۆرە خوێندەوە، دوای دوو تەئکید، سێ تەئکید کەچی هەر لەسەری دەڕۆن، دیارە برادەران حەزدەکەن ئەو بابەتە باس بکرێت.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی دا ئەو وشەیەمان کوژاندەوە، وابزانم کاک جەوهەریش، کوژاندیەوەو، بووە لێکۆڵینەوە لەکێشەی پەرلەمان، سوپاس

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە گیرۆدەی ئاشووبێ بووین، نزیکەی (٢) مانگ تەڕو وشکی پێکەوە سووتاند، هاوارێکی زۆر کرا کۆبینەوە بۆ چارەسەری، وابزانم وشەیەک کە وترا بێت، وشەکە راستیش کرایەوە، ئەگەر چەند وچۆن لەسەر ئەوە بکەین چۆن ئەگەینە ئەوەی ببینە بارانی تەواو ئەو ئاگری ئاشووبە

بکوژێنینەوە، ئەمە لەجێگەی ئەو قەومانە نەتەوەیەکی گەورە چاوەڕوانی ئێمەیە، ئێمە دوو لیژنەمان هەیە، با کارەکانیان تێکەڵی یەک نەبن، لیژنەیەکیان بۆ ئەوەیە ئەو ڕووداوە تاڵەی کە تووشی نەتەوەکەمان هاتووە، د.کەمال فوئاد پێشتر فەرمووی لە لێوارا گیرسایەوە دەنا هەمووی ئەڕۆیشت، ئێستاش ئێمە گەیشتینە ئەوە کە بەدوای چارەسەرێکی بنبڕ کەر دابگەڕێین، ئێمە هەموو جارێ لەخەڵکی دەپرسین و لەوڵاتان دەپرسین ولەوانەی کە وەکو چەکوشێک دانراون بۆ پاراستنی ئێمە ئایا زامنکەرن جارێکی تر ئێمە تووشی دەردو بەڵا نابین و ڕەوناکەین وماڵ وێرانی خاکە ساری نابینینەوە؟ یەک حەقیقەتی سەر سەخت کە لەناو خۆمانایە ئایا ڕەوایە ئێمە داوای چەکوشێ بکەین بۆ سەر تەپڵی سەری خۆمان، نەک بۆ سەری بێگانە؟ چونکە چوار دەورمان بەرەڵڵا بوو، هیچ بێگانەیەک ساچمە زەنیشی پێوە نەناین، تا ئێمە تاپرێکی پێوە بنێین، لەبەر ئەوە ئەو لیژنەیە کاری ئەوەیە ئەم کێشەیە بنبڕ بکات وئێمە بۆ ئەوە کۆبووینەتەوە لەسەر ئەم بڕیارەی کە بەشێوەیەکی کۆنکریتی زامن بکرێت وبەچاکی چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێ بەجۆرێک دڵنیایی بەو میللەتە برسییە شەکەتە بدات، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی منیش پشتگیری کاک ئەحمەد سالار دەکەم، چونکە ڕاست دەکات، دەمامک زۆر زۆر داماڵان وکەوتن، بەڵام بەنسبەت تەئکید کردنی بەڕێزتان لەسەر مەسەلەی ئەوەی کە ڕاستە لەسەرەتاشەوە کە خوێنرایەوە لەلایەن جەنابتانەوە بەرنامەی کار بەو شێوەیە نەخوێنرایەوە کە لێرەدا نووسرابوو، ئەوەی ئیتفاق وابوو، وا نەبوو بەڵام کەلێرە هات بەو شێوەیە نووسرا مەسەلە لێرەدا گرنگەیەکەی لەوەدایە کە تەئکیدی لەسەر دەکرێ، بەرای من ئەوەیە لەوەسائلی راگەیاندن، چونکە وەسائلی راگەیاندن هەر جارەی مەعموول ئەوەیە، بەرنامەی کاری پەرلەمان لەسەر ئەو ئەساسە دادەنرێ کە لەو بەرنامەدا داهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە وەخت نەماوە. ئیحتماله جەنابتان وکاک کەمال وبرادەران کارتان هەبێ، من پێشنیار دەکەم ئەم دانیشتنە دوا بخرێت، بەڵام ڕاییبگەیەنن بەهۆی دەزگاکانی راگەیاندن، هەموو ئامادەین لێرە ئەو گفتوگۆیانە زۆر بە (صراحەت) وزۆر بەراشکاوی بکرێت، من پێم وایە دەستەی سەرۆکایەتی نابێت سنوور بۆ گفتوگۆکە دابنێت ولەسەر هەموو خاڵێک ولەسەر هەموو شتێک زۆر بەوردی وبەقووڵی گفتوگۆی لەسەر بکەین وبەچاک بڵێین چاک و بەخراپ بڵێین خراپ ولەسەر کێشەی پەرلەمان داگیر کراوە یان نەکراوە ئەوە خۆتان دەزانن چۆن ئیتفاق کراوە، حەق بوو وادروست بێت، بەڵام هەرچی بێت ئەگەر گفتوکۆ لەسەر داگیر کردن ولەسەر داگیر نەکردن بکرێت

من داوا دەکەم کە هەموو تەلەفزیۆنەکان ئامادە بن بۆ ئەوەی خەڵکەکە گوێی لێ بێت، چونکە ئێستا لێرە ئامادە نین، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیزئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر کاک جەوهەر یارمەتیم بدات، وابزانم دەستەی سەرۆکایەتی هیچ لەخەیاڵی دا نەبووە کە سنوور دابنێین، تەنها ئەو ئیتفاقە کراوە کە هەردوو فراکسیۆن لەناو خۆتان دا کە تەمسیلی پەرلەمان دەکەن، ئێوە خۆتان چوارچێوەیەک بۆ ئەوە دابنێین بۆ ئەوەی وەکو کاک جەوهەر فەرمووی لەکۆبوونەوەکە(١٠٥) ئەندامی پەرلەمانن، کێشەکە زۆر زۆرە، ئەگەر هەر یەکی(٥) دەقیقە قسە بکات(٥) جاران(١٠٥) دەکاتە (٥٢٥)دەقە ودابەشی(٦٠) بکرێت دەکاتە(٨) سەعات، ئینجا تەنها ئەوەبوو شتە گرنگەکان خۆتان دەست نیشانیان بکەن بەو ڕێگایەی کە دەتانەوێت باسیان بکەن، من خۆم لەگەڵ ئەوەدانیم ئەم مەسەلەیە دوابخرێت، چونکە(٣) یاسامان هەیە، برادەران هاتوون بۆ ئەوەی لە دانیشتنی پەرلەمان دا ئامادە بن، بۆیە بەپێویستی نازانم دانیشتنەکە دوا بخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ خاڵی یەکەم پێک هێنانی لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ لێکۆڵینەوە لەکێشەی ڕووداوەکانی پەرلەمان لەشەوی(٣/٤)ی مانگی مایس بەم لاوە، ئەمە وەکو بڕگەی یەکەم تەثبیت دەبێ لەبەرنامەی ئێمە و، ئێمەش دەیدەین بە ڕاگەیاندن، عادەتەن دەبێ، بیخەینە دەنگدانەوە وبڕیار بدەین لەسەر لیژنەکە، کێ لەگەڵ ئەوەیە لیژنەیەکی وەها دروست بێت کە باسمان کرد بۆ ئەم بابەتەی خاڵی یەکەم؟.. سوپاستان دەکەم. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ بڕیار درا کە لیژنەیەک دروست بکرێت بۆ ئەم کێشەیە، هیوادارم ناوەکانمان زوو پێ بدەن، بۆ ئەوەی هەر ئەمڕۆ، یان سبەی دەست بەکاری خۆیان بکەن، بۆ لیژنیە دووەمیش، ئەوە خۆتان بڕیاری لەسەر بدەن، واش باوە کە هەر لایەی(٣)ئەندامی تێدا بێت، لیستەی مۆریش با ئەندامێکیان تێدا هەبێت، دوو پێشنیارێکیش هەیە، کە هەر لایەک(٢) ئەندام لەگەڵ لیستی مۆر (١) ئەندام دابنێت، کامی هەڵدەبژێرن لاری نییە، (٧) حەوتەکە باشترە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو لیژنەیە لە (٧) ئەندام دروست بێت؟ سوپاستان دەکەم، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ ئەو لیژنەیە دروست بوو، ئەم خاڵەش تەواو. دێینەوە سەرخاڵی (٣) لیژنەی یاسا ئەگەر بێت بابەتی ڕەسمی معامەلات کەبەڵگەنامەکانی بزر بووە باس بکات، جا ئەگەر کەرەم کەنە ئێرە بۆئەوەی دەستی پێ بکەین.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بڕیارەی لەدەستمانە دوای ڕاپەڕینەکەی گەلی کورد. هەموو ئەوراق وتۆمارەکانی فەرمانگەی تۆماری خانووبەرە هەمووی سووتاون، ئەوجا بۆ نوێ کردنەوەی ئەو تۆمارانە تەبیعی بەپێی یاسای، ڕەسم لە ١٠٪) یان لێ وەردەگرن، لە (١٪) یش ئێستا لەوانەیە خەڵکەک هیچ دەستی

لەو كـارەدا نـەبووە وخـانووی هەیە وبـەنیـو ملیـۆن دیناره، ئیـتـر فـەقیـره هیـچی كـەی نیـیـە وئەو خـانووەی هەیە وهیـچ گـوناهێـكی نییـە كـە ئەوراقی سـووتاوە، بۆیە وەزارەتی داد وئەنجـوومـەنی وەزیران وایپێـشنیـاریان كـردووە ئەو لە (١٪) كـەببێ بە لەهەزارا (١) واتە پارەیەكی رەمـزی لێ وەربگیرێت وئەو پرۆژەكەش لەلایەن لیژنەی یاساوە دارێژراوە، سوپاس.

**بەڕێـز ئـەیـاد حـــاجی نـامـق مـــەجـــیـــد:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

قرار

أستناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ماعرضه وزير العدل ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / ١٩٩٤ اصدار القرار الاتي:

١- يستوفى رسم قدره (١٠٠٪) واحد بالالف عن معاملات التأييد الخاصة بالعقارات التي فقدت أو أتلفت سجلاتها و أضابيرها أثناء الأنتفاضة المباركة في شهر آذار ١٩٩١.

٢- تسري احكام هذا القرار على المعاملات التي لم يتم دفع الرسم عنها.

٣- لايعمل بأي نص يتعارض مع أحكام هذا القرار.

٤- على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار.

٥- ينفذ هذا القرار أعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجـوومەن بڕیارەكە(٥) بڕگەیە وەكو پرۆژە هەمـوومـان خوێندەوە، ئیـتر بڕگە بڕگە گفتوگۆی لەسەر دەكەین، سوپاس

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجــــــوومــــــەن:**

كێ لەگەڵ بڕگەی (١) دایە؟ كاك ئەیاد ئەگەر دووبارە بیخوێنێتەوە.

**بەڕێـز ئـەیـاد حـــاجی نـامـق مـــەجـــیـــد:**

١- يستوفى رسم قدره (١٠٠٪) واحد بالالف عن معاملات التأييد الخاصة بالعقارات التي فقدت او أتلفت سجلاتها و أضابيرها أثناء الانتفاضة المباركة في شهر آذار ١٩٩١.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجــــــوومــــــەن:**

ئایا تێبینی لەسەر ئەم بابەتە هەیە؟.. كێ حەز دەكات قسە بكات؟ با ناوەكـانیـان بنووسین، كەواتە تەنها دوو ئەندام قسە دەكەن.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڤێرێ دوو خاڵ هەنە، (١) سووتاندنا معامەلاتا تاپۆیە لەسجلاتا دائیرەی تاپۆیە، دیارە بە پێچەوانەوە مرۆڤ بۆیە واکریە هەتا ئەملاکی حکومەتێ لەهەرێمی کوردستانێ بەناڤێ خۆ تۆمار بکەن، واتە زێدە مەجالی بۆ خۆ دبینن، ئەگەر رەسم بکرێتە (٠٠١ ٪) لەهەزارا ئێک ئەمە ژی خزمەتی وان کەسانە دەکات وزەرەرێکی زۆر لە موڵکی حکومەت وپشکی رەسمی حکومەت دەدات، ئەز لەگەڵ هەندەی نیم کو لە (١ ٪) ببیتە (٠٠١ ٪) لەهەزارا یەک، چونکە باری خەزینەی هەرێمی کوردستان زۆر زۆر لاوازە وئەمەش پتر لاوازی دەکات، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گەلەک کەمتر ئەبێت لە (١ ٪)؟ واتە تۆ دەتەوێ بیکەی بە لە (١ ٪)؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبنچینەدا لەیاسادا لە (١ ٪) بووە، ئەمانە ئێستاکە دەیکەن بە لە (٠٠١ ٪) لەهەزارا یەک ئەمە داهاتی خانووبەرە زۆر زۆر لە (١٠ ٪) دەمێنێتەوە ولە (٩٠ ٪) ی کەم دەبێتەوە وزەرەری هەیە بۆ خەزینەی هەرێمی کوردستان ولەلایەنی دووەمیش بۆخۆی هەڵەی تێدایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل ئیجازە بدە، پێشنیاری جەنابت ئەوەیە ببێ بە لە (١ ٪)؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکی خۆی بمێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ (١) پێشنیار دەکەی هەروەکو خۆی بمێنێ، (٢) پێشنیار دەکەی شتێکی بخرێتە سەر؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ لە هەردوو ناحیە لەدوای وشەی (١ ٪) من قیمة العقار حسب الكشف)، چونکە خەلەلی یاسایی تێدایە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، ئەو دوو تێبینییە، سوپاس

**بەڕێز ئەحمەد عەلی دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویست نییە ئێمە ئەو رەسمە لەمیللەت وەربگرین، چونکە ئەو دۆسیەی کە ئیتلاف بووە ئەوە بە ئیشی

خاوەن دۆسیە نەبووە، هێزێکی قاهیر بووە، پێویست ناکات ئێمە لەسەر ئەوە بچین رەسمی لێ بستێنین، لەوەختێک دا کە ئەو هیچ گوناهێکی نییە کە دۆسیەی سووتاوە، دوایی ئێمە میللەتەکەمان خۆی هیلاکە وئێمە بچین لەباتی باری سووکتر کەین بچین زیاتر باری گران کەین وباجی لێ بستێنین، سوپاس

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

پێشنیارێکی تر هەیە، ئەو رەسمە هەڵگیرێت.

**بەڕێـز حـــــەســـــەن عـــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پرسیارەکەی کاک جەمیل دەڵێ: ئەملاکی حکومەتی بەناوی خەڵک دەکرێ وابزانم ئەوە رەسمە هیچ پەیوەندییەکی بە موڵکی حکومییەوە نییە ونە پەیوەندی پێوەیە، نە لەدوور ونە لەنزیک، چونکە ئەگەر لە (١ ٪) یش بێ (٥ ٪) بێت موڵکی حکومەتیان دەست بکەوێت، هەر بەناوی خۆیان دەکەن ئەوە پەیوەندی بە موڵکی حکومەتەوە نییە، بەڵکو دەیەوێت وەکو خۆی بێنێتەوە ئەوە لە (١ ٪) بێنێتەوە، ئەوە من نازانم سزای ئەو خەڵکە بۆ بدەین کە کارێکیان نەکردووە؟ کە دۆسیەی خانووی من لەناو دائیرەی تاپۆ سووتاوە من هیچ دەستێکم لەو سووتاندنەدا نییە، کە لە (٠١ ٪ )ی لێ وەردەگرین ئەوە قیمەتی ئەو خەددەماتەیە کە دەکرێت لەکاغەزو لەقەلەم ولەموظف، تەنیا شتێکی رەمزی یە وەردەگیرێ وابزانم شتەکە زۆر زۆر موافقە کە لەگەڵ دەقەکەی کە دەڵێ (یستوفی رسم قدرة ٠١ ٪ (بالالف واحد) من معاملات التأییدو طبعاً ٠١ ٪) لەجێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەوە رای لیژنەی یاسایە، ئەگەر چ تێبینییەکی تر نییە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، بەڵام لەگەڵ تێبینییەی دووەم کەدەڵێ: (عن قیمة العقار)، کێ لەگەڵ ئەم خاڵەیە کە ئێستا باس کرا، واتا تەنها وشەیەک زیادە ئەکرێت؟.. سوپاس کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێـز ئەیـاد حـــــاجی نـامـق مـــــەجـــــیـــــد:**

٢- تسري احكام هذا القرار على المعاملات التي لم يدفع الرسم عنها.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

کێ تێبینی لەسەر خاڵی (٢) هەیە؟

**بەڕێـز د. قـــــاسم مـــــحـــــەمـــــەد قـــــاسم:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

مبرری لیژنەی یاسایی زۆر لەجێی خۆی دایە، لەراستیدا ئەگەر دەستی مرۆڤ لەشتێکی دا نەبێ حەق نییە مرۆڤ باجی بدات، واتە مەعامەلەی خانوێکی یان عەقارێکی هاتبێتە سوتنێ یان تەلەف بوونی بۆ خاوەنی حەقی بدات، بەس نوقتە (٢) ئەز لەجێی خۆی دانەبینم ئەڤ بینم وەکو خۆ لە (١ ٪ ) سەر معامەلاتی وەکو رسم دفع بکەم، نوقتە (٢) ئەز پێشنیارم کرد حذف ببێت، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

من دەم ویست پرسیارێک بکەم، جیاوازی نییە لەنێوان ئەوانەی کە لەپێشتر ڕەسمیان داوە وئێستا لە (٠.١ ٪)ی بۆ دابنێین؟ بەڵام ئەوانی سەر لەنوێش دەیکەن هەر وەکو ئەوان بن دەبێ جیاوازییەک هەبێ، واتە ئێستا هەمان شتە، سوپاس

**بەڕێز حـــــەســــەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

بێگومان ئێوە ئاگادارن ئەوە ماوەی دوو ساڵە یاساکان دادەنێین بە ئەثەری ڕەجعی دانانرێنەوە، واتە بڵێی ئەوانی پێشتریش ڕەسمیان داوە بۆیان بگەڕێتەوە، ئەوە دەبێتە فەوضایەک ودروست نابێت، بەڵام ئەوەی داهاتوو وئەوەی ڕەسمی نەداوە، معامەلەکەی نەکردووە بۆ شەملی نەکات؟ ئیشەکەی نەکردووە، واتە: ئیشی فەرمانگەکانی کۆتایی نەهاتووە، بەڵام کە ڕەسمی دا مانای ئەوەیە شتەکە کۆتایی هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

پرسیارێک لە کاک حەسەن، ئەگەر هاتوو نەی دابێت بۆچی باسی بکەین؟ بۆچی ئەم خاڵەی بخەینە ناو؟ سوپاس.

**بەڕێز حـــــەســــەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

پرسیارەکەی کاک رزگار زۆر زۆر لەجێیە، بەڵام ئەوەی کە ڕەسمی نەدابێت معامەلەی کردووە، تا ڕادەیەک ڕووانداوویەتی، صادری کردووە و واردی کردووە وشتی لێ کردووە، لەوانەیە ببێتەکێشە لەبۆ ئەو کەسەی کە جێبەجێی دەکات نەکو فعلا نایەوێت لەبۆ ئەوەی اشکال ڕوونەدات لەلای فەرمانبەر، مەرحەلەیەکمان بۆ داناوە وتەحدیدی مەرحەلەکەمان کردووە، کە ڕەسمی دەفع نەکردبێ شمولی دەکات ڕەسمی دابێ شمولی ناکات، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

ئەوە ڕوون کراوەتەوە لەهەردوو لاوە، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، دەنگدانەکەش ئەوەیە کە جارێ یەکەم کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو بڕگەی (٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاستان دەکەم بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا کە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیـاد حـــــاجی نامق مـــــەجـــــیـــــد:**

٣- لایعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خاڵی (٣) وابزانم گشتییە، کێ تێبینی لەسەر هەیە؟ دیارە کەس تێبینی لەسەر نییە. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٤- علی الوزراء المختصین تنفیذ احکام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم دەقەیە؟.. ئێستاش کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕایی دەنگ پەسەند کرا. ئەم بڕیارە پاش ئەو تێبینییە کە تەثبیت بوو ودەنگتان لەسەر دا وپەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگەی (٥) ماوە،(٥)ینفذ هذا القرار اعتباراً من تاریخ نشره في الجریدة الرسمیة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینی لەسەر ئەم دەقە هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕایی دەنگ ئەم دەقە چەسپ بوو. وەکو بڕیار کێ لەگەڵ ئەوەیە بەم شێوەیەی کە دەنگتان لەسەردا بمێنێتەوە؟.. سوپاستان دەکەم، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، ئێستاش دێینەوە سەر خاڵی پرۆژەی یاسایی لێبوردنی گشتیی.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاکە سەید حەسەن فەرمووت بۆ ئەو خاڵەی باست کرد.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە یاسای لێبوردنی گشتییە، یاسای لێبوردنی گشتییە، تەبیعی ئەو پرۆژەیە لەئەنجوومەنی وەزیرانیش هاتووە ودوای هەڵسەنگاندنی لەلایەن لیژنەی یاساوە، لەکاتی خۆی وهەندێ ئەوەی کە پێمان پەسەند بوو بیکەین وئەوەی کە پێمان ناپەسەند بوو لای بدەین، بەوشێوەیە دەرچووە ئەم یاسای لێبوردنی گشتییە، شتێکی بچووک نییە وا بە ئاسانی بکرێ، چونکە لەوانەیە تاوانکار هەیە بەری بدەین زەرەر بێ، لەوانەیە خەڵک هەبێ لەحەپس خانە بمێنێتەوە هەر زەرەر بێ، ئەوجا لێ وردبوونەوەیەکی باشی دەوێ، سوپاس

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە وەختی نییە، ئێستا خەڵک گاڵتەمان پێ دەکەن، ئەمڕۆ دابنیشین دوای ئەو هەموو کێشەیە باسی لێبوردنی گشتی بکەین، پێم وایە عەیبە بۆ ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆكی ئـەنجـــــــــومــــــــەن.**

دیاره ئەم پرۆژەیه له بنچینەدا هی ئێستا نەبووه، پرۆژەکه ئاماده بوو بۆ بەرنامەی کاری ٣/٥ که پێش ڕووداوەکان بوو، ئێستا بەڕاستی تەئیدی کاک فرەنسۆ دەکەم بەنسبەت ئەو پرۆژەیه، ڕەنگه ئەم دانیشـتنەکەی ئەمـڕۆ کـاتی ئەوەی نەبێ ئێـمـه یاسایەکی ئاوا دەرکـەین، لەبەر ئەوه منیش پێشنیاری ئەوه دەکەم که دوابخرێت بۆ هەفتەی داهاتوو، سوپاس.

**بەڕێز د. نـەبەز عـــەبدولڕەزاق عـــەبدولڕەزاق:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆكی ئـەنجـــــــــومــــــــەن.**

منیش تەئیدی پێشنیارەی کاک فـرەنسۆ دەکەم، بەڕاسـتی وەختی نییـه ئێمـه پاش ئەو هەمـوو سـەیاره دزین وکـوشتن وبڕینه بچین له هۆیەکـانی ڕاگەیاندن بڵاوی کـەینەوه وبڵـێین لێبـوردنی گشتیمان دەر کردووه ئەمه شتێکی گرانه، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــــەرۆكی ئـەنجـــــــــومــــــــەن**

وابزانم لەوه زیاتر وتوویژ لەسـەر ئەم خاڵه ناکەین، چونکه ڕای هەردوو فـراکسـیـۆن که بەڕاستی نوێنەری پەرلەمـانن، حـەقی خـۆیان هەیه کـه ئەوه دوابخـەن، ومـادەم ڕایان وایه من دەیخـەمـه دەنگدانەوه. کێ لەگەڵ ئەوەیه کـه ئەم خـاڵەش دوابخـرێت؟ تکایه با دەست بەرز کـاتەوه؟.. کێ لەگەڵ دا نییه؟.. بەزۆربەی دەنگ دواخرا.

بەمه شێوەش دێینه کۆتایی دانیشتنی ئەمڕۆمان.. سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)

سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩/٧/١٩٩٤

# پرتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٣)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩/٧/١٩٩٤

***کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩/٧/١٩٩٤ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە (١٣)ی خولی ئاسایی یەکەمی، سالی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ گفتوگۆکردنی ڕووداوەکانی مانگی (٥ و ٦)ی سالی ١٩٩٤ لە کوردستاندا.***

***٢ـ تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکات. بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان. خالی یەکەم گفتوگۆ کردنی ڕووداوەکانی مانگی (٥) و مانگی (٦)ی ئەم سالی (٩٤) ە لە کوردستان دا، کە لەڕاستیدا لەسەر پێشنیاری هەدوو فراکسیۆنی پەرلەمانە. خالی دووەم: تازە بابەت ئەگەر شتێک هەیە بۆ ئەوەی بیچەسپێنین، ئەگەر نا، بادەست بکەین بە خالی یەکەم. تازە بابەت نییە، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تازە بابەت ئەگەر جارێکی تر کێشەی کارەبای دهۆک بخەینە ناو بەرنامەی کارو قسەی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر لەبارەی تازە بابەتەوە، تاقی کردنەوەکانی ئەم سالّ، کە بڕیار دراوە دووبارە بکرێتەوە کە مەرجیش نییە لەم کۆبوونەوەیە وتووێژی لەسەر بکرێ، بەلام کارێکی وابکەین کەوا لەم هەفتەیەدا لە بەرنامەدا شوێنێکی بۆ دابنرێ. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو پێشنیار هەیە لە خاڵی تازە بابەت دا بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەوە، یەکەم کێشەی کارەبای دهۆک، جارێ تریش باسمان کردووە، ئەگەر چ تێبینی نییە لەسەر ئەوە تاکو بیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم پێشنیارە بخرێتە بەرنامەی کارەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ خرایە بەرنامەی کارەوەو بڕیاری لەسەر درا.

خاڵی دووەم: لەبارەی تاقی کردنەوەکانی ئەم ساڵە کە ئیلغا کراوەتەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە بخرێتە بەرنامەی کارەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

ئێستا دێینەوە سەر خاڵی یەکەم و گفتوگۆ کردنی ڕووداوەکانی مانگی (٥-٦)ی ئەمساڵ لە کوردستان. تەبیعی پێشەکی یەک دوو تێبینی بچووکمان هەیە، وەکو دەستەی سەرۆکایەتی لە بارەی ئامانجی مناقەشە کردنەکەوە، لەڕاستی دا ئەوەیە کە بە شێوەیەکی مەوزووعی باس بکرێ دوور لە کولاندنەوەی برین، یاخود ئاڵۆز کردنی ئەم بارە، بەڵکو ئامانج ئەوەیە ئەم بارە زیاتر جێگیر بکرێت لە بارەی ئەمن و ئاسایشەوە، لە بارەی تەباییەوە، واباشە مناقەشەکان ئەو مەجرایە وەربگرێ و ئەوشتانە دەست نیشان بکرێن کە بوونەتە هۆی ئەم وەزعەو بتوانرێ لە ئەنجام دا هەندێ چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، تاکو جارێکی تر کارێکی وا دڵتەزێن ڕوونەداتەوە. ئێستاش ئەگەر کەسێک دەیەوێ قسەبکات لەسەر ئەم بارە، باناوەکانیان بنووسین.

یەک تێبینی گچکەشمان هەیە ئەگەر ممکن بوو لە قسەکردن دا دووخاڵ ڕەچاو بکەن، تکایە ئەو برادەرەی قسە لەسەر بابەتێک دەکات ئەوەی تر دووبارەی نەکاتەوە و ئاگاداربی وەختەکەش بن.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستیەکەی ئەو قسانەی کەوا من لێرەدا پێشکەشتانی دەکەم، لێکۆڵینەوە نیبە لە ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابوردوو، بەڵکو چەند سەرنج و تێبینییەکە بۆ ئەوەی ئێمە بچینە ناو باسەکەوە. فراکسیۆنی کەسک پێ خۆشحاڵە بەدەست پێ کردنەوەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، پێ خۆشحاڵە بە تەرخان کردنی ئەم کۆبوونەوەیە و ئەگەر پێویستی کرد لە کۆبوونەوەیەکی داهاتووش دا لە ڕووداوە ناخۆشەکانی دوو مانگی ڕابوردوو بکۆڵرێتەوە، بۆ دەست نیشان کردنی هۆیەکانی و هەوڵ دان بۆ نەهێشتنیان و دانانی ڕێ و شوێن بۆ دووبارە نەبوونەوەیان و بن بەست کردنیان.

ئەو ڕووداوانە هەروەک لەناو وڵات دا کاری لە کۆمەڵانی خەڵکی کرد و، بوونە هۆی شەڕو ئاژاوە، لەدنیای دەرەوەش دا زیانێکی گەورەی لە کورد و کوردایەتی دا ودڵی دوژمنانی خۆش و دڵی دۆستانیشیان نیگەران کرد و، لە یارمەتی دانمان ساردی کردنەوە، و مەسەلەی گەلەکەمانی گەیاندە لێواری کارەسات و برینێکی وای خستە دڵ و دەروونمان کە سارێژ بوونەوەی پێویستی بە هەوڵ و کۆششێکی درێژ خایەن و دڵسۆزانە هەیە. نزیکەی سێ ساڵ بەر لە ئێستا کوردستانی ئازاد ڕێگای هەڵبژارد بۆ دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە پێچەوانەی بۆچوونی

دوژمنان و ناحەزان ئەو رێگایەی بەسەر کەوتووی بری، ئەو سەرکەوتنە بووە مایەی شانازیی و دڵخۆشی بۆ خۆمان و بۆ دۆستانی مەسەلە رەواکەمان، کەم جار هەوڵی وا بۆ کورد رەخساوە کە لەبەشێکی ولاتەکەی خۆی دا خاوەن دەسەلات بێ، لەدنیای دەرەوەش دا بەو شێوەیە گەورەو فراوانە پشتیوانی لەمەسەلەکەی بکرێ، چ تاوانێکی گەورەیە ئەو بارە رەخساوە، ئەو هەلە مێژوویی یە بەرەو لێواری کارەسات ببرێ.

لەدوو ساڵی رابوردوودا پەرلەمانی کوردستان بەنیازی بەر پاکردنی حوکمی یاسا و چەسپاندنی دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ و رێکخستنی کاروباری گوزەرانی خەڵک، کۆمەڵێک یاسای دەرکرد، لەوانە یاسای حزب و رێکخراوەکان و یاسای چەک، کە هەردووکیان پەیوەندییان بە باری ئالۆزی ولاتەوە هەیە، پەیرەو نەکردنی ئەو یاسایانە سەرەرای نزمی ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی و سیاسی لە هۆ گرنگەکانی بەرپا بوونی شەڕو خراپە کارەکانی ئەم دواییە بوو و، تاقی کردنەوەکانی دوو ساڵی رابوردوو دەریان خست کە تەنیا دەرکردنی یاسای باش یا بوونی حکومەت و ئەنجوومەنی وەزیران بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایانە، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی کە کۆمەلانی خەڵک لە پێناوی دا راپەڕین، نەبوونی هۆشیاریی نەتەوەیی و سیاسی، نەبوونی دام و دەزگایەکی وا کە بتوانێ ئەرکەکانی حوکمڕانی جێ بە جێ بکات و یاساکان بچەسپێنێ ئەمانە هەموویان هۆی سەرەکین بۆ سەرنەکەوتنی حکومەت لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی سەر شانی. ئێمە دڵنیاین لەوە کە لێکۆڵینەوەی هێمنانەو لەسەرخۆ و بابەتی ئەمانگەیێنێ بە ئەنجامی باش و راست، لەبەرژەوەندیی کۆمەلانی خەڵک دابێ و یارمەتی ئەو هەوڵ و کۆششانە دەدات کە ئەمرۆ لەناوەوە و لە دەرەوەی ولات دەکرێ لە ئاسایی کردنەوەی باری ولات و دابین کردنی باری ئاشتی و ئاسایش و باش کردنی گوزەران و باری ژیانی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک د.کەمال، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بەرامبەر بەڕێزان کاک مەسعوود ومام جەلال کە لێرە بوون، چەند قسەیەکم هەبوو دەم ویست لەبەردەم هەردوو بەڕێزان بیان کەم، بەڵام دیار بوو کاتەکە درەنگ بوو، هەڤاڵانی خۆشمان داوایان لێ کردم کە قسان نەکەم ئێستا قسەکانی خۆم زۆر بەکورتی دەکەمەوە، دیارە پەرلەمان نزیکەی دوو مانگە کۆبوونەوەی نەکردووە، لەم ماوەیەی کە پەرلەمان کۆ نەدەبووەوە هەموو حزبە کوردستانیەکان و هەموو رێکخراوە جەماوەرییەکانی و هەموو نیشتمان پەروەرانی کوردستان بەژن و پیاوەوە، زۆر کۆششیان کرد کە پەرلەمان کۆ ببێتەوە، من پێم خۆش بوو، لەیەکەم دانیشتنی پەرلەمان بانگی رێکخراوە کوردستانیەکان و هەموو حزبە کوردستانیەکان و کەسە سەربەخۆکان کە هەوڵ و کۆششیان داوە تا پەرلەمان کۆ ببێتەوە، نەک تەنیا هەردوو حزبە

سەرکییەکە، بانگ بکرێن، نەک پشت گوێ بخرێن. من پێم وایە هەرچەندە، وەختەکە کەم بوو بۆ بانگ کردنیان، بەڵام بۆ ڕێزگرتن لەو هەوڵانەی کە دابوویان ئەبوایە ئەوانیش بانگ بکرێن کە نەمان کرد، دووەم: زۆر باس لەوە دەکرێ کە پەرلەمان لەو دوو ساڵەی کە هەیە، بەو پەڕی چاکی دەوری بینیوە، پەرلەمان دەسەڵاتی یاسادانانە، پەرلەمان دەسەڵاتی جێبەجێ کردن نییە، چ یاسایەک پێویستە پەرلەمان دەری دەکات، بەڵام پێم بڵێن چ یاسایەک یا قانوونێک پێویستە و پەرلەمان دەری نەکردبێ. پەرلەمان وەکو برای بەڕێزم د. کەمال فەرمووی یاسای چەک هەڵگرتنی دەرکردووە، حزبە گەورەکان لەجیاتی ئەوەی جێبەجێی بکەن، لیوای تایبەتیان پێک هێناوە ، حزبە بچووکەکانیش باقەت کەیفیان نەبێ بەوەی کە ئەوان دەوریان نییە، ئەوانیش بە پێی حەجمی خۆیان ئەم یاسایەیان پێشێل کردووە، بەرپرسێکی حزبە بچوکەکانم نیشان بدەن کە حزبەکەی دوو بیکەیسی (B.K.C) هەبێ، وجودی چەکداریی دوو (B.K.C) بێ، کە هاتوچۆ دەکات لەسەر جادە، هەردوو (بی کەی سی) یەکە هەڵناگرێ؟ بۆیە دەڵێم هەموو حزبەکان یاسای چەکیان پێشێل کردووە، حزبە بچوکەکانیش بە پێ توانای خۆیان گوێیان پێ نەداوە، نەک ئەوە مەسئولەکانی حکومی هی حکومەتی کوردستان وحزبەکان، بوون بەهۆی پێشێل کردنی یاسا بە تایبەتی لە هەولێر چەند وەزیر لە هەولێر هەن، چەند جێگری وەزیر هەن، چەند لێپرسراوی حزبی هەن، هەموویان شەرمیان بە خۆیە لە ترافیکلایت بوەستن، یاسا بپارێزن، ئەوەندە وەزیر، ئەوەندە لێپرسراوی حزبەکان، ئینجا بێینە سەر بەڕێوەبەری پۆلیسی گشتی و، بەڕێوەبەری ئاسایش و جێگرەکەی، ئینجا بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر و جێگرەکەی و ئینجا پارێزگار و دوو سێ جێگری، هەموویان پێیان عەیبە لە ترافیکلایت بوەستن کە سادەترین شتە، بۆیە دەڵێم: یاساکە ناچەسپێ و، بە زۆری گوناهی جەماوەر نییە، چ گوناهی خەڵک نییە، خۆمان لێپرسراوەکان، ئێمە یاسا پێشێل دەکەین. مەسەلەی یاسای حزبەکان، پەرلەمان یاسای حزبەکانی دەرهێناوە، پێش ئەو ڕووداوانەی ئەو کارەساتانەی مانگی(٥) چەند حزبێک وەک من بزانم داوای خۆیان پێشکەش کردووە و دوو مانگی زیاتر بەسەردا ڕۆیشتووە، وەڵامی یەک حزبیان نەداوەتەوە، جگە لەو حزبانەی بەرەی کوردستانی، ئەوانیش تەبیعی بوون، هی حکومەت بوون، بۆ پاراستنی هەیبەتی خۆی موافەقەتی کردووەو، قەدەغەی نەکردوون، شتێکی نایاسایی لە حزبەکان نەدیوە با ئیجازەکەی بداتێ، بۆ هانی خەڵک بدەن، ڕێگا بە خەڵک بدەن و ڕێگا بۆخەڵک خۆش بکەن تا یاسا کە پێشێل بکرێ. ئێمە لەپەرلەمان، هەر هەموومان یاسامان بۆ هەموو وەزارەتەکان داناوە، ئێمە بریکاری وەزارەتمان دەست نیشان کردووە، لەوێ بەبێ ئاگاداریی ئێمە، بەبێ ڕەزامەندی ئێمە بەبێ پرسیاری ئێمە جێگرەکەی کردۆتە ڕێگری وەزیر، هەزدوو حزبەکە دانیشتوون بۆ خۆیان ڕێککەوتوون، جێگر یانی ڕێگر، هەموو دەسەڵاتی وەزیری هەیە، ئەمە تەخسیریی پەرلەمان نییە چونکە پەرلەمان دەنگی لەسەر نەداوە. پەرلەمان دەوری خۆی بینیوەو یاسای وەزارەتەکانی داناوە و پەرلەمان دەسەڵاتی وەزیری دەست نیشان کردووە، پەرلەمان وتویەتی بۆ وەزیر هەیە هەندێ

دەسەڵاتی خۆی بداتە جێگرەکەی، محاوەلەیەکمان کردبێ، ئەگەر بەنیەت پاکی داوای وەزیرێکمان کردبێ، داوای بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانمان کردبێ بێن بۆ ئێرە، لەوێ یەکسەر کۆبونەتەوە و وایان تەصەور کردووە کە ئێمە بۆ ئیهانە کردنی ئەوان بانگیان دەکەین چونکە هەڵس وکەوتمان لەگەڵ یەکتر وابووە، من زۆر بەچاکی بەرگریی لە پەرلەمان دەکەم، پەرلەمان هەرچی پێویست بووبێ، هەر یاسایەک پێویست بووبێ داینادە، هەر بڕیارێک پێویست بووبێ دەری کردووە، بەڵام کە جێبەجێ نەکراوە ئەوە گوناهی پەرلەمان نییە، پەرلەمان خۆی ئەو دەسەڵاتەی نییە. برای بەڕێز کاک د.کەمال دەڵێت: ئێمە بڕیارمان دا خانووەکانی پەرلەمان چۆڵ بکرێن، خانووەکانی ئەندامانی پەرلەمان چۆڵ بکرێن، هەتا ئێستا پێمان نەکراوە، خۆ ئەندامانی پەرلەمان ناچن بە زۆریی چەک خانووەکە چۆڵ بکەن. مەفرووزە دەسەڵاتی تەنفیزی بیکات، بەڵام تا ئێستا نەکراوە، من تەئکید لەسەر ئەوە دەکەم و بەبرادەران دەڵێم ئەگەر ئەمن هەڵەم پەرلەمان دەوری خۆی نەدی لە هەندێ شت و کەم وکووڕیمان هەر بووە، حەقە باس بکرێ، لەوانەیە من بەهەڵەدا چووبم، پەرلەمان بە چاکی دەوری خۆی نەدیبێ، بەڵام من ئەو بڕیارانە کە پێیان دا چوومەتەوە و موتابەعەم کردووە، کە بڕیارمان داوە شتی چاکمان کردووە، کێ بەرپرسیارە لەو نەکردنە؟

بێگومان حکومەت، من کە دەڵێم حکومەت مەبەستم کاک عەبدوڵلا و د.ڕۆژ نییە، حکومەت یانی پارتی و یەکێتی، حکومەت فاشل بووە، د.ڕۆژ و کاک عەبدوڵلا فاشل بوون، ئەوەش خەتای ئەوان نییە خەتای پارتی و یەکێتییە، پشتگیرییان بکەن، ئەگەر هانی خەڵکی خۆیان بدەن گوێیان لێ بگرن، داوا لە ئەندامانی خۆیان و فەرمانبەرەکانی خۆیان و کارمەندانیان بکەن، تافەرمانی وەزیرو فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران جێبەجێ بکرێ پێم وایە ئەوانیش دەتوانن ئیش بکەن، بەڵام کە سەر نەکەوتن ئەوانیش هەمان دەنگی ئێمەیان هەیە، کە هاوکارییان لەگەڵ دا نەکراوە، من دەم و یست عەرزی بکەم بەڕاستی خەڵک لە قسەکردن تێر بووە حەقە ئیتر بیر لەوە بکرێتەوە بە کار و کردەوە، هەم پارتی و هەم یەکێتی و هەم وەزیرەکانی ناو پارتی و هەم وەزیرەکانی یەکێتی و هەم فەرمانبەرەکانی یەکێتی و پارتی و مەڵبەندەکانی یەکێتی و لقەکانی پارتی بە کردەوە و عەمەلی ئیش بکەن، چونکە ئەگەر وا نەکەین متمانەی میللەتمان لەدەست دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ. کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی من دوو دڵ بووم قسەبکەم، بەس دوای ئەوەی وەرەقەی عەمەلەکەم دی کە ئەو برادەرانەی دوێنێ کۆبوونەتەوە و کۆمەڵێک بیرو بۆچوونی باشیان پێشکەش کردووە لە وەرەقەی هاوبەش، من زۆر پێ خۆشحاڵم کە ئەندامانی هەردوو لیستی زەرد و سەوز دانیشتوون و کۆمەڵێک بیرو

بۆچوونی و پێشنیاریان مەیاندووە بۆ چارە کردنی باری پەرلەمان وباری کوردستان، دەنا من خۆم یادداشتێکم پێشکەش کردبوو بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، لەبارەی ئەو شەلەلەی کە بەپەرلەمان کەوت لەو دوو مانگەی رابوردوودا، مانگەکانی شەرە دڵتەزێنەکە. وهەروەها بەڕای من ئێمە پێش رووداوەکانیش، پەرلەمانەکەمان دەتوانم بڵێم مەشلوول بوو. من وادەزانم پەرلەمانەکەمان یەکێکە لە دەستکەوتە گەورەکانی میللەتەکەمان و لەو ماوەیەی رابوردوودا جهودێکی زۆری سەرف کرد و یاسا و راسپاردەی باشی دەرکرد بۆ گەلەکەمان و بهاتایە بەڕاستی کاری پێ بکرایە و جێبەجێ بکرایە، ئەو کارەساتەمان نەدەدی و هەروەها رێزی گەلەکەمان بۆ پەرلەمان شکڵێکی تر دەبوو، میللەتەکەمان جەژنی بوو ئەو وەختەی کە پەرلەمان دروست بوو، بەس دوای ئەوەی کە پەرلەمان هێواش هێواش ئەنجامی نەهج و سیاسەتێکی هەڵەی ئەو دوو حزبە حوکمڕانە پەرلەمان گەیشتە حاڵەتێکی لاواز و بێ دەسەڵات یانی هەتاکو ئەگەیتە ئەوەی کە بڵێین لەگەڵ ئەوەی کە دوژمن زۆر سوود وەردەگرێ لە هەندێ لە قسەکانمان، ئەو ماوەیەی رابووردوو پەرلەمانەکەمان بەرەو کارتۆنی ئەرۆیشت، چونکە شەلەلی کەوتبوو ناو، پەرلەمانەکەمان دوو جانب لە وەزعەکەی دا هەیە. یەکەمیان ئەوەیە جیاکردنەوەی مەسەلەی حزبی نەکراوە لەگەڵ پەرلەمان، لەسەرەتای ئیشەکانمان، وەک دێتە بیرم لەم قاعەیەدا جارێکیان مناقەشە لەسەر خشتەیەکی نازانم چەند هەزار بڕگەیی کرا و پەیوەندیدار بوو بە گومرگ و نسبەتی گومرگ، کە وتیان ئەمە لەبەینی هەردوو مەکتەبی سیاسی رێککەوتوون، من بە سکووتی چوومە دەرەوە و وتم: ئەگەر دوو مەکتەب سیاسییەکە رێککەوتبن لەسەر ئەم خشتە دەبێ پەرلەمان چی مابێ، پەرلەمان ئەو جار کە گەرەکمان بوو مناقەشەی مەسەلەی ئەساسی بکەین بەراستی یەکسەر دەستەی سەرۆکایەتی سەرۆکی هەر دوو فراکسیۆنەکە ئەیان وت: دەبێ دوا بخرێت، بگەڕێتەوە بۆ دوو مەکتەبە سیاسییەکان، خۆمان بەدەست خۆمان باری پەرلەمانمان گەیاندە ئەم حاڵەتە، زۆر بەداخەوە، لەبەر ئەوە من دوو لایەن دەبینم لە باری پەرلەمان، ئەوەی کە دوو حزبە حاکمە کە بەراستی موفق نەبوون لە توجهیان بۆ پەرلەمان، بە تەئکید دوو حزبی حاکم خۆیان نوێنەریان لەناو ئەم پەرلەمانەیە، لەوانەیە چەند کەسێکی وەک ئاشووری و زەحمەتکێشان و سەربەخۆش هەبن، بەڵام زۆر بەی ئەندامانی پەرلەمان لەو دوو حزبەن و ئەوانە پەرلەمان دەبەن بەرێوە، ئەوان متمانەیان داوە بەو شەخسانە، حەق نەبوو بەو شکڵە تعامل بکرێ، لایەکی تر هەیە لەبارە کە، کە ئەو حزبانە مەفرووزە ئیعادەی نەزەری تەواو لە هەڵوێستی خۆیان دا بکەن دەنا پەرلەمان لە هیچ دەوڵەتێکی دنیادا بەم شێوەیە ناچێتە سەرو بەڕێوە ناچێت، لە هیچ وڵاتێک دا وا ناڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق، ئێمە لەراستیدا ئەم دانیشتنەمان بۆ تەقییم کردنی رووداوەکان بوو، بەڵام کاک عەبدولخالق کۆمەڵێک مەسەلەی تێ هەڵکێش کرد، ئەو بیرخەرەوەیەی هاتۆتە لای دەستەی سەرۆکایەتی و دراوە بە ئەندامانی پەرلەمان وابزانم لەرێگەی فراکسیۆنەکانەوەیە،

بەراستی حەزمان کرد زیادە تەرکیز لەسەر ڕووداوەکان بکات، ڕووداوەکەش وەک لە بەرنامەی کار دیاری کراوە پەیوەندیی بە بارودۆخی مانگی پێنج و مانگی شەشەوە هەیە، بەڵام وەکو دەرکەوت کاک عەبدولخالق، خاڵێکی تریشی باس کرد کە پەیوەندیی بەسەرۆکایەتییەوە هەیە، من بەش بەحاڵی خۆم ئەگەر ئیجازەم پێ بدەن دوو دەقیقە لەوەختی ئێوە وەرگرم، چونکە ئەم دانیشتنە بۆ ئەوە تەرخان نەکرابوو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی چیان کردووە یان دەستەی سەرۆکایەتی چیان کردووە یاخود ئەندامانی پەرلەمان، بەڵکو زیاتر بۆ باس کردنی ڕووداوەکان بوو. کاک عەبدولخالق وەکو ئەندامێکی پەرلەمان حەقە تەماشای پێڕەوی ناوخۆ بکات بزانێ دەستەی سەرۆکایەتی دەسەڵاتی چییە، دوو: کاک عەبدولخالق ئەندامێکە لە فراکسیۆنی سەوز ولە یەکەم ڕۆژی پەرلەمانەوە دەزانێت بوونی ئەو دوو فراکسیۆنی پەرلەمانییە لە ئاستی سەرکردایەتی هەردوو فراکسیۆنە، ئەگەر کاک عەبدولخالق پێش دووساڵ پێشنیاری بکردایە، ففتی ففتی نەمابایە، پێشنیاری بکردایە ئەو مەسەلەیە، یاخود دەوری فراکسیۆنەکان بەو شێوە نەبایە دەمان خستە دەنگدانەوە، ئەگەر زۆربەی ئەندامان بڕیاری لەسەر بدایە ئەوە، تووشی ئەو کێشەیە نەدەبووین کە ئێستا گازاندە لە دەستەی سەرۆکایەتی دەکات.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی من قسەکانم بکەم حەز دەکەم جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، تەبیعی وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاگادارە، برادەرانی ئێمە هەردووفراکسیۆنی ئێمە دانیشتووین ولەسەر هەندێ بنچینە ڕێک کەوتوون کە وتەکانمان لەناو ئەو چوارچێوەیە بێت ئێمە دەبێ هەر چۆنێک بێ بە ئاڵوگۆڕ کردنی بیروڕا لەگەڵ حکومەتی هەرێم جەخت لەسەر چارەسەرکردنی بارەکە بکەین. هەرچەندە چەند هەنگاوێک لەم ڕۆژانە هاوێشتراوە پێم شتێکی باشە، بەڵام دەبێ بەردەوام بێ زیاتر هەنگاوی بۆ بهاوێشترێ بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین وەکو واجبێکی ڕەسمی پەرلەمان، داوا لە حکومەتی خۆمان بکەین کە ئەوانیش دەوریان هەبێ بۆ ئەوەی ئەو کارەساتانە نە هێڵدرێن بەیەکجاری لە هەمان کاتیش دا ئێمە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەین کە یاسا سەروەر بێ، بەراستی من لام شتێکی زۆر سەیرە کە لایەنێک یان حزبێک دەڵێ من ئەوەندە دزم گرت! بائێمە وابکەین دەوری حکومەتەکە بدەین، با حکومەت دز بگرێ لەباتی ئەوەی بیبات لە بارەگای حزبەکە حجزی بکات با پۆلیس بیگرێ و، سوپاس.

**بەڕێز حیکمەت محەمەد کەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ڕاستی بێت من پێش ئەوەی بچمە سەر قسەکانم، تەئکید لەسەر قسەکانی جەنابت دەکەمەوە، ئێوە پرۆگرامێکتان داناوە کە هەڵسان بەپێی ئەو بەرنامەیە قسەیان نەکرد کە ئێوە داتان نابوو و هەر ئەوەش بوو من بە خاڵێکی لاوازی دەزانم لە پەرلەمان، کە پەرلەمان پابەند

بێت به بەرنامەیەک کە دەستەی سەرۆکایەتی دایدەنێ و ئەوە بۆ خۆی دەبێ چارەسەری بکرێ ئەوە یەک، دووەمیش: ئەو کێشانەی کە لە مانگی (٥-٦) روویانداوە ئێمە لەم دانیشتنەدا بەتەماین قسەی لێوە بکەین، تەبیعی پێم وایە هەموو لایەکمان هەموو رۆژنامەکان، مەکتەبی سیاسی، سەرکردایەتی هەموو لایەکمان بەرامبەر بەیەک لە رووداوەکان، هەریەکە لە روانگەی سیاسییەوە، هەر یەکە لە رێگەی بەرژەوەندیی حزبی خۆیەوە سەیری دەکات. ئەو رووداوانە لەسەرجەمی کاروبارەکانی کوردستان و ژیان لە کوردستان دا بەژیانی پەرلەمانییەوە، کارێکی زۆر سەلبی و خەتەرناکی دروست کرد و ئێستا قسە لەوە دەکەین، ئایا ئێمەی پەرلەمانی کە لێرە دانیشتووین، ئەندامانی پەرلەمان بە هەردوو لیستەکەیەوە، بە هەموومانەوە کە دانیشتووین، دیسان دووبارە باسی ململانێی سیاسی و حزبی بکەینەوە و دیسان بە توونی بابای مناقەشاتی هەردوو لادا بچینەوە، لەسەر ئەوەی سەرچاوەی رووداوەکان چۆن بووە بوون بەرگری کردووە؟ بچینەوە ناو ئەو توونی بابایە، کە زۆر زەحمەتە سەری لێ دەربکەین، یاخود پەرلەمان بتوانێ بە پێچەوانەی مەنتقی حزبایەتی، پێچەوانەی بەرژەوەندی حزبایەتی و سەرکردایەتی حزبەکان، چوارچێوەیەک دابرێژرێ، بەڵکو ئەو چوارچێوە ئوسوڵییە یاساییە ببێتە پێوەرێک، ببیتە قاعدەیەک لە مەودوا کۆتایی بەو شەڕە حزب و حزبازییە بهێنین، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەک لە بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنەمان دا هاتووە، تەنها بۆ ئەوە نییە وێردی سەربردەی ئەو رووداوە دڵتەزێنانە بکەین کە شەڕو ئاشووب بوو، هەمووشمان و رای گشتی گەلەکەشمان نەفرەت لەشەڕو ئاشووب دەکات، بەتایبەتی شەڕو ئاشووبێکی وا کە تەڕو وشک پێکەوە دەسووتێنێ، چونکە شەڕو ئاشووب خۆی لە خۆی دا مرۆڤ وژیان بێ بایەخ دەکات، ئەوەش دوا پلەی رۆچوونە نزمترین پلەیەو، رەشترین خاڵە لە مێژووەکەمان دا، خۆی لە خۆی دا راتەکان و راچڵەکاندنێکی گەورەبوو، زەنگێکی گەورە بوو، چونکە کۆمەڵێ دەمامکی داماڵی و هێنایە خوارەوە، رووکاری راستەقینە دەرکەوت، ئەوەی هەڵمان پەساردووە لە جێی خۆی دا نەبووە، بۆیە پێویست دەکات سەر لە نوێ چاوی پێدا بخشێنرێتەوە، بۆ بنیات نانەوەی، بۆیە پێویست دەکات بچینەوە سەر بنیادی، تا بنیادیش دەنری، چاوەڕوانی ئەوەین نان و ژیانی بۆ مسۆگەر بکرێ، بەلام بە مەرجێ باری ژیان ئاسایی بکرێت و ئێمە هەموو نەفرەت لەجەنگ و کوشتار دەکەین و ئەوە دووپات دەکەینەوە، بۆیە دەبێ ئێمە زیاتر خەست بوونەوە و راوەستانمان لەسەر ئەوە بێ کە ئەو هۆکارانە چی بوون بوونە تە مایەی دروست بوونی ئەو کێشانە نەیان هێڵێن، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مرۆڤ چەند بیری لێ دەکاتەوە، شەڕی برا کوژی کارەسات بوو، بەراستی بەش بە حاڵی خۆم هەر

نامەوێ ئەو دوو مانگە لەخەیاڵم بهێڵم، ئەمەوێ بەڕاستی ئەوە بسرمەوە لە مێژووی میللەتی کورد، تەنیا بۆ شتێک نەبێ ئەویش، ئێمە دەرسێک وتەجروبەیەکی لێ وەرگرین و سوودی لێ بینین، مرۆڤ کە باسی دەکات بەڕاستی دیارە دنیاو ژیان و گەل و هەموو شتەک لەبەرچاوی رەش دەبێت. ئەوەی کە بووە لە کوردستان دیارە شتەک بوو، دەبووە هۆی ئەوەی کە میللەتەکەمان و چارەنووس و تاقی کردنەوەکەمان هەمووی بەرەو هەڵدێر ببات و هەردوو لا چ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بێ، چ پارتی دیموکراتی کوردستان بێ مردنیان بە چاوی خۆیان بینی و زۆری نەمابوو هەردووکیان پێکەوە بینە هۆی ئەوە ئەو میللەتە بکوژن، لەبەر ئەوە لە هەموو قووڵایی دڵمەوە ئەمن تکا دەکەم، تەمەننا دەکەم هەموومان پێکەوە دەست لەناو دەست بین و نە هێڵین جارێکی تر ئەو کارەساتە دڵتەزێنە رووبداتەوە لە کوردستان دا، با ئێمە بیر لە شتی گەورەتر بکەینەوە، با مەسەلەی حزبی و بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی لەبیر بکەین، باسەیری میللەتەکەمان بکەین، ئەو میللەتەی کە شانازیی پێ دەکەین لە جیهان دا کە راپەڕینی بەهاری ٩١ یان کردە نموونە بۆ راپەڕینی میللەتانی جیهان، لەبەر ئەوە من نامەوێ باسی بارەکە بکەم، باسی رووداوەکان بکەم، چونکە ئەگەر بچینە ناو رووداوەکان رەنگە سەرمان لێ دەرنەچێ و بەبۆچوونی من کەس لە کەس باشتر نەبووە، هەردوو لا وەکویەک بوون، ئەوەی خرووقاتی کردووە لە هەردوو لا بووە، ئەوەی پێشێلی مافی مرۆڤی کردووە لەهەر دوولا بووە، بائێمە هەوڵی چارەسەری بارەکە بە گشتی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیسان تەئکید دەکەینەوە، تکایە قسەکان ترکیز بکرێن لەسەر رووداوەکانی ئەو دوومانگە ورەچاوی دووبارە نەکردنەوەی هەمان بابەت بکەن کە برادەران لە پێشتر باسیان کرد. کاک د. قاسم فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەز موتەئکیدم نە ئەم لە هۆڵی پەرلەمان، نە چ لە ناڤ ئەحزاب دا چ ژ دناڤ میللەتا خوکەسەک خیلاف هەبێت و ئەڤ رووداوە لەناو وولاتی مەرووی دای لە مانگا گولان و حزیرانا، رووداوێکی زۆر خراپ بوو، زەرەرو زیانێکی زۆری گەیاندە میللەتێ مە، ئەز موتەئەکیدم چون عادات و اخلاق وعرفی وەکو کوردەوارێ ی ژمە نەهیلە رووداي، ئەڤ روودانە هەمی سەبەبی هەندێ هەزارا منداڵ بێ باب بمینن، ببتە عیللەتی سەرەکی میللەتی پاک، میللەت مەفرووزە زادی بۆ پەیدا بکات، ئەڤ رووادانە هەنی سەبەبی هەندیک هەتا هەنووکە رێکخراوی ئینسانی هەبێت بەرگری لەمە دکرن وگوتی رژیم لە کوردستان مافی کوردی پێشێل کردن و بەرگری لەمەکر، ئەمرۆکە نەقد وگازاندە دکەن فعلا مە ئەو بکەن ژهی دڵ رەشی و نەخوشیا مەیە. باهەمی بەرێ خۆ بدەینە نەساخیەت نەڤ مەدا پەیدابی وەک کۆلێرا و مەلاریا و تیفۆ و دەرمان و شیشەکی دەرمانێ پەیدا نابی کە

فەقیر کو زاروکێ خۆ پێ ساغ بکات، ئەمە دبینن رۆژانە نزیکی ١٠ــ ١٥ملیۆن دینار مەصرەف دکەین وەکی خۆ بکوژین و خو یناخۆ بریژین، ژبەر هەندێ زۆر زۆر پێ تڤیە هەمی پێکڤەوە هەوڵ و شیـانێ بکەین تەقەلایەک بدەین، رجـایەک بکەین ئەم لە دەرێ، ئەم دەورێ خـۆ ببینین وەکـو ئاسایی کردنەوەیەکی باش ولاتی مە دەسی بکەوی، ئەڤ ئیشی دژانە نەمینێ و بە قەناعەتا من تا پەرلەمان نەبیتە جێی هەندێ مناقەشاتی بی سوود، بەلکو مناقەشەی مەصیری بکەین بۆ رووداوەکانی مانگا (٥ــ ٦)، سوپاس.

**بەڕێز د. عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا رەســـوڵ:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

پێشـتـر ئێـمـە وامـان پێ وترابوو کـە ئەو بەڵگەنامـەی برادەران دوێنێ ئامـادەیان کـردبوو، ئەوە ئەخـوێنرێتـەوە، بتـوانین کورتی بکەینەوە و فـراوانتری بکەینەوە، بەو گـیـانەش قـسـە بکەین کـە گـیـانەکـە گـیـانی برایی و تەبایی و بەرەو ئاسـوودەیی چوونە، بێگومـان دیاردەیەکی چاکـە کـە ئەندامـانی پەرلەمـان پاش ئەم هەمـوو کـارەسـاتە وئەم خـوێن رشتن و ئەم هەمـوو خـوێنە بە ناهەق رشتنە، ئەم هەمـوو خەرقە لە یاسا لەلایەن هەمووانەوە، بتوانن یەکتری ببینن و قسە بکەن، برینە کـە ئێـمەی بەو جۆرە نەگـرتبـێـتـەوە و روومـان نەبێ یەکـتری ببـینین، ئەو گـیـانە ئەبێ پەرەی پێ بسێنین، بەو گیانە دەبێ قسە بکەین، قسەش وا دەزانم رەنگە ئێستـا کە جێی خوتبەدانی سەر مـینبـەری، چ مـینبـەری مزگـەوت بێ، چ مـینبـەری کـۆبوونەوەی حزبەکـان بێ، ئەو قـسـانە نەبن، بەڵکو با چوار قسە بکەین کە سوودی هەبێ بۆ ئیشەکانمان ئەگینا دەتوانین پێشبرکێی یەکتری بکەیـن لە خوتبەدان. من هی وام دیوە کە دەستی لە خوێن دا بووە لەم کـارەسـاتە، رووی دەکـردە ئێمە کە خەتای پەرلەمانە، پەرلەمان بریاری نەداوە، هیچی نەکردووە، ئەو بەرگرییە لە پەرلەمـان رەنگە لە جێی خۆیدا بێ. لە لایەکی ترەوە لە جێی خـۆیدا نەبێ زوڵـمەکە لە پەرلەمـان وا ئەکـرا، وەکـو ئەمە خەتای ئێـمە بووبێ، تا ئێـسـتـا پەرلەمـان بەو جۆرە دەزگـایە هـیـچ جۆرە دەسـەڵاتی نەبێ، بەڵام بە داخـەوە وەکـو برادەران وتـیـان حزبەکـان پەرلەمـانیـان وا لێ کـرد، کـە خـەڵکی وا هەبێ لە دەرەوە بڵێ ئەندامـانی پەرلەمـان قـەرەقـۆزن!! هی وام دیوە لە کـۆبوونەوە قـسـەی کـردووە هی پەرلەمـان وا ئەزانم کـەم و کـووڕیی لەم (١٠٥) کەسـە لە (٩٠٪) بەڕای مـن لە رووی گـەشی ئەم کـۆمـەڵە هەڵبـژێراون، کـەسـانی وا هێنراون کـە لە کـۆمـەڵ دا ناسـراون، دەنگیـان هەبوو، زۆربەی رابووردووی تێکۆشـانی هەیە، هەمـوو جـۆرە تێکۆشانێـک، بەڵام کـە هیـچ دەسـەڵاتی نـەدرێتێ بڵێ چی؟ کەم و کووڕیی یەکە لەوەدانە بوو، بەڵام ئەوەی کەوا لە مەودوا دەمانەوێ، دەبێ بڵێین ئەوەی رۆیشت رۆیشت، من لام وایە دیسانەوە لە کاتی برایەتی و یەکگرتنەوە، چ لەناو کۆمەڵ دا بێت، چ لە ناو حزبەکـان دا بێت، چ لەناو هەر شوێنێـک دا بێت ماوەی رازو گلەیی و یەکـتری تـاوانبـار کردن نەدەین، بەڵام وابزانم ئەگەر بە خۆمان دا نەچینەوە، هەر حزبە لەم مەسەلەدا رۆڵی خۆی، کەم و کووڕیی خۆی، پێشێل کردنی خۆی چارەسەر نەکات وا ئـەزانم ناگەینە ئەنجامێک، ئەگەر واش

نەبێ ئێستا بەداخەوە. لێرە دا هەندێ برادەر قسە دەکەن کە بچینە دەرەوەی هۆڵی پەرلەمان، بە جۆرێکی کە قسە بکەن، لێرەدا ئەڵێین خەتای هەردوو لایە، هەردوو لا پێشێل کردنیان هەبووە، هەر دوو لا دەستیان پێ کردووە گرنگ ئەوەیە ئێمە برایانە ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تۆمـــــــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســــــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

من لە قسەکانی کاک د.عیزەدین تێبینیم هەیە، بۆ د.عیزەدین کە ئامۆژگاری ئێمە بکا، یان ئیستجوابمان بکات، ئایا لەناو کۆبوونەوەی حزبەکانی خۆیان وایان گوتووە یان وایان نەگوتووە، ئێمە ئازادین لەهەر شوێنێک بەو شێوەیە قسە دەکەین کە خۆمان بڕوامان پێیەتی، ئێستا ئێمە پابەندیمان هەبوو، چواردە لە برادەرانی ئێمە و چواردە لە برادەرانی ئەوان دانیشتبوین و لەسەر چوارچێوەی قسە کردنەکە ڕێککەوتووین ئەگەر نا ئێستا با ناوی خوای لێ بێنین، من و کاک د.عیزەدین هەرچی هەیە با بڵێین، چۆن قسەمان کردووە با دووبارەی بکەینەوە، ئێستاش من تەئکید دەکەم وملتزمم وڕێککەوتووین لەگەڵ برادەرانی لیستی سەوز کە چوارچێوەیەک هەیە و لە چوارچێوەیە دەرنەچین، ئەگەر د.عیزەدین پێی خۆشە دەربچین با دەربچین، سوپاس.

**بەڕێز جـــــــــەمـــــــــیل عـــــــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســــــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

دی چوارچێوەی داهاتی چاک کردنا سەروبەرێ ئابووری و تەناهیا لەهەرێمی کوردستانی ئەو چوارچێوەی و وی دیمەنێ نەنووسری لە پێش چاڤا. جێی داخیە ئەز وەزارەتی پێشمەرگە و بەرەڤانیا میللەتی کورد و کوردستانێ هاتبوونە دەنگ هاتن دەل بە کاروبارێ بەرەڤانیاکوردو کوردستانێ ڕانەبیا، بۆ نموونە: دەمی بوهارا پار مەفرەزەی ڕژێما بەعس هێرش هێنانە سەر گوندی عەوینە و دەورو پشتی و ژێتر ل(٢٠) هاولاتیا کوشتن و بریندار کرن، بێ ئەڤ وەزارەتی پێشمەرگە بەرە ڤانیا بکات، پەرلەمانی بەڕێز داخازا وەزیری پێشمەرگە کرد وەکو بێتە عەوێنەو دەورپشتی؟ جەنابی وەزیری چ کرد لەبارەی ڕووداوی گوندی عەوێنەو دەروپشتی؟ جەنابی وەزیری پێشمەرگە بە سالاها گوتی: ئەو لە هێلی بەرگری شارستانی بوو، بەلێ جێی داخە بۆ ئێمە ئاشکرابوو وەکو ئەڤ وەزارەتا پێشمەرگە بەرەنگێکی حزبایەتی کار دەکات و کوروکچا میللەتی کورد دەکوژرێن یان دەگیرین ولە زیندان دادەنرێن، تایبەتی لە هەردوو هەیڤی مایس و حوزەیرانی ١٩٩٤ و پێشیش لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٣ کە چی ئەڤ وەزارەتا چی نەکرد، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن:**

ئەو چوارچێوەیەی کە دیاری کراوە لەناو وتووێژ پەیڕەو بکرێت تکایە.

**بەڕێز جـــــــــەمـــــــــیل عـــــــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســــــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

سەرو بەری ئابووری ولات زۆر خراپە بەڕای من لەسەدا ملیۆنی ژ کاری هەرێما کوردستانێ بۆ

چەکی و بۆ جبەخانەی بۆ وەزارەتا بیتە کرین. زۆر پارە بۆ ئەم وەزارەتە خەرج بووە. بەداخەوە لەم هەردوو مانگانە، مانگی مایس و حوزەیران ئەو خەرج کردن نە بۆ چاک کردنی کوردستان بوو، نە بۆ شەڕ وەستاندن بوو، بەڵکو زیاتر بۆ شەڕ و بەردەوامی شەڕ بوو، هەر بۆ کوشتنی میللەتی کورد بوو بۆیە من پێشنیار دەکەم و لە جێگای ئەو پارەیە بۆ ئەم شەڕانە خەرج بیتن بۆ کرینی کەل وپەلی خواردەمەنی بێتە خەرج کرن و ئەو کەل وپەلی خواردەمەنی بە رێگای پسوولە بێتە دابەش کرن، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین هەر برادەرێک بیرو بۆچوونی خۆی هەبێ لەم پەرلەمانە دەری برێ، بەڵام جێی سەرسوڕمانی منە کە کاک جەمیل ئەو خۆی یەک لەو کەسانە بووە کە لەگەڵ ئەو برادەرانەی ئێمە دانیشتووین. ئێمە زۆر هۆمان هەبوو کە هەمووشیان هۆی مقنع بوون کە ئێمە بە شێوەیەک مەوزووعەکە بخەینە ڕوو کە هەرگیز شتێکی وای تیا نەبێ کە ئەو زامانە بکوڵێنەوە، لەراستیدا ئەوە بە هیچ جۆرێک تەمسیلی رای ئێمە ناکات، ئەگەر روخسەتم بدات بەڕێز کاک فرەنسۆ، کە سەیری بکەی تەمسیلی رای فراکسیۆن ناکات، چونکە ئێمە رێککەوتووین کە هیچ شتێکی وا بەرپا نەکرێ و ئەو خاڵەی کە ئێمە هەمان بوو، لەناو ئەو خاڵانەی کە دانرا بوون، کە ئێمە ئیعادەی نەزەریان تێدا بکەینەوە بەتایبەتی لەو پارانەی کە تەرخان کراون بۆ وەزارەتی پێشمەرگە کە گوایە زیادن، هەتا ئەوەبە پێشنیاری بەڕێز کاکەڕەش بوو کە رای وابوو لامان برد بە رێککەوتنی هەموومان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک عەدنان، ئێستاکە بۆ ماوەی( ٢٠ ) دەقیقە دەحەسێینەوە، ئینجا ئەم وتووێژە تەواو دەکەین، واتە لەسەعات بیستی بوێ بۆ یەک بێینە ژوورەوە. ئەو برادەرانەی ناونووس کراون، وابزانم دواکەس کاک جەمیل بوو، قسەی کرد، دیسان تێبینییەک هەیە، تکایە وەکو تەئکیدمان کرد ئەو بابەتانەی کە برادەران باسیان لێوە کرد هەوڵ بدەن دووبارە نەبنەوە واتە: هەر برادەرێک ئەو بابەتەی برادەرەکەی تر باس کردووە هەوڵ بدات بازیدات بەسەری دا.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستی دا ئێستا ئەم باسەی کەکرا لە هۆڵی پەرلەمان دا هەق بوو زووتر بکرایە، بەڵام بەداخەوە کە نەکراوە ئێمەش وەکو پەرلەمان نە لەم شەڕە دەورێکمان هەبووە لە هەڵگیرساندنی و نەدەورێکمان بووە لە چارەسەر کردنی کێشەکە، بۆیە بەراستی حەق نییە دوور و درێژی بدەینێ بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە، چونکە کە دەورمان نەبووە لە هەڵگیرساندنەکەو، لە چارەسەر کردنەکەی، بەس دەبێ سوپاسی ئەو لایەنانە بکەین کە هەوڵی چارەسەر کردنەکەیان داوە وەکو

کەسێک، ئەو کەسانەی ئەندامانی پەرلەمان کە وەکو کەسێک هەوڵیان داوە، جا بەڕاستی نە هەوڵ بدەین شــتی رابوردوو باس بکەین، بەڵکو هەوڵ بدەین دەوری ئیــجـابی ببــینین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عــــەبدولقــــادر قــــەرەداغی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــومــــــەن.**

بەراستی برادەران زۆر باسی ئەو بابەتەیان کرد، من ئاواتە خوازم کە ئەم دانیشتنە دانیشتنی ئەوە بوایە کە باس لە ئاوەدان کردنەوەی کوردستان بکرایە، باس لە پێشکەوتنی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان چ لە دەرەوەو چ لەناوەوە بکرایە، باسی ئەو کارەساتە دڵتەزێنانە نەکرابان کە لە کـوردسـتـان روویان داوە. بە قەناعـەتی من وەکو کـورد گـوتـەنی ئێـسـتـاش زەرەر لە نیـوەی بگەڕێتەوە، چاکترە هەندێ شتی عەمەلی بکەین بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەم شتانە دووبارە نەبنەوە و، هەولی ئەوە بدەین کە زەمانێک هەبێ کە جارێکی تر شەڕی برا کوژی روونەداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حــــەســــەن عــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــومــــــەن.**

کـێـشـەو کـارەسـاتێک لە کـوردسـتـان روویان دا لە(ئەلف) تا (یای) شکاندنی یاسـا بوو، کارەساتێکە هەمـوومـان کەم و زۆر لەسەری دواین و، ئەمن لێرەدا بەرگری لە خۆم یا لە پەرلەمـان ناکـەم، پەرلەمـان چی کـردووە؟ ئەمن چم کـردووە؟ ئەمن و پەرلەمـانەکـەم بۆ خـاتری مـیللەتەکەم دروست بووین، من بۆ خاتری خۆم نەهاتوومەتە ئێرە، پەرلەمـانیش بۆ خـاتری پەرلەمـان دروست نە بووە، بەڵکو بۆ خاتری میللەت دروست بووە، بەلاّم ئێمە ئێستا بۆ کوێ بچین؟ چی بکەین؟ ئێستا چی بکەین کە میللەتی ئێمە لەحاڵەتی پەشێوی دا دەژی، چ لەترسان چ لە برسان دەبێ چارەیەکی بکەین، بەلای منەوە وەکو پێشنیارێک پێشکەش سەرۆکایەتی پەرلەمانی دەکەم، ئێسـتـا ئەمڕۆ (١٩)ی مـانگی تەمووزە، مـانای وایە (١٢) رۆژمـان مـاوە بۆ کـۆبوونەوە ئیـسـتـثنائیـەکەی کە بڕیاردراوە بیکەین، من پێشنیار دەکەم پرۆژەیەک ئامادە بکەین بۆ نەهێشتنی میلیشیات، چونکە بەرادەی یەکەم بوونەتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕەکە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــومــــــەن:**

تەنیـا یەک تێبنیـمان بۆ کـاک سەید حەسەن هەیە، لەراسـتـیـدا هەر پرۆژەیەک بدرێ بە دەسـتـەی سەرۆکایەتی، لێی دەکۆڵدرێتەوە پاشان دەدرێ یا بە لیژنەکانی پەرلەمان یان ئەو لایەنانەی کە بەپێی یاسا دەستنیشان کراون، هەر چ تێبینییەک هەیە یا هەر پرۆژەیەک هەیە با ئامادە بکرێ، ئەوکاتە ئێمەش ئەیخەینە پێش چاو ئەگەر چ پرۆژەیەکمان بۆ نەیەت بەڕای من ئەوە پێوەندیی بە ئەندامانی پەرلەمانەوە، یا بەو دەزگایەوە کە یاسا دیاری کردووە یاپێڕەوی ناوخۆ دیاری کردووە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم ئەوە نەبوو پرۆژەیەکی یاسا دابنرێ و بکرێت بەیاسا، بەڵکو من مەبەستم ئەوەبوو بەرنامەی کار لە دەسەڵاتی خۆتان دایە خۆتان دایدەنێن و ئەو (١١) خاڵەی کە (٢٨) کەس لە هەردوو فراکسیۆن بڕیاری لەسەر دراوە، لەناو ئەو خاڵانە لەچوار چێوەی ئەو پێکهاتنەیە، دەتوانین ئەو بەرنامەیە دروست بێت ودەست بەکاربین، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا هەر وەختێک ئەوشتە گەیشتە دەستەی سەرۆکایەتی، ئەو یازدە خاڵە، دوازدە خاڵە نازانم چەندە درا بە دەستەی سەرۆکایەتی، دەستە دەیخاتە پێش چاوی ئەندامانی پەلەمان و، بەرنامەی کاریش وەکو جەنابت دەزانی لەسەر بنچینەی ئەو پرۆژانەیە و ئەو پێشنیارانەیە کە دێن بۆ دەستەی سەرۆکایەتی، کاک مەلا تەڵحە فەرموو.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قسەیەی کە دەمویست بیکەم، کردیان، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەوروڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەم ڕووداوانەی کە ڕوویان دا، وەک وەرچەرخانێکی گەورەیە لەمێژوی کورد دا، پێویستی بە هەڵوێست هەیە، بۆ لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە. من لێرەدا قەت نامەوێ بچمە ناو وردە کارەکانەوە، پێویست بە هیچ وردەکاری یەک ناکات. من یەکێک بووم لە ئەندامان لە فراکسیۆنی زەرد لەو چواردە کەسەی کە دوێنێ دانیشتوین بۆ باس کردنی ئەو چوارچێوەیەی کە گفتوگۆ بکرێ ئەو چوارچێوەیە بە چوارچێوەیەکی زۆر پەسەند و گونجاو دەزانم کە دەرگای گفتوگۆ بکاتەوە و ئەوەی کە پێویستە لێی وەربگیرێ وەک بەیانێکی لێ بکرێ و ئەوەی کە پێویستە وەک بڕیاری دەربچێ، با بڕیاری لەسەر بدرێ، بەڵام تەنها یەک شت هەیە حەز دەکەم ئاماژەی بۆ بکەم لەم دەرگایە، ئەویش ئەوەیە میللەتی کورد بەدرێژایی خەباتی خۆی بە درێژایی چەندین ساڵ خەبات ئەوەی کەوا پێویست بێ لەسەرشانی کردوویەتی لە قوربانی دان و لەماڵ وێرانی و لە کیمیاباران، لە گوند ڕووخاندن و لە ئەنفال کردن و هەزاران کارەساتی تر ئەوەی کە لەمیللەت داوا کراوە، میللەت هەموو شتێکی کردووە و میللەت گەورەترین موعجزەشی دروست کردووە لەسەردەمی مێژووی سەردەم کە ئەویش ڕاپەڕینەکە بووە، میللەتیش لەڕیزی دووردرێژ وەستاو دەنگی خۆی لەساڵی ١٩٩٢ دا بەو ئەحزابانە ولە سایەی ئەو دەنگدانەوە و هیمەتی میللەتی کوردەوە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم هاتەکایەوە، بۆیە هەموو ئەو دەستکەوتانەمان لەسایەی قوربانی دانی میللەت و لە سایەی خوێنی شەهیدان بەدی هاتووە، ڕەوانیە بۆ هیچ کەسێک کە حەقی ئەم میللەتە پێشێل

بکات، رەوانییە مافەکانی پێشێل بکرێن و رەوانییە بواری لێ تەسک بکرێتەوە و نەیەڵێ مارەسەی دیموکراتی خۆی بکات لە ژیانی دا. بەراستی دەمەوێ لێرەدا بڵێم هەمووما ن ئەوانەی کەوا حزبایەتیمان کردووە، کردوومانە بۆ کوردایەتی و خزمەتی میللەتەکەمان، بۆ ئەوەمان نەکردووە کە رۆژێک لەرۆژان میللەت ببێتە سوتەمەنی، بۆیە دەبێ زوو چارەسەری ئەم کێشەیە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حسین عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی ئەم ویست بیڵێم هەموو وتران، پێویست ناکات دووبارەی بکەمەوە، بەڵام تەئکید لەسەر یەک شت دەکەمەوە کە تا ئێستا تەنیا برام کاک سیروان و کاک حازم ئاماژەیان بۆ کرد، وەکو لەمێژوو رامان گەیاند ئەو بەڵگەنامەیە لە رۆژنامەی پەرلەمان دا بڵاوکرایەوە و تەئکید لەسەر ئەو پێشنیارە ئەکەمەوە کە ئەوەی ئێستا لەلایەن برادەران وتران مەبدەئە بنەڕەتییەکان کە دەرکەوتن هەموو لەسەری رێککەوتووین وەک مەحکوم کردنی شەڕی برا کوژی و حەرام کردنی شەڕی برا کوژی، مەحکووم کردنی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ، ئیدانە کردنی دەست درێژی کە کرایە سەر گەلی کوردستان تەئکید کردنەوە لەسەر دیموکراتیەت.. هەتا دوایی ئەوشتانەی کە باس کران وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی دابرشترین، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەڤاڵانی بەڕێز، زۆر قسەی بەنرخ و بەهادار کران، لێرەدا بە باشی دەزانم رێزو سوپاس بۆ ئەو نیشتمان پەروەرەو رێکخستنە مهەنییەکان و رێکخراوی جەماوەری و کەسی کۆمەڵایەتی و زانایانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی بکەم کە هەڵوێستیان هەبوو بەرامبەر بەو براکوژییە ودەنگی خۆیان بلند کردووە دژی ئەو خۆکوشتنە. هەروەها وەکو لایەنی (INC) (واطرافی دەولی) و هیواداربن ئەو دانیشتنە سەرەتاییێک بێت بۆ قۆناغێکی تازە، پۆ چارەسەرکردنی ئەو بارە نارەوایە و چەسپاندنی حوکمی یاسا، سوپاس

**بەڕێز مستەفا قادر مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من نامەوێ قسەکانی برادەران دووبارە بکەمەوە دەربارەی ڕووداوەکانی مانگی (٥-٦)، بەڵام ئەوەی دەمەوێ لیرەدا باسی بکەم ئەوەیە کە کێشەو ڕووداوەکان تا ئێستاش درێژەی خۆیان هەیە. بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من نامەوێ دووبارەی قسەکانی پێشوو بکەمەوە، بەڵکو ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە ڕووداوەکان تا ئێستاش درێژەی خۆیان هەیە و وەکو خۆشتان دەزانن کێشەکان هەر بەو شێوەیە هاتووە و لە مانگی پێنجەوە لە ناوچەیەکەوە گوێزراوەتەوە بۆ ناوچەیەکی تر ورێککەوتنیش هەبووە لە نێوان هەردوو حزب دا و زۆر جار لیژنەش پێکهێنراوە و غرفەی

عەمەلیاتیش هەبووە، بەڵام کێشەکەش هەر درێژەیان هەبووە دەمانەوێ ئەم کێشە زوو چارەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەڕاستیدا بۆ دەوری پەرلەمان بەرامبەر بە ڕووداوەکان، ئێوە ئەندامانی پەرلەمانن و، لێرە سەرۆکی هەردوو حزب بەراشکاوی بەرامبەر بە ئێوە و بەرای گشتی روونیان کردەوە کە ئەندامانی پەرلەمان ئازادن لە گفتوگۆ کردنی ئەو بابەتانەی کە ئەیانەوێ لە هەموو وەختێک دا لێیانەوە بدوێن. ئێمە لە تازە بابەت دا بڕگەیەکمان لەبەرنامەی کاردا خستەڕوو، کە دەتوانرێ لەڕێگەی فراکسیۆنەکانەوە هەر پێشنیارێک بخرێتە ژێر باس و لێکۆڵینەوە، یا ئەو خاڵانەی تری کە پێڕەوی ناوخۆ بواری داوە بە ئەندامانی پەرلەمان بۆ باس کردنی بۆ هەر کێشەیەک، وەکو دەستەی سەرۆکایەتی هیواداریـن کە ئەندامانی پەرلەمان لەو بوارە درێغی نەکەن، هەوڵ بدەن ئەوەی پێویستە زوو بێتە دەست، بۆ چارەسەرکردنی هەر ڕووداوێک کەپێوەندیی بە دەستەڵات و ئەرکی پەرلەمانەوە هەیە.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی پیرۆزبایی سەرکەوتن لەو کۆبوونەوەیە دەکەم، چونکە بۆ باسی ڕووداوەکانی هەردوو مانگی رابووردوو بەستراوە و بە هیوام شنەی شەماڵی کۆبوونەوەکەتان ئاسمانی هەرێمی کوردستان پاک بکاتەوە یا هەر نەبێت درزێک بەم تەم و غەمەی ئاسمانەکە بدات، بە هیوام وایە خوا بیکاتە لەناو چوونی فیتنە و ئاشووب و برسیەتی و قات و قڕی و لەناو ئەم گەلە ستەمدیدەیە هەڵگرێ و گەلی کورد لەم هەرێمە دڵنیابێ لەگیان و ماڵ و حەیا وحورمەت وناموسی خۆی و ڕێگا بدرێ کورد هەڵسێ بە جێبەجێ کردنی ئەرکی سەرشانی خۆی و نان وهێمنی مسۆگەر بکات بۆ گەل و ئاشتی و ئازادی وژیانی ئاسایی بۆ هەمووان دابین بکات، دیارە ئەوەش مزگێنییە بۆ کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا و زەربەیەک دەبێ بە دوژمن دەکەوێ. بەڵام بە داخەوە کورد دۆستی زۆر کەمە، من نامەوێ وەکو کەوی بەفرە رۆژێ ماندوو سربکەوینە ژێر بەفرا. وابزانین کەس چاوی لێمان نییە گەلی کورد لەم پارچە کوردستانە بۆ یەکەم جار سوڵتەی بەدەستەوەیە، بەڵام بەداخەوە وەک ئەم چیرۆکەمان لێ بەسەر هات کە دەڵێت پیاوێکی گەورە لەبیابان پەزێکی لەدەمی گورک سەندەوە، بەڵام ئێوارە چەقۆی هێنا بە ملی دا، گیانی پەز هاتە زمانێ و گوتی: لێت بەزیاد بێ لەدەمی گورگت ڕزگار کردم، کەچی خۆت بوویتە گورگم!! بەداخەوە، خەم و ترس ودڵە ڕاوکێی ئەو دوو مانگەی شەڕی براکوژی و، خۆکوژی کارەساتێکی ناهەموارو گەلێک خراپی بەسەر گەلی کورد هێناو لەنیو سەدەی رابوردوودا دوژمن ئەوەی بە کورد نەکردووە یاخود لە خەیاڵی دا بووە بیکات، واکورد خۆی بەخۆی کردو، لە هەموو داخێک گەورەتر ئەوەیە، دوژمن جاران بەناحەق ئەم میللەتەی دەخنکاند، کەچی بەداخەوە کورد لە کاتێک کە

دەسەلاتی گرتە دەست و دەستکەوتێکی زۆری کەوتە دەست، کەچی خۆی دەخنکێنێ، بەهۆی بیری تەسکی حزبایەتییەوە، هیوادارم زوو ئەم کێشە بنبڕ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا، ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە و ئازادن لەناو هۆڵی پەرلەمان چ باس دەکەن، مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بسم الله الرحمن الرحیم،**

(یا أیها الناس أتقوا الله وقولوا قولاً سدیداً یصلح لکم أعمالکم ویغفر لکم ذنوبکم) «صدق الله العظیم».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برایانی بەڕێز، دیارە کارەساتەکان هەریەکەو باسی کردووە و هەر لایەنەش بە جۆرێک باسی کردووە، بەلام بەڕاستی من بە کارەساتەکە، بەزیندە بەچاڵ کردنی مەسەلەی کورد دەزانم هەروەکو ئەو کچە عەرەبانەی لەزەمانی جاهلیەت چۆن صحابیەک خۆی ئەیگێڕێتەوە و، دەڵێ: کاتی خۆی کە من کچەکەم زیندە بەچاڵ دەکرد، چاڵم بۆ هەڵکەند، لەبەر ئەوەی کە نەڵێن: کچی فلان کەس شووی کردووە، گیانی ببوو بە خۆڵەوە کچەکە گیانی ئەتەکاند، بۆ ئەوەی بەخۆڵ نەبێ، منیش چاڵم بۆ هەڵ ئەکەند!! بۆیە ئەمە تاسەیەکە کە لەجاهلیەتەوە تەجرووبەی میللەتەکەمان و ئەو کچە هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ ئەو کارەساتە، ئەوە بەڕاستی زیندە بە چاڵ کردنی میللەتی کوردە، زیندە بەچاڵ کردنی ئاوات و ئامانجی کورد بوو (الحمد لله) توانرا بەهۆی خەڵکی دڵسۆزەوە بە هۆی خەڵکی شۆڕشگێڕەوە بە هۆی ئەو ڕێکخراوە توانرا دەورێکی باش بگێڕدرێ و حەز دەکەم لە پێش جەنابیشتان دا بڵێم کە باسی تاکە ڕێکخراوی یەکێتی زانایان بکەم کە بەو پەڕی توانایەوە دەورێکی کاریگەریان تێدا بینی، توانیان لە سەیتەرەکان وەکو پۆلیس بوەستن بۆ ئەوەی خروقات کەم بن و لەگەڵێک جێگەشەوە دەست نرا بە روومانەوە، مامۆستامان بووە، نووکە ئاربیجیشی بەرکەوتووە لە ناو بژی کردناو، هێشتا هەر دووا نەکەوتووین و ئەوە سەربەرزیی و شانازییەکی گەورەیە، زانا ئایینییەکان لەم رۆژەدا بەم جۆرە بە پەرۆش بن، بۆ ئەوەی ئەم تاقی کردنەوە پیرۆزە لەدەست نەچێ، سوپاس.

**بەڕێز فازڵ رەئووف سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی منیش هەموویان کران، بەلام دوو پێشنیارم هەیە یەکیان ئەوەیە کە ئێمە ئەو باسانەی کە کردمانن لەبارەی ڕووداوەکانی مانگی (٥ـ٦) تاکو (٣٠)ی (٦)، بەڕێزان کاک مەسعوود و مام جەلال، تەشریفیان هێنایە ئێرە، لەگەڵ میوانەکانی تردا، جێگەی دڵخۆشی میللەتەکەمان بوو، بەلام هەر لە (٦/٣٠) بە دواوە تاکو ئەمڕۆکە (٧/١٩) ئەوا مانگێکی کەش تەواو دەکەین، بەڕاستی

هەر ڕووداوی یەک لەدوای یەک کارەساتی گەورەی شەڕو کوشتن و گرتن و هەموو شتێک ئەبیستن و بیستوومانە جا من لێرەدا داوام ئەوەیە هەروەکو جەنابی مامۆستا و برادەرانی کەش ئاماژەیان بۆ کرد کە بتوانین لەرێگەی پەرلەمانەوە داوا لە بەرێزان کاک مەسعوود و مام جەلال و هەردوو مەکتەبی سیاسی بکەین کە بتوانرێ بەپەلە بیرێک لەو کێشانە بکرێتەوە و زوو تەواو بێت هەرچەندە ئێستا لەوانەیە بلێین لیژنە هەنە، لیژنە بەرێوەیە، بەلام بەداخەوە لیژنەکان کوان؟ ئەوا نزیکی مانگێکە هیچ هەنگاوێکی پێویستی بۆ نەنراوە، خەلکەکە زۆری بلاوە، خەلکەکە دەربەدەرە، ئینجا دەبێ بەیەک دەنگ شەڕی براکوژی مەحکووم بکەین وتەحریمی بکەین، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە ئەو برادەرانەی کە ویستیان لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن تەواو بوون، هیوادارین ئەو پێشنیارانەی کە کران هەوڵ بدرێ چ وەکو پرۆژە بێت، چ وەکو بریار و وەکو هەلوێست بێت شتێکی وابکەین کە لە ئاستی ئەو داخوازییانە بێت کە ئەندامانی پەرلەمان دەیانەوێ وخەلکیش چاوەڕێی دەکەن بۆ ئەمەش پێشنیارێک هەیە کە لیژنەیەک دەست نیشان بکەین بۆ صیاغەی کۆتایی ئەوە، یا بۆ دارشتنی ئەو بۆچوونانەی کە لێرە هەندێکی باس کران و بەروونی پێشنیار کران و هەندێکی تری ئەو برادەرانەی کە لە هەردوو فراکسیۆن چەند دانیشتنێکیان کردووە پێش ئێستاکە وشتێکیان گەلالە کردووە وەک بابلێین نیمچە پرۆژەیەک ئەگەر ناوی لێ بنێین، دانیشین و ئەوشتانە چ ئەوانەی کەلەوێ هاتوون وچ ئەوانەشی کە لێرە پێشنیار کراون هەمووی بەشێوەیەک دابرێژین و بکرێ بە پرۆژەیەک وبخرێتە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان.

**بەرێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی وتەی مەلا تاهیر وا کاری لەمن کرد کەوا نۆرەی من هات، وتەکەی من بەرامبەر وی زۆر لاواز دەبێت، بەس هەرچەندە منیش خۆم ئامادە کردووە بۆمەسەلەی ئاسایی کردنەوە، دەمەوێ قسە بکەم، ئاسایی کردنەوە وەزع چەند هەنگاوی باشی بۆ هاوێژراوە، ئێمە وەکو نوێنەرانی ئەم خەلکە دەبێ دەنگمان بۆ ئاشتی و هێمنی بەرزکەینەوە و لەسەر ئاستی مەسئولیەتی خۆمان بمێنین ودەبێ ئێمە پشتگیری ئاسایی کردنەوە بکەین و بیچەسپێنین وتەئکیدی لەسەر بکەین تاکو بەزووترین کات هەموو رێککەوتننامەیەک جێبەجێ بکرێن، وەکو گەڕانەوەی (مەقەڕات)ی حزبەکان لە هەموو شارەکانی کوردستان، گەڕانەوەی فەرمانبەران، ئەوانەی لەئیش وکاری خۆیان لابراون و ئەوانەی تازە دامەزراون لە شوێنیان لابدرێنەوە و، وەزع بە پەلە بگەڕێتەوە سەر دۆخی جارانی وەکو سەرەتای مانگی(٥)، سوپاس.

**بەرێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم نەک ئێستا من خالێکم هەبوو کە سەرۆکایەتی پەرلەمان داوای لە ئەنجوومەنی وەزیران

بکردایە، ئەوانیش راپۆرتێکی دوورو درێژ لەسەر بارەکە پێشکەش بە پەرلەمانیان بکردایە و ئێمەش قسەمان لەسەر بکردایە، بەلاّم ئێستا ئەو خالاّنەی کە هەن و پێشکەش کراون، نەک لە ئێستاوە بەبۆچوونی من لیژنە پێک بێنین بۆ دارشتنیان، گەر خالّ بە خالّ باس کرابایە لەوانەبوو برادەرێک دەسکاریی هەندێ پێشنیاری بکردایەو، زیاتر دەولّەمەندی بکردایە و ئەگەر خالّەکانیش خرابانە روو هەر یەک دوو کەس یا سێ کەس قسەیان لەسەر بکردایەو، مەرج نییە هەموو قسەیان لەسەر هەموو خالّەکان بکردایە و پێم وایە باشتر دەبوون و، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم پێویست بە دروست کردنی کۆمیتەیەک ناکات، بەرەو رووی سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان بکاتەوە، ئەوان خۆیان جێبەجێی دەکەن و ئەو پێشنیارەی کەوا کاک فرەنسۆ کردی کە بخرێتە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان با بکەوێتە سبەینێ، پاش ئەوەی کە ئەوان دانیشتن و باشی دایان رشت، بێگومان ئەو کاتە بەند بە بەند دەخوێنرێتەوە وقسەی لەسەر دەکرێ و ئەوەی کە پێویست دەکات بۆ مەسەلەی تاقی کردنەوەکان کە لەتازە بابەت دا ئێمە پێشنیارمان کرد، تکایە داوای لیژنەکە بکرێ ئەگەر بۆ سبەینێش لەتوانادا نییە، بابۆ رۆژێکی تر بێ، چونکە ئەو قسەو باسە پێویستە کاری تێدا بکرێ، کە ئەو لیژنەیەی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە لێرە ئامادەبن بۆ ئەوەی ئەوانیش لەسەرنج و تێبینی و بیروراکانی ئێمە ئاگاداربن، سوپاس.

**بەرێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرێزان. لەبارەی ئەو بەرنامەی کارە، ئێستاش دەتوانم بلّێم کە وەکو رەشنووسێک وایە، ئەگەر بکرێ ئێمە بیکەین بەکوردی و باچاپ بکرێ بە کوردی وبە عەرەبی و ئەمرۆکە ئامادە بکرێ بۆ ئەوەی بەیانی دابەش بکرێت بەسەر ئەندامانی پەرلەمان، ئەوانیش پێش ئەوەی بچنە دانیشتنەوە فکرەیەکی تەواویان هەبێ لەسەر هەموو خالّەکان هەروەکو بەرێز کاک فرەنسۆش باسی کرد، لەوانەیە زۆر شت هەیە دەولّەمەند بکرێ، زۆر شت هەیە پێویستی بە هەموار کردنەوە بێت و زۆر شتی نوێش لەوانەیە ئێمە ئەو لیژنە سێ کەسییە لە خەیالّماندا نەبووبێ بخەینە سەری، جا من پێم باشە ئەگەر ببێ بە یانی وەکو پێشنیارێک دانیشتنەکە ئێوارە بیت، سوپاس.

**بەرێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قسەکەی من تەبیعی هەمان بۆچوونە لەگەلّ بۆچوونەکەی کاک ئەیاد، بابەتی ئێوارە و سبەینان، ئەوە عائدی خۆتانە، ئەمنیش هەمان رام هەبوو بەو شکلّە باشە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس ئێمە بەیانی بەرنامەمان هەیەو، بریتییە لە دوو خالّ، لەوانەشە ئێستا پەیوەندیی بکەین بە

ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، چونکە دەبێ بەلانی کەمەوە وەزیری پیشەسازی لێرە ئامادەبێت، کە باسی کارەبای دهۆک دەکرێ، ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران خەڵکی تریش بنێرن ئەوە عایدی ئەوانە، بۆ ئەوەی کاک فرەنسۆ پێش سێ رۆژ بوو وانییە بەرنامەی ئەمرۆمان نارد بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و پەیوەندیمان پێوە کردن و قەولیش بوو کاک یونس بێت، بەڵام تۆزێ وەزع نارێک بوو، بۆیە داوای لێبوردنی کرد، چونکە لە ئەنجومەنی وەزیران داوا کرابوو، کاک عەبدوڵلاش بەڵێنی دا ئەگەر شتێک نەیەتە پێشی ئامادە بێ لەم دانیشتنە، بەڵام وا دیارە پڕ ئیش بوون، لەگەڵ ئەوەش دا ئێمە بۆ گفتوگۆی کۆتایی ئەم وەرەقەیە یاخود ئەو شتانەی کە پێشنیار کراون تەئکیدیان لێ دەکەینەوە کە فلان رۆژ، فلان سەعات کۆبوونەوە هەیە ئامادەبن یان شتێکمان بۆ بنێرن بەتەئکید خراپ نییە، ئێمە رۆژی پێنج شەم دادەنیشین و ئەو بابەتانە گفتوگۆیەکی تێرو تەسەلیان لەسەر دەکەین و پاشان چ بڕیارێکی لەسەر دەدەن بوار هەیە یان ئەگەر بە بەبەرژەوەندتان زانی بیخەینە ئێوارەکەو بە هەردوو حاڵەت ئەشێ و ئێوە خۆتان بڕیاری لەسەر بدەن.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بەڵگەنامەیەی کە هەندێ لە برادەران وتیان وەکو راگەیاندنی فیدرالیەت بێ، بەڵگەنامەیەکی زۆر زۆر گرنگە، پێویستە بیر لەوە نەکەینەوە کە زۆر بەپەلە بێت، بەڕاستی دەبێ بە تێر وتەسەلی باسی لێ بکرێ وئیزافاتی لەسەر بکرێ ومن ئێستاکە مسوەدەکەم لەبەر دەست دایە، دەبێ شتی دیکەی بخرێتە سەرو، زۆر بەتێرو تەسەلی، باسی بکرێ، چونکە بەیانێکی زۆر مێژوویی یە لە پەرلەمانەوە دەردەچێ، لەبەر ئەوە ئەگەر وەختی زیاتر بوێ بۆ گفتوگۆ و چ بۆ داڕشتنی ئەو پرۆژەیە یا بە ئەندامان دەبێ زۆر پەلەی لێ نەکرێ و کاتیشمان هەیە بۆ ئەوە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پێشنیارانەی تریش کە برادەران کردیان حەقە ئەو برادەرانەی کە بەرپرسیارن لەداڕشتنی ئەم بابەتە گەیاندنەوەی ئەوانەشیان لە پێش چاو بێت و پێشنیار بکرێ کە پەرلەمان چ بکات وچ نەکات و لیژنەکان بۆچی دروست کراون، بەڕای من ئەوانەش خراپ نین ئەگەر روونییەک هەبێ لە هەردوو فراکسیۆن، ئەوە ئیشی فراکسیۆنەکانە لەراستیدا ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی لەم هەفتەیە و هەفتەی بێتەوە دەست بەکاربن. ئەگەر شتێکتان هەیە لەسەر بەرنامە؟ کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باشە بۆ لەناو پەرلەمان دەوڵەمەند نەکرێ، بۆ لێرە قسەی لەسەر نەکرێ یانی خاڵەکان مەوجوودن وبا لەبەیانییەوە قسەی لەسەر بکرێت و دەوڵەمەند بکرێت، نازانم هەردوو فراکسیۆن دیسان چ دەکەن فراکسیۆن ئامادەیان کردووە، هەر فراکسیۆنێک چواردە کەس بەشداریان تێدا کردووە،

لەوانەیە خەڵکی تر هەبێ بیروبۆچوونی تازەی هەبێ و دەوڵەمەندی بکا و خۆ دەبێ لێرە دەوڵەمەند بکرێ، سوپاس

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئینجا فکرەکە وا بوو کاک فرەنسۆ ئەو فکرەیە لەگەڵ قسەکەی جەنابت خلافی نییە.

**بەڕێز حیکمەت محەمەد کەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لایەنگیری ئەوەم، ئەو وەرەقەی خرایە بەردەمی بەڕێزتان ئەولەویەت هەر بەوە بدرێ لە دانیشتنی سبەینێ دا، هەر ئەمڕۆ تەرتیباتی داڕشتن و تەرجومەی بۆ بکرێ و بدرێ بە لیژنەیەک وکۆتایی پێ بێ و بەیانی درێژەی پێ بدرێ، من لایەنگیریی ئەوەم کە هەموو تەرکیزی ئیشەکانمان لەسەر ئەوەبێ، چونکە بەڕاستی هەم کێشە ماوە لە کوردستان وڕەنگە دەرکردنی ئەو بەیانە بە زووترین کات دەستەبەر بێ بۆ ئەوەی کێشەکان تەشەنە نەکەن و هەم یارمەتیەکی دەرەوە دەدات، ئیتر شتەکان تۆزێ خۆشترو میللەتەکەشمان دڵی خۆشتر دەبێ، بۆیە پێم وابێ ئەمە مەسەلەیەکی زۆرگرنگترە لە مەسەلەکانی دیکە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کاک فرەنسۆ کردی. بەڵام ئەوە زیاد دەکەم و ئەوەی کاک مەلا بەختیار فەرمووی ئێمە ئێستا دانیشین ولیژنەیەک دابنێین و بڕیارەکان دابڕێژین، بەقەناعەتی من ئەوە کارەکە تۆزێ لەنگ دەکات ئەگەر لەناو دانیشتنی پەرلەمان باسی لێوە بکرێت، ئەندامان دەوڵەمەندی بکەن دوای ئەو ڕاستەوخۆ ئێمە بەیانی دوای ئەو لیژنەیەک دابنێین بۆ داڕشتنی و ببێتە شتێکی کۆتایی ئەمە شتێکی باشترە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لەڕاستیدا دوو بۆچوون هەیە، ئەگەر ئیجازە هەبێت بۆ ئەوەی ئەو بابەتە حەسم بکەین دوو پێشنیارمان لە پێش چاوە. دوو پێشنیار هەیە، پێشنیارێک ئەم مسوەدەیەی کە ئێستا کە بە ئێمەیان داوە، وەکو خۆی بخوێنرێتەوە، پاشان گفتوگۆی لەسەر بکرێ لەناو پەرلەمان دا. پێشنیارێکی تریش هەیە کە دەڵێ: ئەم مسوەدەیە لەبەر رووناکی گفتوگۆی ئێستاو ئەو تێبینییانەی کە دێن دەوڵەمەند تر بکرێ.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم دوو پێشنیار هەنە، هەر دووکیان هەر یەک شتن و سەرۆکایەتی هەردوو فراکسیۆن کە دادەنیشن لەوانەیە چاوێکی پێدا دەخشێنن و کەم و زیادەکی دەخەنە سەر، باوەڕناکەم

دەستکارییەکی زۆری بکەن، چونکە وەکو روون کرایەوە لەهەر لایە ۱۰ـ۱۵ کەس دانیشتوون و باسیان کردووە کە گەیشتنە ئەو ئەنجامە، زیاتر من مەبەستم لە پێشنیارەکە ئەوەبوو، باماوەی ئەوە بدەین سبەی بە چاپکراوی و بە تەرجومەکراوی بخرێتە بەردەمی هەموو ئەندامان و لێی بکۆڵرێتەوە تەنیا خوێندنەوەی لە لایەن سەرۆکایەتییەوە بێ ئەوەی ئەندامان دانەیەکیان لەبەردەم دابێ، ئەوە کافی نییە، پێویستە هەر یەک لە ئەندامان دانەی خۆیان پێ بێ بەهەر دوو زمانەکە، ئەو کاتە باسی لێوە بکرێ و دەوڵەمەند بکرێ، ئینجا کە لەسەری رێک کەوتین، بڕیاری لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

ئەمە وەکو شێخ عەدنان فەرمووی، وەک سەرە قەڵەم دانراوە، بەڕێز کاک نەژاد رەنگە هەندێ بۆچوونی تری هەبێ و رەنگە لای خەڵکی تریش بۆچوونی تر هەبێ کەم و زیاد بکرێ لەبەر ئەوە ئێستا چمان هەیە با ئێستا قسەی لەسەر بکەین، ئەگەر پێویستە بێ با هەتا سەعات (٤) دانیشین و هەندێ قسە لەسەر ئەوانە بکەین، ئەگەر ئیش گەیشتە شتێک رێککەوتین ئەوسا ئامادەی بکەن بۆ بەیانی، وەکو مەلا بەختیار وتی: بەیانی بێین دانیشین تا کۆتایی بەوە دێنین، تا بڕیاری لەسەر نەدەین نەچینە سەر بابەتەکانی دیکە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن:**

خۆی کێشەکە ئەوەیە کە ئێستا کە دراوە بە ئەندامانی پەرلەمان وبە سەریان دا دابەش کراوە، یان هێشتا کەس وەری نەگرتووە؟

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

بەڕای من ئەوە بە رەشنووسی دادەنێم و ئەو برادەرانەی کە دانیشتوونە، ئەوە کۆمەڵە ئەفکارێکە، هەندێ برادەر بەشداریی نەکردووە، ئینجا لەبەر ئەوە عادەتەن بەڵگەنامەیەکی وادابەش دەکرێ، من خۆم کۆمەڵە تێبینییەکم هەیە، بۆیە بە پێویستی دەزانم دوای ئەوەی کە رەشنووسەکە دەخرێتەڕوو، دەبێ پێشەکییەکی باشی ببێ، ئینجا دوایی خاڵەکان یەکە یەکە وەربگرین، ئەوەی پەسەندە وەری بگرین و ئەوەی پێویستی بە خستنە سەرە بیخرێتە سەر، بەڕای من ئەگەر دابەشیش بکرێ مسوەدەکە باشترە تاکو بەیانی گفتوگۆی لەسەر بکەین دوای ئەوە ئەگەر پێویست بوو لیژنەیەک دروست ببێ بۆ داڕشتنی بە شێوەیەکی کۆتایی. لەگەڵ رێزو سوپاسم دا.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

حەز دەکەم ئەو پرسیارە بکەم، دوو مانگ ونیوە پەرلەمان غائیبە هیچ شتێکی دەر نەکردووە، نازانم ئەو پەلەپەلەی بۆ چییە؟ یانی رۆژێک دوابخرێت تا بە تێرو تەسەلی شتەکە دەربچێ، هیچ

شتێک دەگۆڕێ؟ ئەگەر بەیانی بەپەلە بەیانێک دەربکەین؟ وەکو هەموو ڕووداوەکان ڕادەوەستین، ئیتر شتەکان دەگەڕێنەوە وەکو مانگی (٥و٦) ئەگەر حەز دەکەن با هەر لە ئێستەوە تاکو بە بەیانی گفتوگۆ بکەین، بەڵام ئەگەر بەیانی بیکەن یان دووبەیانی بیکەن و (٢٤) سەعاتی تر دوابکەوێ چ دەبێ؟ ئێمە وادوو مانگ دەبێ قسەمان نەکردووە با (٢٤) سەعاتی تریش پرۆژەکەمان دوابکەوی، بەڵام ڕێک و پێکتر دەربچێت، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو جەنابت ئاگادارە، زۆر گفتوگۆ لەسەر ئەمە هاتە کرنێ، لەوانەیە دوو سێ جارە گفتوگۆی وان مسوەدە هاتە کرنێ هەتا اتفاق هاتە کرنێ لەسەری لەوانەیە نەک (٢٨) کەس، بەڵکو زیاتر گفتوگۆی لەسەرکردووە وسەرنجی ڕاکێشاوە، ئەگەر پێویست بوو ئامادەین هەفتەیەکی ترگفتوگۆ بکەین و بەردەوام دەوڵەمەندی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئێستا ناردوومانەوە، لەڕاستیدا پێش ئەوەی ئەندامان بڕۆنەوە باسەرو نسخە وەرگرن، ئێمە سبەینێ ئەم بەرنامەی کارمان بەردەوامە، چونکە هیچ خاڵێکمان تەواو نەکردووە و، بەردەوام دەبین لەسەر ئەم بابەتە و ئەو ڕەشنوسانەی کە کۆمەڵێک بیرو بۆچوونن وەکو ڕەشنووسێک تەماشا بکرێ پاشان ئەگەر سبەی یەکێک تێبینی هەبوو لەسەر ئەم خاڵانە بخرێتە سەریان، ئەو کاتە لیژنەیەکی داڕشتنی بۆ دروست دەکرێ یاخود شتێکی تر دەکرێ و بڕیاری لەسەر دەدەین. ئەمڕۆ وابەباش دەزانین کە ئێستا سەرو دانە وەربگرن، پاشان سبەی بەردەوام دەبین لەسەر دەوڵەمەندکردنی.

**بەڕێز شالاو عەلی عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم سەیرە هەندێ برادەر بەڕاستی داوای ئەوە دەکەن داڕشتنەکە دەوڵەمەند بکەن. یان نازانم هەر دەستکارییەک بکەن، من بڕوا ناکەم کە ئەو برادەرانە هەقی ئەوەیان نەبێ، ئەگەر دەستکاری بکەن خۆ شتکە دەخوێنرێتەوە ئەگەر لەبەر دەستیش نەبێ بە چاپ کراوی دەتوانین دەوڵەمەندی بکەن، دوای ئەوە شتێکی شاراوە نییە کە هەردوو فراکسیۆن ئاگایان لەوە بووە کە کۆبوونەوەی لەوەو پێش بۆ کراوە و دوای ئەوە فراکسیۆنەکان بۆ خۆیان کۆبوونەوەیان بۆ ئەو مەبەستە کردووە و تێیدا خراوەتەڕوو کە شتێکی وا هەیە و لیژنەکەش کە گوتراوە (١٤)کەس، بەڕاستی (١٤)کەسەکە من وای بۆ دەچم (١٥)کەس بووین و برادەرانی فراکسیۆنی زەرد کەمتر بوون، ئەوە پەیوەندیی بە ژمارەکەوە نەبووە، ئەو برادەرانەی کە حەزیان کردووە دەیانتوانی ئامادەبن و من لەو ڕایەش دا نیم ئەگەر بخوێنرێتەوە بەزووی کارەکە وەکو مەلا بەختیار خستیەڕوو ڕادەپەڕێ من ئەوەم پێ گرنگترە لە مەسەلەی دەوڵەمەند کردنی، هەر کەسێکی دەیەوێ کە دەوڵەمەندی بکات بەڕاستی ئەوە بەخۆی لێرەیە دەتوانێ دەوڵەمەندی بکات، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک شالاو جەنابت تەصەور ناکەی ئەو ئەندامانە دەبێ یەکی دانەیەکیان لەلا بێ و لێرە بخوێنرێتەوە و رای لەسەر بدەن ولە پاش رای دانیش لەسەری، ئینجا بریاری لەسەر بدرێ یان هەروا تەنیا (١٤) کەسەکە یان (٢٨) کەسەکە، ئیتر بەبێ ئەوەی ببێ بەرای پەرلەمان بریاری لەسەر بدرێ یان دەبێ بلاو بکرێتەوەو وتوویژی لەسەر بکرێ ئینجا دەبێ بەرای پەرلەمان پاشی دەنگی لەسەر بدرێ، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ کاک شالاو فەرموو.

**بەڕێز شالاو عەلی عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لایەنگیری قسەکەی کاک نەژاد دەکەم، بەلام بەراستی (٣٠) کەس لەو کۆبوونەوەی دوێنێ بەشدارییان کردووە، ئەزانن چی دارشتن کراوە تا کاک ئەیاد بۆ خۆی (١٥) دانەی تری هێنایە دەرەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر (٣٠-١٥ )کەسیش بین و هەر ئەوەندەشین، بۆ نیوەی ئەوە وەرەقە هەیە ئەگەر ئامادە بکرێ پاشی ئەوەی تری بۆ دابین بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دانیشتنەکەمان تەواو بوو، سبەینێ سەعات (١٠) لێرە کۆ دەبینەوە. پێش ئەوەی برۆن هەریەک یەک دانەی خۆی ببات چونکە ناردوومانە فۆتۆکۆپی دەکەن و سبەینێ دەست پێ دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)

چوارشەممە رێکەوتی ٢٠/٧/١٩٩٤

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٤)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٧/٢٠

***کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٧/٢٠ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (١٤)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ــ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردنی ڕووداوەکانی مانگی (٥)و مانگی (٦)ی ١٩٩٤ لە کوردستاندا.***

***٢ــ باسکردنی کێشەی کارەبای دهۆک.***

***٣ــ تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان وەکو ئاگادارن بەردەوام ئەبین لەسەر گفتوگۆ کردنی ئەو پرۆژەیەی کە دوێنێ دەستمان پێ کرد لەسەر ڕووداوەکانی مانگی (٥ـ٦)، خاڵی دووەم باسکردنی کێشەی کارەبای دهۆکە، سێیەمینیش باسکردنی کێشەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆریای ١٩٩٤ کە ئیلغا کراوەتەوە، بۆ خاڵی «٢و٣» حەزدەکەم وەختێ دابین کەین، چونکە ئێستا جەنابی وەزیری پەروەردە و وەزیری پیشەسازی و وزە هەروەها ئەو لیژنەیەی کە دانراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی دزینی پرسیارەکان ئەوانیش ئاگادار کراون چاوەنواڕی ئێمە ئەکەن کەوا خەبەریکیان پێ بدەین، چونکە ئەبێ کاتی هاتنیان بۆ دابنێین، ئێستا ئەوان بەردەوامن لەسەر کاروباری خۆیان و، تازە بابەتیش ئەگەر خاڵێک هەیە فەرموون.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەممەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارێکم هەیە بۆ تازە بابەت، لەبارەی ئەو ڕووداوەی دوێنی کەلەرێگەی گەڕانەوە لە هەولێرەوە

بۆ سەلاحەدین روویداوە، حەز دەکەم بە کورتی باسێکی ئەم رووداوە بکەین و لەو بارەیەشەوە بڕیارێک بدەین، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وادیارە بەڕێز د.کەمال دەست پێشکەری کرد، من دەمویست هەر ئەو شتە بڵێم، ئەو رووداوەی دوێنێ نیوەڕۆ و دوای نیوەڕۆ روویدا کارێکی زۆر ناڕەوا و نابەجێی و زۆر نارەحەتی کردین، تەقەکردن بوو لەبەڕێز کاک فرەنسۆ و کەسەرۆکی فراکسیۆنی زەردە، داوا دەکەم ئەوە بخرێتە تازە بابەتەوە وبە مەرجێک خاڵی یەکەم بێت نەک لە دوایی، ئەبێ یەکەم خاڵ ئەوە باس بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە بابەتە هەردوو فراکسیۆن داوای باس کردنی دەکەن، دوێنێ کە تەقە لە کاک فرەنسۆکرا، هەروەها دوو ئەندامی تری پەرلەمان کاک ئازاد و کاک فازڵ لەراستیدا تۆزێک وەزعەکە نارێک بوو، حەصانەی پەرلەمانی گوێی پێ نەدرا و، هەروەها کاک ئەرسەلان باییز، وەک ئەندامێکی پەرلەمان، پێش ئەوەی کە لێپرسراوی مەڵبەند بێت لەگەڵ مامۆستا سەعد خەریکی ناوبژی ئەو وەزعە بوون ئەوانیش وابزانم شتیان بەرکەوت، تۆزێ تووشی کێشە بوون، لەبەرئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەم پێشنیارە بخەینە بەرنامەی کارەوە یان نا، ؟کێ لەگەڵ ئەوەیە بخرێتە بەرنامەی کاری ئەمڕۆوە و بکرێتە خاڵی یەکەم؟ تکایە دەست بەرز بکرێتەوە.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، بوو بە خاڵی یەکەم لە موناقەشەکەدا، جا ئێمەش بەش بەحاڵی خۆمان لەدەستەی سەرۆکایەتی بەراستی ناڕەزایی خۆمان پیشان ئەدەین بەرامبەر ئەو مامەڵەیەی کە لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان بەوشێوەیە کراوە و هیوادارین ئەمە چی تر دووپات نەبێتەوە و کارێکی واش بکرێت ئەوانەی کە بوونەتە هۆی ئەو وەزعە بەزووترین کات سزا بدرێن، جا ئێستاکە خاڵی یەکەم ئەو رووداوانەی دوێنێ کە روویان دا دەرحەق بە ئەندامانی پەرلەمان کێ حەز دەکات لەسەر ئەو بابەتە قسە بکات؟ ئەگەر زەحمەت نییە بەناو نووسی کەین. ئەوە چییە بۆ ئافرەتەکان کەس دەست بەرزناکاتەوە؟.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک جوهر تێبینی یەکی هەیە ئەڵێ ئافرەتان کەس دەست بەرز ناکەنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەڕاستیدا ئەوە بۆ تۆمارکردن نییە، بەڵام دوێنێ من حەزم ئەکرد ئەوانیش قسەیان بکردایە، چونکە دوێنێ تەلەفزیۆنێکی دەرەوەش هاتبوو حەزمان ئەکرد ئەوانیش شتێ بڵێن. من پێشنیارێکی گچکەم هەیە تاکو پێش ئەوەی ئەو(١٢) کەسە قسە بکەن و دەست بکەین بە موناقەشە دوای ئەو بابەتە ئێمە ئەتوانین باسی کارەبای دهۆک و تاقی کردنەوەکان بکەین ئەگەر

هاتوو مانعتان نەبێت، ئێمە حەز دەکەین ئەو دوو خاڵە پێش خەین بۆ ئەوەی بینێرین ئەو برادەرانە ولیژنەکەش لە دەوری سەعات (١) ئامادەن.

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

تیرۆر کردن کارێکی ناشارستانی یەو دژی مافی مرۆڤە و پێشێل کردنی مافی مرۆڤە و بەتەئکید ئێمە زۆرەها جار تا ئێستا بەکردەوە نابەس، بە بڕیارو بڕیارمان داوە، مەحکوومی بکەین و ریسوای بکەین، ئەو کارەساتەی دوێنێ روویدا بەقەناعەتی من کارەساتێکی ئاسایی نەبوو، راستە ئێمە ولاتەکەمان لە وەزعێکی نائاساییدا دەژی و هەموو هەوڵ و تەقەللایەکمان بۆ ئەوەیە کە وەزعەکە هێوور بکەینەوە و خەڵکەکە بە ئاسایی و بەرحەتی ژیانی خۆی بباتە سەر (٣) کەس لە برادەرانی فراکسیۆنی زەرد یەکێکیان کاک فەرەنسۆ کە خاوەنی خەباتێکی (٣٠) ساڵەی پێشمەرگایەتی و کوردایەتی یە زۆر بە دڵسۆزی و بەرێکوپێکی لەگەڵ (٢) ئەندامی فراکسیۆنی زەرد کاک ئازاد قەرەداغی و کاک فازڵ رەئووف کە هەردووکیان بەشی خۆیان رەنجێکی زۆریان داوەو زۆریان ئەزیەت کێشاوە لە پێشمەرگاتیان، بۆیە ئەڵێین کارێکی نائاساییە، چونکە کاتێکدا ئێمە هەموو لایەکمان قسەمان لەسەر ئاسایی کردنەوەی باری کوردستان کردەوە، بەڕێز کاک فرەنسۆش لە موقیعی خۆیەوە وەکو سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد و ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی، تەوجیهاتی لەگەڵ ئێمە ئەوەبوو، هەمیشە هەموو نوقتەیەکی ناکۆکی هەوڵ بدەین لاببرێت و برادەرانی ئێمەش لەلیستی سەوز هەر بەو گیانە، ئێمە هەندێک خاڵمان تۆمار کرد، چونکە ئەوانە هەرسێکیان ئەندامی پەرلەمانن و حصانەی پەرلەمانی لە هەموو دەوڵەتێکا پارێزراوە، ئێمە ئەگەر نەتوانین لە نزیکترین خاڵی ناو شارەوە کە خاڵی هاتنە ناو شاری هەولێرە چەند مەترێک دوورە لەبارەگای سەرکردایەتی فەوجی هەولێر کە پێویستە ئاسایشی شارەکە بتوانێ بیپارێزێت نەک چەن کەسێک لە رووداوێکی وا بەدرندانە بدرێنە بەر گوللەو تەقەیان لێ بکرێت یان ئەو دو هەواڵەی تر کاک فازڵ و کاک ئازاد قەرەداغی حیجز بکرێن، لەراستیدا ئێمە دوێنێ باسمان لەوە کرد کە تیرۆر ریسوا بکەین و گیانی خەڵک بپارێزین و گەیشتینە ئەوەی مامۆستا مەلا محەمەدئەمین پێشنیازی کرد کە لیژنەی پەرلەمانی دابنرێت بچینە جێگای شەڕەکان و ئەگەر چی بەکوشتنیش بچین بۆئەوەش ئامادەبین، بەس لەڕاستیدا ئەبێت جێگای نارەزایی و ئیستنکار و ئیدانەی هەموو لایەکمان بێت کە لەمەدخەلی شارەوە ئۆتۆمبیلێکی ناسراو کەسێک کە بنکەی سیاسی خۆی هەیە و سەرۆکی یەکێک لە فراکسیۆنەکانی پەرلەمانەو ئەو برادەرانی تریشمان کە هەردووکیان ئەندامی پەرلەمانن وەکو گوتم رابردووی زۆر پاکیان هەیە ژیانی خۆیان لە پێشمەرگایەتی دا بەسەر بردووە ئێمە هەموو لایەکمان ئیدانەی ئەوە بکەین ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم من داوای ئەوە ئەکەم کەوا لیژنەی تایبەت نەک لە ناو پەرلەماندا بەڵکو داوا لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وزیرانی هەرێمی کوردستان دەکەم کە ئەمر بکات بە وەزارەتی داد لیژنەیەکی

تایبەتمەند دابنێت بۆ ئەو حاڵەتە بۆ ئەوەی لێی بکۆڵینەوە و لیژنەیەکی وانەبیت بکەوێتە رۆتینی ئەم بەرو ئەوبەری مـحـاکم لیـژنەیەکی تایبـەت بێ بۆ کـارێکی تایبـەتی بۆ ئەوەی ئەوانەی ئەو تاوانانەیان ئەنجام داوە سزای خۆیان وەربگرن و ببنە عیبرەت بۆ خەڵکی تر، سوپاس.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ڕاستەیەکەی من نامەوێ بچمە ناو قووڵایی باسەکەوە، چۆن دەستی پێ کردووە و چۆن ڕۆیشتووە، ئەوە بەجێی ئەهێڵم بۆ ئەو برادەرانەی کە لە نزیکەوە ئاگـاداری ڕووداوەکە بوون من حـەز دەکـەم بەناوی فراکسیـۆنی سەوزەوە پێش هەموو شتێک پێناخۆش بوونی خۆمان نیشان بدەین بەرامبەر بەو ڕووداوە لە هەمان کاتیش دا ئێمە پیرۆزبایی لە کاک فرەنسۆ دەکەین کەوا بە ئاسانی رزگاری بوو و خراپتر نەبوو ئەو ڕووداوە، چونکە وەکو ئەزانن لە حاڵەتێکی وا لەوانەبوو ئەنجامی خراپتری هەبێت، لەکاتێکا کە زۆرمان لاناخۆش بوو کە تووشی ئەو ڕووداوە بووە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەبێت پیرۆزبایی لێ بکەین کە ژیانی پارێزرا ڕاستەیەکەی حەزناکەم مەسەلەکە وای لێ بکەین و باس بکرێت وەکـو ئەمرۆ پلانێک بوو‌بێت بۆ کوشتن، واتە هەوڵێکی ئیغتیـال بوو بێت و لەپێش ئەوەی بریار لەسەر بدرێت، هەمـوومـان ئەزانین کـەوا ئەو ڕووداوە بەوشێوەیە نەهاتۆتە پێشـەوە و لەهەموو لایەک خەڵکی گرتۆتەوە وئەوەش ئەبێت ئێمە چاوەڕێی بکەین تاکو ئەو حاڵەتەی نەشەڕە نە ئاشتی واتە هەتاوەکـو چەکداری بمێنێ هەتا میلیشـات بەولاو بەولادا بسـوورێنەوە ئەو جۆرە ڕووداوانە دێنە پێشەوە، واتە مەسەلەکە بەو شێوەیە نییە کە بڕیاری لەسەر دابێت یان ئاراستەی پەرلەمـان و ئەندامێکی پەرلەمـان کرابێت هەر کەسە لەو کاتانە بەو ڕێگەیە تێپەڕبوە تووشی تەق و تۆق بووە و بۆ وێنە ئەڵێم کە ئۆتۆمـبیلی د.ئەحمەد چەلەبی کەلە (I.N.C) هـاتـووە بـۆ ئـارام کردنەوەی وەزعەکە بەتایبەتی ئەو کێشەیەی کەوا لە ناوچەی بەحرکە ڕووی دابوو، ئەویش تووشی ئەوە بوو و تەقەیان لێ کردووە و چوار ئارپیجیان پێوە نابوو خۆش بەختانە کە ئەویش بەسەلامەتی ڕزگـاری بوو، لەگـەڵ ئەوەشا ئێـمـە بەراستـی زۆر بەتوندی ئەو کـارانەی تاوانبـار دەکـەین و داوا ئەکەین کەوا دەست بەجێ دەست بکرێت بە لێکۆڵینەوە و هەموو هەنگاوێکی یاسایی بگیرێت، بۆ سزا دانی تاوانباران، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـــــمـــــەد ســـالار عـــەبدولواحــیـــد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

دوێنێ لەکـاتێک دا کـە ئەو هۆڵە بە هەمـووانەوە بوو بوو بە کـلـۆیەک لە پەرۆشی بۆ ئاشـتی، بۆ سـەرفرازی بۆ دابین کـردنی ژیانێکی ئاسوودەیی، هێـمن و دڵنیـایی بۆ گـەلەکـەمـان، لە کـاتێکا هەمـووی ببوو بە تۆپەڵێک لە رقێکی پیرۆزدا بەرامـبەر دەستی ڕەش و ئاشووب، لەکاتێکا ئەو ڕووداوە کە دوێنێ بووە بەرامبەر بەڕێز کاک فرەنسۆ هەریری و ئەو هەڤاڵانەی تر، ئەو برادەرانەی تری پەرلەمـان ئەمە خۆی لە خۆی دا دەنگێکی بوونی و بەردەوامی ئەو دەسـتە ڕەشـەیە کە ئێـمـە

هەڵپەی لەناوبردنیمانە و ئەمانەویت بنبری کەین لەبەرئەوە دوو بارەی ئەوە ئەکەمەوە کە ناڕەزایی دەربڕین و ، لەهەمان کاتش دا گوناهبار کردنی ئەو دەستە چەپەڵانە کە دەست درێژدەکەن بۆسەر ئەندامانی پەرلەمان و هەمووکەسێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە لەدەست پێ کردنەوەی کاری پەرلەمانەوە هەتاوەکو ئەمڕۆ رۆژانە ئێمە هەموومان باس لەوە دەکەین کە پەرلەمان بکەینەوە بە پەرلەمان و حورمەتی پەرلەمانی بگەڕێتەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمان بکەین بەهێزی سێیەم بەرامبەر هەموو ئەو کێشانەی کە لەم لاو لاوە بۆمان دروست دەکەن بۆ لە دژی ئاسایش، چەسپاندنی یاسا. ئەو رووداوەی دوێنێ کە رووی داوە و دەست درێژی بووە سەر چەند ئەندامێکی پەرلەمان کە برای بەڕێز فرەنسۆ هەریری وەکو «پ.م»ی کۆنی شۆڕشی گەلی کورد، هەروەها سەرۆکی فراکسیۆنی زەردو لەگەڵ کاک ئازاد وکاک فازڵ و کاک ئەرسەلان و کاک مەلا تەها ، کە هەموویان لەدەست درێژی دوێنێ بێ بەش نەبوون، ئێمە زۆر زۆر بەتوندی ئیستنکاری ئەو کردارە نارەوا یە دەکەین و ئەبێت لەم هەڵوێستەدا پەرلەمان ئەندامانی بێ جیاوزایی لە هەر فراکسیۆنێک بن بەبێ جیاوازی بیرو باوەڕ ئیسپاتی ئەندامێتی پەرلەمانی خۆیان بکەن بۆ بەگژا چوونەوەی هەر جۆرە کردارێک لەم قۆناغەوە لەم سەنگەرەوە بتوانین یاسا بچەسپێنین، بتوانین دەستی تەجاوزکار ببڕین، حورمەتی پەرلەمانی بگێڕینەوە بۆ پەرلەمان و بۆ ئەندامانی پەرلەمان، هەرچەندە بەداخێکی زۆرەوە ئەو رووداوە درێژەی رووداوەکانە هەر لە سنوورەوە هەتاکو دەگاتە پایتەختی هەرێم بەڵام بەدڵخۆشیەوە ئەڵێم من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان لەلیستی سەوز کە ئاگادار بم ئەو بابەتە دوێنێ لە نزیکەوە لە بارەگای بەڕێز مام جەلال بووم کە جەنابی کاک جوهر تەلەفۆنی کرد بە هیچ جۆرە بەرنامەیەک ئەوکردارە کە وەکو ئیدعا ئەکرێ بەدەستی تیرۆرستی یا بۆ برای بەڕێز کاک فرەنسۆ بوویێت قەت هیچ جۆرە بەرنامەیەکی وەها لە ئارادا نەبووە و دەست بەجێ هەنگاو نراوە بۆ گرتنی ئەو کەسانەی کەسەر بە یەکیتی نیشتمانیی کوردستان و دەستیان هەبووە لەبەشێکی ئاژاوەکە، ئومێدەوارین برایانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بتوانن ئەو کەسانەی کەلە لایەنی ئەوانەوە بەشەکەی تری ئاڵۆزی ناوچەکەیان تێک داوە و بوون بەهۆی ئەو کێشانەی کە دووبارە ناسۆر بنێنەوە بەدڵی میللەتەکەمانا ئەوانیش لەرێی خۆیانەوە بتوانن ئەو کەسانە موحاسەبە بکەن و بە هەردوو لامان بیان خەینە بەر دادگای شەرعی وەکو کاک عەدنان باسی کرد بۆ ئەوەی بتوانرێ جارێکی تر نەهێڵدرێت دەستی تێکدان بگاتە ناو ریزەکانی هەردوولامان ئاسایشی وڵاتەکەمان تێک بدەن، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە یەکەم جار نییە بڕواش ناکەم دوا جار بێت کە سووکایەتی ئەکرێت بە ئەندامی پەرلەمان و

هەوڵی تیرۆر کردنیان بدرێت ئەوەی جێی داخە کە لەلایەن ئەو کەسانەی دەرەوەی هەردوو حزبەکەوە نین، بەڵکو بەهۆی کەسانی هەردوو حزبەکە، و بەهۆی چەکدارەکانیانەوەیە دیارە بە ئاگاداری لێپرسراویشیانەوە، ئەگینا لە کاتێکی وادا لەرۆژی نیوەڕۆدا بە ئاشکرا لە نزیک شاری هەولێر کارەساتی وا رووداوات بەراستی ئەگەر حاڵی پەرلەمان وا بڕوات رۆژی دێ لە دەرگای پەرلەمان و لەناو حەرەمی پەرلەمان دا دەست درێژیی بکرێت لە ئەندامی پەرلەمان و ئەگەر تا ئێستاش نەکرا بێت، بۆیە داواکارم بێ جیاوازی وەکو تا ئێستاش نەکرا بێت وەکو پەرلەمانتار هەڵوێست وەربگرین و بەتوندی بەگژ ئەو حاڵەتە بزێوە خراپەدا بچین بۆ بەرگری کردن لەپەرلەمان و لە هیبەتی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی بەنسبەت منەوە دوێنێ کە زۆر بەداخەوە ئەو رووداوەم بیست بەنسبەت کاک فرەنسۆ کە خەباتگێڕێکی دێرینە، یەکێکە لەوانەی کە دەورێکی زۆر گەورەشیان هەبوو لەو ماوەی رابردوو کە ئەو شەڕە بکوژێنێتەوە و ئەو رووداوەی کە قەوما چاوەڕوان کراوبوو بەنسبەت ئەوەوە و بەنسبەت منەوە و بەنسبەت زۆر خەباتکارانی تریشەوە لەبەرئەوە من تەنیا ئیستنکاری ئەکەم و ئیدانە ئەکەم ئەبێ زۆر بە روونی بڕیارێکی بەراشکاویی دەربچێ لەو پەرلەمانە لەبەرئەوە، ئەمە یەکەمین رووداو نییە و تەنانەت لەوانەیە رووداوی تریش ببێ ئێمە کۆمەڵێک لە خەباتکاران بووین لە ماڵی سەرۆکی پەرلەمان بووین رۆژی (٢٩) مانگ، (٧ )کەس بووین، هەروەها چەکدارەکان لەناو جادده تەقەیان لێمان کرد و بە رێکەوت نەجاتمان بوو لە کوشتنێکی موحەقەق ئەویش لە ناویان کاک عەدنان نەقشبەندیی بوو کاک حەسەن بوو کۆمەڵێکی تری برادەرانی پەرلەمان بوون، ئینجا لەبەرئەوە بەنسبەت منەوە ئەو رووداوە ئەبێ زوو ببێتە خاڵێک. کاک یۆنادم و زۆر برادەری تریش واتە: من بەسەهو ئەو دوو کەسەم لەبیرچوو، ببوورن برادەرانی تریش بەراستی بە (سەید حەسەن)م گوت، ئینجا بەراستی ئەو رووداوانە دەبێ ئیستنکار بکرێ و ئیدانە بکرێت، بەرای من ئەبێ بڕیارێکی زۆر روون دەربچێ لەم پەرلەمانەوە تاکو جارێکی تر ئەو چەکدارانە، ئەو پێشمەرگانە تەعەروزی پەرلەمانییەکان و کەسانی تر نەکەن، بەنسبەت گرتنی پەرلەمان، من نازانم چۆن ئەو دوو برادەرە عەزیزە کاک ئازاد قەرەداغی و کاک فازڵ رەئووف کە هەویەیان لە گیرفانە، بە چ حەقێ چەکدار ئەتوانێ دای بگرێ و تەحقیقی لەگەڵ دا بکات یان بە چ حەقێک کاک ئەرسەلان کە ئەندامی پەرلەمانە و لێپرسراوی مەڵبەندی یەکێتی یە بچێ بۆ ئەوەی تەکلیف کراوە بۆ ئەوەی کە رادەی دابنێ بۆ شەڕ بچن سەیارەکەی لێ وەربگرن سەعاتێک و سەیارەکەشی نازانن چیان لێ کردووە هەزار شتیان پێ کردووە، هەروەها کەسی تریش بێجگە لەوەو پێشتر خەبات کاری تر ماڵیان تەحەری کردبوو، دەبێ رادەیەک بۆ ئەم تەجاوزانە دابنرێن تاکو دووبار نەبنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قـــاسم مــــحــــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

تیرۆر مودانە لای مرۆڤی ئاشتی خوازەوە، هەر جۆرێک ولە هەر شوێنێک بێت بەتایبەتی لە وڵاتی ئێمە، برادەرانی من کاک عەدنان و، د.کەمال زۆر بەروونی تەعبیریان لەوە کردو من پشتگیریی لە رایەکەیان دەکەم بەتوندی ئیرهابیان مەحکووم دەکەن، ئەگەر هانگاوی خێرا نەهاویشترێ ئەوا بارودۆخەکە پتر ئالۆز دەبێت و، سوپاس.

**بەڕێز حــیکمــەت مــحــەمـــەد کـــەریم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

لەراستی یا من چاوەڕێم ئەکرد هەڤالانی لیستی زەرد چاوەڕوان بن بزانن ئێمە چی دەڵێین لەسەر رووداوەکە ودوای ئەوەی ئەگەر قسەکانی ئێمەیان بەدڵ نەبوو، بڕیارەکانی ئێمەیان بەدڵ نەبوو، ئیدانەکانی ئێمەیان بەدڵ نەبوو، ئەوان چوار بەقەد ئێمە بڵێین، لەگەڵ ئەوەشا پێم خۆشە دوو مەسەلە پێش ئەوەی روونی بکەمەوە، یەکەم تیرۆر، تیرۆر وەکو زانراوە ئەو رووداوە ناگرێتەوە کە دوێنێ روویداوە تیرۆر واتە: ئیغتیالی سیاسی بەعەمدەن بە دەمانچە، بە قومبەلە، بە تۆقین بەژەهر بچی یەکێک هەڵبژێری بیکوژی بەمەبەستێکی سیاسی ئەمە ئەم رووداوەی دوێنێ کە مینێک بووە زیدی تێ بکەوتایە، عوبەیدی تێ بکەوتایە، حەمەی تێ کەوتایە، قالەی تێکەوتایە تەقەی لێ ئەکرا کەمینێکی نا مەسئولانە، کەمینێکی ئەساسی (رد فعل) بڕیاری داوە جگە لەوەی کاک فرەنسۆ کەوتۆتە کەمینەوە و تەقەی لێ کراوە و بریندار کراوە خۆش بەختانە سەلامەت بووە هیوادارین بەزووترین کات چاک بێتەوە، برایان کاک فازڵ و کاک ئازاد قەرداغی گیراون کاک ئەرسەلان کە لێپرسراوی مەڵبەند بووە ئەندامی پەرلەمانە، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە، سەیارەکەی حجز کراوە و ئیهانەی پێ کراوە، مامۆستا مەلا تەها لەو کەسانە بووە کەوتۆتە کەمینەکەوە و تەقەی لێ کراوە و دەربازبووە و پاشە کشەی کردووە لە شتەکە کە ئەندامی پەرلەمانی لیستی سەوزە واتا ئەگەر برۆیشتایە لەوانە بوو ئەمیش وەکو کاک فرەنسۆی لێ هاتبایە یان لەوانە بوو شەهیدیش بکرێت کەواتە کەمینێکی بەعەمدەن دانراون بۆ لیستی زەرد یان بۆ کاک فرەنسۆ یان بۆ هیچ کەسێکی تر نەبووە و رووداوی واش زۆر بووە لەوماوەیەی کە ئێمە زانیومانە کە کارمان لە مەسەلەکان کردووە دووەم سەبارەت بە جەوی دوێنێ پەرلەمان ئەمرۆش و دەبێ سبەینێش هەروابێت پێم وابێ ئێمە دوێنێ لەگەڵ ئێوەش برادەرانی فراکسیۆنی زەرد زۆر حریص بووین کە بەموجەرەدی باس لە گیروگرفتەکان بکەن و بڕیارێک دەربکەین کە پارسەنگی هەموو کەم وکوورییەکان باتەوە، و دەنا دوێنێ گرفتی هەبوو باس بکرێت گرفت هەبوو باسکراوە لەسەر رۆژانە هەموو دەیان کوژراو و برینداری تێدا بووە ئێمە لەبەینی خۆمان وتوومانە، هەرگیز نابێ لەم هۆڵەیە باسی بکەین هەتا رەوتی بەڕێوە چوونی کۆبوونەوەکە نەشڵەژێ و ئیشەکە بەرێکوپێکی بچێ بەرێوە و ئێستاش کە قسە دەکەین لە مەسەلەکە بۆ ئەوەی

رووداوەکە لای ئێوە روون بێت دیسان ئەم رووداوە بە هیچ شتێکی تر نابەسترێتەوە بە مجەرەدی رووداوەکە ئەکرێت، چۆن ئەندامی پەرلەمـان بریندار بووە، ئەندامی پەرلەمـان گیـراوە و بە هیچ شتێکی نابەستینەوە لە کوێ شت روویداوە، لەکوێ هجوم کراوە ئەوە هیچ پەیوەندیی بەو بابەتەوە نییە، نای بەستینە، گرنگ ئەوەیە نەیەڵێن لەمەودوا روو بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا تەها مـــحـــەمـــەد تەها:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

قسـە لەسەر ئەم بابەتە زۆر کراو، بێـزاری زۆر نیشـان درا من نامـەوێ ئەو بێزاری یە دووبارە بکەمـەوە تەبیـعی هەمـوومـان هەربێـزارین و زیاتر ئەوەندەی بۆ خـۆم لە ناو رووداوەکـە بـووم نابێ ئەوەندە بێزاری نیشـان بدەم هەر تەنها رووداوەکەی خۆم روون دەکـەمـەوە ئێـمـە کـەلێـرە لە هۆڵی پەرلەمان دەرچووین سەعات (٥ر٢) رۆیشتین بەرەو جێگای خۆمان رۆیسشتینەوە لەدەواجینەکەی ئەحمەد سمایل تێ پەڕین کە شاوەیس دەردەکەوێت تەقە هەبوو خەڵک زۆر راوەستابوو سەیارەکان لەناو جادە راوەستـا بـوون نەیان دەوێرا برۆن ئێـمـە هەر گـوێمـان نەدایە رۆیشـتین لێـمـان نەپرسین لەوانە، بۆ راوەستاون هەتا گەیشتینە سەیتەرە تەقە لە جادە دەکرا، تەقە زۆر دەکرا لەناو سەیترە دابەزین کـە بپـرسین چونکی ئۆتۆمـبیـلەکانی دیکەش کـەناوبژی کـەربوون ئەویش لەوێندەرێ بوون ئەوانیـش وەسـتـا بوون دابەزین گـوتمـان بابە ئەوە چییـە؟ گـوتیـان وەڵلا لە هەمـوو لایەکـەوە تەقـە دەکرێت تەقە لە ئێمەش کراوە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

مامۆستا سەعدو کاک ئەرسەلان لەوێ بوون؟.

**بەڕێز مـــەلا تەها مـــحـــەمـــەد تەها:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من نایان ناسم کەسیـان ناناسم ئەوان لەوێ بوون بەخۆو بە ئۆتۆمبیلەکەیان راوەستا بوون گـوتیـان تەقە لە ئێمەش دەکرێت حەزیش ناکەین ئێوە زیاتر برۆن، ئێمەش دابەزین تەقە لەبەین پێی ئێمەش کرا لە سەیارەکەش کرا، بەڵام خۆش بەختانە هیچیان بەرنەکەوت گوتیـان وا چاکترە زیاتر نەچنە پێش بگەڕێنەوە ئێمە بەرەو هەولێر گەڕاینەوە لەوە زیاتر کەسیشمان نەدی تەنها تەقەکەیان دەهات و تەقە دەکرا نەمان زانی لەکوێوە تەقە دەکرێت زیاتر تەقەکە لەشاوەیسەوە دەهات، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر زۆر سوپاس وەکو ئەڵێین (الحمد لله) بەسەلامەتی گەڕانەوە.

**بەڕێز جـــــەمـــــیـل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

جێی داخ و برینا بوو شەرو گرتن و کوشتن و دەربەدەرکردنی هەیڤا گولان و خزیرانا بووری لە زۆر لا تەڕوو وشک هاتە سوتاندێ و ناخۆشی و دەست درێژی کرایە سەر مـافی مرۆڤی و سروشتی

کوردەواری و، حەصانە نەما ماڵی ئەندامی پەرلەمانیش کەوتە بەر تالآن، دەبێ کارێکی وابکرێ کە ئەم ڕووداوە خراپانە دووبارە نەبنەوە، سوپاس.

**بەڕێز شـــــالآو عـــــەلی عـــــەبدوڵلا:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

قسەکانی من کران زۆر سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

سوپاس کاک شالآو.

**بەڕێز د. عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا ڕەســـول:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لەگەڵ هەمـوو ئەو شتـانەم کە وترا نامـەوێت دووبارەیان بکەمەوە و نارەزایی توندی خۆم دەردەبڕم بەرامـبـەر بەو تاوانەوە، خـۆش بەخـتـانە خـۆش حـاڵیش دەردەبڕم بەرامـبـەر بەرزگـار بونی برای خۆشەویست کـاک فرەنسـۆ هەریری ئەوەی کە نە وترابێت بەوێ بیلێم ئەوەیە کە ڕاستە کێشەی پەرلەمـان هەر لەیەکـەم ڕۆژە تا ئەمـڕۆ هەمـوو ئەو تاوانانەی کـە کـراوەن بەرامـبـەر بە ئەندامـانی پەرلەمان بەشێکە لەو شتـانە کە لە وڵاتان ڕوودەدات، بەڵام ئێمە وەک ئەمە ئەندامـانی پەرلەمـان بەشێکن لەو شتـانە نـارەوا بەرامبەرمان ئەکرێت، بەڵام یەک دووشت ئەبێ بزانین ئەم پەرلەمـانەی ئێمـە لەگـەڵ هەمـوو کـارە گەورەکانیا، لەگـەڵ ئەو هەمـوو کـارانەی کەکراون لەم دووسـاڵە یا شتی گـەورە کـراوە هەمـوو یاسـایەک دانراوە لەگـەڵ ئەوانەش دا کـۆمـەڵێ کـە لێنیش لەکـارەکـانمان دا، خەریکە ڕێ وشوێنێـک، ئێستـاکە بۆ خۆی دروست دەکـات کەپێی بلێین تەقـالیدی پەرلەمـانی کـوردستـان و یەکێ لەو تەقـالیدانە ئەوەیە کە زۆر گفتـوگۆ و کارمـان بەهێمنی ئەڕوات ئەوەتا پاش ئەو هەمـوو کـارەساتە دوێنێ وتم ئێمـە ئەبینین وەکو خوشک و برا لە نـاوەوە پێکەوە وەک شتێک نەبووبێ و ئەتوانین پێکەوە شتێک بکەین پێکەوە ڕاوێژێـک بەیەکتری بکەین تاکو بتوانین ڕێڕەوی مـێـژووی وڵاتەکـەمـان بەرەوە پێشـەوە بەرین، کەواتە لەو لایەنەوە ولەلایەنی ئەوەوە کە پەرلەمـان وەکو مـاڵی ئێمە وایە ئەندامـانی پەرلەمـان وەکو یەک خێزانمان لێهـاتووە حەقی ئەوەمـان هەیە کە مەسەلەی پەرلەمان جاروبار جیاکەینەوە لەمەسەلەی کە وەکو خاوەن ماڵ بەرگری لەماڵی خۆمان و بەرگـری لە هاوەڵەکـانی خـۆمـان بکەین و ڕەنگە پێش هەندێ شـتـی تریشی بخـەین، هەرلێـرەوە پێـشنیـارم ئەوەیە کـە سـەرۆکـایەتی پەرلەمـان ئەگـەر لیـژنەیەکی هەمـیـشـەیی یان وەختـی سـەر بەسـەرۆکـایەتی نەک سـەربە پەرلەمـانی هەبێت بۆ ئەوەی تـعـقـیـبی هەمـوو ئەو دەست درێژی یانە بکات لەکۆن و لە ئێستادا بەرامبەر بە ئەندامانی پەرلەمان کراون، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

سـوپاس، مـۆڵەت بدەن من یەک دوو ڕوون کـردنەوەم هەیە بە ناوی **دەسـتـەی سـەرۆکـایەتیـەوە**، لەراستیدا لەسەرەتاوە حەزم کرد ئەو ڕوون کردنەوانە پێشکەش کەم بەس **بە ڕاوو تەگبیری دەستەی**

سەرۆکایەتی خستمانە دوای ئەوە تاکو ئەندامانی پەرلەمان ئەو بابەتە بەتێروتەسەلی باس بکەن، دوێنێ کە ئەو رووداوە قەوماو ئاگادار کراینەوە وا رێککەوتین کە پاش ئەوەی ئێوە قسە ئەکەن ئێمە ئەو بابەتە باس کەین و ئەم وەزعەتان بخەینە بەردەم، لەوێ دا کاک نەژاد بەحوکمی ئەوەی لەوێ بوو دوێنێ، لەوانەیە هەندێ تێبینی تریش هەبێت حەز دەکەم ئەویش لایەنێکی تری روون بکاتەوە، بەهەر حاڵ رووداوێکی ناخۆش بوو، کارێکی نارەوا بوو، بێ حورمەتیەکی تر بوو دەرهەق بە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کرا، رای ئێوەش لەوبابەتەوە وابزانم زۆر روون و ئاشکرایە ئەویش جێگای دڵخۆشیە، کە ئەندامانی پەرلەمان بۆ کێشەیەکی وا هەڵوێستێکی وانیشان بدەن، هەروەها دیسان جێگەی رێزلێنانە کە ئەم رووداوە ببەسترێتەوە بە سەرجەم رەوشی ئاسایشی وڵاتەکەمانەوە، چونکە ئەگەر ئێمە باری ئاسایشی وڵاتەکەمان دابین نەکەین، دڵنیابن ناتوانین باری ئاسایشی نەک ئەندامانی پەرلەمان بەڵکو خەڵکی تریش دابین بکەین، جا هیوادارم بەبڕیارێکی باشەوە دەرچن و بریارێکی وابدەن کە بەزووترین کات لیژنەیەکی لێتوژینەوە دابنرێت، جا چۆن حەزدەکەن با ئەو لیژنەیە دەست بە لێتوژینەوەی خۆی بکات، من بەش بەحاڵی خۆم پەیوەندیم بە بەڕێز مام جەلالەوە کرد بەرامبەر بەو وەزعەی کەرووی دا دەرحەق بە دوو ئەندامی پەرلەمان (کاک فازیڵ و کاک ئازاد) بەتایبەتی پێش ئەوەش لەگەڵ کاک فرەنسۆ بە تەلەفۆن قسەم کرد [illegible] باش بوو لەوێندەرێ کەپاش ئەو وەزعە لەگەڵ بەڕێز مام جەلال باسمان کرد دیار بوو دەست بەجێ ئەو دەستی کرد بە ئیجرائات، وتی کاکە سەفین، وابزانم ئەگەر هەڵەم نەکردبێ، ناردراوە بۆ ئەوەی ئەو برادەرانە لەکوێ بن ئازاد بکرێن و ئیجرائاتی توندیش بەرامبەر ئەوانەی کە ئەو دەست درێژیانەیان کردووە وەربگیرێت، هەر لەهەمان کاتدا، کە قسەمان ئەکرد دیار بوو کە کاک ئەرسەلان بایبزیش لەوێندەرێ بوو، باسی ئەوەی کرد کە ئەو و مامۆستا سەعەد تەقەیان لێ کراوە و بەهەزار حاڵ خۆیان قورتار کردووە دوا بەدوای ئەوە بەماوەیەکی کورت تەلەفۆنێکی تر کرایەوە، بەڕێز مام جەلال جارێکی تر تەئکیدی لەوەکرد کە ئەوانە ئازاد کراون و ئەوەی کە وەکو لێپرساو و راستەوخۆ ئەو کاری کردووە گیراوە و دووسێ کەسی تریش هەبوون، ئەمری دەرکرد کە ئەوانیش بگیرێن و سزا بدرێن وبەرامبەر ئەوانەی تریش کە بێ حورمەتیان کردووە بەرامبەر بەکاک ئەرسەلان و مامۆستا سەعەد ئیجرائاتیان لەگەڵا بکرێت و من پەیوەندیم بە جەنابی کاک مەسعوودەوە کرد لەسەر ئەو مەوزووعەوە فەرمانی دا کە کاک فازڵ میرانی لە لیژنەی هاوبەشی ئاسایی کردنەوەی ئەو وەزعە لەلایەن پارتیەوە مخەووەلە لەگەڵ مامۆستا سەعەد ئەوەی کە دەست درێژی کردووە و بێ ئەدەبی کردووە دەست بەجێ بیگرن و ئیجرائاتی لەگەڵدا بکەن، بۆ جاری سێ هەم بە بەڕێز مام جەلال راگەیاند پێی خۆش بوو و دواجار دوا تەلەفۆن ئەوە بوو کە پێشنیارێکی کرد وابزانم ئەو کاتە کاک نەژاد لەلای بوو، پێشنیار کرا دەست بەجێ، دوو حقوقی لەپەرلەمان و لەگەڵ حاکمێک لەوەزارەتی داد دەستنیشان بکرێن و ئەوان هەڵستن بەتحقیق کردن لەو کێشەیە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بەراستی زۆر شتی زیادەم نییە لەسەر ئەوەی کە برام کاک جوهر باسی کرد، بەڵام خۆی شتەکە دوو لایەنە، لایەنێکی ئەو دیاردەی چەکدارییە کە هەمووڵایەک ئیستنکاری دەکات و بوونی چەک لەناو شارەکان دا لەدەورو پشتی شارەکان و ئەوەو بەرەڵڵاییە کە بەراستی وادیارە کەسانێک هەن کە سوودی لێ وەردەگرن، ئەوە خۆی پیشان داوە نەک تەنها لە مەسەلەی دەستدرێژی بۆ سەر ئەندامانی پەرلەمان، ئەو دەست درێژییە بۆ سەر لێپرسراوی لق و مەڵبەند لە هەولێر و ئۆتۆمبیلی د.ئەحمەد چەلەبی بەر ئار پێچی هەربە موعجیزە نەجاتی بووە، لەوەختێکا کە خەریکی هەولێکی ئاشتی خوازانە بووە، بۆ ئەوەی ناوبژی بکات، وادیارە ئەوەندە محاوەلە کراوە چەکدار زۆر بێ و بۆر بێت، سەیتەرە بەسەریانا ئیشێکی زەحمەتە، لایەنی دووەمیش لایەنی ئەندامانی پەرلەمانە ئەوە بەتایبەتی ئیدانەیەکی تایبەتی ئەوێت، چونکە کە کاک فازڵ، کاک ئازاد و کاک فرەنسۆ، بەداخەوە ئەوە تەقەشی لێ کراوە و مەلا تەها وەکو فەرمووی کاک ئەرسەلان ئەمانە هەموویان حەصانەی پەرلەمانیان هەیە وادیارە ئەو چەکدارانە کە ئەمان خۆشیان گوتوویانە ئێمە کێین گوێیان نەداوەتە ئەوە زیاتر بەوەوە مشغوول بوون کە بە ئیشی خۆیان هەڵسن و موسەجیلی ئوتۆمبیلەکانیشان بدزن، واتا ئەوە وابزانم زۆر زۆر دووره لەوەی کە پێی وترابێت برۆ فلانە کەس بگرە یان ئەزیەتی بدە، پێشی وترابێت برۆ فلانە موسەجیل بدزە جا لەبەرئەوە، دوێنێ وەکو کاک جوهەر فەرمووی من لەماڵی برام مام جەلال بووم زۆر زۆر بەتوندی استنکاری ئەوەی کرد و وتی ئەبێت ئەو گومان لێکراوانە سزا بدرێن بە ئاشکرا ڕابگەیەنرێت لە تەلەفزیۆنا بڵاو بکرێتەوە سەر بە هەرچی لایەک بێت ئەوەی سەربە ئێمەیە ئەوە یەکێکیان وەکو وتی ناوی جهاز نازانم (هاشم جیهازە) یەکێکیان ناوی ئەکرەمە ئەوی تر ناوی کەماله دوانیان رایان کردبوو لە پاشان گیراونەتەوە، بەراستی ئەوە بوو تەلەفۆنەکە لەبەردەمی منا کرا کەلیژنەیەک پەرلەمانیشی تیا بێت و حاکمێکیشی تیا بێت، بەپەلە لەوە بکۆڵیتەوە وسزا بدرێن بۆ ئەوەی ببن بە عیبرەت بۆ خەڵکانی تر جا ئەوە بەراستی رووداوێکی باشە پێویستە هەموو لایەک، هەموو حزبێک ماوە نەدا و ئەگەر رووداوێکی وا بوو نەتوانن ئەو خەڵکانە خۆیان بشارنەوەو لەژێر باڵی ئەم حزبەیان ئەو حزبە کە من سەر ئەوم، ئیتر هیچم لێ ناکرێت و هیوادارم ئەولیژنەیە هەر ئیمرۆ پێک بێت و هەر ئەمرۆش دەست بەکار بێت و بچن ئەو گومان لێکراوانە ببینن و ئەنجامەکەش وەکو کاک عیزەدین وتی راستە ئەبێت بە پەرلەمان بووترێ و بەجەماوەریش بووترێت و بە تەئکید لەسەر حەصانەی پەرلەمانیش بۆ ئەندامانی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێزعەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەراستیدا لە ناحیەی پەیڕەوی ناوخۆ، سەرۆکایەتی بۆی هەیە کاروباری ناو هۆڵی پەرلەمان

بگێڕێ بەس پێم خۆش بوو ئەو تێبینیانەی سەرۆکی ئەنجوومەن لەگەڵ جێگرەکەی دوای کۆتایی دەوام و کۆتایی دانیشتنەکە بوایە بۆ ئەوەی زنجیرەی ئەفکار رێک بێت. من دوو تێبینیم هەیە لەسەر قسەکانی برای خۆشەویستم مەلا بەختیار ئەوەی کە فەرمووی کەبرادەرانی لیستی زەرد ئەبوایە چاوەڕێیان بکردایە کە ئێمە بزانین برادەرانی لیستی سەوز چی ئەڵێین من پێی ئەڵێم بۆیە چاوەڕوانم نەکرد، چونکە ئێمە لەوە دڵنیا بووین کە هەمان بۆچوونیان هەیە و لەبەرئەوە ئێمە چاوەڕێی ئەوەمان نەکرد، بۆ ئەوەش ناچم کە برادەرانی خۆشەویستمان لە فراکسیۆنی سەوز رایەکی تریان هەبێت غەیری ئەو بۆچوونەی ئێمە نەبێ، هەر چەندە ماوەدان بەقسەکردن کێ لەپێشتر قسە بکات ئەوە و کاری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانییەو دەستەی سەرۆکایەتییە، جاری یەکەم من دەستم بەرز کردەوە، بەڕێز د.کەمال هەڵسێنرا.

لەراستیدا ئێمە بە چەمکی وردی زانستی ئەوەی کاک مەلا بەختیار گوتی تیرۆر بەو شکلەیە راستە بەس ئێمە زۆر جار لەناو کۆمەڵی خۆمان دا زۆرەها وشە بەکار دێن، بەڵام مانای خۆی ناگرێتەوە، لە زۆر شتی دیکە نامەوێ بچمە ناو تەفسیلاتەوە، زۆر جار وابووە کەسێک لەسەر فراندنی ئوتۆمبیلەکەی کوژراوە، چەندەها حزب و رێکخراوە جەماوەرەیەکان برووسکەیان کردووە و بەتیرۆریان داناوە، جا ئەو عیبارەتەش کەلێرە بەکار هات لە هەمان صیغەدا بوو. خاڵی دووەم ئەو عیبارەتەش هات هەموولایەکمان داوای لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دەکەین تا ئەو لیژنە لێکۆڵینەوەیە، ئەنجامی دەرنەکەوێت هیچ کەسێک نازانێ ئەمە تیرۆرە یان نا؟ دەبێ ئەوەش لە بیرنەکەین کە رژێم تایبەتی بکرێت پیلان بۆ شێواندنی باری کوردستان دادەنێتەوەو دەبێ ئاگاداری ئەم لایەنەیش بین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدوکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمن لەسەر مەسەلەکە و کێشەکە نادوێم، چونکە لەو وەختەی کە ماوەو نەلەوەختی خۆی داوام نەکردیە، بەڵام لەبارەی ئەو لیژنەی تۆژینەوەیە کە دروست بووە و دروست دەبێت بچێت بۆ تۆژینەوە لەو قەزیەیە وەکو یاساییەک حەز دەکەم بابرایانیش گوێیان لێ بێت، ئێمە لە هەموو حزبەکان ولە هەموو ئەوانە داوامان کردووە دادگایی خەڵق نەکەن دەستەی دادوەریی هەیە دەبێت ئەوان دادگایی خەڵق بکەن، ئێمە هەستین یاسا شکێنی بکەین لیژنەیەک دابنێین دادگایی خەڵق بکات پێم وایە راست نییە، بەڵام ئەو لیژنەیەی ئێمە با چاودێر بێ لەسەریان چاوەدێری یان بن بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە نەک بچێ تەحقیق بکاتن و دادگای بکات هەر ئەو روون کردنەوەیەم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش هەمان تێبینیم هەیە بەنسبەت سەید حەسەن گوتی بەراستی ئەندامی پەرلەمان نابێتە (محقق) ئەبێ تەنها ئیشراف بکاتە سەر سەیری ئەو مەسەلەیە، مەسەلەی دووەمیش من

پێشنیارێکم کردووە کە لە پەرلەمان بڕیارێک دەربچێت جارێکی تر واتا رێگا نەگرن لە پەرلەمانییەکان و لە ماڵەکانیان و ئەو چەکدارانە ئاگادار بکرێن بەو شتە (٣) بەراستی من لەقسەکانما شتێکم لە بیر چووە ئەویش پەیوەندیی هەیە داوا دەکەم لە پەرلەمان بابەتی شەهید فرەنسیس شابۆ گەیشتە کوێ؟ کە ئەوە ساڵێکیش تێپەڕیوە لە قەزییەکەی بەراستی ئەویش قوربانی ئەو کۆمەڵانە بووە، داوا دەکەم ئەو بابەتەش کە موناسبەیە لە بیرمان دەرنەچێ ئەو شەهیدە قەزییەکەی وا بزرنەبێت، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر کاک عەبدولخالق رێگام بدات لەبارەی بابەتی ئەوەی بڕیارێک دەربچێ لەبارەی پارێزگاریکردن لە ئەندامانی پەرلەمان و حەصانەی پەرلەمانییان ئەو هەرلە یاسای ژمارە (١) دا و لە پەیڕەوی ناوخۆدا هەیە لەو هەویەی کە هەموو ئەندامێک هەڵیگرتووە لەو هەویانە تۆمار کراوە کە حەصانەی هەیەو بەپێی ئەو بڕیارە کە حەقی چەک هەڵگرتنی هەیە بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکات ئەوەش مەوجودە وابزانم بڕیارێکی تازە دەربچێت بەتایبەتی دەربارەی ئەوە هیچ شتێک زیاد ناکات بۆ ئەو شتەی کە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک کەمال شاڵی وابزانم تێبینییەکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرج شاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من هەر ئەو پرسیارەم هەیە ئەپرسم ئەو کەسانە کێن کە ئەم کارە نامەسؤولانە ئەنجام دەدەن؟ ئەمانە کێن؟ کە خۆیان حەشار داوە لەناو ریزەکانی یەکێتی و پارتی، ئەوان هەموویان زۆربەیان پیاو خراپن، جاسوسن، ئەنفال چین لە ناو ریزەکانی یەکێتی و پارتی ئەم کارانە حشار ئەدەن جا باوەڕ ناکەم ئەم دوو حزبە هەستن بەو کارە نارەوایانە، ئەم خەڵکانە هەموو ئەڵقە لە گوێی رژێمن کە گوێی بێگانەن، ئەڵقە لە گوێی دەرەوەن ئەیانەوێ ریزەکانی بەینی یەکێتی و پارتی و بەرەی کوردستانی تێک بدەن، بەم بۆنەیەوە داوا دەکەم زەخت بکەنە سەر هەر دوو سەرکردایەتی بەتایبەتی برایانی بەڕێزمان کاک مەسعوود و مام جەلال و هەردوو مەکتەبی سیاسی کەدەست کەن بە پاکسازی یەک لەناو ریزەکانەوە، چونکە ئەم پاکسازی یە نەکرێ لەناو ریزەکانی یەکێتی و پارتی ئەم کارە نارەوایانە هەر بەردەوام دەبن من بەم بۆنەیەوە حەزم کرد برای بەڕێزم کاک فرەنسۆ لێرە بوایە بەراستی لە دانیشتنێکا لەناو هۆڵی پەرلەمان دا باسی پاکسازیمان دەکرد لەناو ریزەکانی حکومەتا ئەو تەعلیقی لەسەردا گوتی وەڵڵا من پێشنیار دەکەم پاک سازی لەناو ریزەکانی خۆمان و هەموو لایەکماندا بکرێ، ئینجا ئەگەینە ئەنجام، جا من بەم بۆنەیەوە پێشینار دەکەم کە زەخت بکەینە سەر هەردوو سەرکردایەتیەکەمان ئەو پاکسازییە بکات لەو کەسانەی کە

لەناو ریزەکانیان دا خۆیان حەشارداوە بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان و بۆئەوەی کە جارێکی کە ئەم کارە روونەداتەوە بن بڕ بێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ رێزم دا بۆ قسەکانی کاک نەژاد کە لەراستیدا وایە لە یاسای ژمارە (١-٢)یش لەوانەیە هەبێت بەس ئەو رووداوانە گشتی دەبێت، ئەو یاسایانەش هەیە لەبەرئەوە من داوا دەکەم جارێکی تر بدرێتە دەنگەوە بڕیارێک دەربچێ لەو پەرلەمانە کە تەوزیبیفی هیچ ئەندامێکی پەرلەمان نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە ناتوانین لە دەستەی سەرۆکایەتییەوە ئەوە بکەین ئێستا، ئەوە ئەبێت دوو بڕیار دەرکەین، لە کاتێک دا یاسایەکمان هەیە جا ئەبێ بۆ یاساییەکانی بیهێڵینەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی برای بەڕێزم کاک عەبدولخالق فەرمووی حەقمەن حیرصی زیاترە لە هەندێکمان بۆ وەزعی ئەندامانی پەرلەمان تەنیا لایەنی یاساییەکەی، رای ئێمە کە یاسایەک هەبێ ئەبێت داوا بکەین ئەو یاسایە پیادە بکرێت و یاسایەکەش وابزانم حەصانەی خۆی داوە بە ئەندامانی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیاری من هەر لەو بارانەوە بوو کە شێخ عەدنان پێشکەشی کردن کە کۆمیتەیەک پێک بێت بۆ لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لەوبارەیەوە و هەروەها چ ئیجرائاتێکی یاسایی پێویست بو ئەبێت وەربگرییێت و ئەگەر ئێستا ئێمە ناتوانین لێرە زۆر بە وردی باسی بکەین و بگەینە بڕیارێک ئێمە کۆمیتەی یاسامان هەیە لەناو پەرلەمان دا با ئەوان شێوازێکمان بۆ بدۆزنەوە و پێشنیازی بکەن بەڵکو لەلایەن پەرلەمانەوە بڕیاری لەسەر بدرێت، بۆ بابەتی لێپرسینەوە لە رووداوەکەی دوێنێ و هەر رووداوێکی تریش لەو بابەتانە کە بێتە پێشەوە، چونکە وەکو کاک عەبدولخالق باسی کرد مەسەلەی تریش روویداوە وەکو شەهید کردنی فرەنسیس کە کاک عەبدولخالق وتی تاوەکو ئێستا نازانین ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەو بارەیەوە گەیشتۆتە کوێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستاش کاک عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومــــــــەن.**

وابزانم نێوان ڕایەکەی من و کاک د.تۆزێ ئیلتیبباس هەبوو، وەرەقەم لا یە کە بۆ جەنابتم نووسی ئێمە گوتمان لیژنەیەک هەبێت داوا بکەین لەسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، لیژنەیەکی تایبەتی هەبێت بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بەو شێوە بوو لەگەڵ جەنابی کاک د. ڕێک کەوتین، بەڵام ئەگەر لیژنەیەکی تر هەبێت لەناو پەرلەمان دا موتابەعەی بابەتەکە بکات خۆ لاری نییە، ئەمما لەبنەڕەتدا ئێمە هەموومان داوای سەروەری یاسا دەکەین سەربەخۆیی دادوەریی دەکەین، داوا بکەین لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران فەرمان بدات بەوەزارەتی داد خێرا لیژنەیەکی تایبەتی پێکەوە بنرێت بۆ هەموو ڕووداوەکان لە مامۆستا مەلا تەها تا خوار تا مەوزووعی کاک ئەرسەلان بایبیز و ئەوانە ئەویش ئەندامی پەرلەمانە تا کاک فرەنسۆ هەریری لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەتیان بۆ دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومــــــــەن:**

ئەوە پێشنیارێکە، ئەبێ بڕیارێکی لەسەر بدەین، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح عـــەبدوڵلا حـــەیدەری:**

**بەڕێـز ســــــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومــــــــەن.**

ئەوەی کاک عەدنان گوتی زۆر ڕاستە، چونکە ئەندامی پەرلەمان وارید نییە، ئەندام بێت لە لیژنەیەک لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە یان لەلای وەزارەتی دادەوە دابمەزرێ، ئەوان دەسەڵاتێکی جێبە جێ کردنن ئەمە لێرە هاوار دەکەین دادوەریی سەربەخۆیە نابێ کەس دەست لە ئیشوکاریان وەربدات، لێرەدا من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئەندامی پەرلەمان لەو لیژنەیە دادوەرییەدا بێت، چونکە ناکۆکە لەگەڵ یاساکان و لەگەڵ هەموو یاسایەک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشم موتابەعەی بکرێت،

**بەڕێـز ســــــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومــــــــەن:**

سوپاس مادام وایە ئێستاکە چ ڕای موقابیل نییە جگە لەو ڕایەی نەبێت کە بدرێت بەداد ،یاخود لیژنەیەکی تایبەتی دروست بکرێ و دوای ئەوە ئەگەر پەسندیان کرد و زانیان باشە لیژنەیەکی پەرلەمانیش بۆ موتابەعەکردنی ئەو بابەتە دابمەزرێت، فەرموو کاک د.کەمال.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســــــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومــــــــەن.**

مەبەستم لە پێشنیازەکەم ئەوەبوو ئەگەر ئێمە ئێستا نەتوانین بڕیارێ لەسەر ئەوە بدەین یان نەگەینە ئەنجام لیژنەیەکی یاساییمان هەیە ئەوان پێشنیارێک گەڵاڵە بکەن و بیخەنە بەردەمی پەرلەمان و بڕیاری لەسەر بدرێت، بەڵام ئەگەر ئەوەی کەوا شێخ عەدنان فەرمووی و پێشنیازی کرد لەلای یاسای یەکانەوە ئەوە شتێکی ڕاستەو باشە ئەوە هەر ئێستا بڕیاری لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا با ئێمە بڕیار بدەین لەسەرئەوەی کە ئێستا فەرمووی، چونکە خەڵک گیراوەو چاوەڕێ ئەکەن مادام یاسا ڕێگامان نادات ئێمە لیژنەیەکی یاسایی دروست کەین بۆ بەدواداچوون، ئەوا ئەڕۆینەوە بۆ ئەو پێشنیارە، پێشنیارەکە ئەوەیە کە داوا بکرێت لە ئەنجوومەنی وەزیران لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەتی دروست بکرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی دوێنێ دەرهەق بە ئەندامانی پەرلەمان. ببورن ئەوە پێشنیارەکەیە پەلە مەکەن، جارێ ئەمە پێشنیارەکەیە، ئەوەی تێبینی لەسەر ئەم پێشیناره هەیە با ناوی خۆی بنووسێت، چونکە ئێمە ئەمڕۆ لەگەڵ سەرۆک وەزیران قسەمان کرد ئەوان کۆبوونەوەیان هەیە لە پارێزگاو وتیان ئەگەر تەواومان کرد دێین، چونکە لەسەر مەسەلەی ئەمنی کۆبوونەوەیان هەیە بۆیە هەر لیژنەیەک دروست کەین پێشەکی ئەبێت موخاتەبەی ئەنجوومەنی وەزیران بکەین و، ئەبێ بڕیارێکمان هەبێت لەسەر ئەو بابەتە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم هەندێ برادەرانی یاساییشمان کەمێک ئیلتباسیان هەبێت، ئێمە کە داوا لە سەرۆکی وەزیران دەکەین ئەو تەکلیف لەوەزارەتی داد بکات لیژنەیەک دابنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەر وایە خۆی، وابزانم رای تریش هەیە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەروایە کاک ئەیاد لای ئیلتباس بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخێر پێویست ناکات تێکەڵ بکرێت، هەر ئەوەیە، ئەمە ڕۆتینیە ئەمە هەموو جار کەشتێ ئەکەین لەڕێگەی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنەوە موخاتەبە دەکەین، خۆمان ناچین لەوەزارەتی داد بڵێین، دادگامان بۆ دروست بکەن وابزانم پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش وا دەڵێت، ئەبێ لە ڕێگەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بێت.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قەزیەی من ئەوەیە کە ئەو بڕیارە بەو شێوەیە بێت، ڕووداوەکە بەنسبەت کاک فرەنسۆ و برادەرانی تر، چونکە ئەم وەزعە بۆتە هۆی قەومانی ڕووداوەکە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ دیارە، بۆ ئەو ئەندامانەی پەرلەمانە کە دوێنێ تووشی ئەو ڕووداوە بوون، واتە دیاریکراوە.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بـەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

واتە دیاریکردنەکەم ئەوەبێ ناوی کاک فرەنسۆی تێدا بێت و برادەران، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغـا/جـێگری سـەرۆک:**

**بـەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

بۆچی کاک عەبدولخالق شەش ئەندامن لەگەڵ هەمـوو خۆشەویستیمـان بۆ کـاک فرەنسۆ بۆ ئەبێ بڵێین کاک فرەنسۆ و ئەندامانی تر واتە (٦) ئەندامن ناوی هەموویان ئەنووسین، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن:**

ناوی هەموویان بنووسن، ئەوە کێشەی تێدا نییە.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بـەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

چونکە ئەو بریندار بووە و شتەکەش مووەجەهە بۆ ئەو، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغـا/جـێگری سـەرۆک:**

**بـەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

ئێستا تەعقیب نەکراوە بزانێ موجەهە بۆ کێ کاک عەبدولخالق؟ سوپاس.

**بـەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن:**

هەرچۆنێ بێ با بڕیارەکـە ڕوون بێت، چەند ئەندامـێکی پەرلەمـان تووشی ڕووداوێک بوون دوێنێ و یەکێک لەوانە کاک فرەنسۆیە کە سەرۆکی فراکسیۆنی پارتیە، بریندار بووە لێرەدا کەس گوناهبار ناکرێت، ئێمە تەنها ئاماژەی بۆ دەکەین دەڵێین ئەو برادەرانە فلان، فلان و فلان، پاشان لیژنەی یاسا ئەگەر زەحمەت نەبێت بڕیارەکەمان بۆ دابڕێژێ پاش حەسانەوەکە ئەگەر بۆمان بێنن سوپاسیان دەکەین، بەڵام دیارە کە وەک بنەما ئێمە ڕێکەوتوین لەسەر بڕیارەکە، ئەمە خاڵێک، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو بڕیارە وەربگرین؟.. سـوپاس... کێ لەگـەڵ نییـە؟ بە تێکڕای دەنگ بڕیاردرا بۆ ئەوەی کە داوا بکەین لە ئەنجـومـەنی وەزیران، وەزارەتی داد بەپەلە لیـژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروست بکەن لە دادگاکانمان لەسەر ڕووداوەکانی دوێنێ دەرهەق بەکاک فرەنسۆ کە بریندار بووەو برادەرانی تر کاک ئازاد و کاک فازڵ کەدەست گیرکراون و کاک ئەرسەلان باییز و مامۆستا مەلا تەها کە بێ حورمەتیان دەرهەق کراوە لەو ڕۆژەدا، سوپاستان دەکەین بۆ ئەم بڕیارە. خاڵی دووەم لە ناو قسەکردنی برادەراندا داواکرا کەبەیانێک لەسەر ئەو ڕووداوە دەربچێ وەکو نارەزای دەربرین و ئیدانە کردن، ئینجا ئەگەر بەپەسندی دەزانن و چ تێبینی یەک نییە لەسەر ئەم بڕیارە بابیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بـەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

من تێبینیم ئەوەیە کە لە داڕشتنی بەیانەکە تۆزێک ئاگامان لێی بێت چۆن دەکرێت بەراستی

مەسەلەی تیرۆریست باس نەکرێت، تیرۆری تێدا باس نەکرێت، چونکە من خۆم ئێوارە گوێم لە موقابەلەکەی کاک فرەنسۆ بوو باسی ئەوەی کرد کە زانراوە تەقەیە سایەقەکەی ویستوویەتی بگەڕێتەوە، بەڵام کاک فرەنسۆ پێی وتووە لێخوڕە ئیتر ئەوە واتە خۆ شتێکی مودەبەری موفتەعەل نییە بۆ ئەوەی کاک فرەنسۆ تیرۆر بکرێت لەبەر ئەوە با زۆر شتی بریندارکەری تیا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مامۆستا یەکەم لیژنەکە ئەگەر موافەقەت کرا لەسەر پێشنیارەکەی کاک جوهر وتی لیژنەیەک پێک بێت بۆ ئەوەی یەکەم بەبەیانێک ئیستنکاری دەکەین بۆ ئەوەش ئەبێ لیژنەیەک پێک بێت تاکو باسی بکات. کە وشەی تیرۆر خۆی لەبنەڕەتەوە لە ئینگلیزی دا تیرۆر واتە ئیرهاب واتە تەنها کوشتن نییە، جا ئەمە خۆی ئیرهابە جا پێی ئەڵێی ئیرهاب نازانم تیرۆر ئایا واتایەکی تری هەیە لە کوردی یەکە بەکاردەهێنرێت بۆچی بەکار دەهێندرێت، بەڵام من وەکو تێ بگەم ئەو ئیرهابە هەموو جۆرە ئیرهابێک تا ئیرهابی فیکریش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕیز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فووئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێش ئەوەش هەر ویستم لەو بارەیەوە قسە بکەم هەر چەند باسی مەسەلەیەکی زمانەوانی ئەکەن من دڵم لێ ئەدا، چونکە بیری رۆژانی رابردوو ئەکەمەوە کەلە زانستگاکان وانەی زمانەوانیم ئەگوتەوە خۆی جارێ تیرۆر هەموو زمانە ئەوروپییەکان بەکاری دێنن وابزانم بەبنچینەنش ئەچێتەوە سەر زمانی یۆنانی لاتینی و بەمانای وەکو کاک نەژاد روونی کردەوە ترساندن و تۆقاندن وەکو عەرەب باشیان تەرجومە کردووە واتە (إرهاب)، بەڵام ئێرانیەکان ئەوان زۆر وشەی عەرەبیشیان تێک داوە جا ئەم تیرۆرەشیان تێکداوە کە ئەڵێن تیرۆرشد واتا کوژراو خۆی تیرۆر فراوانترە لەتەنیا کوشتن، هەموو شێوەیەکی ترساندن و تۆقاندن پێی دەوترێت تیرۆر و بەو بۆنەیەشەوە حەزدەکەم زۆر جار ئەندامانی پەرلەمان کە بە وشەی پەرلەمان ئەڵێن پەرلەمان بەپیتی (ب) نەک بەپیتی (پ) من لە کۆبوونەوەیەکی پێشووتریش دا وتم پەرلەمان بەپێ یە وەکو پلاو بۆ ئەوەی کە لەبیرمان نەچێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوەیە وابزانم مەسەلەی ئەوخاڵەی کەپێویست بوو روون کرایەوە، ئیستاش دێینە سەر مەسەلەی ئەو بەیانە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاری نییە لەبەیانەکەدا ئەو برگەیەی کە حەصانەی پەرلەمانی تێدایە دووبارە لەبەیانەکەی دا بێتەوە بۆ ئەوەی کە بزانن ئەوخەڵکە حەصانەی پەرلەمانی چۆنە و چۆن نییە، سوپاس.

**بەڕێز شـــــالاو عـــــەلی عـــــەبدوڵلا:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من تەنیـا ئەمـەوێ لەسـەر بەیانەکە قسە بکەم ئەویش ئەوەیە کە تەئکیـد لەسـەر ئەوە بکرێتـەوە لەسەر تیرۆر بەراستی تیرۆرکردنی پەرلەمان بێت یان تیرۆر کردنی هەر کەسێک بێت، بەڵام ئەگەر باس لەوە بکرێت بەرای من ئێستا دەرکردنی بۆ ئەو حاڵەتە هەتاکو ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە نەگا بەشتێک، جا ئەگەر گەیشتنیـە ئەوەی کە لە ئەنجامـەکە یا دەرکەوت ئەمـە شتێکی مـودەبەرە لەمەوپێش نەخشەی بۆ کێشراوە و بەرای من ئەگەر ئیدانەی بەتیرۆیش بکرێت ئەوە شتێکی باشە بەیان دەرکـردن لەسـەر ڕووداوەکە ئەبێ تۆ بنچینەیەکـەی یاسـاییت پێ بێ بەرای من ئەگـەر باس کـردنی ئەوەیە دژایەتی تیـرۆر دژی ئەوەی کـە حـەصـانەی پەرلەمـانی شکێنراوە بەرای من ئەوە شتێکی ڕەواو جائیزە، بەڵام بۆ ئیدانە کردن لە بابەتێک دا بەرای من هەتاکو لێکۆڵینەوە نەکرێ و تەواو نەبێت بەیانەکە شێوەیەکی ڕێکوپێک وەرناگرێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

باوەڕ ناکەم لەبەیانەکە ئەمە ئێستا شتێکی باش بێت، بەڵام وەکو برادەران پێشنیـاریان کردووە کە ئیدانەی عەمـەلیاتەکە بکرێت وەکو شکاندنی حورمەتی ئەندامانی پەرلەمان چونکە ئەمـە پێشێل کـردنی مـافێکی پەرلەمـانییـە کـە یاسـا بەوی داوە و لەوێشـەوە دەسنیـشـانی ئەوحاڵە بکرێ کـەڕوویداوە، تەنهـا ئەوەیە ئەگەڕێنەوە بۆ لیـژنەی لێکۆڵینەوە جا ئەم بابەتەش هەیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بەیانێک بەو شێوەیە دەرچێ لەلایەن پەرلەمانەوە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ بڕیاردرا کە بەیانێک دەربچێ لەلایەن پەرلەمانەوە، دواییش دەستنیشـانی چەند برادەرێ دەکـەین بۆ ئەوەی ئەو بەیانەشـمـان بۆ ئامـادە بکەن، بەڵام بۆ ئەوی تر، واتا ئی لیـژنەکـە هیـوادارین لەم پشووەدا لیـژنەی یاسایی بەیەکەوە شتێکمـان بۆ بێنن بۆ ئەوەی داڕشتنەکەی ئامادە کـەین وابزانم وەختـی ئەوەش هاتـووە کـە پشـوویەکی گـچکە وەربگرین، پاشـان دێینەوە سـەر بەرنامەی خۆمان کە مەسەلەی کارەبا و مەسەلەی ئیمتحاناتە، سوپاستان دەکەین.

## (دوای پشوو)

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

برادەرانی وەزیریش بەخێر بێن باکەرەم بکەن، بەردەوام ئەبین لەسەر خاڵەکانی دانیشتنی ئەمڕۆمان دوو بابەتمان لەپێشە، بەڵام پێش ئەوەی دەست بکەین بەخاڵی دوو وسێ خراپ نەبوو ئەوپێشنیـارە بەسـەر بکـەینەوە کـە بوو بە بڕیار دەربارەی ڕووداوەکـانی دوێنێ، نازانم ئەگـەر لیـژنەی یاسـایی شتێـکیـان بۆ حـازرکـردبێن، ئەوە خراپ نییـە بۆ ئەوەی دەستی پێ بکەین، جا ئەگەر حـازرە کاک عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕاردەرانی یاسا ئەوەی نووسیوومانە بەم شێوەیەیە، ئاسایی، بۆ بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، بابەت/دەستدرێژی/ وەک ئاگادارن دوێنێ دوای نیوەڕۆی ١٩٩٤/٧/١٩ دەست درێژی کرایە سەر چەند ئەندامێکی پەرلەمان بەڕێزن کاک فەرنسۆ هەریری سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد کە بریندار کراوەو بەڕێزان ئازاد قەرەداغی و فازڵ ڕەئووف کە گیراون و کاک ئەرسەلان باییزو مامۆستا مەلا تەها کە سووکییان پێ کراوە لەرێگەی هەولێر وسەلاحەدین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با تەواوی کەن؟

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جا لەبەر ئەوەی پەرلەمان بە کۆی دەنگی ئەندامان بڕیاری ئیدانە کردنی ئەو دەست درێژی یەی داوەو لەبەر نالەباریی ئەو دەست درێژیەوە لەسەر بڕیاری پەرلەمان داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە بە بایەخ پێدانێکی تایبەتەییەوە فەرمان بدەن بە وەزارەتی داد کە لیژنەیەکی لیکۆڵینەوەی دادوەری تایبەتی بۆ ئەو ڕووداوانە پێک بهێنێ، بۆ بەئەنجام گەیاندنی بەرێگەیەکی دادوەری و ئاسایی ئاگادار کردنمان بەزووترین کات لەو ئەنجامەدا لەگەڵ ڕێزمان دا، سەرۆکی ئەنجوومەنی نشتمانیی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە ناوەڕۆکی ئەو بڕیارەیە، جا ئەگەر چ تێبینییەک لەسەری هەیە ئەوە فەرموون، دەنا نووسراوێک ئەکەین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بە ناوەڕۆکی ڕووداوەکە، ئایا چ تێبینییەک هەیە؟

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەنها ئیشارە بێتە کردنێ بۆ ژمارە دانیشتنەکەی کە بڕیاری تێدا دراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە سکرتاربەت دەیکات کێشەی ئێمە نییە، ئێمە تەنها نامانەوێت ناوەڕۆکەکە خیلافی لەسەر بێت.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ببورە بەڕێز ئەوی دی ویستم پەرلەمانێ ئیدانە کردیە بەلوغەتی ڕابوردووە، ئەگەر بەلوغەتی حازر بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمەیە ڕاستی مەسەلە نووسراو نییە ئەمە بڕیارێکە. کاکە نووسراو وسەر بە دەستەی سەرۆکایەتییە، بەڵام ئێمە تەنها بڕیارەکەمان ئەوێت، بڕیارەکە کەدرا ئەوکاتە بە نووسراو دەستەی سەرۆکایەتی خۆی قسە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران دەکات، ئێمە بڕیارێکمان هەیە، کەدوێنێ ڕووداوێک بووە، لە ئەندامەکانی پەرلەمان کاک فەرەنسۆ بریندار بووە دوو ئەندامی تر بەڕێزان( ئازادو فازڵ) گیراون پاشان بەرەڵڵا کراون، دوایی ئەندامێکی تر کاک ئەرسەلان بایبزو کاک سەعەد بێ حورمەتیان لەگەڵ کراوە، ئێمە دێینە سەر ناوەڕۆک و لەسەر ئەو بنەمایە لە پەرلەمانەوە بڕیارێک درا کە ئەم بابەتە (١) قسە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت بۆ دروست کردنی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی ڕاستەوخۆ. (٢) مەحکووم کردنی ئەو کردارە وەکو کردەوەیەک، لە پاشان لیژنەی لێکۆڵینەوە گەیشت بە ئەنجام یان نا ؟...

**بەڕێز عەبدو بابە شێخ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی مامۆستا مەلا تەها، و کاک ئەرسەلان بایبز من پێم باشە ئەو صیغەیە بەو شێوەیە بێ لەباتی سوکایەتی پێ کردن بنووسرێت تەقەیان لێ کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەوە مامۆستا مەلا تەها لێرەیە.

ئێستا دێینەوە سەر خاڵی دووەم ئەویش باس کردنی کێشەی کارەبای دهۆکە، ئەوە پێشنیارێک بوو دوێنێ خرایە بەرنامەی کارەوە بە تێکڕای دەنگ، بڕیاردرا کەباسی کێشەی کارەبای دهۆک بکەین لەلایەن فراکسیۆنی پارتیەوە پێشنیارەکە کراوە و فراکسیۆنی کەسکیش پشتگیری لێ کردووە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە هەلی دەزانم کە بەڕێز وەزیری پیشەسازی لێرەیە ئەگەر باسی کارەبای دەربەندیخانیش بکەین شتێکی خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئێستا ئەو بابەتە فراکسیۆنی پارتی خستیەڕوو کێ ئەیەوێ قسەی لەسەر بکات، کاک د. قاسم، کاک حازم، کاک محەمەد سەعید، کاک محەمەد حەسەن، کاک حەمید، کاک سەفەر، مەلا مەحمود ،کاک جەمیل عەبدی.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو هەمی ئەندامێ پەرلەمانێ و کاربەدەستانی حکومەت و حیزبەکانیش زۆر ئاگادارن کو ئەوە

لەپارەرا لە(٨/١٠) هەتا هەنووکە حکومەتا بەغدا دژی مافی مرۆڤێ دژی رەغەبەتیا مەهەمیا تیشێک کردنا مافی مرۆڤ لە کوردستانی کارەبا لە ولاتی ئێمەی بری بالذات ل پارێزگا دهۆکێ و پێشی ئەوەش هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانیش وەکو جەنابی و بێی ئاگاداری ئەڤە جاری دووەم و سێ یەمــە ئەو بابەتە باس بکەین و بیبــخـەینە بەردەمی پەرلەمــان و بەرێز وەزیری پیشـەسـازی و ئەنجـوومـەنی وەزیرانیش حـازر بێت، لەو بابەتە ئەگـەر دەم نەیەت زێدە بەحسـا نارەحەتی ونەخۆشییەت کو ئەڤێت دیارە حکومـەتی مەرکەزی کو لەولاتی مە بدات لە پارێزگا دهۆکێ پەیدا ببێت لە پارێزگای دهۆکی (٦٠٠) هەزار ئینسانی تێدا دەژی ژن و بچووک و زەلام هەمی نەوعە ئەڤ خەلکی هەنێ بلڤێ گەرما هاوینێ کەبێ کارەبایە دەژین و زۆر نەخۆشی و زۆر تشتێ لەبەر مە پەیدا دەبێ نەبوونی کارەبا وای لە ئێمە کرد ئاویشمان نەبی، نەبوونی ئاوی پاک بووە هۆی بلاوبوونەوەی نەخۆشی سەرژمێری نەخۆشخانەکانی ئێمە کە حالّی حازر هەنە سەدان حالّەتی نەخۆشی لەئێمە پەیدا بووە حالّەتی کۆلێرا، تیفۆئید و گەلێک جۆرە ناتەندروستی تر کەهۆی ئەوانە ئاوی ناپاکە بۆ مرۆڤ، بەرێز وەزیری پیشەسازی پێش شەش حەفت حەفتە کە ئێمە گـفـتـوگـۆمـان کـرد گـوتی پرۆژەیەکم هەیە ئامـادەکـراوە بۆ ئەوەی هەولّ بدەین هێـلّی دوکـان و دەربەندیخـان بگەیەنین یان کارەبای کـوردسـتـان بگەیەنینە دهۆکێ و پارێزگـاکانی تریش، زۆرپی کەیف خۆش بووین گوتمان ئێمە تەحەمول دەکەین هەتا سەعاتەکیش بگاتە ئێمە، ئێمە مەمنوونی حکومەتی خۆمان دەبین زۆر ممنونی لێپرسراوی خۆمان دەبین، بەلاّم موخابنە ئەوە نزیکی سالّەک تێپەربووە کارەبا نەگەیشتە ئێمە و دەمانەوێ زوو ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەرێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەرێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

دیارە برینی کـارەبا لەشـاری دهۆک ئەو مـەسـەلە لەناوپەرلەمـاندا لەدەرەوەی پەرلەمـانیش لەناو ئەنجـوومەنی وەزیران، لە هەمـوو شوێنێکدا باس کـراوە، باسی مـوەلیـدات کراوە باسی پەیوەندی لەگـەلّ رژێمی بەغـدا کـراوە لەلایەن تورکـیـاوە، دوایی باسی ئەوەیان کـرد کـە (علی اسـاس) حکومـەتی تورکـیـا کـارەبا بداتە شاری دهۆک، بەلاّم بەبۆچوونی ئەو بەرای ئێـمـە ئەوە هەمـووی چارەسەری مەسەلەکە ناکات، ئێمە لەژێر رەحمەتی رژێمی بەغدا بین چارەسەری مەسەلەکە ناکات، ئێمە لەژێر رەحمەتی تورکیا بین چارەسەری مەسەلەکە ناکات، هەروەها موەلیداتی کارەباش دیارە مەسەلەکە چارەسەر ناکات، ئەوەی رژێمی بەغدا ئێمە باسی لێ ناکەین، ئەوەی تورکیا دیاربوو کە چارەسـەری مەلەسەکـەیان نەکـرد، ئەوەبوو بۆ مـاوەیەکی زۆر دوورو درێژ و هاتووچۆی وەفـدو وفـود موهەندسین بۆ تورکـیا وەعدیان دا کارەبا بەئێـمە بدەن بۆ دهۆک کارەبایان دا بۆ مانگەک بۆ دوو مـانگ بۆ سێ مانگ ئەویش ئەگەر هەمووی بێـتە سەر یەک رەنگە بەتەواوی بۆ یەک مـانگ نەیان داو، بەرای مـن چارەسـەری ئەومـەسـەلەیە بەدەسـتی خـۆمـان دەبێ چارەسـەری بکەیـن بەدەسـتی حکومـەتی ئێـمـەیە و بەدەسـتی وەزارەتی پیشـەسازی یە، ئیـتـر ئاسـانە ناکـرێت مـاوەی ئەوێت و

پارەی ئەویت، توانای ئەویّ و، ئەوە بابەتێکی ترە ئەوە ئیشوکاری من نییە ئیشوکاری مرۆڤی تەکنیکی یە لەوەزارەتی پیشەسازیی لە بەڕێوەبەرایەتی کارەبا، بەلاّم ئەمن ئەوەی کە لام ئاشکرایە لە زۆر ئەندازیار و پسپۆڕی کارەبام پرسیوە کەوا ئێمە توانای ئەوەمان هەیە و ئەتوانین ئەگەر جیددی بین لە مەسەلەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە من وابزانم بەڕێوەبەری کارەبات لەگەلّ بوو، بەلاّم تا ئێستا پێویست نییە بێت، هەر وەختێ ویستی ئاگادارم کە بۆ ئەوەی بێت جێگەی تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر بێت گوێ بگرێت، چونکە حەقە گوێ بداتە گفتوگۆکە. بۆ ئەوەی بتوانێ هاوکاریتان بکات لەوبابەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئێش و ئازاری خەلّکی دهۆکی زۆر زۆرە بەتایبەتی لەو هاوینە گەرمەدا، هەروەها زیانی زۆر زۆرە لەسەر بابەتی کۆمەلاّیەتی و تەندروستی و ئابووری، ئەوە شتێکی ئاشکرایە و ئەو ئێش و ئازارانە بەردەوامن ئەوە زیاتر لە سالّێکە لە وەختی خۆشی دا پار لەم هۆلّە موناقەشە هاتە کردن و محاولات هاتە کردن لەگەلّ (M.C.C) و ڕێکخراوەکانی (N.U) هیچ چارە نەبوو، هیوادارین چارێکی دی ئەو هاولاّنە بێتە کردن، جەنابی وەزیری پیشەسازیش لێرەیە نازانم وەزارەت چی پێ دەکرێت، بەس بەرای من ئەگەر کاتی چەند مولیداتی گەورە هەبێت بە (١٠٠) میگاوات و زێدەتر لەوانەیە چارەسەرێکی باش بێت ئەو ماوە بەلاّنی کەمەوە چەند سەعاتێکی ئەویّ هیچ نەبێ بۆ ئاو و چەند سەعاتێک ثلاجە ئیش بکات هەر بۆ ئاوی تەزی و، پشتگیری لەقسەی کاک د.ڕزگار و حازم یوسفی دەکەین و هیوادارم پشکداری ئێمە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن بالّەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی کارەبای دهۆک کاک د.ڕزگار و کاک حازم و کاک سەفەر قسەیان کرد لەسەر بابەتێکی زیندوو و خەلّکی دهۆک ئێستا زۆر لە ئازارا دانە، بەلاّم من یەک شت ئەلێم، ئەوە سالّێکە نازانم وەزارەتی پیشەسازیی چی کردووە بۆ ئەو پرۆژەیە؟ ئەوە جەنابی وەزیری پیشەسازیی دانیشتووە بۆ ئێمە روون بکاتەوە، چی کردووە بێجگە لە کارەبای تورکیا کەشەش مانگ هاتووە ئەویش من ئەتوانم بلّێم فاشل بووە، چونکە (٥) رۆژ بۆ ئێمە دەهات (١٠) رۆژ نەدەهات یان بیست نەدەهات (٣) سەعات ودەبڕا نەمان دەزانی بۆ؟ شەش مانگ تەواو بوو، کارەبا نەما جا من تەئییدی کاک سەفەر دەکەم ئەگەر جەنابی وەزیری پیشەسازیی دەزانێت هێلّی دووکان بۆ دهۆک دوا دەکەوێت هەولّ بدەن مولیداتی گەورە لە دهۆک دابنێن، چونکە ئێستا خەلّکی زەنگین لە دهۆک مولیدە دائەنێ ئیشتراک بە (٥٠٠) دینارە، مانگی (٥٠٠) دینار ئەدەین (٦) سەعات

کارەبامان دەدەنێ ئەگەر وەزارەتی پیشەسازیی ئەم شتە بکات و ئەگەر بزانێت کارەبای دهۆک دواکەوتووە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کارەبا زۆر پێویستە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی بۆ نموونە دەبینم نەخۆشی یەک لەناو ئێمەدا پەیدابووە (شلل)، حەتا چارەسەری ئەو ناکرێ بێ کارەبا خەڵکی دهۆک ناچارن نەساغی وەک (شلل نصفی) بینن بۆ هەولێر بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێ ئەوە هەموو لە ژوورەوە دەزانین تەنیا من دەومەوێ شتەک بزانم پاریش باسی ئەوە کرا چ بەرامبەر دوژمن هەمان هەنگاو بهاوێشترێ، ئاو زۆر گرنگە چما ئاوی دووکان وەکو کلیل لەدەستە، ئاوی دووکان ببڕدرێت، بیستان و باغ و شینایی بەعقوبە تێ دەچێت بۆ ئەوەی بزانن کاری حاڵ چییە؟ نموونەک دێنمەوە لەسەر مانگانەی ئەصلی ناوچەکە، تصور بکەن هەتا پێریش لە زاخۆ قاڵبی بەفر بە (١٥٠) دینار بوو لە (٩٠٪)ی فەرمانبەرەکان مووچەیان ناگاتە (٤٠٠) دینار ئایا بەچی بژین ئەگەر رۆژی نیو قاڵب بەفر بکڕن بەو هاوینە گەرمە مەصیری ئەوانە چی دەبێت؟ ئومێدمان ئەوەیە هەموو پێکەوە دەنگی ئێمە و دەنگی میللەتی پێکەوە بگەیەنینە حکومەت، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی نەبوونی کارەبا لە دهۆک تەنگوچەڵەمەیەکی زۆر گەورەیە، هەر کەسێ هەست بکات کەبۆ ماوەیەکی کەم کارەبا نابێت ئەتوانێت گەورەیی ئەو نارەحەتیە هەست پێ بکات کەئەوان هەستی پێ دەکەن و تەنگو چەڵەمەکەش هەر کارەبا نییە بەتەنها ئاویشی گرتۆتەوە، بەتایبەتی ئاوی خواردنەوە، زۆر لە شوێنەکانی شاری دهۆک و دەوروبەری قەزا و ناحیەکان تەنگوچەڵەمەی نەبوونی ئاوی خواردنەویان هەیە بێجگە لە کارەبا ئەگەر زۆربەی برادەران لەبیریان بێت ئێمەساڵی پاریش باسی ئەم کێشەیەمان کرد زیاتر پێویستە خۆمان هەوڵ بدەین کە چەند ئەتوانین بۆیان بکەین بۆ ئەوەی تەنگوچەڵەمەکانیان بگەیەنینە ئەنجامێک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو برادەرانەی کە ویستیان قسە بکەن تەواو بوون، ئێستاش وەزیری پیشەسازی و وزە ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، هیوادارین چارەیەکی بەپەلەی هەبێت بۆ شاری دهۆک و دەوروبەری، چونکە لەراستیدا ئەوە ماوەکی دووردرێژە ئێمە بەو بابەتەوەین چەند جاریش باسی کراوە.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی و وزە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم وەڵامەکەم بکەم بە دوو بەشەوە، بەشی یەکەمیان پەیوەندی بە کارەبای دوکان و دهۆکەوە بێت، بەشی دووەمیان بەدەربەندیخان و سلێمانییەوە بێت، وەکو ئەزانن بەراستی جێبەجێ

کردنی هەر پرۆژەیەک دوو کاری ئەساسی ئەوێت: کاری هونەری، دووەم کاری دارایی و نەبوونی پارە لە بارەی کارەبای دهۆکەوە بەراستی لەپەیابوونی کێشەکەوە ئێمە لیژنەیەکی بالآمان بەسەرۆکایەتی بەرێوەبەری کاروباری گشتی کە ئێستا لێرەیە دروست کرد، بەسوپاسەوە ئەولیژنەیە کارێکی ئەوتۆی بەجێ هێنا کەبەراستی زۆر گەورەیە بەنسبەت توانستی ئێستای ئێمەوە، دیاری مەساری نەخشەکەوە، ئەو ناوچە شاخاوییانە، و ئامادەکردنی نەخشە و تقدیری کولفەی پرۆژەکە هەمووی ئامادەیەو ئەوانەشمان داوە بەهەموو جیهاتەکانی بۆ ئەوەی کەوا بتوانین جێبە جێی کەین، بەلآم بەراستی لەسەرەتاوە نەبوونی پارەکە نەیان ئەدانێ بۆ ئەوەی کەوا دەست بکەین بە ئیشەکە بوو بەهۆی ئەوەی کەچەند مانگ ئیشەکەی دواخست، ناچار بووین ئێمە لەپارەی کارگەکانی خۆمان دەستمان کرد بەپێدانی سولفە بە لیژنەی ناوبراو، لیژنەکە بەراستی ئێستا دیراساتیان لەو رووە هەمووی ئامادەیە، بەلآم وەکو بەرێزتان ئەزانن توانستی ئێمە بۆ هێنانی مەواد بۆ ئەو ئابلۆوقەیەی کەوا لەسەرمانە ناتوانین مەواد بێنین لەبەرئەوە ئێمە هەموو رێکخراوەکان و هەموو ئەو وەفدانەی کە چوونەتە دەرەوە دراساتی تەواو و کولفەی پرۆژەکەمان داونەتێ بۆ ئەوەی کەوا هەولێک بدرێت پرۆژەکە جێبە جێ بکرێت، هەتا بۆ دوا جار ئەم جارە ئەو برادەرانەی کە چوون بۆ فەرەنسا پرۆژەکەیان بەتەواوی لەلایەو کولفەمان بۆ تەقدیر کردون کەوا دەوری (١٢) ملیۆن دۆلارە و هەشتا ملیۆن دیناری دەوێ ئەگەر بێتو بە هەندەسەی مەدنی خۆمان دابینی کەین، بەلآم بەراستی مەوادی پێویستە لەدەرەوە بۆمان بێت ئەگەر لەدەرەوە بۆمان نەنێرن بەهۆی ئابلۆوقەوە ئێمە ناتوانین ئەو مەوادانە دابین بکەین و لەچاو پێ کەوتنەکانیشماندا بەراستی دوای برینی کارەبای ئەمجارەش لە دهۆک من خۆم لە کۆتایی مانگی (٤) چوومە دهۆک لە مانگی پێنج چوومە دهۆک بە دوورو درێژی قسەم لەگەڵ نوێنەرانی M.C.C کرد وپێمان وتن کەبەراستی بۆ ئەوە کە بتوانین کێشەکە تۆزێک تخفیف کەین باشترین رێگا ئەوەیە کەوا یەکەم زەخت بکرێتە سەر رژێمی عێراق کە ئەمە لام وایە نزیکترین رێگایە بۆ ئێمە بەنسبەت کارەباوە بۆ ئەوەی کارەبامان بدەنێ و هەندێ بەڵگەمان دانێ ئەوحوجانەی کە ئەوان بەدەستانەوەیە و بەئێمەیان گوتووە، کە ناتوانن کارەبا بدەینە دهۆک هیچی راست نییە، حوجەتەکان وابزانم قەناعەتیان پێ کرد ئەوانیش و داوامان لێ کردن کە ئەو زەختە دیسان دووبارە بکەنەوە، هەروەها بەنسبەت حکومەتی تورکیاوە پێمان گوتن کەوا بەراستی ئێمە ئەو وەفدەی کەچووین و وفدەکە هەردوو ئیمزایان کردووە وەختی خۆی بۆ ماوەی (٦) مانگە، بەلآم ئەوان لەپاش (٢) مانگ کارەباکەیان بریووە، وائەزانم ئەو وەفدەی کە ئێمە چووبووین یەکێک لەو حوجانە کەبەدەستی لایەنی تورکیەو بوو ئەوەبوو کە ئەڵێ ئێمە لە مەوسیمی گەرما ناتوانین کارەباتان بدەینێ کەئەوە لە هۆیەکانی برینی کارەباکەی ئەو جارەیان بوو، کارەباکەشیان بۆ مەشاریعیان زۆر دەوێت لەبەر ئەوە لە کۆتایی مانگی (٥)وە تاکو کۆتایی مانگی (٩) کارەباتان ناتوانین بە تەواوی بەدەینێ، هەرچەندە ئێمە پێمان وتنەوە هەتاکو وتمان هەڵەیەک هەیە لە دەستەکە و لە مەوعیدەکە، چونکە ئەوڕایە ئێوە لە

١١/٣ بۆ ٥/١ کارەباتان دابنایە، ئینجا ئێوە دواتان خست لە (٤/٣) وە بۆ مانگێ کارەبایان دابنێ ئەوان بەڵێنیان داینێ کە دیسانەوە داوا لە حکومەتی تورکیا بکەن کە پێشنیاریان کرد وتیان ئێمە وای بەباش ئەزانین کە خۆشت بچی لەگەڵ لایەنی تورکی قسە بکەی، جارێکی تر تاکو بزانن ئەو ئیلتباسە هەیە یان نییە، ئەمە لەبارەی چارەسەری کاتییەوە، بەلام لەبارەی چارەسەری جەزری یەوە، هەروەکو وتم بەراستی ئەو پرۆژەی ئێمە ئێستا ئیشی تیا ئەکەن، ئیش کردنەکە وەکو دوایی بەرێز بەڕێوەبەر گشتی کارەبا هەنگاوەکانی کەوا نراون هەمووی روون بکاتەوە، بەلام ئەگەر مەوادەکانمان و توانای ئابووریمان دابین نەکرێت زەحمەتە، توانای ئابووریی بەراستی لە توانای ئێمەدا نییە و ئەگەر مەوادەکانمان بۆ نەهێنن ئێمە هیچ جۆرە ئەو مەوادانەمان لەناوخۆمانا بۆ دابین ناکرێت و هەندێ برادەر باسی ئەوەیان ئەکرد کەبەراستی.

ئێمە هەر بەپێی ئەو توانایەی کە هەیە لەوەزیاترمان پێ نەکراوە و بڕواناکەم پێشمان بکرێت ئەگەر دابینی مەواد نەکەین، چونکە هەروەکو وتم پێویستمان بەمەواد هەیە بە «١٢» ملیۆن دۆلار کە پێویستە رێگامان بدەن و ئابلۆوقە لەسەرئەوە لابەن و پارەشی بۆ دابین کەین لەگەڵ هەشتا ملیۆن دیناردا، ئەگەر خۆمان ئەندازیاری شارستانی ئامادە بکەین بەنسبەت پرۆژەکەوە ئێمە دیراسەتمان تەواو کردووە مەسارمان دیاری کردووەو خەریکی ئامادەکردنی پرۆفایدین کەبەراستی ئەوە بۆ یەکەم جارە کەوادیری خۆمان بتوانن ئەو شتە بکەن، ئەگینا جاران بە ملیۆنەها دۆلار کۆمپانیای بیانی دەی کرد، بەلام برادەرانی خۆمان بەراستی تەکنیکی یەکانی خۆمان ئەو ئیشانەی خۆمانیان کردووە، بەلام ئێمە پێویستمان بەمەوادەکانە کە بایی (١٢) ملیۆن دۆلارە بەپێی تەقدیری ئێمە ئەو مەوادانەش کە زۆر پێویستن. کەوا بوو پێویستی یەکەمینمان تەرخان کردنی پارەکەیە دووەمین رێگا بدرێ بەهێنانی، لەکاتی سەردانەکانمان دیسان لەگەڵ رێکخراوی «ئۆفدا» قسەمان کرد لەم رووەوە ئەوان وادەیەکیان داینێ وتیان لەم بەینە شارەزایەک دێت بەتایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە لەو دوو پرۆژەیە و پرۆژەی کارەبای کوردستان بەشێوەیەکی گشتی و پرۆژەکان کۆمپانیاکانیشیان چی هەنە لێی ئەکۆڵینەوە و چاوەڕێی هاتنی ئەو وەفدە بووین بێن، ئەوان ئەتوانن لەو رووەوە یارمەتی چیمان بدەن، لەبارەی مۆلیداتی گەورەوە هەرچەندە لام وایە کە بەڕێوەبەری گشتی کارەبا پسپۆری لەو شتەدا هەیە، لام وایە کارەبای دهۆک بەراستی بە مولیدەی گەورە کارەبا دابین نابێت و هەروەها بۆشمان نایەت، چونکە کە وەختی خۆی کارەبا لە دهۆک برا بەهەموو توانایەوە توانیان (٩٠) مولیدەی بچوکمان بۆ بێنن کە ئەویش بەشی زۆری بۆ پرۆژەکانی ئاو تەرخان کراون، بەڵێ پرۆژەی ئاو بە پرۆژەی کارەباوە بەستراوە، بەلام بەراستی وەزارەتی پیشەسازی توانای ئەوەی نییە هەڵەکانی هەموو وەزارەتێک راست بکاتەوە بیری ئاوەکان، پرۆژەی ئاوەکە چ لە هەولێر چ لە دهۆک بەراستی کاتی خۆی مولیداتی لەسەر بووە یاخود مکائینی دیزلی لەسەر بووە، ئێستا بۆ ئەوەی ئەو وەزارەتانەی تر بیانەوێت کولفەی خەرجی خۆیان کەم بکەنەوە مولیدات هەمووی لابراوە، چونکە سووتەمەنی ئەوێت وەزارەتی پیشەسازی، وەرە کارەبای بۆ دابین بکەن، ئێمەش

بەراستی خۆتان ئەزانن ئەو کێشەی کارەبایە لەجیاتی ئەوە بەکار هێنانی کارەبا سووک بکەین، ئێستا زەختێکی ئاویشمان خستۆتە سەر کە ناچارین بۆ ئەوەی شارەکان بێ ئاو نەبن، ئێمە ئەو ئێستگانەش و ئەو بیرانەش کارەبایان بدەینێ ئەمە بەنسبەت کارەبای دوکان بۆ دهۆک بەراستی بۆ ئەو پرۆژەیە بۆ دوا جار ئەڵێم ئەگەر بێتو پارەی بۆ دابین نەکەین و ئابڵووقە لەسەر ئەو مەوادانە لانەبرێت کەوا لەدەرەوە ئەیهێنین ئیمکانیەتی ناوەوی خۆمان هیچ جۆرە رێگای ئەوەمان نادات کە بتوانین هەموو کەرەستەکان دابین بکەین، دەربارەی پرۆژەی دەربەندیخان بەراستی حەزدەکەم ئەوە بزاندرێت، دوای ئەوەی کە لێکۆڵینەوەی هونەری دەریخست بۆمان ئەو جۆرەی تەلەی کە تۆزێک سووکترە لەوتەلەی کەئێمە ئێستا ئەتوانین دابین بکەین لە خەلەتۆنەکان ناچار بووین تاوەرەکان زیاد کەین لە (٢١٧)وە بکەین بە (٢٤٠) تاوەر ئێستا (١٩٠) تاوەری کاتەکەیان تەواو بووە (٤٠) تاوەری ئیحالەکرا ئێستا ئیشیان تیا ئەکرێت هەتاکو (١٠) رۆژ لەمەوپێش وئێستا هیوام وایە ئەو (٣٠) تاوەرەش بنکەکانیان بەشی زۆری تەواو بووبێت قۆناخی دووەم پەیا کردنی تاوەرو بەستنی یەتی لەگەڵ پەیداکردنی هەموو کەل و پەلی پێویست، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەزیز ئەگەر شتێکی هەبێت لەسەر ئەوشتانەی کە باس کرا، بۆ ئەوەی زیاتر وەکو لایەنی هونەری زانیاریەک بدەن بە ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز عەبدولعەزیز/ (بەڕێوەبەری کارەبا):**

زۆر سوپاسی سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان دەکەم بۆ ئەو هەلەی پێمانی دا کەلێرە قسە بکەم، بەراستی ئەمن دەمەوێت بەس تەرکیز کەم لەسەر پرۆژەی دوکان، خەلیفان، دهۆک، هەندێ روون کردنەوەی لەوەی کردیتمان هەتا ئێستا و ئەوەی پێویستە بیکەین، ئەو پرۆژەیە پێش ئەوەی کارەبا لە دهۆک ببرێت لەلایەن وەزارەتی پیشەسازی و وزەوە دراسەتێکی کراوە و لەبەرنامەی خۆی داناوە (٣) پرۆژەی سەرەکیمان لەدراساتی خۆماندا دامان نابوو یەکێکیان پرۆژی دهۆک بوو، هێڵی دهۆک تەبیعی پرۆژەکە لەبۆ قۆناخی سێیەم جێبە جێ بکرێ، نەک قۆناخی یەکەم، چونکە دهۆک کێشەی کارەبای هەبوو، سلێمانی وهەولێر کێشەیان زیاتر بوو، لە قۆناخی سێیەم داندرابوو پاش ئەوەی لە ١٩٩٣/٨/٥ کارەبا لە دهۆک برا وەزارەت پەلەی لێ کرد هێنایە پێشەوە پرۆژەکەمان دەستی پێ کرد بە عەمەلیاتی جێبە جێ کردنی دراسات و لە هەموو لایەک پرۆژەکەمان دراسەت کرد لە لانی دامەزراندنی موەلیدات یەعنی محەتەکانی تەولید لەدهۆک دابنێین ولە لایەنی گوێزانەوەی کارەباوە لەدوکان لەبۆ دهۆک بیبەین دیتمان پاش دراسەتێکی زۆر گەورە پاش گفتوگۆیەکی زۆر، کە هەموو لایەنی تەکنیکی بەشداری تێدا کرد، دامەزراندنی موەلیدات لە دهۆک گرفتی کات و پارەو سووتەمەنی هەیە، واتە لەوانەیە دانرێت بەس یەکەم کاتی زۆر دەوێت واتە لە دروست کردنی خەتەکە زۆر زیاتر کاتی دەوێ وسووتەمەنیشمان نییە واتە نەفت و غازو ئەوشتانە کە وقودێکمان هەبێ ئیشی پێ بکەین، ئەوەها ئەو شتانە مەکینەی

گەورەی پێ دەوێت واتە موافەقەتەکەی لەوانەیە زەحمەت تر بێت لە موافقاتی خطوط و ئەوانە دراساتی کۆتایی بڕیاری ئەوە درا ئێمە دراسەتی نەخشەیەک بکەین لەدرەبەندیخان لەدوکان لە بۆ دهۆک تەبیعی ئەو خەڵکە بەشێوەیەکی ئەوها ئیختیار کرایە نەبەس دهۆک سوودی لێ وەرگرێ، دوو پرۆژەمان لێک داوە بۆ ئەو هێڵەی یەکەم: کارەبای هەولێر بەهێز دەکات، دووەم کارەبای دەگەیێنێتە دهۆک، سێیەم لەجێی خۆ هەندێ کێشەمان هەیە لە بۆ ئاینده لەوانەیە سوودی لێ وەرگرین لەوانەیە ئەگەر کارەبای عەقرە سبەینێ برا ئێمە دیراسەتێکی تەخمینیمان پێشکەش کردووە، لەبۆ مەواد نزیکەی (١٢) ملیۆن دۆلاری دەوێت لەبۆ کڕینی مەواد لەدەرەوە، چونکە لەبۆ ئەو پرۆژەیە هیچ مەوادمان لە ناو کوردستان نییە، قۆناغی دووەم دەستمان بەدراساتی تەکنیکی کرد واتە ئیختیاری مسار، ڕێگایەکە بە کوێ دابچی و ئامادەکردنی نەخشەو و دراسەتی پرۆفاید، ئەو قۆناغانە لە خەلیفانەوە هەتا دهۆک تەواو بوونە ئێستا وێنەکێشراوە و نەخشەکان رەسم کراون ماوەتەوە لە بەشێک لە نزیک دوکان ئەوە ماوەتەوە ئێستا لەبەر باری ئێستا دوامان خستووە ئەوانی دیکە هەمووی تەواو بووە کێشەی سەرەکی هەروەکی جەنابی وەزیر خستیەروو نازانین ئەو پارەیە کێ بەرپرسیارە لە بۆ پەیداکردنی، بەراستی ئەو کێشەیە زۆر سەرەکییە بەتایبەتی دەربارەی شتی پێویست، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێنجا ئەگەر چ بەدواداچوونێک هەیە لەسەر ئەوە تکایە بە مورەکەزی، چونکە ئەو بابەتە زۆر باس کرا هەوڵ بدەن سوود وەربگرن لەو برادەرانەی کە بابەتەکە باس دەکەن، دەنا ناچار ئەبین ئەڵێین کاکە ئەوە باس کراوە ببورە، واتە با تۆزێ بەدیاری کراوی بێ چونکە ناو زۆر ئەنووسرێت ئەوەی کە ئەیەوێت قسە بکات ئەوی تر با دووبارەی نەکاتەوە، چونکە ناچارین بڵێین ئەوەی کە برادەری تر باسی کردووە دووبارەی مەکەنەوە.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەزدەکەن پێش ئەوە خاڵێک هەیە کە بەراستی ئێمە تەنسیقێکمان لەگەڵ (I.N.C) کرد بۆ ئەوەی کەوا بتوانین ئەوانیش بەشداری پرۆژەکە بکەن یارمەتیمان بدەن، بەئارەزووی ئەوان ئەوەیە کە بتوانین پەیوەندیی بە کۆمپانیای بیانیەوە بکەین، دوای ئەوەی کە بتوانین پارە دابین بکەین، و رەزامەندیی وەرگرین بۆ مەوادەکانی، چونکە ئەوان رایان وایە کە جێبە جێ کردنی لەلایەن کۆمپانیای بیانیەوە لەوانەیە ئاسانتر بێت و هاندەر بێت بۆ ئەوەی ئەو کۆمپانیانەش هەوڵ بدەن بۆ دابین کردنی یارمەتی لەو رووەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینییەکی بچووکم هەیە ئەوەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیی کارەبا گوتی کە نازانین کێ بەر

پرسیاره له راستیدا شتێکی سەیره چۆن نازانین کێ بەرپرسیاره ئێمه ئەنجوومەنی وەزیران وەکو دەسەڵاتێکی جێبه جێ کردن بەرامبەر بەم پەرلەمانه بەرپرسیاره، بەرامبەری وەزیری پیشەسازی لێرەیه بەرپەرسیاره بەرامبەر به ئێمەوه، ئەو تەبیعی جگه لەوەی که بەرپرسیاره له وەزارەتەکەی خۆی لەگەڵ بەڕێزان وەزیرەکانی تر بەیەکەوه بەرپرسیارن، پێم زۆر سەیره ئەگەر لەلایەنێک تەخسیریی هەیه له زۆر وڵاتان لیژنەی باڵا دانراوه لیژنەی وزه و نەفت زۆر ناوی تر، واتا ئێمه راسته حکومەتێکی مەحلیمان هەیه ئەگەر ئەو وەکو بەڕێوەبەری کارەبا و لەگەڵ جەنابی وەزیریش لێرەیه گەیشتوونەته رەئیەک که لایەنێک تەخسیریی هەیه لەوه لێی ناپرسێتەوه که شتێک پەیوەندی بەژیانی هاووڵاتییان هەیه بابەتێکی گرنگه فەرموو با ئێمه له پەرلەمان موحاسبەی ئەو لایەنه بکەین تەخسیریی نییه، سوپاس.

**بەڕێز شالاو عەلی عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بابەته زۆر باسی لەسەر کرا، بەڵام من ئەمەوێت هەندێ راستی هەیه کەبەش بەحاڵی خۆم به موبالغەی ئەزانم ئەوەی که بەڕێز وەزیری پیشەسازی باسی کرد (١٢) ملیۆن دۆلار و(٨٠ )ملیۆن دیناری کرد ئەگەر ژمارەکانم تەواو وتبێ ئەویش ئەوەیه، ئەگەر ئەو برادەرانه بێننەوه خەیاڵی خۆیان زۆر بەباشی خەتەکه لەدەربەندیخانەوه ناچێت بۆ دهۆک، راسته دوور نییه خەتێک ئەگەر لەدەربەندیخانەوه بەتایبەتی ببیبەی بۆ دهۆک وابێت، بەڵام بەراستی خەتەکه لەدەربەندیخان سەددەی لێ یه تاکو سلێمانی خەتی دووکان هاتووه بەهێزی (١٣٢) میگاوات خەتەکه بەستنی هێزی کارەبای دەربەندیخان بەدووکانەوه له سلێمانی و هەروەها له دوکانیشەوه هاتووه هەتا دەگاته بێخمه واتا هەموو گەیشتووه و تەواوه هەتا بێخمه، له بێخمەوه ئەگەر بڕواتەوه تەنیا کێشەیەک هەبێت بۆ شیلادزێ و لەدهۆکیشەوه خەتەکه هەیه هەتا شیلادزێ، جا لەبەر ئەوه ئەو خەتەی نێوان دەربەندیخان و دوکان که لەسلێمانی گرێ ئەدرێت، زۆر زیاتری تێ ئەچێت، لەوەی نێوان سەددی بێخمەوه که رۆیشتووه هەتاکو ئەگاته شیلادزێ تاوەرەکانیش کەمتری ئەوێت، لەوانەیه دراسەتەکەی زیاتری بووێت، بەڵام ئەوەی که بەڕێوەبەری گشتیی کارەبا باسی کرد، بەراستی ئەوه نەخشەیەکیان دیاره داناوه که بڵێی ئیتر حاله تاریئێکه و وەزعه ئەساسییەکەی که چەندین جار له پەرلەمانا لەوانەیه باسی کرا بێت یەعنی ئەودوو حاڵەتانەیان رەنگه لەبیر چووبێتەوه، بەرای من تەخسیری نەبوونی کارەبا و برانی له بەشێک له کوردستان ئێستا تەخسیرییەکەی هی وەزارەتی پیشەسازی یه که بەراستی بەگورجی ئیشوکارەکانیان نەکردووه، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم باسه پێشی شەش مانگ لێردا باسمان کرد بەڕێز وەزیری پیشەسازی هەم دیسان باسی

ناحیــەی مـاددی کـرد کـە پارە نیـیـە، هەر عـەینی کـات باسی ئەوە کـرا کـەبەسـتنی کـارەبای دەربەندیخـان بۆ دوکـان نیـو ملیـۆن دۆلاری پێـویسـتـە بەوەی کـە یەکـێک لە رێکخـراوە بیـانووەکـان باسی کـرد و ئامـادە بـوو کـە لەسـەرەتادا نازانم ئەوە بـۆچی (١٢) ملیـۆنی تێ بچـێت، بەسـتنی کارەبای دەربەندیخان بۆ سلێمانی نیو ملیۆنی تێ بچێ ئەگەر ئەمەش شەش ئەوەندەش بێ ماوەکە نزیکەی (٣) ملیـۆن دەکات بە تەقـدیری دیراسـاتی عـیلمی، لایەنێکی دیکە ئیدارات لە مـانگی ١٠ی ١٩٩١ کە رژێم ئیداراتی کێشاوەتەوە، ئێستا (٣٣) مـانگ دەکات لە کوردسـتانا (٣٦٠) هەزار موشـتەریکی کارەبامـان هەیە ئەگەر هەریەکی (٢٠) دینار بدا مـانگی، لە مانگێـک دا (٧) ملیـۆن و (٢٠٠) هەزار دینار ئیرادی کارەبا هەیە بۆ(٣٣) مانگ ئەگـاتە (٢٢٢) ملیـۆن دینار من پرسیـارم ئەمەیە لەم (٢٢٢) ملیـۆنە کە قـەرزە لای بەشداربووان چەندی کۆکراوەتەوە، چونکە من کارەبا بە کاردەهێنم پێـویسـتـە پارەکەشی بدەم ئەگەر نەم دا ئەیبڕن ئەمـە بە خۆڕایی نادرێت کـەواتە لێـرانە برە پارەمـان هەیە ئەتوانین ئێـمـە تەمـویلی ئەم پرۆژەیەی پێ بکەین، لەهەمـان کـاتیـشـدا ئەوەندەی ئاگادار بم لەبودجەی حکوومەتیشا دۆلاریش هەیە و بەتایبەتی لەو کاتەدا کـەبەشێک لە داهاتی گـومـرگ بەدۆلار وەردەگـیـرێ و پارەیێکی زۆر باشـیـشـە لە کـاتێکدا کـارتۆنی جگـەرە لە سەرەتادا (٣) دۆلاری لێ وەردەگیرا ئێستا لـە کارتۆنی جگەرەدا (١٦) دۆلار وەردەگیرێ کـەواتە لێـرانەدا ئەوە هەمـووی داهاتە لەم لایەنەوە، دوای ئەوە مەسـەلەی ئابلـوقـەی ئابووری کـەلەسـەر ئێـمـەیە و ئێـمـە ناتوانین ئەم مەوادانە بێنین. خـاڵێکی تر هەیە ئەویش ئەوەیە، تا ئێـسـتـا ئێـمـە گفـتوگـۆی بودجەی (١٩٩٤)ی وەزارەتی پیـشـەسـازییـمـان نەکردووە چەند دانراوە بـۆ ئەو پرۆژەیە لەبودجەدا؟ ئەمانە هەمووی ئیستفسارو پرسیارم بوو لەبەرێز وەزیری پیشەسازی و وزە. سوپاس.

**بەرێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەداخەوە لە قسەکانی بەرێز وەزیری پیشەسازی و وزە ئەمن خۆم بێ ئومێد بووم لە گەیاندی کارەبا بۆ پارێزگای دهۆک هەموو دەرگاکانی داخست، پارە. پارە نییە، مەواد نیمانە، نایەتە کوردستان لەگەڵ تورکیـا ئایا تورکیـا کـارەبامـان دەداتێ یـان ناداتێ؟ ئەو تەئمین نییـە، ئەبێ دراسـەت بکەن ئەوە سـاڵێکە کارەبا لـە دهۆک نییـە وا دیارە قسـەی برادەران کە ئێـسـتـا دراسە دەکرێ یەعنی یەک ساڵە کە کارەبا لە دهۆک نییـە تازە پرۆژەکە کەوتۆتە سەر کاغەز. دەبێ چارەیەک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەرێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەشەکورا نوێنەری پارێزگا هەولێرو سلێمانی دەکەم کو ئەوی موشارەکە دقێت موناقەشە دەکەن زۆر سـوپاسی ئەوان دەکـەین و بەرێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەنێ داوای لێ بووردن دەکـەم پێـشـەکی ئەگـەر قسـەکی رەق بکەم چونکە لەراسـتـیـدا حەقی مەیە، ئەمـە لەمـحنەتی دا دەژین، ئاخافـتنا بەرێز

وەزیری پیشەسازی و بەڕێوەبەری گشتی وا لەوە کرد کە ئێمە شعور بکەین ئیدی کارەبا بۆ دهۆک نایەت. ئەڤ نزیکی سالێکە ئەمی موناقەشە دەکەین و بیژنەمەش، هێشتا هەر مشروعی سەر کاغەزە ئەگەر بیری مە بێتە ڤێرێ ڤە هەر لەوێ مجلسێ دا بەڕێز وەزیری پیشەسازی ڤێرێ گوتی (١٠-١٥) سالێ مەشروعی مە نایەتە جێبە جێ کردن، باشە ئەو جێبە جێ کردنە چ لێ هات چ بەسەر هات ڤێرێ بەڕێز سەرۆکی وەزیر و جێگری سەرۆک وەزیری هەردووک لڤێرێ گوتیان وەزیری پیشەسازی ئەم حازرە هەمی شت توفیر بکەین، هەمی دارایی هەرێمێ دێتە بەردەستی تە توخەتی بکێشی ئەڤە موجودە و جلسەش موجودە ئەگەر بزڤرێت ئاخافتنە مە هەردووک تۆمارکراوە باشە ئەگەر پرۆژە هێندە زەحمەتە و نایەتە کردنێ بۆچی هەتا ئێستا نابێژنە مە نیینە، تاکو بەلای کەم تەگبیر لەحالێ خۆ بکەین تا بزانین چی بەسەر مەدێ، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

وەڵڵا دیارە ناچار دەبین، چونکە قسەکان دووبارە بوونەوە، بەڵام ئەمن نامەوێ زۆر لەسەری بڕۆم و دووبارەیشی ناکەمەوە بەس بەداخەوە وەزیری پیشەسازی ئێمەی بێ ئومێد کرد هیچ ڕێگایەکی نەهێشت نە موەلیدات و نەخەت و نەهیچ شتەکی نەهێشت لەبەرئەوە هەرچی قسەیەک بکەین دیارە سوودی نییە، تەنیا ئەمن تەئکید لەسەر ئەوە دەکەم ئەڵێم لەسەرەتاوە جیددییەت نەبووە کە هەستام قسەکرد وتم جیددییەت نەبووە نە لە حکوومەت و نە لە وەزارەت واتە حکوومەت ئەمن ئەڵێم هەموو حکوومەتی هەرێمی کوردستـان و بەتایبەتی وەزارەتی پیشەسازی وەک لێرەدا دەرکەوت کە خۆیان تەخسیریان کردووە ئەوە یەک، ئەوەی بەڕێوەبەری گشتی کارەبا ئەڵێ جیهەتی دەستنیشان کراو نییە کە مرۆڤ لێی بەرپرسیار بێت ئەو لایەنە تەمویلی ئەو پرۆژەیە بکات، سەرپەرشتی ئەو پرۆژەیە بکات واتە ئەوە یەک ساڵە جیهەتێکی دیاری کراو نییە سەرپەرشتی ئەم پرۆژەیە بێت و ئەمن ئەوە نەک بە جیددییەتی ئەزانم، بەڵکو بە ئیهتمامێکی گەورەی دەزانم لەلایەن وەزارەتەوە، دووەم وەزیری پیشەسازی ئەڵێ یان بەڕێوەبەری گشتیی کارەبا ئەڵێ سووتەمەنی نییە، هەتا پێش ماوەیەکی زۆر کەمیش واتا هەتا پێش (٣) مانگیش وەڵڵا هەتا ئەو ڕووداوەش کەم ئاگادار بوومە بازرگانیەکی زۆر زۆر فراوانی سووتەمەنی لەنێوان موسڵ و دهۆک هەبووە کە بە مەلایین دینار بووە و ئەگەر بڵێین پارە نییە ئەوا کەس بروناکات، سوپاس.

**بەڕێـز ئەیـاد حـــاجی نامق مـــەجـــیــــد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

من لێرەدا بەراستی دوو پرسیار لای من دروست بووە یەکەمیان ئەوەیە بەڕێز وەزیری پیشەسازی باسی ئەوەی کرد کە گوایە دەربارەی دابین نەکردنی ئاو کە ئەویش لە ناو مەسئولیاتی وەزارەتی شارەوانیەکاندایە خەلەلێک دروست بووە ئەویش ئەوەیە کاتی خۆی نەیان توانیوە پارە دابین بکەن بۆ کڕینی سووتەمەنی ئەو موەلیداتانەیان لەسەر بیری ئاوەکان سحبیان کردووە من پرسیاری ئەوە

دەکەم ئەو موەلیداتانە یەکەم شت چیان بەسەر هاتووە، دووەم باشە بەڕێز وەزیری پیشەسازی ئەوها ڕێیەکانی قەپات کردو دەزگاکانی قەپات کرد و بێ ئومێدی کردین لەوەی کە ئێمە بتوانین کارەبای بەشێکی کوردستان بدەینە بەشەکەی تر بۆ ئەوەی ئیتر پشت نەکەینە سەر ئەوەی کە بچێت دەرگای (M.C.C) یاخود دەرگای دیکە بگرین بۆ ئەوەی ببێتە زەختێک یاخود وەرەقەیەکی زەخت لەسەر ڕژێم وەڵڵا خێرێکیان پێ بکات و کارەبامان پێ بدات، باشە ئەو پارە زۆرە کە بۆ دانان وچەسپاندنی تاوەرەکان خەرج کراوە ئەوە مەصیری چی لێ دێت مادام من دەزانم شتێ سەر ناگرێت بۆچی شتێکی دیکە خەرج دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا من و برادەرانی ئەندام و خەڵکی دهۆک ئیستراحەتمان کرد لە ئیشاعاتی مەوجود لە دهۆک بەیانی کارەبا دێت (١٥)ی مانگ دێت کارەبای (صدام) دێت کارەبای تورکیا دێت. من پێشنیارێکم بۆ جەنابی وەزیر هەیە با ئەو ڕوونکردنەوانەی کە ئێستا فەرمووی لە پەرلەمان لەسەر تەلەفزیۆنی خەبات لە دهۆک بدات تاخەڵک بێ ئومێد ببێ ئەو قسانەو ئەو ئیشاعاتانەش ببڕێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلاهی منیش ڕێککەوتم لەگەڵ ئەو هەڤاڵانە کە وا بزانم قسەو معلوماتی جەنابی وەزیری هەروەکو هی پارە یانی دووبارە کردنەوە چ جیاوازی نییە، بەڵام بەنسبەت موەلیدات من حەلی مولیدات بەمەعقول دەزانم و ئەوە چارەسەرکردنێکی کاتییە، تەنیا بە ماقوولی دەزانم جەنابی بەڕێوەبەری گشتی وتی وەختی دەوێ سەبری دەوێ تەبایی دەوێت، بەڵام نەی گوت چەند وەختی دەوێت و چەند مەسرەفی دەوێت چەند سووتەمەنی دەوێت بەلانی کەمەوە شتێکی وا تەخمینی دەوێ وابزانم سووتەمەنی ئەگەر وابێ زۆر هەرزانە بە (١٥) درهەم بەشتێکی وایە، ئەو سووتەمەنییە لە دهۆک هەیە، ئەوە یەک، دوو لەوانەیە هەتا ئەهالی دهۆک موشارەکە بکەن ئەگەر شتێکی وا پرۆژەیەکی وا بکەن، سێ یەم هەتا ئەگەر شتێکی وا توفیر بێت هەر بۆشایەکانی سەرەکی و بۆ نموونە ئامێدی و گوندەکان لەناو چیا وپێویست نەبن بەس بەلایەنی کەمەوە موشارەکەی سەرەکی حەلێکی وا بۆ دهۆک بۆ زاخۆ شتێکی ماقوولە لەوانەیە بە ئیمکانیاتی ئەوان ئەژین حەز دەکەین ئەو معلوماتانە بدات وەکو مەسرەف و سووتەمەنی، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نازانم بۆ کارەبای دهۆک بەستراوە لەگەڵ هەولێر و سلێمانی دەڵێن، دهۆک هەر کێشەی هەبوو، دەڵێن لە هەولێر لە سلێمانی زیاد بووە، من دەزانم پاش کێشانەوەی ئیدارات، ئەو کاتیش

لە دهۆک هەر کێشەی هەبووە ڕۆژێ دەهات هەفتەیەک نەدەبوو، ئێستاش ئەوانە دەڵێن ئەو جار گرنگی بە هەولێر و سلێمانی دا، چونکە ئەو وەختە دهۆک کێشەی کارەبای نەبوو لێرە لەو پەرلەمانە، سەرۆک وەزیران کەسەرۆکی حکوومەتە بەڵێنیان دا وتیان چی توانامان هەیە جگە لەوەی بۆ وەزارەتیش تەرخان کراوە ئێمە ئەتوانین بیخەینە ژێر خزمەتی وەزیری پیشەسازیی تا ئیشیان پێ بکرێت، بەپێی زانیاری ئێمە زۆر عەموودی کارەبا لە کوردستان هەیە لەبەینی ئێمەو لەبەینی موصل و دهۆک و کەرکووک ئەوانە خەڵکی هەیە ئیشی پێ ناکەن با ئەو عەمودانە بێنن ئەوەی لەژێر دەستیانە زیادە چەندی پێ جێبە جێ دەبێ ئەوی تر باداری سپێندار دابنێ، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە لەدروست بوونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو برا وەزیرانەی کەوا داوا دەکرێن بۆ ئێرە بۆ ئەو خاڵانەی کەوا پێیان ئەسپێردرێ دیارە بۆ جاری دووەم هەمو هاتوونەتە ئێرە و وەزعی خۆیان پێشکەش کردووە لەراستیدا ئەوە ماوەی ساڵ و نیوێکە زیاتر بەڕێز وەزیری پیشەسازی و وزە کە بانگ دەکرێتە ئێرە لە یەکەم ڕۆژەوە تاکو ئێستا ئێمە گەش بین نین لە بۆ چوونەکانمان بەراستی یا من دێمە سەر ئەو راستی یە ئەگەر یەکێک کارێکی پێ ناکرێ ئەوەی کە بکرێ حەقە خۆی بکشێتەوە لەوەزعەکە ئەگەر ئەوەش نەکرێ من پێشنیازی ئەوە دەکەم کەوا پەرلەمان سەحبی ثیقەی لەوەزیر بکاتەوە بۆ ئەوەی جێگەی نیگەرانی ئەوخەڵکە نەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو روون کردنەوانە ڕەتدانەوەی ئەندامانی پەرلەمان بوون کە لەسەر ئەم وەزعە قسەیان کرد، ئێستا جەنابی وەزیر دوو بابەت هەیە کە پێویستە بە وردی روون بکرێنەوە، بۆچی تا ئێستاکە پێداویستیەکانی ئەو کارەبایە ئەنجام نەدراوە؟ ئەویش وابزانم ئەڵێ پێویستی بەپارەیە، پێویستی بە کەرەستەیەکە کە دەبێت لە دەرەوە بێت، حەز دەکەین وەزیر تەئکید لەسەر ئەوە بکات با وەڵامی پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان بدرێتەوە بە تحدید بۆ هەتا ئێستاکە ئەو پرۆژەیە تەواو نەبووە، ئایا ئەو پرۆژەیە لەسەر وەرەقەیە یا ئیشی بۆ کراوە؟! ئەوەش پرسیارێکە، پرسیاری سێ یەمیش کە ئەیانەوێ بەدیقەت بزانن کە چارەنووسی کارەبا لە دهۆک چی بەسەر دێت؟

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە راستیدا من دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو برادەرانەی کەباسی کارەبای دهۆکیان کرد نامەوێ بچمە ناو درێژەوە بە تەئکید موعاناتی زۆرە بەس ئەوەی جێی خۆشحاڵی منەو ئومێد دەکەم بەردەوام بێ هەمیشە وا دیارە بۆ جاری یەکەم پەرلەمان بەبێ تەماشا کردنی کام وەزیر لەکام لیستە ئەمە دیاردەیەکی زۆر سەلبی یە پێمان خۆشە ئەوە ژێرخانێک بێت هەر وەزیرێک ئەگەر هاتوو تەخسیریش بکەن نابێ پەست بن دەبێ گوێ لە دەنگی پەرلەمان و خەڵک راگرن، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران، دەمەوێ بەراستی چەند پرسیارێک وەڵام دەمەوە، پرسیاری یەکەم ئەوەیە کە بەڕێز شێخ عەدنان و برادەران وتیان بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیی کارەبا وتی نازانین مەرکەزی وەڵام دانەوە چییە وابزانم د.سەلاح خۆی وەزیری دارایی بوو کە چەند کتابمان نووسی بێ ئەوەی فلسێکمان بدەنێ ئێستاش دەپرسێ بۆچی وەستان؟ بێ ئەوەی هیچ پارەیەکمان بدەنێ ئەوەکە ئێستا بەڕێوەبەری گشتی کارەبا ئەپرسێ نازانین لەکوێ بپرسین، نامە ئەنووسین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران پارەمان نییە و بۆ پرۆژەیەکی وا گەورەی گرنگ کە ئێمە جاری وا هەیە کتاب ئەنووسین، لە وەزارەتی دارایی نهائیا وەڵامی نادەنەوە و من بەموخالەفە لە قازانجی کارگەکان ناچار بووم دوو ملیۆن دینارم بۆ تەرخان کردن کە بتوانن ئەوهەنگاوانەی ناومانە هیچ نەبێ دەبێ گرنگی پێ بدەین دوا جار دوو مانگ لەوەو پێش من کە چوومە ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی وپێم وتن ئەبێ ئەو پرۆژانە بەراستی ئیتر وازی لێ دێنین، چونکە پارەمان نادەنێ بەرەسمی جوابیان داینەوە وتیان ئێمە هیچ پارەتان نادەینێ برۆن لە پارەی کارگەکانی خۆتان پارە دابین بکەن بۆ ئەم پرۆژەیە کە ئەوەش لە دنیادا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پارەی کارگەی ئێوە بەشی ئەوە دەکات؟.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی ئەبێ بە قازانج و زەرەری پرۆژەکانی کارگەکان کە قازانج هەبێ ئەتوانین پارە بدەین، بەڵام ئێمە ئەزانین بودجەی پرۆژە هەیە هەموو پرۆژەیەکیش پارەی بۆ تەرخان دەکرێ، بەراستی ئەو برادەرەی کە لێرە دانیشتووە بۆ چارەگە ملیۆنێک نەک بۆ پرۆژەیەکی گەورەی وەکو دوکان و دهۆک لام وایە زیاد لە (٢٠) رۆژ چوو وەڵامی نەدانەوە و هیچیان نەداینێ، ئینجا ناچار بووین بۆ خۆمان پارە خەرج بکەین ئەوە یەک، دووەمین بەراستی هەندێ پرسیار کە لێرە دەکرێ زۆر تەکنیکی یە من حەز دەکەم ئەگەر هاتوو برادەرێک رەخنەی لە شتێکە باحەلێکمان بداتێ بڵێ کارەبای دهۆک نییە من ئەزانم کە کێشەکە گەورەیە کە ئەڵێن پارە نییە مەوادمان نییە، بەڵام ئەی ئەو برادەرەی کە ئەو پرسیارە دەکات کەچۆتە بنج و بنەوانی ئەوەی ئێمە ئەو توانایان هەیە بیکەین کاک شالاو خەت هەیە من پێی ئەڵێم نییە خەتی دوکان بۆ خەلیفان ئەو توانایەی نییە هێزی کارەبای هەولێر و دهۆک دابین بکات پێویست بەو خەتە ناکەین لەرووی هونەری لەکار بکەوێ چونکە بەشێوەیەک کراوە کە کارەبای هەولێر دابین بکات نەک بچێ بۆ دهۆک ئەم رەئییە غەریبانە نازانم لەکوێیەوەیە، بەراستی حەزدەکەم ئەگەر شتێکی وابێ شتێکی تەکنیکی بێتن بێن بەلای ئێمەوە پێش ئەوەی بێن لێرە بیکەن بەوەی کە بڵێین فلان شت وا ئەکرێ من ئەڵێم ئەو خەتە

هەرچەندە کە خۆم زۆر تەکنیکی نیم برادەر کاک عەبدولعەزیز خۆی پسپۆڕی ئەوەیە، بەڵام ئەو هێڵە وا نییە هێڵی دوکان خەلیفان توانای هەڵگرتنی ئەو برە کارەبایەی نییە بەشی دهۆک و هەولێر بکات ئەمە شتێکی خەیاڵیە، لە پاشان پرسیارێکی تر دەفەرموێ کاک شالاو باشە هێڵی دەربەندیخان سلێمانی ئەوەندەی تێ ئەچێ ئەی بۆچی دوکان و دهۆک ئەو پارە زۆرەی ئەوێ، هێڵی دەربەندیخان سلێمانی کە هەموو مەوادەکانی ناوخۆیە دابین کردوونە، گوتمان تاوەرمان کردۆتەوە، تاوەرمان لە زۆر شوێن کردۆتەوە، بە وزەکەیەوە نەقلمان کردووە، تاوەر بۆ هێڵی دهۆک لە کوێ ئەینێ، سیم لە هێڵە کۆنەکان کردۆتەوە ئێستا تەل لەکوێ دێنێ بۆ ئەو فنجانانەمان لە هێڵە کۆنەکان کردۆتەوە هێنامانن بۆ ئەم پرۆژەیە، مەوادەکانی هەمووی لە ناوخۆ خۆمان دابینمان کردوون لە پاشان ئەو موقارەنە بەراستی حەز دەکەم ئەگەر برادەرێک موقارنەیەکی وای هەیە ئێستە وەزارەتی پیشەسازی بزانێ ئەوپرسیارەی کە ئەیەوێ بیکات لە رووی تەکنیکی یەوە لەرووی ئیدارییەوە لە رووی داراییەوە خاڵەکان چییە قەناعەتمان پێ کرد باشە ئەگەر نەمان کرد ئەوسا بێ لەپەرلەمان دا هەندێ پێشنیار دێنێ بەراستی لەدەرەوەی توانای خۆمانە ئێمە ئەمن و ئاسایش شتێکی ناوەوەی خۆمانە هێنانی کەلوپەل لە دەرەوە ئەگەر بمانەوێ بهێنین لەوانەیە پارەمان هەبێت هەتا بۆ کەل وپەلی خواردەمەنی ئەو گیروگرفتانە کەوا هیچی لەسەر نییە بۆمان حەل ناکرێت، دێتە سەر پرۆژەکە ئەڵێن بۆچی کەل وپەل ناهێنن لە دەرەوە؟ پێی ئەڵێم موافەقەتی نەتەوە یەکگرتوەکانی دەوێ، جارەها پێمان وتوون وتوویانە تەنیا ئەگەر وڵاتان پارمەتیان بدەن، داوای ئەوە بکەن کە کەلوپەلەکان بێنن ئێمە پرۆژەی دەربەندیخان و سلێمانی یەکێک لە رێکخراوەکان، هەروەها بازاڕی ئەورووپی بەشدارە پارەیان بۆ تەرخان کرد پارەکە دیاری کرا نووسرا بۆ رێکخراوی کورد بۆ ئەوەی کەوا وەکو مقاولێک بگەینەیەک پاش ماوەیەک نە کەلوپەلەکان هێنران و پرۆژەکەش هەڵوەشایەوە و هیچیشیان نەداینێ ئەوە بەراستی ئەوەندە ئاسان نییە و حەز دەکەم ئەگەر برادەرێک پرسیارێکی وای کرد پێش ئەوە چ لە رووی تەکنیکیەوە بێت لای تەکنیکیەکان چ لە رووی ئیدارییەکان بیبەنە لای ئیدارییەکان من بە راست لەو هۆڵەوە ئەڵێم نابێت سەیری ئەو نووسراوانە بکەین کە ئێمە نووسیومانە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کە لە ئەنجوومەنی وەزیران هەندێکی نەک هەمووی نەنێردراوە بۆ وەزارەتی دارایی (٦) مانگ چارەگە ملیۆنەکیان داونەتێ ئەویش بۆ ئەوەی کە دراساتی پێ بکەین هیچ نەبێ خواردن بدەن بەو کەسانەی کە ئەچن مەسحی ئەو خەتە ئەکەن نەیانداینێ، ئەم شتانە بەراستی هەندێکی وا ئاسان نییە بۆیە حەزدەکەم بەراستی برادەرێک کە پرسیارێکی وای هەبێ ئەگەر بچێتە وەزارەتی تایبەت بچێت دەرس بکات بزانێ چ کراوە؟ چی نەکراوە؟ لە پاشان ئەگەر کاک شالاو ئەڵێ پارەکانی ئێمە و پارەکانی ئەوان چەندە بۆ ئەوەی بتوانین کێشەکە چار بکەین لە پارەی موەلداتەوە، بەراستی موەلدات ئێمە موەلیداتمان نییەو رێگاشمان نادەن موەلیدات بێنین پارەش لەداراییەوە تەرخان نەکراوە بۆ موەلیدات و لام وایە بارەی تەکنیکییەوە بە موەلیدات کێشەی دهۆک چار

نابێت ممکن نیـیـه ئەو مـوەلیـدەی کـه هێنراون لەوانەیە بەشی (٩٠) مـاڵ بکات ئەوە بە هەمـوو قـووەتی ئەوەلی ئەوان رێکخـراوەکـانی تر، بازاڕی ئەوروپی توانـرا ئەو (٩٠) مـوەلیـدە بێن کـە بەشی نەوەت ماڵ دەکات لەگەڵ پرۆژەکانی ئاو، ئیـتر چۆن ئەتوانین ئێمـه بە موەلیدات کارەبا بۆ دهۆک دابین بکەین باشە لەبارەی ئەو برادەرە کاک حازم ئەڵێ سوتەمەنی لە دهۆکدا زۆرە بەراستی بۆ ئێستا زۆرە ئێمە لەگەڵی داین مەبەستی بەڕێوەبەری گشتیی کارەبا ئەوەیە ئێمە مەحەتەیەکی حەراریمان دانا لە دهۆک چەندمان سووتەمەنی دەوێ، سووتەمەنییێکی زۆری ئەوتۆمـان ئەوێ کە ناتوانین دابین بکەین لەبەرئەوە وازمان لە ئێسـتگای گەرمی هێناو رووما‌ن کردۆتەوە ئەوەی کە سوود لە ئێستگاکانی (کهرومائی) وەرگرین لە پاشان برادەران ک ئەڵێن وەزارەتی پیشەسازی دەرگایان بۆ داخستووین بەراستی من خۆم سیاسەتی ئیش کردنم ئەوە نییە بێ ئەوەی بتوانم کە ئیشێ بکەم و کەرەستەکەم لەبەردەستدا بێ بدەم پێشەکی وەعدی ئەوە بدەم لەبەردەستما نەبێ ناتوانم ئەو جۆرە وەعدانە بدەم پارە نیـیـه کـە داوا دەکەی بابێ ئەو برادەرەی کـە رەخنە ئەگرێت ونووسراوەکانیش گشتیان بینن کە ئێمە داوامان کردووە بزانین چەندیان پێ داوین و ئێمە چەندمان داوا کردووە، مەواد هێنان بە ئاسانی نییە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییـه مواد هێنان پێویستی بە موافەقەتە پێوستی بە دەسەڵاتی ئێمەوە نییە، بەدەر کردنی ئەو موادانە پێویستی بە دابین کردنی دۆلار هەبووە ئەوانە هەمووی عیراقین لە رێگەمـان دا ناتوانین بە ئاسانی جێبەجێیان بکەین جا دیسانەوە ئەڵێم ئەو برادەرەی کە ئەیەوێ پرسیارێکی تەکنیکی یا ئابووری بکات بەلای من نەک بەنسبەت وەزارەتی پیشەسازییەوە بەنسبەت هەموو وەزارەتێکەوە پێویستە سەردانێکی ئەو پرۆژەیە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

مۆڵەت بدەن ئەو بابەتە وادیارە هێشتا بۆ ئەندامانی پەرلەمان بە تەواوی روون نییە، بابەتەکە بابڵێین لە نێوان وەزارەتی پیشەسازی و نێوان ئەنجوومەنی وەزیران و لەنێوان پەرلەماندا خەریکە تێکەڵ و پێکەڵ دەبێت، ئەندامـانی پەرلەمـان مـافـێکی رەوای خـۆیانە کـە لە جـەنابی وەزیر بەپەرۆشەوە بپرسن، چونکە ئەوە سالێک زیاترە ناوچەی دهۆک بێ کـارەبان چەند جار لێرەش بەڵێن بە ئەندامانی پەرلەمان بەتایبەتی ئەندامانی پەرلەمانی ناوچەکە دراوە، هەموو جارێکیش وتراوە ئەم مانگە، مانگی تر هەموو شت هەیە وتوانا هەیە، بەڵام وا دیارە هیچ هەنگاوێکی وەها بابڵێین بە کردەوە نەنراوە کەوا پرۆژەکە لە ماوەیەکی دیاری کراوداتەواو بکرێت و ئەوەی ئێستاکە باستان کرد ناحەقی ئەندامانی پەرلەمان نییە بە چاوێکی ناوئومێدی تەماشای ئەو پرۆژە بکەن، پێشنیارەکەی ئێمە بەو شێوەیەیە ئەگەر ئەوە بێت با لیژنەی پیشەسازی لەگەڵ نوێنەری لیژنەی ئابووری لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی و وەزیری تایبەت کۆبوونەوەیەک بکەن لەرووی تەکنیکیەوە، لە رووی ئابووریەوە ئەو کێشەمان بۆ دراسەت بکەن بە زووترین کات شتێکمان بۆ پەرلەمان ئامادە بکەن لەسەر ئەوە با گفتوگۆی ئەو پرۆژەیە بکرێت و، پرۆژەی دەربەندیخان باس بکرێ.

یەک خاڵمان ماوەتەوە نازانم دوای بخەین بۆ سبەی یا باسی بکەین، چونکە هەست دەکەم کە ئەندامان تۆزێک ماندوو بوون وابزانم ئەو خاڵەی کە ماوە کورتە بە چڕیی ئەگەر بتوانین تەواوی بکەین خراپ نییە، چونکە بۆ سبەی ئێمە پێشنیاری ترمان هەیە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی هەموو کاتێ وەکو خۆتان فەرمووتان هەمووکات وا ڕێک ناکەوێ کەوا پێنج وەزیر لێرە ئامادەبن بۆ ئەو مەسەلەیە و هەوڵ دەین ئەو باسەش تەواو بکەین و بەڵام من تکایەکم هەیە تەنیا باسی ئەوە بکرێ بۆچی ئەولیژنەیەی کەبۆ تاقی کردنەوەکان دانراوە کە لەلایەن پەرلەمانەوە دوو نوێنەرمان چووە بۆ ئەوێ نەیان هێشتووە لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار بن وئەگەر ئەوە لەرووی یاساییەوە لە تواناداا نەبوو بۆچی دەستیان داوە بە روویان نەدەبا ئەو دوو نوێنەرەی کە لەپەرلەمانەوە چوو بوون باسی ئەوە بکەن، چوون بەونیازە کە بەشدار بن لەم مەسەلەیە با بیرێکیش لەمە بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس دکتۆر ئەگەر مۆڵەتم پێ بدەن بە کورتی با دوو نوێنەری پەرلەمان بەتایبەتی لیژنەی پەروەردەمان بڕۆن بۆلای ئەو لیژنەیە، حەز دەکەم ئەوە روون بکەنەوە پێشەکی بۆ ئەوەی تووشی هیچ التباسێک نەبین کە گفتوگۆ لەسەر چی دەکەین، ئەو بابەتە رووی دا لیژنەکە دروست بوو لە هەردوو فراکسیۆن لە هەردوو سەرۆکایەتی پێشنیارێکی وا هات، خراپ نییە وەکو پەرلەمان ئەو بابەتە باس بکەین لیژنەش دروست بووە لە وەزیرانەوە ئێمە پێش وەخت پەیوەندییمان کرد لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا وتیان بەڵێ لیژنەیەک دامەزراوە ئیشوکاری ئەمەیە و لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بەتایبەتی لەلیژنەی پەروەردە دەبێ موتابعەیەکی رۆژانە هەبێ لەلایەن پەرلەمانەوە بەرامبەر ئەم بابەتەو ئەوەش ئەزانن رۆژانە کە زۆر بەگەرمی لەهۆیەکانی راگەیاندنی کوردستانەوە باسی سەیر سەیر ئەکراو بابەتەکە گەرم بوو، وتمان مادام شتێکی وا هەیە خۆ خراپ نییە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران قسە بکەین کە ئەگەر بتوانین نوێنەرێکی لیژنەی پەروەردەمان لەوێندەر بێ بۆ بەدواداچوونی ئەم وەزعە، ئەوە بوو لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران قسەم کرد ئەویش زۆر زۆری پێ خۆش بوو وتی من ئاگاداری ئەو لیژنە وەزارییە ئەکەمەوە کە برادەرانی پەرلەمانیش دێن بۆ ئەوێندەرێ بۆ بەشداری کردن و بەدواداچوونی ئەم وەزعەی کە دروست بووە، ئێمەش ئاگاداری برادەرانی هەردوو فراکسیۆنمان کردەوە، هەردوولا نوێنەری خۆیان نارد کە کاک عوسمان و کاک عەفان بوون، بەم شێوەیە دوو ئەندامی پەرلەمان دانران و رۆیشتن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بەدواداچوونی ئەو بارە بکەن و ئاگادارمان بکەنەوە چۆن ئیشەکە ئەڕوات «بۆ ئاسان کردنی» ئیشوکاری ئەو لیژنەیە لەسەر ئەو گفتوگۆیانەو ئەو کارەی کە ئەکرێ دەربارەی ئەو کێشەیە ئەمە بوو راستیەکە بە کورتی، چونکە لەناو پەرلەماندا باسی ئەوەمان نەکرد بڕیارێکمان وەرنەگرت کە

لیژنەیەک بڕوا بۆ ئەوەی بەشداری لەو لێکۆڵینەوەیە و بابەتە بکات، بەڕاستی بابەتەکە تەنها لەو چوارچێوەیەدا بوو.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــــەن.**

من وەکـو یاسـا ناسـێک وەکـو سـەرۆکی لیـژنەی یاسـا نازانم برادەران وابزانم لەگـەڵ ڕای من لەڕاستیدا تەشکیلی لیژنەکە، کە بەو شکلە کراوە تێکەڵاو کراوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــــەن:**

نەم وت پێکەوەنانی لیژنەکە، ئەڵێم لیژنە پێکنەهێنرا.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی :**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــــەن.**

مـوتابعەکردن شتێکی باشە، ئاساییە لە واجبی ئەندامی پەرلەمانە ئەندامەتیان لە لیژنەکە کە ئەوان ڕەفزیان کردووە بەخوا ئەوان لەسەر حەقن، مـوتابعـە کـردن لە صـمـیـمی ئیشی ئەندامی پەرلەمانە بەتایبەتی ئەو دوو برادەرە هەردووکیان لە لیـژنەی پەروەردە بوون زۆر ئاسـاییـە، تەنیا مـوشارەکـە لە لیـژنە مـوخـالیـفی ئوصوولە، چونکە تێکەڵاوی دوو شـتـە دەسـتـەی جێـبـەجێ و یاساکاریی، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــــەن:**

کاک عەدنان مەیخەنە قاڵبی یاساییەوە من بابەتەکەم زۆر بە ڕوونی باس کرد ئەوان نەچوون وەکو ئەندامی لیژنە بەشدار بن لە گـفـتـوگـۆ کـردن یا لە لێکۆڵینەوە، ئەوان وەکـو ئەندامی پەرلەمـان ڕۆیشـتـوونە، بۆ چاودێری کـردنی ئەم بابەتە، چونکە بڕیارێـک نییـە بەبەشداربـوونی لیـژنەیەکی پەرلەمانی لەگەڵ لیژنەیەکی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەوەی جەنابت کە ئەیڵێی لەبنچینەدا شتی وا نییە، بۆیە من وەڵامم دایەوە، چونکە بڕیاریک نییە نە لە دەستەی سەرۆکایەتییەوە کە ئەم لیژنەیە بڕوات بۆ لێکۆڵینەوە، وەکـو لیـژنەیەکی لێکۆڵینەوە نەڕۆیشـتـووە، دوو نوێنەرمـان ناردووە لە پەرلەمان، لە لیژنەی پەروەدەوە، بۆ چاودێری کردنی ئەم بابەتە، بابەتەکە وابووە.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــــەن.**

من ئەزانم ئەوەی جەنابت شـەرحت کـرد من گـوێ ڕایەڵ بووم، بەس یەک لە ئەندامـانی پەرلەمـان هەرچەندە جیـاوازی نییـە لەلیـسـتی پارتی ئامۆژاشـمـە سکاڵای ئەوەی بۆ کـردم کـە چۆن برادەران لەوێ لە ئەنجوومەنی وەزیران وتوویانە حەقتان نییە وتم لەڕاستیدا هەقتان نییـە من یاسایەکەی صرف باس دەکەم ئێرە جێی یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێرە جێی یاسایە، بەڵام شتی وا نەبوو، ئەو کاتە جێی یاسایە کەشتێکی وا ببێ، نەچوون بەشداری بکەن وەکو لیژنەی لێکۆڵینەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ئەڵێم مافی خۆیانە ئاساییە، بەڵام بەشداری کردن لە لیژنە شتێکی راست نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم هەردوو ئەندامی پەرلەمان رۆیشتوون داوایان کردووە بەشدار بن لە لێکۆڵینەوە وەکو وتم بریارێک نییە لە بەینی ئێمەو سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر ئەم بابەتە، بۆیە وتم مەسەلە یاساییەکە لێرە لەراستیدا بەدەرە لەوانەشە کە لە حرصی وەزیری پەروەدەوە بێت. لە گرنگی پێدانی ئێمەش بێ، هەردوو ئەنجوومەن کە چاودێرییەکی رۆژانەی ئەم بابەتە ئەکەین، بێ بێگۆمان قسە قسەی ئەو دوو ئەندامەیە با ئەوان قسەی خۆیان بکەن، فەرموو کاک عوسمان.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەروەکو بەڕێزتان باستان کرد تەکلیف کراین بچین بۆ ئەو لیژنەیە پاش ئەوەی کە من هاتمە ژوورەوە جەنابت لەگەڵ عەبدوڵلارەسول قسەت کردو ئەو رازی بۆ کە دوو ئەندامی پەرلەمان بچنە ئەو لیژنەیە، چاودێری کاری لیژنەکە بکەن، کە من چوومە لیژنەکە، لەو کاتە وتوویژ بوو لە نێوان بەڕێز کاک کەمال شاکرو مامۆستا محەمەد مەلا قادر کە کردوویانە سەرۆکی لیژنەکەی خۆمان، کاک سەعدی لەوێ نەبوو با کاک سەعدی ئەو تێبینی یەی لای خۆی بێ، کاک سەعدی پیرە لەوێ نەبوو موناقەشەی ئەوەیان بوو کەئێمە نابێ بچینە ئەو لیژنەیە و لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە نابێ ئەندامانی پەرلەمانی تێدا بەشدار ببێ، نابێ دووکەسی ئەندامی پەرلەمان بێن لەوێ موشارەکە بکەن ئەوە دەقی قسەی کاک کەمال شاکرە کە بە مامۆستا مەلا محەمەدی وت کە تەلەفۆنی لەگەڵ کاک عەبدوڵلا کرد، کاک عەبدوڵلا پێی راگەیاند بەڵێ من موافقم بێنە ئەوێ، بەڵێ کاک جوهر قسەی لەگەڵ من کرد موافقین بێن لەوێ بن ئێمە ئەو رۆژە سەعات یەکی بیستی دەویست گەیشتمە ئەوێ کاک عەفان لەوێ نەبوو ولە پەرلەمان نەبوو لەگەڵ خۆم بیبەم ئەو رۆژە لەوێ مامەوە، رۆژی پاشتریش من و کاک عەفان ماینەوە لە لیژنەکە دانیشتووین لەمەجرایەکی لێکۆڵینەوە ئاگادار بووین، رۆژی سێ شەممە کە دەبوایە سەعات (٩) ئامادە بین کردیان بە نۆ و نیو دەبوایە ئامادەبین کە چووین دیسانەکە مامۆستا مەلامحەمەد و کاک سەعدی نەهاتبوون سەعات بووە دەی دەی دەویست، دیسان مامۆستا مەلا محەمەد نەهات، بەڵام سەعدی پیرە هات بەبێ سێ و دوو بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە لای جەنابت بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە لای سەرۆکی ئەنجوومەنی وەیزان راوێژ بکەن و جەنابت ئێمە تەبلیغ بکەن کەلەو لیژنە سەحب بکرێن و رووی

لەمن کرد وتی ئێوە ئەندامی ئەو لیژنەیە نین و ئەگەر ئێوە دەتانەوێ قسە بکەن دەبێ پرس بە ئێمە بکەن، بەراستی من پێرێم بەبیر هاتەوە کە ئێمە شتێکی نامۆ بووین لەناو جسمی لیژنەکە، لیژنەی لێکۆڵینەوەکە، ئێمە ئەگەر لەوێ بین نابێ ئەندام بین و ئەگەر لەوێش بین دیسان نابێ چاودێری بکەین، منیش لەبەرئەوە هاتمە دەرەوە وتم پێویست ناکات رێرەوەی لێکۆڵینەوەکە بەو شێوەیە بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک عوسمان، کاک عەفان ئەگەر حەز دەکات قسە بکات با بفەرمووێت.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان قسەی کاک عوسمان قسەی منە هەمووی، بەڵام من ئەمەوێ شتێک زیاد بکەم. لەوانەیە ئێمە هەندێ زانیاریمان زیاتر کردبا و لیژنەکەش سودی لێ وەربگرتایە، چونکە ئێمە زیاتر تەماسمان لەگەڵ خەڵک هەبوو، ئێمە زیاتر تەماسمان لەگەڵ مامۆستایانی دەرەوە هەبوو هەتاکو لەگەڵ لیژنەی کۆنترۆڵ لەوانە بوو سودیان لە دانیشتنی ئێمە وەرگرتبایە لەبەرئەوە زۆر چاک بوو گەر ئێمە لەگەڵیان بونایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبیرم چوو من پێشم وتن لەگەڵ هەردوو فراکسیۆن قسە بکەن، ئەو وەختە ئەوەشمان وتبوو کە هەرچی زانیاریتان هەیە لەسەر ئەم بابەتە با لە خزمەتی لیژنەکەدا بێ ئەوەشمان پێ گۆتبوون لەبیرم چوو، ئەوە رای هەردوو ئەندامی پەرلەمانە کەبەو شێوەیە باسیان کرد ئێستاش برادەرانی لیژنە بابفەرموون، نازانم کامتان وەڵام دەدەنەوە.

**بەڕێز مەلا محەمەد قادر/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان سوپاستان دەکەین بۆ ئەو بانگ کردنە، ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیران کە ئەو رووداوی ئاشکرا بوونی ئەزموونی تاقیکردنەوەکان بوو جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران باسی کرد کەلیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەو کێشەیە کە خەریکە وەکو فەزیحەیەکی لێ بێ بریارمان دا ئێمە ئەوە پێنج وەزیرین، بەندەو ئەو چوار برایە بەڕێزەی ترم خوشکە کافیە کە لێرە نییە لیژنەی لێکۆڵینەوە بین، ئێمە لە رۆژی (٤)ی مانگ بریارەکە دەرچوو لە رۆژی پێنج دەستمان کردبە ئیش، ئەوە بوو سەرۆکی پەرلەمان جەنابی خۆی تەلەفۆنی بۆ من کرد، منیش لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران قسەم کرد وتی دێت وەکو چاودێر لەوێندەر بۆ چاودێری و ئەوانە نەک ئەندامی لیژنەکە لەسەر ئەو ئەساسە وتی ئەوەمان کردووە تەقریبا بەو شێوەیەی باسمان لێ کردو گەڕاینەوە، کاک کەمال شاکر پێشنیاری ئەوەی کرد کە بچینەوە لە ئەنجوومەنی وەزیران ئەو بابەتە باس بکەینەوە چونکە لیژنەی هاوبەشی یاسایی نییە لیژنەیەک

ئێمه لیژنەی جێبەجێ کردن نییه با ئەوان بۆ خۆیان لیژنەیەکی تربن لە پاڵ ئێمه ئاڵوگۆڕی زانیاری دان بەیەکترو هاوکاری لەگەڵ یەک ئەمە یاسایی تر و ئوسولیترە، ئەوە دەقی رای کاک کەمال شاکر بوو ئێمەش پێمان باش بوو، بەڵام ئەو رۆژە دەنگمان نەکرد هاتن دانیشتن و بەشداری لێکۆڵینەوەکەیان کرد لەگەڵ ئێمه هەندێ پرسیاریان لەوانەی کە ئێمه بانگمان دەکردن کرد، زۆر بەئاسایی رۆیشت بۆ رۆژی دوایی ئێمه کۆبونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیرانمان کرد کە شەشی مانگ بوو ئەو مەسەلە لەوێندەرێ باسمان کرد کاک عەبدوڵڵا دووبارەی کردەوە کە وتی ئێمه نەمان وتووە لیژنەیەکی هاوبەش بێ ئەوانە ئەندام بن، ئەوانە وەکو چاودێر یا موتابیع بێن لەوێندەر بێگومان وەکو خۆی کاک عوسمان وتی ئێمه هەندێ گیروگرفت هاتە پێش بریار بوو سەعات (١٠) ئێمه (٩ر٣٠) نەبوو دانیشتنەکەمان سەعات ١٠بوو هەموو رۆژێ ئێمه سەعات (١٠) دادەنیشتین بەس ئەو رۆژە بریارمان دابوو سەعات (٩) دانیشین ئەویش من گرفتم هەبوو لەوەزارەت هەندێ ئیشم هەبوو دواکەوتم تەلەفۆنیشم کرد بۆ برادەران وتم نیو سەعات دوادەکەوم لەبەرئەوە کەمن هاتم ئاسایی کاک سەعدی ئەو بریارەی ئەنجوومەنی وەزیرانی پێ راگەیاند بوون، برادەرانیش دیارە رانەوەستابوون، هەرپەلەیان کردبوو بەپەلە ئەوێیان بەجێ هیشتبوو، رانەوەستاوبوون کە ئێمە بێین باسی لێ بکەین، ئیتر مەجرای کورتەی ئەوە من حەزدەکەم پرسیارێک لە جەنابی سەرۆک و سکرتێرو ئەمانە بکەم ئایا ئەم شتە یاساییە، یا یاسایی نییە، باس بکرێ کە لیژنە هاوبەش بووە بە بۆچوونی من رەنگە کەلە ئێمە گەرا بوونایە لەراستیدا لێشمان گەران توانیمان کارەکەی خۆمان کە دوو قۆناغ بوو، قۆناغی یەکەممان تەواو کرد بەئەنجامێکی باش تا رادەیێک باش یانی توانیمان بگەینە ئەنجامێک خزمەتی خوێندن و میللەتەکە و ئەوانەی تێدا بێ، من وای بۆ دەچم رەنگە کارێکی نا ئووصوڵی، نا یاسایی نەکرا بێ لەلایەن لیژنەکەی ئێمە و منیش حەز دەکەم دوایی ئەگەر رێگا بەکاک سەعدی بدرێ، چونکە ناویان هات و رێگا بە کاک کەمال کە ئەویش ئاگادارە با پتر روونی بکاتەوە، بەراستی حەق نەبوو کاک عوسمان ئەوە بڵێ ئێمه وەکو مامۆستا نەچووینە ئێمە وەکو وەزیر چووین مەرج نییە هەمووی مامۆستا بێ ئەو وەختە دەبێتە مامۆستا خانە لەبەرئەوە من حەزدەکەم ئەوەی خۆی رەت بکاتەوە بەراستی ئەوە ئیهانەیە بۆ پایەی وەزیر مەرج نیە مامۆستا بێ هەرچییەک بێ دەبێ ئیتر سیاسی بووە و کراوە بە وەزیر، سوپاس.

**بەرێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خوشک و برایانی بەرێز، ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی، پێشەکی **ئەوە بوو کە مامۆستا** مەلا محەمەد باسی کردو بۆ رێگا پاک کردنەوە بۆ هاتنە سەر خاڵەکانی، **دەمەوێ بڵێم ئەمن** بەتەواوی وشیارم کە رێزنان لە ئەندامانی پەرلەمان **پێویستەو دەبێ پارێزروا بن لە هەموو** روویەکەوە، بەڵام پێویستە لەسەر ئەندامی پەرلەمان **یاسایی تر بن لە هەموو کەسێک، چونکە**

خـۆیان سـەرچاوەی یاسـان و ئەوەی کـە من بەو دوو دۆسـتـە ئازیزەی خـۆم لەدەرەوەی بینایەی پەرلەمان و وەزارەت دۆستمن پێم ڕاگەیاندن تەنیا ئەوە بوو کە لە ئەنجوومەنی وەزیران گفتۆگۆمان لەسەر کردووە بەتێکڕای دەنگ ڕەزامەندیمان لەسەر کردووە ئێستا کاک عوسمان خۆش بەختانە بەئەمانەتەوە نقلی کرد ئەویش ئەوە بوو ئایا ئەوان ئەندامن لە لیژنەی لێکۆڵینەوە یان ئەندام نین سیفەتیان چییە منیش کە مامۆستا دواکەوت بۆ ئەوەی ئیلتباساتی تر نەبێ، چونکە ئەوانیش وێڕای ئەمە دەستیان بە پرسیار کردبوو لە خەڵکەکەی کە بانگمان کردبوون، لەبەرهەندێ هۆی تریش کە ئێمە پێمان جائیز نەبوو کەشتەکانمان تێکەڵ بێ، ئێمە پێمان وابوو کە پێویستە لێکۆڵینەوە لە کارەساتێکی گەورەی لەوبابەتە لەرەنگ دووربخرێتەوە و کێشەی سیاسی لێ دووربخرێتەوە، چونکە خۆی وەزعەکە تا کۆتایی ئەو شەڕە ناخۆش و کارەساتە گەورەیە بوو بۆ ئەوەی مەسەلەی تاقی کردنەوە وپرسیار دزینی تاقیکردنەوەکانی ناوخۆ بینە و بەرەی ناو حزبەکان نەکرێ پێویست ناکات یەکێک بڵێ من پێشتریش دەمزانی، باشتر دەمزانی خۆ من دوو ساڵە هاوار دەکەم سێ ساڵە هاوار دەکەم، ئێمە پێمان وابوو کە ئەو مەسەلەیە لە هەموو ناکۆکییەک دوور بخرێتەوە بۆ ئەوەی کاریگەری لە مەجرای لێکۆڵینەوە نەکات ئەو کەسەی ئەو مەسەلەیەی کردووە، دزە ناپاکە خەتایەکی کردووە جا هەویەی هەر حزبێکی لە گیرفان بێ هەر ڕەنگێک لە خۆی بدات ئەوە ئامانجی ئێمە بوو لە مەجرای تەحقیق، پێویست ناکات ئێمە تەگەرە بۆ ڕێڕەوی تەحقیق دروست بکەین ئەوەی کەبووە هاتە ژوورەوە نەبە شێوەیەکی نا ئاسایی، پێم وتن برادەران جەنابتان لێرە ئەندامی ئەو لیژنەیەی ئێمە نین، بۆ ئاگاداریتان ئێوە دەتوانن موتابەعەی بکەن دەتوانن لەگەڵ ئێمە دانیشن پاشان ئێمە گەیشتینە کوێ چیمان ناتەواوە و چی یارمەتیمان بۆ دێ کاک عوسمان وتی مادام وابێ من خوا حافیز جانتاکەی دەست دایە وتم بەخێر بێی بەسەرچاو ئەوە هەموو مەسەلەکە بوو، سوپاس.

**بەڕێز کەمال شاکر محەمەد/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

من هەر لە سەرەتاوە هەر کەبرادەران هاتن لەگەڵ ئێمە دەستیان کردە پرسیار کردن لەو کەسانە کەوا ئێمە داوامان کردن بۆ لێتۆژینەوە تەبیعی لەوێوە ئیلتباس پەیدا بوو، ڕای من ئەوە بوو کەوا بەپێی یاسا نابی لیژنەی جێبەجێ کردن و یاسادانان پێکەوە لیژنەیەک پێک بێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بوون لەگەڵماندا تا کۆتایی دانیشتن بەس من داخوازیم ئەوە بوو لە ئەنجوومەنی وەزیران باسی ئەو مەسەلەیە بکرێ لەگەڵ هەندێ شتی ترمان هەبوو لە ئەنجوومەنی وەزیران باسی ئەوەمان کرد وتیان نەخێر، برادەران وتیان وەکو چاودێری تەبیعی کاک عوسمان من یاسایش نیم، بەڵام هەتا شێوەی چاودێر شێوەی موتابەعەی پەرلەمان ئەوەش جێی نقاشە من بەلیژنەیەک دانیشم لێتۆژینەوە بکەم پەرلەمانییەک لەسەر سەرم لەگەڵ هەموو ڕێزم بۆی، لەگەڵمان دانیشێ بۆ ئەوەی موتابەعەم بکا بۆ ئەوەی موراقەبەم بکا ئەوە ئەو شێوەیە ناکا ئەو تەفسیرە ناکا کەوا پەرلەمان

حەقی موتابەعەی هەیە کاکە شێخ وتی ئەندامی پەرلەمان لە هەموو کاتدا حەقی بەدواداچوونی هەیە، بەلاّم بەدواداچوون بۆی هەیە بەشێوەی راپۆرت داواتان بکردایە لە لیژنە بیخاتە لیژنەی پەروەدە لە پەرلەمان یان تەماسی رۆژانە دوای ئەوە تەحقیق دەکرێ ئێمە زانیاری پێشکەش بکەین بۆیان شێوەی موتابعەی ئەوەش شتێکە ئەبێ شێوەی شارستانی بێت مەسەلەکە بەو شێوە ئەوە رای من بوو لەراستیدا و بۆیە پەسند بوو لای لیژنەی تەحقیقی و هەروەها بووە بریارێک هەر دوایی دەرکەوت کەوا مەسەلەی دەوریبیان موتابەعەیە، دەوریان چاودێربیان، ئیتر ئەو مەسەلە روون کرایەوە هەر کاک سەعدی باسی کرد و روونی کردەوە کە وتی ئێوە مراقبن حەقی پرسیاری ئەوانتان نییە، وتی ئەگەر وایە ئێمە نایکەین، بەلاّم من ئەمەوێ تێبینیەکی تر بخەمە پێش، چونکە بەرێز کاک عوسمان باسی تەبایی کرد لەراستیدا من لە جیاتی کاک عوسمان بوومایە تەقەبوولم نەدەکرد بێم بۆ ئەو ئیشە، چونکە خۆی کێشەیەکی هەبووە لەگەلّ وەزارەتی پەروەردە و خۆی بریکاری وەزیر بوو، گرفتی زۆر هەبووە لەگەلّ وەزیری پەروەردە بۆیە هەندێ تەعلیقی لەو کۆبوونەوە لێیدا، بەش بەحالّی خۆم، لای خۆم تۆمارم کرد، کاک سەعدی وتی منیش تۆمارم کردووە، ئەو شێوەیە، ئەو نەفسە بە حەقیقەت لە بەرژەوەندیی تەحقیق دا نییە، چونکە کێشەکە زۆر گەورەیە ،کێشە ئەوە نییە کەوا من بچم ئەو کێشەیە بۆ تاوانبارکردنی فلاّن کەس بەکاربێنم لێتۆژینەوەیەکی فراوان بکرێ، ئینجا دیار بخرێ، سوپاس.

**بەرێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ئەو پێشنیازەمان کرد لە پەرلەماندا کەوا کەسانێک بچن بۆ لێ پرسینەوە و لێکۆلّینەوە، ئەو بریارە، ئەو پێشنیارە لە خۆیەوە نەهاتبوو وەکو ئاگادارن لەو بارەیەوە چەند یاددا شتێک درابوون بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کە درا بوون بە فراکسیۆنەکان بۆ مەسەلەی دزینی پرسیارەکان، قسە بوو لەسەر زاری هەمووان و ئێمە بە ئەرکی سەر شانی خۆمانمان ئەزانی کەوا لەو مەسەلەیە بەشێوەیەک لە شێوەکان بەشداربین و زۆر زۆر و ئاشکرایە لەناو پەرلەماندا کۆمیتەیەک هەیە بەناوی کۆمیتەی پەروەردە لەبەرئەوە پاش ئەوەی قسەمان کرد و بیروڕامان ئالوگۆر کرد بریارمان دا کەوا دوو ئەندامی ئەو کۆمیتەیە بچن بۆ پرسینەوە لەو مەسەلەیە، ئینجا ئەوان لەوێ مەسەلەکەیان چۆن پێشان داوە برایانی ناو کۆمیتەکە چۆن تێگەیشتوون ئەوە مەسەلەیەکی ترە، کە هاتنەوە من خۆم لێم پرسینەوە وتم گەیشتنە کوێی؟ ئەو مەسەلەیە و ئەنجامەکانی چی بوون؟ ئەوەیان کە بۆ گێرانەوە بەراستی دلّ گران بووین و پێویست بوو کەوا لەو مەسەلە بکۆلّینەوە، چونکە لەلایەن پەرلەمانەوە ئەگەر یەکێک ئیشێکی بەرەو روو بکرێتەوە ئەبێ بچێ لیێ بپرسێتەوە ئەنجامەکەی بۆ ئێمە بهێنێتەوە و لەبارەی وەزیری و موعەلیمیەوە من حەزم کرد ئەوە بلّێم بوون بە مامۆستا زۆر سەختترو گرانترە لەوەی بوون بە وەزیر بەتایبەت ئەگەر سەیری باری گوزەران و باری ئێستای معلمەکان ئەکەین، لەو بارەیەوە پێویستە ئەو مەسەلە روون بێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین موستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وا ئەزانم وەک مەبدەء ئەبێ هەر لایەک لیژنەیەکی تێکەڵ دروست بکات لیژنەیەکی تێکەڵ ئەندامێکی پەرلەمان رەنگە بە صیفەتی شخصی بێ یا بە صیفەتی گشتی بێ یا هەندێ شت لەوانەیە لەمەودوا بێتە رێمان، لیژنەی هاوبەش لەنێوانی ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان یاسایەک شتێکی وا نییە بلێین لەرووی یاساوە شتی وا دروست نابێت ئەگەر لیژنە دروست بێ ئەتوانرێ دروست بکرێ ئەمە یەک، دووەمین من وام ئەزانی ئێمە مەسەلەی باسکردنەکەمان بۆ مەسەلە گەورەکەیە، مەسەلەکەی ئێمە شانازی بەوە دەکەین چەند ساڵە بەم قاتو قڕی و نەبوونییەوە توانیمان قوتابخانەکان بەڕێوەبەرین توانیومانە تاقیکردنەوە بەڕێوە بەرین، توانیومانە لەیەک زانستگا بیکەین بەسێ، بەڵام کارەساتێکی ناخۆشمان هاتە رێ وا ئەزانم ئەوەیە ئەبوو ئەوە چارەسەر بکرێ پەرلەمان ئاگادار بکرێ کە ئەو لیژنەیە چی کردووە؟ چۆن ئەوبڕیارە ئەدا بە هەڵوەشاندنەوە کە چۆن کاردەکاتە سەر قوتابییان؟ هەر چۆنێک بێ و لەئەنجامی لیکۆڵینەوەیەکی بەرپرسیار کێ بەرپرسیارە لە دزی و ئاشکرا بوونی پرسیار؟ من وام ئەزانی ئەوە گەورەترە، پەرلەمان لەوە بکۆڵێتەوە گەورەترە، راستە ئەبوایە برادەران بەشداریان بکردایە، بەڵام ئەوە گەورەترە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک دکتۆر سوپاس. بەڵام ئەگەر جەنابت تۆزێ چاوەڕوانیت بکردایە ئەویش لە بابەتەکەدا هەیە لەسەر ئەم بابەتە لیژنەکە بە تەئکید روونکردنەوەیەکمان پێ ئەدەن کە تا ئێستا چی کراوە، فەرموو کاک عوسمان.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە شانازی بە مامۆستاوە دەکەین، مامۆستا هەبووە خاوەن زانستە و زانیاری لەناو میللەتی خۆی دروست دەکات، مامۆستا دەسووتێ وەزیر پێ دەگات، مامۆستا دەسووتێ ئەندازیار و دکتۆر پێ دەگەن و دەبێ ئەو وەزیرانەی کە مامۆستان شانازی بەخۆیانەوە بکەن. من مەبەستم ئەوە نەبوو کە وەزیرەکانمان مامۆستا نین، ئەو لیژنە پێویستی بە خوێندن و پەروەردەو فێرکردنە، ئەوەی لە بواری پەروەردەو فێرکردندا کاری کردبێ ئەو باشتر شارەزای مەسەلەکەیە ئەو باشتر دەی توانی بە حەقیقەت بگاتە ئەنجام، ئەمن مەبەستم ئەوەیە، مەبەستم ئەوە نییە کە وەزیرەکان مامۆستا نین نابێ وەزیر بن ئەوەیان خاڵێکیان، خاڵی دووەم مامۆستا مەلا محەمەد دەڵێ ئێمە لایەکمان تەواو کردووە بەڵێ لایەک تەواو بووە ئەویش (اضعف ایمان)ەکەیە کە تەواویان کردووە کە زیانیان لە هەزارەها قوتابی هەژارو برسی و قات و قڕی سەرماو بێ کارەبایی مەترسی ئیمتحانەکیانیان دووبار کردەوە، ئەوەیان دەست نیشان نەکرد لە کوێ و چۆن لیژنەی باڵا لیژنە فەرعی بنکەی

(امتحانات مدیری امتحانات) هاتن بەگشت قوتابیان داچوون وتیان فەرموون تاقیکردنەوە بدەنەوە دوو مانگان قوتابیەک بەتەمایە یارمەتی دایک و باوکی بدات، یارمەتی بژێوی خێزانەکەی خۆی بدات، هاتن ئەوەشیان لەدەستدا لە(٨/٢٠) وەرە امتحان بدەوە لە (٧/٢٠) تا (٨/٢٠)دانیشین بخوێنن خۆیان ئامادە بکەن بۆ (١/١٠) بۆ دەوری دووەم تاقیکردنەوە بدەنەوە ئەوە چارەسەری لیژنەی تاقی کردنەوەیە کە لایەنەکیان تەواو کردووە، لایەنەکیان ماوە، مامۆستا مەلا محەمەد و مامۆستا کەمال شاکر دەڵێین مامۆستا عوسمان (٧) مانگان بریکاری وەزیر بووە شتێکی هەیە لەگەڵ د.ناسح من هیچم نییە لەگەڵ د.ناسح دا و هەموو برادەرانی ناو ئەم پەرلەمانە دەزانن من چاکترین پەیوەندیم لەگەڵ د.ناسح دا و لە هەموو ئەندامانی لیژنەی پەروەدە زیاتر پەیوەندیم لەگەڵ د.ناسح هەبووە تا ئێستاش هیچ رۆژێک دکتۆر ناسح هەستی بەوە نەکرد ئەمن لەدوای ئەوە دەگەرێم کە شتێکی لێ بینمەوە کە نەخواستە شتێک بکەم کە پێچەوانەی تەصروفاتی ئەوبێ یا بەپێچەوانەی خواستی ئەو بێ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاستان دەکەین، وابزانم ئەگەر روون کردنەوەی تر هەیە، کاک ئیدریس فەرموو.

**بەرێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری گواستنەوە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من پێویستی بەو جۆرە نیقاشە نەدەکرد بەو تەشەنوجە، گرنگ ئەوەیە ئەنجامێک بێننە دەست. بەرای من زۆر گرنگە کاتێک ئەگەر پێویستی کرد کە شتەکان بەوردی بخەینە بەرچاوتان دەزانن کەوا هیچ کەلێنێک نەماوەتەوە ئێمە داخلی نەبین، ئێمە تەحقیقمان لێ نەکردبێ، دڵنیاتان دەکەینەوە شتی وامان تەحقیق کردووە بەرای خۆم وەکو ئەندامێکی ئەو لیژنەیە کە زۆر تەبابووین لەنێوان خۆماندا لێتۆژینەوەیەکی زۆر ورد کراوە ئەنجامی باشی بەدەست هێناوە، بەڵام ئەگەر بەشی دووەم لە تەحقیقەکە ماوە تەبیعی ئەوە شتێکی زۆر سروشتی یە کەوا ئەو سەرچاوەیەی دەمانەوێ تاوانبارانی لێ دەستگیر بکەین تاکو ئێستا ماوە، سوپاس.

**بەرێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەزم دەکرد کاک عوسمان وەکو ئەندامێکی پەرلەمان وەکو مامۆستایەکیش بەراستی مەوزووعیانە قسە بکات بەس بەداخەوە زۆری قسەکانی مەزووعی نین، دەڵێ ئێوە چیتان کردووە، بریارێکتان داوە هەزاران خەڵکی برسی و هەژار ئێوە قاقیکردنەوەی پێ بکەنەوە یانی ئێمە تاوانبارین لەو بریارەی کە داومانە ئێمە نەتاقیکردنەوەمان کردووە نە بەرپرسیارین نە بەرپرسیاری تاقیکردنەوەیشین و نەدەوریشمان هەبووە لە تاقیکردنەوەکان، ئێمە لیژنەیەکی لێتۆژینەوەین فەزیحەیەک روویداوە ئێمە چووینە، ئێمە وا لێی دەتۆژینەوە، ئەگەر حەز دەکەن دێینە سەر مەسەلەکە بەدرێژی بۆتانی روون دەکەینەوە، ئینجا من وای بۆ دەچم کاک عوسمان ئەو

وەختە خۆی پەشیمان دەبێتەوە لە خۆی وقسەکەی بۆچی مەوزووعیانە نەبێ بیکا ئەوها بە بەرەڵلایی لەناو ئەنجوومەن بیکات حەیفە من وای بۆ دەچم ئەو ئێستا ئێمە تاوانبار دەکات کەوا ئێمە ئیشێکی زۆر خراپمان کردووە کە نە ئەزموونەکانمان بە خەڵک داوەتەوە و نەکەشفی پرسیارو نەدزی پرسار لە ئێمەوە بووە، بەڵام ئێمە چووین لیتۆژینەوەمان کردووە دزیەکەمان کەشف کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس. وای بۆدەچم موناقەشەی ئەم خاڵە کۆتایی هات، ئەم لایەنە هەردوو لا گلەیی و گازاندەی خۆیان کرد و صورەتەکە روون بووەوە، ئەگەرتێکەڵەبییەکیش هەیە وابزانم بۆ ئەندامانی پەرلەمان لە وتوویژی برادەران روون بووەوە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان بە گونجاوی ئەزانن با لیژنەکە کورتەیەک لە ئەنجامی ئیشەکەی ئەوەی کە رێی پێدەدرێ لە بواری لێتۆژینەوە بۆمان باس بکەن ئەگەر نا هەڵیدەگرین بۆ جارێکی تر، کاک سەعدی فەرموو.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە گەلەییمان نییە، ئێمە گلەیی و گازندەمان لەکەس نەکردووە ئەوان گلەیی یان هەیە تەنها ئەوەمان پێ وتن کە ئێوەش دەڵێن پێیان، ئێمە پێمان وتوون ئێوە ئەندام نین لەو لیژنەیە بۆ بەدواداچوون و چاودێری هاتوون ئەوان وتیان بەوە رازین وتمان باشە گلەییمان نییە تەنها ئەوەندەمان پێ وتوون کە خۆیان چۆنن هەرئەوەندە، سوپاس.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە راستیدا من هیچ شتێکم نییە بیخەمە سەر ئەو تێبینی و شتانە، چونکە ئەوە پەیوەندی بە لیژنەکەوە هەبوو هیچ پەیوەندیەکی بە منەوە نەبوو تەنها یەک تێبینی کاک عوسمان نەبێ کە باسی ئەوەی کرد، بەڕێزی فەرمووی کە وەزیر حەقی نییە ببێ بە سەرۆکی لیژنەکە حەزدەکەم روون بێت بەنیسبەت ئێمەوە وەکو وەزارەتی پەروەردە بەپێی نیزامی وەزارەتی پەروەردە لە ئەنجوومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی مانگی ١٩٩٢/٨دا دراسەت کراوە و بڕیاری لەسەردراوە یەکێک لە خاڵەکانی کە تێدا هاتووە باسی لیژنەی تاقیکردنەوەکانە کە وەزیری پەروەردە خۆی سەرۆکی لیژنەی باڵای امتحاناتە، ئەوە لە خاڵی لیژنەی باڵای تاقیکردنەوەکان با ئەم نیزامە وەکو وتم لە مانگی ١٩٩٢/٨ دا دراسەت کراوە و بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵام بەداخەوە ئەمە یەکەم جاریش نییە لەبەرئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بەهەردوو کابینەوە تاکو ئەم لەحزەیە نیزامی خۆی نییە بۆیە نیزامەکەی ئێمە شێوەی یاساییەکەی وەرنەگرت، ئەگینا دەرس کراوە، ئەمە یەک، دوو گوایە وەکو تعدیلێک بۆ ئەم نیزامە تعدیلێکی تر هاتووە ئەو هەموارە لەلایەن لیژنەی یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئەمەش بۆ دراسەتە کە لیژنە یاسایەکە هەڵبەتە بەقەناعەتی ئەبێ سەرۆکی ئەنجوومەن

جێگری بەڕێزان سەرۆکی ئەنجوومەن و جێگر ئەمەیان بینووە لێرەش دا کە گوایە گلەیی کراوە وەزیر بەسەرۆکی لیژنە دانراوە، هەر ئەوەندە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی من پسپۆڕ نیمە لە بواری پەروەردە، داوای لێبووردن دەکەم، بەلام شتێکم هەبوو، من تەوەقعم دەکرد جەنابتان بەرگری لە پەرلەمان و کارو ئیشی ئەندامی پەرلەمان بکەن، باشە بەڕێز وەزیری تەندروستی باسی ئەوە دەکات کە ئەندامی پەرلەمان نابێ بچێ لەسەر سەربان راوەستێ ئەندامی پەرلەمان مافی خۆیەتی ئیقتحامی هەر دەستگایەک بکات، ئیقتحامی بکات من ئەو حەقە بە خۆشم دەدەم، چونکە لەبەرئەوەی باشە بۆ کەسێک موهتەمە یاخود کەسێک شاهدە لە لیژنەیەکی لێتۆژینەوە بتوانێ بزانێ پرسیارەکان چییە گوێی لە لێتۆژینەوەکە بێ ئایا شاهیدە یا تاوانبارە بۆ ئەندامێکی پەرلەمان کە ئەو لیژنەیەی کەپێک هاتووە و هەموو بە موجەمەلی لیژنەکەش و ئەوەش بریاری لەسەر پێکهێنانی ئەو لیژنەیە کە ئەنجوومەنی وەزیرانە بە متمانەی ئەو پەرلەمانە دروست کراوە بۆ حەقی نەبێت بەراستی من دەگەڕێمەوە بۆ زۆر مەسەلەی دیکە ئێمە ئەگەر هاتبایە بە خۆمان وەکو ئەندامی پەرلەمان کێش و نرخمان دا با بە دەنگی ئەو کەسانەی کە دەنگیان داینێ لێرە زۆر کارەسات لە ولاتی ئێمە رووی نەدەدا، بەراستی هەر کەسە راستە حدودی خۆی هەیە بەلام ئەندامی پەرلەمان نوێنەری میللەتە، ئەندامی پەرلەمان دەنگی میللەتە، ئەندامی پەرلەمان تعبیر لە ئێش و ئازاری میللەت ئەکات بۆی هەیە بچێ لە هەر لیژنەیەک دانیشێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەراستیدا ئێوە گلەیی لە خۆتان ئەکەن، ئەو رووداوانەی کە باستان کردن وەکو پەرلەمان، وەکو ئەندامانی پەرلەمان لە ڕێگەی پرۆژەوە باس بکرابایە باشتر بوو، واتا بە پرۆژە پێشکەشی پەرلەمان بکرابایە یان بەشێوەی پرسیار و داخوازی بکرابایە، ئەو وەزیر یا ئەو وەزارەتە یان ئەو لێپرسراوە کێ بێت زێدە رۆیی لەسەر دەسەلاتی خۆی کردووە بەرامبەر ئەندامێکی پەرلەمان یان وەک هەر دیاردەیەکی تر لێرە بەپێی ئەو دەسەلاتی قسەتان لەسەر کردبایە کە هەتانە ئێستا ئەو بابەتە رووی نەدەدا لەبەر ئەوە بەرای من هەرشتێک هەیە گلەیی لە خۆتان بکەن کە وەکو ئەندامی پەرلەمان، ئەمڕۆ شتێکم خوێندەوە ئەڵێت (النقابیة البرلمانیة)، بە حەقیقەت لەناو پەرلەمانی ئێمە دا(النقابیة البرلمانیة) جێگیر نەبووە، هیوادارین ئەمانە هەمووی ئێستاکە باس دەکرێن یان هەندێک شتیش باس ناکرێ ببێت بە دەستورێک بۆ ئەوەی کە لە مەودوا ئەندامانی پەرلەمان ئەو کێشانە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک چارەسەر بکەن.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستیدا من یەک دوو تێبینیم هەیە لەبابەت شێوەی ئیشوکار کردنی لیژنەکە، بەڕێزان دەڵێن

لیتۆژینەوەکە هەتا ئێستا ئەنجامەکەی دیار نەکراوە، باشە چۆن بڕیارێک دەرچووە پێش ئەوەی ئەنجامی لێتۆژینەوە لە بۆ ئێمە ساغ نەبێتەوە بڕیارەکە دراوە ئەنجامەکەی نازانین، نازانم وەڵامتان چییە دەربارەی ئەو پرسیارە؟ سوپاس.

**بەڕێز محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک شێروان ئێوە جارێ بوارتان بە ئێمە نەداوە، ئێمە لە خوارەوە پێدا هاتووینە، لەسەری راستیدا نەهاتووینە ئێرە، لە ئێمەتان نەپرسی ئێوە چیتان نەکردووە ئێمە هەتا کو لیژنە بۆتان راڤە بکەین ئەگەر روونی تێدا نەبوو پرسیارمان لێ بکەن ئەو وەختە جەنابت حەقتە بپرسی ئایا چیمان کردووە من عەرزم کردن لیژنەکەمان دوو قۆناغی یە لەسەرەتاوە دامان نا ئێمە عەرزتان دەکەین کە بڕیار درا لە سەرەتاوە لە چواری مانگ لە پێنجی مانگ کۆبوونەوەمان کردو کاری خۆمان دانا بەدووبەش بەشێکیان کەشفی ئەوە بکەین کە ئایا پرسیارەکان دزراون یا نەدزراون تەسەروبی کردووە، جارێ ئەمە بەشێکە، چونکە ئەمە شەرِ نییە (فاعل معلوم) نییە معلوم بێ کێ دزیوەتی ، دزی ئەسڵی بەڵام ئایا کراوە یا نەء؟ ئەمە کارەکەمان بێ، کاری دووەم ئەوەبێ دزەکان دزی ئەسڵی ئەوانەی کە پرسیاریان دزیوە لە وەزارەتی پەروەردە یان فرۆشتوویانە، تەبیعی ئەم دوو ئیشەمان دانا، ئیشی یەکەم، جاری یەکەم وتمان زۆر گرنگە چونکە مەسەلە وەرزە، فەسڵە ئەوە هاوینە کە هاوین تەواو بوو پاییز قوتابخانە دەبێتەوە، ئەگەر تاقیکردنەوەکان نەبی مەسەلە دوارۆژی ئەو هەموو قوتابییە لە زانکۆ دەفەوتێ، لەبەرئەوە دەبێ زۆر پەلەی لێ بکەین، لە ئەنجوومەنی وەزیران داندرابوو لە (٧ )رۆژ تا (١٠) رۆژ ئێمە ئیشەکەی خۆمان تەواو بکەین تەبیعی ئێمە لەماوەی( ١٠ ) رۆژدا ئیشەکەی خۆمان بە راپۆرتێکی رێکوپێک پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران بکەین و ئەنجامی تەحقیقی خۆمان بە ئەنجوومەنی وەزیران بدەین، تەبیعی ئێمە لەو تەحقیقەدا عەرزتان دەکەین توانیمان هی قۆناغی یەکمان لە قۆناغی یەکەم لیژنەی باڵا لەگەڵ وەزیر بە تایبەتی لەگەڵ لیژنەی خوێندی باڵا وەکو لیژنە، وەکو یەکە یەکەی ئەندامانیش کۆبووینەوە و ژووری عەملیاتی لیژنەی باڵا لەکام ژوور بووە چۆن کراوە، چی کراوە چی بوو هەموومان دەست لەسەر دانا هەر ئەندامێکی لیژنە تێبینی خۆی لەدەفتەری خۆیدا نووسیوە و لەلای مەوجود بووە ئەوەمان کردووە، دوای ئەوە کە لەوە تەواو بووینە یەکسەر چووینە لیژنەی فەرعی هەولێر لەوێش لەگەڵ لیژنە لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکە یەکە یەکەو سەبقی ئیفادەکانیان لەلای خۆمان و چوونی بۆ ژووری عەمەلیاتیان بە کتوپڕ بەبێ ئەوەی بزانن چووینە ژوورەکانیان بەبێ ئەوەی کە بزانن لەو ژوورانەی کە ئیشیان تێدا کردووە و زۆر کەموکوڕیشمان دۆزییەوەو دەستمان بەسەرداگرت و لەلای خۆمان نووسیشمان ئینجا زۆر کەسی تر زۆر مودیری قاعەکانمان دیوە، ئینجا سەفەری دهۆک و سلێمانیشمان، کرد دابەش بووین بەسێ بەش من و کاک کەمال شاکر بۆ دهۆک، د.ئیدریس هادی و کاک سەعدی بۆ سلێمانی، کافیە خانیش لێرە بمێنێتەوە بۆ

هەندێ موتابعەی ئێرە کە مەوجود نیوەچڵ بوون، ئیشەکانی ئەو ئەگەر بەپەنجاش بێ، چونکە پێنج کەس بووین بەردەوام بێت تەبیعی ئەوەشمان کرد هەمووش لەوێ ئیفادات و راپۆرتمان وەرگرتووە کارێکی تەواومان کردووە لە ئەنجامی کۆمەڵێ خەڵک زانیاریمان هەبوو کە قوتابی گیراون برادەرێک کە ئەفسەرێکی پۆلیسە ناوی نازام پیاوێکی زیرەکە بە توانایە زانیاری هەبوو بانگمان کرد وتی من ئامادەم ئەگەر یارمەتیم بدەن، هاوکاریمان کرد و دابەشمان کرد چوو کۆمەڵێ لەو کەسانەی گرت لەم قوتابیانەی کە زانیاریان هەبوو کە پرسیاریان کریوە و فرۆشتووە ئەمانەشمان گرتوونە ئیستا لەژێر تەحقیقن واعترافیان کردووە، هەمووشت بە ئیعترافاتیان گیراوە، ئیعترافیان کردووە لەسەر هەندێ خەڵکی تر و تەحقیق دەرچووە ، لیژنەیەکی تری لێتۆژینەوە یانی لە ئاسایش و پۆلیس، دامان ناوەو حاکمی تەحقیقیش موشریفە لەسەری بۆ ئەوەی شێوەی یاسایی وەرگرێ و، هەروەها بەردەوامیشین لەسەر جێبەجێ کردنی ئەرکی سەر شانمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەبۆچوونی من ئەو بابەتە وابزانم درێژەی خایاند لەم دانیشتنەدا، کاک سەید فەرموو ئەگەر شتێکی کورت بڵێی بۆ ئەوەی تەواو بێن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزەنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمێکە من داوام کرد قسە بکەم، لە پێش دا سوپاسی ئەولیژنەیە دەکەین، سەرەرای ئەو بارە نا لەبارەی کوردستان و سەرەرای هەمووئیشوکارەکانی خۆیان توانیان کاتەکانیان زۆر تەرخان بکەن بۆ ئەو کێشە نالەبارەی کە ئەویش لە هەمووی نا لەبارتر بوو، بەڵام من دوو تێبینم هەیە، یەکیان لەسەر بەڕێز وەزیری تەندروستی کاک کەمال شاکر و ئەوەی دی لەسەر بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ کاک سەعدی ئەحمەد یەکەمیان، ئەمە لەبڕگە (٦) مادە (٥٦) یاسای ژمارە (١) دەڵێ لە کارو دەستەڵاتی ئێمە(الرقابة على اعمال السلطة التنفيذية)، کە دەڵێ (رقابة على اعمال) ناڵێ (رقابة على نتيجة الاعمال) مانای وایە هەر لەسەرەتاوە هەتا کۆتایی حەقی ئەوەمان هەیە شێوەی رەقابەکە نەگوتراوە چۆن موتابعەیەپرسیار لێ کردنە، داوا کردنە، دانیشتن لەگەڵیان پێم وایە بەڕێز کەمال ئەو حەقەی نییە شکلی موتابەعە لەسەر ئەندامی پەرلەمان فەرز بکا چۆن موتابعە دەکەین، ئێمە بەخۆمان دەبێ موتابعە بکەین شکلی موتابعە بە خۆمان دیاری دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاکە سەید، کاک کەمال دەستی بەرز کردۆتەوە.

**بەڕێز کەمال شاکر محەمەد/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا ئەو شێوە گفتوگۆیە من بە تەبیعی ئەزانم، چونکە رەنگدانەوەیە بۆ ئەو وەزعە کەوا تێدا ئەژین، هەموومان ئێمە موناقەشەی ئەوە ناکەین کەوا بکەوینە مونافەسە، کێ زیاتر بەڕێزە وەزیر

یا ئەندامی پەرلەمان یان کێ زیاتر بە دەسەڵاتە وەزیر یا ئەندامی پەرلەمان، چونکە ئەوە هەموو شتێکی بەدیلییە قانوون خۆی جێی بۆ هەریەکێ داناوە بۆیە ئەوە جێی داخە بتوانین ئێستا بەدەنگ بەرزی دەسەڵاتی وەزیر لابدەین و دەسەڵاتی ئەندامی پەرلەمان بیسەلمێنن، حەزم نەکرد مەسەلەکە بەو ئاستە گفتوگۆ بکرێ بەداخەوە، من کاک حوسێن ئەڵێ کاک حەسەن فەرز ناکات، من فەرزم نەکرد، بۆچوونی خۆم هەیە، ئەندامی پەرلەمان ئەندامی دەزگایەکە کە رەمزی دیموکراتیەتە من لەوانەیە مخالف بم لەگەڵ ئەو نیزامەی کە دانراوە، لەوانەیە لەگەڵ ئەو یاسایەدا نەبم کە دانراوە، لەوانەیە ئیجتهادێکم هەبێ من نەبە چەک ئیجتهادەکەم فەرز کردووە، من مجرد بۆچوونێکم خستۆتەڕوو دوایی کەس لەسەر ئەوەی گفتوگۆی نەکردووە وەکو ئەندامی پەرلەمان چاودێر نەبێ ئێمە وتمان ئێوە موراقبن، وتیان ئەگەر وایە جانتایان هەڵگرت چوونە دەرەوە، چۆن کاک سەعدی باسی ئەوەی کرد بۆیە هەتا مخاتەبەی یەکتری بکەین، زۆرباشە رێز لەیەکتر بگرین چونکە مەسەلە نەبە قیرە دەبێ نەبە هاتوهووت دەبێ ئێمە هەنگاوی یەکەممان هاویشتووە بۆ ئەوە کەوا فێری دیموکراتیەت ببین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، وابزانم ئەم کێشەیە بە تێرو تەسەلی باس کرا، روون کردنەوەی لیژنەی لێتۆژینەوە تا ئێستا پێیان نەگەییوە، مامۆستا مەلا محەمەد بە کورتی باسی کرد، جا ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان بەباشی ئەزانن لیژنە بۆ ئەنجامی کۆتایی یان بۆ بەداواداچوونی کێشەکە پێک بێت، ئەوە لیژنەی پەروەردەی ئێمە و هەر ئەندامێکی پەرلەمانیش ئەو حەقەی هەیە پرسیار لە لیژنە بکات بۆ ئەوەی زانیاری خۆی زیاد بکات، لەگەڵ هەردوو فراکسیۆن یان ئەگەر گەیشتن بە قەناعەت یا (١٠) ئەندامی پەرلەمان وەکو پرۆژەیەک داوا بکەن یا پرسیارێک بکەن ئەو کاتە ئێمە ئەتوانین دانیشتنێکی تایبەتی بۆ ئەم بابەتە تەرخان بکەین ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان پێیان خۆشە، بەڵام بە مەرجێک ئەو پرسیارانە یا ئەو بەدواداچوونانە کار لە ئەنجامی تەحقیق یا لە چۆنیەتی تەحقیق نەکەن چونکە تا ئێستاکە تەواویان نەکردووە.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی مامۆستا مەلا محەمەد باسی کرد لەسەر مەسەلەی لێتۆژینەوە رەنگە هێشتا بەتەواوی گەڵاڵە نەبووە، چونکە وەکو گوتی بەشی دووەمی ئەوەی کە جنایەکەیە ئەوە لەژێر چاودێری حاکمی تەحقیق بوو رەنگە سبەی دوو سبەی زیاتر شتمان بۆ روون ببێتەوە، بەڵام ئەوەی پەیوەندەی بە تاقیکردنەوەکانەوە هەیە ئێمە نەمانتوانی زیاترتاقیکردنەوەکان دوا بخەین هەموو شتەکان بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت دەبوایە بڕیارێکی لە بارەیەوە وەرگرین و زیادم تەنها بۆ ئەو بابەتە ئەوەیە ئێمە لە خۆمانەوە دیسان داوا ناکەین ئێمە لە بواری پەروەردە زانیاریمان زۆرە بۆیە ناچار بووین ئەو خەڵکانەمان بانگ کرد کە زیاتر لە (٣٠)ساڵ خزمەتیان هەیە لەو بوارە چ لە بواری تاقیکردنەوە

دانەوە چ لە پەروەردە، لە کۆبوونەوەیەکدا بە تەواوی رای ئەوانمان گەیاند بە ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیارەکانی ئێمەیان لەسەر رەئی ئەوان پەسند کرد ئەوە لایەکی مەسەلەکەیە، لای دووەمی مەسەلەکە من نازانم بە زۆر وەکو بەدوای شەڕدا بگەڕێین برادەرانی پەرلەمان بەزۆر دەیانەوێ ئێمە ئەبێ شتێکمان کردبێ دوو نوێنەری پەرلەمانمان لە کۆبوونەوەکە دەرکردبێ، بابە ئێمە زیاتر لەوەمان پێ نەووتوون، کە خۆشتان ئەیلێن ئێمە پێمان وتوون کاکە ئێوە ئەندام نین لەم لیژنەیە، ئێوە دەتوانن چاودێر بن پێمان نەووتوون مەمێننەوە پێمان نەوتوون برۆن وتیان نەخێر ئەگەر وایە ئێمە ئەرۆین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە سوپاستان دەکەین بۆ هاتنتان بۆ ئەم روون کردنەوانە و ئەم گفتوگۆیانە.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/ وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من زیادیەکم هەیە لەسەر قسەکانی مامۆستاو تێبینییەکم هەیە بەنسبەت چاودێری ئەندامی پەرلەمان بۆ دەزگاکانی جێبەجێ کردن، ئەوە شتێکی تەبیعی و شەرعیی خۆمانە، بەڵام خۆزگە دەخوازین کە ماوەی دوو ساڵە وەزارەت تەشکیل بووە بە بەردەوامی موتابعەی ئێمەیان بکردایە دوو رۆژ وەزیرەکانیان بانگ بکردایە لێرە متمانەیان لەچەند کەسێک وەرگرتبایەوە بۆ ئەوەی پیشانیان بدایە کە بەکردار ئەوان بەدواداچوونی ئێمە دەکەن، بەڵام بۆ لیژنەیەکی وا کە بۆ( ١٠ ) رۆژ دانراوە ئەوەندە مشتومڕی لەسەر بکەین بلێین بوو یان نەبوو، بەراستی جێی داخە بەنسبەت لیژنەکەی ئێمەش تەکلیف کراین بەراستی ئەوە بوو کە وەزارەتی پەروەردە بڕیاری ئەوەی دابوو کە تەنها دوو مادە ئیعادە بکاتەوە، چونکە پرسیارەکان تەنها لە دوو مادە تەسەروبی کردووە ئەوە بوو لەبەرئەوە ئیشەکەی خۆمان کردە دووبەش، وەختێکی کەممان لەبەردەم بوو ئەگەر ئیعادەی هەموو مادەکان بکرێتەوە چەند ماوەمان پێ دەوێ و تاوانباران دەتوانین هەموویان دەستنیشان بکەین لەوماوە کورتەیان نا؟ ئەوە بوو ئێمە بەرنامەکەمان بەو جۆرە بوو یەکەم کۆکردنەوەی معلومات، هەر لە لیژنە باڵاکەوە لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی کە تەماسیان هەیە لەگەڵ مەسەلەکەدا، خەڵکمان بانگ کردن و کۆکردنەوەی بەڵگە و هەندێ شت بە استنتاجات دەکرێ بۆ نموونە لە ژووری کۆنترۆڵ ئەنجامەکانمان وەرگرت ئەو قوتابیانەی کە داخلی تاقیکردنەوەکە بوون معدەلیان چەندە لەو دەرسە چەندیان هێناوە لە کۆتایی بە تایبەتی ئەو قوتابیە خارجیانە کە تاقیکردنەوەی خارجییان داوە لەبەشی ئەدەبی بۆ نموونە دوو مادەی دوایی کە اعادەی امتحان کراوە ئیستنتاجی باشمان وەرگرت لەو مادانە کە پلەی بەرز هەبوو ئەوە یەک، دووەمین مادە بە ئیستنتاج گەیشتینە ئەنجام کە ئەمانەش پرسیاریان لێ دزراوە بەڵام مادەکانی دیکە هەموو مثبت بوونە بە بەڵگە لە لامان قابلی ئەوە نەبوون جا لەبەرئەوە تەحقیقەکەمان بەوشێوە کرد کە لە هەموو مادەکان تەسروبی کردووە دەبێ هەموو مادەکان اعادە بکرێنەوە،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک دکتۆر با من نەیڵێم، برادەران ئەندامانی پەرلەمان با خۆیان گفتوگۆی ئەم خاڵە بکەن، من پێموایە ئەندامی پەرلەمان مافێکی ڕەوای خۆیەتی، بەڵێ مافی ڕەوایەتی لەم کێشە کە جەنابت ئەڵێی گچکەیە بکۆڵێتەوە، ئەمە کێشەیەکی یەکجار گەورەیە ئەندامانی پەرلەمان حەقی خۆیانە چاودێریی بکەن، هەروەها وەزارەتەکانیش بەپێی توانا کەمتەرخەمیان نەکردووە، زۆر جار وەزیرەکان هاتوونەتە ئێرە کە یەکێک لەوانە جەنابتەو، زیاتر لە جارێک ئەندامانی پەرلەمان پرسیاریان هەبووە و داوای روون کردنەوە گفتوگۆیان کردووە، زۆر وەزیریش هەبووە پێویستی بەوە بووە متمانەی لێ سەحب بکرێتەوە، بەلام بەداخەوە جەنابت ئەزانی پەرلەمان لەم بوارە یەخسیر کراوەو ئیفلیجە، چونکە ئەو سستەمەی کە لەسەری ئەڕۆین ئەو بوارەی پێ نادا، بۆیە جارێکی تر قسەکانم ئاراستەی ئەندامانی پەرلەمانە دەکەمەوە، خەبات بکەن وەکو پەرلەمانتارێک بۆ ئەوەی لەو ئیفلج بوونە رزگار بن، بۆ ئەوەی وەکو ئەندامانی پەرلەمانی دنیا ئێوەش بتوانن بریاری خۆتان بدەن، بەسە ئیتر ئەوەندە تانووتتان لێ دەدرێ، کە وەزیرێک لێرە هەڵسێ بلێ (سەحبی ثقەمان) لێ بکەنەوە، خۆزگە ئەندامانی پەرلەمان کارێکی وابکەن کەوا بتوانن (سەحبی ثقە) لەوەزیر بکەنەوە و بتوانین متمانە لە وەزیرێک وەرگرینەوە، دانیشتنی سبەینێ لەسەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی دەبێت، دانیشتنی ئەمرۆمان تەواو سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٧/٢١

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٥)

## پێنج شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٤/٧/٢١

***كـاتژمـێـر (١٠) ی سـەرلەبەیانی ڕۆژی پێنج شـەممە ڕێكەوتی ١٩٩٤/٧/٢١ ئەنجـوومـەنی نیشـتـمـانیی كـوردسـتـان بەسـەرۆكـایەتی بەڕێز جوهر نامق سـالم سـەرۆكی ئەنجـوومـەن و، بە ئامـادەبوونی جـێگری سـەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحـمـەد عـەزیز ئاغـا و، سكرتێری ئەنجـوومـەن بەڕێز فـەرسـەت ئەحـمـەد عـەبدوڵلا، دانیـشـتـنی ژمـاره (١٥)ی خـولی ئاسـایی یەكـەمی، سـاڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجـوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***١ـ بەسەركردنەوە و بەدوادا چوونی ڕووداوەكانی مایس و حوزەیرانی ١٩٩٤ی كوردستان.***

***٢ـ تازەبابەت.***

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، كۆبوونەوەكەمان بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ دەكەین ببـورن كـەمـێـك دواكـەوتین، چونكە دوو بابەت هەبوون یەكـێـك لەوانە لەگـەڵ بەڕێز سـەرۆك ئەنجوومەنی وەزیران قسەمان كرد بۆ ئەم لیژنەیە وزیاتریش لەبەر ئەوەی چونكە دوێنێ بڕیارێكمان دا كە ئاگـادارایان بكەینەوە وهەر دوێنێ ئاگـادارمـان كردنەوە ئەم بەیانیـەش دیسـان قسـەمـان كرد لیـژنەكـەمـان دروست كـردووە بەسـەرۆكـایەتی دادوەرێك لەگـەڵ سـەركـردەی ناوچەی هەولێـر وجێگرەكەی وبەڕێوەبەری پۆلیـسی هەولێـر وجێگرەكـەی لیـژنەیەكی پێنج كـەسی یە لیـژنەیەكی لێتـوێژینەوەی تایبـەتییـە ئێـمـە داوامـان كردو بەپێی بڕیارەكەی ئێمەیە، چونكە ئێمە داوامان كرد لیـژنەیەكی توێژینەوە لەئەنجـوومـەنی وەزیران پێك بهـێنرێ جا هەندێ قسـەمـان كرد لەگـەڵ كـاك عـەبدوڵلا گـوتی بابەتەكـە پەیوەندی بە پێشـمـەرگـەوە هەیەو، ئەمـە لیـژنەیەكی تایبـەتیـیـە بەسەرۆكایەتی دادوەرێك، بەڵام كێشـەكە پەیوەندی بە پێشمەرگەشەوە هەیە بەرپرسەكان خۆیان لەلیـژنەی توێژینەوە بن، ئەوان، واتا سـەركـردەی ناوچەی هەولێـرو جێگرەكەی یاخود بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێرو جێگرەكەی خۆیان لە لیژنەكەدا بن لەوانەیە بابەتەكە زووتر وجیددی تر بڕواتە پێشەوە و بڕیارەكان زووتر وباشتر جێبەجێ بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە لیژنەکە چۆن پێکەوەبنێت برادەرەکانی ئێمە زۆر موتەفیق نەبووین، نەگەیشتوین بەیەک بەرای من کەداوامان لەئەنجوومەنی وەزیران کرد تاکو داوا لە وەزارەتی داد بکات بۆ ئەوەی لیژنەی دادوەری سرف بێت لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە لیژنەیەکی بەم شێوەیە دروست بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من قسەم لەم بارەیەوە کردووە ولەگەڵ وەزیری داد و هەماهەنگی کراوە و وەزیری دادیش قسەی لەگەڵ وەزیری ناوخۆ کردووە ولەو قەناعەتەدایە کە لیژنەکە بەو شێوەیە بێت. وەزیری دادیش ئەم پێشنیارەی پەسند کردووە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان کە لیژنەی تۆژینەوەکە کە دروست دەبێت لەچەند حاکمێک پێک نایەت لەلیژنەی تەحقیقی، بۆ نموونە دادگای لێتۆژینەوە هەیە کە حاکمێکە سکرتێر بەکار دێنێت، خەڵکی بەکار دێنێ ئەمە قەیدی ناکا و شێوە ئوسولیەکە دەبێت سەرۆکی ئەم لیژنەیە دادوەر بێت هەتا شێوەی یاسایی وەرگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

حاکم ئازاد عیزەدین سەرۆکی دادگاکەیە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزەنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ ئوسوولی یەکەی خۆی وەرگرتووە لیژنەی تەحقیقیەو تایبەتە بەم مەسەلەیە و پەیوەندی بە هیچی تر نابێت. دەمێنێتەوە سەر لیژنەکەی خۆمان کە چاودێری یا بەدوای دابچێت، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە دەڵێین دەستەی تەحقیقی مەفرووزە دەسەڵاتی تەحقیقیان هەبێت کە تەحقیق لەمەوزوع دەکەن جێگری سەرکردەی ناوچەی هەولێر دەستەڵاتی تەحقیقی نییە، (حاکم تحقیق) دەسەڵاتی تەحقیقی هەیە و(محقق عدل) دەسەڵاتی تەحقیقی هەیە، ئەوانە دەسەڵاتی تەحقیقییان هەیە کە ئەم ئیش وکارەی کە دەکەین ئەگەر دەسەڵاتی دادوەری بکەونە سەر ئەمانە دەیخەنە سەر ئەمانە کەدەسەڵاتی تەحقیقی هەیە و حەق وایە لیژنەکە وابایە (٣) دادوەر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر تایبەتی بێت.

**بەڕێز شالاو عەلی عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای منەوە، هەرچەندە یاسایی نیم، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان عەسکەرین ئەبێ دادگایەکی سەربازیی بێ و بدرێتە دادگایەکی سەربازی ولەبەر ئەوەی دادگای سەربازگە لەکوردستان دا نییە بەلای من گرنگترین شت ئەوەیە کە سەرۆکی ئەو لیژنەیە کە بۆیان دامەزراوە کابرایەک بێ حاکم بێ ئەگەر نەش بێ بامەدەنی بێت، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کاک شالاو کە عەسکەریش نییە، بەڵام رایەکەی کاک شالاو بەلای من زۆر باشە، چونکە مەسەلەکە تایبەتە بە پێشمەرگەوە دەبێ خەڵکی مەدەنیان لەگەڵدا بێ، چونکە دادگای سەربازیمان نییە دەبا مسەلەکەی تەحقیقی دەسەڵات پێ دراو بێ بەتەحقیق، ئەوانە دەسەڵات پێ دراو نین بەتەحقیق تەنیا (حاکم تحقیق) دەسەڵات پێ دراوە ئێستا بە مەرسومێکی تایبەت، بەڵام ئەوە لەسەر پەرلەمان وەستاوە، پەرلەمان ئەتوانێ تەحقیقی بە شێوەیەکی کاتی بداتە ئەو لیژنەیە، ئەو لیژنەیە هەتا ئەم کارە ئەنجام دەدا ئێستا لێرە شەرعیەتی ئەم لیژنەیە لەسەر پەرلەمان وەستاوە، پەرلەمان ئەتوانێ ئەو بریارە بدات بڵێ لیژنەیەکی تەحقیقیمان دروست کرد بەسەرۆکایەتی حاکم وئەو دوو سێ کەسە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر پلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای کاک شێروان و، کاک حازم راستە لەلایەنی یاساییەوە، بەڵام لێرەدا سەرۆکی لیژنەی تەحقیقی ئەوەی کە دروست کراوە حاکمە، (حاکم تحقیق) دەسەڵاتی هەیە لام وایە لەو بارودۆخە ئەو لیژنەیە دروست بووە وبە ئیمیزای (حاکم تحقیق) ئەو تەحقیقە بکرێ بە سەرۆکایەتی و سەرپەرشتی حاکم تەحقیق شێوەیەکی یاسایی وردەگرێ و ئەو لیژنەیە ئیشی خۆی بەرێکی ببا بەرێوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری قسەکەی کاک عەدنان دەکەم بەراستی سەرکردەی ناوچە وجێگری سەرکردەی ناوچە خۆیان لایەنن خۆیان هێزیان ناردووە ئەگەر خۆیان بن ئەبێ تەحقیقێکیان لەگەڵ دا بکرێ، چونکە ئەوەی تەقەیان لەئێمە کردووە تەقەیان لە برادەرانی پەرلەمان کردووە ئەوە ئەو هێزانەن کە ئەوان ناردوویانن چۆن خۆیان لیژنەی تەحقیق دەبن، سوپاس.

**بەڕێز کاکە رەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئەو برادەرانەی فەرموویان لەبەر ئەوەی ئەو برادەرانە پێشمەرگەنە دەبێ سەرکردەی ناوچە

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتە دەسەڵاتی دادوەریی، دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، دەسەڵاتی یاساکاریی، دەسەڵاتی دادوەری دانراوە بۆ چاودێری جێبەجێ کردنی یاساکان وئەم تەحقیقەش دەمانەوێت بیکەین دەست دەدەنە دەسەڵاتی دادوەری بۆیە ئەم لیژنەیەش دەبێت لیژنەکی سەربەخۆ بێت مەعقوول نییە بەهیچ جۆرێک نوێنەری هێزی هەولێری قوەی نازانم چی و پۆلیس ئەوە هەموویان بەشێکن لەدەسەڵاتی جێبەجێ کردن وپێویستە بۆ ئەوەی تحقیقەکە ئەنجامێکی ماقوولی هەبێت وهەموو لایەک قەناعەتی پێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەم قسانەی کران لە لایەنی یاسایی یەوە مرۆڤ ناتوانێ زۆر تەعلیق لێ بدات ئەوەی کە یاسایی نییە وەکو من. بەڵام ئێمە نە کاڵەک خۆرین نە بێستان رنین، ئێمە دەمانەوێت لیژنەیەک بێت وئەم لیژنەیە بتوانێ ئەم کارەبکات وسەرۆکەکەی حاکمە وئەوانی تر زیاتر ئەوانەن دەسەڵاتیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەوەی کاک شێروان گوتی راستە حاکم بەمەرسوومێکی تایبەت ئەو دەسەڵاتە تەحقیقی یەی دەدرێتێ وهەر لیژنەیەکی دادوەریی پێویستە ئەودەسەڵاتەیان هەبێ بتوانن ئەو دەسەڵاتانە بەکار بهێنن، بەڵام دەکرا ئێمە لە بڕیارەکەی خۆمان هەرچەندە ئەوە ئێستا ناکرێ ئەو لیژنەیە ئەگەر بمان توانیبایە ناومان لێ بنایە بە ناو بەشێوەیەکی کاتی ئەو دەسەڵاتی قازی تەحقیقیان بدرا بایە تا کۆتایی هاتنی تەحقیقەکە کرا ئەو وەختی هەر کەسێک ئەگەر بهاتبایە ئەوە دەکرا، بەڵام من پێم وایە لیژنەیەکی دادوەریی دروست بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نامەوێ قسەکانم دووبارە بکەمەوە، بەس تەبیعی ئەوەی برادەران کاک شێروان و کاک ئەیاد گوتیان رایەکی یاسایی زۆر راستە، تەعلیقم لە سەر قسەکەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئەوەیە ئەڵێم راستە ئێمە کاڵەک خۆرین، بەڵام لەباتی ئەوەی بەقەپ بیخوێن با بە چەقۆ بیخوێن، چونکە لەراستیدا جیاوازییەکە لێرەیە من ڕێزم هەیە بۆ هەردووکیان هەردووکیان برادەرمن سەرکردەی ناوچەی هەولێریش وجێگرەکەی بەس ئەوان دەتوانم بڵێم تا حەددێک لایەنن لەبابەت علاقاتی پێشمەرگایەتی رەفاقەت کار دەکاتن ئێمە بۆ لیژنەیەکی یاسایی بێ لایەنمان دەوێت، سوپاس.

یان یەکەیەکی سەربازی دروست نەبێ شتی وا نییە، ئەوانە ئەگەر کاتێ بدرێنە دادگا لەبەر ئەوەی پێشمەرگەنە ئەوە لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە دەکرێ کە مشاوری یاسا لەوێ موافەقەت دەکات ئەوانە ئیحالەی دادگا دەکرێن ئەگەر یەکێک پێشمەرگە بوو دەبێ کابرایەکی سەربازیی بێ، دەبێ ئەندام بێ لە لیژنەی تەحقیقی و ئەو برادەرانەی کە عەرزیان کردن کە ئەو ئەندامە سەربازیانەی کە ئەندامی لیژنەی تۆژینەوەن بەپێی یاسا (١٠٠٪) موخالیفن، چونکە ئەوانە هیچیان دەسەلاتی یاساییان نییە ودەسەلاتی تەحقیقیان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەرانی تریش قسەیان کرد بەگشتی، ئێمە بەردەوامین لەسەر پرۆگرامەکەمان کەدەستمان پێ کرد ئەو ڕۆژە ئەوە بوو خاڵی یەکەمان دوێنێ لەبەر ئەو بابەتە دواخست بۆ ئەوەی ئەمڕۆ بەردەوام بین لەسەری ئەویش ئەوەبە ئەو ڕۆژە هەندێ موناقەشە کرا لەسەر ڕووداوەکانی (١/٥) بەو لاوە کۆمەڵێک ڕای باش لەناو پەرلەمان دا خەریک بوو گەڵاڵە بێ وتمان بەردەوام بین لەسەر ئەوشتانە کۆمەڵێک بنەمایش پێشنیار کرا کە ئەمڕۆ ئەگەر بتوانین هەمووی یا هەندێکی باس بکەین، بۆ ئەوەی بگەین بە ئەنجام لەسەر ئەو بناغەیە، ئینجا ئەم بەیاننامەیە بەبەڵگە نامە ناوی دێنین، ئەگەر دوایی پەرلەمان شتێکی وا دەرکا، ئینجا ئێستا دەرگا دەکەینەوە بۆ گفتوگۆ کردنی ئەو پرنسیپانە ئێستا با دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە وئەویش بەڵکو... تەواو بکەین ئەگەر مۆڵەت هەبێ وابزانم زۆر خاڵی تر ماوەتەوە، خاڵی تازە بابەت ئەگەر شتێک هەبێ بۆ ئەمڕۆ بابەت هیچ نییە؟ کاک د.کەمال فەرموو.

**بەڕیز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ بۆ ناونانەکە با ئەم وەرەقەی کار کردنە ناوبنێن کارنامە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا لەمەودوا بنووسین کارنامە لەجیاتی بەرنامەی کار؟

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم لەوە نییە مەبەستم لەو بابەتەیە کە ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم بەڵگەیە ناوی بنێن کارنامە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ڕۆژانە ئەتوانن هەر ناوی بنێن بەرنامە، بەرنامەی کۆبوونەوە، نەخێر بەرنامەی کار باشە مەبەستم لەوەیە کە ئێستا ئێمە لێی دەکۆڵینەوە، بڕیار وایە لەم کۆبوونەوەیەدا بگەینە ئەنجامێک

لەم بارەیەوە گرنگ نییە هەر ناوێکی لێ بنێین لەپاشان رێک دەکەوین، بەڵام کارنامەی پەرلەمان رەنگە خراپ نەبێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومـــــــەن:**

کاک دکتۆر ئێمە ئەو رۆژە شتێکمان باس کرد لە دەستەی سەرۆکایەتی دیباجەیەکمان ئامادەکرد لەبەر رووناکی ئەو خاڵانە، بەڵام تۆزێک بەپەلە نووسراوە شتی وای تێدا باس نەکراوە، ئینجا لەدەستەی سەرۆکایەتی دانیشتین تۆزێ وتووێژمان لەسەر کردو وەکو مسوودەیەک دیباجەیەکمان ئامادە کردبوو.

**بەڕێز عـــەدنـان مــحـــەمـــەد نەقـــشـبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومـــــــەن.**

من پشتگیری پێشنیارەکەی بەڕێز کاک د.کەمال دەکەم، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومـــــــەن:**

من دەڵێم ئەگەر بتوانین ئەمڕۆ گفتوگۆ لەسەر ئەو بیروڕایانە بکەین، بەڵگە نامەیەکی وا دەرکەین کە جێگەی خۆی پڕکاتەوە.. ببورن با بەرنامەکە بچەسپێنین ئینجا دەگەڕێینەوە سەر مناقشەکردن، ئەوە کۆمەڵێک بیروڕایە با گفتوگۆیان لەسەر بکەین کێ دەیەوێ لەسەر ئەم بابەتە بدوێ؟

**بەڕێز د.کـەمــال عـەبدولـکەریم مـحــەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومـــــــەن.**

باشە ئێوە نایخوێننەوە لەپێش چ هی خۆتان، چ ئەوە پێشکەش بکرێ ئینجا قسەی لەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومـــــــەن:**

ئەو پرۆژەیە، ئەو مسوودە یە دیباجەکەی دەتوانم بڵێم وەکو مسوودەیەک ئامادە کراوە و هەمان خاڵە لەوانەیە داڕشتنەکە تۆزێک تەواو نەبێ، بەڵام کۆمەڵێکی، واتا ئەوەی ئەو رۆژە دابەشمان کرد ئەوەی لێرەدا بڵاو بۆوە ئەوەنەیەی تەواو بووە و، ئەگەر حەز دەکەن ئەو دیباجە دەخوێنرێتەوە ئەگەر پێتان خۆشە پاشانیش ئەو خاڵانەش کە تەواو بوون لێرە دەخوێنرێنەوە.

**بەڕێز د.کـەمــال عـەبدولـکەریم مـحــەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومـــــــەن.**

هەر کامەکی بێت ئێوە خۆتان بەباشتر وڕێکوپێکتری دەزانن بخوێننەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەین، بۆ ئەوەی بزانین لەبارەی چی یەوە قسەدەکەین و دەست پێ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومـــــــەن:**

جائەگەر پێتان باش بێ با ئەو دیباجەیە ئێستا بخوێنرێتەوەو ئەو خاڵانەی ئێوە لەبەر دەستانەو دوو سێ رۆژە لاتانە، ئەو خاڵانەی کە ئێستا وەکو بڵێی پێش وپاش کراون بخوێنرینەوە دوایی لەبەر رووناکی ئەوە گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بچەسپێ چونکە ئەوەی تریش لە پێشتانە و هیچ

کێشەیەک لەسەر ئەوەی یەکەم نییە، ئینجا ئەگەر حەز ئەکەن دیباجەکە دەچەسپێنین و پاشانیش خاڵەکان دوای حەسانەوە دابەش دەکرێ. با ئەم بابەتە تەواو بکەین.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو (١١) میحوەرەی کە ئێستا لەبەردەم جەنابتانە پێشەکی هەردوو فراکسیۆن لەسەری ڕێک کەوتوون لیژنەیەکی ڕێک وپێکیان دروست کرد بۆ دارشتن بۆ دراسە کردنی دوای ئەوە هەر فراکسیۆنێک بۆ خۆی هەڵسەنگاندێکی تایبەتی خۆی بۆ کردووە لەسەری ڕێککەوتوون وگفتوگۆی لەسەر کراوە پێم وایە ئەگەر گفتوگۆی لەسەر بکرێتەوە جارێکی کە لەپەرلەمان، لەوانەیە کێشەمان بۆ دروست بکات و فراغمان بۆ دروست بکات ئەچینە ناوبابەتەکەوە کێشەکەمان لێ ئەشێوێنێ بەیەک مانگ لێرە لێ دەرناچین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەوە کێشە نییە، کێشە لەوە دایە وەکو د.کەمال گوتی دیباجەیەکیش ئامادە کراوە، دیباجەکە واتە پێشەکیەکە، بخوێنرێتەوە یان نەخوێنرێتەوە؟.. بەرای من بخوێنرێتەوە پاشان دێینە سەر خاڵەکان بەڵکو هەندێ برادەر حەز بکەن دەوڵەمەندی بکەن.

**بەڕێز شالاو عەلی عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ئەم بەرنامەی کارەی کەدانراوە کە لەبەردەم هەموو ئەندامان دایە داوا لە هەردوو فراکسیۆنەوە بە موافەقەت لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەن کراوە ولە هەردوو لاش لیژنەیەک نزیکەی سێ کەس دەبوون دانیشتوون بۆ ئەو خاڵانە، بەرای من راستە لەوانەیە لەبارەی زمانەوانی یەوە کەم و کووڕییەکی تیا بووبێ یاخود خاڵەکان پاش پێش کردنی بەڵام بەرای من یەک دوو شت بکەین ئەوەیە یەکەم ئەوە بخوێنرێتەوە ئەو دیباجەی کەبەڕێزتان بڵێین دەستەی سەرۆکایەتی پێشنیاری کردووە یا نووسیویەتی بەکار بێ بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەمە، چونکە ئەمە بنچینەکەیە کەدانراوە بۆ هەردوو فراکسیۆنەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ چوونەکە بەتەواوی هەروایە، ئەگەر مۆڵەت بدەن با دیباجەکە دەست پێ بکەین، دواییش دێینەوە سەر خاڵەکان و دەیخوێنینەوە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە من هێشتا لە خوێندنەوەی دیباجەکە نەبوومەتەوە، بەڵام زۆر لە ئینشاء دەچێت پێویستە بەشێوەیەکی تر دابڕێژرێ لەوە ئەچێ ئامادە کرابێ بۆ تاقی کردنەوەکانی بەکالۆری لە ئینشائی ئەمساڵ لەزمانی عەرەبی دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بابخوێنرێتەوە پاشان ئەخرێتە بەردەستی لیژنەکە، لیژنەکە خۆی دەزانێ چی کەلکێکی لێ وەردەگرێ.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەلێ باشە، بەلام بەراستی من ئێستاش لێ نەبوومەتەوە لاپەڕەیەکم ماوە، بەلام پێویستی بە دەستکاری هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەتەئکید هەموو مسوددەکە پێویستی بە دەستکاری هەیە، بۆیە ئێمەش دەیخەینە پێشتان بۆ ئەوەی دەستکاری بکەن. کاک عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تکایەکم هەیە لەهەردوو فراکسیۆن، من لەگەڵ ئەوەم گفتوگۆ بکرێ، تەبیعی بەس بەو کەش وهەوایەی کەئێمە ئەو خاڵەمان بۆ داناوە تکام هەیە بۆ هەردوو فراکسیۆن لەو جەوەی کە هەموو لایەکان پێوەی ماندووین بۆ ئەوەی ئاشتی بەردەوام بێت یاسایش لەکوردستان سەقام گیر بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خاڵەکان شتێکی وایان تێدا نییە کە نەکرێن، ئینجا حەز دەکەن بادەست بکەین بەخوێندنەوەی دیباجەکە، کە بەعەرەبی یە. ئەو برادەرانەی کە تێبینی یان هەیە با بینووسن پاشان ئەوە بلاودەکرێتەوە دەدرێت بەو لیژنەیە با لیژنەکە خۆی دەولەمەندی بکات گرنگ ئەوەیە کۆمەلە بیرورایەک زیاد دەکرێت.

**بەڕێز فەرست ئەحمەد عەبدوللا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

اعلان مبادئ لموقف پرلمان كوردستان عن أحداث شهري مايس وحزيران١٩٩٤ المأساوية.

بعدما عاني الكورد خلال القرون الماضية شتى انواع الاضطهاد والقمع والحرمان من ابسط الحقوق الانسانية وبلغ الامر حد الانكار لحقيقة وجوده على أرض وطنه كشعب وتفننت الحكومات التي تعاقبت على حكم وطنهم كوردستان في أساليب ومحاولات صهرهم في بودقة القومية الحاكمة والسعي المستميت لتنفيذ عمليات إبادة الجنس بحقهم واستعمل ضدهم كلما أبتدعه العقل البشري من أسلحة الدمار الشامل و الأبادة الجماعية بمسمع من حكومات دول العالم وتحت انظار المجتمع الدولي ومنظماته وسادت مبادئ حقوق الانسان بين الشعوب وتفشت مفاهيمه وتضاعف عدد الداعين اليها والمدافعين عنها وتداعت نظم دكتاتورية ببزوغ

كيانات قومية وعلى أثر اندلاع حرب الخليج نتيجة غزو صدام حسين لدولة الكويت وتلقي قواته هزيمة نكراء على يد القوات المتحالفة هب الشعب الكوردي في كوردستان العراق عن بكرة ابيه ليعلن أكبر أنتفاضة شعبية في التأريخ في بداية شهر آذار ١٩٩١، دك خلالها صروح الدكتاتورية في كوردستان وهزم جحافل جيوش صدام حسين التي إبادت الالاف من نساء واطفال في حملات إبادة جماعية سميت بالانفال لم يشهد التاريخ مثيلاً لها من قبل وإذا كانت المصالح الدولية قد دفعت دول العالم لتدير لانتفاضة هذا الشعب ظهرها وتغض الطرف عن قوة صدام حسين لتفتك بشعب مظلوم كما تفعل الذئاب الجائعة بقطيع غنم آمن، إلا أن الكودر أبوا الخنوع والاستسلام هذه المرة فصاروا طوابير مليونية في مسيرة تحدي تأريخية نحو حدود الدول المجاورة متحملة أقسى ظروف طبيعية من أجل الحفاظ على وجودها و كرامتها و قد تجلت في هذه المسيرة وحدة الكلمة و الارادة و المصير والاصرار على التضحية من أجل البقاء، وكان لهذا الحدث التأريخي وقعاً عميقاً في الرأي العام العالمي، هزّ مشاعر الشعوب وايقظ ظمير المجتمع الدولي تجاهة لأول مرة وبعد طول التجاهل و التغافل و الاستخفاف تحركت حكومات تحت وطأة ضغط شعوبها، فصدر القرار (٦٨٨) من مجلس الأمن الدولي في (٥) نيسان ١٩٩١ ليدين عمليات القمع ضد الكورد ويدعو الى احترام حقوقهم الانسانية وتم تحديد خط (٣٦) لمنطقة محرمة على الطيران العراقي، كما تم استحداث منطقة آمنة في كوردستان العراق فتجحفلت قوات الحلفاء على حدودها الشمالية كمطرقة متهيئة لدرء الخطر عن شعبها، وهبّت عشرات المنظمات الانسانية في العالم لمد يد العون لاعادة اعمار كوردستان واطعام شعبها وإكساء أطفالها ولأول مرة في التأريخ تنفتح آفاق مضيئة أمام شعبنا ليكون له شأن في هذه الدنيا و يحسب له حساب في لعبة مصالح الامم، وبعد أن أثبت الكورد جدارته بشكل أذهلت الدول المتحضرة حينما أقدم على إجراء انتخابات عامة ديموقراطية في ١٩/٥/١٩٩٢و تأسيس أول پرلمان ديموقراطي لا في تأريخه فحسب، بل في تأريخ المنطقة بأسرها وعقد جلسته الاولى في ٤/حوزيران ١٩٩٢ وانبثق منه أول حكومة إقليمية على أرض كوردستان الجنوبية وفي ٤/١٠/١٩٩٢ توج پرلمان كوردستان مسيرة الكورد النضالية بأعلان تأريخي لممارسة حقه في اختيار النظام الفيدرالي كأساس للعلاقة الدستورية مع الحكومة المركزية في العراق و إعلان كوردستان اقليماً ضمن إطار ألدولة العراقية الديموقراطية الپرلمانية الفدرالية وتوالت خطوات الى الأمام على الصعيدين الخارجي والداخلي وستنال الكورد عطف وتأييد شعوب وحكومات العالم ولم تتوانى دول التحالف في الاعراب عن موقفها في كل مناسبة سانحة بحماية شعبنا من عمليات القمع والارهاب ومد يد العون والمساعدات الانسانية لأعادة بناء وطنه كما ان ألكثير من دول العالم لاتتوانى في الأعراب عن مشاعر التعاطف والقلق لما يعانيه الشعب الكوردي من الاضطهاد والتعسف في اجزاء كوردستان المختلفة ودعوتها علناً بضمان حقوقها الانسانية بعد هذه المسيرة النضالية في تأريخ شعبنا وتكللت

الحركة التحررية بهالات الانتصار وتتويجها على طريق الانفراج منها شعبنا ليجد نفسه منذ أوائل شهر مايس١٩٩٤في خضم معركة انتحارية يدمى لها القلب ويهتز لها القلب ويهتز لها كل ضمير حي تعسف بامجاده وقيمهِ ومبادئه الانسانية التي رضع منها وتربى عليها تهدد نسف كيانه وتفجير ذاته وتحويل اماله الى سراب بعيدة المنال يرى الأبناء وقد صلوا ليعود تهديم ما تم تشييده من قرى ومساكن على انقاض أكثر من أربعة ألاف قرية سبق وأن احرقها صدام حسين ويرى مناضل الامس يتقاتلون واحفاد الشهداء يتذابحون يرى كيف تسلب حياةَ من لم تفلح الغازات السامة لقوات صدام حسين في سلب حياته من أكثر من شهرين وشعبنا يعيش تحت وطأة كابوس مميت بذل خيرون جهوداً مستميتةً للخروج من دهاليز المأساة وباقل ضرر ممكن و انقاذ ماتبقى واعادة ثقة متزعزعة بشعبنا بقياداته الوطنية ومسح التشويه الذي لحق بصورة الكورد أمام العالم وتجربتة الديموقراطية وايقاف قرع طبول الحرب التي رقص على نغماتها الاعداء وفك الأعتصار عن افئدة الاصدقاء الذين عانوا وهم من هول الصدمة يكادون لايصدقون ما يرون ومايسمعون ويرلماننا الذي اولاه شعبنا ثقة في١٩/٥/١٩٩٢، ويري فيه ملاذه ولسان حاله ومعبر عما يجول في ضميره يقف اليوم وقفة مراجعة للمسيرة وتقييم للتجربة واستخلاص للعبر من مآسي شهري مايس وحزيران ١٩٩٤فيدين بكل حزم وصراحة و وضوح مرتبكين المأساة المواقعة ويحي بالاجلال والاكبار كل من بذل جهداً مهما صغر لارساء السلام واطفاء نار العداء واخماد الفتنة من القادة السياسيين والاحزاب الوطنية والمنظمات والاشخاص والقادة من المعارضة العراقية واصدقاء الشعب الكوردي في الخارج ويعلن على الملأ مبادىء موقفه من الأحداث المأساوية لمعالجة الاوضاع ومسح اثار العار فيما يلي.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ببوره من تۆزێ ئەتانخەمە ئاووهەوایەکی ترەوە لەگەڵ سەرۆک وەزیران ئێستا دەربارەی ئەو لیژنەیە گفتوگۆیەک کرا ڕای سەرۆک وەزیران ئەوە بوو کە سەرۆکی ئەم لیژنەیە کە پێک هاتووە پاش مداوله لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی داد ئەم لیژنەیە پێک هاتووە سەرۆکەکەی دادوەری تەحقیقە وئەوەش بۆ ئاسان کردنی تۆژینەوەکەیە بۆ ئەوەی بگەن بە ئامانجێک وئەگەر ئەوە بۆ ئێمە دابنرێ بەو ڕێگایە ئەنجامیش باشتر دەبێ ولەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر پەرلەمان بەدەنگ دان بڕیارێکی مخالف بۆ ئەوە دەدات ئەو بڕیارە با بدات و بەرەسمی بەئێمەی ڕابگەیەنێ ئەو بڕیارەی پەرلەمان دەیدات ئینجا ئەگەر وەکو ڕایەکی تایبەتی خۆم من ڕای خۆم داوە ئەو لیژنەیە ئەنجوومەنی وەزیران پێکی بهێنێ وسەرۆکەکەشی حاکمێکی تەحقیق بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆرمان قسە کرد لەسەری، کاک عەدنان وەکو لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جەنابت فەرمووت ئێمە برادەرانی یاسایی زۆریان قسەکرد رایەکە روون و ئاشکرایە وابزانم بشمانەوێ ڕێکخستن بۆ ئەوە بکەین کە سەرکردەی ناوچە یان جێگری سەرکردەی ناوچە بەڕێز کاک ئەرسەلان باییز وەڵامی دایەوە وەکو لێپرسراوی مەڵبەندێک وەکو پێشمەرگەیەک دوایی وەکو ئەندامێکی پەرلەمان لەراستیدا منیش خۆم ئەوەم بیرخستبۆوە زۆرباش بوو ئەوانەی کە لایەنن لە بابەت سەرکردەی ناوچە وجێگرەکەی، ئینجا من نازانم وەکو عەرزم کردن سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە هەر چۆنێک بێ لیژنە پێکەوەبنێ، بەڵام لەلایەنی ئەو بۆچوونەی ئێمە بۆی چووین لەناو پەرلەمان بۆ ئەوەی یەکەم ئیعتبار بدەین بە کێشەکان و لیژنەیەکی محاید بێ لە (١٠٠ ٪)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستاکە دوو را هەنە و پێویست بەوە ناکات، یا ئەوەتا لیژنەکەی ئەوان دروستیان کردووە بەردەوام بن لە ئیشی خۆیان، یا ئەگەر پێتان باش نییە لە لایەنی یاسایی یەوە، ئەوا خۆتان لەسەری رێککەون و بڕیارێک بدەن. کاک د.کەمال فەرموو.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا دوو پێشنیار هەیە یەکیان ئەوەیە کەوا لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە کە کۆمیتەیەکی وا دروست ببێ هەندێکی تیایە کە خۆیان لایەنن لەمەسەلەکە ئەوە لە رووی یاسایی یە، وەکو روونیان کردەوە نابێ، ئەو کۆمیتەیە سەرۆکەکەی حاکمێکی تەحقیقە، بەڵام برادەرانی یاسایی کە لێرە ئامادەن هەر ئێستا با پێشنیارێکی بدیل پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی بتوانین ئێمەش بڕیارێکی لەسەر بدەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ببورە کاک دکتۆر لیژنەکە دەشێ ئەمڕۆ دەست بەکاربن.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باشە با ئێستا بڕیارێکی لەسەر بدەین، بەڵام دەبێ بەدیلێک هەبێ.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەدیلەکە ئەوەیە کە هەرسێکیان حاکم بن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەوە زیاتر نییەو، بەپێی گفتوگۆی لیژنەی ئەندامانی پەرلەمان دیارە کە زۆربەیان لەسەر ئەورایەن

کەئەبێ هەرسێکیان یاسایی بن، رایەکی تریش هەیە بۆ خاو کردنەوەی وەزعەکە بۆ ئەوەی شتەکە عەمەلی بێت ئەڵێن چی تێدابەستەیە مادام سەرۆکەکەی حاکمە ئەوانی تربا لەو کاربەدەستانەن کە ئیشەکان ئاسان دەکەن، هەر دوو رایەکەش روونن، ئینجا ئەبێ یەکێکیان دەست نیشان بکەین لەپەرلەمان.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێویست ناکات جارێکی تر مناقشە بکرێتەوە دوو کەس قسە بکەن لەسەر بابەتەکە ئەوانەی کە یاسایین بۆمان روون بکەنەوە ئەو وەختە بریاری لەسەر دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە دوێنێ مسودەی بریارێکمان ئامادەکرد کە هێشتا دەنگی لەسەر نەدراوە با بریارەکە تەواو بکەین، فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة في ٢٠/٧/١٩٩٤تكليف رئاسة مجلس الوزراء لاقليم كوردستان لأتخاذ الاجراءات القانونية لتشكيل لجنة تحقيقية خاصة من حكام للتحقيق فيما يلي:

١- حادثة اطلاق النار على السيد فرنسو حريري رئيس كتلة البارتي في المجلس الوطني لكوردستان العراق ومرافقيه بعد ظهر يوم ١٩/٧/١٩٩٤على الطريق العام بين مركز مدينة اربيل ومصيف صلاح الدين.

٢- حادثة احتجاز عضوي المجلس الوطني كل من السيدين «فاضل رؤوف وأزاد قرداغي في يوم ١٩/٧/١٩٩٤على طريق أربيل صلاح الدين وتجريدهما ومرافقيهم من اسلحتهم وهوياتهم.

٣- التعرض لعضوي المجلس الوطني السيدين ارسلان بايز وملا طه واطلاق النار عليهما.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە ناوەڕۆکی بریارەکانی دوێنێتان بوو، ئینجا ئێستاکە ئەگەر ئەمە مەقبوڵ بێ، ئەوا ئەو برگەیەی کە دەڵێ «خاصة من الحكام للتحقيق» ئەگەر لێرە ئەمە بەو شێوەیە بێ، واتا ئەگەر بوترێ لیژنە (خاصة من حكام للتحقيق) وابزانم ئەنجوومەنی وەزیران ملزم نین ئەوە بکەن.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئینجا ئەگەر بووترێ پێکەوەنانی لیژنەی تەحقیقی تایبەت بەسەرۆکایەتی (حاكم تحقيق) ئەوەی ئێمە دەگرێتەوە ئەوەی ئەوان دەگرێتەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی وەزعەکە روونە و هیچی پێ ناوێ ئێمە وەک یاسایی رامان ئەوەیە ئوسولیەکەی ئەوەنیە کە دوێنێش بریارمان لەسەردا جا لەبەر ئەوە با وەکو شتەکانی تری لێ نەیەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پرۆژەیەی دوێنێ، ئەوی کە خوێندرایەوە ئەیخەینە دەنگدانەوە، تکایە با وەزعەکە حەسم بێ، کێ لەگەڵ ئەم بریارەیە کە بەم شێوەیەبێ؟ ..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ لەگەڵ ئەم بریارەن.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئینجا باشە کەوا بوو ئێمە ئێستا لەگەڵ ئەوە لیژنەیەکی موتابەعەمان باس کردووە ئەو لیژنە موتابەعەیە با کاک حازم، شێخ عەدنان بن موتابەعەی ئیشی ئەو لیژنەیە بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەز دەکەن بیکەن بەسێ، ئایا ئەوە باشتر نییە؟ کاک شمائیل، با ئەویش لەگەڵ دابێ موتابەعەی بکەن گرنگ ئەوەیە لیژنەیەک هەبێ بەدواداچوونی ئەم بابەتە کە لەسێ لەچوار کەس پێک بێت، هیچ کێشە نییە لای ئێمە خۆتان چۆن حەز دەکەن باوابێ و ئەگەر پێشنیاری تر هەیە فەرموون بیکەن.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم لەبەر ئەوەی جێگری سەرۆک فراکسیۆنم هەندێ ئیشم هەیە کاک شێروانی ئەگەر لەجێم دابنێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێشە نییە، ئەوە کاک شێروان وکاک حازم وکاک شمائیل بەسن.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوای لێبووردن دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە حەز دەکەن دەیکەین بە پێنج هیچ کێشە نییە، باشە مەبدەئیا بەڵام با جارێ ئەو سێ برادەرە بکرێ بە بریارێک و دەنگ دان پێویست ناکات، چونکە ئەوە ئیجماعی لەسەرە وابزانم ئەو

مسوودەیەش خوێنرایەوە خراپ نییە ئەویش لە بەردەستی ئەو لیژنە بێ کە لە ئەنجامدا ئەم بابەتە دادەڕێژێت پاشان چەند سوود وەردەگرێ لەوە بەرای من ئەوە ئێستا ئەیخەینە گفتوگۆوە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆرباشە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر کارەکانمان ئەوەی کەوا پێشکەش کرا بەراستی وەکو ئینشا، ئینشایەکی باشە، بەڵام وابزانم چەند شیعرێکی ناتەواو بوو پێویست بوو ئەوەشی بخرێتە سەر با ئەو کۆمیتەی کە کۆدەبێتەوە صیاغەی بکات پێویستە بەسەری دابچنەوە. هەروەها ئەوەی تر کارنامەکە کە لەبەر دەم دایە ئەوەش بخوێنرێتەوە باقسەی لەسەر بکەین ئەو مەسەلەیە کۆتایی پێ بهێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەو کارنامەیە کە لێرە وەکو مسودەیەک ئامادە کراوە وابزانم هەمووتان لاتان هەیە، ئێستا خاڵ بە خاڵ ئەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز شمائیل نەنو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

السيد رئيس المجلس انا عندي تعليق على هذه الديباجة، هذه الافتتاحية ما ادرى د.كمال طرح حقيقة فيها تغيب كامل للاشوريين او التركمان في (الانتفاضة) مشاركين وفي ضحايا الهجر المليونية وفي تثبيت السلام مشاركة ميدانية وسياسية، انا اعتقد خير شاهد على هذه المسألة هو الشيخ عدنان والاخ حازم اليوسفي أيام أوج الحالة الموجودة فلا توجد نسخة عندي كي أستطيع أن اقترح بالضبط شئ ثابت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ گومان ئەمە تەنها مسودەیەکە لەژێر دەست دا بێت، پاشان ئەو لیژنەیەی کە دانراوە سودی لێ وەرگرێت و دەوڵەمەند بکات.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خاڵەکانی خوێندەوە.

خاڵەکان:

١- أ- تحريم وإدانة الاقتتال الداخلي وضمان عدم العودة الى أستعمال القوة والعنف لحسم اي نزاع سياسي وكذلك الارهاب والاغتيال السياسي.

ب- إدانة الخروقات التي وقعت على مبادئ حقوق الانسان من اية جهة كانت.

ج- إدانة كل اعتداء وقع خلال الاحداث على المواطنين وحقوقهم وممتلكاتهم وأرواحهم اثناء ظروف الاقتتال المؤسفة.

د. التأكيد على المبادئ الديموقراطية وحرية الرأي وإدانة حالات المطاردة والملاحقة بسبب الانتماء السياسي.
هـ - ادانة احتلال مقرات الاحزاب والمنظمات الابنية الحكومية.

٢. تشخيص اسباب شل العمل البرلماني والحكومي والقضائي والتأكيد على الحفاظ على قدسية البرلمان والحصانة البرلمانية والمؤسسات الرسمية كافة وعدم التجاوز عليها واحترام القضاء ومساندتها لانجاح اعماله.
٣. العمل على ضمان سيادة القانون وعدم التدخل من قبل أية جهة كانت واحترام القوانين والقرارات الصادرة من برلمان كوردستان والقوانين والقرارات النافذة.
٤. التأكيد على مبدأ فصل السلطات وابعاد الهيمنة الحزبية عن الادارة.
٥ - إعادة النظر في مبدأ المناصفة والعمل على الغائه والتأكيد على مبدأ تكافؤ الفرص.
٦. العمل على جعل منطقة البرلمان منطقة منزوعة من السلاح وذلك للحفاظ على قدسيتها عن طريق نقل أي مقر من المنطقة وإعادة النظر في حماية البرلمان واعضائه.
٧. مناقشة الوضع الامني والاقتصادي السئ وايجاد الحلول المناسبة والمعالجة بقدر الأمكان في جلسة خاصة بحضور أعضاء مجلس الوزراء وخصوصاً إعادة البناء التحتي لكوردستان.
٨. التأكيد على عملية التطبيع الشامل لكافة مناطق كوردستان وفي جميع المجالات بخطوات عملية وسريعة.
٩. بحث موضوع كيفية إلغاء الميليشيات الحزبية وتطبيق قانون الاسلحة والاحزاب الصادرين من برلمان كوردستان.
١٠. اعادة النظر في أسلوب عمل البرلمان بشكل يجعل كل عضوأمام مسؤولياته البرلمانية.
١١. العمل على إصلاح الجهاز الاداري في الاقليم وتشكيل مجلس للتخطيط و الأسراع بتشريع قانون ديوان الرقابة المالية المركزية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا بڕگەکان دەخوێنرێنەوە، بەڵام لەدەستەی سەرۆکایەتی ئێمە تۆزێ ئیشکالمان لەسەر هەیە ئایا هەروا بخوێنرێتەوە یان بڕگە بە بڕگە (آ-ب-جـ ) من وای بۆدەچم کە تۆزێ بوارتان بدایە بۆ ئەوەی گفتوگۆی. خاڵی یەکەم (آ) تاکو (هـ) بکەین، کێ تێبینی هەیە؟

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یان ئەگەر ئەوە بمێنێتەوە بۆ ڕۆژی شەممە پاش ئەوەی ئەو پێشەکیەی خوێندرایەوە باشتر نییە، با ئێستا بڕیارێک بدەین لیژنەیەک دابنرێ بۆ دراسە کردنی، چونکە زۆر بیروڕای تر دێنە پێشەوە

لەپاشان ئێمە رامان وایە لەبەر رووناکی ئەو پێشنیارانە شێوەیەک دابنرێ لەپاشان دابەش بکرێ بەسەرتاندا، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بائێمە بڕیاری لەسەر بدەین لەپاشان لیژنەیەک دابنرێ بۆ ئەوەی کەوا دایبڕێژنەوەو بەشێوەی کوردی وعەرەبی وبلاوبکرێتەوە ئەتوانین جارێکی تر بەسەریا بچینەوە، بەڵام ئەو مەبدەئانەی لەوێ چەسپێنران با لێ بکۆڵینەوە کەم وزیادەکی لەسەر بێ لێرە ئەمڕۆ باسی ئەو مەسەلە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەم شێوەیەکێشەیەکی زۆر دێتە پێشەوە بۆیە ئەڵێین ئەگەر بتوانین خۆمان دەست نیشانی چەند برادەرێک بکەین با ئەوان دایبڕێژنەوە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان ئەم پرۆژەیەی پێشکەش کراوە زۆر شتی باشی تیایە بەس زۆر مرتبکە صیاغەشی ئەوە هیچ بەصیاغە دانانرێ پێشەکی ئەوەی کە دراویشە بەرای من ناتەواییەکی گەورەی تیایە کەناڵی هۆی ئەو شەڕە چی بێ، دوای برگەی یەکەمی ئەبێ ئێمە جارێ ئیدانەی ئەو شەڕە بکەین واستنکاری بکەین ئینجا دوای ئێمە بڵێین تەحریمی فلان شت دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، یانی هەمان مشکلە دێتە پێشەوە، فەرموو کاک عەدنان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستیدا بۆچوونەکەی ئێمە بەو شێوەیە لەو چوارچێوە گشتی یەدا ئەگەر برادەران تێبینی یەکیان هەبێ بخرێتە سەری دوای ئەوە لیژنەیەک دابنرێ دووکەس لەم لایە و دووکەس لەولایان سێ کەس چۆن ئێوە بڕیارتان داوە وا صیاغە بکرێ بۆ ئەوەی ئەفکارەکان رێک بن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاکە شێخ، ئێمەش بەتەواوی وائەڵێن، ئێمە ئەزانین بەپەلە کراوە، شتەکە راستە هەموو کۆکین لەسەریان و، باوەڕ ناکەم لەسەر ئەو مەبدەئانە ناکۆکێکی گەورە هەبێ کە لەسەر هەموویان رێککەوتووین، بەڵام وەکو گوتمان بۆ ئاسان کردنی گفتوگۆ بۆ خستنەرووی بەشێوەیەکی باشتر بۆ گفتوگۆ کردنی وتمان ئەگەر ماوە بدەن خۆمان دوو سێ برادەر دەست نیشان دەکەین صیاغەی بکەینەوە، ئەگەر مۆڵەت بدەن، ئێمە لەگەڵ برادەراندا لەهەردوو فراکسیۆنەکە مەشوەرەتێکی گچکە ئەکەین بۆ دەست نیشان کردنی چەند برادەرێک کە بتوانن پێکەوە دانیشن و بیکەن

بەکوردی، بەعەرەبی واتا بە هەردوو زمانەکە بەشێوەیەکی ڕێک وپێک دابیرێژنەوە، ئەمڕۆ دوای نیوەڕۆ دەتوانن دانیشن ماوەشمان بە دەستەوەیە هەتا شەممە، بە بۆچوونی من هەموو شت تەواو ئەبێت چاپیشی ئەکەین وبەقەدەری ژمارەش دابەشی دەکەین بەسەر ئەنداماندا، ئەتوانین دانیشتنی ڕۆژی شەممەش بخەینە سەعات(١١)، یا سەعات (١٢و١)، ئەوە کێشە نییە بۆ ئەوەی شتەکە باشتر دەرچێ، ئینجا ئەگەر وابێ و، ئەو بڕیارە بدەین ئەوە خراپ نییە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی ناصق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئێستاکە ماوەی ئەوەمان ماوە کە ئەگەر هەموو برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان ئیتلاعیان لەسەر وەرەقەکە کردووە ئەگەر شتێک نەهاتبێ بۆ ئەوەی ئەو لیژنەی صیاغەیە ئەوانەش بخاتە ناو صیاغە نوێ یە کە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەیاد ڕاستە، بەڵام ئەو برادەرانە هەموو نسخەیان لایە ماشاءالله (٣٠-٤٠)کەسیش دانشتوونەو گفتوگۆیان کرد لەسەر ئەم بابەتە، هەر برادەرێکی تریش زیادەیەکی تری هەیە با ئەو زێدەیە بەرەسمی بداتە ئەو برادەرانەی کە ئێمە دەست نیشانیان دەکەین ئێمە ڕۆژی شەممە کە ئەیخەینە ڕوو وەکو پرۆژەیەک دەخرێتە ڕوو، ئەگەر ناتەواویی هەبوو دیسان زیاد دەکرێ بۆیە ئەڵێم بانەیکەین بەدوو ئیش، ئەگەر وایە با لێرە ڕابوەستین و لیژنەکە دەست نیشان بکەین.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ڕایەکەی سەرۆکایەتی پەرلەمان نیم کە دوابخرێ بەڕاستی ئێستا دەستی پێ بکەین ئەو برادەرانە چەند ڕۆژێ کۆبوونەتەوە خاڵی بنەڕەتیان داناوە بە ڕاستی دواخستنەکەی خەتەری زیاترە بەلای من ئێستا باس بکرێ خاڵە گشتیەکان یەک یەک دەیخوێنینەوە ئەگەر شتێک زیاد بێ زیادی دەکەین ئەو لیژنەیەش کە جەنابت دەڵێی دەست نیشانت کردووە ئێستا ئەگەر داینێین بۆ ئەوەی صیاغەی بکات بەڕاستی من لەگەڵ دواخستنەکە دانیم، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو سێ لیژنە دانیشتووە بۆ ئەم بابەتە یەکێک لیژنەیەکی (٣٠) کەسی، یەکێک لیژنەیەکی (١٢) کەسی دوای لەهەمووياندا یاسایی تیا بووە هەموو لایەنەکانی تێدا بووە یانی نازانم ئەم دواخستنەی ئەم بابەتە لەچ بەرژەوەندییەک دایە، دووەم ئێمە پێویستە هەڵوێستی پەرلەمان هەرچی زووترە لەم بابەتە تثبیت بکرێ، هەڵوێستی سیاسی پەرلەمان لەم بابەتە لەچ تثبیت بکرێ هەڵوێستی سیاسی پەرلەمان لەئەم وەزعە چارەسەر بکرێ، ئەوشتەی کاک نەوزاد فەرموی لیژنەیەک دابنرێ پاشان لیژنەی صیاغە پاشان لیژنەیەکی تر ئەوە دەکەوێتە نزیکەی دوو سێ

هەفتەی تر بەراستی هەرچی زووترە ئەوکێشانە چارە سەر بکرێ بەتایبەتی هەڵوێستی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەو ڕۆژە کاک ئەحمەد بامەرنی گوتی ئێمە ئەمە ماوەیەکی زۆر زۆرە شتێک دەرنەچووە ئەگەر دوو سێ ڕۆژی دیکەش بمێنێتەوە بۆ ئەوەی زۆر ڕێک وپێکتر بێ گەلێک باشترە، سوپاس.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**السيد رئيس المجلس.**

أنا برأي أن نبدأ بمناقشة الموضوع فقرة فقرة نظل نتأخر يومين وأكثر علينا أن نستعجل في هذه القضية، وشكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر مۆڵەت بدەن «إنشاء الله»وای لێ دەکەین هەر لە ئەمڕۆوە چەند برادەرێک دەست نیشان دەکەین بۆ صیاغە کردنی ئەو پرنسیپانە، چونکە لەسەری ڕێککەوتووین ئەو مەبدەدئانە صیاغە بکرێنەوە لەگەڵ دیباجەکەوا ئیشی تێدا بکەن بۆ ڕۆژی شەممە ئامادە بێ، دانیشتنی ئەمڕۆ تەواو بوو، بۆ ڕۆژی شەممە سەعات (١٠) ئێمە لێرە ئەبین ئەگەر دانیشتنەکەمان سەعاتێک دوو سەعات دواش بکەوێ ئەوە گرفت نییە، سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦)

شەممە ڕێکەوتی ٢٣/٧/١٩٩٤

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦)

## شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٧/٢٣

***کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٧/٢٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (١٦)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ بەردەوام بوون لەسەر ئامادە کردنی بەڵگەنامەی پەرلەمان لەسەر ڕووداوەکانی مانگەکانی مایس وحوزەیرانی ١٩٩٤ی کوردستان.***

***٢ـ تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان کۆبوونەوەکەمان دەست پێ دەکەین. وەکو ئاگادارن بەردەوامین لەسەر ئەو بەرنامەیەمان و وابزانم ئەمڕۆ ئەو پرۆژەیەی کە بڕیار بوو گفتوگۆی لەسەر بکرێ، لیژنەی بۆ پێک هات لە چەند ئەندامێکی پەرلەمان بۆ داڕشتنی ئەو چەند خاڵانەی کە باس کرابوون، لەگەڵ ئەوەش دا شتێک نووسرابوو وەکو پێشەکییەک، لەیەکی دەن و دەوڵەمەندی بکەن. وابزانم بڵاوبۆوە بەسەر هەموو لایەکتان دا، من نسخە عەرەبییەکەم پێگەیشتووە و کوردیەکەمی هێشتا پێنەگەیشتووە، جا نازانم بڵاوکرایەوە بەسەر برادەران دا، عەرەبییەکەی هەموو؟ باشە. کاک د. عیزەدین نسخەی ڕاکێشراوە یان نا؟

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە دوای عەرەبییەکە ڕاکێشراوە و هێشتا تەواو نەبووە، دەتوانین کوردییەکە بخوێنینەوە و عەرەبییەکەش لەبەر دەستا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە خاڵێکە، خاڵی دووەم تازە بابەتە، ئەگەر تازە بابەت هەبێت بۆ ئەوەی باسی بکەین. کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فـــــرەنســـۆ تۆمـــا هەریری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن.**

زۆر خانوو و ساختمانی حکومی دەستیان بەسەردا دەگیرێ، دەمانەوێ قسە لەسەر ئەوە بکەین، ئەوەی کە دەستی بەسەردا بگیرێ. ئێمە پێمان خۆشە کە حکومەت خۆی تەسەڕوفی پێ بکات. کاک د. ڕزگار لەوانەیە لەسەر ئەم بابەتە هەندێ قسەی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن:**

چ خاڵی تر نییە، تازە بابەت؟ کاک عەدنان نەقشبەندیی فەرموو.

**بەڕێز عـــەدنان نـەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن:**

لەوانەیە هەندێ گۆڕانکاری سادەمان کردبێ لە نوسخە عەرەبییەکەمان دا لەسەر ئەو شتانە، لەوانەیە لە کوردیەکە دەرنەچێ. بۆ ئەوەی برادەران ئاگادار بن شتەکان زۆر شتی سادەن ودوایی بابەتەکە ناگۆڕێ و بەس هەندێ گۆڕانکاری سادەمان کردووە. بۆ ئاگاداریی لەگەڵ ڕێزم دا .

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن:**

ئەوە کاتی خۆی ئاماژەمان پێدا واتە هەریەک خاڵمان هەیە لەبارەی ئەو خانووانەی کە سەر بە دام ودەزگاکانی حکومەتن ودەست بەسەریان دا دەگیرێ باس بکرێ، وەکو پێشنیارێک ئەگەر چ تێبینیەک نییە. مەبەستم وەکو پێشنیارێکە بۆ ئەوەی بیخەینە بەرنامەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم خاڵە بخرێتە بەرنامەوە؟ ..کێ لەگەڵ نییە؟..بەتێکڕای دەنگ خرایە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمانەوە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن.**

قسەی من مەسەلەی خاڵ نییە، بەڵام بەخێرهاتن جارێکی تریش لەکاک فرەنسۆ هەریری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دەکەم، پیرۆزبایی لێدەکەم کە ڕزگاری بوو لەو دەستە چەپەڵەی کە تاوانی کردە سەر کاکە فرەنسۆ وەکو پەرلەمانتارێکی زۆر چالاک، زۆر بەڕاشکاوی، زۆر ئازا لەڕۆژی(٤)ی مانگ دا کە هێزێکی نایاسایی لەناو پەرلەمان دا کاک فرەنسۆ هەریری هاتە پەرلەمان بەخۆی و حیمایەکەیەوە نزیکەی ماوەی دوو سەعات مایەوە لەگەڵ من دا بەڕاستی هەوڵی ئەوەی دا بارەکە هێور بکاتەوە و ئەو هێزە چەکدارانە لەناو پەرلەمان واتە لەناو باڵەخانەی پەرلەمان نەمێنن و جارێکی تریش بەخێرهاتنی دەکەم و پیرۆزبایی لێدەکەم بەڕزگار بوونی لەو هەوڵە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن:**

سوپاس کاک نەژاد. فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فـــــەرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

من زۆر سوپاسی برای بەڕێز کاک نەژاد دەکەم، هەروەها سوپاسی هەر هەموو ئەو برادەرانەو ئەو کەسانە دەکەم کە لێیان پرسیم و بەڵێنیش دەدەم کە لەمەودوا ئازاتربم و ڕاشکاو تر قسە بکەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

ئەگەر د. عیزەدین ببورێ، ئێمە چەندین یاسا و بەیاننامە و ئەوانەمان بە عەرەبی خوێندۆتەوە، مادام عەرەبییەکە لەبەر دەمانایەو شێخ عەدنان دەڵێ لەگەڵ کاک کەمال دا هەندێ دەستکاری کراوە لە عەرەبییەکەو لەکوردییەکە نەکراوە ئەگەر لاریتان نییە بابەعەرەبییەکەی بخوێنرێتەوە و لەپاشان بەکوردییەکە.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

لاری هەیە پرۆژەکە بەعەرەبییەکەی بخوێنرێتەوە؟ کوردیەکە لەبەر دەست نییە. عەرەبیەکە وەک هەموو شتێ دەخوێنرێتەوە مادام ئەوە لەبەر دەست نییە، ئەگەر کوردیەکە لەبەردەستە بەسەرچاو، بەڵام لەبەر دەست نییە، یەک نسخە هەیە، لەبەر ئەوە با بەعەرەبییەکە بخوێنرێتەوە چونکە لەبەر دەستایە، وەکو هەر بەڵگەنامەیەکی تر، پاشان کە کوردییەکە وەرگێڕادرا دابەش دەکرێ بەسەر ئەندامان دا بۆ ئەوەی ئیشەکە بڕوات و ئێمە پێمان خۆش بوو ئەوە لە پێنج شەمووەوە لاتان بووایە و تەرجەمە بکرایە، ئێمە وتمان پێنج شەممە ڕابکێشرێ. ئێستا با دەستی پێ بکەین بەو نوسخەیەی کە لە پێشتانە، نوسخە عەرەبیەکەیەتی، ئێستا دەیخوێنینەوە، پاشانیش هەرچی تێبینیەک هەبوو، هەر برادەرێک ئەگەر تێبینی لەسەر هەیە، با دەری ببڕێ. ئنجا یەک پێشنیار هەیە کە هەموو بخوێنرێتەوە و تێبینییەکان تۆمار بکرێ؟ یاخود برگە بە برگە پێدا بچینەوە، چونکە یاسا نییە بەڵکو وەکو بەڵگەنامەیەکە، بەیانێکە بخوێنرێتەوە پاشان هەر برادەرێک تێبینی خۆی بنووسێ ولەدوایی دا تێبینییەکانی خۆی بڵێ. بڵێ لە فلان برگەدا وا هەموار بکرێ و ئەوانە هەموویان کۆدەکرێنەوە و دوایی ئەگەر زانیمان خاڵی هاوبەش هەیە و پێویستیان بە هەموار کردنە دەیکەین، وا بکەین باشترە، ئەگەر وایە با ناوی خوای لێ بێنین. وابزانم گفتوگۆی زۆرتان لەسەر کردووە؟

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

بەڵگە نامەکە بە عەرەبی:

لقد عانى شعبنا في كوردستان خلال تأريخه المديد شتى أنواع القهر والحرمان من أبسط الحقوق الانسان تجسدت ذروتها في حملات الأنفال والإبادة بالاسلحة

الكيمياوية وتهديم آلاف القرى و المدن وكان رد الفعل الطبيعي لهذا، أنتفاضة شعبنا في أذار ١٩٩١وما أعقبه. وقد دك صروح الدكتاتورية في كوردستان وحرر وطنه من جحافل جيوش صدام حسين وألهب بذلك مشاعر الشعوب والحكومات في العالم وبعد مسيرة الملايين كان القرار (٦٨٨) الصادر في نيسان ١٩٩١ لمجلس الامن الدولي وثيقة تأريخية لاقرار حقوق شعب كوردستان ومساندة لمطاليبه العادلة. وفي هذه الاجواء التجأ شعبنا الى الوسائل الحضارية الجديدة للسير في ركب العالم المتمدن فجرت انتخابات المجلس الوطني الكوردستاني في ١٩٩٢/٥/١٩ وتشكلت حكومة اقليم كوردستان وتوج پرلمان كوردستان المسيرة النضالية باعلان تأريخي لممارسة حق شعب كوردستان في اختيار النظام الفيدرالي أساساً للعلاقة الدستورية مع الحكومة المركزية في العراق ولكن مما يؤسف له إن هذه المسيرة المباركة والمكتسبات الكبيرة تخللتا نواقص جدية وممارسات بعيدة عن دفعها الى أمام، وأهمال في معالجة الاوضاع الاقتصادية والمعاشية والادارية الصعبة في كوردستان وبذل ممارسة ديمقراطية المتطورة في العمل الحزبي والاعلامي، مورست الحزبية الضيقة بمنظار يفضل المصلحة الحزبية على المصلحة العامة. فأثر ذلك على جميع مناحي الحياة العامة والحكومية، كل هذا وعوامل أخرى أدت الى الاقتتال الداخلي وخلق معركة انتحارية منذ بداية شهر ايار ١٩٩٤. كان من شأنهمان القضاء على أمجاد الشعب وتجربته و مكتسباته وتهدد بنسف كيانه وبعد جهد كبير وبمشاركة الاوساط الواسعة من الخيرين من أبناء شعبنا من داخل الحزبين الرئيسيين واطراف الجبهة الكوردستانية والاخوة الآشوريين والتوركمان و قوى المعارضة العراقية وبشكل خاص المؤتمر الوطني العراقي **I.N.C** واصدقاء شعبنا في الخارج، واوقف الاقتتال ورغم استمرار بقايا حالات التوتر والصراع، يجري الان العمل على تطبيع الاوضاع واعادة المسيرة الى مجراها الطبيعي وقد أثرت هذة المأساة المروعة في نواحي حياتنا جميعها و بينها اصابة اعمال الپرلمان وحكومة كوردستان بالعطل والشلل. فان الپرلمان يرى نفسه في ظروف مستجدة امام مسؤولية تأريخية و قانونية للاسهام في التطبيع والمعالجة والعمل الفعال في المرحلة النضالية الجديدة ويرى في الاسس التالية ورقة العمل يلتزم بها ويعمل من

أجل تحقيقها:

١ـ ادانة الاقتتال الداخلي وتحريم اللجوء الى القوة والعنف والارهاب كوسيلة لحل المنازعات والخلافات السياسية بين اطراف القوى الوطنية، والالتجاء الى الوسائل السلمية وسبل الحوار، وان اي انتهاك لهذا المبدأ من اي جهة كانت تعد جريمة وطنية كبرى بحق مكتسبات شعب كوردستان ومصالحه العليا وتجربته الديمقراطية الفتية.

٢ـ ادانة الخروقات والاعتداءات والانتهاكات التي وقعت على المواطنين وحقوقهم وممتلكاتهم وارواحهم، وازالة التجاوزات الحاصلة.

٣ـ ادانة خرق المبادئ الديمقراطية والتعددية الحزبية وحرية الرأي والتعبير والاضراب والتظاهر، وتحريم المطاردة والملاحقة والابعاد والاعتقال بسبب الانتماء السياسي، واحتلال دور الصلاة ومقرات الاحزاب ومكاتب المنظمات ونهبها وتخريبها وتنفيذ قرار الغاء المعتقلات الحزبية واطلاق سراح كافة المحجوزين فيها فوراً.

٤ـ ادانة التجاوزات على المؤسسات الرسمية وغير الرسمية في الأقليم والسطو والاستحواذ على ممتلكاتها.

٥ـ الاسراع في عملية التطبيع الشامل لكافة مناطق كوردستان وفي جميع المجالات وبخطوات عملية وحثيثة، وإعادة مقرات الاحزاب الى أماكنها السابقة.

٦ـ احترام مبدأ الفصل بين السلطات الثلاث وابعادها عن الهيمنة الحزبية وتدخلاتها.

٧ـ احترام مبدأ سيادة القانون وادانة اي خرق له من اي جهة كانت و ضمان احترام القوانين والقرارات وتنفيذ أحكامها.

٨ ـ حماية استقلال القضاء وعدم التدخل في شؤونه، وتوفير الضمانات الكافية لحماية أسرته، وخلق الاجواء المناسبة لممارسة مهامه باستقلالية بعيداً عن الضغوط والمؤثرات.

٩ـ اعادة النظر في ظاهرة الازدواجية والمناصفة، والعمل على الغائها في مؤسسات الأقليم، وممارسة الصلاحيات وفق القوانين النافذة.

١٠- اعتبار منطقة البرلمان آمنة منزوعة السلاح خالية من المقرات الحزبية وغير الحكومية، واعادة النظر في تنظيم حماية مبنى البرلمان والاعضاء.

١١- عودة الموظفين والعمال الذين اضطروا الى ترك وظائفهم بسبب الاقتتال الى مراكزهم الوظيفية السابقة، وصرف رواتبهم عن فترة الانقطاع والغاء كافة القرارات الصادرة خلافاً للقانون.

١٢- الغاء الميلشيات الحزبية وتطبيق قانون الاسلحة وقانون الاحزاب.

١٣- تطهير واصلاح وتكامل الجهاز الاداري واجهزة قوى الامن الداخلي في الاقليم، وتشريع قانون ديوان الرقابة المالية المركزية، وقانون المجلس الاعلى للتخطيط المركزي وقانون مجلس الخدمة العام وتشكيل مجلس الانضباط العام واعادة النظر في القوانين النافذة.

١٤- العمل من اجل تشريع دستور للاقليم.

١٥- تعديل قانون انتخاب المجلس الوطني لكوردستان العراق واجراء احصاء عام في الاقليم واجراء الانتخابات العامة.

١٦- مناقشة الوضع الامني والاقتصادي السيء، وايجاد الحلول المناسبة والعاجلة بقدر الامكان في جلسة خاصة بحضور أعضاء مجلس الوزراء وخصوصاً موضوع اعادة البنية التحتية لكوردستان.

توجيه الاعلام بشكل سليم بما يخدم واقع ومستقبل شعب كوردستان ويرسخ طموحنا للوحدة الوطنية في كوردستان، واثبات الديمقراطية وتثبيت حقوق الانسان، والعمل على تأسيس جهاز اعلام حكومي.

احترام قدسية البرلمان وتمكينه من ممارسة كامل صلاحياته القانونية وواجباته في كافة الاحوال والظروف.

١٧- الاهتمام الواعي بالتوجيه الاعلامي ووسائله بصورة تجعل من الاعلام وسيلة نظالية تخدم واقع ومستقبل شعب كوردستان ويرسخ طموحنا للوحدة الوطنية في كوردستان واستتباب الديمقراطية وتثبيت حقوق الانسان والتوجه نحو التقدم والحضارة.

١٨- تعزيز وتنشيط عمل البرلمان واحترام قدسيته وممارسة كافة صلاحياته

القانونية وواجباته في كافةِ الاحوال والظروف.

ان پرلمان كوردستان اذ يرى ان الاقتتال الاخير وبشكله الواسع المؤسف لم يأتِ بصورة عفوية وطارئة، ويرجع الى مشاكل وخلافات والأسلوب الخاطيء في العمل، فأنه من اجل العمل الجدي لانهاء هذهِ الممارسات الخاطئة من تأريخنا والتي تعبر بصدق عن الأستنكار لكل ماجرى و طموحه في إبعاد الاقتتال الداخلي عن حياة شعب كوردستان الى الابد ويعبر امام الشعب عن اسفه عما جرى من اية جهة كانت، فانه عاهد الشعب عن التمسك بهذه النقاط المبدئية والعمل الجاد والشجاع بكل الوسائل البرلمانية والديمقراطية لتحقيقها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك فەرسەت، ئەوە وەكو خۆی خوێندرایەوە، جا ئەو برادەرانەی كە تێبینیان هەیە بابفەرموون، فەرموو كاك عەدنان.

**بەڕێز كاك عەدنان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرچەندە وەكو جەنابتان فەرمووتان، من وای بۆناچم زۆر تێبینی هەبێ لەسەری، چونكە چەند ئەندام لە هەردوولا زۆر بەتێرو تەسەلی باسیان لێوە كردووە، بەڵام من یەك دوو تێبینی بچووكم هەیە، یەك لەوانە هاتووە لە بڕیاری (٦٨٨)دا كە ئەڵێ (٥)ی نیسان، من زۆر دڵنیانیم (٥)ی نیسان بێ، دەمەوێ ئەوە بە بێ گومان بنووسرێ و تەثبیتی بكەین بەڕاستی ڕۆژی(٥)ی نیسانە یان مێژوویەكی ترە. ئەمە خاڵی یەكەمیان.

خاڵی دووەم لەسەر ئەوەیە كە دەڵێ:(ولكن مما يؤسف له ان هذه المسيرة المباركة والمكتسبات الكبيرة تخللها) خۆی دەبێ بگوترێ (تخللتها) لەلایەنی زمانەوانییەوە دەبێ وابگوترێ، چونكە (مسيرة) و (مكتسبات)(مؤنث)ن ئەمە دوو، لە لاپەڕە (٢)دا هاتووە (على تطبيع الاوضاع واعادة المسيرة الى مجراها الطبيعي)، بە قەناعەتی من (الى مجراها الطبيعي) كافیە(نضالی)یەكەی لێرەدا زیادە، چونكە (نضالی)و طبیعی پێكەوە نابن.

لەبڕگە(٧)دا هاتووە (احترام مبدأ سيادة القانون و ادانة اي خرق له من اي جهة كانت وضمان احترام القوانين والقرارات وتنفيذ احكامها) ئێمە وابزانم لەگەڵ برادەرانیش قسەمان كرد. مانای (والقرارات) روون نییە وا ڕاستە بگوترێ (والقرارات الصادرة من البرلمان والجهات المختصة) بەم جۆرە روون دەبێ چونكە (قرارات)ەكە بە شێوەیەكی گشتی هاتووە.

لەبڕگە (٩)دا هاتووە (اعادة النظر في ظاهرة الازدواجية والمناصفة والعمل على الغائهما)، بەقەناعەتی من (أعادة النظر) بەسە، چونكە واتای چاو پێداخشاندنەوە وایە، دەبێ ئەم بابەتە شتێكی لێ بكرێ و بگۆڕدرێ.

برگـەی(١٠) کـە دەڵێ: (اعتبار منطقة البرلمان آمنة منزوعة السلاح خالية من المقرات الحزبية وغير الحكومية)لەباتی (وإعادة النظر في تنظيم حماية مبنى البرلمان والاعضاء).. ئێمە لەگەڵ کاک دکتۆر و لەگەڵ برادەرانیش باسمان کرد کە لەجیاتی تەعبیری پێشوو بگوترێ (وإعادة النظر في تنظيم حماية مبنى البرلمان) و بەم شێوەیە قسەمان لێ کرد.
برگـەی(١٤) دەڵێ : (العمل من اجل تشريع دستور للاقليم ) بەڕای من بۆ ئەوەی کـورت بێ تەنیـا بنووسـرێ (تشريع دسـتور الاقليم) نـەک (العمل على تشريع دسـتور).. خـاڵی برگەی(١٥)(تعديل قانون انتخابات المجلس الوطني لكوردستان العراق واجراء الاحصاء العام) ئێمە درێژی بکەین و بڵێین (اجراء احصاء عام للاقليم وذلك لاجراء الانتخابات) چونکە احصاء هەر بۆ انتخابات نییە، بۆ قەزایای تریش سوودی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێمە بڕیارێکمان هەیە بە ئامار کردن و ، با بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکە لێرەدا ئاماژەیەکی پێبدرێ.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خـاڵی دوایيم ئەوەیە و (يعبر أمام الشعب عن اسفه عما جرى من أية جهة كانت) بەڕای من ئێمە لە پەرلەمان هەرگیز ڕۆڵمان نەبووە، ئێمە بە پێچەوانەوە هەردەم ویستوومانە شەڕ نەبێت ودژی شەڕ بووین و هەموو برادەرانی پەرلەمان دەوریان ئەوەیە ئەگەر هەمووشیان نەبن، زۆربەیان، تاکو شەڕ نەبێت، بەرامبەر میللەت ئەسەف بخوازین کە ئەمە شتێکە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نەبووە و دەستمان تێدا نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئێمە داوا لەو جهاتانە دەکەین کە هەردوو حزب بوون ئەوان ئەسەف بۆ میللەت بکێشن، ئەوە فعلا لە زەمانی هەردوو سەرکردەکە زۆر ئەسەفە. بە قەناعەتی من ئەمە لێرە زیادە، ئەم ئەسەفە چییە؟ لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ بەنووسین باشە، لە برگەی (٢) دا کە دەڵێ:(لقد دك شعبنا صروح االدكتاتورية في كوردستان وحرر وطنه من جحافل جيوش صدام المجرمة) ئەگەر ئەوە بگۆڕین لەجیاتی (جحافل جيوش صدام حسين المجرمة وحرر وطنه من هيمنة النظام المعادي للشعب) باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر لێرەدا پێشنیارێکی کاک شێرکۆش هاتووە با بیخوێنینەوە ئەگەر مۆڵەت هەبێ کە لەبارەی ئەم برگەیەوە دەڵێ (وحرر وطنهم من جحافل) نازانم چی (جزء كبير من وطنه)، چونکە بەڕاستی ئەم تێبینییە لەجێی خۆیەتی، هێشتا پارچەیەکی زۆر ماوە لەبەر دەستییەتی، یانی

(وطنه) بکەینە (جزء كبير من وطنه) ئەمە کاک شێرکۆ ناردوویەتی ئەگەر ئەم زیادەیەی بخرێتە سەر خراپ نییە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو وەسیقەیەی(٥)ی نیسان کە لێرەدا نووسراوە منیش حەزدەکەم دڵنیا بین، لەوەی (٥)ی نیسانە وەکو من بزانم بڵاوکردنەوەکە لە(٦)ی نیسان بوو، هەرچۆنێک بێ پێویستە دڵنیا بین لەوەی کەوا چ کاتێک دەرچووە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کە بڕیارەکە بڕیاری (٦٨٨)،و لەجیاتی ئەوە نووسراوە (وثيقة تأريخية لاقرار حقوق شعب كوردستان) باسی مافی گەلی کوردستان ناکات، بەڵکو باسی ئەوە دەکات (ايقاف حملات الابادة ضد ابناء كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا حەز دەکەن ئەوە دەگەڕێنینەوە بۆ لیژنەی صیاغەی دەقی بڕیارەکە، ئەو بڕگەیەی کە پەیوەندی پێوە هەیە جێگیری دەکەین بۆ ئەوەش بەڵگەنامەیەکی مێژووییە با دەستکاری نەکەین.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە بڕگەی سێیەمدا هاتووە:

(باعلان تأريخي لممارسة حق شعب كوردستان في اختيار نظام فيدرالي اساسا للعلاقة الدستورية مع الحكومة المركزية في العراق) ئەگەر بیگۆڕین بە (باعلان تأريخي لممارسة حق شعب كورستان في تقرير المصير على اساس اختيار النظام الفيدرالي او اختيار النظام الفيدرالي اساسا) ئەوە وەکو بەشێک لە مافی چارەنووس، ئێمە ئەوەمان هەڵبژاردووە واتە سستەمی فیدرالیمان هەڵبژاردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەگەڕێینەوە بۆ بەڵگەنامەی فیدرالیەت کە ڕاگەیاندراوە و دەقەکەی خۆی لەوێندەرێ دەچەسپێنین.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەدوا بڕگەدا نووسراوە (الى الاقتتال الداخلي والمعركة الانتحارية) من پێشنیار دەکەم ئەو (المعركة الإنتحارية) لابرێ و (الاقتتال الداخلي) کافیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک دکتۆر، تێبینیەک لێرەدا دەڵێ: ئەوەی بڵاوبۆتەوە شەڕی خۆکوژی جێگیر بوو، لەسەر ئەو بنەمایە وەرگێردراوە کە ئەم شەڕە ئەو ناوە میللیەی وەرگرتووە کە ناوی شەڕی (خۆکوژییە).

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام شەڕی ناوخۆ شتێکە لەهەموو دنیادا واناسراوە، شەڕی ئەهلی یان شەڕی ناوخۆ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام (خۆکوژی) بوو ئەمە ئەوەی یەکتریان ئەکوشت یانی خۆیان ئەکوشت، بەراستی خۆکوژیەکە بۆتە زاراوەیەک.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با شەڕ هەر چۆنێک بێت بەلای منەوە (اقتتال داخلي) کافیە و ماناکەشی زۆر ڕوون و ئاشکرایە چونکە ئەگەر وەری گێڕینە سەر زمانی بێگانە، ئەوە شتێکە لەناو هەموو زمانەکانی تردا هەیە و بە کوردیەکەی بنووسین شەڕی خۆکوژی، شەڕی ناوخۆ.

**بەڕێز سەرۆک ئەنجومەن:**

خۆی (معركة انتحارية)یەو، نابێ بگوترێ (قتال انتحاري).

**بەڕێز د. کەمال فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەلاپەڕە (٣) لەکۆتاییدا، نووسراوە (وتنفيذ قرار الغاء المعتقلات الحزبية واطلاق..) وابزانم بنووسرێ (واطلاق سراح كافة المحجوزين فيها) پاشان لەوانەیە خەڵکی تاوانباری تێدابێ (وتسليمهم الى الجهات المختصة) لەوانەیە لەو کەسانەی کە گیراون کەسی تاوانباری تێدابێ، بەڵێ ئەگەر لەوێدا دووبارە بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە حەزدەکەی با یاساییەکان لە داڕشتن دا تێبینی تۆمار بکەن و ئەگەر زەحمەت نەبێ ئەم تێبینییانە هەموو لای خۆیان تۆمار بکەن.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

لە لاپەڕە (٣) برگەی (٧) منیش بیرورام هەروەکو کاک شێخ عەدنان وایە، کە شتێک تحديد بکرێ بۆ قرارات (ولقرارات تنفيذ احكامها) لە لاپەڕە (٣)برگەی (١٠)دا دیسان من بیرورام وەکو کاک شێخ عەدنان وایە و لاپەڕەی (٤) برگەی(١٤) دیسانەوە وەکو بیرورای کاک شێخ عەدنان وایەو هەر بنووسرێ (تشريع دستور للاقليم) نەک بگوترێ (العمل من اجله) و پانزە ئەگەر وای لێ بێ (واجراء احصاء عام للاقليم قبل اجراء الانتخابات العامة) چونکە ئامارکردن تەنیا بۆ هەڵبژاردن نییە، سەرژمێریەکە بۆ هەموو مەبەستەکان ئەکەین، بەڵام گرنگ ئەوەیەکە پێش هەڵبژاردنی گشتی بێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئەو تێبینیەکەم دووبارە دەکەمەوە ئێمە بڕیارێکمان هەیە لە ئەنجوومەن کە سەرژمێریی بکرێ، حەز دەکەن دووپاتی دەکەینەوە دەڵێین (اجراء الاحصاء العام في الاقليم) پاشان (الانتخابات) بکرێت، ئەوە تێبینیەکە بۆ لیژنەی داڕشتن و لە بیری مەکەن.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوا لاپەرە، لاپەڕەی پێنج دیسان ڕستەی (يعبر عما جرى من اية جهة كانت) ئەو ڕستەیە لادەبرێت ئەوەی کاک شێخ عەدنان وتی، ئیتر زۆر سوپاس، ئەوەبوو تێبینیەکانم.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەبوو من دەمویست لە شێخ عەدنان بپرسم کە دەڵێ قرارات، لێرەدا بە مطلق هاتووە ( تنفيذ كافة القرارات) ئایا قەرارات هەر قەراراتی پەرلەمانە، بۆنموونە: ئەگەر وەزارەتێک بڕیارێک دەربکات ئەوەش دەگرێتەوە؟ ئێمە چونکە هەندێ شتمان داوە وەکو کاک کەمال دەڵێ بە ئەنجوومەنی وەزیران (على ان ينظم ذلك بنظام او بقرار) لەبەر ئەوە دەبێ بڕیارەکانی پەرلەمانیش وەی وەزارەتەکانیش ڕێزی لێ بگیرێ و پیادە بکرێن. جا ئەگەر شێخ عەدنان ئەوە ڕوون بکاتەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن فەرمووی، تەبیعی شتێک هەیە ئێمە مەبەستەکەمان لێرەدا حەصر بوو لەسەر ئەوەی کە لە پەرلەمان دەردەچێ بەو ناوەی ئێرە (مصنع و مەعمەلی) یاسایە لەوانەیە بڕیار دەردەچێ لە ئەنجوومەنی وەزیران، لەوانەیە ئێمە ئەو بڕیارانەی کە ئیعادەی نەزەری لێ کەینەوە شەرعی نەبێت و لەڕاستیدا ئێمە ویستمان لێرەوە، چونکە ئێرە لایەنێکە تاکە لایەکە بتوانێ دەسەڵاتی هەبێ بۆ دەرچوواندنی یاساو بڕیار. بابەتەکەشمان بۆیە بەو شێوەیە بیست لەگەڵ برای بەڕێز کاک د. کەمال و کاک ئەیاد وابزانم باسمان لێ کرد، بەوەی چونکە پەرلەمانی ئێمە یاسای هەیە و بڕیاریشی هەیە، هەر چەندە بڕیارەکانیش حوکمی یاسایان هەیە، بەس زیادە و جەختمان لەسەر ئەوە کرد و وتمان بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران یان هەر لایەنێک یا وەزیرێک ئەگەر بە گوێرەی ئەو سەلاحیاتانە کە یاسای ئەنجوومەنی وەزیران دای دەنێ، شتێکی زۆر تەبیعی و یاساییە کە درێژ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەبارەت بە بڕگە (٢) (ادانة الخروقات و الاعتداءات و الانتهاكات التي وقعت) ئەوەی کە

ڕووی داوە، بەس ئەوەی کە داهاتوو ڕوودەدات واتە (التي تقع) نازانم چ حسابێک بۆ ئەوە دەکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەق بوو پێشتر ڕوون کردنەوەکەم بکردایە، لەسەرەوە باسمان کرد مەسەلەی ئیدانەکە وابزانم پەسەند دەکرێ، دەبێ بکرێ بە (یُدین) چونکە ئەوە پرۆژەیەکە ئەو کاتە وای لێ دێت کە هینی ئێستا و هینی کۆنیش بگرێتەوە.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جا سەبارەت بە بڕگەی (١٠) کە باسی لایەنی پاراستنی باڵەخانەی پەرلەمان دەکات، من تەبیعی ڕایەکەی کاک عەدنانم پێخۆش بوو، من وای بەباش دەزانم ئەگەر پاراستنی پەرلەمان ڕێکخرا، لیژنەیەکی تایبەتمان بۆ دابنێین وەکو دەستەی حەرەسی جامعی کۆن، یان دەستەیەکی هەبێ بۆ پەرلەمان جیاوازبێ لە جلی پۆلیس وسەرباز و پێشمەرگە.

سەبارەت بە بڕگە (١٧) من وای بەباش دەزانم کە لێرەدا باسی مرۆڤ دەکەن، بیکەن بە بڕگەیەکی تایبەت، واتە یەک بڕگەی تایبەتی بێ باشترە، چونکە سەردەم، سەردەمی مافی مرۆڤە، لێرەدا لە(١٧)وەکو شتێک بەسەریا تێ ئەپەڕێ کە دەڵێ: (الاهتمام الواعي بالتوجيه الاعلامي و وسائله بصورة تجعل من الاعلام وسيلة نضالية تخدم واقع ومستقبل شعب كوردستان ويرسخ طموحنا للوحدة الوطنية في كوردستان) من وای بەباش دەزانم کە یەک بڕگەی تایبەت بۆ مافی مرۆڤ دانێین، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کە بێین تەماشای دوا دێڕ بکەین لە دیباجەکە دەڵێ: (ويرى في الاسس التالية ورقة العمل يلتزم بها ويعمل من اجل تحقيقها)لەدواییدا دێت ئیدانەی شەڕی ناوخۆ دەکات، (إدانة) فعلێکی ئانی و فوریە لە پەرلەمان دەرچووە، پەرلەمان چۆن کار بکا چۆن ادانەی ئەو کارە بکات، پێویستە ئێستا مەحکومی بکات، ئەگەر ادانە بە دەست لایەنێکی تر بێت زاراوەکە ڕاستەو دروستەو دەگونجێت لەگەڵ دارشتنەکە، بەڵام ئەگەر ادانە بە دەست پەرلەمان بێت، نابێت بڵێین( ويعمل من اجل تحقيقها) یەک (ادانة الاقتتال الداخلي) یانی (يعمل من اجل ادانة الاقتتال الداخلي ) کەچی پێویستە ادانە لە پەرلەمانەوە دەربچێت و، هەڵوێستێکی ڕاستەوخۆیە، لەبەر ئەوە ئەو دوو دارشتنە لەگەڵیدا ناگونجێ، پێویستە ئەو ڕستەیە بگۆڕدرێ (يعمل من اجل تحقيقها) هەندێک کارو هەندێک پەرلەمان پێویستە ئیشی بۆ بکات و بەجێی بهێنێ، بەڵام سەبارەت بە مەحکوم

کردن لەو چوار برگانە ئیشەکە بەدەست پەرلەمانە، پێویستە ئێستا بکرێ و دارشتنەکە لیژنەی اعادەی ئەزەری تێدا بکات، دووەم: دیباجەکە، پێویستە لەبەشی یەکەم دا بێت، نابێ ببێتە دابەش کردن، ئەگەر بێین تەماشا بکەین لەپێشەکی یەکەدا هاتووە، لە کۆتاییەکەش دا هاتووە بەڕای من دیباجە لە پێشەکی بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم دێڕ من پێشنیار دەکەم وشەی جینۆساید زیاد بێتە کردنی بگوترێ(خلال تأريخ من جينوسايد و شتى انواع القهر) ئەوە یەک، ئی دووێ، ئی د. کەمال و کاک فەرسەتی هەردوو لەگەڵ ئەوەم (انهاء القمع) نە (مراعاة الحقوق).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وتمان دەگەڕێینەوە بۆ دەقی بڕیارەکە ئەو برادەرانەی کە تێبینیان هەیە ئیتر پێویست ناکات ئەوە دووبارە بکەنەوە، چونکە دەگەڕێینەوە بۆ دەقی هەردوو بڕیار، لەوێ چی هاتووە ئەوە جێگیر دەبێ.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاپەڕە دوو خاڵی یەکەم پێشنیار دەکەم وشەی (نهائيا) بخرێتە پاش وشەی (الارهاب) یانی (اللجوء الى القوة والعنف نهائيا كوسيلة لحل المنازعات) و، بۆ(٥)ی نیسان با (فى شهر نيسان ١٩٩١). خاڵی سێیەم هەر هەمان لاپەڕە دوو پێشنیار دەکەم وشەی (المذهبى) ببێتە اضافە کردن پاش وشەی (الانتماء السياسي)، واتە (بسبب الانتماء السياسي والمذهبي)، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها پرسیارێکم هەبوو لە لیژنەکەی دەکەم، ئایا ئەمە بەیانە پەرلەمان دەری دەکات یان کارنامەیە، یانی من پێم وایە بەیانە پەرلەمان دەری دەکات نەک کارنامە بەیانێکە بەیانی مبادئی پەرلەمان دەری دەکات و کارنامە جیایە، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە درا بە ئێمە، ئەوەی پێشوو کە ئیتفاق بوو و(٢٨) برادەرەکە دایان نابوو بەعەرەبی، کارنامەیان نووسی بوو ،لێرەدا گفتوگۆی لەسەرکرا هەتا کاک د. کەمال وتی: ناوی لێنێین کارنامە ،لەبەر ئەوە ئێمە بەوە بەسترا بووینەوە ئەگەر ئەیکەن بە بەیان ئەوا بیکەن بە بەیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(بەیان) یان (مبادیء) ئینجا شتێکی وایە (کارنامە)ی چی، چی بکەی بە کارنامە، ڕۆژێکەو تەواو.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی(٦٨٨) من نازانم کە دان نان بە مافی مرۆڤ و شتی ترەوە سەبارەت بە کوردەوە مافی مرۆڤ هەموو شتێک دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر وتمان بگەڕێینەوە بۆ دەقەکە هەموو لامان هەیە، ئەوەی هەیە جێگیری بکەین هیچ سەر ئێشەشی لەدوو نییە. کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە لیژنەکە بووم بەلام هەندێ خالی هونەریم هەیە کە لە لاپەڕە یەک بخرێتە سەری، بەس خۆ دیارە جارجار مرۆڤ وشەیەکی لەبیر دەچێ و کە دەلێ: (ولكن مما يؤسف له ان هذه المسيرة المباركة والمكتسبات الكبيرة تتخللها نواقص جدية وممارسات «خاطئة»)وشەی (خاطئة) بخرێتە سەر برگە یەک، برگەی دووەم ئەوخالی کاک فەرسەت وتی کۆتایی پێشەکییەکە بەڕاستی خەلەلێکی تێدایە کە دەلێ:(ويرى في الاسس التالية ورقة العمل يلتزم بها ويعمل من اجل تحقيقها)بکرێت بە(ويرى في الأسس التالية وثيقة للتأكيد والألتزام والعمل من أجل تحقيقها).

سەبارەت بە خالی( ٧ )کە اثارە کرا بەڕای من (احترام مبدأسيادة القانون وادانة اي خلل) کە گفتوگۆ کرا مەسەلەی یاسا و بریار بەڕاستی ئێمە لەسەر ئەو بنچینەیە دامان ناو بەشێک لە بڕیارەکانی وەزارەتەکانیش هەیەو دەبێ ڕێزی لێ بگیرێت وەک چۆن بڕیارەکانی پەرلەمان بەو گشتگرییەوە دامان ناوە هۆکاری هەبووە کە پەرلەمان بگرێتەوە و حکومەتیش بگرێتەوە من لەگەل ئەوەم بەڕاستی ئەو برگەیەی (العمل من اجل تشريع) نابێ، دەبێ بگوترێ (تشريع دستور للاقليم) دەبێ بەم شێوەیەبێ، ئەوە برگەیەی کە ئیاماژەی پێ کراوە کە دەبێ (تنفيذ قرار اجراء الاحصاء) لەگەل تێبینیەکەی کاک کەمال شالیم کە لەڕاستیدا مەسەلەی (الاهتمام الواعي بتوجيه الاعلام)کە جیا بکرێتەوە لەگەل خالێک لەبارەی(حقوق الانسان والانتهاكات) لەکۆتاییەکە یەک وشە هەیە بەڕای من ئەگەر نەختێک ڕاوەستاوە وەک بلێی ڕەکیکە ئەویش لە لاپەڕەی دواییدا کە نووسراوە(فإنه من أجل العمل الجاد لانهاء هذه الممارسات من تجربتنا و تأريخنا) یانی لێرەدا ئەو وشەیەی (تەئریخ) بە ڕەکیکی هاتووە، لەوانەیە بە هەلە تەفسیر بکرێ، بەڕای من گەر بگوترێ(لانهاء هذه الممارسات من تجربتنا و تأريخنا) ئەوە شتێکی تەواوترەو ڕێکتر دەبێ. لەگەل ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
کاک شێرکۆیش تێبینییەکی هەیە لە پێشەکی یەکەیدا دەڵێ (الوف القری والمدن) بکرێ بە (کثیر من المدن)، ئەوە ئەدەین بە لیژنەی دارشتنەوە، هەروەها پێشنیارەکەی ترمان وەک جێگیرمان کرد لە مسوودەکە(وحرر وطنه من جحافل) دەڵێ بکرێ بە (حرر جزء من وطنه) ئەوەیش وابزانم لە جێگای خۆیەتی.
پێشنیاری سێیەمیشی دەڵێ: برگەیەک زیاد بکرێ کە دەڵێ، ئیدانە کردنی هەموو دەست تێوەردان و دەست درێژیەکی بێگانە لە کاروباری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمە دەیدەین بە لیژنەی دارشتنەوە، پاشان هینێکی لەگەڵ دا بکاو لەنێوان خۆیان لەسەری رێک بکەون، ئەوە ئەنێرین بۆتان. کاک ئەیاد فەرموو وەکو لیژنەکە:
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من وەکو روونکردنەوەیەک ئەمە دەخەمە روو، بەو بۆنەیەی کە لە لیژنەی دارشتن بووین، بۆ ئەوەی کێشەیەک هەبوو، ئەو کێشە نەمێنێ، ئەویش پێم وایە بەڕێز کاک عەبدولخالق دیارە هەندێ گومانی هەبوو لە روون کردنەوەکەی لە خاڵی حەوتەم دا، ئێمە لەبنەڕەت دا مەبەستمان لە یاسا وبڕیارەکان ئەوەیە ئەو بڕیارانەی کە قووەتی یاسایان هەیە ئەو بڕیارانەی کە کارپێکراون، لەگەڵ ئەو یاسا وئەو بڕیارانەی کە لە پەرلەمان دەرچوون. ئێمە پەیوەندیمان بە یاسا وبڕیارەکان تەنفذیان نییە، چونکە زۆر جار وایە ئەگەری ئەوەی هەیە بڕیارێکی تەنفیذی لەوانەیە خلافی یاسا بێت، ئێمە مەبەستمانە لێرەدا ئەوە بوو کە هەر لە سەرەتاوە هاتوو (احترام مبدأ سیادة القانون) مـن هەرچەندە روون کردنەوەیەکم بۆ بەڕێز سکرتێری ئەنجوومەن نارد کەبەو شێوەیە بکرێ لە بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەک نەمێنێ و بنووسرێ (وضمان احترام القوانین والقرارات الصادرة من البرلمان والقوانین والقرارات النافذة، و تنفیذ احکامها). لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.
**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
کاک ئەیاد ئەگەر ببوری ئێستا هەندێ دیاردە هەیە کە حکومەت بڕیارێک دەردەکات، ئەو بڕیارە پیادە ناکرێ، لە دەست حکومەت دا نییە، ئێمە ئەگەر ئەوە بە تەواوی بهێڵینەوە، چونکە زۆر شت لەوانەی کە گوتوومانە خۆ پەرلەمان جێبەجێی ناکات، مەبادیء گشتیمان داناوە، ئەمەش مەبدەئێکی گشتییە کە دەڵێ:(تنفیذ کافة القرارت) بەبێ ئەوەی دیاری بکەین تەنها بڕیارەکەی پەرلەمان بێت، چونکە وەزیرێک بڕیارێک دەردەکات دەچێتە ژێرەوە، تەماشا دەکات دەگاتە خوارەوە جێبەجێ ناکرێ،ئەگەر بە گشتییەکەی بهێڵرێتەوە، رەنگە شتێکی باش بێ.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
هەر چۆنێک بێ ئەوە ئیشی لیژنەی دارشتنەوەیە، وابزانم بابەتەکە روونە رای بۆ دەچم هیچ

کێشەیەک لە هەردوو ڕایەکەدا نییە. ئەگەڕێینەوە سەر بابەتەکەی ڕێزی سەروەریی یاسا. سەروەریی یاساش لە هەموو جێگایەک ڕێزی لێ دەگیرێ چ لەو بڕیارانەی کە دەردەچن لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەدرێن، چ ئەوانەش کە لە پەرلەمانەوە دەردەچن، فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە خاڵی یەکەم دا کە دەڵێ (إدانة الخروقات والاعتداءات والانتهاكات التي وقعت على المواطنين وحقوقهم وممتلكاتهم وارواحهم وازالة التجاوزات الحاصلة) من لێرەدا دەپرسم ئەوەی زەرەرمەندە چ سوودێک وەردەگرێ کە ئیدانەی ئەو زەرەرە لێ کەوتنەی بکرێ ئەگەر مەبدەئی تەعویزی نەدەنێ، بۆیە من داوا دەکەم کە زیاد بکرێ بۆ ئەو بڕگەیەو بنووسرێ(مع اقرار مبدأ حق التعويض عن الاضرار الناشئة جراء ذلك) ئەوجا برایانی پەرلەمان ئەگەر ڕەخنەیان گرت یان پرسیاریان هەبوو، من شتێکم نووسیوە بۆیان دەخوێنمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە یەک کێشەیەک هەیە، ئەوانەی کە یاسا مافیان پێ نادات، بەڵام تووشی زیان بوون، داوای قەرەبووی زیانی خۆیان دەکەن..

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ من لەو(١٤) کەسانە بووم ئەو پێشنیارەم کردو ڕەفزیان کرد و وتیان دەرگایەکی گەورەیە بۆ پەرلەمان، لەوانەیە حکومەت ئەو توانایەی نەبێت، ئەو زیانەی بژمێرێ، بەڵام منیش دەپرسم و دەڵێم: باشە ئەو شەڕکەرانە لەنێوان خۆیان قەرەبوو لەیەکتری وەردەگرن؟ باشە ئەوانەی کە بێ لایەنن کێ لێیان دەپرسێ؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام من پرسیارێک لە جەنابت دەکەم و دەیخەمە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان.. دوو حزب شەڕ دەکەن ماڵی خەڵک وێران دەکەن، حکومەت بۆچی پارەکەیان بداتەوە؟ ئایا ئەوە نابێتە هاندان بۆ ئەوەی بچن جارێکی تر شەڕ بکەنەوە و حکومەت پارە بە خەڵک بدات، ئەوە کێشەیەکی گەورەیە بەڕاستی دەبێ چارەسەر بکرێ.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ من ناڵێم ئەوانەی کە حزبێن یاخود ئەوانەی پەیوەندییان بەو دوو حزبەوە هەیە و زیانیان لێ دەکەوێ، هەر کەس بە گوێرەی حزبی خۆی کەم یان زۆر قەرەبوویان دەدرێتێ. باشە پیاوێک لەو گۆڕەی پەیوەندیی بە هیچ حزبێکەوە نییە، قاچی بڕا، ماڵ وێران بوو، ئۆتۆمبیلی دزرا گوناهی

چییه؟ من باسی ئەم جۆرە کەسانە دەکەم، من دەنگی ئەوانەم دەنگی بێ دەنگانم . لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێــز ســـــــــەرۆکی ئەنجــــــــــومـــــــــەن.**

ئەوەی کاک سەعید فەرمووی لە لیژنەکەدا هەر لایە(١٤) کەس هەبوون ئەو مەسەلەی بەرپا کرد و لە ڕاستیدا ئەگەر بەوردی تەماشای بکەین لایەنی هەق و عەدالەتی تێدایە و ئێمە دانمان پێدا نەهێناو گوتیشمان ئەوە ڕای خۆتە و لەناو پەرلەمان دا تۆ سەربەستی تەرحی بکەی بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە ڕاستیش دا ئێمە ترسمان لەوە هەبوو دەوڵەت تووشی کۆمەڵێک داخوازی بکەین کە بێ سوودە بۆی و لەوانەیە هەر کەسێ بڵێ من زیانم لێ کەوتووە قەرەبوم بدەنێ. هەر چەندە بابەتەکە وەکو مەبدەء ڕاستەو عەدالەتی تێدایە، بەڵام لە لایەنی واقیعی وڵاتەکەمان خۆمان و هەموومان دەزانین کە بۆ ئەم جۆرە مەسەلانە دەبێ چەندەها ملیۆن دینار تەرخان بکەین و هەر بەشی ناکات، هەر کابرایەک دێت و دەڵێ: ئەوەندەم زیان لێ کەوتووە . دوایی ئێمە ئەزمونێکی کۆنمان هەیە و من لە بیرم دێ پار بوو، یان پێرار بوو، کاک سەید حەسەن لەگەڵم بوو لەنێوان برایانی یەکێتی نیشتمانیی و برایانی بزووتنەوەی ئیسلامی شەڕ بوو، ئێمە چووینە ئەوێ لە ناو ڕاپۆرتەکەمان زیانی خەڵکمان نووسی کە شتێکی زۆر ساکارە بەرامبەر ئەو ڕووداوانەی ئێستا بە مەتر چوارگۆشە نووسیمان ئەوەندە جامە شکاوە لەناو قەزای کەلار تا ئێستا بە شەرێک فلسێکی نەداوەتەوە و هاندەرەکە بەو شێوە بوو، ئێمە ئەزانین، بەڵێ واقیعا کابرایەک هەیە لەوانەیە گوناهی نییە و لە ماڵی خۆی دانیشتووە قازیفەیەک بە ماڵەکەی دەکەوێ و ئۆتۆمبیلەکەی دەسووتێنێ وەکو کاک سەعید دەڵێ، لەڕووی عەدالەت وویژدان و واقع دەبێ وابێ، بەڵام جێبەجێ کردنەکەی ئایا دەتوانین بیکەین، و خاڵی دووەم: گریمان هێزەکانی پێشمەرکە ئەگەر لایەنی یاساییەکەی وەربگرین ، زیادڕۆییان کردووە، ئێ هەر لایەنێک بێ، یەکێتی بێ یا پارتی، ئێمە ئەگەر بە منظوری دەولی تەماشە بکەین یەک وەزارەتە ، ئەو کەسە هەقی هەیە شکایەت بکات لە وەزیری پێشمەرگە (اضافة لوظیفتە) لەڕێی دادگاکان مافی خۆی لێ وەردەگرێتەوە واقعەکەی ئێمە بە داخەوە تاڵە، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز حـــیکمـــەت مـــحـــەمـــەد کـــەریم:**

**بەڕێــز ســـــــــەرۆکی ئەنجــــــــــومـــــــــەن.**

وەکو وەڵامێکی کاک سەعید بۆ ئەوە ئەگەر ئێمە مەجال بێ ئەو قەرەبووە بدەین بە شێوەیەکی تر، دەرگا لە سەر تاڵانیەکانی تر دەکەینەوە، بە هەموو ئەو قەرەبووانەدا بچنەوە کە لە ڕووداوەکان دا کراون یەک بە هەزار ئەنووسێ، هەزار بە ملیۆن ئەنووسێ پێشم وانییە حکومەتی کوردستان و هەموو حزبەکانیش بەرگەی ئەو لیستانە بگرن، کە ئێستا لە قەرەبوودا بۆمان دێت، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــــوومـــــــــەن.**

هەر حـزبێکی مـۆڵەتدراو بەگـوێرەی یاســا ، شـەخـسـیـەتی مـەعنەوی خـۆی هەیە ، هەر هاونیشتمانییەک مافی هەیە بە ئاسانی ئیقامەی شکایەت بکات لە دادگا ، بەڵام بڕیاری دادگا جـێبـەجێ بکرێ یان نەکـرێ ئەوە بـابەتێکی ترە، بەس لە لایەنی یاسـاییـەوە مـافـێکی ڕەوایە، مـافـێکی دان پێنراوە لە هەمـوو یاسـای کـارپێکراو ئەوەی ئێسـتـا لە هەرێم کـاری پێ دەکـەن ئەتوانێت ئەگەر شەخسێکی موعەییەن بێت، یاسەر بەحزبێک بێت یانی بابڵێین مەسئولیەتی حزبی متحقق نییە شەخسێکی تر تەجاوزی لەسەر مافی هاوولاتییەکی تر کردبێ، دیسان دەتوانێت دەعوایەکی شەخصی لەسەر تۆمار بکات چ جەزائی بێت چ مەدەنی، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــــوومـــــــــەن:**

لەڕاستیدا ئەمە مەسەلەیەکی یاساییە، بەڵام وەکو لایەنی مرۆڤایەتی کە تەماشای دەکەین، بۆ نموونە کـابرایەک هەیە لەوانەیە لەباب و باپیرانیـەوە شتی کۆکـردۆتەوە، کەچی لەشەڕێکی ئاوادا بە(کن فیکون)و بەلەحەزات هەمووی لێ تالان دەکرێت ودەڕوات. ئێستا نازانێ رووبکاتە کوێ، ئەویش موعاناتێکی مرۆڤایەتییە، هەقە ئەمە بیری لێ بکرێتەوە ئنجا لە بڕیارێکی وەها یاخود لە بڕیارێکی تردا یا لە لیـژنەیەکی هاوبەشـدا با دراسـەتی ئەم بابەتە بکرێ، چونکە نە یەکـەو نە دووە، خەڵکێکی زۆر تووشی ئەم کارەساتە بوون، هیوادارین بتوانین وەکو پەرلەمان چارەیەک، ڕێیـەک بۆ ئەم بابەتە بدۆزرێتـەوە، چونکە خـەڵکێکی زۆر تووشی ئەزیەت بوون، تالان کـراون، هیچیان نەماوە، ئەوانە رووبکەنە کوێ؟! یاسا دەڵێ شەخسیەتی مەعنەوی با شکات لە حزبەکان بکەن وبیـان دەنەوە، ئەوە ببێت بە مـەبدەئێک و بڵاوبێتـەوە بەسـەر خـەڵکـەکـەداو بچن داوا لە حکومەت بکەن قـەرەبویان بداتێ، من وای بۆدەچم ئێمە ناتوانین ئێستا لێرەدا بڕیارێک لەسەر ئەم مەسەلەیە بدەین.

**بەڕێز عـەدنان مـحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــــوومـــــــــەن.**

لەڕاسـتیدا بـابەتێکی بەقـەناعـەتی من زۆر قـووڵ و زۆر حەساسە، من زۆر پێم باشە ئەگـەر برادەرانی یاسایی بە تەنیا نەء، بەڵکو برادەرانی یاسایی و ئەوانەی مەوقعی سیاسییان هەیە لە حزبەکان دا، بۆ ئەوەی هەردوولا تێکەڵاو بکەین و سیمینارێک ببەستین زۆر باشە کە خەڵکی پێی خۆش بێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــــوومـــــــــەن:**

زۆر باشە ئەگەر وابێ. بزانین ڕای دوایی چییە لەسەر ئەم بابەتە؟

**بەڕێز مـحـمـەد سـەعـیـد ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــــوومـــــــــەن.**

من تەئکیدی مەبدەئەکەی خۆم دەکەم، شتێکی تازە نییە، ئێستاش هەروەهاحکومەتی ئەڵەمانیا

که میراتگری هتلەره قەرەبو دەداتە جولەکەکان. شەڕی عێراق و ئێران بوو حکومەتی عێراق بە هەموو خراپی خۆشیەوە گەلێ لیژنەی دانا و قەرەبو دەداتە خەڵکی . پێرار دیسان لە کەربەلا وێران کردن و سووتاندن لە ڕۆژنامەکان دەینووسی کە(١٠٠)ملیۆن (٢٠٠)ملیۆن(٣٠٠) ملیۆن پارە دانراوە لیژنەکان وەک قەرەبو بدەنە خاوەن زیان لێ کەوتووەکان، باشەرکەرەکان قەرەبوی یەکتر بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک محەمەد سەعید وەڵلا هەموو هەست و سۆزمان لای پێشنیارەکەی جەنابتە، بەڵام دەبێ ڕێگەی بۆ بدۆزینەوە. ئەوە بەرپا کردنێکە کە بەڕاستی لە جێگەی خۆیەتی و ئێش و ئازاری خەڵکێکی زۆرن، بەڵام با ڕێگەیەک بدۆزینەوە بۆ ئەمەش، ئنجا وەکو وتم ئێستا دەتانەوێ دەرگای گفتوگۆکان بکەینەوە؟ یان دەتانەوێ هەڵبگرین بۆ لیژنەیەکی شارەزایان تاکو لە هەموو چەشنێکی تێدابێ، ئەمە دەبێ زۆر گفتوگۆ بکرێت و چارە ڕێگایەکی بۆ بدۆزینەوە، من وای بۆدەچم گەر تۆزێک بە قووڵی تەماشای بکەین باشترە.

بابێینەوە سەر بابەتی خۆمان، من وای بۆدەچم ئەگەر بەباشی دەزانن، وەک کاک عەدنان وتی با لیژنەیەکی هەمە چەشنە پێکەوە بنرێ و دانیشن و لەنێوان خۆیان دا لەم بابەتە بکۆڵنەوە، سیمینارێک لە خەڵکی شارەزا ببەستن و برایانی ئەنجوومەنی وەزیرانیان لەگەڵ بێ و لە پەرلەمان کۆڕێک بگرن و باسی ئەو بابەتە بکەن بەڵکو بە بڕیارێکی باشەوە دەرچین بۆ چارەسەر کردنی ئەم بابەتە. ئایا ڕازین بەمە؟ باشە سوپاس وای لێ دەکەین و، دوایی لەگەڵ برادەرانیش لە چۆنیەتی دروست کردنی لیژنەکەوە دەدوێین.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە پرۆژەی کارنامەکەماندا بەندێکی سەربەخۆمان هەبوو دەربارەی مافی مرۆڤ، برایان کاک کەمال شاڵی و کاک عەبدولخالق ئاماژەیان بۆ ئەو مەسەلەیە کرد، بەڕاستی منیش زۆر بە پێویستی دەزانم کە ئەوە پشت گوێ نەخرێ وەکو چۆن لە پرۆژەکە هەر لەسەرەتاوە دوای مەحکوم کردنی شەڕی ناوخۆ ئەو مەسەلەیە باسکراوە، حەزدەکەم لێرەش دا بکرێت بە خاڵی دووەم و جەختی لەسەر بکەین، چونکە نامەوێ بە درێژی باسی بکەم هەمووتان ئاگادارن کە ئەو مەسەلەیە حەساسە، ئێستا سەبارەت بە عالەمەوە بە تایبەتی سەبارەت بە ئێمەوە، ئەوەبوو وتراش کە تەنانەت گەیشتۆتە ئەوەی کە لە سەریشمان نووسراوە، شتێکی خراپ نییە ئەگەر جەختی لەسەر بکەینەوە جارێکی تر، بە تایبەتی لەلایەن پەرلەمانەوە و ئەگەر ئەو جەختە بکرێ زۆر باشەو، من پێشنیار دەکەم بکرێ بە بەندی دووەم و بەم شێوەیە، چونکە ئەوەی لە (١٧)دا باس کراوە بە تایبەتی لە بواری ڕاگەیاندن دا باسکراوە یانی پەیوەندییەکی نییەو، ڕۆڵی ڕاگەیاندن باس دەکات لە چەسپاندنی مافی مرۆڤدا، لەوێدا هەتا جیاکردنەوەشی هەر سوودی نییە، بۆیە من پێشنیار

دەکەم کە بکرێ بە (بمضامين لائحة الاعلان العالمي لحقوق الانسان و العهود و المواثيق الدولية الخاصة بهذا المجال) وەک بەندێکی تایبەتی و دووەمیش بێ و لە پێشەوەش دا بێت، بۆ ئەوەی بەڕاستی بایەخێکی تایبەتی پێ بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک حسێن ئەوە پاشان ئەگەر زەحمەت نەبێ بیدە بە کاک ئەیاد، وابزانم هەمووومان لەگەڵ ئەو پێشنیارەین کە مافی مرۆڤ بە بەندێکی تایبەتی جیابکرێتەوە ئەوەش جێگیر بوو. وابزانم کاک سەفەر داوای قسەکردنی کردووە، فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگەی (١)دا هاتووە (ادانة الاقتتال الداخلي و تحريم اللجوء الى القوة والعنف والارهاب) بە ڕای من (تحريماً باتاً او نهائياً) اضافە بکرێ شتێکی باشە، لە برگەی (٨)دا (حماية استقلال القضاء وعدم التدخل في شؤونه..الخ) وابزانم ئاشکرایە کە بە دەیان کەس هەنە ئەگەر زیاتر نەبن تاوانبارن بە تاوانی کوشتن و دزی کردن لەناو میلیشیاتی ئەحزاب، بە تایبەتی هەردوو حزبی گەورە و هەیە ممکنە ئەمری گرتنی بۆ دەرچووە لە دادگاکان و، زانیاری هەیە و لیستەش هەیە بەسەدان شت ئاماژەی پێ بدەین و(تسليم كافة المتهمين الصادر امر القبض بحقهم من المحاكم المختصة.. الخ)، هەروەها من بە باشی دەزانم کە برگەی (١٦) بەباشی گفتوگۆی لەسەر بکرێ کە دەڵێ(مناقشة الوضع الامني والاقتصادي السيء وايجاد الحلول المناسبة والعاجلة لها بقدر الأمكان في جلسة خاصة)، وابزانم هەندێک پاش و پێشی تێدایە، ئەگەر ببێتە(العمل من أجل تحسين الوضع الامني والاقتصادي السيء وأيجاد الحلول المناسبة والعاجلة بقدر الإمكان و مناقشتها في جلسة خاصة بحضور أعضاء المجلس الوطني)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو تێبینیانەمان بۆ بنێرە، بۆ ئەوەی لیژنەی داڕشتن ڕەچاوی بکات. مام ڕۆستەم فەرموو.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ مەسەلەی قەرەبووەکە دەمویست قسەیەکی لێ بکەم و باشترین قەرەبوو ئەوەیە کە جارێکی تر ئەم کارەساتە ڕوونەداتەوە، پەرلەمان هەوڵ بدات جارێکی تر ئەم بەزمە دووبارە نەبێتەوە، ئەمە باشترین قەرەبووە ئەمە یەک، دووەمیان: ئێمە هەمووومان ئیدانەی دەست درێژی دەکەین کەچی دەست درێژی دەوڵەتە بێگانەکانی تێدا نەنووسراوە کە لە وڵاتێکی وەکو ئێران یا تورکیا یان هەر لایێکی تر دەکرێتە سەرمان. ئەو ئیدانەیەش بنووسرێ، سوپاس.

**بەڕێز شەمائیل نەنۆ بنیامین:**

**السید رئیس المجلس.**

الواضح إن ما نناقشه ليس بيان إدانة فقط. بل يوجد خلاف بين بعض النقاط. حيث أشار الاخوان الى مسألة حقوق الانسان كمبدأ و ضرورة حول تثبيته في مادة مستقلة و التركيز عليه. وأعتقد إنه لايوجد خلاف حول تثبيتها في نقطة مستقلة وأعتقد انه لايوجد خلاف حول حقوق القوميات أيضًا أن تدرج في نقطة مستقلة أيضاً، أقترح أن تكون هناك نقطة العمل من أجل ضمان الحقوق القومية أو الحقوق الثقافية والادارية للآشوريين والتركمان والعرب وأعتقد بأن اللجنة المكلفة بهذا البيان تراجع مسألة الخلط بين هذه النقاط وتراجع في مراجعتها فمن هذه المقترحات، مسألة الادانة، فلتكون ضمن المقدمة وهذه النقاط تكون فاعلة، شكراً.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەک تێبینیم هەیە لەسەر ئەوەی مام ڕۆستەم وتی. ئێمە کە دانیشتووین تەبیعی چوارچێوەیەکی گشتیمان هەبوو و ئەو چوارچێوە گشتییەش، بەڵێ شایستەی گفتوگۆیە، تەنها شتی تازە بێتە ناو بابەتەکە، بە قەناعەتی من ئێمە وا ڕێککەوتین لەگەڵ مەلا بەختیار هیچ شتێکی تازە لەناو بابەتەکەدا نەبێت و، سەبارەت بە ئەوەی کاک شمائیل باسی کرد بە عەرەبی دەمەوێ قسە بکەم (القضية المحصورة..الخ)ئەم دانیشتنە و ئەم بابەتانە و تایبەتن بەو شەڕە ناوخۆییەی کە دروست بووە، لەبەر ئەوە لەگەڵ ڕێژم دا بۆ برایانی ئاشووری تەنیا وجودیان لێرەدا، بەڵگەی ئەوەیە کە ئێمە زۆر بە مەبدەئی و دڵنیاییەوە دان بە مافی ئەوان دا دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز شەمائیل نەنۆ بنیامین:**

**عفوا السيد الرئيس.**

أقول: نحن هدفنا هو المعالجة و دراسة هذه الحالة ومعالجة عدم الاستقرار. الحقيقة هناك أمور، نحن كناس نفهمها لاسباب ذاتية و موضوعية. الشعب الكوردي بعدما تحققت كل حقوقه، ولكن من حقنا كناس ممثلين بها أن نتكلم لاننا عندنا حقوق أيضاً مهضومة وهي بسبب عدم الإستقرار في المنطقة، أعتقد أن تكون أشارة اليها بدون تخصيص، مع مزيد الشكر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(بتصوري ماكو أي خلاف واعتقد مسبقاً مثبت في برنامج الحكومة) لە هەردوو کابینەی یەکەم و دووەمدا هاتووەو، لێرەش لە پەرلەمان باوەڕی پێدراوەو لێرەدا وەکو برادەران باسیان کرد ئەمە بەڵگەنامەیەکە پەیوەندیی بەو ڕووداوانەی (١/٥ تاکو کۆتایی مانگی ٦)ەوە هەیە، واتا ماوەیەکی دیاری کراوە، جا ئەگەر برادەرانی ئاشووریش پێویستیان بە بڕیارێکی وایە لە پەرلەمان دەرچێت، با پرۆژەیەک ئامادە بکەن بۆ ئەم مەسەلەیە. ئەوە من وای بۆدەچم لە جێگەی خۆیەتی پێمان خۆشە بەڕاستی لە پەرلەمانی کوردستاندا هیچ بۆچوونێکی لێک لەسەر ئەو مافانە نەبێت.

**بەڕێز شێخ جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای بە باش دەزانم لەسەرەتادا بەناوی پیرۆزی (بسم الله الرحمن الرحیم) دەست پێ بکات، دوای ئەم، ئاراستە بێ و بنووسرێ (یا جماهیر شعبنا المناضل) خاڵی یەکەم، بەم جۆرە بنووسرێ: ( هو إطلاق سراح كافة المحجوزين بسبب أنتمائهم السياسي فوراً) بۆ ئەوەی تۆزێ دەست پێشخەری تێدابێ. خاڵی سیانزە:( تطهیر) لەدوایش دا (تشریع) هاتووە، بە ڕای من ئەم دوانە لێک جیا بکرێنەوە لەوانەیە باشتربێ و هەریەکە خاڵێک بن. دەربارەی پێشنیاری دەست تێوەردانی بێگانەش، وابزانم هیچ هێزێکی بێگانە لە کوردستان دا نییەو، نەهاتۆتە کوردستانەوە ئەوەتا تورکیا و فەرەنسا هەوڵی هێور کردنەوەی وەزعەکە دەدەن، پێویست ناکات ئەو دەرگایە بکەینەوە وتووشی کێشە ببین، چونکە لە چوارچێوەی خاڵەکانی کە ئیتفاقی لەسەر کراوە دەردەچین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە برادەرانی لیژنە ڕێککەوتوون و، وابزانم وەڵامیان دایەوە بۆیە، پێویست ناکات ئەم بابەتە چیتر بەرپا بکرێ ئەوان خۆیان، چوارچێوەیان بۆ دیاری کردووە. سوپاس کاک شێخ فەرموو کاک شەوکەت.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێنەگەیشتم بۆ ئەو چارەسەرییەی کە داتان نا بۆ پێشنیارەکەی کاک سەعید بەڕاستی ئەوە نەک هەر لەو خاڵە جێی بکرێتەوە، بەڵکو من پێشنیار دەکەم هەر خاڵێکی تایبەت بێ بۆ قەرەبوو پێدانی ئەو خەڵکانەی کە لەم کارەساتەدا بێ لایەنن و زیانیان لە ماڵ وگیان لێکەوتووە و هەیە بە خێزانەوە لەناو چووە، باشە ئەوانە تاوانیان چییە لەم شەڕەدا، ئێستا ئێمە پشتگوێی بخەین وەکو پەرلەمان ئێمە بە حسابی خۆمان نوێنەری ئەو خەڵکەین، پێویستە ئەوە خاڵێکی تایبەت بێ بە قەرەبوی ئەو خەڵکانەی کە زیانیان لێکەوتووە لەم کارەساتەدا، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ڕوون کردنەوەیەکم بۆ ئەوەی کە باس کرا هەیە. شێخ عەدنان وتی: لەسەر ئەساسی ئەوەی ئەو خاڵە باس کردنی لەگەڵ لایەنی سیاسی دا ئەنجام بدرێ تاکو ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ ئەم قەرەبووە. ئایا حکومەت بێ یان کارێکی وابکرێ حزبەکان بیدات، نەک پشتگوێ بخرێ و ڕێگایەکی بۆ بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو قەرەبووە چۆن وەربگیرێ؟!

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پشتگوێ نەخرا، ئێمە نەمان گوت پشتگوێ، وتمان هەستمان هەمووی لەگەڵ ئەوەیە، دەبێت ئەو پێشنیارە دراسەت بکرێ لەلایەن لیژنەی پسپۆڕەوە، ئەمە یەک لایەنی تێدا نییە، کۆمەڵێک لایەنی تێدایە، بۆ ئەوەی بەزووترین کات ئەو لیژنەیە دابنیشێ، لەوانەیە پرس وڕا بە هەندێ شارەزایان بکات و بێ گومان دەبێ حکومەتی تێدا هەبێ، دەبێ سیمینارێکی وەها بکەین چۆن بتوانین ئێمە بە باشترین شێوە ئەو شتەی کە پێشنیار کراوە وەک قەرەبوی ئەو خەڵکەیە کە زیانیان لێ کەوتووە تا هاوکاری بکرێن کە شتێک لەسەری ڕێکەوتین دووبارە نابێتەوە، بەپێی پێڕەو ئێستاکە ناتوانین ئێمە بڕیارێک بدەین، ناتوانین چونکە لەسەر چ بنچینەیەک ئەو بڕیارە بدەین؟ وبیخەینە سەرکێ؟ وەکو وتمان باشە دوو حزب شەڕی کردووە، حکومەت بۆ بچێ قەرەبوی بداتێ؟! ئەی بۆ حزبەکان نایدەنەوە ؟! برادەرانی یاسایی دەڵێن: هەرکەسێ تووشی زیان بووە دەتوانێ لە دادگا شکات لەو حزبە یا لەو لایەنە بکات کە چەکدارەکانی زیانیان پێیان گەیاندووە.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەمەوێ بزانم ئەو دەقە چییە کە بۆ ئەمە دانراوە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەق دانەنراوە بەڵکو وتمان لیژنەیەک دروست دەکەین کە هەردوو فراکسیۆن دادەنیشن لەگەڵ لیژنە یاساییەکەو دەستنیشانی هەندێ برادەر بکەن بۆ ئەوەی ئەو ئیشە ئەنجام بدەن و گفتوگۆی لەسەر بکەن و لەگەڵ حکومەتدا دابنیشن. ئێمەش بڕیارێکی پێ دەردەکەین.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من مەبەستم ئەوەیە کە جەنابت وتت: ڕاتان چییە؟ ڕایەکە نە دەنگی لەسەردرا و نە ڕای لەسەردراو شتەکە لەو حەددە مایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک شەوکەت ئەمە بڕیار نییە، ئەوکاتە ئەیدەینە دەنگدان کە بڕیار بێ.

**بەڕێز موحسین سالح عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش پێم باشەو چەند پێشنیارێکم نووسی و دامە دەست جەنابی کاک ئەیاد پێم باشە ئەو بڕگەیە کە کاک شێخ جەعفەر گوتی ئاراستەی ئەو بەیانە بکرێت بۆ جەماوەر و بەناوی خواوە دەست پێ بکات و خاڵی دووەمیش لە لاپەڕەی یەک دا باسی ئەو هەوڵانە کراوە و لەلاپەڕەی دووەمدا کە

هەوڵیان داوە بۆ هێور کردنەوەی ئەو شەڕەی کە ڕوویداوە و بەڕاستی دەوری زانایانی ئایینی ئیسلامی تێدا دەربخرێ، چونکە هەر هیچ نەبێ، گەر خوانەخواستە بشێوییەک ڕوویداتەوە تا بکەونەوە نێوانیان و خەڵکەکەش ئەوەیان لەبەر چاوە کە چۆن پیاوانی ئایینی لە بازگەکان بەشدارییان لە کاروئیش کرد و ڕۆڵێکی موشریفیان بینی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لیژنەی داڕشتن با ئەمە بە نەزەر ئیعتبار وەرگرێ، بەڵام ئەگەر ناوی ڕێکخراوو کۆمەڵەکان بێنین وابزانم برادەران باسیان کرد ئەوە دەبێ ناوی(٥٢)بنووسرێ کە ڕێکخراو بە پێی یاسا بەشدارییان کردووە لەو ئەرکە، ئنجا ئەگەر بزانین لیژنەی داڕشتن کارێکی وامان بۆ بکات و، ئەگەر مەجال هەبێ بەچاکی دایڕێژێ. ئەگەر بتوانین بەرستەیەکی واڕێز لەو ڕێکخراوانە و پیاوە ئایینیانە بنرێ وئەو پێشنیارە بنێردرێ بۆ لیژنەی داڕشتن تاکو جێگەیەکی بۆ بدۆزنەوە بەپێی توانا. کاک ئەحمەد بامەڕنی فەرموو...

**بەڕێز ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەو باوەڕەدام کەس دژی ئەو مەبدەئانە نییەو، هەر بۆیەش تەنها هەندێ تێبینی زمانەوانی هەیە، برادەرانی ئەندامی پەرلەمان پێشکەشیان کرد و تەبیعی ئەو خاڵانەی کە دانراون بە داخەوە هەموو بووە بۆ چارەسەری ئەو بارە کە ئێستا هەیە، یەک دووێکیان نەبێ کە پەیوەندی بەو بارەوە نییە، ئەگەر ئەوانی دیکە ڕوویان داوە زۆر بەداخەوە شتی زۆر نائاسایی ڕوویداوەو پرسیارەکەم ئەوەیە ئەگەر هاتوو ئەم مەبدەئانەی کە ئێمە جێگیرمان کردووەو، لێرەدا هەردوو حزب یان هێزەکانی دیکە بەردەوام بن لە پێشێل کردنی ئەوانە، ئێمە لەم بارەدا چی بکەین؟! پەرلەمان هەڵوێستی چی دەبێت؟!

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا وەک دەڵێن(لكل حادث حديث)، ئەگەر خوانەخواستە شتێکی تر قەوما ئەوە ئێوەو ئەوە بڕیاری ئێوەو چ هەڵوێستێکتان دەبێ ئێوە بڕیاری لەسەر دەدەن.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕای من ئێستا پەرلەمان بڕیارێکی وابدات، ئەگەر هاتوو لە حاڵەتێکدا ئەم بڕیارە و ئەم مەبادیئانە جێبەجێ نەکران، بەتایبەتی لەلایەن هەردوو حزبە سیاسیەکانەوە، هەڵوێستی خۆمان ئێستا ڕوون بکەینەوە و وەکو ئینزارێک بۆ دوو حزبەکان دەبێت ئاگاداری ئەو کەسانە بکرێتەوە کە بەرپرسن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەحمەد، لەوانەیە ئێستا تاک تاکەمان بتوانێ وا بڵێ، بەڵام وەکو پەرلەمان بڵێ ئەگەر ئەوەتان نەکرد واز دێنم لەوانەیە تۆزێک لە پایەو پلەی کەم بکاتەوە ئەوکاتە هەر ڕوداوێک، هەر پێشێلکاریەک بوو، بە ڕای من ئەندامانی پەرلەمان ئازادن چی هەڵوێستێک لە پەرلەمان دەردەبڕن.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەی من تەواوکەری قسەکانی کاک ئەحمەدە، تەبیعی ئێمە کە دانیشتین لەوێ کاک ئەحمەد ئەم بابەتەی باس کرد، ئێمە هەتا ڕادەیەک یەکسان بووین لەگەڵ برادەرانی تر، تەبیعی پێشنیارەکەی کاک ئەحمەد کە ئێمە هاوسۆز بووین لەگەڵی و بەڕاستی ئەگەر وانەکەن و هەردوو بەڕای من ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێیان پەسەند بێ، بڵێین ئەگەر هاتوو ئەم خاڵانە تەثبیت نەکران ئێمە هەڵوێستمان دەبێ، ئەوا بە شێوەیەک هەڵوێستەکە ناڵێین چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق فەرموو قسە بکە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قەناعەتم وایە لە کۆتاییەکەدا، شتێکی وای تێدابێ. ئێمە داوا بکەین لە هەردوو حزبەکە پابەندی بەو مەبدەئانەی پەرلەمان بکەن. ناچارە هەڵوێست وەرگرێ، بەڕاستی ئەمە شوێنەکەی لە کۆتاییدایەو من خۆیشم لەگەڵ ئەو ڕێنماییەم، بەڵام ئەوەی لەتوانادا بێت لە پەرلەمان ئەوەیە، ئێمە بەڕاستی ئەو دوو حزبە بکەینە بەرامبەر بەرپرسیاری و خۆشمان بکەینە بەرامبەر بەرپرسیاری، چونکە بەڕاستی ئێمە دوای ئەو ڕووداوانە ئەگر چیتر ڕوویان دایەوە، پێویستە پەرلەمان هەڵوێستێکی زۆر ڕوون وڕاشکاوی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەترسم سبەی ئەو دوو حزبە نەبن، دوو کەسی تر کێشەمان بۆ دروست بکەن، یاسا جێبەجێ نەکەن، بۆیە با با دەستنیشانیان نەکەین، پاشان داڕشتنێکمان بۆ ئامادە بکەن.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێزا سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوای ئەوەی برادەران قسەیان کرد، من شتێکم نییە لە بارەی ئەو کارنامەوە، بەڵام ئەگەر ماوەم بدەن وەک بڵێی لە لایەنی عاتیفییەوە، لەبارەی ئەو بارەی کە میللەتی تێدایە، ئێمە وەکو نوێنەری ئەم میللەتە بەڕاستی هەندێ شت ئەگەر بکرێت پەرلەمان هیچ نەبێت ئەو کارە لەسەر خۆی لابدات کە لە عاتیفەدا ڕۆڵی خۆی دیوە و کەم تەرخەم نەبووە، بەڵام ئەوەی کە نەهاتووە بەر

دەمەوە تەبیعی پەرلەمان بەرپرسیار نییە، دوو دەقە مەجالێکم بدەن سوپاستان دەکەم. بەڕێزان لە دیباجەکەدا هاتووە( لقد عانى شعبنا) بە دەست خۆشمان جا هەر بلێیم (نعاني)نەک (عانى) بلێین و وەڵامی ئەو خەڵکە چییە خۆ بە دەستی دوژمنەکان تەنها لادێکانمان و هەندێ لە شارەکان وێران کران، لە پێش ساڵی ١٩٩١ دوای ئەو.مێژووە شارمان نەماوە گەورەو بچووک کە هەبن وبەر نەکەوتبن. ئێمەی میللەتی کورد تەعمیرمان بە تەدمیر مانا لێکداوەتەوە بۆ وڵاتی خۆمان بەداخەوە پەرلەمان لێرە دانیشتووە بۆ کارنامەیەک نەک بۆ ئەوەی کە فرمێسک بڕێژین با چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە بکەین تاکو ئەوەی پێشوو تازە نەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا، هیوادارین ئەم تراجیدیایە جارێکی تر رووندەداتەوە، زۆر لە برادەران ماون قسە بکەن، حەسانەوەیەکی( ٢٠ ) دەقیقەی وەربگرین پاشان دەگەڕێینەوە بۆ ئەوە.

**دوای حەسانەوە..**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی کە باسمان کرد لە بارەی پێکهێنانی لیژنەیەک، ئەو پێشنیارەی کە کاک سەعیدو برادەرانی تر پشتگیریان لێ کرد. لەهەر لایەک ، لە هەر فراکسیۆنێک بەلانی زۆرەوە( ٥ ) کەسان دەستنیشان بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ برادەرانی لیستی مۆر ئەوانیش ئەگەر برادەرێکی پسپۆڕ لەو بوارەدا دەستنیشان بکەن بەڵکو لە سبەیەوە ناوەکانمان پێ بگات، ئەگەر توانیمان سبەی یا دووسبەی دانیشتنێکی بچووک بکەین و لەو ماوەیەدا پەیوەندیی بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەکەین، بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن نوێنەری خۆیان بەزووترین کات بکەن، بەڵکو کۆبوونەوەیەک بکرێ بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە.

**بەڕێز عەبدۆ بابە شێخ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای من ئەوەیە لە سەرەتای دێڕەکەوە ئەم رستەیە زیاد بێ (لقد عانى شعبنا في كوردستان بمختلف فئاته و طوائفه) ئەوەی دووەم ئاڵوگۆڕکردنی رستە (الوف القرى والمدن) بۆ (آلاف القرى وعشرات القصبات)، لێردا تۆزێک رەکیکە، وابزانم کە دەڵێ ( وحرر وطنه من جحافل جيوش صدام حسين) دوای ئەوە (والهب بذلك مشاعر الشعوب والحكومات في العالم بعد مسيرة الملايين الخاصة). چوارەم (الغاء عبارة من منظار يفصل المصلحة الحزبية على المصلحة العامة)، چونکە خۆی نووسیویەتی (مورست الحزبية الضيقة) بۆیە دەڵێ ئەو جمەلەیەی لەدوای دێت زیادە. خاڵی پێنجەم : (الغاء عبارة (الاخوة الاشوريين و التركمان)، چونکە بە ڕای من ئاشووری لە بەرەی کوردستانی دان و تورکمانیش لە معارەزەی عێراقین وەکو ئەندام. ئەوەی شەشەم لە بڕگەی (٢)دا (اضافەعبارە (التي يمكن ازالتها) ئەوەی ئێستا ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین باسی زیادڕۆیی و ئەوانەیە، بەشێک لە زیادەڕۆیی دەتوانین لای بدەین، بەشێکی تر نابێ، یانی

ڕۆیشتووه. ئەوەی حەوتەم (المؤسسات الرسمية وغير الرسمية) بەڕای من (شبه رسمية) نە (غير رسمية) بنووسرێ. هەشتەم شت (العمل على تثبيت و تقوية جهاز الاعلام الحكومي المستقل) یانی تەلەفزیۆنی تایبەت بە حکومەت هەبێ و هەروەها ڕۆژنامەی تایبەتیش هەبێ. لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە ڕای من ئەوەی خاڵی (١٧)وەکو کاک ئەیاد ئەو ڕۆژە گوتی: با هەندێ بابەت نەوروژێنین کە لە دەرەوەی باسەکەی ئێمەیە. ئاراستە کردنی ڕاگەیاندنی ئەمڕۆ بەدەست حزبەکانە و لەڕاستیدا پرۆسەی وشیار کردنەوە سەربە ئەوانەو پەرلەمان هەقی نییە و لەم بەیانەدا هەق نییە ئێمە جەختی لەسەر بکەین کە حکومەت دەبێ ڕاگەیاندنی خۆی هەبێ، فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەوڕۆڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆش بەختانە ئەوەی کە ویستم بیلێم لە دیباجە( ١٨ )ی میحوەرکە بە ڕای من وا دەرچوو لەبەر ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەک لە چوارچێوەکەی دا نەهات کە تەبایی و برایەتییەو، خۆشحاڵم بەوەی کە مەسەلەی تەعویز باس کراو ویستم قسەی لەسەر بکەم، بەس خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە من حەزم دەکرد بەرپای بکەم، بەڵام کاک ئەحمەد بامەرنی بەرپای کردو بەڵام پاش ئەم چوارچێوەیە و ئەم بەیاننامەیەی کە ئێمە دروستمان کردووە، ئەگەر چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە بەڕاستی ئەو سەرچاوەی هەر هەموویەتی، ئێمە دەبێ بەدوای ئەو زەمانەدا بگەڕێین کە جارێکی تر شتێکی تر ڕوونەداتەوە، بەکوردییەکەی بڵێین لە نێوان پارتی و یەکێتی و لایەنەکانی تردا ڕوونەداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من بابەتەکە دوو لایەنی هەیە، ئەو کارنامەیە، یاخود ئەو بەیانە دوولایەنی هەیە. لایەنێکیان لەبڕگە (١) تاکو (٥) ئەوە مەحکوم کردنی خروقاتە ، مەحکوم کردنی ئینتهاکاتە، ئەوە زۆر لە جێی خۆییەتی وگونجاوە لەگەڵ ئەو بەرنامەی کارەی کە سەرۆکایەتی دابەشی کردووە، دەبێ ئێمە وەکو پەرلەمان گفتوگۆی ڕووداوەکانی مانگی(٥ـ٦) بکەین و بەڕاستی دەبێ ئێمە وەکو پەرلەمان ئەو هەڵوێستەمان لە مێژوودا هەبێ و ئەمەش شتێکی زۆر باشە بەڵام لەبڕگە (٦) ەوە هەتا بڕگە(١٨)بەلای منەوە ئەوە مەبادئی یاسایی یە و پەیوەندی بە ئیش وکاری حکومەت و پەرلەمانەوە هەیە و دوایی باسی ئینتهاکات دەکرێ، باسی خروقات دەکرێ، چ پەرلەمان خروقاتی کردووە؟ چ حکومەت خروقاتی کردووە؟ ئەوەی خروقات دەکات حزبەکانن خروقات دەکەن. کێ مافی مرۆڤ پێشێل دەکات؟ کێ دەست درێژی لەسەر ماڵ و سامانی خەڵک دەکات؟ بەلای منەوە

هەمووی حزبەکانن، بۆیە بەیانەکە کە دەرېچێ یەکەمیان، لە بڕگە (١)تاکو (٥) ئەو خروقاتە مەحکوم بکرێ کە لە ڕووداوەکانی مانگی (٥-٦) کراون، دووەمیان یاداشتێک پێشکەش بە حزبەکان بکرێ بۆ ئەوەی ضەمانەتێکیان بدەنێ، لەبۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو خروقاتە نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەو دابەش کردنەی کە باست کرد لەڕاستیدا ئەگەر بێیتە سەر ئەوە من بەش بە حاڵێ خۆم وای بۆدەچم کە لە بڕگە (١٢)هەتا(١٨) لەبنەڕەت دا پێویستی نەدەکرد لەم یاداشتەدا بێت، چونکە ئەمانە هەمووی داوای هەڵوەشاندنەوەی میلیشیات دەکەین، کە بە پێی یاسا بکرێ کە لە راستیدا یاسای چەک و یاسای حزبەکان خۆی لە خۆی دا هەڵیان وەشاندۆتەوە.

پێویست ناکات ئێمە وەسیقەیەکی وەها بە پەرلەمان بسپێرین و بەشتی لاوەکییەو، سەرقاڵی مەشغوولی بکەین . داوا دەکەین دەزگای ئیداریی چاک بکرێ، ئەوە کێشەیەکی دەستەڵاتی جێبەجێ کردنە، دەتوانیت لە دانیشتنێکی وەها ڕۆژی سێ شەمە داوا لە حکومەت بکەی وەکو پرۆژەیەک پێشکەشی بکرێ، بۆیە بەڕای من پێویست ناکات لە یاداشتێکی وەها گرنگ پەرلەمان بەم بابەتانەوە خەریک بێت، فەرموون پرۆژەیەک پێشکەش بکەن ئێمە دەیخەینە بەرنامەی پەرلەمانەوەو لەسەری ئەڕۆین.

**بەڕێز محەمەدحەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە (٣) لاپەڕە (٢)لە دوایی بڕگە نووسراوە (تنفيذ قرار الغاء المعتقلات الحزبية) ئێستا لیژنەی لێ تۆژینەوە هەیە لە رێکخراوی حزب، لە لیژنەی ناوخۆ ئەو لیژنانە لە خروقات لە قەزایای مەدەنی دەکۆڵنەوە، لە قەزایای شەرعی دەکۆڵنەوە لە قەزایای جزائی دەکەن و ئەو لیژنانە تاکو ئێستا هەن، ئێستا ئەو بڕیارەی کە ئیلغای معتقلات دەکرێ، ئایا لیژنەی لێ تۆژینەوە لەو بڕیارە هەیە یان نەء؟ ئەگەر هەبێت ئەمە بخرێتە سەری وبڵێت:(الغاء اللجان التحقيقية وتنفيذ قرار اللجان التحقيقية والغاء المعتقلات الحزبية واطلاق سراح كافة المحجوزين) ئەگەر لیژنەی لێ تۆژینەوە لەو بڕیارە هەبێ دەبێ ئێمە زیادی بکەین. ئەگەر نەبێت من پێشنیاردەکەم زیاد بکرێت، بڕگەیەکی جیاواز (الغاء اللجان التحقيقية الحزبية) ئەمەیان یەکەم بوو. دووەمین لەم ڕووداوانە بەداخەوە زانیاری وردم هەیە، زۆر کەسی مەحکومی(٢٠) ساڵی (١٥)ساڵی لە مەحکەمە بەردراون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆرسوپاس، ئنجا ئەوە لە یاداشتێکدا با بینووسین و بیکەینە مەبدەئێک یا سبەی یەخەی وەزیری ناوخۆ و سەرۆک وەزیران بگرین و بڵێین کاکە بۆ واتان کردووە، ئەوە ئیشی یاداشتێک نییە، کاک حەسەن بە ڕای من ئێمە بەوە خۆمان تووشی هەندێ کێشە دەکەین، ئەوە ئیشی دەسەڵاتی

جێبەجێ کردنە، وەزیری ناوخۆ بانگ بکەن بۆ ئێرە، وەزیری داد بانگ بکەن ئەنجوومەنی وەزیران بزانن، چ وەزیرێک پەیوەندی بەو پێشێلکاریانەوە هەیە، با بانگ بکرێن و، لێرە گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێ.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەڵێم لە خاڵی یەکەم کە باسی (اقتتال) دەکات وشەیەک زیاد بکرێ، چونکە لە هەموو خاڵەکان گرنگترە و بەم شێوەیە بێ(شجب وادانة الاقتتال الداخلي والاغتيال السياسي واعمال الارهاب في المجتمع الكردستاني وتحريمها مستقبلا) ئەمە زیاد بکرێ هەم (اتخاذ اجراءات قانونية وعسكرية وسياسية لضمان عدم العودة، بشكل بات، الى استخدام العنف والارهاب والقوة)، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دوو خاڵم هەیە، یەکیان پەیوەندی بە کێشەکەوە هەیە، کەوا بەشێوەیەکی لاواز هاتووە بە رای من پێوستە دەربخرێت، یەکێک لە هۆ سەرەکییەکانیشی ئەوەیە لێرانە دەمەوێ بڵێم: ( ولكن مما يؤسف له إن هذه المسيرة المباركة والمكتسبات الكبيرة تخللتها نواقص جدية وممارسات خاطئة بعيدة عن دفعها الى امام وفي مقدمتها الاسلوب الخاطيء في الحكم بسبب أتباع السياسة الحزبية الضيقة فيَ هذا الميدان) ئەمە دەربخرێت، ئێمە وەکو ئەزانین یەکێ لە هۆ سەرەکییەکانی ئەوەیەکە شێوەی حزبیەتی تەسک پێرەوکراو لە حوکمرانی کوردستان دا. بۆ نموونە دەبێ بەڕێوەبەری گشتی حزبی بێت، بەبێ ئەوەی کە ممارەسەی هەبێ، وەکو ئەوەی ئەیزانین مەرج نییە هەر بروانامەی کۆلیجی هەبێ، ئینجا دەبێتە بەڕێوەبەری گشتی، تەنیا دەرچووی کۆلیج بوو کرا بە بەڕێوەبەری گشتی، بەداخەوە ئەیڵێم: یەکێ لە لێپرسراوە گەورەکان ڕۆژێک بەتەلەفۆن پێی گوتم: بەڕێوەبەری گومرگمان دەوێ دایبنێین بۆ شارێکی گەورە، ئەم بەڕێوەبەری گومرگە مواصفاتی تێدا نەبوو، ناحیەی یاساییش من دەستم بەستراوبوو، نەم دەتوانی موعارەزەی بکەم، چونکە بەڕێوەبەر مەرجی بۆ دانرابوو کە دەبێ دەرچووی کۆلیج بێ، تەنها بەڕێوەبەری گشتی بەداخەوە ئەو کەسە دەرچووی سێی ناوەندیی بوو، منیش پێم گوت: بەداخەوە بەڕێز من دەمەوێ حزبیەکی گەورەوگران یەکێکی دەرچووی کۆلێجی کارگێڕی و ئابووری نییە، هیچ نەبێ(١٥) ساڵ یان (١٠)ساڵ مومارەسەی هەبێ بۆ ئەوەی بیکەم بە بەڕێوەبەری گشتی، لەسەر ئەوە سوور بوو. ئەمەیە شێوەی هەڵە، کە لە ئەنجامەکەدا ئێمە تووشی ئەو کارەساتە بووین، یەکێ لە هۆکانی جا بەرای من(وفي مقدمتها الأسلوب الخاطيء في الحكم بسبب أتباع سياسة حزبية ضيقة في هذا الميدان) لە پێشەکیدا وابێ کە ئێمە دەست نیشانمان کردووە نەک وەکو شتێکی گشتی هاتووە، لێرانە(وأشر

ذلك على جميع مراحل الحياة العامة والحكومية) له خـالّى (١٣)دا هاتووه دهڵێ:(تطهـيـر واصلاح) پاكسازيى له چى؟( من العناصر الفاسدة وغير الكفوءة) جهماوهرى ميللهتهكهمان له ههمو كۆڕێک دا، له ههموو رۆژنامهكان دا ههردهم داوايان كردووه ههتا ياداشتى كوردهكانى دهرهوه كه هات بۆ پهرلهمان داوايان كردبوو پاكسازيى بكرێ، پاكسـازيى له چى؟ له عهناصرى كفوءه بهڵام (فاسده، كفوءه) شههادهى ههيه ولێ هاتووه بهڵام دهستى لهگهڵ دوژمن دايه، كارهكهى بۆ دوژمن دهكـات. بهڵام خـهڵكى تر ههيه دڵسـۆز و حـزبيـه، بهڵام لێ هاتـوو نيـيـه، بهڵاى من پاكسازييهكه بهم شێوهيه ديارى بكرێ، به شێوهيهكى ورد پاک بكرێتهوه له (العناصر الفاسدة وغير الكفوءة) لهگهڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بهڕێز سـهرۆكى ئـهنجـوومـهن:**

من ديسان دووپاتى دهكهمهوه، بهيانهكهمان باخهست بێت لهسهر ئهو بنهماياﺋهى كه دهبنه هۆى دووباره نهبوونهوهو قـهدهغـه كـردنى ئهم كـارهسـاتهى كـه روويدا بائهوهنده نهچينه ناو درێژهى باسهكهوه، كاک ئهحمهد دزهيى فهرموو.

**بهڕێز ئـهحـمـهد عـهلى دزهيى:**

**بهڕێز سـهرۆكى ئـهنجـوومـهن.**

من دهڵێم مادهيهک زياد بكرێ بۆ ئهو بهرنامهيهى كه ئێستا ههيه، ئهو مادهيه كه پهرلهمان پاش ئهوهى كه دهستى بهكار كردووه بهيانێک دهربكات بۆ ڕاى گشتى دهرهوه ڕوون بكاتهوه، يانى دهرهوهى ههرێم، لهبارهى ئهو باره مـانگى (٥ـ٦) ههروهها ههڵوێسـتى پهرلهمـان خـۆى به ديار بخات، ئايا ئهو ههڵوێستهى چييه بهرامبهر بهو باره، سوپاس.

**بهڕێز نههله مـحـهمـهد سـهعـدوڵلا:**

**بهڕێز سـهرۆكى ئـهنجـوومـهن.**

بهڕاستى من تێبينيم لهسهر بڕگهكانى ئهم مادهيهى ئهم كارنامهيه نهبوو، بهڵام تهنيا يهک تێبينيم لهسهر قسهكانى كاک شمائل ههيه كه پێش ئيستراحهت كردنهكه كردى، باسى ڕێزگرتنى مافى ئاشوورى كرد، لێره دا تۆمار بكرێ كه جێى نييه، جهنابت وهڵامت دايهوه، بهڵام باسى ئهوهى كرد بڕيارێک دهربچێ لێره كه دان به ئاشوورييهكاندا بنرێ، بهڵام من يهک تێبينيم لهسهر ئهمه ههيه، له بڕگـه (١٤)دا باسى تهشريعى دهسـتـورى ئهقليم كـراوه، ئيـعـتـراف كـردن و نهكـردن له دهسـتـوورهكـهدا حهل دهكرێ و، باسى بهشداربوونى ليسـتى مـۆر لهپهرلهمـان دهكـرێ ئهوهش ههر جۆرێكه دان پێدانه به ئاشووريهكان وههر ئهم تێبينيهم ههبوو، لهگهڵ سوپاسدا.

**بهڕێز جـهمـيـل عـهبدى سندى:**

**بهڕێز سـهرۆكى ئـهنجـوومـهن.**

لهلاپهڕه(٢) خالّى ڕێزى سێ هاتيه (الاعتقال بسبب الانتماء السياسي) دبێژم اضافه ببێ و(او

العقائدي) نەکو(الأعتقاد بسبب سياسي) محروم بێت بەس اعتقالێک پێویستە هەبێت پرۆژە نەبێت، وشەی(او العقائدي) بخرێتە سەر، لە لاپەرە(٣) خالی(١٠)هاتووە (اعادة النظر وبشکل جدي في حماية مبنى البرلمان) بەرێزان شێخ عەدنان و کاک کەمال بەدیاریان خست گەر نەهۆ تغییرا شتەکی (على أساس تنظيمي) ئەز دبینم، هەر ئەم زیادە، پێویست ناکات، چونکی مە یاسای پاراستنی پەرلەمان هەیە، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان بەرێزان شێخ عەدنان وکاک د. کەمال فکرەکی تنظیمی هەبن، چ هەر سەعاتێکی دگەل سەرۆکی پەرلەمان دابنیشین و وێ فکرە دانێن و چاک بکەن . لێرەدا پێویست ناکات لەو لائحەدا ئەو شتە هەبێت، چونکە مەجال کراوەیە، لێرەدا وادەبینم نەبێت چاکترە لاپەرە (٤) ئەوەی دەڵێ: (تعزيز وتنشيط اعمال البرلمان) لێرەدا (تعزيز وتنشيط اعمال) یان ئەڤ (١٨) مەبدەئە هەر الغاء ببێ نەمێنێت، وەکو پێویست ناکات و ئەگەر بمێنێت مەبزانین چییە اضافە ببێ وەکو (التزام بالعمل البرلماني)، سوپاس.

**بەرێز ئەکرەم عزەت نەجیب:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری ئەو بابەتە دەکەم کە قەرەبوو بدرێ بەو خەڵکانەی کە تووشی زەرەر بوون لە ئەنجامی ئەم ڕووداوانەی دوایی داو، لەبیرمە لیژانی تایبەتی هەبوون کاتی خۆی کە لە پارێزگاکان دروست کرابوون بۆ هەموو حاڵەتێک قەرەبوو ئەدرا. ئایا ئەگەر قەرەبووەکەش دزی بێ یان حاڵەتی مردن بێ هەتا وەکالەتی کۆمەڵێک خەڵکم کرد کە تووشی زەرەرو زیان بوو بوون، تەحقیق ئەکرا، پۆلیس تەحقیقی هەبوو، دادوەرێک تەحقیقی دەکرد،دەهاتە پارێزگاکان لەوێ لیژنەیەکی تایبەتی هەبوو، دادوەرێکی تێدا هەبوو معامەلەی قەرەبویان دەدرایە. لەگەڵ رێزمان دا.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە قسەکەم بڕیت، ئەم بابەتەمان باس کرد و ئەوە لیژنەیەک دادەنیشێ و لەبارەی ئەم بابەتەوە دەدوێ ئەگەر جەنابت شارەزاییت هەیە تێدا بێت، ئەوە زۆر باشە.

**بەرێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەبینم زۆر بەیاناتی کارنامە چۆتە ناو بەیانەکە، چونکە بەیان خۆی موجەهە بۆ جەماوەرو ڕای گشتی و، حکومەت وەکو ئێمەی پەرلەمانی ئیدانەی شەڕی خۆکوژی دەکەین، ئەو کارە نا بەرپرسە کەکرا، تەنها بۆئەوەی بڵێین ئێمە هەڵدەستین بە هەموارکردنی یاسایەک وابزانم ئەوە بڕبڕەی ئیشی ئێمەیە، ئەمە دەبێتە کارنامە نەک بەیان، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم. تەنها مەلا بەختیار ماوە قسە بکات فەرموو.

**بەڕێز حیكمەت محەمەد كەریم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من یەک تێبینم هەیە ئەویش (تتخللهَا) دەبێ ببێتە (يتخللها).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جا ئەوە جارێكی تر ئەگەڕێتەوە بۆ خۆتان و، وەكو د. كەمال گوتی: چۆن شددە دانێین ئەو تێبینییانە هەوڵ بدەن بە شێوەیەكی ڕێک و پێک جێبەجێ بكرێن، ئەگەر تێبینی تر هەیە فەرموو ؟

**بەڕێز د. كەمال عەبدولكەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هیچ گومانم لەوەدا نییە، هەندێ بڕگە هەن لەو بەیانەدا كە لەو یاسایانەی ئێمە دامان ناون هەمووی تێدایە، ئەگەر بەیەک وشە داوای ئەوە بكەین كە یاسا جێبەجێ بكرێ ئەوانە هەموو دەگرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەو ڕووداوانەی كە هاتنە پێشەوە، هەندێ مەسەلە هەیە بەڕاستی ئەبێ پێی لەسەر داگرین، هەرچەندە لە یاساكانیش دا هەیە، بۆ وێنە لابردنی ملیشیات پێویستە كە ئێمە لێرەدا باسی بكەین، جێبەجێ كردنی یاسای چەک و حزبەكان ئەوەش باس بكرێ كۆمەڵێ مەسەلەی تر هەمووی لەوە پێش ئێمە بڕیارمان لەسەر داوە وەكو یاسا دەرچووە لەلایەن پەرلەمانەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو بارە ئاڵۆزە هاتە پێشەوە. هەندێک لەو مەسەلانە پێویستە جارێكی تر ئێمە دووبارەیان بكەینەوە بۆ بەبیرخستنەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم خۆش بوو، ئەو برادەرانە ئەگەر تێبینیەكیان هەبوایە ئیغنای ئەوانەی ئێمەی پێ بكەن بەس زۆربەیان ئاگادارن بۆ ئەوەی كاتەكە زیاتر نەكوژین و لەوێ تێبینی خۆیان بدایە، بۆ ئەوەی لێرە دووبارە نەبێتەوە ئەمە یەک، خاڵی دووەم:سەبارەت بە ئەو بابەتە زۆر قسەی لەسەر كرا كەوا ئەمە مەبادئی گشتی تێدایە پێویست نییە و، من قسەم دەخەمە پاڵ قسەكەی د. كەمال، خۆ ئێمە دەتوانین بەیەک دێڕ بڵێین یاسا پیادە بكرێ، ئەگەر یاسا پیادە بكرێ وابزانم زۆر كێشە هەیە یاسای حزبەكانمان هەیە میلیشیات نامێنێ، نازانم چی، بەس ئێمە لێرەدا وتمان بۆ تەئكیدە یان بۆ بەبیرهێنانەوەیە (فذكر انما الذكری تنفع المؤمنين)، سوپاس.

**بەڕێز شەمائیل نەنو بنیامین:**

**السيد رئيس المجلس.**

على هذه الفقرة عندي تعقيب صغير على قول الاخت نهلة، انا في كلامي ما قلت إنه لم يعترف بالآشوريين فعلاً نحن وجودنا هنا هو تعبير عن الأعتراف بنا، ولكن كلفت على تناول بعض الجوانب. في الحقيقة لما كان الاستاذ بطرس ممثلنا في هذه اللجنة ما كان هناك توجيه لتثبيت

هذا الشيء ولكن الورقة المعروضة يوجد فيها غلط، وهو الفرق بين الادانة وبين ورقة العمل وجنابك أشرت الى عدة نقاط انه ما مفروض نحن نشير اليها وبهذه الروحية طرحت هذا الموضوع فقط وشكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من دووبارەی دەکەمەوە هەر ڕۆژێک ئەو پرۆژەتان ئامادە کرد، پێشکەشی بکەن بە پەرلەمان من وای بۆ دەچم هەموو برادەران ئەندامانی پەرلەمان بە هەردوو لیستییەوە، پشتگیری لەو شتەی بکەن کە ئێوە داوای دەکەن.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە منەوە، بەڕێز د. کەمال دەری بڕی، بابەتەکان وەک من گەرەکم بوو قسە بکەم بەڕاستی خالی (١٢)پەیوەندی بەخالی(١٨)وە هەیە داوا کردنەکانی جەماوەر، مەسەلەی میلیشیات وحەل کردنی، مەبەستی میللەتە، ئێمە یاسای حزبەکانمان هەیە، یاسای چەکمان هەیە، بەلام هیچیان جێبەجێ نەکراون، پەرلەمان ئەم ماوەیە لەکار وەستا بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا کاک عەبدولخالق مادام وەستاوی و مادام پەرلەمان وەستا بوو، وەهەردوو لای مەسەلەکە باس بکەو، بلێ بۆ وەستا بوو، جا حەز دەکەی ئەوەش باس بکەو، هەر ئەوە باس مەکە کە پەرلەمان وەستا بوو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەلێ لەبەر ئەوەی کە زیادەڕۆیی کراوەتە سەر پەرلەمان و لەبەر ئەوەی پەرلەمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی بە کاری خۆی هەلنەستاوە، پەرلەمان مافی هەبوو هەتاکو ئەگەر بالەخانەی پەرلەمانەکەیشی داگیر بکرێ لە هۆلی برایەتی، لە (I.N.C) کۆببووبایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوکات لەوانەبوو شتەکە خراپتر بوایە، هەندێ شت کە باسم کرد لە(١٢)تاکو (١٨) من تێناگەم ئایا ئیشی ئێمەیە باسی پرۆژەی دەستوور بکەین؟! پرۆژەی دەستوور لەبەر دەستتانە، لیژنەی یاسا یەک دوو پرۆژە هەنە، ئەگەر پەرلەمان بڕیاری لەسەر دا، با لە سبەینێوە گفتوگۆی لەسەر بکەین بۆ ئەوەی پاکسازی دەزگای ئیداری ببێتە بنەمایەک، ئەوە ئەنجوومەنی وەزیرانمان هەیە، فەرموون ئەنجوومەنی وەزیران دەتوانن بێنە ئێرە بۆتان ڕوون بکەنەوە، ئەگەر زانیتان دەگەن بە ئەنجامێک با پاکسازیی دەزگاکانی ئیداری دەست پێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەرای من هەر چییەک بێ بەرامبەر ئەوەی کە پەرلەمان کۆنەبۆتەوە و بۆ لەم ڕووداوانە هەڵوێستی نەبووە؟ ڕەنگە هەندێ خلاف بوبێ، واقعیش ئەوەیە ئەگەر لەکاتی خۆی کە ئەو ڕووداوە بووە تاکو ئێستا ئەمە یەکەم بەیاننامەیە، من ناڵێم کارنامە کە پەرلەمان دەری دەکات و پێویستە هەڵوێستی خۆی لەبارەی ئەو شتانەش دەربخات کە ڕاستەوخۆ ئەوەی کاک جوهر دەیڵێ شتی ڕاستین، یاسا هەیە بەڵام ئەوانە هەمووی خرووقاتن، سوپاس.
**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من لەبەر ئەوەی کە لە لیژنەکە دام . بۆیە نامەوێ زۆر قسە بکەم، بەڵام یەک دوو شتی ورد زۆری لەسەر داڕشتن بوو، زۆری لە جێگەی خۆی دا بوو، بەس ئەوەی کاک عیدۆ ئەفەرموێ ئێمە داڕشتنێکی تازەمان هێناوەتەکایەوە لە ئەدەبیاتی سیاسی کوردستان دا کە ئەڵێم گەلی کوردستان یانی گەلی ئێمە لە کوردستان، کە وتمان لە کوردستان مانای وایە جاران گەلی کوردمان هەبوو، مانای وایە هەمووی ئەگرێتەوە، ڕەنگە لە هەندێ شوێن دا پێویست بێ ناوی ئاشووری و تورکمان و(طوائف و مذاهب) ئەوانەش بێن لە هەندێ شوێن دا، کە وتمان گەلی کوردستان هەمووی دەگرێتەوە، باوەڕناکەم لە هەموو کاتێکدا پێویست بێ ئەم ریزە دووبارە بکەینەوە لە شوێنی کە وابزانم ئەوەی پەسەند کراوە یان نەکراوە ئێمە لە لیژنەکە باسی ئەوە کرا دەست درێژی یان دەست تێوەردانی دەرەوە هەموومان لەسەر ئەو ڕایە نەبووین، ئێمە ویستمان ئەو شتانەی کە هێنامانە بەردەمی ئێمە ڕای هەمووان بێت، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەوە لیژنەکە خۆی چوارچێوەکەی داناوە، با هەروەکو چوارچێوەی لیژنەکە خۆی بمێنێ.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
مەسەلەی ڕاگەیاندن مەبەستمان ئەوەیە کە ئێمە دڵنیایی لەسەر ئەوە بکەین، کە توانا بە حکومەت بدەین کە ڕاگەیاندنی خۆی هەبێ، حکومەت بۆ تەلەفزیۆنی خۆی نەبێت؟ بۆ ڕادیۆی نەبێ؟ بۆ ڕووی گەشی هەموو ئەزموون و تاقیکردنەوەکەی نەبێ لەدەرەوە؟ با توانا بە حکومەت بدرێ کە ڕاگەیاندنی خۆی هەبێ، سوپاس.
**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ببورە تەنیا لە بارەی ڕەگەیاندنەوە من زۆر سوپاسی برای بەڕێز کاک عەبدولخالق دەکەم کە

پشتیوانی لە پێشنیارەکانی من کرد، هەروەها کاک شێخ عەدنان، بەڵام لە مەسەلەی ڕاگەیاندن دا، با ڕاگەیاندن ئازاد بێ، ئەوەی ئێمە بەلامانەوە خراپە شەڕە چەکە، تالان و دزی و جەردەیی و ماڵ وێران کردنە، ئەگینا با هەر لایەک ئازادبێ و بەو شێوەیەی کە خۆی بە باشی دەزانێ، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلاحەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکم لەسەر قسەی د. کەمال هەیە لەسەر تەعلیقی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن، بەڕای من کێشە ئەساسیەکە چەکە، ملیشیات بە یاسای چەک هەڵوەشێندراوە، دەبوایە حزبەکان پێش هەموو کەس یاسای چەکیان پیادە بکردایە، بزانن جەماوەر تەماشای حزبەکانی نەدەکرد؟ بەڵام کە حزبەکان خۆیان بەهێز بکەن جەماوەر چ بکەن؟ سوپاس.

**بەڕێز حیکمەت محەمەدکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من نازانم ئەوە ئێستا ئیقرار دەکرێ یان دوای دەخەین؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخێر بڕیاری لەسەر نادرێ، تاکو پاش داڕشتنی کۆتایی وبەرچاوخستنی ئەو تێبینیانە.

**بەڕێز حیکمەت محەمەد کەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کەواتە ناوەکەی ئەگەر قسەیە چی لێ بکەین من پێم باشە ناوی لێ نێین لائحە باشە، لە هەمووی ڕزگارمان دەبێت، لائحە لە شوێنێکی ئاوا قاعدەیەکی یاسایی هەیە، بەڵام لە شوێنی تردا قاعدەی یاسایی نییە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ئەو(٢٨)کەسە بووین کە تەکلیف کراین بۆ دانانی ئەو مەبدەئانە، مەبەستی سەرەکیمان چ بوو لەوەی؟ من زۆرم لا سەیرە، سێ ڕۆژە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، لەسەر شتێک کە پەیوەندیی بە بابەتی پەرلەمانەوە نییە، بە ئێمە وترا بەو ناوەی کە یەکەم دانیشتنە، پەرلەمان دادەنیشێ بۆ ئەوەی بە تەبایی بەردەوام بێت، خاڵی تەوەتر لەنێوان ئەندامانی پەرلەمان نەمێنێ، چەند بارێک دەست نیشان بکەن، چوارچێوەی قسەکان لەو بازنەیە دەرنەچێت، چونکە زۆر شت هەنە پەیوەندییان بە ئێمەوە نییە، پەیوەندییان بە حکومەتەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاست بەنسبەت منەوە یەک دوو تێبینیم هەیە، بۆ مەسەلەی ڕاگەیاندن من زۆر لەگەڵ ئەوەدام

ڕاستی بۆ میللەت دەربخرێ، زۆر لەگەڵ ئەوەدام زۆر شت بۆ میللەت ڕوون بکرێتەوە، بەس من ئەوەی تەئکیدی لەسەر دەکەم ئەوەیە کە ڕاگەیاندنی شەڕە ئێمە خەتەرێک لەناو کۆمەڵمان داهەیە، کە ڕاگەیاندنمان زۆر جار ئاراستە دەکرێ بۆ شەڕو و کوشتار، بۆ برا کوژی، ئەوە لە گشت دنیادا قەدەغەیە و ئەو لایەنەی زۆر لام گرنگە ئەوەیە کە ڕاگەیاندنمان پێش ڕووداوەکان و لە کاتی ڕووداوەکان دا هەتا ئێستاش زیاتر بەو شێوە ئاراستە دەکرێ کە خزمەتی برایەتی ناکات، خزمەتی یاسا ناکات، مافی مرۆڤ خزمەت ناکات، ئەو شتانە من لەگەڵ دام، بەڵام پێویستە ڕاستییەکان بۆ میللەت ڕوون بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەدا ئەم دانیشتنەمان تەواو بوو، بەڵام ئێمە تازە بابەت دەخەینە سبەی سەعات(١٠)کاتێک کە کۆدەبینەوە و یەک خاڵمان هەیەو دوای ئەوە دێینەوە سەر ئەوەی کە ئێستا باسمان کردو بڕیارێک لەسەری دەدەین و ناوی دەنێین (لائحة مبادیء) یا (کارنامە)، یا هەر چۆن کە لەسەری ڕێک دەکەوین. ئیتر سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧)

دووشەممە ڕێکەوتی ٢٥/٧/١٩٩٤

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٧)

## دووشەممە ڕێكەوتی ١٩٩٤/٧/٢٥

***كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی ١٩٩٤/٧/٢٥ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (١٧)ی خولی ئاسایی یەكەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***١- پالاوتنی بەڕێز ئەبوبەكر مستەفا سەعید بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان لەجێگەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز عەلی ڕەسول ڕۆستەم.***
***٢- باوەڕ پێدان وسوێند خواردنی بەڕێز جەمال عەبدول بۆ پۆستی وەزارەتی ڕۆشنبیریی.***
***٣- گفتوگۆ كردن لەسەر ڕووداوەكانی مانگی (٥ ـ ٦).***
***٤- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەومیهرەبان دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستان دەست پێ دەكەین، بەرنامەی ئەمڕۆمان چوار خاڵە، خاڵی یەكەممان گۆڕینی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز عەلی ڕەسول ڕۆستەمە بە بەڕێز ئەبو بەكر مستەفا سەعید وسوێند خواردنی لەسەر داواكاریی فراكسیۆنی سەوز، خاڵی دووەم باوەڕ پێدان وسوێند خواردنی كاك جەمال عەبدولە بۆ پۆستی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، خاڵی سێ یەم بەردەوام بوونمانە لەسەر گفتوگۆ كردن لەسەر ڕووداوەكانی مانگی (٥ ـ٦) و هیوادارین ئەمڕۆكە ئەم بەڵگە نامەیە تەواو بێت، كە ئەوە چەند ڕۆژێكە لەسەری دەڕۆین، خاڵی چوارەمیش تازەبابەت، ئەگەر لەتازە بابەت شتێك هەیە، با تێبینی بكەین، ئەگینا بادەست پێبكەین. بەڵێ كاك فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە، ئێمە هەردوو فراكسیۆن زۆر جار باسی ئەوەمان كردووە نەختێ باری ژیانی خانەنشین وفەرمانبەران چاك بكرێ وخراوەتە بەرنامەوە، كەقسەی لەسەر بكرێ، تا ئێستا هیچ

قسەیەکی لەسەر نەکراوە، بۆ خستنە ناو بەرنامە؟ کاک ئەحمەد سالار قسەی لەسەر بکا، لەوانەیە خەڵکی تریش هەبن قسەی لەسەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ئەم بابەتە کاتی خۆی دەنگی لەسەر دراو خرایە ناو بەرنامە، پێش ڕووداوەکان، لەبەر ئەوە وای بۆ دەچم پێویست ناکات جارێکی تر دەنگی لەسەر بدەینەوە، بەڵام وەک بەبیرخستنەوەیەک وا بەباش دەزانرێ کەبۆ بەرنامەی ئەمڕۆ بخرێتە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە کە کاک فرەنسۆ خستیە ڕوو؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا وخرایە بەرنامەی ئەمڕۆوە، ئێستاش دێینەوە سەر خاڵی یەکەم، لەسەر داواکاری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کەخاوەن لیستی سەوزە، واتا لەسەر داوای فراکسیۆنی سەوز لەپەرلەمانی کوردستان داوا کراوە کەبەڕێز عەلی ڕەسول بگۆڕدرێتەوە بەکاک ئەبو بەکرمستەفا سەعید، واتە کاک عەلی ڕەسول ڕۆستەم ئیستقالەی کردووە لەپەرلەمانی کوردستان و، کاک ئەبو بەکر مستەفا لەهەمان لیستە دێتە جێگای، ئینجا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە عەلی ڕەسول ڕۆستەم دەست لەکار بکێشێتەوە؟ ..کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ ئیستقالەکەی کاک عەلی ڕەسول پەسەند کرا، ئێستا ئەگەر کاک ئەبو بەکر مستەفا ئامادەیە بۆ سوێند خواردن با بفەرمووێ.

**بەڕێز ئەبو بەکر مستەفا سەعید:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، سوێند بەخوای مەزن دەخۆم بەدڵسۆزی یەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لەیاسا ڕەچاو کراوەکانی بگرم وبەرژەوەندییەکانی گەل بپارێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەخێر هاتنی کاک ئەبو بەکر دەکەین هیوادارین بەهاتنی بۆ ناو پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ئەندامێکی چالاک و زیرەک زیاد بکات، بۆ پێشخستنی ئیشوکاری پەرلەمان، جارێکی تر بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی وئەندامانی پەرلەمانەوە بەخێر هاتنیان دەکەین.

خاڵی دووەمان باوەڕپێدان وسوێند خواردنی بەڕێز جەمال عەبدووڵە بۆ پۆستی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، ئەگەر کاک جەمال لێرەیە با بفەرمووێ، دیارە نەهاتووە جارێ، باشە ئەم خاڵە ئەخەینە دواوە، ئەگەر هات ئاگادارمان بکەنەوە ئەمە کێشە نییە.

دێین بۆ خاڵی سێ یەم، مەسەلەی ڕووداوەکانی ٥/١ تاکو کۆتایی مانگی (٦)، ئەو بەڵگەنامەیە وابزانم بەسەر هەموو ئەندامانی پەرلەمان دا بڵاومان کردەوە، دووسێ جاریش گفتوگۆی لەسەر کراوە، پێویستە جارێکی تر بخوێنرێتەوە، وتووێژی لەسەر بکرێ تاکو وەک هەڵوێستی پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدرێ.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی وام پێ باشە کە هەڵوێستە کە لابرێ، چونکە لائیحەی مەبادیئەکە بەهێزترە زۆر زیاتر لەجێی خۆیەتی (لائحة مبادیء حولة الأحداث خلال شهري مايس وحزيران ١٩٩٤) ئەوە باشترە، ئەوەیان ڕێک وپێک ومەعقوولتر و بەهێزترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ (لائحة مبادیء حولَ الأحداث المأساوية). تکایە با گفتوگۆی زۆری لەسەر نەکرێ، چونکە زۆر گفتوگۆی لەسەر کراوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەی پەرلەمانتاران هەتا ئێستا هەڵوێستێکمان سەبارەت بە ئەو ڕووداوانە نەبووە، ئەو مەبادیئانەی کەهەنە سەد ساڵیشەئەو مەبادیئانە هەنە، ئێمە پێویستە وەکو پەرلەمان هەڵوێستمان هەبێ، من لەگەڵ ئەو ڕایەم کە لائیحەی مبادیئەکە لا ببرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە هەڵوێستی پەرلەمانە بەرامبەر ئەو ڕوودانەوانەی مانگی (٥ - ٦)ی ١٩٩٤، وەکو هەڵوێستی پەرلەمان نیشانی بدەین، وابزانم باشترە. فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

## موقف پرلمان كوردستان

## من الحوادث المأساوية لشهري مايس و حزيران ١٩٩٤
## المتخذ في الجلسة المنعقدة بتأريخ ١٩٩٤/٧/٢٥

لقد عانى شعبنا في كوردستان خلال تأريخه شتى أنواع القهر و الغزو و الحرمان من ابسط الحقوق الأنسانية، تجسدّت ذروتها في حملات الأنفال والأبادة بالأسلحة الكيمياوية و تهديم آلاف القرى و عشرات المدن، وقابل شعبنا تلك السياسة بثورات دامت عقوداً من السنين، توّجها بانتفاضته المجيدة في آذار ١٩٩١، ودّك خلالها صروح الدكتاتورية في كوردستان، وحرر جزءاً كبيراً من وطنه من هيمنتها، وتلقه مسيرته المليونية، التي الهبت مشاعر الشعوب و الحكومات في العالم، مماحدا بمجلس الأمن الدولي اصدار القرار (٦٨٨) في نيسان ١٩٩١ لايقاف

حملات القمع ضده و احترام حقوقه الانسانية.
تم تحديد خط العرض (٣٦) لمنطقة محرّمة على الطيران العراقي ، و استحداث المنطقة الآمنة في كوردستان العراق.
و في هذه الأجواء و المتغيرات أقدم شعبنا على اجراء انتخابات عامة ديموقراطية في ١٩/٥/١٩٩٢، فكان تأسيس أول پرلمان في تأريخه، إنبثقت منه حكومة إقليم كوردستان، تلاها الاعلان التأريخي لپرلمان كوردستان، لممارسة حقه في اختيار النظام الفيدرالي، كأساس للعلاقة الدستورية مع الحكومة المركزية في العراق، فأعلن كوردستان إقليماً ضمن إطار دولة عراقية فيدرالية. ولكن ممايؤسف له ان هذه المسيرة المباركة و المكتسبات رافقتها و تخللتها نواقص كبيرة و ممارسات خاطئة بسبب اتباع سياسة الحزبيه الضيقة، و تفضيلها على المصلحة العامة و إهمال معالجتها و وضع الحلول لها.
كل هذا و عوامل أخرى ادّت الى اقتتال داخلي منذ بداية أيار ١٩٩٤، هددّت كيانه و تجربته الديموقراطية و مكتسباتها، و أساءت الى صورة شعبنا أمام الرأي العام العالمي. ألاّ أن جهود الخيرين من أوساط هذا الشعب من قادة سياسيين في الحزبين الرئيسيين، و أطراف الجبهة الكوردستانية، و الأحزاب الأخرى، والأخوة الاشوريين و التركمان، والمنظمات و رجال الدين وقوى المعارضة العراقية، و بشكل خاص (الدور الكبير) للمؤتمر الوطني العراقي الموحد (INC)، وأصدقاء شعبنا في الخارج. أدى الى إيقاف الأقتتال، و أن كانت آثار التوتر والصراع لازالت قائمة هنا و هناك، إلا أن الجهود حثيثة للتطبيع الشامل للأوضاع و إعادة المسيرة إلى مجراها الطبيعي.
و پرلمان كوردستان الذي أولاه شعبنا ثقته و الذي أثرّت في فاعليته حوادث شهري أيار و حزيران المأساوية و عطلته عن العمل، يقف بكل حزم و صراحة و وضوح ويدين مرتكبي المأساة الواقعة و يعلن للشعب موقفه في :-
١- إدانة الإقتتال الداخلي و تحريم اللجوء الى القوة والعنف والارهاب كوسيلة لحل المنازعات والخلافات السياسية بين أطراف القوى الوطنية، والإلتجاء الى الوسائل السلمية الديموقراطية وسبل الحوار، و أن أي إنتهاك لهذا المبدأ من أي جهة كانت تُعد جريمة وطنية كبرى بحق مكتسبات شعب كوردستان و مصالحه العليا و تجربته الديموقراطية الفتّية.

٢- إدانة الخروقات والإعتداءات والإنتهاكات التي وقعت على المواطنين و حقوقهم وممتلكاتهم وأرواحهم، وإزالة التجاوزات الحاصلة.
٣- إدانة خرق المبادىء الديموقراطية والتعددية الحزبية و حرية الرأي والتعبير والإضراب والتظاهر، وتجريم المطاردة والملاحقة والإبعاد والأعتقال بسبب الإنتماء السياسي وإحتلال دور العبادة و مقرات الأحزاب و مكاتب المنظمات و نهبها و تخريبها و تنفيذ قرار إلغاء المعتقلات الحزبية و إطلاق سراح كافة المحجوزين فيها فوراً.
٤- إدانة التجاوزات على المؤسسات الرسمية و غير الرسمية في الأقليم والسطو والاستحواذ على ممتلكاتها.
٥- الإسراع في عملية التطبيع الشامل لكافة مناطق كوردستان و في جميع المجالات و بخطوات عملية و حثيثة ، و إعادة مقرات الاحزاب الى اماكنها السابقة.
٦- إلتزام كافة الأطراف بإحترام حقوق الإنسان وفق المبادىء الواردة في الأعلان العالمي والعهود و المواثيق الدولية الخاصة بها.
٧ــــ إحترام مبدأ الفصل بين السلطات الثلاث و إبعادها عن الهيمنة الحزبية و تدخلاتها.
٨- إحترام مبدأ سيادة القانون و إدانة أي خرق له من أي جهة كانت و ضمان إحترام القوانين و القرارات و تنفيذ أحكامها.
٩- حماية إستقلال القضاء و عدم التدخل في شؤونه ، و توفير الضمانات الكافية لحماية أسرته ، وخلق الأجواء المناسبة لممارسة مهامه بأستقلاليته بعيداً عن الضغوط والمؤثرات.
١٠- إعادة النظر في ظاهرة الإزدواجية و المناصفة، والعمل على إلغائهما في مؤسسات الإقليم و ممارسة الصلاحيات وفق القوانين النافذة.
١١- إعتبار منطقة البرلمان آمنة منزوعة السلاح خالية من المقرات الحزبية و غير الحكومية ، و إعادة النظر في تنظيم حماية مبنى البرلمان و الأعضاء.
١٢- عودة الموظفين والعمال الذي اضطروا الى ترك وظائفهم بسبب الإقتتال الى مراكزهم الوظيفية السابقة ، وصرف رواتبهم عن فترة الإنقطاع، وإلغاء كافة القرارات الصادرة خلافاً للقانون.
١٣- إلغاء الميليشيات الحزبية و تطبيق قانون الأسلحة و قانون الأحزاب.

١٤- تطهير و إصلاح و تكامل الجهاز الإداري و أجهزة قوى الأمن الداخلي في الإقليم ، و تشريع قانون ديوان الرقابة المالية المركزية ، و قانون المجلس الأعلى للتخطيط المركزي و قانون مجلس الخدمة العام و تشكيل مجلس الإنضباط العام و إعادة النظر في القوانين النافذة.

١٥- تشريع دستور للإقليم.

١٦- تعديل قانون أنتخاب المجلس الوطني لكوردستان العراق ، و إجراء إحصاء عام في الإقليم و إجراء الإنتخابات العامة.

١٧- معالجة الوضع الأمني و الإقتصادي السيء ، وإيجاد الحلول المناسبة و العاجلة و خصوصاً موضوع إعادة البنية التحتية لكوردستان.

١٨- توجيه الإعلام بشكل سليم يخدم واقع و مستقبل شعب كوردستان ، و يرسّخ طموحنا للوحدة الوطنية في كوردستان ، و إستتباب الديموقراطية و تثبيت حقوق الإنسان . و العمل على تأسيس جهاز إعلام حكومي.

١٩- إحترام قدسية البرلمان وتمكينة من ممارسة كامل صلاحياته القانونية و واجباته في كافة الأحوال و الظروف.

**جوهر نامق سالم**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فەرسەت. فەرموو کاک دکتۆر.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو بەیانەی کەئێستا پێشکەشتان کرد زۆر لێی کۆڵراوەتەوە وقسەی لەسەر کراوەو لەبەر ئەوە من هیوام وایە ئەگەر من بەسەری دا بچمەوە لە دووسێ جێگا سەرنج وتێبینیم هەیە، بەڵام وازی لێ دێنم، جا هیوام وایە لەسەر ئەو باسە زیاتر نەڕۆین، هەر ئێستا بیخەینە دەنگدانەوە ومەسەلەکە ببڕێتەوە، چونکە هەر سەرنج وتێبینی یەکی دیکە دەهێنێتە پێشەوە، لەبەر ئەوە هیوادارم کەلەو بارەیەوە هیچ وتووێژێکی زیاتر نەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرە نەبووم کە ئەو گفتوگۆیە کراوە، بەلام خاڵێکی سەرنج ڕاکێش هەیە کە حزبە کوردستانییەکانە، ئەوانەی دەرەوەی بەرە پشت گوێ خراون، ئەوانیش زۆر ڕۆڵیان بینیوە، وەکو کاری سەربەخۆیی وئەحزابی تر هەنە کەڕۆڵیان بینیوە وباسی ئەوان نەکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەتوانین بڵێین (أطراف الجبهة الكوردستانية وخارجها) وبەخاڵێک زیادی بکەین. کاک عەدنان فەرمووە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان بۆچوونی برای بەڕێز (کاک د.کەمال)م هەیە، بەس هەندێ شت پیاو نابێ لێی بێ دەنگ بێت، منیش نامەوێ لێرە رستەیەک لەپێشەکیەکە لە لاپەڕەیەک دا هاتووە (وأن كانت اثار التوتر والصراع لازالت قائمة هنا وهناك ألا أن جهوداً حثيثة تبذل للتطبيع الشامل) دەبێ لە أوضاع دا بنووسرێ (جهود حثيثة تبذل للتطبيع الشامل للأوضاع) چونکە بەبێ وشەی (الأوضاع) نابێ ولێرە ڕاوەستاوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەدنان، ئەگەر دەرگا بکەینەوە دیسان وتووێژ دەست پێ دەکاتەوە یەک پێشنیار هەبوو، من وای بۆ دەچم ئەگەر مامۆستایان مۆڵەتم پێ بدەن لەوانەیە هەر ئەوە بێت، وتمان بە (بسم الله) دەست پێ بکات، بەلام دەستیان پێ نەکردووەو لەوانەیە ئەو تێبینییە بێت.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە قسەمان لەسەر ناونیشانەکە نییە، بەڕاستی گەر لائحەی ناو دەنێین، وەرەقە عەمەلی ناو دەنێین، پەرلەمانی ناو دەنێین، ئێمە لە سەر ئەو شکلیاتە نەڕۆین باشە، بەلام تەنیا ئەوەی من دەمەوێ قسەی لێ بکەم، ئەوەیە کە لەدوایی دیباجەکەدا دەڵێ (ويستخلص العبر مما حدث فيه كل حزم وصراحة ووضوع لمرتكبي المأساة الواقعة) ئەگەر بیری لێ بکەینەوە، وەکو بڵێی انسجامێکی تەواوی لەگەڵ پەرلەمان و کوردستان دا نییە، بەلامەوە ئەگەر ئەو رستەیە ئاوای لێ بکرێ وبگوترێ (ويوصي بكل حزم وصراحة ووضوح لمرتكبي المأساة الواقعة بأن يستخلص العبر مما حدث فيه) یانی ئاوای لێ بکرێ باشترە ئەمە یەک، دووەمیش: لەخاڵی سێ یەم دا هاتووە. (احتلال دور الصلاة) وشەی (دورالصلاة) لە وڵاتی ئێمە لە کوردستان دا هەتا ئێستا بەکار نەهاتووە وبەلامەوە شتێکی سەیرە، پێشنیارەکە وابوو کە (بسم الله الرحمن الرحيم) لەسەرەتاوە بێت، ئێمە لەهەموو شتێکمان پشتمان بە خوا بەستووە، ئینجا لێرەش دا (دور

الصلاة) نەبوایە وهەر (دور العبادة) بوایە باشترە یان بیکەنە(المساجد والجوامع)ئەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەسەلەی (بسم الله) وئەو (دور عیبادە)یە ئەو ڕۆژەش پێشنیارم کرد، دیارە لەبیریان چووە برادەران، ئەوە (بسم اللّه) کەشمان دانا.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو تێبینی یەی مامۆستا باسی کرد لەشوێنی خۆیەتی، بەلام بەڕای من هۆکاری موجیبەشی باس بکرێ یانی (تحویل الاماکن المقدسة والعبادة والصلاه) نەکرێتە ئۆردوگا، ئەگەر لەمزگەوت بەئارپیچی و بەتۆپ لەخەڵک بدەن، تۆپی لێ دەدەنەوە، هەقە ئەوەش تێبینی بکرێت ولەسەری بنووسین، سەبارەت بە ئەوە ومەسەلەی (اصلاح الجهاز الاداري) تێبینی یەک هەیە، واباشە بگوترێ (تطهیر واصلاح واتمام الجهاز الاداري واجهزة قوی الأمن الداخلي في الأقلیم وتشریع قانون دیوان الرقابة المالیة المرکزیة وقانون المجلس الانضباط العام واعادة النظر في القوانین النافذة) جا ئەوانە خۆیان لەیاسای ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی پێ دراوە، لەبۆ هەندێکیان ئەگەر ئەوە هەر لەبۆ بەبیر هێنانەوە بێ، بۆ چاک کردن بێ، ئەوە زۆر باشە ئەگەر نا ئەوە هەندێکیان پێویست بەوە ناکات تەشریعی یاساییان بۆ بکەین. سەبارەت بە ئەوەی دەستوورێک بۆ هەرێم دەربکرێ، کۆمەڵێ لە شارەزا ولێژان دەستورێکیان ئێستا داناوە، لەبۆ هەرێمی کوردستان لەئەنجوومەنی وەزیران کە ئێمە گفتوگۆی لەسەر بکەین دەتوانین لەبۆ بەڕێزشتان بنێرین ولێرەدا قسەی لەسەر بکەین وخەڵکی شارەزاش هەنە لەو مەسەلە و، ئیدی هەر ئەو سێ تێبینی یەم هەبوو خستمە ڕوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو بابەتانە وابزانم جەخت کردنە، هەتاکو لەزۆر یاسای دیکەدا هاتووە، ئەمە تەنیا جەخت کردنە لەسەر کۆمەڵێک پرنسیپ، وەکو ئەوەی دەڵێین تەشریعی دەستوورێک بۆ هەرێم، بۆ ئەمە دوو سێ پرۆژەمان لە لیژنەی یاسادا هەیە، هیوادارین ئەویشمان بۆ بنێرن بۆ ئەوەی لیژنەی یاسا تەماشای بکەن، ئەم بەڵگەنامەوکارنامەیە تەواوبوو، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو (هەڵوێست)ە وەکو باسکراوە وەکو خۆی پەسەند بکرێت؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس. خاڵی دیکەمان باوەڕدان وسوێند خواردنی بەڕێز جەمال عەبدوول بوو بۆ پۆستی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، کاک عەبدوڵلا فەرموو پێشکەشی بکە بۆ ئەوەی ناوی خوای لێ بێنین.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نووسراومان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە کەبەڕێز مامۆستا جەمال عەبدول لەشوێنی

بەرێز کاک شێرکۆ بێکەس پۆستی وەزارەتی رۆشنبیری بگرێتە ئەستۆ ومامۆستا جەمال عەبدول خۆی مامۆستایەکی ناسراوە، پیاوێکی نیشتمان پەروەرە، پیاوێکە لەسەرانسەری کوردستان خەلکی چاک دەیناسن کەدلسۆز و وەفادارە بۆ میللەتەکەمان، هەروەها خۆیشی پێش ئەوەی کە ئەم ئیشەی بۆ پێشنیار بکرێ پارێزگاری سلێمانی بووە، لەئیش وکارەکانی دا سەرکەوتوو بووە وخەلکی سلێمانی شاهیدی بۆ دەدەن وهەروەها خەلکی کوردستان و، هیوادارم کەپەرلەمان باوەری پێ بدات وپۆستی وەزارەتی رۆشنبیری وەربگرێ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چی تێبینی هەیە لەسەر ئەوە، ئەگەر نییە با ئەم پێشنیارەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بخەینە دەنگدانەوە بۆ بروا پێدان بە بەرێز کاک جەمال عەبدول بۆ پۆستی وەزارەتی رۆشنبیری. دیارە چ تێبینی یەک نییە، ئێستا کێ لەگەلّ ئەم پێشنیارەیە؟.. کێ لەگەلّ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، زۆر سوپاستان دەکەین با کاک جەمال بفەرمووێ بۆ سوێند خواردنی یاسایی بۆ پۆستی وەزارەتی رۆشنبیری.

**بەرێز جەمال عەبدول:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، سوێند بەخوای مەزن دەخۆم بەدلسۆزی یەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لەیاسا رەچاو کراوەکانی بگرم وبەرژەوەندییەکانی گەل بپارێزم.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی و بەناوی ئەندامانی پەرلەمانەوە پیرۆزبایی یەکی گەرم لەکاک جەمال عەبدول دەکەین، هیوادارین کاک جەمال بەوجودی خۆی وەک وەزیری رۆشنبیری رۆلێکی تایبەتی هەبێ و ئەو گلەییەی کە لە مەسەلەی رۆشنبیریی دا دەکرێ نەمێنێ، بەتایبەتی مەسەلەی راگەیاندن.

ئێستا دەمێنێتەوە خالّی مەسەلەی باری ژیانی خانەنیشینان وفەرمانبەران، واتە خالّی کۆتایی، ئەم خالّە کە خرایە بەرنامەی ئەمرۆمانەوە، فراکسیۆنی پارتی پێشنیاری کردبوو کە کاک ئەحمەد سالار باسی ئەم بابەتە بکات، فەرموو کاک ئەحمەد.

**بەرێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کورد واتەنی (کاسەی پڕ ئاشتی مالّە) و **(برسیەتیش نانی هاری بەدەمیەوەیە!!) رەحمەت** لەگۆڕی پێشینان، زیاد کردنی مووچەی مووچەخۆران، **واتە چ کرێکاران چ فەرمانبەران، هەروەها** خانەنشین، واتە بەرێژەیەکی براوە (نسبەیەکی **مقطوع) وەک یەک بۆ هەمووان زیاد بکرێ، ئێمە** ئەزانین نرخ، رۆژانە لەهەلّبەزین دایە بەبێ دابەزین، **لەگەلّ ئەو بەرزبوونەوەیەش دا، نازارو**

برسیەتی وتەنگوچەڵەمەی هەزارەها زیاد دەکەن، واتە: زۆربەی زۆری گەلەکە ئازاریان زیاد دەکات وبەرزدەبێتەوە، ئێمە ئەگەر بێت و سەیری مووچەیەکی ئەو خەڵکە بکەین جگە لە پلەتایبەتیەکان، زۆربەی زۆری مووچە خۆران دەگرێتەوە کە ناگاتە (٤٠٠) یا (٥٠٠) دینار کەمترە لە (٣٠٠)دینارو زۆربەشی لە (٢٠٠) دایە وهەمیشەش بنەرەت لەسەر زۆربە دروست دەکرێ نەک لەسەر کەمایەتی و، ئەگەر بێتو ئێمە سەیری ئەوە بکەین پارووپێرار نرخی تەنەکەیەک رۆن ئەگەر لە (١٦٠) دینارەوە چووبێتە (٢٠٠) یان (٣٠٠) دینار، ئێستا چووبێتە (٥٠٠) یا (٦٠٠) دینار، یا فەردەیەک ئارد لە (٢٠٠) دینارەوە گەیشتبێتە (٦٠٠) دینارو بەرەو ژوورتر، ئەگەر ئێمە بپرسین لەماڵێک ئەگەر شەش سەرخێزان بێت هەر تەنها نانی رووت بخوات ئەگەر شەش کەسەکە هەر ژەمەی (١٠) کولێرەیان بوێ، رۆژێ (٣٠) کولێرە ئەکا واتە (٦٠) دینار ئەکا، حیسابی بکە چەند دەکات؟ بۆیە پرسیارێک کەهەمووی دەگرێتەوە، پرسیارێکی زۆر گەورەیە بەقەد پانتایی کوردستانی ئازادە ئەو خەڵکە بەچی ئەژین، ئێمەش دەڵێین ئەو خەڵکە بەچی ئەژین؟ ئێمە دەڵێین: ئەو خەڵکە بەکوڵەمەرگی ئەژین بەمەژی و مەمرە بەبرسیەتی بەژیانێکی تاڵ بەوەی ژیان نییە ئەگەر گەیشتە ئەوەی کەرەستەی ماڵیان فرۆشت، زۆربەی زۆری کەرەستەکەیان ئێستا پارە ناکەن ودەرگا وپەنجەرەیشی گرتۆتەوە، هەر بارەکە چاک نەبوو، ئێمە وەکو هەنگاوێک بۆ ئەو زۆربەی خەڵکەی کە بەربخۆڵەکێشی ئەژی، بتوانین وەکو یەکەم هەنگاو بەرێژەیەکی براوە بۆهەمووان وەکو یەک، چۆن یەک بتوانرێ زیاد بکرێ و وابزانم بەدەنگەوە هاتن، بەدەنگەوە هاتنی کاتی یەو، لەم قۆناغەدا ئەوەش خواستی هەموومانە، ئێمە دەبێ هەموو کەسێک کاتێ پاروویەک بۆزاری ئەبا ئاگاداری هەزارەها زاری برسییان بێ کەئەمرۆ کەوتۆتەوە، ئەگەر پرسیارێک، ئەگەر وەڵامێک هەبێ بڵێین باشە بەچی دەکرێ ولەتواناد‌ا نییە، ئێمە دەڵێین گرنگ هەیە وگرنگتر هەیە وگرنگترین هەیە، ئەمە گرنگترینە، چونکە کولێرە دەچێتە پێش هەموو شتێکەوە، پێش هەموو بایەخێکەوە، لەبەر ئەوە لەپێش هەموو شتێکەوەیە رەنگە بپرسین ئاشووبێ بوو بەچی گەرم کرا ئایا ئەو لایەنانە کاسبی و، بازرگانیان هەبوو، لەسەربژێوی ئەو خەڵکە یە، بۆیە داوا دەکەین، دەڵێین گرنگترە هەموو ئەو لایەنانە بوەستێنرێ لەپێناوی ژیانی ئەو خەڵکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد، ئەوە بابەتە کەیە، ئینجا کێ حەز دەکا قسە لەسەر ئەم خاڵە بکات، با ناونووسی بکەین.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیزئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورن پێشنیارەکە ئەوە بوو کەهی مووچەخۆران وخانەنشینان بوو، جا کاک ئەحمەد باسی خانەنشینانی نەکرد نزیکەی (٩٠) هەزارن، ئەوانە ئێستا دیناری چاپکراو وەردەگرن ئەگەر (٩٠٠) دینار وەرگرن ئەکاتە (١٠٠) دینار یا(٩٠) دینار.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە کاک ئەحمەد سالار ئاماژەی پێ دا و وتوویژی لەسەر کرد، ئەوە لەسەر بیروباوەڕ ورای هەموومانە، لەقوولایی دڵمانەوەیە بەڕاستی ئێمە و، من بەش بەحاڵی خۆم شەرمەزاری خۆم دەردەبڕم کە بەرامبەر مووچەخۆرێک یا خانەنشینێک کەئەچمە ماڵەکەی سەیر ئەکەم دەرگا کەی نەماوە، پەنجەرەکەی نەماوە، سەللاجەکەی نەماوە، فەرشی ژێر منداڵەکانی نەماوە، دەڵێ : ئەوەی کەماومە بیفرۆشم دووقاتم هەیە قاتێکم داناوە لەبەری بکەم وقاتەکەی ترم داناوە بیفرۆشم، لەبەر ئەوە دەبێ چارەسەری ئەم برسییانە بکرێ، نابێ هەر بیر لەخۆیەتی بکرێتەوە با بەراوردی بکەین لەنێوان ژیانی ئەوانە وژیانی بەڕێوبەری گشتی یاخود کە فەرمانبەرێک بێ لەپلەیەکی بەرزدا، بزانین مووچەی پلە بەرزەکان چەند جار بەقەد مووچەی ئەوانەیە کەوەری دەگرن، تەنانەت بەچوارمانگ داینێین ناتوانن نیو فەردە شەکر، نیو فەردە ئارد نیو فەردە برنج بکڕن بۆ ماڵ ومنداڵیان، ماڵ ومنداڵ بوون بەئاو فرۆش لەسەر جادە، ئافرەت بوو بەگوڵ چنی گەنم لەناو پەرێز ولەناو خەرمانەکان دا، دەبێ زوو چارەسەری ژیانی ئەمانە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری، ئەوداخوازی یە دەکەم کە فەرمانبەران مووچەیان بۆزیاد بکرێ، بەڕاستی توێژێکی زۆر هەژارن وخێریان پێ ڕەوایە، بەڵام ئەگەر لەلایەنی ژمارەوە دەست پێ بکەین، تەماشا دەکەین ئێستا (٢٠٠) هەزار فەرمانبەرمان هەیە و(٩٠)هەزار خانەنشینمان هەیە، بەس بەژمارە مووچەی مانگانەی فەرمانبەران (٥٥) ملیۆن دینار دەکا، واتە وەکو ژمارەیەکی تەخمینی نزیکەی (٧١) ملیۆن دینار ئێستا ئەیدەین وهی خانەنشینەکان ئەوەی فەرمانبەران (٥٥) ملیۆنە ئەگەر خانەنشینەکان بدەین (١٦) ملیۆنی دەچێتە سەر کەنزیکەی (٧١ ـ ٧٢ )ملیۆن دینار ئەکات ژمارەیەکی تەخمینی یە، زیاد کردنی مووچەی فەرمانبەران بەڕاستی بە (١٠) دینار و (١٥) دینار و(٥٠) دینار نابێ، ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەک هەیە لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش بکرێ، خۆی لەئەساس دا لەحکومەت دا بێ کاریەکی داپۆشراو هەیە، ئێمە ئەبێ چارەسەری ئەم بێ کارییە داپۆشراوە بکەین، سەبارەت بە فەرمانبەرانەوە، بەڵام تا ئەو کاتە پێویستە ئێمە یارمەتی فەرمانبەران بدەین، بەڕای من بەوەی کە ئازووقەیان بدرێتێ بە گوێرەی بیتاقە باشترە، لەوەی کە ئێمە مووچەکە زیاد بکەین، ئازووقە بەنزیکەی (٢٠٠) هەزار فەرمانبەر و (٩٠) هەزار خانەنشین بدەین، (٩) ماددەی سەرەکی هەیە، ئاردو برنج ورۆن وئەمانە ئەگەر بۆ سەرانسەری کوردستان دراسەتێک هەیە بۆ (٢ ملیۆن و ٨٥٠ هەزار) کەس ئەگەر بیدەین، مانگانە پێویستمان بە (٧) ملیۆن دۆلار هەیە ئیستیرادی بکەین ولەدەرەوە وبەگوێرەی بیتاقە دابەشی بکەین بەسەر (٢ ملیۆن ٨٥٠ هەزار) کەس و(٧٥٠) هەزار ئاوارە ڕێکخراوە بێگانەکان

خۆیان بەرپرسیارن بۆ دابەش کردن بەسەریان دا واتە لیرە (٢٩٠) هەزار لەو (٧) ملیۆنەی کەوتم زۆر زۆر کەمترە، جا دەبێ دراسەتێکی وابکەین، سوپاس.

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

سەبارەت بە ئەو کێشەیە، بەڕاستی کێشەیەکی زۆر زۆر گران و واقیعێکی رۆژانەی هەموومانە، هەمـــوومـــان لەژێری دا دەناڵێنین، چونکە مـــەســـەلەیەکی زۆر زۆر گـــرنگە، بەتایبـــەتی پاش رووداوەکانی ئەم دوایی یە، لەو شەڕ و شۆڕەدا بەشکڵێکی زۆر خێرا نرخی شت بەرزبووەوەو، بەجۆرێکی سەیر، کەبەڕاستی کاک ئەحمەد سالار رستەیەکی زۆر زۆر عەزیمی وت کەئەڵێ ئایا ئەم خەڵکە چۆن دەژین وهەموومان هەموو لەحزەیەک ئەو قسەیە دەکەین و، دەڵێین: ئەم خەڵکە چۆن ئەژین؟ بەچی دەژین وچ دەخۆن؟ برای بەڕێزم د.سەلاح باسی ئەوەی کرد کەوا دراسەت بکرێ، بۆیە من لەگـەڵی دام بەگـورجی وبەپەلە ئەو پارەیە زیاد بکرێ لەگـەڵ پارە زیاد کـردنەکـەش هەر لەسەرەتای گفتوگۆکردنی بودجە بەڕێز فرەنسۆ هەریری پێشنیاری ئەوەی کرد کەبەشێک لەبودجەکە تەرخان بکرێ بۆ پشتگیری کەرەستەی خۆراک. ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز جـــــمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بەڕاستی بەڕێز مامۆستا ئەحمەد سالار باسی ژیانا قورس یا فەرمانبەر وکرێکارا لەحکومەتا هەرێما کرد هەروەها خانەنشینان، زێدە کرنا نسبەتی ڤی کەمتر نەبی لە ١٠٠٪ یان ئەگەر توانابێت وەکو نسبە هەر کەمتر نەبێت لە ٥٠٪ ومەرجی زێدە کردنا کەمترین موچە کەمتر نەبێت لە (١٠٠) دینار وئەوەی دی زێدە تر بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا رەســـوڵ:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

هەرچی دەربارەی ئەو خەڵکە خۆراگرەی کوردستان بڵێین هەر کەمە، کەبەبرسیەتی ونەبوونی وبێ سووتەمەنی خۆی راگرتووە وپشتی ئێمەشی بەرنەداوە، هەر چەندە نارازیش بن ورەخنەمان لێ بگرن بەرامبەر بەمە ئێمە چیمان بۆ کردوون؟ هیچ شتێک نەکراوە، کراوە بەڵام وابزانم نەمان توانیوە شتی گەورەتریان بۆ بکەین وئەوە نەبێ کە بەکارەسات مەرگیان بۆ بێنین پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی راستەقینەمان هەبێ، هەنگاوی بەپەلە نەنێین کەئەڵێین مووچە زیاد بکەین کەس نییە بڵێ زیادی مەکەن، ئەگەر توانامان هەبێ، بەڵام کەمووچە زیاد دەکرێ ئاگاداری بازاریش بین، ئێمە ئێستا لەکوردستان چینێکی خاوەن پارەی سەرمایەداری زەروو سروشت ومشەخۆر هەنە کەلەسەر حسابی برسیەتی و کارەساتی ئەو خەڵکە دەژین، زۆر جار دیومانە کە مووچەی توێژێک، تاقمێک، دەستەیەک مامۆستا یا فەرمانبەر زیاد دەکرێ، ئەو رۆژە لەبازاڕ نرخ بەرزدەبێتەوە، دەبێ ئێمە ئاگامان لەم لایەنەش بێت، سوپاس.

**بەڕێز عــەفــان عــوســمــان نەقــشــبــەندیی:**
**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئــەنجـــــومـــــەن.**

ئەوەی برایان ئاماژەیان بۆ کرد، زۆر جێی خۆیەتی، بەڵام من حەز دەکەم ئاماژە بۆ یەک دوو خاڵ بکەم کەبرایان باسیان نەکردووە ئەویش ئەوەیە لەم ماوەیەدا لەسێ چوار توێژی فەرمانبەران دەستکاریی مووچە کرا وبۆیان زیاد کرا، وەکو فەرمانبەرانی تەندروستی، وەکو پۆلیس وەکو ئەندازیاران، بەڵێ سەبارەت بە دەرماڵەوە، بەڵام ئەوەی زۆر مەغدوورە ناڵێم خانەنشینان، بەڵکو ئەوەی زۆر مەغدوورە وهیچ ئیشێکی پێ ناکرێ زیاتری مامۆستایە، کە ئەرکێکی گرانیان لەسەر شانە، بەڕاستی ئێستاش من حەز دەکەم کە جەنابتان ئاگادار بن کەزەنگی خەتەر لێ ئەدا، بەتەمای ئەوەی هەن کە ئەگەر وابێ ناتوانن دەوام بکەن، چونکە بەڕاستی دەوامیان بۆ ناکرێ وئێوە ئاگادارن مامۆستایەک دادەمەزرێ (١٧٥) دینار وەردەگرێ وبە (١٧٥) دینار دەبێ لەلادێوە هاتوچۆ بکات لەگەڵ ئەوە ئەو دەرماڵەیەش کەوا هەندێک فەرمانبەر وەری دەگرن، ئەوانی تێدانییە هەتا چاک کردنی دەفتەرەکانیان هەبووە، ڕۆژی سێ دیناریان نەبووە کەبیدەن بە خواردن بە (٣) دینار نان ناخورێ، ئینجا لەبەر ئەو بارە ناخۆشە ئەوەتا یەک دوو یاداشتیان پێشکەش بەڕێزتان کردووەو پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانیان کردووە بۆ دەستکاری کردنی مووچەی مامۆستایان پێش ئەوەی ئەزموونەکان دەست پێ بکەن پێویستە زوو چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـــەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئــەنجـــــومـــــەن.**

بێگومان باری بژێوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان زۆر ئاشکرا وروونە وبرادەران لەهەردوو فراکسیۆنەوە زۆر بەباشی روونیان کردۆتەوە، بەڵام ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزینەوە، تەنیا بۆیان نەگرین، بەلای منەوە کەئێستا باری خانەنشینەکان خاڵی سەرەکییە کەیە، کەئێستا باس دەکرێ، بۆ نموونە: ئەوان دەبێ لەپێش هەموو کەسێک چارەسەر بکرێت، ئەوان دەچن بۆ مەخموور بۆ پردێ مووچەکەیان وەردەگرن، ئەو پارەیە وەردەگرن، نیوەی لەڕێگا سەرف دەکەن، بایی نیوەکەی تر زیاتر ئیهانە دەکرێن لەڕێگادا، ئینجا دێنەوە پارەیەکی چاپکراو کەلەدەیا یەکی پارەی ئێمەیە، مانای ئەوەیە پارەکە ئەوە ناینێ کەبچن وەری بگرن ولەبەر هەندێ زۆربەی خانەنشینەکان داوایان کرد بگەڕێنەوە سەر وەزیفەکانی پێشووی خۆیان، بۆیە دەڵێم زوو چارەیەکیان بۆ بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا تەها مـــحـــەمـــەد تەها:**
**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئــەنجـــــومـــــەن.**

فەرمانبەر ئەوە موچەکەی هەیە، ئینجا ئەوەی کە هیچ شتێکی نییە و وەزیفەشی هەر نییە ئەدی ئەوان چ بکەن، گوایە ئەوان چیان نەفرۆشتووە؟ چیان هێشتۆتەوە؟ دەبێ چارەیەکی ئەوانەش

بکرێ، بەڕاستی ئەو ئۆردووگایانە بەشێوەیەکی تایبەتی کەنەکاسبی یەکیان هەیە نەفەلاحەتیان هەیە ونەمووچەیان هەیە فەرموو ئەوانە چۆن بژین؟ دەبێ چارەی ئەوانەش بکرێ، خاڵی دووەم: سەبارەت بە ئۆردووگای پیرزین ئەوە دوومانگە مزەخەیان سووتاوە وئەم هەموو خەڵکە داوا دەکەن مزەخەیەکیان بۆ دابین نەکرا وخەڵکەکە ئێستا بێ ئاو ماونەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مامۆستا خاڵی گفتوگۆمان دیاری کردووە کە بۆ یەک بابەتە، ئێمە دانیشتنێکی ترمان هەیە بۆ مەسەلەی باری ئابووری، ئەوە لەوێ باسی بکە، بەڵام ئەمڕۆ تەنها بۆمەسەلەی مووچە خۆرانە وبۆ خانەنشینەکانە و هەر لەم هەفتەیەدا ئێمە دانیشتنێکی ترمان هەیە لەسەر باری ئابووری گشتی، ئینجا لەوێ دەتوانی ئەم بابەتە بخەیتە ڕوو، مامۆستا مەلا مەحمود فەرموو.

**بەڕێزمەلامەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاستی وەکو برادەران باسیان کرد مەسەلەی فەرمانبەرو مووچە خۆر باری ئابووری ئەوان گەلەک هاتیە خوارێ، بارگەیشتە ئەوەی کەخەڵک جلی خۆ بفرۆشی، ئەگەر ئەم بارە چارەسەر نەکرێ بێگومان سەلبیات پتر پەیدا دەبێ، وەکی بەرتیل، وەکی دزی وەکی بەتاڵی وهەموو شتەک تەفەسخ دەکات، خەڵکەکە دەڵێن با پەرلەمان لەگەڵ حکومەتی هەرێم چارەیەکمان بۆ ببینێتەوەو، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی برادەران باسێکی تێرو تەسەلیان کرد، بەتایبەتی ئەوەی کاک ئەحمەد سالار باسی کرد وکولێرەکانی بەرێکوپێکی حیساب کرد چەند دەکا وچەند ناکات، لەبەر ئەوە بەلای منەوە ئەو ئازارو وبرسیەتییە تەنها چینێکی نەگرتۆتەوە، هەموو چینەکانی گرتۆتەوەو فەرمانبەر کەپێیان دەڵێن (ذوي الدخل المحدود) ئەوانە پەکی ئەو لاو وئەو لایان کەوتووەو، ناتوانن هیچ ئیشێک بکەن وئەوان ڕەنگە لەهەموو کەس هیلاکتر بن بەس ئەمە بەشێوەیەکی زانیاری وبەواقیعی بازاڕ وئەو شتانەی کەئێستا لەبەر چاومانە ئەیبینین، سەیر ئەکەین، تەنەکەیەک ڕۆن بە (٥٠٠) وئەوەندە دینارە باوەڕ ناکەم هیچ فەرمانبەرێک مووچەکەی بکاتە ئەوەندە، لەبەرئەوە بەلای منەوە چارەسەر ئەوە نییە مووچەی فەرمانبەر زیاد بکەین، بەڕاستی پێویستە هی خانەنشینەکان زیاد بکرێ، ئەوانە هەر زۆر هیلاکن وپەکی ئیش کردنیان کەوتووە وناتوانن هیچ ئیشێک بکەن، ڕەنگە خەڵکی زۆر پیروپەککەوتەبن، بۆیە دەڵێم پێویستە ئازووقەیان بەسەردا دابەش بکرێ، ئازووقەکە دەردەکەیان چارەسەر دەکات، چونکە کەمووچە زیاد دەکرێ نرخی بازاڕی شت ومەک گران دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێگای سەرسوڕمانە کەوا چەند جارێک لەپەرلەمان باسی زیاد کردنی مووچەی فەرمانبەران دەکرێت، فەرمانبەران، فەرمانبەری حکومەت، دەبێ ئەو حکومەتە چارەسەری یەکیان بۆ بدۆزێتەوە ئێمە مەسئولیەتێکی نا ڕاستەوخۆمان هەیە، مەسئوولیەتی ڕاستەوخۆ لەئەستۆی حکومەتە، ئەو فەرمانبەرانەی لەلای ئەوحکومەتە ئیش دەکەن، پرۆژە تائێستا پێشکەش کراوە بۆ پەرلەمان، بەس جێگای ئێمە جێگای تەشریعیە، دەڵێین کەوا پارەکە بەش ناکات لەلای حکومەت ڕەنگە ئیراداتیان بەش نەکات، بۆ ئیرادات زیاد ناکەن، بۆ نەفەقات کەم ناکەنەوە؟ برادەران باسی ئەوە دەکەن ئەگەر مووچە زیاد بوو ڕەنگە نرخی بازاڕ زیاد بێ، من دەڵێم نرخی بازاڕ بەند نییە بەمووچەی فەرمانبەرانەوە، چونکە مووچەی ئەوانە بەدینارە کەچی نرخی شتی بازاڕ بەدۆلار زیاد دەبێ، کە زیاد بوون کەوتە نرخی دۆلار لەبازاڕ شت زیاتر نرخی زیاد دەبێت، بۆ مەسەلەی بابەتی ئازووقە کەوا دابەش بکرێ بەسەر فەرمانبەران دا، بۆ ئەو ئازووقەیە بەپارە ناکرێ؟ حکومەت ئەو ئازووقەیە ناکرێ؟ لەجیاتی ئەو ئازووقەیە بکرێ با مووچە زیاد بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەندامێکی پەرلەمان مافی خۆیەتی باسی ئەم کێشەیە بکات، جەنابت وەکو ئەندامێکی پەرلەمان هەقە باسی ژیانی خەڵک بکەی چ فەرمانبەر چ هاووڵاتی یەکی تریش بێت جگە لە فەرمانبەر، چونکە باس کردنی ئەرکی سەرشانی ئەندامانی پەرلەمانە.

دووەم: ئەگەرتۆزێ بەوردی و بە چڕیی بیربکەینەوە بابەتەکە لەبارەی مووچەی فەرمانبەران وخانەنشینان ئەمانە بەیاسا مووچەیان دیاری کراوە وئەبێ بەیاسا مووچەکەیان زیاد بکرێ یان کەم بکرێتەوە، بۆیە مافێکی زۆر ئاسایی یە لێرەش باس بکرێ وئەبێ هەر لێرەش بڕیارێکی لەسەر بدرێ، کاک ئەیاد فەرموو.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من چەند هۆیەک لێرە دیاری دەکەم، هەروەها چەند پێشنیارێک پێشکەش دەکەم تا ببێتە مایەی لێکۆڵینەوە کردن، لەدوا ڕۆژیشدا تاکو بتوانین ئێمە چارەسەرێکی بن بڕ بۆ ئەو بارە بکەین، بەڵام بن بڕییەکە بەپێی توانای سنوورداری حکومەتەکەی خۆمان، واتە ئێمە ئاگاداری ئەو بارە بین یەکەم شت یەکێک لەو هۆیانەی لێرەدا دەستی حکومەت بەستراوە کە ناتوانێ مووچەی فەرمانبەران زیاد بکات، چونکە فایزێکی زۆر لەفەرمانبەران هەیە، کەدەبێتە مایەی ئەوەی کە بیرێ لەژمارەکەی بکرێتەوە لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە، من پێم وایە هەتا ئێمە وەکو پەرلەمان کەبیر لەژمارە خەیالیەکە دەکەینەوە، ژمارەیەکی زۆر گەورەیە، بەڕاستی ئێستاکە گەر بۆ هەر فەرمانبەرێک (١٠٠) دینار، (٢٠٠) دینار، (٥٠٠) دیناریش زیاد بکەین پێم وایە

ناتوانین، تەنیا دەتوانین بەشداری لە چارەسەرکردنی بەشێکی کەمی کێشەکانی ئەو فەرمانبەرانە بکەین، ئایا ئێمە چەند فەرمانبەرمان هەیە تا بتوانین ئەگەر لە (١٠٠) تا (٥٠٠) دیناریان بۆ زیاد بکەین، واتە ئەوە ژمارەیەکی زۆر زۆر خەیالی یە، ئایا داهاتی حکومەتی کوردستان ئەم ژمارەیە هەڵدەگرێ؟! بەڵام ئێمە دەتوانین بەجۆرێکی دیکە چارەسەری ئەم مەسەلەیە بکەین، دووەم هۆ ئەوەیە بێکاریەکی زۆر داپۆشراو هەیە بێ لە فایزی فەرمانبەران، سێ یەم شت ئەوەیە تەعیناتێکی نوێ کرا پاش دروست بوونی حکومەتی کوردستان، هەروەها خانەنشینێکی زۆریش گەڕاندرانەوە سەرئیش، ئەوانیش مووچەیەکی زۆر دەخەنە سەر بودجەی حکومەت وهەروەها عقوودی نوێ دەکرێ لەفەرمانبەران، هەروەها مۆڵەتی فەرمانبەران هەیە، ئێمە ئاگادارین مۆڵەت لە مۆسەسەکەی خۆی یا لە دائیرەکەی وەردەگرێ ودەچێ لە مۆسەسەیەکی حکومەتی سەربە حکومەتی کوردستان دیسان بە عەقد ئیش دەکاتەوە ، واتە ئەوەش غەریبە، هەروەها مەسەلەی خانەنشینەکان، ئینجا من دێمە سەر ئەوەی ئێمە چی بکەین وچارەسەرییەکەیان چۆن بکەین؟ یەکەمیان من پێم وایە حکومەتی کوردستان دەرگای ئەوە بکاتەوە کە مۆڵەتی بێ مووچە بداتە فەرمانبەران وکە مۆڵەتی بێ مووچەی دەداتێ، ئەو فەرمانبەرە وەزیفەکەی پارێزراوە وهەرکاتێکی کە مۆڵەتەکەی تەواو بوو دەگەڕێتەوە جێی خۆی یان جێگەیەکی تر کەسەر بە مۆسەسەکەیەتی، یاخود سەربەدائیرەکەیەتی ودەتوانێ کە اجازەی بێ مووچەی وەرگرت ئیشێک بۆخۆی بکات، ئەگەر پێی وابێ و لەدەستی بێ ئیشێک بکات، دووەم شت: تەعینات رابگیرێ تەنها لەحالاتی زۆر پێویست نەبێ وەکو کوادری پسپۆڕ کە لەدەرەوەی کوردستان دەگەڕێنەوە یاخود بەپێی میلاکات بەپیی نەخشەی مەرکەزی کەلەحکومەتەوە دابنرێ ئەو دامەزراندنانە بکرێن ، سێ یەم شت: ئێمە دەتوانین فەرمانبەر خانەنشین بکەین، واتە ئەوانەی خزمەتیان لە (١٠) ساڵ یان لە (١٥) ساڵ بەرەو سەرەوەیە، دەتوانێ حکومەتی کوردستان هەمان شت پرۆژەیەکی ئاوا پێشکەش بکات کە یاسایەکی پێ دەرچێت هەر فەرمانبەرێک بتوانێ بۆخۆی خانەنشین بێ، کە خانەنشین بوو ئەو کاتی ئەو مووچەی کەوەری دەگرێ ئەوەش هەندێ لەمەسئوولیەتی حکومەتی کوردستان کەم دەکاتەوە، چوارەم شت ئەوەیە کە ئێمە بتوانین مۆڵەتی بەنیو مووچە بدەین و بەم هەنگاوانە دەتوانین تاڕادەیەک چارەی ئەم مەسەلانە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەنگە قسە نەمابێ من بیکەم، بەڵام برادەران قسەیان کرد بەس ئاماژە بەیەک دوو خاڵ دەدەم. یەکەم جار باوەڕم بەو وتەیە هەیە دەڵێ ( بەقەد بەڕەی خۆت پێ ڕاکێشە ) تەبیعی دارایی وئابووری ئێمە، واتە حکومەتی هەرێم، ئەگەر هەڵی دەگرێت ولەتوانای دا هەیە با مووچەی مووچەخۆران بەیەکسانی زیاد بکات وهەمووشیان مافیان هەیە وئێمە مافمان هەیە کە پشتگیری یان لێ بکەین، ئەگەر دارایی هەرێم هەڵی بگرێ مافی خۆیانە، لێرانە خانەنشین دەکەم بەدوو

بەشەوە، رەنگە برادەران قسەیان لێ کردبێ، بەڵام خانەنشینی دووبەشە خانەنشین هەرێممان هەیە ئەوەی کەمووچەکەی لەناو مووچەی مووچەخۆرانە، رەنگە چارەیان بکرێ، خانەنشینی مەرکەزی لەحکومەتی مەرکەزی خانەنشین کراون ئەوەش دووبەشە، یەکێکیان خانەنشین کراون وهەتا ئێستا فلسێک پارەیان وەرنەگرتووە، بەڵام ئەوانە کەمن، هەق وایە حکومەتی هەرێم ئەگەر سەر ژمێرییەکیان بۆ بکات ولێیان بپرسێتەوە، ئەوەی لەناو فەرمانبەرە، چونکە ژمارەیەکی کەمن دوای ئەوەش خانەنشین دائیمی دێت ولەوەزارەت چەند دەکات، ئەوە بەپێی توانای حکومەتی هەرێم ئەگەر دارایی هەبێت چارەی بکات زۆر زۆر باشە، ئەوەی کەمن ئاماژەی بۆ بکەم و زیاتر مەبەستم بێ کارەکانن، ئەوەی کە بێ کارن حکومەتی هەرێم چۆن بیری لێ بکاتەوە وچۆن چارەسەری ئەکات، چونکە بێ کاریش بەشێکی گەورەی ئەم میللەتەن، ئەگەر بتوانرێ کەل و پەلی خۆردنیان بۆ رێک بخرێت. ولەم رووەوە ئەگەر بێ بەش نەبن لام وایە ئیشی زۆر باش دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی خانەنشین برادەران قسەیان کرد، بەڵام مەسەلەکەیان تێکەڵاو کرد، مەسەلەی فەرمانبەران لەگەڵ خانەنشینان دا تێکەڵاویان کرد ئێمە دەمانەوێ ئێستا تەرکیز لەسەر خانەنشینان بکەین، من پشتگیریی بەڕێز کاک ئەحمەد دەکەم کە ئەو پێشنیارەی پێشکەش بە پەرلەمان کرد ومەسەلە کە مەسەلەی یارمەتی دانی خانەنشینە ولەبنچینە دا بارەکە ئەوەیە کە باسی دەکەین، خانەنشین هەرچەندە باسی لێ وە بکەین هەر کەمەو، چونکە هەموومان دەزانین کە توێژێکی کڵۆڵ وکەساس و وبێ دەرامەتن بەتایبەتی خانەنشینە کۆنەکان، تائێستا ئەوە دووساڵە فلسێکیان وەرنەگرتووە بۆ ئەو مەسەلەیە چی بکرێ؟ یەکەم: داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێ بەپەلە لیژنەیەک لەشارەزایان پێک بێنێ ودەربارەی ئەو مەسەلەیە دراسەیەکی بۆ بکرێ ولێی بکۆڵنەوە، من لە بیرمە لەکابینەی یەکەمی وەزارەتی هەرێم پرۆژەیەکمان پێشکەش کرد من خۆم ئیمزام کرد وپاش ماوەیەک بەڕێوەبەری گشتیی خانەنشینی کە کاک نەسرەدین تەلەفۆنی بۆ کردم وگوتی: کاکە شێخ ئەوە مەسەلەی خانەنشینان هاتۆتە لام ورای منیان دەوێ وتم: چی باشە بۆ خانەنشینەکان بینووسە و بینێرە بۆ وەزارەتی دارایی ئەو رای خۆی وەکو بەڕێوەبەری خانەنشینی هەولێر کاک نەسرەدین نووسی وناردی بۆ وەزارەتی دارایی وئابووری، ئێستا پرۆژەکەی کابینەی یەکەممان کە کاتی خۆی پێشکەش کراوە لە لایەن (٣) ئەندامی پەرلەمانەوە، ئەوە لای وەزارەتی دارایی وئابووری یەو، وەڵامی وەزارەتی دارایی کابینەی یەکەم ئەوەکات ئەوەبوو (العین بصیرة والید قصیرة) کە پارەمان نییە وئەوە پارەیەکی زۆری دەوێ وبودجە ئەو بارەی پێ هەڵناگیرێ، دووبارە لەکابینەی دووەم ئەو پرۆژەیە داوا کرایەوە تاکو یارمەتی خانەنشینان بدرێ وئیمزا کرا، دیسان گەیشتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەتا لەبیرمە کاک عەبدوڵڵا خۆی لێرە بوو، ئەو بابەتە هاتەگۆڕێ، گووتی: ئامادەینە کەوا پارەی براوە (٢٥٠) دینار، (٢٠٠) دینار تا (٢٥٠) دینار

بدەینە خانەنیشنەکان، ئەوە لەبیرمە وپاشی ئەوەش بەداخەوە تاکو ئێستا ئەو مەسەلەیە چارەسەر نەکراوەو هیوادارم زوو چارەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلاتەلحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قسەکان هەموو کران، من پشتگیری لەقسەی برادەران دەکەم کە داوای زیادەی مووچە دەکەن بۆ هەموو فەرمانبەران، بەڵام وابزانم ئەمە چارەیەکی تەواو نییە، ئەو مووچەیە وا دەزانم ئەو سلفە وقەرزە، ئەگەر چارەیەکی بکرێ، یان لیژنەیەک هەبێت لەدەرەوەی هەرێم پارە بێنێ وبیدا بە فەقیرو چارەی ئەو هەژارانە بکات کە بێ مووچەن ئێستا ئەوان هاوار دەکەن، کەمووچە بۆ فەرمانبەران زیاد بکرێ وبۆ خانەنشینان زیاد بکرێ ئەو هەژارانە دەبنە قوربانی، چونکە مووچەیان نیەو چ حسابێکیان بۆنەکراوە و دەکەونە مشەوەشی ونیگەرانی یەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ئەوەندە دەڵێم: من پشتگیری ئەوبرادەرانە دەکەم کەبابەتی خانەنشینەکانیان باس کرد ومنیش دەڵێم لەڕاستیدا دەبێ چارەیەکیان بۆ بدۆزرێتەوە بەتایبەتی ئەو خانەنشینانەی کەمووچە لەحکومەتی مەرکەزی وەردەگرن لەبەرئەوە ئەوان بارێکی تایبەتی یان هەیە وباری ژیانیان زۆر خراپە هەتا لایەنی مرۆڤایەتی ڕەچاو بکرێت، ئێستا لەدوای ئەوە هەتا ڕێگاکانی چوونیشیان بۆ وەرگرتنی مووچەی خانەنشینان زۆر زەحمەت بووە بۆ هاتووچۆ، بۆیە پەلەبکرێت لە چارەسەری کێشەی ئەو خانەنشینانە ، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەز باش دبینم لیژنەی دارایی لەگەڵ وەزارەتی دارایی بزانن کو ژمارە چەندە و توانستی وان چەندە، بەزووترین کات پێشنیارا خۆ عەرزی پەرلەمان کەن، بریار بێتە سەر وەرگرتن، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم لەخۆشی ئەو بڕیارە کەلەپێشەوە دامان، کارنامەکە بەتێکرای دەنگ بڕیاری لەسەر درا، برادەرانی ئەمڕۆ هەموو پێشنیاریان هەیە، هەر یەک دەیویست لەو بارەیەوە قسەیەک بکات بەڕاستی مەسەلەکە زۆر کورتە، نازانم بۆچی وادرێژەی کێشا، من پێشنیارێکم هەیە بۆ سەرۆکایەتی بەڕێزی ئەنجوومەن کەماوەی ئەوە نەدرێ کەلەباسەکان بچنە دەرەوە، ئەو باسە باسی خانەنشینان بوو، دوو برادەر لەوبارەیەوە قسەیان کرد، ئیتر ئەمان توانی لەو بارەیەوە بگەینە ئەنجام، ئەوەی مەبەست بوو خانەنشینان بوو، پاشانیش مووچە خۆران، وەکو خۆتان لەپێشەوە روونتان کردەوە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی باری ئابووری یەوە باس

بکرێت ئەوەندەی پەیوەندی بەخانەنشینانەوە هەیە و بەپێی زانیاری من لەلایەن وەزارەتی دارایی یەوە لەو بارەیەو بریارێکیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی د.کەمال زۆر بەجێنە، بەلام زۆر لە برادەران هەن کەرەخنەیان هەیە لەدەستەی سەرۆکایەتی کەماوەی قسەکردنیان نادەن، جا لەبەر ئەوەیە کاک جوهر هەموو ناوەکان دەنووسێت وئەوەی کە دووبارەی تێدایە هەر پەسەندە، ئەوەی کە دەڵێ بەخوا قسەکانی من لەپێشا هەمووی کران وبەلام خاڵێک دەڵێ، خاڵەکەش هەر ئەوەیە لەگەڵ هەموو ڕێزمان دا بۆ ئەندامانی ئەتوانرا (٤ ـ ٥) کەس قسە بکەن لەسەر ئەم بابەتە تەواو ئەبێت، جگە لەوە هەرچی وترا هەمووی دووبارەکردنەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆرسوپاس، باوەڕناکەم بابەت رەخنە بێت، بەلام کەبرادەران دەیانەوێ لەسەر بابەتێکی واگرنگ قسە بکەن لەڕاستی دا دەبێ ئێمە ڕێگە بدەین برادەران قسە بکەن، بەلام کەهەندێ جار دووبارە دەبێتەوە، یەک: لەبەر ئەوە قسەی ئەوە وئەو پێوەی ماندوو بووەو بیری لێ کردۆتەوە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان، مافێکی سروشتی ئەویشە قسەی لەسەر بکات.

دووەم خاڵ: کاتەکەیە، لەڕاستی دا کە ئەو برادەرە وتی: تۆ کە تەسمیەی ئەکەی تەواو، ئیتر پێویست ناکات کاتی خۆت بەوەوە بفەوتێنی ئەوە کورت کردنەوەشە لەکات، بەلام زۆر جا برادەران پشتگیری برادەرەکەی پێش خۆیان دەکەن و، بەلامێکی دەخەنە پاڵ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەقسەکانی کاک د.کەمال دەکەم، من پێم وایە پێشنیار بکرێ وەزیری دارایی بانگ بکرێ بۆ ئێرە بزانین چی کردووە؟ چی دەتوانێ بکات؟ ئەوکاتە بریارێکی لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەک هەر داوا دەکەم بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری بێتە ئێرە، بەڵکو داوا لەدەستەی سەرۆکایەتی دەکەم، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، بودجەکە پێشکەش بە پەرلەمان بکرێ، چونکە لەناو برگەکانی بودجەدا یەک لەپێشنیارەکانی برای بەڕێزم کاک فرەنسۆ ئەوەیە دەڵێ ٢٠٪ی بودجەکە تەرخان بکرێ بۆ خواردەمەنی، دوو: ١٦٠ ملیۆن دینار لێرەدا گفتوگۆی لەسەر کرا بەو ناوەی تەرخان کراوە بۆ گەنم کرین ودانەوێڵە، سێ: زیاد کردنی مووچەی مووچەخۆرانیش برگەیەکی تێدایە با بودجەکە بێتە ئێرە ولێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێک،

چونکە ٨/١ پشوو دەست پێ دەکات کەی ئەو بودجەیە پەسەند بکەین، ئەو بڕگانە هەموویان دەبێ لەناو بودجە موسادەقەی لەسەر بکرێ، بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ مەسەلەی بودجە، ئێوە دەزانن لیژنەی ئابووری بەدەنگ لەسەردانی ئەندامانی پەرلەمان، واتا بەزۆربەی دەنگ ناردراوە بۆ حکومەت، بۆ ئەوەی ئەو کەم وکوورِیە پڕ بکرێتەوە ولەسەر ئەو بنەمایە کەمەعلوومات بێت و گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەوەی کە لێرە پێشنیار کرا ناردراوەتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و لەمانگی (٤)یشدا بەنووسراو دووپاتمان کردەوە کە ئەم بابەتە پەلەی لێ بکرێ، بەلام دوای ئەوە مانگی پێنج ئەم ڕووداوانە دەستی پێ کرد، دوومانگ پەرلەمان ئیفلیج بوو، دیسان دوای (٣٠)ی (٦) کە دەستمان کردەوە بەئیش وکار، نووسراوێکی دیکەمان نووسی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کە پەلە بکەن لەناردنی بودجەکە، تائێستاکەش چاوەڕوانی دەکەین، ئەوە ئەگەر گەیشتە دەستمان بێ گومان لە دەستەی سەرۆکایەتیەوە ئەینێرین بۆ لیژنەی ئابووری بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی خۆی لەسەر بدات وبخرێتە خشتەی کارەوە، بەس وا دەر دەکەوێ کە هەتا ئێستاکە بودجەکە دیار نییە، هیوادارین پەلەی لێ بکەن و زوو بگات بۆ ئەوەی بڕیارێکی لەسەر بدرێ، ئێستا دوو پێشنیار هەیە، پێشنیارێکیان زۆربەی زۆری برادەران دووبارەیان کردەوە، ئەویش ئەوەیە یان لیژنە پسپۆڕەکانی ناو پەرلەمان لەدووی ئەم بابەتە بن وپرۆژەیەک ئامادە بکەن وبیبخەنە بەردەمی پەرلەمان، یان ئەوەتا لەدانیشتنێک دا وەزیری دارایی ئامادە بێت وئەم بابەتەی لەگەڵ دا باس بکرێ، بۆ ئەم دوو پرۆژەیەش وای بۆ دەچم بۆ هەر یەکێکیان پێویستە بزانرێ لەسەر چ بنەمایەک ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ وەزیری ئابووری قسە دەکەن؟ بۆ نموونە باسی مەسەلەی مووچەخۆران وخانەنشینان دەکەن، بۆ ئەمە دوو پێشنیار هەیە، ئایاخانەنشینان بەجیا لە مووچەخۆران باس بکرێن؟!.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ناوتان نا پێشنیاری دووەم یان سێ یەم ئەو پێشنیارە باشە، بەلام ئەوەش دوای پرس کردن بەوەزارەتی دارایی تاکو بزانین هیچیان کردووە، ئەگەر شتێکیان هەبێ، بەنووسین بێ، بەهاتن بێ، بۆمان ڕوون بکەنەوە، ئەگەر خۆ هیچیشیان نەکردبێ، ئەو کاتە ئێمە ئەو کۆمیتەیە تەکلیف بکەین ئەو پرۆژە یە ئامادە بکات، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش دەڵێم پێش ئەوەی لیژنەیەک پێک بێت ڕای وەزارەتی دارایی وەرگیرێ تا بزانین توانا چییە، لیژنەکان چ بکەن، بەلام بەقەناعەتی شەخسی خۆم من هاتیمە سەر ئەو قەناعەتە، پێک هێنانی لیژنەکان بۆ ئاڵۆزکردنی ئیش وکارەکانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جارێ ئەو لیژنەیەمان پێک نەهێناوە کاک فەرەنسۆ، لیژنەی دارایی لیژنەیەکی پیشەییە، لیژنەیەکی پسپۆڕی پەرلەمانە، ئیش وکاری ئەوەیە دوو وەزیر بانگ بکەین بۆ ئێرە پرۆژەیەک لەبەر دەستی ئەندامانی پەرلەماندایە، لەسەر چ بنچینەیەک باسی بابەتەکە دەکەی؟ ئەوە دەبێ لیژنەی ئابووری ئێمە لێی بکۆڵێتەوە تا بزانێ چەند فەرمانبەر هەیە؟ چەند توانامان هەیە؟ باری دارایی حکومەتی هەرێم چەندە؟ چەند نییە؟ ئەگەر پرۆژەیەک هەبێت پێیان ڕادەگەیەنین، بێگومان دەتانەوێ ئەو ڕۆژەی کە حکومەت دێت چ وەکو پرسیار چ وەکو پێشنیار عەرزیان بکەن ودوای ئەوە با لیژنەی ئابووری ئەو پێشنیارەی کە ئێمە لەبەر دەستمانە پێشکەشی بکات، چونکە بەهەر حاڵ دەبێ لیژنەی ئابووری شتێک پێشکەش بکات بەپەرلەمان، من وای بۆ دەچم پاش ئەو کۆبوونەوەیەی کەدەکرێ لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران دەربارەی باری ئابووری ئەوکات بڕیارێکی پێ وەربگرین کە لیژنەی ئابووری چ بکات وچ نەکات؟ ئەگەر ئەمە پەسەند بێ.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر مەسەلە چڕیی بێ وەکو جەنابت فەرمووت لەبەر ئەوەی شارەزایانی دارایی ولەگەڵ ئامادە بوونی حکومەت دا، سوود لەو خەبیرانە وەربگیرێ ودەوڵەمەندی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوای لیژنەی ئابووری لیژنەکانی پەرلەمانی مافی خۆیانە، ئێستا دەتوانن دەستەیەک لە شارەزایان بانگ بکەن و، بۆ خۆیان سیمینارێک دروست بکەن لەسەر ئەم بابەتە، ئەمە هەرگیز پێویستی بە بڕیارێکی پەرلەمان نیە، هیواداریین لیژنەی ئابووریمان، یان لیژنەکانی ترمان خەریکی ئەو بابەتانە بن کە لەپێش دەستیانە، وەکو وتمان لەکۆبوونەوەی ئایندەدا لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا دەربارەی باری ئابووری بدوێین، پاش ئەوەی کە دەیکەین بە بڕیارێک.

پرۆگرامی ئەمرۆمان تەواو بوو، ڕۆژی چوارشەممە سەعات (١٠) سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادە دەبن، وابزانم وەزیری ناوخۆش دێت و خاڵی سەرەکی گفتوگۆکردنمان دەربارەی باری ئاسایشی وڵاتە لەگەڵ ئەو بڕیارانەی کە هەتا ئێستا دراون یان ئەو کارانەی کە کراون، هیواداریین ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەو ڕۆژە خۆیان ئامادە بکەن وچ پرسیارێکیان هەیە بیکەن، پاش ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران ئەو بابەتە باس دەکات، بۆ ئەوەی بزانین باری ئاسایش چۆنە وبۆکوێ ئەچێ؟ ئەگەر پرسیارتان دەربارەی ئەم بابەتە هەیە؟ دووەم ئێمە پێش ئێستاکە لە دانیشتنێک دا بڕیارمان دا کە لیژنەیەک دروست بکرێت بۆ ئەوەی بڕۆن دەربارەی کارەبای دهۆک لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازیی و وزە قسە بکەن، تکایە ئەوەی ئێستاکە لەفراکسیۆنی سەوز کۆمەڵێک ناومان لایە،

ئەگەربرادەرانی فراکسیۆنی پارتیش ناوەکانمان پێ بدەن و، ئێستاکە بێنە لامان دانیشتنێکی گچکەیان لەگەڵ دا دەکەین، بۆ ئەوەی دەست پێ بکەن و، ئەوانیش لەم ڕۆژانەدا بکەونە سەرکاری خۆیان، ئەو ناوانەی کە لەلایەن فراکسیۆنی سەوەزەوە بۆمان هاتووە ئەم بەڕێزانەن نەهلەخان، کاک محەمەد حەسەن باڵتە، کاک جەلال جوهر، کاک سەعید سلیڤانیە، لیستی مۆریش ئەگەر ناوێکمان پێ بدەن دوایی، کە چونە خوارێش تکایە ئەو برادەرانە با بێنە لامان، ئینجا لیژنەکانی پەرلەمانی لەجیاتی ئەوەی ئەمڕۆ کۆبوونەوەی خۆیان بکەن با بۆ ڕۆژی چوارشەمە سەعات (١١)ی دوابخەن، دانیشتنەکەمان تەواو. سوپاس..

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨)

چوارشەممە رێكەوتی ١٩٩٤/٧/٢٧

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٧/٢٧

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ١٩٩٤/٧/٢٧ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە (١٨) خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- گفتوگۆکردنی بارودۆخی ئەمن وئاسایش لەهەرێمی کوردستان.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکەین. پرۆگرامی ئەمرۆ گفتوگۆکردنی بارودۆخی ئاسایشە لە کوردستاندا، سێ شەمموان هەروا باو بووە کە ئێمە وئەنجوومەنی وەزیران ئامادە دەبین، بەڵام لەبەر ئیشوکار، دوێنێ دوامان خست بۆ ئەمرۆ، هەر چەندە بڕیارێکمان هەیە ئەگەر برادەرانی هەردوو فراکسیۆن لە یادیان بێت، ئەویش ئەوەیە کە هاتنی ئەنجوومەنی وەزیران وباس کردنی وەزع ماوەکەی زیاد بکەین، جاران بڕیارمان دابوو هەر سێ شەمموان بێ، بەڵام وتمان لە هەفتە یەکدا بیکەین بە دوو، بەڵام دیار بوو ئەو وەزعەی پێش ئێستاکە وای کرد کە بە تەواوی باسی بکەین و هیوادارین بۆ ئایندە ئەو هاتنەی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئێرە زیاتر بێت وبتوانین ئەو بڕیارەی کە وەختی خۆی، دەستەی سەرۆکایەتی وهەر دوو فراکسیۆندامان، جێبەجێ بکرێت، خاڵی دووەمیش تازەبابەتە ئەگەر هەبێت، فەرموو د.کەمال.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەممەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی ئەوەی کە من دەیڵێم تازە بابەت نییە، زۆر زۆر کۆنە بابەتیشە، بەڵام لەبەر ئەوەی تا ئێستا جێبەجێ نەبووە، تکا دەکەم لە تازە بابەتدا بینووسن لە باری مەسەلەی خانووەکانەوەیە، تاکو ئێستا بە پێی بڕیاری ئەنجوومەن پێویست بوو لە ١٩٩٢/٨/٢٢ خانووەکان چۆڵ بکرێن، هەتا وەکوئێستا ژمارەیەکی زۆر لەو خانووانە چۆڵ نەکراون، جا ئێستا ئێمە تەنها یەک پرسیارمان هەیە

له سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری ناوخۆ کە راستەوخۆ ئەو مەسەلەیان بەرەو روو دەبێتەوە، ئەو خانووانەمان بۆ چۆڵ دەکەن، یان نایکەن؟ هیچ ناچینە ناو درێژەی بابەتەکەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک د. کەمال، ئەوە بۆ جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و بۆ وەزیری ناوخۆش بەجێ هێشتراوە، بۆیە کە هاتینە سەر ئەم بابەتە باسی بکەن وپێویست ناکات بیخەینە بەرنامەوە، ئەمە وەکو پرسیارێکە بۆ خستنەوە بیری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانە، جا وابزانم تازە بابەت تەواو. ئێستا دێینە سەر خاڵی سەرەکیمان، کە بارودۆخی ئاسایشە. باشە ئەگەر بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، یان وەزیری ناوخۆ شتێکمان بۆ باس بکەن، چونکە لەراستیدا ئەندامانی پەرلەمان وهەم خەڵکیش زۆر بەپەرۆشەوەن کە بارودۆخی و ئاسایش بزانن.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژ بەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە وەزعی ئەمنی لە کوردستان دا دەتوانم بڵێم لە پاش دەست پێ کردنی ئەو کارەساتە کە لە کوردستان رووی دا ئەو شەڕی براکوژییە با لە(٥/٢)ەوە دەستی پێ بکەین، هەر وەکو لای بەڕێزتان روون وئاشکرایە دامەزراندنی دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ کە ئەو بەر پرسە لە پاراستنی ئەمن وئاسایش لە کوردستان دا، دامەزراندنی چۆنە، لای هەموو لایەکتان روون وئاشکرایە پاش ئەو روو داوە دڵ تەزێنەی کەلە(٥/٢)ەوە دەستی پێ کرد، شەلەلێکی تەواو کەوتە ناو دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ، لە ئاسایش وپۆلیس ودەزگاکانی ترەوە، لە سەر ئاستی هەولێر دەتوانین قسە بکەین، چونکە بەراستی پاش ماوەیەک لەو رووداوانە وەزارەتی ناوخۆ پەیوەندی پچڕا لەگەڵ هەموو پارێزگاکانی تری کوردستان، چونکە ئەو پێک هاتەی وەزارەتی ناوخۆ پێکی هێنا بوو بەداخەوە نەما، لە بەر ئەوە ئێمە وەکو وەزارەتی ناوخۆ دەتوانین بڵێین وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان، پاش ئەو رووداوانە بەر پرس بووین لە شاری هەولێر وبەس. هەر لە پاش ٥/٢ بۆ راگرتنی وەزعی ئاسایشی هەولێر چەندین لیژنەی ژووری عملیات پێک هات، کە خۆم لە سەرەتاکەی دا تێیدا بووم لە لیژنەی ئاسایی کردنەوەی شاری هەولێر، لە بەر ئەوەی دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ وەکو پێویست نەما بوون، بۆیە زیاتر پەنامان بردە بەر هێزەکانی بەرەی کوردستانی وINC ئەمە بەو شێوەیە بەڕێوە چوو تاکو ٦/١ کە ژووری عەمەلیات لە هەولێر دامەزرا، ئەویش هەر بە هەمان شێوە، پەنا بردرا بەر هێزی بەرەی کوردستانی و INC تاکو رۆژی ٦/١١ لە کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسی وبە ئامادە بوونی بەڕێزان کاک مەسعود بارزانی ومام جەلال تاڵەبانی لە ئەنجوومەنی وەزیران بە بەشداربوونی بەڕێز سەرەک ئەنجوومەنی وەزیران وخۆشم بەشدار بووم و لەو دانیشتنەدا زۆر لە سەر بارودۆخی کوردستان بەگشتی وحکومەتی هەرێمی کوردستان دواین، بەتایبەتی لە سەر باری ئەمنی شاری هەولێر، کە لەلای هەموو لایەک روون ئاشکرایە خۆش بەختانە ئەو شەڕەی براکوژییە نەگەیشتە ناو شاری هەولێر، بە هەوڵ و

کۆششی هەموو خێرخوازانی میللەتی تێکۆشەری هەولێر. بەڵام بەداخەوە وەزعی هەولێر لە رادەیەک بوو کە لەوانەیە وزۆر جار دەگوترا خۆزگە ئێمەش وەکو شارەکانی دیکەمان لێ هاتبایە ئەمە هەمووی زۆر بە دوور ودرێژی لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وئێمە خرایە بەر دەست بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعود وهەر دوو مەکتەبی سیاسی، لەوێ بڕیار درا کە لیژنەیەکی تایبەتی بە چارەسەر کردنی وەزعی هەولێر دروست بکرێ، ئەویش بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وئاسایش و لێپرسراوی لق ولێپرسراوی مەڵبەند، هەر لە(١٢)ی مانگەوە ئەم لیژنەیە کەوتە کارو دەزگاکانی تری حکومەت وئەو کەسەی پەیوەندیدارە بەو مەسەلانەوە خستمانە ناو لیژنەکەو دەستمان بە کۆبونەوە کرد وکۆبوونەوەکان بەردەوام بوون وهەنگاو نرا بۆ چارە سەرکردنی وەزعەکە لەو رۆژەوە وردە وردە هەوڵمان دا تاکو ئێستاکە تۆزێک دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کودرستان بەتایبەتی لە پایتەخت دووبارە رێکی بخەینەوە وبیخەینە کار، هەر پرسیارێکی دیکەشتان هەبێ ئامادەبن وەڵامتان بدەینەوە، سوپاس. جگە لەوەش دەوریاتی مەفرەزەکان بەردەوام بوون تا ئێستا چەندین خەڵکی دز، چەندین کەسی ترمان گرتوون کەوا نامەیان بۆ خەڵک دەنارد وهەڕەشەیان لە خەڵک دەکرد، ئەمانەش کە بەڕاستی دیاردەیەکی زۆر زۆر خەتەرناک بوو، بووە هۆی ئەوەی کە خەڵک لەخۆی بترسێ، ڕوو لە دەرەوەی شاری هەولێر بکا یان بڵێن ڕوو لە دەرەوەی کوردستان بکات، هەتا ڕادەیەک توانیمان هەندێک لەو کەسانە بگرین ودوێنێش یەکێک لە دکتۆرەکان کە سێ ڕۆژ لەمەوبەر نامەیەکی بۆ چوو بوو وهەڕەشەی لێ کرابوو، دەبێ (١٥) هەزار دۆلار بدات ئەگینا دەکوژرێ، خۆش بەختانە ئەم دکتۆرە ئاگاداری دەزگای حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد، کە شتێکی وا هەیەو دەزگای ئاسایش کەوتە کەمین دانانەوە بۆ ئەو کۆمەڵە، پاش تەقەکردن توانیان یەک لەوانە بگرن بەبریندار وئێستا لە بەردەمی ئاسایشە وکۆمەڵێکی تر لە دزو جەردەکان بگیرێن وئومێدەوارین کە بتوانین وردە وردە پاش ئەوەی دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ خەریکە بێتەوە سەرەخۆ بە هاوکاری هەموو لایەک بتوانین وەزعە ئاسایشەکە تۆزێک چارەسەر بکەین، جگە لەمەش مەسەلەی تری ناو شاری هەولێر وئەو نارێکییەی ناو شار وجاددەکان وقاچاغچی، توانرا تا ڕادەیەک چارەسەر بکرێت بەڕاستی چارەسەر کردنی وەزعی ئەمنی پێویستی بە هاوکاری کردنی هەموو لایەک هەیە، هەر چەندە بەڕێزان کاک مەسعوود ومام جەلال، هەموو دەسەڵاتێکی خۆیان بەم لیژنەیە داوە، بەڵام دیسان نای شارینەوە وەکو پێویست ئەو هاوکاری یە نەبووە، ئومێدەوارین پاڵپشتی ئەم لیژنەیە بن و تاکو ئەم لیژنەیەش بتوانێ دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بخاتە کار، بەڵام بەداخەوە ناو بە ناو هەندێ شت ڕوودەدەن، لەوەش ئێمە بە بڕیاری لیژنە بڕیارمان داوە بۆ هیچ لایەنێک وبۆ هیچ بارەگایەک وبۆ هیچ کەسێک نەبێت خەڵک بگرن وچەکیان بکەن وئیجرائاتیان لەگەڵ دا بکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێ تەسلیم بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێن، ئەو دیاردە چەکدارییەی کە هەبووە تا ڕادەیەک توانیومانە بەسەری دا زاڵ بین، ئەو بارەگانەی کە لە

پاش ٢/٥ دامەزرابوون لە هەولێر کەمێک لەوانەش لادراون و، ئەو لیژنەیە بەردەوامە لە سەر لادانی، بەڵام دوێنێ بەراستی ڕووداوێک قەوما ئەفسەرێک لە پۆلیس بەناوی نەقیب نەجات شەوێ تەلەفۆنیان بۆ من کرد، وتیان لەنادی دەوری سەعات ٥و ١٠ ـ ١١ ئەمە گیراوە، من یەکسەر پەیوەندییم بە بەڕێز کاک عەبدوڵڵا کرد، دوایی بە بەڕێز حاکم قادر تاکو لە چارە نووسی بزانین، بەراستی تاکو ئەم دەقیقەیە لای ئێمە چارەنووسی نەزانراوە، ئێمە وەکو وەزارەتی ناوخۆ کە بەر پرسین بەرامبەر بە هێمنی وئاسایشی ناو خەڵک، ئێمە ئەو ئەفسەر وئەو دەزگایانەی کە هەن دەیان پارێزین، ئەگەر پاراستنی ئەو ئەفسەر وئەمن وپۆلیسانەمان بۆ نەکرێ ئەدی چیمان پێ دەکرێ، ئەفسەر حەسانەیەکی خۆی هەیە، تەنیا بۆ وەزیری ناوخۆ هەیە بتوانێ بیگرێ، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا چارەنووسی نەزانراوە، ئومێدەوارین حاڵەتی وا کە ڕوو دەدا هەر لایەنێک کە گومانی کەسێک بێت گرتیان ئەمن ئەو ئەفسەرە ناناسم، من پێم وایە ئاگاداری وەزارەت بکرێ ئەگەر لایەنێکی حزبیش زانیاری وتێبینی لە سەر هەبێ پێویست وایە هەموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان یان وەزیر یان جێگری یان بەڕێوەبەری گشتی یان جێگری، لەیەک لە لیستەکان دەتوانن لە ڕێگەی ئەوانەوە ئاگاداری لایەنی پەیوەندیداری خۆی بکەن بۆ ئیجرائات وەرگرتن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە وەزعی کوردستان خۆتان دەزانن، ئێوە نوێنەری خەڵکی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، وەزعەکە ئێستا چۆنە، وەزعی ئاسایشی کوردستان، وحکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا لە چوارچێوەی شارەوانی شاری هەولێر حکومەتە، وەزیری ناوخۆ بەئازادی ناتوانێ حەرەکە بکات لە بۆ هەموو شوێنەکانی کوردستان ودەسەڵاتی حکومەتیش لە هەموو شوێنەکانی کوردستاندا نییەو، هەروەها سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش ناتوانێ سەردانی هەموو شوێنەکانی کوردستان بکات، لە ناو شاری هەولێریش چەند گەرەکێک بەدەست عیصابەو پیاو کوژو ئەو کەسانەن کە لە یاسا یاخی بوون، نەک لە دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، بەڵام ئێمە لە پێناوی بەرژەوەندی میللەتەکەمان ولە پێناوی ئەوەی کە بەراستی ئەو برینانەی کە لە دوو مانگی رابوردوو دا لەجەستەی کوردستان بووە، سارێژ بکرێ، لە کۆبوونەوەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی یەکێتی وپارتی بە ئامادە بوونی بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعود، کە داوایان لە ئێمە کرد پشتیوانی تەواومان لێ دەکەن کە باری ناو شاری هەولێر چارەسەر بکرێت وبۆ شوێنەکانی تریش ئێمە داوامان لێ کردن کە ئاسایی بکرێنەوە ئەو حزبانە یان ئەو حزبانەی کە حکومەتی هەرێم وپەرلەمانیان پێک هێناوە بەئازادی لە سەرانسەری کوردستان نەتوانن هی یەکێتی بچێتە دهۆک وپارتی بچێتە سلێمانی، ڕاستە ئێمە شانازی بەوە دەکەین کە نەمان هێشت ئەو شەرە خۆکوژییە هەموو کوردستان بگرێتەوە و، لە پایتەختی هەرێم هەر چەندە هەوڵ درا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

چەند پێکدادانێکی بچووک بچووک رووی دا، بەڵام چونکە شەڕەکە بە بڕیارێکی مەرکەزی وسیاسی نەبوو، هەوڵی خێریش زۆر درا تاکو بەر بەست بکرێ، چاک بوو هەموو ناو شارو دەروبەری نەگرتەوە، هەر ئەنجامی ئەوەشە کە ئێستاکە توانیمان لە پەرلەمانی کوردستان کۆبینەوە، تاکو حکومەتی هەرێمی کوردستان جارێکی تریش لە مەرکەزەوە بکەوێتەوە سەرکار، بەڵام ئێوە دەبێ بابەتی بن، هەموو شتەکان بە دەست حکومەت نییە، ئێمەش جهودی خۆمان سەرف دەکەین لە پێناوی ئەوە کە هەموو گیروگرفتەکانی چارەسەر بکەن، بەڵام هەموو گیروگرفتەکانیش هەتاکو ئەم لە حزەیە لێتان نا شارینەوە، بەحکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ ناکرێن، لەوانەیە موعاناتمان زۆر بێ، وەزیری ناوخۆ موعاناتی خۆی پێشان دا کە ئەفسەرێکی گیراوە، منیش وەکو سەرەک وەزیران دەسەڵاتم نییە، بۆ نموونە: هاووڵاتییەک بگرم، ئەگەر حزبێک لە پشتییەوە بێ، بە یاسایش کە ئێوە دەسەڵاتتان دابنێ، ئەمە هەقی خۆمان هەیە کە زۆر ئیجرائاتی تەنفیذی بکەین بەرامبەر بە هەموو کەسێک کە لە پێنیاوی بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان، لە پێناوی سەقامگیر بوونی ئەمن وئاسایش بێ و بە نوێژی نیوەڕۆ لە پێش چاوی خەڵکەوە خەڵکی بێ تاوان شەهید دەکەن و داوا دەکەین بدرێنە دادگا، نادرێنە دادگا، بەڵکو دەشی هێننە بەردەمی شاشەی تەلەفزیۆن، تاکو زیاتر قسە بکات تاکو ئیستفزازی حکومەت وکۆمەڵانی خەڵک وکەس وکاری ئەو کەسانەی پێ بکەن کە شەهیدیان کردوون، ئێستا باری هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە، بەڵام ئێمە دەبێ بێ ئومێد نەبین وئیشی بۆ بکەین وئەو خەڵکەی کە توانی بەخەبات وتێکۆشان وفیداکاری وقوربانی دان حکومەتی هەرێم وپەرلەمان دروست بکات، ڕاپەڕێ دژی بەعس لە کوردستان رژێمەکەی ڕامالێ ودەری بکات، دەتوانێت زاڵ بێت بە سەر ئەو کۆسپ وتەگەرانەی کە ئێستاکە لە بەردەم حکومەتی هەرێم دایە، لە بەردەم ئەم تاقی کردنەوە دیموکراتی یە دایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە بە خەستی وبەدرێژی لە سەر باری ئەمن وئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێستا وئەو برادەرانەی کە دەیانەوێ لەسەر ئەم مەسەلەیە قسە بکەن با بفەرموون تاکو ناویان بنووسین.

تکایە تەنها پرسیار بێ وراقەکردنی ناوێ واتا تەنیا پرسیارەکە چییە ئەوە ئاراستە بکەن؟

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خۆیان وایان وت لە بەر ئەوە لە پێش ڕووداوە ناخۆشەکانی ئەو دوو مانگەی دوایی، داخوازی یەکەمی خەڵک ئەوە بوو، کەوا یارمەتیان بدرێ بۆ ئەوەی باری ژیانی ڕۆژانە وگوزەرانیان چارەسەر بکرێ، ئێستاش وانەبێ ئەو داخوازیە نەمابێ، بەڵام دەتوانم بڵێم داخوازی ئێستایان دابین کردنی ئەمن وئاسایشە وئەوەیان ئێستا بووە بە داخوازی یەکەمیان هەروەک لە وتارێکم دا لە کۆبوونەوەی پێشوو دا پێشکەشم کرد و لەوێ دا وتم ئەو بارەی ئێستا ئاڵۆز بووە، ژیانی هەموویان پێ ناخۆش

بووە وهەمـوومـان دەگـرێتەوە، پەرلەمـانیش دەگرێتەوە وئەنجوومەنی وەزیرانیش دەگرێتەوە حزب وکۆمەڵە ساسییەکانیش دەگرێتەوە، نەک تەنیا هەر دوو حزبە سەرەکی یەکە، بەڵکو ئەوانی تریش دەگرێتەوە، بەڵام ئەمانە هەموویان بەیەکەوە بەڕاستی ناتوانن کاروبارەکان بەرێکو پێکی بەئەنجام بگەیەنن بە تایبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێ ئەو ئەرکانەی سەر شانی جێبەجێ بکات، ئەگەر دوو مەرجی سەرەکی لە بەر دەست دا بێ ئنجا وەکو بەرێز کاک عەبدوڵلا داوای کرد حزب وکۆمەڵە سیاسی یەکان وکۆمەلانی خەڵکی کوردستانیش لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی سەر شانیان هاوکاریبیان بەکەن. پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا لە ڕێگەی دامەزراندنی هێزێکی یەکگرتوو کە لە بەر دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا بێت، لە بەر دەستی دەستەلاتی ڕاپەڕاندن دا بێت بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ئێمە وەکو پەرلەمان وبڕیارەکانی خۆیان و، ئەو بڕیارانەی کە لە کۆبوونەوەکانی پێشوودا دراون چ لە نێوانی حزب وکۆمەڵە سیاسی یەکان دا وەیان لەگەڵ کۆمەڵ ورێکخراوە سیاسییەکانی ناو بەرەی کوردستانی وI.N.C هەموو ئەو هەوڵ وکۆششانەی کەوا دراون، ئایا بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانە، هیچ هەنگاوێک نراوە بۆ ئەوەی هێزێکی یەکگرتوو لە بەر دەستیان بێ؟ سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنـســـــۆ تۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لەڕاستیدا ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی ئەو دوو برادەرە دەکرێن لە ئەساس دا ئاراستەی حزبەکان دەکرێن، لە ڕێگەی ئەوانەوەش ئاراستەی حزبەکان دەکرێن، سەر نەکەوتنی حکومەت وپەرلەمان، سەرنەکەوتنی هەر دوو حزبە سەرەکی یەکانە وحزبەکانی تریش تەحەمولی مسئولیەتی زۆر دەکەن. من پرسیار دەکەم حکومەت وهەر دوو حزبە سەرەکییەکە چیان کردووە بۆ یەکخستنەوەی حکومەت کە ئەم سێ حکومەتە نەمێنێ، حکومەت لە دهۆک، حکومەتێک لە سلێمانی، یەکیش لەهەولێر، هەر دوو حزبەکان وحکومەت چ هەنگاوێکمان هاویشتووە کە حکومەت ببێتە حکومەت، ببێتە یەک حکومەت، دوو: کاک د.کەمال پرسیاری خانووەکانی کرد، من پرسیار ناکەم بۆ چۆڵی ناکەن، من پرسیار دەکەم بۆ هەندێ خەڵک ئەندامی پەرلەمان نین، دوای ئەو بڕیارەی کە دەبێ چۆڵ بکرێ، دەبێ تەرخان بکرێ بۆ ئەندامانی پەرلەمان، خەڵکی وا هەیە ئەندامی پەرلەمان نییە چووەتە ناو خانووەکە هۆی چییەو بۆ چووەتە ناوی؟ سێیەم کۆمپانیای کوردستان دەمێکە دامەزراوە، پێم وایە کۆمپانیای کوردستان دەبوایە ئەو پرسیارەی کە کاک د. کەمال کردی، بەشێک لە ئەرکی سەرشانی ئەو بایە، هەندێ شتی بکردایە، کۆمپانیای کوردستان چی کردووە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەوە وابزانم بۆ رۆژی شەممە هەڵیگرین، چونکە ئێستا باس باسی هێمنی وئاسایشە، کاک کەماڵ وتی ئێستا خەڵک کاتی خۆی بە باری ئابووری وبە ئاسایشەوە خەرج دەکات. جا ئەوەی پەیوەندی

به ئابوورییەوە هەیە تایبەتە بە باری ئابووریەوە، جا نازانم بۆ برادەران پرسیارەکان یەک لە دوو یەک ناکەن، یان نایانکەن بە بەش بەش؟!.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە دەربارەی ئەوەی کە کاک کەمال باسی کرد کە حکومەت هێزێکی هاوبەشی هەبێت، بێگومان ئەوە تاقیکردنەوەی دوو ساڵی رابوردووی ئێمەیە، لە جێبەجێ کردنی ئیش وکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، پاش ئەو کارەساتەی کە رووشی دا ئێستاکە گفتوگۆیەکی بەردەوام هەیە لە نێوان مەکتەبی سیاسیی یەکێتی ومەکتەبی سیاسیی پارتیدا، ئەو وەفدەی کە چووەتە پاریس پرۆژەی تازە، بۆ شێوەی نوێ بۆ ئیش کردن وجێبەجێ کردنی ئیش وکاری حکومەت. بۆ نموونە ئێمە رێککەوتنێکمان هەبوو لە نێوان ئەو دوو حزبە، کە وەزیر و بریکاری وەزیر دەستەلاتیان یەک بێ سەرەک وەزیران وجێگرەکەی دەسەلاتیان یەک بێ، ئێستاکە پێشنیارە هەر کەسە یانی وەزیر بێ یا و وەکیل، سەرەک وەزیران بێ یا جێگری دەسەلاتیان وەک یەک بێ. هەروەها لە بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش پێشنیارەکە دەبێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە پێی تەمەن بێ یان بە تەتەوع بێ، نەک هێزی یەکێتی وپارتی وحزبەکانی تر بێ وئەگەر لە قۆناغی یەکەمیش هێزێکی بچووک لە بۆ پاراستنی سەرکردایەتی یا مەکتەبی سیاسی یان ئەو دوو بەڕێزە بهێشترێتەوە، بەڵام لە دوا رۆژدا سوپای کوردستان بێ وئەو سوپایەش بێ لایەن بێت، نەک لە هەموو پێک دا دانێک دا فەرمانی حزبەکەی خۆی جێبەجێ بکات. ئێستاکەش دیسان کە لە کوردستانیش دا جیهازی پۆلیس وئاسایش بەشێوەیەکی تازە رێک دەخرێ، دەبێ پۆلیس وئاسایشی حزبەکان نەبن، بەڵکو هی خەڵکی کوردستان بێ، ئینجا لە سەر بنچینەی شارەزایی وپسپۆری وشەهادە یاخود لە سەر بنچینەی ئەوەی موقابەلە بکرین، بۆ نموونە: لەو رۆژانەدا داوایان کرد U.N کە ئێمە (١٣٠) پۆلیسیان بدەینێ. لەگەڵ بەڕێز وەزیری ناوخۆ قسەمان کرد کەوا بانگهێشتی بۆ بکەن لە تەلەفزیۆنەکاندا. ئەو (١٣٠) پۆلیسە مەرج نییە هەر یەکێتی وپارتی بن وەکو جاران یەک و(٦٠) یان لە بۆ بنێرین دەرچووی ناوەندیی وبەسەرەوە بن وموچەکی باشیان بدرێتێ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەوانە موقابەلە بکرێن، لیژنەیەک لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ یان لەلایەن پۆلیسی گشتییەوە دابنرێ، ئەو پۆلیسانە بەم شێوەیە وەرگیرێن، ئەوجا وردە وردە کە ئەو هەڵانەی کە لە پێشوودا هەبوون لە ئیش وکارەکان دا ئێستاکە بەرەو چاکتر بچن، هێزەکان یەک بخرێن و ببنە هێزی حکومەت، نەک هێزی حزبەکان بن وهەر کاتێ حزبێک بە دڵی نەبوو هەموو پۆلیس وئاسایش وپێشمەرگەکانی بکێشێتەوە. مەسەلەی خانوەکانیش کاک فەرەنسۆ من پرسیار لە پەرلەمان دەکەم حەق نیە پەرلەمان پرسیار لە ئێمە بکات، لە بەینی خۆتان ئێوە خانووەکانتان دابەش کردووە (٥٠) لە بۆ یەکێتی و(٥٠) لە بۆ پارتی و(٥) بۆ برا ئاشووری وحزبەکانی تر وخۆشتان لە پەرلەمان دابەشی دەکەن وکێ دەچێتە

ناوی وکێ ناچێته ناوی شتەکە لە دەستەڵاتی ئێمەدا نەماوە. بەڵام بە رای من ئەوە تەقلیدێکی زۆر خراپە ولێتان ناشارمەوە، تەقلیدێکی خراپە، ئەوە کاک فرەنسۆ باسی کرد خەڵکی کە چۆتە ناوی، ئێستاکە بوویتە ئۆردوگا، ئەو ناوچەیە پێویستە لە بۆ ئەندامانی پەرلەمان بێت، ئەو خانووانە بۆ وەزیران و، ئەندامانی پەرلەمان بێ، بۆ ئەو کەسانە بن کە حەقی خۆیانە وهەر کاتێکی دەورەی خۆیان تەواو بوو بچنە دەرێ وبرادەرێکی کە بچێتە شوێنی، نەک هەر کەس بچێ وبەخانووی خۆی بزانێ وتەعمیراتی تێدا بکات ویان خانووەک لە خانووەکان ئەوە تربێ ئەگەر شتێک بکرێ بە گشتی بۆ هەموو لایەکان وەکو یەک بکرێ وئەو خانووانەش کێ مومارەسەی ئەو ئیشەی کرد ئەو خانووە لە بۆ ئەو بێ، ئەوجا ئێمە لاریمان نییە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان دابنیشین وئەو برادەرانەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە دانراون بۆ ئەم ئیشە لەگەڵ بەرێز وەزیری ناوخۆ یان لەگەڵ ئاسایش وپۆلیسی هەولێر کە بدرێتەوە ئەو کەسانەی کە ئەندامی پەرلەمانن یان وەزیرەکانن یان ئەو کەسانەی کە لە بۆیان تەحدید کراوە، خەڵکەکەی دیش لەوێ بروات ومن لەگەڵ ئەوەمە کە نیزامێکی ئەمنیش لە بۆ ئەو سوکنایە دابێن بکرێ کە بۆ پەرلەمان وحکومەتە، ئەوانەش کەدایان دەنێن پۆلیس وئاسایشەکە بێ لایەن بن، نەک مەسەلە سەلام بۆ حزبەکەی خۆی بکات وسەلام لە بۆ ئەوەی تر نەکات، یانی رێزی یاسا بگیرێ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک کانەبی.

**بەرێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من لە بابەت وەزارەتی ناوخۆیە ولەو بەرێزانەی کە باسی بارودۆخی ئەو ماوەیان کرد، بەڵام وەڵامی هەموو پرسیارەکە نییە، ئەوە پرسیارەکەیە بۆ بەرێزیان. گومان لەوەدانیە لەوەتی وەزارەتی ناوخۆ دامەزراوە هەموو دەزگا گرنگەکانی بەتایبەتی هێزەکانی ئاسایش وپۆلیس، هێزی ئاسایشی ناوخۆ بە تەواوی بێ کەڵک وعاجز بوون بە هەڵسانیان بە ئیشوکاری خۆیان وەکو پێویست بۆ پاراستنی ژیان ومولک ومالْ وکەرامەتی هاوولاتییان لە هەموو هەرێمی کوردستان لە دزو جەردەو چەکداران، بۆیە پرسیار دەکەم لە بەرێزان چ نەخشەیەکیان ئامادە کردووە بۆ رێکخستنەوەی وەزارەتی ناوخۆ لە هەموو دەزگاکانی بەتایبەتی لە ئاسایش وپۆلیس ودەزگای کارگێری لە سەر بنچینەیەکی یاسایی و زانستی دوور لە هەیمەنەی حزبایەتی تەسک وبدعەی ئیحتکاری دابەش کردنی پایە لە نێوان هەردوو حزبە سەرەکییەکە، ئەگەر نەخشەیەکی وا هەیە کەی دەست بە جێبەجێ کردنی دەکرێ لەگەڵ روون کردنەوەیەکی ئەو نەخشەیە. پرسیارێکی تر، ئەگەر یارمەتی هەبێ، یەکەم تکایە بەرێز وەزیری ناوخۆ بۆمان روون بکاتەوە، تا ئێستا چەند داوایان بۆ هاتووە، بۆ دامەزراندنی حزبەکان، حزبە سیاسییەکان وچەند مۆڵەتیان پێ دراوە، وچەندیش ماوە لەگەڵ هۆی دواکەوتنی معامەلاتی مۆڵەت پێدانیان. دووەم: ئومێد دەکەین کە

ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری ناوخۆ رەچاوی یاسای مۆڵەتدانی دامەزراندنی حزبی سیاسی بکەن، چونکە نابێ حزبەکان میلیشیاتی چەکداریان هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، من دەمەوێ یەک دوو شت بڵێم، بەڕاستی ئەویش ئەوەیە، یەک دوو رووداو کە لەناو هەولێر ودەورووبەری شاری هەولێر قەوماون، ئەو رووداوانە لە ئەنجامی فەرماندەیەکی عەسکەری بووە، بۆمونە ئەگەر ئەو فەرماندە سەربازییە هی هەر کام لا بێ سزا نە درێت ئەوە دووبارە دەبێتەوە وڕامان دەکێشن بۆ شەڕی گەورەتر، ئێمە تا ئێستا هەولێرمان پاراستووە، بەڵام ئەگەر ئەو فەرماندە سەربازییانە سزا بدرێن وئەمریان پێ بکرێ بەبێ ئاگاداری فەرماندەکانی خۆیان هیچ جووڵە نەکەن، وەزعەکە بەرەو باشتر دەڕوات، بەڵام لە هەر شوێنێکدا کە تەشەنوج دروست دەبێت، ئاڵۆزی دروست دەبێ، ئیتر هەموو هێزی ناوچەکە دەکەوێتە خۆخڕکردنەوە وئاڵۆزی لە هەموو ناوچەکە دروست دەکەن وئێمە ئەو رووداوە وهەموو لیژنەی ئەمنی شاری هەولێر ئەوە دەزانن، مەسەلەن لە رووداوەکانی رۆژی بەحرکە وشاوێس (٢٢) کەس کوژراون، باشەکێ بەر پرسیارە لەوە؟ کێ بەو فەرماندە سەربازییەی گوت: تۆ تاوانباری وگوناهباری؟ پێویستە سزا بدرێ، چونکە ئەو بەرپرسە لە کوشتنی (٢٢) کەس ولە رووداوی گرتنی ئەندامانی پەرلەمان وتەقەکردن لە ئەندامانی پەرلەمان. ئەو ئەگەر سزا نەدرێ جارێکی تر دووبارە دەبێتەوە ومن یەک قسەش لە بەردەمی ئێوە ولە بەر دەمی هەموو خەڵکی کوردستان دەڵێم: وەزعی کوردستان ئارام نابێتەوە هەتا مەکتەبی سیاسی وسەرۆکی هەر دوو حزبەکە خەریکی خۆ ئامادە کردن بن بۆ لیوای تایبەتی وهێز کۆکردنەوە و، ئەو پارەیەی لەوەی سەرفی دەکەن بیدەن بە خەڵک وئازووقەی بۆ خەڵک پێ بکڕن، سوپاس.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**السید رئیس المجلس.**

لقد جاء رئيس مجلس الوزراء كاك عبدالله وقال: كنا موضوعيين في طرحنا، مع الاسف موضوعيتنا في هذا الموضوع بالذات متعلقة بأمر خارج ارادتنا، متعلق بالامكانيات المادية العائدة الينا نحن الحزبين المسؤولين. تحدثوا سابقاً عن الوضع الامني، قطعاً نحن لا نتمكن أن نسيطر على هذه الناحية. ولكن اشار الاخ أرسلان الى مسألة الحزبين، كل واحد يحاول أن يركز على جانب التقوية من الناحية العسكرية نسبياً أنا أقدر ان أقول انه خلال الفترة الماضية تمكنت وزارة الداخلية أو اللجنة الامنية في اربيل أن تنقل الحالة الى وضع أحسن، وشكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئێستا فەرموون بۆ وەڵامی ئەم سێ پرسیارەی کاک کانەبی وکاک ئەرسەلان وکاک شمائیل کردیان، فەرموون.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژ بەیانی/وەزیری ناوخۆ**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشک وبرایانی بەڕێز، کاک کانەبی دزەیی پرسیارێکی هەبوو سەبارەت بە هێزی ئەمنی ناوخۆ وبێ توانایی، یا ئەو ماوەیە چ نەخشەیەک هەیە بۆ ڕێکخستنەوەیان، بێگومان لای هەموو لایەک ئاشکرایە، دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو شێوەیەی کە لە سەری ڕێککەوتوون تاکو ئێستا کە دەڵێ ئاسایش ففتی ففتی بێ، لە ئەمنێکەوە تا ئەفسەرێک، لەلایەن هەردوو مەکتەبی سیاسی ولە ئەنجوومەنی وەزیران لە سەری ڕێککەوتوون، ئەوجا ئەو ففتی ففتی یە لە هەموو دەزگاکان لێتان ناشارینەوە تادەگاتە پۆلیسێک وفەراشێک ئەمە لە دەسەلاتی وەزارەتی ناوخۆ نییە، ئێستا ئەو هەوڵ بدات دووبارە ڕێکی بخاتەوە بەلای منەوە وەکو برای بەڕێز کاک عەبدوڵلا باسی کرد لەو وتووێژەی نێوان هەردوو مەکتەبی سیاسی وئەو لیژنەیەی کە چووەتە پاریس وهاتۆتەوە دەبێ لە سەر هەموو مەسائلی حکومەت پێک بێن، ئەوجا دووبارە ڕێکخستن بکرێت، ئەگینا منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی کاک کانەبی کە بەڵێ لە ئەنجامی ئەو ففتی ففتی یەی کە تاکو گەیشتە پۆلیسێک وئەمنێک وفەراشێک، هێزی ئاسایشی ناوخۆ نەیتوانیوە وەکو پێویست دەوری خۆی ببینێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیاری بەڕێز کاک ئەرسەلان بەڕاستی منیش پشتگیری دەکەم، هەر کەسێک کە دەبێتە هۆی شەهید بوونی یان کوشتنی یەکێک، دەبێ سزا بدرێت، یانی ئێمە خۆمان لە قسەکانماندا ولە بۆنەکاندا ولە بەر دەمی تەلەفزیۆندا باسی یاسا دەکەین ودەڵێین یاسا ڕێگەی خۆی وەربگرێ، ئەو کەسانەی کە دەبنە هۆی ئەو مەسەلانە پێویستە هەر لە سەرەتاوە ئەو وەزعە تاکو ئێستاکە بەتایبەتی ئێستا پاش ئەوەی کە حکومەت کەوتەوە کار وپەرلەمانیش ئیش وکاری خۆی دەکات، ئەوانە سزا بدرێن و، من پێشنیارێکیش دەکەم چ وەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وچ وەکو خۆشم ئەندامی پەرلەمانم، لە پەرلەمانی کوردستان، بڕیارێک وەربگیرێ، یاسایەک دەربچووێنرێ کە شەڕی ناوخۆ بەخیانەت لەقەڵەم بدرێ وهەر لایەکیش بیکات حەقە پەرلەمانی کوردستان هەڵوێست وەربگرێ نەک لە ناو پەرلەمان هەر کەس بەرگری لە حزبەکەی خۆی بکات، چونکە بەڕاستی ئێمە پێش ئەوەی پەرلەمان دروست بێ، خۆتان دەزانن خەڵکی کوردستان هیوایەکی یەگجار گەورەی هەبوو کە پەرلەمان دروست دەبێ وهیوای هەموو خەڵک بوو پەرلەمان بڕیارێک دەربکات کە شەڕی ناوخۆ حەرام بکات، سوپاس.

**بەڕێز ئەبو بەکر حاجی سەفەر غولام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەو بێزاری یەی لێرە باسی دەکەن کە خەڵکی زۆر لەوە بێزار ترە،

خەڵک بێزارن لە ناوچەی کەرکووک لە سلێمانی، لە دەورو بەری ولە هەولێر، لە دهۆک، لە سنووری هەرێمی کوردستان دا، بەلای منەوە وبەلای خەڵکیشەوە ئاوایە کە هەموو ئۆباڵەکە لە ئەستۆی هەردوو حزبەکە دایە. زەمان چیبیە من بڕۆم لێرەوە بۆ سلێمانی لە کەسنەزان بمگرن؟ چی کرا کە ئازاد قەرەداغی وکاک فازڵیان گرت؟ هەموومان لێرە قسە دەکەین، ئەو کەسانەی کە لێرەن زۆر سەرکردەی حزبەکانیان تێدا هەیە، بە هەمووشمان هاوار دەکەین بەیەک دەنگ، خەتای پارتی ویەکێتی یە، وەزعەکە وای لێ هاتووە، پرسیارەکەم ئەوەیە ئەگەر یەکێتی وپارتی بەڕاستی دەیانەوێ وەزعەکە چاک بکەن، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لە بەردەمی ئێمە ئاوا بە لاوازی دانیشتوون؟ بۆچی واقسە دەکەن؟ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وسەرۆکی پەرلەمان، دوو ئەندامی کاریگەرن لە هەردوو حزبەکە، بریاری شەڕ کە دەدرێ دەستی ئەوانیشی تێدا هەیە، بریاری ئاشتی کە دەدرێ دەستی ئەوانیشی تێدا هەیە. ئەوانیش هاتوون یەکیان سەرۆکایەتی پەرلەمان ویەکیان سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن ئایا ئەوان تاکو ئێستا بۆیان دەرنەکەوتووە کە حزبەکانیان لەراستیدا دەیانەوێ ئەو وەزعە چاک بکەن یان چاکی نەکەن؟ من پرسیارەکەم ئەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز د. حەسەن بەفری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە بێ هێمنی وئاسایشی دوای شەڕی خۆکوژی، زۆربەی هاوولاتی یانی گرتەوە، لە دزی وجەردەی وتالان کردن، بەتایبەتی دکتۆرەکان و، هەروەها دکتۆرە پسپۆڕەکان کە لە دزی کردن وتەعەددا کردن بەشێکی زۆریان بە بەرکەوت. بۆیە چەندەها دوکتۆری پسپۆڕ لەو ماوەیەدا کوردستانیان بەجێ هێشت. بەڕاستی ئێمە لە جیاتی ئەوەی دوکتۆر لە دەرەوە بهێنین، دکتۆرەکانی خۆمان دەڕۆن وکوردستان بەجێ دێڵن وئێستاکەش ئەگەر کارەکە وابڕوا خەڵکێکی زۆر لەو دکتۆرانە ناچارن دەڕۆن وکوردستان بەجێ دێڵن وناچار پەنا دەبەنە بەر نارەزایی دەربڕین، ئەوە بوو یادداشتێکیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کرد وپەرلەمانیش ئەو یادداشتەیان وەرگرت و، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو یادداشت وداواکاریە یان بەچی گەیشت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دوو پرسیارم هەبوو، یەکیان کاک بەکر کردی، ئەو ڕێیەی کەسنەزان ـ کویە حەقە ئەوەش لە لەگەڵ ئاسایشی هەولێر بێ. ئەم ڕێیەش بکرێتەوە هی دووەمیان: ئێمە کە دەڵێین پەرلەمان پیرۆزی خۆی هەیە، بەلام هەندێ لە ڕادیۆکان هەر لە بەیانی یەوە بە ئێمەوە ئەیگرن وئەمە (١٠) ڕۆژە (٢٠) ڕۆژە جارێک با شاهید بێ سەرۆکی پەرلەمان من خۆم لێرەم، هەموو بەیانییان لێرەم، هەرچی قسەی ناشیرینە ئەیکا بە چ حەقێک؟ حەقە شوێنەێکیش دابنرێ بۆ ڕاگەیاندن. خۆتان دەزانن هەردەم شەڕو پێکدادان وشتی خراپیش لە ڕاگەیاندنەوە دەست پێ دەکات وئەو ڕاگەیاندنە

ئاوا بکەوێتە گەڕ خزمەت بە هێمنی وئاسایشی ولاتەکەمان ناکات، یانی هەموو خەڵکە کە زراوی لە ڕاگەیاندنەکە چووە، یانی دێینە سەر تەلەفزیۆن، هەموو قسەی باش ئەکەن، هەموو باسی مافی مرۆڤ دەکەن، هەموو باسی دیموکراتیەت دەکەن، هەموو گلەییمان هەیە، هەر گلەییەکانیش لە خۆمانە، ئەوا سەرۆکی پەرلەمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی یە وسەرۆکی حکومەت ئەندامی مەکتەبی سیاسی یە و وەزیری ناوخۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسییە با هەموومان ئیحتجاج بکەین لەلای مام جەلال وکاک مەسعود، خۆیان بێن حکومەتەکە بگێڕن وپەرلەمانەکە بگێڕن، یان ئەوەتا پشتگیرییەکی وامان لێ بکەن کەحکومەت وپەرلەمان گلەییان لێ نەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یاسا هەیە، پرسیارەکە بۆ هێمنی وئاسایش کرا. جا ئەو ڕۆژەی کە وەزیری ڕۆشنبیریی بانگ دەکرێ بۆ ئێرە بزانین ئەو چی هەیە وچی ئەزانێ؟!. ئێمە یاسای ڕاگەیاندنمان هەیە.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدەڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکەی من بەڕێزان کاک ئەرسەلان وکاک بەکری حاجی سەفەر کردیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئاشکرایە لێپرسراوێتی لە ئەنجوومەنی وەزیران تەزامونییە، ئەرکی حکومەت لە هەموو دنیادا دوو ئیشی سەرەکییە، نان وئەمانە، نانەکەمان پێ دابین نەکرا بە بیانووی ئەوەی دوو ئابڵوقەمان لە سەرە، باشە ئەگەر وەزعی نالەباری شاری هەولێرو نەبوونی هێمنی وئاسایش، ئەگەر لایەکی هۆکەی (٥٠) بە (٥٠) کەبێ کە گەورە ترین دەردمانە، باشە ئەمە دەبێ لایەکی دی لە بیر نەکەین کە چارەسەر کردنەکەی لە دەست خۆمانە، بەدەست ئەنجوومەنی وەزیرانە ئەویش پرسیارەکەم لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەم ئایا هەموو پۆلیسێک لە کوردستان چەکی بۆ دابین کراوە؟ جل وبەرگی بۆ دابین کراوە؟ لاسلکی وکەل وپەلی موسەلەحەی بۆ دابین کراوە؟ پێویستەکانی تری بۆ تەئمین کراوە؟ ئایا موچەی وای پێ دە درێ کە تەنها بەشی جگارەکەی بکات. چۆن ئێمە دەتوانین داوای ئیشی لێ بکەین، هەر نەبێ لە هەموو دنیادا دەبێ دەستی حکومەت کە پۆلیسە، دەبێ لە دەستی ملیشیات و بەهێزتر بێت، ئایا بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئەو کەم وکور تیەی دەست نیشان کردووە بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران نووسیوە وگفتوگۆی لەگەڵدا کردووە؟ ئەگەر نووسی بێ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران چی کردووە؟ ئەگەر بیانوو ئەوەبێ نەبوونی پارە بێ وکەم دەرامەتی بێ، لەکوردستان ولە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر پارە سەرف دەکرێ کە زۆربەی کەمالییاتە، چونکە ئەوەی کە بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئێستاکە کە باسی کرد، ئەو شتانەی کە گوتی ئەوانە هەموو شتی کاتین، شتی بە پەلەی ئێمەن، ئەوەی کە باسی دەکەین دەمانەوێ دەزگای پۆلیسی لەو ڕادەیە دابێت کە بتوانێ هێمنی وئاسایش بۆ کوردستان دابین بکات، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با بەشەکەی خۆی وەڵام بداتەوە ئەوەی کە کاک بەکری حاجی سەفەر گوتی ومنیش بەشەکەی خۆم جواب دەدەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وەکو مەکتەبی سیاسی ئیشمان لەو مەوزووعە کردووە، وابزانم ئەنجامەکەی دیارە دروست کردنی ئەو لیژنانەیە، ئێستاکە هەردوو مەکتەبی سیاسی لیژنەیەکی هاوبەشیان دروست کردووە بۆ ئاسایی کردنەوەی بارەکە، ئەوە هەردوو مەکتەبی سیاسی وا ئیشی لێ دەکەن ومتابەعە دەکرێت لەلایەن هەموو لایێکەوە جا هیواداریین بەگەڕانەوەی ئەو برادەرانەش لە دەرەوە واتا ئەوانە کە بە وەفد چوونەتە پاریس ئەوانیش بگەڕێنەوە بەتەئکید کۆمەڵە شتێکیان باس کردووە، منیش بەش بە حاڵی خۆم هەموو ئاواتم وایە ئەو رێککەوتنەی کە هەتا ئێستاکە کراوە جێبەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینییەکی بچووکم هەیە، کاک جەوهەر، هەر رۆڵی ئیجابی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی گوت، رۆڵی سەلبی نە گوت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەوەی کاک بەکر گوتی ئەویش حەقی خۆیەتی، ئەو پرسیارە بکات ومەرج نیە بڵێین هەر کاک بەکر، حەقە هەموو خەڵکی کوردستان ئەو پرسیارەمان لێ بکەن. پێویست بوو سەرۆکی پەرلەمان وسەرۆکی حکوومەت هەڵوێستێکی روونتر مان هەبووایە بەرامبەر بەم رووداوانە، ئەگەر هیچ دەسەڵاتمان نەبوایە دەمان توانی واز بێنین یانی ئیستقالە بدەین، بڵێین ئێمە وەک مەسئولیەتی مێژوویی، تا لە مێژوودا بنووسرێتەوە، کە لە سەر شانی سەرۆک پەرلەمان وسەرۆک حکومەت وباسی مەکتەبی سیاسی وئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزبەکان ناکەن، کێ ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبەکان بوو، کێ شەڕی کرد بوو، کێ شەڕی نەکرد بوو کێ دەوری ئیجابی هەبوو، کێ دەوری سەلبی هەبوو، ئەوە ئەمن ئیعتراف بەو شتە دەکەم وحەقی خۆشیەتی کاک بەکر پرسیار بکات وپێشم وایە حەقە بەتەزامونی پەرلەمان وحکومەت هەڵوێستمان هەبێ بەرامبەر وەزعی ئێستای کوردستان ولە داهاتووشدا ئەگەر شتێک دێتە پێشەوە، ئەگەر هیچمان لە دەست نەبێ چۆن مامۆستاکانی زانکۆ هەموو پێکەوە چوونە لای مەکتەبی سیاسی هەردوو لا ولای کاک مەسعود وتیان: ئێمە هەموومان واز دێنین وئێمە هەموومان دەتوانین سواری سەیارەکانی خۆمان نەبین، سواری پاس بین بڵێین ئێمە( فی أمان الله ) ئەگەر چارەسەری وەزعی کوردستان نەکەن

ئەوەمان لە دەست دێت بەنسبەت ئەوەی کاک د. حەسەن باسی کرد ئەوە ئێستاکە لە بۆ هەموو دکتۆرەکان ئەوەی کە پێویستیان بەوەی بێ حیمایەیان بۆ دادەنێن وحیمایەیان لە بۆ دانراوە باری ناو شار دەتوانم بڵێم تارادەیەک باشە نیشانەش بۆ ئەوە، دوێنێ ئەو دوکتۆرەی نامەیان لە بۆ نارد بوو پارەیان بداتێ لە عیادەکەی دوو ئاسایشیان لێ دانابوو و، دزەکە گیرا، ئەوەی ڕێی کەسنەزانی مام رۆستەم باسی کرد، ڕێی کەسنەزان پێرێ لیژنەی ئەمنی چوو بوون ڕێگاکە کراوەتەوە وهەندێک مەقەڕات و ڕەبایاو شتی وا هەبوون لەسەر جاددەکە پێمان گوتن هەڵیان گرن، ئەوەش ئێستا هەموو کەسێ دەتوانن پێی دا بچن و، تاقی بکەینەوە و بزانین چۆن دەبێ بەعەمەلی، ئێمە خەڵکمان ناردوەو بازگەکان هەڵگیراون وبزانن چۆنیشە لەو ڕێگایە ومەسەلەی ڕاگەیاندنیش بەڕاستی ڕاگەیاندنەکانی ئێمە وەکو دەڵێن سەرەوبن لە دیموکراتیەت گەیشتوون تەنیا دەبێ هەر شتی خراپ باس بکەن یانی لەو ماوەیەدا بەشی هەرە زۆری تەلەفزیۆنەکان باوە شێنی ئاگری سەرەکەیان دەکرد، سەلبیات بەر پا دەکەن هیچ شتێکی خێر ناڵێن وباس ناکەن وبۆ نموونە خەڵکی کوردستان پێیان ناخۆشە لەم بارەدا ڕاگەیاندن هیچ ئیشی نەبێ تەنیا سەلبیات بەر پا کردن نەبێ و ئەوە دوو سێ جاریش ئنجا نۆرەی ئەوە درا کە ڕاگەیاندن رابگیرێت، چونکە پاشی شەڕی ڕاگەیاندن ئنجا نۆرەی شەڕی گەرمە. ئێستا ئێمە ئەو حکومەتە نین کە لاسایی حکومەتەکانی ئەوروپا بکەینەوە ولاسایی پەرلەمانەکانیان بکەینەوە وبڵێین لەوێ هەموو کەس ئازادە قسە لەسەر سەرۆکی وەزیران وسەرەک کۆمار بکاتە کاریکاتێرو جۆرەها شت دروست بکات، ئێمە ئێستا لە بارێک داین ملیشیات هەیە، قوەت بەرامبەر بەیەک هەیە وهەر دەیەوێ دەستی پێوەنێیت بتەقێتەوە و وەزعەکەمان لە کیس بچێ، پێویستە پیاوانی ڕاگەیاندن لە هەموو لایەک ڕەچاوی ئەوە بکەن وتانووت لە ئەندامانی پەرلەمان وحکومەت وخەڵکی تریش نەدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەو روون کردنەوەیەی کاک عەبدوڵڵا لە بارەیی پەرلەمانەوە وتب: پوختەی ئەو هەڵوێستە پاش دوو سێ ڕۆژ گفتوگۆ لەسەر ئەو هەڵوێستە کرا کە لە ڕۆژی ٢٥/٧ پەرلەمان بەتێکڕای دەنگ لێرە بڕیاری لە سەردا و١٩ خاڵە و بەرامبەر بە هەموو ڕووداوەکانی ١/٥ وبەم لاوە بڕیاری لەسەر درا، کاک ئەحمەد کاتی خۆی لەگەڵ چەند دەنگێکی تر لە ناو پەرلەمان داوای خاڵێکی تریان کرد کە زیاد بکرێت، ئەویش ئەوە بوو، ئەگە ئەو خاڵانە ر جێبەجێ نەکران چ بکەین؟ وابزانم زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمان لەو ڕایەدا بوون، کە ئەگەر ئەم خاڵانە جێبەجێ نەکرێن و وەزعەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت ئەبێ هەڵوێستێک لەم پەرلەمانە وەربگیرێت، منیش لەو ڕایەدام ئەگەر پەرلەمانی کوردستان وحکومەتی هەرێمی کوردستان هیچییان پێ نەکرێت و ئا بەم شێوەیە باری ئێمە ئیفلیج بێت وبەردەوام بێت بەڕاستی ئیتر نە پێویست بە پەرلەمان دەکات ونە پێویست بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکات، ئەوسا چۆن حەز دەکەن دۆخەکە بابەو شێوەیە بێت،

چونکە بوونی ئەم دوو دەزگایە بۆ ئەوەیە کە یاسا دابنرێت وحکومەتیش یاساکان جێبەجێ بکات و هێمنی وئاسایشی ئەو خەڵکەو ئەرکەکانی تریش جێبەجێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا خاڵێکی تر زیاد دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر وەزعەکە تێک بچووبایە وەکو کابرایێکی مردوو بێ فاتیحایێکی لە بۆ بخوێنین، مەفروزە پێشی باران بەڕێ بە خۆمان دابدەین وەکو لە کوردەواری دا دەگوترێ، یانی ئەگەر شتێک هاتە پێشەوە لە عەینی کات کەوا ئێستا پەرلەمان پاش ئەوەی ڕووداوەکان رۆیشتوون ومانگێکە ئاسایی کراونەتەوە وشەڕ راگیراوە وگەلێک لیژنە دانراون بەیەکگەیشتنی دوو قۆڵی بوون، ئەو کاتە ئەو لائیحە دەرچووە، من خۆشم پشتگیری ئەو لائیحەیە دەکەم، بەڵام خوانەخواستە ئەگەر شتێکی تر هاتە پێشەوە دەبێ هەڵوێستێکی بەرامبەر وەربگرین، باشە وەکو پەرلەمان منیش ئەندامی پەرلەمانم، لەبەر ئەوە دەڵێم دەبێ پێشەکی هەڵوێستمان بەرامبەر رووداو هەبێ نەک دوای ئەوەی کە رووداو روو بدات، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک جوهر ئەگەر یارمەتیمان بدەن، ئەگەڕێمەوە بۆ هەمان خاڵ لە رۆژی ٥/٧دا گەرمەی رووداوەکان بوو، ئەو ئەندامانەی کەئامادە بوون ولە هەولێر بون کۆبوونەوە لێرە وهەڵوێستیان هەبوو، هەتا بڕیاری ئەوەیان دا کە ئیستقالە بکەن لە پەرلەمان. بەڵام ئەو بڕیارەیان دواخست بۆ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی کە داوا یان کرد ببەسترێ، بەڵام بەداخەوە فراکسیۆنەکان، سەرۆکی فراکسیۆنەکان وئەندامانی مەکتەبی سیاسی کە ئەندامی پەرلەمانن لە جیاتی ئەوەی بێن ئامادە بن لێرە، بە ئەندامانی خۆیان وت مەیەن بۆ ئەو کۆبونەوەیە، ئەگینا ئەوەی کە کاک عەبدوڵلا دەڵێ لە رۆژی ٥/٧ دا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا کاک نەژاد خۆت دەزانی ٥/٧ وەزعی پەرلەمانی کوردستان چی بوو، من وای بۆ دەچم ئەم دانیشتنە بۆ ئەوە دانەنراوە ئێستاکە باسی ٥/٤ و ٥/٥ و٥/٧ تاکو ٥/٢٩ بکەین، لە ڕاستی دا حەق نیە و وەختی نیە، چونکە ئەگەر بێتە سەر ئەو مەسەلەیە، ئەوەی جەنابت باسی دەکەی شتێکی نا یاسایی بوو، ئەو دانیشتنەش دانیشتنێکی نا یاسایی بوو تەماشای پێڕەوی ناوخۆ بکەن تەنها لە فراکسیۆنێک(٢٤) کەس زیاتر نەهاتون لە کۆی (٥٠) کەس. جا تکایە ئەم

مەوزوعە باس مەکەن و، ئێستا ئێمە گفتوگۆی ئاسایشی کوردستان دەکەین، ئەوە لەدەرەوەی ئەم بابەتەیە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من باسی ئیفلیج بوونی پەرلەمان ناکەم، بەڵکو باسی ئەوە دەکەم (٣٥) ئەندام لە هەموو فراکسیۆنەکان بڕیاریان داو گوتیان ئیستقالە دەکەین ئەوە پەیوەندیی نە بە ئیفلیج بوونەوە هەیە نە بە شتێکی ترەوە هەیە.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ڕەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەڵڵا من حەز دەکەم بەڕاستی لێرە تەواوی سەربەستی هەبێت وهەر برادەرەک ڕەخنەی لێ دەگیرێ دەبێ بە سنگ فراوانییەوە وەری بگرێ جا سەرۆکی پەرلەمان بێت یا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بێت یا هەر کەسێکی تر بێت، با تووڕە بوون، یان دەم وچاو گرژی تێدا نەبێ ئەوە یەک. دووەم زۆر جار ئیفلیجی پەرلەمان دەگوترێ. خۆ پەرلەمان بینایە نییە، ئەندامانی پەرلەمانن، ڕاستە بینایەکەش خۆی پیرۆزە، بەڵام لە نیزامی ناوخۆدا هاتووە، ئەگەر مەسەلەکە بڵێین بینایە وەیان ئیفلیجی پەرلەمان باس دەکرێ چۆن کۆبوونەوەتان کرد لەگەڵ ژنان دا لە برایەتی لە هۆڵێکی لە نزیک خۆتان داواتان بکردایە ئەگەر سێ فراکسیۆنەکە بێن لەوێ کۆببنەوە وهەڵوێست وەربگرن، بچووبانایە لەو دەشتە کۆبوونەوەتان بکردایە زۆر گەرماش نەبوو سەرماش نەبوو، بتان گوتبایە: ئەوە هەڵوێستی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا پرسیارەکە ئەوەیە بۆ ئیفلیج بکرێ وبینایەکەی لێ داگیر بکرێت، ئەوە دێینە سەری لە ڕۆژی خۆی دا باسی ئەم مەوزووعەش دەکەین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەبیعی برای بەڕێز کاک نەژاد باسی فراکسیۆنەکانی کرد کە بەخەڵکەکەیان وتووە دەوام نەکەن، من بەش بە حاڵی خۆم زۆر هەوڵم دا تا (٧) و(٨)ی مانگ کێشەکە گەورە نەبێت وراستە من پێم گوتن مەچن من ئێستاش لەوەپەشیمان نیم کە پێم وتوون مەچن، من لەگەڵ هەندێ شتی مسالیات نیم، بڕوام بە میسالیات نییە، ئێمە یاسای حزبەکانمان داناوە، یاسای چەکمان داناوە، هەڵوێستمان هەیە، ئەگەر (١٥) هەڵوێستی ترمان هەبایە لەسەر ئەم ڕووداوە، بەقەد سەرە پووشێک کاری نەدەکرد. من پێشتر باسم کرد، ودەڵێم ئەو پرسیارانە ئاڕاستەی برای بەڕێزم کاک عەبدوڵڵا وکاک یونس ناکرێن پرسیارەکان دەبێ هەر دوو حزب وەڵام بدەنەوە، پەرلەمان هەر هەڵوێستێکی هەبوایە سوودی نەبوو من دووبارەی دەکەمەوە، ئەوە یاسای چەک پەرلەمان دایناوە، چی پێ کراوە وئێمە

بەکەسمان نەگوتووە ئیستقالە مەدەن، من گوتوومە مەچن، بەڵام ڕێگای ئیستقالەم لەکەس نەگرتووە کاک نەژاد پێم وایە کاک کەمالیش بە هیچ کەسێکی نەگوتووە ئیستقالە مەدەن، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

یەکـەم: وەڵامـەکـە بۆ کـاک عـەبدوڵڵا بوو کـە وتی ئەندامـانی پەرلەمـان وحکومـەت دەبوایە هەڵوێستیـان ببوایە وباسی ئەوە کرا کە لەو ماوەیە ئەم بەیانەمان دەرکرد من گوتم: بەڕاستی نابێ هەڵوێستی ئەو برادەرانەمان لە بیر بچێتەوە کە لە ڕاستیدا هەڵوێستیـان هەبوو و، من بە باوەڕی خۆم وئێستاش دەڵێم خاوەنی هەردوو فراکسیۆن سەرۆکایەتی هەردوو فراکسیۆن ئەوە بوو بەوانەی کە چەکیـان هەڵگرتووە پێیـان بڵێن چەکەکانتـان دانێن و وەرنە پەرلەمـان وهەرچی جێگایەک بن هەڵوێستی خۆتان وەکو ئەندامی پەرلەمان ببێت، سوپاس.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لە بارەی فراکسیۆنەوە هەر زۆر بە کورتی حەز دەکەم بڵێم من بەداخەوە لەکاتی ڕووداوەکە لێرە نەبووم ڕۆژی ٣٠/٥ بوو من گەڕامەوە وڕۆژی ٣١/٥ هاتمە ئێرە ولێرە ئەو ئەندامانەی فراکسیۆنی کەسک کە لێرە بوون کۆبووینەوە وبڕیارمـان دا کە داوا لە هەمـووان بکەین لە مـەولا بێنەوە بۆ پەرلەمـان دەوام بکەن وتکاشمـان لە برایانی لیستی زەرد کـرد، ئەوانیش بە دەنگ بانگەوازەکەمانەوە بێن وبگەڕێنەوە بۆ پەرلەمان، نەشم بیستووە کە جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کەسک داوای لە ئەندامان کردبێ کە دەوام نەکەن، وەکو ئەندامانی فراکسیۆنی کەسک ئەوانەی کە لێرە بوون هەمـوو بە بەردەوامی لێرە بوون وئێمـە داوامان لەوانەش کرد کـە لە دەرەوەی هەولێرن وتمان هەر کاتێک کۆبوونەوەی گشتی پەرلەمان دەستی پێ کردەوە، ئاگادارتان دەکەین خۆمـان بە پێویستمـان نەزانی کـەوا بێن لێرە ئامادە بن، ئەگینا ئامادە بوون ئەوانیش بێن، چەند جـار جەوابیشیـان بۆ ناردین بەڵام وتمان ئەگەر بێن ولایەنەکەی تر، ئەندامانی فراکسیۆنی زەرد دەوام نەکەن، پەرلەمان ناتوانێ بە شێوەیەکی ڕەسمی کۆببێتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، وابزانم ئەو بابەتە رامان دەکێشێ بۆ بابەتێک کە پێویست ناکات، چونکە ئێستا باری ئەمنی کوردستان باس دەکەین.

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لە ڕاستیدا لەسەرەتادا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و بەڕێز وەزیری ناوخۆ مەوزووعیانە باسی بابەتەکەیان کرد و من زۆر زۆرم پێ خۆش بوو، چونکە مەوزووعەکە بەو شێوەیە چارەسەر دەکرێ کە لەگەڵ وەزعی ئێستا بڕوات دەربارەی ئەو بابەتە، ئەگەر ئەم بابەتە مناقەشە دەکەین من

یەک لەو کەسانە بووم ئامادە بووم وقسەم زۆرە، ئەگەر وابێ بەبۆچوونی من وەکو سەرۆکایەتی گوتتان ئەمە لەدەرەوەی مەوزووعەکەیە، چونکە ئەو مەوزووعە تایبەتە بە لایەنی ئاسایش وزیادە لە سەر ئەم بابەتە برۆین، پێویست ناکات بڵێم من چیم کردووە، باشم کردووە، خراپم کردووە، ئەگەر ئەو بابەتە دەکەنەوە ماوەمان بدەنێ لاریمان نییە با قسەی لێوە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە وەختی خۆی دێت ودانیشتنی تایبەتی خۆی هەیە وئێستا بەرنامەمان ئەمن وئاسایشی وڵاتە، کاک یونس فەرموو.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژ بەیانی/وەزیری ناوخۆ**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک سەعید یەعقوبی پرسیارەکی کردبوو، دیارە کاک عەبدوڵڵا وەڵامی نەدایتەوە، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێ ئایا هەر هۆی نارێکی دەزگاکانی پۆلیس وئاسایش، هەر لە بەر ففتی ففتییە یان ئەو کەموکوورییانەی کە پێویستە بۆیان نەکراوە لە جل وبەرگ ویارمەتی وئامێر و کەل و پەل و وشتی تر. من ناڵێم هەموو شتێکمان بۆ کراوە کاک سەعید، بەڵام ئەوەی لەتوانادایە کراوە، راستە هەموو چەکدار نین وئەو چەکەی کە لە بەر دەستیان دا هەیە دەتوانن کاری خۆیانیان پێ ئەنجام بدەن، چونکە پۆلیسی وەکو سەربازیی نییە هەموو دەبێ چەکیان بەشانەوە بێ، ئەو مەرکەزەی کە لێینە، ژمارەیەک چەکی تێدایە، هەر کاتێ کە دەردەچن بۆ کارێک دەبێ بای هەندێ هەیە، جلوبەرگ تا لەتوانادا بووە تارادەیەک هەبووە، ئەوەی پێویست بووە هەتا لە ئۆتۆمبیل بۆیان کراوە ولە رووی یارمەتی یەوەش ئێمە دەرماڵەمان بۆ پۆلیس تەرخان کردووە، ماوەیەکە ٥-٦ مانگ دەبێ، ئەویش هەتا رادەیەک باشە هەموو وەزعمان لە رووی کارگێرییەوە رێکو پێکە وئەوەی لەتوانادا بووە کراوە، بودجەی وەزارەتیش هەر ئەوەندەی تەحەمول کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با حەسانەوەیەکی نیو سەعاتی وەرگرین پاشان دێینەوە، بەڵکو ئەم جارە بەخەستتر باسی بکەین.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ببورە لە سەرەتای دانیشتنەکە بڕیارتان دا یەک سەعات بێ، ئەگەر نا با بەردەوام بین باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەردەوام بین، جا ئێمە لە بەر ئێوەمانە ئەگەر حەز دەکەن با بەردەوام بین، چونکە بەعادەتی حەسانەوەکە نیو سەعاتییە، ئەگەر ئێوە ئامادەن ئێمەش پێمان خۆشە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی پرسیارەکەی من دەگەڕێتەوە بۆ پێش مانگی (٥)و(٦) وپاش مانگی (٥)و(٦) وئەو

مەعلووماتەی کە ئەمن هەیتم لە راستی دا بەنسبەت مەلاکاتی پۆلیسی هەولێر، بەپێی ئەو مەعلووماتەی کە من هەمە میلاکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر (٧١٥٠) پۆلیسن. ئەگەر زیادیش نەبووبێ هەتا ئێستاکە، بەپێی زانیاری من (٥١٥٠) پۆلیس لە بۆ حیمایەی مەسئوولین وبارەگاکانە تەنها (٢٠٠٠) پۆلیس بۆ هەولێر وهەموو قەزاو ناحیەکانە. پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا وەزارەتی ناوخۆ بۆ پاراستنی کاربەدەستان دانراوە یان بۆ پاراستنی هاووڵاتییان؟ سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەقی گلەییەکم هەیە، چونکە من ناوم لە سەرەتادا نووسرا بوو زۆریش کەم قسە دەکەم، بێگومان بەردەوامی حکومەت وژیانی ئاسایی خەڵک بەندە بە بوونی ئاسایش، لە بەر ئەوە مەسەلەیەکی حەیاتیە، بەراستی چیتر لە سەر ئەو مەسەلەیە چارەنووس ساز ناکرێ، خاتری یەکتری بگرین وبەجیدی قسەی لێ نەکەین و، هەڵوێستی لەسەر وەرنەگرین، دوو بەشی پرسیاری من کاک فەرەنسۆ وکاک ئەرسەلان کردیان، بەشی سێیەمی پرسیارەکەی من ئەوەیە، ڕاستە وەزارەتی ناوخۆ وحکومەتی هەرێم هەوڵیان داوە وبەرنامەیان داناوە، بەڵێنیان لە یەکێتی وپارتی وەرگرتووە، لە کاک مەسعوود ومام جەلال وەرگرتووە جار جاریش ئەو مەسەلە لە پەرلەمان باس کراوە، بەڵام ئایا وەختی ئەوە نەهاتووە کە بەراستی لە ماوەیەکی دیاری کراودا کە ئەو بەڵێنەی حزبەکان جێبەجێ نەبوو، وەختی ئەوە نەهاتووە وەزیری ناوخۆ وبریکاری وەزیر و مەسئولە گشتییەکانی ئاسایش وپۆلیس وئاسایشی هەولێر ئیستقالە بکەن یان ئەگەر ئەوان نەیان کرد پەرلەمانی کوردستان هەڵوێست وەرگرێ ومتمانەیان لێ وەرگرێتەوە، پرسیارەکەی من ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم وەکو کوڕی ئەم وڵاتە باوەڕ ناکەم تشتەک هەبێت سڕ وکو نەزانین چ کەم چ زێدە وەکو سەرۆکاتیا پەرلەمانێ، سەرۆک وەزیران وەزیری ناوخۆ زۆر باس کرد بێ شکە جەنراڵەکی بێ لەشکر نەشێت دەوری جەنراڵەتییاخۆ ببینێت، زۆر ڕاستە ئەگەر حکومەت بێت حکومەت دەوری خۆی ببینێت، دەبێت پشتیوانیا بۆ هەبن، امکانیات بۆ هەبن یانی حدوودی بەلەدیەی هەولێری ئان حدودا بەلەدیەی شارەک دی، حکومەت دەورێ ببینێت وئەو تشتێ پێ مکلف بکات ولێرە هیڤی دارم ئەو تشتە بەڕێز سەرۆک وەزیران کو باس کرد تغیراتی جیددی بێتە کرن واعادەی نەزەر بێتە کرن هەر ئەڤەش خاڵەک بی کو هەڵوێستی هاتە اعلان کردنێ پەرلەمان، ئەمەش خاڵەکی بهاتایە وزووترین وەخت ئەڤە بێتە کردنێ ڤێری خاڵەک منا هەی، پرسیارەک بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئەوژی ممکنە زێدە تەئسیر لە سەر وەزعی ئەمنی هاتیە کرنێ ئەو ژ ناحیە بەرتیل کاربە، یانی ئەڤ دیاردەیەکی بوگەنە کو لە ناڤ مەدا دەست پێ کری، بێ گومان چ تەئسیر لە سەر

وەزعی ئەمنی مەی کری وصدامی تاوانبار نۆکەرێت هەین ل با ژێرا دگەرێن ئازادانە بێ کو کەسەک دەستی خۆ بێتە کرنێ زۆریشیان قاتیلن وجەردەن وغەیری وان، لازمە چارەی ئەمانە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز مزهر عەلی مستەفا هیرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمن دوو پرسیارم هەبوو، یەکیان ئەوە بوو بەڕێز کاک سەعید کردی، پرسیاری دووەمیش لە بارەی پسوولەی هەڵگرتنی چەکە، ئایا جگە لە وەزارەتی ناوخۆ هیچ لایەنێک بۆی هەیە پسوولەی هەڵگرتنی چەک بدات؟ بەتایبەتی کە سەیر دەکەین لەم زرووفە، پسوولە وهەویاتی لابە لا تا رادەیەک زۆر بووە، پێویستە وەزارەتی ناوخۆ ئەگەر بتوانێ چاو بگێرێتەوە بەم جۆرە کارانەدا، سوپاس.

**بەڕێز یوسف جەمیل خورشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستیدا پرسیارەکەی من دوو بەش بوو، بۆیە یەکێکم لادا وهەر ئەوی دی داوا دەکەم لەبارەی هەڵبژاردنی کارمەندانی دەزگای ئاسایش، چونکە دەزگای ئاسایش پەیوەندیی بە هاووڵاتیانەوە هەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردسان زۆر دەوری هەیە، ئەمانە وەکو زانیاریم هەیە جهازی ئاسایش کە دامەزرا زۆر بەیان لەوانەی کۆن بوون یان لە مەفرەزەی تایبەتی ئەمن وئیستخبارات بوون وهەر رەنگەکەو جلەکانیان گۆڕی یاخود لە خزم وکەسی دەسەڵاتدارەکان بوون، چونکە وەکو دەزانن کە مووچەی ئەمن (٦٠٠) دینار بوو وپۆلیسی دی لەوانەیە کەمتر بێ، زۆربەی زۆریان لەوانە پیاو کوژیان کەوتە ناو ودزیان کەوتە ناو، رێگریان کەوتە ناو، چونکە بەداخەوە کە دەبیەم کابرایەک دەڵێ من ئەوەم کرد، دیتم لە جهازی ئەمن کابرای منی گرت یان لە منی دا یان ترومبیلی منی برد دیتم لە فەرمانگەی ئاسایشە، جا لێرەدا وەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران گوتی: ئێمە بە تامایین کە جهازی ئەمن سەر لە نوێ دابمەزرێنینەوە، تکام وایە کە ئەم جهازەی ئاسایش لە سەر بنچینەیەکی زانیاری سەربازی ولە سەر بنچینەی دڵسۆزیی دابمەزرێتەوە ولەو کەسانە هەڵبژێردرێن کە دڵسۆزن، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئێمە لە کۆبوونەوەکان وچ لەم کۆبوونەوەی ناو پەرلەمان وهی ئەنجوومەنی وەزیران وهی کۆبوونەوە دوو قۆڵییەکان، موجامەلەی یەکتری زۆر دەکەین، بەداخەوە موجامەلە کردنەکان هەمووی لە سەر حیسابی خەڵک ئەکەوێت، کە ئێستا باسی ئەمن وئاسایش وژیانی خەڵک ئەکەین دەستە پاچە کەوتووین، نازانین چۆن چارەی بکەین، یەکەم دەزگای شەرعی کە لە کوردستان هەڵبژێردرابێ ئەم پەرلەمانەیە کە ئێستا ئێمە لەم هۆڵەدا دانیشتووین، ئەم پەرلەمانەش

شەرعییەتی داوە بە ئەو حکومەتەی کە ئێستا حوکمڕانیەتی گەڕەکەکانی شاری هەولێری پێ ناکرێ. ئایا ئەم دوو دەزگا شەرعی یەی کە ئێستا هی میللەتن ناتوانن وابکەین ببنەوە بە دەزگای شەرعیەت کە ئێستا هی میللەتن؟ ناتوانین وابکەین هەڵوێستێکی یەکگرتوومان هەبێت دەسەلاتێکمان هەبێت کە ئێستا ئێمە دەستەپاچە کەوتووین بەرامبەری و لەوانەیە بەشێکی زۆری ئاگامان لێ بێت بیهێنینە ئێرە لە جیاتی کاک یونس وکاک عەبدوڵلا، ئێستا کاک مەسعوود ومام جەلال لێرە بن پرسیاریان لێ بکرێت وئەگەر ئەوەمان پێ ناکرێت ناتوانین بڕیاری ئەوە بدەین ئایا وەختی ئەوە نەهاتووە پەرلەمان وحکومەت، واتە ئەنجوومەنی وەزیران، بڕیاری ئەوە بدەن هەڵوێستێکی هەبێت بۆ ئەوە بە دەستە پاچەیی نەوەستی و ئێستا نەتوانین لە بەرامبەر خەڵکەکە وەلاممان پێ بدرێتەوە ورای بگەیەنین کە ئێمە حزبایەتی ناکەین لێرەو لە پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە، ئەو کاتەش پێم وایە لەو چەند سەد پێشمەرگەی کە کاک یونس باسی کرد پارتی ویەکێتی پێیان داون زۆر لەو قوەتە زیاتر هەیە لەبەر دەستی ئەم حکومەتە وئەم پەرلەمانە کە قوەتی جەماوەرە بۆیە دەڵێم زوو چارەسەری ئەم وەزعە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک شێروان حەیدەری باسی میلاکاتی پۆلیسی کرد، حەز دەکەم روون کردنەوەیەک لە سەر دامەزراندنی پۆلیس وفەرمانبەری گومرک وئاسایش بکەم، زۆر جار گازەندە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێ و دەڵێن لە گومرگ ئەوەندە فەرمانبەرە هەیە لە ئاسایش ئەوەندە هەیە، لە پۆلیس ئەوەندە هەیە، ئەو سێ شوێنە هیچیان لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئەمری وەزارییان بۆ دەرناچێ کە دادەمەزرێن، هەر سێکیان راستەو خۆ ئەوەی کە پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە حزبەکان لە بۆ وەزارەتی ناوخۆی دەنێرن، وەزارەتی ناوخۆ ئەمری پێ دەردەکات و، ئەوەی کە لە بۆ گومرکیشە وەزارەتی دارایی دەری دەکات. یانی هیچ شتێک لە ئەنجوومەنی وەزیران یان لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەو سێ جەماعەتە لای ئێمە ئەمریان لە بۆ دەرناچێت وبە ئارەزووی ئێمە نییە، حەزم کرد ئەمە لە لاتان روون بێت و بۆ پەرلەمان و بۆ کۆمەلانی خەڵکی کوردستانیش، ئەگەرنا لە گومرگی هەولێر (٧٠٠) فەرمانبەری لێ یە خۆی (٤٠) کەسی ناوێ بەس لە بەر مەعاشەکەی دانراون، بۆ مەسەلەی پۆلیسیش ئێمە کۆبوونەوەمان لە ئەنجوومەنی وەزیران کرد پاشانیش کۆبوونەوەیەکی فراوانمان کرد لەگەڵ بەڕێز وەزیری ناوخۆ وجێگرەکەی بەڕێوەبەری پۆلیسی گشتی وجێگری و، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەموو پارێزگاکان بڕیارمان دا لە بۆ هەموو کوردستان پێنج هەزار و(٥٠٠) پۆلیس دابنێن وهەموویان چەکیان بدەینێ وجلیان بدەینێ وموووچەیان لەو کاتەی کە بڕیارمان دا لە (٥٠٠) دینار کەمتر نەبێ ودوایی (٢٥٠) دینار دەرماڵەمان دانێ، پۆلیسەکانی تری حزبەکانیش وەکو کاک شێروان باسی کرد کە ئێستا میلاکی پۆلیسی هەولێر حەفت هەزارە، باوەڕ ناکەم ئەو ژمارەیە بێ، بەلام ژمارەی زۆریش هەیە، وەزیری

ناوخۆ دەتوانی بە وردی دەسنیشانی ژمارەکە بکات، بەڵام هی حزبەکانیش بڕیارمان دا لە بۆ پاس کردنی ئەندامانی پەرلەمان و بریکاری وەزیر و وەزیرەکان وبارەگای حزبەکانی یەکێتی وپارتی یەکی هەزار کەسیان هەبێت ئەوی تر هەمووی هەڵبوەشێتەوە لە سەرانسەری کوردستان (٢) هەزار کەسیان هەبێ یانی (٧٥٠٠) تاکو (٨٠٠٠) بەهەموو حزبەکانی بەرەی کوردستانی وهەردوو حزبەکە وبە پۆلیسی مەسلەکی وهی پارێزگاکان هەبێ وئەوەش بتوانێ موچەیەکی باشیان بدەینێ وئەمن پێشنیارم کرد ئەو هەزار کەسەی کە دەیدەینە یەکێتی وپارتی یان هەندێکی تر لە بۆ حزبەکانی بەرەی کوردستانی مووچەکەیان راستەوخۆ بدەینە مەکتەبی سیاسی یەکانیان چونکە خەڵکیان دامەزراندووە، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژ بەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برای بەڕێزم کاک عەبدوڵلا وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دایەوە. من بۆ تەعقیب کەمێک لە سەر هەندێ بابەت وەڵام دەدەمەوە، کاک شێروان کە باسی ئەو ژمارەی کرد لە پۆلیس، راستە بەراستی ئێمە هەنگاومان نا بۆ دانانی پۆلیس بۆ بارەگاکانی حزبەکان وبۆ کاربەدەستان، لە سەر ئەو بنەمایە کەوا یاسای حزبەکان ویاسای چەک جێبەجێ بکەین، لە سەر ئەو ئەساسە دامان نا تاکو دیاردەی چەکداری بەو شێوەیە نەبێ، هەمووی شێوەی نیزامی بگرێتەوە وبتوانین یاسای چەک ویاسای حزبەکان جێبەجێ بکەین، بەڵام بەداخەوە ئەوە تاکو ئێستا پێمان جێبەجێ نەکراوە، ئەوەی کە بۆ هەولێر یان بۆ پارێزگاکانی دی پۆلیسی مەسلەکی دانراون، ئەوە هەروەکو کاک عەبدوڵلا ئاماژەی بۆ کرد بەپێی کۆنفرانسێ کە کرا لەگەڵ دەزگاکانی پۆلیس لە پارێزگاکان وپۆلیسی گشتی خۆیان ئەو ژمارەیان دەست نیشان کرد وبرای بەڕێزم کاک یوسف جمیل میران باسی دەزگای ئەمنی کرد، من حەز دەکەم تەعدیلێک بخەمە سەر دەزگای ئەمن، چونکە دەزگای ئەمن نییە، دەزگای ئاسایشە وبە هەموو زمانێک هەر ناوەکەی وایەو، باسی ئەوەی کرد کە هەمان خەڵکی دوێنێ کەلە دەزگای ئەمن و مەفرەزەکان ودەزگاکانی تر لەم دەزگایە دان. من بەش بە حاڵی خۆم حەز دەکەم ئەگەر کاک یوسف ئەو ناوانەی لا هەبێت بمان داتێ، ئەگینا لە دامەزراندنی ئاسایش بۆیە درا بە حزبەکان بۆ ئەوەی خەڵکی دڵسۆز وپاک بپاڵێون بۆ ئەو دەزگایە ویەکێک لە مەرجی وەرگرتنی ئاسایش ئەوەیە کە چەکی بۆ رژێم هەڵ نەگرتبێ ولە ناو دەزگاکانی ئەمن ومخابرات ومەفرەزەی تایبەتی رژێم نەبوو بێ. بۆیە پێمان خۆشە ئەگەر کەسانی وا هەبن بمان دەنێ، بۆ ئەوەی بەو شێوەیە نەبێت. لەراستیدا کاک حاجی حاجی ئیبراهیم باسی ئەوەی کرد کە دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ بەگشتی کە نەتوانن ئەرکەکانی سەر شانی خۆیان ئەنجام بدەن حەقە واز بێنن، من لەگەڵ تۆم ١٠٠٪ هەر وەکو ئاماژەمان بۆ کرد، من بەڕاشکاوی دەڵێم یاسای حزبەکانمان هەبووە، یاسای چەکمان هەبووە وچەندین یاسای تر ئێستا نەک بەس وەزارەتی ناوخۆ، بەڵکو حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی جێبەجێ نەکراوە وبەڕاستی ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان، خۆم بەشەرمەزار دەزانم

نەک بەس بەرامبەر بە ئێوەی بەڕێزی پەرلەمان، بەڵکو بەرامبەر میللەتی کوردیش وپێم خۆشە هەر کاتێ ئێمە داوای ئەوەمان لێ بکەن، لەراستیدا بەو پەڕی شانازیەوە پێمان خۆشە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمــــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من شیعرێکی حاجی قادری کۆییم بۆ نووسی (هەتا وەک ئاگری بن کان لەگەڵ یەک، ئەگەر تۆفان بێ لەشکرتان بە پووشەک) لەگەڵ ڕێزو سوپاسم دا بۆ ئێوەی بەڕێز.

**بەڕێز مـــەلا مـــەحـــــمـــود فندی دێرەشـــەوی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەراستی ففتی ففتی کارێ مە خراپ کریە. من دوو پرسیار هەنە، پرسیارەکی بۆ هێژا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ویەکی دی بۆ جەنابی وەزیری ناوخۆ. جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن کەرەم کرد گوتی: حەتا ئەم نەشێین بیـژنە رەشێ رەش وسپی سپی بێگومـان حالی مـە ڤێ ئەڤەبیت، ئەڤ گوتن گەلەک راستە، گوتنی پێغەمبەر(د،خ) گوتی:«ویل لأمە لاتستطیع أن تقول للمحسن أحسنت» پرسیارا من ئەڤەیە هەتا کەنگی(عفا الله عما سلف) شەڕ دەست پێ کرد باشە، بۆچی شەڕ دەستی پێ کرد؟ گوتن (عفا الله عما سلف) ئێکی لە دژی گوتی:«عفا الله عما سلف» هەتا چەندی؟ ئەڤە پرسیارا من بوو لە بو سەرەک وەزیرا، پرسیارا من بۆ جەنابی وەزیری ناڤ خو وەکی ئەم پێ حەسانە وتەئکید لە داخلی شاری هەڤلێر تایبەتی ئەوی زەنگین ودەولەمەندن خەڵکی هەڤلێر نا چارن پەیوەندی لەگەڵ ئەفسەری ئاسایش دەکەن، وەکی جەنابی کەرەم کردی، هەر یەکی کۆمەڵێکی حەرەسە، پۆلیس کە دەچنە مووچەیان یا راتبی وان زێدە اضافی دەبی بێگومان ژ خەلکی ناوچە تەنها حەراسەتی لە ماڵی وان کەسان دەکەن تا شت نەدزرێن، بەڵام دزی هەر دەکرێ، چونکە کۆمەڵێکی دەرەکی دەبنە شەرێکی یەک دوو لەوانە. ئەم حالەتا کەنگی ئاوا بمینیت، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بێگومان ئاسایش دەورێکی باڵای هەیە لە خۆشی وخۆش گوزەرانی وڵات دا، ئەگەر بزانین حوکمی زاتی فەلەستینی پێش ئەوەی ئەنجوومەنی کارگێڕی بڕواتەوە پۆلیسیان مەشق پێ کرد، پۆلیسەکان چوون، ئینجا ئەنجوومەنی وەزیرانی فەلەستینی چوو، لەبەر ئەوە ئەمن وئاسایش زۆر بایەخێکی گرنگی هەیە وبۆ خۆشی وخۆش گوزەرانی وڵات. پێش چەند رۆژێک ئێمە بەڵگەنامەیەک و بەیاننامەیەکمان بڵاوکردەوە و گوتمان ئێمە دەبێ بەراستی ئەندامی پەرلەمان بین، بەراستی نوێنەری میللەت بین، نابێت هیچ شتێک چاوپۆشی لێ بکەین ودیزە بەدەرخۆنە بکرێت، من پرسیارەکەم ئەمەیە شتەکان لەتەم ومژا نەمێننەوە، ئەوانەی کە دزو جەردەو خۆ فرۆشن، دەبنە رێگر لە رێگای چەسپاندنی ژیانی میللەتەکەمان کە پەرلەمان وئەم حکومەتەیە دەست نیشان بکرێت

وبە ئاشکرا لەم هۆڵەوە میللەت بزانێ ئەوانە کێن، ئەمەیە پرسیارەکەم، ئیتر لەمەولا دەستەی جێبەجێ کردن کە دێ بۆ ئێرە ئەگەر شتەکانی نەتوانێ بخاتە روو وبڵێ فلانە کەس خۆی بە فلانە لایەنەوە هەڵواسیوە بە فلانە حزب، با لێرەوە ئێمە ریسوای بکەین و، پاڵپشتی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بێن بۆ جێبەجێ کردنی، بۆ ئەوەی رێمان لێ نەگرن، ئەمە بە شێوەیەکی گشتی مەبەستی من بوو.

پرسیارێکیشم بۆ وەزیری ناوخۆ هەیە، زانکۆ وکۆلیجەکانی زانکۆ لە هەموو دنیادا (حەرەم ئامینە) واتە: وەکو چۆن پەرلەمان(حەرەم ئامینە) خوێندگا وجێگای خوێندنیش هەروایە، بەداخەوە وانزیکەی سێ چوار هەزار خوێندکار وقوتابی، وا نزیکەی (٣٠٠-٤٠٠) خێزانی مامۆستا لە بینایەی سەرۆکایەتی زانکۆ بیگرە تا دەگاتە کۆلیجی ئەندازە تاکو ئێستا (٤-٥) جار بەمەسەلێک دەڵێ قلیشاوەتەوە وبۆتە جێی هەرەشە لێ کردنی ئەو خێزانانە، تەنانەت یەکێ لەو خوێندکارانە شەهید بوو، لە کاتێک دا کە خۆی ئامادە دەکرد بۆ ئەزموون! باشە تاکەی ئەو بارە ناهەموارە روو بدات؟ تاکەی مامۆستا نەتوانێ بەشەو بروا؟ هەر ئەو دەورە هەمووی حیمایەی تیایە، خاڵی پشکنینیان داناوە، بازگەیان داناوە تاکەی ئەم بارە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی پرسیارەکەی من پەیوەندیی بە سەرەتای دانیشتنەکەوە هەیە کە بەڕێزان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری ناوخۆ کە ئاماژەیان بۆ کرد بڕیاری بەڕێزیان وایە، ئێمەش دەڵێین وایە، بەڵام کە دەسەڵات بە شێوەیەکی عەمەلی تەنیا لە سنووری شاری هەولێر دایە، بەڵام شەرعییەت ماوە لە مەرکەزدا کە بڕیار وەربگرێ بۆ شوێنەکانی تر، پرسیارەکە ئەمەیە ئایا ئەو بڕیارانەی کە ئێستا وەر دەگیرێن لەو شوێنانەی کە لە دەرەوەی سنووری شاری هەولێر دان هەر جۆرە بڕیارێک چ لە ئاستی فەرمانبەرانی حکومەت وچ لە ئاستەکانی تریش، ئایا ئەو بڕیارانەی کە تا ئێستا وەرگیراون و وەردەگیرێن بەرامبەر بەو رووداوانە بە شەرعییەت لە قەڵەم دەدرێن یان نا؟ ئەگەر بە شەرعییەت لە قەڵەم دەدرێن بابەتێکە وئەگەر بەشەرعییەتیش لە قەڵەم نادرێن ئەوە بابەتێکی ترەو، ئایا بڕیارێک وەرناگیرێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانەی کەوا لەو ماوەیەدا دراون؟، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان زۆر پرسیار لە بارەی پۆلیس وئاسایش کران، ئێمە وەکو پەرلەمان، مەبدەئێکی گشتیمان بڕیار داوە کە چارەسەری کێشەکە بکەین، ئەوە بەڕێزان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وجێگری لێرەن وئەوانیش هەر بڕیاریان داوە. ئێستا من وەکو پێشنیار دەڵێم لە ئێستاوە دەست پێ بکەین با هەڵوێستمان هەبێ، با ئێمە هەموومان ئەندامانی پەرلەمان هەر (١٠٥) ئەندام لە بینایەی

خۆمان وهەموو وەزیرەکان بەگشتی لە بینایەی خۆیان پەنابگرین ونووسراوێک بۆ هەردوو بەرێزان بنووسین وبۆ کەسی تر نەنووسین، چونکە بڕیار ئی وانەیە، هی کەسێکی تر نییە، مام جەلال وکاک مەسعود، بۆ ناوی پێشمەرگە بۆ لیوای تایبەتی قەید دەکەن؟ بۆ چەک دەکرن؟ لەو کارە رادەوەستن؟ یان ئێمە لە بینایەی پەرلەمان پەنا دەگرین، سوپاس.

**بەرێز ئازاد عـــەبدولقـــادر قـــەرەداغـی:**

**بەرێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــەن.**

من لە سەر باری ئاسایشی کوردستان قسە دەکەم. دوای ئەو رووداوانەی کە روویان دا لە زۆر جێگا قوتابی هەن بێ بەش بوون لە ئەزموونەکان، ئایا دووبارە لە دەوری دووەم دا ئەزموونەکان دەیانگرێتەوە یان نا؟ ئەوجا ئەگەر وەزیری پەروەردە لێرە بوایە، بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەمی بدابایەوە، بەڵام من ئەم پرسیارە لە بەرێزان دەکەم ودەڵێم ئایا تاقی کردنەوەی دەوری دووەم ئەم جۆرە قوتابییانە دەگرێتەوە تاکو تاقی بکرێنەوە؟ سوپاس.

**بەرێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــەن:**

سوپاس کاک ئازاد، وابزانم ئەم بابەتە پەیوەندی بە ئەمن وئاسایشەوە نییە، ئەگەر دوایی کاک عەبدوڵلا شتێکمان بۆ روون بکاتەوە.

**بەرێز مـەلا مـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بەرێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــەن.**

بەراستی هێمنی وئاسایش وهێمنی لە کوردستان دا یەکجار پێویستن، بەڵام هۆی پشێویان تارادەیەک مەسەلەی فرە مەرکەزی قەرارە وئەمە بوەتە هۆی ئەوەی کە حکومەت ئیشەکانی خۆی وەکو پێویست نەکات، چونکە بڕیار لە هەموو شوێنێکەوە دەردەچێت وجێبەجێش دەکرێ، دووەم: شتێکی کە زۆر گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە کە چ پەرلەمان وەکو ئەندامانی پەرلەمان لە سەرەوە تا خوارەوە یانی هەمووی دەبێ وەلای بۆ پەرلەمانەکەی خۆی هەبێت، کە چی سەیردەکەی وەلای بۆ حزبەکەی خۆی زیاترە وهەروەها ئەنجوومەنی وەزیرانیش بە وەزیرەکانەوە تا دەگاتە ئەوانی تر وەلایان بۆ حزبەکانیان زیاترە وەک وەلایان بۆ ئەنجوومەنی وەزیران وحکومەتەکەیان، لە بەر ئەوە ئەگەر ئێمە بەراستی بمانەوێ شتەکان چاک بکەین دەبی ئەساسی شتەکان چاک بکەین، یەکەم ئێمە وەکو پەرلەمان دەبێ بەراستی ئەندامی پەرلەمان بین و وەلامان بۆ پەرلەمانەکەی خۆمان بێت، سوپاس.

**بەرێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەرێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــەن.**

بەراستی وا دیارە برادەران کەسیان لایەنی ئیجابی بابەتەکەیان باس نەکرد، هەرچۆنێک بێت زۆر سوپاستان دەکەین، برادەران لەو رۆژانەدا برەک ئاسایش هەستی پێ دەکرێ، نەختێک بەر قەرارە وخەڵکەکە تا رادەیەک دڵنیایە، بەس ئەوەی داواکارین ئەوەیە کە بەردەوام بن لە سەر بابەتەکە،

چونکه هەر پشت تێ کردن وهەر سارد بوونەوەیەک لەو بابەتە هەمان بوار دەداتە ئەو دزو جەردانە وئاسایشی هاوولاتییان تێک بدەنەوە من پرسیارێکم هەیە بەنسبەت بەرێز وەزیری ناوخۆ لە بارەی بەندیخانەوە وزۆر لە ناو خەڵکدا وا بڵاوبۆتەوە کە دەتوانرێ گیراو لە بەندیخانە ببردرێ یان بیگوێزنەوە واتە خەڵکی مەحکووم هەنە لە بەندیخانە لاچووە بەرامبەر بە مەبلەغە پارەیەکی دیاری کراو، یانی لێتان ناشارمەوە حسێبیان کرد ساڵ وهەزار دینار لە ناو خەڵک وا شایعە، ئایا شتی وا رووی داوە خەڵک لە ناو سجن بردراوەتەوە، لەوانەیە بەناوی مۆڵەتیان بە ناوی هەرشتێک ئەم جۆرە شتانە تا ئێستا لێرە پەیرەو کراوە توانی بێتیان لە بەندیخانە بچنەماڵەوە یان نا؟ ئەگەر شتی وا هەبێت، بێگومان بە رای من شتێکی زۆر خراپە، ئەوە لایەنێک و، لایەنی دووەم: ئێستا هەروا گواستنەوەی موقوفین هەست پێ دەکەین وهەندێ حزب ولایەنی وا ئەو کارە دەکەن وئەو حزبانە هەر چۆنێک بێ هەر چەند جێگای سوپاسن حزبەکانی بەرەی کوردستانی، چونکە هاریکاری یەکی زۆریان کردووە، بەڵام لێپرسینەوە لەم حاڵەتانە بزر دەبێ، مادام حکومەت کە وتەوە کار پێویستە پۆلیس وئاسایش ئەو کارە ئەنجام بدەن، سوپاس.

**بەرێز سیروان محەمەد نەورۆڵی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەپێچەوانەی زۆربەی برادەران کە پرسیاریان کرد دەربارەی ئاسایش وپۆلیس، دەگەڕێمەوە بۆ سەرچاوەکەی، بەراستی سەرچاوەی ئاسایش دەگەڕێتەوە بۆ ئاسایی کردنەوە باری کوردستان بەتایبەتی گەڕاندنەوەی مەڵبەندەکان ولقەکان، بەرای من ٧٠٪ی کێشەی میللەتەکەمان چارەسەر دەکات وئاسایش بۆ وڵاتەکەمان دابین دەکرێ یان بڕیار وابوو من ئەو پرسیارە، بەداخەوە کاتی کە مام جەلال وکاک مەسعود لێرە بوون دەبوایە ئەو پرسیارە بکەم کە ناو نووسمان کرد، ئیتر سێ کەس قسەیان کرد دوای ئێوە نازانم بە چ دەسەڵاتێک رێگەتان لە ئێمە گرت کە ئەو پرسیارانەتان لێ بکەین، ئەوەش بوو کە مام جەلال وکاک مەسعود بانگ دەکەین بۆ لێپرسینەوە و بۆ لێکۆڵینەوە لەراستیدا دەبوایە لە کاتی خۆی دا ئەو پرسیارەمان لەوان بکردایە بڕیارێکی سیاسیان بدایە لە ماوەی (٤٨) سەعات ئاسایی کردنەوە لەو شوێنانە بکرابایە، بەداخەوە ئەوەتان نەهێشت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برای ئازیز ئەمە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئەوەش وەزیری ناوخۆ، بەشێوەیەکی دیاری کراو چیت دەوێ فەرموو بپرسە؟

**بەرێز سیروان محەمەد نەورۆڵی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە بڕیارێک دەرکەین تا ئەو دوو بەرێزە بێنە ئێرە. ئەوانە سەرچاوەی ئەمن وئاسایشن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە ئەوە لە دانیشتنێکی دیکەدا پێشنیازێ بنووسە. ئێستا کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکەی من بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆیە دەربارەی دانانی بەندینخانەی مەرکەزی، چونکە پێش ماوەیەک کە ئاگادارین لە پەرلەمانەوە لیژنە دانران بۆ ئەوەی پەیوەندی بە وەزارەتی پەیوەندیدارەوە بکرێت وشتێکی زۆر زۆر پێویستە وبەڕێزتان ئاگاداری ئەو مەسەلەیەن ونازانم کێوە دەچێ؟ سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەداخەوە دەڵێم هەروەکو مێژوو دووبارە بۆتەوە بۆمان، ئەوە ئیمارەتی بادینان، ئەوە ئیمارەتی سۆرانە، لە ئەنجامی بێ دەسەلاتی هەموو لایەکمان دروست بوونەتەوە، من پرسیارەکە بەو شێوەیە ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین کە پەلە بکرێت لەو یاسایەی کە لێرە دەرچووە لە پەرلەمان بۆ چەک دامالین، کە ئەو یاسایە ماوەکی زۆری بە سەر تێ پەڕیوە تاکو جێبەجێ بکرێ بە پەلە، بۆ ئەوەی شارەکە و ولاتەکە لە دەست ئەو جەردە ورێگرو دزانە رزگاریان ببێ، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە ۷/۲۰ بڕیارێک دەرچوو لە ئەنجوومەنی نیشتمانی یەوە، کە لیژنەیەکی لێ تۆژینەوە لە سێ دادوەر پێک بێت بۆ لێکۆلینەوە لەو دەست درێژی یەی کە کرایە سەر برای بەڕێزم کاک فرەنسۆ وچەند ئەندامێکی پەرلەمان، نازانم چی کراوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە تاکو ئێستا؟ سوپاس.

**بەڕێز ئەبو بەکر محەمەد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەک ئێمە ئەبیسینەوە زۆربەی ئەوانەی یاسا پێشێل دەکەن ودزی دەکەن یان بۆ نموونە بلێین ئۆتۆمبیلێک دەدزن، ڕوودەکەنە دەرەوەی شار یان روو دەکەنە ئۆردوگاکان، پرسیارەکەی من ئاراستەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەم، ئەوەیەکەی حکومەت بیر لەوە دەکاتەوە ئیدرارەکان بژێنیتەوە بۆ ئۆردوگاکان، بە تایبەتی پۆلیس، هەم بۆ ئەوەی ئاسایشی خەلکی ئۆردوگاکان دابین کرێ وهەم بۆ ئەوەی ببێتە هۆی پاراستنی ئاسایشی ناو شار، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکەم لە سەر ئاسایێ کردنەوەیە، لیژنەی سەرەکی دامەزراوە، چەند کۆبوونەوەیەکی کردووە، بەلام لیژانی فەرعیش دانراون، ئەوە بۆ پارێزگاکان دەچن پێش دە ڕۆژ دەیان گوت بۆ دهۆک وبۆ

سلێمانی دەچن. نازانم بۆ ئێستا دواکەوتوون، گرفتەکان چین؟ روون کردنەوەیەکمان دەوێ لە سەر ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قسەکەی من کرا، منیش مەبەستم ئەو ئاسایی کردنەوە بوو کە کاک ئیبراهیم گوتی، سوپاس.

**بەڕێز عەلی عەبدوڵلا ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکەی من ئاراستەی بەڕێز وەزیری ناوخۆیە. ئایا ئەوە بڕیارێکی خراپ نەبوو کە وەزارەتی ناوخۆ پەیوەندی خۆی لەگەڵ دام ودەزگاکانی پارێزگاکان بپچڕینی کە ئەمە رەنگ دانەوەیەکی خراپی هەبوو لە رووی مەعنەوی یەوە و کەس سەرپەرشتی ئەو دام ودەزگایانەی پارێزگاکان نەکات، بەتایبەتی پۆلیس وئاسایش، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی هیچ نەماوە بیڵێم یانی ئەوەی کە دەم ویست بیڵێم وترا، بەڵام پرسیارەکەی من ئەوەیە کە بەداخەوە چ پەرلەمانە چ حکومەتی هەرێمی کوردستانە یەک بە یەک دەڵێ من بەرپرس نیمە وئەمەش لەڕاستی دا کێشەیە، بۆیە من بۆ چوونەکەی کاک سەید حەسەن تەئیید دەکەم ودەڵێم ئەگەر پەرلەمان وحکومەت هەڵوێستیان هەیە، با پەناگیرییەک لە شوێنی خۆیان دا بکەن بۆ ئەوەی تاکو ژیانی ئەم میللەتە ئاسایی نەبێتەوە لە سەرانەسەری کوردستان واز نەهێنن، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستی دا پرسیارم نییە، بەس دوو خاڵم هەیە، یەک لەناو قسەکردن دا وا دەرکەوت هەموومان شکایەتمان لە هەردوو حزبەکە هەیە تەبیعی زۆریش دووبارە دەبێتەوە وهەندێکیان بە ڕاکردن لە بەرپرسیی دادەنێم، من تەنیا یەک تکام هەیە بۆ ئەو کەسانەی ئێمە لە حکومەت، کە لەو دوو حزبە پێک هاتووە، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەکێتییە و، بەڕێز وەزیری ناوخۆ کە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی پارتییە و، ئێمەش لە ناو پەرلەمان لەو مێژووە لەوانە زۆر گۆڕانکاری کرا، ئەندام وسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەبێ واهەست نەکەن کە ئێمە بۆ ئەوە بانگیان دەکەین بۆ ئێرە کە خوانە خواستە موحاسەبەیان دەکەین، بەڵکو بەپێچەوانەوە وەکو وەکیلێک لێیان دەپرسین چیان کردووە بۆ ئەم میللەتە، ئەوانیش لەگەڵ ئێمەدا بن. بە بۆچوونی من بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کە لە حکومەت دادەنیشێ کە دەچێتەوە مەکتەبی سیاسی لە بیری نەکات کە ئەوە سەرۆکی حکومەتی کوردستان بە هەمان روحیەتەوە لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی بەشداری دەکات، هەروەها بەنسبەت وەزیری ناوخۆش کە لە کۆبوونەوەکان

دادەنیشێ لە بیری نەکات کە ئەوە وەزیری ناوخۆی حکومەتە وجێی متمانەی ئەم پەرلەمانەیە وئەم پەرلەمانەش راستە لیستەی دوو حزبە، بەس میللەتەکە دەنگی داوەتێ ئەوە خالێکە بە رای من ئەساسە پتەوکردنی ئەو پەیوەندییە لە نێوان ئێمەو ئەنجوومەنی وەزیران و بەو گیانەش ئیش دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەلا مەحمود دێرشەوی باسی کرد وابزانم لە کۆبوونەوەی دوو قۆڵی هەردوو لاش جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە ئەو کەسانەی کە بوونەتە هۆی ئەو کارە تۆژینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، ئەوەش تەئیبیدی دەکەین ود. سەلاح باسی ئەوەی کرد کە دز وجەردە وئەو جۆرە کەسانە زۆر قسەمان لە سەر کردن و وەلامیشمان دانەوە، کە مەسەلەکە چۆنە وچۆن نیە، ئەوەی کە لە بارەی زانکۆوە باست کرد حەتمەن ئێستا بڕیاردراوە هیچ بارەگا لە ناو شاری هەولێر نەمێنێ وهاوکاریش لەگەڵ مەڵبەند ولقیش دەکرێ ئەوانیش ئامادەییان هەیە کە بارەگاکان کەم بکرێنەوە کەسی چەکداریان نەمێنێ و زانکۆش حەتمەن پیرۆزی خۆی هەیە دەبێ بپارێزرێ. بەنسبەت ئەو خوشکەش کە شەهید بوو، ئەو خوێندکارە بەڕاستی ئێمە زۆر پێمان ناخۆش بوو، بەلام ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ زرووفەکەی ئەو سەردەمە کە ئەو سەردەمە شەڕو پێکدادان بوو لە ناو شاری هەولێر وهەندێ شوێن ولە سەرانسەری کوردستانیش کاک سیروان کاکەیی باسی ئەوەی کرد، ئەو بڕیارانەی کە دەدرێن بلاو دەکرێتەوە لە سەرانسەری کوردستان، هەموو شتەکان رێک دەخرێنەوە وەکو پێش ۱/ ٥ یانی پاش چاک بوونی، هەڵی دەوشێننەوە. مامۆستا سەید حەسەن باسی ملیشیاتی کرد بێگومان ئەو خالانەی کە لەو جاددانەی دانراون لە کۆبوونەوەکانی دوو قۆڵی یان بەتایبەتی ئەو کۆبونەوەی کە لە پاریس کراون لە فەرەنسا باسی ئەوەشی تێدایە کە ملیشیات نەمێنن وهێزەکی یەکگرتووی کوردستان هەبێ و ئەو چەکدارانە دیاری بکرێت. کاک ئازاد قەرەداغی بۆ مەسەلەی ئەزموونەکان حەتمەن ئەوە دەبێ وەزارەتی پەروەردە رەچاو بکات ئەو خەڵکانەی کەنەیان توانیوە ئیمتحان بدەن وئەزموونەکانی بەکەلۆریای پۆلی شەشەم دووبارە دەکرێنەوە لە هەموو هەرێمی کوردستان. کاک مەلا محەمەد ئەمین چەمچەماڵی باسی وەلای ئێمە وپەرلەمان وحکومەتی کرد، ئێمەش لەگەڵ ئەوە داین کە پەرلەمان وحکومەت هەڵوێستی خۆیان هەبێ وهیواداریشین پەرلەمان لە کۆبوونەوەی داهاتووی جەخت لە سەر یاساکەی بکات وهەمیشەیی بێت هەتاکو ئەندامی پەرلەمان سەربەخۆییەکی زیاتری هەبێ لە هەڵوێستی خۆی، سوپاسی کاکەڕەش دەکەین کە لایەنی ئیجابی لیژنەی ئاسایشی لە هەولێر باس کرد. بەنسبەت ئەوەی کە خەڵک لە دەرەوەی بەندیخانەبووە، بەندیخانە نەبووە یەک دوو حالەت بووە، ئێستا لە ژێر چاکردنەوەیە، ئەوەش هەر دەگەڕێتەوە ئەوەی کاک فرەنسۆ لە سەرەتادا گوتی: پرسیارەکان لەحزبەکانتان بکەن، ئەگەر حزبەکان خەڵک نەدەنەوە، نادەینەوە. بەلام ئێمە وەکو حکومەت ئیجرائاتمان کردووە بەرامبەر بەو کارمەندانەی کە

رێگایان داوه بیبەنەوه و، کاک سیروان نەورۆلی لەبارەی ئاسایی کردنەوەی وەزع لە کوردستان پرسی، منیش دەڵێم ئەوه کاتە وەزع ئاسایی دەبێتەوه کە چارەسەری کێشەکان بکرێن وئێمە دژی مام جەلال وکاک مەسعود نین،کاک بورهان بەندیخانەی مەرکەزی ئێستاکە لە مناقەصە یە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوه وئەو بینایەی کە کەل وپەلی جەماعەتی بزووتنەوەی تێدا بوو، درایەوه وەزارەتی ناوخۆ کە ببێتە بەندیخانەی مەرکەزی لە هەولێر، لەم زووانە. کاک شێخ ئەحمەد ئیمارەتی سۆران و بادینان نابێ بەیاری هەموو کوردستان بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوه، نەک دابەش بکرێت. کاک حسێن عەلی، بەڵێ، ئەو بریارە جێبەجێ کراوه وەک ئەوەی کە چۆن پەرلەمانی کوردستان بریار دەرکرا بۆ دەستەیەکی تۆژینەر دەردەکرێ لە سێ دادوەر وئێستاکە ئەمرەکە دەرچووه، وەزارەتی داد ئەوە جێبەجێی دەکات. کاک مەلا شاخی باسی ئەوەی کرد کە ئیدارە وپۆلیس بگەرێنەوه بۆ ئۆردوگاکان، ئێستا ئێمە لەسەرەتاین وهەوڵ دەدەین کە وەزعی کوردستان وەکو خۆی لێ بکەینەوه، ئەو کاتە بەیاری خوا بە هەوڵ کۆششی هەموو لایەک، ئەو ئۆردوگایانە یان ئەوانەی دەگەرێنەوه سەر گوندەکانیان دەبێ حیسابی پۆلیس و ئاسایشیان بۆ بکرێت. کاک ئیبراهیم لیژانی لێ تۆژینەوه بۆ شارەکان دانراون لەلایەن مەکتەبی سیاسی هەر دوو لاوەو ناوەکانیش دیاری کراون ولەوانەیە دەست بە کار بن، ئەوە پەیوەندی بە حکومەتەوە نییە ئەم پرسیارە. مامۆستا عەلی پرسیاری لە وەزیری ناوخۆ کرد، لە بەر ئەوە من دەمەوێ کۆبوونەوەکە، چونکە زۆر درێژەی کێشا، بۆیە دەمەوێ زوو وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوه، ئاسایی کاک یونس لەگەڵ ئێمەدا بوو، خۆیان پەیوەندییان بچڕاندووه نەک وەزیری ناوخۆ گوت بێتی، ئەوە پەیوەندی بە ئێمەوە نیە. مامۆستا مەلا محەمەد تەئییدی رەئی کاک سەید حەسەنی کرد کە پەرلەمان وحکومەت هەڵوێستیان هەبێ وپەنابگرن ومان بگرن ئێمە پێمان باشە لە سەرەتاش پێش ئەوەی مان بگرن ئێستاش وەزعەکە بەرەو چارەسەر کردن دەروات وزەخت زیاتر بکەن، هەر کەس لە شوێنی خۆی، لە شوێنی بەرپرسێتی خۆی، لە رێگای پەیوەندی خۆیەوه کە زیاتر هەوڵ بدرێ لە بۆ ئەوەی وەزعەکە زووتر چارەسەر بکرێ ئەوەش ئەگەر نەکرێ کە بمێنێتەوه موزاعەفاتی دەبێ وکە موزاعەفاتیشی هەبوو کار لە سەر هەموو وەزعەکە دەکات وهەر کەس لە شوێنی خۆی دەوری خێر ببینێ، وەزعەکە چاکتر دەبێتەوه، شێخ عەدنان دوا پرسیارە لەراستی دا شکایەت لە هەردوو حزبەکە بکرێ، هەروەک کاک فەرەنسۆ گوتی: پرسیارەکان لەوان بکرێ چاک دەبێ بێگومان ئێمە پێمان خۆشە حکومەت سەرکەوێ، چونکە سەرکەوتنی حکومەت سەرکەوتنی میللەتەکەمانە وسەر کەوتنی تاقی کردنەوەکەیە، دانانی سیاسەتێکە لە بۆ میللەتەکەمان ودوا رۆژی گەلەکەمان وانسان لە ناخەوەدا حەز دەکات شوێنەکەی خۆی لە هەموو شوێنێکی تر خۆشتربێ وئەو ئیشەی دەی کات دەبێ لە هەموو ئیشەکانی تر باشتر بێ، تاکو ئەنجامی باشتر بێ وئێمەش پێمان خۆشە حکومەتی کوردستان وەکو حکومەتێکی نموونەیی بێت وهەموو کارەکانی بە پاکی وبەپوختی بروات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس وابزانم ئەم دانیشتنە تەواو سوپاستان دەکەین، بۆ ئەو پرسیارانە و بۆ ئەو سەراحەتە وسوپاسی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وجەنابی وەزیری ناوخۆش دەکەین کە بەسەراحەت وەڵامی برادەرانیان دایەوە وهیوادارین ئەم جۆرە بەیەکگەیشتنانە وئەم جۆرە دانیشتنانە بەردەوام بن وبەدواداچوونی ئەندامانی پەرلەمان بۆ کێشەکان هێشتاکە جدیتر بێت، بەتەئکید منیش جەخت لە سەر ئەوە دەکەم کە سەرکەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرکەوتنی پەرلەمان و سەرکەوتنی ئەم ئەزموونەیە کە هەموو لایەکمان بە پەرۆشین بۆ سەرکەوتنی، ئیتر سوپاستان دەکەین ودانیشتنی ئایندەمان ڕۆژی شەممە وەکو بڕیارتان داوە لە سەر باری ئابووری دەبێ و بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش لێرەیە وهیوادارین ڕۆژی شەممە لە سەعات (١٠) ئامادەبن وئەگەر وەزیری دارایی وئابووری لێرە نییە، بزانین ئەنجوومەنی وەزیران کێ دەست نیشان دەکات وکۆمەڵێک پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان هەنە، هەروەها کۆمەڵێکیش پرسیاری خەڵکی کوردستانیش هەنە، بەڵکو بتوانین وەڵامی ئەو خەڵکەش بدەینەوە، با دانیشتنەکە وەکو ئەمڕۆش تۆزێ درێژ نەبێت وهەوڵ بدەین تۆزێک کورتتری بکەین.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەکەم ئەگەر بکرێتە ڕۆژانی دوای هەفتەی دادێ کۆبوونەوەی تایبەت بە مەسەلەی ئابووری بکرێت، لەوانەیە ئەوکاتە وەزیری ئابووری بگەڕێتەوە، ئەگەر زۆر پێویستە، ڕۆژی شەممە ئێمە هەر دێین لاریمان نییە، بەڵام ئەگەر ئەو ئامادە بێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕۆژی شەممە ئەگەر هەموو پرسیارەکان وەڵام نەدرێنەوە، ئێوە نمایشێکی باری ئابووریەکەمان بۆ بکەن خراپ نییە، ئەوی تریش وەکو فەرمووت ئێمە دەتوانین دانیشتنێکی تریش دابنێین، بۆ لێکۆڵینەوەی دوور و درێژ تر، بەڵام خراپ نەبوو ئەگەر ڕۆژی شەممە کەمێک باری ئابووری بخەنەروو وەک چۆن ئێستا نمایشێکی وەزعی هێمنی وئاسایش کرا و، ئەگەر پرسیارێکی دیاری کراویش هەبوو دەتوانن وەڵامی بدەنەوە ئەویش خراپ نییە وەکو وتم، زۆر کورتی دەکەینەوە، با بەم شێوەیە نەبێت وەکو ئێستاکە، چونکە بەڕاستی مەسەلەی هێمنی وئاسایش پرسیاری ئەندامانی پەرلەمانی لەسەر زۆر بوو و وەڵامیش درانەوە.

**بەڕێز شالاو عەلی عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کە وادەیەکی دیاری کراو دادەنرێ بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان ودەگوترێ سەعات (١٠) بێ کەچی سەعات (١١ و ١١,٣٠) دێنە کۆبوونەوەکە. وا باشە لە سەعاتی دیاری کراوی خۆیدا بێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ وتمان عادەتەن سەعات (١٠)، بەڵام ئەمڕۆ ڕۆژی پرسیارکردنە لە حکومەت، پێشەکیش وتمان وهەمووتانمان ئاگادار کردەوە، دوو سێ ڕۆژی پێشتر وتمان سەعات (١١) نەک سەعات (١٠)، بەڵام ئەوەی دانیشتنی ئاساییە ئەوە سەعات (١٠) یە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵام من پێموایە ئەندامی پەرلەمان ئەگەر سەعات (١٠) بێت بۆ پەرلەمان یانی هەر ئەرکی خۆشێتی، ئەگەر سەعات (١٠) بێت بۆ پەرلەمان وپێش ئەوەش ئێمە ئەڵێین بانگەوازێک بڵاوبکرێتەوە کە دانیشتنەکە دەست پێ دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاستان دەکەین، بەم شێوەش کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان هات.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩)

**شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٤/٧/٣٠**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٩)

## شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٤/٧/٣٠

***كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٤/٧/٣٠ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (١٩)ی خولی ئاسایی یەكەمی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***١ - گفتوگۆ كردن لەسەر باری ئابووری هەرێمی كوردستان.***

***٢ - گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی یاسای ڕاژەی پیاوانی ئایینی.***

***٣- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان كۆبوونەوەكەمان بەناوی گەلی كوردستان دەست پێ دەكەین. پرۆگرامی ئەمڕۆمان گفتوگۆ كردنە لەسەر باری ئابووری لە هەرێمی كوردستاندا وەكو داخوازیەكی هەردوو فراكسیۆن، لەڕاستیدا خاڵی دووەم، گفتوگۆ كردنە لەسەر پرۆژەی یاسای ڕاژەی پیاوانی ئایینی، ئەویش وابزانم پرۆژەیەك بوو، لەپێش ئەم ڕووداوانە ئامادەكرا بوو، بەڵام دواخرا بوو و تەواو نەبووبوو، ئێستا وابزانم تەواو بووە ودابەشیش كراوەو بڵاویش كراوەتەوە بەسەر ئەندامان‌دا. تازە بابەتیشمان هەیە، ئەگەر شتێك هەبێت؟ كاك حازم فەرموو..

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

دیارە لە كاتی خۆیدا، لەناو شۆڕشدا، خەڵكێك هەبوون خاوەن بڕوانامە بوون ماوەیەكی زۆریان لەناو شۆڕشدا بردۆتە سەر و ئێستاش كە دەگەڕێنەوە دادەمەزرێن لە فەرمانگەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، دیارە حسابی ئەوەیان بۆ ناكرێت، ئەو بڕوانامەیە و ئەو خزمەتەی ناو شۆڕش، ئیتر ئێمە بەڕاستی پێشنیار دەكەین كە ئەوە بخرێتە ناو تازە بابەتی ئەمڕۆ تاكو باس بكرێ ودوایی بەڕێز شەوكەتی حاجی موشیر بەدرێژی باسی ئەوانە دەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كاك حازم ئەگەر ئیجازە بدەی، واتە مەسەلەكە دەستنیشان بكەی بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حــازم ئەحــمـــەد مــەحــمـــود یوســفی:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئــەنجـــــومـــــەن.**

حساب کردنی بڕوانامە وخزمەتی ئەو خەڵکەی کە لەناو شۆڕش دا بوون ولەدوایی کە دادەمەزرێن.

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئــەنجـــــومـــــەن:**

حساب کردنی خزمەتی ئەو کەسانەی کە لە شۆڕش دا بوون.

**بەڕێز فـــــرەنســـۆ تـۆمـــا هـەریری:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئــەنجـــــومـــــەن.**

منیش پشتگیری پێشنیارەکەی کاک حازم یوسفی دەکەم. سوپاس.

**بەڕێز شـێـــروان ناسح عــەبدوڵلا حــەیدەری:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئــەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە بڕیارێکمان هەیە لەسەر ئەو بابەتە و بڕیارەکەش دەرچووە، بەڵام کە جێبەجێ نەکراوە ئەوە باسێکی دیکەیە، سوپاس.

**بەڕێز کــاکــەڕەش مـحـەمـــەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئــەنجـــــومـــــەن.**

لەراستیدا بڕیارەکە دەرچووە، بەس جێبەجێ نەکراوە، چونکە فەرمانگەکان نازانن وەکو پێویست لەسەری بڕۆن، چونکە مەفروزە ئەوەی داوا دەکات ودەڵێت پێشمەرگەمە وەکو خدمەی سەربازی حساب دەکرێ، ئەو داوا پێشکەش دەکات بۆ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە ودەڵێ من ئەوەندە ساڵە پێشمەرگە بووم، و وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بە ڕێگای خۆی بەتەبیعەتی حاڵ لەو مەوزوعە دەکۆڵێتەوە کە ئایا بەڕاستی ئەوەندە خزمەتەی هەیە؟ جا ئەو بۆ ئەو فەرمانگەی کە نووسراوی بۆ کرابوو وەڵامی دەداتەوە ودەڵێ: بەڵێ ئەوەندە خزمەتەی پێشمەرگایەتی هەیە وئەو خزمەتەی بۆ مەبەستی خدمە وعەلاوە وتەرفیع وخانەنشینی حیساب دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئــەنجـــــومـــــەن:**

جا بۆ ئەم بابەتە حەز دەکەن قسەی لێ بکەین.. بەڵێ فەرموو کاک سەیدحەسەن، لیژنەی یاسایی چ دەڵێن؟.

**بەڕێزحـــەســـــەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئــەنجـــــومـــــەن.**

ئەوەی زیادە لە هی برادەران یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگەمان دەرچووە ئەوە ئەو کەسانە دەگرێتەوە، چونکە پێشمەرگەمان شەرح کردووە، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئــەنجـــــومـــــەن:**

جا بۆ ئەوەی زیاتر روون بێتەوە با کاک حازم لەگەڵ لیژنەی یاسایی دا لێی بکۆڵنەوە ومناقشەی بکەن، ئەگەر زانییان پێویست بە شتێکی نوێ دەکات، ئەوکاتە بیکەن بە پێشنیار، ئێستاش

دێینەوە  سەر خاڵی سەرەکیمان ومەسەلەی باری ئابووری هەرێمی کوردستان، ئەمە بابەتی ئەمرۆمانە با بزانین هەردوو فراکسیۆن کەداوای ئەم مەوزوعەیان ئەکرد چۆن حەز دەکەن باسی بکرێت؟.. سەرەک وەزیرانیش لێرەیە ئەگەر پێویستی پرسیاری و وەڵام بوو، بۆ ئەوەی ئامادە بێت، فەرمو کاک ئەحمەد.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەزانین وهەموو کەسێکیش لەم وڵاتەدا دەزانێ کە دەردو بەڵاو نەبووبی ونەداری ژیانە کولە مەرگی یەکە ئەوەندە دووپاتمان کردۆتەوە چۆتە شێوەی کلێشەوە وخۆی لە کۆمەڵێک پرسیاردا ئەبینێتەوەو، ئەمانەوێ لەم کۆبوونەوەیەدا ئەو پرسیارانە بخەینە روو، بزانین ئایا لەو ماوەیەدا کە بۆ چەند ساڵێک دەچێت هیچ هەنگاوێ نراوە یان بەرای ئێمە رۆژ بە رۆژ بارەکەمان زیاتر چۆتە دۆخی مشەخۆری؟ جا ئەگەر بفەرموون کۆمەڵێک پرسیارمان هەیە لەم رووەوە وپرسیارەکان دەربارەی ئەوەیە، بۆ نموونە ئێمە لەسەرەتاوە وتوومانە سەرچاوەی ئابووری ئێمە لەسەر بارێکی لەق دامەزراوە کە گومرگە. ئایا بۆمان نییە بپرسین ئایا بەم چەند ساڵە نەدەتوانرا لەو لەقییە دەرباز بکرێ وسەرچاوەیێکی بۆ دابنێین، لەکاتێکدا کە وڵاتەکەی ئێمە زۆر لەبارە بۆ بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی وپیشە سازی، چونکە لەم ڕووانەوە توانا هەیە لەرووی بازرگانیش سوودێکی زۆر وەرگرین، ئەگەر ئێمە بۆ ئەم لایەنانە هەنگاوێک نەنێین وا بزانین رۆژ بەرۆژ بەرەو خراپتر دەڕۆین، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە چ بۆ خراپ دابەش کردنی موڵکایەتی وچ بۆ نارێکی لایەنەکانی تر، هەموویان ئاڵۆز بوون، ئەمانەوێ بپرسین ئایا دەربارەی بژێوی خەڵکەکە چی کراوە؟ کە حکومەت، حکومەت بوو، ئەرکی لەسەر شانێتی کە دەبێ دابین کەر وزامین کەری بژێوی خەڵکەکە بێ. ئایا هیچ کراوە بۆ ئەوەی کۆمەکێ بکرێ وهەندێ لەباری سەرشانی ئەو خەڵکە سووک بکرێ کە دەناڵن بەدەست باری ژیانەوە، کە پێویستە بەلایەنی کەمەوە خۆراکە سەرەکییەکانی وەکو ئارد ورۆن وئەوانەی ئەو (٤ـ٣) بابەتە کەرەستە سەرەکییەکان دابەش بکات چ وەکو بەشداریی وچ وەکو خۆی بازرگانی بکات وەیا کۆمپانیا یا فرشگا بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ چۆنیەتی وچەندیەتی بابەت وکەرەستەکانیش بزانێ ودوور کەوێتەوە لەهەندێ کەرەستە وبابەت کە ئێمە بەزیادی دەزانین، چونکە شتی گرنگتر هەیە بۆ ئەوانە، بۆیە پرسیار دەکەین کەباسی کۆمپانیای هەرێم دەکرا، ئایا ئەو کۆمپانیایە کەوتە گەڕ وچی کردووە؟ ئەوە وەکو پرسیار کە خۆی ئەهێنێتە پێشەوە. جگە لەوە ئێمە گیروگرفتێکی گەورەمان هەیە، هەموومان دەزانین کە لەلایەن کۆمەڵانی خێر خوازەوەو رێکخراوە خێر خوازە جەماوەری یەکانەوە، کۆمەکێکی بەردەوام هەیە بۆ ئێمە تا ئێستا نەمان توانیوە رێکوپێکی بکەین تا ئێستا نەمان توانیوە لە چنگی خەڵکی دەربێنین، بەتایبەتی لەچنگی حزبەکان وئەم لاو ئەولا کە حکومەت بتوانێ خۆی دابەشی بکات لەرێگەی فرۆشیارەکانەوە وسەرژمێرێک پێویستە بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی دادوەرانە ئەم ئیشانە

بکرێن. من دڵنیام ئەمەی کە بۆ کورد دەکرێ ولە دەرەوە ئەنێردرێ، ئەگەر بەدەست سپاردەیەکی پاک بگات بەو خەڵکە، ئەو خەڵکە بەژیانی بەختیاری دەژی جا ئەوە گیروگرفتێکی گەورەمانە، ئایا هەوڵ دراوە لەوە دەرباز بکرێ؟ ئەمەش پرسیارێکمانە وچی بکەین بۆ ئەوەی بە دەستێکی پاک بگات؟ هەموومان گومانمان لە گەیاندنی هەیە، هەموومان گومانمان لەدابەش کردنی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئنجا وابزانم بابەت باری ئابووری گشتییە وبەڕێز سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیرانیش لێرەیە، ئەگەر باری ئابووریمان بۆ بخاتەروو، بۆ ئەوەی پاش ئەوە پرسیار بکرێت ودیسان جەختی لەسەر دەکەینەوە، تکایە هەر لە ئێستاوە ئەو برادەرانەی کە پرسیار دەکەن ئاگایان لەدرێژی پرسیار ودوو بارە بوونەوەی بێت.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی باسی ئابووری بەسەعاتێک یادوو سەعات لەم دانیشتنەدا وبە شێوەیەکی سەر پێی ناگوترێ، ئێمە پێشەکی دەبوایە بەرنامەیەکی کارمان بوایە دراسەیەکمان لەم بارەیەوە بوایە. نابێ هەر کەسە لە خۆمانەوە شتێکی بەبیردا دێت، بڵێین: وا بکەین، مووچە زیاد بکەین وئەمە زیاد بکەین. ئەمەیان شێوەیەکی زانستی نییە، ئەوەی کە ئێمە دەتوانین لێرەدا باسی بکەین دەتوانین دەست نیشانی موشکیلەکان بکەین ودواوا لە دەستەی جێبەجێ کردن بکەین کەدراسەتێک ئامادە بکەن. بەڕای من بۆ ئەوەی ئیشەکانمان بە باشی بڕۆن، بیکەین بەسێ خاڵەوە، یەکەمین گفتوگۆکردن لەبارەی دابین کردنی ئازووقە ومووچەی فەرمانبەران بێت، دووەمیش بەدیلی گومرگ وباسی گومرگەکە بکەین وبزانین بەدیلەکەی چییە دەست نیشانی بکەین، بۆ ئەوەی لەلایەن پسپۆر و شارەزایانەوە لێی بکۆڵرێتەوە ، خاڵی سێیەمیش: مەسەلەی دامەزراندنی ژێر خانی ئابوورییە. لەبارەی ئەم سێ خاڵەوە مناقەشە بکەین بۆ ئەوەی لە دواییدا لێکۆڵینەوەکە ئامادە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوورن وەکو گوتمان ئێمە ئەوەی کە کاک د.سەلاح دەڵێ، برادەرانی تریش لەوانەیە لەم لاو ئەولا هەمان رایان هەبێت، ئەبوایە ئێوە لە فراکسیۆنەکان باسی ئەو مەوزوعانەتان بکردایە وپرۆژەتان ئامادە بکردایە وبتان خستبایە پێشی، ئێستاش باری گشتی ئابووری باس دەکرێ پاش ئەوەش چ بە بەرژەوەند دەبینن ئەوکاتە بڕیاری لەسەر دەدرێ، فەرموو کاک عەبدوڵلا.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی داوای لێبوردن دەکەم لەباس کردنی وەزعەکە کە کەم وکووڕی هەبێ، هەق بوو ئەو مەسەلەیە کە باس دەکرێ بە ئامادەبوونی وەزیری دارایی وئابووری باس بکرێ، هەتاکو بەدرێژی باری ئابووری کوردستان باس بکات، بەڵام ئەمن بەکورتی باسی باری ئابووری کوردستانتان بۆ

دەکەم، دیارە لاتان ئاشکرایە وشاردراوە نییە کە پاش ڕاپەڕینی کۆمەلانی خەلکی کوردستان کە بەرەی کوردستانی هاتە سەر کوردستانێکی وێران، کە ڕژێمی بەعس بەپێی بەرنامەیەکی دیاری کراو لەماوەی (٢٣) ساڵ حوکمی خۆی لەکوردستانی عێراق ژێر خانی ئابووری کوردستانی لەبن و بنەڕەتەوە هەلتەکاندبوو وسیاسەتێکی مویەرمەجی بەکار هێنا کە کۆمەلگای کوردی لە کۆمەلگاییێکی بەرهەم هێنەوە بکاتە کۆمەلگاییێکی لەکارکردن ونیشانەی ئەو سیاسەتەی ئەو کۆمەلگا قەسریانە بوون کە لەکوردستان دروستی کردن وئەو خەلکانەی تێدا کۆ کردنەوە، تاکو تەنیا چاویان لەوە بێ حکومەت ئازووقەیان بداتێ وموچەیان پێ بدات وهەستان(٤٥٠٠)گوندی کوردستانیان وێران کرد ودوای ئەوەی کە کوردستانیشیان بەجێ هێشت هەموو کارگەکانیش پەکیان کەوتبوو لە ئەنجامی شەڕی کەنداو کەبەرەی کوردستانی هات، هاتە سەر ولاتێکی وێران کراو وخەلکەکەش کە پێشتر مەوادی ئەساسی لە حکومەتی هەرێم وەردەگرت، هیچیشیان لەسەر دێهاتی خۆیان نەمابوون وچاویان لەوە بوو کە ئەو ڕێکخراوە خێر خوازانە یاخود بەو شتەی کەهەیبوو وپێشتر کۆی کردبووەوە بژی. پاشانیش پەرلەمانی کوردستان دامەزرا وحکومەتی هەرێمی کوردستان پێک هات و، پێش ئەوەی حکومەت و پەرلەمانیش دابمەزرێن، داهاتی هەرێمی کوردستان لەدەست حزبەکانی بەرەی کوردستانی بوو، ئەوەش یاللا یاللا هەندێک موچەی فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی لێ دەدرا ئەوەکەی تریشی دەچووە میزانیەی حزبەکان، بەلام بەشێوەیەکی ناڕێک وکەم، چونکە ئەو خەلکانەی کە لێیان دانا بوون شارەزا نەبوون یان هەر کەسە بۆ خۆی ڕێگایەکی گرتبوو وکۆنترۆلی دەکرد ولەوانەیە داهاتەکەی(٢٠٪)ی نەدەدا بە بەرەی کوردستانی وئەوە بوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، بڕیاری دا کە گومرگەکان وداهاتی کوردستان بدرێتەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان وڕۆژ بەڕۆژ باری داهاتەکان کە خۆی لە گومرگ (٩٠٪)ی ئەو داهاتە بوو، ئەوی تر(١٠٪)ی زەریبە و باجی خانووبەرە وئەوشتانە بوو، ئەو(٩٠٪)ـە وردە وردە باش بوو، من دەتوانم باسی ئەو ماددانە بکەم کە کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێی بەر پرسیارین وبەهاوکاری لەگەل برا وەزیرەکان، بەتایبەتی لەگەل وەزیری دارایی وئابووریش لەو کاتەی کە کابینەی دووەم دەست بەکاربوو، ئەو داهاتانەی کە لە خەزینەکانی حکومەت هەبوو، من دەتوانم تاکو ئێستا وئەم لەحزەیەش بلێم زیاتر لە (١٠) قات داهات زیادی کرد وبەرەنجی هەموو وەزیرەکان وبەتایبەتی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی ناوخۆ کە گومرگەکان تا ڕادەیەک پاکسازیی تێدا کرد وکۆنترۆل کران و وەزعەکە دەتوانم بلێم باشتربوو وبیریش لەوە کرایەوە کە پرۆژە بکرێتەوە مەسەلەن لەوەزارەتی پیشەسازی و وزە پێویستە کارگەکان بەگەڕ بخرێتەوە وەکو کارگەی جگەرەی سلێمانی وکارگەی جگەرەی هەولێر وکارگەی چنین وکارگەی چەمەنتۆی سەرچنار وهەروەها پرۆژەی تریش وەکو کارگەو کانزای خەلوزی بەردین وئەو مەسەلانە لەئارادا بوون لەلایەن وەزارەتی پیشەسازییەوە، هەروەها گەیاندنی خەتی کارەبای دەربەندیخان بۆ سلێمانی وئێستا زۆر کەمی ماوە وئەگەر تەل دەست بکەوێ. لەگەل پرۆژەی

گەیاندنی کارەبای دوکان بۆ دهۆک ولە لایەن وەزارەتی دارایيش کۆمپانیای هەرێم دروست کرا ئەو کۆمپانیایە خۆی بەڕاستی زۆر ئومێدمان پێی بوو کە زۆر جاریش لەکۆبوونەوەکاندا وهەتا لەگەڵ مەکتەبی سیاسی هەردوو حزبەکەش دا باسمان کردووە کە سەر مایەیەکی باشی هەبێ کە بتوانێ مەوادی ئەساسی بدەینێ وبەلانی کەمی فەرمانبەرانی کوردستان کە خۆتان دەزانن ئێستاکە هەر ماڵێک نییە فەرمانبەرێکی تێدا نەبێ ئەگەر دووان سێیان نەبن، ئەگەر ئەوکاتە بمان توانیبایە مەوادی ئەساسی دابین بکەین لەرێگەی کۆمپانیای هەرێمەوە بازاڕی کوردستان پێ دەشکێ ونرخی شت ومەکی پێ دادەبەزێ گەر بە نرخی گونجاو بیدەینە خەڵکەکە.

لەبارەی مووچەی فەرمانبەرانیش، ئێمە توانیمان هەتارادەیەک دەرماڵە بدەینە مامۆستای زانکۆو حاکمەکان ودۆکتۆرەکان ودۆکتۆری موقیم و(٣٠)دینار بەگشتی بۆ فەرمانبەران زیاد بکەین و لەبەرنامەماندا بوو، قسەشمان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان کردبوو کە بەڕاستی(٥٠٪)ی مووچەی هەموو فەرمانبەران زیاد بکەین، ئەوەش لەوە بوو کە وەزارەتی دارایی وەکو باسم کرد توانی بووی کۆنترۆڵی وەزعی گومرگەکان بکات وداهاتەکانیان بەشێوەیەکی رێک وپێک بێنە ناو خەزینەی حکومەتی هەرێم وتا ڕادەیەک پارە پاشەکەوت کرابوو لەخەزینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە بانقی مەرکەزی کە لە هەولێرە، بەڵام بەداخەوە وەک خۆتان دەزانن ئەو وەزعەی بەسەر داهات. ئێمە پرۆژەی تریشمان لەبەر دەستدا بوو، پرۆژەی تریشمان لەبەر دەستدایە ولەتەلەفزیۆنیش جار بەجار دەبیسمەوە تەعلیقی لەسەر لێ دەدەن، حەز دەکەم ئەو تەلەفزیۆنانە مادام ئەو شتانە ئاشکرا دەکەن با خۆشیان بچن سەردانی ئەو پرۆژانە بکەن، پرۆژەی دەرهێنان وپاڵاوتنی نەوت کە ئەو سێ بیرەی لەناحیەی تەق تەق هەمانە وئەو پرۆژەیە هەتاکو ئێستاکە زیاتر لە (١٠-١٢) ملیۆن دیناری لێ خەرج کراوە ولەسەر تەواو بوونە، تەنها هەندێ شتی ناتەواوی هەیە، کەقسەمان کردبوو لەگەڵ ئەوکۆمپانیانە لە بۆمان بێنن وپاڵاوتگەیەکی بچووک دروست بکرێت وئێستا پاڵاوگەکە لەسەر تەواو بوونە، بورجێکی ئیلاح دروست بکرێ و بورجی ئیسلاح ئەو(٤.٣) بیرەی پێ پاک بکرێتەوە کە رۆژانە (٢٠) هەزار بەرمیل دەربێنێ و بتوانین هەتا ڕادەیەک (٨٠٪) یا (٧٠٪)ی پێویستی کوردستانی پێ دابین بکەین ئەوە ئێستاکە لەسەر تەواو بوونە، وئەوە نییە کە تەلەفزیۆن دەڵێت هەرێمی کوردستان یا حکومەتی کوردستان بەتەما بوو نەوت بنێرێتەوە دەرەوە، ئێستا ئێمە هەر بۆ خۆمانە وپێویستی (٧٠٪) و (٨٠٪)ی کوردستانمان دابین دەکات، ئەو تەلەفزیۆنانە حەقە بچن پرۆژەکان ببینن ئەوجا ئەوشتانە عەرز بکەن بۆ خەڵکی کوردستان، ئەو وەزعەی کە بەسەر کوردستاندا هات ئەمە نەمانتوانی کە(٥٠٪) مووچەی فەرمانبەران زیاد بکەین. دەنا مەبدەئی موافەقەی لەسەر کرابوو لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان وسەرۆکایەتی پەرلەمان و لەگەڵ کاک مەسعوود ومام جەلال قسە کرابوو، ئەوانیش قایل بوون. بەڵام ئەو وەزعەی هاتەسەر، بەڕاستی زەرەری زۆری لێ داین چ لە دەرەوە وچ لەناوەوە ولە بارەی داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، ئێستا حکومەتی هەرێم ئەوە

سێ مانگ زیاتره هیچ داهاتێکی نایەت تەنیا لەو پارەیەی کە لێرە لە هەولێر خەزن کرابوو، لەو پارەیەی کە ئێستاکە مووچەی وەزارات وپەرلەمان وحزبەکان وبەشی هەرە زۆری دەدات، دەنا داهاتی هیچ شوێنێکی ترمان بۆ نایەت، لەپێش(١/٥) دەهات، بەڵام لەپاش (١/٥)ـەوە یەک دینار نایێتە خەزینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وئێستاکە ئێمە تۆزێکیش توندمان کردووە لە لایەن خەرجی وشتی وا، چونکە ئەگەر ئەو پارەیە لێرە لەهەولێر خەڵاس ببێ یان ئەم وەزعەش وەها بمێنێتەوە لەوانەیە ئێرە وەکو باسمان کرد لەدانیشتنی پێشوودا کە ئێرە سەرەکەیتی کە نەتوانین مووچەکان بدەین وئێرە پایتەختی کوردستانە کەوای لێ بێ، وەزعەکە خراپتر دەبێ وباری ئابووری خەڵکەکە خراپتر دەبێ. چونکە خەڵکێک هەبووە لە(٢) ساڵ یان (٣) ساڵی رابوردوو پارەی هەبووە، مەڕی هەبووە ومالاتی هەبووە، خەڵکی شار بووە وممکنە پارەی لەبانق بووە و ناومالی باشی هەبووە، ئێستاکە هاتە سەر ئەوەی وسەر ئەم بارە ئابوورییە ناخۆشە ولەوانەیە خەڵکێک هەبێ زۆر زۆر هەژار بێ دەرکەی مالی خۆی دەفرۆشێ یانی خەڵک هەیە کەس و کارەکەی دەی ژێنێ وخەڵکی واش هەیە لە کوردستان لەو ماوەیەی ئەم چەند ساڵەدا زۆر قازانجی کردبێ، پارەی هەبووە یان وەکو باسم کرد بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان باری ژیانیان زۆر زۆر خراپ بووەو ئەو کەسانەی کە باری ژیانیان باشە ژمارەیان زۆر زۆر کەمە. ئەگەر ئێمە لەم ساڵەدا چارەسەری باری گوزەرانی خەڵکەکە نەکەین لەوانەیە تووشی قەیرانێکی گەورە ببین چ سیاسیی وچ لە باری ئابووری یەوە. ئێستاش ئێوە ئەگەر پرسیاری مەحدوودتان پێم خۆشە لە دانیشتنێکی تایبەتیدا وەکو د.سەلاحەدین باسی کرد، باسی بکەین وبەرنامەیەکی هەبێ و وەزیری دارایی وئابووری لێرە بێ و بەمحددەدی وبەدرێژی وەلامتان بداتەوە. بەڵام ئەمن کە دانیشتنیان ڕاگەیاند بوو وتەحدیدتان کردبوو کە حکومەت بێت ئەوا ئەمن هاتم ئەوەی کە شارەزایی وزانیاریم لێی هەبوو باسم کرد وهیوادارم جێگەی ڕەزامەندیی بەڕێزتان بوو بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ ئەو نمایشەی باری ئابوورییەت، جا برادەران ئەوانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن دیسان جەختی بکەینەوە با ئاگاداری دوو خاڵ بن، یەکەمیان دووبارە نەبنەوەو، دووەمیان: با پێشەکی نەبێ وئەگەر پرسیارە پرسیارەکە ئاراستە بکرێ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ولەبەرایەکی ئاخافتنی سەر گۆتنا د.سەلاح حەفید کو گوت وەکی دراسەتەکا قوول ودرێژ هەبێت بۆ بەحس کرنا وەزعی ئابووری، کوپەلەی لێ نەکەن، دراسەتی بەباشی بکەن کو چ چیای ئەزمەر دراسەت بکەن تا رەشەبا لە سلێمانی نەبیتن یاژی چ دراسەکی چێ کرنا سەددەکی لەسەر ئاڤا خابیر بکەن بۆ قەزای زاخۆ وقەزای سێمێلێ پێ ئاوەدان ببت، وەک د.سەلاح خۆی مامۆستای

زانکۆیە دەبیژی محتاجی ئامارێکی ئابوورین، چونکە ئێمە لە بارەکی ئابووری زۆر زۆر ناخۆشدا دەژین و وەزعی عالەمەکە زۆر ناخۆشە هەمی فەرمانبەر وخانەنشین وکریکارەک لەو ژیانە ناخۆشەدا دەژی و وەزعی گشتی خەڵکی زۆر ناخۆشە ولوقمە خواردنی لەخەڵکی عەزرەتە ودەبێ ئێمە بۆ ئەم میللەتە هەژارە زۆر بەپەلە هەنگاوێک بهاوێژین وشتێک بۆ فەرمانبەران بۆ وان خانەنشینیان زێدە بکەین وهەروەها بەری خۆ بدەینە مەوادی ئازووقە وبەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران فەرمووی زیاداتی ئیرادات لەم کابینەی دوایی چی بوو، من پرسیار دەکەم ئایا ئەو زیادەیە، زیادەی ایرادات چ دەوری ئیجابی هەبوو ل سەر وەزعی خەڵک؟ ئایا ئەنجوومەنی وەزیرانی ئێمە داخیلی صەفقەی بازرگانی بوو لەگەڵ دەرەوە؟ ئایا استثماراتی دەرڤە پەیا کرد؟ ئایا زیادەی بەرهەم بوو لەناو هەرێمدا یانیش ئەو زیادەی ایرادات هەر لەسەر حسابی ژیانی ئەو خەڵکە بوو؟ بەڕێزی فەرمووی دەرماڵەی مامۆستایانی زانکۆ ودادوەرەکان پزیشکەکانمان زیاد کرد، سەیرمان کرد بەس (٣٠) دینار بوو گشتی، زیادەی مووچە پێویستە بۆ هەموو فەرمانبەران ومنتسبینی حکومەتی هەرێم بێت، نەک بۆ چینێکی تایبەت بێت وئەوانەی کە بە خۆیان موچەیان چاکە هەر بۆ ئەوان زیاد بکەن کەچی ئەوانەی کە باری ئابوریان زۆر خراپە هەر وەکی خۆیان بمێننەوە بەخراپی، ڕاستە ئەوانەی بۆیان زیاد دەکرێ ناڵێم، هەموویان موستەحەقن، بەس جگە لە ئەوانیش موستەحەقن، پێویستە بەچاوێکی عادیلانە سەیری هەموو کارمەندانی حکومەت بکەین وهەموو ئەو هاووڵاتییەی کە لەهەرێمیش دەژین ئەوانیش مافی ژیانیان هەیە.
بەڕێزی فەرمووی داهاتی هەرێم بەس ئەوەیە کە لە بانقەکانی هەولێر، کە لەدوای (١/٥) هیچی تر نەهاتووە لە گومرگ ولەهیچ جێگایەکی تر نەهاتووە بۆ بانقەکانی هەولێر. من بە بەڕێزی دەڵێم لەرۆژی (٣/٥)دا (٨٨٠) هەزار دۆلار واتە(١٥)ملیۆن دینار لەبانقی دهۆک هاتووە، بۆ بانقی هەولێر، دەکاتە نزیکی(٩٠)ملیۆن دۆلار دوای ڕووداوەکانی سلێمانی گەرمیان لە پارێزگای دهۆک هاتووە بۆ هەولێر و ئێستاش با سەرۆکی وەزیران دڵنیا بێت کو
گومرگی ئیبراهیم خەلیل بە ئوسوولی پارە وەردەگرێ وداخلی بنوکی دەکات وپارەی ئیبراهیم خەلیل هەر پارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ومووچەی فەرمانبەرانی دهۆک لەگەڵ ئەو ناوچانەی پارێزگای نەینەوایێ کە ئازاد بوویە، چ ئاکرێ بێت یا شێخان بێت یان کەرکووک ئەوانیش هەموو مووچەی خۆیان بە ئوسوولی وەربگرێت، ئەگەر زیادیش بمێنێ هەر لەبانق دەمێنێ، چ بانقی ئیبراهیم خەلیل بێت یان بانقی زاخۆ بێت یان بانقی دهۆک بێت. من بە خۆم ڕۆیشتوومە وسەردانم کردوونە بە ئوسوولی پارە وەردەگرن و بە ئوسوولی دەیخەنە بانقیش. بەس مووچەی لێ دەدرێ.

بەڕێز ئەحمەد سالار باسی باری ئابووری زۆر بەجوانی کرد ودەری خست کە زۆر خراپە، من نامەوێ هەمووی دووبارە بکەمەوە، بەڵام شتێک دەڵێم کە پێویستە وەختی وەزعی وارداتی هەرێمی کوردستان باش دەبێ دەعمی مەوادی عذائی بێتە کرن، نابێ چۆن سەیری ئیستیرادی

مەشروباتی ڕووحی بکرێت بەو چاوەش سەیری ئیستیرادی مەوادی عذائی بکرێ. پێویستە دەرگا بۆ هێنانی مەوادی ئازووقە کراوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/سەرۆکی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا دیارە کاک جەمیل لە قسەکانی من نەگەیشتووە. من بەکوردی قسەم کرد کە ئەو پرۆژانەی کراون وەک پرۆژەی پالاوتنی نەوت ودەرهێنانی وەبەرهێنانی. کۆمپانیای هەرێم(٧٥) ملیۆن دینار سەرمایەیەتی و(٣٠)دینار بۆ سەرجەمی فەرمانبەران زیاد کراوە ومووچەیەکی مینحەش پێشی جەژن بە ڕەزامەندیی پەرلەمان دراوە بە خانەنشینانی هەموو کوردستان وئەو خەڵکانەی کە مووچەیان لەبۆ زیاد کراوە کە دەڵێ جیاوازی نەبێ. جیاوازی دەکرێ، لەبەر ئەوەی کە هەندێ(عقولی عیلمی)هەنە ئەگەر لێرە هیجرەت بکەن، مانای ئەوەیە کە هەندێ شوێنی حەساس هەنە وەکو زانکۆ وەکو پزیشکی پسپۆڕ دەڕۆن، ناتوانین بڵێین مەڕۆن. ڕاستە لە ژیاندا هەموو خەڵک یەکسانی پێویستە، بەڵام مامۆستایەکی زانکۆ ناتوانی بچێ عارەبانەیەک دانێ وتەماتە بفرۆشێ، بەڵام فەرمانبەرێک دەتوانێ، ئێمە خۆشمان هەموو فەرمانبەر بووینەو بەنسبەت مامۆستایەک دەتوانێ لەپشووی هاویندا ئیشی خۆی بکات، بەڵام هەندەک خەڵک هەنە وەکو مامۆستای زانکۆ و پزیشکی پسپۆڕ ودادوەر ناتوانن بچن لەسەر جاددە شت بفرۆشن، ئەوانە دەبێ حسابی تایبەتی یان بۆ بکرێ. ئێمە خۆشمان پرۆژەیەکمان ئامادە کردبوو کە لەو پارەیەی کە هەیە(٥٠٪) مووچەی هەموو فەرمانبەرێک لەکوردستان زیاد بکەین جگە لەوانەی کە حسابی تایبەتی یان بۆ کراوە، ئەو پارەی کە لەدهۆک هاتووە هی مانگی(٤) بوو، هاتبوو کە لە (٥/٣) گەیشتبوو من کە باسم کرد کە ئەو (٥/٢) جیاوازی نییە (٥/٣) هەر شەڕێکی دیاری کراوی بچووک هەبوو لەشوێنەکان، بەڵام لەپاش ئەو وەختە هیچ شتێک نەهاتووە وحەقیش نییە کاک جەمیل ئەو شایەدییە وا بەدڵنیاییەوە بدات، حەز دەکەن لیژنەیەکی ئابووری لە پەرلەمان لە (٣-٤) کەس پێک بێت وبینێرن وحەقی خۆشتانە موتابەعەی ئیشی حکومەت بکەن وبچن لەسەر هەموو گومرگەکان دابنیشن تاکو بزانن چەندی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دێت، ئەگەر ئەو پارەیەی ئێرە تەواو بوو بابزانین ئەوکاتە سەنگی مەحەکە، کە پارەکە دەنێرن ئەمن باسی یەک جێی محددم نەکرد، بەڵام لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە شریانی ئەساسی واریداتی گومرگ ئیبراهیم خلیلە کە ئێستاکە یەک دیناری بۆ حکومەتی هەرێم نایێتەوە وناچاریشین چ لە سلێمانی وچ لە دهۆکیش ئیحتکاری دەسەڵات بکەن هەر لایەک مووچەی خەڵکەکە بدات، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەدحەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی دەمەوێ بەڕێز کاک جەمیل عەبدی جارێکی دی لەناو هۆڵی پەرلەماندا تەعلیق لەقسەکانی من نەدات، حەقی تەعلیقی نییە بەهیچ نەوعێک بیدات، وەکو جارە های جار کەمن

هەستاوم بەشێوەیەکی بەڕێز وەکو مامۆستایەکی زانکۆ لە پێشەوە کە ئەندامێکی پەرلەمان بم، مامۆستایەکی زانکۆم، ئەو قسانەی کەمن وتوومە هەمووی لەسەر دراسەتێکی زانستی بووە. ئێستاش ئەیڵێم زۆر ڕێزم هەیە بۆ ئەندامێکی پەرلەمان کە هەڵ دەستێت بە پەلە لێرە دوێنێ وپێری وتی(١٠٠) دینار زیاد بکرێ لەسەر چ ئەساسێک (١٠٠) دینار زیاد بکرێ ئەمە پێویستی بە دراسەت هەیە، دراسەتیش پێویستی بە مؤشرات هەیە وبە ئامارکردن هەیە، ئەو کەسانەی کە خۆیان دراسەتەکە ئامادە دەکەن دەتوانن بیکەن، من خۆم زۆر بە فەخرو شانازییەوە لەوەتی ڕاپەڕینەوە تاکو ئێستاش(٦) دراسەتم حازر کردووە (٦) دراسەتەکە لەهەموو ڕۆژنامەکاندا نووسراون، لەپێشدا داوام لە ئەندامانی پەرلەمان کردووە وداوام لە حکومەتی هەرێم کردووە کە تکایان لێ دەکەم کەمن ئیدعای ئەوە ناکەم کە دراسەکانی من تەواون، داوای ئەوە ناکەم کە عەسای سیحرینە وهەموو موشکیلەکان حەل دەکەن، بەڵام داوام کردووە کە کۆڕ بگیرێ وسمینار بگیرێ بۆ حەلی ئەوانە وخۆم لێرە ئاگادارم کە بەڕێزتان لە یەکەم بودجەدا کە گفتوگۆمان لەسەر کرد هەتا بەو عیبارەتە وتم: زەنگی خەتەر لێ دەدەم، ئەندامانی پەرلەمان تکاتان لێ دەکەم حکومەت بە تەنها بەیەک ئیراد ناڕوات کە گومرگە، با بەدیلی گومرگ بدۆزینەوە، کەس باسی ئەم لایەنە ناکات ومن ڕەخنەم لەخۆمان هەیە لەپەرلەمان ورەخنەم لەدام ودەزگاکانی حکومەت هەیە، یەکێک نەهات بەدەنگ ئەو بۆ چوونە و ئەو زانستییەتی منەوە کە نووسی بووم بەتەنها خۆم نەم کردووە لەگەڵ لیژنەدا بووم لەگەڵ شارەزایان دابووم لەگەڵ پسپۆڕان دابووم. با بێمەوە سەر باسەکە کە دەمەوێ لەبارەی سێ خاڵەوە بدوێم، یەکێکیان بەپەلە چۆن ئێمە بتوانین ئازووقە دابین بکەین بۆ سەرانسەری خەڵکی کوردستان، هەم دیسان دەیڵێمەوە لێکۆڵینەوەیەک هەیە بە ژمارە ئەڵێ بۆ(٢) ملیۆن و(٨٥٠) هەزار کەس. ئەگەر بێتو(٢) ملیۆن و(٨٥٠) هەزار کەس لەکوردستان بەگوێرەی کەمیەی کەرەستەی ئازووقە کە خۆم دانیشتووم ژمارەکانیان هێناوە وباسیان کردووە، بۆ(٢)ملیۆن و(٨٥٠) هەزار کەس بەگوێرەی خۆراک ئەگەر دابەشی بکەین مانگانە بەشی لەنێوان (١٥)ڕۆژ تا(٢٠)ڕۆژ دەکات، ئەو ماددەیەی کە پێویستی بە(٧) ملیۆن دۆلار هەیە بۆ (٩)ماددەی سەرەکی کە برنج و ڕۆن وشەکر وچایە، نۆکە، نیسکە... هتد ئاردە، بێگومان ئێمە مەرج نییە حکومەت هەمووی بدات، لەوانەیە ماددە سەرکی یەکە ئاردە ودەبێ بیری لێ بکەینەوە، چۆن بتوانین ئارد دابین بکەین بۆ فەرمانبەران وبۆ سەران سەری کوردستان وجارێکی تر ئەیڵێمەوە بەنسبەت فەرمانبەرانەوە، کە ژمارەیان(٢٠٠)هەزار کەس دەبێت وخانەنشینانیش(٩٠)هەزار کەسن، دەتوانین تاکو ئەو دراسەتە بۆ زیاد بوونی مووچە یان ئێمە موادی خۆراکیان بدەینێ کە بۆ(٢٩٠) هەزار کەس بێ لەم بارەیەوە. خاڵێکی تر هەیە سەبارەت بەزیاد کردنی ئیرادات، من ئەڵێم لەهۆڵی پەرلەمانەوە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان داوا دەکەم لەسەرانسەری کوردستان ئەو خاڵە گومرگیانە لەو ڕۆژەی کە شەڕی خۆ کوژی وبرا کوژی بووە، تاکو ئێستا حسابیان لەگەڵدا بکرێ لەکفری وکەلارەوە بیگرە تادەگاتە ئیبراهیم خەلیل، چی وەرگیراوە بدرێتەوە بە حکومەتی

هەرێمی کوردستان و بۆ نموونە دەیڵێم لەسەرەتای دروست بوونی حکومەتەوە بایەخێکی زۆری نەبوو جگەرە لێرەدا(٣)دۆلار لەسەر کارتۆنێکی وەردەگیرا، ئێستاکە لەبەینی(١٦)تا(٢٢)دۆلار لە کارتۆنی جگەرە وەردەگیرێ، هەر دۆلار وەردەگیرێ ورۆژی هەزارەها کارتۆن دێتە کوردستانەوە. پاش ئەوەی کە بۆ ئەفغانستان وبۆ پاکستان وئەوانە دەڕوا کوردستان بووە بە ناوچەیەکی ترانزێتی زۆر گرنگ، کەواتە سەرانسەری کوردستان با ئەم باجە گومرگیانە تەسلیم بە حکومەت بکرێتەوە ولیژنەیەک دابنێین محاسەبەی ئەم لایەنانە هەمووی بکات هەر لەکفری وکەلارەوە بیگرە تا دەگاتە ئیبراهیم خەلیل بۆ ئەوەی کە دەست حکومەت بکەوێتەوە، پێرێ بەڕێزی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی بۆ خاڵێک کرد وفەرمووی بۆ نموونە لەبەڕێوبەرایەتی گومرگی هەولێردا(٧٠٠) فەرمانبەر هەیە کە دەزانی مووچەی گومرگ چوار ئەوەندەی یان پێنج ئەوەندەی مووچەی فەرمانبەرێکی دیکەیە، بەڵام فەرمووی ئەوەی کە کەئیشەکە بەڕێوە دەبا تەنها(٤٠)کەس دەیبا بەڕێوە، ئەمە سەرانسەری خاڵەکان وایە، تا ئێستا ئەمەش چارەسەر نەکراوە، بۆ زیاد کردنی ئیرادات بەخێرایی دەیڵێم کە داوا لەبەڕێزی دەکەم کە بەنەزەری ئیعتباری وەرگرێ بۆ چارەسەری ئەم مەسەلەیە، بێجگە لە گومرگی ئەو رۆژەش باسم کرد ئەوە(٣٣)مانگە پارەی کارەبا کۆ نەکراوەتەوە، لەوەختێک دا کە حکومەت دەستی کێشایەوە وئیداراتی خۆی کێشایەوە تا ئێستا(٣٣)مانگ دەکات حسێب کرا نزیکەی(٢٢٠) ملیۆن دینار هەیە، چەندی کۆ کراوەتەوە هی کارەبا؟ کارەبا بە ئاشکرا دەدزرێت، هەتا تانکی ئاو تەلی کارەبای دەخەنە ناوەوە بۆ ئەوەی ئاوەکەیان گەرم بێت، لەزۆر شوێنی تر دەدزرێ بە ئاشکرا. ئایا چی کراوە بۆ ئەم مەسەلەیە؟ خاڵێکی گرنگی تریش هەیە کەوا انحصاری توتنە، واتە کڕینی توتن لە جوتیاران لە تەنقیحەکە کە تەنقیح بکرێ دووای ئەوە بەشێکی بۆ مەعمەلەکە بەکار بێت وبەشێکی تری بتوانین تصدیری بکەین وبە دۆلار بیفرۆشین، ئایا بۆ ئەمە چی کراوە؟ بەراستی رژێم خۆی دائیرەی (انحصاری) (دائرة الأنحصاری) هەڵوەشاندەوە، لەبەر ئەوە کە توتن بایەخێکی گرنگی هەبوو وواردێکی پێی دەڵێن محصول نەقدی بەنسبەت جووتیارەکانەوە پارەیەکی زۆری هەبوو، بۆ چی ئەمە نەکرێتەوە، ئەمەش ئیرادێکە بۆ حکومەت. ئەوەی کە ئێستا وا ماوەیەکی زۆرە نزیکەی دوو مانگ، سێ مانگە بەردی مەرمەڕ ناڕوا ئەمیش وارداتێکی گومرگە وبۆ دەوڵەتە، بۆ چی ئەم بەردەو ئەو کارانە چارەسەر نەکراوە؟ ئەوەش داهاتێکی زۆر بەنسبەت حکومەتەوە وجارێکی تریش دەیڵێمەوە حەملەیەکی تبرع لە ناو کوردەکانی دەرەوە تا ئێستا نە حکومەتی یەکەم ونەهی دووەم، نەوەفدی پەرلەمان کە رۆیی تا ئێستا رێک نەخراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس وابزانم کاک د.سەلاح وکاک جەمیل چیان بۆ برادەرانی تر نەهێشتەوە کە قسەی لەسەر بکەن؟ رێزم هەیە بۆ رایەکانیان و بابەتەکەیان تێر کرد و بە بۆچوونی من ئەو محاورانەی کە پێویست بێ باس کران.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ڕەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە کاک جەمیل باسی کرد لەبارەی موادی ئازووقەوە، من لە بیرم چوو، یەکەم جار وەڵامی بدەمەوە. موادی ئازووقە گومرگی ڕەمزی لێ وەردەگیرێ ئەوە نییە بڵێی گومرگی وەکو جگەرە لێ وەربگیرێ. پارەی کارەباش پێم وایە دەستیان کردووە بە وەرگرتنی وئێمە چەند جار تەئکیدمان لەوەزارەتی پیشەسازی و وزە کردووە کە پارەی کارەبا وەربگرن. بەردی مەڕمەڕ ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویاندا هەندێ لە ئامێری بەردیشیان بردووە وداواشمان کردووە بمان دەنەوە تا ئێستا نازانین چیان لێ هاتووە، مەسەلەن ئەوەی گەڵاڵە بلدۆزەر وشوفڵ وئەوانەیان بردووە وبەکتابی ڕەسمیش داوامان کردوونەتەوە، هەتاکو ئێستا نەیان دایتەوە. کاک سەلاح بێگومان باسی باری گشتی ئابووری کرد ومن نامەوێ بەدرێژی باسی ئەو بارە بکەمەوە لەبۆ ئەوەی کە ژێر خانی ئابووری کوردستان بینا بکەینەوە بێگومان خۆتان دەزانن کشتوکاڵ کۆڵەکەی بنچینەیی ئابووری کوردستانە، ئەویش ئەوە بوو کە بمان توانیبایە هەموو دێهاتەکان بگەڕێنینەوە شوێنی خۆیان ئەو کۆمەڵگایانە نەمێنن کە بەزۆرە ملێ دروست کراون ئەوەش تەئسیرێکی باشی دەبوو. یان ئەگەر ئەو کارگانەمان بەکار بخەینەوە سوودی زۆریان دەبێ. بۆ نموونە: کارگەی چەمەنتۆی تاسلووجە ئەگەر بەکاری بخەینەوە دەتوانین هەموو مەوادی ئازووقە سەرانسەری کوردستانی پێ دابین بکەین کە ڕۆژانە قازانجەکەی لە(٦) ملیۆن دینار زیاترە. بەڵام لەگەڵ هەموو ڕێکخراو وهەرچی شەریکاتی دنیا هەیە قسەمان کردووە، خەڵک هەیە خۆی چۆتە دەرەوە ئەو ناتەواویەی کەهەیە بمان دەنێ وبیهێنین تاکو ئێستا بۆمان ڕێک نەکەوتووەو هەموو شتەکانیشی ناردراوە لەبۆ هەموو وڵاتەکان بەبێ استثناء ولەگەڵ هەموو وەفدێکیش کە سەردانی کوردستانی کردبێ قسەمان کردووە وهەتا لە ئێران چەندین جار قسەمان لەگەڵ کردوون وخەڵکمان ناردووە وداوامان کردووە کە لە بەرهەمەکەیشی چەمەنتۆکەیان بدەینێ، بەس ئەو سوپیر پارتانەمان لەبۆ بێنن یان وەری بگرن، ئەوەش هەتا ئێستا نەبووە وکەبونیەتی ژێرخانی کوردستان بینا بکەینەوە، ئەوەی کە پێشمان کراوە ئەوەیە کە کارگەی جگەرە وچنین و جل وبەرگ وکارگەی چەمەنتۆی سەرچنار بەتوانای تەواویان ئیش بکەن. مەسەلەی کۆ کردنەوەی پارە لە کوردەکانی دەرەوە بێگومان ئەمەش جهودی بۆ سەرف کراوە وکۆنترۆڵ کراوە لەهەموو وڵاتەکان کێ پارە بنێری، ئەوە دەینێرین وئێمە ناتوانین بەزۆر لێیان وەربگرین.

لە ئەڵمانیا لەساڵی ڕابوردوودا (٤٠)هەزار مارکیان ناردووە لەرێگەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هێنایان وتەسلیم بە وەزارەتی دارایی کرد. لەبارەی بەڕێوەبەرە گشتی یەکانەوە، پێم وا نییە کەسیان حیمایەیان هەبێ، هیچ بەڕێوەبەرێکی گشتی لەحکومەتی هەرێمی کوردستان. لەوانە لەبەر ئەوەی کاتی خۆی کە حکومەت هاتە سەر سفر، کابینەی یەکەمی شەرەفی ئەوەی بوو، کە ئیدارات دابمەزرێنێتەوە و حکومەت بینا بکەنەوە وادام ودەزگا کان بەگەڕ بخەنەوە

وپێویستیەکانیان بۆ جێبەجێ بکەن، بەڵام ئێمە توانیمان ئەو پێویستیانەی کە زۆر پێویستن بۆ وەزارەتەکان زووتر بۆیان جێبەجێ بکەین بۆ نموونە گومرگ پێویستی بەئۆتۆمبیل هەبوو، پۆلیس پێویستیان بەئۆتۆمبیل هەبوو، وەزیر پێویستی پێ هەبووە ووەکیل وەزیر پێویستی پێ هەبووە، لە هەندێ دائیرەکانیش بۆ بەڕێوەبەرە گشتیەکانیش کراوە، نەک بەو شێوەیەی کە بڵێین زیاد بێ، تەرشیدی نەفەقە پەیرەو کراوە و هەوڵی بۆ دراوە، بەڵام هەندەک جار هەیە لەدەرەوەی دەستەڵاتی ئێمەدا بووە وبەکورتی هەر ئەوە بووە، سوپاس.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باسی خراپی باری ئابووریمان زۆر کرد وزۆر باسی لێوە کرا بۆیە من نامەوێ زۆر باسی لێوە بکەم، چونکە بەراستی جەماوەر بەو قسانە تێر نابن، ئەمرۆ خەڵک برسییانە بەباس کردنی باری خراپی چارەسەر ناکرێ، چونکە خەڵکەکە دەرامەتییان نەماوە و بەمانە تێر نابن، بەڵکو بەوە چارەسەر دەکرێ کە پرۆژەیان بۆ بکەینەوە. د.سەلاح هەندێ پێشنیاری کرد وەک ئەندامێکی لیژنەی ئابووری، وەکو ئەوەی کە بەڕێزی ساڵێک وەزیری دارایی وئابووری بووە. لەراستیدا هەر ئەو پێشنیارانەی بەڕێزی لەسەر دەمێک کە وەزیر بوو لەلایەن لیژنەی ئابووری ئێمەوە لەپەرلەمان پێشکەش بە پەرلەمان و وەزارەت کران. لەوەختێکدا کە بەڕێزی ئێستا ئەندامی لیژنەی ئابوورییە دەبینین هەمان شت پێشکەش کراوە. ئەو پێشنیارەی ئایا ژێر خانی ئابووری چاک بێ ئایا بەدیلی تر بدۆزێتەوە بۆ ئیرادات، ئیراداتی کوردستان؟ ئەمانە وەکو پێشنیار چەند جاری دیکە لێرەوە ڕۆیشتووە بۆ وەزارەتی ئابووری وچەندەها جار لێرە باسی لێ کراوە وئەم باس کردنەش تا ئێستا نەچۆتە قالبی جێبەجێ کردنەوەو ونەبۆتە کار وچەند دراسە لەم بارەیەوە کراوە، بەڵام ئەمانە هیچیان نەگەیشتۆتە ئەوەی کە بتوانێ بەدیلی دروست دابنێ. لەبەر ئەوە من لەراستیدا پرسیارم هەیە وپێشنیار دەکەم ودەڵێم: لەوەختێکدا باسی خراپی باری دارایی دەکەین، بەڵام سەدان لیست دەردەکەین بۆ دامەزراندن کەچی مووچەمان نییە بیدەین، بەڵام چەندین لیست دەردەکەین بە دامەزراندن لە فلان دائیرە وفلان دائیرە! ئایا تایبەتی تێدایە یان گشتی یە لەگەڵ ڕێزمان بۆ هەموو ئەوانەی کە دامەزراون یان ئەوانەی کە ئەمرەکەیان دەرکردووە. لەسەر وەزعی زیاد کردنی مووچە بۆ کەرتێک یان بۆ توێژێکی تایبەت لەفەرمانبەران، بەڕێزان هەموو خەڵک برسیەتی، چینی تایبەت کە نسبەتێکی بۆ زیاد دەکەین چینەکەی دیکە دەبێ خۆیشان دان بکات بۆ بەر دەرگای پەرلەمان وحکومەت، بۆیە من وا بەڕاست دەزانم وپێشنیار بکرێ بۆ هەر هەموو مووچە خۆران مووچەیان زیاد بکرێ، چونکە هەر هەموویان باریان خراپە. بەنسبەت تجاوز کردن لەسەر بودجە، بەڕێزان ئێمە دەڵێین بودجەمان باش نییە، باری دەرامەتمان باش نییە، بەڵام تجاوز لەسەر ئەو میزانیە تەعیین کراوە دەکرێ لەلایەن وەزیرەکانەوە، بەتایبەتی وەزارەتی دارایی خۆی، ئنجا من لێرە چەند پرسیارێکم هەیە بەنسبەت وەزارەتی پیشەسازی ووزە، بەڕێز کاک د.سەلاح

ئاماژەی بۆ کرد، بەڕاستی بابزانین وەزارەتی کشتوکاڵ ئەو ئەرازی بەراو ودێم و ئیراداتەی کە هەیەتی توانیویەتی تاکو ئێستاکە وەزارەتی کشتوکاڵ ئەو حسابانە بەسەر بکاتەوە و وەری بگرێ وحکومەت وپەرلەمان ئاگادار بکاتەوە لەوەزعی ئیرادی مەرکەزی وەزارەتەکەی. بابزانین وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار توانیویەتی تا ئێستا ئەو خانوو گەراجانەی کە هەیەتی وئەو ئیراداتە کە دێتە دەستی بەسەریان بکاتەوە ولیستیان بۆ بکات وپێشکەش بەحکومەتی هەرێمی بکات؟ بەڕێزان لە ڕاستیدا من دوو پرسیاری تایبەتیشم هەیە دەرحەق بەو کەسانەی کە پارەیان داناوە لە بانقی هەرێم پێش ڕاپەڕین لەوانەیە ئێستا پێویستیانە و وزۆریش پێویستیانە لەوانەیە قەرز بکەن وشت بفرۆشن. ئایا ئێمە وەکو پەرلەمان و وەکو حکومەت دەتوانین بیر بکەینەوە لەوەی کە ئەو پارەیە ئەگەر بەنسبەتێکیش بێت بیدەینەوە پێیان. دەربارەی باری خانەنیشنانیش، خانەنشینەکان ئێمە دەتوانین ئەو مووچەیان بۆ بگوێزینەوە بۆ ئێرە، وەکو پێشنیارێکیش نەک هەر وەک پرسیار، بەڕاستی پێشنیار دەکەم کە ئەو مووچەیە لێرە بیان درێتێ، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی زۆربەی قسەکانم برای بەڕێزم د.سەلاح وتی. بەڵام من حەز دەکەم ئاماژە بەدوو خاڵی گرنگ بدەم. یەکەمیان: باسی باری بژێوی خەڵکی کرا. ئەو مەسەلانە هەموویان روونن وهەموو ئەندامان رۆژانە مامەڵەتیان لەگەڵدا دەکەین. بەڵام ئایا ئەو مەسەلەیە بەم شێوەیە سەرپێیە چارەسەر دەکرێت؟ من حەز دەکەم پرسیار لەبرای بەڕێزم کاک جەمیل بکەم کە ئەم مەسەلەیەی بەو شێوەیە گرتووە ودەڵێ لێکۆڵینەوەی ناوێ چۆن لێکۆڵینەوەی ناوێ؟ ئەگەر ئێمە بێین، خۆی لە ئابووریبیە ولەمەسەلە ئابوورییەکان شارەزایە وئیشی تێدا کردووە، ئێمە بێین مووچەی فەرمانبەران سەد دینار، (٢٥٠) دوو سەدوپەنجا دینار زیاد بکەین ئایا ئەوە چارەکردنە؟ بەبێ ئەوەی کەوا مەسەلەکانیان بۆ ئاسان بکەین، مەسەلەی کۆنترۆڵی بازاڕ بەلانی کەمەوە لە(٣٠٪)ل ە(٢٥٪) بۆ فەرمانبەر دابین بکەین، یانی من لەو باوەڕەدام شتەکە مەسەلەیەکی زانیستییە وشتەکە قسە نییە، ئەگەر ئەو پارە بچێتە ناو بازاڕ ئەبێت چارەی نرخی مەوادی ئازووقە بەوە بکەی کە ئەو پارەیە تزەخوم دروست دەکات وشت گران دەبێ وئەو فەرمانبەرانە سوود لەو (٢٠٠) دینارە وەرنەگرن، یانی من تێ ناگەم بۆ چی مەسەلەکان بەو شێوە وەربگرین وهەر بڵێین ئەندامانی پەرلەمان پێشنیاری فلان شتیان کردووە. ئەمە قەزیەکە بەس ڕاگەیاندن بێ یاخود مەسەلەکە شتێکی زانستی بێ ومەلموس بێ ولە بەرژەوەندیی ئەو خەڵکانەدا بێت. بەڕاستی ئەو مەسەلانە بەو شێوەیە من نازانم بۆ چی وا بیری لێ بکەینەوە، پێویستە ئێمە زۆر زۆر بە واقیعییانە بیر لە شتەکە بکەینەوە، نەک بەو شێوەی کە مەسەلەکانی بەعەفەوی ئەندامی پەرلەمان ئەوەی داوا کردووە، چونکە ئەمە قەزیەکە وشتێکی زۆر قووڵە، دوایی ئەندامی پەرلەمان پێویستە ویژدانی هەبێ، ئەوە مەسەلەیەکی ویژدانییە، مەسەلەی بژێوی خەڵکی و باری ژیانی خانەنشینان

وفەرمانبەرانە، یان ئەوەی کەوا وەرەقەیەک بێت وبینین وبلێین ئەمە پرۆژەیە وەرن ئیمزای بکەن، فلان فەرمانبەر(٢٥٠)دیناری بدرێتێ! بەراستی ئەم ئیشانە هەر بەو شێوەیە نابێ ولەدنیا شتی وەها نەبووە، مەگەر لە پەرلەمانی ئێمەدا شتی ئاوا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ لە قسەکانم برای بەڕێزم کاک شێخ یەحیا کردی، ئەوەش لەسەر دامەزراندن بوو، ئەم پرسیارەم ئاراستەی برای بەڕێزم کاک عەبدوڵلا رەسول دەکەم کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەو شێوەیەی کە ئێمە ولە جیهاندا پەیرەوکراوە ئەگەر ولاتێک ئابلوقەی ئابووری لەسەر بێ دەبێت تەقەشوف بکات. سەیر دەکەین رۆژ بەرۆژ ژمارەی فەرمانبەران زیاد دەبێت ودەڵێین ناتوانین(٢٠٠)یان(٢٥٠) دینار بۆ فەرمانبەران زیاد بکەین، بەلام بابێین ئێمە چارەسەری ئەوە بکەین، دامەزراندن راگرین، دەبێ بزانین ئەوانەی داوای ئیجازەی بەبێ مووچە دەکەن ئیجازەی بێ مووچەیان بدەنێ بۆ ماوەی دیاری کراو، با خۆیان باری ئابووری خۆیان راست بکەنەوە وئەو مووچەیەی ئەوان بگەرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە زیادەکە بدەین بەوانەی پێویستیانە، چونکە بەراستی بێ کاریبەکی موقەنەعی زۆر دروست بووە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلارەسول عەلی/سەرۆکی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر دامەزراندن دیارە پرسیاریان زۆر کرد وەکو ئەو رۆژەش باسم کرد دامەزراندنی گومرگ وپۆلیس وئاسایش لەلایەن ئێمەوە نییە دامەزراندنی ئەو کەسانەی کە دەرچووی کۆلیج و پەیمانگەکانن، ئەوانە خۆ حکومەت مولزەمە لەهەموو دنیادا ئیشیان بۆ ببینێتەوە وئێمەش کە دامەزراندن دەکەین بە پارەکی زۆر زۆر کەم بە(١٣٦) دینار کە دەچن(١٠-٢٠) رۆژ دەوام دەکەن خۆیان بەجێی دێڵن، بزانین ئەو دامەزراوانەی کە دەرچوون، چەندیان دەوام دەکەن یان دەوامیان کردووە؟ لەسەر ئەو مەسەلەیەش حەقە لێکۆڵینەوەیەکی باش بکرێ وخۆشمان وەکو حکومەت بیرمان لێ کردۆتەوە، کە پرۆژەیەک دابنێین وعەرزی پەرلەمانی بکەین کە بزانین بەچەند فەرمانبەر دەتوانین ئیشی حکومەت بەرێوەبەرین وئەوانی تر چ بەنیوە مووچە بێ، چ بە مووچەی کە ئێستا هەیتیان مۆڵەتیان بدەینێ هەتاکو ماوەیەک ولە پاشان ئەوانەی کە دەیان هێڵینەوە ژیانێکی باشیان بۆ دابین بکەین ومووچەکەیان باش بێ و، چۆن وەکو باسم کرد ئەو رۆژە هی وەزارەتی ناوخۆ کۆنفرانسێکمان گرت کە هەموو کوردستان بە(٥)هەزار و(٥٠٠)پۆلیس حراسەت دەکرێ ودەوامی خۆی بکات وژیانیان دابین بکرێ وفەرمانبەرانیش لەسەر ئەو بنچینەیە دەبێ رێک بخرێن و باریان باش بکرێت وزیادەی مووچەیان گشتی بێت ومنیش لەگەڵ ئەوە دام بەگشتی مووچەیان زیاد بکرێت.

حەز دەکەم بزانن ئەوە کاک جەمیلیش ئەو پرسیارەی کرد، ئایا ئەو پارەی کە لە ئیراداتی زیاد

بووە، چ پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی پێ کرا؟ لە بیرتانە یەکسەر(٢٥)دیناریان هەڵوەشاندەوە، ئەگەر ئێمە شتەکمان نەبایە (١٠)یی و(٥)یی نەبانە، یاخود هەر ئەو دەمە(١٠) و (٥)ییان هەڵبوەشاندایەتەوە، لەوانە بوو یەکسەر حکومەتەکەمان ئەگەر مانگێک مووچەی نەدا بڕووخێ و بازاڕەکەی تێک بچێ، ئەوە ئێوە زیاتر شارەزانە لەباری ئابووری، ئێستا ئێمە ئەو پارەیەی کە پاشەکەوتمان نەکردبایە ئێستا(٣)مانگە مووچەی هەولێر کێ دەیدا، وەزارەتی کشتوکاڵ ئێستاکە گیروگرفتیان یەکجار زۆرە، برۆ دیسانەکە وەکو گومرگەکان چۆن دەستیان بەسەردا گرتووە، عاردەکانیش لەزۆر ناوچە گرفتێکی چەندین ساڵەیان هەیە، هەر لەزەمانی پاشایەتییەوە تاکو ئێستاکە لەکوردستان کۆبۆتەوە وەکو باسیشمان کرد بەعسیش سیاسەتێکی زۆر پیسی لەکوردستان پەیرەو کردووە لە مەسەلەی عەردی، چەند کەسێک نەبێت دەنا هەر خەرێکی تێک بەردان بووە و گەلێک جۆرە یاسای دەرچوواندووە، ئەو گرفتانە ئێستا هەموویان کەوتوونەتەسەر یەک و بوونەتەبارگرانی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کشتوکاڵ لەباتی ئەوەی داهاتی هەبێت، کێشەی زۆر هەیە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی ئەمڕۆ باس دەکرێ بۆ چاک کردنی باری ئابووری، بەڕای من ڕەنگە زیاتر قسەبێ لەوەی کە کرداربێ، چونکە باری ئابووری بەڕای من لە کوردستان وکارگێڕی ئەمڕۆی کوردستان بەباری سیاسییەوە بەستراوەتەوە، یانی بە ڕای من ئەوەی کە پەرلەمان لێیەوە دەدوێ، هەمووی هەوڵ دەدەن بۆ چاک کردنی باری ئابووری وبیر لەوە بکرێتەوە کە لەڕووی سیاسییەوە چاک بکرێ، شەڕی ناوخۆ یان پاشماوەی شەڕی ناوخۆ یاخود ئەو تەوەتورەی کە ئەمڕۆ هەیە لەکوردستان ئەوانە نەهێڵێن. ئەمانە ئەمڕۆ ڕێگرن لە چاک کردنی باری ئابووری لە کوردستان، ئێمە سەرچاوەی داهاتمان گومرگە، گومرگەکانیش ئەمڕۆکە هیچیان لەژێر کۆنترۆڵی حکومەت نییە وحکومەت لەناو هەولێریشدا کۆنترۆڵی وەزعەکەی نەکردووە، ئەوە هەموو برادەران ئەو ڕاستییە دەزانن، هەموو خەڵکەکە ئەوە باش دەزانن، جا سبەی هەر سیاسەتێکی ئابووری گەر حکومەتی هەرێم ویستی پەیرەوی بکات دەبێ ئەو حسابە بکات. بۆ نموونە گەر حکومەت ویستی مووچەی فەرمانبەران زیاد بکات، ئەو مووچەیە بەچی زیاد دەکات؟ هەر دەبێ لەسەر ئەساسی داهاتی حکومەتی خۆی زیادی بکات، ئەو مووچەیە و دواییش چاک کردنی باری ئابووری کوردستان. ئێمە ئێستا لە کوردستان دەتوانم بڵێم بزووتنەوەی ئاوەدان کردنەوە وەستاوە، بزووتنەوەی ئاوەدان ڕێکخراوەکان هەموو پرۆژەکانیان ڕاوەستاوە، کە ئەوانەی ئەساسی چاک کردنی باری خەڵکن، جا من پێشنیارێکی دیاری کراوم هەیە، ئەگەر بکرێ ئەوەیە کە ئەمڕۆ پەرلەمان هەموو ڕێکخراوە دەزگاکانی کە لەکوردستان ئاگادار بکاتەوە کە باری سیاسی کوردستان چاک بۆتەوە، ئیتر ئەوکاتەی کە باری سیاسی بەتەواوی لەکوردستان چاک بوو، بارە ئابووریەکەش چاک دەبێ.

خاڵێک هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لەوانە بێ حکومەتی کوردستان نان بۆ فەرمانبەرو ئەو خەڵکە دابین بکات بەم کارەیشی لەمەترسییەکی گەورە رزگاریان دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز شالاو عەلی عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای من هەر چەندە زۆربەی برادەران قسەی منیان کردووە منیش هەر دەیهێنمەوە سەر مەسەلەی سیاسی. ئەگەر باری کوردستان چاک بێت ئەوا دەتوانین باری خەڵکەکەش بە پەلە نا، بە هێواشی چاک بکەین، من رام وایە بریاردان لە پەرلەمان دەربچێ بەبێ دراسەت کردن وداوا لە ئەنجوومەنی وەزیران بکرێ کە دەبێ ئێوە ئەو بریارە جێبەجێ بکەن بەبێ رەچاو کردنی ئەو راستییەی کە ئایا ئەوان پێیان جێبەجێ دەکرێ یان نا؟ ئەمە ناکرێ. بۆ یە من حەز دەکەم تۆزێک پێشنیارەکەی کاک د.سەلاح بە ئاشکراتر بڵێم کە رای خۆشم بووە، ئەوەیە کە دەبێ لیژنەی دارایی پەرلەمان لەگەڵ وەزارەتی دارایی وئابووری سیمینارێک رێک بخەن بەهاوکاری ئەو وەزارەتانەی کە شتیان بۆ دێت یاخود بڵێین پارەیان دەست دەکەوێ ولەگەڵ خەڵکی پسپۆری ئابووری سیمینار بکەن وکێشەکە راستی بۆ ببەستن. بەرای من لەناو ئەوانە مەسەلەی مووچە زیاد کردنی فەرمانبەر وخانەنشینەکان بەدی دەکرێ بۆیە من پێشنیار دەکەم کە وەزارەتی دارایی لەگەڵ لیژنەی دارایی پەرلەمان کۆببنەوە وسیمینار ساز بدەن بۆ چاک کردنی باری ئابووری فەرمانبەرەکان، بەلام پێش هەموو شتێک دەبێ زۆر بەپەلە داوا لەو دوو حزبە بکرێ وئەو دوو بانقەی گومرگ کە لە ژێر دەستیانە، بیدەنەوە بە حکومەتی هەرێمی کوردستانی، جگە لەمەش ئەو پشێوییەی کە ئێستا هەیە، بەهەردوو حزب هەوڵێکی چاکی بۆ بکرێ تاکو چاک وئاسایی بێتەوە ومن یەک بەدواداچوونم هەیە لەسەر قسەکانی د.سەلاح هەیە کە باسی حیمایەی کرد وتی: ئەمین عام حیمایەی بۆ چییە؟ بەلام من رایم وا نییە، وەڵلا ئەگەر ئێمە حیمایەمان نەبێت رەنگە هەموومان بکوژن، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من نیازم نەبوو قسان بکەم، بەلام لیژنەی دارایی وئابووری قسەکانیان تەواو کرد، خاڵێک هەبوو یان بڵێم دوو خاڵ هەبوو باسیان لێوە نەکرد لەکاتی گفتوگۆ کردن لەسەر بودجەی حکومەت، من پێشنیارێکم کرد کە لە(٢٠٪)ی بودجە کەم بکەینەوە بۆ کرینی هەندێ مەوادی خۆراک بۆ خەڵک.

لە کۆبوونەوەی پێشوو کە پەیوەندی بە ئابوورییەوە نەبوو، خوشکە پەریخان ودوو سێ برادەری تر ئاماژەیان بەوە کرد وبەبیریان هێنایەوە کە کاتی خۆی ئەو بریارە دراوە و بۆ لیژنەی ئابووریش کرا بە راسپاردە کە ئەمە جێبەجێ بکرێ، ئێستا پرسیارەکە لێرەیە، مانگی(٧)یش تەواو بوو تا ئێستا میزانیە پێشکەش نەکراوە، هیچ نەبێ تاکو حکومەتی هەرێم بزانی لە(٢٠٪)چەند دەکا،

بۆ ئەوەی هەنگاو بهاوێژێ بۆ جێبەجێ کردنی پێشنیارەکە. دووەم: بەقەناعەتی من دەبوایە لەجێگای ئەوەی ئێمە ئەوەندە قسەی لەسەر بکەین چۆن باری ژیانی خەڵکەکە باش بکەین؟ داوا لەوەزارەتی دارایی وئابووری بکەین وبڵێین لەماوەی(١٥) ڕۆژدا پرۆژەیەک ئامادە بکات وپێشکەش بە پەرلەمانی بکات، کە چۆن دەتوانین باری ژیانی خەڵک چاک بکرێت وئەو کاتە وەزارەتی دارایی وئابووری لەوانە بوو پسپۆڕ بانگ بکات ولیژنەی ئابووری پەرلەمان بانگ بکات دابنیشین وپرۆژەکە ئامادە بکەن وئێمە ئەو کاتە گفتوگۆ لەناو ئەو چوارچێوەیەدا لەسەر ئەو پرۆژەیەی کە حکومەت پێشنیاری کردبوو بکەین. ئەو کاتە قسەمان لەسەر دەکرد ودەوڵەمەندمان دەکرد وزیادمان دەکرد وکەممان دەکردە وە، باشترین ڕێگا ئەوەبوو. خاڵی سێیەم کاک جەلال ئاماژەی بۆ کرد وگوتی: ئاسایی کردنەوەی باری کوردستان پەیوەندی بەژیان وگوزەرانی خەڵکەوە هەیە، وەکو ئەویش وتی: ئێستاش بەلای منەوە دەوری لیژنەی ئاشتی وبرایەتی تەواو نەبووە، شەڕی خۆکوژیی وبراکوژی وکورد کوژی بوەستێ ئێستاش دەوریان ماوە بۆ تەدەخول ناکەن بۆ ئاسایی کردنەوە، بۆ ناپرسن لەهەردوو سەرکردە ولەهەردوو حزب بۆ وەزع لە کوردستان ئاسایی ناکرێتەوە؟ کێ ڕێگەی لێ گرتووە؟ خۆ دەبێ خەڵک بزانێ هەر دوولا، هەردوو حزب هاوار دەکەین بۆ بارەکە ئاسایی نابێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە زۆر باسی چاک کردنی باری دارایی وئابووری کرا، بەڵام ئەمن داوا لەحکومەتی هەرێم دەکەم ونازانم برادەرانی ئێمە ئێستا باسی کام حکومەت دەکەن هی هەولێر یا دهۆک یاسلێمانی، من دیسان تەئکیدی قسەکانی برادەران دەکەم کە وەزعەکە ئاسایی بکرێتەوە، دەنا ئێمە هیچ شتێک لەحکومەت داوا نەکەین. ئێستا سەرۆکی حکومەت دانیشتووە تەنیا حکومەتی ناوشاری هەولێرە. ڕەنگە شاری هەولێریش هەمووی نەبێ وبەڕاستی ئەگەر ئێمە باسی زیاد کردنی مووچە بکەین، باسی باش کردنی گوزەرانی خەڵک بکەین، باسی کرێی کارەبا بکەین، باسی ڕاستاندنی بودجە بکەین، بودجەی کێندەرێ دابنێین؟ ئێستاکە بودجەی بۆ هەولێر دابنێین پێویست ناکات و دوایی ئێمە پێش هەموو شتێک دەبێ هەوڵ بدەین وەکو پەرلەمان، وەکو حکومەت زەختێک بکەین لەسەر هەردوو حزب کە گومرگەکان ئاسایی بکەینەوە ئەگەر نایانەوێ هەموو ئەو بارە ئاسایی بکەنەوە، با باری گومرگەکان ئاسایی بکەنەوە، ئەوە بەڕاستی هەموو بارەکەی ئێمەیە، با لیژنە دروست بکەین لە ناو پەرلەمان، لەناو حکومەت تەنسیق بکەین، شتێک بکەین وئێمە باریورداتی گومرگ ئاسایی بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم خۆش بوو ئەم کۆبوونەوەیە لەکاتێکدا بکرا بایە کە بارەکە ئاسایی بوایە و وەزیری دارایی

وئابووری لێره بوایەو ئێمەوا خەیاڵی نەبین وەڵلا من پرسیارێک دەکەم باهەردوو حزب وحزبەکانی تر داوای لەحکومەت نەکەن، نەک پارەمان بدەنێ گومرگەکان، یانی هەندێک شت هەیە ناکرێ لێره بگوترێن وبەڕای منیش پەرلەمانی کوردستان خۆتان لەناو خەڵکن، لەناو خەڵکەکەدا دەژین و وەزعەکان هەمووی لێک بدەنەوە، ئینجا داوای هەندێ شت لە حکومەت بکەن، ئەوە برادەران باسیان کرد ئەگەر باری سیاسی ئێستا ئاسایی نەبۆتەوە ئەمن ئەو ڕۆژە باسم کرد وەزیری ناوخۆ بچێتە هەندێ شوێنی حکومەت وپرسیاریشی لێ دەکەن، لێره سەرک وەزیرانیش ناتوانێ بچێت لەبەرچی؟ چ گوناهی هەیە؟ سەرۆک پەرلەمانی دەتوانێ بچێ، وابزانم ئەم کۆبوونەوانە لەبارێک دا کرابان پێش ئەو ڕووداوانە کەهەموو جهودمان سەرف دەکرد بۆ ئەوەی باری گوزەرانی خەڵک چاک بێت وئێستاکەش بەڕاستی ئەگەر ئەو پارەیەی کە پاشەکەوت نەدەکرا، دەبووە مایەی ڕووخانی ئێمە، هەر لە هەولێرەوە بە بڕیارێک گەر نەتوانین مووچەی فەرمانبەران بدەین ونەتوانین ئیش وکارەکان بکەین ونەتوانین کە ئەزمەیەک هاتە پێش چارەسەری بکەین باری سیاسیمان پتر تێک دەچوو، ئێستا مووچەی هەموو فەرمانبەران دەتوانم بڵێم بەشی هەرە زۆری کوردستان لێره دەدرێ، هی حزبەکانیش. بۆ نموونە ئەوەی کە لەدهۆک لەسەر فراکسیۆنی سەوز بووە لێره دەیدرێتێ وئەوەی لە کەرکوک وسلێمانی لەسەر فراکسیۆنی زەرد بووە مووچەی لێره دەرێتێ، جگە لەوەی وەزارەتەکان وپەرلەمان وحکومەت هەر لەوە مووچە وەردەگرن. مامۆستا جەلال باسی کرد کە لەئێران نان بەیەک تومەنە، بابە ئێران چەند ساڵە دەوڵەتە من پرسیار لەخۆتان دەکەم ئێستا هەمووتان قەناعەتتان هەیە ئەو بارە بەرەو کوێ دەچێ، ئەمن حەز دەکەم لێره ئێوە وەڵامی من بدەنەوە ئەو بارە چێ لێ دێ وچۆن دەبێ؟ دەبێ بەرچاومان ڕووناک بێ ودەبێ بزانین کە چی لێ نایە، بەڵام هەمووشمان دەزانین کە ئێمە دوو ئابلۆوقەی ئابووریمان لەسەرە ولەدەور وپشتمان پیلانمان لێ دەکەن، ئەوەی شانازیمان پێوە دەکرد کەخۆمان لەناو یەکتر براینە وتەباینە، بەتایبەتی یەکێتی وپارتی کەزۆر زۆر ڕێکین وئەوەشمان لەدەست دا!! ئایا ئێمە ئەوەی کە ڕووخاندوومانە بینای نەکەینەوە چۆن دەتوانین خزمەتی خەڵک بکەین؟ چۆن دەتوانین متمانەی خەڵک وەرگرینەوە؟ چۆن من پێم باشە پەرلەمان بڕیارێک وەربگرێ گومرگەکان هەموویان بدرێنەوە حکومەت، ئەوەش دەبێتە هۆیەک بەڕاستی کە نەتوانین هێز دروست بکەین ئەگەر گومرگمان نەبێت، هێز بەچی دروست دەکەن هەتا گومرگەکان هەبن وپارە هەبن هێزیش دروست دەبێ ولەشکریش دروست دەبێ وشەڕیش دروست دەبێ. ئەوجا حەقە هەموو مەسەلەکان بە بابەتیی لێک بدەینەوە ومن خۆم بەڕاستی هەر لەبەر ئەوە هاتم ولێتان ناشارمەوە وقەناعەتم نەبوو بێم لە کۆبوونەوەیەکی وا دا قسە بکەم وباسی شتی وا بکەم. بەڵام لەبەر ڕێز کە بەیاسا داوامان بکەن وەکو حکومەت بێمە ئێره وقسەش بکەم و وەڵامی تێبینی وپرسیار بدەمەوە، ئەگەر نا ئەم کۆبوونەوانە بێ ئەنجامن، یانی مرۆڤ کۆبوونەوەیەک بکا کە ئەنجامی هەبێ، بەرهەمی هەبێ، کۆبوونەوە هەر بۆ قسە کردن نەبێ، هەر لەبۆ ئەوە نەبێ لەبەر دەمی تەلەفزیۆن هەر کەسە بیەوێ

خۆی خۆشەویست بکات. هەمموو خەڵکی کوردستان دەزانن کە میللەتەکەمان زۆر لەژیانێکی ناخۆشدا دەژی، لەژیانێکی دەروونی ناخۆشدا دەژی، هەتا قبووڵیان بوو لەو بارە ئابوورییە سەختەش دا بژین بەس نەکوژرێن، ئەوەی دەکوژرێ لەشەڕ چەکی هەڵگرتووە قیروسیا، بەڵام پیرەژن ومنداڵ وخەڵکی بێ تاوان دەکوژرێن.. خەڵک هەیە ماڵ وسامانی هەیە ودەچنە سەری پارەی لێ دەستێنن، بۆیە هەیە ئەو ماڵ وسامانەی بەجێ دێڵێ ودەڕوات. کەواتە چۆن دەتوانین ئێستا باسی باری گشتی ئابووری خەڵکی کوردستان بکەین وچارەسەری باری گوزەرانیان بکەین، بەڵام من ئەگەر پرسیارم لێ دەکەن لێرە ناچارم وەڵام بدەمەوە وبە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانم گوت: من وەزیری دارایی نیم، ئاسایی دەبێ وەزیری دارایی وەڵامی ئەو پرسیارە ئابوورییە بداتەوە کە لێرە دابنیشێ، یا ئەو کۆڵەگە بنچینەییەی حکومەت کە وەزارەتی دارایی وئابووری و وەزارەتی پیشەسازی و وزە و وەزارەتی کشتوکاڵە وهەندێ وەزارەتی دیکەش داهاتیان هەیە، دابنیشن وئەوان بێن بزانن چۆن بنیاتی ژێرخانی ئابووری کوردستان بینا دەکەنەوە؟ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە، ئەو وەزارەتانەن کەچۆن دەتوانین چاکیان بکەینەوە؟ ئەوانە بێن دابنیشن گفتوگۆ بکەن وبەڕای من ئێستا تەئکیدی خۆمان لەسەر ئەوە بکەین وەکو کاک فرەنسۆ باسی کرد بارەکان بخەینەوە دۆخی جارانیان وبە هەمموو لایەکمان هەوڵ بدەین، بەبێ ئەوەی حسابی ئەوە بکەین ئەوە فلانە لەفراکسیۆنی سەوزە ویا لەفراکسیۆنی زەردە یان فلان لەفلان حزبە یانی وەکو کوردێک یا مرۆڤێک هەمموومان باسی ئەوە دەکەین بەرژەوەندیی کورد لەسەرووی بەرژەوەندیی حزبەکانەوەیە، بەس لەڕاستیشدا وانییە بەرژەوەندیی حزبەکە وهەتا ڕادەیەکیش بەرژەوەندیی خۆیان لەسەرووی بەرژەوەندیی کوردەوەیە، ئەگەر هەمموو بەو بۆچوونە کار بکەین دەتوانین ئەو برینەی کەبووە سارێژی بکەین وخەڵکی هەیە یارمەتیمان بدات وبەرامبەرەکانیشمان کەناحەزی ئێمەنە یان دوژمنانی گەلی کوردستانن و ڕژێمی داگیرکەرن، هەندە باریان باش نییە وئەگەر باریان باش بوایە ئێمە بارمان زۆر زۆر خراپتر دەبوو. دۆستمان زۆرن وئەو دەوڵەتانەی کەدەست لەکوردستان وەردەدەن ڕۆژ بەڕۆژ ئێستا ڕیسوا دەبن وزەختیان زیاتر چێتە سەر و، ئەگەر کەم وکوورییەک لە حکومەت دا هەبوو، ئەوە حکومەت ئاسانە گۆڕینی و پەرلەمان ئەگەر کەم و کوورییەک تێدا بووە با سەرژمێرێکی گشتی بکرێ وهەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا بکرێتەوە وئەم کەم و کوورییانەی کەلە سێ ساڵی ڕابوردوودا لەو ماوەیەی کە پەرلەمان هەبووە، لە پەرلەمانی داهاتوودا با ئەو کەم وکووریی پڕ بکرێتەوە، ئەوانە هەمموویان دەتوانین چاک بکەین، بەڵام ئەگەر ئەو بارەمان لەدەست چوو، نەسلێمانی ڕزگاری دەبێ و نەدهۆک ڕزگاری دەبێ ونەهەولێریش ڕزگاری دەبێ وشوێنەکانی تریش دەچن، ونەکەسیش دەتوانێ خێر لەگومرگی ئیبراهیم خەلیل یا گومرگی سلێمانی یان گومرگی کەلار وکفری ببینێ، چونکە بەڕاستی مێژوو ڕەحمی پێ ناکات وجارێکی تریش لە بەردەمی میللەت وەهای لێ دێ کەهەرگیز خێر وخۆشی لەهیچ شتێک نەبینێ، ئەو ڕاستیانە هەمموویان دەیان زانین وبەڕای منیش ئێمە جهود سەرف بکەین لەبۆ ئەوەی کە بارەکان هێمن بکرێنەوە

وچارەسەر بکرێن، ئەوجا باری ئابووریش باس بکرێتەوە وحەقی خۆشتانە ئێوە پرسیار لە ئێمە بکەن، چونکە نوێنەری خەڵکن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عەبدوڵلا رەسول، بۆ مەبدەئی گفتوگۆ کردنی ئەم بابەتە هەر بۆ روون کردنەوەی باری ئابووری وسیاسی، وەکو جەنابیشت ئاگاداری وبرادەرانی ئەندامی پەرلەمانیش ئاگادارن نزیکەی سێ لەسەر چواری ئەندامانی پەرلەمان لەسەرەتای ئەم مانگەوە مەشغوولن وبە نرخاندنی ئەم بارە وئەم رووداوانەوە ولەئەنجامدا لە هەر سێ فراکسیۆنەوە بەڵگەنامەیەک وەک هەڵوێستی پەرلەمان ئامادە کراو لە ٧/٢٥ یشدا پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەردا ولەڕاستیدا زۆر خاڵی تێدا هەیە تەئکید دەکات لەسەر هێور کردنەوەی ئەم بارە وگەڕانەوەی بۆ دۆخی جارانی، پەرلەمان ئەوەی جێگیر کردووە وبێگومان ئەندامانی پەرلەمان دەبێ بەردەوام بن بەهەموو شێوەیەک بۆ ئەوەی ئەو بڕیارانەی کە وەریان گرتووە جێبەجێ بکرێن ولە ناو ئەو خاڵانەشدا هاتووە کەدەبێ باری ئابووری چارەسەر بکرێت وتەئکیدمان لەسەر ئەوە کردووە کە باری ئابووری خەڵک خراپە ودەبێ باسی لێ بکرێ باری ئەمنی لە کۆتایی ئەو هەفتەیەی کە چوو باس کرا، بۆ باری ئابووریش بڕیاردرا کە باسێکی لێ بکرێت ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی ناو بەرنامەی کار کرا وبەتەئکید هەر کۆبوونەوەیەکیش ئێمە بەپێی یاسا ئاگاداری ئەنجومەنی وەزیران دەکەینەوە بۆ ئامادە بوونیان ولەوانەیە ئەندامانی پەرلەمان زیاتر پرسیاریان هەبێ یان ئەو روونکردنەوەیەی کەدەدرێ زۆر پرسیار دەبڕێنێتەوە وپەرلەمانیش بۆی هەیە هەر بارێک باس بکات و وتووێژی لەسەر بکات وپاشان ئەو گفتوگۆیە دەوڵەمەند دەکرێ بە ئاڵوگۆڕ کردنی بیروڕای ئەندامانی پەرلەمان، جا هیوادارم گفتوگۆی ئەمڕۆ لەناو ئەو چوارچێوەیەدا بکرێت، دەبێ باسی باری ئابووری بکرێت، چونکە بەپێی زۆر راوێژ وبۆ چوون وبڕیار ئێستا ئەم بارودۆخە بووەتە خاڵێکی سەرەکی بەتایبەتی پاش ٥/١ بەم لاوە، بۆیە دەبێ گرنگی بەباری ئابووری بدرێ، وباسی لێوە بکرێ وپاشان بڕیارێکی لەسەر بدرێ ئەو بڕیارە چۆن دەبێ، ئەوە بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان. ئێستاش دێینەوە سەر بەرنامەی خۆمان. کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من هیچ پرسیارم نییە، چونکە وەڵامی هەموو پرسیارەکانم لام مەعلوومە بەس تەنیا من یەک داوام هەیە لەبرادەرانی پەرلەمان ولە برادەرانی ئەنجومەنی وەزیران پێکەوە دابنیشن وبزانن چ لە تواناداهەیە بۆ ئەو میللەتە بکرێ وبێنە سەر ئەم مینبەرە وبڵێن ئەوە لەتوانادا هەیە ودەکرێ ودەیکەین وبزانین حکومەت چی پێ دەکرێ وبەقەناعەتەوە بڕیار بدەین حکومەت ئەوشتەی پێ دەکرێ وبێین دابنیشین وبڵێین دەبێ بیکەی ئەگەر دانیشین مەسەلەن بەدیل بۆ گومرگ بدۆزینەوە. باشە بەدیلەکان چین وکامانەن؟ دەبا دراسەتی ئەو بەدیلانە بکەین، بەوەزیری دارایی بڵێین ئەمانە

بەدیلن بۆ گومرگ، دەبێ تۆ ئەوە جێبەجێ بکەی بەس بە قەناعەتەوە، ئینجا پاش دراسەت وهەڵسانگاندن لەگەڵ هەردوو لایەن دانیشین ئەوها بکەین وئەوها بکەین، بەڕای من وا ڕاستە ئێمە وەک پەرلەمان دراسەتی بکەین وبچین مواجەهەی حکومەت بکەین ومناقەشەیان لەگەڵدا بکەین وچ لەتواناداهەیە دەکرێ بڕیار بدەین وبڵێین دەکرێ وئەگەر حکومەت کەم تەرخەمی کرد ناچاری بکەین وبڵێین دەبێ بیکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، دیسان ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئیش وکاری ئەندامانی پەرلەمان وئەندامانی لیژنەو وفراکسیۆنەکان ولەو ئیشانەن کە جەنابت دەڵێ دەبێ لەناو فراکسیۆنی پەرلەمانی باس بکرێت وئەو لیژنانە گورج بکرێن وفەرمانیان پێ بدرێ بۆ ئەوەی زیاتر ئیش وکاری خۆیان بکەن، بەڵام کە بەرنامە دادەنرێت وداوا لەلایەن هەردوو فراکسیۆنەوە پێشکەش دەکرێ بۆ باس کردنی باری ئابووری، ئێمە ڕێگە دەدەین بە ئەندامان هەر یەک ڕای خۆی بڵێ ولەڕاستیدا حەز دەکەین لەسەرەتاوە بتان گوتبایە با ئەم بارە باس نەکرێت.. دەمان خستە دەنگدانەوە وبەزۆربەی دەنگ بڕیار دەدرا باس نەکرێ، یانی ئەگەر ناتانەوێ موناقەشەی بابەتێک بکەن، بڵێن کاکە ئەم بابەتە گفتوگۆی لەسەر مەکەن ومەیخەنە بەرنامەوە. ئێستاش کاک ئەیاد، فەرموو.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی چەند خاڵێک هەیە ئێمە ئەگەر بتوانین ئەو خاڵانە جێبەجێ بکەین وپەلەشی لێ بکەین، ئەوکات دەتوانین چاو بە باری ئابووری خۆمان دابخشێنینەوە وچارەسەری ئەوشتانە بکەین کە ئەگەر بەسەقەتی هاتن ئەوشتانە بکەین وهەوڵ بدەین پەلەی لێ بکەین کە تائێستا نەبووە وئەو شتانەش کە لە بەرنامەماندا دەبێ لە ئایندەدا من تەئکید لەسەر خاڵی پێنجەم دەکەم کە لەو هەڵوێستەدا هاتووە کە پەرلەمانی کوردستان وەری گرت لەڕۆژی ٧/٢٥ ئەویش ئەوەیە(الاسراع في عملية التطبيع الشامل) هەر وەکو ئاشکرایە لەناو سیاقی گفتوگۆ کردنی ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کەپێویستی بەوە هەیە ئێمە پەلە لەوە بکەین کە بار بەرەو ئاسایی بوونەوەی گشتی بچێ، خاڵی دووەمیش ئەوەیە: بەڕاستی من زۆرم لاسەیرە لیژنەی دارایی تەئکید لەسەر ئەوە بکات کە ئێمە موادی ئازووقە بۆ خەڵکی کوردستان دابین بکەین، باشە لیژنەی دارایی من ئەم پرسیارە دەکەم ژمارەیەکی تەخمینیان هەیە بۆ خێزانی کوردستان، لەچەند جێ یەکیش باسی لێ کراوە(٣٦٠)هەزار خێزانە وتێکڕای نفووسی لەبەینی(٧-٩) کەس بێت ئەوە دەگاتە(٣)ملیۆن کەس، ئەگەر بێتو حکومەتی کوردستان مانگانە تەئمینی ئەساسیاتی موادی ئازووقە بکات ئەگەر بەشی(١٥)ڕۆژیش بکات دەکاتە (١٥٠٠)دینار بۆ خێزانێک(١٥٠٠)دینار مانگانە دەکاتە(٥٤٠)ملیۆن دینار بۆ(٣٦٠)هەزار خێزان، ئەگەر بەس ئاردی بداتێ دەکاتە(١٠٨) ملیۆن دینار، ئەگەر نیوەی پارەکەشی وەرنەگرێ دەگاتە (٥٤) ملیۆن

دینار، هەروەها مەسەلەی دابەش کردنی خۆراکیش ئەوەی کە رێکخراوە بیانیەکان دابەشیان دەکرد ئەوەی ئاشکرا بوو لای ئێمە زۆربەی رێکخراوەکان لەسالی ١٩٩٢ لە زستانی ١٩٩٢مەوادی خۆراکیان دابەش کرد بەسەر(٧٥٠)هەزار کەس نەک بەسەر هەموو کوردستان وبەراستی من باسی ئەوەش دەکەم کە ئێمە پێویستمان بە چاکسازیەکی گشتی بارەکە هەیە لەکوردستان دا، سوپاس.

**بەرێز سەرتیپ محەمەدحسێن:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەوشتانەی کە باس کران من خەریکە بلێم هیچ شتێکم پێ نەماوە باسی بکەم، بەلام من پرسیار دەکەم وپرسیارەکەشم دوو خالی دیاری کراون. و دەلێم ئێستا حکومەت وپەرلەمان لێرە دانیشتووین گفتوگۆی چارەسەر کردنی باری ژێر خانی ئابووری دەکەین، تاکو بزانین باری ئابووری خەلکەکە چۆن چاک دەکرێت، من پرسیار دەکەم ودەلێم حکومەت ئێستا خۆی لە قەیرانێکی زۆر گەورەدا دەژی، باپێش وەخت جاری ژێرخانی حکومەت چاک بکرێتەوە، چونکە بارێکی ئالۆز لەسەرانسەری کوردستان دا خولقاوە ئێمە لێرە دانیشتووین باسی باری ئابووری دەکەین. من نازانم لەو قەیرانەی کە ئێستا حکومەت تێی کەوتووە چۆن دەتوانێ چارەسەری ئەو بارە ئابوورییە بکات. خالێکی تریشم هەیە ودەلێم بەراستی ئێمە ناتوانین بژین وناوی خۆمان ناوە حکومەت وپەرلەمان، بەبێ ئەوەی ئاگادار بین لەدەرەوە چی روو دەدات ودنیای دەرەوە بەرەو کوێ دەچێت؟ وئێمە خەریکین چیمان بەسەر دێت، ئەوە دوو ئابلوقەی ئابوورییە لەسەر عێراق ولەسەر کوردستان وکوردستانیش لەژێر دوو ئابلوقەدایە، ئێستا لێرە هەموو موئەشیراتەکان وا نیشان دەدەن کە دەولەتی عێراق تەعاموولی لەگەل دەکرێ لەلایەن دەولەتانی ترەوە وهەلوێستی تورکیا وفەرەنسا ودەولەتی تریش بەرامبەر بەعێراق گۆراوە ودوا بریاریش کە بۆ نوێ کردنەوەی ئابلوقەی عێراق وەرگێرا زانیمان لەناو ئەنجوومەنی ئاسایشی دەولەتان هەلوێستی هەندێ دەولەت چۆن چۆنی بوو، رەنگە رووداوەکان بەرەو خەتەر تریش بروات لەدوارۆژدا. من دەلێم پرسیارەکەم ئەوەیە، لەو ماوەیەی پێش ئەم رووداوانە دیپلۆماسیەتی کوردی چی کردووە بۆ ئەوەی بتوانێ رێگایەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی تەعامولێکی سیاسی وئابووری لەگەل هەرێمدا بکرێ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو دەردەکەوێ دیارە ئەندامانی پەرلەمان لەگەل ئەوەدا نەبوون کە ئەو بابەتە باس بکرێ، ئیتر نازانم بۆ ئەو پێشنیارە لەلایەن هەردوو فراکسیۆنەوە پێشکەش کراوە، کە دەبێ ئێمە رۆژی شەممە لەبەرنامەدا باسی باری ئابووری کوردستان بکین؟!. مادام ئەندامانی پەرلەمان نایانەوێ ئەم باسە بکەن، بۆ چی بیکەین؟! جا بۆیە ئەگەر مۆلەت بدەن با کاک عەبدوللا وەلامی ئەو پرسیارانە ئەگەر هەبوو بداتەوە، وابزانم هەمووش وەلامیان دراوەتەوە، بەلام ئەگەر شتێکی وا هەبێ کە پێویست بەروون کردنەوە بکات، با وەلامیان بداتەوە.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاستان دەکەم، من هیچ وەڵامم نییە وهەر کەس وەڵامی خۆی دایەوە لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مۆڵەت بدەن وەکو دەستەی سەرۆکایەتی ئێمە وا بەباش دەزانین ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان وای بۆدەچن کە باش نییە بۆ ئێمە باسی ئەم بابەتە بکەین، با لە لیژنەکاندا باسی بکەن، کاک عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشەی ژێر خانی حکومەت، کێشەی کۆڕو کۆبوونەوە وسمینار وباس کردنی باری ئابووری وژیاندنەوەی بنەما پەیوەندیی بەو قات وقڕی وبرسیەتی خەڵکییەوە نییە. تکاتان لێ دەکەم ئەو بارە بابەتێکی دیکەیە وکۆمەڵانی خەڵک دەستیان لەم بابەتەدا نییە وکۆمەڵانی خەڵک ئەگەر زۆر زۆر تەنگاوبن دێن خۆپێشاندانمان لەسەر دەکەن، دەنا خۆمان وحکومەتەکەمان وحزبەکان لەسەرووی هەمووشمانەوە، ئێستا ئێمە داوا دەکەین خەڵک باری باش بێت. من داوا دەکەم مووچەی مامۆستا وفەرمانبەران زیاد بێت و داواش دەکەم ئابووری ئەو خەڵکە دەعم بکرێ. شتی بۆ بکرێ وبەلانی کەمەوە ئاردی بۆ بکرێت وژیانیٰ ڕۆژانەیان بۆ دابین بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محەمەدسەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەدادگاکانی کوردستان موڵکی تایبەتی دەفرۆشرێ بەداوای (إزالەی شیوع)، کریار نرخی موڵکەکەی تەسلیم بەدادگا دەکات ودادگاش لەبانقی دادەنێت بە ئەمانەت وهەر فرۆشیارەک مراجەعەی دادگا دەکات، دادگا چەکی بۆ دەکات بۆ سەرف کردنی لەبانق. لەوەزارەتی دارایی تەعمیمێک دەرچووە دەڵێن هەر سەرفێک لە(١٠)هەزار دینار زیاتر بێت نابێ سەرف بکرێ ئەم قسەیە وئەم تەعمیمە ڕاستن وبانق دەبێت ملتزم بێت بە فەرمانی وەزارەت، ئەگەر پارەکە پارەی حکومەت یان پارەی فەرمانگەکان بێت لە سەر یەکتر یا داهاتی گومرگ بێت، رسومی دادگاکان بێت، بەڵام دادگا نرخی موڵکی تایبەتی وەربگرێ، لە دادگا فرۆشرا بێت لەبانقی دابنێت، بانق سەرفی ناکات، چۆن دەبێ بانق ئەمری دادگا بشکێنێت چەکی دادگا بۆ بانقی هەرێم بروات خەرجی ناکات. کتابی وەکیل وەزیر چووە بۆ بانق خەرجی ناکات، زۆرم لاسەیرە فەرمانی دادگا بشکێت دەبێ چارەسەری ئەمە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەوەی کەبۆتان باس دەکەم پار لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵ قسەم کردووە وبەڕێز کاک مەسعود کە تەشریفی هێنا ڕانیە لەگەڵ ئەویشم باس کردووە و زۆری پەسەند کردووە وخۆی بەڵێنی دا وفەرمووی: من پەیڕەوی دەکەم ولەسەری دەڕۆم وبۆتان باس دەکەم لەم دانیشتنەی پەرلەمانی کوردستان باسی خەراپی ونەداری ئابووری کوردستان دەکەین کە خراپە ومیللەتە کەمان تووشی داوی هەژاری ونەداریی خۆی بووە. هەر چەندە هەوڵ دەدات ناتوانێ چۆن دەربازی ببێت لەم کارەساتە، برایانی بەڕێز ئەو کارەساتەی میللەتەکەمان تووشی بووە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکارە خراپانەی کە حزبەکان ئەنجامی دەدەن، حزبەکان خەریکی ناخۆشی ودووبەرەکی ویەکتر کوشتنن، هەر بۆیە لەهەموو کۆبوونەوەی مەکتەب سیاسییەکانیان دا بە تەنها یان پێکەوە، نازانن وناتوانن ڕێگایەک بدۆزنەوە میللەت دەرباز بکەن لەم ناخۆشی وتەنگ وچەڵەمەیە، چۆن دەتوانرێ لەم ناخۆشیە ڕزگاری ببێ کە حاڵ ئەم حاڵە بێ، چۆن دەتوانرێ لەم ناخۆشییە ڕزگارمان بێ؟ خوشک وبرایان، هەمووتان لێتان ئاشکرایە کە ئێمە هیچ داهاتێکمان نییە تەنها کشتوکاڵ نەبێ، دەبێ هیممەت بکەین، دەست بەکاربین کاروباری کشتوکاڵ پێش بخەین. بەڕێزان لەکاروباری کشتوکاڵ وچاک کردنی کشتوکاڵ، جووتیار ئەرزی نییە من لەگەڵ ئەو جووتیارەمە کە پسپۆڕن لە کشتوکاڵ، ئەرزی کشتوکاڵی دراوە بە ئەفەندی وپارێزەر ودوکتۆر وبازرگان ودوکاندار وشوفێر بۆ نموونە: کابرا شوانە لە ڕمادی، ئەرزی هەیە لەقەزای ڕانیە، هەموو ساڵێک دێتەوە بەکرێیی دەدا ودەگەڕێتەوە، بەعس کە ئەم کارانەی کردووە وئەرزی داوەتە ئەو کەسانەی خۆی مەرامی بووە، ئێستاکە ئێمە لەسەری دەڕۆین، چونکە بۆ کار بەدەستانی ئێمەش وا قازانجە. بەسواڵ وسەدەقە ئابووری کوردستان چاک نابێتەوە، چونکە شتێکی کاتییە، بەڕێزان زۆر ئاسانە کە ئێمە دەست بەکار بین لە کاروباری زراعەت بۆ گەیشتن بە ئامانج وبووژانەوەی ئابووری کوردستان ولابردنی برسیەتی ونەدرایی وبنبڕ کردنی دزی وجەردەیی ونەمانی کێشەی زەوی وسەقامگیر بوونی ئەمن وئاسایش وهەیبەتی دەوڵەت وئاوەدان کردنەوەی کوردستان بەبێ ناچار کردنی خەڵک لەلایەن دەوڵەتەوە. ئەم کارانە چۆن ئەنجام دەدرێن؟ بێگومان یەکەم بە پەیڕەوکردنی دیموکراتییەت و ڕێز گرتن لە مافی مرۆڤ؟ یانی حوکمی میللەت لەمیللەت و بۆ میللەت لێرەدا میللەت دەبێ خۆی دادگا بێت، کاری خۆی بەڕێوەبەرێ ونەهێڵین حزبەکان تەدەخولی کاروباری زراعەت بکەن، چونکە هیچ حزبێک نایەوێ زەوی بداتە جووتیار، ئەگەر ئیدعاش بکات، ئەوە بۆ دیعایەی حزبەکەیەتی. ئەوە دەیەوێ جووتیار هەڵپەرکێ وسەمای بۆ بکات وچەپڵەی بۆ لێ بدات، سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەک شت بەهەموو برادەرانی پەرلەمان دەڵێم: ئەگەر ئەم گفتوگۆیانە بەجددی بکرێن، ڕێگای

چارەسەر کردنەکەی زۆر زۆر ئاسانە ئەویش وا لەمەکتەب سیاسی هەردوو حزبەکانە، لای ئەو دوو جۆامێرەیە. فەرموون وەفدێک پێک بێنن وبڕۆنە سەر یان و یەخەی ئەو دووانە بگرن یەخەی مەکتەبی سیاسییەکان بگرن لەجیاتی ئەوەی ئەو گومرگانە بۆ خۆیان بەکار بێنن، بابیدەنە خەڵک. من تێ ناگەم ئەو خەڵکە چۆن دانیشتووە کابرایەکی حەرەس یا کەنناس بە(١٥٠)دینار چۆن دەژی، بەس ئەو خواردنەی مانگەکەی بە(١٥٠)دینار بەشی ناکات، چۆن وا دانیشتوون، یەخەی ئەو دوو حزبە ناگرن، یەخەی مەکتەبی سیاسییەکان ناگرن، من دوا قسەم ئەوەیە چارەی برسیەتی خەڵک لەمەکتەبی سیاسی هەردوو حزبەکەیە لای ئەو دوو جوامێرەیە. ئەوانە بەرپرسن لەهەژاری ورەش و رووتی خەڵکەکە، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز مەلاتەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرسیارەی من زۆر لەمێژە(٦-٧) مانگە کە بەرامبەر بەم کۆمەڵگایانە کردووەمە، کۆمەڵگاکانی شاوێس وپیرزین ومەلا ئۆمەر وکەسنەزان ئەوان هەموویان خەڵکی ناوچەی باڵەک وئەوانەن، خەڵکی ئێرە نین نە ئەرزیان هەیە ونە ئاویان هەیە، ئەوەی شتەکی هەبوو ڕۆیشتونەتەوە گوندەکەی خۆیان ، ئەوەی کە هیچی پێ ناکرێ ماوەتەوە لێرە، ئەوە داوامان کرد، هەر نەبێ برەک گەنمیان بدەینێ، ئێستا خەڵک لەبرسان دەمرن، بەڕاستی ئەگەر چاریان نەکەن ئەو خەڵکە تووشی هەموو شتێک دەبێ، تووشی دزی وکوشتن دەبێ، بۆیە داوا دەکەم یارمەتییان بدرێ، چونکە ئەوەی کە لەخێر خوازەکانەوە دەیان درایێ ئەویشیان بڕیوە، سوپاس.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکانی من زۆر بوون وزۆریشیان کران، زۆر سوپاسی سەرەک وەزیران دەکەین روونکردنەوەیەکی زۆر چاکی بۆ کردین، بەڵام پرسیارەکانی من ئێستا دووشتن، یەکەم: پرۆژەیەک پێشکەش کراوە بۆ زیادەی مووچەی فەرمانبەران، ئەو پرۆژەیە تا رادەیەک چارەسەری باری فەرمانبەران ومامۆستایان دەکات بەتایبەتی ئێمە نزیکی تاقیکردنەوەکانی دەوری دووەمین لە(٢٠)ی مانگ ئەگەر ئەمە نەکەین رەنگە تووشی ئەوە بین وچارەسەرمان بۆ نەکرێ وتاقیکردنەوەکانمان بەتەواوی بۆ نەکرێ. پێشنیاری دووەم: پێشنیارە وپرسیارە لە سەرەک وەزیران بەنسبەت کۆمەڵی هەرەوەزیی فەرمانبەران وبەتایبەت مامۆستایان وجەنابی سەرەک وەزیران یەکێک بووە لەیارمەتیدەرە زۆر چاکەکانی مامۆستایان بەتایبەت ئێستا ئەو کۆمەڵە خەریکە دروست دەبێ، بەڵام هەر لایەنێک بۆ خۆی دروستی دەکات، ئەوەش دەعمەکەی کەم دەبێت وئیشی ناڕوات، پێشنیارەکەی من ئەوەیە حکومەت دەعمێکی بکات وئەوکاتیش لایەنەکانیش دەعمێکی کەی بکەن، لەوانەیە بڵێم لە(٢٠٪)یارمەتی فەرمانبەران ومامۆستایان بدات، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من باسی چاک کردنی باری ئابووری دەکەم وبەشێک لەو چاک کردنە مەسەلەی خستنەوە کاری کارگەکانە. بەڕێز سەرەک وەزیران باسی کارگەی چیمەنتۆی تاسلووجەی کرد کە لەبەر(سپێر پارت)پەکی کەوتووە من خۆم قەناعەتم وایە وهەندێک بەپێی ئەو مەعلووماتانەش کەهەنە، ئەگەر دڵسۆزیی هەبێت ئەگەر هەست کردن بە مەسئولیەت هەبێت(سپێر پارتەکان)یش پەیدا دەبن ولە ڕێگەی قاچاغچییەکانەوە دەهێنرێن کە ئێستا سەری هارو مێروو لەکوردستان دێن ودەچن وجەماعەتی(U.N)یش ئێستا قاچاغی لەگەڵ قاچاغچییەکانی خۆمان دەکەن ودەتوانن(سپێرپارت)بێنن بۆ کوردستان. بەنسبەت کێشەی کارگەی جگەرەی سلێمانیەوە، کارگەکە لەسەر فیلتەر پەکی کەوتووە ومن ناوی خەڵکم لایەکە لە بەغداوە هاتوون، مەسئولی حکومەتی عێراق، لەوانەیە برادەرانی مەسئولین مەعلووماتیان لایە حەزری جگەرەی ئەجنەبی هەیە بۆ عێراق نایەڵن بڕوات لەوێوە هاتە کوردستان، لەکوردستانەوە چووە تورکیا جگەرەی فیلتەری هێنا بۆ کارگەکانی بەغداو ڕۆیشتەوە بۆ بەغدا وبەسەر ئابلۆوقەی نەتەوە یەکگرتووەکان وئابلۆوقەی کوردستانیش تێپەڕی، چونکی بۆ چی، چونکە دڵسۆزی هەبووە بۆ ئیشەکەی خۆی. لێرەش قاچاغچیەکانی کوردستان حەزریان لەسەر هێنانی فیلتەر بۆ کوردستان داناوە ئەگینا وەکو ئەو کابرایەی بۆ عێراقی هێنا دەتوانرا بۆ کوردستانیش بهێنرێ. بەنسبەت کارگەی جل وبەرگی جا هێزی سلێمانیەوەش، من مانگی یەک ڕۆشتمە تورکیا بەڕێوەبەری کارگەم بینی بایی چەند ملیۆنێک دینار قوماشمان هەیە لەمارسینگ، خۆم چوومەتە سەر قوماشەکان بینیومن ئەوکاتە من مانگێک ڕۆیشتووم هەشت مانگ بوو ئەو قوماشە گەیشت بوو لە ئەڵمانیاوە هاتبوو، هەم مۆدیلەکەی بەسەرچووە وهەم هەقی ئەرزیە دەدەن لەسەری بۆ ئەو قوماشەی کە لەوێ کەوتووە، هەم ئەو پارەشی تا ئێستا تێ کەوتووە لەوێ هەتا ئێستا نەتوانراوە بیهێنن وداخلی کوردستانی بکەن بۆ کارگەکان، ئەویش بەهۆی لێ نەپرسینەوە وای بەسەر هاتووە، جا من لێرەدا پرسیار دەکەم لە بەڕێز کاک عەبدوڵلا ڕەسول کە ئەبوو بەڕاستی وەزیری پیشەسازی لێرە بوایە، ئایا لیژنەیەک هەیە بۆ چاودێری کردنی ئەم کڕین وئەم هێنان وئەو پێداویستیانە بۆ کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان سیاسەت وئابووری لێک جیاواز ناکرێنەوە، بەڵکو هەر یەکەیان کار لەئەوی تریان دەکات، سیاسەت کەتێک چوو باری ئابووریش تێک دەچێ وزۆر دەوڵەت وحکومەتی جیهان هەبوون بەتێک چوونی باری ئابووریان تێک چوون، ئەوجا ئێمە لەم قۆناغەی کوردستان شتی خەیالاوی ناڵێین، بەلام ئێمە چی بکەین ئێستا کێشەیەک پەیدابووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەڵێ: ئەگەر ڕای ئەندامانی پەرلەمان ئەوەیە باسی ئابووری نەکەین، با نەکەین، نەخێر دەبێ

بیکەین، چونکە ئەمە پرینسیبەن گشتیەکانمان بریار لەسەر داوە یەک لەو خالانە باری ئابوورییە، من دەڵێم نەک یەک کۆبوونەوەی بۆ بکرێ، بەڵکو چەندین کۆبوونەوەی بۆ بکرێ، بەڵێ باری ئابووری خەڵک ڕاست بکەینەوە، مامۆستا وفەرمانبەران بەگشتی وئەو خانەنشینانەی ڕۆژانە لەپردێ ولەمەخموور سووکایەتیان پێ دەکرێ بەدەست مندالە بەعسییانەوە ڕزگاریان بکەین لەو پارە موستەنسەخەی کە پێیان دەدەن. دەبێ ئەمانە هەمووی باس بکرێن، ئەگەر باسی نەکەین چۆن چارەی بۆ دەبینینەوە؟ بەڵام ئێمە شتی خەیالی نەڵێین با باری حکومەتەکەمان ئاسایی بکەینەوە ئینجا داوای ئەوشتانەی لێ بکەین، ئێستا چی بکەین؟ بەلای منەوە باشترین شت ئەوەیە دوو پێشنیارم هەیە، یەکەم: لیژنەیەک پێک بێت لەپەرلەمان ولە وەزارەت وبچێ داهاتی کوردستان زەبت بکات وسەیتەرەی لەسەر بکات وبیهێنێتەوە بانقی کوردستان.
پێشنیاری دووەمیش: سیاسەتی تەقەشوف ڕابگەیەندرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان نەیوتووە باسی باری ئابووری نەکەن. ئێوە دەڵێن باسی نەکەین، بەڵێ سەرۆک پەیوەندی بە بەرنامەی کارەوە نییە، بەقەدەر ئەوەی کە ئەندامانی پەرلەمان پەیوەندیان پێوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆک پەرلەمان و، دەستەی سەرۆکایەتی لایەنگیری ئەوەیە کە هەمیشە باسی باری ئابووری بکەن.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لایەنگیری بریارەکەی تۆ بووم کە دەڵێی ئەگەر واتان کردووە بۆ باسی بکەین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تانووت لێدان نییە، پاشان ئەوکاتە ئەبێ بە بریار کە هەموو لایەک ڕای خۆیان پیشان دەدەن وپاشان ئەگەرێن بۆ مەخرەجێک. کاک ئازاد قەرەداغی.. فەرموو.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند برادەرێک باسی ئەوەیان کرد کە بارەکە چاک بێ ئەو پێشنیارەم هەیە بۆ ئەوەی کە بارەکە چاک بوو بگەرێینەوە بۆ پێش ڕۆژی ٥/١ بەقەناعەتی من سەر ژمێرێکی گشتی بکرێ و ئەو خەڵکەش پۆلین بکرێ، ئەو خەڵکە ڕەنگە بەو شێوەیەش نەبێ کە باس بکرێت یانی دەوڵەمەند وهەژار وناوەندیی جیا بکرێتەوە لەیەکتری وپێشنیارەکەی دیکەشم ئەوەیە پشتگیری مەوادی خواردەمەنی بکرێ، مەوادی خواردەمەنی ئەساسی بۆ خەڵکەکە ولەو واقیعە تاڵەی ئەمرۆکە ڕزگاریان ببێ، پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگەیەک، ڕێگە چارەیەک بۆ ئەوە بدۆزێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە من بە پێچەوانەی ڕایەکەی برای بەڕێزم کاک عەبدوڵڵا دەربارەی ئەو سپێر پارتەی کەنایەت بۆ کارگەی چەمەنتۆی تاسلووجە، هەتاوەکو ئەو ڕۆژەش وەزیری پیشەسازی ڕای وابوو کەوا سپێر پارتی بۆ نایەتە ئێرە، دیارە لەهەموو دنیادا ئەو قاچاغچییەی کە لەکوردستاندا هەیە لە هیچ شوێنێکی دیکە نییە، ئێستا ئیشارەیان پێ بدات لەدیوانی سەرۆکایەتی جمهوری بۆی دێتە ئێرە. دوایی قاچاغچی لەهەموو دنیادا چەک لەکیشوەرێک بۆ کیشوەرێکی کە دەگوازێتەوە یانی ئێمە ناتوانین ئەوشتانەمان دەست کەوێت. دێمەوە سەر شتێکی کە، لەڕاستیدا کۆبوونەوەی ئەمڕۆ حەق نەبوو لەم بارودۆخەی ئەمڕۆ بکرابایە، چونکە بارودۆخەکە کە ئاسایی نەبێ لەکوردستان، ئەمن وئاسایش لەکوردستاندا نەبێت وبارودۆخی ئاسایی نەبێتەوە، هەرچی شتێک باس بکەین لەڕووی ئابوورییەوە ناگەینە ئەنجامێک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ڕای جەنابتە، هەمووی زیاد نەبوو، باس کردنی بابەتێکی وەهاش زیاد نییە، چونکە باری ئابووری دەبێ باس بکرێ، بەڵام بۆ چارەکردن ئەوە شتێکی ترە. مامۆستا مەلامحەمەد ئەمین.. فەرموو.

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتەکان دیارن هەموویان وتران، یانی شتێک نەماوە وچەند تێبینییەکەم هەیە تەنیا ئەوەیە، پەرلەمان بۆی هەیە داوا لە حکومەت بکات ئەمە زۆر ئاساییە داوا لە سەرۆکی وەزیران وهەموو وەزیرەکان بکات. چونکە حکومەت لە پەرلەمانەوە هەڵقوڵاوە، بەڵام ئەوەی تێبینی گرنگ بێت ئەوەیە حکومەت بۆیە بانگ ئەکرێت بۆ دووشت، ئەوەی هەیەتی لەبەر دەستیدا چەندی کردووە وچی کردووە؟ ئەوە یەکێکیان، دووەم: ئەوەی کە کێشەی حکومەتە بۆی ناکرێ. بۆیە پەرلەمان تاکو موعاناتی حکومەتەکەی بزانێ پێویستە لەهۆیەکانی ئەو موعانات وکێشانە بکۆڵێتەوە چارەسەر نەکردنی کێشەکان، هۆی سیاسییە، کە تا ئێستا حەل نەبوون مەسەلەی سیاسی یەکێکە لەتەگەرەکان. دووەم: گومرگەکان کێشەن، چونکە نایەنە ناو بودجەی حکومەتەوە. سێیەم: ڕێکخراوەکان کەدێنە کوردستان، لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا ئیش ناکەن.

بەڕای من وایە کە سەرۆکی حکومەت لەوکاتەدا یان ئەو وەزیرانە کە دێنە ئێرە ودەڵێن ئەوە کێشەمانە وبۆمان چارەسەر ناکرێ لەوکاتەدا تۆپەکە دەکەوێتە ناوچەی جەزای پەرلەمانەوە، ئینجا پەرلەمان پێویستە بەرگری لێ بکات. پێویستە ئەم هەنگاوانە بهاوێژرێن یەکەمیان: هەوڵدان بۆ زەخت کردنە سەر مەکتەب سیاسییەکان کە چیتر هەم ئەو زێدە ئیسرافە نەکرێ وهەم ئەو پارەیەی کە لە فەوجەکانیان سەرف دەکرێ ببگێڕنەوە بۆ حکومەت، یان هیچ نەبێ لە میزانیەکان کەم

بکرێنەوە.

دووەم: لیژنەیەک دروست بکرێ لەم پەرلەمانەو لەحکومەتی هەرێم وەک برادەران ئاماژەیان پێدا، بچن بزانن ئەو گومرگانەی کەوەردەگیرێن چەندی دەدرێت بەحکومەت ومانیع نییە ئەگەر دوو ئەندامی پەرلەمان لەماوەی(١٥) ڕۆژدا لەم گومرگانە بن ولەهەموو گومرگەکانی کوردستان بن بەبێ جیاوازی وبە تایبەتی ئیبراهیم خەلیل کەزۆر باسی ئەوەمان دەکرد کە شریانێکی گرنگی ئابووری ئێمەیە. سێیەم: دەبێ ئێمە سیمینارێک یا کۆبوونەوەیەک ڕێک بخەین لەژێر چاودێری ئەم پەرلەمانە وهەموو ڕێکخراوەکان بانگ بکەین بۆ ئەوشتانە نادەن بە حکومەتی هەرێم، ئەگەر ئەوان هاتوون خزمەتی میللەتی ئێمە بکەن وخزمەتی کورد بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گەر حەز دەکەن هەموو ڕۆژ گفتوگۆ بکەن لەگەڵیاندا وهانیان بدەن. مامۆستا مەلا تەڵحە فەرمووە..

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەپاش ئەو مناقەشەیەی زێدە کردنی مووچەی فەرمانبەرو خانەنشینان، من کەهات وچۆی زۆر لە مزگەوتان دەکەم، هەژاران هەموو هەناسەی سارد هەڵ دەکێشن ودەڵێن جارێک پەرلەمان وحکومەتی هەرێم لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا هیچ یارمەتی ئێمەی نەداوە، یانی بە زۆران کەس دەڵێن، من ڕۆژانە (٢) کلیو ئارد دەکڕم کیلۆی بە(١٢) دینار، ئەو ئاردەی کە لە چینچکە نان وکەپەک پێک دێت. ئەوجا بەهۆی ئەوەش ماڵ ومنداڵەکانمان هەموویان نەخۆش بوون، هاتو چۆی خەستەخانە دەکەن وهەر نەخۆشێک بچێتە خەستەخانە لە(٥٠) دینار کەمتری ناچێت ئەوجا من لێرە پێشنیار دەکەم بە پەلە وبەزووترین کات ئەگەر لەتوانادا بێت چ لەلای ڕێکخراوی خێرخواز وچ لەلای حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر کەسەی مانگی(٢٠) کیلۆ ئاردی بۆ دابین بکرێ بەبێ ئەوەی کە هیچ شتێکی تری بدرێتێ. چونکە زۆر پێویستن. دووەمین پرسیارم ئەوەیە، ناوشار خاوێن کراوەتەوە زۆر شتێکی مەعقوولە وپیرۆزە، بەڵام ئێستا ئەو تانکییە بانزینانەی کە لەسەر ڕێی کەرکووکن هەریەکی(٥) مەتر دوورە لەجاددە، هیچ تەئسیری نییە، هەموویان تبلیغ کردوون کەلایان ببەن وخاوەنەکانیان چەند ڕۆژە هاتوچۆی ئێمە دەکەن ودەڵێن ئێمە هەژارین ئەوەش دەبێتە چەند گرفتێک وکێشەیەک بۆ حکومەتی هەرێم باچارەی ئەمەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی باری ئابوورییەوە بەڕاستی هەموومان دەزانین وبرادەرانیش زۆر قسەیان لەبارەی دارایی وئابوورییەوە کرد وئەوەی ڕاستی بێت لایەنی کەم کەمن داوای دەکەم، ئەوە دوو ساڵە ڕژێم تەنیا لەمانگی(٥)ی ڕابوردوو توانی(٢٢) بایع داوا بکات لەموصل ئاردیان بداتێ ئاردەکەش ئەو

ئاردە کە یەکەیە کە هەمووومان دەیزانین، لەمانگی(٥) بەولاوە تا ئێستا بایع ئاردی نەهێناوە بۆ هەولێر ودوو ساڵە ئارد نییە، بەڵام ئێستا بەلایەنی کەمەوە داوا دەکەین یەکەم ئەو دەغلەی کە لەسایلۆ داکراوە گەر هەر نەفەری(٩)کیلۆی بدرێتێ لەو خێزانانەی ناوشار، ئەوە یەک. دووەم: ئەوەیە، چەند فڕنێک دەست نیشان بکرێت حکومەت دەعمیان بکات بە ئارد. ئەو فڕنانە هەروەکو ئەو فڕنە کۆنەی کە زەمانی خۆی فڕنی ئۆتۆماتیکی هەبوو لەهەولێر خەڵکەکە روویان تێ کردبوو سەموون بە(٥)فلس بوو، با ئێستاش ئەوْ فڕنە ئۆتۆماتیکیانە بژێندرێنەوە ودەعم بکرێن یان فڕنی تریش دابنرێن ودەعم بکرێن وئاردیان بدرێتێ، خەڵکەکە لەجیاتی سەموون بە(٢)دینار بکڕن، بتوانن بە(١٥٠)فلس یان(٢٥٠)فلس بکڕن ئەمە کارێکی باش دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا ئەوەندە دەڵێم پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەردەمی تاقی کردنەوەیەکی زۆر گران وسەختی مێژوویی دایە، ئەگەر بەگیانی کوردایەتی هەستن بەئەرکی سەرشان دەنا ئەم گەلە دوایی گلەییستان لێ دەکا ومێژوو رەحم بەکەس ناکات، بەڵام ئەگەر پەرلەمان وحکومەت بتوانن شان بدەنە شانی یەکتر دەتوانن بریار بدەن وبارەکە ئاسایی بکەنەوە. بەڵام ئەگەر تەنیا قسەی ڕووت بێ و وەکو نمایش بێت، میللەت بەمە تێر ناخوات سوودی لێ نابینێ. چارەی باری ئابووری و بژێوی خەڵکی کوردستان بەوە دەکرێت کە یەکەم جار پەرلەمان پشتی حکومەتی هەرێم بگرێ وبەتەواوی پشتی بگرێ بۆ ئەم کارانەی خوارەوە:

یەکەم: ئیمارەتەکان بدرێتەوە بە مەرکەزی حکومەتی هەرێمەوە، وەڵڵا من بە ئیهانەی دەزانم وەکو نەفەرێکی پەرلەمانی کە مرۆڤ دەڵێ ئیمارات کە دەڵێن حکومەت تەنیا حکومەت هەولێرە، من ئەمە بەکارەسات دەزانم.

دووەم: ژیانی سیاسی وکارگێڕی ئاسایی بکرێتەوە لەسەرانسەری هەرێمدا جا ئەوسا دەتوانرێ باس لە گومرگ ورێکخستنەوەی گومرگ بکرێ وژیانی خەڵک دابین بکرێ وبزانین عەمباری گومرگ وخەزێنەی حکومەت چی تێدایە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا مامۆستا بڕیارتان وەرگرتووەو دەبێ لەدوای بن، حکومەت چ پرۆژیەکی هەیە کە لێرە خراوەتە روو وپەرلەمان پشتگیری نەکردووە؟ بەپێچەوانەوە حکومەت چ پرۆژەیەکی هەبوو بێ لەبارەی ئەم بارەوە لێرە باسی کراوە وپشتگیریی لێ کراوە و، پشتگیری کردنی لەدەست ئێوە دایە، ئێستاش با دواکەس قسە بکات کە بەڕێز مەلا شاخییە. فەرموو..

**بەڕێز ئەبو بەکر محەمەد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چارەسەر کردنی باری گوزەرانی خەڵکی ڕەش وڕووت و هەژار بەندە بەپێشکەوتنی باری ئابووری

کوردستانەوە، بەندە بەچارەسەر کردنی کێشەکانەوە، بەڵام هەندێ شت هەنە دەکرێ ئێستا چارەی بکەین پێش چارەسەر کردنی باری ئاسایی کردنەوەی وەزعەکە، چونکە ئەگەر چارەسەر نەکرێت دیارە چارەی سەلبی دەبێت، من ئەو مەسەلانە لەچەند پێشنیارێکی کورتدا دەخەمە ڕوو ودەیخەمە بەردەم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وجەنابتان، یەکەم: پێشنیار دەکەم حکومەت بەپەلە چارەسەری باری گوزەرانی گەڕەکە هەژارەکانی شارەکان بکات، چونکە خەڵکی هەژارن وتەحەمولی ئەوە ناکەن پاش چەند مانگێکی تر تا بارەکە ئاسایی دەکرێتەوە ئینجا یارمەتییان بدرێ.
دووەم: من پێشنیار دەکەم لەرێگەی بەرژەوەندی موبایەعاتەوە یان لەرێگەی مانگی سووری کوردستان یان لەخاچی سووری جیهانییەوە بێ وبەهەرچی شێوەیەک بێت بەپەلە لەرێگەی رێکخراوە خێر خوازەکانەوە چارەسەری باری گوزەرانی خەڵکی ڕەش وڕووتی هەژاری ئۆردوگاکان بکرێ،
سێیەم: داوا دەکەم لەکاتی دابەش کردنی ئازووقە جیاوازی لەنێوان خەڵکی دەوڵەمەند وجووتیار بکرێ لەنێوان ئەوانەی کە ئەم ساڵ بەسەدان عەلبە گەنم وجۆیان هەڵگرتووە وخەڵکی بێ دەرامەتدا بکرێ.
چوارەم: پێشنیار دەکەم چارەسەری ئەو منداڵە هەتیوە دایەک وباوک ئەنفال کراوانە بکرێ کە جنسیە وبطاقەی شەخسیان نییە، هەم لەکۆمەڵگی رێکخراوە خێر خوازەکان وهەم لەزۆر شتی تر بێ بەش بوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوانەی کە ناویان نووسی قسەیان کردو تەواو بوون، ماوەتەوە ئەگەر ڕوون کردنەوەیەک هەبێ، لەلایەن بەڕێز سەرۆکی وەزیرانەوە ئەگینا پشتوویەک دەدەین.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ڕەسول عەلی/سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم بۆ پەرلەمان، ئێمە (١٥) وەزاەتمان هەیە ئێوەش (١٥) لیژنەی پەرلەمانیتان هەیە، لەسەر هەر وەزارەتێک لیژنەیەکی پەرلەمانیتان هەیە، بەشێوەیەکی دروست متابەعەی ئیشەکانیان بکەن وحەفتەی بۆ دوو وەزارەت دابنێین کە ڕۆژێ بەتەواوی قسەکانی خۆیان بکەن وتێبینی خۆشتان لەسەر ئەو وەزارەتانە چییە دەربڕن وهەروەها لەبۆ چارەسەر کردنی گوزەرانی خەڵکی کوردستانیش. ئەگەر موتابەعەی وەزارەتی داراییۆ بکەن ومتابەعەی وەزارەتی پیشەسازی و وزە بکەن ومتابەعەی وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی شارەوانی بکەن کە داهاتیان هەیە، ئەوکاتەش باس دەکەن کەفرنی سەموون دابنرێ لەگەڕەکەکان ئاردیان بەسەردا دابەش بکرێت وهەر کەسە دەڵێ وابکرێ وابکرێ وئێمەش دانەبڕاوین لەم مبیللەتە زۆر چاک دەزانین باری گوزەرانی خەڵک خراپە بەدرێژی باسمان کردووە کە گوزەرانی خەڵک بەوە چاک دەکرێت کە ئیستقرار هەبێت و داهات هەبێت، پرۆژەی بەرهەم هێنان هەبێت وگەشە پێدان هەبێت ژێرخانی ئابووری کوردستان

بینا بکرێتەوە، هەمووی بچێتەوە یەک سەرچاوە، بەڵام ئێستاکە بارەکە هەموو لاتان ئاشکرایە، هەقە ئەو پرسیارانە لە ئێمە نەکەن، ئەوەی کە دەتوانی(سپێرپارت) لە بۆ کارگەی چەمەنتۆی تاسلووجە بێنێ فەرموو بابینێرین لەسەر حسابی وەزارەتی پیشە سازی وحکومەتی هەرێمی کوردستان تا بیهێنی، ئەوە دوو ساڵە باسی دەکەین(سپێر پارت)نییە، بۆ چی پاشی دوو ساڵ دەڵێن:

لەرێگەی فلان وبەغدا وفیسار رۆییوە وکاک سیروان شارەزایە، با لە سبەینێوە بفەرمووێ ئێستاکەش لەتورکیا لە ئەنقەرە (١٠٠) هەزار دۆلاری پیشەسازی زیاتر لەوێ دانراوە لەبۆ ئەو سپێر پارتانە با بفەرمووێ بچێ لەبۆمان بێنێ وزۆر مەمنوونی دەبین، لەمێژووی کوردستان ولە پەرلەمانیش دەڵێین کاک سیروان نەورۆلی(٦) ملیۆن دیناری قازانج بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دابین کرد یاخود ئەگەر یەکێکی تر دەتوانێ فیلتەری جگەرەمان بۆ بێنێ، کاک شەوکەت فەرموو زۆر مەمنوون دەبین باسی دەکەینەوە، بەڵام ئەگەر هەر پرسیارمان لێ دەکەن وکە دەڵێن ئەوە دێت ئەوە ئەمنیش پێم خۆشە ئەگەر ئێستاکە کارگەی تاسلووجە ئیش بکات ورۆژی(٦) ملیۆن دینارمان چنگ بکەوێ، هەموو ئازووقە بەنرخێکی کەم ورەمزی دەدەینە خەڵکی کوردستان گەر(٦) ملیۆن دینار قازانجمان هەبێ بۆ چی نای دەین، بەڵام لە سفرەی بەتاڵ (بسم الله) دەکرێ؟ مامۆستا عوسمان دزەیی دەڵێ: دەبێ ئێستاکە چارەسەری باری گوزەرانی خەڵک بکرێ، گەر ژێرخانی ئابووری وکارگێری نەبێ بە چ گوزەرانی خەڵک دەکەن؟

باشە ئێوە لێرە پارە بدەنە خەڵک، هەمووتان ئەندامی پەرلەمانن وسیاسین ونوێنەرانی حزبەکانن، فەرموو یەک و هەزار دینار مانگێ بدەنە خەڵک ئەگەر تۆ ئیداراتت هەبێ، فەرمانبەرت هەبێ، داهاتت هەبێ وئیشەکان بکرێنەوە چۆن ناکرێ؟ گەر کارگێرییەکان نەچنەوە جێگەی خۆیان چۆن دەکرێت؟ جا من نامەوێ پرسیاری یەکە یەکەتان وەڵام بدەمەوە، لەبەر ئەوە حەز دەکەم هەموو لیژنەکانتان لیژنەی پەرلەمانینە، بە دوای ئیشی وەزارەتەکان دابچن وهەر رۆژێ وەزارەتێک بانگ بکەن وبزانن چ وەزیرێک ئیشی خۆی کردووە با دیار بێ لەبەردەمی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان؟ چ وەزیرێکیش ئیشی خۆی نەکردووە؟ بەگشتیش حکومەت بانگ بکەن وبزانن ئەو بەرنامەی کە ئێوە ئیمانەتان پێدا و بڕواتان بە ئێمەدا لەسەر ئەوە ئەو بەرنامەیەش چەندتان جێ بەجێ کردووە وچەندتان جێ بەجێ نەکردووە؟ لەسەر ئەو ئەساسە بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس، باسی باری ئابووری کرا، بەڵام وەکو دەڵێن(چ بکرێ باشە؟!) بۆیە دیسان دەگەڕێینەوە بۆ دەوری لیژنەکانی پەرلەمان، دەوری ئەندامانی پەرلەمان، بەڕاستی ئەوە بەس نییە ئەندامی پەرلەمان بێ وپرسیارێک فڕێ بدا وبڕوات ئیتر تەواو، یا بابەتێک باس بکات و وازی لێ بێنێ، ئەوە لەوانەیە جارێک لێی قبوول بکرێ. بەڵام وەکی دی وەکو ئەندامی پەرلەمان یەکێک لەئەرکەکانتان بەدواداچوونەکەیە. ئێمە(١٥) لیژنەی پەرلەمانیمان هەیە، هەر لیژنەیەک

بواری ئیش کردنی خۆی هەیە، دیسان تەئکید دەکەمەوە لەسەر فراکسیۆنەکانی ناوپەرلەمان، هەقە ڕێنمایی بدرێ بەوانەی کە ئەندامن لەو لیژنانە ولە فراکسیۆنی پەرلەمانی باس بکرێت، کە چ پێویستە بکرێ و چ پێویست نییە؟ واتا بەپێی بەرنامەیەک جێبەجێ بکرێت.
دیسان دێمەوە سەر باسی باری ئابووریمان، لیژنەی ئابووریمان هەیە، هەقە لیژنەی ئابووری لەگەڵ وەزارەتی دارایی وئابووری و وەزارەتەکانی تریش بە پەلە ئەم بابەتە باس بکات، ئنجا خۆیان ئەگەر سیمینار دەکەن، پەرلەمان کراوەیە بۆ ئەوان، سیمینار دەکەن، پسپۆڕان بانگ دەکەن حکومەت بانگ دەکەن، خۆیان ئازادن، فەرموو کاک عەبدوڵلا.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕوون کردنەوەیەکم لەسەر لیژنەی پەروەردە هەیە، لەبەر ئەوەی سەرۆکی لیژنەکەش لەفراکسیۆنی سەوزە، بۆیە دەمەوێ تەعلیقێکی لەسەر لێدەم، یانی ئەو ئابڕووچوونەی تاقی کردنەوەکان دووبارە بوونەوە چ ڕاپۆرتێکی نووسی بۆ پەرلەمان لەسەر وەزارەتی پەروەردە؟ هەر ئەو ڕۆژە گلەیی کردووە کە لەلیژنە داندراوە وگوتیتیان نابێ تۆ لە لیژنەبی ولەڕاستیدا هەقیانە، ئێوە خۆتان سەرۆکی لیژنەن کەدەبێ لیژنەی پەروەردە موتابەعەی بکات بزانی وەزارەتی پەروەردە کەم تەرخەمە، وکەم تەرخەم نییە؟ نەک ئەوەی کە تۆ بچی لە لیژنەیەکی هاوبەشیی حکومەت دانیشی؟ چونکە دوو دەسەڵاتی لێک جیاوازن، ئێوە دەسەڵاتی تەشریعینە وئێمە دەستەی جێبەجێ کردنین، ناکرێت ئەتۆ ئەندام بی لە لیژنەیەکی وەزاری کە دەبوو تێدابی، یاخود چاودێرییان بکەی، پێویستە بەخۆت چاودێری بکەی، ئەو ڕۆژە ئەو لیژنە وەزارەییە هاتە ئێرە، لە باتی ئەوەی سوپاسیان بکەی کە تەحقیق بەردەوامە هەتاکو ئێستا بەئەنجامی تەواو نەگەیشتوین، بەڵام گەیشتوین ئەوەی کە پرسیارەکان ئاشکرا بوون وتاقیکردنەوەکان دووبارە بکرێنەوە وئیشی وەزیر بەدرێژایی مێژووی حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەی بەرز دانەنایە، ئەوجا لێرەدا هەر وەزیرەکە هاتووەتە ئێرە کە وەکو ئەوانە تاوانبار بن کە (علی اساس) پرسیاری تاقیکردنەوەکان ئاشکرا بووە، پرسیاریان لێ بکرێ لەلایەن لیژنەی پەروەردەی پەرلەمانەوە، یان لەلایەن برادەرانی ترەوە پێویست وابوو چیتان خستۆتەڕوو. یانی فەرموو ئەوە فەزیحەکە.یانی لەهەموو دنیادا وەزیری پێ بانگ دەکرێ، هەتا ڕووخاندنی حکومەتیشی لێ داوا دەکرێت، تاکو شتێکی وا ڕوونەداتەوە، یانی لەبەر چی ئێستاکە هەر پرسیار بکرێت وەک کاک جوهر باسی کرد، موتابەعەش نەکرێت، فەرموو وەزارەت بە وەزارەت بآ وەزیرەکان بزانین چ وەزیرێک سەرکەوتووە، چ وەزیرێک سەرنەکەوتووە وحکومەت چی کردووە وچی نەکردووە؟ خەڵکی کوردستان بزانن، هەمووی لێک بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عوسمان حسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی پەروەردەی پەرلەمان، هەوڵ وتەقەلاییێکی زۆری داوە کە باری پەروەردە باش بکرێت، بۆیە

لەگەڵ وەزیری پەروەردە ولەگەڵ لیژنەی پەروەردە ولەگەڵ مناهج ولەگەڵ ڕێکخراوەکان ولەگەڵ بەڕێوەبەرە گشتییەکان و وەکیل وەزیر کۆبۆتەوە ودەیان جار لەگەڵیان دانیشتوون، بەڵام وەزیری پەروەردە بەداخەوە گوێ ڕایەڵی ئامۆژگارییەکانی ئێمە نەبووە وبە قسەی ئێمە نەکراوە و ئێمە لەکۆتایی مانگی یەک بیرخەرەوەیەکی دوورو درێژمان داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەو خاڵە لاوازانەی کە دەیبینین وهەستی پێ دەکەین لەوەزارەتی پەروەردە نووسیومانە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان لەمەسەلەی ئامۆژگا، لەمەسەلەی پەیڕەوی ناوخۆ، لەمەسەلەی سەرپەرشتی لەهەموو ئەو مەسەلانەی کە ئێمە هەستی پێ دەکەین، وەزارەتی پەروەردە تێیاندا سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام ئێمە هەر کە داوا بکەین و بچینە لای وەزیری پەروەردە، هەروەکو خۆی وتوویەتی، جار وایە پرسیان پێ دەکەم، بەڵام بەگوێیان ناکەم قسەش بنووسین وڕاپۆرتیش بنووسین بۆ سەرۆکایەتی هیچ شتێک لەگەڵ وەزیری پەروەردە نەکرێ بێینە لای جەنابت باس بکەین، وەزیری پەروەردە تا ڕادەیەک متجاوب نییەو لەگەڵ ئێمەدا متعاون نییە، ئەندامی پەرلەمان، لیژنەی پەروەردە تا ئێستا دووساڵە وەزارەتی پەروەردەی تەرک کردووە، مامۆستا ڕەجەب وا لێرە دانیشتووە ولەسەر فراکسیۆنی زەردە، دووساڵە وەزارەتی پەروەردەی تەرک کردووە لەسەر بیرو بۆ چوونەکانی وەزیری پەروەردە، لەسەر کێشەی خوێندن لە ئاکرێ، ئەو کێشانەمان هەموو خستۆتە ڕوو، پێمان وتوون ئەو بارەی ناو وەزارەتی پەروەردە خزمەتی وەزارەتی پەروەردەو حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عوسمان ئەم بابەتە لەدەرەوەی ئەم دانیشتنەیە و ئەوە تەنیا تێبینییەکە، لەبەر ئەوە هیچ پێویست ناکات ئێستا گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەین. ئێمە نیوسەعات پشوو دەدەین، چونکە ماوەیەکی ترمان ماوە، ئەگەر ئامادەشن تەواوی بکەین ئەوە باشتر.

باشە با بەردەوام بین.

خاڵی دووەم: لیژنەی یاسا ولیژنەی ئەوقاف مادەیەکمان ماوە، ئەویش ئەو پرۆژەیە کە لە پێشتانە، پرۆژەی یاسای ڕاژەی ئەهلی پیاوانی ئایینی، بابرادەرێک لەلیژنەی ئەوقاف ئامادە بێ بۆ ڕوونکردنەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

بسم اللة الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

قرار

استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ماعرضه وزير الاوقاف والشؤون الاسلامية ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني

لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / /١٩٩٤ إصدار القرار الاتي :-

١- تحتسب مدة الخدمة المأداة خارج الدوائر الرسمية من قبل رجال الدين في المساجد والجوامع والمؤسسات الدينية خدمة فعلية لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد ، على ان يكون المشمول مستمراً في الخدمة الوظيفية عند نفاذ هذا القرار وأن لاتزيد المدة المضافة عن عشر سنوات.

٢- تشكيل لجنة في وزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية في إقليم كوردستان برئاسة وكيل الوزارة وعضوية كل من مدير الديوان العام ومدير الحقوق فيها للنظر في تنفيذ أحكام الفقرة (١) من هذا القرار ويكون قرارها قابلاً للأعتراض لدى محكمة العمل في المحافظة خلال (١٥) يوماً من تأريخ التبليغ به ويعتبر قرار المحكمة باتاً.

٣- على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار.

٤- ينفذ هذا القرار أعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ئەوە دەق وناوەڕۆکی ئەو پرۆژەیەیە، فەرموون ئەگەر تێبینیتان هەیە.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەس بۆ ڕوون کردنەوە من حەز دەکەم هەندێ شتتان پێشکەش بکەم. بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان زیاتر ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بن کە چیییە؟ دیارە وەختی خۆی مامۆستایان خۆتان دەزانن لەهەموو دێهاتەکان وگوندەکانی کوردستان لەمەدرەسە ئاینییەکاندا پێ گەیون، لەقوتابخانەی ڕەسمی دەوڵەتەوە نەهاتوون لەبەر ئەوە هەر مامۆستایەک کە ئیجازەی وەرگرتووە، لەسەر شێوەی کۆن ئیجازەی وەرگرتووە لەمامۆستایان ، لەڕاستیدا مەلای عەبقەری وچاکمان هەبووە ومەلا لەدێهاتەکاندا دەوری باشی بینیوە، وەکو سەرکردەیەکی شوێنەکە وابووە، پاکسازی کردووە، هەم ئیمامەتی وخوتبە بێژیی وهەموو وەزیفەکانی بینیوە، جا لەبەر ئەوە لەساڵی ١٩٧٧کە کاتێک مامۆستایان لەهەولێر تاقی کرانەوە، زۆربەی ئەو مامۆستایانە تەعیین بوون وئەو خدمەی پێشوویان کە لە دێهاتەکان کردبوویان بۆیان حساب نەکرابوو لەزەمانی حکومەتدا دیسان هەوڵێکی دی درا، مامۆستایان پێشنیاریان کرد کە ئەو خدمەی ئەهلییەی پێشوویان بۆ زیاد بکرێت بۆ مەبەستی سەر مووچە و بەرزکردنەوە وخانەنشینی. لەو کاتەدا هەندێکی کرا، بەڵام هەندێکیان نەکرا، جا لەبەر ئەوە ئێمە دیسانەوە، ئەوەی کە نەکراوە داوامان کردووە کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، بۆ ئەوەی مامۆستایان مەغدوور نەبن وئەو خزمەتە گەورەیان هەیە لەو کۆمەڵی خەڵکی کوردستان بەرچاو بێت، با ئەو خدمەیان بۆ حساب بکرێت ولە(١٠)ساڵ زیاتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەکەم یاساییە، من لەگەڵ ئەم پرۆژەیە بووم، یەک لەوانە بووم تێبینی ئەم پرۆژەیەم کردووە. بەڵام ئەمە خۆی مانگێک درێژیان کردۆتەوە درێژکردنەوەی نائاسایی لەبۆ چی درێژ کرابێتەوە؟ ئەوە دەبێ باسی لێوە بکرێت ئەمە بۆ سێ شت. یەکەم پرۆگرامی٣/٥ تەواو بکەین. دووەم: میزانیە، سێیەم: کێشەی کوردستان وحەز دەکەن ئەگەر مەجال هەبێ دەقی مادەکەشی لەپەیڕەوی ناوخۆ بخوێنمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەید پێش ئەوەی بیخوێنیەوە، ئەم درێژەدانە بۆ دەورەی ئەنجوومەن بوو، بۆ شتی نائاسایی نەبوو، مادام درێژەپێدانی دەورەی ئەنجوومەنە، ئەو مەوادانەی کەماون باس دەکرێن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر دەقەکە بخوێنمەوە کە دەڵێ: (للمجلس بأغلبية ثلثي أعضائه تمديد مدة انعقاد أي من الدورتين لمدة لاتزيد على شهر واحد وذلك لانجاز المهام التي استدعت تمديد الدورة). یانی کارەکەمان ئەو کارەیە کە بۆی دیاری دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لەبەرنامەی ڕۆژانی ١/٣ بەولاوە دا هەبوو..

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لەناوەڕۆکەکەدا نەبێ، نابێ ئێستا بێ چونکە(التي استدعت...).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوای ١/٣ ئێمە کۆمەڵێک شتمان لەبەر دەست بوو، دەبوایە تەواومان بکردایە، تەواومان نەکرد، دوایی ئێمە لەدەورەی یەکەمین هەردوو پشووی پەرلەمان کرا بەدرێژبوونەوە وزۆر شتمان تەشریع کرد لەسەر ئەو حسابە ولەسەر ئەو بنچینەیە، چونکە لەبەرنامەدا هەبوو، ئەمانەش هەمووی لەبەرنامەماندا هەبوون، لەڕاستیدا دەبوایە لەو ماوەی دوو مانگە تەواومان بکردایە وتەواومان نەکرد چونکە بارێکی نائاسایی هاتە پێشەوە، ئەم دانیشتنەشمان لەبەر ئەو بابەتانە کرد، کاکەڕەش فەرموو..

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی تێبینییەکم هەیە، وای بۆدەچم لەسەرمان ڕەت بووە لەلیژنەی یاسایی، یەکێکیش ئەوەیە کە دەڵێین (على أن يكون المشمول مستمراً في الخدمة) بەبۆچونی من تەنیا (مستمراً في الخدمة) وبشلێین ئەگەر خانەنشینیش بێت مەشموول بێ بەخانەنشینی، چونکە زەلام هەیە(١٥-

١٦) سالّی هەیە هەنووکە خانەنشینە، کە مووچەی خانەنشینی وەرگرتووە ئەویش وەکو خەلّکەکەی تر بیگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە؟.. باناوەکانیان بنووسین تەنها(٥)کەس دەیانەوێت قسە بکەن. کاک بورهان فەرمووە.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم ئەوەیە، ئەو لیژنەیەی کە دانراوە لەبڕگەی(٢) پشت بەچی دەبەستێ کە ئەو خزمەتیە بۆ ئەو مەلایانە حساب بکات کە لە دەرەوەی فەرمانگە خزمەتی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز شێخ مزهر عەلی هیرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە ودەلّێم هیچ جیاوازی نییە، بەس رجال الدین یانی ئیمام وهەمووی جیاوازی نییە لەنێوان (أمام وخطيب وقارئ ومؤذن)، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم وەکو پرسیارەکەی کاک مزهر بوو، زۆر ئیش هەیە لەمزگەوتەکان جێبەجێ دەکرێن وەکو مجیور وخادم وگەسک لێ دەر و سەقا وباشە لەوانە کامیان لەبۆ حساب بکرێت بەخزمەت وکێ حسابیان بۆ دەکات؟.. سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا هەر بۆ ئەوانەیە کە دامەزراون لەسەر میلاکی حکومەت یان ئەوانەی تریش، چونکە ئێستا لە هەولێر زۆر مەلا هەنە هێشتا لەسەر حسابی موتەوەلییە ولەسەر حسابی حکومەت نییە. ئەوان چیان بۆ بکرێت؟.. سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عاشور عەودیش:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت بڕگەی یەکەم لای من ڕوون نییە، ئایا مؤسسات دینیە و رجال الدين شمولی ئێمەش دەکات یان نا؟.. سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بارەی ئەو پرۆژەیەوە بەڕاستی مافێکی ڕەوای خۆیتیان، ئەو مامۆستایانەی کە بەڕاتبەی فەقێیان ولەدەشتێ وبە کلۆلی وبەکەساسی لەسەردەمی پاشایەتی ئەوان ژیانیان بردۆتە سەر، ئەو خزمەتەی کە هەشیانە، لەزەمانی ڕژێم ژمارەیەکی زۆر کرا، ئاگادارین ئێمە، بەلّام ئەوەی کە

ماوەتەوە(٥٢)کەس، (٥٣)کەسن، ئەوانەی کەماونەتەوە کەبۆیان نەکراوە تا ئێستا ژمارەیەکی کەمن، جا بۆیە ئێمە بریارماندا کە ئەوانەش بۆیان بکرێت وپێشنیارمان کردبۆ وەزارەتی ئەوقاف و وەزارەتی ئەوقافیش(٥) سالی دانا لەحەددی (٥) سالّ زیاتر نەبێ، ئەو خزمەتەیان بۆ حسێب بکرێ، بەلاّم لەهەمان کاتیش دا رای وەزارەتی ئەوقاف ئەوە بوو کەتەنها ئەوانەی لەخزمەتن نەک خانەنشینن، تەنها ئەوانەی لەخزمەتدان بیان گرێتەوە، وەلاّمی ئێمە ئەوەبوو تا(١٠) سالّ خزمەتی هەبێ ئەوا ئەگەر(١٥)ی هەبێ تەنیا(١٠)سالّ بۆ حساب بکرێ، بۆ مەبەستی (ترفیع وعلاوە) و من وەلاّمم بۆ بەرێز کاکەرەش ئەوەیە ودەلێم: ئایا پێش نوێژ وخەتیب کە خانەنشین بوون، ئێستا چۆن دەکرێ کە ئێمە بێین ئەوەی بۆ حسێب بکەین، بەلاّم من رام ئەوەیە تەنها ئەوەی لەخزمەتە تەنها ئەوان شموول بکات، سوپاس.

**بەرێز مـەلامـحـمـەد تاهیـر زین العـابدین:**

**بەرێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

من پرسیارم هەر چەندە پێشنیارە، ولە بنچینەدا هی لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی یە، بەلاّم پرسیارێ لە برادەرانی یاسایی دەکەم بەنسبەت ئەوەی کە دەلێ (الخدمة المؤداة خارج الدوائر الرسمية) چ مانایێکی هەیە؟ ئەو عبارەتەی (تحتسب مدة الخدمة الاهلية) طبعا کافیە، ئەوە چ مانایێکی هەیە؟ لەوەی تێ ناگەم، ئەوەی یەکەم، باشە لە ئەسلّی پێشنیارەکەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی ئەو وشەو تەکمیلەیە تێ ناگەم لێیان، دووەمیان: ئەوەی لە دەزگاکانی دینی.. موئەسەساتی دینی مانای چییە؟ سێیەمیان:(رجال الدين) ئایا ئەو پیاوانە دەگرێتەوە کە لەموئەسەساتی دینیدا ئیش دەکەن؟ ئایا حارس وخادمیش دەگرێتەوە. باشتەکە روونتر بێت، سوپاس.

**بەرێز مـەلاتەها مـحـمـەد تەها:**

**بەرێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

قسەکانی من کران وسوپاستان دەکەم.

**بەرێز مـەلا مـحـمـەد ئەمین عـەبدولحـەکیـم:**

**بەرێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دیارە هەندێ پرسیار هەنە بەنسبەت کاک مزهر،( قارئ ومؤذن) نایان گرێتەوە، چونکە پرۆژەکە تەنیا بۆ ئیمام و خەتیبانە ونەوەی ئیمام وخەتیبە ئەو دووانە شموول دەکات، جگە لە ئەوانە شموول ناکات ئەوە پرسیاری یەکەم وبەنسبەت ئەوەی شێخ تاهیر باسی کرد، دیارە ئەو مزگەوتەی کە ئەوقاف وەری نەگرتووە ومەلاکەی بەرەسمی نییە بەدەرەوەی فەرمانگەی رەسمی حساب دەکرێ، بۆیە وتراوە (خارج الدوائر الرسمية) ونەوەش وەلاّمێک بوو، کاک ئەکرەم ئەوە برادەرانی یاسایی با وەلاّمی ئەمە بدەنەوە، چونکە مادام (رجال الدين) هاتووە، ئەوانیش دینی خۆیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نـامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

بەڕاستی ئەو پێشنیـارو تێبینییەی بەڕێز کاکەڕەش، ئەگەر ئەو خانەنشینە زیاد بکرێت باشە، وەڵامی بەڕێز کاک ئەحمەدشێخ تاهیر نەقشبەندیی ئەویش کە دەڵێ چۆن ئەوەی کە خانەنشین بووە وئەوانەی کە دامەزراون، بۆ نموونە بڵێین من خەڵکێک دەناسم دامەزراون وتەمەنیان (٥٠) ساڵ بووە ئەوجا دامەزراون وماوەیەکی کەم پاش دامەزراندنی بەپێی تەمەنی یاسایی خانەنشین کراوە، ئەوەی پێش(٥٠) ساڵییەکەی کە لە فەرمانگەی نا ڕەسمی خزمەتی هەبووە، ئەوەی لەبۆ حساب دەکرێ، ئەوە یەکەم. دووەم شت بەنسبەت رجال الدین راستە (المطلق يَسْري على اطلاقه) حەقە درێژ بکرێتەوە لەباتی، رجال الدین یا لەتەنیشتی لەناو دوو کەوانە (الائمة والخطباء) زیاد بکرێ وبەنسبەت مامۆستا تاهیریش کە باسی ئەوە دەکات ودەڵێ (الدوائر الرسمية) خـۆی ئەوە هەر پێشنیازی ئەوانە یانی ئەو یاسایە ئەو بڕیارە چارەی ئەوە دەکات، ئەو کەسەی خزمەتی لە دەرەوەی دەوائیری ڕەسمی بووە وحساب نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

ئەو ڕوون کردنەوانە تەواو بوون، کاک بورهانیش پرسیارێکی هەبوو، فەرموو.

**بەڕێـز بـورهـان عـــــەلی جـــــاف:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

پرسیـارەکـەی من ئەوە بـوو، ئەو برگـەیەی هاتووە کـە لیـژنەیەک دروست دەکـرێ بۆ خـزمـەتی ئەو کەسانە.. لەسەر چ ئەساسێک دەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز مـەلامـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

دیارە ئەو لیـژنەیە دروست دەکرێ دووسێ کاری زۆر گرنگی هەیە، یەکەم دووبارە نەبوونەوەی ئەو خزمـەتانەی کـاتی خـۆی کـەبۆیان حـساب کـراوە، چونکـە جـارێکی کـە کـراوە ئەوە یەکـێکیـان دووەمیـان: کێ شـیـاوە لەبۆ ئەوەی تێکەڵاو نەبێ؟ جـا من دەگـەڕێـمـەوە بۆ ئەو پێـشنیـارەی کـە برادەران باسی ئەوەیان کرد لە نێوان دووکەوانە بکرێ بە (الائمة والخطباء) لەویش تاکو کێشەیان بۆ پەیدا نەبێ، چونکە (رجال الدين) یانی ساداتی تەریقە وشێخەکانیش هەیانە یانی ئەوانیش هەر بە(رجال الدین) حسابن، تەعینیش بوون بۆ ئەوەی لەوەش نەجاتیمان بێ و بخرێتە نێوان دوو کەوانەوە (الائمة والخطباء)، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـوحـسین خـالیـد مـسـتـەفـا:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

بە نسبەت ئەو وشەی(رجال الدین) پێم باشە هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئێستاکە ئەوانەی کەتایبەتن لەوەزارەتی ئەوقافدا ئاگادارن کە کۆمەڵێکی زۆر لە مامۆستایان خزمەتی مەلایەتی

دەکەن، بەلاّم ناونیشانەکە جیایە یا تەنسیب کراون بۆ ئیمامەتی، لەبەر ئەوەی کە مۆڵەتی نامەی زانستییان هەیە نەتوانراوە تا ئێستا تەعادولی ئیجازەنامە زانستیەیەکان بکرێت، بەبڕوانامەی ناوەندی دراساتی ئیسلامییەوە، وەکو چەند پرۆژەیەک نزیکەی چەند ساڵێک زیاتر ئەبێت پێشکەش کراوە(انشاءالله) لەداهاتوویێکی نزیکدا جێبەجێ دەکرێت لەبەر ئەوە زۆربەی ئەوانەی کە کاری (قاریئ ومۆذنیان) هەیە هەم خزمەتی قورئان دەکەن وهەم لەمزگەوتەکانیشدا دەوری چاکیان بینیوە وهەم ئیمامەتیش دەکەن. ئەگەر بکرێت خزمەتی (قاریئ وموئەزن)یش بەتەحدید لەگەڵ عالیم وخەتیبان حسابیان بۆ بکرێ وئەو(١٠) ساڵەیان بۆ حساب بکرێت وئەوانیش ژمارەیان زۆر کەمە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ شێوەی حساب کردن کاک بورهان پرسی ئایا چ بنەمایەک هەیە بۆ ئەو حساب کردنە؟ ئەوە عادەتەن ئەو مەلایە یان ئەو ئیمام وخەتیبە وەکو برادەران دەفەرموون داواکاریی پێشکەش دەکەن بۆ ئەو لیژنەیە وهەر دەڵێ من لەفلان مێژوو تا فلان مێژوو ئیمام یان خەتیب بووم لەفلان مزگەوت بووم لەفلان دێ بووم وزۆر ئاساییە مەزبەتەیەک دەکرێ لە موختار وئیختیاری ئەو دێیە ئەو مەزبەتە تەنیا تەئییدی ئەوە دەکات ونابێ تەئییدی ئەوەش بکات کە مووچەشی بۆ دیاری بکرێ. چونکە ئەگەر شتێک مووچەی تێدابێ بەنەزەری ئیعتبار وەرناگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر جەنابتان موافەقە بکەن، ئێمە بۆ هەمووانمان پێ خۆشە، بۆ قورئان خوێن وبانگدەرە کانیشمان پێ خۆشە یان یاسا یارمەتیمان بدات، لیژنەی یاسایی دیارە ئێمە لاریمان لەوە نییە کە پێتان چاکە، بەلاّم ئەسڵی پێشنیازەکە چۆن هاتووە؟ واهاتووە کەعالیم وخەتیبەکانن. جا ئەگەر بۆمان بکەن زۆر سوپاستان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز بەکر مستەفا سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەمەوێ ئەم پرسیارە بکەم، ئەو مامۆستا ئایینی وخەتیبانەی کە بۆ چەند ساڵێک لەگوندەکان مەلابوون، پاشان بوونەتە مامۆستا لەقوتابخانەکان یاخود وەزیفەیەکی دیکە، ئایا ئەو خزمەتەی مەلایەتی یە بۆ ئەوانیش زیاد دەکرێ یان نا؟.. سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەنسبەت بڕگەیەکی بڕیارەکە من وادەزانم لەپرۆژەی وەزارەتیشدا هاتووە ودەڵێ (أن یکون المشمول مستمراً في خدمة وظیفته) واتە خانەنشینان شموول ناکات. پێویستە بۆ نموونە وەزیر

ڕایەکی دابێ، لێرەیە نابێ بەرگری لەو بارەی خۆی بکات، چونکە ئەو پێشنیازی کردووە بەنسبەت ئەوانەی کە بەردەوامن لەوەزیفە وئێستاش ئێمە بێین خانەنشینیش زیاد بکەین ودەرگایەکی دیکە دەکەینەوە، بەڕاستی پرۆژەکە هەروەکو هاتووە وابڕوات زۆر ڕێکو پێکترە. لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە دەیخەینە دەنگدانەوە، پاشان چ پێشنیازێک هەیە، با پێشکەشی بکەن. جارێ ئەوانەی کە ویستیان قسە بکەن لەسەر ئەم بابەتە تەواو. ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، بەڵام دیارە ئێستا ئەم پێشنیازە هەیە..

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە لە داڕشتنەوەدا دیاری دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پێشنیاز کراوە، بەڵام دیاری نەکراوە کە لێرە بیخەینە دەنگدانەوە، چونکە لەپرۆژەکەدا نەهاتووە (الخطباء والائمة)، هاتووە(رجال الدين) بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە وپێشنیارێک هەیە کە دەڵێ دیاری بکرێ وبوترێ (الائمة والخطباء). وانییە؟ پێشنیارێک هەیە ئەو(الخطباء والائمة)یە زیاد بکرێ. ئێستا کێ لەگەڵ ئەو ڕایەیە کە زیاد بکرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ واتە وەکو خۆی بمێنێتەوە.. زۆربەی دەنگ لەگەڵ ئەوەیە کە زیاد بکرێ بەنووسین و بگوترێ (الخطباء و الأئمة)، وا بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا وسوپاستان دەکەین. پێشنیازێکی تریش هەیە وشەی خانەنشین(متقاعد)یش زیاد بکرێت.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(على أن يكون المشمول مستمراً في خدمة وظيفته أو متقاعداً عند نفاذ هذا القرار ولاتزيد مدة الاضافة على عشر سنوات).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(أو متقاعداً) لێرە پێشنیار کراوە واتە خانەنشینەکانیش بگرێتەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە کە خانەنشین زیاد بکرێ؟ سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟ واتە وشەی (متقاعدین) زیاد دەکرێت چونکە پێشنیارەکە خرایە دەنگدانەوە (٣١)بەرامبەر بە(٢٤). واتا(٣١) ئەندام لەگەڵ ئەوە بوون کە وشەی (خانەنشین) زیاد بکرێ.

ئێستا خاڵی دووەم کێ تێبینی لەسەر هەیە؟ .. کەس تێبینی نییە؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟!. بەتێکڕای دەنگ خاڵی دووەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

خاڵی سێیەم: ئەوە وابزانم شتێکی تەقلیدییە. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..

سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاس، وەکو خۆی مایەوە.

خاڵی چوارەم: ئەویش وابزانم هەمان شتە. کێ لەگەڵ ئەوەیە برگەی چوارەم وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕایی دەنگ وەکو خۆی مایەوە. ئەم بڕیارەش پاش ئەم یەک دوو هەموارەی کە کرا، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو ئەوەی کە چاک کرا ودەنگی لەسەر درا بمێنێتەوە؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا وسوپاستان دەکەم.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا لەبڕگە(٢)کە دەنگی لەسەردرا، بەس بەنسبەت بڕیارەکە دیسان دەڵێم کە دەگوترێ (على أن يكون المشمول موظفاً أو متقاعداً) ئەوجا ئەو مەرجەی بۆ چییە؟ کە یان فەرمانبەرە خۆی یان خانەنشینە لێرەدا دەبێ دووبارەی صیاغە بکرێتەوە لەبڕگەی (یەکەم دا)کە دەڵێ:

(على أن يكون المشمول مستمراً في الخدمة) بەنسبەت ئەو بڕگەیەی کە هاتووە ئەوە بەس حەصری فەرمانبەر دەکات وئەو دەگرێتەوە، بەس ئێستاکە خانەنشین هاتە ناو ودەگوترێ (على أن يكون) ئەو مەرجەی دەبێ دووبارە چاوی پێدا بخشێنرێتەوە لەدارشتنەوەی ئەم بڕگەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ بێگومان ئەوە لیژنەی دارشتنەوە دەی چەسپێنێت پاش ئەو هەموارکردنە، چونکە بەم شێوەیە ماقوول نییە.

**بەڕێز کاکەرەش محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە نابێت، چونکە بابەتی فەسڵ کراویش هەیە، لەناوەڕاستی، چونکە زەلام هەیە فەسڵ کراوە فەسڵ کراویش شموولی ناکات، خۆی یان بەردەوام بێ لەخزمەت یان خانەنشین بێت، مەسەلەی عەزل کراو وفەسل کراو ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەوەش لەسەر لیژنەی یاسایە کە پاشان دوای ئەو هەموارکردنە دایبڕێژنەوە، ئەوە کێشەیەکی گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە کە بنەماکان دیار بن.**

**بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان تەواو، بۆ ئەم هەفتەیە چ بەرنامەی کارمان لەبەر دەست نییە، ئنجا ئەگەر لیژنەی ئابووری ولیژنەی یاسا شتێکیان هەیە، با بۆمان باس بکەن وهەر کاتێک پڕۆژەکان تەواو بوون ئێمە ئاگادارتان دەکەینەوە بۆ کۆبوونەوەی ئاینده. لێرەدا سوپاسی هەوڵ وکۆششتان دەکەین وهیواداریین ئەوشتانەی کەباس کران هەموو جێبەجێ بکرێن بە تایبەتی ئەو بەڵگەنامەیەو، تەئکید لەسەر پیادەکردنی ئەو نۆزدە خاڵە دەکەم و داوا لەهەموو ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کە بەردەوام موتابەعەی ئەو بابەتە بکەن وئەو خاڵانەی کە بەتێکڕا دەنگیان لەسەر دا لەسەری**

سووربن بۆ ئەوەی ئەوەی کە ویستتان ئەنجام بدرێن. دیسان تەئکیدی ئەوە دەکەمەوە لەلیژنەکانی پەرلەمان وبەتایبەتیش لە لیژنەی ئابووری داوا دەکەم کە هەر لە ئێستاوە دەست بەئیش وکاری خۆیان بکەن.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبارەی ئەو (١٩) خاڵەی کە جەنابت باسی دەکەی، خەڵک دەپرسێ ودەڵێ ئەم بڕیارەی پەرلەمان یان ئەم نووسینەی پەرلەمان ئایا لیژنەی پەرلەمانی هەیە بۆ موتابەعە کردنی وجێ بەجێ کردنی خاڵەکانی؟ ئێمە تا ئێستا وەڵاممان پێ نییە هەقە لێرەوە پێش پشووی پەرلەمان بیرێک لەوە بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا کاک شەوکەت، ئەگەر تەماشای پەیڕەوی ناوخۆ بکەین، دەبینین لەپەیڕەودا دوو شتی زۆر روون وئاشکرا هەن: یەکەم، دەوری ئەندامی پەرلەمان و وەزیفە وئەرکی ئەندامی پەرلەمان بەگشتی. دووەم: ئەرکی لیژنەکانی ناو پەرلەمان، ئەوەی کەبەندە بەگشتییەوە وابزانم هەموو ئەندامێکی پەرلەمان لیژنەیەکی بەدواداچوونە بەخۆی چونکە ئەندامی پەرلەمانن ونوێنەری ئەو خەڵکەن، سەرجەم خەڵکی کوردستان بۆی هەیە هەر خاڵێک هەر بابەتێک بزانێ جێبەجێ ناکرێ؟ یا جێبەجێ دەکرێ، بەڵام ناتەواوی هەیە بەرپای بکات، یان بەشێوەی پرسیار یان بە شێوەی پرۆژە (١٠) ئەندامی تر کۆبکاتەوە لەگەڵ خۆیاندا وبیکات بە پرۆژەیەک وداوای بکات، یان بەشێوەی پرسیار ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکات وئێمە دەینێرین بۆ ئەو لایەنەی کە پەیوەندیدارە. من هەردەم تەئکید دەکەم کە فراکسیۆنی پەرلەمانی گیانی پەرلەمانە بەڕاستی دەبێ توجیهاتی ئیش کردن وچۆنیەتی گفتوگۆ کردن لەو فراکسیۆنانەوە دەربچن، لیژنەکان لە وێندەرێ وەکو دینەمۆیەکی پەرلەمان دەبێ ئیش بکەن وئەندامانی پەرلەمان دەتوانن لەناو ئەو چوارچێوەیەدا باشترین دەور ببینن بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارانە وشتی تریش، من وای بۆدەچم لەوە باشترمان نییە وڕێگای باشتر لەوەمان نییە، ئەگەر بمانەوێ وەکو بڕیارتان داوە پەرلەمان کارا بێ ودەوری خۆی ببینێ، من دیسان تەئکید دەکەمەوە وتکاتان لێ دەکەم، گلەیی لە وەزیر مەکەن، گلەیی لە ئەنجوومەنی وەزیران مەکەن، گلەیی لەهەردوو حزب مەکەن، تەنیا گلەیی لە خۆتان بکەن، ئێوە دەبێ بزانن چ پێشکەش دەکەن وهەڵوێستتان چییە؟ دەبێ بۆ ئەوشتانەی کە بڕیاری لەسەر دەدەن چوست بن وبەچاکی بەدوای دابچن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان من بەهەموو دڵەوە پشتگیریی بۆ چوونەکەی جەنابت دەکەم لەوەی کە فراکسیۆنی پەرلەمانی دەوری خۆی ببینێ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە دوو فراکسیۆنی سەرەکین لەناو پەرلەمان بۆ

ئەوەی کە بەیەکگرتوویی بەکارەکانمان هەستین لە مانگەی داهاتوودا، حەز دەکەم هەردوو سەرۆکی فراکسیۆن وجێگری سەرۆکی فراکسیۆن ولەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرنامەیەکی دیاری کراو دابنێین بۆ ئەوەی لیژنەکانی پەرلەمان لەماوەی ئەو مانگەدا کارێکی باش بکەن کە لەئاستی ویستی میللەتەکەمان دابێ. لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر چی پێشنیارێک هەبێ لەفراکسیۆنەوە ئێمە ئامادەین گوێیان لێ بگرین وکاریان ئاسان بکەین.

**بەڕێز شەمائیل نەنۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

السيد رئيس المجلس، بما أن البرلمان سوف يتعطل بعد أسبوع تقريباً وليس لديه برنامج، فأنا يوم امس الساعة (١٢/١٥) بعد عودة الاستاذ بطرس صخريا الى داره في مدينة دهوك بعد ساعة انفجرت عبوة ناسفة وضعت على سياج بيته، طبعا الاستاذ بطرس كان مكلف بواجب رسمي ضمن لجنة مكلفة بدراسة مشكلة كهرباء دهوك، فأنا اقترح بأن يكون هناك اعضاء البرلمان موجودين في دهوك من ثلاث كتل، أقترح تشكيل لجنة هناك في دهوك لدراسة هذه المشكلة وشكراً.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشتر بڕیارێکی سەرۆکایەتی هەبوو، لیژنەکان بچن تەقییمی وزارەتەکان بکەن، هەر یەک وراپۆرتێک ئامادە بکات، ئێمەش بەحاڵی خۆمانەوە وەکو لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی چووین لەگەڵ وەزیر وجێگرەکەی ولەگەڵ ئەوانەی کە بەڕێوەبەری گشتی وئەوانەی ئیشەکانمان کردووە، بەپێی ئەو یاسایەی کە لەپەرلەمانەوە دانراوە، لێمان پرسینەوە، ڕاپۆرتێکمان ئامادە کردووە، جا نازانم لەلیژنەکانی تر ئەوشتە کراوە یان نا، ئەگەر کرابێت، بەڕاستی پێویستە ئەو ڕاپۆرتانە لێرە بخوێنرێنەوە، باهەر کەسەو ڕاپۆرتی خۆی بخوێنێتەوە، تاکو بزانین ئەو وەزارەتە چی کردووە وچی نەکردووە؟.. لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە سبەی ئەگەر دانیشتن هەبێ، گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەین ئایا لەو پشووەدا لیژنەکانی پەرلەمان چی بکەن، واتا ئەگەر پێویست دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لێرەین، ئەندامانی لیژنەکانیش لێرەن، هەموو ئەندامانی پەرلەمانیش لێرەن، بەڵام من وای بۆدەچم کە پەیڕەوی ناوخۆ زۆر بەڕاشکاوی دەوری لیژنەکانی دەرخستووە، ئێمە چیان پێ بڵێین؟ هەر لیژنەیەک وەزیفەی دیاری کراوی خۆی هەیە وژمارەی دیاری کراوی خۆی هەیە، جەنابت هاتی

ئەندامانی فراکسیۆنی کەسک بدە وبابرادەران لە لیژنەکان ئەوە بکەن، هەروەها فراکسیۆنی پارتیش با هەمان شت بکەن وئێمەش وەکو دەستەی سەرۆکایەتی لەخزمەتی ئەندامانی پەرلەمانین و، فراکسیۆنەکان چ پێشنیارێکیان هەیە حەز دەکەن دانیشتنێکی هاوبەش دەکەین لەسەر ئەم مەسەلەیە، هیچ لاریمان نییە سبەینێ سەعات(١٠)ئێمە لەخزمەتی هەردوو فراکسیۆنین، بۆ ئەوەش چ پێشنیارێک دیاری کرا هاوکاری وئاسانکارییان بۆ دەکەین وئەوەی پێویست بێ دریغی ناکەین وسبەینێ سەعات(١٠)ئێمە لێرەین. بەڵام ئەوە دانیشتن نییە.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

سبەی دانیشتنە سێ قۆڵیەکانە، چونکە دەبێ حازر بکرێ، هەر فراکسیۆنە دەبێ بۆ خۆی دابنیشێ و لێی بکۆڵێتەوە. بەڕای من دیسان دیڵێمەوە لیژنەکانی پەرلەمانی تا بارەکە بەچاکی ئاسایی نەکرێتەوە ناتوانن هیچ بکەن، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

لێرەدا دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواو، ئینجا چ کاتێک وەکو وتمان هەر شتێک هاتە پێش، ئێمە ئاگادارتان دەکەینەوەو، دانیشتنی ئایندەو بەرنامەی ئاینده هەر چی بێت پێتان رادەگەیەنین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی

دووشەممە رێكەوتی ١٩٩٤/٨/١٥

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی

## دووشەممە رێكەوتی ١٥/٨/١٩٩٤

***كاتژمێر (١٠) سەر لەبەیانی رۆژی دووشەممە رێكەوتی ١٥/٨/١٩٩٤ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا، سكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***١- ئامادەبوونی بەڕێزان كاك مەسعود بارزانیی و مام جەلال تاڵەبانی.***

***٢- ئامادەبوونی وەفدی پەرلەمانی بەریتانی.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

**بەڕێزان كاك مەسعود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی.**

**بەڕێزان ئەندامانی وەفدی پەرلەمانی بەریتانی.**

**میوانە بەڕێزەكان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، ئەم دانیشتنە نائاساییە دەست پێ دەكات. بەناوی دەستەی سەرۆكایەتی و بەناوی ئەندامانی پەرلەمانەوە بەخێرهاتنێكی گەرمتان ئەكەین وەهەر بەم بۆنەیەوە بەپێویستی دەزانین بەخێرهاتنێكی گەرمی وەفدی پەرلەمانی بەریتانی بكەین، كە بەزیارەتێكی رەسمی هاتوون، بوون بە میوانی پەرلەمانی كوردستان و كوردستانی عێراق لە ماوەی نێوان ٨/١٣ تاكو ٨/١٨ ئەو وەفدە پەرلەمانیەش پێك هاتووە لەم بەڕێزانە: لۆرد ئیڤبری، بارونە لیدی كۆكس، بەڕێز تۆم كلارك وەزیری سێبەرو دوو یاوەریان لەگەڵ بەڕێز ئادەم ستیپلتۆن وبەڕێز كاك ئیحسان قادر، بەناوی ئێوەی بەڕێزەوە ئەندامانی پەرلەمان بەخێرهاتنێكی گەرمی ئەو میوانە بەڕێزانە دەكەین و زۆر پێ خۆشحاڵین لە بەشێكی ئەم كۆبوونەوە نائاساییەی پەرلەمان دا ئامادە بوون چونكە ئەوان بەرنامەیەكی تریان هەیە، بۆیە پێیان خۆش بوو لەم دانیشتنە تەماشایەك بكەن وبۆ سبەی سەعات (٣) لەو دانیشتنەی خۆماندا سەعاتێكمان تەرخان كردووە بۆ پێشوازیی كردنی ئەم وەفدە بەڕێزە لەهۆڵی پەرلەمان دا قسەشمان بۆ ئەكەن و جارێكی تر بەخێر بێن.

بەڕێزان، پێشەكی پێمان باشە كە كورتەیەك بۆ ئەم دانیشتنە نائاساییە باس بكەین، وەكو

ئاگادارن پاش رووداوه دڵتەزێنەکانی مانگی ٥و٦ وتەشریف هێنانی بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود بۆ پەرلەمان لەڕۆژی ٦/٣٠دا ولێره هەر دووکیان بەتێروتەسەلی باسی وەزعەکەیان کردو، بەڵێنیان دا کە بارەکە بەرەوهێور کردنەوە وبەرەوچاک کردن بڕوات ورۆڵی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان چەسپاو ترو بەهێزتر بێت، دوای ئەوە پەرلەمانی کوردستان لەزنجیره کۆبوونەوەیەک داوداوای لێ دوان وتاوتۆ کردنی ئەو بارەی مانگی ٥و٦ لە ئەنجامدا گەیشت بەوەی کە هەڵوێستێک وەربگرێ، ئەو هەڵوێستەش لە(١٩) خاڵ خۆی نواند کەلەکۆبوونەوەی ١٩٩٤/٧/٢٥ بەتێکڕایی دەنگ بڕیاری لەسەر درا، هەر شان بەشانی ئەوەش لیژنەیەکی پەرلەمانی دروست بوو بۆ چاودێریکردنی جێبەجێ کردنی ئەو خاڵانە کە دەست بەجێ دەست بەکاربوون وتوانیان لەو ماوه کورتەدا چەند سەردانێک ودانیشتنێک بکەن بۆ موتابەعە کردنی ئەم خاڵانەی، بەڵام بەداخەوە رووداوەکانی سەرەتای ئەم مانگە وای کرد کە ئەو لیژنەی موتابەعەیە لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتیدا داوای پێویستی جێبەجێ کردنی ئەو خاڵانە لە هەر دوو لا بکەن، ئەوە بوو ئێمە وەکو بانگەوازێک ئاراستەی هەردوو بەڕێزمان کردو لە ئەنجام دا دوو وەفدی پەرلەمانی دروست کران لەپەرلەمانەوە بۆ ئەوەی بڕۆن، بۆ میحوەری قەلادزە ورانیە وەفدێکی تریش بۆ میحوەری سلێمانیە وهەڵەبجە وپێنجوین وشارباژێر بەهەوڵی هەموو لایەکیش لیژنەکانی ئاسایی کردنەوە و کاربەدەستانی مەیدانی وبەتایبەتی بە کۆششی بەڕێزان کاک مەسعود ومام جەلال، ئەتوانین بڵێین تا رادەیەک سەرکەوتوو بوون لە ڕاگرتنی ئەو پێکدادانی کە لەو میحوەرانەدا روویان دا، بە ئومێدی ئەوەی کە بێ بەئاگر بڕێکی هەتا هەتایە و ببنە مایەی ئەوەی کە بارەکە بگەڕێتەوە دۆخی جاران لە ئەنجام دا هەردوو وەفدەکە زیارەتی بەڕێز مام جەلالیان کرد وزیارەتی بەڕێز کاک مەسعوودیان کرد، وئەوە بوو وا بەباش زاندرا پاش ئەو هەوڵ وکۆششە دەعوەتی بەڕێزان بکەین بۆ ئێرە، بۆ ئەوەی باسێک لەو بارە بکرێت وئەو دوو وەفدە دوو یاداشتیان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان ئامادە کردووە، جا ئەمە بوو لە راستیدا کە بووە هۆی ئەم بڕیارە کە دانیشتنێکی نائاسایی بۆ ئەمڕۆ دیاری کراوە ودەستمان پێ کردووە ئێستاکە سەرەتا وامان بە باش زانی کە ئەو خاڵانەی کە پەرلەمانی کوردستان لە ٧/٢٥ بڕیاری لەسەر داوە لێرە لە ئامادەبوونی بەڕێزیان دا بخوێندرێتەوە وبا ئەندامی پەرلەمان کاک ئەحمەد سالار ئەو خاڵانەمان بۆ بخوێنێتەوە، پاشانیش ئەو موزەکەرەیەی کە لەلایەن هەردوو وەفدەوە ئامادە کراوە و ئاراستەی بەڕێزتان کراوەو سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەویش لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە دەخوێندرێتەوە، پاشان قسەی جەنابتانە لە دواییشدا بەتەئکید ئەندامانی پەرلەمان زۆریان لە دڵەو هیوادارم ئەم دانیشتنەش وەکو دانیشتنەکەی ٦/٣٠ تینێکی تر بدات بە ئیش وکاری پەرلەمان و هەوڵێکی تر بێ بۆ ئەوەی چی تر میللەتەکەمان تووشی ناخۆشی دیکە نەکەین وئەم کارەساتەی کەوا رووبەرووی بووینەتەوە کۆتایی پێ بێت، جارێکی تریش بەخێر بێن بەسەر چاو.

بەڕێز ئەحـــمـــەد ســـالار عـــەبدولواحـــیـــد:
بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.

# هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان
# لە بارەی ڕووداوەکانی ئایارو حوزەیرانی ١٩٩٤ەوە، کە
# لە کۆبوونەوەی ١٩٩٤/٧/٢٥ بڕیاری لەسەر دراوە

**بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان**

گەلی کوردستان لە مێژووی درێژخایەنی خۆیدا هەموو چەشنە ئازارو چەوساندنەوەو داگیرکردنێکی دیووەو لە بچووکترین مافی مرۆڤانەی خۆی بێ بەری بووە. لوتکەی ئەم کارە ناڕەوایانە هێرشەکانی ئەنفال و بە چەکی کیمیای قڕتێخستن و وێرانکردنی هەزاران گوندو دەیان شار بوو.

گەلی ئێمە شۆڕش بە دوای شۆڕشدا دەیان ساڵ بەرامبەر بەم کارانە وەستا، سەربەندەکەش ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ی گەل بوو. بەوە تەختی دیکتاتۆریەتی هەڵتەکاندو بەشێکی نیشتمانیی خۆی لە دەسەڵاتی رزگار کرد. کۆچی ملیۆنان کەس بە دوای ئەوەدا گڕی بەردایە هەست و سۆزی گەلان و حکومەتەکانی جیهان و وای لە ئەنجومەنی ئاسایشی جیهانی کرد بڕیاری ژمارە(٦٨٨)ی خۆی لە نیسانی ١٩٩١دا بۆ ڕاگرتنی هێرشی دامرکاندنەوەو ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤانەی گەلی ئێمە بدات و پاشان هێڵی پانی (٣٦) بکات بە سنووری قەدەغە کردنی فڕینی هێزی ئاسمانیی عێراق و ناوچەی هێمن لە کوردستانی عێراقدا دروست بکات.

لەم کەش و دەرفەتەدا گەلی ئێمە دەستی دایە هەڵبژاردنێکی گشتی دیموکراتی و لە ١٩٩٢/٥/١٩ دا یەکەم پەرلەمانی لە مێژووی خۆیدا دامەزراندو حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو پەرلەمانە دروست بوو. پاش ئەمەش پەرلەمانی کوردستان مافی خۆی لە بەیاننامەیەکی مێژوویدا بەوە دەربڕی کە نەریتی فیدراڵی بکات بە بنەڕەتی پێوەندیی دەستووری لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی عێراق و کوردستانی بە هەرێمێک دانا لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی عێراقدا.

ئەوەی جێی داخە ئەم ڕێڕەوە پیرۆزەو ئەم دەسکەوتانە کەموکووڕیی گەورەو کاری هەڵەی بە هۆی حزبایەتی تەسکەوە تێکەوت، بەرژەوەندیی حزبی خرایە ژوور بەرژەوەندیی گشتی و تەنگوچەڵەمەی ئابووری و ئاسایش و کارگێری زیادبوون و کەمتەرخەمی لە چاککردن و چارە بۆ دۆزینەوەیان کرا.

هەموو ئەمانەو چەند هۆی تر شەڕێکی ئەوتۆیان لە سەرەتای ئایاری ١٩٩٤ـەوە بەرپا کرد، کە قەوارەو ئەزموونی دیموکراتی و دەستکەوتەکانیان خستە مەترسییەوەو وێنەی گەلی ئێمەی لەلای ڕای گشتی جیهان شێواند. بەڵام کاری خێرخوازانی ناو ئەم گەلە بەسەرکردە سیاسییەکانی دوو حزبە سەرەکییەکەو لایەنەکانی بەرەی کوردستانی و حزبەکانی دی و برا ئاشووری و تورکمان و ڕێکخراوەکان و پیاوانی ئایینی و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی. بە تایبەتی ڕۆڵی گەورەی کۆنگرەی نیشتمانیی یەکگرتووی عێراقی(I.N.C)و دۆستانی گەلی ئێمە لە دەرەوە، شەڕی وەستاند. هەرچەندە باری گرژی و کێشەکە لەم لاو ئەولا ماوە، بەڵام ئێستا کارێکی خێرا بۆ هێمن کردنەوەو بارو ڕێڕەو بردنەوە دۆخی ئاسایی خۆی دەکرێت. ئەو پەرلەمانی کوردستانەی گەلی ئێمە باوەڕی پێکردو ڕووداوە خەمناکەکانی ئایارو حوزەیران کاریان کردە سەر چالاکی و لە کاریان خست، ئەمڕۆ بە ڕێڕەوەکەدا دەچێتەوەو لە ئەزموونەکە دەکۆڵێتەوەو پەند لە ڕووداوەکان وەردەگرێت و بە توندی و بێ پێچ و پەنا، بە ئاشکرا ئەوانە تاوانبار دەکات کە ئەم کارەساتەیان قەوماندو پەرلەمان هەڵوێستی خۆی بەم جۆرە بۆ گەل دەردەخات.

١ـ تاوانبارکردنی شەڕی ناوخۆو حەرامکردنی پەنابردنە بەر هێزو توندی و زەبرو زەنگ و کردنیان بە شێوە چارەکردنی ناکۆکیی سیاسیی نێوان هێزە نیشتمان پەروەرەکان.

دەبێ تاقە ڕێگە، شێوەی ئاشتییانەو دیموکراتییانەو گفتوگۆ بێ، هەموو لادانێک لەم بنەڕەتە تاوانێکی گەورەی نیشتمانییە بەرامبەر بە دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان و بەرژەوەندییە باڵاکانی و ئەزموونە دیموکراتییە نوێیەکەی.

٢ـ تاوانبارکردنی ئەو لادان و دەستدرێژی و لە ڕێگە دەرچوونانەی بەرامبەر بە هاوڵاتییان و ماف و موڵک و گیانیان کراوە، کە دەبێ شوێنەواریان نەهێڵرێت.

٣ـ تاوانبارکردنی دەرچوون لە بنەڕەتی دیموکراتییەت و فرە حزبی و سەربەستی ڕا دەربڕین و مان گرتن و خۆپیشاندان و تاوانبارکردنی ڕاونان و دواکەوتن و دورخستنەوەو گرتنی خەڵک لە سەر پێوەندی سیاسییان، یا گرتنی پەرستگاو بارەگای حزبەکان و نووسینگەی ڕێکخراوەکان و تالانکردن و وێرانکردنیان و بەجێ هێنانی بڕیاری نەهێشتنی گرتووخانەی حزبەکان و دەست بەجێ بەردانی هەموو ئەوانەی لەوێدا گیراون.

٤ـ تاوانبارکردنی دەستدرێژی کردنە سەر دەستگا ڕەسمی و ناڕەسمییەکانی ناو هەرێم و دەست بەسەردا گرتن و بردنی کەلوپەلیان.

٥ـ بە هەنگاوی کارامەو گورج و بە پەلەو هەمەلایەنە، باری هەموو کوردستان ببرێتەوە دۆخی ئاسایی جارانی و بارەگاکانی حزبەکان ببرێنەوە جێی خۆیان.

٦ـ دەبێ هەموو لایەنەکان بەپێی ئەو بنەڕەتانەی لە جاڕی جیهانی و پەیمان و بەیاننامەکانی جیهاندا نووسراون، ڕێزی مافی مرۆڤ بگرن.

٧ـ ڕێزگرتن لە بنەڕەتی جیاکردنەوەی هەر سێ دەسەڵات و دوورخستنەوەیان لە خۆ بەسەردا سەپاندن و دەست تێوەردانی حزبی.

٨ـ ڕێزگرتن لە بنەڕەتی سەروەربی یاساو تاوانبارکردنی هەموو لادانێک، لە هەر لایەنێکەوە بێت و دابین کردنی ڕێزگرتن لە هەموو یاساو بڕیارەکان و بەجێ هێنانیان.

٩ـ پاراستنی سەربەخۆیی دادوەری و دەست لە کاری وەرنەدان و پاراستنی بنەمای دادوەری بە هەموو شێوەیەک و کەشی گونجاو پێک هێنان بۆ ئەوەی بە سەربەخۆیی و دوور لە هەموو کارتێکردن و تەوژمێکی ناڕەوا کاری خۆیان بکەن.

١٠ـ چاوخشاندنەوە بە دیاردەی دوولایەنی(ازدواجیە)و نیوە بە نیوەو کارکردن بۆ ئەوەی لە دەستگاکانی هەرێمدا نەهێڵرێن و هەر کەسە بەپێی ئەو یاسایانەی لە کاردان دەسەڵاتی خۆی بەجێ بهێنێت.

١١ـ ناوچەی پەرلەمان ناوچەیەکی هێمنی بێ چەک بێت و هیچ بارەگایەکی حزبی و ناحکومەتی تێدا نەبێت و پاراستنی تەلاری پەرلەمان و ئەندامانی ڕێک بخرێت.

١٢- ئەو فەرمانبەرو کرێکارانەی بە هۆی ئەم شەڕەوە لە شوێنی کاری خۆیان نەماون بچنەوە شوێن و سەر کاری خۆیان و مووچەی ماوەی دوورکەوتنەوەیان بدرێتێ و هەرچ بڕیارێکی نایاسایی دەرچووە پووچ کرێتەوە.

١٣- نەهێشتنی میلیشیا حزبییەکان و بەجێهێنانی یاسای چەک و یاسای حزبە سیاسییەکان.

١٤- پاککردنەوەو چاککردن و کۆک کردنی دەستگای کارگێڕی و دەستگای هێزی ئاسایشی هەرێم و دانانی یاسای دیوانی ناوەندیی چاودێری دارایی و یاسای ئەنجوومەنی خزمەتکردنی گشتی و، دروست کردنی ئەنجوومەنی گشتی ئینزبات و چاوخشاندنەوە بەو یاسایانەدا کە لە کاردان.

١٥- دانانی دەستوری هەرێم.

١٦- دەست کاری کردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و سەرژمێری گشتی کردن لە هەرێمدا تا بەو پێیە دەست بدرێتە هەڵبژاردنی گشتی.

١٧- موناقشەی باری خراپی ئاسایش و ئابووری بکرێت و بەپێی توانا چارەی کتوپڕی خێرای بۆ بدۆزرێتەوە. بە تایبەتی باس سەر لە نوێ دامەزراندنەوەی ژێرخانی کوردستان بکرێت.

١٨- راگەیاندن بە رێگەی راستدا ببرێت، بە چەشنێک راگەیاندن بکرێت بە هۆیەکی ئەوتۆی تێکۆشان کە خزمەتی ئەمڕۆو دوا رۆژی گەلی کوردستان بکات و ئاواتی یەکگرتنی نیشتمانیی لە کوردستانداو جێگیربوونی دیموکراتییەت و پتەوبوونی مافی مرۆڤ بەجێ بێنێ و هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەستگای راگەیاندنی حکومەت بدرێت.

١٩- پاراستنی پیرۆزیی پەرلەمان و توانا پێدانی لە بەجێهێنانی هەموو دەسەڵاتی یاسایی و ئەرکەکانیدا و لە هەموو بارو هەل و مەرجێکدا رێزی لێ بگیرێت.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**
**١٩٩٤/٧/٢٥**

**بەڕێــز ســــــــەرۆکـی ئـەنجــــــــوومـــــــەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد ئێستاش بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەو یاداشتە دەخوێنێتەوە کە ئاراستەی هەردوو بەڕێزان کراوە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆکـی ئـەنجــــــــوومـــــــەن.**

# مطاليب اعضاء البرلمان

الى/السيد مسعود البارزاني المحترم

السيد مام جلال الطالباني المحترم

تحية واحترام/-

استنادا الى ما ورد في بيان البرلمان المعبر عن موقفه حول احداث ايار وحزيران الصادرفي ١٩٩٤/٧/٢٥ ونظرا لاستمرار الحوادث والاقتتال والحرب الاعلامية التحريضية وعدم تطبيع الاوضاع ولجوء الطرفين الى زيادة وتقوية الميليشيات رغم كل القرارات والالتزامات، ونظرا لخطورة الوضع الذي يهدد مكتسبات شعبنا ومصيره والتجربة الفتية، عليه نطالبكم بما يلي :-

اولا : اصدار بيان مشترك من قبل السيدين مام جلال وكاك مسعود يتضمن :-

١- قرار حاسم بوقف اطلاق النار.

٢- عدم افساح المجال بأي شكل من الاشكال امام اية خروقات ومحاسبة المقصر.

٣- فصل القوات فوراً.

٤- انسحاب القوات بحسب اتفاق ١٩٩٤/٦/٨.

٥- التوقف عن تشكيل الميليشيات والتسلح.

ثانيــا : اختيار عناصر قيادية معروفة بتوجهاتها السلمية كأعضاء في لجان تطبيع المحافظات.

ثالثــا : تشكيل لجان فرعية في كافة الاقضية للتطبيع ويكون من مهامها ايضا القيام بفصل القوات عند الحاجة.

رابعــا : الاسراع في التوقيع على (اتفاقية باريس) من قبل السيدين (مام جلال وكاك مسعود).

خامسا : تحديد سقف زمني للانتهاء من فصل القوات وانسحابها وبقية اجراءات التطبيع.

سادسا : ان يصدر قرار من اللجنة العليا للتطبيع يتضمن مايلي :-

١- المحافظة على حالة وقف اطلاق النار.

٢- اطلاق سراح كافة الموقوفين.

٣- منع المطاردة والملاحقة وفسح المجال امام النشاط السياسي.

٤- عودة المشردين والنازحين والمبعدين الى اماكن سكناهم .

٥- عودة الموظفين الى دوائرهم ووظائفهم السابقة.

٦- منع الشعارات الاستفزازية والاعلام المضاد من اي طرف كان.
٧- اعادة الممتلكات الشخصية الى اصحابها.
٨- الغاء كافة القرارات الادارية الصادرة خلافاً للقانون خلال الاحداث.
٩- المبادرة فورا الى اتخاذ الاجراءات بايداع واردات الگمارك الى خزينة حكومة اقليم كوردستان.
١٠- اضافة ممثل للحركة الاسلامية الى لجان التطبيع.
١١- انعكاس كل ذلك في كافة وسائل الاعلام.
١٢- تحديد فترة زمنية لاتتجاوز اسبوعاً واحداً من تأريخ صدوره لتنفيذ الفقرات اعلاه.

الموقعون

احمد سالار، اياد الحاج نامق البقال، حازم اليوسفي، عدنان النقشبندي، عثمان دزةيي، كاكة‌رةش النقشبندي، سرتيپ كاكةيي، سيد حسن البرزنجي، اكرم عزت نجيب، بكر حاجي سفر، محمد سعيد اليعقوبي، حسين عارف، اكرم عاشور، د. حسن حسين بفري، ملا محمود ديرشةوي، مامند محمدامين اغا، مظهر علي هيراني، ملامحمدامين چمچمالي، نهاد نورالدين اغا، يوسف جميل ميران، ملا شاخي، عفان النقشبندي، جلال جوهر، احمد علي دزه يي، حسين علي كمال، د. عزالدين مصطفى رسول، قادر ممند اغا، كمال شالي، ملامحمد طاهر زين العابدين، ملا هادي خضر. جوهر احمد شاواز، ملاطلحة قرني، وريا احمد دزه يي، كمال جلال غريب، حسن كانبي بلباس، حاجي حاجي ابراهيم، كانبي عزيز دزه يي، شيروان حيدري، گةلاويژ جباري، سيروان نورولي، فوزية عزالدين رشيد

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی سکرتێر، وئێستاش ماوەی قسەی ئەندامانە کە لەسەر ئەو بەندەدا دەسووڕێنەوە، بەندی یەکەم کە خوێندرایەوە (١٩) خاڵە و، بەندی دووەمیش ئەو موزەکەرەیەیە کە هەردوو وەفدەکە ئاراستەی هەردوو بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوودیان کردبوو. باشە ئەوانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن با ناونووسیان بکەین، بەڵام تکایە ئاگاداری کات بن.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی جێی ئەم دوو بەڕێزانە، ئەم دوو زاتانە جێگایەکی خراپە دەڵێی بۆ دادگایی کردن دانراون هەقە بیر بکرێتەوە جێگایەکی باشتر بێ، تەبیعی پەرلەمان زۆرکاری کردووە زۆر ئیشی کردووە پەرلەمان یاسای چەکی دەرهێنا، یاسای حزبەکانی دەرهێناوە، بەڵام یاساکان کە جێ بەجێ نەکران، نەسووچی پەرلەمانە، نەسووچی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، یاسای چەک دەرچووە میلیشیات گەلێ گەلێ لەجاران زیاتر بوون، هەردوو حزبەکان هەردوو سەرکردەی حزبەکان موسڵمانن، هەردووکیان بەپێی ئەو ئایەتەی کە لە قورئاندا هاتووە (وأعدوا لهم ما استطعتم من قوة) کاری پێ دەکەن نەک میلیشیات سوپای تازە دروست دەکەن، پەرلەمان پێم وایە ئێستا بەم شێوەیە هاتووە نەک هەر بڵێی دەبێ وابێ ماوەیەکی بۆ دابنێین داوا لەو دوو بەڕێزانە و داوا لەو

دوو حزبە سەرەکیەکان بکرێ ئەگەر لەماوەی(١٠) رۆژ زیاتر بارەکە ئاسایی نەکرێتەوە ئێمە بریار بدەین پەرلەمان حەل بکەین گاڵتە بەخۆمان نەکەین، سوپاس.

**بەرێز عـەبدولخـالق مـحـمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بەرێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەراستی سەبارەت بە منەوە ئەڵێم دەرۆین، ئایا دەکرێ ئەو بارە بەو شێوە بەردەوام بێت ئایا دوای ئەم دانیشتنە ئەگەر بریار وەربگیرێ وریک بکەوین چ شەرێکی گەورەمان لەپێشە زۆر رێککەوتنی دووقوڵی بووە زۆر رێککەوتنیش بووە بەئامادەبوونی بەرەی کوردستانی و(INC) وهەروەها دوا رێککەوتنی فەرەنسا لە نێوان هەردوو حزبەکە کە راشنەگەیەنراوە هەتاکو ئێستا هەموو جیهان چاوەرێی دەکرد کە سنورێک دابنێین بۆ ئەم بارە بەداخەوە من واهەست دەکەم نەک بەس ئێمە (مع سبق الاصرار) بارەکە بەرەو ئینتحار دەبەین بەرەو ئەوەی دەیبەن کە بەراستی ئاواتی دوژمنانی کوردستان بهێنینەدی من دەڵێم بەراستی ئەبێ سنورێک دابندرێ بۆ ئەم بارە مومکین نییە گەلەکەمان بەو شێوە بژێت، بەتایبەتی ئەو دووحزبە سەرەکیە بەتایبەتیش مام جەلال وکاک مەسعوود چونکە ئەو میللەتە نازانێ بۆکوێ بچێ، چی بکا خەڵکێکی زۆر بەرەو دەرەوە دەروات، بەخوا رژێمی بەغدا باری باش بوایە بەهەزاران کەس ئەگەرایەوە بۆ لای ئەو، میللەت تەحەمولی نەما هەموو رۆژێ رۆژ بە رۆژ بار بەرەو بارێکی خراپتر دەروات، من زۆر پشتگیری قسەکانی کاک فرەنسۆ دەکەم بەراستی ئەو دووحزبە رۆژ بەرۆژ چەک ئەکرن، چەکی قورسیش ئەکرن، میلیشیات پێکەوە دەنێن و دەبێ زوو چارەسەری ئەم بارە بکرێت، سوپاس.

**بەرێز ئەرسـەلان بایز ئیـسـمـاعـیل:**

**بەرێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەوەی من پرسیارن بەراستی ئەڵێم ئەوە چەندەمین جارە ئەم دوو هەڤاڵە بەرێزانە بێنە پەرلەمان کە چی دوای رۆیشتنیان شەر بەردەوام دەبێت، تۆ بڵێی ئەمجارەش وانەبێ؟ پرسیاری دووەمم ئەوەیە دروست کردنی ئەوهێزە لیوا تایبەتیانە تۆ بڵێی بۆ شەری حکومەتی عێراقی بێت نا بێگومان بۆ شەری خۆمانە، باشە ئەو پارەیە ئەگەر خەرج بکرێ بۆ خەڵکی رەش ورووت، خەڵک هەنە لە برسان دەمرن باشتر نییە بۆیان خەرج بکرێت، پرسیاری سێیەم لەکاک مەسعوودە کە هەموو جاران بەداخەوە برادەرانی پارتی هێرش بۆ شوێنێک دەبەن دەڵێ ئێمە ئاگامان لێ نییە، هەڤاڵێکی تێکۆشەری وەکو کاک مەسعوود بارزانی کە سەرۆکی حزبێکی گەورەیە ئاگاداری هێرشەکان نەبێ جارێک قەیناکە دووجار قەیناکە، بەڵام هەموو جارەکان نابێ، سوپاس.

**بەرێز سـەرتیپ مـحـمـەد حـسـێن:**

**بەرێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەراستی بابەتەکەی من دەربارەی ئەو رێککەوتننامانەیە کە ئێستا مۆرکراوە لەلایەن هەردوو حزبەوە و دوا رێککەوتنامەش کەبریارە لەپاریس لەلایەن هەردوو بەرێزان کاک مەسعوود ومام

جەلال مۆر بکرێن من دەڵێم، ئەو کاغەزانەی کە مۆر دەکرێن، ئەو عەهد وپەیمانانە پتەو ناکات ئەگەر نیەتی دڵ نەبێ لەبنچینەوە بۆ ئەو مەسەلانە بۆ ئەو ڕێککەوتننامە ئیمزاکانی سەر کاغەز هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکەن، من پێشنیار دەکەم سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی پاریسەوە، پێش ڕۆیشتن بۆ ئەوێ هەموو بارەکانی ئێرە ئاسایی بکرێتەوە، ئینجا ئەو کاتە لەوێ ئەو ئیمزایە بکرێ بۆ ئەوە ئەو ئیمزایە نرخی خۆی هەبێ بەرامبەر بەدنیاو بەرامبەر بەمیللەتەکەمان، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاک مەسعوود بارزانی، بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی وئەندامانی بەڕێز من دەمەوێ سەرنجی هەمولایەک ڕاکێشم بۆ ئەو ئایەتە پیرۆزەی قورئان کە دەفەرموێ (بسم الله الرحمن الرحيم) (وأوفوا بالعهد إذا عاهدتم ولاتنقضوا الايمان بعد توكيدها فقد جعلتم الله كفيلاً، ان الله يعلم ما تفعلون ولاتكونوا كالتي نقضت غزلها من بعد قوة انكاثاً أن تكونوا أمة واحدة هي اربى من أمة)ص. لای هەمووان ئاشکرایە، بەڵام هەر تەنها بۆ ئەوەی خەڵکێک هەبێ مەفهومی ئەو ئایەتە تێ نەگا کە خوا ئەمرمان پێ دەکات کە وەفا بکەین بەو پەیمانانەی کە کردوومانە هیچ پەیمان شکێنیەک لەگەڵ یەکتر نەکەین لەپاش ئەوەی کە بڕیار دەدەین، چونکە خوا ئاگای لەهەموو بڕیارەکانمانە وئاگای لە ئیشەکانیشمان هەیە وپێمان دەڵێ خوای تەعالی (ولاتكونوا كالتي نقضت غزلها) نەبن بەمە، بە مەسەلی ئەو ژنەی کەوا هەموو جارێ ڕیسەکەی ئەکردەوە بەخوری (من بعد قوة انكاث) لەپاش ئەوەی خاوەن هێز بوو، بەڵام دوایی ڕیسەکەی ئەکردەوە بەخوری هەڵیدەوەشاندەوە (أن تكونوا أمة هي ارى من امة) هەر لەبەر خاتری ئەوەی پەیمانەکان ئەشکان و پێغەمبەری خۆشەویست حەدیثێکی هەیە دەفەرمووێت (اذا اظهر الناس العلم وضيعوا العلم وتحابوا بالالسن وتباغضوا بالقلوب لعنهم الله عنه ذلک فاحسهم واعمى ابصارهم) کەواتە ئەگەر ئێمە ئەوانەی کەوتوومانە لەپەیمانەکان ولەڕێککەوتنامەکانمدا بەدەم بێ وخۆشەویستییەکان بەزمان بن ولەو بارەدا پێغەمبەر فەرموویەتی خوا لەعنەت لەو قەومە دەکات کەوا بێت (فأصمهم واعمى ابصارهم)نەچاویان ئیتر حەقیقەت ئەبینێ ونەگوێشیان ئیتر حەقیقەت ئەبیستێ، هەڤاڵانی بەڕێز من ئەمڕۆ بەو ڕۆژە مێژووییە مەزنە دادەنێم کە هەڤاڵان کاک مەسعوود و مام جەلال لەبەردەمی (١٠٥) ئەندامی پەرلەمانن کە هەموویان ئەندامانی لیستەکانی خۆیانن لە ئەنجامیشدا نوێنەری هەموخەڵکی کوردستانن، ئەمڕۆیان ئەو ڕۆژەیە ڕێگە ڕاستەکە بەهەموومان ئەگرین ئەی بەینە سەر سیراتی موستەقیم وڕاستی ئەگرین کە لەپێناوی بەرژەوەندی کورد ومیللەتی کورد دایە، یان خوانەخواستە کە ئەوە بەرەو سەرکەوتنمان ئەبات، خوانەخواستە لەو ڕێگەیە تووشی تەفریقە دەبین هەر یەکی بەلایەک ئەڕۆین خوانەخواستە کزی وسەرشۆڕی ولاوازی میللەتی کوردی تیایە، نەک هەر لەکوردستانی ئێرەدا، بەڵکو (٤٠) ملیۆن کوردەکە لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا وشکاندنی ئەو خەڵکانەیە کە دۆستی ئێمەن، دڵ خۆشکەری دوژمنانە وبەڕاستی ڕەنگە خەڵکێک

وای لێ بێ ( ۱۰۰ ) جاریشمان بێ لەوەی کەرۆژێ لەرۆژان بەرگیری لەکورد کردووە، کە کورد شارستانییە، کورد ستەمی لێ کراوە، کورد پێویستە بژێ کورد ئەو میللەتەیە هەقە جیهان هەموو یارمەتی بدات، هەڤالانی بەڕێز کاک مەسعوود ومام جەلال نموونەی ئێوە وەک لەلای ئێمە وایە وەک مەسەلەی هارون وموسی وایە هەڵگری یەک ریسالەن بە هەردووکتان، کورد ئەوەی دەوێ لە ئێوە، چەند جارمان وتووە ئێمە ئەمانەوێ کاک مەسعوود ومام جەلال ئەو پەیامەمان بۆ هەڵگرن بیبەنە سەر، ئێمە لێرە پەرلەمانێکمان هەیە ئەم پەرلەمانە متمانەتان داوەتێ، کوا یاسای حزبەکان بۆ جێبەجێ ناکرێ؟ برادەران ئەگەر یاسای حزبەکان جێبەجێ بکرێ دیارە هیچ حزبێک نابێ میلیشیای هەبێ، دیارە هەموو بەشێک دەبێ ئیمانی بە تەداولی دەسەڵات بێ هەر ئەمڕۆش دەسەڵاتەکەی لە دەست دابێ سبەینێ ئەگەر دەنگ درایە حزبێکی کە، دەسەڵات لەدەست ئەو •دەردەچێ، دەچێتە دەست حزبێکی تر کەواتە پێویست ناکات خۆمانی لەپێناوی ئەزیەت دەین، میللەتەکەمانی لەپێناویدا وێران بکەین، ئەو میللەتەی هەر ئەوەتا (صلوات) لە دیداری ئێوە لێ نادەن یانی ئەگەر ناوتان بێت ڕەنگە ئەگەر گوناح نەبێ خەڵک بڵێ (صلی الله علیهما وسلم) بۆچی کاکە ئەم خۆشەویستیە، ئەم برایەتیە ئەم مەحەبەتە بۆ بڕوا، خوێنی شەهیدانمان بۆ بەلاش بچێ، بۆ دوژمنەکانمان پێکەنینیان پێمان بێت؟ لەبەر خاتری چی؟ ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان دەمانەوێ هەڵگری رسالەکەش بن ئێوە وبینەنە سەرو، کورد دڵخۆشکەن، کورد تا کەناری ئاشتی وخۆشەویستی ومەحەبەت وسەرکەوتن بەرن، من دەمم نایەنێ بڵێم ئەم پەرلەمانە حەل بێت، چونکە ئەوە ئاواتی دوژمنانە، بەڵام پێم چاکە ئێمە پەرلەمان بەجێ بێلێن ئەگەر چاک نەبێ ئەم بارە، جەماوەر تێ بگەیەنین، سوپاس.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بایەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز کاک مەسعوود ومام جەلال بەڕێزان ئەو دوو بەڕێزە هەموو جارێ لەپەرلەمان، لەرادیۆ لەتەلەفزیۆن لەهەموو بۆنەیەکدا ئەڵێن شەڕمان ناوێ، بەڵام بەکردەوە وا لەبەرچاومانە چۆنە، جا تکامان وایە لێرەوە لەو دەقیقەوە گەلی کوردستان دڵنیا بکەن بەکردەوە بەرەو ئاسایی کردنەوەی راستی و دەست بەجێ وەستاندنی شەڕو دوورخستنەوەی هێزی چەکدار لەیەکتری ولەهەموو ناوچەکان وشەڕە ڕاگەیاندنیش بووەستێ، ئێمە نابێ بەقسە دیموکراتی بین، بەڵام بەکردەوەو جۆرێکی تربین، چۆن ئەبێ سێ حکومەت هەبێ ئێمە حکومەتی پارتیمان ناوێ حکومەتی یەکێتیمان ناوی، بەس حکومەتی هەرێمان دەوێ، ئەبێ پشتیوانی تەواو بکرێ لەحکومەت وپەرلەمان، یاسا حاکمی هەموو لایەک بێ، پارتی ویەکێتی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمان دروست کردووە، پەرلەمان زۆربەی یاساکانی داناوە بەتایبەتی یاسای حزبەکان، کە لەپێش هەموو کەسێکدا ئەم دووحزبە موخالەفەی یاسایی پەرلەمانەکەی خۆیان کردووە لە یاساکەدا ئەڵێ نابێ حزبەکان میلیشیاتیان هەبێ، بەڵام ئەم دوو حزبە نەک هەر میلیشیات، بەڵکو هەریەکە سوپایەکی

دروست کردووە بەخێروبێرو بژێوی خەڵکی کوردستان بەخێوی دەکەن بۆ بەرگریش لەکوردستان نییە، بۆ شەڕی خۆکوژیە، لەکاتێکدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەو پەڕی برسیەتی ونارەحەتی دا بن کێشەکە ئەوەندە گەورەیە ئەوەندە باسی بکەین، بەڵام بە تکایەکی زۆرەوە تکا لە هەردوو بەڕێزان دەکەین کە ڕێزی پەرلەمان وتکامان بگرن، هەرچی زووتر دەست لەشەڕ بکێشێتەوە ودەستی برایەتی وکوردایەتی لەناو یەکتر بنێن چاوی دوژمنانی کورد بە یەکگرتنی خۆتان بترسێنن ونەهێڵن ئەو بەرهەمەی کە بەخوێنی شەهیدان بەدەست هاتووە هەر بەخوێنی کوردو کەس وکاری ئەو شەهیدانە بکوژێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزەنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود، میوانە خۆشەویستەکان، بێگومان برادەران زۆر لەسەر ئەو خاڵە دووان نامەوێ دووبارەی تێدا بێت، پەرلەمانی ئێمە ئەوە ماوەی دووساڵ دوومانگ ویازدە ڕۆژە بەمرۆکەڕا بەردەوامین وهیچ یاسایەک نەماوە بۆ دام ودەزگاکانی کوردستان دانەندرێ واتە یەک، کارە سەرەکیەکانی پەرلەمان کە دانانی یاسایە، دریغی لێ نەکرایە، بەڵام دەڵێم بەداخەوە سەد جار بەداخەوە یاساکانمان، ئەوانە کە پێویستە بەچاکی جێبەجێ بکرێن جێبەجێ نەکراون وبەتایبەتی ئەو یاسایانەی کە برادەران ئاماژەیان پێکرد یاسای چەک هەڵگرتن وچەک هەبوون یاسای پارتە سیاسیەکان ئەگەر بهاتبایە ئەو یاسایە جێبەجێ بکرابایە بێگومان تووشی ئەو حاڵەتە نەدەبووین.

بەڕێزان میللەتەکەمان لە دووڕیانێکی زۆر زۆر خەتەرناکدا دەژیت سەرەڕای ئەو برسیەتی وکە بەتانیشی نەماوە بیفرۆشن ونانی پێ بکرن سەرەڕای ئەوەی لە ئاسایی ناژین بە ماڵ ومنداڵ و لەژیانی خۆیان دڵنیا نین ئەوجا بۆ ئەوەی ئێمە عەمەلی بین بەزووترین کات چارەسەری ئەو بارە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر لەبرادەران قسەکردن دەربارەی گرنگی پەرلەمانی وحکومەتا هەرێمی، بێ شک باوەڕ ناکەم کەسێک هەبێ خلاف هەبێ لەسەر ئەهمیەتا پەرلەمانێ وحکومەتی وهەر پەرلەمان وحکومەت بەرێ رەنجا خوێنا هەزاران شەهید وتێکۆشەرن، گەلی کوردستانی یانی سامانا گەلێ مەیە کەسەکی تی نە مافی هەبێت ڤێ سامانێ، ڤێ فرسەتی ژدەستی مەیدا جارێکی دی گەر بزڤرین، بۆ پەرێ تاریخی بەری خۆ بدەین شۆڕشی کوردی، بزاڤێت کوردی، سەرهەڵدانی کوردی، مومکینە ئەگەر استثناء ژ نەیەتە کرنێ هەمی یان اتفاقیات سیاسی یان بە لەشکری دوژمنی ناوێتە شکاندنی، سەرکوت کرنێ تەنها ئەم تەجروبە کێ نەبن، مادەی ٥و٦ لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی دبێژێت پەرلەمان ببێتە جهێ دروست کردنی بڕیاری گرنگ لە بەرژەوەندیی میللەتی مە تا ئەڤرۆ پەرلەمان دەورێ خۆ

بەدروستی ئەڤ تشتە نەدیتیە، وەرەبگرە سەر ئەحداثی هەیڤا ٥و٦ وەرە بگرە رووداوی ئەڤرۆ وەرەبگرە رێکەوتنناما پاریس هەتا نوکە پەرلەمانی دەور نەبیە دەبێ دەوری هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رەخنەیەکم لە سەرکردایەتی هەردوو حزب وهەردوو مەکتەبی سیاسیەکان هەیە، بەڕاستی لەو کاتەی کە ئەو کێشەی کە رووی داوە، قسە لەگەڵ هەر برادەرێک لەو سەرکردانە دەکەی ڕای خۆی وا دەردەبرێ دژ بەشەڕو دژ بەمیلیشیات وئەوانەیە، لەڕاستیدا تاکو ئێستا ئەوان شتێکی وایان نەکرد کە هەڵوێستێکیان هەبێ، هیچ نەبێ بێن لەماڵەوە دابنیشن ویان یەکێ لەو برادەرانە ئیستیقالە بکات بۆ ئەوەی کەوا ببێ بەچاولێ کەری، لەڕاستیدا ئەوانیش وەکو ئێمە موعاناتیان هەیە ئەوانیش وەکو ئێمە باسی ئەوانە دەکەن، ئەچنە ریزی خەڵکانی ترەوە، بەڕاستی ئەوە باس ئەکەم، شتی زۆر گرنگ ئەوەیە کەوا مەسەلەی ئاسایی کردنەوەیە، بەڕاستی ئاسایی کردنەوە لەکوردستاندا لە( ٧٠٪ )ی هەموو گیروگرفتەکانی ئێمە چارە دەکات کە ئاسایی کردنەوە بوو، یان کێشە سنوریەکان یان سەر سنووریەکان لەخۆیانەوە چارەسەر دەکرێن، ئەوان ئەتوانن مەیدانیەن ئەو کێشانە چارە بکەن، جا هەوڵ بدرێ سەقفێکی زەمەنی بۆ ئەو ئاسایی کردنەوەیە دابنرێ بۆ ئەوەی کەوا خەڵک لەو گیروگرفتە رزگار بێ، خاڵی سەرەکیشم ئەوە بوو کە ویستم بیڵێم ئەویش مەلا محەمەد ئەمین وتی ئیتر پێویستە یاسای حزبەکان، یاسای چەک جێبەجێ بکرێ بەڕاستی هەموو کێشەکانی ئێمە چار دەکات، سوپاس.

**بەڕێز یوسف جەمیل میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکەم کرا... سوپاس.

**بەڕێز گەلاوێژ عەبدولجەبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری من یەکەم لەبارەی خروقاتە، رۆژانە باسی خروقات دەکرێ پارتی لەگەڵ یەکێتی یان یەکێتی لەگەڵ پارتی، بەڕێزان هەردوو سەرکردە زۆر جار ئەڵێن ئێمە ئاگامان لەو خروقاتە نیيە، باشە دوای ئەوەی کە خروقاتەکان روودەدەن بەڕێزانیان ئاگادار ئەبن ئایا هەڵوێست چییە بەرامبەر بەو کەسانەی کە خروقاتەکانیان کردووە، شتی دووەم وەکو ژنێک قسەی دووەمم ئەکەم پرسیارێکە لەوەتی شۆڕشی رزگاریخوازی میللەتی کورد دەستی پێ کردووە لەوەتی پارتی ویەکێتی هەنە ئێمە قوربانی ئەدەین خەڵکانمان شەهید دەبن چی لەسەنگەری خەباتی پێشمەرگایەتی دا چی لە بەندیخانە تاریکەکانی دوژمندا، ملیان ئەخەنە پەتی سێدارە وەخێزان سەرگردان دەبێ، ئەو پیاوانە شەهید دەکرێن، باشە ئەوانە خەونی رەنگاو رەنگیان ئەبینی کەڕۆژێ لەڕۆژان ئیهانە کردنی حزبی بەعسیان قبووڵ دەکرد رۆژانە بۆ مونەزەمەیان بانگ دەکردن هەموو شتێکیان قبوڵ دەکرد خەونمان

ئەبینی ڕۆژێ لەڕۆژان کوردستان ڕزگار ئەبێ، سەرکردەکان دەست بەسەری منداڵەکانماندا ئەهێنن ئاواتەکانمان دێننەدی، بەڵام بەداخەوە کە کوردستان ڕزگار بوو، لەجیاتی ئەوەی سەرکردەکان دەست بەسەری منداڵەکانماندا بێنن، ڕەنگە خێزانی شەهید هەموو بیری لێ نەکرابێتەوەو ئەگەر بیریشی لێ کرابێتەوە بەشێوەیەکی زۆر کەم بووە ئەوانەشمان هەموو قبوڵ کرد تەنیا لە بۆ خاتری کوردو کوردستان بووە ئێستا زیاتر بۆ ژن وبێوەژن دەکرێ و، منداڵی تر بۆ هەتیو ئەکرێ لیوای تایبەت دروست دەکرێ باشە ئەو پارەی کە بۆ چەکی قورس بەکاری دێنن بۆ لیوا تایبەتیەکان خەرجی دەکەن لەخێزانە ئەنفالەکانی گەرمیان وئەنفالەکانی بارزان خەرجی بکەن باشتر نییە؟ میللەتی کورد و ژنی کورد بەعیفەت وطهارە وداوێن پاکی ناوبراو بوو، ئێستا خەریکە ئەوەش لەدەست دەدەین لەبەر نەبوونی دارایی ڕەنگە ڕێگای خراپە بگرنە بەر، بەسە ئیتر بائەم بارە کۆتایی پێ بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز مەلامەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم (ولاتنازعوا فتفشلوا وتذهب ريحكم)

هێژا مەسعوود بارزانی وبەڕێز مام جەلال تاڵەبانی، ئێمە نوێنەری میللەتی کوردین و ئەرک وواجبێکی نیشتمانیمان لەسەرشانە، بەهەر جۆرێک بێت دەبێ ڕێگە چارەی ئاشتی بدۆزینەوە، دەبێ دەستکەوتەکانی میللەتی خۆمان بپارێزین وپشتگیری لە پەرلەمان وحکومەتە ساواکەی کوردستان بکەین کە بەخوێنی شەهیدان دروست بوون، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا حاجی ئیبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەشێکی قسەکەی من برای بەڕێزم کاک فرەنسۆ کردی، پشتیوانی دەکەم، چونکە هەڵوێست وەرگرین، چونکە قسەش زۆر کراوە، بەڵێن زۆر دراوە، ئێستا کاتی ئەوەیە کە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان کە دوای کۆبوونەوەی ٦/٣٠ بڕوایەکی داوەتە خەڵکی کوردستان، تین وهێزێکی هەیە مصداقیەتی خۆمان لە دەست نەدەین، بۆیە من زۆر بەتوندی پشتیوانی لە ڕایەکەی کاک فرەنسۆ دەکەم بەشی زۆری قسەکەم ڕووداوی قەڵادزەیە بەڕاستی ڕووداوەکەی قەڵادزێ ڕووداوێکی ئاسایی نەبوو کارەساتێکی گەورە بوو بەتایبەتی دوای بەڵێنی کاک مەسعوود ومام جەلال لە ٦/٣٠ کە بەڵێنیان لەبەردەمی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەهەموو خەڵکی کوردستان دا، کە شەڕ تەواو بووەو بڕای بڕای شەڕ نابێتەوە دوای ڕێککەوتنامەی پاریس، دوای هەڵوێست نامەی پەرلەمانی کوردستان لە ٧/٢٥ کارەساتی قەڵادزێ بووە، بۆیە بەڕاستی کارەساتی قەڵادزێ سەنگی مەحەکە بۆ ئەوەی کە مصداقیەت بۆ هەردوو سەرکردە وهەردوو حزب بێت هەر ڕاستی سەنگی مەحەک بێت، بە هەڵوێستی هەموو لایەک کە پێویستە لایەنی بەرپرس ئەوەی ئەو تاوانەی کردووە دیاری بکرێت، بەڕاستی خەریکە بۆ خۆیان تاوانبار بکرێن کە بۆ

خۆیان ئەو تاوانەیان کردووە لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ئەو لایەنەی کە بەرپرسیارە لە و بەرپرسە لەو کارەساتە دیاری بکرێت و دادگای بکرێت ئیدانە بکرێت، هەموو زەرەرو زیانێکی گیانی ومالّی ئەو شەهیدە وئەو خەڵکەی کە زەرەروزیانیان لێ کەوتیە بووینە قوربانی پێی ببژێرێ، ئەوە ببێتە سەنگی مەحەک ببێتە بەربەستێک بۆ ئەوەی چیتر تاوانی شەڕ نەکرێت چونکە بەڕاستی ئەوە بەشێک نییە لەشەڕی ناوخۆ ئەوە تاوانی شەڕە پێویستە ئەوە سەنگی مەحەک بێ بۆ بەربەستێکی مەعنەویش بێ بۆ ئەوەی کەسی تر لەمەولا تاوان نەکات، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من دووبەشن بەشێک ئەمەوێ ئاراستەی میوانی ئێمەی بکەم، حەزیش دەکەم گوێیان لێ بێت میوانە پەرلەمانیەکانی ئەوروپا دەڵێن کەوا باری ئێستا دوو هۆی هەیە یەک ئەنجامی ئابلووقەی ئابووری مزدەوەج، هی دووەم نوێ کردنەوەی پاراستنی دەوڵەتانە کە هەر شەش مانگێک جارێک درێژ دەکرێتەوە ئەوەش شتێک لە ناوچەی ئێمە دروست دەکات وهۆی موعاناتی میللەتی ئێمەیە کە بەرەو میلیشیات دەچن، بەشی دووەم حەز دەکەم ئاراستەی جەنابی کاک مەسعوود ومام جەلال بکەم ئەویش لەسەر ئاسایی کردنەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز مستەفا قادر مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانم کرا... سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرمی بەڕێزان کاک مەسعوود ومام جەلال دەکەم بەبۆنەی ئامادە بوونیان بۆ وتوێژ لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەبارودۆخی میللەتەکەمان کەتووشی هاتووە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان روون وئاشکرایە گوزەرانی خەڵکی کوردستان چۆنە برسیەتی نەداری ناخۆشی ژیانی تاڵی، بەڵام خەڵکی کوردستان تەحەمولی هەموو ناخۆشیەک ئەکا بۆ ئاشتی، بۆ ئاشتی وبرایەتی، وئاشتی وبرایەتی دەوێ لەو کاتەی کەشەڕی برا کوژی وکورد کوژی رووی داوە، دزی و جەردەی تالان کردن چوونە سەر خەڵک بەئاشکرا ئەکرێت بەهێزی چەک ئەکرێ، کەس نییە حیسابێکمان بۆ بکات، میللەت وای لێ هاتووە هەموو خەڵکی کوردستان دەیەوێ بڕوا دەربەدەر بێ ئەویش کاری خراپی حزبەکانە، حزبەکان چەک دابەش دەکەن لەسەر پیاوی خراپ وکەونە جاش وئەو کەسانە کە لەزەمانی ڕژێم لەمەفرەزەی تایبەتی وئەمن وموخابەراتدا بوونە بەپێچەوانەی ئەو یاسایەی کە لەپەرلەمانی کوردستان بریاری لەسەر دراوە، خەڵکی کوردستان دەیەوێ خوێنی پاکی ئەو کچە کوردە لە (٥)ی ئازارو ڕۆژی ڕاپەڕینی شاری ڕانیە بزر نەبێ کەلەو ڕۆژە پێش خەڵکی کەوت دەست بەدەمانچەی ڕووتەوە قەدو باڵا بە بۆسپاوە خۆی فڕێ دا سەردایی ئیستخباراتی

بەعس لەشاری ڕانیە لەو جێگایە سیخوڕەکان خۆیان حەشار دابوو خۆی کردە قوربانی کوردو کوردستان لەترسان هەموو سیخوڕەکان هاتنە دەرەوەو هەمووی خستنە بەردەستی برا پێشمەرگەکان ئەو قارەمانە فیداکاری کرد بۆ ئاشتی بۆ ئازادی بۆ سەربەخۆیی کوردو کوردستان، نەک بۆ برا کوژی وکورد کوشتن، برایانی بەڕێز هەموو حزبەکانی کوردستان سەرکردەکان قەرزداری خوێنی ئەو کچە قارەمانەن کە بەفیرۆ نەڕوات تەمەنی نەگەیشتبووە ٢٠ ساڵان، بەداخەوە ئێستاکە لەبیر چۆتەوە کەس ناویشی ناهێنێ، ئەمەیە وەفاداری بۆ ئەو کچە قارەمانە کە مێژووی جیهان ئەمەی نەدیوە نەی بیستووە، بەدرۆی ئەوان باوەڕ دەکرێت وڕاستی ودڵسۆزان ئەخرێنە پشت گوێ بەڕێزان، دیموکراتیەت بچەسپێ ڕێز لە مافی مرۆڤ بگرن کێشەکانی کوردستان هەموو جێبەجێ دەبێت ودێتە بەردەستی بەڕێزتان با فاتحە بۆ کاری کورد بخوێنین، ئێمەش خوا حافیزی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کاک فرەنسۆ وکاک عەبدولخالق هەر لە سەرەتاوە کردیان، زۆرسوپاسیان دەکەم پشتگیری لێ دەکەم لەگەڵ ئەو بیرخەرەوەو لەگەڵ ئەو هەڵوێست نامەیەش دا ئاسایی پشتگیری لە هەردووکیان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی زۆر قسەی باش کراو چەندین جاریش لەو هۆڵە قسەی باشتریش کراوە، بەلاّم بەداخەوە هەر ماوەیەک وادەبینین پێشێلکاری دووبارە دەبێتەوە، بارەکە ئاڵۆزتر دەبێتەوە ولەشکرکێشی زیاتر دەبێت بەڕای من لێرە ئێمە باسی شتی کۆنکریتی بکەین چاکە نەک شتی عاطفی شتی وا باس بکەین کە بەڕاستی لەپێشتر لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوو زۆر باسی لێ کراوە بەتایبەتی لەپاش ئەو ڕووداوانە ئێستاکە لەکوردستان ئەزدواجیەتی دەسەلاّت هەیە ڕاستە ئێمە لەشکلێکی حکومەتین ئێوە شکلی پەرلەمانن، بەلاّم هەردوو بەڕێزان ومەکتەبە سیاسیەکان بڕیاریان بەدەستەوەیە، هەندێک لە وەزیرە بەڕێزەکان ولەئەندامانی پەرلەمان تەوجیهات لە مەکتەبی سیاسی وهەردوو بەڕێزەوە وەردەگرن لەبەر ئەوە ئێستاکە پەرلەمانی کوردستان کە زۆر زۆر پیرۆزە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر زۆر گرنگە دوو دەسکەوتی زۆر گەورەن هەقە بەڕاستی مام جەلال وکاک مەسعوود بەشداریی بکەن وبێنە ناو شەرعیەتی دەستوورییەوە، نەک لەدەرەوەی بن، داوا دەکەین ئەم دووبەڕێزە یەکیان ببێتە سەرۆکی پەرلەمان ویەکیان ببێتە سەرۆکی حکومەت وهەموو هێزی گەلی کوردیش لەناویدا بێ وئەگەر پاساوی وابێ کە پێشتر تەعامول لەگەڵ باری کوردستان ناکەن کە حکومەت وپەرلەمان هەیە بەڕای من تەعامول دەکەن فەرموون ئەوە گەورەترین وەفدی پەرلەمانی بەریتانی کەوا ئێستا لێرەن وئەوەی ئەمنیش کە خەڵک دەبینم وەفدی دەرەوە دێنە کوردستان ئێستاکە زیاتر لە تاقیکردنەوەی ئەو شەڕە بە تایبەتی ئەوکارەساتە زۆر زۆر پێیان خۆشە زیاتر تەعامول لەگەڵ شەرعیبیەت بکەن نەک لەگەڵ دوو حزبەکان وئێستاکەش قەزییەی

کورد زۆر چۆتە پێشەوە جا هیوادارم ئێمە بیر لەوە بکەینەوە هەندێک شتی کۆنکریتی بکەین و چارەسەری ئەم بارە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی ئەندامانی پەرلەمان دەکەین وسوپاسی کاک عەبدوڵڵا بۆ ئەو موداخەلاتانە، ئێستاش قسەی جەنابی مام جەلالە، فەرموون.

**بەڕێز مام جەلال تالەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی ئێوەوە بەخێر هاتنی دۆستەکانی دێرینی گەلەکەمان، وەفدی پەرلەمانی بەریتانی دەکەم ئینجا دێمە سەر مەسەلەکانتان ودەمەوێ بەراشکاوی وەلامی پرسیارەکان بدەمەوە پێش ئەوەی وەلامی پرسیار بدەمەوە دەمەوێ تەئییدی بەشێکی قسەکانی کاک فرەنسۆ بکەم ئەویش ئەوەیە کە پەرلەمان ماوەیەک دابنێت بۆ ئەوەی ئەو شتانە جێبەجێ بکات، چونکە ئێمە هەتا ئێستا چەندین ڕێککەوتننامەمان ئیمزا کردووە، چەندین بەڵێنمان داوە لێرە وبڕیارمان داوە، بەلام گلەیی وئازارەکە لەجێبەجێ کردنە، من باوەڕ ناکەم هیچ یەک لەو ڕێککەوتنامانەی کە کردیتمان خراپ بووبن لەو بڕیارانەی دامان بڕیاری نا بەجێ بن لەو هەڵوێستانەی گرتیتمان هەڵوێستی ناڕەوا بووبن، بەلام جێبەجێ نەکرا بوون لەبەر ئەوە من پێم وایە کاک فەرەنسۆ لەسەر هەقە کەوا پەرلەمان خۆی ماوەیەک دانێ بۆ جێبەجێ کردنی هیچ نەبێ ئەو دووبڕیارەی کەخۆی داویەتی کەمن بەش بەحالی خۆم تەئییدی هەموویان دەکەم، ئینجا ئەگەر جێبەجێ نەکرا بەڕای من واز نەهێنین خۆیان حەل کەن دەوری مێژوویی خۆیان ببینن، هەڵوێست وەربگرن پێشیان جێبەجێ ناکرێ خۆ ئەو بەهەڵە ئایەتێکی ئێمەی خوێندەوە من دەمەوێ حەدیثێکی پێغەمبەری خۆمان (درودی خوای لەسەر بێ) بەڕاستی بخوێنمەوە (من رای منکم منکرا فلیغیره بیده وان لم یستطع فبلسانە) ئەگەر پێتان ناکرێ بەدەستی خۆتان یەکیان بگۆڕن بەدەمی خۆتان بیگۆڕن، بڕیارێک دەرکەن کێ تاوانبار دەکەن بیکەن، هەڵوێستێک بگرن ئەوهەڵوێستە ئێوە هەقتان هەیە هەڵبژێردراون ڕاستە ئێوە فراکسیۆنی زەردوو فراکسیۆنی سەوز بوونە، بەلام کەدانراون ئەو شەرەفەتان وەرگرت، بوون بەئەندامی پەرلەمانی کوردستان مافێکتان کەسب کرد ئەو هەقە بەکاربێنن چیتان پێ باشە بڕیاری لەسەر بدەن ومن بەش بەحالی خۆم پێم وایە کاک مەسعوود هەروا هیچ عاجز نابێ لەو قسانە کە کردتان یان لەو بڕیارانەی کەدەیدەن، چونکە هەقی خۆتانە ئەوە شتێکی وەکو وتمان دووڕیانێکی مێژووییە وەکو باستان کرد، ئێمە لەسەر دووڕیانێ بە ڕێی هات ونەهات دا ئەبێ ڕێ یەکیان هەڵبژێرین ڕێی نەهات ڕێی تیا چوونە، لە دەستدانی دەسکەوتەکانمانە، لە دەستدانی خوێنی شەهیدانمانە، لە دەستدانی ڕەنجی تێکۆشەرانی نەک هەر ئەو دوو حزبەیە، بەڵکو هی چەندین دەیان ودەیان ساڵ پێش دروست بوونی ئەم حزبەشە ڕێی هاتەکەش ڕێی ڕزگارکردنی کوردستان ودیموکراسی بۆ عێراق بەدی هێنانی مافەکانی گەلەکەمان ڕزگارکردنی بەشەکەی تری کوردستانە،

پرسـیـارێکی بەجێ یە کـاک عـەبدولخـالق زەنگەنە دەیکات دەڵێ بەرەو کـوێمـان دەبەن، ڕاسـتـە بەڕاسـتی بەرەو کـوێ دەچین، ئایا بەرەو ئـینتـحـار دەچین بەرەو خـۆ کـوشـتنی دەچین، شـەرەکـە خۆکوشتنە بەچ مەعنایەک خۆکوشتنە سەرکەوتووی تێدا نییە، لەو شەرە ژێر کەوتنی تێدایە، بەڵام ژێر کەوتنی میللەتەکە ژێر کەوتنی مەسەلەی کورد وژێر کەوتنی هەموو ئەو ئاوات وئامانجانەی کە شەهیدەکانمان لەپێناویا خەباتیان کردووە برادەران هەندێ جار پرسیاری بەجێ دەکەن، مەسەلەن شەڕ بۆ لەوێ ڕوو دەدات، هۆی چیبە، دیارە دەستێک هەیە ئەو شەڕانە دەکات، بەڵام من پێم وایە سیولەتی سەرکردەکانی تێدایە کە خۆم ئیستثناناکەم کاک مەسعوود ئیستثنا ناکەم مەکتەبی سیاسی هەردوو لا ئیستثنا ناکەم بۆچی ناکـۆڵنەوە لەو ڕووداوانەی کـە ڕوودەدات لە ٥/٧ تا ئێستا چەند بڕیار دەرچووە بۆ شەڕ ڕاگرتن وبۆ نەمانی شەڕو بۆ پێک داهاتن، لە چەند جێ شەڕ قـەومـاوە دەیان کـەس کـوژراون، چەند کـەس لەدەست چوون، بۆچی لەیەکـێک لەو ڕووداوانە ناکـۆڵنەوە، بلێین بابە ئەو ڕووداوە فـلانیـە لیـژنـەیەک با پەرلەمـان دروسـتی بکا بچی بلێ ئەم ڕووداوە خەتای پارتییە، ئەوی تریان خەتای یەکێتی یە وئەو کەسانەی کردوویانە فلان وفلانن ئەگەر پێیان سزا نادرێ هیچ نەبێ بەخەڵکیان بناسێنن من پێم وایە زەمانی ئەوە هاتووە کە لەو ڕووداوانە خـۆش نەبین، چونکە هەر لە ڕووداوێ خـۆش دەبین یەکێکی تر دەبینین لەدوایی دێنەوە لەوی تر خـۆش دەبین یەکی تر لەدوای دێتـەوە، ئینجـا ئـەنجـامـەکـەی ئەوەیە بەڕاسـتی هەردوولا دەسـتیـان کـردۆتە دروست کـردنی مـیلیشـیـات لیـوای تایبـەت وخـۆ سـازدان شـتێکی ئاشکرایە وناشاردرێنەوە، کەس ناتوانێ انکاری بکات باشەو ئەو خۆ سازدانە بۆ ڕزگارکردنی بەشەکەی تری کـوردستانی کە لەبن دەستی دوژمنە ئایا ئەو هێزانەی پارتی ویەکێتی لەیەکتریان کۆکردبۆوە یان ئێستا لەیەکتریان لەدوورەوە کۆکردۆتەوە ئەگەر ڕووبکاتە موسڵ یان کەرکووک هەردووکیان ڕزگار دەکات باشە بۆ چی بیر لەوە نەکەینەوە مەسەلە پرسیـار دەکەن ئەو مەسەلانە بۆ ڕوودەدەن، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم دەمەوێ سەرنجتان بۆ ئەو خاڵە ڕابکێشم کە هەموومان بۆ بیر لەوە بکەینەوە چۆن پەکی ئەو شتانە دەخەین ئەو شتانە ڕوودەدەن، سەرۆکایەتی هەردوو حزبەکە دەڵێن پێـمـان خۆش نییـە، بەڵام شتی خراپتر ڕوودەداتەوە، هۆیەکانی بەڕاستی بەلای منەوە باس ناکرێ هۆیە ڕاسـتەقـینەکانی ناگوترێ، ئەوەی بن پەردەیە نایەتە سەر پەردە ئەگەر ئەوانە والێ بکەین با ئەو ئەرکەش بدەینە پەرلەمان، پەرلەمـان لیژنەیەک دانێ بەو گیانەی کە ئەو دووشتەتان پێ نووسیوە، بەو گیانەی کە ئەو دوو بەیانەتان پێ نووسیوە، بەو گیانەی کەوا ئەو قسانەی ئێستا پێ دەکەن لەڕووی ئێـمـەدا بەو گـیـانە بەڕاسـتی من پێم وایە دەتوانین هۆیەکـانی بدۆزنەوە وچارەکـانی دەستنیشـان بکەن، دەڵێن شەڕ بوەستێنن، سەرچاومـان گوت شەڕ بوەسـتێ هەولێری گـۆتەنی چ سەگباب نالێ شەڕ بوەستێ، بڕیار دەردەچێ، بەڵام شەڕ نە هەر لەولا لەم لا دروست دەبێتەوە بۆ دروست دەبێـتـەوە هەر کـەسـێک دیارە خـەتای هەیە، هەر لایەنێک، هەر گـرووپێک، هەر جەماعەتێک هەقە بەڕاستی ئەگەر پێمان بکرێ یان پێمان ناکرێ بەدەستی خۆمان بیگۆڕین با بەزمان بیگۆڕین یا باسی بکەین بلێین فلانە کەس کردوویەتی پەرلەمان بەجێ مەیەڵن بۆ هەڕەشە

دەکەن لەوەی کە پەرلەمان بەجێ دێڵن، پەرلەمان بەکاربێنن بۆ ئەوەی مەلامحەمەد ئەمین فەرمووی خەڵک بابێنە سەر سەرکردایەتی حزبەکان بڵێ ئەوەم قبوڵ نییە با پەرلەمان خۆی بڕیار بدات بڵێ ئەوەم قبوڵ نییە، چونکە ئەوەش زۆربەی ئەو خەڵکانەن کەلەناو کۆمەڵانی خەڵک دا حورمەتتان هەیە ودەنگتان هەیە قسەتان هەیە خەڵکیش گوێ یان لێ رادەگرێ کاک مامەند باسی ئەوە دەکا کەیاسا دادگا بێت، ئەوە زۆر راستە یاسا دادگا بێت، بەڵام چۆن یاسا دادگا دەبێت یاسا دادگا نابێت کە چوار حکومەت هەبێ یاسا دادگا دەبێت کەیەک حکومەت هەبوو، یەک حکومەت بۆ ئەوەی حکومەت هەبێت ئەو حکومەتەش دەبێ نینۆکی هەبێت خۆی پێ بخورێنێ، ئینجا جینجرۆکی هەبێت دەستی پێ بکاتەوە، ئەوەش بریتی یە لەوەی حکومەتی هەبێ حکومەتێکی راستەقینە بێت دەسەڵاتی تەواوی هەبێت سەرۆک وەزیران، سەرۆک وەزیران بێت، جێگری سەرۆک وەزیران، جێگری سەرۆک وەزیران بێت، وەزیر وەزیر بێت جێگری وەزیر جێگر بێت، کاک عەبدوڵلا و گەلێ لە برادەران باسی ئەوە دەکەن زۆر جار دەیهێننەوە ئەڵێن هەردووکتان بەشداری بکەن من بەش بەحاڵی خۆم لەیەکەم شەوی هەڵبژاردنەوە دژی ئەو فکرەیە نەبووم یەکەم رۆژی هەڵبژاردن کە ئیعلان کرا ئێوارەکەی ئەو پێشنیارە هات من دژی نەبووم ئێستاش دژی نیمە وپێم باشە ئەو فکرەیە دەرس کەن بەڵام بەپەلەی لێ مەکەن وای تێ مەگەن ئەوە چارەیەکی سحریە، چارەی سیحریان بەدەستەوە نییە، بیری لێ بکەنەوە لەکێشەکان بەجیددی وبە رێکوپێکی وەڵامەکانی بۆ بدۆزنەوە من بەش بەحاڵی خۆم هەر بڕیارێکی دانان بەزۆربەی دەنگ بێ جێبەجێی دەکەم ئەمەوێ بیڵێم بە هەردووکیان کاک مامەند باسی ئەوەی کرد کە بەس حکومەتی هەرێمان دەوێ ئەوە زۆر شتێکی باشە بەڵام حکومەتی هەرێم کاتێک دەبێتە حکومەتی هەرێم کەوا پێشمەرگەی خۆی هەبێت هێزی پۆلیسی خۆی هەبێت وهێزی ئاسایشی خۆی هەبێت ئەوەش بەوە دەبێت کەوا بەتەجنید بێت نیوەی پارتی بێت نیوەی یەکێتی بێت هەر کاتێکی ئێمە ئەمرمان پێکرد هەر نیوەی دەچێتەوە بن دەستی خۆی، خۆی پۆلیس وئاسایش وئەوەی کە داندراوە ژمارەیەکی ئەوەندە زۆرە بەناوی حزبەکانەوە داندراوە، بەشی چوار وڵات دەکات کە چی ئەمن وئاسایش چی پێ ناکرێ، وەزیری ناوخۆ سەردەلەقێنێ دەڵێ بەڵێ وەڵلا راست دەکەی مام جەلال ئەمن ناتوانم هەولێر بپارێزم راستیش دەکات رەنگە مووچەی ١٥و١٦ هەزار پۆلیسیش بدات وایە باشە وەکو وڵاتان پۆلیس دابنێین ئەوەی لە ئەسڵدا پۆلیس بووە خانەنشینی بکەن ئەوەی تری حزبەکان دایان ناوە هەڵییان بوەشێننەوە یەک جهازی پۆلیسی مۆدێرن دروست بکەن باداوا لەخەڵک بکەین بێن سەرپەرشتی بکەن، بۆمان تەرتیب بکەن، بۆمان تەدریب پێ بکەن، هێزێکی پۆلیس راستەقینە بێت هی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بێت، ئاسایشی هەرێمی کوردستانی بێت هێزەکەی تریش هی هەرێمی کوردستانی بێت دیارە هەرێمی کوردستانیش پشتیوانی لەپەرلەمان وەردەگرێت ئەمر لەپەرلەمان وەردەگرێت ئەوسا کاک مامەند حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێتە حکومەتی تۆ ئەگینا حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئێستا دووحزبەکەی تێدا نەبێت ئەم شەو هەڵی دەوەشێننەوە، لەبەر ئەوە هەیبەتەکە لەوێ یە یەکەم جار (چاکمان لەژێللا

هێنابوو) خۆتان گوتەنی کاک مامەند بەڵام دوایی وردە وردە چاکمان نەبردە سەر لەبەر ئەوە بەراستی پێویستە بیر لەوە بکەینەوە کەوا چارەی چییە کلیلەکەی لەکوێیە، هەندێک دەڵێن کلیلەکە لەگیرفانی کاک مەسعوود ومام جەلالە، ئێستا حەز دەکەن گیرفانی کاک مەسعوود دەگەرێم باوەر ناکەم هیچ کلیلێکی تێدا بێت وئەوەی منیش وەرن بگەرێن من وکاک مەسعوود کەدادەنیشین مەسەلەن رەنگە ئێوە گاڵتەمان پێ بکەن هیچ ناکۆکیەکمان نییە باوەر بکەن هیچ ناکۆکییەکمان نەبووە باوەر بکەن کە دانیشتووین بەتەنیا لە ژوورێک هیچ کەسی لێ نەبووە لەخوای خۆمان بەو لاوە کەسی کەش ئاگای لێ نەبووە هیچ ناکۆکییەکمان نەبووە هەتا لەسەر هەندە مەسەلەی ناوەوەی ناو پارتی و یەکێتی بۆ وایە، نازانم منیش لەگەڵ ئێوە ئەپرسم بۆ وایە، بەراستی خەڵکێک هەنە با هەمووبان بگەرێن وبیدۆزینەوە، نا نەخێر من ناڵێم سووچی ئێوەیە، من ناڵێم گاور کە بچێتە بەینمان تێکمان دەدات من ئەوە ناڵێم بەراستی رەنگە سووچی ئێمەش بێت بەڵام دەوەرن پێمان بڵێن دانیشین سووچەکە لەکوێ یەوە دەستی پێ دەکات هەتا چاکی کەین هەتا بچینەوە سەری هەتا باشی بکەین، سەید حەسەن دەپرسێ دەڵێ رایتان چییە لەسەر ئەم دووبەیانە من پێم وایە رایان باشەو من پێم وایە بەراستی ئەو نامەی دووەمی ئەو بەرێزانە ئیمزایان کردووە دەست پێشخەرەیەکی باشە بۆ ئاسایی کردنەوە، ئەو نامەیە نامەیەکی زۆر زۆر چاکە دەکرێ مەدخلیش بێ بۆ ئاسایی کردنەوەی بارەکە، چونکە دەڵێ مەسەلە بریاری (حاسم بوقف اطلاق النار) ئەوە من هەمواریکم هەیە دەڵێم و تەحریم وتەجریمی هەڵگیرسانی لە هەر شوێنێک ولە هەر ناوچەیەک بێ وبەهەر بیانویەک بەهەر هۆیەک بەڵام لێرە تەعلیقی لەسەر دەکەم مەسەلەی دووەم (عدم افساح المجال بأي شكل من الاشكال امام اية خروقات ومحاسبة المقصرين) زۆر زۆر باشە ئەوە (فصل القوات فورا) زۆر باشە، ئەوەش باشتریشە دەتوانن پێشنیارێکی باشتر بکەین با تەجمیعی قوات بکەین لە چەند شوێنێک بۆ هەر (فصل القوات)؟ با لەکوردستان چەند شوێنێک دابنێین شارەکان ئەو لایانە هیچ هێزی لێ نەهێڵین، باشارەکان چۆڵ بکەین لەهێزی چەکدار بەتەواوی با هەرچی هێزی پێشمەرگەیە لەشارەکان بچێتە دەرێ بۆیان دانێن بڵێن پارتی تۆ هەقت هەیە لەفلان خاڵ ولەفلان خاڵ هێزەکانت کۆبکەیتەوە، یەکێتی تۆ هەقت هەیە لەفلان خاڵ ولەفلان خاڵ هێزەکانی خۆت کۆبکەیتەوە، ئێوە کە ئەوانەتان کۆکردەوە ئینجا وەرن یاسای حزبەکان ویاسای چەک هەڵگرتن جێبەجێ بکەن ئیشەکە تەواو دەبێت بریارتان هەیە بە هەڵوەشاندنەوەی میلیشیەکان بریارێک دەرکەن هەر کەسێ نەی کرد تاوانباری بکەن، من پێتان دەڵێم بەناوی یەکێتی یەوە ئێمە موافقین لەسەر هەڵوەشاندەوەی میلیشیەکان ومن باوەرناکەم پارتی پێی خۆش بێت ئەو مەسرەفە بکات، برادەرینە عەفووم بکەن پیاوی عاقل ئەوەیان نووسیوە بەراستی ئەمە ئاخر لەکورد دا بەداخەوە کەم بووە لەبەر ئەوە شتێکی نادرە، عوملەی نادرە بۆیە باسی دەکەم چاکیشیان بیر کردۆتەوە (انسحاب القوات الى اتفاقية) ئەوەندە باشە نەک هەر ئەوەندە بەرای من ئەوەندەشی بخەینە سەری کە من پێشنیارم کرد شارەکان پاک بکەنەوە لە لەشکرەکان، خاڵیان بۆ دابنێین ئێوە دانیشن، پەرلەمان دانیشی کێ نەیکرد ئەو کاتە

ئەی عالەم ئەی خەڵکی کوردستان ئێمە گوتمان لەجیاتی ئەوەی کاک فرەنسۆ بڵێ دەچینەوەماڵی خۆمان نەخێر قسە بکەن بەیان بکەن بڵێین دامانتا نەیان کرد، باسی ئەوە دەکەن ئەوجا (ثانیا وثالثا ورابعا) هەموو شتی چاکە من پێم وایە پەلە بکرێ لە مۆرکردنی ڕێکەوتنەکەی پاریس چونکە زۆرشتێکی گرنگە ئەو ڕێککەوتنەی پاریس چەند گرنگی هەیە، یەکەم ئیتفاقیە کە بەڕاستی چارەسەری هەموو کێشەکانی کردووە هەرچی کێشەیەک هەیە دێتەرێمان لە بیرتانە چارەی کردووە بەڵام ئەوە لەشێنە ئیمزا ناکرێ لە خەتێش نییە لە سەلاحەدین وهەولێریش نییە لە پاریسە بەئامادەبونی سەرۆک فرانسوا میترانە ئەوە شتێکی زۆر زۆر گەورەیە، برادەرینە، خوشکینە، چاک لەمەسەلەکە بگەن من هەموو جار لەقسەکانم هێرۆ حذف دەکەم لەخوشک وبرادەرینە، هێرۆگیان تۆشی تێدای ئەوی ناگرێتەوە لەهەڤاڵان حسێبی، ئیتر شتێکی گەورەیە ئەوە سەرۆک میتران دەڵێن لەنەخۆشیەکەی چاک بۆتەوە هەر لەبەنجەکە کراوەتەوە وتی کوردەکان ئەرێ چۆنن؟ کۆبوونەوەکەیان باش دەڕوا یان نا؟ پاش ئەوە هەر تازە دەستی کردۆتەوە بە ئیش خەبەریان داوە کە کاک مەسعوود وبەندەی موخلصتان بچین لەوێ هەرچی زووتر پێش ئەو مانگەی ئیمزای بکەین بە رەئی من ئەوە فورسەتێکە ئێوە لیژنەیەک دانێن موتابەعەی ئەو بڕیارەی خۆتان داوتانە کە هەردوولامان موافەقەی لەسەر بکەین جێبەجێی بکەین ئێمەش بچین لەوێ ئیمزای بکەین ئەگەر نەمان کرد نەیەڵن بێینەوە خۆتان دوو کەسی تر هەڵبژێرن ئەوە هیجرەتێکی باشە مەسەلەی قسەکانی تر نووسیوتانە من اعتراضم لەسەر یەک خاڵ نییە، هەموو خاڵەکان ئەمن پێم وایە خطەیەکی عەمەلیشە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو ئاسایی کردنەوەی تەواو دەبات ئەگەر جێبەجێ بکرێ (١٩) ماددەکەشتان هەمووی باشە بەڵام بەڕاستی پێویستە قسەتان هەبێ کارتان هەبێ باسی یاساکانتان کرد یاساکانتان زۆر زۆر چاکن، دەستەی سەرۆکایەتی بۆ کار ناکات؟ من جەوابەکە بۆ کاک مەسعوود بەجێ دێڵم، مەسەلەی یاساکان با جێبەجێ بکرێن لەبەیانی یەوە ئەوە خۆتان ئەوە حکومەت لێرەیە پەرلەمان ئەمەر بکا دەست بکەن بە جێبەجێ کردنی یاساکان، دووبار، سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز مام جەلال.. ئێستاش دەرگای پرسیار دەکەینەوە.. فەرموو کاک قاسم.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز مام جەلال پرسیارا من فیعلەن اتفاقیەک بوو بوو بۆ نەهێلانا شەڕ دگەل بزووتنەوەی ئیسلامی، ئایا جەنابیتە ئامادەیی هەیە بۆ ئەو ڕێککەوتنامە نوێ بکەنەوە وتەطبیق بکەن، سوپاس.

**بەڕێز مام جەلال تالەبانی:**

بەڵێ ڕاستە، ڕێککەوتننامەیەک لەبەینی ئێمەو بزووتنەوەی ئیسلامی جێبەجێ بووبوو، تەوقیع کرابوو (بالاحرف الاولی) ئەوە لێرە خۆتان سیاسیتان هەیە، قانونیتان هەیە، خەڵکتان هەیە

لەدەرەوە لەناوەوە ماناکەی تێ دەگات (بالاحرف الاولى)یان چ قەرار بوو پاشان تەصدیق بکرێ لە سعودیە بەسیفەتی نهائی ئێمە لەناوەڕۆکەکەی هیچ پەشیمان نین ئێمە پێمان وایە رەئی ئێمە لەبزووتنەوەی ئیسلامی هەتا بلێی خراپە، بەڵام پێمان وایە بزووتنەوەی ئیسلامی باوەکو حزبەکی سیاسی ئیش بکات باوەڕمان بەو ئایەتە هەیە کە لەقورئاندا دەفەرمێت (بسم الله الرحمن الرحیم، فبشر عبادي الذین یستمعون القول فیتبعون أحسنه) رەئیمان وایە هەموو کەس رەئی خۆی بلێ وەکو یەکێتی رامان لەسەر بزووتنەوەی ئیسلامی تا بلێی خراپە، پێمان جەماعەتێکی تیرۆرستن، پیاوکوژن ئەو وەسیقانەی لەلامانن شتی زۆر سەیرو عەنتیکە نیشان دەدەن دژی دیموکراسین، دژی پەرلەمانن، دژی حکومەتن لەگەڵ ئەوەش دا بابێن وەکو حزبێکی سیاسی ئیش بکەن قسەی خۆیان بکەن، خەڵک بزانن چی دەڵێن، باشە خۆ ئێمە نایەین بەزۆز بەسەر خەڵکیاندا بسەپێنین رای ئێمە ئەوەیە یاسای حزبەکان تەطبیق بکرێ لەسەر ئەوانیش یاسای چەک تەطبیق بکرێ ئەوانیش وەکو حزبێکی سیاسی ئیش بکەن، ئەگەر هێزی پێشمەرگە وەکو جاران مایەوە ئەو یەکگرتووە کە ئەوانیش بەشداربن لەهێزی پێشمەرگەی حکومەتی کوردستان نەک هێزی پێشمەرگەی خۆیان ئەگەر وەکو ئێستا لەسەر ئەساسی هەڵوەشاندنەوەی میلیشیات میلیشیاتەکانی ئەوانیش دەگرێتەوە وتەجنید هەموو کەسێ دەگرێتەوە خۆتۆ خەڵک تەجنید دەکەی ناپرسن تۆ کامە حزبی؟ چی عومریەتی دەیگرێتەوە، ئێمە پێمان وایە فکر بەفکر موناقەشە دەکرێ ئێمە دیارە دژی فکری کۆنەپەرستانین، لێتان ناشارینەوە خۆتان بەرنامەی هیچ نەبێ یەکێتیتان بیستووە، ئێمە هێزێکی سۆسیال دیموکراتین ئێمە باوەڕمان بەوەیە لەدوا رۆژدا سوشیالزم سەر دەکەوێ ئەوان ئیمانیان بەشتێکی تر هەیە، ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە دیموکراسی هەبێت، ئەوان دژی دیموکراسین تەصریحیان دا بەعەلەنی لەرۆژنامەدا لەگەڵ ئەوەشدا بابێ قسەی خۆی بکات (فبشر عبادي الذین یستمعون القول فیتبعون أحسنه) ئێمە پێمان وا نییە خەڵکی کورد لەو دەرەجەیە بێ لە سادەیی کە هەڵخەڵەتێ بەشتی وا ئێمە رەئی خۆمانمان هەیە لەسەر مومکینە حزبی تریش بەڵام بەرای ئێمە هیچ حزبێک ئیستثناء نەکرێ باهەمووی ئیجازەی هەبێ وبێ ئیش بکا ئەوەی قابلی ژیانە دەژیێت ئەوەی قابلی ژیانی نییە دەڕوات، ئێمە باوەڕمان بەوەش هەیە ئەوانە بێن ئیش بکەن وەکو حزبێکی سیاسی، کاکە دکتۆر جەنابت تێدا ئەوی تریش گەلاوێژ خان باسی شتی چاکی کرد من هیچ قسەم نییە تەنیا ئەوە نەبێت هەڵوێست چییە بەرامبەر ئەوانەی خروقات دەکەن، وەڵڵا هەقە هەموو کەس موحاسەبە بکرێ لەسەر خروقات هەرکەسە کردی سزا بدرێ هاتنە ناو شەرعیەتی دەستووری کاک عەبدوڵڵا ئیشارەی کرد، کاک عەبدوڵڵا دیارە هەر ئیکتفا ناکات هەموو جار لەمەکتەبی سیاسی یەکێتی ئەو مەسەلەیە دێنێتە پێش بەڵێ لەگەڵ کاک مەسعودیش ئێوەش بڕیارتان هەیە لە پەرلەمان ئێمە بەڕاستی پێمان باشە زەمانی ئەوە هاتووە، ئەو دوو مەسەلەیە بیری لێ بکرێتەوە وئەو دووسێ کێشەمان بۆ حەل دەکات من حەز دەکەم بیڵێم یەکیان من حەز دەکەم گلەییمان هەبێ لەسەر ئەوەی ئێستا بێنە سەر ئەوەی بیڵێی بۆ نموونە ئێمە وەکو یەکێتی پێمان بلێین، کاک عەبدوڵڵا لایەن برادەرێکی پارتی دادەنێین موافق نین، بەڵام بڵێ کاک

مەسعوود دەیکا دەڵێن بەسەر چاو مەسەلەن لە مەسەلەکەی تریش هەروەتر ئەوە دووەم ئەو موشکیلە حەل دەکات کە بەراستی ناوەڕۆکی بڕیارەکە تەوحید دەبێ لەیەک شتدا حکومەت وپەرلەمان دەبێتە شتی تەواویان ڕاستەقینەیان، هیچ نەبێ لەبەر خاتری خۆیان ئەو دووانە کە هاتن یا دەبێ لەگەڵ حزبەکانیان بەشەڕ بێن کە ئەوە خێری هەردوو لاتانی تێدایە هەموو لایەکی تێدایە یان دەبێ بڕیارەکان جێبەجێ بکەن جگە لەوە بەراستی دنیا بخەینە بەر ئیمتحانێک بەپێچەوانەی جاران من جاران لەوە دەترسام کە خەڵک تەعامولمان لەگەڵ نەکات بەرەئی من ئێستا دنیا دەخەینە بەر ئیمتحان ودەڵێن تەعامولمان لەگەڵ دەکەن ئەوەتا نایکەی ئەوەتا ئەو کاتە لەخۆمان دەگەین ئەگەر زانیمان خەڵک تەعامولمان لەگەڵ ناکات ئەو حکومەتەی ئێمەی پێ فشەیە ئەو پەرلەمانەی ئێمەی پێ فشەیە خۆمان بیر لەحاڵی خۆمان دەکەینەوە خوا لەسولطان مەحمود زۆر گەورەترە ئێمە دەیان ساڵە خەباتمان کردووە کەسیشمان لەگەڵ نەبووە ژیاویشین وماویشین گەیشتینە ئەو ڕۆژەش بۆیە بەلای منەوە وەختی هاتووە بە جیددی بیر لەو مەسەلەیە بکەینەوە، وەختی ئەوە هاتووە حزبەکان و پەرلەمانیەکان چاکی دروست بکەن، بەڵام تکایە پەلەی لێ مەکەن تێروتەسەل بێت کە دەڵێم پەلەی لێ مەکەن مەبەستم ئەوە نییە مرداری بکەنەوە، بەڵام لە پاریسیش نەچی نەمردار کرێتەوە، نەپەلەی لێ بکرێ، لەبار بچێت، هەندەک لە برادەران باسی تەحریمی شەڕی ناوخۆیان کردو خۆتان کردووتانە، چەندین جار بڕیارتان هەیە بڕگەکە کە زۆر ڕوونە تاوانبار کردنی شەڕی ناوخۆ حەرام کردنی و پەنا بردنە بەر هێزی وتوند ئەوانە من لەو مەسەلانە شتێکم هەبێ لەبارەی دەروجیران، چونکە چەندین جار دەروجیران هیچ نەبێ دەبنە هۆی ئەوە ئاگرەکە خۆش کەن ئەگەر هەڵیشی نەگیرسێنن یا هەلەکە بقۆزنەوە لەوانەیە لە خۆمان بێ شتەکە، بەڵام ئەوان دەیقۆزنەوە بەنزینی پێدا دەکەن ئاگرەکە خۆش دەکەن لەبەر ئەوە پێویستە ئەوەش بخرێتە سەری کە ئێمە وەکو لە ڕێککەوتننامەی پاریس کراوە وابزانم کاک سامی وا نییە جێبەجێ کراوە ئەوە جێبەجێ بکرێ هەڵوێستێکی یەکگرتوومان هەبێ بەرامبەر بەدەروجیران وهەڵوێستێکی یەکگرتوومان هەبێ لە بەرامبەر هاوکاری لەگەڵ دەورجیران ئەو کاتە ئەوەش دەبێتە هۆیەکی تری مەسەلەی چەسپاندنی ئاشتی وبرایەتی لەکوردستان دا من پێشنیارێکی ترم هەیە کە قسەکانی پێ دوایی دێنم ئەویش ئەوەیە پەرلەمان ئەویش وەکو ئێمە نەکات هەر بڕیاری باش بدا، بەڵکو موراقەبەی جێبەجێ کردنی بکات ئەویش ئەوە دەبێت کە بەرەئی من هەفتەی جارێک بانگمان بکەن ئەگەر دیتتان ئیشەکان جێبەجێ نابن من کاک مەسعوود لە ئامادەبوونتان مەجبورین قسە بکەین، مەجبورین ڕەئی حزبمان بدەین لەبەر ئەوە پێم وایە ئێوەش کز دەبن جەنابی سەرۆک لەگەڵ سەرۆکایەتی و زوو زوو پەرلەمان کۆکەنەوەو بانگمان کەن بۆ ئەندامەتی هیچ نەبێ بۆ چاوکۆڵێن با بەگ بین، ئەوە نییە بۆ موحاسەبە وشتەکان بۆ ئەندامیەتی حەقمان نییە ئەندام بین، بەڵام بۆ هێن بانگمان بکەن بۆ موحاسەبەو ئەو شتانە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمەش گوێتان لێ بگرین ئێوەش تێمان بگەن لەیەکتر بگەین وئەو شتانەی کە هەنە نایکەین من دەمەوێ شتێکتان پێ بڵێم لە دوای هەموو قسەکان دا ئەویش ئەوەیە بەراستی ئەو قسەیەم بەکاک مەسعوود گوتوە ئیجازەی لێ

دەخوازم بەتەنێ پێم گوتووە ئێستا لەبەر چاوی ئێوە دووپاتی بکەمەوە بۆ کاک مەسعوودم گێڕایەوە وتم لە ئیتالیا دێمەوە، ئیتالیا دوو حزبی گەورەی تێدا بوو یەکێکیان لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی حوکمی کرد، یەکێکیشیان دووەم حزبی هاوکار بوو هەردووکیان ئەمجارە وا ئیفلاسیان کرد نسبەتەکەیان نەهێنا پێ بچنە پەرلەمانەوە بۆ ئەوەی رووی بێ بێتەوە ناو کۆمەڵانی خەڵک لە ئەنجامی هەندێ کاری ناڕەوا نادروست، ئەوانە من حەز دەکەم نەیەکێتی وای لێ بێ، نەپارتی وای لێ بێ، لەبەر چاوی کۆمەڵانی خەڵک بەمەسئوول بزاندرێ لەو کارەساتەی کەمیللەتەکەمان بۆی دەچێت بەڕاستی کەس رازی نییە، بەو بارە ئێستاکە من وکاک مەسعوود کە دادەنیشین باوەڕ بکەن لە هەمووتان نارازی ترین ئینجا مەکتەبی سیاسی کاکە کە دادەنیشین نارازینە، ئینجا حزبەکان نارازینە برۆ ناو جەماوەر، جەماوەر نارازیە ئەی بۆ وایە نازانم ئینجا ئەوە بەڕاستی ئەو مەسەلەیە بیرکردنەوەیەکی هەموو لایەکمان هەمووتان بڕیارێکی لەسەر بدەن ومەخرەجێکی بۆ بدۆزنەوە کە من لەو بڕیارەی ئەو دەبینم بەڕاستی لەو بڕیارەی کە ئەم بەڕێزانە ئیمزایان کردووە پێم وایە ئەگەر ئەوە جێبەجێ بکەین بەرەو ئاسایی کردنەوە دەچین و بەرەو ئاشت بوونەوە دەچین وپێم باشە کە ناو بەناویش کۆبوونەوەی گشتی بۆ بکرێت وقسەی لێ بکرێت زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ وەڵامەکانی بەڕێز مام جەلال، ئێستاش تکا لە جەنابی کاک مەسعود بارزانی دەکەین کە بفەرموویت.

**بەڕێز کاک مەسعوود بارزانی:**

بسم الله الرحمن الرحيم

خوشک وبرایانی بەڕێز پێشەکی زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم بۆ ئەوەی کە ئەم دەرفەتەیان بۆ ڕەخساندین وهەروەها بەپێویستیشی دەزانم بەخێر هاتنێکی گەرمی وەفدی پەرلەمانی بەریتانی بکەم هەر چەندە برایانی بەڕێز باسی هەموو خاڵەکانیان کرد وبرای بەڕێز مام جەلال بەدرێژی باسی هەموو خاڵەکانی کرد، بەڵام چەند خاڵێک هەیە منیش بەپێویستی دەزانم کەباسی بکەم گومان لەوەدا نییە کە ئەم شەڕە خۆکوژییە کەس سەرکەوتوو نابێ تێی دا وئەوەی زەرەری هەرە گەورەش کەمیللەتەکەمانە کەواتە ئەمە شەڕێک نیە کەس شانازی پێوە بکات وهەرچی زووتر ئەم شەڕە و شوێنەواری ئەم شەڕە کۆتایی پێ بێت لەبەرژەوەندی میللەتەکەمانە من دەمەوێ وەڵامی کاک ئەرسەلان بایز بدەمەوە، کاتێ کەدەڵێن ئێمە ئاگادار نین یانی بەقسەی ئێمە نییە مەجبوور نین ئەوە بڵێین کەخیلافی حەقیقەت بێ، لەڕۆژی ١/٥ تا ئەمڕۆ تەحەدای هەموو کەسێ دەکەم ئەگەر یەکێک لەو شەڕانەی بووە بەقسەی من بووبێ یا حەزم کردبێ ئەم شەڕە ببێ ئەو دەورەی کەمن بینیم هەمووی ئەوە بووە کە شەڕەکە نەبێ، لەهەندێ جار باش بوو خۆش بەختانە زوو کۆنترۆڵ ئەکرا، لەهەندێ شوێنیش لەکۆنترۆڵ دەردەچوو، بۆ چونکە بڕوا بەم شەڕە نییە پێم وایە ئەم شەڕە فەوتاندنی خۆمانە وهی میللەتەکەمانە ئیتر کەشەڕێکی وابێ مەگەر شتێک بێ شەڕی وا بکات ئەگینا مرۆڤ چۆن شەڕی وا ئەکا ئەگینا مرۆڤ بڕوای بەشەڕ کردن هەبێ خۆ ئەمە

شەڕ نییە کاک ئەرسەلان ئەوەی کە دەکرێ بەڕاستی گاڵتە پێ کردنە، ئەمە بۆتە مەهزەلە نەشەڕە نەئاشتییە، کەس نازانێ ئەمە چییە، لەبەر ئەوە من تەئکیدی دەکەمەوە کە لەڕۆژی ١/٥ تائێستا تاماویشم من دژی شەڕی خۆ کوژیم، دژی شەڕی برا کوژیم، دژی شەڕی کورد کوژیم وحەز دەکەم هەموو کەسێ ئەوە بزانێ ئاسایی لەم دۆخەدا دۆخێک دروست بووە بەداخەوە هەر لێپرسراوێکی ناوخۆیی لەهەر شوێنێک بەتەقەی تفەنگێک دەتوانێ کارەساتێک دروست بکات دەتوانێ ببێتە ئاگرێکی وا کە زۆر بەزەحمەت بکوژێتەوە لەبەر ئەوە، چونکە دوو هێز بەرامبەر یەکتر وەستاون دۆخێکی گرژ بارێکی ناخۆش خولقاوە لەبەر ئەوە دەبێ ئەم دۆخە ئاسایی بکرێتەوە ئەو بارە نەمێنێ بۆ ئەوەی ئەو مەترسیەش لەناو بچێ ئەوەی خۆش بەختانە ئەو دوو بڕیارەی کەلە پەرلەمانەوە دەرچووە یەکێک هەڵوێستی پەرلەمانە لەڕۆژی (٢٥)ی مانگی تەمووز وئەوەی تریش پێشنیار و بڕیاری ئەودوو لیژنەی کەبەلیژنەی پەرلەمانی چوون بۆ ناوچەکانی پشدەر وناوچەکانی هەڵەبجە وپێنجوین، ئێمە زۆر بەگەرمی پشتگیری لە هەردوو بڕیارەکە دەکەین بەهەردوو هەڵوێست وپێمان وایە بڕیاری زۆر چاک دراوە ومن پێشنیارم ئەوەیە ئەگەر بەشیش نەکا فراوانتر بکرێت ودابەزین لەگەڵ لیژنەکانی ئاسایی کردنەوە بۆ مەراکزی پارێزگاکان وقەزاو ناحیەکان وهەر شوێنێکی پێویست بێ بۆ ئەوەی چاودێری لەسەر کاری ئاسایی کردنەوە بکرێ وپەرلەمان دەوری خۆی ببینێت زۆر ئاسانە چ بۆ برایانی پەرلەمان کە بڕیار دەربکا لەسەر ئەم بارە زۆر جار مەسئولیەت دەخەنە سەر من ومام جەلال بەڕاستی ئێمە لە مەسئولیەت ڕاناکەین بەلام واش نییە هەمووی لەسەر شانی ئێمە بێ هەتاکەی وابزانم ئێوەش تەحەمولی مەسئولیەت دەکەن هەر یەکێک ئەگەر پێتان وایە وجودی ئێمە دەعمێکە بۆ ئێوە زۆر چاکە ئەگەر نا خۆئێوە دەتوانن بڕیار بدەن لامان دەن ومن بەڕاستیمە ئەگەر دەزانن لاچوونی ئێمە خزمەتێک بەپەرلەمان وبەحکومەتی هەرێم وچەسپاندنی یاسا دەکات ئەوە وابزانم بەرژەوەندی میللەتی کورد لەدوو کەس زۆر زۆر گەورەترو بەرزتر وگرنگترە، پێم وایە پەرلەمان دەتوانێ دەورێکی زۆر کاریگەر ببینێ منیش لەگەڵ ئەوە نیم کەپەرلەمان بێ خۆی حەل بکات، بەلام پەرلەمان با هەڵوێست وەرگرێ پەرلەمان بادابەزێ بۆ ناو جەماوەر، جەماوەر پێش دەن وپێشیان کەون خۆپێشاندان بکەن، بڕۆنە سەر مەکتەبی سیاسی یەکێتی، بڕۆنە سەر مەکتەبی سیاسی پارتی ڕێگە لەمام جەلال بگرن لەمن بگرن، بەڕاستی ئێوە دەتوانن وای لێ بکەن جەماوەر خۆی ببێ بەحاکم نەهێڵێ بەشەرێک بتوانێ بچوکترین خروقات بکات، ئەتوانن هەموو خانەوادەی شەهیدەکان بخەنە دوای خۆتان، بڕوا ناکەم کەس جورئەتی ئەوە بکا ڕۆژێ لەڕۆژان ڕێگا لەماڵەشەهید بگرێ، ئێوە دەتوانن زۆر شت بکەن، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەوەی کە ڕووی دا کارەساتێکی گەورە بوو کارەساتێک بوو کە کەمی مابوو کە ئێمە وەکو میللەتێک تێ بچین وئێستاش پێشنیاری من ئەوەیە پەرلەمان لەوەش دا لێکۆڵینەوە بکات لەڕۆژی ١/٥ تا ئەمڕۆ لێکۆڵینەوە بکات من پێم وایە بەگشتی هەموو مەسئولیەتەکە بخرێتە سەرشانی کەسێک یان تەنزیمێک بەبێ لێکۆڵینەوە، لێکۆڵینەوە بکرێ لەهەموو ئەو ڕووداوانەی پێم وایە ئەمە خزمەتێکی گەورەیە بەمیللەتی کورد بەئایندەی میللەتی کورد، من زۆر بەگەرمی

تەئیدی پێشنیارەکە برای بەڕێزمان مام جەلال دەکەم بۆ دەستنیشان کردنی چەند شوێنێک بۆ ئەوەی لەشارەکان کۆبێتەوە بۆ چارەی ئەم بارە ئاسایی کردنەوەی و چوونمان بۆ پاریس بەتەئکید شتێکی گەورەیە سەرۆکی دەوڵەتێکی گەورە خۆی شەخصییەن موهتەم بێ بەکێشەی گەلەکەمان من پێم وایە کە ئەچین ئەبێ لە(١٠٠٪) دڵنیا بین کە کاری ئاسایی کردنەوە سەرکەوتووە وئێمە توشی شەرمەزاری نەبین لەوێ بێین وئینجا شتی نامەعقول ڕوویدا ئەو وەڵامەی کە مام جەلال بۆ منی بەجێ هێشت دەستەی سەرۆکایەتی بۆ نەکەوێتە کار بەڕاستی لەیەکەم بڕیاری دەستەی سەرۆکایەتی تووشی ئیهانە بوو یەکەم بڕیارکە دەریکرد بەقسەی نەکرا ئەو داوایەی کە کاک عەبدوڵڵا باسی کرد بەڕاستی ئێمەکە پێشمەرگە بووینە وئەو مەسئوولیەتەی کەلێی دەترسێن بەڕاستی ئەو مەسئولیەتە لەوە خەتەرتر هەیە سبەینێ خوانەخواستە هەرشتێک بێت بەسەر میللەتی کورد هەموولایەک ڕوو لە ئێمە دەکەن وهەرچی جنێو وقسەی خراپە بۆ ئێمە دێت، بەڵام هەروەکومام جەلالیش فەرمووی ئەوە قابلی ئەوەیە دراسەت بکرێ، ئەگەرخزمەتی میللەتەکەی پێ بکرێ قابلی ئەوەیە ئێستا دراسەتی بکات بەڵام کاتی خۆشی هەیە ئەو بابەتە باسمان دەکرد بەڕاستی لەبەردوو هۆ یەکێک لەوانەیە میللەتەکە بۆچوونێکی زۆری هەبێ پاشان ئەو بۆچونانە جێبەجێ ئەبێ تووشی نارەحەتی دەبین دووەم لەدەرەوە تەعامول نەکرێ لەگەڵ ئەوەی پەرلەمانێکی ڕەسمی یە وحکومەتێکی ڕەسمی یە ئەو کاتە دەبێتە شکستییەک بۆ ئێوە ئەگەر ئێمە پاشگەزبش بینەوە کێشەک نییە، بەڵام دەبێیە شکستی بۆ ئیدارەی میللەتی ئێمە بۆ پەرلەمانی ئێمە بۆ حکومەتی ئێمە تەوەقوع بکەن قسەمان لەگەڵ بکەن وبەڕاستی شتێکی ناخۆشە شەخسیەت ناخۆشە بۆ میللەتەکەش ناخۆشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک مەسعود بارزانی، لەڕاستیدا ئەگەر مۆڵەت هەبێت با ئەو بابەتانە تۆزێ کورت بکەینەوە لەبەر ئەوەی لەڕاستیدا هەڵوێستی پەرلەمان لە ٧/٢٥دا ڕوونە لە یادداشتەکە، بەڵام دوو خاڵی ئانی هاتووە وداوا دەکەین کە بەیانێک دەرچێ وئەندامانی پەرلەمان ئێستاش تەئکیدمان کردەوە ئەگەر بکرێ ئەمڕۆ بۆ ئەوەی مژدە بدات بەو خەڵکە وئەم کێشەیە بەرەو بنبڕی بڕوات، بەڕاستی ئەوە داوای پەرلەمان و خەڵکەکەیە، خاڵی دووەمیش داوا دەکەن سەقفێکی زەمەنی دابنرێت بۆ ئەمە..

**بەڕێز مام جەلال تالەبانی:**

ئێمە موافقین هەر ئێستا بەیانێک دەرکەین بەناوی هەردووکمان بۆتانی صیاغە بکەین، بڵێین هەردووکمان پشتیوانی تەواو لەو دانیشتنەی ئێوە دەکەین، بەڵێن دەدەین بەهەموو جیهەتێکمانەوە هەوڵ دەدەین بۆ جێ بەجێ کردنیان وهەرکەسێک موخالەفە بکات سزا دەدرێت، خۆتان بینووسن وئێمە ئیمزای دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

زۆر سوپاس مادام وایە یادداشتەکە روونە ورای هەردوو بەڕێزانیش روونە، لیژنەکە، واتا ئەو برادەرانەی کە هەڵساون بەم ئەرکە دەبێ دوای ئەم دانیشتنە ئەو بابەتانەمان بدەنێ، برادەرانیش قسەیان هەیە ئەگەر مۆڵەت هەبێت.

**بەڕێز عـەدنان محـەمـەد نەقشـبـەندیی:**
**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

خاڵی یەکەم: ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم ئەوەی کەناوەکانی خوێندرایەوە ناوی من بوو ئەوە داوکاریی هەموو پەرلەمانە وبەقەناعەتی من داوای هەموو میللەتی کوردیشە ئەوەی لەو (١٩) برگەیەی کە لە بەڵگەنامەکەدا هاتبوو ئەو ١٠ـ ١١ خاڵەش کە باس کرا داواکاری هەموو ئەندامانی پەرلەمانە ئەوەی کە لێرەیە ئەوەی کە لێرە ئامادە نییە بەگشتی نەک هەر ئەو لیژنانەی کە چوون بۆ ئەوێ ئەوە یەک . خاڵی دووەم بەقەناعەتی من باسی ئاسایی کردنەوە ئەکرێ لەوانەیە وشەی ئاسایی کردنەوە زۆر دووبارە دەکرێتەوە ئێمە پێشی بێنە ناو ئەم هۆڵە لەگەڵ ئەوەی ئەوەمان پێشکەش کرد بەسوپاسەوە کە جەنابی مام جەلال و کاک مەسعوود هەردووکیان تەجاوبێکی زۆریان هەبوو لەگەڵ ئەو بڕیارەماندا، کە موجەرەد شت نەبێ لەسەر کاغەز وەکو جارەکانی تر گەیشتبوونە ئەو حەددە نەیەڵێن نەئەوان ناو هۆڵەکە یا باڵەخانەی پەرلەمان بەجێ بێڵن یان ئێمەش لەگەڵیان بێنینەوە بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی ڕاستەوخۆ وەربگیردرێ من لەگەڵ ئەوەم ووای بۆدەچم ئاسایی کردنەوە شتێک نییە بەئاسانی بکرێت بەڕۆژو بەدوو ڕۆژ بکرێت یان عەسای سحری هەبێت بە لەحزەیەک بکرێت بەس پەلە کردن لەیەکەمین هەنگاو بۆ ئاسایی کردنەوە شتێکی باشە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەیانە ئێستا شتێکی فەوری بروسکەیەک یان بەیانێک لەهەردوو بەڕێزانەوە، کاک مەسعوود ومام جەلال کە لەناو پەرلەمانەوە لێرەوە بڵاو بکرێتەوە، چونکە ئێمە هەندێ هەواڵی سەیرمان بۆ دێت ڕاستەوخۆ لەهەموو جهات نابێت هیچ کەسی تەقە بکات و هەر کەسێک لە ناوچەکەی تەقە بکرێت کێ مەسئوولی حزبی ئەوێ یە یەکەم لێپرسراو موحاسەبە بکرێت، جا لەوانەیە بڵێ ئاگام لێ نییە، ئاگام لێ نەبوو لەرەبییەی فلان جێ وفلانە جێ تەقەکرا ئێستا لەناو ئەو هۆڵە شتێکی وا ئامادە بکرێ بروسکەیەک زیاد بۆ بەیانەکە داوا بکرێ، لەهێزەکان لەهەموو ناوچەکانی کوردستان سەرتاسەری نهائیا هەر کەسی تەقە بکات لێپرسراوی یەکەم لەوێ لێپرسراوی لقە لێپرسراوی مەڵبەندە سەر لەشکرە لێپرسراوە لەو خاڵەیە. دوو: ئەوەی دەمەوێ بیڵێم بۆ ئەوەی زۆر نەچمە درێژی باسەکەوە لەڕاستیدا زۆر جار ئێمە حزبەکان سەریان لێ شێواندووین جەنابی مام جەلال ئاماژەی بەوە دا کە پەرلەمان هەڵوێستی هەبێت ئێمە لەخەیاڵمانە وبرادەرانی پەرلەمانیش لەخەیاڵیانە زۆر چاک ئێمە یاسای حزبەکانمان دانا یاخود یاسای وەزارەتەکانمان دانا وەزیر و وەکیل وەزیرمان وەکو یەک دانەنا، چونکە لەهەموو دنیادا نەبووە (باعتبار اصیله) وئەو ئیستمدادەی بەرژەوەندیی خۆی لەئەصلییەکەوە وەردەگرێ کە چی من

لەوانەیە لەمەکتەبی سیاسی پێش ئەوەی شتەکە بکرێ رەئیمان دابەپێچەوانەی یاساکە کە هەموو پەرلەمان پەسەندی کردووە هەردوو مەکتەبی سیاسی بەرێز بریاریان دا کە وەکیل وەزیر و وەزیر وەکو یەک بن وهەر خۆشیان دوایی تووشی کێشە بوون وپێمان گوتن ئەوە موخالەفەی سەریحی یاسایەکە ئێمە وەکو پەرلەمان بریارمان لەسەر داوە، ئێستا خۆش بەختانە پاش ئەو زەرەرەمەندیی یەی کە بوو دیسان گەرانەوە هەمان رای کە بێگومان ئەوە رایەکی راستە، چونکە شتێک کەلەسەر بنەمایەکی سروشتی نەبێت وەکو بنچینەیەکی یاسایی هەیە کەدەڵێ (المبني علی الباطل باطل) ئەوەی جەنابی کاک مەسعوود فەرمووی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەوە ئێمە وەکو پەرلەمان بۆ ئەوەی میللەتەکەمان دڵنیا بێت دوای ئەوەش کەداوای یەکسانی دەکەین بۆ هەموو لایەک لەگەڵ ئەوەین کەلێکۆڵینەوە بکرێ لەو رووداوانەی کە لە ٥/١ بووە تائێستا وچۆن بووە وهەر حزبێک هەتا هەر سەرکردەیەک هەر لایەنێک ئەگەر گوناهبار بێت بامیللەتەکە بیناسێت، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین ئەو لێکۆڵینەوەیە لەبارێکی وا دەکرێ کەجۆرە سەقامگیریەک هەبێ لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ ئەوەین ئاسایی کردنەوەی گشتی بکرێت، سوپاس.

**بەرێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی بەخێر هاتنی هەموو لایەک دەکەم، سوپاسیان دەکەم بۆ هاتنیان، ئەمن شەرەفی سەرۆکایەتی وەفدی پەرلەمانی بۆ ناوچەی هەڵەبجەم هەبوو، هەموو میحوەری سلێمانی وهەروەها هەموو لایەک ئاگادارن کە وەفدی پەرلەمانی تر بەرەو رانیە وقەڵادزێ چوو بوو، ئێمە بەراستی لەنزیکەوە کە بارەکەمان بینی هەستەکی گەورەمان کرد بەخەتەر، خەتەرێکی گەورە لەبەر دەممانە کارەساتێک لەبەردەمی میللەتی ئێمەیە کە زۆر زۆر گەورەتر لەرووداوی (ئایار)و (حوزەیران)، لەبەر ئەوە ئێمە کە گەراینەوە و کۆبوونەوەمان کرد لەپەرلەمان زۆر زۆر بەپێویستمان زانی ئەو دوو یادداشتە پێشکەشی هەردوو بەرێزان بکەین وئێمە داخوازی دیاریکراومان هەیە لەناو یادداشتەکەو بەراستی نامەوێ زیاتر بە درێژی باسی بکەم، چونکە داخوازی دیاری کراوی تێدایە لێرە داوا دەکەم ودووبارەی ئەوە ناکەمەوە کە لەناو یادداشتەکەیە، بەڵام داوا دەکەم هەردوو بەرێزان مام جەلال وکاک مەسعوود هەڵوێستی مووەحەد وەرگرن بەرامبەر یادداشتەکە، سوپاس.

**بەرێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرێز مام جەلال پێشنیارێکی کرد وکاک مەسعوود پشتگیری لەپێشنیارەکەی کرد، پێویستە لە بەیانییەوە لیژنەی بەرزی ئاسایی کردنی باری کوردستان کۆبێتەوە وپسپۆرێکی عەسکەری لە هەردوو لا لەگەڵیاندا کۆبێتەوە بریار بدرێت وەکو هەنگاوێکی یەکەم شارەکان چۆڵ بکرێن لەهێزی پێشمەرگە چەند شوێنێک دیار بکەن هیچ نەبێ بارەکەمان بۆ وەکو خۆی لێ بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود من چەند شتێکی دیاریکراوم هەیە، یەکەمیان ئەوەیە بەڕاستی ئێمە وەکو برادەران ئاماژەیان پێدا نامانەوێ لێرە بەبێ شتێکی مەلموس بچینە دەرەوە، یەکەمیان ئەوەیە ئایا مام جەلال تاڵەبانی وکاک مەسعوود بارزانی ئامادەن لەسەر ئەو یادداشتە ئیمزا بکەن ئەمە یەکەم، دووەمیان ئیعاز بدەنە هەردوو مەکتەبی سیاسی کەیەک لیژنەی باڵا بەبەشدار بوونی نوێنەری پەرلەمان لەو لیژنە باڵای یە کەیەکسەر لەو ڕووە دەست بە جێبەجێ کردنی ئەو یادداشتە بکەن، سێ یەمیش من یەک شتی یاساییم هەیە داوای لێ بوردن دەکەم ئەویش مەسەلەی دەستەی سەرۆکایەتی کاک مەسعوود دەستەی سەرۆکایەتی قائم بوو، بەڵام یاسایی نەبوو، چونکە مەرجی تەواوی تێدا نەبوو، چونکە سوێند وناولێنانەکان جێبەجێ نەکرابوو، سوپاس.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی جەنابی کاک مەسعوود ومام جەلال دەکەین بۆ ئەو ڕوونکردنەوانەی کە بۆ ئێمەیان خستنەڕوو بەڵام ئەوان لە هەندێ ئاستدا خۆیان بێ دەسەڵات دەکەن نابێ خۆشیان بێ دەسەڵات بکەن ونابێ لەهۆڵی پەرلەمانیش بچینە دەرەوەو دەبێ هەندێ بریار بدەین هەندێ بریار وەربگرین وبەتایبەتی ڕاگرتنی شەڕ لەگەڵ دوور کەوتنەوەی هێزەکانی شەڕو ئێمە هەمووممان دژی شەڕین بەڵام خەڵکێک هەنە کە لەشەڕدا سوود وەردەگرن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای منەوە بەڕێز مام جەلال دەڵێ ئێمە بەیانێک دەردەکەین پشتگیریی ئەو بەیانە بێت ئەگەر بەیانێک دەرکرێ پشتگیریی ئەو بەیانەی دەکا ئەوە بۆ ئێمەیە، چونکە لە جەبهەکان کەس ئەو بەیانەی لەلا نییە بزانێ چیمان کردووە بەلای منەوە کە خاڵی یەکەم بریتییە لەپێنج خاڵ تەنیا پێنجەم یانی (التوقف عن تشكيل الميليشيات) وئەوەی عایدی خۆتانە ئەو چوار خاڵەی تر یەکسەر ئێستا بەیانێکی پێ دەرکرێ لە سەرتاسەری کوردستان لە تەلەفزیۆن وڕادیۆ و ڕۆژنامەکاندا، بخوێندرێتەوە جەبهەکان تێ بگەیەندرێن ئەوجا ئەو بەڵێنەی ئێستا داتان ئەوە دڵخۆشکەرە کەهێزی هەردوولا لەشوێنی تایبەت کۆکرێنەوە تەنیا سەقفێکی زەمەنی بۆ دابندرێ، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەداخەوە ئێمە تۆزێ درەنگ گەیشتین لە سلێمانیەوە، بەڵام لەبەشێکی قسەکانی مام جەلال وکاک مەسعوود دا گەیشتین ئێمە لەم هۆڵی پەرلەمانە بریارماندا ئیتر موجامەلەی یەکتر نەکەین

وهەڵوێستی پەرلەمان هەڵوێستێکی یەکگرتووی هەبێ بۆیە حەز دەکەین موجامەلەی ئێوەش نەکەین وتکامان وایە ئێوەش موجامەلەی ئێمە مەکەن وەکو پەرلەمان ئەگەر ڕێگەمان پێ دەدەن وەکو پەرلەمان ئیش بکەین ئیش ئەکرێت وئەگەر ڕێگەمان پێ نادەن وەکو پەرلەمان ئیش بکەین بەڕاستی لەمەولا ئێمەش دەستی خۆمان ئەبرین کە ناومان ئەندامانی پەرلەمان بێ لەهەر کوێ ئیشەکمان بەگوێ نەکرێ من پێشنیار دەکەم ئەگەر ڕێگە ئەدەن کە پەرلەمان دەسەڵاتی خۆی بنوێنێ لەکوردستان دا وقەرەبووی ڕابردووشی بکاتەوە و هیچ حسابێکی بۆ نەکراوە، دەبێ ئەمانە چارەسەر بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سوپاستان دەکەم بۆ ئەو تێبینیانە بەڕاستی لەسەر بەشێکی زۆر موافقم، لەسەر بەشێکی مەشکوکم کە ئەو برادەرانە ئەو بەڵێنەیان جێبەجێ بکەن، چونکە من ترساوم خۆم بەدڵسۆزی یەکێتی وپارتی دەزانم بەرەو تەقاعودیشم لەبەر ئەوە قەناعەتم وایە ئەو برادەرانە ئەگەر بەوشکلە بڕۆن هەتاکو ئێستا فەشەلیان هێناوە دووساڵە فەشەلە لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەستکەوتی گەورەمان وەرگرتووە وتەجروبەیەکیشمان کردووە لە عالەم دا بەس بەداخەوە هەست دەکەم خوانەکا وەک تەجروبەی یەمەنی دیموکراتی بەسەر بێت ومؤتمرات بکەین لەدەرەوەی وڵات لەسوریا یا لە شوێنێکی تر ڕەخنە لەخۆمان بگرین، بۆیە داوا دەکەم بەجیددی ئەو برادەرانە بە دڵسۆزییەوە لەو کۆبونەوانە دەربچن هەردوو بەڕێزان کاک مەسعوود ومام جەلال بریارێکی قەطعی وەربگرن هەردووکیان جارێکی تر قەلەم نەهێنین ئاڕاستەی مەکاتبی سیاسی یان بکەن بەرەوشەڕ و بارەکە ئاسایی بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز شمائیل نەنو بنیامین:**

**السید الرئیس المجلس.**

الاستاذ المناضل مسعود البارزاني، الاستاذ المناضل مام جلال الطالباني عذراً إذا كان كلامي باللغة العربية. بصراحة مام جلال هذه تعيق كثير من النشاط الانساني، مرات يحس انه ثقيل على الاخوة، أنا بصراحة أريد أن أشير الى موضوع مهم جداً اقترح على مام جلال سحب القوات فانا أؤيد كاك فرنسو و أعتقد بأن المشكلة الرئيسية حالياً هي عدم الثقة، عدم الثقة هو أساس القضية ، عدم الثقة هو أساس فشل التطبيع لذا إعادة الثقة بين الاطراف هو حل كل هذه المشاكل، وشكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە لەڕاستیدا هەموو شت روون کرایەوە هەڵوێستی هەردوو بەڕێزانیش روونە بەتایبەتی لەم دوو بەڵگە نامەیە، لێرە بەپێویستی دەزانین ئەو چەند خاڵە بخەینە پێش چاوی هەردوو بەڕیز وئەندامانی پەرلەمان، چونکە بەداخوازی ئەوان یەکەم: بەیانێک دەرچێ پشتیوانی هەردوو بریار

وپێشنیاری پەرلەمان، واتە ئەو (١٩) خاڵەی کەلە ٧/٢٥ بڕیارتان لەسەر داوە، و ئەو یادداشتەشی کە دراوە بەهەردوو بەڕێزان واتا ئەوە دەبێ بە بەیانێک دەرچێ بۆ پشتیوانی لەلایەن هەردوو بەڕێزەوە.
دووەم: بروسکەیەک ئەگەر بکرێ هەر ئێستا بەناوی هەردووکیانەوە بۆ ئەوەی ئاشتی بپارێزدرێت وکەس بەهیچ بیانویەک هیچ جۆرە شەڕێک نەکەن.
سێ یەمین: شارەکان چۆڵ بکرێن لە هێزەکانی پێشمەرگە و، هێزەکانی یەکێتی وپارتی لەچەند شوێنێک کۆبکرێنەوە بەتەئکید ئەوە پێویستی بە ئیشێکی رێکوپێک هەیە.
چوارەمین: پەرلەمان بڕیارێک بدات کە لیژنەیەکی تایبەت لەخۆی یانی لەپەرلەمان دروست بکات بۆ چاودێری جێبەجێ کردنی هەردوو بەیانەکە واتە هەردوو هەڵوێستەکەی پەرلەمان.
جا ئەو چوار خاڵە ئەخەینە بەردەستی بەڕێزان بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدەن پاشان دێینەسەر ناوەڕۆکی خاڵەکانی تر، ئەوە پەرلەمان و ئەو لیژنەیە با بەدوای دا بڕوات جا نازانم رایتان چییە بۆ ئەو چوار خاڵە؟ سوپاستان دەکەین دوو خاڵی تر دەمێنننەوە لەڕاستیدا ئەو پێشنیارەی کە کاک عەبدوڵڵا هەموو جار تەئکیدی لەسەر دەکات وەختی خۆی با بڵێین لەهەردوومەکتەبی سیاسی ئەوە کۆمەڵێک برادەر هەنە ئیمزایان کردووە ئێستاش گوێتان لەهەردوو بەڕێزان بوو کە چۆن طرح کرا، ئێمە وای بەباش دەزانین کە لە مستەوایەکی باش و بەجددی دراسەتی ئەو بابەتە بکرێ وتۆزێکیش پەلەی لێ بکەین وئەنجامەکەشی عەرزی هەردوو بەڕێزان و پەرلەمانی بکەین بۆ ئەوەی هەردووکیان چۆن بەشداری ئەم ئەزمونە دیموکراتیە بن بەفعلی نەک لەدەرەوە.
خاڵی تر کە گرنگە بەحەقیقەت موشکیلەی حکومەتە کە بە بۆچوونی ئێمە لە پەرلەمان ئەوەیە کە ئەبێ بەپەلە لە سەرتاسەری کوردستان دام ودەزگاکانی حکومەت لەهەموو پارێزگا وقەزاکاندا دەست بکەن بەئیشی خۆیان، بەتەصەوری ئێمە بەوە شەرعیەت وقەرارەکانی پەرلەمان جێبەجێ ئەکرێت نەک بەوەی کە بەیان دەربکەین بەڵام ئەگەر کەس نەبێ جێبەجێی بکات، ئەوە چوار خاڵە داوامان لەبەڕێزان کرد کە بە ئەرکێکی فەوری دابنێین ئەوە ئەکرێت، بەڵام بێ ئەوەی حکومەت بکەوێتە ئیش وکاری خۆی وەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش پێش ماوەیەک تەئکیدی کرد، ئەگەر حکومەت تەنها حکومەتی شاری هەولێر بێ مەعنای ئەوەیە پەرلەمان لەشاری هەولێر کەمتر دەبێ و دەسەڵاتی ئێمە هەر ئەوەندە دەبێ، جا تکامان وایە ئەو بابەتەش بەجیددی لێی بکۆڵرێتەوە و بەزوویی حکومەت حکومەتایەتی خۆی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرێت.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە وەکو باسمان کرد لەسەرەتاوە حکومەت بەس لەناو سنووری شاری هەولێر هەبوو، ئەگەر بێتوو شەرعییەت بگەڕێتەوە ئیش وکارەکان بکرێن حەقە حکومەت لەهەموو شوێنەکاندا هەبێ لەهەموو دام و دەزگاکان لەزاخۆوە تاکو خانەقین وهەروەها ئەو شتانە کە باس کران خۆتان دەزانن

که جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان هەیە لە یاسادا یانی پەرلەمان دەسەڵاتی تەشریعییە ئەو یاسایانەی دەری دەچوێنێ دەکات ئەو بڕیارانەی دەیدا حکومەت جێبەجێ دەکا لەبەر ئەوە دەبێ شتەکان بەحکومەت بسپێردرێ یانی جێبەجێ کردنی هەموو ئیشەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئێمە ئەو چوار پێشنیارەمان هەبوو، ئێستاکە بەناوی ئەم دانیشتنەوە کە بەحەقیقەت هەردوو بەڕێزانیش ڕەزامەندی یان لەسەر دەربڕیوە چونکە یەک دوو خاڵی تایبەتی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە هەردووکیانەوە هەیە، ئێستاکە دەیخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەو چوار خاڵەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕایی دەنگ ئەم چوار خاڵە چەسپان، لیژنەی بەدواداچوون کە خاڵێکە دادەنیشین بۆ جێبەجێ کردنی ئەوانەی تریش کە لە بەندەکانی دیکەدا هاتوون، ئێمە لێرەدا جارێکی تریش سوپاسی بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعود دەکەین بۆ ئەو ئەزیەتەی کە کێشایان، هەروەها بۆ ئەو تاکیدانەی کە کردیان ئەوە بەقەناعەتی ئێمە، هەنگاوێکی دروستە بۆ ئەوەی ئەم ئەزموونە دیموکراتیە بەرەوپێش بڕوات وزاڵ بێن بەسەر ئەو کۆسپانەدا کە لەبەردەماندایە بەتەئکید دڵی جەماوەری گەلەکەشمان بەم هەنگاوە شاد دەبێ، سوپاستان دەکەین، دانیشتنەکەشمان تەواو..
زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢)ی نائاسایی

## سێ شەممە ڕێكەوتی ١٦/٨/١٩٩٤

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢)ی نائاسایی

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٨/١٦

*کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٨/١٦ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژماره (٢)ی نائاسایی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست.*
*سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*
*بەرنامەی کار:*
*١- پێشوازیی کردن لە وەفدی پەرلەمانی بەریتانی.*
*٢- گوێگرتن لە نمایشک دەربارەی کاروباری وەفدەکانی پارتی ویەکێتی بۆ پاریس.*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
هەمووتان بەخێربێن وەکو ئاگادارن ئەم دانیشتنە نائاسایی یەو بەخێر هاتنی ئەو وەفدە مێوانەی پەرلەمانی ئینگلیزی دەکەین پاش ئەوەش وەفدی یەکێتی و پارتیمان لەوانەیە نمایشی ئەو سەفەرەی خۆیان بکەن هەردووکیان کاک سامی و کاک د.فوئاد باسێکی بارەکە دەکەن، لەوانەیە هەندێ پریسیاریشتان هەبێ لەسەر مەسەلەی وەفدەکە ئەمەیە بەرنامەی ئەم دانیشتنەی ئەمرۆمان. ئەم وەفدە بەریتانییە وەکو گروپێکی پەرلەمانی بەریتانی بۆ پشتیگیری پەرلەمانی کوردستان هاتوون میوانی ڕەسمی ئێمەن وامان بەباش زانی کە هەریەکی لە سنووری (١٠)دەقەیەک ماوەی پێ بدرێت قسە بکات، دووەمیش وەفدی پاریس گەڕاونەتەوە برادەران با نمایشێکی سەردانەکەیان بکەن.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئەگەر تازە بابەت نییە با باسی شەقلاوە بکەین، چونکە من دەڕۆم و، باسی پاریس لەوانەیە دوو سەعاتی بوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
جا بۆ (٢) سەعاتی دەوێت؟ دوێنێ ئاوا ڕێککەوتین لەسەری جا ئارەزووی ئێوەیە، بەرنامەکەی ئەمرۆ بەو شێوەیەیە، کێ دەیزانی لەشەقلاوە شتێکی وابووە؟ فەرموو کاک د.کەمال.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە با وەفدەکە بچێت بۆ سەلاحەدین و بچێت بۆ شەقلاوە و بگەڕێنەوە و هەموو بەڕاستی بە پەرۆشی ئەوەن بزانن چ دەنگ و باسێکیان پێیە، کە هاتنەوە با ئەوان پوختەیەکی باسەکەمان بۆ بکەن لەو بارەیەشەوە چەن قسەیەک بکەین، هیچ نەبێ بزانین لە دوێنێوە تاکو ئەمڕۆ چی هاتۆتە پێشەوە وپەرلەمان پێویستە چ هەڵوێستێ وەربگرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر وتمان با دوو بابەتەکە تەواو بێت. پاش ئەوە ئەگەر حەز بکرێت یا ئەو وەفدە کە گەڕایەوە با بۆچوونی خۆی دەرببڕێت.

بەڵێ ئێستا دەست بەوانە دەکەین ئەگەر برادەرانی وەفدەکەش هاتنەوە، هەندێکیان هێشتا نەگەڕاونەتەوە ئەوانیش دوای ئەو حەز ئەکەی شەویش دائەنیشن موشکلە نییە ئێشی ئێمە قسەکردنە و ئەوە بە کێشەیەکی گەورە نازانم هەرسێکیان دێنە ئێرە لەسەر ئەم دەقە دادەنیشن لەگەڵ کاک سامی لە جێگەی خۆی دادەنیشێ تاکاتی ئەوان دێت بۆ قسەکردن، با وەرگێڕیش لەگەڵیان بێت بۆ وەرگێڕان، کەس نەمێنێ جگە لە وێنەگرانی ئێرە با بچنە سەرەوە، ئەوەی ڕۆژنامە نووسە با بچنە سەرەوە، برایانی بەڕێز وەکو پێش ئێستا کەمێکمان باس کرد، ئەم دانیشتنەی ئەمڕۆ تایبەت مەندە بە (٢) خاڵ لەڕاستیدا خاڵی سەرەکیمان ئەوەیە کە وەفدێکی پەرلەمانتاری لە بریتانیاوە بەڕەسمی سەردانێکی کوردستانیان کردووە ومیوانی پەرلەمانی کوردستانن، ئەو ماوەیەی کە لێرە ئەبن وەکو دوێنێش تەئکیدمان کرد لە (٨/١٣) هەتاکو (٨/١٨) لێرە دەمێننەوە، وەفدەکەیش بریتییە لە بەڕێزان لۆرد ئیڤبری، بارونە لیدی کۆکس و، تۆم کلارک دوو یاوەریشیان لەگەڵ دایە، یەکێکیان بەڕێز (ئادم سپیلتۆنو) ئەوەی تر کاک ئیحسان قادرە، کە لەگەڵیان هاتوون دیسان جارێکی تر بەخێر هاتنێکی گەرمیان دەکەین و ئەم وەفدە لەو کۆمەڵە پەرلەمانتارانەن کە پشتگیری لە پەرلەمانی کوردستان دەکەن و هەوڵ ئەدەن بۆ هاوکاری کردن و ناسینی پەرلەمان بۆ ئەم ئەزموونە دیموکراتییەی کە ئێستاکە لە کوردستانی عێراق بەرپایە، وامان بەباش زانی کە بۆ ئێوەی بەڕێز لە دانیشتنێکی وەهادا سەرو قسەتان بۆ بکەن و هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بەم ئەزموونە و وەهەستی خۆیان بەرامبەر بە کورد پیشان بدەن.

**بەڕێز تۆم کلارک/ سەرۆکی وەفدی بەریتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشک و برایانی بەڕێز.

ئێمە وەفدێکین لە پەرلەمانی بەریتانیای مەزن ئاگادارییەکی زۆر باشمان وەرگرتووە سەبارەت بەو ئیجرائاتە پەرلەمانتارییەی کەلەویەک دوو ڕۆژەی ڕابردوو لێرە دیومانە، ئێمە خۆشحاڵین کەوا سلاو و ڕێزی برایانەی هەموو پەرلەمانتارانی بەریتانیا و گەلی بەریتانیاتان پێ ڕابگەیەنین و لە وانەی کە هاتووین چەن ڕۆژێکە ئێمە زۆر ڕێزمان هەیە بۆ خەڵکی باکووری عێراق بۆ خەڵکی

کوردستان، بۆ خێزانەکانتان بۆ منداڵەکانتان و ئەوەیش شەرەفێکی گەورەیە کەوا لێرەبین شەرەفی ئەوەمان هەبوو کە چاومان بەزۆر خەڵک بکەوێت. ئێمە دوێنێ پەرلەمانمان لەکاتی کارکردندا بینی و هەروەها دیمان کە ئێوە پرسیارەکانی خۆتان ئاراستەی بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی دەکرد بە شێوەیەکی زۆر شامل، و هەروەها شەرەفی ئەوەمان هەبووە کە چاومان بەسەرۆک وەزیران کەوت و هەروەها ئەمڕۆش مناقەشەیەکی لەگەڵ سەرۆک وەزیران و لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران دا بکەین، ئێمە گوێمان لە زۆر کێشە بوو، بەڵام گەشبینی یەکی زۆر گەورەمان بینی و هەروەها پێ داگرتنمان دی لەسەر هەڵوێست و لەسەر ئەو پێشنیارە عەمەلیانەتان بۆ ئەوەی ڕێ خۆش بکەن بۆ ئاسایی کردنەوەی بارەکە، ئێمەش لەگەڵ ئێوەدا هەستمان کرد کەوا ئەو هەوڵانەتان بەفیڕۆ ناچن چاوەڕوان نەبووین کەوا ئەو شتە وەها زوو پێشان بدرێت، بەڵام ئەوڕووداوانەی کەوا لە شەقڵاوە قەومان ئەوەیان نیشان دا کە بڕیاری ئێوە زۆر کاریگەر و لەجێی خۆی دا بوو. ئێوە پێشانتان دا کەوا لە دیموکراسی و قەزیەی یاسایی دەگەن و پیشانتان دا لە ڕووی ڕووداو لەو شتانەی کەوا بەهێز نەبوون لەبەرئەوەی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویان دا زۆر بەهێز بوون لەوەش دڵنیام کەوا ئێوە پشتگیریی خەڵکی خۆتان و پەرلەمانی خۆتان و پەرلەمانی بەریتانی و خەڵکی بەریتانیاتان هەیە. ئێمە هەوڵ دەدەین کەوا بچینە پێشەوە بۆ ئەوەی ئاسایی کردنەوەیەکی خێرا بکەین لەبارەکەو، هەروەها بۆ دامالینی چەک بۆ ئەو ڕێککەوتنە ئیجابیە کەوا دوێنێ پێی گەیشتن ئێوە وەکو پەرلەمان دەوری خۆتان بینوە لەگەڵ سەرۆکەکانتان، بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی بەشێوەیەکی نەبیل و عەمەلی. لەبەرئەوە بەڕای من ئێوە هەقی خۆتانە کەوا بانگەواز بۆ کۆمەڵی نێو دەوڵەتان بکەن و کەوا پێیان بڵێن ئێمە هێشتا کێشەمان هەیەو بێ پشتگیری ئەوان ناتوانین چارەسەری بکەین، ئەوە ڕاست نییە کەوا خەڵکی ئێوە لە ژێر دوو ئابڵووقەی بناڵێنێ و ئەمەش ڕەوا نییە خەڵکی ئێوە پێویستە بژین لەو شوێنەی کەوا پێی دەڵێن مەلجەئی ئامن تەنیا نوێ کردنەوە (٦) مانگە بۆ ژیانی ئەوان بۆ پاراستنیان هەست دەکەم کەوا ئێمە پێویستە لە کۆمەڵگەی دەولی و هەروەها لە پەرلەمانی بەریتانیش ئەم مەسەلەیە بیخەینە ڕوو کەوا ئەمنیەتی ئێرە پێویستە بۆ چەند ساڵێک دابین بکرێت و ئەوە تەنیا ڕێگەیە بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵگەیە بە دڵنیایی بژی. ئێمە گوێمان لەدوو کێشەی عەمەلی بوو لێرە یەکەم: کەمی مووچەی مامۆستایان و فەرمانبەران، لە ولاتی ئێمەش فەرمانبەرو مامۆستا ڕازی نابن بەو مووچەیە کەوا وەری دەگرن بە تەئکید ئەوانیش نیگەران دەبن ئەگەر ئەو مامۆستا و فەرمانبەرانەی ئێوە وەری دەگرن لەوێش ئەوا پەشێوی دروست دەبێ لەسەر شەقامەکان ئەو کات دەبێ ئێمە داوا لە مام جەلال و بارزانی بکەین کەوا شتێکمان بۆ بکەن، بەڵام لە خاڵی جیددی ئەوە ڕاست نییە کە ئیستغلالی ئەو کەسانە بکرێت کەوا خزمەتێکی زۆر پێشکەش دەکەن لە بواری پەروەردە و فێرکردن و هەروەها خزمەتگوزاری گشتی کە دەورێکی زۆر پێویست و فەعال دەبینن ڕاستە ئێوە هەقی خۆتانە کەوا بتوانن کارگەکانتان بەکاربهێنن بۆ ئەوەی بەرهەمی جگەرەو چیمەنتۆ وەبەر بێنن ئەوە ڕاست نییە کەوا ئێوە کارەباتان نەبێ یان لە کارەبا بێ بەش بن لە حاڵەتی کەوا (٧٠٠) هەزار کەس لە شارێک دا بژی ئێمەش

دەزانین کەوا ئێوە زۆر موعاناتتان دی لە ماوەی کەوا یەکێک لە دراوەکان (پارە) هەڵوەشێنراوە و هەروەها یەک لە دەوڵەتەکانی جیرانتان بریاری ئەنجوومی ئاسایشی نێو دەوڵەتیش ژمارە (٦٨٨) جێبەجێ ناکات واتە هیچ ئیعتبارێکی بۆ ناکات ئەگەر ئێوە ئەوەتان پیشان دا دوێنێ کەوا پێویستە حوکمی یاسا لە کوردستاندا هەبێ کە ئەوەتان پێ راست بێت دەبێ ئەوەشتان پێ راست بێ کەوا بە حوکمی یاسا ئێوە رێزی خۆتان و قەزیەی خۆتان فەرز بکەن لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی حەز دەکەن پیرۆزبایی لە هەموو ئەو کەسانە بکەن کەوا زۆر هەوڵیان داوە و زۆر ئیشی گرانیان کردووە بۆ چاکردنی گوزەران و باری ژیانی خەڵک، هەروەها لەوانەیە رێگام بدەن کەوا سوپاس و پیرۆزبایی رێکخراوە خێرخوازییە نا حکوومیەکان بکەین و هەروەها لەوانە رێکخراوی یارمەتی مرۆڤایەتی منالپارێزی بەریتانیایی و هەروەها یونیسێف کە ئەمرۆ بەیانی دیتمان بۆ ئەو مساهمەی کە کردیان بۆ چاککردنی باری ئێوە پیشانتان دا کەوا ئیش کردن بەیەکەوە سەرکەوتن بەدەست بینی، هەروەها ئیش کردن بەیەکەوە لێرە یا لەدەرەوە دەتوانین ژیانی خەڵکەکەی پێ چاک بکەین هەروەها ئیش کردن بەیەکەوە دەتوانین دیموکراسی یەک ببینین کە راستەقینەیە. لە کۆتایی دا دەڵێم ئەو فکرەی کە سەرنجی راکێشابم لەو چەند رۆژەدا ئەوەیە ئەو مەسلانەی کەوا ئێوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە یان یەکتان دەخات زۆر زۆر گەورەترە لەو مەسەلانەی کەوا لێکتان دەکاتەوە ئێمە لەگەڵتان داین لەیەکێتی دا بۆ بەدەست هێنانی باشترین شت بۆ میللەتی خۆتان، هەروەها بۆ دەعوەت کردنی کەسانی تر لەسەرانسەری جیهان دا بۆ ئەوەی لەگەڵ رێڕەوی ئێوە بەرەو سەربەخۆیی و دیموکراسی هەنگاو بنێ ئێمە جوانیمان بینی لە نێو خەڵکی ئێوە لەو وڵاتە خۆشەتان دا ئێوە شیاوی سەرکەوتنن و سەریش دەکەون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو وتە بەنرخە ئێستاش با بەڕێز بارونە کۆکس بفەرموویت.

**بەڕێز مسز بارونە لیدی کۆکس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمرۆ یەکێکە لەو رۆژانەی کەوا شانازی پێوەدەکەم لە ژیانی خۆم دا زۆر شانازی بەوە دەکەم کەوا لە کوردستاندام، من لەگەڵ میللەتی بەریتانیا نیگەرانین بەم نزاعە و ئەو صراعەی ئێوە کە دەتان کرد و دڵخۆشیشین بەو ئازایەتیەی لە رۆژانی موعاناتتان و، هەروەها کارکردنتان بۆ دامەزراندنی دیموکراتییەت. لەبەئەوە شانازی بەوە دەکەم کەوا لە پەرلەمانی ئێوەدا قسە بکەم وەکو ئەوەی کە ئەندامێک بم لەیەکێک لە پەرلەمانە کۆنەکانی جیهان دا، مایەی خۆشحاڵی یە بۆ من کەوا لە یەکێک لە نوێترین ئەزموون دا دیموکراتییەتێکی راستەقینەتان پیشان دا لە کارکردن. ئەو دیموکراسییەی کەوا بتوانی بە توندی نەقدێکی حزبی معارض بکەی و، هەروەها بتوانێ نەقدێکی حزبی خۆت بە گشتی بکەیت ئەوە دیموکراتیەتێکی بە هێز ترە لەوی ترو هەروەها لەوانەیە بەهێز تربێ لەوەی کە ئێمە هەمانە لەبەرئەوە ئەمن پیرۆزباییتان لێ دەکەم بەوەی کەوا ئێمە شاهیدی ئەو گیانە دیموکراتیەتە راستەقینە بووین، ئێمە دوێنێ لەگەڵ برادەرانی تریش لە منصەی میوانان دا،

له سەرەوە پەرلەمانی ئێوەمان دی بە هەستکردنێکی زۆر بە مسئولیەتەوە، بە گفتوگۆی بنیات نەر وەکو ئەوەی کەوا ببێتە بنچینەیەک بۆ ئەنجامێکی مێژوویی بۆ بەرقەرار بوونی ئاشتی لە ولاتی خۆتان، زۆر سوپاستان دەکەین بۆ ئەو فرسەتەی کە داتان بە ئێمە و بۆ ئەوەی لەو پەرلەمانەدا قسە بکەین و، هەروەها مایەی خۆشحالیمانە کەوا لەولاتە خۆشەکەتاندا بین و خەلکی ئێوە ببینن، من لە ئەنجوومەنی عمومی بەریتانیدا قسەم کردووە، بۆ ئەنجوومەنی لۆرداتی بەریتانی قسەم کردووە سەبارەت بە کێشەی ئێوە، هەموو جارێ ئەمن قسەم کردووە لەسەر بنچینەی زانیاری راستەوخۆ، تەمەنای سیاسەتێکی تایبەتم کردووە ئەوەش وەکو ئەوەی کە پێویستە پیادە بێت بۆ هەموو سیاسیەک لەو دیموکراتیەتەدا ئەوەیش دەبێ کەوا گوێ ی کراوە و چاوی کراوە و بیرێکی کراوەتان هەبێت، تاکو پێش ئەوەی بچمەوە لە باری ئاسایی ئێوە بگەم بۆ ئەوەی کەچومەوە قسە بکەم لەسەر مەسەلەی ئێوە بۆیە بە باشم زانی کەوا بێم گوێ لە کێشەکانتان بگرم وشتێ فێر بم من و برادەرانی تریش لێرە فێربووین، گوێمان لە زۆرشت بوو، دەگەڕێینەوە بە معلوماتێکی زۆر باش و زۆریش متأثر بووین بۆ بارەکە و هەرگیز ئەو پێشوازییە گەرمەش لە بیرناکەم کەوا یەکەم جار پێم هاویشتە خاکی ئێوە وە، ئێمە درەنگ گەیشتینە سنووری ئێوە، ئێمەیان زۆر جار راگرت لە تورکیا، بەلام کە گەیشتین، خەلکێکی زۆر بۆ ماوەی چەند سەعاتێک چاوەڕوانی ئێمەیان دەکرد کەوا بگەین و پێشوازیمان لێ بکەن لەوانەش منال و ئافرەت و ئەوانەی کە میوانداریان کردبووین داوای لێبوردنیان کرد، لەبەرئەوەی نارێک بوو کارەبا نەبوو برادەران ئەو گەرمی یە لە پێشوازی و هەروەها ئەو زەردە خەنەی سەردەموچاوی ئەو کەسانەی هاتبوونە پێشوازیمان زۆر رووناک تربوو لە کارەبا، بەلام ئاگاداری ئەوەم کە نەبوونی کارەبا تەنیا یەکێکە لەو گیروگرفتانەی کە هەتانە وەکو ئەوەی گوتم ئێمە هاتینە ئێرە بۆ ئەوەی گوێمان لە کێشەکانتان بێت و لێوەی فێر بین. ئێمە دەتوانین یەک وەعد بدەین، ئێمە ناتوانین وەعدی سەرەنجام بدەین، بەلام دەتوانین وعدی ئەوە بدەین کە بگەڕێینەوە زۆر بەچاکی ئیشتان بۆ بکەین ئێمە بەلێنی ئەوە دەدەین کەوا ئیش بکەین بۆ ئەوەی مەسەلەی ئێوە بگەیەنین بە حکوومەتی خۆمان بەهۆیەکانی راگەیاندن و بەکۆمەلگەی نێو دەولەتی ئێمە دەزانین کەوا ئێوە ناتوانن مەسەلەی سیاسی، مەسەلەی ئابووری جیابکەنەوە زۆر زەحمەتە بتوانن دیموکراسی رابگرن بە زگی برسی. لەبەرئەوە ئێمە زۆر بەجیددی ئەو مەسەلەیە وەردەگرین و سەبارەت بە کاریگەریی ئابلووقەی موزدەوەج قسە دەکەین و، هەروەها ئێمە ئاماژە بەو مەسەلەیەی تر دەدەین، ئەو مەسەلەی کە مایەی نیگەرانییە کە (٦) مانگ جارێک مەسەلەی ئاسایشی ئێرە لەلایەن عملیاتی توفیری عون کەوا نوێ دەکرێتەوە و، هەروەها ئێمە زۆر بەجیددی مەسەلەی ئەحتیاجاتی ئێوە لە حەرەکەت کردن لەویارمەتی مرۆڤایەتی و طواریەی کە وەردەگرن بۆ یارمەتی گەشەپێدانی درێژ خایەن، ئێمە دەزانین کەوا یارمەتی مرۆڤایەتی تەنها فریاکەوتنی سەرەتایی نییە، ئێمە هەول دەدەین کەوا زەخت بخەینە سەر حکوومەتی خۆمان و هەروەها رێکخراوی مرۆڤایەتی بۆ ئەوەی سەرنج بدەنە بەر ئاوەدان کردنەوەو پەرەپێدان. هەروەها ئێمە ئێستا زیاتر فێربووین سەبارەت بە هەندێ

گیرگرفتی تری ئابووری لە مەسەلەی کشتوکاڵ و لە مەسەلەی پالاوگەی نەوت و هەروەها لەو مەسەلەی کارەبا، ئێمە بۆ هەر شوێنێ چووین گوێمان لێ بوو سەبارەت بە موادی ئەحتیاتی بۆ کارگەی چیمەنتۆ، سەفیری ئێمە سەفیری بەریتانی لە ئەنقەرە بەئێمەی گوت کەوا ئاگاداری ئەو مەسەلەیەبن، بەلام کەسێک لیستی موادی یەدەگی نە داوەتێ، بەلام کاتێ کە قسەمان لەگەڵ ئێوەدا کرد ئێوە گوتتان کەوا ئەو لیستە ئامادە بووە، ئێمە پەیمانتان دەدەینێ ئێوە ئەو لیستەی کە دەیدەن بە ئێمە بە دڵنیاییەوە دەیگەیەنینە دەستی سەفیری خۆمان من بڕوام بەسیاسەتی عەمەلی هەیە وەکو ئەو برادەرەم (تۆم کلاند) کە باسی کرد ئێمە لە حزبی جیا جیا هاتووین، بەلام بەیەک دەنگ قسە دەکەین ئەوش یەکێکە لە سیفاتەکانی دیموکراتیەت کە هەر چەند مسائلی جیا بێ، بەلام لەسەر زۆر شت ڕێک دەکەوین کە لە یەکبوونیش دا هێز هەیە، بێگومان دیموکراسیش زۆر ئاسان نییە ئەویش کۆتایی کێشە نییە، بەڵکو سەرهەڵدانی کێشەی ترە، لەوکاتەی کە ئێمە لێرە بووین دیتمان ئێوە چۆن بوون بەرامبەر بەو کێشەی کە هەبوو بەشێوەی زۆر دیموکراتیانە، سەیرتان کرد پاش ئەو ڕۆژە مێژوویەی کەوا دوێنێ هەمان بوو لەپەرلەمان و کە پەرلەمان موافەقەتی لەسەر ئەو وەفدەکرد لەئەنجامدا ئەو پێشنیارانەی دایان نابوو بۆ مەسەلەی ئاسایی کردنەوە ممارەسەیەکی زۆر زەحمەت هاتە پێشەوە دەبێ ئەوەش اعتراف بکەین کەئێمە و برادەران باسی ئەوەمان دەکرد سەبارەت بە ترتیباتی ئێوە بۆ ئاسایی کردنەوە ئێمە نیگەرانی ئەوەمان هەبوو کە حزبەکانی ئێوە قیادەی حزبەکان ئایا دەتوانن ئەو کەسانە تەمبێ بکەن یان سزای ئەو کەسانە بدەن کەوا خەرقی (وقـفي اطلاق النار) دەکەن یان یاسادەشکێنێن؟ زۆر خۆشحاڵ بووم بەوەی کەوا ئەمڕۆ ئەو کێشەی کە رووی دابوو توانرا کۆنترۆڵ بکرێت، هەروەها ئەوە زۆر گرنگ بوو کەوا ببینین بەرژەوەندی حزبەکان لە حوکمی یاسا دایە ئەوەش بۆسەرکەوتنی پەرلەمانی بەڕێزتانە ئێمە دەتوانین ئەوە نەقل بکەین بۆ پەرلەمانی خۆمان و هەروەها بۆ کۆمەڵگەی دەولی قسەکانی خۆم تەواو دەکەم بەیەک پێشنیاری عەمەلی ئێوە تەوەقعی هەڵبژاردنێکی تر دەکەن لە بەهاری داهاتوودا و ئەوەش زۆر گرنگە بۆ ئەو ئەزموونە دیموکراتییەی کە دەبێتە مایەی ئیستقراری ناوچەکە و ئەو هەڵبژاردنە پێویستە عادل و نەزیە بێت لە بەرئەوەی بۆ ئەو شتەی کەوا سەربکەوێت زۆر زەرووری یە کە ئامارێکی ورد بکرێت و تۆماری هەڵبژاردن زۆر ڕێکوپێک هەبێت، ئەگەر ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە تانەی لێ دەدرێت و مەسەلەی تۆمارکردنیش زۆر زەحمەت دەبێت لە کاتێکدا کە ئێوە زۆر کۆمەڵگایەکی متحرکتان هەیە کە خەڵکەکە هەردەم لە شوێنێکە. پێشنیاری دیکە دەبێت بەجیددی بیر لەوە بکەنەوە وهەوڵ بدەن پشتگیری دەولی وەرگرن بۆ مسائلی تەموینی و مەسەلەی هونەری و داراییش و ئێمە پێشنیارمان کرد بۆ سەرۆکی پەرلەمان و، هەروەها بۆ سەرۆکی حزبەکان کەوا شتێکی باشە ئەگەر ئێرە داخوازی لە موئەسسەی کالتەر بکات، بۆ تاکو یارمەتی ئێوە بدەن بۆ ئەو مەسەلەی کاری تۆمار کردنە ئەگەر حەز بکەن کە شتێکی وەها بکەن ئێمە هەمووان پشتگیریتان دەکەین بە هەموو شێوەیەک بەو عەرزە عملیە من دێمە کۆتایی قسەکانم، حەزدەکەم لە قوڵایی دڵەوە ئەوی خۆشی بێت بۆتانی بخوازم و لەبەر ئەوەی ئەزموونی دیموکراتی تەنها مێژوویی نییە

بەنسبەت ئێوە وە بەڵکو بۆ ناوچەکەو زۆر لە دەرەوەی ناوچەی ئیوەش وەکو ئەوەی شاعیرێکی کوردی لەسەدی (١٧) گووتیەتی (ئەحمەد خانی) بەراستی شعرەکە ناتوانم وەرگێرم هیوای ئەوەتان بۆ دەخوازم کە بەیەکگرتوویی، بەسەرکەوتوویی بمێننەوە لەو ئەزموونە دیموکراسیەدا لە هیوای ئەوەتان بۆ دەخوازم کە هەر بەرەوە پێشەوە برۆن لەو دیموکراسی یەی کە هەتانە کەوا نرخێکی زۆرتان بۆ داناوە وەکو ئەوەی رەمزێکی وەکو دیاریەکی رەمزی، وەکو لە پەرلەمانێکەوە بۆ پەرلەمانێکی تر ئەو دیارییەتان پێشکەش دەکەم سەبارەت بە پەرلەمانی خۆمان و، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر زۆر سوپاسی بەڕێز بارۆنە دەکەین. ئێستاش جەنابی لۆرد ئیڤبری با بفەرمووێ.

**بەڕێز لۆرد ئیڤەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو ئەوەی وتمان ئێمە تەنها نوێنەری سێ حزبی سەرەکی ناکەین لە پەرلەمانی خۆمان دا، بەڵکو بەڕێز تۆم کلاند وەزیری سایە لە حزبی کرێکاران هەروەها خاتو بارۆنێ سکۆکس کەلە حزبی پارێزگارانە، منیش کە تەمسیلی حزبی لیبرالی دەکەم، بەلام لە هەمان کاتدا من سەرۆکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤم لە پەرلەمان دا کە (١٢٠) ئەندامی هەیە لە هەردوو ئەنجوومەنی عمومی و لۆرداتیش و هەروەها ئێمە مکرسین بۆ پشتگیری مافی مرۆڤ لە رێگەی حکوومەتی خۆمانەوە و لە رێگای رێکخراوە مرۆڤایەتیەکانیشەوە وەکو (UN) ئێمە زۆر مهتمین بۆ مەسەلەی ئینتهاکاتی مافی مرۆڤ بۆ میللەتی کورد بەتایبەتی ئەوەش زۆر روون بوو کە ئێمە یەکێک لە پسپۆڕایەتیەکانی خۆمان دکتۆرێکی طبی عەدلیمان بەناوی دکتۆر (وبتلیسن) نارد بۆ ئەوەی ئەو نەخۆشانەی کەوا بریندار ببوون بیان ببینێ و کە لە خەستەخانەکانی ئێران چارەسەر دەکران لە ئەنجامی ئەو قەصفەی وەحشەی کە بەچەکی کیمیایی کرابووە سەر شاری هەڵەبجە و هەروەها لەو ماوەیەی دواییش دا من لە کۆبوونەوەیەک دا بووم سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی زۆرم دەکرد کەوا لە کەسانێکی زۆر پێک هاتبوون لە ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامی ئەنجوومەنی لۆردات ئەو شخصیاتی کوردی دیار کەوا لەدەرەوە دانیشتبوون بۆ یادکردنەوەی کارەساتی هەڵەبجە، هەروەها رۆژی پێشتریش کە ئێمە هەڵمەتێکی ئەوها هەبوو دژی سوپای سەددام بۆ ئەوەی نەهێڵێن کەوا شریکاتی بەریتانیا مسائلی چەک لەگەڵ سوپای سەدام و لەگەڵ بەغدا مامەڵە بکەن بروا ناکەم هەرگیز ئەو ناوچەیە ئاشتی و ئارامی بەخۆوە ببینێ هەتاوەکو لە سەدام رزگاریمان نەبێ ئەوە هەڵەیەکی گەورە بوو کەئێمە لە کاتی گەردەلولەی بیابان هێزمان نەنارد بۆ بەغدا بۆ ئەوەی لەناوی بەرین و پشتگیری لە دیموکراسی بکەین بۆ هەموو عێراق هەروەها لە هەمان کات دا وەکو ئەوەی کە برادەران باسیان کرد ئێمە ئیعجاب و خۆشحاڵی خۆمان پێشان دەدەین سەبارەت بەمەسەلەی دیموکراسی بە تایبەتی دوێنێ کە لە شوێنی میوانان دانیشتبووین لە پەرلەمانی ئێوە هەر کەسێک لەمن بپرسێ کەوا پێناسەی دیموکراسی بکەم لەیەک وشەدا پێی دەڵێم مەسؤولییەت.

ئەوەی ئێوە پیشانتان دا بەوە ئیرادەی میللەت سەر دەکەوێ ئەگەر کێشەیەکی چەند ناخۆش هەبێت کە ببێتە هۆی ئەوەی رووبەرووی ئەوە بێت کە ببێتە هۆکاری نائارامی لەم ناوچەیە و تووشی ئەم حکوومەتە ساوایەیان بکات، دەتوانێ چارەی بکەن لە رێگەی وەسائلی دیموکراتی لەو هۆڵی پەرلەمانەدا واتە ئەو دیموکراسی یەی کەوا دوێنێ بینیمان و ، ئەو هەنگاوە نەترس و یەکسەرەی کە ئەو رۆڵە سەرکردایەتی کوردی بینیمان ئەوە دەلیلێکی گرنگە بۆ دیموکراتییەت و سەرنجی هەموو دیموکرات خوازێک رادەکێشێ لە جیهاندا، بێجگە لەوەی ئەگەر کۆمەڵگەی دەولی وەکو ئەوەی برادەران باسیان کرد کە بیانەوێت ئەو ئەزموونە سەرکەوێت نابێت لەسەر پیرۆزبایی کوردستان بوەستێ بۆ ئەو شتانەی کە بەدەستتان هێناوە ئێمە باسی ئەنجام یان کاریگەریی ئابلووقەی دوولایەنمان کرد ئێمە داوامان لە وەزارەتی دەرەوەی خۆمان کرد کە ئەو سنورەی دایانناوە بۆ سزاکانی دەولی سەر عێراق لە جیاتی ئەوە لەسەر سنووری ترکیا بێن پێویستە بێتە سەر خەتی (٣٦) لەبەرئەوە پێیان ئەوە لە رووی هونەرییەوە نابێت، لەبەرئەوە کە سزاکە فرز دەکرێت بەسەر هەموو ولاتەکەدا نەک تەنها بەشێک لەو ولاتەوە بۆیە بە رێزەوە دەڵێم هەرچەندە کە رازی دەبین لەشتێکی وەها بەلام بریاری (UN) اعتماد لە زۆرشت دەکات و هەروەها وەزیری دەرەوە دۆگلاس هێرد خۆی بوو کەوا باسی ئەوەمان کرد کەوا تەصمیمی بریاری (٦٨٨) بکرێت بۆ تدخل کردن لە هەبوونی کارەساتی مرۆڤایەتی کەوا (UN) دەسەلاتی پێ ببەخشێ لەکاتی مناقەشەکردن لەگەڵ یەکێک لە برادەرانی دیاری ئێرەدا داوای ئەوەی کرد کەوا یارمەتیمان بدرێت بۆ ئەوەی خەڵکێکی یاسایی بۆ مەسەلەی سزای ئابووری کە لەژێر دەناڵێین بدۆزینەوە ئێوەش گوێتان لەوەبوو کە برادەران پێش ئێستا باسی ئەوەیان کرد سەبارەت بە لیستی موادی احتیاطی کەوا سەفیری ئێمە گوتی کێشە نییە بیهێنین و پاشان خەڵکانیش پێمان دەڵێن نەخێر رێگا قەپاتە بەلام شتێکی تریشمان بەرگوێ کەوت ئەمرۆ بەیانی کەوا بۆمەسەلەی اتصالات کەوا ئێوە پارەتان داوەتە شریکەیەک بۆ ئەوەی تەلەفۆنێکی سەتەلایت بێتە ئێرە و داواکەتان پێشکەشی (UN) کردووە، بەلام بۆ ماوەی چەن مانگێکە لەسەر مێزی ئەوان کەوتووە هەندێ لەو کێشەی کە هەیە کێشەی ایرادەیە، یان سیاسی یە لە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و لێرەوە هەست دەکەم کەوا پێویستە هاوکارییەکی تەواو پێک بێت لەنێوان پەرلەمانی کوردی و پەرلەمانی بەریتانیا و هەروەها هەموو پەرلەمانی تر لە ئەوروپا و لەشوێنی تریش. ئێمە دەزانین کەوا ئێوە زۆر پشتگیریتان کراوە و یان پەیوەندیتان هەبووە یان پشتگیریتان هەبووە لەلایەن کۆنگریسی ئەمریکییەوە بەلام ئەو کێشەی کەوا هەبوو کێشە پەیوەندیی بووە ئێمە ئەو چەند رۆژەی لێرەینە کە پەیوەندیمان دروست کردووە لەگەڵ زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان و کەسانی دیکە، تازە ئەوە تێ دەگەین لەو مەسەلەیە کوردستان دەبینێ و بزانین کەوا چۆن یارمەتی کوردستان بدەین، ئێوە ئێستا چەند شتێکتان کردووە کە خەڵکانێک دەیانگوت موستەحیەلە ئێوەش توانیوتانە ئەو شتە دروست بکەن کەوا دیموکراتیەت کار بکات سیستەمێکی مستقری پەرلەمانی بۆ هەموو دەسەلاتەکانی ئێرە پێویستە و پێویستە کەوا بەرەوچەسپاندی و پاراستنی، بەرەو بەکارهێنانی هەنگاو بنێن نەک

تەنها ئاشتی و سەربەخۆیی بۆ میللەتەکە تەنها بۆ ماوەی (٦) مانگ بێت بەڵکو سەربەخۆییەکی سەرتاسەری بێت و ئاشتی و ئازادی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر زۆر سوپاسیان دەکەین هیوادارین ئەو قسانەی کە لیرە کران لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ پەرلەمانی بەریتانیاو، دەنگی میللەتی کوردیش بەوان بگەیەنین. بەبۆچوونی ئێمە ئەکرێت لە پشتگیریمان دریغی نەکەن و ئەم ئەزمونە دیموکراسی یە لە کوردستان عێراق دا بەتەنها نەهێڵنەوە چونکە نەباری ئابووریمان و نەباری سیاسی لەدەرەوە باری ئەم ئەزمونەیەو، نەباری دیموکراتیەتی ئێمە کە ساوایە، ئەوەندە تەحەمول دەکات کە ئێمە ئەو شەڕە لێر بکەین، ئێمە سوپاسی هەموو پشتگیری و هاوکاریەک دەکەین چ لەو بریارانەی کەوەرگیراون بۆ حیمایەتی ئێمە و چی لەو یارمەتیە مرۆڤایەتیانەی کە هەتاوەکو ئێستا گەشتۆتە میللەتی ئێمە، بەڵام ئەوە وەکو خۆیان تەئکیدیان لێکرد بە یارمەتی مرۆڤایەتی کە تاکو ئێستا لە سنوری ١٠٪ لە پێویستی ئێمە قەپات ناکات وەکو فریاکەوتنێکی سەرەتایی ئەو ئەزمونە دیموکراسەیەتە ناتوانێ بەوە سەقام گیر بێ، بەتایبەتی لەولاتێکی وەکو ولاتی ئێمە کە بناغەی ئابووری هەموو وێران بووەو ئەو حمیایاتەی کە (٦) مانگ جارێک نوێ دەکرێتەوە وکە خۆیان باش وەصفیان کردووە، نابێتە مایەی ئەوەی کە کوردستان بەشێوەیەکی رێکوپێک براوات وسەقامگیرییەکی سیاسی و هێمنی بەردەوام لەلای ئێمە دروست بێت، ئەوان خۆیان تەماشایان کرد و گوێیان لێ بوو لەو مناقەشاتانەی کەکران و، کە صورەتێکی ئەو ئەزمونە دیموکراتیەیان بە روونی، بێ هیچ پەناوپێچێک نیشان دا، ئێمە داوا دەکەین لەم بەڕێزانە وەکو پەرلەمانتەرێک کە پشتگیری ئەم پەرلەمانە بکەن بۆ ئەوەی بتوانێ هەموو کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات. سوپاستان دەکەین. ئەگەر ئیجازەش بدەن دوایی کۆنفراسی رۆژنامەگەرییان بۆ رێک دەخەین. ئێستاش با بەڕێز سامی عەبدولڕەحمان بفەرمووێت و باسێکمان لەسەر رێککەوتننامەی پاریس پێشکەش بکات.

**بەڕێز سامی عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خوشک و برایانی هێژا.

خۆشحاڵین رێککەوتننامەی پاریس لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا عەرزی ئێوە بکەین هەرچەندە ئەم رێککەوتننامەیە صیغەی تەوازوع دەکرێ پاش ئەوەی بەڕێزان کاک مەسعوود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی بە ئامادەبوونی سەرۆکی کۆماری فەرەنسا (فرانسوا میتران) ئیمزای دەکەن، لە راستیدا فکرەی رێککەوتننامەی پاریس مبادەرەی کەنداڵ سەرۆکی ئەنیستیوتی کورد لە پاریس ومدام دانیال میتران بوو، کە بەرای من بەحەق ئەتوانرێت ناوبرێت دانیالی داک یان دانیالی دایکی کورد، ئینجا بە موافقەتی سەرۆک میتران گەیشت ئەو مبادەرەیە، هەروەها کابینەی فەرەنسیش موافەقەتی لەسەر کرد، ئامانجی ئەو

مبادەرەیە ئەوەیە پالێک بەدۆزا کوردی بنرێت بۆ پیشەوە، پاش ئەوەی تووشی ئەو نەخۆشی یەی دوایی بوو ئامانج ئەوەیە کە پیشان بدرێت و، کورد بە یارمەتی دۆستانی دلسۆز دەتوانێ لەو تەنگ و چەڵمەیە دەرچێ تەنانەت ئەگەر توشیش بێت رەنگە باشیش بێت لە بیرمان نەچێت کە عێراق وەکو وڵاتێک گرنگە بۆ فەرەنسا لەبەرچەند هۆیەکی ئاشکراو زانراو، دبلۆماسی فرەنسی موهتەم بوو کە کارەکە بەنهێنی رابگیرێت تا سەرکەوتن مسۆگەر دەبێت ئێمە میوانی سەرۆک میتران بووین و دانووستانەکە لە کۆشکێکی سەرۆک کۆمار لەدەرەوەی پاریس بوو، ئەو پڕۆپاگەندەی کەلە هەندێ لا دەکرا کە ئەمە هەوڵدانێکە بۆ سازکردنی گفتوگۆ لەبەینی کوردو رژێمی عێراق بەراستی بێ ئەساس بوو، نە بە ئاشکرا و نەبە نهێنی ئەو هەوڵە نەدرواوە و نەئێمە ئامادەبووین بۆ کارێکی وا چەند شخصیات و پسپۆری دبلۆماسی و سیاسی و ئەکادیمی ئامادەی کۆبوونەوەکان بوون بۆ یارمەتی دانی ئێمە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەکان ئەو پسپۆڕانە لە فەرەنسا و بەریتانیاوە ئەسکەندەنافیا هاتوون نوێنەری هاتبوون نوێنەری باڵیۆزخانەی ئەمریکی و ئینگلیزی لە پاریس ئامادە بوون، چەند برادەرێکی کوردی زانا وەکو دکتۆر کەندال و نەجمەدین عومەر و فوئاد حسێن و عەباس وەلی ئامادە بوون، کار جیددی بوو بەردەوام بوو لە بەیانی تائێوارە تەنانەت رۆژانی شەممە و یەک شەممەش هەر کار دەکرا نوێنەرانی دەرەوەو دارایی فەرەنسیش ئامادە بوون لەسەر داوای خۆمان بۆ لێکۆڵینەوەو، لەبابەتی ئابووری و سیاسی دەرەوە، سیاسەتی فەرەنسی لەبارەی عێراق وەکو خۆیان باسیان کرد دەبێ رژێمی عێراق هەموو بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش ئەوانی پەیوەندییان بە عێراقەوە جێبەجێ بکات واتە لەو مەسەلەیە خیلاف نییە لەنێوان فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمریکا لەو بڕیارانەش، بڕیاری (٨٣٣) دەربارەی اعترافکردن بە کوێت و بە سنووری کوێت هەروەها بڕیای (٦٨٨) کە لە فەرەنسا پێی دەڵێن بڕیاری کۆشنەر چونکە دۆستی کوردە، کوشنەرکاتی خۆی صیاغەی کردبوو کە ئەو شتەی ئەو داینابوو لەوەی لە ئەنجامەکە دەوڵەتە یەکگرتووەکان پەسەندیان کرد، رای فەرەنسا ئەوەیە کە کاتێ سەدام هەندێ شت جێبەجێ دەکات ئیعتراف بەوە بکرێت لە کاتێکدا رای ئەمریکا و بەریتانیا ئەوەیە کە سەرتاپای سلوکی سەرۆکی رژێمی عێراق نەگۆڕاوە، نەبەرامبەر بە میللەتی عێراق و نەبەرامبەر بە میللەتی کورد و نەبەرامبەر بە کاری تیرۆرست و هەڵوێستی نارەوای دژی دراوسێکانی عێراق پێمان گوتن لەوانەیە سەدام بڕیاری (٨٣٣) جێبەجێ بکات واتە بڕیاری ئیعترافی بە کوێت بە سنووری کوێت، بەڵام ناتوانێ بڕیاری (٦٨٨) جێبەجێ بکات، چونکە (٦٨٨) داوای کۆتایی هێنان بەچەوساندنەوەی میللەتی عێراق دەکات، چونکە کۆتایی هێنان بەچاوساندنەوەی میللەتی عێراق کۆتایی هێنانە بە رژێمی دیکتاتۆری سەدام، ئەتوانم بڵێم لە بەدبەختی کورد بەداخەوە کاتێ ئێمە لە پاریس بووین دیسان ئامادە بوو، مادام میتران و سەرۆک، هەردووکیان داخلی خستەخانە بوون و هەریەکی عەملەیەتێکی گەورەی بۆ کرا ئەوە قدومی ئێمە بوو، بەڵام لەبیر نەکەم رۆژی پێش ئەوەی مادام میتران داخلی خستەخانە بێت نامەیەکی زۆر رێکوپێکی بۆ ئێمە بەجێهێشت ئینجا داخلی خەستەخانە بوو بەرێککەوت لەو خستەخانەی کە

لێی بوو گوتیان کوردێک لێرە نەشتەرگەریی بۆ کراوە چوو بوو سەری ئەو کوردەشی دابوو لە خستەخانە و هەروەها سەرۆک میتران رۆژێک پاش نەشتەرگەریی لە شتەکانی پرسی بوو گوتبووی کوردەکان چی دەکەن؟ وەفدی کورد گەیشت یان نا؟ ئیشەکانیان چۆن دەڕوات؟ بەراستی مناقشاتی ئێمە لە پاریس سەریح بو وجیددی بوو لەسەر هەندێک بابەت هەردوولامان لەسەر هەندێ بابەت جیاواز بووین ئەگەر لەسەر هەموو شتێ رێک باین بۆچی برۆین بۆ پاریس؟ گرنگ ئەوەیە پاش گفتوگۆ و دانوستاندن بە ئامادەبوونی ئەو پسپۆرانە ئەو دۆستانە ئەتوانین بڵێین لەسەر زۆربەی زۆری بابەتەکان رێککەوتین لە ئاسایی کردنەوەی تاکو هەڵبژاردن من باسی بابەتەکانی رێککەوتننامە ناکەم، کاک فوئاد و کاک دارا باسی ئەوە دەکەن، ئەوەی لە هەموو شتێ گرنگتر ئەوە بوو کە ئێمە بەو ئینتباعەوە گەڕاینەوە کە رەنگە ئابڵووقەی لەسەر رژێمی عێراق بەم شێوەیە تا بەهاری ئاییندە بمێنێ ئەم قسانەی ئێستاکەم تۆزێ جیاوازە لەگەڵ ئەو قسانەی پێش چارەک سەعاتێ کە گوێتان لێبوەو، پاشان بە تەقدیریان ئابلووقە هەڵدەگیرێ یان سووک دەبێت وشتی گرنگ ئەوەیە رەوشتی رژێمی عێراق بەتایبەتی بەم دوایە کە بتوانێ نەوت بفرۆشێ و پارە و پولی نەوت بگاتە دەستی بەدوای ئەوەش دا یاخود لەگەڵ ئەودا رەنگە تەئهیلی رژێمی سەدام بکرێت جا ئەگەر ئێمە هەر خەریکی یەکتر بین و کوردستان (٣ و٤) سێ چوار جۆرە حکوومەتی جۆراو جۆری تێدایە و لایەنێک شانازی بەوە بکات کە (٦) گوند زیاتری لەژێر دەستی یە باوەڕ ناکەم ئەو کاتە زۆریش بەجیددی ئەو قسەیە دەڵێم چ حساب بۆ ئێمە بکرێت و باوەڕ ناکەم کەسیش دوو فرمێسک بۆ قیادەی کوردی برێژێ و بەئاسانی ئەتوانن بڵێن ئەو وەختە فرسەتتان بۆ هات حیمایەمان کردن لە هەموو ئەوانەی دەوربەری ئێوە بوون، یەکەم جار باش چوونەپێش، بەلام پاشان خەریکی یەکتر بوون، هەر خەریکی یەکتر بن هەتا هەتایە لە ئێستاوە دۆستی کورد کە زۆرن بەراستی زۆرن، و ئەو حەماسەتەی کەلەم (٣) کەسە پەرلەمانییە بەریتانییەی کە بیستان ئەمرۆ شاهیدە. ئەو دۆستانە هەندێک شەرمەزارن وگەلێک بە پەرۆشن لەسەر باری کوردستان، بەلام ئەگەر توانیمان ئاشتی بەرقەرار بەرپابکەین و ئاسایی بوونێکی تەواو جێبەجێی بکەین و کۆتایی بەناوچەی داخراو و حکوومەتی جۆراو جۆرو نایاسایی، بێن بگەرێنەوە بۆ باری پێش ئەم رووداوانە بۆ پێش (١)ی مایس رێککەوتننامەی پاریس، ئەگەر جێبەجێی بکەین ئەساسە بۆ حەلی هەموو کێشەکان، ئەو کێشەی کە هەبوون پێش (١)ی گولان چ لە سوپادا یان لەپۆلیسدا لە ئیدارە، یان لە یاسا باری کوردستان بەرەوپێش ببات لەسەر ئەو زەمینەیە کاکە و مامە بچنە پاریس و سەرۆک میتران پێشوازییان بکات دەرفەتمان زۆرەو و دۆستمان گەلێکن رەنگە پاش فەرەنسا، بەریتانیا و ئەمریکاش لە ئاستێکی زۆر بەرزپێیان خۆش بێ پێشوازییان بکەن، ئەو کاتەش کەس ناتوانێ کورد پشت گوێ بخات، کەس ناتوانێ مافی کورد بخوات، هەرچی بکرێت حساب بۆ کوردیش دەکرێت و دووجار میللەتی کورد بەرەو پێش دەچێتە بەرەو سەرکەوتن دەڕوات، ئیتر دووبارە رێزم بۆ جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، بۆ ئێوە و ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان هەر شاد و سەرکەوتوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك سامی، با بەڕێز د. فوئاد مەعسوم بفەرمووێ.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی كە كاك سامی ئامادەی كردبوو وەصفەكی تەواوی كۆبوونەوەكان بوو چ لە رووی پێشوازیەوە چ لە رووی گرنگی پێ دانەوە بەڕاستی هەستمان دەكرد ئەوانە كە بەشداری كۆبوونەوەكەیان دەكرد دڵیان وەكو دڵی ئێمە بوو بەرامبەر بەو بارەی كە لەكوردستان دایە، برنارد كوشنەر دەیگووت (١٠) مانگتان لە پێشە ئەو (١٠) مانگە ژیان و مردنی ئێوەی لەسەر وەستاوە لە مانگی (٣)ی داهاتوو راپۆرتەكەی نەتەوە یەكگرتووەكان ئامادە دەكرێت بەرامبەر ئەوەی ئایا ئابلووقە لەسەر عێراق هەڵسێ یان سووك كرێت یا هەر شێوەیەكی تر، دەیگوت باری ئێوە، تەبایی ئێوە كاریگەرییەكی ڕاستەوخۆی لەسەر عێراق دەبێ هەڵسێ یان سووك كرێت یا هەر شێوەیەكی تر، دەیگووت باری ئێوە، كاریگەرییەكی راستەوخۆی لەسەر ئەو راپۆرتە دەبێت كە بزانن ئێوە لەگەڵ یەك تەبانین و یەك نین ئەوە هاندانی هیچ لایەك ناكات بۆ ئەوەی گرنگیتان پێ بدات، مامۆستایەك دەیگوت ئێوە نازانن لە چ ناوچەیەكن ئێوە لە ناوچەیەكن كلیلی رۆژ هەڵاتی ناوەڕاستە باسی ئەوەی دەكرد كە نەوت شتێكی هەرە ئەساسی یە بەرامبەر بەسیاسەتی ئەمریكا و بەتایبەتی لە كەنداو ئەوە پەیوەندی بە ئێوەوە هەیە دەبێ هەوڵی ئەوە بدەن لە ناوخۆتان دا رێكوپێك بن ئەزموونەكەتان سەركەوتووبێ، چونكە ئەوە راستەوخۆ كاریگەری دەبێت لەسەر مەسەلەی كەنداو هەر هەمان مامۆستا دەیگوت كە ئەوەی من تێبینی دەكەم، كە كورد هەر لە ئێستادا دەژی بیر لەدوای رۆژدا ناكاتەوە، جا بۆیە بەڕاستی ئەوانەی كە لەگەڵمان دانیشتبوون ئەوانە بوون كەوەك جەرگ سۆز بۆ میللەتی كورد ئەوجا خەڵكانی بەئاگاو شارەزاو هەریەكە لە بواری خۆی پسپۆڕێكە وەك كاك سامی فەرمووی پسپۆڕی دارایی هاتبوو پسپۆڕی یاسایی زۆر بەڵێنی گەورەیان بە ئێمەدا كە ئەگەر چی بێ شانسی ئێمە مسیۆ میتران و مادام میتران هەردووك دووچاری نەشتەرگەریی بوو بوون، بەڵام لەلایەكی كەوە شانسەكەمان باش بوو كە برنارد كوشنەر دۆستی هەرە نزیكی كورد كە بوو بەسەرۆكی لیژنەی تەنمیە لە بازاڕی ئەورووپی هاوبەش وتی من هەوڵی ئەوە دەدەم كە لەبازاڕی ئەورووپی یارمەتی زۆرتان بدەم بەشداریان دەكرد ئەمریكایی و بەریتانییش هاتن بەشداریان كرد، رەنگە زیاتر فەرەنسا مەبەستی ئەوە بووبێ نیشانیان بدات كە ئەو دیعایەی بڵاوبۆوە لەلایەن هەندێ رۆژنامە نووس كەئەوە سەرەتای گفتوگۆیە لەگەڵ حكومەتی عێراق كەشتی وا نییە، بۆیە ئەو رۆژەی كە لێپرسراوە گەورەكانی وەزارەتی دەرەوە هاتن بەڕوون و ئاشكرا بێ سیاسەتی فەرەنسا وەكو كاك سامی فەرمووی پێشكەشیان كردو بڵاویان كردەوە بەڕاستی هەروەكو لەوێ هەستمان كرد زۆر دڵسۆزانە گرنگی بەمەسەلەكەمان دەدەن هەر هەمان شت ئەمڕۆ ئەو وەفدەمان دی ئەو وەفدەی هاتووە وەفدەك نییە هەروا هاتبێ و بیەوێ سەردانی كوردستان بكات و هاوینەهەوارەكانی كوردستان ببینێ

نوێنەرایەتی هەرسێ حزبەکە دەکەن کە (٣) حزبی ئەساسینە لە بەریتانیا و هەریەکە لەو کەسایەتییانەی کە دەتوانن ڕایان هەبێت و خەڵکی گوێیان بداتێ ئەوجا فەرەنسییەکان، بەریتانیاییەکان و ئەمەریکیەکانیش لە زۆر لای ترەوە لە لەندەن وابزانم جەنابی کاک سامی و برادەران هی منیش هەندێکیان داوای ئەوەیان دەکرد سەقام گیری ئاسایش هەبی جا ئومێدەوارین بچنە فەرەنسا و دەکرێ لێرەش ئیمزای بکەن و ڕەنگە لە ئینگلتەراش دەعوەت بکرێن ورێککەوتنەکەش هەموو لایەکی گرتۆتەوە و کەدوێنێ باس کرا جا بۆیە من دەبێ لێم ببوورن کە باری قورگم تەواو نییە جەنابی کاک دارۆ دەیخوێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی دەقی ئەسڵی ئەو ڕێککەوتننامەیە حەزم کرد پێشەکی ئەوە ڕابگەیەنم کە دەقی ئەسڵی ئەو ڕێککەتننامەیە بە زمانی فەرەنسی و پاشان بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە و ئەمە لەو زمانانەوە وەرگێڕاوە هەندێک کەموکوریی لەڕووی زمانەوانی و وەرگێڕانی نییەوە تێدایە پێشەکی داوای لێبوردن دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوە لێرە چاکی دەکەین.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخر ئێمە ناتوانین چاکی کەین وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە (١٦) تا (٢٢) ی تەمووز لە فەرەنسا کۆبوونەوە بۆ چارەسەرکردنی جیاوزاییەکان و گفتۆگۆکردن لە باردۆخی ئێستا و داهاتووی کوردستانی عێراق و گەیشتنە ئەو ڕێککەوتننامەیە:ـ

١ـ ڕێکخستنی دەسەڵاتی کوردستانی عێراق لەلایەن سیستەمێکی دیموکراتیەوە بەڕێوە ئەبرێت کەدەستە بەری فرە حزبی و ڕێزگرتن لە بانگەشەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی کەمە نەتوایەتی و ئاییینیەکان دکات.

١ـ سەرۆکایەتی کوردستانی عێراق:

أـ سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق . لەڕێگەی هەڵبژاردنی گشتی و ڕاستەوخۆ بۆ ماوەی (٤) ساڵ هەڵدەبژێردرێ و دەسەلاتەکانی بەپێ یاسای ژمارە (٢) دیاری دەکرێت بەو پێیە ناوی ڕابەر دەگۆڕێت بۆ ناوی سەرۆک، دەبێ لەماوەی پێش هەڵبژاردنی سەرۆک دا دەستەیەکی سەرۆکایەتی کە پێک دێت لە سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و لەسەرۆک وەزیری کوردستان و سەرۆکی دادگای تمییز کارەسەی دەسەلاتەکانی سەرۆک دەکەن وەکو لە یاسای ژمارە (٢)دا دیاری کراوە بڕیارەکانی ئەو دەستەیە، بەتێکڕای دەنگ دەدرێت.

ب ـ ئەم ڕێککەوتنە ئەبێت لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند بکرێت مەبەست لەم دەستەیە وأتە ئەو دەستەی سەرۆکایەتییەی کە دامەزرێ.

٢ـ حکوومەت:

أ- حکوومەتی هەرێمی کوردستان عێراق لەلایەن حکوومەتێکی ئیئتلافی یەوە بەرێوە دەبرێت تا هەڵبژاردنی داهاتوو دێ ئەم حکوومەتە فراوان دەکرێت بۆ ئەوەی ئەو گروپانەش بگرێتەوە کە نوێنەریان نەبووە وەکو حزبە سیاسی یەکان و کەمەنەتەوایەتیەکان و کەسانی سەربەخۆ.

ب ـ بڕیاری حکوومەت لەچوارچێوەی حکوومەت و هەریەک لەوەزارەتەکان دا دەدرێت بەبێ دەست تێوەردانی حزبەسیاسی یەکان.

ج ـ حکوومەت پاش لێکۆڵینەوەیەکی تەواو ڕێک دەخرێتەوە بەرچاوگرتنی ئەو ئەزموونەی کەبەدەست هێنراوە بۆ خولقاندن و کۆتایی پێ هێنانیان یان یاخود دروست کردنی هەندێ وەزارەت بۆ پڕکردنەوەی پێویتسییەکانی هەرێم بەکاریگەرترین شێوە.

د ـ دامەزراندنی ئەم دەزگایانەی خوارەوە.

١ـ مجلس خدمە بەرپرسیارە لەدانانی فەرمانبەرانی مەدەنی بێ ڕەچاوکردنی لایەن و لەسەر بناغەی توانای فەردی.

٢ـ دائیرەی رەقابەی مالی گشتی کە بەرپرسیارە لە پیاچوونەوەی بەرێوەبردنی دارایی لە هەرێم دا.

٣ـ ئەنجوومەنی نەخشەی ئابووری هەرێمی دانان واتە دەستەی نەخشەکێشان کە بەرپرسیارە لە دانانی نەخشەی ئابووری هەرێمی و دەست نیشان کردنی ئەولەویەت بۆ پەرەپێدان.

هـ ـ لەدروست کردنی حکوومەتی نوێدا سەرەتای یەکسانی لە نێوان هەردوو حزبە سەرەکی یەکەدا لە ژمارە وگرنگی وەزارەتەکان دا ئەبێ بپارێزێت.

و- لەناو حکوومەت دا هەموو وەزیرێک دەسەڵاتی تەواوی هەیە کە بەپێی یاسا پێی بەخشراوە بۆ بەرێوەبردنی وەزارەتەکەی، جێگری وەزیر ئەو دەسەڵاتانەی جێبەجێ دەکات کە وەزیر بۆی دیاری دەکات بەپێی یاسا.

ز- ئیدارەی ئێستای عێراق کەبێ توانایی خۆی سەلماند. ئەبێ بە چاکی لەژێر چاودێری دەستەی وەزیران دا ڕێک بخرێتەوە و مووچەخۆرەکانی بە فعلی کەم بکرێنەوە فەرمانبەرانی مەدەنی دائەنرێن بەپێی توانایان و ئەبێت ڕەچاوی بی لایەنی سیاسی بکەن، پێویستە بژێوی باشیان بۆ ئامادەبکرێت بۆ ئەوەی بتوانن بەگژ فەسادا بچن و ئیدارەیەکی بەتوانا و چاک دروست بکەن.

٣ـ دەستوور: دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق ئەبێ ئامادەبکرێت موئەسەساتی کوردی ئەبێت سوود لە شارەزایانی وڵاتانی فیدراڵ وەرگرن بۆ ئامادەکردنی موسوەدەیەک پێش کۆتایی مانگی (١٠)ی ١٩٩٤ ئەم موسوەدەیە ئەبێ بەرز بکرێتەوە بۆ نموونە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە و بۆ پەسەند کردنی پێش کۆتایی ئەمساڵ.

٤- هەڵبژاردن:

أ- هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەبێ مانگی (٥)ی ١٩٩٥ ئەنجام بدرێت کاتێ کە ماوەی پەرلەمانی ئێستا کۆتایی دێت.

ب ـ پێش هەڵبژاردن ئەبێ باردۆخەکە ئاسایی کرابێتەوە.
جـ ـ سەرژمێری دانیشتوان ئەبێ پێش هەڵبژاردن بکرێت بۆ دروست کردنی تۆمارێکی باوەرپێکراو بۆ هەڵبژاردن. سەرانی حزبەکان ئەبێ لەبەردەم رای گشتی ناوخۆ و جیهانی دا پەیمانی پابەندبوون بەسەرەنجامی هەڵبژاردن کە هەرچۆنی بێت قبووڵ بکەن. سەرەنجامی هەڵبژاردنەکە هەرچۆنێ بێت حکوومەتێکی ئیئتلافی دروست دەکرێت لەسەر بنچینەی تەرازوی نوێی هێزەکان وەکو نوێنەرایەتی نسبی هەر حزبێک لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستاندا، هەڵبژاردنی شارەوانی ئەبێت بەپێی یاسا ئەنجام بدرێت رۆژی ئەم هەڵبژاردنە بەپێی رێککەوتنی نێوانە هەردوو حزبەکە ئەنجام ئەدرێت.
جـ ـ بەرگری و ئاسایشی هەرێم:
١ـ کاروباری سەربازی:
أـ سیستەمی ئێستای بەرگریی نیشتمانی کە بێ توانایی خۆی نیشان داوە ئەبێ رێک بخرێتەوە بەم شێوەیە ئەبێ دەستەیەکی ئەرکان جیگای وەزارەتی (پ.م) بگرێتەوە کەپێک دێت لە ئەفسەری سەربازی پایە بەرزو دەخرێتە ژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی سەرەک وەزیرو جێگری سەرۆک وەزیرانەوە ئەبێ لەشکرێکی یەکگرتوو کە لەژێر رێکفی حکومەت دابێ و بەپرسیاربێ لە بەرگری کردن لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەسەر بنچینەی تەجنیدی ئیجباری نیشتمانی پێک بێت.
جـ ـ لە ماوەیکی دیاری کراودا ئەبێ مەشقیی هێزەکانی پ.م کەم بکرێنەوە و بەگوێرەی رێککەوتنی هەردوو حزبەکە.
دـ میلیشیات پێویستە بەتدریج چارە بکرێت بەپێی جەدوەلی زەمەنی هاوبەش، هەروەها دەبێ چارەیەک بدۆزینەوە بۆ بژێوی وگوزەرانی چەکدارەکانیان.
هـ ـ بۆ جێبەجێ کردنی عەمەلی ئەو خاڵانەی رێککە وتنەکەش پێویستە سوود لە شارەزایانی بێگانە وەربگیرێت.
٢ـ دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش:
أـ بۆ گرنگی دان و بە تەنگەوە هاتنی سەلامەتی کەسان و ملک و ماڵ لە هەرێم دا پۆلیس و ئاساییشی ناوخۆ ئەبێت بە زوویی رێک بخرێتە ژێر دەسەڵاتی تەنیا حکوومەوە.
ب- ئەم رێکخستنەوەیە ئەبێ بە لێپرسراوی و چاودێری دەستەی وەزیران ئەنجام بدرێت و پێویستی بە ئامرازی تەکنیکی و دارایی هەیە، کەسانی ناو ئاسایش و پۆلیس ئەبێ بەرادەیەکی بەرز مەشق وەرگرن و بژێویەکی باشیان هەبێ بۆ ئەوەی بتوانن بەتەواوی خۆیان تەرخان بکەن بۆ کارەکانیان.
حـ ـ ئەبێ ئەکادیمیەی پۆلیس دابمەزرێ تاکو مەشقی تایبەتی بکەن لەسەر بنچینە سەرەکییەکانی رەفتاری مەدەنی و دیموکراتی و چاودێری مافەکانی مرۆڤ و گوێڕایەڵی بۆ حکومەت.
هـ ـ شارەزایانی بێگانە ئەبێ بانگ بکرێن بۆ یارمەتی دانی هێزەکانی ناوخۆ بەتایبەت لە بواری

تەکنیکی و مەشقدا.

و- جەدوەلێکی زەمەنی ئەبێ بەزووی دابنرێت بەدەست نیشانکردنی ماوەو قۆناغەکانی ئەم ڕێکخستنەوەیە کۆنفراسێکی پۆلیس و ئاسایشی ناوخۆ ئەبێ ببەسترێت پێش کۆتایی مانگی (٩) بۆ ئەم ڕێکخستنەوەو کات و مەرجەکانی.

ز- ئەو یەکەو و ئەو کەسانەی لەلایەن حزبەکانەوە دانراون ئەبێ بگوێزرێنەوە دەزگا حکوومەتیەکانی تر، تەجنید کردنی ژمارەی پێویست لە پۆلیس و ئاسایش ئەبێ لە ڕێگەی تەجنیدی ئیلزامی نیشتمانیی و ناو نووسینی دەرچووانی دانیشتگاکان و شارەزایان بێ پاش بەسەر بردنی ماوەی مەشقی پێویست بێ.

٣-ئابووری و دارایی:

أ- بەهۆی نالەباریی بارودۆخی ئابووری یەوە لە کوردستانی عێراق کە (٢) ئابلۆوقەو چەندین جەنگی یەک لەدوای یەک و وای کردووە کە زیاتر لە (٥٠ ٪) هێزی کار لە کاربکەون و ئەم بارودۆخە بە هۆیەکی سەرەکی پێکدادانی ئەم دواییە ئەژمێردرێ و یارمەتی یەکی فراوانی دەرەکی پێویستە بۆ هێمن کردنەوەی و دروست کردنی سەقامگیری لە هەرێمدا.

ب - جێگیر کردنی سەقامگیری لە هەرێم دا پێویستی بە هێورکردنەوەی سزاکانی نەتەوە یەککگرتووەکان (UN) هەیە بۆ ئەوەی ڕێگا بە کرینی کەلوپەلی پێویست بدات بۆ چاککردنەوەی ئابووری و بەتایبەتی پالاوتەیەک بۆ دابین کردنی پێویستی زۆری خەڵکی بۆ وەدەست هێنانی وزە.

ج - لەبەرئەوەی کە یارمەتیەکان لە ڕێگای ڕێکخراوە ناحکومی یەکانەوە جێبەجێ دەکرێن، حکومەتی هەرێم ناتوانێ وەکو پێویست نەخشەی ئابووری هەبێت بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم ڕاستەوخۆ داوای یارمەتی لە حکوومەتەکان و دام ودەزگاکانی یارمەتی بێگانە بکات، بۆ بووژانەوەی ئابووری هەرێم پێویستە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان یاسایەک دەربچووینێ کە هەیکەلی کارکردنی ڕێکخراوە ناحکومەیەکان و خۆماڵییەکان و بیانییەکان دیاری بکات، بەزووترین کات داهاتەکانی گومرگ پێویستە تەنیا بچێتە خەزێنەی حکومەتەوە، حزبەکان پێویستە حسابات پێشکەش بە حکومەت بکەن دەربارەی ئەوداهاتانەی کەوەدەست هێنراوە لە هەموو داهاتی لە (١/٥)وە پێویستە حکومەت هیچ پارەیەک نەدات بە حزبەکان تاوەکو گومرگ نەچێتەوە ژێر دەسەڵاتی فیعلی خۆی. دەزگاکانی گومرگ پێویستە کە شایستەی ئەو کارە نین و چەند فەرمانبەرێکی مەدەنی بگۆردرێن کەدەستنیشان دەکرێن، بەگوێرەی توانا و شارەزاییان بەبێ ڕەچاوکردنی ئیعتباراتی سیاسی، پێویستە بانکی هەرێم بەرگری لێ بکرێت و بپارێزرێت لەلایەن هێزی پۆلیسی حکومەتەوە بەبێ دەست تێوەردانی حزبەکان.

٤- پەیوەندی یەکان هەرێمی و دەرەوەی:

١- پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دا.

أ- ئیدارەی کوردی پێویستە ماوەی پەناهەندەی سیاسی بدات بەو کوردانەی داوای پەنا هەندەی سیاسی دەکەن بەو مەرجەی چالاکی سەربازیان لەناو کوردستانی عێراق دا نەبێ و کودستانی عێراق وەکو بنکەیەکی سەربازی بۆ پەلاماردان بەکار نەهێنن.

ب ـ لە کاتێک دا ئێمە کەباوەڕمان بە مەبدەئی دەست تێوەرنەدانی هاوبەش لەکاروباری ناوخۆی کوردستانی عێراق و وڵاتانی دراوسێدا هەیە، هەردوولایەن داوای چارەسەری ئاشتیانە و دیموکراتی یانە بۆ مەسەلەی کورد لەم وڵاتانەدا دەکەن.

ج ـ هەموو هاوکاری یەک لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ یان لەگەڵ حزبە سیاسی یەکان دا هەبێ پێویستە بەکار نەهەێنرێ لەلایەن حزبێکی کەوە دژی حزبێکی تر، بەڵکو پێویستە بۆ بەرژەوەندی کوردستانی عێراق بێت، پێویستە هەردوو حزب ئاگاداری یەکتر بکەنەوە و هاوکاری یەکتری بکەن و خۆیان لابدەن لە هەڵوێستی یەک لایەنە لەسەر حسابی کورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دا.

٢ـ نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک نوێنەری رەسمی دیاری کراوەو پێویستە کارەکانی بە هاوکاری لەگەڵ جێگرەکەی دا لە پەیوەندی یەکانی دەرەوەدا ئەنجام بدات.

ب ـ مەکاتبی حزبەکان پێویستە دەست نەخەنە ناوکاروباری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لەبواری کاروباری دەرەوەدا.

ج- مەکاتبی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدەرەوە لەلایەن حکومەتەوە دائەمەزرێت و ئیدارە ئەکرێت وەکو قۆناغی دەست پێ کردن ئەم ئۆفیسانە لەلایەن هەردوو حزبەکەوە یارمەتی دارایی بۆ دابین ئەکرێت.

د- پێویستە نوێنەرەکانی حکومەتی هەرێم لەدەرەوەی وڵات بەدەوریی لەگەڵ سەرکردایەتی هەردوو حزبەکە کۆبوونەوە بکەن.

ه ـ هەوڵی سازدانی سیمینارو چاوپێکەوتن و هەروەها ڕێکخستنی دەرەوەی کاری دیپلۆماسی بدرێ.

و- لیژنەیەکی ڕاوێژکار کە لەچەند خەبیر و شارەزایەک لە بوارەکانی سیاسەتی دەرەوە دروست بکرێت بۆ ئامۆژگاری کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە نیویۆرک و بەلجیکا دامەزرێ.

٥ـ جەدوەلی زەمەنی.

أـ ئاسایی کردنەوە واتە (تطبیع) بەزووترین کات بکرێت.

ب ـ پێش کۆتایی هاتنی مانگی (٨)ی ١٩٩٤ حکومەتی نوێ پێویستە پێک بێت و ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی پێویستە دابمەزرێت.

ئاماری گشتیی دانیشتووان جێبەجێ دەکرێ لە مانگی (١٢)ی ١٩٩٤.

دـ ئەو شارەزایانەی کە مستەر کۆشنەر پەیمانی داوە کە بۆمانی تەرخان بکات لەگەڵ کەسانی شارەزای تر بگەنە کوردستان پێش دەست پێکردنی ئامار.

چاودێرەکان و خەبیرەکان بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنەکان پێویستە بۆ کوردستان بەماوەیەکی زۆریش پێش دەست پێ کردنی هەڵبژادنەکان و ئەگەر دەکرێ لەدەست پێ کردنی ساڵی (١٩٩٥)وە بێت.

و- مسوودەیەک بۆ دەستووری هەرێم ئامادە دەکرێت بەیارمەتی چەن پسپۆرێک لە مانگی (١٠)دا پێش کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ لەبەردەم پەرلەمان دا پەسەند بکرێت یا دەزگا نوێیەکان کە ئەمانەن: مەکتەبی چاودێری دارایی گشتی، ئەنجوومەنی نیشتمانیی، فەرمانبەرە مەدنی یەکان، ئەنجوومەنی خزمەتگوزاری، ئەنجوومەنی پلان کێشان لەلایەن حکومەتە نوێکەوە دروست بکرێت کۆتایی ساڵی ١٩٩٤.

٦- چاودێری و ناوبژی کردنی هەردوو حکومەتی فەرەنسی و ئینگلیزی بۆ ئەم ڕێککەوتننامەیەبە شەرعی مۆرکرا لە ڕۆژی ١٩٩٤/٧/٢٢ بە ئامادەبوونی بەڕێز برنارد دۆران ڕاوێژکاری دەوڵەت و سەفیری فەرەنسا ومستەر کەندال نەزان سەرۆکی پەیمانگای کوردی لە پاریس و مستەر فوئاد حسێن و مستەر عەباس والی بریکاری سەرۆکی پەیمانگای کوردی لە پاریس و د.نەجمەدین کەریم سەرۆکی ئەنجوومەنی کورد لە ئەمەریکا لیژنەیەکی چاودێری و ناوبژی کردنی پێک هێنراوە لەچەند کەسایەتیەکی کوردی و بیانی کە لەکاتی جیاوازی بیربۆچوون دا یاخود چۆنیەتی تێگەیشتنی لە مەتنی ئەم ڕێککەوتن نامەیە هەڵدەستێ بەیارمەتی دانی و ڕاوێژکردن، شێوەی پێکهێنانی ئەم لیژنەیە بەتەواوی دیاری ئەکرێت پێش ئیمزا کردنی کۆتایی ئەم ڕێکەوتنامەیە هەڵدەستێ بەیارمەتی دانی ڕاوێژکردن، شێوەی پێک هێنانی ئیمزاکردنی کۆتایی ئەم ڕێکەوتننامەیە لەلایەن سەرانی کوردی یەوە.

**نەوشیروان موستەفا**
**سەرۆکی وەفدی (ی.ن.ک)**

**سامی عەبدولڕەحمان سەرۆکی وەفدی**
**(پ.د.ک) ئامادەکراوەو ئیمزا کراوە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر زۆر سوپاس، ئینجا ئەمێنێتەوە خاڵێکی تر، ئیستا تازە بابەت تەواو کاک شێخ عەدنان لەگەڵ کاک حازم وکۆمەڵێک لە ئەندامی پەرلەمان بەیانی زوو کە زانیان بۆ بابەتەکەی شەقڵاوە وابزانم سەردانێکی بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعودیان کرد، تا شەقڵاوەش ڕۆیشتن ئەگەر ممکن بێت بە خەستی شتێکمان بۆ باس کەن، چونکە لەڕاستیدا ئەندامانی پەرلەمان بە پەرۆشەوە حەزدەکەن بابەتەکە بە درێژی بزانن کە گەیشتە کوێ؟

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستی دا ئەوەی دەمەوێت بیڵێم دوێنێ نەک هەر ئێمە، هەموو میللەتی کورد لە لایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە زۆر زۆر خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی لەبارەی ئەو هەڵوێستەی پەرلەمان و ئەو پەیمانانەی کە بەڕێزان کاک مەسعوود و مام جەلال دایان، ئیمڕۆ بەیانی ئێمە لە پەرلەمان

لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەستەی سەرۆکایەتی دا بەرنامەیەکی دیارکراومان هەبوو بۆ سەعات (١١) بەداخەوە هەر بەیانی زوو بیستمان کە ئەو ڕووداوانەی شەقلاوە بووە، زۆر زۆر نارەحەت و نیگەرانیان کردین بەتایبەتی لە کاتێک دا کە وەفدێکی ئاوا لێرەیە و لە کاتێکدا ئێستا بەڕێزان کاک سامی و کاک د.فوئادو کاک دارۆ، بەتایبەتی کاک سامی زۆر بە صراحەت ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دۆستانی ئێمە چەند بە پەۆشن بۆ باری ئێمەو کاک د.فوئاد پێش چەند ڕۆژێک جارێکی بەمنی گوت کە (٩) مانگ فرسەتی ئێمە هەیە، ئێمە وەقتێکی زۆرمان لەدەست داوە نامەوێ داخلی تەفصیلات بم بەڕاستی لەگەڵ دڵ نیگەرانی وامان لێهات متمانەمان بەهیچ شتێ نەمێنێ لەگەڵ ئەوەش دا ئێمەو ئەو برایانەی کە لە پەرلەمان بووین من و حازم کۆمەڵێک لە برایانی پەرلەمان لە سنووری (٤٠) کەسێک دەبووین گووتمان دەبێ بیر لەوە بکەینەوە ئێمە چی بکەین و پاش مداوەلەیەکی کورت لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و پێشتر لەگەڵ کاک د.فوئاد، چونکە کاک فرەنسۆ نەهاتبوو، جارێ نەگەیشتبوو، بڕیارمان دا هەر کەسەمان بە سەیارەکانی خۆمان حرکەت بکەین ئاسایی پەیوەندیمان کرد بە بەڕێز مام جەلال و لە ژووری کاک د.فوئاد وە بۆ ئەوەی بچینە لای ئەو وای پێ باش بوو، چونکە لەوێ دەستی پێ کردووە دیارە پەیوەندیش هەبوو کە ئێمە بچینە مەسیف، ئینجا لەوێ گەڕاینەوە بچینە لای جەنابی مام جەلال ئەوە بوو ئێمە حەرەکەتمان کرد زۆر بەپەلە چووینە سەلاحەدین من تەلەفۆنیشم کرد بۆ ئەوەی جەنابی کاک مەسعوود ببینین لەوێ کە چووینە ئەوێ کاک مەسعود ڕانەوەستابوو کە خەڵک بنێرێ هەر خۆی گوتیان چووە بۆ شەقلاوە، گوتیان ئێوەش بچن بۆ شەقلاوە ئێمەش سواری سەیارەکانمان بووین بێ ئەوەی تێ بفکرین چۆنەوچی هەیە چووینە شەقلاوە و لەبەینی حوجران و کاوانیان نەخێتک لەسەری حوجرانەوە، گەیشتین بە کۆمەڵێک سەیارات جەنابی کاک مەسعوود بوو دەهاتەوە، کە چاوی بە ئێمە کەوت ڕاوەستا ئێمەش قسەکانی خۆمان کرد زۆر بەتوندی گوتمان ئێمە دوێنێ وامان گوت واتان وەعد دا ئێمە زۆر زۆر نارەحەتین و زۆر نارازین و لەوانەیش نییە ئێمە ئەو بارە بەو شێوەیە قبوڵ بکەین، ئەوەی جەنابی کاک مەسعوود پێی گوتین، ئەوەی برادەرانیش لە نزیکەوە گوێیان لێ بوو وتی من هەر ئێستا ئەمرم داوە هێزی پارتی لەوێ نەمێنێ، ئەوە ئەوانەی لەوێن مسئولینی پارتی هەرکەسێکن بگیرێن و بەحەپس کراوی بیان هێننەوە سەلاحەدین لای من، ئێمەش ئیتر بەباشمان زانی ئەو بەجێ بێلین و بەرەوە شەقلاوە کە جارێ تێنەپەڕیبووین جەنابی کاک مەسعوود گوتی وام پێ باشە ئەگەر هیچم لەبیر نەچوو بێ کاک حازم بیرم بخاتەوە یان برادەران یان بچنە مەڵبەندو بچنە ناوچە ئەگەر نوێنەرێکی INCلەگەڵ بێت باشترە، چونکە بارەکە بەرەو باشی دەڕوات. ئێستا ئێمە چووین بە ئیعتبار یەکەم جێگا مەڵبەند بوو، چووینە مەڵبەند کۆمەڵێک پ.م لە دەرگاکە بوون، مسئولێکی وانەبوو ئێمە قسەی لەگەڵدا بکەین لە کاتی وجودی ئێمە کۆمەڵێک تەقە لە مەڵبەند دەهات و لەوانە هەندێ برادەرانیش چاوم لێ بوو خۆیان لادەداو هەندێکیشیان کەناریان گرت و تەقەی گاڵتە نییە مافی خۆیەتی خەڵک لەتەقە دەترسێ، دوای ئەوە وامان بەباش زانی کەبەرەو ناو شەقلاوە بڕۆین، یەکەم جار چووینە ئوتێل سیاحییەکە

پرسیـمـان نوێنەری (INC)، وتیـان لێرە نییـە هەتا لەگەڵتان بێت پێشـتـان کەوێ، بە هەر حاڵ چووینە ئوتێلێ سیاحی لە شەقلاوە و چەند ئەندامێکی INC لەوێ بوون (غانم جواد) لەوێ بوو گووتیـان دکـتۆر ئەحمـەد چەلەبی لێرە نییـە، عـەمـید تەلال لەوێ بوو، حاجی محـەمـەد وبرادەرانی تریش عـەمـیـد غـازیمان لـەوێ دی کـە لـێپـرسـراوێکی سـەربازی پارتی یە، دوێنێ واتە لەکـاتی ڕووداوەکـان، کە هەر جەماعـەتەکە خۆی تەقەیان لێ کردبوو گولەیەکیش کەوتبوو برادەرانی تریش مـەلا نەجـمـان دی لەگـەڵ تەحـسـین کـاوانی دوای ئەوە برادەران وایان پێ باش بوو هەر لە ناو ئوتێلەکە من وکاک حازم دانیشتنێکی کورت و بەپەلەیان لەگەڵدا بکەین، هەرچەندە مونحەصیر نەبوو کەوتینە قسە کردن لەگەڵیان دا بە ئامادەبوونی نوێنەرانی (INC) کاک غـانم جواد و چەند ناوێک دەستنیشـان کران کـە ناوەکـان من دام بە کـاک مەسـعـود، بەداخـەوە یەکێکیـان من لەوانە ئەیناسم کەپێشمەرگەیەکی کۆنە ئەحمەد زەخۆل لەگەڵ چوار کەسی تر، ئەوانە جێی خۆیەتی ئەوانە ئیجرائاتیان لەگەڵ بکەین و من بەڵێنی تەواوم لەگەڵ کاک مەسعودە، جگە لە ئەوانی تر لەگەڵ ئەوانەش ئیـجرائات بکات، عـەمید غازی بەڵێنی داینێ بۆ شەشی ئێوارە یەک دانە نەفەری هێزی پارتی لە شەقلاوە نەمێنێ،کورتترین مۆڵەت شەشی ئێوارەیە کە ئێستا شەش بیست و پێنجی دەوێ یەک نەفەری پارتی نهائیـا لەوێ نەمێنێ و برادەرانی یەکیێتیش بەڵێنیـان داینێ، نەخێر کـاک مـەسـعـوود ئەمری دەکرد کـەس لەوێ نەمـێنێ، هەر هیچ کـەس من قـسـە کـان چۆن بووە وادەیگێڕمەوە ئەگەر خلافی تێدابوو کـاک حازم یان برادەران دەتوانن بڵـێن وانییە ئەوەی ما دوو ڕەبیـە بوو کـە لەلای تەقـویەکـە، وابزام تقـویەکـە لەسـەر لای سـەفـینە کـۆمـەڵێک پارتی لێـیـە، کۆمەڵێک یەکێتی لێیە، ئەوەی پارتی وتیان لابچن گوتمان چۆن دەبێ ئەوە عەمید غازی بەڵێنی داینێ گـوتی ئێـمـە ئەوانیش لادەبەین، چونکە کـاک مـەسـعـوود ئەمری کـردووە ئەمـرەکـە مطلقـە، شمولی ئەوانیش دەکات، برادەرانی یەکێتی گوتیان ئێمە ئەوەی ئەوانی تر دەسەلاتی ئێمەیە بەس ئەوە، چونکە بڕیاری هەردوو مەکتەبی سیاسی لێدراوە ئێمە ناتوانین ئەوانە لاببەین، گوتمان بەهەر حـاڵ ئێـمـە کـە چووینەوە هەولێـر دامـان نابوو پەیوەندی بەجـەنابی مـام جـەلال بکەین، هەروەها بەڵێنیـان دابوو بچنە لای کاک حازم ئەوە بوو پەیوەندی کرد، بەڵێنیـان داینێ دوای سەعـاتێکی تر لەوانەیە نەختێکی تر ئاوا بیست دەقیقەیەکی تر دەچینە لای جەنابی مـام جەلال پێی دەڵێین بۆ ئەوەی دەسـەڵاتی خـۆی بەکـاربهـێنێ و ئەوڕەبیـەی ئەوانیش لەوێ نەمـێنێ ئێـمـە لێـرەوە ڕای دەگەیەنین، سووریشین لەسەر هەڵوێستی خۆمـان، لامان گرنگ نییە چ لایەک بێ و پشتگیری لەو ئیجرائاتە دەکەین، و نارەزاییش دەردەبرین ئەگەر ئەو ئیجرائاتە نەکرێ، هەرکێ بێ کاک مەسعوود بێ یان مام جەلال بێ لەگەڵ ئەوەشەوە ئێمە لەو ڕاوەستانە داوامان لەجەنابی کاک مـەسعوود کرد کە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی ڕاستـەوخۆ دابنرێ. وتی من ئەوانە دەگرم تەسلیمی ئێـوەیان دەکەم، ئێـوە خۆتان چیـان لێ دەکەن کـەیفی خۆتانە، چۆن بڕیار دەدەن بارەکە بەو شێـوەیە بـوو، من لەبەر ئەوەم نییە جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران لێرەیە بەداخەوە مـاڵی ئەو تالان کرابوو، سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیرانێک کە ئێمە هەموومان دەنگمان پێ داوە ئەگەر پیاوێکی خراپە، دەنا با لێرە

دەنگ بدەین و لای ببەین، بەس ئایا مەعقولە سەرەک وەزیرانێک نەتوانێ ماڵی خۆی لە شەقڵاوە بپارێزێ؟ واتە لەوانە نییە هیچ حزبێک کەیفی بەمە بێت ئێمە کۆمەڵێک خەڵکی جەردەو دزو بێ ئەخلاقمان کۆکردۆتەوە بەخوا ئەوانە نابێ پێشمەرگە بن و، ئەگەر کوردایەتیش بەم حاڵە بێ زۆر کەس هەیە پەشیمانە ئەگەر رۆژێک شتێکی کردبێ، نازانم ئێمە چی بکەین؟ خەڵکێک هاتووە بەخوا خۆیان بەدەمی خۆیان لێپرسراوەکانی سەربازی هەردوو لا لەوانەیە کاک حازم پشتگیری دەکات، دەیان گوت ئەو جۆرە کەسە لەناو خەڵکەکەدا هەیە بەناو هەندێ کەسیان، ئێمە ناوەکانیانمان نووسیون و، حەزدەکەن شەڕ بکەن بۆ ئەوەی شەقڵاوە تاڵان کەن، ماڵی عالەم ببەن، کۆمەڵێک دوکانیان تاڵان کردووە، تاکەی ئێمە سەبر بکەین، وەڵامی شەرمەزارییە لەشەرمەزاریش گەورەترە و ئەگەر سیاسەت بێ مرۆڤی سیاسی جاران ئاشکرا بوو واتە مرۆڤی بە ئەخلاقە و رەوشت بەرزە ئەگەر هەر حزبێک کەیفی بەوە دێت ئەو جۆرە کەسەی هەبێت ئەو حزبە زەرەر دەکات و ئەنجامی خراپ دەبێ، وەکو دوێنێ کاک رەشید خۆی باسی دەکرد ئینکشارییەکان کە تەسەلولیان کرد لەسەر خۆ دەستیان پێ کرد سەرکردەکانی خۆیان لەسێدارەدا من ئیمرۆ وتم رۆژێ وای لێ دێت مەترسیم لێ دێ هێرش بکەنە سەر ماڵی مام جەلال و ماڵی کاک مەسعود، چونکە مرۆڤێک کە رەوشتی نەبێ هەموو شتێک دەکات، چونکە سیاسەت واتە مەبدەئە و باوەڕ، ئەوەی رەوشتی نەبێ چی رەبتی دەکات؟ چەکیی هەیە، باشە مام جەلال چی هەیە؟ کاک مەسعوود چی هەیە؟ پاسەوانی هەیە قازیفەی هەیە باشە ئەم شەرمی بەخۆ بە و ئەخلاقی هەیە و ئەو نیەتی باشە چ رادعێک هەیە ئەو لێی بدات؟ من چی ترم نییە سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەمن لەگەڵ قسەکانی برای بەڕێزم کاک شێخ عدنانم و ئەمنیش هەر هەندەک زیادەم هەیە کە رەنگە تەعزیزی قسەکانی کاک شێخ عەدنان بکات هیچ ناکۆکیەکم لەگەڵی دانییە، بەراستی دوێنێ بەحسابی خۆمان وەکو پەرلەمان کۆبووینەوە، دانیشتنێکی مێژوویی بوو لە مێژووی کوردو کوردستان و پەرلەمانی کوردستان کە بەڵێنیان وەرگرت لە هەردوو سەکردە بەیاننامەی هاوبەشیان دەرکرد، بروسکەی هاوبەشیان نارد بۆ هەموو لق و مەڵبەند و هێزەکانی پارتی و یەکێتی، بەڵام بەداخەوە دوێنێ چەن سەعاتێک دوای ئەو بەڵێنە و لەم بەیانی هاوبەش و لەو بروسکەیە، ئەو شتە لە شەقڵاوە روویدا کەجێی داخە کە ئێمە وەکو پەرلەمان وەکو ئەندامانی پەرلەمان بەراستی ئەوە محەک بوو بەنسبەت ئێمەوە، ئێمە دەبوایە جەولەیەک بکەین تا بزانین ئێمە ئایا هەر بەس قسە دەکەین و برادەران کە بەڵێنمان پێ دەدەن هەر بەڵێن و بەڵێنی یان بەراستی لەسەر بەڵێنی خۆیانن؟ ئێمە ئەوە بوو وەکو کاک شێخ عەدنان باسی کرد ئەمڕۆ هاتینە پەرلەمان و جەولەمان کرد نەمانزانی چی بکەین، زۆر زۆر بە پەلە بووین چووین کاک مەسعوودمان لە رێگابینی زۆر بەپەرۆش بوو و، زۆر زۆر بە توندی ئیدانەی ئەو مەسەلەی کرد، بەڵێنی دایە ئێمە، ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان و ئەویش وتی من دەبێ خۆم چارەسەری ئەو مەسەلەیە بکەم و بەجێی ناهێڵم

بۆ کەسێکی تر ئەمرم کردووە کە ئێستا ئەوانە هەموو هێزەکان، ئەوەی دوێنێ هاتوون و ئەوەی کە پێشتریش لەوێ بوونە و هەتا ناوچە و حیمایەی ناوچەشن دەبێ لەوێ بکێشرێنەوە و یەک نەفەری چەکداری پارتی لەناو شەقلاوە نەمێنێ، ئەو قسەی بەڕێز کاک مەسعوود بوو ئەوانی کە هۆکارن دەبی سزا بدرێن و وتی: من بەباشی دەزانم ئێوەش بچنە شەقلاوە و هەتا بەچاوی خۆتان ببینن، ئێمە چووینە شەقلاوە بەڕاستی دیارە باری شەقلاوە هەر باری شەڕ بوو، ئەوەبوو تەق و تۆق هەبوو، لەبەردەمی مەڵبەند تەقە هات پرسیمان ئەوە لەکوێ یە؟ وتی وەڵا ماڵێکە کە پێی دەڵێن هاشم باپیر، دیار بوو کە ئێمە چووینە ئوتێلی سیاحی لەوێ غازیمان بینی کە لێپرسراوی هەموو ناوچەکەیە و لە هەریر هاتبوو خۆی لەبەردەمی من و شێخ عەدنان، چەند ناوێکی بە ئێمە دا وتی ئائەمانەن (٢و٣و٤و٥و٦) وتی ئەمانە لێپرسراون لێپرسراوی هێزەکانی پارتین نەبەقسەی منیان کردیە نە بە قسەی کاک مەسعوودیان کردیە و هاتوونە ئێرە و ئەو ناوانە خۆتان بیدەنە کاک مەسعوود، منیش پێم داون بەڵام ئێوەش بیدەنە کاک مەسعوود دەبێ ئەم خەڵکە سزا بدرێت، چونکە بەڕاستی وتی ئەم خەڵکە هەر دوێنێ ئەو هەلەیان قۆستۆتەوە کە بێن شەقلاوە تالان کەن، هیچی تریان مەبەست نەبووە تەنیا تالان کردنی شەقلاوە، لەراستیشدا ئەوە وەکو کاک شێخ عەدنانیش باسی کرد پێش هەموو شتەک چوون ماڵی سەرۆک وەزیرانیان تالان کردووە و هەوڵیان داوە ماڵی مام جەلالیش تالان بکەن، بەڵام دیارە خۆش بەختانە ئەوە نەبوو وشتەکە راگیراوە لەو سنورە چەند دوکانی ترو یەکێکی وەکو د.کەمال خۆشناو کە مامۆستای زانکۆیەکە، لەوێ لای هەموو کەسێک ناسراوە کە نامەوێ باسیشی بکەم لەوێ چوون دەست درێژیان کردۆتە سەر و گیراوە، وتی من جارێکی تر ئیتر خۆم بەرگری دەکەم وتی خۆنابێ من جارێکی تر وام لێ بکەن، بەڕاستی واتە خەرقێکی ڕوونە بۆ هەموو رێککەوتنێک بۆ هەموو ئەوەی کە دوێنێ هەردوو برادەران لێرە ئەو بڕیارەیان داوە، لەلایەن خەڵکێک خەرق بووە و منیش بەناوی خۆمەوە و بەناوی ئەوەی مەجالم بدات بەناوی ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوە دەکەم کە ئیجرائاتی توندو تیژ و بەپەلە لە دژی ئەو خەڵکە وەربگیرێت، هەتا جارێکی تر ئەو مەسەلانە دووبارە نەبنەوە. سزای هۆکارەکان بدرێت و فەرمانی کاک مەسعود جێبەجێ بکرێت و، ئێستا پەیمانیان بە ئێمە داوەو لەگەڵی رێککەوتووین لەماوەی سەعات (٦) یەک نەفەر لە شەقلاوە نەمێنێ و ئەو خەڵکە کە زەرەری لێ کەوتووەو کە هیچ گوناهی نییە لە شەقلاوە قەرەبووی بکرێت هەر ئەوە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستیەکەی ئەو زانیاریانەی کەوا کاک حازم و کاک شێخ عەدنان پێشکەشیان کردووە ئەوە ماوەی قسەکردنی بۆبەجێ نەهێشتووین من تەنیا ئەوەندە ئەڵێم کەوا ئەو بڕیارانەی ئێمە داومانن، ئەو کارنامەی کەوا ئێمە دەرمان کردووە دیارە، هەروەها ئەو پاداشتەی کە دوێنێ پێشکەش کرا پێویستە ئێمە وەکو پەرلەمان هەوڵ بدەین جێبەجێ بکرێت و ڕێزی لێ بگیرێ و، بۆ ئەوەش

پێویستە ئێمە کۆمیتەیەکمان هەبێت چاودێری جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانە بکات. ئێمە دوێنێ هەموو لە پەرلەمان بەدڵێکی خۆش چووینە دەرێ، بەڵام بۆ بەیانی هەواڵی ناخۆشی شەڕو شۆڕوپێکدادان بڵاوبۆوەوە، جا ئێمە ناتوانین هەموو جارێک دانیشین وبڕیار وەربگرین و قسەی خۆش بکەین وقسەی باش بکەین و لەپاشانا بە پێچەوانەی ئەوەوە ڕەفتارێ بکرێت، بێ گومان ئەوەش باس کرا کەوا پێویستە بەرامبەر بەو کەسانە ئیجرائات وەربگیرێت، پێویستە ئەو کەسانە بگیرێن و سزا بدرێن و بکرێن بە پەندو عیبرەت بۆ خەڵکی تر، بۆ هەموو کەسێک کە نیازی خراپی هەبێت و کارێکی وابکات کە ئەو بارەی لە کوردستانا هەیە زیاتر بشێوێنێ و زیاتر خراپی بکات لەبەر هەموو ئەو هۆیانەی کەوا باستان کرد و ماوەیەکی زۆر ئێمە باسی ئەکەین، کە ئەگەر باری کوردستان ئاسایی نەبێتەوە و بەو شێوەیە بڕوات بەڕێگاوە هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە لە چەند ساڵی ڕابوردوودا هاتوونەکایەوە لە کیسمان نەچێ بۆیە من زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی داوا ئەکەم کە کۆمیتەیەک دابندرێت و ئەو مەسەلەیەی بەرەو ڕووبکرێتەوە کە بزانێت ئەو کەسانەی لە ڕووداوەکانی دوایی هەر ئەمەی دوێنێ شەقڵاوە نا، ئەمەی پێشوو تریش ئەوانەی لەڕێگەی هەولێر- سەلاحەدین لاسارییان کردووە، ئەوانیش کە لەلای یەکێتی گیراون ئەمانەی کەوا انشاءالله ئەمڕۆ ئەگیرێن، عفو لە شەقڵاوە و ئەوانەی کەوا لەسەر جادە خەڵکیان فڕاندووە (٤) کەسیان فڕاندووە بەبێ دادگایی کوشتوویانن و پێویستە ئەوانەش بگیرێن و دادگایی بکرێن سزای خۆیان وەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر بەگەرمی پشتگیری قسەکانی کاک د.کەمال فوئاد دەکەم و من هەروەک زۆر بڕوام بەکاک عەدنان نەقشبەندیی هەیە و هەمان بڕوام بە کاک حازم یوسفی هەیە، من بڕوادەکەم کەیەک قسەی زیادیان نەکردووە و من ئیدانەی ئەو کارە دەکەم کە لەشەقڵاوە کراوە بێ ئەوەی بزانم کێ یە یان کێ نییە و زۆر بە گەرمی ئیدانەی دەکەم. بەڵام من ڕەخنەیەکم هەیە لە هەردوو مەکتەبی سیاسی، دوێنێ مام جەلال و کاک مەسعوود پێشنیاری ئەوەیان کرد کە بیر لەوە بکەنەوە هێزەکانمان لەناو شارەکان کۆبکەینەوە لە شوێنێک دانیشین بۆ ئەمڕۆ هەردوو مەکتەبی سیاسی کۆبووینەوە چاودێری ئەمە بکەن، واتە ئەمەش شتێکی کەم نەبوو پێشنیارەکە پێشنیارێکی زۆر لەجێ بوو، بۆ بەدوای دا نەچین بۆ جێبەجێ نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال محەمەد فوئاد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی کە دوێنێ لێرە بوو لەبەردەم هەموو برادەران و خوشکان وەکو ڕۆژێکی مێژوویی دانرا، بەڵام ئەوەی شەو ڕوویدا جارێکی تر بڕواو متمانەی نەهێشت، وای لێ هات هەر جارە وەکو شانۆگەرییەک باسی ڕێککەوتن دەکرێت، هەندەی پێ ناچێ دەست بەجێ جارێکی تر تێک دەدرێتەوە، یەک لەبارەی خۆم دەمەوێ بەهێمنی چارەسەری شت بکرێ لێت ناشارمەوە کۆمەڵێ

ئەوراقم ئامادە کرد بوو قسەم حازر کردبوو، ئەمڕۆ لێرە بیکەم، بەڵام مبادەرەکەی کاک مەسعوود بەڕاستی بارەکەی گۆڕی. ئێمە باسی ئەوە دەکەین یا باسی ئەوەمان دەکرد کێشەکەمان ئەوە بوو دەمانگوت متمانە نەماوە، متمانە بە مجاملە دروست نابێت، متمانە بەشتی کاریگەر دروست دەبێت ئەوەی ئەمڕۆ بێ گومان سەرەتایەکی گرنگە بۆ ئەوەی ئەو متمانەیە دروست بێت لە هەر جێگایەک، دەبێت لە چ لایەکەوە خەڵکانێک ئەم کارە بکەن مەسئولی ئەو لایەنە مبادرە بکات و کۆتایی بەو کەسانە بێنێ کەلەسەر حیسابی ئەم میللەتە دەژین، ئومێدەوارم ئەوەی ئەمڕۆ، ئەوەی پێش ماوەیەک کە بەڕێز مام جەلال چەن کەسێکی گرتبوون ئەوانە هەمووی ببنە هۆکاری دروست بوونی متمانە و بروایی نێوان هەردوولا، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان بەڕاستی وەکو برادەران باسیان کرد ئەوەی دوێنێ زۆر دڵخۆشکەر بووەو ئەمن دوێنێ کە لێرە هەستاین گەیشتینە ئەو قەناعەتە کە بەتەواوەتی، جارێکی کە مەترسی شەڕی براکوژە و ئاژاوە نانەوەو کێشە لە کوردستان دا کۆتایی هات و لێرەوەش هەقە کە چۆن ئەو پێشنیارەی ئەنجومەنی نیشتمانیی یان ئەو برایانەی ئەو بیرخەرەوەیان دابوو، بەڕاستی هەر کە سێکیش بیەوێ ئەو ئەزموونە لە میللەتەکەمان تێک بدات بەڕاستی هەقە لە مێژووی کوردا ئەویش هەر بە خاین حساب بکرێت، چونکە ئەوە بەرهەمی خوێنێ هەزاران هەزار شەهیدی میللەتەکەمانە و خۆمان دەزانین چی بەسەر هاتووە، لەوانەیە هەتا دۆستەکانیشمان نەزانن چی بەسەر هاتووە، بەڵام لێتان ناشارمەوە کە دوێنێ چوومەوە ماڵێ، من لە ماڵێ بووم کاک مەسعود تەلەفۆنی کرد سەعات (٧٫٥) گوتی لە شەقلاوە ڕووداوێک بووە حەزدەکەم تۆ تەدەخول بکەی، هەر لە سەرەتاوە من نە مەسئولی مەکتبی عسکەرییمەو، نە مەسئولی پێشمەرگەشم، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا پەیوەندیم بە شەقلاوە کرد گوتم هیچ هێزەکانی یەکێتی زیادەڕۆیی نەکەن و لە هیچ شوێنێکیش تەحەشوود نەکەن ئەو بارەی ئێستاکە کۆتایی پێ بێنن جارێکی تریش کاک مەسعوود پەیوەندی کردەوە قسەم لەگەڵ کردەوە، ئێوارە تا سەعات (٩) دوو جار وتی چی لێهاتەوە گوتم ئەوە هەر ئەوەیە گوتی ئەوە عەمید غازیمان ناردووە بۆ حەل کردنی، بەڵام بەداخەوە من خۆم پێشمەرگایەتیم کردووە لێتان ناشارمەوە، لە سەرەتای قسەکانم و زۆر جاری تریش باسم کردوە ئیزدواجیەتی رەئی هەیە، ئەگەر هەر هێزی شەقلاوە بێت بڕیارێکی سیاسی ژووری عملیات و هەردوولا یەکێتی و پارتی بڕیار دراوە کەیەکی (١٢) پێشمەرگەیان لە شەقلاوە هەبێ و چەکی قورسیشیان پێ نەبێت لە بۆ ئەوەی تکافۆ هەبێ، کە کەسێکیان نەتوانێ بارەگای ئەوی تر بگرێت، ئەگەر جارێکی تر ئەو ڕۆژەی کەشەڕ لەسەر کۆیە بوو بە هەموو توانایەکی هێزی پارتی هێرش کرایە شەقلاوە نەشگیرا و زۆر خەڵکی مسؤولی حکومیش ئیشرافی شەڕەکانیان دەکرد، نامەوێ باسیان بکەم، ئەو جارە هێزێکی گەورە لە مەسیف و لەکۆڕێ حەرەکەت بکات و هێزێکیش لە حەریرەوە بێت ئەوە ئی ئەوە نییە، بۆ نموونە هاشم باپیر، وەستا فەتاح و فلان و فلانی پێ ئیتهام بکرێتەوە کە ئەوانە بتوانن بچن

شەڕەکە دروست بکەن، شەڕێکی لە سەعات (٧)ی دوێنێ ئێوارەوە هەتاکو (٥ر١٠) ئیمڕۆکە بەردەوام بێ بە خەستی، هەتاکو ئەندامانی پەرلەمانیش چووینە وردە تەقە هەر هەبووە، کە دەوری سەعات (١٢) بووە ئەوان چوون (٥ر١٢) بووە ، نزیکەی سەعات (١) بووە، من هەستم دەکرد لا ئیبیرادی تەقە کرا کە هەولێر زۆر زۆر گەورەترە لە شەقڵاوە کە توانیمان بە جهودی هەموو لایەک بە (٢) سەعات سەیتەرەی لەسەر بکەین، کەشوێنەکانی تر نەگرێتەوە، ئەوجا من نامەوێ بڵێم چۆنە و چۆن نییە ، بەڵام ئەوەی کە میللەتی ئێمەی کوشتووە ئیزدواجیەتی رەئی یە ، هەموومان ئاشتیخوازین و هەموومان باشیمان لە بۆخۆمان دەوێت، بەڵام بە فعلی لە مومارەسەی عەملیدا وانییە ، جا من لێتان ناشارمەوە ئەگەر ئیجرائات لەسەر ئەو هەڵوێستە نەکرێت کە هەڕەشە لە هەموو دەسکەوتەکەمان دەکات، واتە ئەوە نییە بڵێی وەڵڵا فلان شوێن کردویەتی ، لە فلان شوێن مەفرەزەک کردوویەتی، یان فلان کەس تەقەی کردووە، لە خۆیەوە هێز حەرەکەتی کردووە لە هەریرەوە بۆچی، هێزی دیکە لە میراوەوە هێرش دەکات؟ لە ماوەرانەوە هێرش دەکات لە سۆرکەوە هێرش دەکات، بۆچی لەسەفینەوە هێرش دەکات؟ بۆچی لە کارگەی قیرەوە هێرش دەکات؟ بۆچی لە کاوانیانەوە هجوم دەکات؟ جگە لەو هێزەی کە لەناو شەقڵاوەیە و یەکیتیش (بالمقابل) هێزی هەیە، ئەویش (٥٠٠٠) کەسی بناردایە لە سەفینەوە لە هیرانەوەو شەڕێکی گەورە دروست بایە و شوێنەکانی تری بگرتایەوەو دەستکەوتەکەمان لەکیس بچێت، ئەو بە مانای ئەوەیە ئەو هێزە بە فەرمانی مەسئولی زل حەرەکەی کردووە، یەعنی ئەوە نییە بڵێ ئەو کەسانەی کە ناویان درایە کە (٧،٦) کەسن و قسەیان لەسەر کراوە، ئەوەش ئەمن بە کاک مەسعوودیشم گوت ئەو دەقیقەیەی کە لە ژووری خۆمان بووین، لەوانەیە کاک یونس و کۆمەڵێ برادەری وەزیری تریش لەوێ بوون و ئێستاش دەیڵێمەوە ئەمن پێم خۆشە ئەو شتانەی کە دەکرێتن عەمەلی بن، یەکێکیان پەرلەمانی کوردستان ئیدانەی ئەو لایەنە بکات کە کردوویەتی، بە راشکاوی و بە ڕوونی، دووەمین ئەوانەی کە ئەو جریمەیان کردووە، موسەبین لە ئاستی قیادیش بن حەرەکەتیان بەو هێزە کردووە بدرێنە دادگا، بدرێنە پۆلیس، نەک بدرێنە خەڵکی تر، چونکە ئێمە تاقی کردنەوەمان هەیە، ڕووداوی ناو هەولێر و باداوە ڕووی دا سێ چوار خەڵکی بێ تاوان کوژران من شخصی داوام لە کاک مەسعوود کردووە، وەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوانە بدرێنە دادگا گوتی من دەیانبەمە مەسیف و لە مەسیف تەحقیقیان لەگەڵدا دەکەم، فلان و فیسار نامەوێ هەر بێزیشم نایە ناویان بێنم، چونکە ناوەکەشیان کۆمەڵ ڕقی لێدەبێتەوەو، ئەوجا هێنراونەوەو چەکی قورسیشیان پێ دراوە و هاتنەوە هەولێریش لەبۆ تەحەددای حکومەت، ئەوجا من پێشنیار دەکەم:

یەکەمین:ئیدانەی ئەو هەڵوێستە بکرێت.

دووەمین: ئەوانە بدرێنە پۆلیس لە موقعی هەولێر بگیرێن هەر کەسێ بێ.

سێ یەم: شقڵاوە هێزی یەکێتی و پارتی هەمووی بچنە دەرێ کەسی تێدا نەبێ، پۆلیس و ئاسایش و قایمقام و حاکمی تێدایە لەوێندەرێ بێ و بارەگاکانیشیان بێ چەک بن، ئەگەر ئەوە نەکرێت ئەمن لێتان ناشارمەوە بەڕاستی هەڵوێست وەردەگرم وەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، لە

دانیشتنەکەی تری وەکی ئەمڕۆکە داواتان لێ دەکەم کەمن ببوورن، لەو کاتەوە برادەرێکی دیکە دەستینشان بکەن کە قبوولّی ئەو هەموو بەزم ڕەزمە بکات و هەر بەشکلی ناوی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بێ دڵنیاشتان دەکەم من لەبەر ئەوەم نییە بڵێم من ماڵێکم لەوێندەرێ بووە تالآن کراوە، یان تالآن نەکراوە من چەندین جار ماڵم سووتاوە من پ.م بووم، من منداڵی خۆم لەسەر شۆڕش داناوە و لەبەرخاتری برایەتیش من (٢٠) پێشمەرگە لە ماڵێک هەبوو هێنامنەوە (١) کەسم لەوێ بەجێ هێشتووە ئەو ماڵە کە تالآن کرایە و بردییتان (١) پاسەوانی هەبوو حەرەسەکەش نازانم چەکی پێ بووە یان نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تصور دەکەم بارەکە ڕوونەو، ئەو شتەش کە روویداو کە برادەران باسیان کرد چاوەڕوانی ئەو ئیجراتە ئەکەین، کاک مەسعوود بەڵێنی داوە، بەڵام بەش بە حاڵی خۆمان هەڵوێستمان هەیە لە دوو بەڵگەنامەیەدا یەک ئەوەی ٧/٢٥، دووەمیش ئەو یادداشتەی کە ئەمڕۆ و دوێنێ درابە هەردوو بەڕێزان لەوێندەرێ ئەو بابەتەی تێ دایە، سێیەمیش ئێمە لیژنەیەکی متابعەمان هەیە بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ٧/٢٥ هەروەها بۆ ئەو ڕوودانەی کە ئەو ڕۆژە قەومان، یەکەم جار ئەو لیژنەی متابعەیە ئەگەر ژمارەی ئەندامەتەکانی ئەندامەکانی کەمە ئێمە ئەتوانین زیادی بکەین بۆ ئەوەی متابعەی ئەو بابەتانەمان بۆ بکەن کە ئێستاکە پێشینار کراوەو، متابعەی بارەکە بکات، کە ئەگەر ئیجرائاتیش نەکراوە ئەوە پێویستی بە هەڵوێستێکە، ئەوە پەرلەمان ئامادەیە ئەو هەڵوێستە وەربگرێت وابزانم لەوە کەس خیلافی نییە، چونکە خاڵێکە دوێنێ دووجار تەئکیدی لەسەر کراوە، نەک جارێ، بەڵکو دووجار تەئکیدی لەسەر کرا جارێک لە بەڵگەنامەی (٧/٢٥ )دا هاتووە وجارێکی تریش تەئکید کرا کە هەردوو بەڕێزان بە ئیمزا، بەبەیانێک ئەو وعدەیان دا کە ملزم بن بەجێبەجێ کردنی، ئەوەی من بۆی دەچم چیتری زیادەتان لەسەر ئەو بابەتە نییە و چاوەڕوانی هەوڵ و کۆششی برادەران دەکەین، بە تایبەتی کاک مەسعود کە ئەمری کردووە ئیجرائات بکرێت، ئێمە دڵنیاین کە ئیجرائات انشاءالله ئەوەی پێویست بێت ئەکرێت و لیژنەی متابعەش دەبێ بەردەوام بێت لە متابعەکردنی ئەو بارە و ئاگادارمان بکاتەوە. ئەگەر شتێکیش پێویست بوو ئێمە ئەتوانین دانیشتنێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکەین و گفتوگۆی زیاتریشی لەسەر بکەین، سوپاسیشتان دەکەین، داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەین. لێرەشدا دێینە کۆتایی دانیشتنەکەمان.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٣)ی نائاسایی

**پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٨/٢٥**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٣)ی نائاسایی

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٨/٢٥

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٨/٢٥ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە (٣)ی نائاسایی، ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***گفتوگۆکردن لەسەر ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان...

کۆبوونەوە نائاساییەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکات، بەڕێزان وەکو ئاگادارن لە ٨/١٥ لێرە کۆبوونەوەیەکی نائاساییمان کرد و دەعوەتی بەڕێزان کاک مەسعوود ومام جەلالمان کرد بۆ ئەو کۆبوونەوەیەو، ئەوە بوو بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە پرۆژەیەک لە سەر ئاسایی کردنەوەی بارەکە درا بە هەردوو ئەو بەڕێزانەوەو بەڕێزیان هەردووکیان ئەو بڕیارەی پەرلەمانیان پەسەند کرد، ئەمڕۆش کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ترمان هەیە لەبارەی ئەو بارودۆخەی کە بە ئەو بیرخەرەوەیە لە ٨/١٥ دا پێشکەشمان کرد، جگە لە بڕیارەکانی ٧/٢٥ ی پەرلەمانی کوردستان، قەول بوو ئەم کۆبوونەوەیە لە ٢٣ی مانگ بێت، بەڵام لە بەر هەندێ ئیلتیزاماتی بەڕێزان دواخرا بۆ ئیمڕۆ، جا بەناوی ئێوەی بەڕێزەوە بەخێرهاتنێکی گەرم لە بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود ولە برایانی تر دەکەین، هیوادارین ئەم کۆبوونەوە نائاسای یە، کۆبوونەوەیەکی حاسم بێ بۆ چارەسەر کردنی ئەو کارەساتەی کە تووشی بووین، چارەسەرێکی بنبڕی بێت. بەڕێزان کاک مەسعوود ومام جەلال لە ٨/١٥ دا ئومێدێکی گەورەتان دروست کرد لەم هۆڵەدا سەرەتا بۆ ئەندامانی پەرلەمان وبۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوجا بۆ هەموو گەلی کوردستان، بڕوایەکتان دابەم دوو دامو دەزگاو هەر لێرەوە هیوابەکتان خستە دڵی گەلی کوردستان بە ئومێدی ئەوەی کە ئەو بارەی تووش بووین چارەسەر بکرێت.

لەم ماوەیەدا بەتایبەتی لە سەرەتای مانگی ئایارو حوزەیران، هەتاکو ئێستاکەش بەردەوامە یە

ئومێدی ئەوەی کە ٨/١٥ ببایە بە وەرچەرخانێک بۆ چارەسەر کردنی ئەم گیروگرفتە، بەڵام لێتان ناشارینەوە، ئەڵێین بەداخەوە لە جیاتی ئەوەی ئەو دانیشتنەی ئەو ڕۆژە ئەو بەڵێن و پەیمانەو ئەو ئەمرەی کە کردتان بۆ ڕاگرتنی شەڕو ئەو بروسکەیەی کە بڵاوتان کردەوە بەڵام جێی داخە جگە لەو بابەتەی کە بڵاوتان کردەوە بۆ خەڵکی کوردستان ومژدەتان پێدان هەرلە هەمان ئێوارەدا هەتاکو ئێستاش ڕۆژ بە ڕۆژ پانایی شەڕ یاخود مەحاوری شەڕ زیادی کردووە و کەمی نە کردووە گەیشتووەتە ئەو رادەیەی ئەمڕۆ چ پەرلەمانی کوردستان چ حکومەتی کوردستان چ گەلی کوردستان چ دۆستەکانمان مەترسی ئەوە بکەن کە بەرەو هەلدێرێک ئەڕوین وئەم ئەزموونە بەرەو کارەساتێک ئەڕوات، بۆیە ئێمە لێرە جارێکی تریش بە ناوی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، بەناوی ئەندامانی پەرلەمانەوە ئەگەر مۆڵەتمان بدەن بەناوی ئەنجوومەنی وەزیرانیشەوە داواتان لێ دەکەین، کە لەم کۆبوونەوە هاتنتان ئەمجارە هاتنێکی «حاسم» بێت بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە بنبڕ بکەین، منیش بەش بەحاڵی خۆم سوپاسی گەرمتان دەکەم بۆ بەدەنگەوە هاتنتان و تەشریف هێنانتان بۆ ئیرە ئێستاش ڕێگە بە ئەندامانی پەرلەمان دەدەم بۆ ئەوەی تەعبیر لە هەڵوێستی بکەن خۆیان بەرامبەر ئەم بارەو، پاشانیش جەنابتان چ بە بەرژەوەند دەزانن ئەو کاتە لەوەڵام دانەوەدا پێشکەشی بکەن، وابزانم ئەنجوومەنی وەزیرانیش قسەیەکیان هەیە.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

**ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان**

**هەڵوێست و داواکاری**

**بۆ بەڕێز کاک مەسعوود بارزانی**

**بۆ بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی**

لەگەڵ سڵاو و ڕێزدا... ...

گەلی کوردستان سەدان ساڵە بۆ ڕزگاربوون لە ژێر دەستیی و، گەیشتن بە ئاوات و ئامانجە پیرۆزەکانی لە خەباتی بێ وچاندایە و قوربانی لە سەر قوربانی ئەدات. ڕووداوەکانی بەهاری ساڵی (١٩٩١) و ڕاپەڕینە مەزنەکەی جەماوەری شارو شارۆچکەکانی کوردستان هەل و مەرجی گونجاویان بۆ هەنگاونان بەرەو ئاسۆی دوارۆژێکی ڕووناک و، دابین کردنی سەرەتای مافە ڕەواکانی گەلەکەمان ڕەخساند.

لە ئەنجامی ئەو ڕاپەڕینە مێژوویی یەو، یەک خستنی خەباتی هاوبەشی پێشمەرگەو جەماوەرو، هەڵوێست و کرداری یەکگرتووی لایەنەکانی بەرەی کوردستانی و، پشتگیری دۆست و لایەنە ئاشتی خوازو مرۆڤ دۆستەکانی جیهان لە داخوازی یە ڕەواکانمان و، پشت گوێ نەخستنی چارەنووسی گەلەکەمان و کۆچ ڕەوە دوو ملیۆنی یەکەی لە لایەن وڵاتانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە گشتی و ئەنجوومەنی ئاسایش بە تایبەتی و بەهانا هاتن و هاوکاری کردنمان بۆ دەربازبوون لەو

باره پڕ لەمەترسیدارەو گەڕانەوە بۆ سەر خاکی خۆمان بۆ ئەوەی بە ئازادی و ئاسوودەیی بژین.
ئەوە بوو سەرووی هێڵی (٣٦) وەکو ناوچەیەکی ئارام بۆ نیشتەجێ کردنی لەژێر چاودێری و پارێزگاری هێزەکانی ولاتە هاوپەیمانەکان دیاری کرا. ئەمەش بوو بە هاندەرێکی باش بۆ گەڕانەوەی ئەو خەڵکە ئاوارەو دەربەدەرو وەبێدەرەتانانەی سەر سنوورەکان بۆ سەر خاک و شوێن و هەواری خۆیان.
بێ گومان ئەمەش بە پێچەوانەی ویست و ئارەزووی رژێمی دیکتاتۆری بەغدا بوو. هەروەها راپەڕینە بەردەوامەکانی شارەکانی کوردستان و فشاری جەماوەرو پێشمەرگە، رژێمی ناچار کرد بەشی زۆری کوردستان جێ بهێڵێ و بۆشایی یاسایی و ئیداری لە کوردستانی ئازاددا دروست بێت. بەڵام ئەو پیلان و مەرامە چەپەڵەی دووژمن سەری نەگرت. سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی عێراق یەکسەر هەڵوێستی وەرگرت و بڕیاری دا کە (کارگێڕی بەرە) ئەرکی بەڕێوەبردنی ئیداری کوردستان بگرێتە ئەستۆ، جێبەجێش کرا. پاشان لە کۆتایی ساڵی (١٩٩١) دا بڕیار درا کە لەمانگی ئایاری ١٩٩٢دا هەڵبژاردنی پەرلەمانی بکرێ. ئەوەبوو دوای هەڵبژاردن. پەرلەمان پێکهێنراو لە(١٩٩٢/٧/٤)دا حکومەتی هەرێم دامەزرا. لەو دەمەوە وەزارەتەکان کەوتنەکار و دامودەزگاکانی حکومەت رەوتی ئاسایی خۆیان گرتە بەر هەنگاو لەدوای هەنگاو ئەنرا بۆ پەیڕەوکردنی یاساو سەقام گیربوونی ئاسایش و تەبایی گەشەپێدان و ئاوەدان کردنەوەی کوردستان، ئەمە سەرەڕای ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە ناو بەناو لەم لاو لەولاوە ئەهاتنە پێش حکومەت ودام و دەزگاکانی. تاوایی لێ هات لە بەهاری ئەمساڵدا ئەو ئومێدەمان بە دوارۆژ پتەوتر بوو و شانازییمان بە ئەزموونە دیموکراتی یە بێ وێنەکەی خۆمان ئەکرد. چاوەڕوانی ئەوەمان کرد ولاتانی دەرەوە زیاتر بایەخ بە کوردستان بدەن. تەنانەت رێگا خۆش ئەکرا بۆ ئەوەی دان بە حکومەتە ساواکەمان بنرێ و پەیوەندی و هاوکاری راستەوخۆی لەگەڵدا بکرێ.
بەڵام بەداخەوە لە لایەکی ترەوە پاوانخوازی ململانێ ی نائاسایی نێوان هەردوو حزبی فەرمان ڕەوا وای کرد هەر لایەنە خۆی پڕ چەک و هێزی میلیشیا زیاتر بکات، بێ ئەوەی گوێ بدرێتە رابردووی ئەو کەسانەی کە دێنە ناو هێزە تایبەتیەکانەوە . بەمەش بوار خۆش کرا بۆ خەڵکانی گێرە شێوێن و هەلپەرست، دەرفەت وەربگرن و ئەوی بیانەوێ و بۆیان بلوێ لە یاسا شکاندن و ئاژاوە نانەوە بیکەن.
دیاردەی دزێوی جەردەیی و رێگرتن و پیاو کوشتن و دەست درێژی بۆ سەر ماڵ و سامانی هاوولاتییان گەیشتنە ئەوپەڕی دژواری. هەروەکو لە ئەنجامیشدا نەتوانرا یاسای حزبەکان و چەک هەڵگرتن جێبەجێ بکرێت. لە هەمان کاتیشدا بە هۆی پەیڕەو کردنی سیاسەتی (نیوە بە نیوە) لە ناو هێزەکانی پێشمەرگەو پۆلیس و ئاسایش، حکومەتی هەرێم نەبوو بەخاوەن هێزێکی چەکداری خۆی، کەبتوانێ وەکو پێویست بەرگری لە سنوورەکان بکات و یاساو دەسەڵاتەکانی خۆی بچەسپێنێ و لە کێشە ناو خۆیی یەکاندا رۆڵی چارەسەرکردن ببینێ.

ئەو شـەڕە برا کـوژی و خـۆ کـوژییـەی کـە لە ئایاری ئەم سـاڵەوە دەسـتـی پێ کـرد، ئەوەندە نەمـا سەرتاسەری کوردسـتـان بگرێتەوەو ببێتـە هۆی زیندە بەچاڵ کـردنی هەمـوو ئەو ئاوات وئامـانجـە پیرۆزانەی کە هەزاران شەهیدگیـانی خۆیان لە پێناویاندا بەخت کرد . ئێسـتاش بارو دۆخ هێشتا هەر نا ئارامەو دژوارەو بەردەوام بوونی بەرەو هەڵدێرێکی زۆر سامناکمان دەبات.

بۆیە زۆر بە ڕاشکاوی ئەڵێین، ئەگەر بار بەم جۆرە بڕوات و چارەسـەرێکی بنەڕەتی نەدۆزێتـەوە ، ئەوا ئاسـۆیەکی تاریک و، مـەترسی لەدەست دانی هەمـوو ڕەنجی خـەبات و دەست کـەوتەکـانی گـەلەکـەمـان لە ئارادایە. ئەمـە لەکـاتێکدا ڕوو ئەدات کـە ڕژێمی بەغـدا خـەریکە لە گـۆشـەگـیـری دپلۆماسی دەربچێت و، ئەگەری هەڵگرتنی ئابڵووقە (یان سووک کردنی) لەسەر عێراق ئێستا لە هەمـوو بوارە دپلۆمـاسی یەکـاندا باسی لێـوە ئەکـرێ. ئەمـە وێڕای مـەترسی دەست تێـوەردانی دراوسێکانی ترمان لە کاروباری ناوخۆی گەلەکەمان و تێکدانی.

بەڕێزان... ئێـمـە کـەپێـمـان ئەڵێـن بەرزترین دەسـەڵاتی جێبـەجێ کردن لەوڵاتدا، کـەچی تـەنانەت دەسەڵاتی تەواومان بەسەر پایتەختی هەرێمیشـدا نییە. چونکە سێ جۆر حوکمڕانی (یان زیاتر) ئێسـتـاکـە لە کـوردسـتـاندا هەیە. پارێزگـاکـان و بەڕێوەبەرە گشـتـیی و لێپرسراوانی تری دامـو دەزگـاکانی حکومـەت لەدهۆک و سـولەیمانی و کـەرکـووک پەیوەندی یان بە ئێـمـەوە نەمـاوە. دەیان بڕیاری نایاسایی لەو شوێنانەدا دراون و چەندین گۆڕانکاری دوور لە بەرژەوەندی گشتی کراون.

ئێمە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی کابینەکەمانەوە هەر وەفدێکی بیانی و دەرەوەمـان بینیبێ، ئەوا داوامان لێ کردوون کە وڵاتەکانیان دان بە ئیرادەو فەرمانڕەوای یەکەی ئێمە دابنێن.

کـە چی دوای دووسـاڵ تازە بۆمـان دەرکـەوت کـە ئەبێ داوا لەئێـوەی بەڕێزو هەردوو مـەکـتـەبی سیاسی بەڕێزی یەکێتی و پارتی بکەین تاکو دان بە حکومەتدا بنێن و ئیعترافی پێ بکەن، ئەوجا ڕوو لە هەندەران بکەین و لەدەرگای خەڵکی بیانی بدەین.

ئەنجـوومـەنی وەزیرانی هەرێـمی کـوردسـتـان بەو پەڕی دڵسـۆزی و هەست کـردن بە بەرپرسـیـاری نیـشـتـمـانی و نەتەوەیی یەوە داواتان لێ دەکـات سنوورێـک بۆ ئەم بـارە ئاڵۆزە پڕ مـەترسی یە دابنێن. بـایەخ بە حکومـەتی هەرێم بدەن و دانی پیـادا بنێن و ڕێز لەبوون و دەسەڵاتی بگرن، بالە حکومـەتێکی ڕەواڵەتی (شکلی) بێ تواناوە، ببـێـتـە ڕاسـتـی یەکی خـاوەن دەسـەڵات، تا دەستکەوتی نەتەوەکەمان بەدەستی خۆمان لەدەست نەدەین.

ئەم ئەرکە گرنگ و مێژوویی یە ئەمڕۆ لەئەستۆی ئێوەی بەڕێزدایە. هەروەها هەریەکە لە ئەندامانی ئەم کابینەیەش (چ بەتاکو چ بە کۆمەڵ) بەر پرسیـار ئەبێ بەرامبەر بە گەل و نیشـتمـان و مێژوو. بۆیە هەموومـان پێکەوە بڕیارمـان داوە ئەم پێشنیـارو داواکـاریانەتان پێشکەش بکەین و ئەگـەر لەمـاوەی ...... ڕۆژی داهاتوودا ئەنجـامـێکی نەبوو. ئەوا ناچار ئەبێ هەڵوێسـتـێکی یەکگرتو وەربگرین و ئەم بەرپرسیارە مێژوویی یە لە ئەستۆی خۆماندا بکەینەوە. چونکە بەپێچەوانەوە لەم بارودۆخەدا ناتوانین ئەرک و فەرمانەکانی خۆمان وەکو پێویست جێبەجێ بکەین.

## پێشنیارو داواكارییەكانمان

---

١ـ پەیڕەو كردنی هەموو ئەو یاسایانەی كە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانەوە دەرچوون و، جێبەجێ كردنی بڕیاری ٢٥/٧/١٩٩٤ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان و یادداشتنامەكەی ڕۆژی ١٥/٨/١٩٩٤ی وەفدی پەرلەمان بۆ تەوەرەكانی قەلادزێ و سولەیمانی كە لە هۆڵی پەرلەماندا ئاراستەی هەردوو ئێوەی بەڕێز كرا.

٢ـ لەسەرتاسەری كوردستانی ئازادكراودا شەڕی براكوژی و خۆكوژی ڕابگیرێ و بە پەلە هێزەكان لێك دوربخرێنەوەو ئاژاوە گێڕو سەرپێچی كەران بەپێی یاسا سزا بدرێن.

٣ـ بنكەو بارەگاكانی گشت هێزە چەكدارو تایبەتیەكان لەشارو شارۆچكەكان دور بخرێنەوەو، بۆ هەریەكەیان شوێنی پێویست و گونجاو دیاری بكرێ.

٤ـ بڕیارنامەی ئاسایی كردنەوەی گشتی و سەرتاسەری لەسەر هەموو ئاستەكانداو لەگشت ناوچەكانی كوردستان جێبەجێ بكرێت.

٥ـ پەلەبكرێت لەوەی كەبارو دۆخ لەگشت فەرمانگەو دام و دەزگاكانی حكومەت لەسەرانسەری كوردستاندا ئاسایی بكرێتەوەو. هەموو فەرمانبەرو مامۆستاو كارمەندانی بەزۆر ئاوارەكراوو هەلاتووەكان یان دوور خراوو دەركراو لەسەر كارەكانیان، بۆ شوێنی پێشووی خۆیان بگەڕێنەوە.

٦ـ هەموو ئەو كەلوپەل و شتومەكانەی دەستیان بەسەردا گیراوە یان براوون بدرێنەوە بە خاوەنەكانیان.

٧ـ هەموو ئەو گۆڕانكاری و فەرمان و بڕیارە نادروست و نایاسای یانە هەلبوەشێندرێتەوە، كەلەسەرەتای ئایاری ئەم ساڵەدا دەركراون .

٨ـ داهاتەكانی هەرێم لە گومرگ و سەرچاوەكانی تری داهات پێویستە بچێتە خەزێنەو لەژێر دەسەلاتی حكومەتی هەرێم دابێت.

٩ـ هەموو دەسەلاتێكی یاسایی و ئیداری و سیاسی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی ئەویش وەكو پێویست بتوانێ بەرامبەر بە ئەرك و دەسەلاتەكانی بەرپرسیار بێت.

١٠ـ پرنسیب وبنەمای (پەنجا بە پەنجا)ی كە تاكو ئێستا بەو شێوە دزێوە جێبەجێ ئەكرێ بۆتە هۆی ئیفلیج بونی كاروباری وەزارەت و دامو دەزگاكانی حكومەت، هەروەها یەكسانی كردنی دەسەلات و ئەركی وەزیرو بریكاری وەزارەت نامۆیەو یاسایی نییە. بۆیە چیتر پیادە نەكرێ و، پەیڕەو كردنی یاسای وەزارەتەكان وەكو چۆن هەن.

١١ـ پشتگیری تەواو لە پرۆژەی ڕێككەوتننامەی پاریس ئەكەین كە لە نێوان نوێنەرانی هەردو حزب ئامادە كراوەو، داواكارین كەبە زووترین كات لەلایەن هەردوو بەڕێزتانەوە ئیمزا بكرێ.

١٢ـ ڕاگەیاندن لەلایەن (لیژنەی بالای ئاسایی كردنەوەی بارودۆخی كوردستان)ەوە كۆنترۆڵ بكرێ

و شەڕی ڕاگەیاندن و دروست کردن و بڵاوکردنەوەی ناوناتۆرەو دروشمی نابەجێ دژی یەکتری قەدەغە بکرێ سەرپێچی کەران سزا بدرێن.

١٣- بۆ چاکتر بەگەڕ خستنی لیژنەی باڵای ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستان جێبەجێ کردنی فەرمان و بڕیارەکانی، پێویستە نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی تێدابێ. ئەگەر چی ئەبوو ئەم لیژنەیە هەر لە بنەڕەتدا لە ژێر سەرپەرشتی ئەنجوومەنی وەزیراندا بێت.

١٤- هەنگاو نانی پێویست بۆ نەهێشتنی میلیشیاتی تایبەت بە حزبەکان و جێبەجێ کردنی یاسای چەک هەڵگرتن و بانگ کردنی (مـوالیـد) بۆ دامـەزراندنی بنەمـای لەشکری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم.

١٥- بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمی کوردستان. پێشنیار ئەکەین هەردوو ئێوەی بەڕێز، یەکێکتان ببنە سەرۆکی پەرلەمان و ئەوی تر هی حکومەت. یان هەردوو پێکەوە لەگەڵ سەرۆکی دادگای تەمیز، دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم پێک بهێنن.

١٦- بەستنی کۆبوونەوەیەک لەگەڵ هەردوو ئێوەی بەڕێز، بە ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی لە دیوانی ئەنجوومەنی وەزیراندا لە ڕۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٩/٢٨ بۆ ڕاگەیاندنی ئەم هەڵوێست و داواکاریانەمان و ئاگادار کردنەوەشمان لە دوا بڕیاری جەنابتان.

***لەگەڵ ڕێزماندا...***

***وێنەیەک بۆ/***

**بەڕێز /سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.**

**بەڕێز /مەکتەبی سیاسی...**

**بەڕێز / کارگێڕی سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی عێراق.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوەش ڕای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بوو، لەم بارەیەوە هەر ئەمڕۆ دوێنێش وابزانم ئەمڕۆش کۆمەڵێک لە ڕێکخراوە کوردستانیەکان هەمان هەڵوێستیان پیشاندا بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێت ساتێک زووتر ئەم شەڕە ڕابگیرێ و بۆ ئەم مەبەستە بیرخەرەوەیان پێشکەش کردووە بە پەرلەمان، وێنەیان داوە بە هەموو لایەنەکان، ئێستاش ڕێ پێوانێک دروست کراوە کەوا گەیشتە بەر دەرگای پەرلەمان داوا ئەکەن کەدەستبەجێ شەڕ ڕابگیرێ وپشتیگیری، ئێستاش دێینە سەر ئەو برادەرانەی کە ناو نووس کراون کە قسە بکەن فەرموو کاک د. کەمال.

**بەڕێز د. کەمال محەمەد عەبدولکەریم فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو ئاگادارن لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەتایبەتی لەو کاتەوە کە پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، گەلێک جار ئێمە کۆبووینەوە ولە هەموو ئاستێک کۆبوونەوە کراوە وەکو

بەرەی کوردستانی وەکو کۆبوونەوەی نێوان هەردوو مەکتەبی سیاسی، کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، ئەو هەمـوو یاسـا وبڕیارانەی کـە لـەلایەن ئێـمـەوە، لەلایەن ئەنجـوومـەنی وەزیرانەوە دەرچووە، لەو بڕیارانە هەموو ئەو مەسەلانەی کەوا ئێستا ئێمە لێی ئەکۆڵینەوە باس کراوە، کۆبوونەوەکانمان هیچ گـومـانمان لەوە دا نیـیـە، کـەوا بەشی هەرە زۆربیان کـۆبـوونەوەی باش بـوون وسـەرکـەوتووبوون وبڕیارەکانیشمان بڕیاری باش بوون، بۆیە دووبارە کردنەوەی ئەو داخوازیانە کە لە کۆبوونەوەکانی پێشـوو باس کـران وبڕیاریان لە سەر دراوە، لەم کۆبوونەوەیەدا، ڕەنگە تەنیا دووبارە کردنەوە بێت هیچ شـتێـکی نوێی تێـدا نەبێت، لە بەر ئەوە من تکام وایە، لەهەمـوو ئەو کـەسـانەی کـەوا لەم کۆبوونەوەیەدا، چی ئەکەن یا داوای ئەوە بکەن، بۆچی ئەو بڕیارانە جێبەجێ ناکرێن؟ بۆچی هەموو ئەو قـسـە باشانەی کـەوا کـردوومـانن ئەگـەر جێـبـەجێش کـرابن زۆر بە ناڕەزایی جێـبـەجێ بوون، بەشێکی زۆر کەمیان لێ جێبەجێ کراوە، بۆیە باشتر وایە کەوا ئەم کۆبوونەوەیە تەرخان بکەین بۆ کـۆبوونەوەیەک کـە ڕێ وشوێـنێک دابنێن بۆ ئەوەی کەوا ئەم بڕیارانە جـێبـەجێ بکرێـن. لەلایەکی ترەوە پێـویسـتـە ڕاسـتـیش روون بکرێـتـەوە کـەوا لێـپرسـینەوەی بـۆ نییـە؟ ئەوە دەبێت هەر دەم نا دەمێک کەسێک یا لایەنێک شەڕێک هەڵگیرسێنێت دەیان کەسی تێدا بکوژرێت، دەیان کـەسی تێـدا بریندار بێت، دەیان مـاڵی تێـدا کـاول بکرێت، دەیان وسەدان مـاڵی تێدا تالان بکرێت، لە پاشان کۆتایی بێت، بڵێین شەڕ وەستا، ئەی ئەو هەموو خوێنەی کەڕژا ئەو هەمووکەسەی بریندار بوون، ئەو هەمـوو مـاڵەی کـەوا کـاول کـران، ئەوانە کێ پاداشـتـیـان دەداتەوە؟ هەروا ئەکـرێت بە ژێرەوە کەس لەمەولا باسیـان ناکات، پێویستە باس لەوەش بکرێت کەوا ئەبێت تاوانباری دەست درێژ کەر، پەلاماردەر پێویستە سزای خۆی وەرگرێ پێویستـە لێپرسینەوە هەبێت، لەلایەکی ترەوە من حـەز دەکـەم ئەوەش بڵـێم کـەوا بەڕێزان مـام جـەلال وکـاک مـەسـعـوود هەمـوو مـەسـەلەکـانیـان بەدەستەو ئەتوانن بە «کن فیکون» ێک هەموو مەسەلەکان جێبەجێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سـوپاس، ئێـمـەش هیـواداربن ئەمـە دوا کـۆبوونـەوەی نائاسـایی بێت بۆ چارەسـەرکـردنی ئەم بارە نائاساییە، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من قسەکانم دەکەم ڕووی قسەکانم ئاڕاستەی کاک مەسعوود ومام جەلال دەکەم، بۆ هەر دووکیانە هیچ جیاوازی ناکەم، دەبینم حکومەت لە مەسئوولیەت ڕادەکات، واتان لێ کردووە کە ڕابکات، ئەوان مـەسـئـول نین، پەرلەمـان هاوار هاوارێتی، هەمـوو مـەسـئـوولیـەتەکـە خـراوەتە ئەسـتـۆی هەردووکتان، من داوام ئەوەیە، ئەو دانیشـتنەی ئەم جارە نەبێتە دانیشتنی موجامەلە، موجامەلەی یەکتر نەکەن، بەڕاشکاویی وبڕایانە قسە لەگەڵ یەکتر بکەن، ئەگەر لەم ژوورەش ناکەن، بچن لە ژوورێکی تر دانیشن بەڕاشکاویی قـسـەی خـۆتان بکەن، وامان لێ هاتووە، یانی مـسـداقـیـەتمان

نەماوە، لە ناو خەڵک هەر چەند قسان دەکەین، خەڵک وا دەزانی موزایەدەیە دەیکەین، وای لێ هاتووە کە ئێوەش مسداقیەتی خۆتان لە دەست دەن، چەند جاریش لە پێش پەرلەمان لە پێش خەڵک بەڵێن دەدەن پەیمان دەدەن کە ئیشەکە، بارەکە ئاسایی دەکەنەوە، ئاساییش ناکرێتەوە. ئێستا من داوا لە هەر دووکتان دەکەم هەڵوێستی خۆتان نیشان بدەن، ئایا لەگەڵ ئەوەن بارەکە ئاسایی بکرێتەوە یان نا؟ ئایا کامتان چ مەرجی هەیە بۆ ئاسایی کردنەوە؟ مەرجتان نییە، یانی ئەم دانیشتنەی ئەم جارە پێم وایە زۆربەی هەرە زۆری برادەران بڕیاریان دا وازتان لێ نایێن، ئەو مەسئولیەتە مێژووییەی کە لە ئەستۆی ئێوەیە، ئێوە بەرپرسیارن، ئێوە بڕیار بدەن ئەمر بە ئێمە بکەن ئێمە ئەمرەکانتان جێبەجێ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمە قسەی زۆرمان کردووە، وەڵڵا ماوەی قسەش نەماوە، تەواو بووە بەڵام چەندی سەیری ئەکەین کارەساتە، بێجگە لەم کارەساتە هیچی تر لە بەردەمی میللەتی کورددا نییە و، لێرە من حەز دەکەم بەراشکاوی بڵێم، ئێستا قەناعەت دروست بووە لەلای هەموو خەڵکێک، ئەڵێت ئەم دوو بەڕێزە بەرپرسیارن ئەوە مام جەلال ئەوە کاک مەسعوود قەناعەت تەواو بووە لەلایەن خەڵک ئەڵێن ئەگەر بیانەوی ئەیکەن، ئەگەر بیانەوێ شەڕ ڕاگرن، ئەگەر بەجدییان بێ شەڕ ڕادەگرن، من ئەوە قسەی خەڵکە ومن وەک ئەندامێک نوێنەری ئەو خەڵکەم، من حەز دەکەم هەردوو بەڕێزان ئەو شتە بزانن دیارە ئێمە هەموو قسەکانی خۆمان کردووە، لە کارنامەی پەرلەمان موزەکەرەی ئێمە لە ٨/١٥ وئێستاش موزەکەرەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە من بە هەموو قەناعەتەوە بە هەموو دڵەوە پاڵپشتی ئەو موزەکەرەیە ئەکەم وبەڕاستی دیسان ئەڵێم کارەساتەکە خەریکە نزیک ئەبێتەوە، زۆری نەماوە، چونکە وای لێ هاتووە حکومەتی ئێمە حکومەتی هەرێمی کوردستان موهلەی هەفتەیەک ئەدات، ئەڵێ ئەگەر هات و فلان هەفتە چارەسەرێک نەکات بۆ ئەو بارە، دیارە ئیتر ئێمە چیتر تەحەمولی مەسئولیەت ناکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچ شتێکم نییە، زیادی بکەم، چونکە تەقریبەن هەمووی تەئکیدی لەسەر کرا، بەس ئومێدەوارم، زۆر جاری تر بەڕێزان کاک مەسعوود ومام جەلال، تەشریفیان هێناوەتە ئێرە ئومێد دەکەم ئەو هاتنەی ئەم جارە بە تەواوی جیاواز بێت، چونکە قسەی خۆش وقسە کردن زۆر ئاسانە بەس لەڕاستیدا ئێمە چاومان لە کردەوەیە، من ئەوەی برای بەڕێزم کاک حازم وتی بە لە ١٠٠٪ پشتگیری دەکەم وبەقەناعەتی من برادەرانی ناو پەرلەمان هەموو ڕایان ئەوەیە، من تێ ناگەم کە میللەت پێی خۆش نەبێ شەڕ بکا ئێمە ئەگەر نوێنەری فراکسیۆنی دوو حزبین خەڵکێکی زۆر دەنگی داوە، هەم ئەو خەڵکە پێی خۆش نەبێ شەڕ بکا، کێیە ئەوەی شەڕ دەکات؟ ئەو گرانییەی

تائێستاکە هەیە لەوانەیە لە بارێکی ئاسای دروست ببێ کێیە؟ من بەس ئەوەم زیادە هەبوو. ئەوەی کاک حازم گوتی، من حەز دەکەم برایان ئەندامانی پەرلەمان ڕایان وابێ، کە جەنابی کاک مەسعوود و جەنابی مام جەلال مومکین نیە بهێڵن لێرە برۆن، ئەمجارە ئەو بچێتە قەلا چۆلان، جەنابی بچێتەوە سەلاحەدین و ئێمەش خەریکین بە بەرقیات ئاگاداری یەکتر دەکەین، لێرە هەر لێرە جەناحێک چۆڵ بکرێ، جێگایەک دابنرێ، جەنابی مام جەلال وجەنابی کاک مەسعوود لێرە دەوام بکەن، لیژنەی «ئاسایی کردنەوەش» جێگایەکی بۆ دابندرێ، هەر لە ناو باڵەخانەی پەرلەمان کە جێگایەکی زۆر پیرۆزە، بۆ ئەوەی ئالیەتێکی جێبەجێ کردنی ڕاستەوخۆ و کارا دروست بکرێت، سات بە سات شتەکان جێبەجێ بکرێن، ئەگەر ئەوەمان بۆ دەکەن زۆر سوپاستان دەکەین وئێمەش وەکو کاک حازم گوتی هەر سەربازی ئێوەین ئەگەر ئەوەشمان بۆ ناکەن، ئۆباڵی مێژوو و میللەتەکەش بە ملی ئێوە بێت چی تریشمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی من سەرم سوڕماوە چی قسە بکەم، لە کۆبوونەوەی پێشوو وتم گەش بین نیم، تەوەقوعم وایە ئەو کۆبوونەوەیە کارەساتێکی گەورەتری لە دوایە، لە دوای دووسێ سەعات شەڕ لە شەقلاوە دەستی پێ کرد، ئیکتفای نەکرد بەو میحوەرە، چووە قەڵادزە، چووە هەڵەبجەو وپێنجوێن وبالیسان وزۆر شوێنی دی گرتۆتەوە، ئەوە دوو سێ ڕۆژە بەڕاستی من جارێکی تر دەڵێم چیتان گەرەکە لەو میللەتە، ئەو میللەتە زۆر تەحەمولی کرد لە ژێر ڕژێمی سەدام حوسێن ڕژێمێکی دکتاتۆری شۆڤینی کوشتن وبڕین، ئەنفال و کیمیایی، هیچ نەما نەی کردبێ وبەهەزاران گەنجیان برد بۆ شەڕ، شەڕی ناوەخۆ بێت، شەڕی دژی کۆماری ئیسلامی بێت، دژی کوێت بێ، هەزاران گەنجمان ڕۆیی، هەلێک هەڵکەوت بۆ کورد، هەلێکی زێڕینی بوو بەڕاستی، میللەت ڕاپەڕینی کرد وشارەکانی ڕزگار کرد ومتمانەی دا بە سەرکردەی کورد بەو سەرکردایەتیەی کە لەدەرەوەی وڵات هاتەوە، بە ئیرادەی خۆی توانی هەڵبژاردن بکات ودەنگێکی زۆریشی دا بەم دوو حزبە وبەو دوو سەرکردەیە لەسەر ئەوەی کە بێگومان، میللەت قۆناخێکی تر ببینێ لە ئاشتی وئاسوودەیی، هەروەها سەقام گیری و ئاسایش وهەتا ژیانێکی باش بژی. بەس بەداخەوە ئەڵێم ئێمە بارەکەمان خراپتر کرد باشترمان نەکرد، میللەت زۆر موسانەدەمانی کرد وهیچ کەمتەرخەمی نییە، بەس ئێمە بەڕاستی وادەڵێم دیارە ئەو نەخۆشییە لە ناو ئێمە تازە نییە، وناتوانین چارەسەری بکەین، من قەناعەتم هەیە کە چارەی هەیە، ئەگەر بتوانین ئێمە بێگومان چارەیەکی «حضاری» بدۆزینەوە بۆ کێشەی ئێمە، مونافەسە تەبیعییە، هەق ئەدرێ بە حزبێ خۆی دابنێ ببێتە حزبێکی حاکم وحزبەکەی تریش ببێتە ئۆپۆزسیۆم بەس بە شێوەیەکی مەشروع ویاسایی ودیموکراتی ولە بارێکدابێت کە میللەت بێگومان بحەسێتەوە، بەس ئەوەی دەیکەین ئێستا بەڕاستی نەک بەس میللەتەکەمان ئەزیەت ئەدەین ئێستا بەدەیان ناڵێم بەسەدان خێزان کوردستان بەجێ دەهێڵێ وهیچ

کەسیش لەو ولاتە ئاسودە نییە لە باری ژیانی، لە حالی، نە حزبەکان، نە میللەت، نەگەنج وئێمە زۆر ئیستغلالی هەستی میللەتەکەمان دەکەین، میللەتەکەمان شایانی ئەوە نییە، ئێمە وای لێ دەکەین بەتایبەتی ئەو دوو سەرکردەیە کە هەر یەکیان نزیکی نیو ملیۆن دەنگیان هێنا (٤٨٠) هەزار یان (٤٦٠ )هەزار دەنگیان هێنا. بەڕاستی ئەو دەنگەی دایان پێیان بۆ ئەوە بوو، کە میللەتەکە بەرەو دیموکراتیەت وبەرەو ئاشتی ببەن، بەس بەداخەوە ئەوە دەبینین، بەڕاستی شتێکی سەیرە، میللەتەکەمان دەبەین بەرەو هەژاری بەرەو برسیەتی بەرەو بێ ئەمنیەتی ئنجاش ڕوڵەکانمان دەدەینە کوشتن، دەبێ زوو چارەسەری ئەم شەڕە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان لە (١٥)ی ئەو مانگە ئەو موزەکەرەی کە پێشکەشمان کرد بۆ هەردوو بەڕێزان وبەدەستی خۆیان بەرزیان کردەوە وتیان لەگەڵینە، لەگەڵ هەموو ناوە ڕۆکەکەینە، دەمانەوێ ئێمە کە پەرلەمانیین بزانین ئەو دوو بەڕێزە کە هەر کەسێک گەڕاوە مەقەڕی خۆی چی کرد بەرامبەر بەو خاڵانەی کە موافق بوون لە سەری جێبەجێ یان کرد، بەپێچەوانەوە لە باقی جێبەجێ کردنی تووشی کارەساتێکی تر بووین، شەڕ زیاتر پەرەی سەندو گەورەتر بوو، ئەو جا ئێمە لە پەرلەمان ئەگەر خۆمان بە نوێنەری میللەت دەزانین، بەڕاستی بەو شێوەیە نوێنەرایەتیمان پێ ناکرێت، شەڕو ئاژاوە بێ لە دەرەوە، ئێمەش دانیشین لە ناو پەرلەمان گوایە ئێمە نوێنەری ئەوانین، دانیشین بۆ پەسەند کردنی شەڕی برا کوژی وکورد تەواو کردن، وەڵڵا ئەوەمان بۆ ناکرێ، ئەگەر نوێنەری میللەتیشین (فعلاً) ئەبێ خەڵک مل کە چ بێ، میللەت نایەوێ شەڕ بکات، نایەوێت تووشی شەڕبێ، وداوایان لێ دەکەین لە هەردوو بەڕێزان لە هۆڵی پەرلەمانەوە ئێستا دەست پێ بکەن یەکەم شت: شەڕ ڕابگرن کە نابێ هیچ جۆرە شەڕێک بکرێ بە هەر لایەک ئێستا ئێمە مەترسی ئەوەمان هەبوو گوتمان دەچنە دەرێ ئەگەر یەکێک موخالەفەی بکات موحاسبەی دەکەن، ئەوەش نەما، گوتمان بەوە ئومێدمان هەبوو،گوتمان موخالەفەیەک دەکرێ، موحاسبەی دەکرێ خەڵکەکە تۆزی دەگەڕێتەوە جا موحاسەبەکەش نەما کەسیش موحاسەبە ناکرێ، ئەگەر هانیش نەدرێن، بەداخەوە بۆیە دەبێ ئێستا لە هۆڵی پەرلەمان بڕیار بدەن بۆ هەر شارێک لیژنەیەکی ئاسایی کردنەوە دەربچن و، لە ژێر چاودێریی حکومەتی هەرێم، لە ژێر چاودێریی نوێنەرانی پەرلەمان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بێنەوە ڕاپۆرتی خۆیان بنووسن، پارێزگا بە پارێزگا وهەر حزبێک وهەر لایەنێک نەی کرد لەو پارێزگایە جێبەجێی نەکرد بێنەوە زۆر بەڕاشکاوی بڵێن لە فلان پارێزگا ناتوانین بیکەین لە بەر فلان هۆ، ئەگەر نا بۆ ناکرێ، نازانم وەڵڵا بە «کن فیکن» لە هەموو شوێنێک ئەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من تەقریبەن هەمووی گوتران، لەموزەکەرەی ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام بە پێویستی

ئەزانم چەند زیادەیەکی بخەمە سەر، من لە ساڵی ١٩٩٢ تاکو ئێستا بۆ هەردوو بەرێز دەیان جار گوتوومە ئاشتی سەرکەوتنە، لە سەرەتاوە لەگەڵمان هەوڵ درا یان لەگەڵ ئەو لیست بین یان لەگەڵ ئەم لیست بۆ زۆرترین و بۆ کەمترین، گوتم کەمترو دیموکراسی جارێ نەهاتووە بۆ کوردستان با بە هاوبەشی بێ باشترە، ئەوە ئەمرۆ جێگیر بوو «فعلا» دەبێ بە هاوبەشی بکرێ ودیسان ئەڵێم دەبێ هەر دووک پێکەوە بکرێ لەگەڵ یەک بن وپێکەوە رێک بکەون چ وەکو سەرۆک چ وەکو هەر دوولیست وحزب، لێرە دیسان ئەوە زیاد دەکەم ئێمە ئەم کارەساتە، نەک تەنها لە سەر کوردە ولە سەر کوردی کوردستان کاریگەری دەبێت هەموو خەڵکی عێراق بە عەرەب وکورد وئاشوروتورکمان هەمووی دەگرێتەوە، لە سەر هەموو دوارۆژی دیموکراسی لە عێراق وناوچەش ئەگرێتەوە، کارەساتەکە تەنها بۆ دوو حزبەکە نییە، ئەو دوو بەرێزەش سەرۆکی تەنها ئەو دوو حزبە نین، خۆیان لە هەڵبژاردندا وەکو رابەر تەرشیح کردووە، چەندین جار بە دوو قۆڵی بەجەماعیش قسەمان کردووە، تەنها لە حزبەکەی خۆی مەسئول نییە، بەڵکو مەسئوولە لە هەموو میللەت، جا لێرە تەنها ئەوەی زیاد دەکەم، حزبەکی تەنها دوو شەریکی نییە، شەریکی سێ یەمیان هەیە لە دین لەگەڵمان وەستاوە، بە دەعمی دنیایە ئەمرۆ نەک تەنها مسداقیەتی دوو حزب یا مصداقیەتی دوو سەرۆک، مسداقیەتی میللەتی کوردستانیش لە دەست ئەدرێت، سوپاس.

**بەرێز حیکمەت محەمەد کەریم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرێزان سکرتێری یەکێتی وسەرۆکی پارتی وبەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە ئەوە سێ یەمین ئەزموونە لە مێژووی میللەتەکەماندا بریارە ئەکرێ، ئەزموونی شێخ مەحمود، ئەزموونی مەهاباد، ئەوەیش ئەزموونی ئێمە یە، زەمانی شێخ مەحمود زەمانی خێڵەکی دوا کەوتووی بوو، ئەو رۆژەی دامەزرا هەتا ئەو رۆژەی رووخا، یەک فیشەکی شەری ناوخۆی تیا نەتەقی، زەمانی قازی محەمەد وکۆماری مەهاباد دیسان باڵی خێڵەکێتی، عەقڵی عەشائری هەر زاڵ بوو، ئەگەر چی پەرەپێدان وپێشکەوتنیش هەبوو، ئینجا یەک فیشەکی شەری ناوخۆ لە ناو ئەو کۆمارە نەتەقی، لە ناو ئەو کۆمارە کۆمەڵی عەشائری ودەسەڵاتی عەشائری زۆر گەورە گەورە شی تیا بوو، خەڵکی وەکو حەمەد شێخانی تێدا بوو، راپەرینی بارزانی وکوردستان چوو بوونە ئەوێ جۆرەها عەشائری هەرکی ومەرکی، لەو ناوە هەبوون، ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا قودسیەتی کوردایەتی وچارەنووسی میللەتەکە ئەوەندە زاڵ بوو یەک فیشەکی تێدا نەتەقی، ئەگەر ئەزموونی بەیانی ئازاریش وەکو ئەزموونێک شەری ناوخۆ لە سەر دەمی بەیانی ئازار نەکرا، بگرە شەری ناوخۆی هێزە کوردستانیەکان لەوێ چارەسەرکرا، کە چی لای ئێمە بەپێچەوانەوە یەکێک لە ئەزموونە دەوڵەمەندەکان، لە ئەزموونە هەرە گرنگەکان، بەداخێکی زۆر وەکو ئومێدێکی گەورەتری لێ ئەکرێ، شەری ناوخۆ بە خوێناوی ترین شێوە چەندین جارە سەر هەڵدەدات لە ناوی، قسە لەوە ئەکرێ هەردوو سەرکردە مام جەلال وکاک مەسعوود لێپرسراوی راستەوخۆ و هەموو لێپرسراوەتیەکەیان لە سەر بێ هەموو باسیان

ئەکەین قسەیان لە سەر ئەکەین، من پێم وابێ ئەگەر نەخۆشیەکە لەوە «تشخیص» بکەین کە تەنیا ئەم دووانە بن ئیشتیباهێکی گەورە دەکەین، بەراستی هەم لەرووی سیاسیەوە وهەم لە رووی کردارەوە، چونکە مەسەلەکە ئەو دووانە نین سەرکرادیەتی حزبەکانن، مەکتەبی سیاسیی حزبەکان هەن، پەرلەمان هەیە، حکومەتی هەرێمیش هەیە، هەموو ئەوانە ئەبێ سەیری خۆمان بکەین، هەر یەکە لە جێگەی خۆی سەیری خۆی بکا، لە ناو ئەم هۆڵی پەرلەمانە سەیری شتەکان نەکەین، لە جێگەی خۆیەوە هەر مرۆڤێک سەیری مەسئوولیەتی خۆی بکا، بەشێک لە مەسئولیەتی لە سەر شانە، وبەشێک لە ئۆباڵی ئەم کارەسات وڕووداوانەی لە سەر شانە، لە بەر ئەوەی لێرە چۆن قسە دەکەین، ئەگەر لە دەرەوەش ئاوا قسە بکرێ وئیلتزام بە قسەکانی خۆمان بکرێن، رەنگە ببنە مایەی دەستەبەری روونەدانی زۆر کارەسات لە ناو میللەتەکەی خۆماندا ،٨/١٥ بڕیار درا ئەو دوو بەڕێزە لێرە بوون، چوونە دەرەوە، تا ئێستا چەندین رووداو رووی داوە، چەندین کارەسات رووی داوە ئەوە هۆی چییە؟ یان مەکتەبی سیاسی، مام جەلال وکاک مەسعوود وسەرکردەکان ڕێزی پەرلەمانیان نەگرتووە، یان سەرکردەکانی مام جەلالیش وکاک مەسعوودیش لەلایەن حزبەکانی خۆیان ڕێزیان نەگیراوە، نەک هەر هەردووکیان لەم دوو حاڵەتە بەدەرنییە یان وەکو پێویست ڕێزی پەرلەمان نەگیراوە، ئیلتزام بە بڕیارەکانی نەکراوە یان ڕێزی بڕیاری سەرکردایەتی حزبەکە نەگیراوە، بۆیە شەڕەکان وخروقاتەکان روویانداوە، مەرگەساتی قەلەزەن روودەدات، لە شەقلاوە روو ئەدات، جۆرەها کێشە روو دەدات جا ئێمە هەموو قسەکان ئەبیستینەوە وپێشتریش بیستوومانە، هیچ زیادەیەکی تیا نییە، قسەکان قسە ئەوەیە ئەمە هۆی چییە؟ ئەو هەموو ڕێککەوتنانەو، ئەو هەموو دانیشتنانە لێرە ئەکرێن و وەکو پێویست کێشەکان چارەسەر ناکرێن هۆی چییە؟ ئایا ڕێککەوتنەکان بەدرۆ مۆر دەکرێن؟ لێرە موجامەلەی یەکتر ئەکەین، یان هۆی تر هەیە کەوەکو پێویست لێرە قسەی لە سەر ناکرێ، ولە کۆبوونەوەکاندا قسەی لە سەر ناکرێ، من خۆم لە زۆربەی هەرە زۆری کۆبوونەوەکان بەشداریم کردووە، جگە لە پەرلەمان کەدادەنیشین، بەش بە حاڵی خۆم زۆر بە ڕاشکاوی قسە دەکەم یەکێتی وپارتی لە بەرامبەر کۆمەڵێک کە بزووتنەوەی ئیسلامیە هاو هەڵوێست نەبن لێی هەر هەڵوێستێک بەدەر لە هاوهەڵوێستی بەرامبەر بە بزووتنەوەی ئیسلامی بچنە دەرەوە، دیسانەوە شەڕی ناوخۆ روو ئەداتەوە، چونکە زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوەی ئەو شەڕانەی کە ئێستا روو دەدەن بەش بەحاڵی خۆم ئەی گێڕمەوە بۆ ئەو کێشەیە کە هێزی سێیەم هێزێکی چەکدار لە بەینماندایە وشەڕ روو دەدات، ئیلتزامات بە هۆی ئەو شەڕانەوە روو دەدات ئیلتزامات بە هۆی ئەو شەڕانە ڕامان دەکێشێ بۆ شەڕی تریشەوە، لە بەر ئەوە یەکێک لەمەسەلەکانی هەقە قسەی لێ بکەین وبەڕاستەوخۆ قسەی لێ بکەین مەسەلەی هاو هەڵوێستی یە، بەرامبەر بە چارەسەر کردنی کێشەی بزووتنەوە وەکو هێزێکی سیاسی چەکداری مۆڵەتی پێ نەدراوە ولە پەرلەمان ئەوانە شەڕئەکەن. ئەوانە خروقاتیان هەیە، ئەوانە ئیلتزاماتیان هەیە، ڕێککەوتنی هەیە لەگەڵیان، بمانەوێ نەمانەوێ پارتیش ئەگرێتەوە، یەکێتیش ئەگرێتەوە،

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جارێکی تریش ببورن تکایە بەکورتی، چونکە زۆر کەس ماون کە قسە بکات کاتەکەش زۆر زۆر گرنگە ئەوەی کە قسەی لێ ئەکرێ هەق نییە دووبارە بکرێتەوە جارێکی تر.

**بەڕێز حیکمەت محەمەد کەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دووبارەم نەکردۆتەوە، بەش بە حاڵی خۆم لە کۆتایی قسەکانمدا دیسان دووبارەی دەکەمەوە لەمەسەلەی هاو هەڵوێستی بەرامبەر بە بزووتنەوە وەکو هێزی سێیەم کە چەکدارە وکاریگەریی لە سەر ساحەی ڕووداوەکان و لە سەر سنوورەکان زۆر گرنگە دووەمیشیان کە زۆر زۆر گرنگە ئیجرائات کردنە، ئیجرائات بەرامبەر بەوانەی بڕیارەکان پێ شێل ئەکەن، ڕێککەوتنامەکان پێ شێل دەکەن، ئەکرێ موخالەفە بەرەو موخالەفە ئەڕوا تا شەڕەکە قورستر دەبێ لەو ماوەیە دوو ئیجرائات کراوە خەڵک زۆریان پێ خۆش بووە، ئیجرائاتێکی مام جەلال کردوویەتی بەرامبەر بە ڕووداوی کە لەسەر جادە ودزی ومزی کراوە، ئیجرائەکەی تر کاک مەسعوود لە شەقڵاوە کردوویەتی تەواوی خەڵکی کوردستان ئەوەیان پێ خۆش بووە وئیجرائاتی وابکری زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی موخالەفە ئەکەن دەترسێن وکارەکانیان ناکەن پڕ بە دڵ هیواداریین کە ئەم دانیشتنەی پەرلەمان دانیشتنی کۆتای هێنانی کێشەکان بێ وئیلتزامیشی پێوە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزینە کارەکە لەوە ترازاوە، کەدەسکەنەی دانەسقە وشەی بۆ بکرێ، کورد وەتەنی گەیشتوونە ئەوە عەشرەت هاوارە، کوردان هاوارە، یانی دوا پلەی سووتانی تەڕو وشک پێکەوە، ئەوڕایەی کە برادەران فەرموویان، هەمووی یەک ڕایە، هەمووشی لەوەدا کۆدەبنەوە کە دەربڕینە لەڕای گشتی ڕای گشتیش نەفرەت لە شەڕ دەکات ولە ڕووی نازێکەوە کە دەنگێکی زۆری بەو دوو بەڕێزە سەردارو سەرکردە ئازیزە داوە، بۆیە لەوە گەورەتریانی ئەبینێت کە پەیمان شکێنی لە کەنارو قورتەکەیەوە بکرێت، ببێتە هۆی ئەوەی تەگەرە بێ لەڕێی جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانە یان ئەو پەیمانانەیانە، چونکە ئەوان لەوە گەورەترن، ئەوان تەعبیر لە بەرژەوەندی گشتی دەکەن، بۆیە ئەو نازە هەیە کە ئەبێ ئەوانە نەبنە تەگەرە و ڕەنگە کەسانێکی هەل پەرست هەبن کە لەم تەنگانەدا، هەل ودەرفەتیان چنگ کەوێ، لە هەموو لایەکیش کورد واتەنی، چەم بێ چەقل نابێ، ڕەنگە بیانەوێ گێرە شێوێنی بکەن وبکرێت وبەڵام هەمیشە دووپاتی ئەوە دەکەینەوە، کە ئەو دوو بەڕێزان زۆر لەوە گەورەترن کە ئەوانە تەگەرە بن لە بەردەم جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە چەندین جارە کۆدەبینەوە، بەڕاستی ڕووداوەکانیش بەردەوامن، زۆر جاریش قسەکانمان زەقەو ئەوەش من بەدڵسۆزی لە بۆ ئەندامانی پەرلەمان وبرا وەزیرەکان دەردەبڕم کە یان ئەو پرۆژەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەشی هەردوو بەڕێزان کراوە، ئەوەش هەر لە بەر پەرۆشی مەسەلەکانەو، ئەگەرنا مام جەلال وکاک مەسعوود ڕەمزی حەرەکە کەنەو هەموومان شانازییان پێوە دەکەین، پێشمان وایە کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکان بەدەست ئەوانە وئەگەر یەکێک لە مەکتەبی سیاسی یان لە سەرکردایەتی یان لە سەرکردایەتی مەیدانی سەرپێچی بکات لاش بدرێ، لەوانەیە خەڵکی تر هەبێ جێی بگرێتەوە، بەڵام هەتاکو ئێستا کەس بەدیلی ئەو دوو برادەرەمان نییە وئەگەرنا لەوانەیە خۆمان بەشێوەیەکی تر هەڵوێستمان وەردەگرت، ئێستاکەش من لەگەڵ ئەوە نیمە ئەو مەسەلانە بەعاتیفە باس بکرێن، فلان ئیجرائات وفیسار ئیجرائات، بێگومان ئەو بارەی کە رووی داوە خوێنی زۆر تێدا ڕژاوەو خەڵکی زۆر تێدا شەهید بووە، وهەروەها لەلایەکی تریشەوە بەڕاستی برینەکان هەر سارێژ نەکرێن، لە سەرەوە دەرمان بکرێ، لەبنەوە پیس بێت جراحەت بکاتەوە من لەگەڵ ئەوەم کە لە بنەڕەتەوە چارەسەری ئەو مەلەسەیە بکەین، ئەگەر لە بنەڕەتەوە چارەسەری نەکەین هەموو جار ئەگەر پینەو پەڕۆمان کرد لەوانەیە لە شوێنێکی کە ئەمجارە هەڵداتەوە ئەو جارە زۆ ناخۆشتربێ وپێمان کونترۆڵ نەکرێ، ئەوەش بەوە دەکرێ هەردوو بەڕێزان لەگەڵ مەکتەبی سیاسی هەردووکیان وهەردوولا یان هەردووکیان دانیشن بەیەکەوە چەند ڕۆژێک بەیەکەوە چارەیەکی لە ڕەگەوە بۆ سەرانسەری کوردستان دابنێن وپێم وایە ئەم ئەرکە مێژووییە کە بەڕادەی یەکەم لەسەر شانی هەردووکیانە ودوایی لە سەرشانی هەردوو حزبە کەو حزبەکانی تریشە، بەڵام ئێستا شەرعییەت بەدەست ئەو دوو حزبەیە، خەڵکی کوردستان دەنگی داوەتە یەکێتی وپارتی کە پەرلەمان وحکومەتیان داناوە ئەو ئەزموونە سبەی خوانەخواستە تووشی لە ناوچوون بێ، یان لە ناو بچێ، خەڵکی تر لەوانەیە هەرپێی خۆش بێ تێ بچێ، بۆ نمونە: خەڵکێک هەیە ئێستا هاوپەیمانێتی هەیە لەگەڵ لایەک لە لایەنەکان، ئەو خۆی لێپرسراو نییە چونکە لەوانەیە ئەمڕۆ بەڕادەی یەکەم لایەنەکەی تر ناحەزی بێ، بەڵام بەڕادەی دووەم ئەو لایەنەی کە هاوپەیمانە لەگەڵ ناحەزی تر و بەپێچەوانەوە، بەڵام ئەرکی چارەسەرکردنی ئەو کیشەیە لە سەرشانی ئەو دوو حزبەیە ولە سەر شانی ئەو دوو بەڕێزەیە، وپێم وایە بەڕاستی لێرە دەبێ ئەمڕۆکە لەو کۆبوونەوەیەدا هەردووکیان بگەنە قەناعەتێک ودانیشن چەند ڕۆژێک وچارەیەکی بن بڕ لەبۆ ئەو مەسەلانە دابنێن، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێر هاتنی هەردوو سەرکردە دەکەم، بەڕێز مام جەلال وبەڕێز کاک مەسعوود قسەکانی لەوانە هەندێ عاتیفییانە بێت، بەڵام وابزانم کە ئەگەر عاتیفەشمان لە کیس دا هەموو شتێ لە کیس

دەدەین، هەموو کاتێ خۆم ئەکەم بەو بینایە، هەردەم ئازاری هەزارەها شەهید وئاهی هەزارەها دایک و هاوار و نالەی هەزارەها قارەمان، زیندانییەکان وبۆنی سووتان ومالّ وێرانی هەزارەها کوردو زریکەی هەزارەها منالّم دێتەوە یاد، کەواتە ئەم ئەزموونە بەئاسانی نەهاتۆتە دی، بەلّکە میللەتێک بووین گەورەترین زولّمداریمان لێ کراوە، ئایا ئەم هەموو خەباتەی چەند سالّە ئەم هەموو ئازارە، ئەم پەرلەمانەی دروست کردووە پێویست ناکات بەچاو بیپارێزین نەک بەدەستی خۆمان بەرەو هەلّدێری بەرین، من تەنها پرسیار لەم هەردوو بەڕێزە ئەکەم ئایا ململانێی نێوان ئەم دوو حزبە فکری یە؟ لەو باوەڕە دانیم کە فکری بێ ئایا ململانێی دەسەلاتە؟ ئەگەر دەسەلاتە با هەروەکو جیهانی شارستانی خەباتی خۆمان بکەین، خەباتی پەرلەمانتاری بکەین با لە ڕۆژنامەکان دا با لە هەر چ شتێک بێ، بەلام دەست نەبەن بۆ چەک، گەورەترین کارەسات دەست بردنە بۆ چەک، ئایا دەتانەوێ چی لەم ئەزموونە بکەن؟ بەرمانی ئەم ئەزموونە چ بارێک دێتەکایەوە؟ ئەزموونێکی کە دروست دەبێتەوە یان ئەم میللەتە ئەدەن بەدەست دوژمنانی دراوسێ لە عارەب ولە تورک ولە عەجەم؟ کە مێژوو شایەتی ئەوە دەدات کە ئەم دوژمنانە هیچ کاتێک ئاسوودەی ئەم میللەتەیان نەویستووە، نەیەکێتی ئەتوانێ پارتی نەهێلّێت ونە پارتی ئەتوانێ یەکێتی نەهێلّی، کەواتە لێرە ئەم شەڕە بۆچی؟ ئەوەی کە زەرەرمەندە ئەو میللەتە هەژارە برسییەیەو، شەهید بوونی هەزارەها گەنج کە هێشتا خوێنیان وشک نەبۆتەوە، لێرەدا داوا کارم بەناوی هەرچی دایکی شەهیدانە. بەناوی هەرچی خێزانی شەهیدانە بەناوی فرمێسکی هەموو منالّی بێ دایک و باوک لەو کوردستانە ئەم شەڕە بوەستێنن ئیتر بەس بێ کوشتن بەس بێ ئاوارە بوون بەس بێ برسییەتی، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان کاک مەسعوود ومام جەلال پێشەکی ئەلّێم خۆزگە ئەو کۆبوونەوەیە پێش چەند ڕۆژێک ببە سترابایە، تاگیانی دەیان ڕۆلّەی کورد لە کارەساتی مەرگ ڕزگار کرابانایە، بەڕێزان من پێشنیارێکم هەیە وپرسیارێکیشم هەیە، پێشنیارەکە ئەوەیە ئەو خالانەی کە لە هەردوو هەلّوێستنامەکەی پەرلەماندا هاتوون بە هەموویەوە جێبەجێ بکرێ، کە ئەوە ڕای پەرلەمان بوو وهەردوو بەڕێزان موافەقەتتان لە سەر کرد وبەهەموو خالّەکانەوە هیچی لێ جیا نەکرێتەوە بە خالّی دە یەمیشەوە کە دەلّێ «أضافة ممثل الحركة الاسلامية الى لجان التطبيع» هەروەها کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی هاوبەش دروست بکرێ وبوونی هەردوو بەڕێزتان لە ناوی دا کە سەرپەرشتی تەواوی شەڕ وەستاندنی ڕاستەوخۆ وئاسایی کردنەوەی ڕاستەوخۆ بکات، چونکەب

سەرپەرشتی تەواوی شەڕ وەستاندنی ڕاستەوخۆ وئاسایی کردنەوەی ڕاستەوخۆ بکات، چونکە

کێشەکان بە ئاسانی چارەسەر ناکرێن و برینەکان سارێژ نابن ونەگەر هەردوو بەڕێزتان بەیەک دلّ ویەک دەست نەکەونە ناوکارەکەوە، پرسیارەکەشم ئەوەیە ئایا بە دیلێکی تر هەیە باشتر بۆ گەلی

کورد له پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان؟ ئەگەر نییە شەڕ هەڵگیرساندنەوە و بەردەوام بوونی بۆ چییە؟ ئیتر سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان کاک مەسعوود ومام جەلال، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بێگومان لە ٨/١٥ تاکو ٨/٢٥ دەکاتە (١٠) رۆژ، کە کارنامە ویادداشتنانامەیەکمان پێشکەش کرد وهەردوو بەڕێزان پەسندیان کردو دەنگی ئەندامی پەرلەمانی لە سەر درا، یانی یاسایە، واتە بڕیارێکی یاساییە دەبێ ئەم بڕیارە یاساییە جێبەجێ بکرێ، بێگومان پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا لە ماوەی ئەو دە رۆژە لەو خاڵانەی کە پێشکەش کرایە چیان کردووە؟ خۆم وەڵام دەدەمەوە هیچیان نەکردووە تەنیا شەڕیان کردووە، تەنیا بەپێچەوانەی ئەو کارنامەیە ویادداشتنامەیە کار کراوە، بەبیری برای بەڕێزم کاک مەسعوود دێنمەوە کە پێشی هەڵبژاردن بەسێ مانگ وەفدێکی پارێزەران چوونە لای جەنابی لە مەسیف کە پێمان گوت ئۆباڵی (٣٠) ملیۆن کورد لە مل مام جەلال وکاک مەسعوودە، خۆی گوتی حەبسمان بکەن. ئێمە نە لەو قووەتەین نەدە مانەوێ ئێوە حەبس بکەین. بەڵام ئێستا میوانداریتان دەکەین ئێستا کاتی ئەوە هاتووە میوانداریتان بکەین. لێرە هەتا چارەسەری کێشەکان دەکەین بەبۆچوونمان هەر شکانێکی کوردستانی عێراق کار دەکاتە سەر هەموو کوردسانی گەورە، هەر سەرکەوتنێکی کوردستانی عێراق کار دەکاتە سەر هەموو کوردستانی گەورە، کەواتە ئۆباڵی(٣٠)ملیۆن کوردە کە ئێستا لە ملی هەردووکتانە، ئێستا داواتان لێ دەکەین و پێشنیارێکم هەیە دوو لقە لقێک لە بۆ ئێوەی بەڕێزە ولقێکیش بۆ ئێمەی ئەندامانە، بۆ ئێوەی بەڕێز پێشنیارەکەم ئەوەیە، لە ناو باڵەخانەی پەرلەمان دەرنەچن ئێمە لە خزمەتی ئێوەی بەڕێز دەبین سەرۆکایەتی ئەو ئاسایی کردنەوەیە بکەن، پێی ناوێ ئەم لیژنە دروست بکەن بەخۆتان سەرۆکایەتی بکەن. پێشنیاری دووەمم لە بۆ ئەندامانی پەرلەمانە ئەگەر هاتو برایان لە ناو پەرلەمان نەمانەوە ئێمە مانبگرین لە ناو باڵەخانەی پەرلەمان هەتا ئەو کارە جێبەجێ بکەن، ئەوان بێن لەگەڵ چی دەکەن کێشەکە ئاسایی بکەنەوە وداوای شەڕ ڕاوەستاندن دەکەین لە جەبهەکان، پێشەکی داوای شەڕ وەستان لەنێوان مام جەلال وکاک مەسعوود ئەکەین شەڕەکە لە نێوان خۆتان ڕاگرن لەوێش ڕادەگیرێ، دانیشن لێرە وەکو کاک عەبدوڵلا گوتی نیو سەعات شتێکی موحد دابنێن بۆ ئێمە هەتا ئێرەش لە خزمەتتان دابین بەس ئەوەی کە ئێمە ڕازی نینە ئەندامانی پەرلەمان بە هەردوو فراکسیۆنەوە ڕازی نین، دەبێ میوانداریمان بکەن، دەبێ لێرە لە خزمەتتان دابین، وئێمەش ئامادەین بۆ هەر شوێنێکی دەمان نێرن وبۆ هەر چ کارێک کە دەتانەوێ بیکەن، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین لعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود بەڕاستی یەکەم جار مایەی خۆشحاڵی ئێمەیە کە لەڕاستیدا

پەرلەمان وەک پەرلەمان، ئەنجوومەنی وەزیران وەکو ئەنجوومەنی وەزیران هەست بەمەسئوولیەت کردن هاتۆتە مەیدان، باوەڕیشم وایە کەوا ئەمە شوکری خوای لەسەر دەکەین، چونکە ئێمە موستەلەزماتی ئەوەی کە پەرلەمان وەکو پەرلەمان قسە بکات و جێگەی خۆشحاڵیە وجێگەی ئەوەیە کە گەشبین بین، (انشاء الله) ئەم شتانە لە ناو ئەم دانیشتنە بێگومان ئەنجامێکی دەبێ، بەڕێزان من دەمەوێ ڕاستیەک بڵێم (معتدی علیە) مەعلومە کەگەلە، پەرلەمانیش بەڕاستی ئێستا واخەریکە نوێنەرایەتی گەلەکەی ئەکات بەڕاستی ڕاستییەک بەڕاشکاوی بە جەنابتان ڕادەگەیەنێ، پەرلەمان کە نوێنەرایەتی گەلەکەی بکات دیارە پێی ڕەوا نییە، هیچ فیئەو گروپێک پووچەڵی بکات وبیخاتە دەروازەی لەبیرچوونەوە ئەوە شتێکی مەعلومە، چونکە پەرلەمان هەرگیز بۆی نییە هیچ فیئەیەک لەوڵاتی خۆی پوچەڵ بکات لە هەموو پرۆسەیەک، چونکە پەرلەمان زوبانی حاڵی ئەم میللەتە بێ، شتێک بکات و شتێک بڵێ، کە بەرژەوەندی گەل ومیللەتی خۆی تێدا بێ، بەڕێزان کاک مەسعوود و مام جەلال وەڵامی ئێوە بەرامبەر بەخوا چییە؟ کە ئێوەی کردووە بەشوانی گەلەکەتان وکەدەیان ساڵە خوزگە بۆ شوانی ئێوە دەخوازی وتامەزرۆیە دەیان ساڵە کورد ئاوات ئەخوازێ، خوزگە کورد خۆی خاوەنی خۆی بوایە، ئێوە فەرمانده وسەرکردەو کارمەندی کورد بوونایە، دەیان ساڵە ئەو ئاواتە ئەخوازێ دەیان ساڵە ئەوئاواتەی هەیە بۆ گەلەکەتان پەشیمان دەکەنەوە بۆ ڕەنجەڕۆیان دەکەن؟ لە پێناو چیدا؟ لەڕاستیدا پرسیاریش ئەکەین بەچ مافێک گەل والێ دەکەن خۆ ئەمە کوردایەتی نییە، ئاشکرایە گەل دەزانی ئەم قوناغەی کە ئێمە تێ کەوتین، وەڵلا خواش ئەزانێ گەلیش ئەزانی دوژمن ئەزانی و، دۆست ئەزانێ، کە ئەوە کوردایەتی نییە، بەڕاستی ئەوە بۆ سێ ساڵ دەچێت پاروو نانێک قوومە ئاوێک پەیدا نەکراوە بۆ ئەم هەژارانە یەک پاروونان یەک قومە ئاو پەیاش نەکراوە بۆ ئەم گەلە لە هەموو خێر خێرەومەندانیش بێ بەشن، ئەم گەلە ئەڵێم بەهیوا ئەژی، جا بۆیە لەگەڵ پشتگیری و پیشتیوانی ڕاو بۆ چوونی برادەران کە ئەوەی پێویست بێ گووتوویانە ئێمەش ئەڵێین بفەرموون بەندەکانی هەڵوێست نامەی ٧/٢٥ ویادداشتی ٨/١٥ ئالیەتێکی گورج وگۆڵانەی بۆ دابنێین، باجێبەجێ بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز شالاو عەلی عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە بۆ بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود پێشنیارەکەشم ئەوەیە حکومەتیش پێک هاتووە لە خەڵکی بێ لایەن، بەڵام ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەردوو حزبیشی تێدایە وئەندامی سەرکردایەتی وکەوادری پێشکەوتووی هەردوو حزبەکەی تیدایە، کە ئەوان وایان لێ بێ هاوار بکەن بڵێین وازی لێ دێنین کەواتە هەموو چارەی بارەکە لە دەستی ئەو دوو بەڕێزەیە، جا ئەوان ئەبێ چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە و، من ڕایم وایە کە کوردستان بە پەرلەمان وبە حکومەتیشەوە بە هیچ لایەنێکی تر جگە لە یەکێتی وپارتی تێک ناچێت یانی بۆ تێک چوونی ئەم ئەزموونە تەنیا بە یەکێتی وپارتی تێک دەچێ، لە بەر ئەوە زۆر زۆر مەرجی بنەڕەتی یە کە ئەوانە

ڕێکککەون، تاکو کێشەکە زوو چارەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز شێخ یەحیا محەمەد بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاکە ومامە، ئێمە ئەبێ شتێک بڵێین کە بەڕێزتان لای ئێوە نهێنی بێت ونەیزانن، گرێ کوێرەی ئەمڕۆی میللەتی کورد کلیلەکەی لە بەردەستی ئێوەی بەڕێزە، من لەگەڵ ئەوە نەبووم بەڕاستی کە ئەوە هەڵەیەکی باو بێ بەڕێزتان نەتوانن ئەو کێشەیە چارە بکەن، ئەم کارەساتەی کە میللەت هەمووی سەرانسەری بەشەهیدەکانمانەوە لە گۆڕەکانیانەوە، بەگیانیی شەهیدەکانمانەوە هەر هەمووی سکاڵاو هاوار ونالەی وهاوارە کوردایەتی کە کاک ئەحمەد سالار ئاماژەی بۆ کرد، وەدەی گەیەنێتە خزمەتی ئێوەی بەڕێز کە ئەو کارەساتە کۆتایی پێ بێنن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی من شتێکم هەیە، حەز دەکەم بەبیری هەموومان بێتەوە، لە مانگی پێنجەوە شەڕی نێوان ئەو دوو حزبە دەستی پێ نەکردووە، با توهمەکان یاخود کێشەکان هەمووی بەرەو ڕووی هەردوو بەڕێز نەکەینەوە، بەڕاستی ئێمە هەموومان موهتەمین لەو شەڕەدا، ئێمە سێ ساڵە شەڕێکی سارد لە نێوانماندا هەیە، شەڕێک ڕاستە هەندێ لایەنی زەرەرمەندی تێدا بووە، هەندێ لایەنی باشیی تێدا بووە، هەندێ شتی نوێمان هێناوەتە کوردستان، بەڵام هەندێ شتی سەقەتیشمان هێناوە، ئێمەش موتەهەمین وەکو پەرلەمان، وەکو حکومەتی هەرێم وەکو مۆسسات وەکو کەوادری حزب وەکو دەزگای ڕاگەیاندن، ئێمە هەموومان تاوانبارین لەو مەسەلەیە، ئێستا شتەکان کەڵەکەبوون لەسەر چەند دوکانێک، من دێمەوە سەر ئەوەی داخلی هیچ حەیسیات نابم، چەند پرسیارێک هەیە، لام گەلاڵە بوون، لە خلالی ئەم ماوەیەدا، ئایا بڕیاری بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود وسەرکردایەتی هەردوو حزب ئەوەیە کە شەڕی سەرتاسەری بکەن، لوولەی تفەنگەکان هەروەها لەسنگی یەکتر بچەقێنن وبمێننەوە؟ ئایا ئەوە بەرەو کوێمان دەبات؟ ئەوە یەک، دووەم ئایا بڕیاری ئەوە هەیە کە کوردستان بکرێتە کانتونات وکارەساتی میرنشینەکان لە بابان وسۆران وبادینان وبۆتان دووبارە بکرێتەوە، کە هەر ئەو میرنشینانە بوونە یەکێک لەهۆیە سەرەکییەکانی نەبوونی کورد بەدەوڵەت وچونکە کورد یەک دەنگ ویەک هەڵوێست نەبووە، ئەو دووشتەی بەخۆوە نەدیتبوو، ئایا بڕیاری ئەوە هەیە کە ئاسایی کردنەوەی کوردستان نەکرێ؟ بەڕێزان ئێمە لەخەتەری ئەوە بابترسێین کێشەی کورد بە رەو سێبەر دەڕوات، بەروە تاریکی دەڕوات، زەمەن ودۆستانی ئێمە لە سەرمان ڕاناوەستن، وا پیلان لە دوو پیلانی یەک لەدوو یەک دێن و بەڕێزان کۆبوونەوەی دیمەشق وجارێ مەرەکەبەکەی وشک نەبوو بۆوە سنور بەزێنی کوردستان کرا لە ئاسمانەوە، وا ئێستا ڕێگەی ئیبراهیم خەلیل گیراوە لە نووسەیبین ترانزێت سوریا ورەبیعەوە تجارە کرایەوە، وا دەولیەن عێراق بەرەو واجیهە دێتەوە، باشە ئێمە با حساب بۆ کات بکەین ئایا ئەو شتانەی

خزمەتمان دەکات ئێمە چاوەڕێی ئەوە بووین پێش سەری مانگ یاخود لە ناو ئەو ماوە کورتە، ڕێکەوتنامەی پاریس ئیمزابکرێت، خەڵک ئەو جارە ئومێدی گەورەتری هەبێ و قەزییەکەمان بەرەو پێشەوە بچێت، دۆستانی ئێمەش لەوانەیە تاماوەیەکی کورتر لە سەرمان ڕاوەستن، ئەو جا نظریەی ئەوە دێتە گۆڕێ، «هناك مصالح دائمة وليس أصدقاء دائميون» بادیسان ئەوە نەیەتە گۆڕێ، واتە ئێمە پێمان باشە، ئەو مەسەلانە چاوی پێدا بخشێندرێ وزەنگی خەتەر دەستی بەلێدان کرد، بادیسان نەڵێن لە نێوان سیڤەرو لۆزان کورد ادارەی خۆی پێ نەکرا کورد شایستەی ئەوە نەبوو بکرێتە دەوڵەت، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی قسەکان هەموو کران، من دوو خاڵم هەیە یەکەمیان بەنسبەت ئەو خاڵەی کە بەقەناعەتی خۆم وایە وئەوە قەناعەتی زۆربەی میللەتە، کە دەڵێن ئەگەر بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود بیانە ئاسوودەی وئارامی لە کوردستان دەچەسپێنن، ئەگەر نەشیانەوێ نای چەسپێنن واتە شەڕ وشۆڕ وئاشتی لە دەستی هەردووکیانە ئەوە(یەک)، دووەم تکام وایە لە هەردوو بەڕێزان ڕێزی گەل بگرن واتە ڕێزی ڕای پەرلەمان بگرن، لەهەموو وڵاتانی دنیا ڕای گەل بایەخی پێ ئەدرێ بەتایبەتی ئەو گەلانەی کە ئیمانیان بە دیموکراتیەت هەیە. بەڕێزان میللەتەکەمان زۆر موعاناتی هەیە وزۆر فەضلی لەسەر هەردوو سەرکردەکان هەیە، بەهەزاران شەهید وقوربانی داوە وهەردوو بەڕێزان وحزبەکانیان قەرزداری ئەم میللەتەن بەخوێنی شەهیدان قەرزداری ئەم میللەتەن، بەکارەساتی هەلەبجەی شەهید قەرزداری ئەم میللەتەن، بە ئەنفالەکان قەرزداری ئەم میللەتەن، بەو دەنگانەی کە لە هەڵبژاردن پێیان دراوە قەرزاری ئەم میللەتەن، لە کۆتایی دا بەڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ میللەت چاوەڕێی ئەوەی دەکرد، پادداشتی بدرێتەوە نەک شەڕی برا کوژی بۆ دروست ببێ، داوا لە بەڕێزیان دەکەم ئەو (١٢)خاڵەی کە پێشکەشمان کردووە خاڵی یەکەم هەر ئێستا بڕیارێکی حاسمی لەسەر بدرێت، ئەمێنێتەوە (١١) خاڵ بە ڕێکەوتنی هەردوو بەڕێزان بەرنامەیەکی بۆ دابنێن وبۆ جێبەجێ کردنیان ئێمەش وەکو ئەندامانی پەرلەمان هەموومان لە خزمەتیان دادەبین، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی خۆشەویستان کاک مەسعوود ومام جەلال من لە بەر ئەوەی شتێکم نووسی بوو بەڵام خرامە دواوە، ئەگەر دووبارە کردنەوە بێ لێم ببورن، یەکەم لام وایە، ڕاستە و چەند جارێکە گوتراوە بەلیستەی دوو حزبەوە ئێمە هاتووینەتە پەرلەمانەوە، ڕەنگەلای هەندێک وابێ گلەییمان لێ بکەن ئەگەر لەڕای لیستەکەی حزبەکە دەرچین، بەڵام ڕاستیەکیش هەیە کە ئەم حزبانە بەو ناوانە بەو (٢٠٠) ناوە ئەو ڕایانەیان هێناوە، کەواتە ئێمە مافمان هەیە بەسەر حزبەکانەوە کە ئەبێ گوێ

لەڕاکەمان وەربگرن، ئێمە لە پەرلەمان هێشتا ئاشتیمان ئەوێ، وەدەمانەوێ ناو بژیکەربین هیوامان وایە لەمەولا سەرکەوین ونەکەوین، ئەوەی تاوانبار کردنی ئەولایە ئەولا بکەین دەستنیشان کردنی خەتابار نەکەوێتە سەر شانی ئێمە، خەتاباری ناو هەردوو حزبەکە یان ئەوانەی کە دەیانەوێ بەناکۆکی ئەم دوو حزبە دەسەلات پەیدا بکەن یان دەنگە نا سازەکەی کۆبوونەوەی سێ لایەنەکەی سێ دەوڵەت هێشتا لەگوێماندا دەزرنگێتەوە، کە تازەیە بەڵێ وای لێهاتووە، ئەوەی کە ئەیلێین هەر بۆ تەلەفزیۆن وبۆ خەڵک بێت، چونکە ئەوە یەکەم جار نییە، یەکەم گوتن نییە، یەکەم نووسین نییە، چی دی دەربارەی کێشەکەو ناکۆکیەکە دەربارەی هۆکانی دەووترێت، یان دەربارەی ئەو خوێنە کە بەناحەق ڕژاوە، هەردووکتان هەمووی دەزانن و زیاتریشتان بیستووە چ چارەیەکیش دابنێین.ئێوە ئەگەر بتانەوێ چارەی چاکتر دەزانن کەواتە دەبێ نە هیچ بلێین ونە هیچ ببیستین، بەڵکو کارمان دەوێ کارێکی کتوپڕی کاریگەر، چونکە هێشتا هەردووکتان دەسەلاتدارن ودەسەلاتتان لە دەست دەرنەچۆتە دەرەوە، هەمووشتتان پێ دەکرێ، هەر لێرە پێکەوە فەرمانێک دەرکەن بەوەستاندنی شەڕ لە هەموو کوردستاندا، هەر کەسێ تەقە بکات بە ناپاک دابنرێ وپارتی ویەکێتی لێی بێ بەری بێت، بە هەردوولا بچن بەگژیا دەستگیری بکەن ولێرە نەچنە دەرەوە، تاکوردستان هێمن دەبێتەوە، ئێمەش ئەندامانی پەرلەمان لێرە پەنا گیرین، واتە مان بگرین تاکوردستان هێمن دەبێتەوە، دووەم زوو بەزوو بچن بۆ پاریس ورێککەوتننامەکە مۆر بکەن ویەکسەر بکەوینە جێبەجێ هێنان، لە کاتی لێرە نەبوونتان دا کاری یەکێتی وپارتی بدرێتە دەست ئەوانەی ئاشتی خواز بوون وهەوڵی تەباییان داوەو بۆ حکومەت وپەرلەمانیش دەسەلاتی یاسای خۆیان بدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی قسەکانم هەمووی کران، بەلام دەمەوێ بلێم هیواو ئاواتی هەموومان یەکە، کە ڕێکەوتن کرا و داوا لە بەڕێزتان بکەین کەشەڕ ڕابگرن و ئەو بەندانەی کە لە (١٥- ٢٥)پێشکەش کران جێبەجێ بکەن، سوپاس.

**بەڕیز ئەحمەد شێخ تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود، بەڕاستی ئەو کۆبوونەوەی ئەمڕۆتان نەک هەر کۆبوونەوەیەکی مێژوویە بەڵکو مەسیریشە بەنسبەت چارەنووسی میللەتەکەمان، بەڕاستی ئەو کۆبوونەوەی ئەمڕۆتان گەلێک لای میللەتەکەمان گرنگە، چونکە میللەتەکەی ئێمە چاوەنواڕی گەلێ شتی گرنگە، بەلام من بەڕاستی ئەوەی پێویستە لێرە باس بکرێ کە گرنگە من داوا لە هەردوو بەڕێزان دەکەم زۆر بەگەرمی وبەپەلە وبەجیددی بەو پەڕی دڵسۆزییەوە بازووی لێ هەڵماڵن و داوایان لێ دەکەین هەر ئەمڕۆ دەست پێ بکەن ئەو بیر خەرەوەی کەدامان بەڵگەنامەکانی (١٩) خاڵی کە

تێدا بوو ئەویش نەک بیرو ڕای ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانە بەڵکو بیروڕای هەموو میللەتی کوردە سەرتاسەر جێبەجێ بکرێ، هەروەها ئەو یادداشتەیٚ (١٢) خاڵەکەش جێبەجێ بکرێ ومن زۆر بەگەرمی پشتگیری ئەنجوومەنی وەزیرانیش دەکەم کە ئەویش چاوێکی پێدابخشێندرێ وبەپەلە جێبەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی ئەو هەڵوێستەی کەئەنجوومەنی وەزیران زۆر پیرۆزە، ئەبوایە کۆمیتەی ناوەندی هەردوو حزب لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەردوو حزب ئەو هەڵوێستەیان ببوایە ئەو گوشارە هەر لەسەر مام جەلال وکاک مەسعوود نەبوایە، یانی لەڕاستیدا ئەگەر ئەوان خەڵکێک ڕوو بەڕوویان نەبێتەوە، بلێ ئەم کارە نەکەن پێم وایە ئەو کارە نەئەکرا، لەوانەیە ئاسایی تر دەبوو بارەکە، جا لە ڕاستیدا دەبوایە ئەو هەڵوێستەیان ببوایە، بەداخەوە بەڵام کەنەبوو ڕاگەیاندنی بەڕێزان کە هەردووکیان لە بەردەمی پەرلەماندا وایان پیشاندا کە سەربازی ئەم پەرلەمانەن، دیارە کە سەربازی ئەو پەرلەمانەن، ئێستا داوای هەموو برادەران ئەوەیە کە لێرە نەچنە دەرێ، هەتاکو کێشەی سەرتاسەری کوردسان چارەسەر دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم «إنا عرضنا أمانة على السموات وألارض والجبال فأبينا أن يحملها وأشفقنا منها وحملها إسان وكان الانسان ظلوماً جهولا »(ص) بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود برایان وخوشکانی بەڕێز، دیارە ئەم ئامانەتە پیرۆزە کە باسی ئەوە دەکات ئێمە ئەمانەتێکی گەورەمان لەسەرە، ئەمانەتەکان شتی گەورە گەورە لێی تر ساوون بەڵام ئەمانەتەکان ئێستا لە سەر شانی ئێمەیە، دیارە ئەندامانی پەرلەمان هەموو ئەمانەتیان لەسەرشانە، لەوەی کە شتی هەق بلێین، ڕاست بلێین ودەستنیشانی خەڵکی ئەوە بکەن کە لە یاسا لادەدات وچی بەڕاست ئەزانن بیلێین وهیچ بیر لەوە نەکەونەوە کە حزبەکەیان لە بەرژەوەندی دایە، یان لە بەرژەوەندییدا نییە وهەروەها هەموو سەرکردەکان وهەموو مەکتەبە سیاسیەکان ولە سەرووی هەمووشیانەوە، بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعوود ئەو ئەمانەتەی لە سەریانە گەورەترین ئەمانەتە وقورسترین ئەمانەتە، بەپێی مەسئوولیەتەکانی خۆیان، دیارە مامۆستا مەلا شێخ تاهیر باسی ئەوەی کرد کە لێتان دەپرسنەوە بێگومان ڕۆژی قیامەت، لێتان دەپرسنەوە لەوە، ئەو خوێنانەی کە ڕژاون لەژێر دەسەڵاتی وسەرداری وگەورەیی ئێوەیە وبە لێپرسراوی ئێوە ڕژاوە ئەمە «وإذا المؤدة سئلت بأي ذنب قتلت» پرسیارمان لێ ئەکرێ هەر هەموومان هەریەکە بە گوێرەی خۆمان بۆچی وامان کرد؟ ڕەنگە خوای تەعالا (جلَ جلالهُ) بەبێ گومان، گومانم نییە لەوەی کە

پێمان ئەڵێ وبەتایبەتی مام جەلال وکاک مەسعوود ئێوە حاڵتان چۆن بوو چۆن خوا کردتانی بەبرا، چۆن لولەی تفەنگەکان رووەو رووی دوژمن بوونەوە چۆن ئێوە لەسەر هاویە ومەهلکە بوون رزگارتان بوو، چۆن لەدەستی کیمیا باران وئەنفال ولە سێدارە دانی کۆمەڵ، لەو هەمووشتە خوا رزگارتانی کردو ئێوەی کرد بەو کەسە و دوایی ئەو میللەتەتان بەرەو کوێ برد، بەڕاستی ئەوە پرسیارێکە لەڕۆژی قیامەتدا دەکرێت ومێژووش رەحم بەکەس ناکات و دەووترێت وپێویستە هەر هەموومان دەوری خۆمان ببینین وئاگامان لەوەبێ ئەو مەسئولیەتە خواییەو ئەو مەسئولیەتە مێژووییە لەسەرشانی خۆمان هەر کەسە بە حاڵی خۆی لای بدات. و ئەم کێشەیە بە زووترین کات چارەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تەنها پشتگیری ئەم دوو شتە دەکەم کەوا ئەم ڕۆژە پێشکەشمان کرد لە (١٥)ی مانگ، بەڵام من باسی ئەو هەڵوێستنامەیە دەکەم کە خاڵی پێنجەمیان چوار خاڵی هەیە لەسەرەتاوە کە هەمووی ئیدانە کردنە، خاڵی پێنجەم کە دیارە ئێمە لێرە سیاغەمان کردووە گرنگ بووە، گرنگترین خاڵ بووە لە دوای ئیدانەکردنەکان کە باسی ئاسایی کرنەوەمان کردووە هەموو گرێ کوێرەیە، لە خاڵی پێنجەمدا ئەبینم لە ئاسایی کردنەوەکە بەبۆچوونی من وردمان کردۆتەوە لە هەڵوێست نامەکەدا ئەو خاڵی پێنجەممان لەو (١٢) خاڵەیە کە لێرەدا ڕۆژی (١٥)ی مانگ پێشکەشمان کرد وردمان کردۆتەوە کە ئاسایی کردنەوەکە چۆن بکرێ، کە تا ئێستا ئاسایی کردنەوەکە نەکراوە، ئەوانەی ئێستا ڕوو ئەدات تەشەنە ئەکاتەوە، من بەش بە حاڵی خۆم ئەڵێم ئەو بابەتی ئاسایی کردنەوەیە کاریگەرییەکی زۆر گەورەی کردووە لەسەر ئەو مەسەلەی کە نەکراوە، ئەوە خاڵێک خاڵێکی تریش پێم وایە بابەتی مامەڵەت کردن لەگەڵ مەسەلەی بزووتنەوەی ئیسلامی دیسان لێرە باس کراوە لە خاڵی (١٠)یەمدا هاتووە، هەردوو بەڕێزان لەسەری ڕێک کەوتوون کەلە خاڵی (١٠)یەمدا هاتووە، مانای وایە هاوبەشی کردنی ئەوانیش لەکردارە ئاشتەواییەکە ئاوا ئاماژەی پێدراوە لێرە، و بەڕێزانیش موافەقەتیان کردووە، ئەو خاڵانەی یەکەمن دەمەوێ باسی بکەم وداوا کارییشم ئەوەیە دەستبەجێ ئەو شەڕە ڕابگیرێ ودەست بکرێ بە پیادەکردنی ئەو هەڵوێستنامەیە کە (١٢،١٠) خاڵە و پێشکەشمان کردوون ولێرەش دڵنیامان بکەن ئەنجامان بدەنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لێرە بەڕاستی ئەوانەی ویستیان لە ئەندامانی پەرلەمان قسەی خۆیان کرد ورای خۆیان دەربڕی وئێستاش قسە بۆ هەردوو بەڕێزانە چۆن وەڵامی ئەندامانی بەڕێز دەدەنەوە، وچی پێویستە بکرێ، چونکە وابزانم ڕایەکانیان زۆر زۆر ڕوونە من پێشنیارەکەم پێشکەش کردن داوایان کرد پێویست ناکات.

**بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی:**

من بەش بە حاڵی خۆم کە بانگتان کردم بۆ ئەم کۆبوونەوەیە، لە سەرێکەوە هەستم بەشەرمەزاری ئەکرد ولە سەرێکی ترەوە خۆمان دەڵێین پەرلەمان سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێکە ناکرێ ونابێ بەقسەی نەکەین وداواکەی قبوڵ نەکەین. ئەگینا بەڕاستی پاش ئەو هەموو کۆبوونەوانە ئەو هەموو بڕیارانە وجێبەجێ نەکردنی هیچیان، دەم گەیەنێتە سەر ئەوەی کە لەگەڵ قسەکانی کاک فرەنسۆ یەک بگرمەوە من دەمەوێ بڵێم ئێمە چ کاک مەسعوود وچ من لەسەر ئەو مەسەلانە موافقین، بەڵام قسەکەی جارەکەی تر دێنمەوە بیرتان کلیلەکە لە کوێیە؟ چۆن جێبەجێیان دەکەین؟ ئایا ئەهمیەتەکە چییە کە ئەو بڕیارانەی پێ جێبەجێ دەکرێ لە کوێ وە دەست پێ دەکات چۆن دەبێت؟ بەڵام پێش ئەوەی ئەوانەش بکەین وئەم مەسەلانەش باس بکەین یەک مەسەلە هەیە، مەسەلەی هەر ئێستایە، ئەم دەمەیە، ئەم ساتەیە کە لێرە دانیشتووین، ئەویش شەڕ ڕاگرتنە. ئەوە قابیلی باس کردن نییە دەنا مەسەلەکانی تر سبەینێ باسی دەکەین بەو گیانەی کاک فرەنسۆ ومن هەم بەڕاستی قسەکانی کاک (د. کەمال)م پێ باش بوو، هەم کاک فرەنسۆ کە ڕێبەرایەتی دوو لیستی کەسک وزەرد دەکەن بەڵام ئێستا شتێکە قابیلی گفتوگۆ نییە ئەوەی دەبێ دەست بەجێ شەڕ ڕابووەستێ، چونکە ئەو خوێنە و ئەو خەڵکە دەکوژرێ بۆ؟ لە سەرچی؟ بۆچی؟ لە پاش ئەوەی ئێمە سبەینێ ڕای گرین یان ئەمشەو هەندێکی کە نەکوژرێ شەڕەکە تەشەنە نەکا لە شەقڵاوە بۆ قەڵادزێ بۆ پێنجوین وهەڵەبجە، لەوێ بۆ بالیسان وناوچەیی باڵەکایەتی ولەم لاوە بۆ نازانم کوێ؟ ئیتر هەر ڕۆژە لە شوێنێک ئەوەش بارەکە ئاڵۆزتر دەکات و وای لێ دەکات چارەسەری ئەو بابەتانە شتە گەورەکانمان لە بیر بەرێتەوە، بۆیە لایەنگیری ئەوەم هەر ئێستا «ألآن، ألآن ولیس غداً» هەر ئێستا دەبێ ئەمر دەرچێ وشەڕ ڕابگیردرێ وبێ شەرت وقڕە وبڕە، بەڵام دوای ئێمە چۆن ئەو شتە دەکەین؟ من دەمەوێ بڵێم ئەوەیە کە کارەکە من وکاک مەسعوود ومەکتەبی سیاسیەکان وسەرۆکی پەرلەمان وسەرۆکی حکومەت بەڕاستی قسەی لێ بکەین وجا لەگەڵ ئێوەش دا قسەی لێ بکەین، ئەوە لەوانەیە هەر کەسە بیرو باوەڕی هەبێت من لەگەڵ ئەوەش نیم یەکێ لە برادەران گوتی کە ئێستا ئێمە نەڵێین خەتای کێیە، چونکە من لایەنگیری ئەوەم قەینا ئێستا نەڵێین بەڵام بەڕاستی دووشت دەبێ بکەین تەحریم وتەجریمی هەموو موخالەفاتی بڕیارەکانی پەرلەمان بکەین، ناکرێ ئێمە لێرە بڕیار بدەین ودوای نیوەڕۆ شەڕ بکەین ناکرێ نەزانین خەتای کێیە؟ چونکە ئەو شەڕانە شەڕە پەرۆنیە شەڕێکە دەیان کەسی تێدا کوژراوە سەدانی تێدا بریندار کراوە دەیان خەڵکی تێدا سووتاوە، مومتەلەکاتی سووتاوە، ئەوە لە ئەستۆی کێیە؟ لەئەستۆی من؟ نەخێر لە ئەستۆی من نییە، کاک مەسعوودیش دەفەرموێ لە ئەستۆی ئەودا نییە ئەی لە ئەستۆی کێیە؟ دەوەرن با بچین، بەڕای من ئەوە پێشنیار دەکەم کۆمیتەیەک هەبێ بەسەرۆکایەتی سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی ئەو کۆمیتەیە بێ، سەرۆکی هەردوو وەفدەکەی تێدا بێت کە چوون بۆ ئەم لێکۆڵینەوانە کاک عەدنان وکاک حازم نوێنەرێکی ئاشووری یەکان ونوێنەرێکی

زەحمەتکێشانی تێدا بێ ئەم کۆمیتە لێکۆڵینەوە بکات لە (١٥)ی مانگەوە تا ئیمڕۆ ئەم مەسەلانە کێ خەتایەتی؟ واتە هیچ نەبێ ئەوەندە مودەتە تەجریم بکەین، ئەگینا چۆن یەکێ بێ وشەڕێکمان بۆ هەڵگیرسێنێ دەیان کەسی تێدا بکوژرێ ولە پاش ئەوە وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچێ وبلێین وەڵڵا قەیناکە دانیشین «عفا الله عما سلف» هەموو کەسێ هان ئەدرێ سبەینێ بیکاتەوە لە سەر بچووکترین شت بۆ نزیکترین ئارەزوو، بەڕاستی لازمە ئەوە بکەین ئەگەر خەتای ئێمەیە بلێین من بەش بە حاڵی خۆم ئەگەر خەتام بوو وەعدی شەرەفتان دەدەمێ ئیستیقاله دەدەم دەچمە ماڵی خۆم، هەر چەندە ماڵم نییە، دەچمە دەرەوە ئەگەر کاک مەسعوودیش خەتای بوو خۆی جوابتان بداتەوە، بەڵام تا ئێمە ئەگەر خەڵکەکەش خەتایەکی بەناوی ئێمەوە دەکات با ئەوانیش بانگ بکرێن بابزانین چییە ئەو مەسەلانە؟ بۆ وای لێ دێ؟ ئەگەر لایەنی تریش هەیە با ئەویش مەعلوم بێ بۆمان، من داوای دانانی قەنارە ناکەم بۆ کەس، بەڵام ئەڵێم هیچ نەبێ تەحدیدی مەسەلەکە بکرێ خەڵک بترسێ لەوەی جارێکی تر دووبارەی کاتەوە، خەڵک بترسێ کە پەرلەمان ئیدانەی ئەو ئیشە دەکا ئەو موخالەفاتە دەکا و ئێستا ئەوە ئەو دەستووره جێبەجێ بکەن ئێستا با کاک مەسعوود وبەندەی موخلیستان بریارێک دەرکەن بلێین سەعات ئەوەندە کە دەینووسین سەعاتێکییان بۆ دادەنێێ بلێین پاش سەعاتێکی کە لە هەر شوێنێک لە هەر بنکەیەکی شەڕ ڕانەوەستاوەو هەر کەسێک شەڕدەکا ئەوە تاوانبارە، ئێمە سزای ئەدەین وبێگومان سزای دەدەین ئەگەر سزامان نەدا هەقتانە هەرکەسە لەلایەک ئەو بریارە جێبەجێ دەکات کە خۆی دەیەوێ، خۆشتان دەزانن میللەتی خۆمان باش دەناسین من داوا دەکەم (لە پەرلەمانیش ئەو بریارە دەرچێ) نەک هەر تەحریم تەجریمیش بکات واتە تەحریمە، ئینجا جەریمەشە ئەو شتانە بکات بەبریار حکومەت جێبەجێی بکات من دەمەوێ پێتان بلێم بەڕاستی من زۆر خۆشحاڵم بەو پەرلەمانەی ئەمڕۆ دەیبینم ئەوە پەرلەمانە، من داوا دەکەم دوای ئەوەش هەموو ئەو کەسانە سزا دەدەین کە لاساری دەکەن چ یەکێتی چ پارتی چ بزووتنەوە بوو، ئەوە بکرێ بە بریار خەڵک بزانێ ئەوە ناکات، ئینجا ئەوەی کە گوتیشمان ئاسایی کردنەوە، ئەمە بابەتەکە بە خۆتان بریارتان لەسەر داوە بەرنامەکە زۆر شتێکی باشە من پێشنیارێکم بۆ جەنابی کاک مەسعوود کردبوو لەکاتێ بارەکەی قەڵادزێ موافەقەتی کردبوو دووبارەی دەکەمەوە ئێستا هەندێ لە خاڵەکانی ئەوەیە بەڕای من کەوا هەموو شاروشاروچکەکانی چۆڵ بکرێ لە هێزی پێشمەرگە، هێزی پێشمەرگە لە هیچ شارۆچکەیەک نەمێنێ، جێگایان بۆ دابنرێ بچنە دەرەوە، ماوەیەکی کەمیشیان بۆ دابنێن هاوینە هیچ بیانوو نییە بلێین خانوو دەکەین زستانە کەپر بکەن پاش ئەوە ئیداراتی حکومەت بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنانە، دەزانن بۆ قەڵادزێ وام پێشنیار کرد بوو ناوەوەی قەڵادزێ هێزی یەکێتی لێ یە، هێزی یەکێتی با قەڵادزێ چۆڵ بکات، قائیمقام بگەڕێتەوە، قائیمقام پارتی یە معاونی پۆلیس بگەڕێتەوە، هێزێک دابندرێ بۆ بەرەی کوردستانی بیداتێ هێزی پارتی وهێزی یەکێتی هەریەکە جێگایەکیان بۆ دابندرێ دوور لە یەک بۆ ئەوەی تۆپیشیان نەگاتە یەک، ئەوە بکرێ بەدەستوور بۆ

هەمـوو شـوێنێک هەر لە هەڵەبجـەوە هەتا زاخـۆ، ئینجا دوایی دەست بکەین بەجـێبـەجێ کـردنی بریارەکانی تر. کاک مەسعوود کاتی خۆی فەرمووی وابکەین ئێستاش شتێکمان گوت، ئێستاش موافقین بەرای من پەرلەمان بریاری تەحریم وتەجریمی شەری ناوخۆ دەربکات لە هەر شوێنێک شەر بوو پەرلەمـان بچێ وبڵێ ئێـمە داوا دەکەین شـەر بـوەسـتێ وبریارمـان هەیە ئەگـەر نا ، ئەو کـەسەی شـەر دەکـات لە تەلەفـزیۆن ورادیۆ ئاشکرا بکرێ، ئینجـا کاک مـەسـعـوود وبەندەی مـوخلیـسـتـان وسەرۆکی پەرلەمان وحکومەت دادەنیشین بۆ ئەوەی لەسەر خاڵەکانی تر قسە بکەین چ دەڵێن لە ماڵدا دادەنیـشین یان لێرە هەر یەکە ژوورێکمـان بـدەنێ بۆ ئەوەی ئەم شتـانە جێبەجێ بکرێ، لە کۆتایشـدا سوپاسـتـان دەکەم بۆ هەمـوو بیروراکـان، چونکە من باوەرم بەبیروڕای جیاواز هەیە زۆر پێم خۆشە ئەو پەرلەمانە هەبێت کە یەکێک لە ئەندامانی وەفدی پەرلەمـانی بریتـانیا کەهاتبوونە ئێـرە گـوتی لە کـۆنتـرین پەرلەمـانەوە بۆ تـازەترین پەرلەمـان هاتووم دەتوانین بلـێـین نموونـەیەک لە دیموکـراسی تێـدایە وخـوا هەمـوولایەکـتـان مـووەفـەق بـکات وئاشـتی وبرایەتی بۆ سـەرخـسـتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان وپەرلەمانی بەر قەرار بن وزۆر سوپاس.

**بـەرێز کـــاک مــــەســـعـــــوود بـارزانی:**

**بـەرێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەرێزان پێشـەکی بەخێرهاتنی میـوانەکان دەکەین، بەراستی وای لێ هاتووە قسـەکردنیش زەحمەت بێ، لە رۆژی ٨/١٥ وابزانم رۆژی ئەو کۆبوونەوە بـوو لەلایەن هەردوو وەفـدی پەرلەمـان کـە چوون بۆ ناوچەی پشدەرو نـاوچەی شارەزوور، راسـتـە لە هەمـان رۆژ کـێـشـەیەک رووی دا لـە شـەقـەلاوە بەلام هەمـووشـتـان دەزانن بەخـۆم بەجدیەت هەوڵی چارەسـەرکـردنیـشم دا، دوای ئەم رووداوەی یەک لە دوای یەک ئێمەیان راکێشا دیسان بۆ بارێکی تری خەتەر ناک بەداخەوە ئەوە سێ چوار مـانگە وای لی هاتـووە هەر کـاتێک بریار بدرێ شـەر بووەسـتێ، چارەسـەری ئەم کـێـشـەیە بکرێ، ئـەبینێ شەرێکی گەورەترو خراپتر روو دەدا، من نامەوێ دووبارەی بکەمەوە، قسەکانی برادەران دووبارە بکەمەوە، بەلام دەمـەوێ پشتگیری لەو بکەم کە شەرەکەمان پێ ناخۆشە وحەز دەکەین لەم ساتەوە بووەستێ وئەو خوێنەی کە رژاوە خوێنێکی بە قیمەتە بەراستی هەمـووی ئی ئەو کەسانەن کە باوک ودایکیـــان هەنـە خـاوەن ژن ومنالـن ئەمــە هەمـــووی مـەســئـوولیــەتێکی ویـژدانی و ئەخـلاقی ومەسئوولیەتێکی کەم نییە من پێم وایە ئەو کۆبوونەوەیە دوا کۆبوونەوەبێ یا بەراستی چارەسەر بکرێ یان ئیتر بەرپینەگیانی یەکتر تا یەکتر تەواو دەکەین، لایەک بروا جارێکی تر رووی ئەوەمان نییە هەر ئەو قسە خۆشانە بکەین و ئەنجامەکەشی ئاوابێ، هەموومان دەزانین شەری خۆ کوژی یەو وشەرێکی خراپە دەبا بیوەستێنین، ئاسایی کردنەوە دەست پێ بکرێ وبەڵێنیان دەدەمێ ئەوەی لە دەسەلاتم دابێ پێم بکرێ بیکەم بۆ ئەوەی شەرەکە بووەستێ، ئاسایی کردنەوەکە ببێت، بەلام ئەگەر لەمەودوا بەراستی چارەسەری ئەم بارە نەکرێ وای لێ دێ ئیتر جارێکی تر کۆنترۆلیش نەکرێ، جا ئێستا چۆنتان پێ خۆشە فەرموون ئەوە لە خزمەتتان دام شەرەکە رائەگرین چۆن پاشان دائەنیشین

لێرە دەتانەوێ دانیشین لە شوێنێکی تر دائەنیشین دیسان ئێمە قبوولمانە ئێمە پێمان خۆشە هەرچی زووترە ئەوەشەرە ڕابگیردرێ چیتر ئەو خوێنە نەڕژێ، چونکە بەڕاستی تاوانە هیچ سەربەرزیشی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان کاک مەسعوود ومام جەلال من پێم باشە وەکو لە پێشنیارێکی خۆشم گوتم یانی مەرج نییە هەموو شتەکان ئەمڕۆ تەواو بن، بەڕێزان کاک مەسعوود ومام جەلال لە ژووری سەرۆکی پەرلەمان دانیشن ولیژنەی ئاسایی کردنەوەیش لە ژوورێکی تر بێ و ئێمە هەمووشمان لە پەرلەمان ئامادەبین لێرە دوو ڕووی زۆر گرنگ هەبووە، چونکە بارەکە ئاسای نەبووە تاکو بزانێ کێ گوناهبار وتاوانبارە لە ژێر تأسیری تۆپ ورەشاشدا ناتواندرێ بچن بڵێین کێ گوناهبارە بۆنموونە ئەمشەو لە بناری ڕەبایە دابەش بوون لەبن بەردێک تەقە دەکرێ یانی ئێمە چووینەتە ئەوێ بۆ نموونە بنکەیەک نە INC بنکەیەک ثابتی هەبووە نە لیژنەی ئاسایی کردنەوەی لەوێ هەبووە، ئەوەندەیان پێ کراوە چووین دووشەو لەوێ ماوینەتەوە بۆ ئەوەی ئێمە هەندێ شت هەیە بیستوومانە وزانیومانە ڕامان نەگەییاندووە بۆ ئەوەی موساهەمە بکەین لە ئاسایی کردنەوەی بارەکە، بارەکە ئاڵۆزتر نەکەین دەنا بێگومان ئێمە دەمانەوێ بۆ جەنابی مام جەلال و ئەو ڕۆژەش لەگەڵ جەنابی باسمان کرد هەر لایەنێک بێ یان کەسێک بێ هەرلایەک بێت، ئێمە گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کەم تەرخەمبێ ڕوو بەڕووی پێی دەڵێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا بۆ ئەوەی کۆتایی بەو هەمووشتانە بێنین بادەست بکەین بە ئیشی عەمەلی و زۆر گرنگە چەند پێشنیارێک هەیە، بیکەین بە بڕیارێک.

**بەڕێز کاک مەسعوود بارزانی:**

کاک مەلا بەختیار باسی ئەوەی کرد کە هەڵوێستێکی هاوبەش لە بزووتنەوە هەبێ، لەڕاستیدا من ئەڵێم ئێمە هەمووومان ئەبێ مل کەچی یاسا بین لە (٢٥)ی مانگی تەمووز لە پەرلەمان بڕیار دراوە ئەو بەرنامەی ڕۆژی (١٥)ی ئاب ئەگەر بزووتنەوە ئامادەیە ئیلتزام بەو بڕیارانە بکات زۆر چاکە ئەگەر ئیلتزامی پێ نەکرد بێگومان ئەو کاتە خۆی تەحەمولی مەسئولیەت دەکات بەڵام ئەگەر هەر بڕیار ئەوە بێ بەهیچ شێوەیەک هەقی ئیش کردن بە بزووتنەوە نەدرێ ئێمە لەگەڵ ئەو ڕایەدا نین، ئێمە ئەڵێین مەجالی پێ بدەین بێ ببێتە بەشێک لەکاروانی دیموکراتی، ئەگەر خۆی ڕەفزی کردو نەهات ببێ بە بەشێک لەوکاروانە خۆی ئەوکاتە تەحەمولی مەسئولیەتی خۆی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز مام جەلال تالەبانی:**

***لە کاک مەسعوود ومام جەلال.***

***بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان.***

***سلاوێکی گەرم:***

***پێویستە دەست بەجێ شەڕلە هەموو شوێنێک بووەستێت لە سەعات (١٠)ی شەوەوە واتە شەوی (٢٦ لە بۆ ٢٧)ی مانگی هەشت هەر کەسێک درێژە بەشەڕەکە بدات ئەوا بەتاوانبار وگێرە شێوێن ودوژمن بە پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستانی دەژمێردرێت وسزای توند دەدرێت داوامان وایە لە ساعەتی دیاری کراوەوە هیچ تەقەیەک نەمێنێت.***

گوتم سەعات (١٠)ە چونکە ئێستا سەعات (٨)ە تاکو دەنێردرێت ئەو ماوەی دەوێت تا تەبلیغی خەتەکان و دەستەکان دەکرێن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو بڕیارەی ئەو دوو بەڕێزەم بەس بڕیارێک دەرچێ لە پەرلەمانەوە ئەوان دەری کەن یانی بڕیارێک دەرچێ لە پەرلەمانەوە کە سەعات (١٠)ی شەو شەڕ ڕابگیردرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە بڕیارێکی پەرلەمانە هی ئێوەیە و لە سەر ئەو بڕیارەیە کە ئەوە هەردوو بەڕێز ئەم بروسکەیە ئەکەن، چونکە ئەوان ئەمر دەکەن بەڕاگرتنی شەڕ. بەڕای من با جارێ فۆتۆکۆپی بکرێتەوە.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داواکارم وشەیەک زیاد بکرێت نەک تەنها دوژمنی پەرلەمان وحکومەت وهەردوو حزبیشە. سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وانییە بۆ سەعات (١٠) بگاتە هەموو شوێنێک کە شەڕی لێیە ئێستا، ئینجا ئەگەر سەعات ١٠ش قەیناکە بکرێتە سەعات (١٢) یان نەکرا بە سەعات (١٢) پێویستە ئەم دوو برایانە لە تەماس دابن لەگەڵ یەکدا، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێکی تر هەبوو بەڕێز مام جەلال کە باسی کرد کەدەستەیەک یان کۆمیتەیەک دابندرێ لە بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمان وسەرۆکی هەردوو وەفدەکە و ئەگەر هی برادەرانی ئاشوری وزەحمەتکێشان بۆ ئەوەی پەرلەمان کە ئەرکەکە هەمووی کەوتووەتە سەری ومهمەکەی گرتۆتە دەست باچاودێرییەکەش وموتابەعەکەش هەر پەرلەمان خۆی بیکات، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس کـاک دوکـتـۆر، سبـەی دانیـشـتنمـان ئەبێت لەڕاسـتـیـدا با لەوێ ئەمـە باس بکرێ و پێشنیـارەکە وەکو بنەما باسمـان کرد، بەڵام لێرە لەڕاسـتیـدا دەوری حکومـەت هەیە لە بابەتەکەو، نابێ ئەنجوومەنی وەزیران لە بیرکـەین لە ئیشی جێبەجێ کردن لە زۆر ئیش وکـاری تریشـدا، ئەو پڕۆژەی کەلە حکومەتەوە دێت لەوانەیە تۆزێ فـراوانتری بکـەین ئەگـەر مۆڵەت بدەن با ئەم خـاڵە بۆ دانیشتنی سبەی بهێڵینەوە کە ئەم پێشنیارەکە بوو بەبڕیارێک لەوێ بەدرێژیی باسی بکەین ئەو کاتە مەحکەمتر دەبێ، با بهێڵینەوە تاکو سبەی وەکی دی ئەو سێ خاڵە بوو بە بڕیارێک و لیژنەی یاسایی دای ڕشتوەو ئەیکەین بە بڕیارێک، دانیـشـتنی نائاسایی ئەمڕۆمـان لێرەدا تەواو دەبێت، زۆر سوپاسـتـان دەکەین، سبـەی سەعـات ١١ دانیـشـتنەکـەمـان دەکەین دانیـشـتنی ئەمـڕۆمـان بەم شێوەیە تەواو دەبێت.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٤)ی نائاسایی

## شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٨/٢٧

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٤)ی نائاسایی

## شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٨/٢٧

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٨/٢٧ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٤)ی نائاسایی،ساڵی (١٩٩٤)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***ئامادەبوونی بەڕێزان کاک مەسعود ومام جەلال لەپەرلەمان وگفتوگۆ کردن لەسەر ڕاوەستاندنی شەڕو پێکدادان لەهەرێمی کوردستان.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان:

کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات. وەکو ئاگادارن ئەم کۆبوونەوە نائاساییە تەرخان کراوە بۆ بەردەوام بوون لەسەر مەسەلەی ڕاگرتنی شەڕو پێکدادان و، هەردوو بەڕێزان کاک مەسعود و مام جەلال لەپەرلەمانن. وەکو پێش ئێستاش تەئکید کراوە کە ئەم زنجیرە کۆبوونەوانە بەئامادەبوونی هەردوو بەڕێزان تەرخان کراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخەی کەتێدا دەژین، ئەویش لەسەر بنچینەی ئەو بڕیارانەی کە لەپەرلەمانی کوردستان و هەڵوێستی ١٩٩٤/٧/٢٥ بەرامبەر ڕووداوەکان وەرگیراون، هەروەها لەسەر بنەماکانی یادداشتنامەکەی ڕۆژی ٨/١٥ و یادداشتنامەی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕۆژی٩٩٤/٨/٢٥ بڕیاریان لەسەر دراوە. وەکو ئاگادارن لەکۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمان هەردوو بەڕێزان لێرە بڕیاریان دا کەبەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ شەڕ لەهەموو تەوەرەکان ڕابگیرێ و، بەردەوام بین لەسەر ئەم دانیشتنانەی پەرلەمان بۆ چارەسەرکردنی بارەکە و دانانی بەرنامەی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستان، دوێنێ دوو کۆبوونەوە کراوە، یەکێکیان لەنێوان پەرلەمان و بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعود و، ئەوی تریشیان لەنێوان هەردوو مەکتەبی سیاسی بە ئامادەبوونی هەردوو بەڕێزان و بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئێمەش لەم کۆبوونەوەیەدا بەشدار بووین و خۆشبەختانە گەیشتین

بەکۆمەڵێک بڕیاری گرنگ کە ناوەڕۆکەکەی لەو هەڵوێست و یادداشتنامەیەی هەر دوو ئەنجوومەن خۆی دەنوێنێ. هەر دوێنێش بروسەکەیەک کرا بۆ گشت هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەن هەردوو بەڕێزانەوە و ئەمەش دەقەکەیەتی، هەرچەندە بڵاویش کرایەوە، هەر بۆ تەئکید دەیخینەڕوو.

{لەکاک مەسعود و مام جەلالەوە،

بۆگشت هێزی پێشمەرگەی کوردستان:

سلاوێکی گەرم:

«دەست بەجێ پێویستە شەڕ بوەستێت، درێژەدان بەشەڕ دژایەتی کردنی بڕیارەکانی پەرلەمان و پارتی و یەکێتی یە، خوێن ڕشتن تاوانێکی گەورەیە دەبێ دەست بەجێ بوەستێنرێت و، بەیانی پەرلەمانیش دەکەوێتە کار بۆ چا ودێری جێبەجێ کردنی بڕیارەکە و پاشانیش لیژنەی بەرزی ئاسایی کردنەوەی دەکەوێتە کار بۆ ئاسایی کردنەوەی سەرتاسەری و یەکجاری».

ئێستا بار زۆر زۆر ئارامترە لەڕۆژی٥/٨، بەڵام هێشتاکە جێگای مەترسی یە، ناوەڕۆکی کۆبوونەوەی دوێنی، هەردوو کۆبوونەوە کە بۆ هەردوو بەڕێزان بەجێ دەهێڵێن، لەسەر ئەو بنچینەیەش ئەم دانیشتنە نائاسایی یە تەرخان کراوە. شتێکی دیکەش هەیە من دەیڵێم، لەڕاستی دا ئێستاکە پێش ئەوەی بێینە ژووری جەنابی مام جەلال تەئکیدی لەسەر بابەتێک کردەوە کە ئەویش دۆستەکانمان لە ئەمریکا بەناوی حکومەتی ئەمریکاوە ئینزارێکی ئێرەیان کردووە، من ناوەڕۆکی ئەم ئینزارە دەهێڵمەوە بۆ هەردووکیان بۆ ئەوەی باسی بکەن ، چونکە وەکو هەموو جار تەئکید دەکەین، بار زۆر زۆر ترسناکە، گەر شەڕ بنبڕ نەکرێ و چارەسەرنەکرێت بەتەواوی. ئەوا دۆستەکانیشمان بەجیددی و بەڕاشکاوی داوامان لێ دەکەن کە بارودۆخ ئاسایی بکەینەوە و، بەش بەحاڵی خۆم جارێکی تریش زۆر زۆر بەخێرهاتنی هەردوو بەڕێزان دەکەم و هیوادارم ئەوەی کە لەکۆبوونەوەی دوێنێ باسی کراو شتی دیکەش هەیە ئێوەی بەڕێز باسی لێوە بکەن و لەڕێگای ئێوەوە بگاتە هەموو خەڵکی کوردستان بە ئومێدی ئەوەی کە ئەم کارەساتە بنبڕ بکرێ و بارودۆخی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ دۆخی جارانی و دڵی گەلەکەمان و دڵی دۆستەکانیشمان خۆش بکەین و دوژمنانیشمان نائومێد بکەین. جارێکی تریش بەخێربێن سەرچاو.

**بەڕێز کـــــاک مــــســــعــــوود بارزانــــــی:**

بسم الله الرحمن الرحیم.

بەڕێزان: دوێنێ لەکـۆبوونەوەیەکی دووقـۆڵـی من و برای بەڕێز مـام جـەلال لەپەرلەمـان، هەروەها پاشـان لەگەڵ هەردوو مـەکـتـەبی سیاسی کۆبووینەوە و، ئێمە لەو کۆبوونەوە دوو قۆڵی یە باسی ئەو بارەمان کرد زۆر بەڕاشکاوی و زۆر بەگیانی هەست بەلێپرسینەوە کردن، بەڵکو ئێمە وەکو دوو کەس زۆر گرانە پاش سەرکەوتنێکی وا گەورە و دەست کەوتنێکی وا گەورە ئێمە بەرەو هەڵدێر بچین و لەدەستی بدەین و هەموو تاوانەکەش بخرێتە سەرشانی ئێمە، کەچی هەموو تەمەنمان لەوە خەرج کرد بۆ ئەوەی ڕۆژێک ببینین کوردستان بەختەوەرەو ئازاد بێ، لەبەر ئەوە زۆر زۆر مسارەحەی یەکترمان کردو گەیشتینە ئەو قەناعەتە، کە یان دەبێ خۆمان و هەردوو حزبەکە و میللەتەکەش بسووتێنین، یان دەبی سنورێکی کۆتایی بۆ ئەم خوێن ڕشتنە و بۆ ئەم کارەساتە دابنێین. بڕیاری ئێمە ئەوەبوو کەبەهەموو هێزو توانایەک دەبێ بکەوینە مەیدان بۆ ئەوەی ئەم کارەساتە بن بڕ بکرێ و چارەسەری بکەین و بگەڕێینەوە بۆ گیانی تەبایی و هاوکاری کردن و برایەتی و، سبەینێش هەردوو مەکتەبی سیاسی کۆ دەبنەوەو ئەمڕۆش پێمان خۆشە کە لەبەردەم پەرلەمان عەرزتان بکەین کەدوێنێ چ بڕیار دراوە وەکو بەرنامەی ئیش کردن بەپشتیوانی پەرلەمان و هەموو خێرخوازانی گەلەکەمان. ئەوەی کە دوێنێ باسمان لێ کرد پێویستە سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت بکەونە لیژنەی بەرزی ئاسایی کردنەوە ونوێنەری بزووتنەوەشی بێتە ناو بۆ ئەوەی ڕایان کێشنەوە وەکو باسمان کرد و بەرێککەوتنی مام جەلال و منیش کەبێن ببینە بەشێک لەکاروانی دیموکراتی و ئێمە ئەو مەجالە بەوان دەدەین وەک هێزێکی کوردستان ئەگەر خۆیان نەهاتن یا ڕێگەیەکی تریان هەڵبژارد ئەمە ئیتر مەسئوولیەتەکە ئەکەوێتە سەر خۆیان بەرامبەر بەخوداو بەرامبەر بەمیللەتی کوردیش. دەست بەجێ پەرلەمان لەگەڵ لیژنەی ئاسایی کردنەوەی بەرز و (I.N.C) و بەرەی کوردستانی لیژنەی فەرعی دروست بکەن و هەر ئەمڕۆ ئەگەر بکرێ بۆ ئەو شوێنانەی پێویستە بچن و دەست بەجێ لەهەر کوێیەک تەقە هەبێ شەڕ هەبێ دەبێ بوەستێ، هەروەها ڕێنمایی زۆر زۆر ڕوون و ئاشکرا لەهەردووکمان دەرچێ، نامەیان دەدەینێ ئەگەر پێویست بوو، باوەڕبکەن لەهەر شوێنێک خۆشمان مەیدانیەن دەچین. لەهەر کوێ ئەوەی سەرپێچی کرد لیژنەی پەرلەمانی و لیژنەی ئاسایی کردنەوە بچن دەست نیشانی

بکەن، چونکە پێمان خۆشە بزانین موسەبیب کێ یە لەپارتی و لەیەکێتی یان لە هەردوو لا با دیاری بکرێ، بۆ ئەوەی ئیجرائاتی لەگەڵ دا بکرێ، میللەتی کوردیش بزانێ کە ئەم کەسە ئەگەر ڕێکخستنەکەی پشتی گرت مانای وایە دەبێ سنورێک بۆ ئەمە دابنێ، چونکە ئیحتمالی ئەوە هەیە زۆر کەس خروقات بکەن بەڵام دەبێ زۆر بەتوندی بەرامبەر بەم خروقاتە بوەستین و ئەو کاتەش لیژنەی ئاسایی کردنەوەی بەرز ئەوە بکات کەحکومەت بگەڕێتەوە بۆ ئەم شوێنانە، پاشان بارەگاکانی حزبەکان بگەڕێنەوە، واتە ئاسایی کردنەوەیەکی شامل و گشتی سەرتاسەری بەبێ جیاوازی شارەکان چۆڵ بکرێن لەچەک بەتەواوەتی هەرهەمووشارەکان. ئەم لیژنەیە چەند شوێنێک دەست نیشان بکات بۆ شوێنی ئەو هێزانەی کە هی پارتیە یان هی یەکێتی یە تاکو چارەسەریەکی بارەکە دەکرێ، هەروەها زۆر بە جیددیەت وبەدیقعەت بریارەکانی پەرلەمانیش جێبەجێ بکرێ، ئەوەی ٧/٢٥ ئەوەی ٨/١٥ ویادداشتی حکومەت لە ٨/٢٥ دا ئەمە دوو ڕۆژە دەبینین پەرلەمان و حکومەت زۆر تەبانە، سوپاس.

**بەڕێز مام جەلال تالەبانی:**

خاڵێکی دیکە هەیە دەبێ بەڕاستی پەرلەمان وحکومەت دەورێکی گرنگ لەئیشەکەدا ببینن، نا مانەوێ پێک هاتنەکەی ئێمە دەوری پەرلەمان و حکومەت هەڵبوەشێنێتەوە بەپێچەوانەوە دەمانەوێ زیادی بکات. پەرلەمان خۆی دەستەیەکی سەربەست دابنێ لەسەر جێبەجێ کردنی ئەوە. بەشداری بکات لەلیژنەکان کەدەچن بۆ ئاسایی کردنەوە و لیژنە پەرلەمانیەکان بکەونە گەڕ بۆ قوڵەکان. بەجیددی وەکو سوڵتە بریار بدەن، لەهەر جێیەک ویستیان هەروەک کاک مەسعوود فەرمووی ئامادە بین، هەردووکمان بچین لەگەڵیان لەوێ ئەمرەکان جێبەجێ بکەین یان بۆ داماڵینی چەک لەشارەکان ئێمە ئامادەین هێزی تایبەتی کاک مەسعوود و هێزی تایبەتی من بچن و ئەو ئیشانە بکەن، بۆ ئەوەی چەکدار لەشارەکان نەمێنن بەهیچ شێوەیەک، تاکو دوای ئەوە حکومەت بتوانێ بریارەکانی خۆی جێبەجێ بکات. شتێکی ترم نییە بیخەمە سەر تەنیا ئەوە نەبێ کە تکا بکەم حکومەت و پەرلەمان بەتایبەتی پەرلەمان زۆر بەجیددی دەوری خۆی ببینێ و سارد نەبێتەوە بەتەمای ئەوەش لێ نەگرێ دەوام بکات. لەبەر مەسەلەکەی کە کاک جوهریش فەرمووی سەرۆکی پەرلەمانی بەڕێز وامن بۆتان باس دەکەم:

دوێنی ئێـوارێ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بانگی نوێنەرانی پارتی و یەکێتی کردووە، ئەو پەیامەی پێ ڕاگەیاندوون. یەکەم: ئەو پەیامە هی حکومەتی ئەمریکایە وهی یەک دەزگا نییـە، هی هەمـوو دەزگـاکـانەو دەڵێ : ئێـمە زۆر نیگەرانین، شەڕو پێکداادان دەسـتی پێ کردۆتەوە بەتوندی مەحکومی دەکەین و ناڕەزایی خۆمان دەردەبڕین لەم بارەیەوە وشەیەکی قورسیان بەکار هێناوە کەناڕەزایی یە و زۆر ناڕازین. دووەم : دەڵێن دەبێ دەست بەجێ شەڕ بووەسـتـێنن و ، کۆتایی بەم حـاڵەتە بهـێنرێ، چونکە بەشـداربووەکـانی ڕاسـتـەوخـۆ یان ناڕاسـتـەوخـۆ لەم شـەڕەدا بەرپرسیـارن و لەو زەرەرو زیانەی کـەبە میللەتەکەی دەگەیەنن، بانگەوازێک بۆ سەرکردایەتی کورد ئەوەیە کە هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆی بدات بۆ کۆتایی هێنان بەم شەڕە، چونکە دەڵێ لەو بارە بەرنامەی یارمەتی مرۆڤایەتی کەقازانج بەمیللەتی کورد دەگەیەنێ کەوتۆتە خەتەرێکی جیددی یەوە و، لەخەتەری جیددی دایە، ئەوەو بەردەوام بوونی نا ئەمنیـەت لەناوچەکەدا دەبێـتـە هـۆی کـۆتایی هێنان بەخێـرایی(شۆرت تابیـمـان) بەکـارهێناوە، لەدوا بەرنامـەی فـریاگـوزاری و ئەوانە هەمـوویان ئیـحـتـمـالی کـشـانەوەی ڕێکخـراوەکـانی وکـارمـەندانی بەرنامـەی فـریاگـوزاری هەیە، دەڵێ شـەڕەکـە بۆتە مـایەی دەربەدەر کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کورد، هەموو جارێ ئەو ڕێکخراوانە پارە سەرف دەکەن، دەبێت جارێکی تر پارەی لێ سەرف بکاتەوە، ئەو هێزو توانایەی کە هەتانە و ئەو چەکەی هەتانە دەبوایە لە شوێنێکی تر بەکاری بێنن، لەجیاتی ئەوەی لەدژی یەکتری بەکار بێنن و ئەوە جگە لەوە دەبێـتـە هۆی لە دەست دانی گیـانی گەلێک خەڵک دەڵێ ئەمەزیانێکی زۆر بەهاوکاریی هاوپەیمانانیش دەگەیەنێ و، بوونەتە هۆی ئەوەی کە پرسیارێک بەجیددی پەیدا ببێ دەربارەی دەوری ئەمـریکا لەو مـەسـەلەیە، ئەمریکا کـەوتۆتە ژێر پرسـیـارەوە بیکات نەیکات؟! خۆتان واتان لێ کردووە بکەوێتە ئەم هینەوە دەڵێ ئەمە زیانێکی ڕاستەوخۆ بە هەردوو لامان دەگەینێ هەوڵ و تەقەلای هاوبەشمان لەپێناوی مەسەلەکەتان دا هیچ شتێک لە دنیـادا لەمەزیاتر ببێـتـە هۆی پتر لاوازکـردنی، مـەسـەلەکە لاوزابووە، بەڵام ئەوە پتریش لاوازی دەکات و ئەمە پەیامی بەرزترین پلەو پایەی حکومەتی ئەمریکایە.

من تەبیـعی پێم گـوت: ئەو کـۆبوونەوانەی دوێنێ کـراون ئەو ڕێککەوتـنامـەی برای بەڕێزم کاک مەسعوود و بەندەی موخلستان چالاکیی مەکتەبە سیاسی یەکانە، گوتیان ئاگامان لەوە هەیە یەکەم هەنگاو بووە، بەڵام ئەوە بەس نییـە، دەمانەوێ دەست بەجێ شەڕەکە بوەستێ و

شوێنەواری نەمێنێ و تێ بگەن کە ئەوە چەند خەتەرە لەسەرتان، جائەگەر بەتەمای خۆکوشتنن ئەوە کەیفی خۆتانە؟ دەبێ ئەوە هەنگاوی جیددی بۆ بنێن بۆ ئەوەی ئەم شتە بوەستێ. من پێم وایە ئەمە (انشاء الله) هەنگاوی جیددی بۆ دەهاوێشترێ، هەندێ بچووکە شەڕ هەیە لەم لاو لا دەبێ زوو بەزوو دوایی پێ بێ وەکو کاک مەسعوود فەرمووی وەفدەکان بچن لەوێ بن بۆ ئەوەی یەکەم: بارەکەمان پێ بڵێن هۆکارەکانی بۆ دیاری بکەن تا سزایان بدەین وسزاییێکی توند بدرێن. ئێمە ئەوە قبووڵ ناکەین بێن شەڕ هەڵگیرسێنن و دوایی بۆی دەرچن وەک بەرزەکی بانان، دەبێ ئەمە پەرلەمان بیکات بەزووترین کات لەو سێ تەوەرە شەڕە کە هەیە ، تەوەری سەید سادق ـ هەڵەبجە، قەڵادزێ و تەوەری لە هەریرەوە بۆ لای چۆمان. وەفدەکان بچن. تکامان وایە وەفدی پەرلەمانیش بچن ئەنجامەکەمان بەبرووسکە بدەنێ و منیش و کاک مەسعوودیش لەخزمەتتان داین، وەکو کاک مەسعوود فەرمووی مەسەلەکان دەخرێنە ئەستۆی ئێمە، هەتا نزیکترین هەڤاڵی خۆمان پێمان دەڵێن بەرپرسیاریی ئیشەکان لەئەستۆی ئێوەدایە ئیتر ئێمەش بەرپرسییەکە ممارەسە دەکەین بەڕاستی بۆ پەک خستنی شەڕی برا کوژە، و خۆکوژە، بۆ گەڕانەوەی ئاشتی و برایەتی، هیوادارین باری نێوانی یەکێتی و پارتی بگەڕێتەوە دۆخی جارانی وگەلێک باشتریش بۆ پێشەوە بچن چونکە هەردووکمان گرنگی ئەوە دەزانین و زیانەکەش دەزانین و بەدیلەکەشی دەزانین کە چ کارەساتێکە بۆ میللەتەکەمان و هەروەها جێبەجێ کردنەکەشی قازانجی گەورەی تێدایە، ئەو کوردستانە پان وبەرینە کۆمەڵگەیەکی زۆرە جێی هەموو حزبەکانی تێدا دەبێتەوە، جێی پارتی و جێی یەکێتی تێدا دەبێتەوە وەجێی حزبەکانی تری تێدا دەبێتەوە و بە شەڕ بۆمان دەرکەوتووە کەهەموومان لاواز دەبین وکەس بەهێز نابێ، جا هەرکەس دەیەوێ خۆی بەهێز بکات، بارێگای ئاشتی و برایەتی بگرێ وإنشاءالله بەهیمەتی ئێوەش ومیللەتەکەمان و هەموو هێزە خێرخوازەکانی کوردستانی عێراق وبەشەکانی دیکەی کوردستان ببنە هۆی ئەوەی کە ئێمە ئەو بەرنامەیەی دوێنێ لەسەری پێکهاتین و ئەوەی ئێستا بەئێوەمان ڕاگەیاندووە سبەینێ إنشاء الله هەردوو مەکتەبی سیاسی بۆ چەسپاندنی و قبووڵ کردنەوەی کۆ دەبینەوە و جێبەجێ دەکرێ، من جارێکی کە لەجەنابی سەرۆکی پەرلەمان و هەموو ئەندامانی پەرلەمان تکا دەکەم کەسارد نەبنەوە لەچالاکیەکانیان و هەوڵ و تەقەلاکانیان زیاتر بکەن، بەڵکو بەتەوژمتر و بەگەرمتر و چالاکانە تر لەسەر ئەو کارەی

ئەو چەند هەفتەی دوایی کردوویانە بڕۆن، بۆ ئەوەی هەم لە سەرێکەوە ببن بەچاودێری جێبەجێ کردن و هەم ببنە حەکەمی و هەم ببنە هاندەریش بۆ ئەوەی کارەکان بەرەوە پێشەوە بڕۆن جاهیوامان وایە کە انشاء الله ئەم جارە کارەکانمان بەیەکجاری بەرەو چاکە دەچێ و ئەو بارە نالەبارە بن بڕ بکرێ ئنجا سەرمان لەبەرامبەر ئێوەو میللەتەکەمان و دۆستەکانمان بەرز بێت ... ئیتر سوپاس...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری هەردوو بەڕێزان ئەوەیە کەموناقەشات دووپات نەبێتەوە، چونکە دانیشتنی پێش ئێستاکە زۆر شت گوتراوە و ناوەڕۆکی قسەی بەڕێزان کە ئێستا کردیان و کۆبوونەوەکەی دوێنێ هەموویان لەسەر ئەو بەرنامەیە بووکە لە یادداشتنامەکەی رۆژی ١٩٩٤/٨/١٥ وبڕیارەکانی ٧/٢٥ ویادداشتنامەی حکومەتی کوردستانی هەیە، کە ئێستا هاتووە. ئێستا ئەوەی پێویستمانە لیژنەکان دەست بەکار بن بۆ ئەوەی ئەو بارە ئارام بکەینەوەو بارەکە بگەڕێتەوە بۆ دۆخی جارانی. ئەوەی ئێستاکە پێویستە ئەمەیە. جاتکایە ئەگەر قسەش دەکرێ زۆر بەکورتی بکرێ، چونکە تاقسە کەمتر بێ کارمان زۆر تر دەبێ. ئێستا جێبەجێ کردنی بڕیارو بۆ چوونەکان گرنگە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا جێی شانازی یە بۆ پەرلەمانی کوردستان کە ئەو ئەرکە پیرۆزەی پێ دەسپێردرێ و ، بەتەئکیدیش قسووری ناکەین، بەس من یەک تێبینیم هەیە بەنسبەت ئەو لیژنانەی کەدانراون لەئەندامان پەرلەمان بەڕای من ئەگەر لەلیژنەکان دابن ئەوان بتوانن ئیشەکان بکەن شتێکی هەندێ عەمەلی نییە، من پێشنیارەکەم بەم شێوەیە، ئەگەر لیژنەکانی ئاسایی کردنەوە لەپارێزگاکان هەبن و ئەندامانی پەرلەمانیش وەکو بەشداربوو و چاودێر بەشدار بن تێیدا بەڕای من ئەوەم پێ باشترە، چونکە ماوەی جولانەوەیان زیاتر دەبێ و لەهەمان کاتیش چونکە ئەو لیژنەی ئاسایی کردنەوانەش تەواجودیان بەردەوامە لەناوچەکە، ئەو برادەرانەی ئەندامانی پەرلەمان کەسەرپەرشتی ئەو لیژنانە دەکەن، دەتوانن ئینتیباعێک لەوان وەربگرن بۆ ئەوەی هەنگاوی خۆیان بهاوێن، من هەر ئەوەندەم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جەلال تالەبانی:**

کاک عەدنان ئێمە لەسەر ئەوە ناکۆک نین، بەڵام ئێمە پێشنیارەکەمان ئەوەیە، یەکەم شت دەبێ شەڕەکە رابگیرێ دوای شەڕەکە ئاسایی کردنەوە دەست پێ دەکات. لیژنەی پەرلەمان بۆ ڕاگرتنی

شەڕەکەیە، دوای ئەوە لیژنەکانی ئاسایی کردنەوە بڕیارەکە جێبەجێ دەکەن و، لیژنەی ئاسایی کردنەوەی مەرکەزی هەیە، هی پارێزگا هەیە و هی قەزاکانیش هەیە، بەڵام ئێستا ئەمڕۆکە بۆ ئەوەیە کە ئەو لیژنەکانی ئاسایی کردنەوە لەهەر جێگەیەک شەڕ هەیە رای بگرێ و وەکێ خەتابارە دیاریکرێت و بەکاک مەسعودیش و بەمن بڵێ تاسزایان بدەین، دوای ئەوەش لیژنەی ئاسایی کردنەوە دەست پێ دەکات، باشە لەژێر چاودێری پەرلەمان بێ ئەوە ماقووڵە، بەڵام ئەوەی ئێستا دەمانەوێ دەست بەجێ بچن بۆ شوێنەکان وشەڕەکان رابگرن، دوای ئەوە لیژنەی ئاسایی کردنەوە دەست پێ دەکەن، چونکە تا شەڕ هەبێ ئاسایی کردنەوە نابێ .

**بەڕێز حــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پێشـەکی دەمـەوێ داوایەکمـان هەبوو پێش چەند رۆژەک تەئکیـدی لەسـەری بکەم. ئێـمە وەکـو ئەندامانی پەرلەمان دەمانـەوێ هەردوو بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعوود ئیشەکان لێرە لەبەردەم پەرلەمـان چارە سـەر بکەن، تکایان لێ دەکـەین وامـان لێ نەکـەن وەکـو دووسـاڵی رابردوو هەر مەکتەبی سیاسی دانیشێ و چ ئەنجامێکیش نەبێ، رێک دەکەون و ئەنجامیش نییە و دیسان بارەکە کە هەروەکو خۆیەتی و ئەوە دوو ساڵە تاقی کردنەوەیەکی زۆرمان هەیە، هەردوو مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوەی باشیان کردووە وئیتیفاقی چاکیان کردووە، بەڵام بەداخەوە لەباری عەمەلییەوە ئەنجامی باشیان نەبووە و تەنیا لەسەر کاغەز بووە، لەبەر ئەوە داوامان ئەوەیە، ئیشـەکان هەمـوو لەبەردەم پەرلەمان بکرێ کە ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری ئەم خەڵکەن، دەمانەوێ بەڕاستی خەڵک ئاگای لێ بێ، مام جەلال و کاک مەسعوود چۆن چارەسەری مەسەلەکان دەکەن.

دووەم : لەسەر مەسەلەی لیژنەکان راستە پێشەکی دەبێ شەڕەکە رابگیرێ، چونکە بەڕاستی ئەگەر شەڕ لەتەنیشت بێ وەڵڵاهی ئاسایی کردنەوە ناکرێ بەو شێوەیە، ئەوەی بەپێ ی مەعلوماتی کە وەرگیراوە وابزانم ئێستا لەقەڵادزێ تۆپ بارانە، دوێنێ شەو بەڕاستی لەتەنیشت هەولێر شەڕ بووە ئەمن ئێستـا گلەییم ئەمجـارە نەک بەس لە مـام جەلال و کـاک مـەسعـوودە، بەڵکو لەبرادەرانی لەخوارتریش هەیە کەبەڕاستی دوێنێ بۆم ئیسبات بوو نە مام جەلال و نە کاک مەسعوود ئاگایان لێ نەبووە، بەڵام برادەرانی تر کەسەرکردایەتی هەردوو حزبن زۆر چاک ئاگایان لێ یە، چونکە هێز چوویتـە شـوێنەکـەی تـەبیـعی بەفـەرمـانی من و کـاک شـێخ عـەدنان نەچووەتە ئەوێ. باشـە ئەگـەر نەتەوێ شەڕ بکەی بۆ هێزی شەڕکەر دەبەیت ؟ بەڕاسـتی کە ئێمە هاتین کاک مەسعوود زۆر پێی موفاجەئە بوو، بەڵام خەڵکی تر هەبوو لەتەنیشتی شتەکەیان تەرتیب کردبوو، لەبەر ئەوە ئەو رۆژە کەمن وتم مام جەلال و کاک مەسعوود ئیتر دەبێ ئەوانەی لەدەورو بەری خۆیانن هەندەک ئاگادار

بن، لەبەر ئەوە ئێمە حەز ناکەین وەفدی پەرلەمانی بنێرن پێمان بڵێن بڕۆن شەڕ رابگرن لەقەڵادزێ، ئیتر برووسکە بچێ و بڵێ وابکەن و وابکەن، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە هێشتا ئەزمەی متمانە ماوە، ئەزمەکەش لەنێوان ئەم دوو برایە پێم وایە کۆتایی پێ هاتووە، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە شۆڕ ببێتەوە بۆ خوارێ، بۆ خوارەوەی خۆیان، ئێستا بارەکە خەتەرە کاتی ئەوە نەماوە کەمراوەغە بکرێ، هەنگاوی بەکردەوە نەهاوێژرێت بۆ چارەسەرکردنی بارەکە، پێویستە بەزووترین کات هەوڵ بدرێ ئەزمەی متمانە لەخوار خۆشیانەوە نەمێنێ، بەقەناعەتی من یان هەریەک بەتەنیا یا پێکەوە بەشێک لەناوەرۆکی ئەو ئینزارەی کەهاتووە ئاگاداری هەموو مەسئولەکانی خۆیان بکەن بۆ ئەوەی ئەوانیش هەست بەخەتەر بکەن و هەست بەمەترسی بکەن، کە بارەکە خەریکە لەدەست دەردەچێ، ئەوانیش ناچار بن هەوڵ بدەن متمانە لەنێوان ئەوانیش دا بە هێز بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز بەکر مستەفا سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆبوونەوەی ئەمڕۆ بەڕاستی دڵ خۆش دەکات. ئەو خەبەرانەی دوێنێ کەهەردوو بەڕێز باسیان کرد، من سەرەتا بەوە دەست پێ دەکەم ئەو هەموو تکاو رجایەی لەپەرلەمانی دەکەن ئاگایان لەبارەکە بێ، ئێمە هەموو تکا کە دەگێرینەوە بۆ خۆیان، کە خۆیان ئاگایان لەخۆیان بێت. چونکە شتەکان لای ئەوان دەکرێ. کاک حازم و کاک فرەنسۆش هەمان شتیان باس کرد، بەڕاستی ئەگەر متمانە لەبەینیاندا نەبێ، ئەوەتا بەخۆیان باسی دەکەن کەدوێنێ کەزەنگی خەتەرمان لەسەرەوە بۆ لێ دراوە، لەبەر ئەوە جارێکی تر دووبارەی دەکەینەوە کەبەڕاستی پێمان ناخۆشە کە دوو سەرکردە کە ئێمە متمانەمان پێ داون هەموو جارێ بێن و لەپێش پەرلەمان قسە بکەن کەچی لەکاتی قسە کردنیاندا لەپەرلەمان، لەدەرەوە شتی تر رووبدات، لەبەر ئەوە تکایە کە بۆ سەرکردایەتی هەردوو حزبەکەیە و بۆ ئەوانەی کاربەدەستن ئەوانەی خەڵک بەگوێ یان دەکەن، بەڕاستی هەق وایە زیاتر رێز لەپەرلەمان بنێن بۆ ئەو دانیشتنانەی و بۆ هاتنی ئەو دوو بەڕێزە کە هەموو جارێ دێن و کۆمەڵێک وەعدو وعود دەدەنە ئێمە کەچی لەدەرەوەش شتی تر رووبدات. لەگەڵ رێزو سوپاسم دا.

**بەڕێز مامەند محەمەد بابەکر ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان کاک مەسعوود و مام جەلال، زۆر سوپاس بۆ ئەو ڕاشکاویە دەینوێنن و ئێستاکە هەردوو

بەڕێزان لەبەردەمی هەموو پەرلەمان و، ڕاگەیاندن و گەلی کورددا کەئەوان لەیەک نزیک ببنەوە و هیچ کێشەیەکیان لەنێوان دا نەمێنێ دڵنیابن گەر خوا حەزبکات ئێمەش هیچ شتمان لەنێوان نامێنێ، بەڵام ئەوەی کەدوێنێ بیستمان کاک حازم باسی کردووە، من پشتگیری قسەکانی کاک حازم دەکەم کە لە هەندە لێپرسراو بیستمان و گوێمان لێ بووە لە هەردوولا کە ئەو لە فلان جێیە ئێمەش کە دەچین هەرەشەمان لەدەرەوە بۆ دێت، لەناو خۆشماندا کە هەموومان دەڵێین باشەر نەبێ و یەکتر نەکوژین ئەوکێشانە نەبن، لەگەڵ ئەوەدا کە خەڵکانێک لەئاستی مەسئولیەت، ئەو جۆرە بیروڕایانەی هەبێ کە فلان هێز لە فلان جێیە، منیش هێز دەبەمە فلان جێ انشاء الله ئەوانیش دێنە ئاستی لێپرسراوی، ئەو بیروڕایانەیان نامێنێ من داوایەکیشم هەیە بەنیسبەت هەردوو بەڕێزان و بەنیسبەت هەموو ئەندامانی پەرلەمانیشەوە کە ئەوە هەرچەندە لەدەرەوەی بابەتەکەیە، بەڵام وابزانم ئەوە پێشەکی یەکە بۆ ئەم مەسەلانەی کە ئێستا لێرە روویان داوە بەنیسبەت قەڵادزەو پشدەر، قەڵادزە یەکەم خاڵ بووە کەکێشەی لێ درووست بووە و، لەهەموو ناوچەکانیش زیاتر تووشی نارەحەتی و ئازار و ئەشکەنجە بووە، تکام وایە کەهەنگاوی یەکەم دەست پێ بکرێ لەقەڵادزێ بارەکە ئاسایی بکرێتەوە، ئەوجا بەنیسبەت عەشیرەتی میراو دەڵێ لەم دوو ساڵە دەربەدەرن و لەژێر پەرۆ ولەژێر چادر و لەژێر سێبەری دیموکراتیەت دا دەژین. بەحیساب کە ئێمە دەڵێین دیموکراتین کەچی ئەوانە لە برسێتی و تینوەتی و لەنارەحەتی دا دەژین، بێ دکتۆر و بێ دەرمان لەسەر سنوور کەوتوون، بێ بەشن لەخەستەخانە و لەهەموو شتێک دەبێ دوای ئاسایی کردنەوە چارەسەرێکی ئەوانیش بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم لەکاک مەسعوود و مام جەلالە، پێشتر بزووتنەوەی ئیسلامی لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیان لەگەڵ دیموکراتیەت نین، ئێستاش ئەو بەڵگانە ماون ئەمڕۆ ئەوان بەڵێنی ئەوەیان داوە بەو بەڕێزانە کە ئیلتزام بە دیموکراتیەتەوە دەکەن؟ ئەگەر بەڵێنی ئەوە نەدەن ناکرێ ئەوان بێنە لیژنەی ئاسایی کردنەوە .

خاڵی دووەم ئەوەیە کاک فەرنسۆ باسی ئەزمەی متمانە دەکات لەخوار ئەو دوو بەڕێزە، من پرسیارێک دەکەم لەبرادەرانی پارتی ئەگەر مەسەلەی زەخت نەبێ، ئەگەر مەسەلەی متمانە نەبێ، بۆچی هێزەکانیان دەبەنە سەر جاددەی سەرەکیی هاتوچۆی بێستانە و ئەو هێزانەی پارتی کە ئێستا لەباخچەن تەنیا (٦ ــ ٧) کیلۆمەتر لەجاددەی سەرەکی یەوە دوورن کە ڕێی هاتووچۆی ئێمەیە. لەجیاتی ئەوەی ڕێگای کەسنەزان چۆڵ بکەن، ڕێگای کەسنەزان ئاسایی بکەن، هێزیان ناردۆتە

باخچە کە لێیان دەپرسن دەڵێن ئەوە بۆ ئەوەیە هێزەکانی خۆمان لەناو شار بەینە دەرەوە بۆ دەیبەینە ئەوێ، باشە ئەو هەموو دنیایە هەیە لەچوار دەورەی هەولێر، بۆ نایبەنە شوێنێکی تر بۆ دەیبەنە ئەو جێگایەی کەرێگای هاتوچۆی ئێمەی بەسەرەوەیە، تکام وایە ئەو هێزەی پارتی بگەرێتەوە و ئەوەش یەکێکە لەمەسەلەکانی متمانە. لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەرێز محەمەد تاهیرمحەمەد زین العابدین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو دوو بەرێزانە سەربەرزیان کردین، پەرلەمان پێیان سەربەرزە، هەر ئەوانیش ئەو دوو حزبە و ئەو دوو سەرکردە بنج و بنەوانی پەرلەمانن و ئەوان دامەزرێنەری پەرلەمانن، ورەیان داوە بەگەلەکەیان، هیوادارین جیددیەتی هەمووان کارێک بکات، بەربەستی ئەم کارە بکەن و بگەنە بارێکی خۆش. من پێشنیارێکم هەیە، ئەم ورابەرزی یە پێویستی بەیەک شت هەیە، من داوا دەکەم بەرێزان یەک جۆرە راگەیاندن لەهەرێم دا پێکەوە بنێن، لەم رۆژانەدا، بۆ ئەوەی لەخزمەتی بەرژەوەندیی گەلەکەمان دا بێ، ئینجا بۆ ئەوەی لیژنەیەک دابنرێ راگەیاندنی خوێنراوە و بیستراوو بینراو بەیەک دەنگ لەبەرژەوەندیی گەلەکە دابێت، نەک راگەیاندنی سلێمانی بەجۆرێک بڵێ و راگەیاندنی فلان حزب بەجۆرێک بڵێ و، بۆیە من پێشنیارەکەم بەم جۆرەیە و داوا دەکەم راگەیاندنێکی یەکگرتوو هەبێت و، سوپاس.

**بەرێز مەسعوود بارزانی:**

ئەو پێشنیارەی جەنابی مامۆستا لەبیرمان چوو، ئەگینا خاڵێک کە دەبوا عەرزتان بکەین. دوێنێ بریارمان دا کەلیژنەیەکی، راگەیاندنی هاوبەش دابنرێ و راگەیاندنێکی ئیجابی بێت و نەیەڵێ شتی سەلبی باس بکرێ و کار لەئاشتی و چارەسەرکردنی مەسەلە کە بکات ،و زۆر سوپاس.

**بەرێز جەلال تالەبانی:**

ئەوەی کاک مەسعوود گوتی، گوتمان ئەو لیژنە هاوبەشە یەکەم چاودێری راگەیاندنی هەردوو لابکات واتە هیچ ماوە نەدا شتێک ببێ، دووەم: شتی هاوبەشی باش هەبێ و بڵاوی بکاتەوە بۆ یەکێتی ریزەکان، بۆ برایەتی، بۆ تەبایی بۆ دژی شتی سەلبی، هەتا لەرادیۆکان و تەلەفزیۆنەکان دا بخوێنرێتەوە و بەجۆرێک بێت کە ئیتر راگەیاندن هیچ دەور نەبینێ لەتێکدان، بەڵکو دەوری ئیجابی ببینێ لەبینا کردنەوە متمانە و، مەسەلەی عەشیرەتی پشدەر، بەراستی هەقە جەنابی کاک مەسعوودیش هەر رای وایە و، منیش رام وایە لەگەڵ ئاسایی کردنەوەکە باکێشەی ئەوانیش چارەسەر بکرێ و مەسەلەی بزووتنەوە وپرسیارەکەی کاک ئەرسەلان من پێم وایە هەڵوێستەکەمان روونە، کاک مەسعوود دوێنێ رایگەیاند و من هەمان رام هەیە، بزووتنەوەی ئیسلامی دەبێ

بەشداری لەپرۆسەی دیموکراسی بکات ومەجالی پێ بدرێ لە لیژنەکان تا ئیش بکات لەپرۆسەی دیموکراسی و مەجالی پێ بدرێ لەلیژنەکانی دا ئیش بکات و ئەو بریارانەی پەرلەمانی تەسلیم بکرێت، ئەگەر ئیلتزامی کرد زۆر باشە و خێری گەلەکەمانی تێ دایە و خێری مەسەلەی ئاشتی دیموکراسی تێدایە، ئەگەر ئیلتزامی نەکرد خۆی ئەو کاتە مەسئولیەتەکەی تەحەمول دەکات و دانانی مەرجی پێش کات هەڵەیە و شتێکی باش نییە، وەکو کاک ئەرسەلان داوا دەکات ، پێم وایە ئەمانە بێن و پێیان گوتراوە لە لیژنەکانی مەرکەزی ئاسایی کردنەوە و لیژنەکانی فەرعی بەشدار بن و ئەم بریارانەی پەرلەمانیان دەخرێتە بەردەم و ، ئەمە مەسەلەی دیموکراتیەت و ئاشتی یە ئەگەر گوتیان ئێمە دژی دیموکراتین، باوەر ناکەم (پ . د .ک) ناوی خۆی بگۆرێ، ئەو کاتە مەسئولیەتی ئەوە هەڵ دەگرن، بەلاّم ئێمە بۆ لە پێشەوە بلێین هەندێکیان من خوێندوومەتەوە و هەندێکی تریان دەڵێن نەخێر ئێمە لەگەڵ ئاشتین لەگەڵ دیموکراسین، لەگەڵ پەرلەمانین با ئەو چانسەیان بدەینێ بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیە بەم شێوەیە باس بکرێ. بەرای من ئەوەی لەو گوند دەچێتە ئەوگوند ئەوە بەو گەورەیی یە کاک ئەرسەلان نییە، ئەوە مەسەلەکەیە ئێمە بەراستی وەکو کاک فرەنسۆ ئاماژەی بۆ کردبێ متمانەی هەیە، ئەتۆ لەولا دەجوولێیی ئەو لەولا دەجوولێ، من نموونەیەکتان بۆ دێنم. من دوێنێ شەو خەبەرێکم بۆ هات کەبرادەرانی پارتی خۆیان سازدەدەن بۆ شەر لەشەقلاوە، کەتەلفۆنم کرد کاک فرەنسۆ گوتی: خەبەر بۆ ئێمە هاتووە کە ئێوە برادەرانی یەکێتی خۆیان سازدەدەن، کەچی نەبرایانی یەکێتی خۆیان ساز دەدەن و نەبرایانی پارتی و هەردووکیشیان خەبەرێکی پێچەوانەیان پێ گەیشتووە و، لەبەر رووناکی هەواڵە پێچەوانەکە چونکە ئەو متمانەیە ئەوها لەرزۆک بووە، هەریەکە بەبێ ئەوەی بەراستی بیەوێ شەربکات . لەپاشان کە قسەمان کرد نەشەر بوو ونەهەرا قەوما نەهیچیش بوو، لەپاشان بەراستی لەم قۆناغەدا هەر لایەنە سەیرکردنی ئینقلابی هەبێ، ئەوە مانای ئەوە نییە ئەگەر پارتی دێیەکی گرت، یەکێتی یەکسەر دێیەکی تر بگرێ، لیژنەمان هەیە دەبینین پارتی دێ دەڵێ کاکە یەکێتی بەمن دەڵێ برادەران هاتوونە من دەچمە لای کاک مەسعوود و، دەڵێم: کاک مەسعوود تکایە ئەوە مەکە. دڵنیام کاک مەسعوود دەڵێ باشە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات دابەش بکرێ، کەدابەشمان کرد، دیارە بەتەمای ئاسایی کردنەوە و بەتەمای ئاشت بوونەوە و شتی وانین . لەبەر ئەوە مەسەلەکە بەراستی پێویستی بەهەنگاوی ئەوهایە، وەلاّمی ئەوە نییە من دێیەکم گرتووە پارتی یەکسەر بیگرێ و پارتی دێیەکی گرتووە یەکێتی بیگرێ، وەلاّمی ئەوەیە ئەم مەسەلەیە بەئێمە بگوترێ مادام ئێمە هەردووکمان ئێوە، ئێمەتان هێناوەتە ناو بابەتەکەوە، من بەش بەحاڵی خۆم نارەزاییم هەیە لەبرادەرانی یەکێتی و لەبرادەرانی پارتی لەسەر رووداوەکەی دوێنێ، من نایشارمەوە بۆ چاو کوڵێن بەگ نابم ئەوە دەگێرنەوە دەڵێن

زەمانێک هاتووە بەگەکان چاویان کوڵدراوە لەدواییدا کەس نەما چوون حەماڵێکیان دۆزیەوە ناوی حەمە بەگ بوو، گوتیان چاوت دەکوڵین! گوتی: (بۆ کاکە؟ گوتیان : تۆ ناوت حەمە بەگە!! گوتی «کاکە کەخۆشی و نیعمەت و دەسەلات هەبوو من بەگ نەبووم وحەماڵ بووم. بۆ ئێستاکە بۆچاو کوڵین بەگم؟) ئەگەر بڵێین: ئێوە بەرپرسیاریی مێژوویتان لەسەرە ئێوە هەموو رۆژێ دەمان هێننە بەردەمی خۆتان، بەشەرەفم من ئاگام لەمە نەبووە و نازانم باخچە، چی یە؟ پێشمەرگە شەڕ دەکەن. باشە چۆن دەبێ من مەسئولی یەکێتی بم و ئاگام لەوە نەبێ لەوێ شەڕە، دەتوانم سوێند لەجیاتی ئەویش بخۆم کە ئاگای لەمە نەبووە. سێ خەبەری دژبەیەکمان بۆ هات، یەکەم گوتیان: شەڕە، دواییی گوتیان: شەڕ نییە، دواییی گوتیان: لەبیستانەیە ، دواییی گوتیان لەهەمزە بەگە، باشە ئەوە چی یە؟ لازمە ئەگەر ئێمەتان پێ مەقبوولە بە لێپرسراو و محاسەبەمان دەکەن، وەڵلاهی بۆچاو کوڵین بەگ نابین دەبێ بەگی راستەقینە بین، دادەنیشین کە ئاگامان لەشەڕە کە بێ کێ دەچێتە شەڕ پرس؛ بەمن بکات لەیەکێتی و، لەپارتیش کێ دەچێتە شەڕ باپرس بەکاک مەسعوود بکات. ئەگەر ئێمە بڕیارمان دا خۆمان شەڕەکە دەکەین بەئەوانی بکەین، بەلام ئێمە لێرەدا بڕیاری ئاشتی بدەین و بێین بە ئێوە بلێین و بەدنیای رابگەیەنین، لەپڕ دوو ئەفەندی لەسەر ئەوەی نازانم ئەو گوندە هی ئەوە یان هی ئەو نییە، ئەو باخچەیە نازانم چی لێیە ئەلەمنیۆمی لێیە، گەنجینەی زێری لێیە نازانم بانقی لێیە، باپارتی بچێ، دێین بەکاک مەسعوود دەڵێین کاکە ئەمە رێی ئێمەیە، ئەمە مافی خۆمانە رێیەکی ئەمینمان هەبێ من دڵنیام کاک مەسعوود رێیەکی ئەمین دەداتە من، هەر لەبەر خاتری من، وەنییە برادەر؟ ئیتر ئەوەی بۆچی یە شەڕی لەسەر بکرێ و (٨-٩) کەس کوژراوە لەسەری چ خواو پێغەمبەر قبوڵ دەکات. خوێنی کێیە؟ چنە ئەو قور بەسەرانە؟ مریشکن، بزنن؟ بابچێتە ئەوێ دابنیشن من ئەوە ناکەم ئەوها لێپرسراوی دابەش بکەن هەردوو لا بەرپرسن. لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بەتەواوی دوای برووسکەکەی جەنابتان بوو.

**بەڕێز جەلال تالەبانی:**

بەڵێ دوای برووسکەکە بوو ، من دەڵێم برادەرینە! هەڤالانی بەرێز مەسەلەکە وایە، بۆیە ئێمە دەڵێین لیژنەی پەرلەمانی برۆن هەر ئێستا و هەر ئەمرۆ (ألان ألان وليس غداً) جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە برۆن لەهەر جێگایەک دەبێ بڵێن خەتای ئەوەیە، ئێمە هەردووکمان بڕیاری کۆتاییمان داوە کە نایەڵین ئەو شتانە روو بدەن و بۆچاو کوڵینیش بەگ نابین وبەجیددیشمانە و دەشی سەلمێنین و برایەتی دەژێنینەوە و نەخۆمان روو ڕەشی مێژوو و کورد دەکەین،

نەمیللەتەکەشمان ڕێ دەدەین تووشی هەڵدێر بێ چەند کەسێک شەڕیان پێ خۆشە ملیان بشکێ، بابچن لەشوێنێکی تر شەڕ بکەن. بەڕاستی ئێمە ڕێ نادەینە ئەو جۆرە کەسانەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز مەسعوود بارزانی:**

من تەئیدی قسەکانی مام جەلال دەکەم و سوپاسی ئەم هەڵوێستەی دەکەم. بەڕاستی من نەشارەزاییم هەیە و نەدەزانم باخچە لەکوێ یە ونەرێگاکەشی بەکوێدا دەچێ؟ بۆمعلووماتی کاک ئەرسەلان. بەڵام هەرگیز پارتی ئەو مافەی نییە بچن ڕێگا لە یەکێتی بگرن، یەکێتی هەروەها ئەو مافەی نییە ونابێ بیری وابکرێتەوە ئەو ڕێگای هاتوچۆی ئەو بگرێ و ئەویان هی ئەو بگرێ! کەمەسەلەکەش هاتە سەرڕێگای هاتوچۆ، من ئێستا پێتان دەڵێم: هیچ هێزێکی پارتی و هیچ لقێک و هیچ هێزێک ئەگەر مام جەلال بچن حیمایە تەئمین دەکات نەوەکو ڕێگا دەگرێ. ئەگەر ئێمە ڕێگا لەیەک بگرین، لەگەڵ یەک دانیشین ، مانای ئەوەیە بڕیاری شەڕە، بەڵام ئێمە هەموو هەوڵێکمان ئەوەیە کەنابێ ئەم شەڕە ببێ، لەهەر کوێ ببێ دەبێ بوەستێ، ئێستاش کە ئێمە داواتان لێ دەکەین یارمەتی ئێمە بدەن و لەهەر شوێنێک کارێکی نامعقول دەکرێ لەلایەن پارتی پێمان بڵێن. زۆر جاری وا هەیە شەڕێک دەبێ دەپرسن بۆ بووە، لێپرسراوی پارتی دەڵێ: یەکێتی هێرشی بردووە، لێپرسراوی یەکێتی دەڵێ: پارتی هێرشی بردووە و ئەمە بەمام جەلال دەڵێ و ئێمەش نە ئاگادارین و نەبۆشمان روون بۆتەوە، زۆر جار کێ دەستی پێ کردووە. لەبەر ئەوە مەسەلەی ئەوەی چوونە باخچە بۆ ڕێگەگرتن ئەگەر مەبەستی کەسێکیش ئەوە بێ مەبەستێکی ڕاست نییە، ئاڕاستەکردنێکی هەڵەیە و من دژی ئەو ئاڕاستەکردنەم لەوانەش نییە وابێ . من ئامادەم هەر کاتێ مام جەلال هاتوچۆ بکات ئەگەر پێویستی کرد خوا شایەدە من ئامادەم حیمایەی خۆم بنێرم بچێ ڕێگایەکە بگرێ، هەروەها ئەگەر من بێمە هەولێر، پێم خۆشە حیمایەی مام جەلال ڕێگام بۆ تەئمین بکات لەو جاددەیە، هەتتا لەکاتی شەڕەکەشدا بوو من خەبەرم دا بە هێرۆ خان و گوتم: ئەگەر وای لێ هات من حیمایەی خۆم دەنێرم حیمایەی ماڵی مام جەلال بکات، جامن حەز دەکەم لەو بابەتە دڵنیا بین بۆ چوونی وایە ئەگەر هەش بێ من دژی ئەو بۆ چوونەم، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/ سەرەک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزان، بەڕاستی من پیرۆزبایی لەهەموو لایەک دەکەم بەبۆنەی کۆبوونەوەی ئەم دوو رۆژە کەبەم گیانە بەرزەوە کۆبووینەتەوە ومن بەقەناعەتەوە دەڵێم ئێستا تەوەجوهەکە ئەوەیە کە ئەم شەڕە ناوخۆیی یە بن بڕ بکرێ و بارەکانیش ئارام ببنەوە و ئەم خۆشەویستی یەی هەردوو بەڕێزان و هەر دوو حزب لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەبووە بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، دیارە خۆتان

هەمووتان دەزانن میللەتی ئێمە هەرچی بەسەری هات لەبەر عاملی مەوزوعی و دەرەوە بووە، ئێستاکە ئەمڕۆ ئەو نامەی کە لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هاتووە بۆ یەکێتی و بۆ پارتی نیشانەی ئەوەیە کەعاملی دەرەوە و عاملی مەوزوعی لەقازانجی میللەتەکەی ئێمە دایە، تەنیا عاملی زاتی یە ئەویش وەکو مرۆڤ تەنیا خۆی ئاگر لەماڵی خۆی بەردا وایە، جاهیوادارین وەکو برادەران باسیان کرد گەڕاندنەوەی متمانە بێتەوە لەنێوان هەردوو لا بەڕاستیش چارەسەریکی بنچینەیی بکرێ بۆ ئەو پەیوەندیانە، نەک هەر کابرایەک راست ببێتەوە لەیەکێتی یا لەپارتی بە ئارەزووی خۆی شەڕێک دروست بکات و سەرانسەری ولات بگرێتەوە، یان هەرکەسێک ئیجتهادات بکات یان پێشبرکێ هەبێ لەوەی کام لا کادیرەکان دژی لایەکەی تره لەلایەن حزبەکەی خۆی لەپێشەوە حیسابی لەگەڵدا بکرێ لەبەر ئەوەی دژی یەکێتی یە هەقە ئەوە لەمەودوا ئەو کەسانەی دژی دوژمنن لە هەردوو حزب و لەناو میللەتەکەمان و لەناو حزبەکانی تریش ئەوانە لەریزی پێشەوە بن نەک ئەوانەی بەڕاستی دژی یەکتربنە، چونکە دژی یەکتری مانای ئەوەیە دژی هەموو کوردن، لەپێشەوە دژی حزبەکەی خۆیانن، جا پێم وایە بەو گیانە ئیش بکرێ چارەسەری هەموو کێشەکان دەکرێ و پیرۆزبایش لە هەموولایەک دەکەین و هیواداریشم مام جەلال و کاک مەسعوود ئەو ها هەمیشە بەیەکەوە بن و ئەو ڕێککەوتننانەی کە دەکرێن کۆنکریتی بن و لەسەرانسەری کوردستان رەنگ بداتەوە. هەروەها دوێنێش لەکۆبوونەوەی دوو قۆڵی دا پێشنیارم کرد پاش ئەوەی کە ئاسایی دەبێتەوە هەردووکیان لە زاخۆوە هەتا خانەقین کۆبوونەوە بەخەڵکی بکەن، واتە بەخەڵکی کوردستان و بەناوی خوێنی شەهیدان داوای لێ بوردنیان لێ بکەن، چونکە کوڕی خەڵک زۆر زۆر شەهید بوون، میللەتەکەمان زیانێکی زۆری بینیوە لەو مەسەلەیە، مەسەلەکەش کەس شانازی پێوە ناکات و تکا دەکەم پاش ئەوەی بارەکە ئاسایی دەبێتەوە جەولەیەکی سەرانسەری کوردستان بکەن بەیەکەوە و داوای لێ بوردن لە خەڵکی کوردستان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ویستم دەمەتەقێیەک لەگەڵ کاک ئەرسەلان بکەم، بەلام بەڕێز مام جەلال وەڵامی دایەوە ، من ئاواتم دەخواست کە بۆ جارێکیش بێ کاک ئەرسەلان وەکو ئەندامی پەرلەمان قسە بکات، نەک وەکو نوێنەری حزب، لەگەڵ ڕێزم دا ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من دەربارەی یەکبوونی ڕاگەیاندنە، مامۆستا مەلا تاهیریش پێش من باسی کرد و

بەناوی خروقاتەوە چیتر ئاگر خۆش نەکەن و، نامانەوێ ڕاگەیاندن لەو ماوەیە دەوری سەلبی ببینێ، چونکە لەراستی دا ڕاگەیاندن هەتا ئێستا خزمەتی شەڕی کردووە و، خزمەتی کوردی نەکردووە. ڕاگەیاندنی هەموو لایەک بێ جیاوازی. لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز مەلا هادی خضرکویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان کاک مەسعوود ومام جەلال، بەنیسبەت قسەکانی کاک حازم وکاک عەدنان نەقشبەندیی زۆربەی قسەکانی کردیان دەربارەی ئیشوکاری پەرلەمانی بوون، بەڵام من پێشنیارێکم هەیە لەگەڵ ئەم ئاسایی کردنەوەیە هەڵێکی گەورە دروست بووە، بۆ ئەوەی یاسای چەک جێبەجێ بکرێت نەک تەنیا چەکداری پارتی و یەکێتی مۆری بکەن، بەڵکو هیچ چەکدارێک لەشارەکان نەمێنێ و دەست بە پیادە کردنی یاساکە بکرێ ئەمە شتێکی زۆر باشە، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان کاک مەسعوود و مام جەلال پیرۆزبایی ئەم هەنگاو و قسانەیان لێ دەکەم، دیارە هیچ کوردێکی دڵسۆز نییە ئەمەی پێ باش نەبێ و ئەوەی ئەیڵێن با ئاشکرا بێ، پێش ئەوەی دوو هەنگاو نرا میللەت هەموو پێی خۆش بوو، لەمەسەلەی شاویس مام جەلال بڕیاری دا بەگرتنی ئەوکەسەی هۆکار بوو تاکو سزا بدرێ. بۆ مەسەلەی شەقلاوەش کە ئێمە چووین وجەنابی کاک مەسعوودمان لەرێگا بینێ بڕیاری ئەوەی دا کە ئەوانەی خەتابارن سزا بدرێن وبگیرێن، میللەت بەمە زۆری پێ خۆش بوو، پێمان خۆشە هەموو ڕۆژێ ئەو جۆرە خەتابارانە سزا بدرێن. ڕاستە ئێستا ئاشکرایە کە سەرکردایەتی ئەمە مەبەستیەتی، بەڵام خەڵکی تریش هەیە ئەمەی پێ خۆش نییە وخەڵک هەیە سەرکێشە و خەڵکیش هەیە دڵسۆز نییە، ئەم هەموو ڕۆژە هەرلایە کۆمەڵە خەڵکێکی خۆی سزا بدات و ئاشکرایان بکات بۆ ئێمە و بۆ میللەت، وابزانم کارێکی باشە و دووەم کە ئەڵێم نەک بۆ بەڕێزان کاک مەسعوود ومام جەلال، بەڵکو بەخۆمان ئەڵێم با ئەمان پێ خۆش بێ، پارتی ئەمەی پێ خۆش بێت، بڵێین فلانی تۆ سەرکێشیت کردوە و وات کردووە، نەک عاجز بێت و بڵێت تۆ بەو لا بڵێت یان یەکێتی پێی خۆش بێت من بچم بڵێم ئەمە خەتای یەکێتییە، با ئەو جەوی متمانەیە لەخوارەوە دروست بکرێ، لەناو فراکسیۆنا دروست نییە، لەهەموو لایە دروست نییە، تا ئێستا ماوەیەتی، دواشت ئەڵێم شاری هەولێر هیچ ڕۆژێک لەم ماوەیە، هەروەکو دوێنێ شاری هەولێرم نەدیوە لە زۆر لاوە تەنرابوو بەچکداری نامەسئوول، من شەخسی کەوتمە ناو کۆمەڵێک و تەفتیش کرام و شەقامی گەورەی شارەکە بەچەکدار گیرابوون

وهەموو کەسێکیان تەفتیش دەکرد، جا ئەوە وابزانم ئەمە نەک .(ألان ألان وليس غداً) دەبێ چارەسەر بکرێ، دەبێ هەر ئێستا باری هەولێر چاک بکرێت نەک وەک دوێنێ شەو بێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەبو بەکر محەمەد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینی بچوکم هەیە، یەکەمیان: ئێمە پێش ئەوەی بێین بۆ کۆبوونەوە لەفراکسیۆنی سەوز وگوتمان: ئێمە لەم کۆبوونەوەیەدا تەئکید لەسەر ئەوە بکەین کە ئەو ڕێککەوتنانەی ئەمڕۆ دەکرێن پشتوێنێک لەدەوری ببەستێن بۆ ئەوەی ببێت بە دەستەبەرێک تاکو هیچ روو نەداتەوە. دوێنێ و پێرێ چی رووی داوە ئەوە پەیوەندی بەو حاڵە بوو کەبووە. ئەو قسەیەی کەلێرە دەکرێت ئەوانە هەموو موعاناتی ترسە نەک بڵێین شتی تر، ئەگینا ئەمە گەیشتوینەتە ئەنجام و هەوڵ بدرێ بەجیددی بەپەرۆش بۆ ئەوەی کە وتراوە جێبەجێ بکرێت. من پێم وابێ دەبێ بە دەستەبەرێکی باش بۆ لەمەودوا کە کێشەکان چارەسەر بکرێت . دووەم خاڵ ئەوەیە هەندێ مراعاتی بزووتنەوەیە و، من وەکو (أفکار) بیرم روونە بەرامبەر بەبزووتنەوە، بەڵام لێرەدا کە بڕیار دراوە بزووتنەوە وابکات، پێم وایە مادەم تەوجوهەکە بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکانە، مادەم دەمانەوێت شەڕ نەمێنێ. بەڵام مەسەلە سیاسی یەکان، رەنگە زۆر بخایەنێت تاچارەسەر دەکرێن، پێم وایە بایی ئەوەیشی تێدا بهێڵنەوە بزووتنەوەش رەنگە رای خۆی هەبێت لەسەر ڕێککەوتنەکان، واتە جۆرێک لەمروونەت و نەرمی بەرامبەر بەبزووتنەوە بنوێنرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت التزامیان پێ بکەین بەرامبەر بەبزوتنەوە بنوێنرێت، بەرامبەر بەمەسەلەکە، ئەوان بانگ بکرێن قسە بکرێت چونکە لەوانەیە هەرچی ئەوەی لێرە وتراوە بۆ یەکێتی و پارتی ئاسایی دەبێت ئیلتزامی پێوە بکات، بەڵام بۆ ئەو جۆرە هینی تیایە، چونکە ئەو ڕێککەوتنی لەگەڵ ئێمە نییەو، بەرپرسیاریی ئێمەش نییە، جۆرەها شت بووە، لەم کارە دەبێ هەندێ مروونەت بەرامبەر ئەوان دەربڕێ و گوێیان لێ رابگیرێ تا بەڕاستی بیان هێنینە ژێر بار، چونکە ئەوان زەحمەتە بهێنرێنە. ژێر بار، بەڵام هەندێ نەرمی دەوێ تاکو بیان هێنینە ژێر بار و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

إنشاء الله وا دەبێت.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم ئاراستەی هەردوو بەڕێزان دەکەم، ئەویش ئەوەیە هەر چەندە بەشێکی پرسیارەکەم وەڵام دراوەتەوە، بەڵام هەر دەیکەم، کاغەزەکەی حکومەتی ئەمریکا ئاراستەی کێ کراوە وبۆکێ

ڕەوانە کراوە؟ ئەو بەشێکیانە. بەشی دووەمیان ئەوەیە ڕای بەڕێزتان لەسەر ناوەڕۆکی کاغەزەکە چی یە؟ سوپاس.

**بەڕێز مەسعوود بارزانی:**

ئەوە هی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکایە، بەڵام بەناوی حکومەتی ئەمریکا ئاراستەی سەرکردایەتی هەردوو حزب کراوە و ڕامان ئەوەیە کە خەڵکی تر لەئێمە بە پەرۆشترە بۆ باری ئێمە، ئەگینا هیچ خەڵکی تر پێویستی نەدەکرد بە ئێمە بڵێ باری ئەم شەڕە خراپە و وەزعتان خەتەرناکە و ئەم هەمسوو دەسکەوتە لەدەست دەچێ، ئێمە دەبێت پێش خەڵکی تر هەستی پێ بکەین، بەڵام لە هەمان کات دا بەڵگەی ئەوەیە کە دۆستەکانمان بەتەمانین دەستمان لێ هەڵگرن تاپێیان بکرێ. بەڵام ئەگەر هەر یەکێک خۆی فرێدا ئەو کاتە چی دەکا؟ خەتایەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئێمە، نەک لەسەر ئەمە، یەکەم جارە دەرەوە پێمان دەڵێن یەک بن و شەڕ مەکەن، بەڵام جاران ئەوان ئێمەیان تووشی شەڕو کارەسات کردبوو لەشەڕی جیهانی یەکەمدا. بەڵام هیوادارین ئەم جارە دەبێتە مایەی بەختەوەری میللەت وجارێکی تر شەڕو کارەسات نابێتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز ئەبو بەکر محەمەد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمرۆ گەلی کوردستان چاویان لەئاسۆی ڕووناکە و بە ئومێدێکی گەورەوە دەڕوانێتە هەوڵ و تێکۆشانی ئەم دوایی یەی پەرلەمان و هەردوو سەرکردە و ئەنجومەنی وەزیران و خەڵکی ئاشتی خواز دیموکراتی خواز، بۆیە ماوەم بدەن، بامنیش داوا لەم دوو سەرکردە بەڕێزە بکەم کە ئیتر لەمەولا لەجاران زیاتر دژی چەوسانەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی و دژی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و دژی تیرۆر و دژی شۆڤینیزم و کۆنە پەرستی بن لەپێناوی ئاشتی وهاوکاری و تەبایی وداوایان لێ دەکەم کە هەوڵ و کوششی میللەتەکەمان بۆ ئەم مەسەلەیە یەک بخەن و ڕێگا نەدەن چیتر بەندەکانی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ لەکوردسان پێ شێل بکرێت و هەروەها تکایان لێ دەکەم لەدوای ئەم ئاشتی و تەبایی یەی کە لێرەدا بەرقەرار دەبێ جارێکی تر خۆ سازدانەوە بۆ شەڕێکی تری خۆکوژی بیر لەوە بکەنەوە کەژیانی کەسوکار و خێزانی شەهیدەکان و (٨) هەزار بارزانی بێ سەرو شوێن کراو و(١٨٢) هەزار گیراوی ئەنفالەکان باشتر بکەن و تکایان لێ دەکەم هەوڵەکەیان یەک خەن، با لەڕێگای دۆستەکانمانەوە، لەڕێگەی(U.N)ـەوە چارەنووسی(١٩٠) هەزار مرۆڤی کورد بەدیار بکەوێت ومن چەند پرسیارێکی ترم هەبوو، ئەوە لەبەر ئەوەی لە وتەکانی هەردوو بەڕێزاندا وەڵام درانەوە، ئەم پرسیارانە ناکەم، سوپاس.

**بەڕێز نەهلە محـەمـەد سـەعدوڵلا:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەڕێزان مـام جـەلال و کـاک مـەسعـوود بەڕاستی ئەو بڕیارانەی دوایی ئەو دانیشتنانەی دوایی کۆبوونەوەی نائاسـایی پەرلەمـان، دڵنیـاییـەکی زۆری دایە میللەتەکـەمـان و بەشداریی کـردنی پەرلەمـان و حکومەتی هەرێمی کوردستـان لەو بڕیارانە ئەوە زیاتر خەڵکی دڵنیا کرد کـە ئەوەش ئیشی خـۆمـانە کـە لە قـەزیەکی چارەنووسی میللەت بەشـدار بوون، بەڵام بەداخەوە پاش ئەو بروسکانەی کە هەردوو بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعوود بۆ هەموو تەوەرەکانیان نارد، وەکو برادەران باسیان کرد لە نزیک هەولێر ئەو ڕووداوە ڕووی دا کە بەقەناعەتی هەموان شتەکە کوێرانە نەبووە، بەڵام لەسەر نەخشەیەک بووە و ئەمەش پێشتر باسی ئەوە کراوە کـە لە هەندێک جێگا تەقـە هەبێ و لەبنکەکـانی کـەدیاری کـراوە، هەر تەقـەیەک پاش ئەو بڕووسکانە بکرێت دژایەتی کردنە لەگەڵ پەرلەمـان و حکومەتی هەرێمی کوردستـان و ئەمەش وەک بەرگری یەکە لەپەرلەمان کەخۆم ئەندامێکم لەم پەرلەمانە. واباشترە ئەو ڕووداوانە زۆر بەڕاشکاوی و لێرەدا باس بکرێت و پێشتریش باس کـراوە کـە هەر جێیەک کـەڕووداوێکی لێ ڕوودات کـە مـەسئولی یەکـەمـە لەو ناوچەیە و کێ مەسئوولی هەر لایەنێک بێت و هی هەرحزبێک بێت لێرە بە ئاشکرا باس بکرێت و محاسبە بکرێت ئەمەش خەڵکەکە زیاتر دڵنیا دەکات و، بەڕاستی ئەگەر بەدوایدا بچین و بچینە ناو خەڵک تا بەچاکی لەو ڕووداوانەی کەلەم دوایی یە ڕوویان داوە بگەین، کـە نزیکەی سێ پارێزگای گرتۆتەوە. بەڵام ئەمڕۆکە خەڵکەکە زیاتر دڵنیا بووە، چونکە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم تەدەخولیان کردووە لەمەسەلەکە و هەست بەخەتەر ناکەن، چونکە دڵنیابە ئەم جارە ئاسایی کردنەوەکە دەبێت و بەڕاستی بەڕێزان زۆر بەڕۆشنی ئەم مەسەلەیان بەهەند هەڵگرت و پەرلەمان و حکومـەتی هەرێمیش بەجیددیان وەرگرتووە و ، لێرەش داواکاریم ئەوەیە کـە بەرپرسیـار لە هەرلایەنێک بێت کـەهەر ڕووداوێک ڕووبدات لێـرەدا زۆر بە ئاشکرا باس بکرێت، چونکـە میللەتەکـەمـان زۆر چاودێری ڕووداوەکـان دەکـەن، واتە لەمـە زیاتر وردن و دەزانن کـام لایەن بەرپرسیارە و ئەو ئیشەی کردووە لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز فـەوزیە عـەزیزەدین ڕەشـید:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

من قسەم زۆر بوو بیکەم، بەڵام زۆربەی برادەران قسەکانی منیان کرد، حەز ناکەم من دووبارەیان بکەمەوە و بەشێک لەقسەکانم پێشتر چارەسەر کران. بەڕاستی دەبێ ڕێگە بە ڕاگەیاندن نەدرێت خـروقـات دروست بکات، چونکە لەڕێگای ئەوەوە شتی زیاتر دروست دەبێ، ئەمـە یەکـەم.

دووەمیش ئێستا هیوام پەیدا کردووە کەئاسایی کردنەوە دەبێت و وەفدی کوردستان دەگەڕێتەوە وەکو جاران و ڕێککەوتنی پارسیش ئیمزا دەکرێت( إنشاء الله ) لەلایەن بەڕێزان کاک مەسعوود ومام جەلالیشەوە پەسەند دەکرێ. جاداوام ئەوەیە ڕاگەیاندنی ئەو ڕێککەوتننامەیە لە پەرلەمانی کوردستان دا بکرێت و، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جارێ مەسەلەی دەزگا ڕاگەیاندنەکان باسیان لێوە کرا، خاڵی یەکەم و خاڵی دووەم کۆکردنەوەی هێزەکانە، من پێم وایە باشترین شت ئەوەیە پێشنیارێک پێشکەش بەهەردوو بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعوود بکرێت کە ئەو لیژنە پەرلەمانییانەی دەڕۆن بۆ ئاسایی کردنەوەی باری تەوەرەکان، لەهەمان کاتدا ئەگەر هەر ئەمڕۆ نەخشەیەک دابنرێت بۆ چۆڵ کردنی شارەکان لەهێزەکان و بچن لەدەرەوە دانیشن، قەناعەتم وایە بەم جۆرە ئەوانیش سارد دەبنەوە و دەتوانرێ چارەسەری مەسەلەکە بکرێت ئەمە لەخاڵێک و لە خاڵێکی تریشەوە ئەو ئەرکە لەسەر شانی هەردوو حزبەکە هەڵدەگیرێت، چونکە بەڕاستی ئێستاکە لە( ٨٠ ٪ )ی ئەم دوو حزبە بۆ ئەو بارە دانراوە و هیچ نەبێ با بەزەییان بەو بارە بێتەوەو با ئەم هێزو خەرجی یە لەشتێکی تر خەرج کرێت. جا بەڕاستی ئەوە حاڵەتێک. حاڵەتێکی کەش بەڕاستی هەر یەکسەر یاسای چەک لەوێ جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی هەریەکە بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی و کۆتایی بە کێشەکە بهێنرێت، ئیتر ئەوەش چارەسەرییەکی باشە و، سوپاس.

**بەڕێز مام جەلال تالەبانی:**

بەڵام بەڕاستی مەسەلەکە لە پارەکە زیاتر، ئەو خوێنەیە کە ڕژا و دەڕژێ و من وکاک مەسعوود زۆرتر بەپەرۆشین بۆ ئەو خوێنە بەناهەق ڕژاوانە وزیاتر خەمی ئەو کورە باشانەمانە کە شەهید دەبن و دووەمیش ئەو مەسەلەیە، مەسەلەیەکی گرنگە، لیژنەیەکی بەهێزی دەوێ کە هێزەکان لەشارەکان ببەنە دەرەوە. دووەم: شوێن تەعین دەکرێ بۆ هەموو هێزەکان هی شار و شاخ. خۆ نابێ هەر ئاوا هەر کەسە بەکەیفی خۆی کەژێکی گرتبێ و لوتکەیەکی گرتبێ، دەبێ هەموو کۆببنەوە لەئۆردوگای خۆیان، ئەو ئۆردوگایانە دانیشن، ئیتر ئەو کاتە ئەگەر بکرێت دەنگیشیان نەگاتە یەکتر، بۆ ئەوەی هیچ سەلبیات ڕوونەدات و إنشاء الله شارەکانیش بەزووترین کات چاک دەکەین و ئەمە یەکەم هەنگاوی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شارەکانە، ئنجا حکومەت بچێتەوە ناویان و، دوای ئەمەش بارەگای حزبەکان بکرێنەوە ئیتر باری شارەکان بەتەواوی ئاسایی ببێتەوە بەیەکجاری

وإنشاءالله لەماوەیەکی کەم ئەمانە دەکەین و، من و کاک مەسعوود خۆمان سەرپەرشتی ئەو ئیشە دەکەین، بەڵام وەکو گوتم: جارێکی کەش نەمان کەنە بەگ بۆ چاو کۆڵین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا، نا گەر خوا حەزبکات ئەوە نابێ، ئەوە پەرلەمان بڕیاری داوە کە ئیتر دەبێ بەشداریی بکات، دەبێ تاکو چاکی نەکەین جێی نەهێڵین. فەرموو کاک شمائیل وبزانم دەتەوێ قسە بکەی؟

**بەڕێز شمائیل نەنۆ بنیامین:**

**السيد رئيس المجلس.**

الاخوان كاك مسعود ومام جلال، أنا أقتراحي هو... شكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قەیناکا ئەوانە ئازادن و، بەهەرچی قسەبکەن، با بەعەرەبییش بێت یا بە ئاشووری قسە بکەن، ئێمە هیچ لارییمان نییە.

**بەڕێز مام جەلال تالەبانی:**

وەڵلا راستە ، بەڕاستی گەر بە ئاشوریش قسە بکات لاریمان نییە، بەو مەرجەی کاک یونادم چاودێری وەرگێڕانەکەی بکات.

**بەڕێز شمائیل نەنۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

العفو حظي دائما" بالمقاطعة، إقتراحي هو يخص الإعلام. حقيقة" محاولة توحيد الاعلام خطوة جيدة فأنا أقترح أن يكون هناك لقاءات تلفزيونية و ندوات مشتركة وكلمات مؤثرة تعبر عن وجهة نظر موحدة تلخص هذه الجهود الخيرة للشعب وأن يكون كلمات صريحة تحتوي على النقد الذاتي والنقد البناء موجهة الى عموم الشعب لأن إذا نحن نعيش في أربيل في هذه الأجواء فكيف الأحوال في دهوك وكيف الأحوال في السليمانية، فأنا اعتقد توجيه كلمات مشتركة الى الشعب تحتوي على عبارات عاطفية مؤثرة تساعد على توحيد الصف والكلمة. فأنا اعتقد إن هذه النقطة مهمة وشكرا".

**بەڕێز مام جەلال تالەبانی:**

أنا أتكلم بالعربية ايضاً حتى تفهمني جيداً، تفهم بالكوردي جيد! چونكە باسمان کرد ئێمە کەوا لیژنەیەکی ڕاگەیاندنی هاوبەش دادەنێین، ئەم لیژنەیە چاودێری دەکاتە سەر ڕاگەیاندنی هەردوولا یەکەم توجیهی دەکات بەگیانی تەبایی و برایەتی . دووەم وتاری تایبەتیش ئامادە دەکرێن بەگیانی ئەو لە هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆن وڕادیۆکان بەم بۆ چوونە دەخوێنرێتەوەو، ئەو

مەسەلەیەی کەفەرمووت مەسەلەکە وا نییە من و کاک مەسعوود لە تەلەفزیۆن دەرچین و ئێمە خۆشمان ئەوەمان لەخەیاڵە، بەڵام دەمانەوێت نەختێ سەبری ئینقلابیستان هەبێ، ئارامی شۆڕشگێڕانەتان هەبێ، با مەکتەبە سیاسیەکان کۆببنەوە ئەو بۆ چوونانە نەقل کەین بۆ مەکتەبە سیاسی یەکان، نەقلی کەین بۆ خوارتر و دووسێ هەنگاوی ئاسایی و عەمەلی بنرێت، تاروومان بێ لەگەڵ میللەتەکەمان هەموو رۆژێ قسە بکەین و هەر بەقسەش نەبێ، بەڵکو بەعەمەلی شتی گەورەتریش بکەین، لەمەوبەر لەم بارەیەوە کاک عەبدوڵلا پێشنیاری کرد ئێمە پەسەندمان نەکرد کەپێکەوە جەولەی هاوبەش بکەین، چ جارێ تەلەفزیۆنی هاوبەش بێت. گەر خوا حەز بکات چەند رۆژێکمان لێ راوەستن هەتا ئەو هەنگاوانە دەنێین بۆ پێشەوە واتە ئاسایی کردنەوە لەچەند جێیان رەنگ دەداتەوەو خۆی دەنوێنێ، ئەوسا ئێمەش دێین گەر خوا حەز بکات قسەتان بۆ دەکەین لەتەلەفزیۆن و هۆیەکانی تری راگەیاندن.

**بەڕێز شەمائیل نەنۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عفواً السيد مام جلال أنا قصدي هذا راح يساعد عملية التطبيع وأنه عامل مساعد للتطبيع وأنا اعتقد هذا شئ جيد ، وشكراً.

**بەڕێز مام جەلال تالەبانی:**

ئەو بۆ داوای ئاسایی کردنەوە نەء، هەر بۆ ئاسایی کردنەوە یەک دوو هەنگاو بنێین، نەختێ بارودۆخەکە رێک دەکەوێتەوەو جوانتر دەبێ، نا ئەوە دوا ناخەین بۆ دوای ئاسایی کردنەوە، ئەمە دەکەین لەکاتی ئاسایی کردنەوەی بارەکە، بۆ ئەوەی کارەکە بەتەواوی یارمەتی ئاسایی کردنەوە بدات و، کاک فرەنسۆ دەڵێ: هەر بایی ئەوەندە بێ خەڵک گوێی لێ بگرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئامادەبوونی بەڕێزان و ئەو قسانەو ئەو تەئکیدانەی کەلێرە دەکرێت، ئەگەر لەراگەیاندنەکان دا بلاو بکرێتەوە و بلاویش ئەکرێتەوە وەکو دانیشتنەکەی پێش ئێستاکە، ئەوە بەتەئکید بەشێک لەوەی کاک شمائیل گوتی لەوانەیە ئەنجام بدرێت، کاک یوسف فەرموو.

**بەڕێز یوسف جەمیل خورشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز مام جەلال، بەڕێز کاک مەسعود، بەراستی پیرۆزبایی لەهەموو میللەتی کورد و لەبەڕێزتان

و لەهەمووان دەکەم کەگەیشتینە ئەم قۆناغە، بەڕاستی شت هەیە کە ئومێد دەکەم بەردەوام بێت وەلێی بگەینە ئەنجام، لێرەدا بەرێزتان فەرمووتان ئەمە رێگا بۆ یەک و دوو تأمین دەکەین، ئەمن گەلاڵەی ئەوە دەکەم و دەڵێم دەبێ بۆ هەموو میللەتی کورد دابین بکەن، من لێرەدا بچمە دهۆک و بەسەربەستی بچمە سلێمانی نەک هەر حیمایەمان بۆ دابنێن و دەبێ ئەوەی کەرووی دا نابێ رووبداتەوە، چونکە ئەگەر رووی دایەوە بەرژەوەندیی میللەتی ئێمەی تێدا نییە. دووەمین لێرە وەکو برادەران فەرموویان کەلیژنەی پەرلەمانی بچێتە ئەوجێ یانە تاکو بزانێ تاوانبار کێ یە؟ کاکە ئەمە بەکردار زۆر زەحمەتە، چونکە شەڕە، هەرلایێکی لێی دەپرسی دەڵێ ئەوی تر غەدری لەمن کردووە، ئەو هێرشی کردۆتە سەرمن، ئەمجا چۆن دەگەینە ئەنجام چۆن لیژنەی پەرلەمانی بچێت؟ لەکێ بپرسێ؟ لەوەختی شەڕ لەوێ نەبووە و جێگاکە نابینێ، بۆیە من رای یەکی زۆر قاسیم هەیە دەربارەی ئەوەی کە بڕیارێک دەربچێ، کەلە هەر جێ یەک شەڕ بکرێت هەردوو مەسئوول بن، لێرە دادەنرێت، ئەوی تاوانبار بێ و ئەوەی تاوانبار نەبێت هەتاکو تەحقیقیان لەبارەیەوە دەکرێت، بۆ ئەوەی کەوا جورئەت نەکەن جارێکی دی تەسەروفاتی ئاوا بکەن ئەمە یەکەم و، دووەمیشیان خاڵێکی ترە زۆر لام گرنگە، ئێوە کە ئاسایی کردنەوە دەکەن، ئەو خەڵکە بەرپرسیارە سزا دەدەن و(پ.م) حەپس دەکەن و چەکیان لێ دەستێننەوە، ئەوانە نارازی دەبن، لەوانەیە یەکسەر یەکێتی محاسبەی بکات راست بچێتە ناو پارتی، پارتی باوەشی بۆ بگرێتەوە و بیگرێتەوەو بڕیارێکی کۆنتان هەیە کە دەڵێت مەکتەبی سیاسی بڕیاری وایە(پ.م) کە لەو جێیە بەرەی کوردستانی عەفووی دەکەن دەتوانێ نەقل بێت بۆ حزبێکی کەو بۆ جێگایەکی کە، ئەمە ئێستاکە زەرەرێکی زۆر گەورەی هەیە. بەرای من هەردوو مەکتەبی سیاسی یان بەرە ئەو بڕیارە بدات و بڵێ: ئەو کابرایەی کە لێرە سزا دەدرێت کەچووە لای حزبێکی دیکە، ئەو حزبە دەبێ لێی بکۆڵێتەوە تاکو بزانێ رابوردووی ئەو کابرایە چۆنەو چییە؟ لەسەر چی دەرکراوە و بۆ دێتە لای من؟ نەک هەر باوەشی بۆ بکەنەوە و ژمارە زیاد بکات، بابڕیارێکی وابدرێ کەوا ماوەی ئەو شەڕ کەرانە و ئەو پیاو خراپانە نەدرێت بچنە ناو ئەو حزبانە و بازرگانی بەو کارەوە بکەن وشتێکی دیشم هەبو بەڕاستی زۆر هیواو ئاواتم ئەوەیە لەوەو پاش بڵێین کورد و بڵێین ئێمە کوردین نەڵێین ئێمە پارتین و ئێمە یەکێتین. من ئەوەم و من ئەوە نیم! ئێمە بەکوردایەتی دەگەینە ئاوات، حزبیش پارتی بێت یان یەکێتی بێت هەر بۆ ئەوەیە کەبگاتە مافی رەوای کورد و مافی کوردی پێ وەبگیرێ و هۆیەو ئامانجە نییە و ئومێدیش دەکەم بگەینە ئەنجامێک و ئێمە کیانێکمان بێ و مافێک بستێنین، ئینجاپاش ئەوە هەرکەسێک چ مەبدەئێکی دەبێ و دەچێتە ناو چ رێکخراو و حزبێک سەربەستە و کەیفی خۆیەتی وچ دەکەن بابیکەن. لەگەڵ سوپاسم دا.

**بەڕێز مـەلامـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

خـوشک و برایانی بەڕێز، من قسـەکانم دوو بەشن، بەشێکیـان بۆ بەڕێزان مـام جـەلال و کـاک مەسعووده بەشێکیشیان بۆ ئەندامانی پەرلەمانە، بەڕاستی ئەوەی دەمەوێ بیلێم لەخزمەت مام جەلال و کاک مەسعوود، ئەوەیە کە لەم ڕۆژنەدا ئەندامانی پەرلەمان بەڕاستی زۆر بەپەرۆش بوون بۆ ئەم مەسەلەو گیروگرفتانە کە لەکوردستان هەبوون و ڕەنگە قسەی وا کرابێت زوڵممان لەمام جەلال و کاک مەسعوود کردبێت و ئەوە من بەش بەحاڵی خۆم حەز دەکەم ئەوە بزانن کە ئەوا هەر پێشەوا و سەروەری ئێمەن وهەرگیز لەبیر ناکرێن و بەشانازی یەوە ئاماژەیان بۆ دەکرێ، لەڕاستیدا هەندێ شت هەیە لەو پەرلەمانەدا قسەیان زۆر لەسەر کراوە. حەز دەکەین قسەکانمان بکەینە کردار وقسە کەم بکەینەوە و کردەوە زۆر بکەین بۆنموونە یەک لەوانەی بەڕێزان ئێستا ئاماژەیان بۆ کرد، کە حیمایەکانی خۆیان دەنێرن تا پاسەوانی ڕێگا کان بکەن. نەوەڵلا با هەر ڕاستەو ڕاست ئەمر بفەرموون جارێکی تر مام جەلال لە قوشتەپەوە نەڕوات و کاک مەسعوودیش لەگۆمەسپانەوە نەیەتە هەولێر، بابفەرموون ئەو جێگایانە چۆڵ بکرێن و ئیتر هەر ئەوە بەڕاستی بێ بەڕێگای گشتی و پێویست ناکات، بالە ئێستاوە دەست بکەین بەشتی عەمەلی. دووەم بۆ پەرلەمان من ئەو قسەیەم هەیە، بەڕێزان باسی ئەوەیان کرد کەپەرلەمان حەکەمە. کە پەرلەمان مەسئوولە لەو مەسەلەیە و ئێمەش لە ئاستی ئەوەدابین ئیتر قسەکان زۆر بەڕاشکاوی بکەین کەدەچینە جێگایەک، من ڕام وانیە، هەرگیز ناتوانین چاک وخراپ لەیەکتری جیا بکەینەوە و(معتدي و معتدى عليه) جیا کەینەوە و ناتوانین ئەو کەسانەی کەدەست پێشخەری لەشەڕدا دەکەن جیایان کەینەوە! نەخێر دەتوانین خەڵکی بێ لایەن هەیە و خەڵکی تر هەینە و ئێمە بەڕاشکاویەوە دەبێ دەری ببڕین، ئیتر پارتی یە یەکێتی یە هەر کەسێک خراپەی کردووە بڵێین کاکە فلان کەس ئەم هەڵەیەی کردووە و وفلان کەس ئەم هەڵەیەی کردووە وبەسە بائیتر با ئیدانەی بکەین. وتەحریمی شەڕ و کوشتار بکەین، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

واتە خوێنی کورد لەکورد حەرام کەین؟

**بەڕێز مـەلامـحـەمـە ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بەڵێ واتە خوێنی کورد لەکورد حەرامە، هەل و مەرجی چی یە؟ بریتی یە لەوەی کەتاوان کرا دەبێ سزای هەبێ، چونکە من لەدنیادا نەم دیوە تاوان سزای نەبێ! پێویستە ئێمە سزایەکی توندی ئەوتۆ

لەم پەرلەمانە دابنێین کە هەرگیز جارێکی تر کەس نەتوانی لەخۆیەوە فیشەکێک بتەقێنێ، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

من دوو تێبینیم هەیە، حەزدەکەم ئەگەر ماوە هەبێ بیان خەمە روو، بەڕاستی مەسەلەی ڕێگاو بان زۆر باس کرا و من زۆرم پێ ناخۆشە و پێی سەغەڵەتم کەمام جەلال نەتوانێ بەڕێی گۆمەسپاندا بچێ و کاک مەسعوودیش بەپێچەوانەوە نەتوانێ لەم لایەوە بێ و بەکەسنەزان دابێت ومن حەزدەکەم ئەم پێشنیارە لەلایەن بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعوود ومەکتەبی سیاسی هەردوو حزبەکە چارەسەر بکرێت و بەم جۆرە نەمێنێتەوە، ئەمە یەکەم. دوومیشیان مەسەلەی راگەیاندنە بەتایبەتی من باسی راگەیاندنی دانیشتنەکانی پەرلەمانیش دەکەم. سبەی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یە، وەکو مام جەلال فەرمووی بابڕیارێک بدەن راگەیاندنی هەموو حزبەکان لەپارێزگاکان بەتایبەتی راگەیاندنی هەردوو حزبەکە هیچ نەبێ دانیشتنەکانی پەرلەمان بەهاوبەش بڵاوبکەنەوە کە ئەوە بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعوود لێرەن با لە دهۆک و لە سلێمانیش عەرز بکرێن.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

لێرە بەباشی عەرز ناکرێ، سلێمانی و دهۆکی چی؟!.

**بەڕێزحـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

من بەڕاستی ئەو دوو تێبینییەم هەبوو، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم دا.

**بەڕێـز عـــوســـمـــان حـــەســـەن دزەیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

لەم دوو سێ رۆژدا کە ئەو کۆبوونەوە باشانەکران و ئەم بڕیارە چاکانە دران، بەڵام هەردوو بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعوود تطرقیان نەکرد بۆ چوونە پاریس و سەقفێکی زەمەنی دابنێن و بەیەکەوە بچن. ئایا ئەم رێککەوتنامەیە چۆن کۆتایی پێ دێن، ئایا لێرە ئیمزای دەکەن؟ یان دەچنە ئەوێ یان سەقفە زەمنی یەکیان داناوە، بۆ ئەوەی مەسەلەی ئاسایی کردنەوە بەرێکوپێکی بڕوات و بارەکە هێمن ببێتەوە ئینجا بچن؟ سوپاس.

**بەڕێـز مـــــــام جـــــــەلال تـالـەبـانـی:**

کاک عوسمان مەسەلەکە خۆی ئەوە نییە ئێمە بچین ئەگەر پێتان خۆشە پاریس شارێکی زۆر خۆشە ومن خۆم زۆر حەزی لێ دەکەم بچم، بەڵام بابەتەکە ئەوەیە، دەبێ ئەوان دەعوەتمان بکەن،٩/٢

سەرۆک میتران مەوعیدەکە دادەنێت تا ئەو مەوعیدە دادەنرێت ئێمە هیوادارین ئەم ئاسایی کردنەوەیە بکەن، هیچ نەبێ شتە سەرەکی یەکانی دەچین خۆ نەمان گوتووە ناچین، ئێوە بریارێکتان دا و گوتتان (الاسراع في التوقيع) ئەوە ئێمە پەسەندمان کردووە و گوتوومانە دەچین و لەسەر ئێمە پەکی نەکەوتووە، چوونە پاریس، ئەوە دەبێ کاتەکەی دیاری بکەن، سەرۆک میتران نەخۆشە،تەندروستی باش نییە ٩/٢ کاتمان بۆ دیاری دەکات، چ کاتێ دیاری کرد گەر خوا حەزبکات هەتا ئەو کاتەی رۆژی ئەوە دێت ئێمە ئیشەکان جێبەجێ کرابێ و ، بەڕاستی پێمان خۆشە پێتان بڵێین: ئێمە پێمان خۆش نییە بچینە ئەوێ و بێینەوە لێرە رووداوێکی خراپ قەومابێ، ئیتر حەیامان بچێ لەبەردەمی میتران، بەیەکگرتووی بچین و لێرەش دوو نەفام یان دوو گێرەشێوێن یان دوو کەسی مدسووس لەهەر لایەکمان بێ، هەرایەکمان بۆ بنێنەوە، دەمانەوێ بارەکە لێرە بەچاکی ئاسایی بێتەوە ئنجا لەو رۆژەی کەبۆمان دادەنرێ بچین بۆ پاریس دەچین و پاریس زۆر خۆشە کاک عوسمان تۆ نەت دیوە من دیومە!..

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەزم نەدەکرد قسە بکەم، بەڵام چونکە کۆبوونەوەکانی ئەم دوو رۆژە بەسەرکەوتنێکی گەورە دادەنێم بۆ مەسەلەی ئاشتی و ئاسایی بوونەوەی بارودۆخ و هەروەها سەرکەوتنێکی گەورەیە کە ئەم دوو بەڕێزە لێرەن ئەم بریارانەیان داوە وسەرکەوتنەکەش بۆ پەرلەمان و بۆ حکومەتی هەرێم و گەلەکەمان و هەموو ئاشتی خوازانە و بۆ هەموو دۆستەکانمانە لەناوچەکەداو لەدنیادا. بەڕاستی ئەم رێکەوتنەی کەکراوە گەورەترین سەرکەوتنە ومن زۆر گەش بینم و حەزیش دەکەم میللەت بزانێ ، بەڕاستی دەبێ بەیەکەوە دەست لەناو دەست بەشێوەیەکی ریشەیی ئەم بارە چارەسەر بکەین و هەر بە قسە نەبێ دەبێ کردەوە بێت و من وەک سەربازێک خۆم تەرخان دەکەم لەبن دەستی ئەو دوو سەرکردەیە بۆ ئەوەی بەڕاستی ئاشتی بچەسپێنین رۆڵەی خۆمان نەکوژین و زۆر زۆر سوپاس بۆ ئەو گیانە و جارێکی تریش من دەڵێم بادەست لەناو دەست بەرەو ئاشتی بەرەو پارێزگاریی لەسەر ئەم ئەزموونە و ئەم دەستکەوتانە، ئیتر زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی من بۆ کاک یونس رۆژ بەیانی یە، ئێستاکە سوپاس بۆ خوا گەیشتینە بارێک کە ئاشتی و ئاسایی بوونەوە بەرەو چەسپاندن دەچێ، ئێستاش مەبەستم ئەوەیە و هەڵێکە بایاسای چەک پیادە بکرێ ومسئولیەت دیارە لەدهۆک چیە؟ دیارە لە سلێمانی چیە؟ لەئەستۆی کێ یە؟

هەر لە ئێستاوە بڵێین نەک هێز نەچێتە ناو شارەکان، بەڵکو لەئێستاوە لەپەرلەمان یاسایێک دابنرێ و هەردوو حزب بەرنامەیەک دابنێن بۆ ئەوەی لەشاریش چەکدارە بچێتە دەرەوە و بەتەواوی قەدەغە بێ بێتە ناو شار و بەچەکەوە بگەڕێ ودەبێ چەکەکەی لەسەرباز دابنێ ئەمە خاڵی یەکەم بوو، خاڵی دووەمیش من هەستم پێ کردووە و ئەنجامەکەشی هەست کراو بوو، کاتێ بو کە ئاسایی کردنەوە دەستی پێ کرد بوو چووینە شوێنەکان، هەستمان کرد نەفسیەتی ئاسایی کردنەوە جارێ نەچوو بووە خوارێ، بۆیە دەڵێم خۆزگە هەندێ دروشمی نیشتمانیی و کوردایەتی و کوردستانی بلاو بکرێنەوە و مەفهومیان بەرێگای رێکخستنی هەردوو حزب بچێتە خوارێ و لەجیاتی ئەوەی هەریەکە باسی حزب بکات، با باسی کوردستان و کورد بکات و باسی بەرژەوەندی گشتی بکات و باسی ئەم گیانە تەبایی و ئەو شتانە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا لێرەدا ئەو شتەی کە گوترا ئەوەی کە برادەران ویستیان قسەی لەسەر بکەن قسەی لەسەر کراو، رای خۆیان دەربڕی، ئیتر بەناوی پەرلەمانەوە سوپاسی هەردوو بەڕێزان دەکەین و بەتەئکید ئەمە دووا کۆبوونەوە نابێت کەبەڕێزان کاک مەسعوود و مام جەلال ئامادە دەبن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و ئەوەوا خۆیان لێرەن و ئێمە هەر کاتێ بە بەرژەوەندمان زانی داوای ئامادەبوونی بەڕێزیان دەکەین. جا ئێمە لەڕاستیدا ئەگەر بتوانین سەعات (٤) ی ئێوارە لێرە وەکو پەرلەمان دابنیشینەوە بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارانەی کە کراون و ئەو بریارانەی کەدراون لیژنەیان بۆ دروست بکرێ وبچن بۆ ئەو جێگایانەی کەپێویستن.

پێشنیارکرا سەعات (٣)ی پاش نیوەڕۆ لێرە دابنیشین بۆ ئەوەی لیژنەکان یەکسەر دەست بەکار بکەن . ئێمە دوو لیژنەی سەرەکیمان هەیە لیژنەیەکی تری سەرەکیش بۆ ئێرە پێویستە با ئەویش دەستنیشان بکرێت، سوپاستان دەکەین و دانیشتنی ئەمرۆشمان کۆتایی پێهات.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |